بەرگی یەکەم

# کۆمەڵگای کراوە

# و

# دوژمنەکانی

نووسینی

## کارل پۆپەر

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

## ئیدریس شێخ شەرەفی

هەولێر - ٢٠٠٦


جامعهء باز و دشمنان آن نوشتهء کارل پوپر،
ترجمهء عزت الله فولادوند، شرکت سهامی خوارزمی، چاپ دوم، ١٣٧٧تهران.
هاوکات پاژی تایبەت بە ئەفلاتوون لەگەڵ ئەم سەرچاوەیەش بەراورد کراوە:
کارل پوپر جامعهء باز و دشمنان آن، جلد یکم: افلاطون ترجمهء امیر جلال الدین
اعلم، نشر گفتار، چاپ اول، ١٣٧٦ تهران.

ناوی کتێب: کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی (بەرگی یەکەم)

- نووسینی: کارل پۆپەر
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیدریس شێخ شەرەفی
- نەخشەسازی ناوەوە: طــە حسین
- بەرگ: سەیوان سەعیدیان
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- پیتچنین: کاوە حسین
- تیراژ: (١٥٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن: ( ٤٣٠)
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦
- نرخ: (٨٠٠٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب: -٧٠- (١٧٣)



ناونیشان
دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی
پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com
ژمارەی تەلەفۆن: 2260311
www.mukiryani.com

# ناوەرۆك


- دیباجە ٩
- دیباچەی (چاپی دووەم) ١٠
- پێزانین ١٣
- پێشەكی ١٧

پاژی یەكەم/ ئەفسونی ئەفلاتون

- بەشی یەكەم ٢٩
- بەشی دووەم ٣٣
- بەشی سێیەم ٤٥
- بەشی چوارەم ٧٣
- بەشی پێنجەم ١٠٣

یاداشتەكان

- یاداشتی ١ ١٤٨
- یاداشتی ٢ ١٥١
- یاداشتی ٣ ١٦١
- یاداشتی ٤ ١٨٥
- یاداشتی ٥ ٢٢٣

پاژی یەكەم

- بەشی شەشەم ٢٥٩
- بەشی حەوتەم ٣٠٧
- بەشی هەشتەم ٣٣٣
- بەشی نۆیەم ٣٦٠
- بەشی دەیەم ٣٨١

یاداشتەكان

- یاداشتی ٦ ٤٣١
- یاداشتی ٧ ٤٧٥
- یاداشتی ٨ ٤٩١
- یاداشتی ٩ ٥٢٩
- یاداشتی ١٠ ٥٥١

پاشكۆكان

١. ئەفلاتون و ئەندازە ٦١٣
٢. مێژووی دانانی تیای تیتوس ٦١٦
٣. وەلاّمدانەوەی رەخنەگرێك ٦٢٠

## پێشکەشە

**- بە رۆحی هەمیشە لە ژانی (ئەنفالکراوەکان) کە بوونە قوربانی تۆتالیتاریزم و ویژدانێکی گەندەڵ و نە ئاسمانێك ئامێزی بۆ کردنەوە و نە زەوی لە باوەشی گرتن.**

**- بە رۆحی (ئیلیوشا) و... هەموو مندالە رۆح غەریبەکانی وەك ئەو...**

## سەرەتا .....

کێ دەتوانێ ئەو هەموو نیگاو ڕامانو ڕاسانانە کۆ بکاتەوەو ئەژدیها دەرنەچێت؟ لەکارەساتو داروو‌خانە هەمیشەیی‌یەکانەوە دەزانین تۆتالیتاریزم چەندە گورزی گورچکبڕی لێوەشاندووین بەجۆرێك کە تا ئێستاش هەم لەسەر ئاستی رۆحیو هەم لەسەر ئاستی کۆمەلایەتی گۆجین! ئایا کۆی ئەو سیستەمە هزرییانەی بەشێوە هەرە سەقەتەکەی سەرلەبەری بیرکردنەوەی ئێمەیان تەنی، بێگوناهن؟ ئەمە یەکەم پرسیارە دەبێت نەك هەر لە کردەوە بەڵکو لەجۆرو سیستەمی بیرکردنەوەش بکرێت؟ بۆچی چەندە زیاتر باسی ئازادیو رزگاری دەکەین هێندە بەرەو مڵکەچیو دیل بوون هەنگاو دەنێین... چۆن دەتوانین لەشەڕی یەکبینیو گەندەڵبوونی ویژدان رزگارمان بێت. ئیسكو پروسکی گۆرستانەکانی ئەنفال بەدیوێك دا دەرەنجامە راستەوخۆکانی مێژووگەرایی بوو بەدیوێکی‌تردا چلەپۆپەی دیوە درندەکەی کائینێکە کە ناوی لەخۆی ناوە مرۆڤ. ئێمە بەردەوام دەبینە قوربانی بەرەو یەکێتی خەیاڵی ئەوان، چۆن دەتوانین ئەو زمانو عەقڵیەتو گوتارە تێکبشکێنین کە مێگەلیزم بەرهەم دێنێتو لەناو زەلکاوی ئایدیالسازیدا جەهەنەمێك دەخولقێنێ . وێنای جووراوی خۆمان بۆخۆمانو هی ئەوان بۆ ئێمە هەردووکیان لەسەر بنەمای نەریتێکی رزیو دامەزراوە، تێکی تەپاندووین... کولتووری شاخە هەڵدێرو بیابانەکانی لم بەردەوام لە فۆرمی جیاجیادا هەڵەبجەی ئەوانو چێکراوی دەستی خۆمانمان بۆ دووبارە دەکاتەوە...

**ئیدریس شێخ شەرەفی**

**بەشە ناوخۆیی تەیراوا ـ هەولێر**

**٢٠٠٦\٥\٢٩**

هەر وەك بۆمان دەردەکەویت...ناشوێن نشینەکان[1] خەڵکێکی لەسەرەخۆ و زەحمەتکێش و هێورن و هەرکاتێ فەیلەسووفێك لە ناویان سەر هەڵبدات... و قەناعەتیان پێ بێنێت کە دەزگا هەنووکەییەکانیان لە سەر بنەمای وردترین پرەنسیپی ئەخلاقی دانەمەزراوە و بەم چەشنە شێت و شەیدای کردن، بە ئاسانی هەوسار دەخەنە ملیان و بە خێرایی عەقڵی ساخلەم لە میحرابی لۆژیکدا دەکەن بە قوربانی.

**ساموێل باتلەر**

من لە ژیانی خۆمدا لە گەڵ پیاوی گەورە ئاشنا بوومە و لەڕادەی خۆمدا هاوکاریمی کردوون" بەڵام تائێستا هەرگیز پرۆژەیەکم نەبینیوە کە بەهۆی بۆچوونی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی تێگەیشتنەوە هەندێ نزمترن لەو کەسەی کە لەم کارەدا پێشڕەو بووە ، بەرەو باشبوون نەچوویێت.

**ئەدمۆند بروك**

# دیباچه

ئەگەر لەم کتێبەدا هەندێ قسەی ڕەق لە مەڕ کۆمەڵێ لە گەورەترین ڕێبەرە هزرییەکانی مرۆڤ وتراوە، هیوادارم پاڵنەرەکەم بە کەم سەیرکردن و سووکایەتی نەبێت بە وان. ئەمە لەم باوەڕە تۆکمەیەی منەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەر بڕیارە شارستانییەتەکەمان درێژە بە بوونی خۆی بدات، دەبێ خووی دەم داخستن و سەر شۆڕکردن لە بەرانبەر گەورەپیاوان لە خۆمان دوور بکەینەوە. پیاوە گەورەکان هەڵەی گەورە دەکەن و هەروەك لەم کتێبەدا هەوڵمدا پێشانی بدەم ، بەشێك لە مەزنترین پێشەوایانی ڕابردوو، پشتیوانی بەردەوامی پەلاماردانی ئازادی و عەقڵ بوونە. کاریگەری و نفووزی ئەم پیاوانە کە بە دەگمەن کەسێك لە بەرانبەریاندا ڕاوەستاوە، و ئەو کەسانەی کە بەرگریکردن لە شارستانییەت پەیوەندی بەوانەوە هەیە گومڕا دەکات و هێشتا دووبەرەکیان دەخاتە نێوان. ئەگەر خێرا نەبین و بێ پەردە ڕەخنە لەو شتە نەگرین کە بێگومان بەشێکە لە میراتی کەلتووری خۆمان، بەرپرسیاری ئەم دووبەرەکییە دەردناك و کوشندەیە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە. ئەگە خەمسارد بین بۆڕەخنەگرتن لە بەشێك لەم کەلەپوورە، لەوانەیە یارمەتیدەری وێرانکەری هەموویمان دابێت.

ئەم کتێبە دەروازەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ فەلسەفەی سیاسەت و مێژوو و توێژینەوەیەکە لەمەڕ هەندێ پرەنسیپی بونیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی. ئامانج و میتۆدەکەی لە "پێشەکی" دا پێیشاندراوە. تەنانەت کاتێ کتێبەکە لێکۆڵینەوە لە سەر ڕابردوو دەکات، پرسەکانی هەمان پرسی سەردەمی خۆمانە. هەوڵمداوە ئەم پرسانە بەهیوای روون کردنەوەی ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە هەموومانەوە هەیە، تا ئەو جێگەی دەتوانم بە سادەیی دەربیبڕم. ئەگەر چی تاکە شتێك کە کتێب پێشوەختە گریمانەی دەکات زەینی کراوە و بەتاڵ لە دەمار گرژی خوێنەرە، ئامانجەکەی بەر لەوە کە بە جەماوەری کردنی پرسەکان بێت، چارەسەر کردنیانە. لە گەڵ هەموو ئەمانەدا، لە هەوڵمدا بۆ بەدەستهێنانی هەردوو مەبەستەکە، هەموو ئەو بابەتیانەی بە جۆرێك لە جۆران پەیوەندیان بە پسپۆڕییەوە هەیە لە بەشی "یادداشتەکانی" کۆتایی کتێبەکەدا لە سەریان دواوم.

**١٩٤٣**



# دیباچه

## بۆ چاپی دووەم (بژارکراو)

سەرەڕای ئەوە کە بەشێك لەم شتانەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە پێکدێنن پێشتر گەڵاڵە ببون، بەڵام لە مارسی ١٩٣٨ بڕیاری کۆتایی نووسینیم دا ، ئەو ڕۆژەی هەواڵی دەستدرێژی کرانە سەر نەمسام بیست. ئیشی نووسینەکە تا بەشێکی ساڵی ١٩٤٣ درێژەی هەبوو. زۆربەی کتێبەکە لە ساڵە پڕ مەترسییەکاندا نووسرا کە هێشتا بە یەقینەوە ئەنجامی جەنگ دیار نەبوو و ڕەنگە ئەم ڕاستییە ئەوە روون بکاتەوە کە بۆچی زمانی هەندێ لەو ڕەخنانەی کە لەکتێبەکەدا خراوەتە ڕوو، ئەمڕۆ لەبەر چاوی خۆشم لەوەی کە حەزم کردووە رەقترە و هەڵچوونی پێوە دیارە. بەڵام سەردەم، سەردەمی موجامەلە و پەردەپۆشی نەبوو ـ یان لانیکەم، من وام هەست دەکرد. لەم نووسینەدا بە ڕاشکاوی نە باسی جەنگ کراوە نە باسی هیچ کام لە ڕووداوەکانی ئەو کات؛ لەگەڵ ئەوەشدا، کتێبەکە هەوڵێك بوو بۆتێگەیشتن لەم ڕووداوانە و باکگراوند و زەمینەکانیان و تێگەیشتن لە بەشێك لەو پرسانەی کە ئەگەری ئەوە هەبوو پاش سەرکەوتن لە جەنگ سەرهەڵبدەن. چاوەڕوانی ئەوە دەکرا مارکسیزم وەك کێشەیەکی گەورەی لێبێت و هۆکاری باس و لێدوانێکە تا ڕادەیەك دوور و درێژەکەش هەر ئەمە بوو.

ئەو هەوڵانەی بۆ ڕەخنە گرتن لە مارکسیزم دراوە، کاتێ لە ژێر ئاسۆی ڕەش و تاریکی بارودۆخی جیهان لە ساڵی ١٩٥٠ سەیری بکرێت، وەك گرنگترین بابەتی کتێبەکە خۆی دەنوێنێ. ئەم بۆچوونە بەتەواوی ناڕاست نییە و ڕەنگە تەنانەت نەکرێ خۆشی لێ ببوێردرێت، بەڵام ئامانجەکانی کتێبەکە زۆر لەمە بەرفراوانترە.

مارکسیزم تەنیا ڕووداوێکە ـ یەکێك لەو هەڵە زۆرانەی کە بۆ هەوڵدان و ململانێی بەردەوام بۆ دروست کردنی دونیایەکی باشتر و ئازادتر ئەنجامماندا‌وه.

هەروەك چاوەڕوان دەکرا، هەندێ کەس سەرکۆنەیان کردووم کە لەکاتی دوان لە سەر مارکس سەختگیری و توندییەکی نارەوام ئەنجامداوە و هەندێکی تر، بە پێچەوانەوە، نەرم ونیانییەکەمیان بەراورد کردووە لەگەڵ توندوتیژی هێرشەکانم بۆ سەر ئەفلاتوون. بەڵام من بەردەوام لە سەر ئەو بڕوایەم کە دەبێ بە دیدێکی زۆر ڕەخنە گرانەوە سەیری ئەفلاتوون بکرێت چونکە پەرستن و ستایشی گشتی لە هەمبەر ئەم "فەیلەسووفە یەزدانییە" لە سەر بناغەی ڕاستەقینەی دەسکەوتە هزری و عەقڵییە تاسێنەرەکانی دامەزراوە. مارکس زیاتر لە بەر هەندێ هۆکاری تاکەکەسی و ئەخلاقی پەلامار دراوە؛ لەم ڕووەوە، ئەوەی لێرەدا زیاتر پێویستیمان پێی هەیە ڕەخنەیەکی عەقلانی توندە لە تیۆرەکانی، وێڕای تێگەیشتن لە سەرنجڕاکێشی ئەخلاقی و هزری دەگمەنی ئەم تیۆرانە. بەڕاست یان ناڕاست، من هەستم کردووە، لەبەر ئەوەی ڕەخنەکانم وێرانکار و بنەما هەڵتەکێن بوونە، ئێستا لاریم نییە کە بەدوا خزمەتە ڕاستەقینەکانی مارکس دابگەڕێم و گریمانەکەم لە سەر بناغەی ڕاستی پاڵنەرەکانی دابنێم. بە هەرحاڵ، ئاشکرایە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بچینە جەنگی نەیارەکانمانەوە، دەبێ خاڵە بەهێزەکانی بناسین (لە ساڵی ١٩٦٥ لە کۆتایی پاژی دووەم ، هەندێ بابەتم سەبارەت بەمە لەژێر ناوی "پاشکۆ٢"بە کتێبەکەوە زیاد کرد).

هیچ کتێبێ هەرگیز تەواو نییە. کاتێ ئیشێکمان لەبەر دەست دایە، تەنیا ئەوەندە فێردەبین کە لەو چرکە ساتانەی دەستبەتاڵێن هەست بە کەم و کورتییەکانی بکەین. ئەم ئەزموونە حەتمییە، لە هەمبەر ڕەخنەکانی منیش لە ئەفلاتوون و مارکس ناخۆش و نائارامی خولقێن بووە، بەڵام نەك لە ڕادەبەدەر. لە گەڵ تێپەڕینی ساڵەکانی پاش جەنگ، بەشی زۆری ئەو پێشنیارانەی خستبوومە ڕوو لە هەموویان دیارتر، ئەو هەستە گەشبینییە بەهێزەی کە بە سەرانسەری کتێبەکەدا بڵاو بۆتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەك هەستێکی سادە و ساویلکانە دەهاتە بەر چاوم. دەنگم هێدی هێدی وەك دەنگێ لە ڕابردووە دوورەکانەوە بە گوێم دەگەیشت ـ وەك دەنگی یەکێك لە ریفۆرمیستە کۆمەڵایەتییە گەشبین و بە هیواکانی سەدەی هەژدە یان تەنانەت حەڤدە.

بەڵام ئەم حاڵەتی خەمۆکی و ژاکانە، زۆرتر بە دوای سەفەرێك بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان تێپەڕی و خۆشحاڵم کە لە کاتی پیاچوونەوە بە کتێبەکەدا، تەنیا بە دانانی هەندێ شتی نوێ و



چاککردنێکی شێواز و بابەتەکان وازم هێنا و خۆم نەدایە دەست ئەم وەسوەسەیە کە زمانەکەی نەرمتر بکەم، چونکە سەرەڕای بارودۆخی هەنووکەی جیهان، هیچ کاتێ لە ئێستا هیوادارتر نەبوومە. ئێستا روونتر لە هەمووکاتێکی تری ڕابردوو، دەزانین کە تەنانەت گەورەترین سەرئێشە و کێشەکانمان لە شتە پەسندکراو و ستایش کراوەکانەوە سەرچاوە دەگرن کە هەم ڕاست و هەم ترسناکە ـ واتە لە بێ سەبریمان بۆ باشتر کردنی بارودۆخی هاوجۆرەکانی خۆمان. ئەم گێر و گرفتانە بەرهەمی لاوەکی شتێکە کە ڕەنگە گەورەترین شۆڕشی ئەخلاقی و مەعنەوی مێژوو بێت: ئەو بزاڤەی سێ سەدە لەمەوبەر سەری هەڵدا؛ ئارەزووی خەڵکێکی بێ ئەژمارە بۆ ئەوەی خۆیان و هزر و زەینیان لە کۆتی دەمڕاستی ئوتوریتە و مەرجەعییەت و پێشداوەری ڕزگار بکەن؛ هەوڵەکانیان بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی کراوە کە زاڵبوونی دۆخە سەقامگیر و نەریتییەکان بە لاوە بنێت و لە هەمان کاتدا ئەو نەریتانە ـ چ کۆن و چ نوێ ـ گەشە پێبدات و سەقامگیریان بکات کە لە تەك پێڤانەکانی ئازادی و ئینسانییەت و جوامێری و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی عەقلانیدا دەگونجێن؛ خۆ بواردنیان لەوە کە دابنیشن و دەست لە سەر دەست دابنێن و بەرپرسایەتی حکومەتی جیهان بە تەواوی بدەنە دەست مەرجێکی مرۆیی یان بانمرۆیی؛ ئامادەییان بۆ هەڵگرتنی باری بەرپرسیاری ئەو ڕەنج و کوێرەوەریانەی دەشێ خۆمانی لێ لابدەین و تێکۆشان لە پێناو خۆبواردن لەم ڕەنج و کوێرەوەریانە. ئەم شۆڕشە هێزی بە توانای وێرانکارانەی دڕندە و تۆقێنەری دروست کردووە. بەڵام ڕەنگە هێشتا بتوانین بە سەریاندا زاڵ بین.

**لەندەن**

**١٤ژوئیەی ١٩٥٠**

# پێزانین

سوپاسی هەموو ئەو هاورێیانە دەکەم کە دەرفەتی نوسینی ئەم کتێبەیان بۆ ڕەخساندم. پرۆفیسۆر سی. جەی. ئێف. سیمکین[1] نەك هەر لە نووسینی ئەو دەقەدا هاوکاری کردم کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو، بەڵکو لە ماوەی نزیك بە چوار ساڵدا، وێڕای باسی چڕوپڕ، هەلی چارەسەر کردنی گەلێ کێشەی خستە بەر دەستم. خاتوو مارگارت دالزیل[2] لە ئامادە کردنی دستنووسە جۆراو جۆرەکان و دەستنووسی کۆتایی یارمەتییەکی فرەی دام. هاوکاریی ماندوونەناسانەی شایستەی هەموو جۆرە ڕێز و پێزانینێکە.

هۆگری دکتۆر ئێچ. لارسن[3] بەپرسی مێژووگەرایی زۆر دڵگەرمی پێبەخشیم. پرۆفیسۆر تی.کەی.یویەر[4] ڕەشنووسی کتێبەکەی خوێندەوە و گەلێ پێشنیاری بۆ چاکسازی خستە بەردەستم.

بە تەواوی قەرزداری پرۆفیسۆر ئێف. ئەی.ڤۆن هایکم[5]. حەز و پشتیوانی ئەوان نەبوایە ئەم کتێبە بڵاو نەدەبۆوە. پرۆفیسۆر ئی.ئێچ.گمبریچ[6] بەرپرسیاری چاپکردنی کتێبەکەی گرتە ئەستۆی خۆی؛ جگە لەم بار، زەحمەتی نامە گۆڕینەوەی تاقەت پروکێنی نێوان ئینگلتەراو ونیوزلاند لە سەر شانی ئەو بوو. یارمەتییەکانی بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بووە نازانم بە چ زمانێك بێژم چەندە قەرزبار و منەتبارم.

**کرایست ێرچ، نیوزلاند**

**ئەپریلی١٩٤٤**

1. C.G.F. simkin
2. Margaret Dalziel
3. H. Larsen
4. T.K. Ewer
5. F.A. van Hayek
6. E.H. Gombrich



بۆ ئامادەکردنی ئەو چاپەی پیاچوونەوەی بۆ کراوە، پەراوێزە ڕەخنەیە تێر و تەسەلەکان کە بۆ چاپی یەکەم نووسرابوو و بە سوپاسەوە لە لایەن پرۆفیسۆر جیکوب ڤاینەر[7] و بەڕێز جەی. دی. مۆبت[8] خرابووە بەر دەستم، زۆر لە جێگای خۆی دا بوو.

**لەندەن**

**ئوتی١٩٥١**

لە سێیەمین چاپی بژارکراودا، پێرستێك بۆ بابەتەکان و پێرستێ بۆ پارچە وەرگێراوەکانی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بە کتێبەکەوە زیادکراوە. بەڕێز دکتۆر جەی.ئاگاسی[9] نەك هەر زەحمەتی ئامادەکردنی هەردوو پێرستەکەی خستە سەر شانی خۆی، بەڵکو سەرنجی منی بۆ چەند هەڵەیەکیش ڕاکێشا کە هەموویانم ڕاست کردەوە. سوپاس بۆ هاوکاریان. هەروەها بە وەبەرچاوگرتنی ڕەخنە جوان و سەرنجراکێشەکانی بەڕێز ریچارد ڕۆبسن[10] بۆ چاپی ئەمریکی ئەم بەرهەمە، لە شەش حاڵەتدا هەوڵمداوە وتە وەرگێراوەکانی ئەفلاتوون یان گەڕانەوە بۆ دەقی نووسینەکانی، ڕاست و چاك بکەمەوە.

**ئستانفۆرد ،کالیفۆرنیا**

**مەی ١٩٥٧**

بۆ زۆربەی ئەو چاککردنەوانەی لە چاپی چوارەمی بژارکراودا بەر چاو دەکەوێ، خۆم بە قەرزداری بەڕێز دکتۆر ویلیام بارتلی[11] و بەڕێز براین مەگی[12] دەزانم.

**پن، باکینگم شر**

**مەی ١٩٦١**

پێنجەمین چاپی بژارکراو هەندێ بابەتی مێژوویی نوێ [لە بەندی (٧) یادداشتی ٥٦ بەشی دەیەم] و "پاشکۆکان" لە خۆ دەگرێت، و هەروەها پاشکۆیەکی کورت بۆ هەردوو پاژی

7. Jacob viner
8. J.D Mabbott
9. Dr. J.Agassi
10. Richard Robinson (the philosophical Review, vol.60).
11. Dr. William W.Bartly
12. Bryan Magee

کتێبەکە. لە کتێبی **"حەدسیات و ڕەدیات"**[13]ـ بە تایبەتی دووەمین چاپی بژارکراو(**١٩٦٥**)ـ بابەتی زیاتر لەمبارەیەوە قسەی لە سەر کراوە. بەڕێز دیڤید میلەر[14] گەلێ هەڵەی دۆزیوەتەوە و ڕاستی کردوونەتەوە.

**پن،باکینگم شر**

**ژوئیەی ١٩٦٥**

**ک. ر. پ.**

13. conjectures and refutations
14. David Miller

# پێشەکی

**نامەوێ ئەم راستییە بشارمەوە کە بە دیدێکی پڕ لە بێزارییەوە سەیری لاف و گەزافی پڕ هاش و هوش و خۆڕانانەی ئەم کتێبانە دەکەم کە تەژین لەو حیکمەت و داناییەی ئەمڕۆ بوونەتە مۆدێلی رۆژ، چونکە بە تەواوی هاتوومەتە سەر ئەو بڕوایە... کە بێگومان میتۆدە قبوولکراوەکان بە چەشنێکی بێ کۆتا ئەم نەزانی و گەمژەیی و هەلاّنە زیاد دەکەن و تەنانەت رەنگە لەناوچوونی تەواوی ئەم دەسکەوتە وەهمیانە بە رادەی ئەم زانستە ساختەیی و زان و زیاد بوونە بە نەفرەت بووەکەی زیانمەند نەبێت.**

**کانت**

ئەم کتێبە هەندێ پرس دەخاتەڕوو کە ڕەنگە لە پێرستی ناوەڕۆکەکەیەوە دەرنەکەوێت. هەندێ لەو کێشانە دەخاتە بەر باس کە شارستانییەتی ئێمە لەگەڵیاندا بەرەو ڕوویە: ئەو ژیارەی رەنگە لەپەسیدا بتوانین بێژین کە ئامانجەکەی جوامێری و ئینسانییەت و دادخوازی و یەکسانی و ئازادییە؛ ئەوشارستانییەتەی کە هەر وەك دەڵێن هێشتا لە قۆناغی ساوایەتی دایە و سەرەڕای هەموو ئەو جارانەی کە لەلایەن ئەو هەمووە ڕێبەرە هزریانەی مرۆڤایەتییەوە خیانەتی پێکراوە، کەچی بەردەوام درێژەی بە گەشەی خۆی دەدات. لەم کتێبەدا هەوڵمداوە پێشانی بدەم کە ئەم ژیارە هێشتا ئەو هەژانەی تێپەڕ نەکردووە کە لە کاتی زایندا بە سەری



هاتووە- وەك تێپەڕین یان گوزەر لە کۆمەڵگای خێڵەکی یان "کۆمەڵگای داخراو"[1] (وێرای تەسلیم بوون لە بەرانبەر هێزە جادوویی یان سێحراوییەکان) بەرەو "کۆمەڵگای کراوە"[2] کە هێزگەلی رەخنەگری مرۆڤ ئازاد دەکات . ئەم کتێبە دەریدەخات کە ئەو هەژانەی سەرچاوەکەی بۆ ئەم تێپەڕبوونە دەگەڕێتەوە یەکێك لەو فاکتەرانە بووە کە بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی بزاڤە کۆنە پەرستییەکان ـ ئەو بزووتنەوانەی کە بۆ رووخاندنی شارستانییەت و گەڕانەوە بۆ خێڵپەرستی[3] تێدەکۆشان و ئێستاش تێدەکۆشن. ئەو بۆچوونەی ئەم کتێبە دەیخاتەڕوو ئەوەیە کە ئەو شتەی ئێمە ئەمڕۆ بە تۆتالیتاریزم[4] ناوزەدی دەکەین سەر بە نەریتێکە کە بە ڕادەی ژیارەکەمان پیر یان گەنجە.

هەوڵی ئەم کتێبە بۆ یارمەتی دانی تێگەیشتنمانە لە تۆتالیتاریزم و گرنگی و مانای خەباتی هەمیشەیی لە دژی چڕکراوەتەوە.

جگە لەمە، تێکۆشاوم تاوتویێ بەکارهێنانی میتۆدە رەخنەیی و عەقڵییەکانی زانست بکەم لە هەمبەر کێشەکانی کۆمەڵگای کراوە. پرەنسیپەکانی بونیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی بە پێی پێودانگە دیموکراتیکەکان ـ واتە پرەنسیپی ئەو شتەی بە ((ئەندازیاریی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە))[5] ناوزەدم کردووە لە بەرانبەر "ئەندازیاری کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی"دا[6]ـ (هەر وەك لە بەشی نۆیەمدا روون کراوەتەوە) ـ شیکردنەوەی لەسەر کراوە. هەوڵدراوە تا هەندێ لە لەمپەر ڕێگرەکانی بەردەم هەڵسوکەوتێکی عەقڵانی لەگەڵ کێشەکانی بونیاتنانەوەی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت. ئەم کارە بە رەخنە گرتن لەو کۆمەڵە فەلسەفە کۆمەڵایەتییە ئەنجامدراوە کە بەرپرسایەتی دژایەتی بەربڵاو و بێ هەنجەت لەگەڵ دەرفەتی ریفۆرمی دیموکراتیك دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. بەهێزترینین ئەو فەلسەفەیە کەمن بە **میژووگەرایی**[7] ناوزەدم کردووە. چیرۆکی سەرهەڵدان و کاریگەری هەندێ لە فۆرمە گرنگەکانی میژووگەرایی یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە پێکدێنێت. تەنانەت رەنگە بتوانین بێژین ئەم

1. (closed society)
2. (open society)
3. tribalism
4. totalitarianism
5. (piecemeal social engineering)
6. (utopian social engineering)
7. historicism

کتێبە کۆمەڵێك پەراوێزنووسییە لە سەر شرۆڤەکردنی گەشەی هەندێ لەو فەلسەفانەی سەر بە ڕێبازی مێژووگەراین. کورتە لێدوانێك لە مەڕ چاوگی کتێبەکە دەربدەخات مێژووگەرایی بە چ مانایەکە و چۆن پەیوەندی بەو پرسانەی ترەوە هەیە کە ئاماژەیان بۆ کراوە.

سەرەڕای ئەوە کە من بە شێوەیەکی سەرەکی حەزم لە میتۆدەکانی فیزیکە و (هەر لێرەشەوە هەندێ پرسی تەکنیکی کە گەلێ دوورن لە بابەتەکانی ئەم کتێبە)، بەڵام ساڵانێکی درێژیشە کەهۆگری پرسی بارودۆخی ناتەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیم. ئاساییە ئەم شتە پرسی میتۆدیان تێدا دەخاتەڕوو. حەزی من بۆ ئەم پرسە زیاتر ورووژێنرا لەگەڵ سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم و بە بینینی بێ توانایی زانست و فەلسەفە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەی بردن بە ماناکەیان.

بەبڕوای من لەم بەستێنەدا خاڵێك خودان گرنگییەکی تایبەتییە. زۆر جار ئەوە دەبیسین کە تۆتالیتاریزم سەرەنجام بە جۆرێ لە جۆرەکان حەتیمە و بۆ خۆلێبواردن ناشێت. گەلێك لەو کەسانە کە بەهۆی هۆش وخوێندنیانەوە دەبێت لە بەرانبەر ئەو شتەی دەیڵێن بە بەرپرس بزانرێن، جارِی ئەوە دەدەن کە هیچ ڕێگایەکی دەربازبوون لەمە نییە. لێمان دەپرسن ئایا بە ڕاستی هێندە ساویلکە و خۆشباوەڕن کە پێتانوایە دیموکراسی دەتوانێ بە خۆڕاگری بمێنێتەوە و ئایا نابینن کە دیموکراسیش یەکێکی ترە لە شێوازە زۆرەکانی حکوومەت کە لەڕەوتی مێژوودا دێن و دەڕۆن؟ بەڵگەخوازی دەکەن کە دیموکراسی بۆ شەڕکردن لەگەڵ تۆتالیتاریزم ناچارە لاسایی شێوازەکانی ئەو بکاتەوە و بەم جۆرە حەتمەن خۆی لە رووی چۆنایەتییەوە دەبێ بگۆڕێت بۆ تۆتالیتاریزم. هەندێ جاریش بانگەشەی ئەوە دەکەن کەسیستەمی پیشەسازی ئێمە بەبێ هەڵبژاردنی میتۆدەکانی پلاندانانی کۆگەلی[8] ناتوانێت درێژە بە کارەکانی خۆی بدات و لە حەتمیەتی سەرهەڵدانی سیستەمی ئابووری کۆگەلی دەگەنە ئەم دەرەنجامە کە وەرگرتنی فۆرمە تۆتالیتێرەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا حەتمییە.

ڕەنگە ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتانە دڵگیر بن، بەڵام لەم حاڵەتانەدا، دڵگیری، ڕێنوێنێکی جێگە متمانە نییە.لە راستیدا، نابێ بچینە نێو مشتومڕەوە لە مەڕ ئەم جۆرە ئەرگۆمێنتە بە رواڵەت بە جێیانە، پێش وەبەر چاوگرتنی ئەم پرسیارە کە تایبەتە بە میتۆد و کە ئایا هەر لەبنەڕەتدا لە توانای هیچ کام لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دایە کە تاوتوێ ئەم جۆرە پێشگۆییە

8. (collectivist planning)



مێژووییانە[9] بکات بەیەکەوە بە بێ ڕیز پەڕ؟ کاتێ لە کەسێك دەپرسن ئایندە چی بۆ مرۆڤ پێیە ، ئایا دەتوانین چاوەڕوانی شتێکی زیاتر لە وەڵامێکی نابەر پرسانەی فاڵگرەوەیەکمان دەستکەوێت؟

ئەمە پرسیارێکە پەیوەندی بە میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە و بە ئاشکرا لە هەموو لێدوان و مشتومڕێك سەبارەت بە هەر بەڵگەخوازییەکی تایبەتی بۆ لایەنگریکردن لە هەر پێشگۆییەکی مێژوویی ، سەرەکی ترە.

توێژینەوە لە سەر ئەم پرسە منی گەیاندۆتە ئەم بڕوا تۆکمەیە کە ئەم جۆرە پێشگۆییە یەك جێ و بێ ڕیزپەڕە مێژووییانە، هەر هەموویان لە پانتایی میتۆدی زانستی بە دوورن. ئایندە پەیوەندی بەخودی خۆمانەوە هەیە و ئێمە پشت ئەستوور نین بە هیچ پێویستیەکی مێژوویی[10]. بەڵام هەندێ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە ئارادان کە خاوەن نفوز و کاریگەرییەکی زۆرن و بڕوایان بە دژی ئەم بۆچوونە هەیە. لایەنگرانی ئەم فەلسەفەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەموو کەسێك هەوڵدەدات مێشکی خۆی بۆ پێشبینی کردنی[11] رووداوە نزیکەکان بەکار بێنێت و بۆنموونە، بێ گومان پسپۆڕێکی ستراتیژی لە سەر هەقە ئەگەر هەوڵ بدات ئاکامی شەڕێك پێشبینی بکات و سنووری نێوان ئەم جۆرە پێشبینیە و پێشگۆییە هەمەکیترە مێژووییەکان ڕەوانە. ئەم کەسانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەرکی زانست بە شێوەیەکی گشتی پێشبینی کردنە یاخود بە جۆرێکی تر، باشترکردنی پێشبینییە رۆژانەکانی ئێمە و دانانییەتی لە سەر بناغەیەکی تۆکمەتر و بە تایبەتی ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پشگۆیی درێژخایەنی مێژووییە.

٩. prophecy جیاوازییەکەی لەگەڵ prediction (پێش بینی) بەم جۆرەیە کە لە خوارەوە روون دەکرێتەوە: شیکردنەوەی فەرهەنگی معین-یش تیشکێکی زیاتر دەخاتە سەر ئەم بابەتە:"پیش بینی سۆسەکردنی رووداوەکانی ئایندەیە لە هۆکار و خەملاَند-نەکانەوە...لەو جەنگەی لەنێوان دوو دەوڵەتدا روودەدات، بەپیێ رادەی هێزی هەردووکیان و سووربوونی سووپا و شتی لەم جۆرە دەتوانین بێژین کێ سەردەکەوێ و کێ ژێردەکەوێ؟ و لە بنەڕەتدا جیاواز لە پێشگۆیی بەواتای پیشوەختە گوتنی پێشهاتەکانی ئایندە لە ڕێگای زانستە.

10. historical necessity

11. prediction

هەروەها ئەمانە لەسەر ئەو بڕوایەن کە یاساکانی مێژوویان دۆزیوەتەوە و ئەم یاسایانە توانای پێشگۆیی کردنی ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوویان پێدەبەخشێت. فەلسەفە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرکانی لەم چەشنە هەر هەموویانم لە ژێر ناونیشانی میژووگەرایی لە گرووپێك داناوە. لە شوێنێکی تر، لەنووسینێکدا بە ناوی **هەژاری مێژووییەتی**[١٢]، هەوڵم داوە ئەگۆمێنیت بۆ ڕەدکردنەوەی ئەمانە بهێنمەوە و پێشانی بدەم کە سەرەڕای دڵگیری، بنەماکەیان بەدحاڵیبوونێکی کوشندەیە لە میتۆدی زانست و بەتایبەتی غافڵبوونی لە جیاوازی نێوان **پێشبینی زانستی**[١٣] و **پێشگۆیی مێژوویی**[١٤] هەر لەو کاتەدا کە خەریکی شیکردنەوەیەکی ڕێك و پێك و ڕەخنە گرتن بووم لە مێژووگەرایی، هەوڵمدەدا هەندێ بابەتیش بۆ نموونە سەبارەت بە گەشەو ئاڵوگۆڕەکانی کۆبکەمەوە. ئەو یادداشتانەی لە پێناو ئەم مەبەستەدا دەستەبەر کران بوون بە بنەمای ئەم کتێبە.

ئامانجی شیکردنەوەی ڕێك و پێکی مێژووگەرایی گەیشتنە بە پلەیەکی هاوچەشنی پێگەی زانستی[١٥]. ئەم کتێبە خودان ئامانجێکی ئەوتۆ نییە. بەشێکی زۆری ئەو بیر و باوەڕانەی کە لەم کتێبەدا دەربڕدراون بۆچوونی تاکەکەسین. قەرزداربوونی لە هەمبەر میتۆدی زانستی زیاتر ئاگابوون لەو سنوورەیە کە بە هۆیانەوە بەر تەسك دەکرێتەوە: نە لەشوێنێکدا کە ناتوانرێت شتێك بەئەرگۆمێنت بسەلمێنرێت، ئەرگۆمێنت دەخاتەڕوو و نە لەوجێگەیەدا کە ناتوانێ جگە لە بۆچوونی تاکەکەسی شتێکی تر بدات بە دەستەوە، بانگەشەی، زانستییەت دەکات.

گەرەکی نییە سیستەمێکی نوێ لە جێگەی سیستەمە کۆنە فەلسەفییەکان دابنێت و نایەوێت پەرتوکێکی تر بەو هەموو پەرتووکە تەژی لە حیکمەت و دانایی و میتافیزیکی مێژوو[١٦] و چارەنووسەوە زیادبکات کە ئەمڕۆ بووەتە مۆدێلی ڕۆژ. لە جاتی ئەمە دەیەوێت دەریبخات کە ئەم حیکمەتەی پێشگۆییە پەیامهێنەرانەیە زیانمەندە و میتافیزیکی مێژوو ناهێڵێت میتۆد گەلی بەرە بەرە و لەسەرەخۆی زانستی لە مەڕ کێشەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بەکار بهێنرێت. و سەرەنجام گەرەکیەتی ئەمە پێشانبدات کە ئەگەر واز لە خۆدەرخستن وەك پێغەمبەر و پێشگۆیی چارەنووس بێنین، لەوانەیە بتوانین چێکاری چارەنووسی خۆمان بین.

12. the poverty of Historicism(Economica 1944\1945)
13. scientific prodiction
14. historical prophecy
15. scientific status
16. metaphysics of history



وێڕای شوێنهەڵگرتنی ڕەوتی ئاڵوگۆڕی مێژووگەرایی ئەم خاڵەم بۆ دەرکەوت کە خووی ترسناکی پێشگۆیی مێژوویی کە بەم چەشنە لە نێو پێشەوایانی فیکریی ئێمەدا برەوی سەندووە، بۆ کاری جۆراوجۆر بەکار دەبرێت. هەمیشە دڵخۆشکەر و غورور خولقێنە کە مرۆڤ سەر بە بازنەی مەحرەمانی ڕاز بێت و سوود لە توانای نائاسایی پێشگۆیی ڕەوتی مێژوو وەربگرێت. ئەوسا، لە نەریتی ئێمەدا جێگەی گرتووە کە ڕێبەرە هزرییەکان خاوەن مەوهیبەی هێزێکی ئەوتۆن و ئەو کەسەی ئەم توانایەی نەبێت ڕەنگە لەم پێگەیە بکەوێتە خوارەوە. لە لایەکی ترەوە، مەترسی ئەوەی کە دەمامك لە ڕووی ئەم جۆرە کەسانە هەڵماڵدرێت و وەك فێڵباز و ساختەچی دەربکەون زۆر کەمە،چونکە بەردەوام دەتوانن بێژن کە هەوڵدان بۆ پێشگۆیی کەمتر هەمەکی و ریزپەڕدار بێگومان ڕەوایە. سنووری نێوان ئەم جۆرە پێشگۆیانە و فاڵگرتنەوە ڕەوانە.

بەڵام پەیڕەوی کردن لە بیر و باوەڕی مێژووگەرایانە، هەندێ جار پاڵنەری تر و ڕەنگە قووڵتریشی هەبێت. ئەم پەیامهێنانەی پێشگۆیی داهاتنی سەردەمی بەڵێندراوی پاکی و چاکی ڕەها دەکەن لەوانەیە دەربڕی هەستێکی قووڵی ناڕەحەتی بێت و ئەو خەونانەی دروستی دەکەن بەڕاستی هیواو ئومێدی ئەوتۆ بە هەندێ کەس ببەخشێت کەنەتوانن بە ئاسانی بەبێ ئەمە هەڵبکەن. بەم حاڵەش، نابێ ئەم خاڵەمان لە بیر بچێت کە ڕەنگە نفووزو کاریگەری ئەمانە ببێتە لەمپەر لە بەر دەم ڕووبەڕوو بوونەوەی لە گەڵ ئەرکی ڕۆژانەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەو وردە پێشگۆیانەی جاری ئەوە دەدەن هەندێ پێشهات ـ بۆ نموونە کەوتنە ناو تۆتالیتاریزم (یان ڕەنگە "کارگێڕییەت"[١٧])ـ حەتمەن و بێگومان ڕوودەدات، ڕەنگە بیانەوێ یان نەیانەوێ کاریگەریان هەبێت لە سەر ڕوودانی ئەم ڕووداوانە. حیکایەتخوانی لەمەڕ ئەوە کە دیموکراسی بڕیار نییە هەتا هەتایە بمێنێتەوە بە هەمان ڕادە ڕاست و بە هەمان ئەندازە بێ جێیە کە بانگەشەی ئەوە بکەن کە بڕیار نییە عەقڵی مرۆڤ بۆ هەتا هەتایە پایەدار بێت. تەنیا دیموکراسی ڕێگا چارەیەکی دەزگاییە[١٨] بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی بێ توندوتیژی هەر بۆیە سوودوەرگرتن لە عەقڵ لەکاروباری سیاسیدا دەخاتە بەر دەست. حیکایەتخوانی ئەم جۆرە خەڵکانە هێدی هێدی ئەوکەسانە بێهیوا و دڵسارد دەکەنەوە کە لەگەڵ تۆتالیتاریزمدا دەجەنگێن. پاڵنەری ئەم جۆرە قسانە پشتیوانی کردنە لە ڕاپەڕین و یاخی بوون دژی

17. managerialism
18. institutional framework

شارستانییەت. ڕەنگە پاڵنەرێکی تریش دەست بکەوێت ئەگەر ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە میتافیزیکی مێژووگەریانەیە دەتوانێت مرۆڤەکان لە بارەی بەرپرسیارێتی رزگاربکات. ئەگەر ئێوە ئەوە بزانن کە هەرچییەك بکەن دیسان هەندێ شت هەرچۆنێ بێت ڕوودەدات، ڕەنگە بە ئارەزووی خۆتان واز لەخەباتکردن دژی ئەم رەوشە بێنن بە تایبەتی دەست لە کۆنترۆڵ کردنی ئەو شتە هەڵبگرن کە هەموو خەڵك بە تێکڕا بە گەندەڵی کۆمەڵایەتی ناوزەدی دەکەن، وەك جەنگ یان ئەگەر نموونەیەکی بچووکتر بەڵام گرنگتر بێنینەوە، زۆرداره لێپرساوه بچووکەکانی دەوڵەت. ناڵێم دەبێ مێژووگەرایی هەمیشە ئەم جۆرە شوێنەوارانەی لێبکەوێتەوە. هەندێ مێژووگەرا هەن ـ بەتایبەتی مارکسیستەکان ـ کە نایانەوێت باری بەرپرسیارێتی لە سەر شانی خەڵك لا ببەن. لە لایەکی ترەوە ، هەندێ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دیکەش لە ئارادایە، کە ڕەنگە پەیڕەوی لە مێژووگەرایی بکەن یان نەکەن، بەڵام جاڕی ئەوە دەدەن کە عەقڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بێ تواناو داماوە و لە ڕێگەی ئەم جۆرە دژەعەقڵییەوە[١٩] تەشەنە بەم جۆرە هەڵوێست و تێڕوانینە دەدەن کە :"یان پەیڕەوی لە **ڕێبەر یان سیاسەتمەداری مەزن** بکەن یان خۆتان بن بە **ڕێبەر**."ـ ئەو هەڵوێستەی کە لەلای زۆربەی خەڵك بە مانای خۆبەدەستەوە دان و بێ ئیرادەییە لە بەرانبەر هێزە ناودارو بێناوە باڵا دەستەکانی سەر کۆمەڵگا.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کاتێ سەیردەکەین ئەو کەسانەی عەقڵ مەحکووم دەکەن و تەنانەت گوناهی گەندەڵییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ئێمە دەخەنە ئەستۆی ئەو، لە لایەکەوە لەبەر ئەوە وەها دەکەن چونکە بۆیان دەرکەوتووە پێشگۆیی مێژوویی لە دەرەوەی توانای عەقڵ دایە و لەلایەکی ترەوە بەو هۆیەوە کە ناتوانن جگە لە پێشگۆیی مێژووی وێنای هیچ ئەرکێك بکەن بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان یان عەقڵاندنی کۆمەڵایەتی. ئەم کەسانە یاوەرە سەرلێشێواو و بێهیواکانی مێژووگەرایین؛ ئەو کەسانەن کە پەیان بە کلۆڵی و هەژاری مێژووگەرایی بردووە و لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئاگاداری ئەوە نین کە هێشتا پارێزگاری لە دەمارگرژی بنەمایی مێژووگەراکان دەکەن. واتە بڕوا هێنان بەوە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە کاری هیچ نایەن جگە لە پێشگۆیی و پەیامهێنی نەبێت. ئاشکرایە دەبێ ئەم رەوشە، نکۆڵی کردن لە توانستی بەکار هێنانی زانست و عەقڵی لێبکەوێتەوە لە هەمبەر پرسەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دواجار بە بڕواهێنان بە هێز و دەسەڵات خوازی و خۆبەدەستەوەدان کۆتایی پێ بێت.

19. antirationalism



بۆچی هەموو ئەم فەلسەفانە پشتیوانی لە ڕاپەڕین و هەڵچوون دژی شارستانییەت دەکەن؟ نهێنی خەڵك پەسندیان لە چی دایە؟ بۆچی ئەم ژمارە زۆرە لە ڕۆشنبیرەکان شێت و شەیدا دەکات؟ بەڕای من هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەربڕی هەستێکی قووڵی ناڕازی بوونە لە جیهانێك کەناگاتەوە ئایدیا ئەخلاقی و خەونەکانی ئێمە بۆ تەواوێتی و لە تواناشی دانییە پێ بگات.

مەیلی مێژووگەرایی (و ئەو بۆچوونانەی پێیەوە پەیوەستن) بۆ داکۆکی کردن لە ڕاپەڕین دژی شارستانییەت لەوانەیە لەم ڕاستیەوە سەرچاوە بگرێت کە مێژووگەرایی خۆی زیاتر پەرچەکردارێکە لە بەرانبەر فشاری شارستانییەت و ئەوە کە شارستانییەت داوای بەرپرسیارێتی تاکەکەسی لە هەموان دەکات.

ئەم ئاماژەی دواییان تا ڕادەیەك ناڕوونە، بەڵام بە کردەوە وەك پێشەکییەك بەسەو دواتر بەتایبەتی لە بەشی **"کۆمەڵگای کردووە و دوژمنەکانی"** بە کەڵك وەرگرتن لە بابەتە مێژووییەکان دەسەلمێنرێت. سەرەتا دوودڵ بووم کە ئەم بەشە لە بەرایی کتێبەکەدا بنووسم چونکە بە هۆی ئەو پەیوەندیەی کە لە تەك پرسەکانی ڕۆژانەدا هەیبوو، بێگومان پێشەکییەکی سەرنج ڕاکێشتر دەبوو. لێ دواتر بۆم دەرکەوت کە قورسایی تەواوی ئەم لێکدانەوە مێژووییە هەستی پێناکرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئەو بابەتانەی کە پێشتر باس و توێژینەوەیان لە سەر کراوە، لە بەرایی ئەم بەشە بن. پێدەچێت سەرەتا دەبێ هزری ئارامی مرۆڤ بە بینینی ئەوە کە تیۆری دادپەروەری ئەفلاتوون هەمان تیۆر و کرداری تۆتالیتاریزمی نوێیە، پەرێشان بێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەست بەوە بکات کە لێکدانەوەی ئەم رەوشە تا چ ڕادەیەك گرنگە و دەبێ بە پەلە ئەنجام بدرێت.

## پاژی یەکەم

# ئەفسوونی ئەفلاتون

بۆ داکۆکی کردن لە کۆمەڵگای کراوە (نزیکەی ٤٣٠ساڵ بەر لە زایین):

هەرچەندە ڕەنگە ژمارەیەکی کەم داهێنەری سیاسەتێك بن، بەڵام ئێمە هەموومان دەتوانین داوەری لەسەر بکەین.

**پرکلیسی ئەسینی**

بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ کۆمەڵگای کراوە (نزیکەی ٨٠ ساڵ دواتر):

گەورەترین پرەنسیپ ئەوەیە کە هیچ کەسێك چ پیاو و چ ژن، بێ ڕێبەر نەبێت. یان هزری کەس بەوەوە خوونەگرێت کە چ لە ژێر پاڵنەری جدی و غیرەت و چ بە گاڵتە و یاری بهێڵێت تاك دەست بۆ کارێك ببات کە داهێنانی خۆی بێت، بەڵکو لە جەنگ و ئاشتی دا ئەرکەکەی ئەوەیە چاوی لە ڕێبەرەکەی بێت و بە ئەمەکەوە پەیڕەوی لێ بکات و تەنانەت لە بچووکترین کاروباریش دا لە ژێر ڕێبەرایەتی ئەو دابێت. بۆ نموونە، تەنیا بە مەرجێك دەبێ هەڵبستێ یان بجولێت یان خۆی بشوات یان خواردن بخوا کە پێی وترابێت وابکات. لە یەك وشەدا، دەبێ بەهۆی خووگرتنێکی دوور و درێژەوە، گیانی خۆی رابهێنێت کە هەرگیز لە خەونیشدا ئەوە نەبینێت کە سەربەخۆ دەجولێتەوە و لە ڕەگ و ریشەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بێ هێز بکرێت.

**ئەفلاتونی ئەسینی**

# ئەفسانەی بنەچە و چارەنووس

# ١ مێژووگەرایی و ئەفسانەی چارەنووس

زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەڵوێستی زانستی یان فەلسەفیی راستەقینە سەبارەت بە سیاسەت و تێگەیشتنێکی قوڵتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی، دەبێ لەسەر بنەمای چاوەدێری و تێڕوانین و راڤەی مێژووی مرۆڤ دامەزرابێت. کەسی ئاسایی پانتایی ژیانی خۆی و ئەزموونی تاکە کەسی و هەوڵە بچووك و کەمبایەخەکانی خۆی وەکو شتی بەڵگەنەویست سەیر دەکات. بەڵام دەڵێن زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان یان فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی دەبێ لە ئاستێکی بەرزترەوە سەیری بوارەکان بکات. ئەو تاکی مرۆڤ وەکو مۆرە یان ئامرازێکی بێ بایەخ لە گەشە و گۆڕانکارییە هەمەکییەکانی مرۆڤ دەبینێ و لە ڕوانگەی ئەوەوە کارەکتەری بەڕاستی گرنگی پانتایی مێژوو، نەتەوەی مەزن و رێبەرە مەزنەکانیانە یان رەنگە چینی مەزن یان هزری مەزن بێت. هەر چۆنێك بێت، هەوڵدەدات لە مانای ئەو نمایشە تێبگات کە لەسەر سەکۆی مێژوودا پێشاندەدرێت. تێدەکۆشی پەی بە یاسا باڵا دەستەکانی سەر گەشە و گۆڕانکاری مێژوویی ببات.

ئەگەر لەم ئەرکەیدا سەرکەوتوو بەختەوەر بێت، هەڵبەتە دەتوانێ گۆڕانکارییەکانی ئایندە پێشگۆیی بکات. ئەو کات لەوانەیە سیاسەت لەسەر بناغەیەکی پتەو دابمەزرێنێ و ئامۆژگاری زانستیمان بکات و لەم رێگەیەوە پێمان بڵێت کامە کردەوەی سیاسی رەنگە سەرکەوتن وەدەست بێنی و کامە شکست بخوات.

ئەمە وەسفێکی کورتی ئەو هەڵوێست یان تێڕوانینە بوو کەمن بە مێژووگەرایی ناوزەدی دەکەم. هزرێکی کۆنە، یان باشتر وایە بڵێم، زنجیرەیەکە لە بیری کەم تا زۆر پەیوەندیدار بە یەکەوە کە بەدبەختانە بە چەشنێك وەك یەکێك لە بەشەکانی فەزای رۆحی ئێمەی لێ هاتووە



کە زۆربەی کات وەك بەڵگەنەویست سەیری دەکرێ و دەتوانین بڵێین هەرگیز ناکەوێتە ژێر گومان و پرسیارەوە.

لە شوێنێکی تر هەوڵم داوە ئەوە پێشان بدەم کە شێوزای هەڵسوکەوتی مێژووگەرایی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەرەنجامی دڵخواز بەدەستەوە نادات. هەروەها تێکۆشاوم گەڵاڵەی گشتی شێوزاێك بخەمەڕوو کە بە بڕوای من دەرەنجامی باشتری لێ دەکەوێتەوە.

بەڵام ئەگەر مێژووگەرایی شێوازێکی شوچدارە کە دەرەنجامی بێ بایەخ لێ دەکەوێتەوە، رەنگە بێ سوود نەبێت سەیرکەین چۆن سەری هەڵداوە و چۆن بەم چەشنە بەسەرکەوتوویەوە سەقامگیر بووە. ئەو وێنە مێژووییە هەمەکییەی کە بۆ ئەم مەبستە بکێشرێت لە هەمان کاتدا دەتوانێت بۆ شیکردنەوەی هزرە جۆراوجۆرەکان دەست بدات کە هێدی هێدی لە پەراوێزی رێنمایی بنەڕەتی مێژووگەرایی خڕبوونەوە-ئەم رێنماییە کە بە پێی ئەو، ئێژن بەسەر مێژوو، یاسا تایبەتەکانی مێژوو یان پەرەسەندن[1]دا باڵا دەستە کە دۆزینەوەیان یارمەتیمان دەکەن لە پێشگۆیی کردنی چارەنووسی مرۆڤ.

تا ئێرە، تایبەتمەندییەکانی مێژووگەراییمان بەشێوەیەکی کەم تا زۆر ئەبستراکت پێشان دا. بەڵام بە باشی دەتوانین بە هێنانەوەی نموونەیەك لە یەکێك لە سادەترین و کۆنترین جۆرەکانی دەریخەین کە ئەمیش تیۆری گەلی هەڵبژرادەیە[2].

ئەم تیۆرە یەکێك لەو هەوڵانەیە کە بە یارمەتی راڤەیەك کە لەسەر بنەمای خواپەرستی[3] دامەزراوە، دەیەوێ مێژوو شیاوی لێتێگەیشتن بکات- واتە بە ناساندنی خوا وەکو داهێنەرەو ئافێنەری ئەو نمایشەی کە لەسەر سەکۆیی مێژوو پێشان دەدرێت. بەجۆرێکی وردتر، تیۆری گەلی هەڵبژاردە، لەسەر ئەو گریمانەیەدا دامەزراوە کە یەزدان، گەلێکی تاقانەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی وەکو ئامرازی جێبەجێ کردنی ویستی ئەو بجولێتەوە و ئەم گەلە دەبێتە میراتگری زەوی.

لەم تیۆرەدا، ویستی خوا[4] یاسای گەشە و گۆڕانکاری مێژوویی داڕشتووە. ئەمە جیاوازییەکی تایبەتیە کە جۆری خواپەرستانەی مێژووگەرایی لە جۆرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە،

1. evolution
2. the chosen people
3. theism (theistic interpretation)
4. will of God

قوتابخانەی سروشتیی مێژووگەرایی[٥] لەوانەیە یاسای سروشت بە یاسای گەشە و گۆڕانکارییەکان لە قەڵەم بدات، قوتابخانەی رۆحی[٦] ئەم پلە و پایەیە بە یاسای گەشە و گۆڕانکاری رۆحی ببەخشێت، یان قوتابخانەی ئابووری[٧] یاسای گەشە و گۆڕانکاری ئابووری بەم چاوە سەیر بکات. خاڵی هاوبەشی مێژووگەرایی خوا پەرستانە[٨] و جۆرەکانی تر، بڕوا بوونە بە یاسا گەلی مێژوویی دیاریکراو کە دەکرێ بدۆزرێنەوە و لەسەر بنەمای ئەوان پێشگۆیی ئایندەی مرۆڤ بکرێت.

گومانی تێدانییە کە تیۆری گەلی هەڵبژاردە لە شێوزای خێڵەکی ژیانی کۆمەڵایەتی سەری هەڵداوە. خێڵ پەرستی- واتە پشت بەستن بە گرنگی بێ وێنەی خێڵ کە بەبێ ئەو تاك بەگشتی هیچە- ڕەگەزێکە کە لە گەلێك شێوەی مێژووگەرایی دا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام جۆری دیکەی مێژووگەرایی کە خێڵ پەرستیان بەلاوە ناوە لێ لەوانەیە هێشتا رەگەزێکی **کۆگەرایی**[٩] ییان پاراستبێت[١]: واتە هێشتا جەخت لەسەر گرنگی گروپ یان کۆ- بۆ نموونە چینێکی تایبەت- بکەنەوە کە بەبێ ئەو تاك بەرەو هیچ دادەبەزێت. لایەنێکی دیکەی تیۆری گەلی هەڵبژێردراو، دوور بوونی شتێکە کە وەکو دوا ئامانج (غایت) دەخرێتەڕوو. ڕەنگە ئەم دوا ئامانجە تاڕادەیەك بەشێوەیەکی دیاریکراو وەسف بکرێت، بەڵام دەبێ رێگایەکی درێژ ببڕین تا پێیدەگەین- نەتەنیا رێگایەکی درێژ بەڵکو پێچاوپێچ و پڕ لە هەوراز و نشێو کە هەندێ جار بۆ لای چەپ و هەندێ کەڕەت بۆ راست دەڕوا. بەم چەشنە، هەموو رووداوێکی مێژوویی کە وێنابکرێ دەتوانرێت بە باشی لە چوارچێوەی ئەم راڤەیەدا بگونجێنرێت. تەسەور ناکرێت کە هیچ ئەزموونێك بتوانێت رەفز و پووچەڵی بکاتەوە[٢]. بەڵام ئەم راڤەیە بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان پێی هەیە، یەقینییان لەمەڕ دەرەنجامی کۆتایی مێژووی مرۆڤ پێدەبەخشێ.

رەخنەگرتن لە راڤەی خواپەرستانەی مێژوو لە بەشی کۆتایی کتێبەکەدا هاتووە. لەوێدا دەریدەخەین کە هەندێ لە گەورەترین بیرمەندانی مەسیحی ئەم تیۆرەیان بە بت پەرستی دا ناوەو رەفزیان کردۆتەوە هەر بۆیە، نابێ هێرش کردن بۆ سەر ئەم جۆرە مێژووگەراییە وەکو هێرش بۆ سەر ئایین لێك بدرێتەوە. لە بەشی ئێستادا، تەنیا وەکو نموونە سوود لە تیۆری گەلی

5. naturalistic historicism
6. spiritual historicism
7. economic historicism
8 theistic historicism
9. collectivism



هەڵبژرادە وەرگیراوە. لەم رووەوە بایەخەکەی لێرەدا دەردەکەوێ کە دوو شێوە لە گرنگترین شێوەکانی ئەمڕۆکەی مێژووگەرایی کە شیکردنەوەیان بەشی هەرە مەزنی ئەم کتێبە لە خۆ دەگرێت، لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانیاندا[٣] هاوبەشن: لە لایەکەوە (لە لای ڕاست) فەلسەفەی مێژووی رەگەزپەرستی[١٠] یان فاشیزم و لە لایەکەی تریشەوە (لای چەپ)، فەلسەفەی مێژووی مارکس. رەگەزپەرستی، رەگەزی هەڵبژاردە (هەڵبژێردراوی گۆبینۆ)[١١] وەکو ئامرازی چارەنووس و میراتگری کۆتایی زەوی، دەخاتە شوێنی گەلی هەڵبژاردەوە. فەلسەفەی مێژووی مارکس جێگای گەلی هەڵبژاردە دەسپێرێت بە چینی هەڵبژاردەکە ئامرازی پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چینە[١٢] و لە هەمان کاتدا، بە حوکمی مێژوو دەبێتە میراتگری زەوی. هەردوو تیۆرەکە پێش بینییە مێژووییەکانی خۆیان لەسەر بنەمای راڤەیەکی مێژووی دادەمەزرێنن کە دۆزینەوەی یاسای گەشە و گۆڕانکاری مێژوویی لێدەکەوێتەوە. لە ڕەگەزپەرستی دا، ئەم یاسایەی دواییان بەجۆرە یاسایەکی سروشتی لە قەڵەم دەدرێت. ئەوەی رەوتی مێژووی رابردوو و ئێستا و ئایندە روونده‌کاتەوە، باشتربوونی بیۆلۆژیانەی (زیندەوەرزانانەی) خوێنی رەگەزی هەڵبژرادەیە-واتە تەنیا ناکۆکی و ململانێی رەگەزەکانە لە پێناو گەیشتن بەسەروەری. لە فەلسەفەی مێژووی مارکسدا، یاسای جێگای مەبەست ئابوورییانەیە، دەبێت سەرانسەری مێژوو بە پێی ناکۆکی و ململانێی چینەکان بۆ وەدەست هێنانی باڵا دەستی ئابووری راڤە بکرێت.

خەسڵەتی مێژووگەرایی ئەم دوو بزاڤە رەنگ و روویەکی پرسی رۆژانە بە لێکۆڵینەوەکەمان دەدات[٤]. لە بەشەکانی داهاتووی کتێبەکەماندا دەگەڕێینەوە سەر ئەم بزاڤانە. هەردووکیان راستەوخۆ بۆ فەلسەفەی هێگل دەگەڕێنەوە. لەم رووەوە، دەبێ ئاوڕێکیش لەو فەلسەفەیە بدەینەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی هێگڵ[٥] بەزۆری پەیڕەوی لە هەندێ لە فەیلەسوفە دێرینەکان دەکات، زۆر پێویستە بەر لە گەڕانەوە بۆ شێوازە نوێیەکانی مێژووگەرایی، لە تیۆرەکانی هیراکلیتوس (هرقلیگوس) و ئەفلاتون و ئەرستۆ بکۆڵینەوە.

10. racialism
11. Joseph Arthur, Comte de Gobineau (1816-1882).
سیاسەتمەدار و رۆژهەڵاتناس و نوسەر و فەیلەسووفی فەرەنسی کە بڕوای بە باشتربوونی رەگەزی"سپی"هەبوو. ماوەیەك لە سەردەمی قاجارەکاندا وەزیری موختاری فەرەنسابوو لە ئێران و چەند کتێبێکی لەسەر ئێران نووسیوە.
12. Classless society

# ٢

# هێراكلیتوس

تا بەر لە هێراكلیتوس، لە یۆنان دا تیۆرییەك نادۆزینەوە كە لە ڕووی خسڵەتی مێژووگەرایی لەگەڵ تیۆری گەلی هەڵبژاردە بۆ هەڵسەنگاندن بشێت. بە پێی راڤەی خوا پەرستانە- فرەخوایی[(١)]- هۆمیرۆس[(٢)]، مێژوو بەرهەمی ویستی یەزدانیە. بەڵام یاسا باڵا دەستەكانی سەر گۆڕانكاری مێژوو بە دەستی خواوەندە هۆمێرۆسەكان دانارێژرێت. ئەوەی هۆمیرۆس دەیەوێ جەختی لەسەر بكات و روونی بكاتەوە یەكیەتی یان تاكانەیی نییە بەڵكو نەبوونی یەكیەتییە لە مێژوودا. ئەفرێنەری نمایشی سەر **سەكۆی مێژوو**، خوایەكی تاك و تەنیا نییە، خواوەندی جۆراوجۆر لە ڕووی هونەرنوێنی و حەزەوە دەستیان تێیدا هەیە. رووی هاوبەشی راڤەی هۆمیرۆسی و راڤەی یەهود، جۆرە هۆشیارییەكی نادیارە لە چارەنووس و وێناكردنی بوونی هێزگەلێكە لە پشتی پەردەوە. بە پێی بۆچوونی هۆمیرۆس، چارەنووسی كۆتایی دیار و ئاشكرا نابێت و بە پێچەوانەی هاوتاكەی لە بیروباوەڕی یەهود، لە پشت پەردەی رازە و بە حەشار دراوی دەمێنێتەوە.

---

1. polytheistic

٢. Homer یان هۆمیرۆس (نزیكەی سەدەی دەی پێش زایین). گەورەترین شاعیری حەماسەی و دانەری هەر دوو داستانی نەمری ئیلیادە و ئۆدیسە.



یەكەمین تاكی یۆنانی كە بەشێوەیەكی روونتر تیۆرێكی هێنا كە لەسەر بنەمای مێژووگەرایی بوو، هسیۆدۆسە[(٣)] كە ڕەنگە كەوتبێتە ژێر كاریگەری سەرچاوە رۆژهەڵاتییەكان. ئەم هزرەی بەكارهێنا كە رەوت یان ئاراستەیەكی هەمەكی لە گۆڕانكاری مێژوویی دا بوونی هەیە راڤەكەی بۆ مێژوو لێوانە لە رەشبینی. لەسەر ئەو بڕوایەیە كە مرۆڤ لە رەوتی وەرچەرخان لە چەرخی زێڕین[(٤)] بەدواوە، بە حوكمی چارەنووس، دەبێت هەم لە رووی ماددی و جەستەیی و هەم لە رووی مەعنەوی و ئەخلاقییەوە، رێگای **داروخان** بپێوێت. هزری مێژووگەرایی یەكەمین فەیلەسوفەكانی یۆنان لەگەڵ دەركەوتنی ئەفلاتون دەگاتە لووتكەی خۆی. خەریكی ئەوەبوو راڤەیەك بۆ مێژوو و ژیانی كۆمەڵایەتی خێڵە یۆنانییەكان، بەتایبەتی ئەنسینییەكان، بكات و وێنەیەكی فەلسەفی پڕ زەڕق و بەرقی بۆ جیهان كێشا. مێژووگەرایی ئەفلاتون زۆر بە توندی لە ژێر كاریگەری پێشینییە جۆراوجۆرەكانی خۆی و بەتایبەتی هسیۆدۆس دایە. بەڵام هێراكلیتوس گرنگترین شوێنەواری لەسەر داناوە.

هێراكلیتوس ئەو فەیلەسوفە بوو كە وێنای **سوڕان یان گۆڕانی**[(٥)] دۆزییەوە. تا ئەو كاتە، فەیلەسوفە یۆنانییەكان لە ژێر كاریگەری هزرە رۆژهەڵاتییەكان دا، جیهانیان وەكو بینایەكی مەزن وەبەرچاو دەگرت كە شتە ماددییەكان، كەرەستە یان مەوادی بیناسازییەكەیەتی[{١}]. جیهان، هەمەكیەتی[(٦)] شتەكان بوو- هەمان Cosmos [گەردوون] (كە بە ڕواڵەت لە بنچینەدا رەشماڵ[(٧)] یان پۆشەرێكی[(٨)] رۆژهەڵاتی بووە). ئەو پرسیارەی كە فەیلەسووفەكان لە لای خۆیان دەیانهێنا بەرباس ئەوە بوو كە ((جیهان لە چ ماددەیەك[(٩)] دروست كراوە؟)) یان جیهان چۆن بونیاد نراوە و نەخشەی راستەقینەی بناغە یان بنەڕەتەكەی[(١٠)] چییە؟ فەلسەفە یان فیزیك (كە بۆ ماوەیەكی درێژ نەدەتوانرا لە یەكتر جیا بكرێنەوە) بە لێكۆڵینەوە لە

---

٣. Hesiod (نزیكەی سەدەی هەشتەمی پێش زایین). شاعیری یونانی. دانەری داستانی theogonia كە تییدا باسی ئەفراندنی جیهان وزان و رەگەزی خواكان كراوە.

٤. Golden Age

5. change
6. totality
7. Tent
8. mantle
9. stuff
10. ground plan

((سروشت))[١١] لە قەڵەم دەدرا- واتە توێژینەوە لەو ماددە سەرەکییەی کە ئەم بینایە، ئەم دونیایەی لێ چێ کرابوو. هەرچەشنە کردەوە یان پرۆسەسێك[١٢]-یش کە وەبەرچاو دەگیرا وەك شتێك حسێب دەکرا کە یان لە نێو بینایەکە دا روو دەدەن یان بەمەبەستی دروست کردن یان پاراستنی ئەنجام دەدرێت و سەقامگیری یان هاوسەنگی بینایەکە کە لە بنەڕەتدا بە وەستاو لە قەڵەم دەدرا، تێك دەدا یان دەیگەڕاندەوە. ئەم پرۆسسانە بازنەیی[١٣] بوون (جگە لە پرۆسسەکانی تایبەت بە چاوگ و بنەچەی بینایەکە، ئەم پرسیارە کە ((چ کەسێك ئەم بینایەی دروست کردووە؟)) لە لایەن رۆژهەڵاتییەکان و هسیۆدۆس و ئەوانی ترەوە قسەو باسی لەسەر دەکرا). ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە زۆر سروشتییە- کە تەنانەت ئەمڕۆش لە لای بەشی زۆری ئێمە سروشتییە- بە دەرکەوتنی هێراکلیتوس لە ناوچوو. ئەو بۆچوونەی هێراکلیتوی هێنای ئەوەبوو کە بینایەکی ئەوتۆ، بونیادێکی ئاوها سەقامگرتوو و پتەو، گەردوونێکی[١٤] ئەو تۆ بوونی نییە. لە وتەکانی ئەوە کە دەڵێ: ((گەردوون لە باشترین حاڵەتدا ﴿یان لانی زۆر﴾ تەپۆڵکەیەکی خاکو خۆڵە کە بەڕێکەوت پەرش و بڵاو کراوەتەوە)){٢} .

ئەو جیهانی نە وەك بینایەیەك، بەڵكو وەك پرۆسسێکی زەبەلاح بەرجەستە دەکرد، نەوەك کۆی هەموو شتەکان بەڵكو وەك هەمەکیەتی هەموو رووداوەکان یان گۆڕانەکان یان فاکتەکان[١٥] (امور واقع). دروشمی فەلسەفەکەی ئەوە بوو: ((هەموو شتێك ڕەوانە[١٦] و هیچ شتێك وەستاو نییە)).

دۆزینەوەکەی هێراکلیتوس بۆ ماوەیەکی درێژ کاریگەری لەسەر گەشەو گۆڕانکاری فەلسەفەی یۆنان دانا. فەلسەفەکانی پارمینیدس (برمانیدس) و دیمۆکرتیۆس[١٧] (ذیمقراطیس) و ئەفلاتون و ئەرستۆ، هەر هەموویان دەبێ بەڕاستی وەکو هەوڵگەلێك بژمێردرێن بۆ شیکردنەوەی پرسی ئەو جیهانە بگۆڕەی کە هێراکلیتوس دۆزییەوە. بەمەبەستی جەخت کردن لەسەر مەزنایەتی ئەم

11. Nature
12. process
13. cyclic
١٤. لە هەر شوێنی وشەی "گەردوون" بەکاربهێنین مەبەستمان cosmos ـە.
15. Facts
16. flux
١٧. Democritus (نزیکەی ٤٦٠ تا ٤٧٠ پێش زایین ). فەیلەسووفی یۆنانی دانەری تیۆری "ئەتۆم" یان گەردیلەی دابەش نەبوو.



دۆزینەوەیە، ئاستەمە بتوانرێ قسەی پڕ لاف و گەزاف بوترێ. لە پەسنێ دا وتراوە کە دۆزینەوەیەکی وەحشەتناك بوو و کاریگەرییەکەی لەگەڵ کاریگەری ((ئەو بومەلەرزەی کەوا دێتە بەرچاو هەموو شتێ تێیدا... کەوتبێتە دەورو خولەوە)) بەراورد کراوە{٣}. من گومانم لەوە نییە کە ئەم دۆزینەوە لە ئەنجامی ئەزموونە ترسناکە تاکە کەسییەکان کە هۆبەندی پشێوییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە بوو لە زەینی دا نەخشی بەست. جێگای تێڕامانەکە هێراکلیتوس، واتە یەکەمین فەیلەسوف کە نەك هەر خەریکی (سروشت) بەڵكو زیاتر لەویش خەریکی پرسە ئەخلاقی و سیاسییەکان بووە، لە سەردەمی شۆڕشێکی کەمەڵایەتی دا ژیاوە، سەردەمێك کە حکومەتە ئەرستۆکراتی خێڵەکییەکانی یۆنان وردە وردە لە بەرانبەر هێزی تازە نەفەسی دیموکراسی دا مەیدانیان چۆڵ دەکرد.

بۆ تێگەیشتن لە شوێنەوارەکانی ئەو شۆڕشەی باسمان کرد، دەبێ سەقامگیری و نەرمی نە خوازی ژیانی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی ئەرستۆکراتی خێڵەکی بە بیرخۆمان بێنینەوە. یاریکەرانی ژیانی کۆمەڵایەتی ((تابۆ))[١٨] کۆمەڵایەتی و دینییەکانن. هەموو کەسێك لە نێو بونیادی سەرانسەری کۆمەڵایەتی دا خاوەن جێگەیەکی دیاریکراوە. هەموو کەسێك وا هەست دەکات، ئەو جێگایەی هەیەتی، شوێنێکی ((سروشتی)) و گونجاوە کە لە لایەن هێزە باڵادەستەکانی سەر گەردوون بۆی دیاری کراوە. هەموو کەسێ ((شوێنی خۆی دەزانێ)).

دەگێڕنەوە کە هیراکلیتۆس خۆی میراتگری بنەماڵەی پاشایەتی ئەفێسوس[١٩] بوو کە پاشاکانی کاهینییەتیشیان دەکرد. بەڵام ئەو لەبەر بەرژەوەندی براکەی پاشەکشەی کرد. ئەگەرچی بەهۆی غورور و بەرزە فڕییەوە، خۆی لە بەشداری کردن لە ژیانی سیاسی شارەکەی دەبوارد، بەڵام پشتیوان و لایەنگری ئەرستۆکراتەکان بوو کە بێهودە هەوڵیان دەدا شەپۆلی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری هێزە نوێیە شۆڕشگێڕەکان بۆ دواوە پاڵ بنێن. ئەم ئەزموونە سیاسی و کۆمەڵایەتیانە لە پارچە بەجێماوەکانی ئیشەکانیدا رەنگدەداتەوە{٤} لە جێگایەك کە هاواری لە دژی بڕیاری خەڵك بۆ دورخستنەوەی هاوڕێ ئەرستۆکراتەکەی واتە هێرمۆدۆریوس[٢٠] بەرز دەبێتەوە، دەڵێت: ((دەبێ ئەفێسوسەکان هەموو پیاوە بەساڵاچووەکانی خۆیان یەك بە یەك لە دار بدەن و واز لە شارەکەیان بێنن بۆ ئەوەی منداڵەکان حکومەتی بەسەردا بکەن...)) ڕاڤەی ئەو بۆ

18. Taboo
19. Ephesus
20. Hermodorus

پاڵنەرەکانی خەڵك لە ڕادەبەدەر جێگای تێڕامانە چونکە دەریدەخات کە پێداویستییەکانی کاری بەڵگەخوازی دژە دیموکراتێك لە یەکەمین ڕۆژەکانی دیموکراسیەوە تاکو ئێستا هێندە گۆڕانی بەسەردا نەهاتوو: ((وتیان: هیچ کەسێك لە نێو ئێمەدا باشترین (کەس) نابێت، ئەگەر کەسێك بەرجەستە و دیارە لێگەڕێ بچێتە شوێنێکی تر و نێو کەسانێکی دیکە)). ئەم ڕکێشیە لە هەمبەر دیموکراسییەوە لە هەموو شوێنێك لە دوتۆیی پارچەکان دا دەبینرێت: ((جەماوەری خەڵك وەکو چوار پێیەکان ورگیان دەئاخنن ... شاعیرەکان و بیروباوەڕی ڕەشۆکی دەکەنە ڕێنوێنی خۆیان چونکە نازانن خراپەکان زۆر و چاکەکان کەمن ... لە پریینیە[٢١]، بیاس-ی[٢٢] کوڕی تیۆتامس[٢٣] دەژیا کە قسەکانی لە قسەی خەڵکانی تر بە بایەخترە. (ئەو دەیوت: "زۆربەی مرۆڤەکان خراپن")... ڕەشۆك تەنانەت گرنگی نادەن بەو شتانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوەو ئامۆژگاری لە و پەندە وەرناگرن کە فێریان دەکرێت، ئەگەرچی پێیان وایە فێری بوونە.)) دیسان هەر لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: ((هەروەها یاسا دەتوانێت خوازیاری ئەوەبێ کە پەیڕەوی لە ویستی یەك کەس بکرێت)). یەکێك لەوتەکانی کە بەیانکەری ڕوانگەی دژە دیموکراتیکی هێراکلیتوسە، سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووی دەستەواژەوە لەلای دیموکراتەکان پەسند دەکرێ، لەڕووی مەبەست و نیازەوە وەها نییە و بەم جۆرەیە: ((خەڵك دەبێ بە چەشنێ بۆ یاساکانی شار بجەنگێن، وەك بڵێی شوورەی شارە)).

بەڵام ململانێی هێراکلیتوس بۆ پارێزگاری کردن لە یاسا کۆنەکانی شارەکەی بێهودە بوو و ناسەقامگیری و تێپەڕبوی هەموو شت و دۆخەکان زۆر بە قووڵی لە زەینیدا نەخشی بەست. تیۆرەکەی لە هەمبەر سوڕان و گۆڕان، دەربڕی هەستو سۆزەکانییەتی[٥]. ((هەموو شتێك ڕەوانە، ناتوانی دووجار پێ بنێیتە هەمان ڕووبار)). بێ هیواو بێ ئومێد بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو بڕوایەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی تاکو ئەبەد پایەدارە، بەڵگەخوازی دەکات: ((نابێ وەکو ئەو منداڵانە هەڵسوکەوت بکەن کە بە کورتبینی «ئەو کەسانەی کە دەڵێن» و لە ڕابردوو و پێشنییانەوە ئاوامان بۆ ماوەتەوە، پەروەردە کراون)).

جەخت کردن لەسەر گۆڕان، بەتایبەتی گۆڕان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، نەك تەنیا هەر تایبەتمەنی گرنگی فەلسەفەی هێراکلیتوسە، بەڵکو تایبەتمەندی مێژووگەراییە بە شێوەیەکی گشتی.

21. priene
22. Bias
23. Teutames



ئەو (ڕاستییە کە) شتەکان و تەنانەت پاشاکانیش دەگۆڕێن حەقیقەتێکە کە دەبێ بەتایبەتی لەو کەسانە بگەیەنرێ کە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیان وەکو بەڵگەنەویست سەیر دەکەن. دەتوانین تاکو ئێرە پەسندی بکەین. بەڵام لە فەلسەفەی هێراکلیتی یەکێك لە تایبەتمەندییە ناپەسندەکانی مێژووگرایی خۆی دەردەخات و ئەویش بریتییە لە درێژدادڕی لە جەخت کردن لەسەر سوڕان و گۆڕان کە تێکەڵکراوە بە بیروباوەڕە تەواوکارەکەی، واتە بە یاسای سەخت و حەتمی و نەگۆڕی چارەنووس.

لەم بیروباوەڕەدا، تووشی هەڵوێستەیەك دەبین، هەرچەندە دژایەتی لەگەڵ جەختی لە ڕادەبەدەری مێژووگەرایی لەسەر گۆڕان هەیە، بەڵام سیفەتی جیاکەرەوەی زۆربەو ڕەنگە هەموو مێژووگەرەکان بێت. ڕەنگە ئەگەر جەختی درێژدادڕی لایەنگرانی مێژووگەرایی لەسەر گۆڕان بەم جۆرە ڕاڤە بکەین، کە ئەمە لە دەرهاویشتەکانی هەوڵ و تێکۆشانی پێویستە بۆ زاڵ بوون بەسەر بەرەنگاری نا هۆشیاری خۆیان لە بەرانبەر وێنای گۆڕاندا، بتوانین ئەو هەڵوێست و ڕوانگەیەی ئاماژەمان بۆ کرد بخەینە ڕوو. هەروەها ئەمە گرژی پڕ هەڵچوونی بەشێکی زۆری مێژووگەراکان (تەنانەت لە سەردەمی خۆشماندا) ڕوون دەکاتەوە، ئەوان بە ڕەوپشت بەستن و پێداگرتن لەسەر نوێیی دۆزینەوەکان و ئەو ڕازهەڵماڵینە تازانەی کە دەیانەوێت دەستی بۆ ببەن، پەلکێش دەکات. ئەم جۆرە تێبینییانە، ئەم دەرفەتە دەخاتە زەینەوە کە ئەو جۆرە مێژووگەرایانە لە گۆڕان دەترسێن و ناتوانن بەبێ کێشمە کێشێکی دەروونی دژوار، وێنای گۆڕانکاری قبوڵ بکەن. بەزۆری وا دێتە بەرچاو کە ئەم جۆرە کەسانە لە ڕێگای چەسپان بەم بۆچوونە کە یاسایەکی نەگۆڕ بەسەر گۆڕاندا باڵا دەستە، دەیانەوێ دڵخۆشی خۆیان بدەنەوە بۆ لە دەست دانی جیهانێکی سەقامگیر و پایەدار. (لە پامیندس و ئەفلاتون دا تەنانەت ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونە دەبینەوە کە ئەو جیهانە بگۆڕەی کە تێیدا دەژین وەهم و خەیاڵپڵاوە[٢٤] و دونیایەکی حەقیقیتر بوونی هەیە کە ناگۆڕێت.

لەمەڕ هێراکلیتوسەوە، سەیر دەکەن، جەخت کردن لەسەر سوڕان و گۆڕان بەرەو ئەم تیۆرەی پەلکێش دەکەن کە هەموو شتە ماددییەکان چ ڕەق و چ شل و چ گازوەکو بڵێسەی ئاگرن- واتە لە جیاتی ئەوەی شت بن، پرۆسسن و و هەر هەموویان ئاڵوگۆڕ یان بۆ ئەویتر

24. Illusion

گۆڕانی[٢٥] ئاگرن. زەوی بە ڕواڵەت ڕەق (کە ئاوێتەیەکە لە خۆڵەمێشەکان) تەنیا ئاگرێکە لە حاڵی ئاڵوگۆڕ یان گۆڕان دایە و تەنانەت شلەکانیش (ئاو و دەریا) ئاگری گۆڕدراون (و زۆر ڕێگەی تێدەچێت کە بە شێوەی نەوت بگۆڕێن بۆ سووتەمەنی). ((یەکەمین ئاڵوگۆڕی ئاگر، دەریایە، بەڵام دەریا خۆی نیوەی خاك و نیوەی هەوای گەرمە)){٦}. بەم چەشنە، هەموو ((توخمەکان) یان ((ڕەگەزەکان))ی[٢٦] تر خاك و ئاو و هەوا ئاگری گۆڕاون: ((هەموو شتێك لەگەڵ ئاگردا ئاڵوێر[٢٧] دەکرێت و ئاگر لەگەڵ هەموو شتێك، هەروەك چۆن زێڕ لەگەڵ شمەك و شمەك لەگەڵ زێڕ (ئاڵوێر دەکرێ)[٢٨])). دوای ئەوەی هێرالکیتوس هەموو شتێك بۆ بڵێسەی ئاگر، بۆ پرۆسسێکی وەکو سووتان[٢٩]، ئاڵوگۆڕ پێدەکات، ئەو کات لەم پرۆسسانەدا، یاسایەك یان پێوەرێك[٣٠] یان ئاڕاستەیەکی عەقڵی[٣١] یان دانایی و حیکمەتێك[٣٢] دەست نیشان دەکات. پاش ئەوەی گەردوونی وەکو بینا و تەلار وێران کرد و رایگەیاند کە لە تەپۆلکەیەکی خاکوخۆڵ زیاتر نییە، دووبارە وەك سیستەمی چارەنووسی ڕووداوەکان لە پرۆسسی جیهانیدا، دەگەڕێنێتەوە.

هەموو پرۆسسێك لە جیهاندا، بەتایبەتی ئاگر، بە پێی یاسایەکی دیاریکراو، کە هەمان ((پێوەرەکەیەتی))، دەکرێتەوە و گۆڕانکاری بەسەر دادێت{٧}. ئەمە یاسایەکی حەتمی و سەخت و بۆ بەرەنگاری نەشیاوە، لەم ڕووەوە لە لایەکەوە هاوشێوەی تێگەیشتنی ئەمڕۆکەی ئێمەیە لە یاساکانی سروشت و لەلایەکی دیکەشەوە بە یاسا مێژوویی و پەرەسەندنیەکانی مێژووگەرا نوێیەکان دەچێت. بەڵام لەم ڕووەوە لەگەڵ ئەو تێگەیشتنانە جیاوازی هەیە کە ئاماژەمان پێکردن کە حوکم یان فرمانی عەقڵەو لە ڕێگای سزاوە جێبەجێ دەکرێت، ڕێك وەکو ئەو یاسایەی کە دەوڵەت دایڕشتبێت.

25. transformation
26. elements
27. Exchange
٢٨. وەرگێڕانی وشە بەوشەی ڕستەکە بەو جۆرەی لێدێت "هەموو شتێ ئاڵوێریکە بۆ (an exchange for ئاگر" تاد، کە نەك هەر لە فارسی {و کوردی}دا بەڵکو لەئینگلیزیشدا قورس و ناڕوونە، هەربۆیە بەم چەشنە وەرمانگێڕا.
29. Combustion
30. Measure
31. reason
32. wisdom



جیاوازی نەکردن لە نێوان یاسا حقووقییەکان[٣٣] یان نۆرمەکان[٣٤] و یاسا یا سیستەمە سروشتییەکان[٣٥]، تایبەتمەندی تابۆیزمی خێڵەکییە. هەردوو بەشی یاسا بە جادوویی لە قەڵەم دەدرێن، ئەم حاڵەتە، دەبێتە هۆی ئەوەکە ڕەخنەگرتنێکی عەقڵانی لە تابۆ دەستکردەکانی مرۆڤیش وەکو هەوڵدان بۆ چاکسازی حیکمەت و ئاڕاستەی عەقڵی یاساکان یان سیستەمەکانی جیهانی سروشت، بۆ وێناکردن نەشێت. ((هەموو ڕووداوەکان بەهۆی هەمان پێویستی چارەنووسەوە بەرەو پێش دەچن... خۆر لە ڕادەی[٣٦] ڕەوتی خۆی پێ درێژتر ناکات، ئەگینا خواوەندی چارەنووس، خاتووخزمەتکارەکانی دادپەروەری[٣٧]، دەزانن چۆن بیبیننەوە)). بەڵام خۆر تەنیا پەیڕەوی لە یاسا ناکات، ئاگر لە شکلی خۆر و (هەروەك دواتر دەیبینین) لە شێوەی بروسکەی زێوس[٣٨] چاوەدێری یاسایە و بە پێی ئەو حوکم دەدات و دادوەری دەکات. ((خۆر پاسەوان و زێرەڤانی قۆناغەکانە[٣٩] و گۆڕان و وەرزەکان کە هەموو شتێ لەوانەوە دروست دەبێت، بەرتەسك دەکات و دادوەرە بەسەریاندا و مژدە دەدا ... ئەم سیستەمە گەردوونییە کە بۆ هەموو کەسێك وەکیەکە، ئەفرێنراوی خواوەندەکان یان مرۆڤەکان نییە، هەمیشە هەبووە و هەیە و دەبێت، ئاگرێکی هەردەم زیندووە کە بەڕادە[٤٠] کڵپە دەدات و بە ئەندازەش دادەمرکێتەوە ... ئاگر لە پێشەڕەوەیدا، هەموو شتێ دەگرێ و حوکمیان لەسەر دەدات و نابوودیان دەکات)).

زۆربەی کات بۆمان دەردەکەوێ کە توخمێکی عیرفانیش لەگەڵ وێناکردنی سەختی و دڵڕەقی چارەنووس لە مێژووگەرایی دا ئاوێتەیە. شیکردنەوەی ڕەخنەیی عیرفان لە بەشی بیست و چوارەم دا دێت. لێرەدا تەنیا دەمەوێت پشکی دژە عەقڵی و عیرفان لە فەلسەفەی هێراکلیتوس

٣٣. [legal law] واتە یاسا دانراوەکان بۆ هەڵاواردن لە یاساکانی سروشت.
34. Norm
35. natural laws or regularities
36. Measure
37. the handmaids of justice
٣٨. zeus لەیۆنانی دێریندا، خوای خواکان و یەزدانی ئاسمان و زەوی و باوکی گەلێ لە خواو یەزدانەکانە. زۆر ناوی هەبووە، وەك "ڕزگاریدەر" و "پارێزەری ماڵ" و تاد. هەورە تریشقەی لەدەست دابووو بەیارمەتی ئەمە فەرمانڕەوایی بەسەر هەموو شتێدا دەکرد جگە لە چارەنووس.
39. Periods
40. measure

بخەمەڕوو{٨}: دەڵێت: ((سروشت عاشقی پەنهان بوونە ... خواوەند کە غەیبگۆییەکەی[٤١] لە دێلفی دایە، نە دەشارێتەوە و نە ئاشکرا دەکات، بەڵکو مەبەستی خۆی بە درکە و هێما دەردەبڕێت)). هێراکلیتوس بە چاوێکی سووک سەیری ئەو زانایانە دەکات کە زیاتر حەزیان لە ئەزموونە و ئەمە تایبەتمەندی ئەو کەسانەیە کە ئەم هەڵوێستە هەڵدەبژێرن: (٠ئەو کەسەی زۆر دەزانێت مەرج نییە هۆشمەندتر بێت و ئەگینا هێسیۆدۆس و فیپاغۆرس و هەروەها کستۆفانس[٤٢] لەمە زیاتر هۆشمەند دەبوون... فیپاغۆرس باوانی هەموو ساختەچییەکانە)). هاوڕێ لەگەڵ ئەم جۆرە سووکایەتی کردنە بە زانایان، رووبەڕووی تیۆری عیرفانی تێگەیشتنی پێژنی دەبینەوە. تیۆری هێراکلیتۆس لە هەمبەر عەقڵەوە لەم روانگەیەوە دەست پێدەکات کە ئێمە لە کاتی بەخەبەری دا، لە جیهانێکی هاوبەشدا دەژین.

دەتوانین مانا ئاڵوگۆڕ بکەین و چاودێر و رامێنەری سەریەکتر بین. ئەمە لە خۆی دا هەڵگری ئەم دڵنیایەیە، کە نەبووینەتە قوربانی وەهم. بەڵام هەر ئەم تیۆرە مانایەکی هێمایی یان سیمبۆلێك[٤٣] و عیرفانی تریشی پێدەدرێت. تیۆری پێژنی (شهود) عیرفانی کە بە هەڵبژێردراوەکان و ئەو کەسانەی کە بەخەبەرەن و هێزی بینین و بیستن و وتنیان هەیە، بەخشراوە: ((مرۆڤ نابێت بە جۆرێك بجولێتەوەو قسە بکات وەك بلێی لە خەو دایە... بەخەبەرەکان جیهانێکی هاوبەشی تاکیان هەیە، ئەوانەی کەلە خەودان هەر کامێکیان روو دەکەنە جیهانی تایبەتی خۆیان. ئەمان، بێتوانان هەم لە بیستن و هەم لە وتن... تەنانەت ئەگەر بشبیستن وەکو نەبیستەرەکانن... ئەم وتەیە لە هەمبەریان مسداقییەتی هەیە کە هەم

٤١. وشەی oracle هەم بەمانای سروش یان پەیامێکە کە لە غەیبەوە دێت، هەم بە واتای شوێنگەی دەرچوونی ئەم پەیامە و هەم بەمانای نێرەر یان پێشگۆییەك کە هێنەری پەیامەکەیە. لەیۆنانی دێریندا، لەداوێنی چیای پارناسوس بەستێنێ هەبوو بەناوی دێلفی (Delphi) یان دێلفەوی سەربە ئاپۆلۆن کە غەیبێژەکەی بەرسڤی پرسیارەکانی خەڵکی دەدایەوە. هەندێ لە وەرگێڕانی هێراکلیتوس، ئەم رستەیان بەم جۆرە وەرگێڕاوە کە شوێنگەی دەرچوونی پەیامە لەدێلفیدا. بەڵام پۆپەرو هەندێکی تر وشەی oracle یان بەواتای غەیبێژی دێلفی لێکداوەتەوە.

٤٢. xenophanes (نزیکەی سەدەی شەشەمی پێش زایین). فەیلەسووفی یۆنانی کە دەڵێت ئەو قوتابخانەی ئەلیایی دامەزراندووە.

43. Symbolic



ئامادەن و هەم نادیارن (غائب)... دانایی تەنیا لە شتێك دایە: تێگەیشتن لەو هزرەی کە هەموو شتێك لە نێو هەموو شتێ رادەماڵێت)). ئەو جیهانەی کە بە خەبەرەکان ئەزموونی هاوبەشی لێوەردەگرن (جیهانی) یەکیەتی عیرفانییە، تاکایەتی ئەو شتانەی کە تەنیا بە عەقڵ دەتوانین تێیان بگەین: ((دەبێ مرۆڤ پەیڕەوی لەو شتە بکات کە لە نێوان هەمووان دا هاوبەشە ... عەقڵ لە نێوان هەمووان دا هاوبەشە... **هەموو**، دەبێتە **یەك** و **یەك** دەبێ بە **هەموو**.. یەك کە هەمان دانایییە و بەس، هەم دەیەوێ و هەم نایەوێ ناوی زێوسی لێبنرێت ... بروسکەیەکە کە هەموو شتەکان رادەماڵێت)).

هەر ئەوەندە لەمەڕ سیمای گشتی فەلسەفەی هێراکلیتی سەبارەت بە سوڕانی گشتی و چارەنووسی پەنهان، بەسە. تیۆری هێزی بزوێنەر لە پشت هەموو گۆڕانەکان هەر لەم فەلسەفەیەوە سەر هەڵدەدات- تیۆرێك کە خسڵەتە مێژووگەرایییەکەی لە جەخت کردن لەسەر گرنگی ((دینامیکییەتی کۆمەڵایەتی))[٤٤] لە بەرانبەر ((وەستاوناسی کۆمەڵایەتی))[٤٥]، دەردەکەوێت. دینامیکناسی هێراکلیتوس، لە هەمبەر سروشت بە گشتی و سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی، پاڵپشتی ئەم بۆچوونەیە کە فەلسەفەکەی ئیلهامی لەو پشێوییانە وەرگرتووە کە خۆی لە پانتایی کۆمەڵگاو سیاسەت دا تاقیکردۆتەوە. هێراکلیتوس رادەگەیەنێت کە ناکۆکی یان جەنگ بنچینەی دینامیك و خولقێنەری هەموو گۆڕانەکانە، بەتایبەتی جیاوازی نێوان مرۆڤەکان. هێراکلیتوس نموونەی مێژووگەراکانە. قەزاوەتی مێژوو وەك حوکمدانێکی ئەخلاقی دەژمێرێ و پەسەندی دەکات{٩}. بەوە رازییە کە دەرەنجامەکانی جەنگ هەمیشە دادپەروەرانەیە{١٠}. ((جەنگ باوك و پاشای هەموو شتەکانە. دەیسەلمێنی کە هەندێ خوان و هەندێ مرۆڤی رووتن و دەستەی دووەم دەگۆڕی بۆ کۆیلە و دەستەی یەکەم بۆ سەروەرەکان ... پێویستە ئەوە بزانین کە جەنگ گشتگیرە و دادپەروەری (دادخوازی) لە ناکۆکی دایە و هەموو شتێك بەهۆی ناکۆکی و وەکو پێویستی سەرهەڵدەدات و پەروەردە دەبێت)).

بەڵام ئەگەر دادپەروەری لە ناکۆکی یان جەنگ دابێت و ئەگەر ((خواوەندانیچارەنووس)) لە هەمان کاتدا ((خاتووخزمەتکارانی دادپەروەری)) بن و ئەگەر مێژوو، یاخود بەجۆرێکی وردتر،

44. ((social dynamics))
45. ((Social statics))

بەختەوەری، واتە بەختەوەری لە جەنگ-پێوەری شایستەیی بێت، خودی پێوەری شایستەیش دەبێ ((رەوان)) بێت. هێراکلیتوس ئەم پرسە بە رێژەگەرایی و بەهۆی تیۆری یەکیەتی دژەکان یان بەرانبەرەکان (بەرهەڵستەکان) چارەسەر دەکات. ئەمە لە تیۆرییەکەی لەمەڕ گۆڕانەوە سەرهەڵدەدات (کە لە بنەڕەتدا تیۆری ئەفلاتون و تەنانەت لەمەش زیاتر، تیۆری ئەرستۆییە). ئەو شتەی کە دەگۆڕێت دەبێ تایبەتمەندییەکی لە دەست بدات و تایبەتمەندی دژی ئەو وەدەست بێنێ. ئەمە بەر لەوەی شتێك بێت، پرۆسسی تێپەڕین و گوێزرانەوەیە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخی دژی ئەو و لەم رێگەیەوە لە نێوان دۆخ و حاڵەتە دژەکان دا یەکێتی پێك دێت[١١]:

((شتە ساردەکان، گەرم دەبن و شتە گەرمەکان، سارد، ئەوەی شێدارە، وشك دەبێ و ئەوەی وشکە، شێدار ... نەخۆشی دەبێتەمایەی ئەوەی بایەخی لەش ساغی بزانین ... ژیان و مردن، خەو و بێداری، گەنجی و پیری، ئەمانە هەموویان یەکێکن، چونکە ئەم بۆ ئەو و ئەو بۆ ئەم دەگۆڕێت ... ئەوەی لەگەڵ خۆی دا لە ناکۆکی دایە، لەگەڵ خۆیدا دەگونجێت. هەماهەنگی و پەیوەندییەك هەیە کە لە گرژی و خاوبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، هەروەك چۆن لەکەمان یان چەنگ (دادەبینرێ) ... دژەکان سەربەیەکترن، باشترین هەماهەنگی دەرەنجامی نەگونجاوییە و هەموو شتێك لە رێگای ناکۆکییەوە دروست دەبێ و پەروەردە دەبێت ... ئەو رێگایەی دەچێتە سەرەوە هەر ئەو رێگایەیە کە بۆ خوارەوە دێت ... رێگای راست هەمان رێگای خوارە و یەکێکن ... لە لای خواکان هەموو شتێك جوان و حەقە، بەڵام مرۆڤەکان هەندێ شت بە حەق و هێندێ شت بە ناحەق دەزانن ... چاك و خراپ یەکێکە)).

رێژەیی بوونی بەهاکان ( کە رەنگە تەنانەت بتوانین بە رێژەگەرایی ئەخلاقی وەسفی بکەین) کە لە دواین پارچەدا بەیان کراوە، نابێتە رێگر لەبەردەم ئەوە کە هێراکلیتوس لەسەر بنەمای بڕوا بوون بە دادپەروەرانە و بە حەق بوونی جەنگ و قەزاوەتی چارەنووس، تیۆرێکی ئەخلاقی خێڵ پەرستانە و رۆمانتیك لە هەمبەر **ناوبانگ و چارەنووس** و بەرزێتی **پیاوە مەزنەکان** دابهێنێ و پەروەردەی بکات کە بە چەشنێکی سەیر هاوشێوەی هەندێ لە هزرە زۆر نوێیەکانەوە[١٢]:

((خودا و مرۆڤەکان ئەو کەسەی لە جەنگ دا لە پێ دەکەوێ بە بەرز دەنرخێنن ... هەرچەندە لە پێ کەوتن (مەرگ) مەزنتر بێت، چارەنووس پڕ لە شانازیتر دەبێ ... باشترین ئادەمیزادەکان لە هەمو شتێ زیاتر بە دوای شتێك دا وێڵن: ناوبانگێکی نەمر ... بەهای یەك کەس ئەگەر مەزن بێت لە دە هەزار کەس زیاترە)).



جێگای سەر سوڕمانە کە لە پارچە کۆنەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ پێنج سەد ساڵ پێش لە دایك بوونی مەسیح، ئەو هەموو شتە دەست دەکەوێت کە تایبەتە بە حەزی مێژووگەرایی و دژە دیموکراتیکی نوێ. بەڵام بەبێ وەبەر چاوگرتنی ئەم راستیە کە هێراکلیتوس لە رووی هێز و رەسەنایەتی، بیرمەندێکی بێ وێنە بووە و لە ئاکامدا، بەشێکی زۆر لە بیروبۆچوونەکانی (لە رێگای ئەفلاتوونەوە) بوونەتە بەشێك لە نەریتی رەسەنی فەلسەفی، رەنگە بتوانێت، وێکچوونی تیۆرەکان تارادەیەك بەوە بەرچاوگرتنی وێکچوونی بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی هەر قۆناغێکی بخرێتەڕوو. وا دێتە بەرچاو کە تەسەوراتی مێژووگەرایی لە رۆژگاری گۆڕانە مەزنە کۆمەڵایەتیەکاندا گرنگی وەدەست دێنێ. هەروەك دەبینین لەکاتی تێکچوونی ژیانی خێڵەکی لە یۆنان و هەروەها لە کاتی لەبەریەك هەڵوەشانی ژیانی خێڵەکی یەهودییەکان بەهۆی داگیرکاری بابلیەکانەوە، سەرهەڵدەدەن[١٣]. بە بڕوای من، گومانی تێدا نییە کە فەلسەفەی هێراکلیتوس دەربڕی هەستی بێ ئامانجی و خۆ بەدەستەوەدانە لەبەرانبەر هەلومەرجدا، ئەو هەستەی پێدەچێت نموونەی پەرچەکردار بێت لە بەرانبەر دارمانی وێنەی کۆنی خێڵەکی لە ژیانی کۆمەڵایتیدا. لە مێژووی نوێی ئەوروپادا، وێنا و هزری مێژووگەرایی، لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و بەتایبەتی لە ئاکامی شۆڕشە سیاسییەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا، سەر لەنوێ زیندوو بوونەوە[١٤]. وەك دیارە، بەرێکەوت نییە هێگل، کە گەلێك لە بیروبۆچوونەکانی هێراکلیتوسی هەڵبژارد و بۆ هەموو بزوتنەوە مێژووگەراییە نوێیەکانی گواستەوە، خۆی یەکێك بوو لە وتەبێژانی پەرچەکردار لە بەرانبەر شۆڕشی مەزنی فەرەنسا.

# ٣
# تیۆری ئەفلاتون لەمەڕ فۆڕمەکان یان ئایدیاکان

١

ئەفلاتون لە سەردەمی جەنگ و کێشمەکێشە سیاسییەکاندا ژیا-رۆژگارێك کە رەنگە لەو قۆناغەی هێراکلیتوسی پەرێشان و شێواو کردبوو، نا ئارامتر بوو بێت. ئەو کاتەی کە هێشتا لە تەمەنی مێرد منداڵی دا بوو، داروخانی ژیانی خێڵەکی یۆنان، لە ئەسینای زێدیدا، سەرەتا حکومەتێکی ملهوڕ[1] و پاشان دامەزرانی دیموکراسی لێ کەوتەوە. ئەم دیموکراسییە بە دڵ و بە گیان هەوڵی دەدا لە بەرانبەر هەر چەشنە هەوڵێك بۆ لکاندنەوەی حکومەتی ملهوڕانە یان سەقامگیرکردنی ئولیگارشی[2]-واتە حکومەتی بنەماڵە پلەیەکە ئەرستۆکراتەکان- بەرگری لە خۆی بکات.[1] لە سەردەمی گەنجێتی ئەفلاتوندا، ئەسینای دیموکرات گیرۆدەی جەنگێکی خوێناوی بوو لەگەڵ دەوڵەتشاری[3] سەرەکی پلۆپۆنسێوس[4]، واتە سپارتە، کە گەلێك یاسا و ڕێوڕەسمی سیستەمی ئەرستۆکراتی دێرینی و خێڵەکی پاراستبوو. جەنگی پلۆپۆنیزی، بە وەستانێك کە جارێك روویدا، بیست و هەشت ساڵی خایاند. (لە بەشی دەیەم، کە زەمینەی

1. Tyranny
2. oligarchy

٣. city-state (وەرگێڕانی ئینگلیزی وشەی یۆنانی polis ). شارێکی سەربەخۆ (وەك ئەسیناو ئسپارتە) و خاکەکانی ژێردەستی کە هاوولاتییە ئازادەکان (بە جیاکردنەوە لە کۆیلە و بێگانەکانی ناوی) بەچاوگی سەروەری دادەنران.

٤. Peloponnesus یان پلۆپۆنیز. نیمچە دوورگەی باشووری یۆنان، لە قەراخ دەریای ئیژە. ئسپارتە گەورەترین شاری بوو و تاماوەیەکی درێژ بەشی هەرە زۆری نیمچە دوورگەکە لەژێر دەسەلاتی ئەم شارەدا بوو.



مێژوویی ئەم بابەتە بە دوورودرێژتری تاوتوێ دەکرێت، بۆمان دەردەکەوێت کە جەنگ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێ جار بانگەشەی بۆ دەکرێت، لەگەڵ هەرەسی ئەسینا لە ساڵی ٤٠٤ پێش زایین کۆتایی پێنەهات[2]. ئەفلاتون لە سەردەمی جەنگدا لە دایك بوو و لە کاتی کۆتایی هاتنی دا تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو. جەنگ نەخۆشیگەلی درم و گشتگیری ترسناکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو و لە ساڵی دواییدا بووە هۆی قاتوقڕی و هەرەس هێنانی شاری ئەسینا و جەنگی ناوخۆ و سەقامگیربوونی حکومەتی ترس و تیرۆر کە بە زۆری بە حکومەتی سی کەسە ملهوڕەکە[5] ناسراوە. ڕێبەری ئەم کۆمەڵە دوو دانە لە دایەنەکانی ئەفلاتون بوون کە هەردووکیان لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوودا بۆ پارێزگاری کردن لە رژێمەکەیان لە بەرانبەر دیموکراتەکاندا گیانی خۆیان لە دەستدا. سەقامگیربوونی سەرلەنوێ دیموکراسی و ئاشتی، هێمنی و ئاسایشی بۆ ئەفلاتوون بە دیاری نەهێنا. مامۆستا خۆشەویستەکەی واتە سوقرات، کە دواتر ئەفلاتون وەکو بێژەری سەرەکی زۆربەی نامەکانی (دایالۆگەکانی) داینا، دادگایی کراو کوژرا، بە ڕواڵەت خودی ئەفلاتونیش هەڕەشەی لەسەر بوو و هاوڕێ لەگەڵ سەرجەم یاوەرەکانی سوقرات، ئەسینا بەجێ هێشت.

دواتر، لەکاتی یەکەمین سەفەر بۆ سیسیل، ئەفلاتون گرفتاری تانوپۆی دەسیسەکانی دەربارەی دیۆنوسیسوس[6]، ملهوڕی سیراکۆز[7] بوو و تەنانەت پاش گەڕانەوەو دامەزراندنی ئاکادیمیا[8]، بەردەوام لەگەڵ هەندێ لە قوتابییەکانی بەشێوەیەکی چالاك و سەرنجام چارەنووسساز خۆی لە پیلان و شۆڕشە[3] سیاسییەکانی سیراکۆز هەڵدەقورتاند.

ڕەنگە ئەم شیکردنەوە کورتەی ڕووداوە سیاسییەکان، یارمەتیمان بکات لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی لە کارەکانی ئەفلاتونیش هەروەکو بەرهەمەکانی هێراکلیتوس، هەندێ

5. Thirty tyrants
6. Dionysius

٧. Syracuse (یان سوراکوسا) شارێکی باشووری رۆژهەڵاتی دوورگەی سیسیل کە سەردەمێك یەکێك بوو لە گەورەترین ناوەندەکانی شارستانیەتی یۆنان.

٨. Academy (بە یۆنانی :Akademeia). "پارچە زەوییەکی نزیك ئەسینا کە لەبنەڕەتدا هی پاڵەوانێك بوو بەناوی ئاکادموس. پاشان باغێکیان لەوێدا دروست کرد... ئەفلاتوون و پەیڕەوکارەکانی لەوێدا وانەیان دەوتەوە... ئەم قوتابخانەیە تا ساڵی ٥٢٩ {زایینی} کە یوستی نیانەس هەموو قوتابخانە نادینییەکانی داخست، هەروا وانەی تێدا دەگوترایەوە." دائره المعارف فارسی.

نیشانەی ئەوتۆ دەبینین کە دەربڕی ئەو راستیەیە کە زۆر بەتوندی ئازاری لە دەست نا سەقامگیری و نەبوونی ئاسایشی سیاسی سەردەمی خۆی دەکێشا. ئەفلاتونیس وەکو هێراکلیتوس ڕەچەڵەکی پاشایەتی هەبوو. لانی کەم لە گێڕانەوەکان داهاتووە، کە بنەماڵەی باوکی بنەچەی خۆیان بۆ کۆدروس[٩]، دوایین پاشای خێڵی ئاتیکا[١٠]، دەگێڕایەوە{٤}. ئەفلاتوون زۆر شانازی بە ماڵباتی دایکییەوە دەکرد و هەروەك بۆخۆی لە دیالۆگی (خارمیدس[١١] و تیمایوس[١٢]) روونیدەکاتەوە، بنەچەی بۆ بنەماڵەی سۆلۆنی[١٣] یاسادانەری ئەسینا دەگەڕێتەوە. دایەنەکانی واتە کریتیاس[١٤] و خارمیدس، ڕێبەری سی کەسە ملهوڕەکە، هەر لەم ماڵباتە بوون. ئاشکرایە لەم جۆرە نەریت و پێشینە خێزانیەوە، دەبوایە ئەفلاتون زۆربە قوڵی هۆگری کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت و زۆربەی نووسینەکانی لایەنگری ئەم چاوەڕوانیەن. خۆی دەگێڕتەوە (هەڵبەتە ئەگەر راست بێت کە نامەی حەوتەم هی ئەوە) کە{٥} ((لە سەرەتاوە زۆر حەزم لە چالاکی سیاسی بوو)). بەڵام ئەزموونە پڕ لە پشێوییەکانی سەردەمی لاوێتی، لەم کارە دووریان خستەوە ((بە بینینی ئەوەی کە هەموو شتێك بەهۆی بێ ئامانجی لە سوڕو خولانەوە و جێگۆڕکێ دایە، هەستی سەر ئێشە و بێچارەیی دایدەگرتم)). بە بڕوای من، پاڵنەری بنەڕەتی فەلسەفەی ئەو و فەلسەفەی هێراکلیتوس هەر لەم هەستەوە هەڵدەقوڵێ کە نەك هەر کۆمەڵگا بەڵکو ((هەموو شتێك)) رەوانە. ئەفلاتونیش رێك وەکو پێشترەکەی کە بڕوای بە مێژووگەرایی هەبوو، ئەم ئەزموونە کۆمەڵایەتییەی لە یاسایەکی تایبەت بەگەشە و گۆڕانکاری مێژوویی دا کۆکردەوە. بەپێی ئەم یاسایە، کە لە بەشی داهاتوودا بە دوور درێژتری توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، هەموو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بە واتای گەندەڵی و داڕزان و دارووخان و لەناوچوونە.

بە بڕوای ئەفلاتون، ئەم یاسا بنەماییە مێژووییە بەشێکە لە یاسای گەردوونی-بەشێك لەو یاسایەی کە حاڵی هەموو شتە ئەفرێنراو خەڵقێنراوەکان[١٥] لە خۆ دەگرێت. چارەنووسی

9. Codrus

١٠. Attica (بە یۆنانی : ئاتیکێ). ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی (یۆنان)ـە.

11. Charmides

12. Timaeus

13. solon
14. critias
15. created things generated things



هەموو شتە رەوانەکان، هەموو ئەو شتانەی هێنراونەتە بوونە (خەڵقێنراوەکان)، داڕووخان و داڕزانە، ئەفلاتونیش وەکو هێراکلیتوس پێیوابوو کە هێزە گەردوونییەکان هێزی کاریگەرن بەسەر مێژوودا.

بەڵام دەتوانین بڵێین کە بەشێوەیەکی بێ ئەملاو ئەولا، بەبڕوای ئەفلاتون، ئەم یاسایەی لەناوچوون، کۆتایی داستانەکە نەبوو. لەمەڕ هێراکلیتوسەوە رووبەڕووی هەندێ ئاڕاستە و مەیل دەبینەوە بۆ وەبەر چاوگرتنی یاساکانی گەشە و گۆڕانکاری وەکو یاسای بازنەیی (خوولی)[١٦] و وێناکردنیان بە خواستن لەو یاسایەی کە دەبێتە هۆی یەك بەدوایەك داهاتنی سوڕی وەرزەکان. هەر بەم جۆرە، لە هەندێ لە نووسینەکانی ئەفلاتونیش دا ئاماژە دەبینین بۆ ساڵێکی گەورە (کەوا دێتە بەرچاو ماوەکە **٣٦** هەزار ساڵی ئاسایی بێت)، کە قۆناغێکی باشبوون یان هاتنە بوونە[١٧]- کە بە ڕواڵەت بەرانبەری بەهار و هاوینە- و قۆناغێك بۆ دارزان و داڕووخان، بەرانبەری پاییز و زستان. بە پێی یەکێك لە دیالۆگەکانی ئەفلاتون (سیاسەتمەدار)[١٨]، لە دوای چەرخی زێڕین، واتە چەرخی کرۆنۆس[١٩]- ئەو چەرخەی کە کرۆنۆس بۆ خۆی بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات و مرۆڤەکان لە خاکەوە سەرهەڵدەدەن- چەرخی ئێمە، واتە چەرخی زیۆس، دێت- ئەو چەرخەی کە خواکان تێیدا واز لە جیهان دێنن و دونیا لە دۆخی خۆیدا وازی لێ دەهێنرێت و لە ئاکامدا، چەرخی گەندەڵیی روو لە زیادبوونە. لە یەکێك لە داستانەکان کە لە سیاسەتمەداردا دەگێڕدرێتەوە، ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەوەی پاش ئەوەی گەندەڵی گەیشتە رادەی کۆتایی خۆی، خواوەندەکان جارێکی دیکە سوکانی کەشتی گەردوونی بەدەستەوە دەگرنەوە و کاروبارەکان روو لە باش بوون دەکەن.

بەڕاستی نازانرێت کە ئەفلاتون تا چەند بڕوای بەم داستانەی سیاسەتمەدار هەبووە. لەلایەکەوە بە تەواوی روونی دەکاتەوە کە بڕوای وانییە کە هەر هەموو بە مانا حەقیقیەکەی راست بێت. لەلایەکی ترەوە، دەتوانین بڵێین کە گومانی تێدا نییە کە ئەو، مێژووی مرۆڤ لەناو چوارچێوەی

16. cyclic Laws
17. generation

١٨. the statesman یان بەزمانی politicos.

١٩. coronos (یان cronus). لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا، یەکێکە تیتانەکان و باوکی زیۆسە. بە ڕاپەڕین لەدژی باوکی، بوو بە فەرمانڕەوای جیهان بەڵام خۆشیی بەدەست زیۆسی کوڕی کە هەورە تریشقەی لەبەردەست دابوو، رووخێنرا. کرۆنوس بەزۆری وەك هێمای کات سەیر دەکرا.

گەردوونی دا وەبەرچاو دەگرێ و بڕوای وایە کە سەردەمی خۆی، سەردەمی گەندەڵی و داڕزانی ئەخلاقییەکی قوڵە-ڕەنگە قوڵترین داڕزان و گەندەڵی کە بکرێت بۆی دابەزین- و پێیوابوو کە قۆناغی مێژووی پێشوتری سەرانسەر لە ژێر فرمانی مەیلێکی خودی بەرەو نابودی بووە: مەیلێکی هاوبەش لە نێوان گۆڕانکاری مێژوویی و گۆڕانکاری گەردوونی[٦].

من بە یەقینەوە نازانم ئایا ئەو بڕاوی وابوو کە پاش ئەوەی گەندەڵی ئەخلاقی گەیشتە دوا ڕادەی خۆی، ئەو مەیلەی ئاماژەی بۆ کرا حەتمەن دەبێ کۆتایی پێ بێت یان نا. بەڵام بە یەقینەوە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە بۆ ئێمە ممکینە بە هەوڵ و تێکۆشانی مرۆیی، یان بان مرۆیی، ئەم ڕەوتە مێژووییە مەرگاوییە تێك بشکێنین و کۆتایی بە پرۆسی داڕووخان بێنین.

## ٢

سەرەڕای وێکچوونە گەورەکانی نێوان ئەفلاتون و هێراکلیتوس، لێرەدا ڕووبەڕووی جیاوازییەکی گرنگ دەبینەوە. ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەتوانرێت یاسای چارەنووسی مێژوویی یان یاسای داڕووخان بە یارمەتی ویستی ئەخلاقی مرۆیی، کە لەسەر بنەمای عەقڵی مرۆڤ دامەزرابێ، تێك بشکێنرێت.

بە دروستی ڕوون نییە کە ئەفلاتون چۆن دەیویست ئەم بۆچوونە لەگەڵ بڕوا بوون بە یاسای چارەنووس بگونجێنێت. بەڵام هەندێ ئاماژەی ئەوتۆ هەیە کە لەوانەیە دۆزەکە ڕۆشن بکات.

ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە یاسای نابودی، نابودی ئەخلاقیش لە خۆ دەگرێ. هەرچۆنێ بێت، ئەو پێیوابوو کە نابودی سیاسی بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندی بە نابودی ئەخلاقی (و نەبوونی مەعریفەوە) هەیە، نابودی ئەخلاقیشن بە نۆرەی خۆی، هۆبەندی داڕووخانی ڕەگەزییە. لە پانتایی کاروباری مرۆڤدا، یاسای هەمەکی گەردوونی داڕووخان لەم ڕێگەوە بەرجەستە دەبێت.

کەواتە، دەتوانین لەوە تێبگەین کە خاڵی گەورەی گەڕانەوەی گەردوونی هاوتا بێت لەگەڵ خاڵی گەڕانەوە لە پانتایی کاروباری مرۆڤ-واتە لە زەمینەی ئەخلاقی و مەعنەوی و عەقڵیدا- و لەم ڕووەوە، بەم جۆرە بێتە بەرچاومان کە بەهۆی هەوڵی عەقڵی و ئەخلاقی مرۆڤ پێك هاتووە. ڕێبتێدەچێ، ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایە بێت کە داڕمانی ئەخلاقی دەبێتە هۆی داڕووخانی سیاسی، ڕووگەی یاسای هەمەکی داڕووخان و هەر بەم چەشنە، داهاتنی خاڵی گەڕانەوەی



گەردوونیش لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی یاسا دارێژەری مەزندا خۆی بەرجەستە دەکات کە هێزی بەڵگەخوازی و ویستی ئەخلاقی ئەو توانای کۆتایی هێنانی هەبێت بەم قۆناغەی داڕووخانی سیاسی. ئەگەری ئەوە هەیە کە پشگۆیی گەڕانەوەی چەرخی زێڕین یان سەردەمی نوێی پاکی و چاکی ڕەها لە دایالۆگی سیاسەتمەندار، دەربڕی بیروباوەڕێکی ئەو تۆ بێت لە قاڵبی ئەفسانەدا. بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەفلاتون باوەڕی بە هەردوو حاڵەتەکە هەبوو: لەلایەکەوە، بڕوای بە مەیلێکی مێژوویی هەمەکی هەبوو بەرەو گەندەڵی و لە لایەکی ترەوە ئیمانی بەوەش هەبوو کە دەرفەتی ئەوە هەیە ئێمە بتوانین لە ڕێگای وەستاندنی هەرچەشنە گۆڕانێکی سیاسی، پێش گیری لە گەندەڵی زیاتر بکەین لە پانتایی سیاسەتدا. ئەوە ئامانجێکە ئەفلاتون لە پێناو بەدەست هێنانی دا هەوڵدەدات[٧].

هەوڵدەدات ئەم مەبەستە لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەناونەچوو و نەگۆڕ و کەواتە، پاکژ لە گەندەڵی و خراپییەکانی دەوڵەتەکانی تر، بەدی بێنێت. ئەو دەوڵەتەی کە لە شەڕی گۆڕان و گەندەڵی ئاسوودەبێت، باشترین دەوڵەتە، دەوڵەتێکە گەیشتۆتە ڕادەی تەواوی و کەماڵ. هەمان چەرخی زێرینە کە گۆڕان ناناسێت. دەوڵەتێکی وەستاوە.

## ٣

بە بڕواهێنان بە دەوڵەتێکی نموونەیی یان ئایدیالی[٢٠] ئەوتۆ، ئەفلاتوون بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە بنچینەی مێژووگەرایی کە لە هێراکلیتوسدا ڕووبەڕوومان بووەوە، لادەدات. بەڵام ئەم جیاوازییە سەرەڕای هەموو گرنگییەکەی، دەبێتە چاوگی وێکچوونی زیاتر لە نێوان ئەم دوو فەیلەسوفە.

هێرکلیتۆس، سەرەڕای هەموو بوێرییەکانی لە بەڵگەخوازی، بەڕواڵەت ڕووی لەو وێنایە وەرگێڕا کە پەرێشانتوخمی و نارێکوپێکی سەرەتایی[٢١] لە جێگای گەردوون (کۆسمۆس) دابنێت. وتمان بەهۆی لەدەست دانی جیهانێکی سەقامگیر، بە چەسپان بەو بۆچوونە، دڵخۆشی خۆی دەدایەوە

20. Ideal state

٢١. chaos یان خایۆس (وشە یۆنانییەکە لەبنەڕەتدا بەمانای گێژەنگ یان خاڵیگە، دێت کە "دۆزەخ"و "جەهەنەم"یش (هەر لەم وشەیە) وەرگیراون. لە فەلسەفەی یۆنانیدا مەبەست حاڵەتی یەکەمی بێ بیچی (شکلی)و نارێك و پێکی ماددەیە لەبەرانبەر حاڵەتی خولقێنراو و دروستبوو واتە cosmos یان گەردووندا.

کە یاسای باڵادەستی سەر گۆڕان یاسایەکی نەگۆڕە. ئەم مەیلە بۆ روو وەرگێڕان لە دواین دەرەنجامەکانی مێژووگەرایی، تایبەتمەندی بەشێکی زۆری مێژووگەراکانە. لای ئەفلاتون، ئەو مەیلەی ئاماژەی بۆ کرا دەگاتە لوتکە. (لەم بەستێنەدا ئەفلاتون لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی پارمیندسی رەخنەگری گەورەی هێراکلتیوس دا بوو). هێراکلیتوس ئەو ئەزموونەی لە هەمبەر رەوانی کۆمەڵایەتی وەسەریەکی نابوو، بەسەر ((هەموو شتەکان)) دا بڵاویکردەوەو بەم جۆرە گشتییەتی پێبەخشی. ئەفلاتونیش، هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد، دەستی بۆ ئەم کارە برد و بیروباوەڕی خۆی لە هەمبەر دەوڵەتێکی کامڵ و نەگۆڕدا بەسەر ((هەموو شتەکان)) دا بڵاوکردەوەو گشتیەتی پێبەخشی. لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە لە بەرانبەر هەموو جۆرە شتێکی ئاسایی و داڕووخاودا، شتێك لەرادەی کەماڵ و تەواوی، بوونی هەیە کە داناڕووخێ و ناڕزێت. ئەم بڕوایە بە شتە کامڵ و نەگۆڕەکان کە زۆربەی کات بە تیۆری فۆرم یان ئایدکان[٢٢]{٨} ناوەزەد کراوە، دۆکترین و رێنمایی بنەڕەتی فەلسەفەی ئەفلاتونە.

بڕوای ئەفلاتون بەوەی کە دەرفەتی ئەوەمان هەیە یاسای ئاسنینی چارەنووس تێك بشکێنین و بەهۆی وەستاندنی هەر چەشنە گۆڕانێك، خۆمان لە داڕمان ببوێرین، دەریدەخات کە مەیلە مێژووگەراییەکانی لە سنوورێکی دیاریکراودا بەرتەسك دەبێت، مێژووگەرایی سازش نەکەر و پەرەسەندوو بە ئاسانی ئەوە پەسەند ناکات کە مرۆڤ بەبێ هیچ هەوڵێك و تەنانەت دوای دۆزینەوەی یاسا باڵادەستەکانی سەر چارە نووسی مێژوویی، توانای ئەوەی هەبێت ئەم یاسایانە تێك بشکێنێت. ئەم جۆرە مێژووگەراییە پێیوایە کە مرۆڤ ناتوانێت دژی ئەم یاسایانە هەنگاو هەڵێنێت، چونکە هەموو تەگبیر و نەخشە و کردەوەکانی لە ڕاستی دا کەرەستەیەکن کە یاساکانی گەشە و گۆڕانکاری بە یارمەتی ئەوان چارەنووسی مێژوویی ئەو بەدی دێنێت-رێك بەو شێوەیەی کە ئۆدیپ[٢٣] لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا بەرەو روو بووەوە بەهۆی پێشگۆییە

22. Theory of forms and ideas

٢٣. (بە یۆنانی : ئویدیپوس). لەبەرئەوەی پێشگۆیی ئەوە کرابوو کە ئۆدیپ باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی دەخوازێت، شاتبسی باوکی هەر بەساوایی لەسەر چیایەك بەرەڵای کرد بۆ ئەوەی بمرێت. بەڵام شاکورنێت رزگاری کرد و گەورەی کرد. ئۆدیپ سەرلەنوێ ئەم پێشگۆییەی لە نێرەری دێلفی بیست و بۆ راکردن لەم چارەنووسە، روویکردە بیابان، لێ لەرەوتی رووداوەکانی دواتردا، بێ ئەوەی بزانێتو بناسێت، باوکی کوشتو دایکی خواست.



ئەنجام دراوەکان و بەهۆی ئەو هەنگاوانەی کە باوکی بۆ دەرچوون لێیان رێکیخستبوون، نەك بەپێی ئەو پێشگۆیی و هەنگاوانە. ئێستا بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەم جۆرە هەڵوێستە مێژووگەراییە تۆخ و بێ ئەملاو ئەو لایە و لە پێناو شیکردنەوەی مەیلی دژی ئەمە کە لە بیروباوەڕی ئەفلاتون داو لە نێو ئەگەری دەستکاریکردنی چارەنووسدا پەنهانە، ئەو جۆرە مێژووگەرایی کە لای ئەفلاتون دەیدۆزینەوە، لە بەرانبەر رێبازێکی تەواو دژ و پێچەوانەی (کە ئەویش لە لای ئەفلاتون دەست دەکەوێت) دادەنێین، دەتوانین ئەم رێبازە بە هەڵوێست و روانگەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی ناوزەد بکەین{٩}.

## ٤

ئەندازیاری کۆمەڵایەتی[٢٤] لە هەبەر مەیلە مێژووییەکان یان چارەنووسی مرۆڤەوە هیچ پرسیارێك ناهێنێتە بەر باس. لەسەر ئەو بڕوایەیە کە مرۆڤ بەسەر چارەنووسی خۆیدا سەروەری هەیە و ئێمە دەتوانین بە پێی ئەو ئامانجانەی کە هەمانە کاریگەری لەسەر مێژووی مرۆڤ دابنێین، یان بیگۆڕین، هەروەك چۆن سیمای زەویمان گۆڕیوە. لەسەر ئەو بڕوایە نییە کە ئەم ئامانجانە بەهۆی زەمینەو پێشینەی مێژوویی ئێمە یان رەوتە مێژووییەکان بەسەر ئێمەدا سەپاون، بەڵکو پێیوایە ئێمە ئەم ئامانجانە هەڵدەبژێرین یان تەنانەت دایاندەهێنین، هەروەك چۆن هزری نوێ یان بەرهەمی هونەری تازە دادەهێنین یان خانووەکان یان ماشێنە نوێیەکان چێ دەکەین. بە پێچەوانەی مێژووگەراکان کە لە سەر ئەو بڕوایەن هەنگاوی سیاسی هاوجووتی عەقڵ و هۆش تەنیا لە کاتێکدا رێتێدەچێت کە لە سەرەتادا رەوتی ئایندەی مێژوو دیاری کرابێت، ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بڕوای وایە کە بناغەی زانستیی سیاسەت یەکجار زۆر لەمە جیاوازە و بریتییە لە زانیاری پێویست کە لەسەر بنەمای فاکتەکان (بووەکان) دامەزرابێ لە پێناو دروست کردن یان ئاڵوگۆڕکردنی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە پێی داخوازی و ئامانجەکانمان. ئەم جۆرە زانستە دەبێ پێمان بڵێت پێویستە چ هەنگاوێك باوێژین ئەگەر بۆ نموونە، بمانەوێت خۆمان لە قۆناغەکانی کساد[٢٥] (بێ بازاڕی) ببوێرین یان ئەم جۆرە قۆناغانە

کاتی حەقیقەتەکەی بۆ دەرکەوت. چاوەکانی خۆی دەرهێنا تا ئەم جیهانە نەبینێت کە بەشوورەیی پیس ببوو.
بەسەرهاتی ئۆدیپ بابەتی تریلۆژی (سێ پاژی) گەورەی ئۆفۆکلیسی تراژیدی نووسی یۆنانییە.

24. Social engineer

25. Depression

دروست بکەین یان دابەشکردنی سامان هاوسەنگتر بکەین یان ناهاوسەنگییەکەی زیاتر بکەین. بەجۆرێکی تر، ئەندازیاری کۆمەڵایەتی شتێکی وەك تەکنەلۆژیای کۆمەڵایەتی[٢٦] بە بنەمای زانستیی سیاسەت دادەنێت (هەروەك دواتر دەیبینین، ئەفلاتون لەگەڵ زەمینەی زانستیی پزیشکی هەڵی دەسەنگێنێ) بە پێچەوانەی مێژووگەراکان کە وەك زانستی ئاڕاستە نەگۆڕە مێژووییەکان سەیری دەکەن.

لەم شتەوە کە لەمەڕ هەڵوێستی ئەندازیاری کۆمەڵایەتییەوە باسمان کرد نابێ بگەینە ئەو دەرەنجامە کە لە نێو گروپی ئەندازیارە کۆمەڵایەتییەکان دا هیچ چەشنە جیاوازییەکی گرنگ بوونی نییە. بە پێچەوانەوە، جیاوازی نێوان ئەو شتەی کەمن بە ((ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەسەرخۆ یان هەنگاو بە هەنگاو)) و ((ئەندازیاریی یۆتۆبیایی)) ناوزەدی دەکەم، یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە پێك دینێت. (هەڵیسەنگێنن بەتایبەتی لەگەڵ بەشی نۆیەم کە تێیدا بەڵگەکانم بۆ بەرگری لە یەکەم و رەفزکردنەوەی دووەم خراونەتە ڕوو). بەڵام ئێستا سەروکارم تەنیا لەگەڵ دژایەتی نێوان مێژووگەرایی و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی دا هەیە رەنگە ئەم دژایەتییە باشتر روون ببێتەوە ئەگەر بێتو ئەو دوو روانگە و هەڵوێستەی کە مێژووگەراکان و ئەندازیارە کۆمەڵایەتییەکان لە هەمبەر دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەریدەبڕن، وە بەرچاوبگرین- واتە هەندێ شتی وەکو کۆمپانیایەکی بیمە یان هێزی پۆلیس یا حکومەت و یان رەنگە، دوکانێکی خواردەمەنی فرۆشتن.

ئەو کەسەی پەیڕەوی لە مێژووگەرایی دەکات حەز دەکات بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە ڕوانگەی باکگراوند و مێژووەکەیانەوە سەیری دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بکات- واتە بنەچەو چاوگ و رەوتی گۆڕانکاری و بایەخ و مانای ئێستا و ئایندە. کەسێکی ئەوتۆ لەوانەیە پێ لەسەر ئەوە دابگرێت کە بنەچەی ئەم دەزگایانە هۆبەندی بەرنامەیان پرۆژەیەکی دیاریکراو و بەدواداچوونی ئامانجی دیاریکراو- چ مرۆیی و چ یەزدانی-ە، یان رەنگە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو دەزگایانەی ئاماژەمان بۆ کرد بۆ بەرو پێش بردنی هیچ چەشنە ئامانجێکی روون بەرنامە رێژیان بۆ نەکراوە، بەڵکو راستەوخۆ هەندێ غەریزە و هەستوسۆز پێشان دەدەن و دەریدەبڕن، یان لەوانەیە بڵێت ئەم جۆرە دەزگایانە رۆژێك ئامرازێك بوونە بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دیاریکراو، بەڵام ئێستا ئەم خەسڵەتەیان لەدەست داوە. ئەندازیاریان ئەکنەلۆژیستی

26. social technology



کۆمەڵایەتی گوێ بە بنەچەو چاوگی دەزگاکان یان نیازی بنەڕەتی دامەزرێنەرەکانی نادات (هەرچەند هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی ئەوە دەست نیشان نەکات کە ((تەنیا بەشێکی کەم لە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەست و ئاگاییانە بەرنامە رێژیان بۆ کراوە)) و بەشی هەرە مەزنیان خۆیان ((رواون و گەورە بوونە و دەرەنجامی بێ مەبەستیی و بەرنامە بۆ دانەرێژراوی کردەوەی مرۆڤن)) {١٠}. ئەو بابەتە کە بەم دەستەواژەیە دەردەبڕیت: ئەگەر ئامانجەکانی ئێمە فلان و فیسار بن، ئایا ئەم دەزگایە بۆ بەرەو پێشبردنیان بەڕێکی بەرنامەرێژی بۆ کراوەو رێکخراوە؟ بۆ نموونە، دەزگای بیمە وەبەرچاو دەگرین. ئەندازیاریان تەکنەلۆژیستی کۆمەڵایەتی هێندە نیگەرانی ئەم پرسیارە نییە کە ئایا ئێمە لە بنەڕەتدا لە پێناو ئەوەدا کە کار و بازرگانییەکی سوودهێنە دروست بووە یان نا و ئایا پەیامە مێژووییەکەی خێرو خۆشگوزەرانی گشتییە یان نا. بەڵام رەنگە هەندێ رەخنە لە بەشێك لە دامەزراوەکانی بیمە بگرێت بۆ ئەوەی دەریبخات چۆن دەتوانرێ سوودەکەی زیاد بکرێ یان- بەدیوێکی زۆر جیاوازدا- بۆ نیشاندانی ئەوەی کە چۆن دەتوانرێت ئەو قازانجەی کە بە هەموان دەگەیەنرێ بەرز بکرێتەوە و لەوانەیە هەندێ رێگا پێشنیار بکات بۆ زیادکردنی کارامەیی ئەم دەزگایانە بۆ خزمەتکردنی ئامانجی یەکەم یان دووەم. وەکو نموونەیەکی تر بۆ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، هێزی پۆلیس وەبەرچاو دەگرین. هەندێ لە مێژووگەراکان رەنگە بە ئامرازی پاراستنی ئازادی و ئاسایشی وەسف بکەن و هەندێکی دی، بەهۆی دەسەڵاتخوازی چینایەتی و ستەمکاری. بەڵام ئەندازیار یان تەکنەلۆژیستی کۆمەڵایەتی لەوانەیە هەندێ هەنگاو پێشنیار بکات بۆ ئەوەی بەشێوەی ئامرازێکی شایستەتری پاراستنی ئازادی و ئاسایشی لێ بکات یان بیر لە هەندێ تەکبیر بکاتەوە بۆ ئەوەی بیکاتە رمێکی بەهێز بۆ دەسەڵاتخوازی چینایەتی. (هەڵبەتە هەر ئەم کەسە لەوانەیە وەکو هاووڵاتییەك کە خوازیاری هەندێ ئامانجە و بڕوای پێیان هەیە، خوازیاری هەڵبژاردنی هەنگاوی گونجاو بۆ ئەم ئامانجانە بێت کە ئاماژەیان بۆ کرا. بەڵام وەکو تەکنەلۆژیست، بەوردی جیاوازی دادەنێ لە نێوان بابەتی ئامانج و هەڵبژاردنی ئامانج و بابەتی پەیوەندیدار بە فاکتەوە، واتە شوێنەواری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو هەنگاوانەی کە دەهاوێژرێن){١١}.

بە چەشنێکی گشتیتر دەبێ بڵێین کە ئەندازیار یان تەکنەلۆژیستی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی عەقڵانی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەزگاکان دەکات و وەکو ئامرازێك سەیریان دەکات کە لە خزمەت هەندێ ئامانج و مەبەست دان و وەکو تەکنەلۆژیست، لە رووی شایستەیی و گونجان و

کارامەیی و سادەیی و شتی لەم جۆرە داوەری لەسەر ئەم جۆرە دەزاگایانە دەکات و حوکمیان لەسەر دەدات. بەڵام ئەو کەسەی بڕوای بە مێژووگەرایی هەیە،لە جیاتی ئەمە، هەوڵ دەدات بنەچە و چارەنووسی دەزگاکان پەیدا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ((ڕۆڵی ڕاستەقینە))یان لە گۆڕانکاری مێژوودا هەڵبسەنگێنێ و بۆ نموونە، بەپێی ئەوەی کە ((ویستی خوا)) یان ((ویستی چارەنووس)) بووە یان ((یارمەتی بەرەو پێش بردنی ڕەوتە گرنگە مێژووییەکان دەکەن))، بایەخیان هەڵبسەنگێنێ. هەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەندازیار یان تەکنەلۆژیستی کۆمەڵایەتی دەروەستی ئەو بانگەشەیە بێت کە دەزگاکان تەنیا لایەنی ئامرازیان هەیە یان تەنیا هەندێ کەرەستەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. لەوانەیە بەباشی ئاگاداری ئەوە بێ کە لە زۆر ڕووی گرنگەوە، دەزگا لەگەڵ ئامرازی میکانیکی یان ماشین جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، لە یادی ناچێت کە دەزگاکان بە شێوەی زۆر هاوچەشنی (بەڵام هەڵبەتە نە تەواو یەکسان) بوونەوەرە زیندووەکان یان ئۆرگانیکەکان ((گەشە دەکەن)) و ئەم ڕاستیە لە دیدی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی شایانی گرنگی پێدانێکی زۆرە. پابەندی فەلسەفەی ((ئامرازی))[٢٧] نییە لە هەمبەر دەزگا کۆمەڵایەتییەکان. (هیچ کەسێك نالێ پرتەقاڵ ئامرازێکە یان هۆیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەڵام ئێمە بە زۆری وەکو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانج سەیری دەکەین، بۆ نموونە کاتێك دەمانەوێ پرتەقاڵ بخۆین یان لە ڕێگای پرتەقاڵ فرۆشتنەوە بژێوی ژیانمان دابین بکەین).

هەردوو هەڵوێستی مێژووگەرایی و ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هەندێ جار لە هەندێ ڕووی جۆرییەوە ئاوێتەی یەکتر دەبن. کۆنترین و ڕەنگە بەنفوزترین نموونەی ئەم ڕەوشە فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەفلاتون بێت کە هەندێ ڕەگەزی وەك بڵێی بە ئاشکرا تەکنەلۆژیك لە پێش زەمینە لەگەڵ پاش زەمینەیەك کە لە ژێر سەیتەرەی تایبەتمەندییە جۆرییەکانی مێژووگەرایی دایە، لێك گرێ دەدات. ئەم ئاوێتە کردنە، نموونەی کاری بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە کە بەرهەمی کارەکەیان، دواتر بەناوی سیستەمی یۆتۆپیایی[٢٨] ناوزەد کرا. ئەم سیستەمانە هەر هەموویان جۆرە ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی ڕادەسپێرن چونکە خوازیاری دەرکردنی هەندێ ئامێری دەزگایین[٢٩]، ئەگەرچی ئەو ئامێرانەی

27. “Instrumentalist” philosophy
28. utopian systems
29. institutional means



کە دەیانەوێت، هەمیشە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی جێگای مەبەستیان هێندە هاوجووتی واقیع نییە. کاتێك ئەم ئامانجانە هەڵدەسەنگێنن، بە زۆری بۆمان دەردەکەوێ کە هۆیە دیاریکەرەکەیان مێژووگەرایی بووە. ئامانجە سیاسیەکانی ئەفلاتون بەتایبەتی تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە تیۆرە مێژووگەراییەکان بەستووە. یەکەم، ئامانجەکەی دەرچوونە لە ڕەوانی هێراکلیتی کە لە شۆڕشە کۆمەڵایەتی و داڕووخانە مێژووییەکان دا خۆی دەنوێنێت. دووەم، لەسەر ئەو بڕوایەیە دەتوانرێ ئەو کارە لە ڕێگای دەمەزراندنی دەوڵەتێکەوە ئەنجام بدەین بە چەشنێك لەڕادەی کەمال دابێ کە لە ڕەوتی گشتی مێژوو دوورە پەرێز بێت. سێهەم، پێیوایە نموونە یان ڕەسەنی[٣٠] ئەم دەوڵەتە کامڵە دەتوانرێ لە ڕابردووە دوورەکان، لە چەرخی زێڕین، دەست بکەوێت کە لەبەرە بەیانی مێژوودا بوونی هەبووە، چونکە ئەگەر جیهان بە تێپەڕبوونی کات بەرەو داڕمانی زیاتر بەرەو پێش بڕوات، ئەوا هەرچی بۆ ڕابردووە دوورە دەستەکان بگەڕێنییەوە، کەماڵ و تەواوییەکی زۆرترمان دەست دەکەوێت. دەوڵەتی تەواو شتێکە وەکو باوانی بەرز[٣١] یان یەکەمین باوانی[٣٢] دەوڵەتەکانی دواتر و ئەم دەوڵەتانە وەك بڵێی ڕۆڵە و بنەماڵەی داڕماو و نارەسەن و ڕوو لە داڕزانی، ئەم باشترین دەوڵەتە تەواو یان ((نموونەیی))ـەن{١٢}. دەوڵەتی نموونەیی یان ئایدیال تەنیا وەهم و خەون یان ((وێنایەکی نێو زەینی ئێمە)) نییە، بەڵکو لە ڕووی بەرخوردار بوون لە سەقامگیری و پایەداری، لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانە واقیعیترە کە ڕەوانن و ئەگەری ئەوە هەیە لەهەر ساتێکدا لەناوبچن.

کەواتە ئامانجی سیاسی ئەفلاتون، واتە باشترین دەوڵەت، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە مێژووگەراییەکەیەوە و ئەوەی لەمەڕ فەلسەفە سیاسییەکەیەوە ڕاستە، ممکینە، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، بەسەر فەلسەفە هەمەکییەکەی لەمەڕ ((هەموو شتەکان)) واتە بەسەر تیۆری ئایدیا یان فۆرمەکانیشدا گشتییەتی پێبدرێت.

### ٥

شتە ڕەوانەکانیش (سیلان)، ئەو شتانەی ڕوویان لە داڕزان و داڕمان و نابوود بوونە (وەکو دەوڵەت) گوایە، زارۆك یان گەردیلەی شتە تەواو و کامڵەکانن و وەکو منداڵەکان، لەبەر گیراو

30. model or original
31. first ancestor
32. primogenitor

یان کۆپی یەکەمی باوانەکانی خۆیانن. ئەفلاتون باوك یان بنەچەی ئەو شتەی کە ڕەوانە بە (فۆرم)[٣٣] یان (نموونە)[٣٤] یان «ئایدیا»[٣٥] ناوزەد دەکات. لێرەش دا هەروەك پێشتر باسمان کرد، جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکرێتەوە کە فۆڕم یان ئایدیا، سەرەڕای ئەو ناوەی کە لە سەری دانراوە، تەنیا ((وێنایەکی نێو زەینی ئێمە)) نییە و وەهم و خەونیش نییە، بەڵکو شتێکی حەقیقییە، حەقیقیتر لە هەموو ئەو شتە ئاساییانەی کە ڕەوانن، سەرەڕای سەختی و ڕەقیەتی ڕواڵەتیان، مەحکوومی داڕووخان و داڕزانن. فۆڕم یان ئایدیا شتێکی تەواوە کە نامرێت.

نابێ وا بیر بکەینەوە کە فۆڕم یان ئایدیا وەکو شتە بمرەکان لە کات و شوێن دا جێگەیان هەیە. لە دەرەوەی کات و شوێنن (چونکە نەمرن). بەڵام تەماسیان لەگەڵ کات و شوێن هەیە، لەبەر ئەوەی یەکەمین باوانەکان یا نموونەی ئەو شتانەن کە دێنە بوون و لە کات و شوێندا گەشە و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دادەڕمێن کەواتە حەتمەن دەبووایە لەسەرەتای زەمەنەوە، تەماسیان لەگەڵ شوێن هەبوو بێت. شتە بگۆڕەکان لەبەر ئەوەی لەگەڵ تەنی ئێمە لە کردەوە و دژکردەوەدان، دەرك دەکرێن، هەر بۆیە، بە ((شتە هەست پێکراوەکان)) ناوەزد دەکرێن، بەڵام فۆڕم یان ئایدیا لە کات و شوێندا لەگەڵ ئێمە نین، لەبەر ئەوە ناکرێ بەهۆی هەستەکانی ئێمەوە دەرك بکرێن. شتە هەست پێکراوەکان کە کۆپی یان منداڵی ئەو نموونە یان بنەچەن نەك هەر بە بنەچە، واتە فۆڕم یان ئایدیا خۆیان دەچن، بەڵکو وەکو منداڵی یەك خێزان لە یەکتر دەچن. سەرەڕای ئەمە، هەروەك چۆن زارۆکەکان ناوی باوکیان لێ دەنرێت، شتە هەست پێکراوەکانیش ناوی فۆڕم یان ئایدیای خۆیان هەیە و بە وتەی ئەرستۆ ((بە ناوی ئەوان ناوزەد دەکرێن)){١٣}.

بەو چاوەی کە منداڵ سەیری باوکی دەکات، لەوانەیە وەکو ئایدیال و نموونەی بێ هاوتاو بەرجەستە بوونی خوا ئاسایی ئارەزووەکانی تەماشا بکات، رووگەی کەمال و دانایی و سەقامگیری و شکۆمەندی و فەزیلەت (چاکەکاری)، ئەو هێزەی بەر لە دەست پێکردنی دونیای خۆی ئەوی خوڵقاندووە و ئێستا دەیپارێزێت و ئاگاداریەتی، ئەو کەسە ((لە چاکەی ئەوەوە)) هاتووەتە بوون. ئەفلاتونیش بەم چاوە سەیری فۆڕم یان ئایدیا دەکات. ئایدیای ئەفلاتونی

33. form
34. pattern
35. idea



نموونەی سەرەکی و بنەچە و چاوگی هەموو شتێکە، بنەمای عەقڵانی و بەڵگەی بوونییەتی- بنەچەی جێگیر و جێگیرکارێکە ((لە چاکەی ئەوەوە)) ئەم شتە بوونی هەیە. فەزیلەتی[٣٦] شت و ئایدیال و کەمالەکەی پێکدێنێ.

بەراوردکردنی فۆڕم یان ئایدیای هەر چینێك لە شتە هەست پێکراوەکان لەگەڵ باوکی منداڵەکانی خێزانێك، لە دایالۆگی تیمایۆس دا کە دواین دایالۆگی ئەفلاتونە، زۆرتر فراوان دەکرێ و لەگەڵ زۆربەی نووسینەکانی پێشووتری باش دەگونجێت{١٤} و ئەوەی لەواندا وتراوە روونیان دەکاتەوە. دواجار، ئەفلاتون لە تیمایۆسدا، هەنگاوێکی دیکە لە ڕێنماییەکانی پێشووتری خۆی داوێژێ و لەرێگەی بەرفراوان کردنی ئەولێك چواندنانەی کە دەیهێنێتەوە، تەماسی نێوان فۆڕم یان ئایدیا و جیهانی کات و شوێن دەردەبڕێت. ((شوێن))ی ئەبستراکت یان موجەرەد[٣٧] (کە لە بنەڕەتدا فەزا یان کەلێنێك بووە لە نێوان ئاسمان و زەوی) وەکو دەفرێك یان کۆگایەك وەسف دەکات و بە دایکی شتەکانی دەچوێنێ کە لە بەرایی زەمەنەوە، فۆڕمەکان لە نێوی دا خۆیان لەسەر شوێنی پەتی یان موجەرەد کێشاوەتەوە و بەم جۆرە شتە هەست پێکراوەکانیان ئەفراندووە و منداڵەکانیان بە شکلی خۆیان دروست کردووە. ئەفلاتون دەنووسێ: ((ئێمە دەبێ سێ جۆرە شت وێنا بکەین: سەرەتا ئەو شتانەی کە دێنە بوونەوە، دووەم ئەو شتەی کە هاتنە بوونی تێیدا ئەنجام دەدرێت سێیەم، ئەو نموونەی کە شتە هاتووە بووەکان (خوڵقاوەکان) هاتبۆوە و وەك ئەو دێنە دونیاوە. دەتوانین بنچینەی وەرگر[٣٨] بە دایك، نموونەکە بە باوك و بەرهەمی ئەو دووانە بە منداڵ بچوێنین)). پاشان لە درێژەی قسەکانیدا وەسفێکی

٣٦. virtue وەرگێڕانی ئینگلیزی (لەرێگای لاتینی) وشەی یۆنانی "ئارتێ" (aretê) یە. لەفارسی و عەرەبیدا بەزۆری وشەی "فەزیلەتی" لەجێگا دادەنێن. بەڵام مانای ئەم وشەیە لەمە بەرفراوانترە و دەتوانین بەواتای "هونەر" و "چاکە"ش وەربیبگێڕین. بۆ نموونە "ئارتێ"ی چەقۆ برین و "ئارتێ"ی مرۆڤ عەقڵاندن و تێگەیشتنە لە گشتییەتەکان و بەم جۆرە لەمەڕ هەموو شتێکەوە، ئەوەی بە کەمال و تەواویەتی ئەو شتە لەقەڵەم دەدرێت. لە فەلسەفەی ئەفلاتونیشدا کاتێ باسی "ئارتێ" دەکرێت، مەبەست هەر ئەم مانایەیە نەك واتای ئەفلاتوونی وشەی فەزیلەتی هاوواتای خۆپارێزی. نموونە یان ئایدیای ئەفلاتوونی چەقۆ، "ئارتێ"ی هەموو چەقۆکانی دونیایە چونکە لەرووی تیژی و چەقۆ بوون، لەهەموو چەقۆیەکی ماددی و ئەم جیهانییە باشتر و بەرزترە کە لاسایی کراوەتەوە.

37. Pure space
38. receiving principle

زیاتری نموونەکان دەکات- واتە باوکەکان یان فۆڕم یان ئایدیای نەگۆڕ: ((سەرەتا فۆڕم نەگۆڕە کە نە ئەفرێنراو و لەناو ناچێت ... نەبینراوە و بە هیچ کام لە هەستەکان، هەستی پێناکرێت و تەنیا دەکرێ بە هزری پەتی و موجەڕەد ببینرێت)). ئەو شتە هەست پێکراوانەی کە منداڵ یان رەگەزی فۆڕم یان ئایدیا سەر بەون، واتە ((بەشێکی تر لە شتەکان کە ناوی فۆڕمەکانیانیان لەسەرە و بەو دەچن، بەڵام بە هەست دەرك دەکرێن، خوڵقێنراون، هەمیشە رەوانن، لە شوێنێکدا هاتوونەتە بوون و دووبارە لەو شوێنەدا ون دەبن و ئەو ڕایەی[٣٩] کە لەسەر بنەمای دەرکی (هەستی) دامەزراوە، تێیان دەگات)). ئەو شوێنە ئەبستراکت و موجەڕەدەی کە بە دایك چووێنراوە بەم جۆرە وەسف دەکرێ: ((بەشی سێهەم شوێنە، لەناو نەچوو و هەتا هەتایی و ماڵێکە بۆ هەموو ئەو شتانەی هاتوونەتە بوون...)){١٥}.

لەوانەیە بەراوردکردنی تیۆری فۆڕم یان ئایدیا لەگەڵ هەندێ لە بیروباوەڕە دینییەکانی یۆنان، یارمەتی تێگەیشتن لەم تیۆرە بدات. لانی کەم بەشێك لە خواکانی یۆنانیش هەروەك لە بەشێکی زۆری دینە بەراییەکان دادەبینرێت، شتێك نین جگە لە یەکەمین باوان یا پاڵەوانانی خێڵەکی کە ئایدیال سازیان لێکراوە- واتە بەرجەستەکردنی ((فەزیلەت)) یان ((کەمال))[٤٠] لە خێڵدا. هەر بۆیە، هەندێ لە خێڵ و بنەماڵەکان ڕەچەڵەکی خۆیانیان دەبردەوە سەر ئەم خواوەند یان ئەو خواوەند. (بنەماڵەی ئەفلاتون، هەروەك دەگێڕنەوە، ڕەچەڵەکی خۆیانییان دەگێڕایەوە سەر خواوەندێك بە ناوی پۆسیدۆن[٤١]{١٦}). تەنیا ئەوەندە بەسە لەوە ورد بینەوە کە ئەم خواوەندانەش بێ مەرگ و نەمر و تەواون- یان تاڕادەیەك تەواون- ئەوە لە کاتێك دایە کە تاکی ئاسایی مرۆڤ لە رەوانی شتەکان و دۆخەکاندا گیرۆدەیە و دادەڕمی و نابوود دەبێت (کە دواجار چارەنووسی هەموو تاکێکی مرۆڤە)، تاکو بۆمان دەرکەوێ کە پەیوەندی نێوان ئەم خواوەندانە و مرۆڤە ئاساییەکانیش پەیوەندی نێوان فۆڕم یان ئایدیای ئەفلاتونییە لەگەڵ شتە هەست پێکراوەکان کە لەبەر گیراو یان کۆپی ئەوانن{١٧}. هەڵبەتە جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان ئەفسانەکانی یۆنان تیۆری ئەفلاتون لەمەڕ فۆڕم یا ئایدیا بوونی هەیە. یۆنانییەکان

---

٣٩. opinion کە بەمانای "ڕا"و "بۆچوونە" لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا باسێکی دوورودرێژی بۆ تەرخانکراوە.
40. Perfection
٤١. Poseidon کوڕێکی تری کرۆنوس و برای زیۆس کە لە رووخاندنی باوکیدا یارمەتی کرد و لە پاداشتی ئەمە بوو بەخوای دەریا.



ڕێزیان لە فرە خواوەندەی دەگرت وەکو باوانی خێڵ و بنەماڵە جیاوازەکان، تیۆری فۆڕم خوازیاری ئەوەیە کە تەنیا یەك فۆڕم یان ئایدیا لە مرۆڤ بوونی هەبێت{١٨} چونکە یەکێك لە بنچینە بنەڕەتییەکانی تیۆری فۆڕم ئەوەیە کە لە هەر ((ڕەچەڵەك)) یان ((جۆر))ی شت تەنیا یەك فۆڕم هەیە. یەکێك لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەم تیۆرە روونکردنەوەی پێك چوونی کۆپیەکانی هەر فۆڕمێك لەگەڵ خۆیەتی. ڕۆڵی ئەم ئەرکە ئەوە پێویست دەکات کە فۆڕم تاکانە و بێ هاوتا بێت. ئەم تاکانەییە هاوگونجاوە لەگەڵ تاکانەیی یەکەمی باوان. بەم چەشنە، ئەگەر دوو فۆڕمی یەکسان یان هاوتا بوونی هەبێت، بە بینینی پێکچوونەکانیان ناچارین وادابنێین کە هەردووکیان، کۆپی سەرەکی سێهەمیین کە تەنیا فۆڕمی راستەقینەیە. ئەفلاتون ئەم بابەتە لە تیمایۆس بەم جۆرە دەردەبڕێت: ((بەم چەشنە، وێکچوون بە جۆرێکی وردتر نەك هەروەکو وێکچوونی نێوان ئەو دوو شتە بەڵکو نسبەت بە وشتە بەرزترەی کە سەر نموونەیانە[٤٢] بەیان دەکرێت)){١٩}. لە کۆماردا، کە بەرلە تیمایۆس نووسراوە، ئەفلاتون ئەم خاڵە بە سوود وەرگرتن لە نموونەی ((تەختیخەوی جەوهەری))[٤٣]- واتە ئایدیا یان فۆڕمی تەختیخەو روونتر شی دەکاتەوە: ((خوا ... تەختیخەوێکی جەوهەری چێکردووە و بەس، دووان یان زۆرتری دروست نەکردووە و هەرگیز دروستیشی ناکات... چونکە...ئەگەر تەنانەت دوو تەختیخەوی دروست کردبایە، ئەوکات دیسان تەختیخەوێکی دیکە پەیدا دەبوو، واتە ئەو فۆڕمەی کە ئەم دووانە دەرکەوتەی ئەو بوون و ئەمە دەبوو بە تەختیخەوی جەوهەری نەك دووەکەی تر)){٢٠}.

ئەم بەڵگەخوازییە دەریدەخات کە فۆڕم یان ئایدیا لە لایەکەوە بنەچە یان سەرەتایەك دەدەنە دەستی ئەفلاتون بۆ بەیانکردنی هەموو گەشە و گۆڕانکارییەکان لە کات و شوێن (بەتایبەتی لە مێژووی مرۆڤ)دا و لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ خستنەڕووی وێکچوونی نێوان ئەو شتە هەست پێکراوانەی کە هەموویان لە یەك چەشنن. ئەگەر وێکچوونی نێوان شتەکان بەهۆی فەزیلەت یان تایبەتمەندییەکەوە بێت کە تێیدا هاوپشکن-بۆ نموونە سپێتی یان سەختی یان باشی- ئەم فەزیلەتە یان تایبەتمەندییە حەتمەن دەبێ لە هەموویاندا وەکیەك بێت، ئەگینا نەیدەتوانی بە یەکتریان بچوێنێت. بە پێی بۆچوونی ئەفلاتون ئەم شتانە هەر هەموویان ئەگەر سپین لە فۆڕم یان ئایدیای سپێتی و ئەگەر سەختن لە فۆڕم یان ئایدیای سەختی دا پشکدارن[٤٤]- هەر بەو

---

42. Prototype
٤٣. Essential bed مەبەست خود یان ماهییەتی تەختیخەوە هەروەك دواتر لە دەقەکەدا روون دەکرێتەوە.
44. Patticipate

مانایە کە منداڵەکان لە دارایی و بەخشینی باوکیان پشکیان پێ دەبڕێت و هەر بەم چەشنە کە کۆپیە چاپکراوەکانی رەشنوسێك، کە هەموویان لەسەر یەك کلێشە چاپ کرابن و هەر بۆیە بەیەکتر دەچن، بەهرە و پشك لە جوانی ئەسڵەکە وەردەگرن.

ئەم ڕاستییە کە ئەو تیۆرەی باسمان کرد بە مەبەستی خستنەڕووی وێکچوونی نێوان شتە هەست پێکراوەکان دارێژراوە، لە تێڕوانینی یەکەمدا وانایەتە بەرچاو کە لە هیچ روویەکەوە پەیوەندی لەگەڵ مێژووگەراییەوە هەبێت. بەڵام هەیەتی، و هەروەك ئەرستۆ دەڵێ، رێك هەر ئەم پەیوەندییە بوو ئەفلاتونی بۆ داهێنانی تیۆری ئایدیا وروژاند. ئێستا هەوڵ دەدەم بە سوود وەرگرتن لە روونکردنەوەی ئەرستۆ و هەندێ ئاماژە لە نووسینەکانی ئەفلاتون خۆیەوە، هێڵە گشتییەکانی رەوتی گۆڕانکاری ئەم تیۆرە بکێشم.

ئەگەر هەموو شتەکان بەردەوام رەوان بن، ئاستەمە بتوانین شتێکی یەکلاکەرەوەیان لە بارەوە بڵێین. ناتوانین ناسینێکی راستەقینەمان لە سەریان هەبێ، رەنگە لانی زۆر هەندێ (( را))ی لێڵ و وەهمی بە دەست بێنین. ئەم خاڵە، هەروەك لە نووسینەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ بۆمان دەردەکەوێ[٢١]، بەشێکی زۆر لە پەیڕەوکارەکانی هێراکلیتوسی نیگەران کردبوو. پارمیندس کە یەکێك بوو لە پێشینیانی ئەفلاتون و زۆر بە توندی کاریگەری لەسەر دانابوو، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە حاڵەتی ناسینی پەتی و ئەبستراکتی عەقڵی، بە جیاکردنەوە لە ڕا وەهمیەکانی بەرهەمی ئەزموون، تەنیا دەتوانێت جیهانێك بێت کە نەگۆڕێ و ئەم ناسینە، لە راستیدا ئەم جیهانە روون دەکاتەوە. بەڵام ئەو حەقیقەتە نەگۆڕ و دابەش نەبووەی کە پارمیندس پێیوابوو لەو دیوی جیهانی شتە بمرەکاندا کەشفی کردووە[٢٢]، بە هیچ چەشنێك پەیوەندی لەگەڵ ئەو جیهانەدا نەبوو کە ئێمە تێیدا دەژین و دەمرین، هەر بۆیە نەیدەتوانی روونی بکاتەوە.

ئەفلاتون نەیدەتوانی بەمە رازی بێت، لەگەڵ هەموو ئەو نەفرەت و بێزراوییەی کە لە جیهانی ئەزموونی رەوان هەیبوو، بە قوڵی هۆگری بوو، دەیەویست رازی داڕمان و نابوودی و گۆڕانکارییە توند و بەدبەختییەکانی ئاشکرا بکات، هیواداربوو رێگای رزگاری ئەمە بدۆزێتەوە. زۆر بە قوڵی لە ژێر کاریگەری رێنماییەکانی پارمیندس دا بوو لەمەڕ جیهانی نەگۆڕو حەقیقی و راوەستاو و کاملی پشت ئەو جیهانە تارمایی ئاسایەی کە تێیدا ئازاری دەچەشت. بەڵام تا ئەو کاتە کە ئەم تێگەیشتنە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ جیهانی شتە هەست پێکراوەکاندا نەبوو، گرفتەکانی ئەوی چارەسەر نەدەکرد. ئەفلاتون خوازیاری ناسین بوو



نەك ڕا-ناسینی پەتی عەقڵی لەو جیهانەی کە ناگۆڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، ناسینێك کە بەکاری لێکۆڵینەوە لەم جیهانە بگۆڕە بێت، بەتایبەتی توێژینەوە لەم کۆمەڵگا بگۆڕە و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان و یاسا مێژووییە سەیر و سەمەرە باڵا دەستەکانی سەری. ئامانجی ئەفلاتون دۆزینەوەی رازی مەعریفەی شائاسای سیاسەت و تەکنیکی فەرمانڕەوایی کردن بە سەر خەڵك دابوو.

بەڵام هەروەك چۆن، هەر چەشنە ناسینێکی ورد سەبارەت بەم جۆرە جیهانەی کە لە رەوانی دا بوو، ئاستەم خۆی دەنواند، زانستی وردی سیاسەتیش وەکو شتێکی نامکین خۆی دەنواند. هیچ بارێکی سەقامگیر و راوەستاو لە پانتایی سیاسەت دا بوونی نییە. چۆن کەسێك دەیتوانی لەمەڕ پرسە سیاسیەکانەوە بدوێت لەکاتێکدا تەنانەت مانای واژەی وەکو ((حکومەت)) و ((دەوڵەت)) و ((شار)) لە هەر قۆناغێك لە گۆڕانکاری مێژوودا ئاڵوگۆڕی بەسەر دادەهات؟ لەو قۆناغەدا کە ئەفلاتون لە ژێر نفوزی هێراکلیتوس دابوو، تیۆری سیاسیش بێ گومان لە روانگەی ئەوەوە وەکو کردەی سیاسی، بزۆك و بۆ پێوان نە شیاو و لە هەڵبەزدابەز دابوو.

لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، هەروەك ئەرستۆ دەڵێ، ئەفلاتون ئاماژەیەکی لە ڕادەبەدەر گرنگی لە سوقراتەوە وەرگرت. سوقرات هۆگری ئەخلاقیات بوو. چاکسازی ئەخلاقی و ئەخلاق پەروەرێك بوو کە هەموو جۆرە خەڵکێکی وەزاڵە دەهێنا بۆ ئەوەی ناچاریان بکا بنچینە و بنەمای کردەوەکانیان بخەنە ژێر بیر لێکردنەوە و روونکردنەوە و هۆدۆزی. پرسیاری لێ دەکردن و بەئاسانی بە بەرسڤەکانیان رازی نەدەبوو. ئەو وەڵامە باوەی کە بۆ نموونە دەیاندایەوە-کە بۆ وێنە ((دانایی)) (یان رەنگە ((سودمەند)) یا ((دادپەروەرانە)) یان ((پارێزکارانە)) و یان شتی لەم جۆرەیە) وامان لێدەکات بەم شێوەیە رەفتار بکەین نە تەنیا هەر رازی نەدەکرد بەڵکو زیاتر وایلێدەکرد بپرسی دانایی یان سوودمەندی (کارامەیی) یان دادپەروەری یان پارێزکاری چییە. بەجۆرێکی دیکە، ئەو رێگایەی دەگرتەبەر کە توێژینەوە لەسەر ((فەزیلەتی))[٤٥] هەموو شتێك بکات. هەر بۆیە دەکەوتە باسوخواسەوە، بۆ نموونە، لەمەڕ دانایی یان حیکمەتێك کە لە پیشە جۆراو جۆرەکاندا نیشان دەدرێت تاکو پەی بەوە ببان کە چ شتێك لە نێوان هەموو ئەم رێگا جیا جیا و گۆڕاوە ((ژیرانەیە))دا هاوبەشە و تا لە وێوە بۆی دەرکەوێت کە دانایی راستەقینە چییە یان چ مانایەکی هەیە یان (بۆ ئەوەی بابەتەکەمان بەشێوازی ئەرستۆ دەبڕبێت)

٤٥. Virtue کە پێشتر هەر لەم بەشەدا لە مەڕی دواوین.

ماهییەتەکەی[٤٦] چییە. ئەرستۆ دەڵێت: ((ئاسایی بوو کە سوقرات بە دوای ماهییەت دا بگەڕێت)){٢٣}- واتە گەڕان بە دوای فەزیلەت یان ئاڕاستەی عەقڵانی هەموو شتێك و بە دوای مانا حەقیقی و نەگۆڕ و زاتییەکانی[٤٧] زاراوەکان- و درێژەی پێدەدات ((لەم پانتاییەدا ئەو یەکەمین کەس بوو کە بابەتی پێناسە گشتییەکانی[٤٨] هێنایە بەر باس)).

هەوڵەکانی سوقرات بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زاراوەی ئەخلاقی وەکو ((دادپەروەری)) یان ((حەیا)) و ((خاکەڕێیی)) یان ((پارێزکاری)) بە حەق بەراورد کراون بە باسە نوێیەکانی ئەمڕۆکە لەمەڕ ئازادی (بۆ نموونە لەلایەن میل-ەوە[٤٩]{٢٤}) یان دەسەڵاتخوازی (ئوتوریتە) یان تاك و کۆمەڵگا (بۆ نموونە لەلایەن کەتلین[٥٠]-ەوە). پێویست بەوە ناکات کە وادابنێین سوقرات لە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی مانای نەگۆڕ و زاتی ئەم جۆرە زاراوانە، کەسایەتی پێ دەبەخشین یان هەروەك شتەکان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردن. لانی کەم گێڕانەوەکانی ئەرستۆ دەربڕی ئەوەیە کە سوقرات وای نەدەکرد و ئەفلاتون بوو کە میتۆدی سوقراتی بۆ هەوڵدان لە پێناو دۆزینەوەی مانا یان ماهییەت، گۆڕی بۆ میتۆدێك بۆ دیاریکردنی سروشتی واقیعی یان فۆڕم یان ئایدیای هەموو شتێك. ئەفلاتون ئەو ((ڕێنماییە)) هیراکلتییەی کە پێیوایە شتە هەست پێکراوەکان بەردەوام ڕەوانن و مەعریفەیەك لە بارەیانەوە بوونی نییە)) لەلای خۆی هێشتەوە، بەڵام لە میتۆدی سوقراتدا، ڕێگایەکی بۆ دەرچوون لەم گرفتە پەیداکرد. ئەگەرچی ((شتە هەست پێکراوەکان ناکرێ پێناسەیەکیان هەبێت چەنکە هەمیشە لە حاڵەتی گۆڕان دان))، لێ لە بەرانبەردا پێناسە و ناسینی حەقیقی شتەکانی تر- واتە فەزیلەتگەلی شتە هەست پێکراوەکان- ممکینە. بە وتەی ئەرستۆ{٢٥}: ((ئەگەر بڕیار بێت مەعریفە یان بیرکردنەوە بابەتێکی هەبێ، دەبێت بوونەوەری[٥١] جیاواز و نەگۆڕمان هەبێ جگە لە هەست پێکراوەکان)) پاشان لە گێڕانەوەیەك لەمەڕ ئەفلاتون دەڵێت: ((ئەو ئەم بەشە لە شتەکانی ناو

46. Essence
47. Essential
48. universal definitions

٤٩. John stuart Mill (١٨٠٦-١٨٧٣).فەیلەسووفی بەناوبانگی ئینگلیزی.

٥٠. George Edward Gordon Catlin (لە دایك بووی١٨٩٦) زانای ئینگلیزی زانستە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان.

51. Entities



نا فۆڕم یان ئایدیا و وتی شتە هەست پێکراوەکان، لەمانە جوایەزن و بە ناوی ئەمانەوە ناوزەد دەکرێن. ئەو شتە زۆرانەی کە بەهەمان ناوی فۆڕم یان ئایدیایەکی دیاریکراوەوە ناوزەد دەکرێن بەهۆی بەهرە وەرگرتن لەمە بوونیان هەیە)).

ئەم گێڕانەوەیەی ئەرستۆ هاوجووتییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ باسوخواسەکانی ئەفلاتون خۆی لە تیمایۆس{٢٦} دا و دەریدەخات کە پرسی بنەڕەتی لای ئەو، دۆزینەوەی میتۆدێکی زانستی بووە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ شتە هەست پێکراوەکان. ئەو بە دوای وەدەست هێنانی مەعریفەیەکی عەقڵانی پەتی دابوو نەك تەنیا ڕا و بۆچوون و هەروەك ئاماژەی بۆ کرا، لەبەر ئەوەی وەدەست هێنانی مەعریفەی عەقڵانی پەتی سەبارەت بە شتە هەست پێکراوەکان ممکین نەبوو، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە لانی کەم ناسینێکی پەتی و ئەبستراکت بە دەست بێنێ کە بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندی بە شتە هەست پێکراوەکانەوە هەبێت و لەسەریان ڕاست دەربچێت، ناسینی فۆڕم یان ئایدیا ئەم ویستەی وەدیدێنا، چونکە فۆرمیش هەروەك باوك پەیوەندی بە منداڵە بچووکەکەیەوە هەیە، لەگەڵ شتە هەست پێکراوە پەیوەندیدارەکان بەخۆیەوە پەیوەندی هەیە. فۆڕم نوێنەری بەرپرسی شتە هەست پێکراوەکان بوو، لەم ڕوویەوە، دەرفەتی ئەوە هەبوو سەبارەت بە بابەتە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە جیهانی ڕەوانەوە، رای لێ وەربگیرێت.

بەپێی شیکردنەوەکەی ئێمە، تیۆری فۆڕم یان ئایدیا لانی کەم سێ ئەرکی جیاواز لە فەلسەفەی ئەفلاتون دا ئەنجام دەدات: ١) تەکبیرێکی لەڕادەبەدەر گرنگە لەڕووی میتۆدییەوە، چونکە نەك هەر ناسینێکی پەتی زانستی ممکین دەکات بەڵکو تەنانەت دەرفەتی مەعریفەیەك[٥٢] دەرەخسێنێ کە دەکرێ بەسەر جیهانی شتە بگۆڕەکاندا بەکاربهێنرێت- ئەو جیهانەی کە لەبارەیەوە تەنیا دەتوانرێ لەڕێگەیەکی بێنێوانەوە ڕا وەدەست بێنین نەك هیچ چەشنە مەعریفەیەك. بەم جۆرە، دەرفەتی توێژینەوە لەمەڕ بابەتی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای بگۆڕ و دامەزرانی زانستی سیاسەت سەرهەڵدەدات. ٢) تیۆری ئایدیا کلیلی دۆزینەوەی هێمای تیۆری گۆڕان و داڕووخان دەدات بە دەستەوە کە پێویستییەکی بەلەز و گرنگە و هەروەها سەرەداوێك دابین دەکات لەهەمبەر تیۆری هاتنە بوون و گەندەڵی و بەتایبەتی مێژوو. ٣) لە سنوور و قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتیدا، ڕێگایەك بەرەو جۆرە ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، چونکە

٥٢. وشەی "مەعریفە" یان "زانین و ناسین" لەجیاتی وشەی knowledge بەکارهاتووە.

خوازیاری بەرنامەرێژییە بۆ ((باشترین دەوڵەت)) و ئەم دەوڵەتە بەڕادەیەك لە ئایدیا یان فۆڕمی دەوڵەت دەچێت کە ممکین نییە ڕێگەی داڕووخان و داڕزان بگرێتەبەر.

بابەتی ٢)- واتە تیۆری گۆڕان و تیۆری مێژوو- لە بەشەکانی چوارەم و پێنجەم دەخرێتە ژێر باس و لێکۆڵینەوە. لەم دوو بەشەدا، کۆمەڵناسی وەسفیی[٥٣] ئەفلاتون- واتە وەسف و خستنەڕووەکانی لە هەمبەر ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییە بگۆڕەی کە خۆی تێیدا دەژیا- دەخرێتە ژێر تیڕوانینەوە. بابەتی ٣)- واتە ڕاگرتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی- لە بەشەکانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم دا توێژینەوەی لەسەر دەکرێ. ئەم بەشانە سەروکاریان لەگەڵ بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون دا هەیە. بابەتی ١)- واتە میتۆدۆلۆژی[٥٤] ئەفلاتون- بە یارمەتی ڕوونکردنەوەی ئەرستۆ لەسەر مێژووی تیۆری ئەفلاتون لەم بەشەی ئێستادا بە کورتی خراوەتە ڕوو. ئێستا دەمانەوێ لێرەدا چەند تێبینییەك بەم باسەوە زیاد بکەین.

٦

زاراوەی ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژیانە[٥٥] بۆ دەست نیشان کردنی بۆچوونێك بەکاردەهێنین کە ئەفلاتون و بەشێکی زۆر لە پەیڕەوکارەکانی لەسەری دەرۆیشتن و ئاگادارمان دەکات کە ئەرکی ناسینی پەتی یان ((زانست))[٥٦] کەشف و وەسفی سروشتی ڕاستەقینە- واتە حەقیقەتی شاراوەیان ماهییەتی-ی شتەکانە. بیروڕای تایبەتی ئەفلاتون ئەوە بوو کە دەتوانرێت ماهییەتی شتە هەست پێکراوەکان لە نێو شتەکانی دیکە کە حەقیقترن- واتە یەکەمی باوانەکان یان فۆڕمەکان- بدۆزینەوە. بەشێکی زۆر لە یاوەرانی دواتری ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژیانەی وەکو ئەرستۆ، بە تەواوی لەم پانتاییەدا پەیڕەوییان لەو نەدەکرد، بەڵام هەموویان لەگەڵیدا هاوڕا بوون کە ئەرکی ناسینی پەتی یان ئەبستراکت، کەشفی سروشتی شاراوە یان فۆڕم یان ماهییەتی شتەکانە. هەروەها ئەوان هەر هەموویان لە هاوڕاییان بۆ ئەفلاتون لەسەر ئەو ڕایە بوون کە یەکەم، دەتوانرێت ئەم ماهییەتە بە یارمەتی پێژنی عەقڵی[٥٧] کەشف و دەست نیشان بکرێت، دووەم هەر ماهییەتێك ناوێکی تایبەت بەخۆی هەیە، وسێهەم، دەتوانرێت ماهییەت

53. Descriptive sociology
54. methodology
55. Methodological essentialism
56. science
57. Intellectual intuition



لە ڕێگای وشەوە وەسف بکرێت. هەموو ئەو کەسانەی کە باسمان کردن، وەسفی ماهییەتی هەموو شتێکیان بە ((پێناسە))ی ئەو ناوزەد کردووە. ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژیانە دەڵێ سێ ڕێگا دەشێ بۆ ناسینی هەر شتێك بوونی هەبێت: ((مەبەستم ئەوەیە دەتوانین حەقیقەتی نەگۆڕ یان ماهییەتەکەی بناسین و دەتوانین پێناسەی ماهییەتەکەی بزانین و دەتوانین ناوەکەی بزانین. کەواتە، لەمەڕ هەر شتێکی حەقیقیەوە دوو پرسیار دێتە ئاراوە ... ڕەنگە کەسەکە ناوەکە بدات و خوازیاری پێناسە بێت، یان لەوانەیە پێناسەکە بدات و خوازیاری ناوەکە بێت)). وەکو نموونەیەك بۆ ئەم میتۆدە، ئەفلاتون ئاماژە بە ماهییەتی ((جووت)) ((لە بەرانبەر ((تاك)) )) دا دەکات: ((ژمارە ... لەوانەیە بەسەر بەشی یەکسان دا دابەش بێت. ئەگەر بەم جۆرە بۆ دابەش بوون شیا، ناوی ئەم ژمارەیە ((جووت))ە و پێناسەی ناوی ((جووت)) ئەوەیە کە ((ژمارەیەکە بەسەر بەشی یەکساندا دابەش دەبێت))... کاتێك ناوەکەیان دەدەنێ و پێناسەکەیان دەوێت، یان کاتێك پێناسەکە دەدەن و ناوەکەیان دەوێت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا سەبارەت بە هەمان تاکە ماهییەت قسە دەکەین بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ناوی بنێین ((جووت)) یان ((ژمارەیەکە بەسەر بەشی یەکساندا دابەش دەبێت)). لەدوای ئەم نموونە، ئەفلاتون میتۆدی ئاماژە بۆ کراوە لە هەمبەر ((بەڵگە))یەکی پەیوەندیدار بە سروشتی حەقیقی گیان بەکار دێنێ کە پاشان زیاتر لە بارەیەوە دەدوێین{٢٧}.

باشتر دەتوانین لە ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژیانە- واتە ئەو تیۆرەی کە پێیوایە ئامانجی زانست ئاشکرا کردنی ماهییەتگەل و وەسف کردنیانە بەهۆی پێناسەکانەوە- تێبگەین ئەگەر لەبەرانبەر دژەکەی، واتە ناوگەرایی میتۆدۆلۆژیانە- دەیبنێین[٥٨]. ئامانجی ناوگەرایی میتۆدۆلۆژیانە لە جیاتی ئەوەی پەی بردن بەوە بێت کە هەر شتێك لە حەقیقەتدا چییە و بیەوێ سروشتە ڕاستەقینەکەی پێناسە بکات، ئەوەیە وەسفی ئەوە بکات کە چۆن هەر شتێك لە هەلومەرجی جیاجیادا ڕەفتار دەکات و بەتایبەتی بۆیدەرکەوێ کە ئایا ڕێکی و ڕێسایەك لە ڕەفتارەکەی دا هەیە یان نا. بەجۆرێکی تر، ناوگەرایی میتۆدۆلۆژی ئامانجی زانست بە وەسفی شتەکان و ڕووداوە ئەزموون کراوەکانی ئێمە و ((شرۆڤەکردنی)) ئەو ڕووداوانە دەزانێ- واتە وەسف کردنیان بە یارمەتی یاسا گشتییەکان[٥٩]{٢٨}. زمانی ئێمە و بەتایبەتی ئەو دەستەیە

58. methodological nominalism
59. universal Laws

لە ڕێساکانی زمان کە ڕستەی دروست و دەرەنجامگیری (استنتاج) ڕاست لە تەنیا لێشاوێك لە وشە جیا دەکاتەوە- بە ئامرازی گەورەی وەسفی زانستی لە قەڵەم دەدات[٢٩].

وشەکان بە ئامرازێکی لاوەکی و یاریدەدەر (فرعی) بۆ بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکە لە قەڵەم دەدات نەك ناوی ماهییەتەکان. ئەو کەسەی سەر بەناوگەرایی میتۆدۆلۆژیانەیە هەرگیز لەو تەسەوڕەدا نییە کە لە فیزیکدا پرسیاری وەکو ((وزە چییە؟))، ((جووڵە چییە؟)) خودانی گرنگین. بەڵام گرنگی دەدات بە پرسیاری وەکو ((چۆن دەتوانین وزەی خۆر بەکاربێنین؟))، ((چۆن هەسارەیەك دەخولێتەوە؟))، ((لە چ هەلومەرجێکدا ئەتۆم، تیشك دەردەدات؟)). بەو فەیلەسوفانەی کە پێی دەڵێن بەر لە وەڵام دانەوەی پرسیاری پەیوەندیدار، بە((چییەتی)) ناتوانێ ئومێدەوار بێت کە بەرسڤگەلی وردی پرسیارەکانی ((چۆنیەتی)) بداتەوە، بە وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە وەڵام دەداتەوە (هەڵبەتە ئەگەر لە بنەڕەتدا وەڵام بداتەوە) کە هەر ئەوەندە کورتە وردبینییەی کە دەتوانێت بەهۆی میتۆدەکانی خۆی بەدەستیان بێنێ بەسەر گلۆڵەی بێ سەر و بنی لێوان لە لاف و ڕواڵەتبازی کە ئەوان لە ڕێگای میتۆدەکانیانەوە بە دیاری هێناویانە، پەسەند دەکات.

هەروەك ئەو نموونەی کە هێنامانەوە دەریدەخات، ناوگەرایی میتۆدۆلۆژیانە ئەمڕۆکە لە زانستە سروشتییەکاندا لەلایەن هەمووانەوە پەسەند دەکرێ. بەڵام تاکو ئێستا لەگەڵ بابەتەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێی ئەو میتۆدانەی کە لەسەر بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزراون هەڵسوکەوت دەکرێ. بەبڕوای من، هەر ئەمە یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی پاشکەوتنیانە. بەڵام زۆر لەو کەسانەی کە سەرنجی ئەم دۆخەیان داوە[٣٠] قەزاوەتێکی تریان لە سەری کردووە. لەسەر ئەو بڕوایەن کە جیاوازی میتۆد پێویستە و نیشانەی ڕەنگدانەوەی جیاوازی ((زاتی)) ی ((سروشتی)) ئەم دوو پانتاییەی توێژینەوەکەیە.

ئەو بەڵگەخوازییانەی کە زۆربەی جارەکان بۆ جەخت کردن لەسەر ئەم بۆچوونە دەخرێنەڕوو، لەسەر گرنگی گۆڕان لە نێو کۆمەڵگا پێ دادەگرێ و هەروەها لایەنەکانی دیکەی مێژووگەرایی دەردەخات. بۆ نموونە بەم جۆرە بەڵگەخوازی دەکرێ کە فیزیکزانەکان لەگەڵ هەندێ شتی وەکو وزە یان ئەتۆم سەروکاریان هەیە کە سەرەڕای ئەوەی دەگۆڕێن بەڵام تاڕادەیەك خاوەنی سەقامگیرین. ئەو دەتوانێت گۆڕانی ئەم خودە تاڕادەیەك نەگۆڕانە وەسف بکات و ناچارنییە بۆ وەدەست هێنانی شتێکی پایەدار و هەمیشەیی بۆئەوەی بتوانێت حوکمی یەکلاکەرەوە لە



بارەیانەوە بدات، هەنگاو بنێ بۆ دروست کردن یان کەشف کردنی ماهییەتەکان یان فۆڕمەکان یان خودی هاوشێوە، بەڵام زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخی زۆر جیاوازدایە. ئەو پانتاییەی هۆگریەتی بەردەوام لە گۆڕان دایە. لە بەستێنی کۆمەڵایەتی دا، هەموو شتێك لەژێر سەیتەرەی ڕەوانی مێژوو دایە و هیچ جۆرە خودێکی هەمیشەیی و پایەداربوونی نییە. بۆ نموونە، چۆن دەکرێ حکومەت بخرێتە ژێر لێتۆێژینەوە؟ چۆن دەتوانین لە نێوان دەزگا جیاجیا حکومەتییەکان، کە لە دەوڵەتە جیاواز و لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکاندا پەیدا دەبن، حکومەت بناسرێت و دەست نیشان بکرێ بەبێ ئەو گریمانەیە کە دەبێ هەموو لە ماهییەتدا لە شتێکدا هاوبەشییان هەبێت؟ لەکاتێکدا دەزگایەك بە حکومەت ناوزەد دەکەین کە بیربکەینەوە لە ماهییەتدا حکومەتە- واتە ئەگەر لەگەڵ پێژنی (شهود) ئێمە لەوەی حکومەت چییە، هاوجووت بێت، ئەو پێژنەی کە دەکرێت لە پێناسەکاندا فۆرمۆلبەندی بکرێت. هەر ئەم حاڵەتە لەمەڕ خودگەلی تری کۆمەڵناسی وەکو ((شارستانیەت))یش ڕاستە. دەرەنجامی بەڵگەخوازی مێژووگەرایی ئەوەیە کە دەبێ ماهییەتی ئەم جۆرە شتانە بدۆزینەوە و لە شێوەی پێناسەدا تۆماریان بکەین.

بەبڕوای من، ئەم بەڵگەخوازیانە ئەمڕۆ زۆربەو بەڵگە خوازیانە دەچن کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن و بە وتەی ئەرستۆ، ئەفلاتونی بەرەو تیۆری فۆڕم یان ئایدیا پاڵنا. تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە ئەفلاتون (کە تیۆری گەردیلە یان ئەتۆمی پەسەند نەدەکرد و هیچی لە بارەی وزەوە نەدەزانی) ئەم تیۆرەی بۆ سنووری فیزیك- و بەم جۆرە بۆ سەرانسەری جیهان-یش برد و گشتیەتی پێ بەخشی. کەواتە لێرەدایە نیشانەیەك لەم ڕاستیە دەست دەکەوێ کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دا باس لەمەڕ میتۆدی ئەفلاتون تەنانەت لەم سەردەمەشدا لەوانەیە لەگەڵ بابەتە هەنووکەییەکاندا سەروکاری هەبێت.

بەر لە خەریك بوون و چوونە سەر کۆمەڵناسی ئەفلاتون و ئەو سوودانەی کە ئەو لە ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژیانەی وەرگرتووە لەم زەمینەیەدا، دەمەوێ بە تەواوی ئەوە ڕوون بکەمەوە کە توێژینەوەی من لەم بوارەدا سنووردارە بە بیروباوەڕەکانی سەبارەت بە مێژووگەرایی و تیۆری ((باشترین دەوڵەت)). هەر بۆیە خوێنەر ئاگادار دەکەم کە چاوەڕوانی خستنەڕووی هەموو فەلسەفەی ئەفلاتون یان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ((بە ئینساف و دادپەروەرانە)) نەبێت لەگەڵ قوتابخانەی ئەفلاتونی. هەڵوێستی من سەبارەت بە مێژووگەرایی

هەڵوێستێکی بە ئاشکرا نەیارانەیە و لەسەر بناغەی ئەم بڕوا پتەوە دامەزراوەکە مێژووگەرایی بێهودەو پووچ و تەنانەت لەمەش خراپترە. لەم رووەوە، توێژینەوەکەم لەسەر تایبەتمەندییەکانی مێژووگەرایی قوتابخانەی ئەفلاتونی بەتوندی رەخنەگرانەیە. سەرەڕای ئەوەی ستایشی گەلێك شت دەکەم لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا کە تەنانەت لەوەی کە پێم وایە سوقراتییە، هەنگاوی زیاتر داوێژێ، لێ پێم وانیە کاری من ئەوە بێت کە دیسان شتێك بەو پیاهەڵگوتنە بێ ئەژمارانە زیاد بکەم کە کراونەتە نساری بلیمەتییەکەی. بە پێچەوانەوە، بڕیارم داوە ئەوەی بە بڕوای من لە فەلسەفەکەی دا زیانمەندە وێرانی بکەم. ئەو شتەی کە لە هەوڵی دام لە فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتون دا بیخەمە ژێر شیکردنەوەو رەخنەوە، مەیلیەتی بۆ تۆ تالیتاریزم{٣١}.

# کۆمەڵناسی وەسفیی ئەفلاتون

# ٤ گۆڕان و وەستان

ئەفلاتون یەکێکە لە یەکەمین زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بێ گومان، بە نفوزترین کەس بووە لەم پانتاییەدا. بەو مەفهوومەی کە کۆنت[١] و میل و سپێنسێر[٢]، زاراوەی ((کۆمەڵناسی)) یان راڤە دەکرد، کۆمەڵناس بووە- واتە بە سەرکەوتووییەوە، میتۆدی ئایدیالیستی[٣] لەمەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و یاسا باڵا دەستەکانی سەر گەشە و گۆڕانکارانی و هەروەها یاساکانی بان هەڵومەرجی جێگیری ئەم ژیانەی بەکارهێنا. سەرەڕای نفوزو کاریگەری مەزنی ئەفلاتون، دەتوانین بڵێین سەرنجێکی ئەوتۆ نەدراوەتە ئەم لایەنەی ڕێنماییەکانی. ئەم حاڵەتە وا دێتە بەرچاو هۆبەندی (معلول) دوو هۆکار بێت. یەکەم ئەوەیە کە بەشی هەرە مەزنی کۆمەڵناسی خۆی وەها لە پەیوەندییەکی نزیك لەگەڵ داخوازییە ئەخلاقی و سیاسییەکاندا هێناوەتە بەرباس کە رەگەزە وەسفییەکانی زیاتر پشت گوێ خراون. دووەم، گەلێك لە بیروبۆچوونەکانی بەڕادەیەك وەکو شتی بەڵگو نەویست سەیریان کراوە کە بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانە، و هەر بۆیە بەبێ رەخنە و هەڵسەنگاندن، وەرگیراون. هۆکاری کاریگەری و نفوزی تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی ئەفلاتون زیاتر هەر ئەمە بووە.

کۆمەڵناسی ئەفلاتون ئاوێتەیەکی هۆشمەندانە و نوێی تێڕامان[٤] و چاوەدێری فاکتەکان (بووەکان)ە. هەڵبەتە پانتاییی تیۆرەکانی هەمان تیۆری فۆڕم و رەوان و داڕووخانی هەمەکی و

١. Auguste comte (١٧٩٨ ـ ١٨٥٧). فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەرەنسی.

٢. Herbert spencer (١٨٢٠ ـ ١٩٠٣) فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئینگلیزی.

3. Idealist method

4. speculation



هاتنە بوون و گەندەڵییە. لەسەر ئەم بناغە ئایدیالیستییە، ئەفلاتون تیۆرێك لەمەڕ کۆمەڵگا دادەڕێژێ کە بە چەشنێکی هێندە سەیر واقیع بینانەیە و نەك هەر رەوتە بنەڕەتییەکانی گەشەو گۆڕانکاری مێژوویی دەوڵەتشارەکانی یۆنان، بەڵکو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کاربەدەستەکانی سەردەمی خۆشی روون دەکاتەوە.

## ١

پێشتر گەلاڵەی گشتی زەمینەی بیردۆزی، یان میتافیزیکی تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وێنەی کێشرا. ئەو پانتاییەی ئاماژەی بۆ دەکەین هەمان جیهانی نەگۆڕی فۆڕم یان ئایدیاکانە، کە جیهانی شتە بگۆڕەکان لە کات و شوێن دا، منداڵی ئەون. فۆڕم یان ئایدیا نەك هەر نەگۆڕ و دوور لە نابوودی و گەندەڵییە بەڵکو تەواو راستەقینە و حەقیقی و باشە. لە شوێنێکی دایالۆگی کۆمار[١]، روون دەکرێتەوە کە ((باش هەر شتێکەکە دەپارێزێ و دەهێڵێتەوە)) و ((خراپ یان شەڕ هەر شتێکە کە نابوود یان گەندەڵ دەکات)) فۆڕم یان ئایدیای تەواو و چاك، لەو کۆپیانەی کە لەبەریاندەگیرێتەوە، واتە شتە هەست پێکراوەکان ، لە پێشترن و شتێکی وەکو یەکەمین باوانەکان یان خاڵە سەرەتاییەکانی هەموو گۆڕانەکانن لە جیهانی رەوان دا[٢]. ئەم بۆچوونە بۆ هەڵسەنگاندنی گشتی و ئاراستەی سەرەکی هەموو سوڕان و گۆڕانەکانی جیهانی هەست پێکراو بەکار دەهێنرێت. ئەگەر خاڵی دەسپێکی هەموو سوڕان و گۆڕانێك ، تەواو و باش بێت، گۆران تەنیا دەتوانێ جوڵەیەك بێت کەلە تەواو و باش دوور دەکەوێتەوە ودەبێ بەرەو لای کەم و خراپ، واتە بەرەو لای گەندەلی، بڕوات.

دەتوانین ئەم تیۆرە بەدرێژی بەرفراوان بکەین. هەرچەندە شتی هەست پێکراو زیاتر بە فۆڕم یان ئایدیای خۆی بچێت، ئەوا ناچارە کەمتر بۆ گەندەڵی بشێت چونکە فۆڕمەکانی خۆی بۆ گەندەڵی ناشێن. بەڵام شتە هەست پێکراو یان بوویەنراوەکان، کۆپی تەواونین. لەڕاستیدا، هیچ کۆپیەك ناتوانێت تەواو و کامڵ بێت چونکە تەنیا لاسایەکی حەقیقەتی راستەقینەیە. خودی حەقیقەت نییە، تەنیا هێما و وەهمە. کەواتە هیچ شتێکی هەست پێکراو (رەنگە بەرزترین و باشترینییان ریزپەڕ بن) هەرگیز هێندە بە فۆڕمی خۆیان ناچن کە بۆ ئالوگۆڕ نەشێن. بە وتەی ئەفلاتون[٣]: ((نەگۆڕی ڕەهاو نەمر تەنیا تایبەتی یەزدانیترینی شتەکانە و تەنەکان، سەر بەم ریزە نین)) هەموو شتێکی هەست پێکراو یان هاتووە بوو- وەکو تەنی ماددی یان گیانی مرۆیی- ئەگەر کۆپییەکی باش بن، لەسەرتادا رەنگە تەنیا کەمێك بگۆڕێن. کۆنترین گۆڕان یان

جولە- واتە جۆڵەی گیانی (نفسانی)- بە جیاکردنەوە لە گۆڕانەکانی ریزی دووەم و سێهەم، هێشتا ((خوایی))ە. بەڵام هەموو گۆڕانێك، هەرچەند بچووکیش بێت، وەکو پێویست جیاوازییەکی تێدا پێك دێنێ و بە کەم کردنەوەی وێکچوونەکانی ئەو لە فۆڕمی خۆی، لە پلەی کەماڵەکەی دەهێنێتە خوارترەوە. بەم جۆرە، شت بە هەر گۆڕانێك، بۆ گۆڕان شیاوتر دەبێت و لە فۆڕمی خۆی کە ((هۆکاری بێجوڵەیی و وەستانیەتی)) زیاتر دووە دەکەوێتەوە. بە وتەی ئەرستۆ، کە تیۆرەکەی ئەفلاتون لە رێگای دەستەواژەی ترەوە دەردەبڕێت: ((شتەکان دێنە بوونەوە بەهۆی بەهرە وەرگرتن لە فۆڕم و بە لە دەست دانی فۆڕم دادەڕزن)). ئەفلاتون ئەم ڕەوتی نابوود بوونەکە سەرەتا هێواش و پاشان توندتر دەبێت- ئەم یاسایی داڕووخان و کەوتنە- لە دایالۆگی یاساکان[٥]، کە دواین دایالۆگی گەورەی ئەفلاتونە، بەشێوازێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێش وەسف دەکات. ئەم پارچەی باسی دەکەین زیاتر لە هەموو شتێك سەر و کاری لەگەڵ گیانی مرۆیی دا هەیە، بەڵام ئەفلاتون روونی دەکاتەوە کە سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی کە ((پشکێکیان لە گیان[٦] پێدەبڕێ))- واتە هەموو شتە زیندووەکان- راستە. دەڵێت: ((هەموو ئەو شتانەی کە پشکێکیان لە گیان هەیە دەگۆڕێن ... و هاوکات لەگەڵ گۆڕان، بەهۆی سیستەم و یاسای چارەنووسەوە بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە دەنرێت. هەرچەندە گۆڕان لە خەسڵەتیاندا بچووکتر بێت، رۆچوونی بەرایی لە جۆری ئاستەکانیان[٧] کەم بایەخترە. بەڵام ئەو کاتە کە گۆڕان زیاد دەبێت و لەگەڵیدا نادادپەروەری زۆر دەبێ بەرەو خەرەندێك کە بە چینەکانی دۆزەخ[٨] ناسراوە خلۆر دەبنەوە)) (لە درێژەی ئەم پارچەیەدا، ئەفلاتون ئاماژە بەو دەرفەتە دەکات کە ((گیانی بەهرەمەند لە بەخششی فەزیلەتێکی لەڕادەبەدەر مەزن، دەتوانێ بەهێزی ویستی خۆی ... ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ فەزیلەتی یەزدانیدا هەبێت، بگاتە لوتکەی فەزیلەت و دەستی بگاتە پلە بەرزەکان)). بابەتی گیانی رێزپەریان لەڕادەبەدەر (نائاسایی) کە توانای رزگارکردنی خۆی- و رەنگە ئەوانیتری - لەژێر سەیتەرەی یاسای گشتی چارەنووس هەیە، لە بەشی هەشتەم دا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت) پێشتر لە دایالۆگی یاساکان دا، ئەفلاتون تیۆری خۆی سەبارەت بە گۆڕان بەم چەشنە کورت دەکاتەوە: هەموو گۆڕانێك بەهەرشێوەیەك بێ، جگە لە گۆڕانی شتی خراپ، دژوارترین مەترسییەکە کە دەکرێ یەخەی

5. Laws
6. Soul
7. Level of rank
8. infernal regions



هەموو شتێك بگرێ- بەبێ وەبەرچاو گرتنی ئەوە کە گۆڕانی وەرز بێت یان با یان گۆڕانی رژێمی خۆراکی یان ئاڵوگۆڕی خەسڵەتی گیانەکی)) و بۆ جەخت کردنی زیاتر درێژەی پێدەدات: ((ئەم وتەیە هەموو شتێك دەگرێتەوە، تەنیا هەروەك ئێستا وتمان، جگە لە شتە خراپەکان)). بەکورتی بەپێی رێنماییەکانی ئەفلاتون، **گۆڕان شەڕ و وەستان یەزدانییە.**

ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە تیۆری ئەفلاتون لەبارەی فۆڕم یان ئایدیا پێویستی بە بوونی رەوتێکە لە گۆڕانکاری ئەم جیهانە رەوانە و دەگاتە ئەو یاسایەی کە دەبێ لە جیهاندا بۆ گەندەڵی شیانی هەموو شتەکانی بەردەوام زیاد بکات. ئەو یاسایە هێندە یاسای فراوان بوونی جیهانگیریی گەندەڵی نییە بەڵکو یاسا زیاد بوونی بۆ گەندەڵی شیانە. مەترسی یان ئەگەری گەندەڵی زیاد دەبێت بەڵام ئاڵوگۆڕی ریزپەڕیش بە ئاڕاستەی پێچەوانە دەرفەتی هاتنە ئارای هەیە. بەم جۆرە، هەروەك لە داوین پارچەی وەرگێراودا بینیمان، لەوانەیە گیانێکی زۆر باش لە بەرانبەر گۆڕان و داڕماندا رابوەستێ و شتێکی زۆر خراپ، بۆ نموونە شارێك کە تووشی شەڕ هاتووە، لە رێگای ئەو گۆڕانەی کە تێیدا پێك دێت باشتر ببێت. (بۆ ئەوەی ئەم جۆرە باش بوونە بایەخی هەبێت، دەبێ هەوڵ بدەین بیکەینە هەمیشەیی، واتە هەموو جۆرە گۆڕانێکی زیاتر رابگرین).

ئەو داستانەی کە ئەفلاتون لە تیمایۆس سەبارەی بە بنەچەی جۆرەکان[٩] دەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەو تیۆرە گشتییە بە تەواوی هاجووتە. بەپێی ئەم چیرۆکەن مرۆڤ کە بەرزترین گیانلەبەرە بەدەستی خواوەندەکان دێتە بوونەوە. جۆرەکانی دیکەی گیانلەبەران لە درێژەی رەوتی گەندەڵی و نابوودی لەوەوە سەرچاوە دەگرن. لە سەرەتادا، هەندێ لە پیاوەکان- واتە ترسنۆك و بەدکارەکان- بەرەو پووچی و نابوودی دەڕۆن دەگۆڕێن بۆ ژن. ئەوانەی لە دانایی بێ بەهرەن، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئاژەڵی نزمتر دادەڕمێن. باڵندەکان لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری ئادامیزادە بێ ئازار بەڵام خەمساردەکان کە لەڕادەبەدەر پشت بە هەست پێکراوەکان دەبەستن، دروست دەبن. ((گیانلەبەرانی وشکایی لەو مرۆڤانەی کە هیچ چەشنە هۆگرییەکان بە فەلسەفە نەبووە، چێ بوونە))، و ماسییەکان و یەك لەوان ماسی سەدەف ((دەرەنجامی داڕمانی نەزانترین و گەمژەترین و ... بێ بایەخترین)) مرۆڤەکانە{٤}.

9. origin of species

ئاشکرایە ئەم تیۆرە بەسەر کۆمەڵگای مرۆیی و مێژووەکەیدا دەچەسپێت و یاسای رەشبینانەی هسیۆدۆس[٥] سەبارەت بە گۆڕانکاری، واتە یاسای داڕووخانی مێژوویی، روون دەکاتەوە. ئەگەر بڕوا بە گێڕانەوەکەی ئەرستۆ بکەین (کە لە بەشی پێشوودا کورتەکەی خرایە بەرچاو)، تیۆری فۆڕم یان ئایدیا لە بنەڕەتدا بە مەبەستی چارەسەری نیازێك لە میتۆدۆلۆژی، واتە نیازی ناسینی ئەبستراکت یان عەقڵی کە لەمەڕ شتە هەست پێکراوە رەوانەکاندا ئاستەمە، بەکارهاتووە. بەڵام ئێستا بۆمان دەردەکەوێ ئەو تیۆرەی ئاماژەمان بۆ کرد کارێکی لەمە زیاتر ئەنجام دەدات. جگە لەم نیازە میتۆدیە، تیۆرێك لەبارەی گۆڕانەوە دەدا بەدەستەوە. ئاڕاستەی گشتی رەوانی هەموو شتە هەست پێکراوەکان و لە رێگای ئەوەوە، مەیلی مێژوویی بەرەو نابوودی کە لە مرۆڤ و کۆمەڵگادا دەبینرێت، روون دەکاتەوە. (تەنانەت لەمەش زیاتر دەچێتە پێش و هەروەك لە بەشی شەشەمدا دەبینین، رەوتی خواستە سیاسییەکانی ئەفلاتون و ئامرازەکانی دابین کردنیان دیاری دەکات). بەبڕوای من، فەلسەفەی ئەفلاتون و فەلسەفەی هێراکلتیوس، لەو شتەی کە ئەم دووانە لە پانتایی کۆمەڵگادا ئەزموونیان کرد سەرچاوە دەگرێ، بەتایبەتی لە ئەزموونی جەنگی چینایەتی و هەستی زەبوونی لە بەرانبەر لە بەریەك هەڵوەشانی جیهانی کۆمەڵایەتی. ئەگەر وابێت، ئەو کات دەتوانین لەوە تێبگەین کە بۆچی تیۆری فۆڕمەکان پشکێکی گرنگی ئەوتۆی لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا بە دەست هێنا، کاتێك پەی بەوە برد کە ئەم تیۆرەی ئەو توانای روون کردنەوەی رەوتی داڕمانی هەیە. گومانی تێدا نییە کە دەبووایە ئەو وەکو رێگا چارەیەکی لوغزاوی زۆر سەرسوڕهێنەر پێشوازی لێ کردبێت. هێراکلیتوس نەیتوانیبوو رەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان راستەوخۆ لە ڕووی ئەخلاقییەوە مەحکوم بکات، بەڵام ئەفلاتون لە تیۆری فۆڕمەکاندا، بنەمایەکی بیردۆزی بۆ داوەرییە رەش بینانەکەی بەشێوەی هیسیۆدۆس پەیداکرد.

بەڵام مەزنی ئەفلاتون وەکو کۆمەڵناس لە تێڕامانە گشتی و ئەبستراکتەکانی سەبارەت بە یاسای داڕووخانی کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو لە دەوڵەمەندی و وردەکاری تێبینییەکانی و لە تیژی پێژنە کۆمەڵناسانەکەی دایە. ئەو شتگەلێکی دەبینی کە پێشتر سەرنجیان نەدرابۆیە و تا بەر لە سەردەمی ئێمە هیچ کەسێك دووبارە کەشفی نەکردبوون. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە تیۆرییەکەی لە هەمبەر سادەیی کۆمەڵگای مرۆیی لە قۆناغە سەرەتاییەکان و باوکسالاری[١٠]

10. patriarchy



خێڵەکی و بەشێوەیەکی گشتی، هەوڵەکانی بۆ کێشانی هێڵە سەرەکییەکانی قۆناغە جۆرییەکان لە پەرسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکەین. نموونەیەکی دیکە، مێژووگەرایی کۆمەڵناسانە و ئابوورییەکەیتی و هەروەها جەخت کردنی لەسەر زەمینە و پێشینەی ئابووری ژیانی سیاسی و گەشە و گۆڕانکاری مێژووییە، ئەو تیۆرەی کە لە ژێر ناوی ((ماتریالیزمی مێژوویی))[١١] دواتر دووبارە بەهۆی مارکسەوە زیندووکرایەوە. نموونەی سێهەم، یاسایەکی زۆر سەرنج راکێشە کە ئەفلاتون سەبارەت بە شۆڕشە سیاسییەکان دەیدا بە دەستەوە و بە پێی ئەم یاسایە، مەرجی هەر جۆرە شۆڕشێك، پەرتەوازەیی و ناکۆکی نێو چینی دەسەڵاتدار ((یان گروپی (نوخبە یان بژاردەکان) ))[١٢]ە. ئەم یاسایە بناغەی شیکردنەوەکانیەتی بۆ ئامرازەکانی وەستاندنی گۆڕانکاری سیاسی و پێك هێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و بەم دواییانە لەلایەن تیۆریسیەنەکانی تۆتالیتاریزم، بە تایبەتی پارێتۆوە[١٣]، سەرلەنوێ کەشف کراوەتەوە.

ئێستا خەریکی توێژینەوەیەکی چڕتر دەبم سەبارەت بەم خاڵانە، بەتایبەتی خاڵی سێهەم، واتە تیۆری تایبەت بە شۆڕش و هاوسەنگی.

## ٢

ئەو دایالۆگانەی کە ئەفلاتون تێیاندا تاوتوێی ئەم بابەتانە دەکات لە رووی زەمەنییەوە بریتیین لە کۆمار و دواتر دایالۆگێك کە ماوەیەکی درێژ دوای ئەم نووسیویەتی، بەناوی سیاسەتمەدار (یان پۆلیتیکۆس) و پاشان دایالۆگی یاساکان کە دواین و درێژترین بەرهەمی ئەفلاتونە. سەرەڕای هەندێ جیاوازی بچووك، ئەو سێ دایالۆگەی ئاماژەمان بۆ کرد لە زۆر شتدا بەیەك دەچن، لە هەندێ رووەوە هاوتەریب لەگەڵ یەکدا بەرەو پێش دەچن و لەسەرجەم لایەنەکانی دیکەوە تەواوکاری یەکترن. بۆ نموونە، لە یاساکان[٦]دا، چیرۆکی داڕووخان و تەپینی کۆمەڵگای مرۆیی لە چوارچێوەی شیکردنەوەیەك سەبارەت بە قۆناغی بەر لە مێژووی یۆنان دەخاتەڕوو کە چۆن ئەم سەردەمە بەبێ وەستان و لێك پچڕان وردە وردە لەگەڵ قۆناغی مێژوویی دا ئاوێتە دەبێت. لە پارچەیەکی هاوشێوە لە کۆماردا، بە چەشنێکی ئەبستراکتتر، کورتەیەکی رێکوپێك لە رەوتی گەشە و گۆڕانکاری حکومەت بەدەستەوە دەدات. لە

11. historical materialism
12. elite

١٣. Vilfredo Pareto (١٨٤٨ ـ ١٩٢٣). کۆمەڵناسی ئیتاڵی.

سیاسەتمەدار، کە دیسان دایالۆگێکی گشتیترە، جۆرەکانی حکومەت، تەنیا بە چەند ئاماژەیەك بۆ رووداوە مێژووییەکان کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، لە ڕووی لۆژیکیەوە پۆلێن کراوە. هەر بەم جۆرە، لە یاساکاندا لایەنی مێژووگەرایی توێژینەوەکە بە چەشنێکی زۆر روون فۆرمۆڵبەندی کراوە. ئەفلاتون دەپرسێ: ((نموونەی بەرایی[١٤] یان چاوگی دەوڵەت چییە؟)) و لەم رێگەیەوە پرسەکە بە بابەتێکی ترەوە پەیوەست دەکات کە بەم جۆرە دەهێنرێتە بەر باس: ((ئایا باشترین رێبازی دۆزینەوەی وەڵام بۆ ئەم پرسیارە ئەوە نییە کە ... گەشەی دەوڵەتەکان، هەر بەو چەشنە کە بە ئاڕاستەی باشی یان خراپی دەگۆڕین بخەینە ژێر تیڕوانینەوە؟)) تەنیا جیاوازی گەورە لە چوارچێوەی ڕێنماییە کۆمەڵناسییەکان کە وادێتە بەرچاو ئەفلاتونی تووشی دڵەڕاوکێ کردبێت، بەڕواڵەت هۆبەندی گرفتێکی بیردۆزییەو بەس. ئەو خاڵی دەسپێکی گۆڕانکاری، دەوڵەتێکی تەواو کاملێ، و هەر بۆیە بۆ گەندەڵی نەشیان، بەگریمانە وەردەگرێ. لەم روویەوە، کاتێك گەڕەکیەتی یەکەمین گۆڕان، واتە وەك دەڵێن، دابەزینی مرۆڤ[١٥] روون بکاتەوە، کە هەموو شتێك لەوەوە دەستی پێکردووە، لەگەڵ دژواری بەرەو روو دەبێت{٧}. لە بەشی دواتردا، زیاتر ئاگاداری هەوڵەکانی ئەفلاتون دەبین بۆ ئەم گرفتە. ئێستا دەمەوێ لە ڕوانگەیەکی گشتییەوە سەیری تیۆرییەکەی سەبارەت بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بکەم.

بەپێی ئەوەی لە کۆماردا هاتووە، شێوەی سەرەتایی و سەرەکی کۆمەڵگا کە لە هەمان کاتدا لە هەموویان زیاتر بە ئایدیا یان فۆڕمی دەوڵەت، واتە ((باشترین دەوڵەت)) دەچێت، ﴿دەوڵەتی﴾ پاشایەتی داناترین و خوائاساترین پیاوەکانە. ئەم دەوڵەتشارە ئایدیالی یان نموونەییە بە رادەیەك لە تەواوی نزیکە، چەتونە دەرکی ئەوە بکەین چۆن هەرگیز ممکینە بگۆڕێت. لەگەڵ ئەمەشدا، گۆڕان روو دەدات و وێڕای ئەو، ئەو دژایەتییەی کە هێراکلیتوس باسی دەکرد، واتە هێزی پاڵنەری هەر چەشنە جوڵەیەك، دروست دەبێت. بەپێی بۆچوونی ئەفلاتون، شەڕخوازی ناوخۆیی و جەنگی چینایەتی، کە وروژێنەرەکەی قازانجی تاکە کەسی و بەتایبەتی قازانجی تاکە کەسی ماددی یان ئابوورییە، هێزی سەرەکییە لە ((دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی))دا. رێسای مارکس سەبارەت بەوە کە ((مێژووی هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە

١٤. Archetype گۆیا پێشینان ئەم وشەیان بە "نموونە بەراییەکان ـ انموذج الاوایل" وەرگێڕاوە. بەنموونەی بالاّ یان رۆحانی یان خەسڵەتی بنچینەییش بەکارهاتووە.

15. Fall of man



تاکو ئێستا بوونیان هەبووە، مێژووی خەباتی چینایەتییە{٨})) دەتوانین بڵێین هەر بەو باشییەی کە لەگەڵ مێژووگەرایی مارکس دا دەگونجێت لەگەڵ مێژووگەرایی ئەفلاتونیش دا هاوجووتە. ئەفلاتون چوار قۆناغ یان چوار ((رێ نیشاندەر)) کە ((لە مێژووی لەناوچوونی سیاسی))دا لە هەموویان بەرچاوترن و لە هەمان کاتدا وەك ((گرنگترین ... بەشی دەوڵەتە مەوجودەکان)) حسێب دەکرێن، بەشێوەی لای خوارەوە وەسف دەکات. سەرەتا، دوای دەوڵەتی کاملێ، ((تیموکراسی))[١٦] دێت، واتە حکومەتی ئەو نەجیبزادانەی کە خوازیاری ناوبانگ و شانازین. دووەمیان، ئولیگاریشیە، واتە حکومەتی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان (( لە پلەی دواتردا، دێموکراسی لە دایك دەبێت))، واتە حکومەتی ئازادی کە بە مانای بێ یاسایی دێت و لە دوای هەمووان ((ملهوڕی کە ... چوارەمین و دواین نەخۆشی شارە[١٧]{١٠})).

هەروەك لە دواین وتە وەرگیراوەکەوە بۆمان دەردەکەوێ، ئەفلاتون مێژوو، کە لە روانگەی ئەوەوە مێژووی دارمان و داڕزانی کۆمەڵایەتییە، وەك کورتە مێژووی نەخۆشی سەیری دەکات. نەخۆشەکە کۆمەڵگایە و هەروەك دواتر بۆمان دەردەکەوێ، پیاوی سیاسی یان سیاسەتمەدار دەبێ لە ئاستی پزیشك دابێت- واتە شەفادەر و رزگاریبەخش. بەڵام هەروەك چۆن وەسفی جۆریی پێشڤەچوونی نەخۆشیەك هەمیشە لەمەڕ هەموو نەخۆشێکی تایبەتدا راست دەرناچێت، تیۆری ئەفلاتونیش سەبارەت بە داڕمانی کۆمەڵایەتی بەو نیازە نەخراوەتەڕوو کە سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی هەموو شارێکی تایبەت راست بێت. لەلایەکەوە، مەبەستەکە وەسفی رەوتی گۆڕانکاری سەرەکییەکە لە هەناویدا شێوە بنەڕەتییەکانی دارووخان هەر لەسەرەتادا لە میزاجی شاردا، پێك هاتن و لەلایەکی ترەوە، شیکردنەوەی رەوتی جۆرە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتییە{١١}. هەروەك تێبینی دەکرێ، ئامانجی ئەفلاتون بریتییە لە خستنەڕوویەکی

١٦. Timarchy یان timocracy (لە یۆنانی timokratia وەرگیراوە کە پێکهاتووە لە time (= رێز، بەها، پلەوپایە، شانازی)+ Kratia) ئەم زاراوەیە لەفەلسەفەی سیاسی ئەرستۆدا بەمانای قۆناغێکە لەپەرەسەندنی سیاسی کە تێیدا شانازی و پلەوپایە پەیوەست دەبێ بە سامان، بەڵام لای ئەفلاتوون مەبەست رەوشێکە کە تێیدا ئەڤینی پلەوپایە خوازی و ناوبانگ پرەنسیپی باڵادەستی بان هەموو شتەکانە.

١٧. ئەوە دەخەینە بیری خوێنەران کەلە هەر جێگەیەکی دەقەکەدا وشەی "شار" قسەی لەسەرکرا مەبەست مانا بەرفراوانەکەیەتی بەواتای "وڵات" یان "مەدینە"، هەروەك ئیبن سینا لە دانشنامە علائی لەمەڕ "زانستی تەدبیری شار" یان "زانستی چۆنیەتی سیاسەتەکان" دەئاخڤیت.

ڕێکوپێکی قۆناغە مێژووییەکانی پاشکۆی یاسای پەرەسەندن. بەجۆرێکی تر، ڕوانگەکەی، تیۆرێکی مێژووگەرایانەیە سەبارەت بە کۆمەڵگا. ئەم هەوڵە دواتر لەلایەن ڕۆسۆوە بوژێنرایەوەو بە دەستی کۆنت و میل و هێگل و مارکس تەشەنەی پێ درا. بەوە بەرچاوگرتنی ئەو بەڵگانەی کە لەو سەردەمەدا لەمەڕ مێژووەوە لەبەردەست دابوونە، بۆماندەردەکەوێ کە سیستەمی ئەفلاتون سەبارەت بە قۆناغە مێژووگەراییەکان هیچی کەمتر نییە لە سیستەمی مێژووگەرا نوێیەکانی ئێستا. (جیاوازی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی ڕەوتی مێژوودایە. ئەفلاتونی ئەرستۆکرات ئەو گۆڕانکارییەی خەریکی وەسف کردنیەتی مەحکوم دەکات، لە کاتێکدا نووسەرانی ئەمڕۆکە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە یاسای پێشکەوتنی مێژوویی هەیە، ستایشی دەکەن).

بەر لەوەی باسێکی چڕوپڕ لەمەڕ دەوڵەتی تەواوی ئەفلاتون بکەین، شیکردنەوەیەکی سەرپێی دەخەینەڕوو لەسەر شیکردنەوەکانی بۆ ڕۆڵی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی چینایەتی لە پرۆسەی گواستنەوەی هەر کام لە چوار شێوە دارماوەکەی دەوڵەت بۆ شێوەیەکی تر. یەکەمین شێوە کە دەوڵەتی تەواو بۆی دادەڕمێ، تیمۆکراسییە، واتە حکومەتی نەجیبزادە پلە خواز و ناوبانگ ویستەکان کە ئەفلاتون دەڵێت، دەتوانین بێژین، لە هەموو ڕوویەکانەوە وەکو دەوڵەتی تەواوە. سەرنج دان لەم خاڵە گرنگی خۆی هەیە کە ئەفلاتون ئەو باشترین و کۆنترین دەوڵەتەی نێو دەوڵەتەکان، بەڕاشکاوی وەك هاوجووتی حکومەتی ((دۆریان))[18]ی ئیسپارت و کرێت دەناسێنێ. هەروەها پێویستە ئاگادار بین کە ئەم دوو حکومەتە ئەرستۆکراتی خێڵەکییە، هەر بەڕاستی دەربڕی کۆنترین شێوەی مەوجودی ژیانی سیاسی بوو لە یۆناندا. بەشی هەرە مەزنی وەسفە بەرزەکانی ئەفلاتون لە دەزگاکانی ئەم دوو دەوڵەتشارە وێرای پەسنەکانی سەبارەت بە

١٨. Dorian ـ خەڵکی دۆری یان دۆرینەکان (Dorians). "یەکێکە لەهۆزە کۆنەکانی خەڵکی یۆنان، کە ناوەکەیان بۆ باوانی ئەفسانەیی خۆیان واتە دۆروسی کوڕی هێلین دەگەڕێتەوە. لەبنەڕەتدا لە دەڤەرە کوێستانییەکانی ئیپروس و باشووری ڕۆژئاوایی مەقدۆنیا بوون و لەنێوان ١١٠٠و ٩٥٠ بەر لەزایین بەرەو یۆنانی ناوەندی کۆچیان کردووە و ئاخاییەکانیان تێك شکاند و لە پلۆپۆنیزدا نیشتەجێبوون و دەوڵەتە شاری ئسپارتیان دامەزراند. بەخێرای نفووزی خۆیان لەکرێت بەرفراوان کرد... دۆرییەکان خەڵکێکی دواکەوتوو و نەزان بوون و لەگەڵ هاتنیان بۆ یۆنان کەلتووری پێشووی یۆنان بەتەواوی لەناوچوو و قۆناغی داڕووخان دەستی پێکرد..." دایره المعارف فارسی.



باشترین و تەواوترین دەوڵەت هاتووە کە گوایە تیمۆکراسی هێندە بەو دەچێت. (لەڕێگەی ئەم تیۆرەوە لەمەڕ پێکچوونی نێوان ئیسپارت و دەوڵەتی تەواو، ئەفلاتون بوو بە یەکەمین جاڕدەری ئەو شتەی کەمن ناوم ناوە ((ئەفسانەی گەورەی ئیسپارتە)) واتە ئەو ئەفسانە پایەدار و بەنفوزی لەمەڕ باشێتی سیستەمی حکومەت و شێوزای ژیانی ئیسپارتە داڕێژراوە).

جیاوازی سەرەکی حکومەتی ئایدیالی و تیمۆکراسی ئەوەیە کە تیمۆکراسی هەڵگری ڕەگەزێکی نا سەقامگیرییە. چینی باوکسالاری دەسەڵاتدار کە سەردەمێك یەکگرتوو بوو، ئێستا تووشی ناکۆکی هاتووە و ئەم پەرتەوازەییە هەنگاوی دواتری واتە داڕووخان بەرەو ئۆلیگاریشی لێ دەکەوێتەوە. هۆکاری ناکۆکی پلەخوازییە. هەروەك ئەفلاتون لە وتووێژ لەسەر یەکێك لە تیمۆکراتە لاوەکان دەڵێ: ((سەرەتا گوێبیستی ئەوە دەبێت کە دایکی لەبەر ئەوەی مێردەکەی لە ریزی فەرمانڕەواکان نییە گلەیی دەکات...[12])) بەم جەشنە، لاوەکە روو دەکاتە پلەخوازی و ئارەزووی وەدەست هێنانیئیمتیاز و شانازی لەسەری دەدات. بەڵام ئەوەی لە پێکهێنانی گۆڕانی دواتردا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، مەیلی ڕکەبەرایەتی و زێدەخوازانەی کۆمەڵایەتییە. ئەفلاتون دەڵێت: ((پێویستە ڕوونی بکەینەوە چۆن تیمۆکراسی بەرەو ئۆلیگاریشی گۆڕانی بەسەر دادێت... تەنانەت کەسێکی کوێریش دەتوانێ ببینێ چۆن دەگۆڕێت... خەزێنەیە کە ئەم جۆرە حکومەتە خراپ دەکات. {تیمۆکراتەکان} سەرەتا هەل بۆ ڕواڵەتفرۆشی و دەست بڵاوی دەڕەخسێنن و بۆ ئەم مەبەستە یاساکان ئاوەژوو دەکەنەوە و خۆیان و هاوسەرەکانیان سەرپێچی لە یاسا دەکەن... و هەوڵدەدەن وە پێش یەکتر بکەونەوە)). بەم چەشنە، یەکەمین دژایەتی چینایەتی سەرهەڵدەدا، دژایەتی لە نێوان فەزیلەت و پارە، لە نێوان شێوازە دێرین و ڕیشەدارەکان کە هەڵقوڵاویی سادەیی دەرەبەگایەتین و ڕێورەسمی تازەی پارە و سامان. گوازرانەوە بەرەو ئۆلیگاریشی کاتێك دەگاتە تەواویەتی خۆی کە دەوڵەمەندەکان یاسا دادەڕێژن و ((هەموو ئەو کەسانەی کە داراییان ناگاتە ڕادەیەکی دیاریکراو بەبێ بەری لەمەرجی پێدانی پلەو پایەی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی ڕادەگەیەنن. ئەگەر هەڕەشەو باجخوازی کاریگەری نەبوو، ئەم گۆڕانە بە زەبری چەك دەسەپێنرێت...)).

لەگەڵ دامەزرانی ئۆلیگاریشی، دەگەینە حاڵەتی ماتە جەنگی ناوخۆیی نێوان ئۆلیگارکەکان و چینە دەست کورتەکان: ((هەر بەو چەشنە کە جەستەیەکی نەخۆش... هەندێ جار لەگەڵ خۆیدا لە دژایەتی دایە... شاری نەخۆشیش ئاوهایە. تووشی نەخۆشی دەبێ و هەر کاتێ ئەم دەستە

یان ئەو دەستە سەرکەوتوو بوون لە وەرگرتنی یارمەتی دەرەکی- دەستەیەك لە شارێك کە خاوەنی سیستەمی ئۆلیگاریشییە و دەستەیەکی دیکە کە دیموکراسییە- شاری نەخۆش دەکەوێتە جەنگ لەگەڵ خۆیەوە. ئایا وارێك ناکەوێ کە هەندێ جار ئەم دەوڵەتە نەخۆشە تەنانەت بەبێ یارمەتی دەرەکی خەریکی شەڕی ناوخۆیی ببێت؟))[١٣] . دیموکراسی منداڵی ئەم شەڕە ناخۆییەیە: ((دیموکراسی کاتێك لەدایك دەبێ... کە دەستکورتەکان زاڵ دەبن، هەندێکیان دەکوژن... ئەوانیتر وەدەردەنێن و مافی هاووڵاتی و پلەو پایەی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ ئەوانیدی دابەش دەکەن...)).

وەسفی ئەفلاتون بۆ دیموکراسی، گاڵتەجاڕییەکی روون و زیندووە بەڵام بە توندی دوژمنانەو نادادپەروەرانەیە لە ژیانی سیاسی ئەسینا و لە بنچینە و مەبەستی دیموکراسی- ئەو مەبەستەی کە پریکلس سێ ساڵ پێش لەدایك بوونی ئەفلاتون بە چەشنێکی ئەو تۆ دایڕشتبوو کە لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا هیچ کەسێك لێی تێنەپەڕاندووە. (بەرنامەی پریکلس لە خوارتر، لە بەشی دوازدەهەم توێژینەوەی لەسەر دەکرێ[١٤]). شی کردنەوەی ئەفلاتون پڕوپاگەندەیەکی سیاسییە لەو پەڕی تەڕدەستی دا، کاتێك دەزانین چ زەرەر و زیانێکی گەیاندووە کە بۆ نموونە سەیر دەکەین پیاوێکی وەکو ئادام[١٩]-ی زانا و توێژەری بەرجەستە و ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ کۆمار کردووە، ناتوانێت لەبەرانبەر رەوانبێژی ئەفلاتون لە قێزەون کردنی زێدەکەیدا رابوەستێ و دەنووسێ[١٥]: ((پەسنی ئەفلاتون بۆ چۆنییەتی هاتنە بوونی مرۆڤی دیموکرات یەکێکە لە پاشایانەترین و بەرزترین سەرچاوەکانی سەرانسەری ئەدەبیاتی کۆن و نوێ)). و کاتێك هەر ئەم نووسەرە لە درێژەی وتەکانیدا دەنووسێ: ((وەسفی مرۆڤی دیموکرات هەروەکو بوونەوەرێکی گوڵە بەرۆژ سیفەتی ﴿یان مارمێلکەئاسا (chameleon)﴾ کۆمەڵگای مرۆیی، **تا ئەبەد رەنگی ئەو دیاریدەکات**)) ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەفلاتون توانیویەتی لانی کەم ئەم بیرمەندە لە دژی دیموکراسی بوروژێنێ و لە خۆمان دەپرسین نووسینە ژەهراوییەکانی کاتێ مەیدانیان بۆ چۆڵ بووەو بێ بەرەنگاری خراونەتە زەینە لاوازترەکانەوە، تا چ رادەیەك زیانی گەیاندووە...

وا دێتە بەرچاو کە هەر کاتێ شێوازی نووسینی ئەفلاتون وەك ئادام[١٦] دەڵێت، دەگۆڕی بۆ ((شەپۆلێك لە پێك چوواندن و میتافۆر و هزر و وشەی بەرز))، رێك هەر ئەو کاتەیە کە زۆر بە

19. J.Adam



توندی پێویستی بە باڵا پۆشێك هەیە بۆ ئەوەی شڕەکانی بەڵگەخوازی، یان تەنانەت هەروەك نموونەی ئێستا، نەبوونی بەڵگەی عەقلانی بۆ داپۆشێت. لە جیاتی بەڵگەخوازی عەقڵی، جوێن دەدات، سەربەستی (اختیار) لەگەڵ بێ یاسایی، ئازادی و بێ بەندوباری و یەکسانی لە بەرانبەر یاسادا لەگەڵ پشێوی وەك یەك پێشان دەدات. دیموکراتەکان وەکو کەسانێکی هەرزەکار، رژدوچنۆك، هەڵەشە، یاسا شکێن، بێ شەرم، ئاژەڵی وەحشی، دڕندەخوو عەوداڵی تێرکردنی هەواو هەوەسەکان، زیندوو تەنیا لە پێناو چێژخوازی و دابین کردنی خواستە ناپێویست و ناپاکەکان، وەسف دەکات. {هەر ئەم واتایە، هێراکلیتوس بەم دەستەواژانە دەربڕی بوو کە ((وەکو چوارپێیەکان ورگیان دەئاخنن))}. تاوانباریان دەکا کە ((حورمەت راگرتن بە نەزانی...خۆپارێزی بە ترسنۆکی... میانەڕۆیی و رێکوپێکی لە خەرج کردن بە چاوچنۆکی و بێ ئەدەبی ناوزەد دەکەن))[١٧] و پاش ئەوەی لافاوی جوێنە رەوانبێژییەکانی هێدی هێدی دەنیشێتەوە، دەڵێت: ((دیسان لەم جۆرە شتە بچووکانە بەرچاو دەکەوێت مامۆستا لە قوتابیەکانی دەترسێت و مەراییان بۆ دەکات... و پیرەمێردەکان لەگەڵ گەنجەکاندا بەسەبرن و لەگەڵیان دا هەڵدەکەن... بۆ ئەوەی وەك خوێنتاڵ و ستەمکار نەیەنە بەرچاو)). ئەو کەسەی ئەم وتانە دەخاتە دەمی سوقراتەوە، ئەفلاتونی سەرۆکی ئاکادیمییایە. لە بیری دەچێتەوە سوقرات هەرگیز مامۆستا نەبووە و تەنانەت لە رۆژانی پیرو پەککەوتەییش هیچ کات وەکو خوێن تاڵ و ستەمکار نەهاتە بەرچاو و هەمیشە حەزی دەکرد لەگەڵ گەنجەکان، و یەك لەوان ئەفلاتونی لاو، نەك بەسەبر و هەڵکردنەوە، بەڵکو هەروەك هاوڕێ و هاونشین هەڵسوکەوت بکات. هەندێ بەڵگەمان لەبەر دەستە کە ئەفلاتون بۆ خۆی کەمتر ئامادەیی هەڵکردن و گفتوگۆی هەبوو لەگەڵ قوتابییەکانیدا. ئەفلاتون پاشان درێژەی پێ دەدات: ((لوتکەی ئەم زێدەییەی ئازادی... کاتێ دادێت کە کۆیلە کڕدراوەکان، چ پیاو چ ژن، لە هەموو روویەکەوە هەمان ئازادی خاوەنەکانیان وەدەست دێنن... شوێنەواری کەڵەکە بووی هەموو ئەمانە چییە؟ ئەوەیە کە هاووڵاتییەکان هێندە دڵیان ناسك دەبێتەوە کە تەنانەت بە بینینی دیمەنی شتێکی وەك کۆیلەیی ئازار دەچێژن و تەحەمولی ئەوەیان نییە هیچ کەسێك خۆی ببێت بە کۆیلە... بۆ ئەوەی خۆیشی ئاغایەك بەسەر سەریەوە نەبێت)). لێرەدا، سەرەنجام ئەفلاتون، هەرچەندە بەبێ مەبەست، لە بەرانبەر شاری زێدی خۆیدا، سەری رێزو کڕنۆش دادەنوێنێ. ئەمە تاکو ئەبەد وەکو یەکێك لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی دیموکراسی ئەسینا دەهێنێتەوە کە رەفتارێکی مرۆڤانە و لۆڤانی لەگەڵ کۆیلەکاندا هەبوو و سەرەڕای پڕوپاگەندەی نامرۆڤانەی هەندێ

فەیلەسوفی وەکو ئەفلاتون و ئەرستۆ، هەروەك ئەفلاتون خۆی گەواهیدەری ئەم حاڵەتەیە، زۆر لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەیی نزیك بووەوە[١٨].

ئەو وەسفەی کە ئەفلاتون لە ملهوڕیی، بە تایبەتی لە قۆناغی گواستنەوە بۆ ملهوڕی دەیکات، گەلێك بە بایەخترە، هەرچەندە سەرچاوەی ئیلهامی ئەویش رق و نەفرەتە. جەخت لەسەر ئەوە دەکات ئەو شتانەی بە چاوی خۆی بینیوە کە وەسفیان دەکات[١٩]. بێ گومان ئەمە ئاماژەیەکە بەوەی کە لە دەربارەی دیۆنوسیۆسی گەورە، واتە ملهوڕی سیراکۆز، ئەزموونی کردبوو. ئەفلاتون دەڵێت گوازرانەوە لە دیموکراسییەوە بەرەو حکومەتێکی ملهوڕانە بە ئاسانترین شێوە بەدەستی رێبەرێکی جەماوەری ئەنجام دەدرێت کە شارەزای رێگای سوود وەرگرتن لە دژایەتی نێوان دەوڵەمەند و دەستکورتەکانە لە دەوڵەتی دیموکراتیکدا و سەرکەوتوو دەبێت لەوەی پاسەوانی تاکە کەسی یان سوپایەکی تایبەتی بۆ خۆی دروست بکات. ئەو خەڵکەی کە سەرەتا وەکو قارەمانی ئازادی سڵاو و ستایشیان بۆ دەنارد، هێندە نابات دەکەونە داوی کۆیلایەتییەوە و لە پاش ئەوە ئیدی دەبێت ((لە جەنگە یەك لە دوای یەکەکاندا کە ئەو بە ناچاری هەڵیان دەگیرسێنێ... چونکە دەبێ ئەو هەستە لە خەڵکدا دروست بکات کە پێویستیان بەسەرکردە و سەردار هەیە)) شەڕی بۆ بکەن[٢٠]. کە ملهوڕی سەری هەڵدا، دەوڵەت دەگاتە زەبونترین و پووچترین قۆناغ.

تاوتۆی کردنێکی هاوشێوەی ئەمە لە شێوازە جیاجیاکانی حکومەت لە سیاسەتمەداریش دەبینرێت. لەم دایالۆگەدا، ئەفلاتون لەسەر ((بنەچەو چاوگی ملهوڕان و پاشاکان و ئولیگاریشیەکان و حکومەتە ئەرستۆکراتەکان و دیموکراسییەکان)). دەدوێت[٢١]. دیسان سەیر دەکەین شێوازە جیاجیاکانی حکومەتەکان هەروەك کۆپی ساختە و کەم نرخی[٢٠] نموونەی راستەقینە یان فۆڕمی دەوڵەت روون دەکرێتەوە- واتە کۆپی دەوڵەتی تەواو کە پێوەری هەموو لاسایی کردنەکانە و دەڵێن لەسەردەمی دێرین لە رۆژگاری کرۆنوس-ی باوکی زێوس دابوونی هەبووە. یەکێك لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە ئەفلاتون لەم دایالۆگەدا شەش جۆر دەوڵەتی کەم

٢٠. debased copies. فرمانی debase لە رووی زمانەوانییەوە مانای جیاوازی هەیە کە هەندێکیان بریتین لە دابەزاندنی پێگە یان چۆنایەتی و باشیەتی و هەروەها کەم کردنەوەی نرخی پارە بەهۆی دابەزاندنی عەیار. رەنگە لەدەقەکەدا ئەم مانایە وەبەرچاوگیرابێت چونکە لەهەندێ شوێنی بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا، فۆرم یان ئایدیا بە "سەرسککە (بانکە نۆت)" چوێنراوە کە لەرووی ئەوەوە سککەکانی تر دروست دەکەن.



بایەخ جیا دەکاتەوە. بەڵام ئەم جیاوازییە گرنگ نییە بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بێنینەوە یادی خۆمان کە ئەفلاتون لە کۆماردا دەڵێت[٢٢] خشتەی ئەم چوار جۆرە حکومەتەی کە لێی دواین، گشتگیر نییە و هەندێ قۆناغی نێوانییش بوونی هەیە. لە دایالۆگی سیاسەتمەداردا، ئەم شەش جۆرە حکومەتە لێرەوە بەدەست دێت کە سەرەتا سێ جۆری حکومەت جیادەکرێتەوەك حکومەتی کەسێك، حکومەتی چەند کەسێك و حکومەتی ژمارەیەکی زۆر. پاشان هەر کامەیان بەسەر دوو جۆری لاوەکیدا دابەش دەبن کە یەکیان تاڕادەیەك باشە و ئەویدیان خراپە، بە پێی ئەوەی ئایا لاسایی ((تەنیا نموونەی راستەقینەی بنەڕەتی)) دەکاتەوە و پارێزگاری لە یاسا دێرینەکانی دەکات یان نا[٢٣]. بەم چەشنە، سێ جۆری پارێزگار یان یاسایی و سێ شێوەی گەندەڵ و بێ یاسا لێك جیادەکرێتەوە. سێ شێوەی یاسایی، بە پێی شایستەیی و بایەخییان، بریتیین لە پاشایەتی، حکومەتی ئەرستۆکراسی و دیموکراسی. بەڵام دیموکراسی دەگۆڕێت بۆ جۆرە بێ یاساییەکەی خۆی و بەهۆی دارمانی زیاتر و لە رێگای ئۆلیگاریشی، واتە حکومەتی بێ یاسای ژمارەیەکی کەم، بەرەو حکومەتی بێ یاسای تاکە کەسی، واتە ملهوڕی، دادەبەزێ کە هەروەك ئەفلاتون لە کۆماردا دەڵێت لە هەمووان خراپترە.

لە دیالۆگی یاساکان پارچەیەك بەرچاو دەکەوێ کە ئەو چیرۆکەی کە لە سیاسەتمەداردا ئاماژەی بۆ کرا، لەلایەك دووبارە دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە[٢٤] پەیوەندی پێوە هەیە و ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی ملهوڕانە، یان هەمان خراپترین و بەدکارترین دەوڵەت، پێویست ناکا کۆتایی گۆڕانکاری بێت. ئەفلاتون لەوێدا دەڵێ: ((من خوازیاری دەوڵەتێکم لە ژێر فەرمانڕەوایی ملهوڕێکی گەنج... کە بەخت یاوەری بێت و هاوسەردەمی یاسادانەرێکی گەورە بێ یان وەك رێکەوتێکی باش چاوی بەم یاسا دانەرە بکەوێت. لەوە زیاتر چی لە دەستی خوایەك دێ کە بیەوێت شارێك خۆشبەخت بکات؟))حکومەتی ملهوڕانە، واتە بەدکارترینی دەوڵەتەکان لەوانەیە بەم جۆرە چاکسازی تێدا پێك بێت. (ئەمە هاوجووتە لەگەڵ ئەو وتەیەی ناو یاساکان کە پێشتر وەرمانگرت و تێیدا هاتووە کە هەموو گۆڕانێك خراپە ((جگە لە گۆڕانی شتە خراپەکان)). تاڕادەیەك گومانی تێدا نییە کاتێ ئەفلاتون باسی یاسادانەری گەورەو ملهوڕی گەنج دەکات، هزری لەسەر خۆی و ئەو ئەزموونانەیە کە لە ملهوڕە گەنجەکان وەسەریەکی ناوە، بە تایبەتی ئەو هەوڵانەی کە بۆ چاککردنی حکومەتی ملهوڕانەی دیۆنۆسیۆسی بچووکی سیراکۆزی ئەنجامیدا. دواتر لەمەڕ ئەو ئەزموونە ناکامە دەدوێین).

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەفلاتون لە شیکردنەوەی گۆڕانکارییە سیاسییەکان، دیاریکردنی هێزی بزوێنەری هەموو جۆرە گۆڕانێکی مێژووییە. تاوتوێ کردنە مێژووییەکانی دایالۆگی یاساکان بەڕاشکاوی هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت: ((ئایا لەو ماوەیەدا، هەزاران شار کە لە ئەژمار نایەن لە دایك نەبوونە؟... ئایا هەر کامێکیان لە ژێر هەموو جۆرە حکومەتەکان دانەبووە؟... لێگەڕێن، ئەگەر بێتو بتوانم، هۆکاری ئەو هەمووە گۆڕانە بدۆزمەوە. هیوادارم بەم شێوەیە بتوانم رازی هاتنە بوون و گۆڕانی جۆرگەلی حکومەت ئاشکرا بکەم)){٢٥}. لە ئاکامی ئەم توێژینەوانەدا، ئەفلاتون پەی بەم یاسا کۆمەڵناسییە دەبات کە هێزی بزوێنەری هەموو شۆڕشە سیاسییەکان، ناکۆکی ناوەکییە- واتە جەنگی چینایەتی کە لە دژایەتی قازانجی ئابووری چینایەتی سەرچاوە دەگرێ. بەڵام ئەو رووگەیەی کە ئەفلاتون بەم یاسا بنەماییەی دەبەخشێ لەوە زیاتر دەچێتە پێش. ئەو بە دڵنیاییەوە دەڵێت کە فیتنەی ناو هەناوی چینی دەسەڵاتدار لەوانەیە بەڕادەیەك لاوازی بکا کە حکومەتەکە هەرەس بێنێ. ((هەموو گۆڕانێك لە ناو هەموو جۆرە حکومەتێك بەبێ رێزپەڕ لە نێو جۆری خودی چینی دەسەڵاتدار و تەنیا لەوەوە کە ئەم چینە دەگۆڕێ بۆ مەڵبەندی ناکۆکی، سەرچاوە دەگرێت)){٢٦}. ئەمە رێسایەکە ئەفلاتون لە کۆماردا پشتی پێ دەبەستێ و لە دایالۆگی یاساکاندا (رەنگە بەوە بەرچاوگرتنی ئەم پارچەیەی کۆمار) دەڵێت: ((چۆن حکومەتێکی پاشایی، یان هەر شێوەیەکی دیکەی حکومەت، هەرگیز دەکرێ بە دەستی کەسێك جگە لە خودی فەرمانڕەواکان وێران بکرێت؟ ئایا ئەو شتەتان فەرامۆش کردووە کە چەند رۆژ لەمەوبەر لە کاتی دوان لەسەر ئەم بابەتە باسمان کرد؟)) ئەم یاسایەی کۆمەڵناسی، لەگەڵ ئەم تێبینییە کە بەرژەوەندی ئابووری نزیکترین ئەگەری هۆکاری ناکۆکی و پەرتەوازەییە، کلیلی ئەفلاتونە بۆ کردنەوەی رەمزی مێژوو. ئەمە شیکردنەوەی ئەفلاتونە لەمەڕ هەلومەرجی پێویست بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی سیاسیش، واتە بۆ راگرتنی ئالوگۆڕی سیاسی. گریمانەکەی ئەوەیە کە ئەم هەلومەرجە لە باشترین یان تەواوترین دەوڵەتشاری سەردەمی دێریندا بووە بە حەقیقەت.



### ٣

ئەو وەسفەی کە ئەفلاتون لەمەڕ باشترین یان تەواوترین دەوڵەت دەیخاتە روو، بە زۆری وەکو بەرنامەی یۆتۆپی پیاوێکی پێشکەوتنخواز راڤە دەکرێ. سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆمار و تیمایۆس و کریتیاس دووبارەی دەکاتەوە کە خەریکی وەسف کردنی رابردووە دوورەکانە و سەرەڕای ئەوەی کە لە یاساکاندا پارچەی هاوشێوەی ئەمە بەرچاو دەکەوێ کە مەبەستە مێژووییەکانیان ئاشکرایە، کەچی دیسان زۆربەی کات گریمانەی ئەوە دەکرێ کە نیازی لە پەردەدا، وەسف کردنی ئایندەیە. بەڵام من پێم وایە مەبەستی ئەفلاتون هەر ئەوەیە کە دەیڵێت و بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی باشترین دەوڵەتەکەی- بەتایبەتی بە چەشنێك کە لە کتێبەکانی یەکەم تا چوارەمی کۆماردا شی کراوەتەوە (وەکو وەسف کردنی کۆمەڵگا بەراییەکان لە سیاسەتمەدار و یاساکاندا)- وەکو نیازێك کە لایەنی مێژوویی{٢٧} یان رەنگە پێش مێژووی هەبێ، لە قەڵەم دراوە. ئەمە لەوانەیە لە هەمبەر هەموو تایبەتمەندییەکانی باشترین دەوڵەتەوە راست بێت. بۆ نموونە، سەبارەت بە پاشایەتی فەیلەسووفەکان (کە لە کتێبەکانی پێنجەم تاکو حەوتەمی کۆماردا وەسف کراوە)، ئەفلاتون ئەوە بەبیردێنێتەوە کە ئەم حاڵەتە لەوانەیە تایبەتمەندی جیهانی فۆڕم یان ئایدیا، یان ((شاری ئاسمانی)) بێت کە لە دەرەوەی زەمەنە. ئەم جۆرە رەگەزە بە ئانقەست نامێژوویی و خواستە ئەخلاقی و سیاسییەکانیشی، دواتر دەخرێتە ژێر توێژینەوە. هەڵبەتە دەبێ دان بەوە دابنێن کە مەبەستی ئەو لە وەسف کردنی جۆرەکانی بەرایی یان دێرینی حکومەت، خستنەڕووی شیکردنەوەیەکی مێژوویی نەبووە. ئەو بێگومان خۆی دەیزانی کە دراوی (داتای) پێویستی لەبەر دەست نییە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم مەبەستە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بە بڕوای من ئەفلاتون زۆر بەجدی هەوڵی داوە بەڕادەی توانا، وێنەیەکی راستی شێوازە دێرین و خێڵەکییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێتەوە، بەڵگەیەك بۆ گومانکردن لەم بابەتە نییە، نەخاسمە کاتێ سەیر دەکەین ئەم هەوڵە لە بەشێکی زۆری شتە وردەکان دا زۆر سەرکەوتوو بووە. هەر لە بنەڕەتیشدا دەبێ وابێت چونکە ئەفلاتون لە رێگای ئایدیالیسازی سیستەمە ئەرستۆکراتی و خێڵەکییەکانی کرێت و ئیسپارتە، ئەم وێنەیەی بە دەست دەهێنا. بە هەمان تێڕوانینی تیژی کۆمەڵناسانەوە بینیبووی کە ئەو شێوازەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، نەك هەر کۆنن، بەڵکو راوەستا و بە بەرد بوو و پاشماوەی

شێوەیەکی دیسان کۆنترن کە تەنانەت لەمانەش جێگیر و پتەوتر لەسەر جێگای خۆی راوەستاوە، ئەفلاتون هەولْی داوە ئەم دەوڵەتە گەلێك کۆنە و هەر لەم روویەوە زۆر باش و زۆر جێگیرە بە چەشنێك بەرهەم بێنێتەوە، تاکو روون بکاتەوە چۆن ناکۆکی لێیەوە دوور دەخرایەوە و چۆن لە جەنگی چینایەتی خۆ دەبوێردرا و چۆن کاریگەری بەرژەوەندی ئابووری تێیدا دەگەیەنرا لانی کەم و کۆنترۆڵ دەکرا. ئەمانەن بابەتە سەرەکییەکانی ئەفلاتون لەبەرهەم هێنانەوەی باشترین دەوڵەتدا.

ئەفلاتون چۆن گرفتی خۆبواردن لە جەنگی چینایەتی چارەسەر دەکات؟ ئەگەر پێشکەوتنخواز بووایە، لەوانە بوو بیری کۆمەڵگایەکی بێ چین و یەکسانیخواز لای گەلاڵە ببوایە چونکە هەروەکو بۆ نموونە لەو کۆمیدیایەی کە لەسەر دیموکراسی ئەسینا سازی کردووە بۆمان دەردەکەوێت، هەندێ مەیلی یەکسانخوازانەی بەهێز لە ئەسنادا هەبووە، بەڵام ئەو لە هەولْی دروست کردنی دەوڵەتێك دانەبوو کە رەنگ بوو سەرهەڵبدات، نیازی بەرهەم هێنانی دەوڵەتێکی هەبوو کە لە رابردوودا بوونی هەبووە- واتە باوکی دەوڵەتی ئیسپارتە کە بێ گومان کۆمەڵگایەکی بێ چین نەبووە و دەوڵەتێکی کۆیلەدار بوو. کەواتە، باشترین دەوڵەتی ئەفلاتون لەسەر بناغەی سەختترین و رەقترین جیاوازییە چینایەتییەکان دارێژراوە و دەوڵەتێکە لەسەر بنەمای سیستەمی ((کاستەکان)). پرسی خۆبواردن لە جەنگی چینایەتی لە رێگای وەلانانی چینەکانەوە چارەسەر ناکرێ بەڵکو بە بەخشینی بەرزییەتێکی مەزنی ئەوتۆ بە چینی دەسەڵاتدار چارە دەکرێ کە دەرفەتی راست بوونەوە لە بەرانبەریدا بوونی نەبێت. وەکو ئیسپارتە، کە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك، بوونی مافی سیاسی و مافەکانی تر و بەدەست هێنانی فێربوون و زانیاری، تەنیا دەدرا بە چینی دەسەڵاتدار. فێربوون و پەروەردە بریتییە لە فێرکردنی پسپۆڕی لە هونەری ملکەچ و گوێڕایەڵ راگرتنی مێگەڵی مەڕ یان گایە بەڕواڵەت مرۆڤەکان. (بەرزێتی زاڵی چینی دەسەڵاتدار، تەنانەت خودی ئەفلاتونیش هەندێ نیگەران دەکات و ئەو ترسەی تێدا پێك دێنێ کە نەکان ئەندامانی ئەم چینە لە جیاتی رنینی خوری ((مەڕەکان ئازار بدەن)) و ((لەجیاتی سەگ، وەکو گورگ هەڵسوکەوت بکەن{٢٨})). ئەم بابەتە دواتر لەم بەشەدا قسەی لەسەر دەکرێ). تا کاتێك کە چینی دەسەڵاتدار یەکگرتوو بێت، دەرفەتی بەرهەڵستی لە بەرانبەر دەسەڵاتدارێتی ئەو و کەواتە، جەنگی ناوخۆیی بوونی نابێت.



ئەفلاتون لە باشترین دەوڵەتەکەیدا، سێ چین جیا دەکاتەوە: یەکەم زێرەڤانان[٢١]، دووەم یاوەرە چەکدارەکانیان یان شەڕکەرەکان[٢٢] یان جەنگاوەران[٢٣] و سێهەم چینی کرێکار. بەڵام بەکردەوە لە دوو ((کاست)) زیاتر بوونی نییە: یەکیان ((کاستی)) سەربازی- واتە فەرمانڕەوا چەکدار و پەروەردەکراوەکان- و ئەویتریان فەرمانبەرە ناچەکدار و پەروەردەنەکراوەکان یان هەمان مەڕە بەڕواڵەت مرۆڤەکان. زێرەڤانەکان ((کاستێکی)) جیاوازنین، جەنگاوەری پیر و دانان کە لە ریزی شەڕکەرەکان پلەیان بەرز بۆتەوە. ئەوە کە ئەفلاتون تەنیا ((کاستی)) دەسەڵاتدارەکان بەسەر دوو چینی زێرەڤانان و شەڕکەراندا دابەش دەکات و دابەشکردنی هاوشێوەی ئەمە بۆ چینی کرێکاران ناکات، زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تەنیا گرنگی بە فەرمانڕەواکان دەدات. کرێکار و پیشەوەر و ئەوانیتر بە هیچ چەشنێك سەرنجی ئەفلاتون بۆ لای خۆیان راناکێشن چونکە مێگەلی مرۆیین و بەس، تەنیا ئەرك یان ((فرمانیان))[٢٤] دابین کردنی نیازە مادییەکانی چینی دەسەڵاتدارە. ئەفلاتون تەنانەت کارەکە دەگەیەنێتە شوێنێك کە فەرمانڕەواکان لە داڕشتنی یاسا بۆ ئەم چینە و پرسە بێ بایەخەکانیان بێ بەری دەکات{٢٩}. ئەمە هۆی بچووکی و کەمی زانیاری ئێمەیە لەسەر چینە خوارترەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ دەنگی ئەفلاتون بە تەواوی نەشکاو نییە. لە جێگایەك دەپرسێ: ((ئایا کەسانێکی ئەوتۆ بوونیان نییە کە گیان دەدەن و تۆزقاڵێك هۆش و عەقڵیان نییە و شایستەیی هاتنە ناو کۆمەڵگایان نییە بەڵام جەستەیەکی بەهێزیان هەیە بۆ کارە قورس و تاقەت پرۆکێنەکان؟)) لەبەر ئەوەی ئەم قسە ناشیرینە بۆتە هۆی ئەم راڤەیە کە ئەفلاتون نایەڵێ کۆیلەکان بچنە شارەکەیەوە، خراپ نییە ئەوە بە بیربێنمەوە کە ئەم بۆچوونە هەڵەیە. راستە ئەفلاتون لە هیچ شوێنێك بەڕاشکاوی سەبارەت بە پلەی کۆیلەکان لە باشترین دەوڵەتی خۆیدا نادوێت و تەنانەت دەڵێت لە بەرکارهێنانی ناوی ((کۆیلە))ش چاکتر وایە خۆ ببوێرین و دەبێ کرێکارەکان بە ((نان هێنەران))[٢٥] یان تەنانەت ((سەرکارەکان))[٢٦] ناوزەد بکەین. بەڵام ئەم ئیشە هۆکاری

21. Guardiands
22. armed auxiliaries
23. Warriors
24. function
25. supporters

٢٦. employers ئەم وشەیە و وشەی پێشتریان (supporters) کە پۆپەر بۆ وەرگێڕانی دەقە یۆنانییەکە بەکاریهێناوە بۆ کەسێك کەشارەزای نووسینەکانی ئەفلاتوون نەبێت گومڕاکەرە. مەبەستی ئەفلاتوون ئەوەیە کە

پڕوپاگەندەیی لە پشتە. لە هیچ جێگەیەکدا کەمترین ئاماژە نادۆزینەوە کە بڕیارە دەزگای کۆیلایەتی هەڵوەشێتەوە یان تەنانەت هێمنتر بکرێ. بە پێچەوانەوە، ئەفلاتون تەنیا بە چاوی بێزاری و قیزەونی سەیری ئەسینیە دیموکراتە ((دڵ ناسکەکان))ی پشتیوانی بزاڤی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی دەکات. بۆ نموونەن لە وەسفی تیمۆکراسیدا کە لە باشی دا تەنیا پلەیەك لە خوار باشترین دەوڵەت دایە، ئەم بۆچوونە بە تەواوی روون دەکاتەوە و لە دوان لەسەر پیاوی تیمۆکرات دەڵێ: ((ئەو حەزی لەوەیە بە دڵڕەقییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆیلەکان دا بکات چونکە وەکو پیاوێکی پەروەردەکراو، بە سووك سەیریان ناکات)). بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا لە باشترین شاردا رەنگە پەروەردە و فێرکردنێکی بەرزتر لە پەروەردە و فێرکردنی دەوڵەتی تیمۆکراسی بدۆزینەوە، بەناچار دەبێ بگەینە ئەم دەرەنجامە کە لە باشترین شاری ئەفلاتونیشدا کۆیلەکان بوونیان هەیە، ئەوەندە نەبێ کە لە جیاتی ئەوەی بێڕەحمانە رەفتاریان لەگەڵ بکرێ، بە چەشنێکی شایستە بە سووك و پووچ لە قەڵەم دەدرێن. ئەفلاتون بەجۆرێك پاساو بۆ ئەو هەستی سووکایەتی پێکردنە دێنێتەوە و خۆی بە حەق دەزانێ کە درێژەیەکی زیاتر بە بابەتەکە نادات. ئەم دەرەنجامگیرییە بە تەواوی لەلایەن ئەم راستییەوە جەختی لەسەر دەکرێت کە هەمان پارچە لە کۆمار کە دابی باوی یۆنانییەکان لە بەکۆیلەکردنی یۆنانییەکانی دیکە دەداتە ژێر رەخنە، بە پەسەندکردنی راشکاوانەی بە کۆیلەکردنی بەربەرەکان[۲۷] کۆتایی دێت. تەنانەت ئەو ئامۆژگارییەی بۆ ((هاووڵاتییەکانمان))- واتە هاووڵاتیانی باشترین دەوڵەت- لێ دەکەوێتەوە کە ((ئەوەی ئێستا بۆ یۆنانییەکانی بە پەسەند دەزانن بۆ بەربەرەکانی بە پەسەند بزانن)). ناوەڕۆکی یاساکان و ئەو نامرۆڤانەترین هەڵوێستەی کە لەو دیالۆگەدا سەبارەت بە کۆیلەکان دەربڕدراوە، گواهیدەرێکی باشتری دەرەنجامگیرییەکەمانە.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی- و یەك لەوانە دەسەڵاتی بەرتەسك کردنی ژمارەی مێگەلی مرۆیی بۆ سنوورێك کە لەمپەری بەردەم سەرهەڵدانی مەترسی بێت- یەکراست لە دەست چینی دەسەڵاتدار دایە، پرسی پاراستنی دەوڵەت بە تەواوی بۆ پرسی پاراستنی یەکێتی ناوەکی چینی سەروەر دەگۆڕدرێت. یەکێتی حوکمڕانەکان چۆن دەپارێزرێت؟ بەهۆی پەروەردەو تەلقیناتی

لە باشترین شاردا ،فەرمانڕەوا بەجۆرێك سەیری خەڵك دەکات کە کرێیەکەی بۆ دەدەن و پێداویستییەکانی بژێوی ژیانی بۆ دابین دەکەن، هەروەك ئێستا دەڵێن کاربەدەستانی دەوڵەت "خزمەتکاری" خەڵکن.

۲۷. barbarians یۆنانییەکان خەڵکی نایونانییان بە بەربەر ناوزەد دەکرد.



دەروونی دیکەو، جگە لەمە، بەشێوەیەکی سەرەکی بە وەلانانی قازانج و بەرژەوەندی ئابووری کە رەنگە ناکۆکی لێبکەوێتەوە. ئەم پارێزگارییە ئابوورییە بەهێنانە ناوەوەی کۆمۆنیزم[۲۸] دەخرێتە ژێر چاوەدێری و بە ئاکام دەگات، واتە لە رێگای هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارێتی تایبەتی، بەتایبەتی خاوەندارێتی تایبەتی کانزا بە نرخەکان. (هەبوونی کانزای بە نرخ لە ئیسپارتە یاساغ بوو). تاکە چینێك کە پێویستە لە ناکۆکی بپارێزرێت چینی دەسەڵاتدارە و کۆمۆنیزم تەنیا ئەم چینە لەخۆ دەگرێ. پێکدادانی ژێر دەستەکان شایستەی گرنگی پێدان نییە. لەبەر ئەوەی هەموو داراییەکان ئیشتراکین، دەبێ خاوەندارێتی ژن و منداڵەکانیش هاوبەش بێت. هیچ کام لە ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار نابێ منداڵەکان و دایك و باوکی خۆیان بناسن. دەبێ خێزان نابوود بکرێت، یاخود بەجۆرێکی باشتر، سەرانسەری چینی جەنگاوەران لەخۆ بگرێ و ئەگینا ئەمەکداری خێزانی رەنگە ببێتە سەرچاوەی ناکۆکی و دووبەرەکی. کەواتە ((هەموو کەس دەبێ بەچاوی تاکی یەك خێزان سەیری هەمووان بکات))[۳۰]. (ئەم بیرە کەوا دەهاتە پێش چاو هێندەش تازە و شۆڕشگێڕانە نەبوو. نابێت ئەو بەرتەسکیانەی کە ئیسپارتە بۆ خەڵوەتی خێزانی[۲۹] دانابوو، لە بیر ببەینەوە، وەکو یاساغی شێوخواردن بەشێوەیەکی تایبەتی کە لە نووسینەکانی ئەفلاتون بەردەوام لە ژێر ناونیشانی دەزگای ((خۆراکی هاوبەش)) ئاماژەی بۆ دەکرێ). بەڵام تەنانەت خاوەندارێتی هاوبەشی ژن و منداڵەکانیش دیسان بۆ پاراستنی چینی دەسەڵاتدار لە هەموو مەترسییە ئابوورییەکان بەس نییە. گرنگە لە دەوڵەمەندی و هەژاری خۆ بوێردرێت. هەردووکیان، یەکێتی دەخەنە ژێر هەڕەشەوە: هەژاری لەبەر ئەوەی خەڵکی بۆتێرکردنی پێداویستییەکانیان بەرەو مەرایی بۆ ئامرازی شێتانە پاڵ دەنێت و دەوڵەمەندیش بە هۆی ئەوە کە زۆربەی گۆڕانەکان لە زۆری و کەڵەکە بوونی سامان سەرچاوە دەگرێ کە دەرفەتی تاقیکردنەوەی ترسناك دەڕەخسێنێ. تەنیا سیستەمی کۆمۆنیستییەکە نە شوێنێك بۆ هەژاری و نە دەرفەتێك بۆ سامانی زۆر و زەوەند دێڵێتەوە و بەرژەوەندی ئابووری دەگەیەنێتە کەمترین رادەی خۆی و یەکێتی چینی دەسەڵاتدار مسۆگەر دەکات.

دەتوانین کۆمۆنیزمی ((کاستی)) دەسەڵاتداری سەر باشترین شاری ئەفلاتون لە یاسای بنەمایی کۆمەڵناسی ئەو، واتە یاسای گۆڕان- دەربێنین. ئەم رێبازە مەرجی پێویستی سەقامگیری

28. Communism
29. Privacy of family

سیاسییەکە بەتایبەتمەندی سەرەکی ئەو لە قەڵەم دەدرێت. بەڵام ئەگەرچی مەرجێکی گرنگە، مەرجێکی کافی نییە، بۆ ئەوەی چینی دەسەڵاتدار بەڕاستی خۆیان یەکبخەن و وەکو یەك خێڵ و واتە خێزانێکی گەورە، هەست بەخۆیان بکەن، فشار لە دەرەوەش بەڕادەی پەیوەندیی نێوان ئەندامانی چین، پێویستە. دەتوانین ئەم فشارە لە ڕێگای بەرفراوان کردن و جەخت کردن لەسەر شەقاری نێوان دەسەڵاتداران و ژێر دەستەکان دابین بکەین. هەرچەندە ئەم هەستە بەهێزتر بێت کە ژێر دەستەو فەرمانبەرەکان رەگەزێکی جیاو سووکترن، هەستی یەکێتی و یەکبوون لە نێو فەرمانڕەواکان بەهێزتر دەبێت. بەم چەشنە، دەگەینە ئەو پرنسیپە سەرەکییە کە پاش هەندێ وەدواخستن رادەگەیەنرێت، کە نابێ هیچ جۆرە تێکەڵاوییەك لە نێوان چینەکاندا هەبێت. بە وتەی ئەفلاتون{٣١}: (( هەموو جۆرە جێگۆڕکێ و هاتن و چونێك لە چینەکەوە بۆ چینێکی دیکە تاوانێکی گەورەیە سەبارەت بە شار و بە حەق دەبێ وەکو قێزەونترین جۆری شەڕەنگێزی و بەدکاری لە قاوبدرێت)). بەڵام پۆڵێن کردنێکی رەق و سەختی چینایەتی ئەوتۆ دەبێ پاساوی بۆ بهێنرێتەوە و پاساوەکەی تەنیا لەسەر بنەمای ئەو بانگەشەیە دەرفەتی دامەزرانی هەیە کە دەسەڵاتدارەکان لە ژێر دەستەکان باشترن. لەم روویەوە، ئەفلاتون هەوڵدەدات لە رێگای ئەم بانگەشە لە سێ رووەوە پاساو بۆ دابەشکردنی چینەکان بێنێتەوە کە فەرمانڕەواکان لە سێ لایەنەوە بەرزترن: لە ڕووی رەگەز، لە رووی پەروەردە و فێرکردن و لە لایەنی پێوەر و پلەی بەهاکان. هەڵسەنگاندنە ئەخلاقییەکانی ئەفلاتون، کە هەڵبەتە وەکو هەڵسەنگاندنەکانی حوکمدارەکانی باشترین دەوڵەتەکەیەتی، لە بەشەکانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم، دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە. هەر بۆیە، لێرەدا تەنیا بەشیکردنەوەی بەشێك لە بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بە رەگەز و پەروەردەکردنی نەوەو فێرکردنی چینی دەسەڵاتدار وازدێنین. (بەر لەم کارە، دەمەوێ بیروباوەڕی خۆم لەم بارەیەوە روون بکەمەوە کە باشی و بەرزێتی تاکە کەسی- چ رەگەزی یان عەقڵی یان ئەخلاقی یان پەروەردەیی- هەرگیز ناتوانێت ببێتە بنچینەی داوای ئیمتیازاتی سیاسی، تەنانەت ئەگەر ئەم جۆرە بەرزێتییەش بسەڵمێت. ئەمڕۆکە بەشی زۆر خەڵکی وڵاتە شارستانییەکان دان بەوە دادەنێن کە بەرزێتی رەگەزی لە ئەفسانەیەك زیاتر نییە، بەڵام تەنانەت ئەگەر راستییەکەی سەڵماویش بێت، نابێ هەندێ مافی سیاسی تایبەتی پێك بێنێ. دەبێ هەر ئەم جۆرە چاوەڕوانییەمان لەو کەسانە هەبێ کە خودانی بەزێتی عەقڵی و ئەخلاقی و پەروەردەیین. ناتوانم ئەم هەستە لەخۆم دوور کەم کە بانگەشەی پێچەوانەی ئەمە، لەلایەن هەندێ لە بیرمەندان و ئەخلاقگەراکان تەنیا ئەوە پێشان دەدات کە پەروەردە و فێرکردنی



ئەوانە چەند ناسەرکەوتوو بووە، چونکە نەیتوانیوە لە کەموکورتی و مێشك وشکی خۆیان ئاگاداریان بکاتەوە).

## ٤

ئەگەر بمانەوێت لە بیروبۆچوونی ئەفلاتون لەمەڕ سەرچاوە و بنەچەی چینی دەسەڵاتدار و پەروەردەکردنی نەوە و بارهێنانی ئەندامەکانی تێبگەین، نابێ لە دوو خاڵی سەرەکی لە شیکردنەوەکەمان غافڵ بین. یەکەم، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەفلاتون خەریکی بەرهەم هێنانەوەی شارێکە کە پەیوەستە بە رابردوو کە لە تەك ئەمەشدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ کاتێ ئێستا پارێزراوە، بەچەشنێك کە سیماکانی هێشتا لە دەوڵەتە هەنووکەییەکان، بۆ نموونە ئیسپارتە، دەکرێ دەست نیشان بکرێن. دووەم، ئەو خەریکی بەرهەم هێنانەوەی ئەم شارەیە بەوە بەرچاوگرتنی سەقامگیرییەکەی و بۆ مسۆگەربوونی ئەم سەقامگیرییە تەنیا لەنێو چینی دەسەڵاتدار و بەتایبەتی لە یەکێتی و بەهێزییەکەی دا دەگەڕێ.

سەبارەت بە بنەچە و چاوگی چینی دەسەڵاتدار، ئەم خاڵە شایانی وتنە کە لە سیاسەتمەداردا ئەفلاتون لە کاتێکی، بەر لە زەمەنی باشترین دەوڵەتەکەی خۆی، دەدوێت و دەڵێ تێیدا: ((خوا بۆ خۆی شوانی ئادەمیزادەکان بوو و رێك هەر بەو چەشنە کە مرۆڤ تا ئێستا بەسەر گیانلەبەرەکاندا فەرمانڕەوایی دەکات، حوکمڕانی بەسەردا دەکردن و ژن و منداڵەکان هی هیچ کەسێك نەبوون)){٣٢}. ئەم وتەیە تەنیا دووبارە کردنەوەی میناندنی (تەمسیلی) شوانی دڵۆڤان نییە، بەڵکو شایستەی ئەوەیە بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەفلاتون لە یاساکاندا دەیڵێت، بەمانایەکی حەقیقیتر راڤە بکرێت. لەوێدا دەڵێ، ئەم کۆمەڵگا سەرەتاییە کە تەنانەت لە پێش یەکەمین و باشترین شاریش دایە، لە شوانی کۆچەر کە لە ژێر فەرمانی باوکسالارێك[٣٠] دابوون پێکهاتبووە. ئەفلاتون سەبارەت بە قۆناغی بەر لە یەکەمین نیشتەجێ بوون دەڵێت: ((حکومەت لە بنچینەدا بەشێوەی حوکمڕانی بەساڵاچووترین کەس سەری هەڵدا کە دەسەڵاتی خۆی لە باوك یان دایکی بە میرات بۆ مابۆوە، و ئەوانیتر هەموویان وەکو پۆلە باڵندەیەك پەیڕەوییان لێ دەکرد و بەم چەشنە یەك هۆزی سەر بە دەسەڵاتی باوکسالاری یان پاشاییان پێك دەهێنا کە لە هەموو پاشایەتییەکان دادپەروەرانەتر بووە)). پاشان دەوترێت کە ئەم خێڵە کۆچەرانە لە شارەکانی پلۆپۆنیزیۆس بەتایبەتی ئیسپارتە، نیشتەجێ بوون و بە ((دورییەکان))

30. Patriarch

ناوبانگیان دەرکرد. باش روون ناکرێتەوە کە ئەم شتە چۆن روویدا: بەڵام کاتێك کە ئاماژەیەکمان دەست دەکەوێت کە ((نیشتەجێ بوون)) لە ڕاستیدا بە مانای زاڵبوونی زەبروزەنگ ئامێز بووە، بێ مەیلی ئەفلاتون {لەڕوون کردنەوە} باشتر تێدەگەین. دوور نییە ئەمە چیرۆکی راستەقینەی نیشتەجێ بوونی دورییەکان بێ لە پلۆپۆنیزیۆس. لەم رووەوە، بەپێی هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەبەردەستمانە دەتوانین بڕوا بکەین مەبەستی ئەفلاتون لەم چیرۆکە، وەسف کردنێکی جدی رووداوەکانی پێش مێژووە-بەجۆرێکی تر، وەسفکردنی بنەچە و ریشەی رەگەزی سەروەری دوری لەلایەك و مێگەلە مرۆییەکەیان، واتە خەڵکی رەسەنی {ئەو خاکە} لەلایەکی ترەوەیە. لە پارچەیەکی هاوشێوە لە کۆماردا، ئەفلاتون لەکاتی وتووێژ لەسەر بنەچەو چاوگی ((خاکزادان))[٣١]، یان چینی دەسەڵاتداری باشترین شار، وەسفێکی ئەفسانەی بەڵام زۆر بەمانا لە داگیرکردنی {ئەم خاکە} دەدات بە دەستەوە. (ئەفسانەی خاکزادان لە بەشی هەشتەم دا لە روانگەیەکی جیاوازەوە تاوتۆێ دەکرێت). چوونە ناوەوەی سەرکەوتووانەی ئەوان بۆ ئەو شارەی کە پێشتر بە دەستی پیشەوەر و کرێکارەکان بونیاد نرابوو، بەم چەشنە وەسف دەکرێ: ((ئێستا کە خاکزادەکانمان پەروەردە و چەکدار کرد، لێگەڕێن لە ژێر فەرماندەیی زێرەڤانەکان بۆ پێشڕەوی هانیان بدەین بۆ ئەوەی بچنە ناوشار. پاشان وا دابنێ بە مەبەستی وەدەست هێنانی باشترین جێگا بۆ ئۆردوگا سەیری پەراوێز دەکەن- واتە گونجاوترین خاڵ بۆ ملکەچ کردنی دانیشتووان لە کاتێکدا ئەگەر کەسێك بیەوێت لە نێویاندا مل بۆ یاسا نەدات و هەروەها بۆ بەرگری کردن لە بەرانبەر دوژمنانی دەرەکی کە رەنگە وەکو گورگ هێرش بکەنە سەر مێگەڵ)) ئەم چیرۆکە کورت بەڵام داگیرکارانەیە لەمەڕ کۆت و ملکەچکردنی کۆمەڵەیەکی نیشتەجێ و جێگیر لە رێگای سوپایەکی جەنگاوەر و فراوانخواز (کە لە سیاسەتمەداردا بە هەمان شوانی کۆچەری چیانشینی قۆناغی بەر لە نیشتەجێ بوون دەناسرێ) دەبێ لەبەر چاومان بێت کاتێ پێداگرتنە دڵنیاکانی ئەفلاتون لەم پانتاییەدا دەخەینە ژێر شرۆڤە و راڤەکردنەوە کە فەرمانڕەوا باشەکان- بە خواو نیمچە خواو زێرەڤانەکانەوە- شوانی باوکسالاری مێگەڵی مرۆڤەکانن و تەکنیکی راستەقینەی سیاسی، واتە تەکنیکی فەرمانڕەوایی، جۆرە مێگەڵدارییەك و بە واتای بەڕێوەبردن و ملکەچی پێکردنی مێگەلی مرۆییە. شیکردنەوە سەبارەت بە پەروەردەکردنی شەڕکەرەکان، کە ((هەروەك چۆن سەگی مێگەل هی شوانەکانی

---

31. the ((earthborn))



دەوڵەتە، سەر بە حوکمڕانەکانن))، دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی ئەم مانایە، بخرێتە ژێر هەڵسەنگاندنەوە.

پەروەردەکردنی نەوەو بارهێنانی شەڕکەران، و دواجار ئەندامانی چینی دەسەڵاتداری باشترین دەوڵەتی ئەفلاتون-یش وەکو هەڵگرتنی چەك لەلایەن ئەوانەوە، سیمبۆلێکی چینایەتی و هەر بۆیە ئیمتیازێکی چینایەتییە[٣٣]. پەروەردەکردنی نەوەو فێرکردن، سیمبۆلێکی خاڵی لەمانا نییە، ئامرازی حوکمڕانی چینایەتی و پێداویستی بە دەست هێنانی دڵنیایی سەقامگیری ئەم چەشنە حوکمڕانیەتییەیە و ئەفلاتونیش هەر بەم چاوە سەیری دەکات، واتە چەکێکی سیاسی و بەهێز و رێگایەکی بە سوودە بۆ مێگەڵداری مێگەڵی مرۆیی و یەکگرتووکردنی چینی دەسەڵاتدار.

بۆ ئەم مەبەستە، گرنگە چینی دەسەڵاتدار وەك رەگەزێکی سەروەر و بەزرتر هەست بەخۆی بکات. ((دەبێ رەگەزی زێرەڤانەکان پاك بپارێزێت))[٣٤]. ئەفلاتون ئەم قسەیە بۆ بەرگری کردن لە ساواکوژی و لە کاتی بەرفراوانکردنی ئەم بەڵگەخوازییە رەگەزپەرستانەیە دەکات کە ئێمە گیانلەبەرەکان زۆر بە ووردییەوە پەروەردە دەکەین، ئەوە لە کاتێك دایە کە لە رەگەزی خۆمان غافڵین، ئەو بەڵگەخوازییەی کە لەو کاتەوە تاکو ئێستا بەردەوام دووپات دەکرێتەوە. (ساواکوژی، دەزگایەکی ئەسنی نەبوو. بەڵام ئەفلاتون کە دەیبینی لە ئسپارتە بەهۆی چاککردنی رەگەزی، باوە، گەیشتە ئەو دەرەنجامە کە دەبێ شتێکی دێرین و هەر بۆیە چاك بێت). ئەو خوازیاری ئەوەیە کە هەر ئەو پرنسیپانەی کە لەلایەن پەروەردەکارێکی بە ئەزموونی سەگ و ئەسپ و باڵندە بەکاردێت، بۆ پەروەردەکردنی رەگەزی سەروەریش بەکاربهێنرێت. بەڵگەخوازی دەکات: ((ئەگەر ئەوانتان بەم شێوەیە پەروەردە نەکردبا، پێتان وانییە رەگەزی باڵندە و سەگەکانتان بەخێرایی بەرەو نەمان دەچوو؟)) و دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە ((هەر ئەم پرنسیپانە لەمەڕ رەگەزی مرۆیشەوە راستن)). چۆنایەتی دڵخواز و گونجاوی رەگەزی زێرەڤان یان شەڕکەرێك هەر ئەوانەن کە لە سەگی مێگەل دا هەن. ئەفلاتون دەڵێ: ((جەنگاوەرە وەرزشکارەکانمان... دەبێ وەکو سەگی پاسەوان بەخەبەر و چاوەدێر بن)) و پاشان دەڵێ: ((بە دڵنیاییەوە ئەوە پەسەند دەکەن کە لە رووی شایستەیی سروشتی بۆ پاسەوانی، گەنجە دلێرەکانمان جیاوازییان نییە لەگەڵ ئەو سەگەی بە باشی پەروەردە کرابێت)). ئەفلاتون لە حەز

و ستایشی بۆ سەگ تا ئەو ڕادەیە دەچێتە پێش کە لەم ئاژەڵەدا ((سروشتێکی بەڕاستی فەلسەفی)) دەبینێت و دەپرسێ ((مەگەر ئەڤینی فێربوون هەمان تێڕوانینی فەلسەفی نییە؟)).

کەموکوڕی سەرەکی ئەفلاتون ئەوەیە دەبێ زێرەڤان و شەڕکەرەکان خاوەن بەهرەی خوویەکی ئەوتۆ بن کە لەیەك کاتدا هەم نەرم و هەم توندوتیژو هەم دڕندە سیفەت بن. ئاشکرایە دەبێ توندوتیژ باربهێنرێن لەبەر ئەوەی دەبێ ((بەرۆحێکی بێ باك و داگیرنەکراو رووبەڕووی هەموو مەترسییەك ببنەوە)). بەڵام ((ئەگەر ئەمە خووخسڵەتیان بێ، چۆن دەکرێ پێشیان بگیرێت تاکو دژی یەکتر یان سەرجەم هاووڵاتیان توندوتیژی نەنوێنن؟{٣٥})) ((وەحشەتناك دەبێ ئەگەر شوانەکان سەگی ئەوتۆ رابگرن... کە ببنە هۆی ئازاری مەڕەکان و لە جیاتی سەگ وەکو گورگ بجولێنەوە)). پرسەکە لەڕووی هاوسەنگی سیاسی، یان بەجۆرێکی باشتر، لەڕووی سەقامگیری دەوڵەتەوە گرنگە. ئەفلاتون پشت بە هاوسەنگی نێوان هێزەکانی چینە جیاوازەکانە نابەستێ، چونکە ئەم جۆرە هاوسەنگییە ناپایەدارە. کۆنترۆڵ کردنی چینی دەسەڵاتدار و چاودێری بەسەر هەڵبژاردنە سەرەڕۆ و پڕ لە توندوتیژییەکانی ئەم چینە بە یارمەتی دژ و بەرهەڵستی ژێر دەستەکان رێی تێناچێت، چونکە هیچ کەسێك نابێ لەبەرانبەر بەرزێتی چینی سەروەردا رابوەستێ. کەواتە تەنیا رێگای جێگەی پەسند بۆ لەمپەر لەبەردەم چینی سەروەر خۆپارێزییە. هەر بەو جۆرە کە دەبێ چینی دەسەڵاتدار پارێزکاری ئابووری بکاتە شتێکی باو- واتە خۆی لە سوود وەرگرتنی لەڕادەبەدەری ژێر دەستەکان ببوێرێت- دەبێ لە زێدەڕۆیی لە توندوتیژی و دڕندە خوویش لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەواندا خۆی بپارێزێ. تەنیا رێگای بەدەست هێنانی ئەم مەبەستە ئەوەیە کە توندوتیژ خەسڵەتی لەگەڵ خۆی نەرم و نیان هاوسەنگ بکرێ. ئەفلاتون ئەم گرفتە زۆر بەشتێکی جدی دەزانێ چونکە ((سروشتی توندوتیژ رێك پێچەوانەی سروشتی نەرمە)). ئەو کەسەی قسە لە زمانی ئەوەوە دەکات، واتە سوقرات، تاسان و سەرسوڕمانی خۆی لەم شتە دەردەبڕێ تا ئەوەی دووبارە دەکەوێتەوە بیری سەگەکان و دەڵێ: ((سەگە پەروەردەکراوەکان هەر بە سروشت لەگەڵ دۆست و ئاشنایاندا زۆر دلۆڤانن بەڵام لەگەڵ بێگانەکاندا خاڵی پێچەوانەی ئەمەن)). کەواتە، دەسەڵمێت کە ((ئەو خووخدەی گەرەکمانە لە پاسەوانەکاندا پەروەردەی بکەین، پێچەوانەی سروشت نییە)). بەم چەشنە، ئامانجی پەروەردە کردنی نەوە لە چینی سەروەردا دیاریدەکرێ و پێشان دەدرێت کە دەتوانرێت بە دەست بهێنرێ. ئەم ئامانجە لە شیکردنەوەی هەلومەرجی پێویست بۆ پاراستنی سەقامگیری دەوڵەت وەرگیراوە.



ئامانجی پەروەردەیی ئەفلاتونیش رێك هەر ئەمەیە- ئامانجێکی تەواوی سیاسییە بۆ پاراستنی سەقامگیری دەوڵەت و لە رێگای تێکەڵاوکردنی دوو توخمی توندوتیژ و نەرم و نیان لە خوو خەسڵەتی فەرمانڕەواکان، ئەفلاتون ئەو دوو بەشەی کە منداڵانی چینی بەرزی یۆنان تێیدا پەروەردە دەکران، واتە ژیمناستیك و میوزیك[٣٢] (دووەمیان بە مەفهوومە فراوانەکەی وشە، کە هەموو خوێندنە ئەدەبییەکان لەخۆ دەگرێ) لەگەڵ هەردوو توخمی توندوتیژی و نەرمی لێك گرێ دەدات و دەپرسێ{٣٦}: ((بۆنەتان بینیوە کە چۆن خووخدەی پەروەردەکراو بە وەزرشی بێ میوزیك و هەروەها پێچەوانەکەی، دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە؟... تەنیا خۆ خەریك کردن بە ژیمناستیك پیاوی ئەوتۆ دروست دەکات کە لەوەی دەبێ هەبن توندوتیژتر دەبن و لەکاتێکدا هەر ئەم چەشنە خۆ خەریك کردنە بە میوزیك لەڕادەبەدەر نەرم و نیانیان دەکات... بەڵام ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە دەبێ پاسەوانەکان ئەم دوو سروشتە ئاوێتە بکەن... هەر بۆیە دەڵێین حەتمەن دەبووایە یەکێك لە خواوەندەکان ئەم دوو هونەرە، واتە میوزیك و ژیمناستیکی دابێت بە مرۆڤەکان و مەبەست لێی زیاتر لەوەی خزمەتکردنی گیان و جەستە بێ، کوك کردنی ئەم دوو ژێیە سەرەکییە بەجۆرێکی شایستە))، واتە پێك هێنانی هەماهەنگی لە نێوان دوو توخمی گیانەکی نەرمیی و توندوتیژی. ئەفلاتون ئەم شیکردنەوەیە بەم وتەیە کۆتایی پێدێنێت: ((ئەمە هێڵە گشتییەکانی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئێمەیە)).

ئەگەرچی ئەفلاتون توخمی نەرم لەگەڵ توانای فەلسەفی گیان بە یەکێك لە قەڵەم دەدات و ئەگەرچی لە بەشەکانی دواتری کۆماردا فەلسەفە رۆڵێکی باڵا دەستانە دەگێڕێت، بەڵام بە هیچ جۆری مەیلێ بە قازانجی توخمی نەرمی گیان، یان فێربوونی میوزیك (بە مانای خوێندنی ئەدەبی) پێشان نادات. ئەم بێلایەنیە لە هاوسەنگ کردنی ئەم دوو توخمە لە کاتێکدا سەرنج رادەکێشێ کە سەیر دەکەین، بە بەراورد کردن لەگەڵ شێوازی باوی ئەسینا لەو سەردەمەدا،

٣٢. gymnastics and music. بۆ تێگەیشتن لەمانا راستەقینەکەی، دەبێ وشەی یەکەمیان بەواتای پەروەردەی جەستەیی و دووەمیان بەمانای پەروەردەی رۆحی یان مەعنەوی لێکبدەینەوە. (وشەی "میوزیك" واتە هی "میوز". لەیۆنانی دێریندا، میوزەکان کیژی زێوس و خاتوونە خواوەندی حەوتەوانەی هونەر و زانینەکان بوون. ئەم حەوت زانین و هونەرە بریتی بوون لە :مێژوو، شیعری گۆرانی، شیعری ئەڤینداری، کۆمیدیا، تراژیدیا، سەماو ئاهەنگی گۆگەلی، سروودە ئاسمانییەکان، ئەستێرەناسی و شیعری داستانی (مەلحەمی)...

ئەفلاتون بەرەو بڕواهێنان بە بەرتەسکییەکی زۆر توند لە خوێندنی ئەدەبیدا پاڵ دەنێت. هەڵبەتە ئەمە بەشێکە لە مەیلە گشتییەکەی بۆ بە پەسندتر زانینی دابونەریتی ئیسپارتە بەسەر ئەسینادا. (نموونەیەکی تریان کە ئەفلاتون وەبەرچاوی دەگرت واتە کرێت، تەنانەت لە ئیسپارتەش زیاتر دژایەتی لەگەڵ میوزیك دەکرد{٣٧}).

بنچینە سیاسییەکانی خوێندنی ئەدەبی لە دیدی ئەفلاتون لەسەر بنەمای بەراوردکردنێکی سادە دامەزرابوو. سەیری دەکرد ئیسپارتە کەمێك لە توندوتیژی سەبارەت بە مێگەڵی مرۆیی ئەو شارە زێدەڕۆیی دەکات. بەبڕاوای ئەفلاتون، ئەمە نیشانەی لاوازی و تەنانەت جۆرە دانپیانانێکە پێی{٣٨} و هەر بۆیە، نیشانەی سەرەتای داڕووخانی چینی سەروەر بوو. لەلایەکی ترەوە، ئەسینا رەفتاری لەگەڵ کۆیلەکان لەڕادەبەدەر ئازادیخوازانە و ئاسانگیر بوو. بەپێی راڤەی ئەفلاتون، ئەمە دەیسەلماند کە ئیسپارتە کەمێك لە جەخت کردنە سەر ژیمناستیك و هەڵبەتە ئەسینا لەڕادەبەدەر زۆر، لە سووربوون لەسەر میوزیك زێدەڕۆیی دەکات. ئەم هەڵسەنگاندنە سادەیە ئەو توانایەی پێ دا کە ئەوەی بە بڕوای خۆی رادەی راستەقینە یان ئاوێتەی حەقیقی نێوان ئەم دوو فاکتەرەیە لە پەروەردە و فێرکردن بۆ باشترین دەوڵەت، بە ئاسانی وێنە بکێشێ و بنەمای سیاسەتی پەروەردەیی خۆی تۆکمە بکات. ئەم شێوە پەروەردەیە لە روانگەی ئەسیناوە، بە مانای داخوازی سەرکوتکردنی هەموو جۆرە خوێندنێکی ئەدەبی{٣٩} و پەیڕەوی نزیك لەسەر مەشقی ئیسپارتە بوو لە کۆنترۆڵ کردنی بێ ئەملاو ئەولای دەوڵەت بەسەر تەواوی بوارە ئەدەبییەکاندا. نەك هەر شێعر، بەڵکو مۆسیقا بە مانا ئاسایەکەشی دەبوایە بکەوێتە ژێر چاوەدێری سانسۆری وشك و توند و پێویست بوو هەردووکیان لە رێگای پێك هێنانی هۆشیاری زیاتر لای لاوەکان سەبارەت بە دیسپلینی چینایەتی{٤٠} و دروست کردنی ئامادەیی زیاتر تێیاندا بۆ خزمەتکردنی قازانجەکانی چینی خۆیان، یەکڕاست لە پێناوی بەهێزکردنی سەقامگیری دەوڵەت بەکاربهێنرێن. تەنانەت ئەفلاتون ئەوەی فەرامۆش دەکرد کە ئەرکی مۆسیقا ناسك کردنی خووی گەنجەکانە و خوازیاری شێوەیەکی مۆسیقایەکە دلێرتر- واتە توندوتیژتر- یان بکات. (بەوە بەرچاوگرتنی ئەسینی بوونی ئەفلاتون، بەبڕوای من بێ تەحەموولییە خۆڕافییەکەی لە باسەکانی دا سەبارەت بە مۆسیقا بە مانا تایبەتییەکەی، باوەڕناکرێ نەخاسمە ئەگەر لەگەڵ رەخنەی رۆشنبینانەتری یەکێك لە هاو سەردەمەکانی دا هەڵبسەنگێنرێت{٤١}. بەڵام تەنانەت لە حاڵی حازریشدا زۆر لە مۆسیقاژەنەکان لایەنگری ئەون، رەنگە لەبەر ئەو هۆیە بێت کە سەبارەت بەو گرنگیەی بە مۆسیقای دەدات- واتە هێزە



سیاسییەکەی- هەست بە شانازی دەکەن. ئەمە لەمەڕ کاربەدەستانی پەروەردە و فێرکردنیشەوە راستە و تەنانەت لەمەش زیاتر سەبارەت فەیلەسوفەکان، چونکە ئەفلاتون خوازیاری حوکمڕانێتی فەیلەسوفەکانە. ئەم خواستە لە بەشی هەشتەمدا لێدوانی لەسەر دەکرێت).

هەمان بنچینەی سیاسی کە پەروەردەکردنی گیان، واتە پاراستنی دەوڵەت، دیاریدەکات، دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی جەستەش. ئامانج هەمان ئیسپارتەیە. هاوولاتی ئەسینی بە ئامانجی وەدەست هێنانی توانای گشتی لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا پەروەردە دەکرا، بەڵام ئەفلاتون دەیەویست چینی دەسەڵاتدار هەروەك چینێکی ئاوێتە لە جەنگاوەری پیشەکار و ئامادە بۆ گورز وەشاندن لە دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، پەروەردە بکرێت. دووجار ئەوە دەخوێنینەوە کە کوڕ و کیژە منداڵەکان ((دەبێ بە ئەسپ بۆ شوێنێ کە جەنگی لێدیارە و ئەگەر مەترسیدار نەبێت، بۆ مەیدانی شەڕ ببردرێن، بۆ ئەوەی هەر وەك چۆن سەبارەت بە تولە تاژییەکان باوە، تامی خوێن بچێژن)){٤٢}. وەسفی یەکێك لە نووسەرانی ئەمڕۆکە کە پەروەردە و فێرکردنی تۆتالیتاریانەی هاوچەرخ بە ((جۆرە مۆبۆلیزەکردنێکی قوڵ و بەردەوام)) لەقەڵەم دەدات، زۆر باش لەگەڵ سیستەمی پەروەردەیی ئەفلاتوندا دەگونجێت.

ئەمە شیکردنەوەیەك لەمەڕ تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە باشترین یان کۆنترین دەوڵەت، یان شارێك کەرێك هەروەك چۆن شوانێکی زانا و دانا بەڵام سەخت و رەق لەگەڵ مەڕەکانی دەجولێتەوە لەگەڵ مێگەڵی مرۆیی خۆیدا رەفتار دەکات- زۆر بە دلڕەقی نا بەڵام بە سووکایەتی پێکردن و بە کەمگرتنێکی شایستەوە... ئەو وەسفەی کە خراوەتەڕوو، وەکو شیکردنەوەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ئیسپارتە و هەلومەرجی سەقامگیری و نا سەقامگیری ئەو دەزگایانە و هەروەها وەکو هەوڵێك بۆ بەرهەم هێنانەوەی شێوازی وشك و رەقتری ژیانی خێڵەکی، بەڕاستی بەرز و بایەخدارە. (لەم بەشەدا تەنیا باسی لایەنە وەسفییەکانی بابەتەکە دەکەین. لایەنە ئەخلاقییەکان دواتر تاتۆێ دەکرێن). بە بڕوای من، بەشێکی زۆر لەو شتانەی کە لە نووسینەکانی ئەفلاتون زۆربەی کات تەنیا وەك تێڕامانی ئەفسانەیی یان یۆتۆپیایی لە قەڵەم دراون، لەم رێگەیەوە، رەنگە وەکو وەسف و شیکردنەوەی کۆمەڵناسانە راڤە بکرێ. بۆ نموونە، دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە ئەفسانەی ملکەچی کردنی کۆمەڵێکی جێگیر و نیشتەجێ بە دەستی لەشکرێکی جەنگی و سەرکەوتوو، لەڕوانگەی کۆمەڵناسی وەسفییەوە(٣٣)

33. Descriptive sociology

لەڕادەبەدەر سەرکەوتووانەیە و تەنانەت دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە پێشڕەویی یەکێك لە تیۆرە سەرنجڕاکێشەکان (بەڵام ڕەنگە یەکجار زۆر گشتی)ی ئەمڕۆیە سەبارەت بە چاوگی دەوڵەت کە دەڵێت دەسەڵاتی چەقبەستوو و ڕێکخراوی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی لەم جۆرە فراوانخوازیانەوە سەرچاوە دەگرێ{٤٣}. وەسفی لەم چەشنە لەوانەیە زیاتر لەوەی ئێستا توانای مەزندەکردنیمان هەبێ لە نووسینەکانی ئەفلاتوندا دەست بکەون.

**٥**

بەکورتی، ئەفلاتون بەمەبەستی تێگەیستن و ڕاڤەی جیهانی بگۆڕی کۆمەڵایەتی، بەو چەشنەی کە خۆی بە ئەزموون بۆیدەرکەوتبوو، کۆمەڵناسییەکی مێژووگەرایانەی ڕێکوپێکی بەوردەکاریەوە پێك هێنا و پەروەردەی کرد. دەوڵەتە هەنووکەییەکانی وەکو کۆپی داڕما و داڕزیوی فۆڕم یان ئایدیای نەگۆڕ دەبینی. هەوڵی دەدا ئەم فۆڕم یان ئایدیایەی دەوڵەت بەرهەم بێنێتەوە یان لانی کەم کۆمەڵگایەکی لەڕادەبەردەر وەکو ئەو وەسف بکات. لەم بەرهەم هێنانەوەیەدا، ئەفلاتون جگە لە گێڕانەوە و نەریتە دێرینەکان، سوودی لە دەرەنجامی شیکردنەوەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی ئیسپارتە و کرێت وەرگرت- واتە کۆنترین شێوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە یۆناندا دەیبینی و تێیدا فۆڕمی وەستاوی کۆمەڵگا خێڵەکییەکان و تەنانەت کۆنتریشی دەست نیشان دەکرد. بەڵام بۆ سوود وەرگرتنێکی شایستە لەو کەرەستانەی کە لەبەردەستی دابوو، پێویستی بە پرنسیپێك بوو تاکو بە یارمەتی ئەو بتوانێ تایبەتمەندییە باش یان ڕەسەن یان کۆنەکانی دەزگا هەنووکەییەکان لە نیشانەکانی داروخان و لەناوچوونیان جیا بکاتەوە. ئەم پرنسیپەی لە یاسای چاوەدێری سەر شۆڕشەکاندا دۆزیەوە کە بەپێی ئەم یاسایە، بنەچە و چاوگی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی، ناکۆکی و دووبەرەکی چینی دەسەڵاتدار و خەریك بوونی ئەندامەکانییەتی بە کاروباری ئابوورییەوە. کەواتە باشترین دەوڵەتی ئەفلاتون دەبووایە بە چەشنێك بەرهەم بهێنرێت کە هەموو تۆو و فاکتەرەکانی دووبەرەکی و داڕمان چەند دەکرێ لەڕەگ و ریشەوە هەڵکەنرێ، بەجۆرێکی تر، دەبووایە لەسەر بناغەی دەوڵەتی ئیسپارتە دابمەزرێت. بەڵام بەوەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی پێویست بۆ یەکێتی بێ پسانەوەی چینی سەروەر، بە چەشنێك کە پارێز و خۆبواردن و پەروەردەکردنی نەوە و ڕاهێنانی ئەندامانی ئەم چینە، یەکێتی جێگای مەبەست مسۆگەر بکات.



لە ڕێگەی ڕاڤەکردنی کۆمەڵگاکان بە کۆپی داڕماوی دەوڵەتی ئایدیالی یان نموونەیی، ئەفلاتون لە لایەکەوە زەمینەیەکی تیۆری و لەلایەکی تریشەوە گەنجینەیەکی لە بەکارهێنانی پراکتیکی بۆ بیروباوەڕی تاڕادەیەك ناکامڵی هسیۆدۆس سەبارەت بە مێژوو مرۆڤ دابین کرد. تیۆرێکی مێژووگەرایانەی زۆر واقیع بینانەی دروست کرد و گەشەی پێدا کە وەك هێراکلیتوس، هۆکاری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بە دووبەرەکی و جەنگی چینایەتی دەناساند. ئەفلاتون هەم هێزە بزوێنەرەکان و هەم هێزە گەندەڵکارەکانی مێژووی لەم جەنگەدا دەبینی. ئەم بنەما مێژووگەرایانەی سەبارەت بە چیرۆکی داڕمان و داتەپینی دەوڵەتشارەکانی یۆنان و بەتایبەتی لە ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی کە بەپێی وەسف ئەو لاواز و ژن سیفەت و داڕماوە، بەکارهێنا و دواتر لە دیالۆگی یاساکاندا{٤٤} بەسەر چیرۆکی داڕووخان و داتەپینی ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی دا چەسپاند و بەم چەشنە سەرەتایەکی دروست کرد بۆ حەکایەتبێژی لەمەڕ ئیمپڕاتۆریەت و شارستانیەتییەکان. (کتێبی ریسوای شپینگلێر لەژێر ناوی **داڕمانی ڕۆژئاوا**[٣٤] ڕەنگە خراپترینی ئەم جۆرە حەکایەتبێژیانە بێت بەڵام دوایەمینیان نییە{٤٥}).

بە بڕوای من، دەتوانرێ هەر هەمووی ئەمانە وەکو هەوڵێك-و هەوڵێکی کاریگەر- لە لایەن ئەفلاتون ڕاڤە بکرێن بۆ شرۆڤە و بەخشینی فۆڕمێکی عەقڵانی بە ئەزموونەکانی خۆی لە تێك تەپینی کۆمەڵگای خێڵەکی واتە ئەزموونێکی هاوچەشنی ئەوەی کە هێراکلیتوسی پاڵ نا بۆ پێك هێنانی یەکەمین فەلسەفە لەمەڕ گۆڕانەوە.

بەڵام شیکردنەوەکەمان بۆ کۆمەڵناسی وەسفیی ئەفلاتون هێشتا ناتەواوە. چیرۆکەکانی سەبارەت بە داڕووخان و داتەپین و دەتوانین بڵێین هەموو چیرۆکەکانی دواتر، هەموویان دوو تایبەتمەندیان هەیە کە هێشتا توێژینەوەمان لەسەر نەکردووە. ئەفلاتون ئەم کۆمەڵگا ڕوو بە داڕمانانە وەکو جۆرە بوونەوەرێکی ئۆرگانی و، خودی داڕمان وەکو پرۆسسێکی هاوشێوەی پیر بوون وێنا دەکات و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە داڕمان زۆر ڕەوایە، بەو مانایە کە داڕزانی ئەخلاقی و مەعنەوی-واتە داڕمان و تەپینی گیانەکی- لەگەڵ داڕزانی جەستەی کۆمەڵایەتی هاوهەنگاوە. ئەمانە هەموویان لە تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە یەکەمین گۆڕان-واتە **چیرۆکی ژمارە**[٣٥] و **دابەزینی ئادەمیزاد**- ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. ئەم تیۆرە و پەیوەندی لەگەڵ تیۆری فۆڕم یان ئایدیا بابەتی بەشی داهاتوو پێك دێنن.

34. O.spengler, Declin of the west.
35. The story of the number.

# سروشت و داب ٥

ئەفلاتون یەکەمین کەس نەبوو کە بە ڕۆحی توێژینەوەی زانستی مامەڵەی لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کردبێت. دەسپێکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لانی کەم بۆ نەوەی پرۆتاگۆراس[(١)]- واتە یەکەمین کەس لەو بیرمەندانەی کە خۆیان بە ((سۆفیست))[(٢)] ناوزەد دەکرد- دەگەڕێتەوە و تایبەتمەندی بەرچاویان پەی بردن بەو نیازەیە کە دەبێ دوو توخمی جیاواز لە ژینگەی مرۆڤ لە یەکتر جیا بکرێتەوە: ژینگەی سروشتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی. دانانی ئەم جیاوازییە و تێگەیشتن لە هەر دووکیان دژوارە، هەروەك دەتوانین لەم ڕاستییەوە بگەینە ئەم دەرەنجامە کە ئەو جیاوازییە هێشتا لە زەینی ئێمەشدا بە ڕوونی تۆمار نەبووە. لەسەردەمی پرۆتاگوراسەوە تاکو ئێستا، ئەم جیاوازییە بەردەوام لە ژێر پرسیاردا بووە. بەڕواڵەت زۆربەی ئێمە حەزێکی بەهێزمان تێدایە بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆمان بە ((سروشتی)) بزانین و پەسەندی بکەین.

کۆمەڵگای خێڵەکی و سەتایی و ((داخراو)) و خاوەن تێڕوانینی سێحری، بەم چەشنە تایبەتمەندییە جیاواز دەکرێنەوە کە لە بازنەیەکی ئەفسوناوە[(٣)]{١} لە تابۆ و یاساو دابونەریتە نەگۆڕەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و هەست دەکەن ئەم شتانەش وەکو هەڵاتنی خۆر و سوڕانی

١. protagoras (نزیکەی ٤٨١ ـ ٤١١ پێش زایین). یەکەمین فەیلەسووفی یۆنانی کە خۆی بە سۆفیست (واتە زانا) ناوزەدکرد. لەدوو دیالۆگی ئەفلاتووندا، پرۆتاگۆراس و تیای تیتوس، بیروبۆچوونەکانی تاوتوێ کراوە. کورتەی بیروباوەڕەکانی لەم ڕستە کورتەدا کورت دەکرێتەوە "مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە."

2. Sophist
3. charmed circle



وەرزەکان و ڕێکیە (نظم) سروشتییەکانی دیکە، ناچاری و حەتمین. دەبێ لەسەرتادا ئەم کۆمەڵگا دەخراوە سێحرییە بەڕاستی لەبەر یەك هەڵوەشێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنی تیۆری لەمەڕ جیاوازی نێوان ((سروشت)) و ((کۆمەڵگا)) دروست بێت و گەشە بکات.

## ١

بە بڕوای من، شیکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییە پێویستی بە تێگەیشتنێکی ڕوونە لە جیاوازییەکی گرنگ، واتە جیاوازی نێوان أ) **یاسا سروشتییەکان**، یان یاساکانی سروشت، وەکو یاساکانی وەسفکەری جوڵەی خۆر و مانگ و هەسارەکان و بە دوای یەکداهاتنی وەرزەکان و شتی لەم چەشنە، یان یاسای کێش کردن یان بۆ نموونە پرنسیپی ترمودینامیك و ب) **یاسا نۆرم داڕێژەکان**[(٤)]، یان نۆڕمەکان[(٥)] یان بکە و مەکەکان، واتە ئەو جۆرە ڕێسایانەی کە خوازیاری هەندێ ڕەفتارن یان یاساغی دەکەن، وەکو دە فەرمانەکەی موسا[(٦)] یان ڕێوشوێنە یاساییەکانی شێوازی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان یان یاسا پێك هێنەرەکانی یاسای بنەڕەتی (دەستوور) ئەسینا.

نەبوونی تێگەیشتنێکی ڕوون بۆ ئەم جیاوازییە، بەزۆری مسداقیەتی قسەکردن لەسەر ئەم بوارە لەناو دەبات. لەم ڕوویەوە، دەتوانین چەند وشەیەکی تری لەبارەوە بڵێین، یاسا بە مانای، الف) یاسایەکی سروشتییە کە ڕێکیەکی سەقامگیر و جێگیر و نەگۆڕ وەسف دەکات. ئەم ڕێکیە یان بەڕاستی لە سروشتدا هەیە (کە لەم حاڵەتەدا، دەستەواژەکە[(٧)] ڕاستە) یان نییە (کە لەم حاڵەتە درۆیە {یان چەوتە}). ئەگەر نەزانین ئایا یاسایەکی سروشتی ڕاستە یان درۆیە و ئەگەر بمانەوێت ئەم نایەقینە بخرێتە ژێر سەرنجەوە، بەزۆری بە ((گریمانە))[(٨)] ناوزەدی دەکەین. یاسای سروشتی نەگۆڕ و ڕیزپەڕ نەگرە. ئەگەر بەوە ڕازی بین کە شتێکی دژی ئەوە ڕووی داوە ئیدی نالێین یاساکە ڕیزپەڕی تێکەوتووە یان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵکو دەڵێین گریمانەکە ڕەفز کراوەتەوە، چونکە دەرکەوتووە ئەو ڕێکیەی کە بە جێگیر گریمانەمان کردبوو بەرقەرار نییە، یاخود بە جۆرێکی تر، ئەم یاسا گریمانیەی سروشت، یاسایەکی سروشتی ڕاست نییە بەڵکو

4. normative laws
5. Norms
6. the Ten Commandments
7. statement
8. hypothesis

دەستەواژەیەکی درۆیە. لەبەر ئەوەی یاساکانی سروشت ناگۆڕێن، ناکرێ نە تێکیان بشکێنین و نە جێبەجێیان بکەین ئەم جۆرە یاسایانە لە دەرەوەی هەڵبژاردن و دەست بەسەراگرتنی مرۆڤن، هەرچەندە رەنگە لە رێگای مەبەستە تەکنیکییەکانی خۆماندا سوودیان لێوەربگرین و ئەگەر لە بوونیان بێ ئاگابین یان بە هەندیان هەڵنەگرین، لەوانەیە زیانمان پێ بگات.

ئەمانە هەموویان کاتێك دەگینە یاساکانی جۆری ب) واتە یاسا نۆرمڕێژەکان، زۆر جیاوازیان تێدەکەوێ. یاسای نۆرمڕێژ- جا چ گەلالەیەك بێت بەشێوەی یاسا پەسەند بکرێت یان فرمانێکی ئەخلاقی بێت- دەتوانرێت بە دەستی مرۆڤ جێبەجێ بکرێت و لەمە زیاتر، دەشێ بگۆڕدرێت. لەوانەیە یاسایەکی ئەوتۆ بە باش یان خراپ، حەق یان ناحەق، پەسەند یان ناپەسەند وەسف بکرێ، بەلاّم تەنیا بە مانا خوازەیی یان میتافۆریەکەی رەنگە بە ((راست)) یان ((چەوت)) لە قەڵەم بدرێت، چونکە هیچ حاڵەتێکی واقیعی وەسف ناکات، بەڵکو تەنیا رێنوێنییەك بۆ رەفتارەکانمان دەخاتە بەردەستمان. ئەگەر سوود یان مانایەکی هەبێ دەتوانین تێکی بشکێنین و ئەگەر نەتوانین بیشکێنین، زێدەو بێ مانایە. ((زیاتر لەو پارەیەی هەتانە خەرج مەکەن)) یاسایەکی نۆرمڕێژەو خاوەنی گرنگی و مانایە، لەوانەیە وەکو رێسایەکی ئەخلاقی یان حقوقی مانا و گرنگی هەبێت و چونکە وەها بەردەوام پێشێڵ دەکرێ، تەنانەت زیاتر پێویست بێت. ((زیاتر لەو برە پارەیەی کە لە جانتاکەتان دایە، لێی دەرمەهێنن))یش رەنگە لەبەر ئەو وشانەی کە تێیدا بەکارهاتووە بە یاسایەکی نۆرمڕێژ دابنرێت، بەلاّم هیچ کەسێك بە جدی وەکو بەشێکی شایستە و پڕ مانای سیستەمی ئەخلاقی یان حقووقی حسێبی ناکات چونکە دەرفەتی شکاندنی نییە. ئەگەر یاسا نۆرمڕێژە گرنگ و مانادارەکان دەپارێزرێن هەمیشە بە هۆی هەڵبژاردن و چاوەدێری واتە کردەوەو بڕیارە مرۆییەکان و بەزۆری بەهۆی بڕیار وەرگرتنە بۆ دانانی گرانتی جێبەجێ کردن، واتە سزا و دەست بەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە یاسا پێشێل دەکەن.

ئەم بڕوایە، لە نێوان من و ژمارەیکی زۆر لە بیرمەندان، بەتایبەتی بەشێکی زۆر لە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دا هاوبەشە کە جیاوازی نێوان یاساکان بە مانای الف) واتە ئەو دەستەواژانەی کە سیستەمی سروشت وەسف دەکەن و یاساکان بە مانای ب) واتە فرمانەکانی وەکو بکە و مەکەکان- جیاوازییەکی بنەماییە و هیچ روویەکی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو جۆرە یاسایە جگە لە ناو، بوونی نییە. بەلاّم ئەم بۆچوونە بە هیچ چەشنێك جێگای پەسەندی



هەموان نییە. بە پێچەوانەوە، بەشێکی زۆر لە بیرمەندان لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەندێ لە نۆرمەکانی وەکو مەکە و بکەکان، (سروشتی)ن، بەو مانایە کە بە پێی یاسا سروشتییەکان بە مانای الف) داڕێژراون. ئەم کەسانە بۆ نموونە دەڵێن کە هەندێ لە نۆڕمە یاساییەکان هاوجووتن لەگەڵ سروشتی مرۆڤ هەر بۆیە، لەگەڵ یاسا سروشتییەکانی دەروونناسی بە مانای الف) هاوجووتن، ئەوە لە کاتێك دایە کە لەوانەیە نۆڕمە یاساییەکانی تر پێچەوانەی سروشتی مرۆیی بن، پاشان درێژەی پێدەدەن کە ئەو نۆڕمانەی کە دەکرێ پێشان بدرێت لەگەڵ سروشتی مرۆڤ هاجووتن لە راستیدا هێندە جیاوازییان نییە لەگەڵ یاسا سروشتییەکان بە مانای الف). بەشێکی تر دەڵێن یاسا سروشتییەکان بە مانای الف)یش لە راستی دا زۆر لە یاسا نۆرمڕێژەکان دەچن، چونکە بە پێی ویست یان بڕیاری خاوەندی جیهان داڕێژرون. ((بەکارهێنانی وشەی (یاسا) کە خۆی وشەیەکی نۆرمیە بۆ یاساکانی جۆری الف) بێ گومان لە بنەڕەتدا هەر لەم روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە)). هەموو ئەم تێڕوانینانە لەوانەیە شایانی گفتوگۆ لەسەرکردن بن. بەلاّم بۆ وتووێژکردن لەسەریان، پێویستە لە نێوان یاساکان بە مانای الف) و یاساکان بە مانای ب) جیاکاری بکەین و بەهۆی هەڵە بەکارهێنانی زاراوەکان، شپرزەیی نەخەینە ناو باسەکانمانەوە. لەم رووەوە ((یاسا سروشتییەکان)) بەتایبەتی بۆ یاساکانی جۆری الف) بەجێدێڵین و خۆ دەبوێرین لە بەکارهێنانی بۆ هەر چەشنە نۆرمێك بانگەشە بکرێت بە هەر مەفهومێك ((سروشتی))ە. هیچ پێویستیش ناکات ئەم هەڵەیە ئەنجام بدەین، چونکە ئەگەر بمانەوێ پاڵ بە خەسڵەتی (سروشتی) یاساکانی جۆری ب) وە بدەین، بە ئاسانی دەتوانین لەمەڕ ((ماف و ئەرکە سروشتییەکان)) یان ((نۆرمە سروشتییەکان)) بدوێین.

بە بڕوای من، بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵناسی ئەفلاتون، پێویستە تاوتوێی ئەوە بکەین چۆن جیاوازی کردن لە نێوان یاسا سروشتەکان و نۆرمەکان ممکینە پێکهاتبێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێت. سەرەتا لەسەر ئەو شتە دەدوێین کە وا دێتە بەرچاو خاڵی دەستپێك و دواین هەنگاو بێت لەم رەوتی ئاڵوگۆڕەدا و پاشان لەمەڕ ئەو سێ هەنگاوەی وەك نێوانبەند دێنە بەرچاو. ئەمانە هەموویان پشکیان هەیە لە تیۆری ئەفلاتوندا. دەتوانین خاڵی دەستپێك بە یەکیەتیگەرایی ساویلکە یان سادە بینایە[9] وەسف بکەین و بەتایبەتمەندی ((کۆمەڵگای

٩. رەنگە بتوانین naïve normism بە یەکتابینی یان تاکانەگەرایی سادەبینانە لێکبدەینەوە.

داخراو))ی لە قەڵەم بدەین. دواین هەنگاو، کە من بە دوالیزمی رەخنەگرانە[١٠] (یان دابگەرایی رەخنەگرانە[١١]) وەسفی دەکەم، تایبەتمەندی ((کۆمەڵگای کراوە))یە. ئەو راستیە کە هێشتا بەشێکی زۆری خەڵك هەوڵدەدەن لە هاویشتنی ئەم هەنگاوە خۆببوێرن، نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە هێشتا لە حاڵی تێپەڕینین لە کۆمەڵگای داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگای کراوە (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دەیەم).

خاڵی سەرەتا، کە من بە ((یەکیەتیگەرایی سادەبینانە)) ناوزەدم کردووە، قۆناغێکە کە تێیدا هێشتا لە نێوان یاسا سروشتی و نۆرم دارێژەکان دا جیاکاری دانانرێ. ئادەمیزاد بەهۆی ئەزموونە ناخۆشەکانییەوە فێر دەبێ خۆی لەگەڵ ژینگە بگونجێنێت. هیچ جیاوازییەك دانانرێت لە نێوان گرانتەکانی جێبەجێ کردن کە لەلایەن مرۆڤەکانی ترەوە دارێژراوە لە حاڵەتی شکاندنی تابۆیەك، لەگەڵ ئەزموونە ناخۆشەکان کە لە ژینگەی سروشتیەوە سەرچاوە دەگرن. لەنێو ئەم قۆناغەدا، دیسان دەتوانین دوو دەرفەت لێك جیا بکەینەوە. یەکیان ئەوەیە کە دەتوانین بە سروشتگەرایی سادە بینانە وەسفی بکەین. لەم قۆناغەدا هەست بەوە دەکرێ کە رێکیەکان، چ سروشتی و چ دابی[١٢]، لەودیوەوەی دەرفەتی هەموو چەشنە گۆڕانێکن. بەڵام بە بروای من، ئەم قۆناغە تەنیا دەرفەتێکی ئەبستراکتە و رەنگە هەرگیز نەبووێتە حەقیقەت. لەوە گرنگتر، ئەو قۆناغەیە کە دەکرێ بە دابگەرایی سادەبینانە[١٣] وەسف بکرێت- قۆناغێکە کە تێیدا هەست بەوە دەکرێ رێکیە سروشتی و نۆرمڕێژییەکان، هەردووکیان بڕیاراتی خواوەندانی مرۆڤ ئاسا یان ئەرواح[١٤] بەرجەستە دەکات و پەیوەستن بەو بڕیارانەوە. بەم چەشنە، سوڕانی وەرزەکان یان تایبەتمەندی جوڵەی خۆر و مانگ و هەسارەکان دەتوانرێ بەم جۆرە راڤە بکرێت کە پەیڕەوەیی لە ((یاساکان)) یان ((فرمانەکان)) یان ((بڕیارەکان)) دەکەن کە ((بەسەر ئاسمان و زەویدا باڵادەستن)) و بە هۆی ((خواوەندی پەروەردگارەوە لە سەرەتاوە، راگەیەنراوە)) و دارێژراوە{٢}. دەتوانین لەوە تێبگەین، ئەو کەسانەی بەم چەشنە بیردەکەنەوە، لەوانەیە تەنانەت

10. Critical dualism
11. critical conventionalism
12. naïve naturalism
13. naïve conventionalism
١٤. ئەوەی ئێمە بەدوودڵیەوە بە "رۆح" وەرمانگێڕاوە، هەمان demon (یان daemon)ە. لە ئەفسانە یۆنانیەکاندا، demon بوونەوەرێکی بان سروشتییەکە خودەکەی لەخواکان نزمترە و لە مرۆڤەکان بەرزترە گۆڕانێکی بچووکمان لەم پەندە پێکهێناوە.



یاسا سروشتییەکانیش لە هەندێ بارودۆخدا وەکو ریزپەڕێکی شیاوی گۆڕانکاریی لە قەڵەم بدەن و لەسەر ئەو بڕوایە بن کە هەندێ جار رەنگە مرۆڤ بە یارمەتی کردەوەی سێحر بازانەوە کاریگەری لەسەر ئەم یاسایانە دا بنێت و بڕوای وابێت کە رێکیە سروشتییەکانیش وەکو رێکیە نۆرمیەکان، گرانتی جێبەجێ کردنیان داناوە. نموونەی بەرجەستەی ئەم بابەتە وتەیەکی هێراکلیتوسە کە دەڵێت: ((خۆر پێ لە سنووری رەوتی خۆی ناباتە دەرەوە، ئەگینا خواوەندەکانی **چارەنووس**- خاتوونە خزمەتکارەکانی **دادپەروەری** دەزانن چۆن بیدۆزنەوە)).

لەبەر یەك هەڵوەشانی خێڵ پەرستی سێحراوی پەیوەندییەکی نزیکی بە پەی بردن بەوە هەیە کە تابۆکان لە خێڵە جیاجیاکاندا جیاوازن و بە دەستی مرۆڤ دانراون و جێبەجێ دەکرێن و دەتوانرێ بەبێ رەنگدانەوەی ناخۆش پێشێل بکرێن، ئەگەر تاك بتوانێت لە چنگی ئەو گرانتی جێبەجێکردنانە خۆی دەرباز بکات کە بە دەستی مرۆڤەکانی دیکە دانراون. تێگەیشتن لەم بابەتە خێراییەکی زیاتر بەخۆوە دەگرێ کاتێ دەبینین کە یاساکان لەلایەن یاسادانەرانی مرۆییەوە دادەڕێژرێن و دەگۆڕدرێن.

مەبەستم تەنیا یاسادانەری وەکو سۆلۆن نییە بەڵکو ئەو یاسایانەشە کە بەهۆی خەڵکی ئاسایی شارە دیموکراتیکەکانەوە دادەرێژرین و جێبەجێ دەکرێن. ئەم ئەزموونانە رەنگە ئەوەی لێبکەوێتەوە کە تاك هوشیارانە، یاسا نۆرم دارێژەکانی دەستکردی مرۆڤ کە لە سەر بنەمای بڕیار یان دابەکان دامەزراون لە سیستەمە سروشتییەکانی دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ جیا بکاتەوە. ئەو هەڵوێستەی کە بە تێگەیشتنێکی روون لەم جیاکردنەوەیە دەستەبەر دەبێت، دەتوانین بە **دوالیزمی** رەخنەگرانە یان دابگەرایی رەخنەگرانە وەسفی بکەین. لە رەوتی پەرەسەندنی فەلسەفەی یۆناندا، ئەم دوالیزمەی نێوان فاکت (بووەکان) و نۆرمەکان وەك بەرانبەرێتی نێوان سروشت و داب (عورف) راڤە دەکرێ{٣}.

سەرەڕای ئەوەی پرۆتاگۆراسی سۆفیست، کە یەکێك بوو لە هاوسەردەمە بە تەمەنترەکانی سوقرات، زۆر زووتر ئەو هەڵوێستەی وەرگرت، بەڵام ئەو تێگەیشتنەی سەبارەت بەم بابەتە هەیە هێشتا هێندە کەموکوڕی هەیە کە پێویستی بە روون کردنەوەی چڕو دوورودرێژ هەیە. یەکەم، نابێ پێمان وابێت کە دوالیزمی رەخنەگرانە پێویستی بە بوونی تیۆرێك هەیە لەمەڕ چاوگی مێژوویی نۆرمەکان. دوالیزمی رەخنەگرانە بە هیچ چەشنێك پەیوەندی بەم بانگەشە مێژووییە بە ئاشکرا لە خۆڕا و بۆ بەرگری نەشیاوەوە نییە، کە لە جیاتی ئەوەی بڵێت مرۆڤ

بینی نۆرمەکانی بوونیان هەیە (هەڵبەتە هەر کاتێ لە سەرەتاوە دەیتوانی رووبەڕووی ئەم شتە ببێتەوە)، دەڵێت مرۆڤ لە سەرتادا **هوشیارانە** نۆڕمەکانی هێنا یان دروستی کردن. کەواتە، دوالیزمی رەخنەگرانە لە هیچ روویەکەوە نە پەیوەندی بەم بانگەشەیەوە هەیە کە دەڵێ سەرچاوەی نۆڕمەکان مرۆڤە نەك هیچ خوا، و نە گەرەکیەتی گرنگی یاسا نۆرم داڕێژەکان بە هەند وەرنەگرێ. لە هەمووی گرنگتر، دوالیزمی رەخنەگرانە هیچ پەیوەندییەکی بەم بانگەشەیەوە نییە کە دەڵێت لەبەر ئەوەی نۆرمەکان دابی یان پەیمانین واتە دەستکردی مرۆڤن هەر بۆیە تەنیا سەرەڕۆیانەن {یان لەخۆوەن}. دوالیزمی رەخنەگرانە تەنیا بانگەشەی ئەوەدەکات کە **رەنگە** نۆرم و یاسا نۆرم داڕێژەکان بەهۆی مرۆڤەوە دروست بکرێن یان بگۆڕدرێن- بەتایبەتی لە رێگای بڕیار یان پەیمان دان بۆ پاراستن یان گۆڕینیان- کەواتە مرۆڤ لە رووی ئەخلاقیەوە بەرپرسی ئەم نۆڕمانەیە. لەوانەیە مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو نۆرمانەی کە لە بەرایی تێڕامان و بیرکردنەوە سەبارەت بەم بابەتەوە لە کۆمەڵگادا دەیبینێ بەرپرس نەبێت، بەڵام لەمەڕ ئەو نۆڕمانەی کە سەیر دەکا دەتوانێت بیانگۆڕێ و هەر بۆیە ئامادەیە تەحەمولیان بکات، بەرپرسە. نۆرمەکان دەستکردی مرۆڤن، بەو مانایە کە نابێت هیچ شتێك و هیچ کەسێك، چ سروشت یان خوا، جگە لە خۆمان سەبارەت بەمانە سەرزەنش بکەین. ئەگەر بۆمان دەرکەوت لە شوێنی کێماسیان هەیە، لەسەرمانە تا ئەو شوێنەی لە توانامان دایە چاکیان بکەین. لە دواین وتەمەوە دەردەکەوێ کە کاتێك من نوڕمەکان بە دابی یان پەیمانی (عورفی) وەسف دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم جۆرە نۆڕمانە، دەبێ سەرەڕۆیانە یان لە خۆڕابن، یان هەموو زنجیرە یاسایەکی نۆڕم داڕێژ وەکو زنجیرەیەکی دیکە باشن. کاتێك دەڵێم دەتوانین هەندێ سیستەمی یاسایی چاك بکەین و هەندێ یاسا رەنگە لە سیستەمە یاساییەکانی دیکە باشتر بن، مەبەستم ئەوەیە دەتوانین یاسا نۆڕم داڕێژەکان (یان دەزگا کۆمەڵایەتییە) مەوجوودەکان لەگەڵ بەشێك لە نۆڕمە نیشاندەر یان پێوەرەکاندا بەراورد بکەین کە بڕیارمان داوە یان گەیشتووینەتە ئەم دەرەنجامە کە شیاوی بەدیهاتنن. بەڵام تەنانەت ئەم پێوەرانەش دەستکردی ئێمەن بەو مانایە کە بڕیاری ئێمە بۆ پەسەند کردنیان بڕیاری خودی ئێمەیە و بۆ خۆمان بە تەنیا باری بەرپرسایەتی هەڵبژاردنیان هەڵدەگرین. ئەم پێوەرانە لە سروشتدا دەست ناکەون. سروشت لە فاکت (بووەکان) و سیستەمەکان پێکهاتووە و خودی خۆیدا نە ئەخلاقییە و نە نائەخلاقی. ئەوە ئێمەین کە پێوەرەکانی خۆمان بەسەر سروشتدا باردەکەین و ئەگەرچی بەشێکین لە جیهانی سروشتی، کەچی ئەخلاقیات لەودا دێنینەوە{٤}.



ئێمە بەرهەمی سروشتین، بەڵام سروشت ئێمەی بە توانا بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە دونیا و پێش بینی و بەرنامەڕێژی بۆ ئاییندە و وەرگرتنی بڕیاری فراوان و داوێندار کە لە پێناویاندا بەرپرسایەتی ئەخلاقیمان لەسەر شانە، دروست کردووە. بەرپرسایەتی و بڕیار تەنیا لەگەڵ ئێمەدا دێتە ناوجیهانی سروشتەوە.

## ٣

بۆ تێگەیشتن لەم روانگەیە، پەی بردن بەوە گرنگە کە ناتوانین ئەم جۆرە بڕیارانە هەرگیز لە فاکتەکان (یان دەستەواژەی فاکتەکان) دەربێنین، ئەگەرچی ئەم بڕیارانە پەیوەندییان بە فاکتەکانیشەوە هەبێت. بۆ نموونە، بڕیاردان بۆ دژایەتی کردنی کۆیلایەتی پەیوەندی بەو فاکتەوە نییە کە هەموو ئادەمیزادەکان بە ئازادی و بە یەکسانی لە دایك دەبن و هیچ مرۆڤێك بە زنجیرەوە چاو بۆ ژیان هەڵناهێنێ. تەنانەت ئەگەر هەموو بە ئازادی لە دایك بن، لەوانەیە هەندێ کەس بیانەوێ ئەوانیتر بخەنە ناو زنجیرەوە و ئەم جۆرە کەسانە تەنانەت رەنگە لەسەر ئەو بڕوایە بن کە کارێکی شیاوە خەڵکی زنجیر بکەن. بە پێچەوانەوە، تەنانەت ئەگەر ئادەمیزادەکان بە زنجیرەوە لە دایك بن، لەوانە بوو بە شتێکی زۆر لە ئێمە خوازیاری داماڵینی زنجیرەکان بین. بەجۆرێکی وردتر، ئەگەر فاکتێك (یان بوویەك) بە بگۆڕ لە قەڵەم بدەین- وەکو ئەم فاکتە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك تووشی نەخۆشی بووە- رەنگە هەڵوێستی جیاوازی لە بارەوە وەربگرین. دەتوانین بڕیاری هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم فاکتە بدەین، یان دەتوانین بڕیار بدەین بۆ راوەستان لە بەرانبەر هەموو چەشنە هەوڵێکی لەم جۆرە، یان دەتوانین بڕیار بدەین هیچ هەنگاوێك نەهاوێژین.

بەم چەشنە، هەموو بڕیارە ئەخلاقییەکان، جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ هەندێ فاکتدا پەیدا دەکەن، بەتایبەتی هەندێ فاکتی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەموو فاکتە (بگۆڕەکانی) ژیانی کۆمەڵایەتی دەتوانن ببنە هۆی بڕیار وەرگرتنی جیاواز. ئەمە دەریدەخات کە ئەم جۆرە بڕیارانە هەگیز ناتوانن لە فاکتەکان یان وەسفەکانیانەوە وەربگیرێن.

بەڵام لە دەستەیەکی تری فاکتەکانیشەوە ناشێ وەربگیرێن- مەبەستم ئەو سیستەمە سروشتیانەیە کە بە یارمەتی یاسا سروشتییەکان وەسفیان دەکەین. بە تەواوی ئەوە راستە کە

بۆ ئەوەی بڕیارەکانمان بۆ جێبەجێ کردن بشێن، نابێ لەگەڵ یاسا سروشتییەکان (هەر بۆ نموونە یاسا فیزۆلۆژی و دەروونناسەکانی مرۆڤدا) دژ بکەونەوە، چونکە ئەگەر لەگەڵ ئەم جۆرە یاسایانە دا دژایەتیان هەبێت، بۆ جێبەجێ کردن ناشێن. بۆ نموونە، بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەبێ هەمووان زۆرتر کار بکەن و کەمتر بخۆن، بەهۆی فیزیۆلۆژیکەوە پاش رادەیەکی دیاریکراو جێبەجێ ناکرێن، چونکە، لەدوای ئەو رادەیە، لەگەڵ هەندێ یاسای فیزیۆلۆژیکی دا دژ دەکەونەوە. هەر بەم پێوانە، بڕیاردان لەسەر ئەوەی دەبێ هەمووان کەمتر کار بکەن و زیاتر بخۆن، لەبەر هۆکاری جۆراو جۆر و یەك لەوان بەهۆی یاسا سروشتییەکانی ئابووری، لەپاش رادەیەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێ کردن ناشێت. (هەروەك لە خوارەوە لە بڕگەی (٤)ی ئەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێ، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا یاسا سروشتییەکان بوونیان هەیە. ئەم یاسایانە بە ((یاسای کۆمەڵناسانە)) ناوزەد دەکەین.

بەم چەشنە، دەتوانین هەندێ لە بڕیارەکان بەهۆی بۆجێبەجێکردن **نەشیان** بەلاوە بنێین چونکە لەگەڵ هەندێ لە یاسا سروشتییەکان یان ((فاکتە نەگۆڕەکان))دا دژایەتیان هەیە. بەڵام هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نیە، کە دەتوانین هەموو بڕیارێك بەشێوەیەکی لۆژیکی لەم جۆرە ((فاکتە نەگۆڕانە)) دەربهێنین. دۆخەکە بەم چەشنەیە کە دەتوانین بەوە بەرچاوگرتنی هەر فاکتێك (بوویەك)، جا چ بگۆڕ و چ نەگۆڕ بێت، بڕیاری جیاواز بدەین: بۆ نموونە، بڕیاردان بۆ ئەوەی ئەو فاکتە بگۆڕین یان ببینە لەمپەر لەبەردەم ئەوانیتردا کە گەرەکیانە بیگۆڕن یان بڕیاردان بۆ ئەوەی هەر لە بنەڕەتدا خۆمانی تێهەڵنەقورتێنین و شتی لەم جۆرە. بەڵام ئەگەر ئەو فاکتەی باسی دەکەین نەگۆڕبێت- چ بەو هۆیەوە کە گۆڕان بە وەبەرچاوگرتنی یاساکانی نێو سروشت ناکرێت و چ لەبەر ئەوە کە گۆڕان، لەبەر هۆکاری تر، بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیاری ئەم کارەن، لەرادەبەدەر دژوارە- هەر چەشنە بڕیارێك بۆ گۆڕینی ناکردەییە و لە بنەڕەتدا هەر بڕیارێك لەمەڕ ئەم فاکتەوە بێهودە و بێ مانایە.

کەواتە، دوالیزمی رەخنەگرانە جەخت لەسەر خۆبواردن لە سپاردنی بڕیار و نۆڕمەکان بە فاکتەکان دەکاتەوە، هەر بۆیە، دەتوانین بە **دووانەیی یان دوالیزمی فاکت** و **بڕیارەکان** وەسفی بکەین.

بەڵام وا دێتە بەرچاو ئەم دوالیزمە بکەوێتە بەردەم پەلامار. لەوانەیە بڵێین خودی بڕیاریش فاکتێکە. ئەگەر بڕیار بدەین بۆ هەڵبژاردنی نۆڕمێکی دیاریکراو، وەرگرتنی ئەم بڕیارە بۆ خۆی



فاکتێکی دەروونناسانە یان کۆمەڵناسانەیە. شتێکی پووچە ئەگەر کەسێك بڵێت هیچ شتێك لە نێوان ئەم جۆرە فاکتە و فاکتەکانی دیکەدا هاوبەش نییە. لەبەر ئەوەی ناتوانین گومانمان لەوە هەبێت کە بڕیارەکانمان لەمەڕ نۆڕمەکانەوە- واتە ئەو نۆڕمانەی هەڵیدەبژێرین- بە ئاشکرا پەیوەندییان بە هەندێ فاکتی دەروونناسانەی وەکو کاریگەری پەروەردەی ئێمەوە هەیە، هەر بۆیە پووچ دێتە بەرچاو ئەگەر کەسێك دوالیزمی فاکت و بڕیارەکان بە یەکێك لە بنچینەکانی بابەتەکە بزانێت یان بڵێ ناشێ بڕیارەکان لە فاکتەکانەوە وەربگرین. بە ئاماژەکردن بۆ ئەم خاڵە دەتوانین بەرسڤی ئەم نارەزایەتییە بدەینەوە کەرەنگە بە دوو مەفهوومی جیاواز لەسەر وشەی ((بڕیار)) بدوێین. لەوانەیە قسە لە بڕیارێك بکەین کە خراوەتەڕوو یان وەبەرچاوگیراوە یان وەرگیراوە، یان بە رووەکەی تردا، لە کردەی بڕیاردان بدوێین و ئەم کردەیە بە بڕیار ناوزەد بکەین. تەنیا بە مانای دووەمە دەتوانین بڕیارێك بە فاکت وەسف بکەین. لە هەمبەر هەندێ زاراوەی تریشدا دۆخەکە بەم چەشنەیە. بە مانایەك دەتوانین قسە لەسەر **بۆچوون** ((resolution))ێکی دیاریکراو بکەین کە خراوەتە بەردەم ئەنجوومەنێك و بە مانایەکی دیکە دەکرێ کردەی بڕیار وەرگرتنی ئەنجوومەن بە ((بۆچوونی)) ئەنجوومەن لە قەڵەم بدەین. هەر بەم جۆرە، رەنگە لەسەر ئەو پێشنیارە بدوێین کە خراوەتە بەردەمی ئێمە یان لە کردەی پێشنیارکردنی شتێك کە لەوانەیە ئەویش بە ((پێشنیار)) ناوزەد بکرێ. هاوشێوەی ئەم توانجپۆشییە لە دەستەواژە وەسفییەکانیشدا زۆر باوە. بۆ نموونە ئەم دەستەواژەیە دێنینە بەرچاوی خۆمان کە دەڵێت: ((ناپلیۆن لە سێنت هێلێن مرد)). ئەم فاکتە-واتە ناپلیۆن لە سێنت هێلێن مرد- بە فاکتی سەرەکی یان یەکەمین[١٥] ناو دەنێین. ئێستا گریمان مێژوو نووسێك، بۆ نموونە بەڕێز الف، وێرای نووسینی ژیاننامەی ناپلیۆن، ئەو دەستەواژەی باسمان کرد، بەکاردێنێت. بەم کارەی وەسفی ئەو شتە دەکات کە ئێمە بە فاکتی سەرەکی ناوزەدمان کرد. بەڵام ئێستا فاکتێکی دووەمی یان لاوەکی[١٦] دروست بووە کە بە تەواوی لەگەڵ فاکتی سەرەکیدا جیاوازی هەیە و ئەم واقیعیەتە بە یانگەری ئەم بابەتەیە. مێژوونووسێکی دیکە بە ناوی بەڕیز ب کاتێك کە ژیاننامەی بەڕێز الف دەنوسێت لەوانەیە فاکتی دووەم بەم وتەیە وەسف بکات کە: ((بەڕێز الف رایگەیاند کە ناپلیۆن لە سێنت هێلێن مرد)). فاکتی دووەمی کە بەم چەشنە وەسف کراوە، بەرێکەوت خۆی وەسفێکە، بەڵام بە مانایەك وەسفەکە دەبێ لە

15. Primary fact
16. Secondary fact

وەسف بە مەفهوومی ((ناپلیۆن لە سێنت هێلێن مرد)) جیا بکرێتەوە. وەسف کردن یان دەستەواژە هێنانەوە، بۆ خۆی فاکتێکی کۆمەڵناسانە یان دەروونناسانەیە. **بەڵام دەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەو وەسفەی کە کراوە و رووداوی وەسفەکە.** ناتوانین خودی وەسفەکە لە رووداوەکەی وەربگرین ئەگینا ئەمە بەو مانایە دەبوو کە دەتوانین لە دەستەواژەی ((بەڕێز الف رایگەیاند کە ناپلیۆن لە سێنت هێلێن مرد))، بە پێوەری (قیاس) راست بگەینە ئەو دەرەنجامە کە ((ناپلیۆن لە سێنت هێلێن مرد))، کە بە ئاشکرا نەشیاوە.

لە پانتایی بڕیاردانیشدا بارودۆخەکە بەم شێوەیەیە. وەرگرتنی بڕیارێك، هەڵبژاردنی نۆرم یان پێوەرێك، بۆ خۆی فاکتێکە، بەڵام نۆرم یان پێوەرە هەڵبژاردراوەکە فاکت نییە. ئەوە کە زۆربەی خەڵك لەگەڵ ئەو نۆڕمەدا هاوڕان کە دەڵێ: ((دزی مەکە))، فاکتێکی کۆمەڵناسانەیە. بەڵام خودی نۆرمی ((دزی مەکە)) فاکت نییە و هەرگیز ناتوانین دەرەنجامگیری بکەین لەو رستانەی کە وەسفی فاکتەکان دەکەن. ئەمە کاتێك بە روونی دەردەکەوێت کە وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە هەمیشە سەبارەت بە فاکتێکی دیاریکراو، دەرفەتی بڕیاری جیاجیا و تەنانەت دژ و پێچەوانەش هەیە. بۆ نموونە، تەنانەت بە سەرنج دان بەوەی کە زۆربەی خەڵکی نۆرمی ((دزی مەکە)) هەڵدەبژێرن، دیسان هەلی ئەوە هەیە کە بڕیاری هەڵبژاردنی بدرێت یان دژایەتی هەڵبژاردنی بکرێ: لەوانەیە ئەو کەسانەی ئەم نۆڕمەیان هەڵبژاردووە هان و دنە بدرێن یان پێشیان لێبگیرێت و رازی بکرێن نۆرمێکی دیکە هەڵبژێرن.

بەکورتی: **ئاستەمە لە رستەیەك کە دەربڕی فاکتێکە، رەستەیەك دەربێنین بۆ دەربڕینی نۆڕم یان بڕیار یان بۆ نموونە پێشنیارکردن بۆ دانانی سیاسەتێك.**

یان بۆ ئەوەی بابەتەکەمان بە جۆرێکی تر خستبێتەڕوو، ئەنجامگیری نۆڕم یان بڕیار یان پێشنیارەکان لە فاکتەکانەوە، ئاستەمە{٥}.

ئەم وتەیە کە نۆڕمەکان دەستکردی مرۆڤن (هەڵبەتە دەستکردی مرۆڤ نەك بەو مانایە کە هۆشیارانە گەڵاڵەڕێژیان بۆ کرابێت، بەڵکو بەو مانایە کە ئادەمیزادەکان دەتوانن بیانگۆڕن و لە توانایان دایە داوەری لەسەر بکەن- واتە بەو مەفهوومە کە بەرپرسایەتییەکەیان بە تەواوی لەسەر شانی ئێمەیە) بەزۆری تووشی خراپ لێ تێگەیشتن هاتووە. دەتوانین بڵێین رەگی هەموو خراپ تێگەیشتنەکان بۆ هەڵەیەکی بنەمایی دەگەڕێتەوە، واتە بۆ ئەو باوەڕە کە ((دابی)) بوون، هاوپەیوەستە لەگەڵ ((سەرەڕۆیانە یا لەخۆڕا)) بوون و ئەگەر ئازاد بین لە هەڵبژاردنی



هەر سیستەمێك لەو نۆڕمانەی کە خوازیاریانین، هیچ سیستەمێك لە سیستەمێکی تر باشتر نییە. هەڵبەتە دەبێ دان بەوە دابنێین ئەو تێڕوانینە کە پەیمانی یان دەستکردی بوونی نۆڕمەکان، دەریدەخات کە توخمێك لە سەرەڕۆیی لە بابەتەکەدا بوونی هەیە- یاخود بە جۆرێکی تر، لەوانەیە سیستەمگەلی جیاوازی نۆڕمەکان بوونیان هەبێت کە هیچ کامێکیان بەسەر ئەویدیدا ئەفزەڵیەتی نەبێت (ئەو واقیعیەتەی کە پرۆتاگۆراس لە جێی خۆیدا جەختی لێ دەکاتەوە). دەستکرد (مصنوعی) بوون بە هیچ شێوەیەك هاوپەیوەستی سەرەڕوویانە بوون و بە ئارەزوو بوونی تەواو نییە. بۆ نموونە، ئەژمێرە (حساب) ماتماتیکییەکان[17] یان سامفۆنییەکان یان شانۆنامەکان، هەر هەموویان زۆر دەستکردن، بەڵام ئەوەی لێ ناکەوێتەوە کە هیچ ئەژمێرێك یان سامفۆنیایەك یان شانۆنامەیەك لەویتر باشتر نەبێت. مرۆڤ جیهانە نوێیەکانی خوڵقاندووە- جیهانی زمان، مۆسیقا، شێعر، زانست و لە هەموویان گرنگتر، جیهانی ویستی ئەخلاقیی یەکسانی و ئازادی و یارمەتیدانی لاوازەکان{٦}. لە بەراوردکردنی پانتایی ئەخلاقی لەگەڵ پانتایی مۆسیقا یان ماتماتیك بەشێوەیەکی لاوەکی مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم جۆرە وەکیەکبوونانە بەستنێکی دوورودرێژیان هەیە. بەتایبەتی جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان بڕیارە ئەخلاقییەکان و ئەو بڕیارانەی لە زەمینەی هونەردا دەدرێن. بەشێکی زۆر لە بڕیارە ئەخلاقییەکان سەروکاریان لەگەڵ ژیان و مەرگی مرۆڤەکانی دیکەدا هەیە. بڕیار لە زەمینەی هونەردا چەندین جار خێرایی و گرنگییەکی کەمتری هەیە. هەربۆیە زۆر گومڕاکەرانەیە ئەگەر بڵێین هەر بەو جۆرە کە تاك بڕیاری دژایەتی یان هاوڕایی لەگەڵ کۆیلایەتی دەدات بەم چەشنەش بە سوودی یان دژی بەرهەمی مۆسیقی یان ئەدەبیش بڕیار دەدات، یان بڵێین بڕیارە ئەخلاقییەکان تەنیا پەیوەندییان بە زەوق و سەلیقەوە هەیە و بەس.

بڕیاری ئەخلاقی تەنیا بڕیاری ئەوتۆین لە هەمبەر ئەوەی چۆن دەتوانین دونیا جوان بکەین یان رازاندنەوەی تری لەم چەشنە، بەڵکو خودان خێراییەکی گەلێ زیاتر لەمەن (هەموو ئەوەی باسمان کرد لەگەڵ بەشی نۆیەمدا هەڵبسەنگێنن). مەبەستمان لەو بەراورد کردنە ئەوەیە بیسەلمێنن کە ئەو بۆچوونەی پێیوایە بڕیاردانی ئەخلاقی بە دەست ئێمەیە، ئەوەی لێناکەوێتەوە کە ئەم جۆرە بڕیارانە یەکڕاست بە ئارەزوو و سەرەڕۆیانەن.

17. mathematical calculi

جێگای سەرسوڕمانە، ئەو تێڕوانینەی کە دەڵێ نۆڕمەکان دەستکردی مرۆڤن، لەلایەن هەندێ کەسیشەوە کە ئەم هەڵوێستە وەکو هێرش کردنە سەر ئایین لێك دەدەنەوە، بەرهەڵستی دەکرێ. هەڵبەتە دەبێ ئەوە پەسند بکەین کە ئەم بۆچوونەی ئاماژەمان بۆ کرد هێرشە بۆ سەر هەندێ شێوەی دینداری- واتە ئەو دینانەی کە خوازیاری پەیڕەوی کوێرانەن لە مەراجع و کەسانی جێگای متمانە و سێحربازی و تابۆیزم- بەڵام پێم وانییە بە هیچ شێوەیەك دژایەتی لەگەڵ ئەو ئایینەدا بکات کە لەسەر بنەمای وێناکردنی بەرپرسایەتی تاکە کەسی و ئازادی ویژدان دامەزرابێت. بەڵگەنەویستە کە زەینم بەتایبەتی لەسەر مەسیحیەتە، لانی کەم بەو چەشنە کە لە وڵاتە دیموکراتەکان لێك دەدرێتەوە و راڤە دەکرێ- واتە ئەو بەشەی مەسیحیەت کە لە بەرانبەر هەموو جۆرە تابۆیزمێکدا، وەعز دادەدات: ((بیستووتانە کە بە پێشینیانیان دەگوت... بەڵام بە ئێوە دەڵێین کە[١٨]...)) و لە هەموو بوارێکدا هاواری ویژدان لە بەرانبەر پەیڕەوکردنی ڕواڵەتی رووت و هەڵگرتنی ئەرکی یاسایی دادەنێت.

من ئەوە پەسەند ناکەم، بیری ئەوەی یاسا ئەخلاقییەکان بەم مەفهوومە دەستکردی مرۆڤن، پێچەوانەی ئەم روانگە دینییە کە دەڵێت، ئەو یاسایانەی ئاماژەیان بۆ کرا خواوەند بە ئێمەی بەخشیوە. لە رووی مێژووییەوە، بێ گومان هەموو سیستەمە ئەخلاقییەکان لەگەڵ ئاییندا سەرهەڵدەدەن، بەڵام من سەروکارم لەگەڵ بابەتە مێژووییەکان نییە. من ناپرسم کێ یەکەمین یاسادانەری ئەخلاق بووە. تەنیا دەڵێم ئەو کەسەی بەرپرسی هەڵبژاردن و رەفزکردنی یاسا ئەخلاقییە پێشنیار کراوەکانە، ئێمەین و بەس. ئەوە ئێمەین کە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان پێغەمبەرە راستەقینە و درۆینەکاندا. بانگەشەی ئەوە دەکرێ هەموو جۆرە نۆرمەکان لەلایەن خواوەندەوە بەخشراون. ئەگەر ئێوە ئەخلاقی ((مەسیحی)) لە هەمبەر یەکسانی و لێبوردەیی و ئازادی ویژدان تەنیا لەبەر ئەوەی بانگەشە دەکرێ لەسەر بنەمای پەیڤی یەزدانی دەمەزراوە، قبوولّ بکەن، بیناکەتان لەسەر بناغەیەکی لەرزۆك داناوە، چونکە چەندین کەڕەت بانگەشەی

١٨. ئاماژەیە بۆ مەوعیزەیەکی عیسای مەسیح بۆ یاوەرەکانی (ئینجیلی مەتتا، بابی پێنجەم) کە لە میانیدا دامەزرێنەری مەسیحییەت چاکسازی لە ئەحکامەکانی موسادا پێکدێنێ و تەواویان دەکات. هەموو ئایەتێك بەو رستەیە دەستپێدەکات کە وەرمانگرتووە، بۆ نموونە: "بیستووتانە کەبە یەکەمین وتراوە مەکوژەو هەرکەسێك بکوژێت شایستەی حوکمدانە. لێ من پێتان دەڵێم هەرکەسێك بەبێ هۆ لەبراکەی خۆی توڕە بێت پێویستە حوکم بدرێ..." هەر بەم چەشنە لەمەڕ ئەحکامەکانی تریش.



ئەوە کراوە کە نایەکسانی ویستی خواوەندە و نابێ لە هەمبەر کافرەکانەوە لێبووردە بین. بەڵام ئەگەر ئەخلاقی مەسیحی قبولّ بکەن نەك لەبەر ئەوەی کە فرمانتان پێکراوە وابکەن، بەڵکو بە هۆی بڕوای پتەوی خۆتان بە راست بوونی ئەم بڕیارە، ئەو کاتەیە کە بڕیارەکە ئێوە داوتانە. سوور بوونی من لەسەر ئەوە کە ئێمە بڕیار دەدەین و بۆخۆمان باری بەرپرسایەتی هەڵدەگرین، نابێت ئەوەی لێبکەوێتەوە کە ئێمە ناتوانین یان نابێت یارمەتی لە ئیمان وەربگرین و لە نەریت و نموونە مەزنەکان ئیلهام بخوازین. هەروەها نابێ ئەوەشی لێبکەوێتەوە کە چێ بوونی بڕیارە ئەخلاقییەکان پڕۆسسێکی تەواو ((سروشتییە)) هەروەکو پڕۆسسە **فیزیکی-کیمیاییەکان.** پڕۆتاگۆراس، یەکەمین دوالیستی رەخنەگر، رێنمایی دەکرد، کە لە نێو سروشتدا هەواڵێك لە نۆڕم نییە و مرۆڤ نۆڕمەکان دێنێت و ئەمە گرنگترین دەستکەوتی مرۆڤە. بەم چەشنە هاتە سەر ئەو بڕوایە کە بە وتەی بورێنت{٧}، ((ئەو شتەی بەرزێتی دەبەخشێتە مرۆڤ بەسەر ئاژەڵەکاندا، دەزگا و دابەکانن)) لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سەرەڕای پێداگرتن لەسەر ئەوە کە مرۆڤ خولقێنەری نۆڕم و پێوەری[١٩] هەموو شتەکانە، ئەو لەسەر ئەو بڕوایەش بوو کە ئادەمیزاد تەنیا بە هاوکاری بان سروشتی توانای خوڵقاندنی نۆڕمەکانی هەیە. بە پێی رێنماییەکانی، مرۆڤ نۆڕمەکان بەسەر دۆخ و حاڵەتی سروشتی یان سەرەکی بوارەکاندا سوار یان فراوان دەکات، بەڵام بە یارمەتی زیۆس. بە فرمانی زیۆس، هێرمێس[٢٠] هێزی تێگەیشتن لە نێوان هەموو ئادەمێزادەکان دا بڵاودەکاتەوە. بەم چەشنە، یەکەمین شیکردنەوەی روونی دوالیزمی رەخنەگرانە، بە جۆری مەیدان بۆ ڕاڤەی دینی هەستی بەرپرسایەتی ئێمە دەکاتەوە کە دەریدەخات دژایەتییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێست و روانگەی دینیدا نییە. بە بڕوای من دەتوانین هاوشێوەی ئەم رێبازە لە سوقراتی مێژوویی {یان سوقرات بەو جۆرە کە لە مێژوودا وێنەی هەیە} بدۆزینەوە (بچۆرە بۆ بەشی دەیەم) کە بە حوکمی ویژدان و بیروباوەڕی ئایینی، خۆی ناچار دەبینێ مەراجع و کەسانی جێگای متمانە بخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە و بە دوای ئەو نۆڕمانەدا دەگەڕا کە بتوانێت لە دادپەروەرانە بوونیان دڵنیا بێت. رێبازی خود موختاری[٢١] ئەخلاق، لە پرسی دین سەر بەخۆییە بەڵام لەگەڵیدا گونجاوەوە تەنانەت لە پەیوەندی لە تەك ویژدانی تاکە کەسی دا بۆ هەموو ئاینێك پێویست و زەروورییە.

19. measure

٢٠. Hermes. یەکێکە لە یەزدانەکانی ئەفسانەی یۆنانی دێرین و پەیك و پەیامهێنی زیۆسیشە.

21. Autonomy

## ٤

هەر ئەوەندە بەسە سەبارەت بە دوالیزمی فاکت و بڕیارەکان، یان ڕێباز (دۆکترین)ی خودموختاری ئەخلاق کە پڕۆتاگۆراس و سوقرات{٨} یەکەمین لایەنگرەکانی بوون. بە بڕوای من، ئەمە بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی زۆر پێویستە. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو ((یاسا کۆمەڵایەتییەکان)) واتە سیستەمە باڵادەستەکانی سەر ژیانی کۆمەڵایەتی، نۆرمڕێژن یان بەهۆی مرۆڤە داسەپاون. بە پێچەوانەوە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا یاسای سروشتی گرنگ بوونی هەیە. زاراوی **یاسا کۆمەڵناسییەکان**[٢٢]، بۆ ئەم دەستە یاسایانە گونجاو دێتە بەرچاو. گرنگی لێك جیاکردنەوەی یاسا سروشتییەکان لە یاسا نۆرم داڕێژەکان بۆ ئەم فاکتە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕووبەڕووی هەردوو جۆرە یاساکە دەبینەوە.

کاتێ لە یاسا کۆمەڵناسییەکان یان یاسا سروشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدوێم، هزرم هێندە بۆ لای یاسای بانگەشەکارانەی پەرەسەندن ناچێت کە هەندێ مێژووگەرای وەکو ئەفلاتون هۆگرین، هەرچەندە ئەگەر ئەم جۆرە ڕێکیانە لە گۆڕانکاری مێژوویی دا بوونیان هەبێت، بێ گومان دەبێ لە ژێر چەمکی یاسا کۆمەڵناسییەکاندا فۆرمۆڵبەندی بکرێن. تەنانەت هێندەش بیر لە یاسا باڵادەستەکانی سەر ((سروشتی مرۆڤ))- واتە ڕێکییە دەروونناسی و کۆمەڵایەتی- دەروونناسییەکانی ڕەفتاری مرۆیی، ناکەمەوە. ئەو شتەی هزرم پێیەوە خەریکە یاسایەکی وەکو ئەوانەی کە لە تیۆرە ئابوورییە نوێیەکاندا فۆرمۆڵبەندی دەکرێن، وەکو تیۆری بازرگانی نێودەوڵەتی[٢٣] یان تیۆری سوڕی بازرگانی[٢٤]. ئەم یاسایانە و یاسا گرنگەکانی تری کۆمەڵناسی، پەیوەندییان بە کردە یان ئەرکی[٢٥] دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. (لەگەڵ بەشی سێهەم و نۆیەمدا هەڵبسەنگێنن). ڕۆڵی ئەم یاسایانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هاوتای ڕۆڵی، بۆ نموونە، پرنسیپی نوێڵەکانە لە ئەندازیاریی میکانیکدا. دەزگاکانیش وەکو نوێڵەکان پێویستن، ئەگەر گەرەکمان بێت شتێکی زیاتر لە هێزی ماسولکەکانمان وەدەست بێنین.

22. sociological laws
23. International trade
٢٤. trade cycle. مەبەست بەرزونزم بوونەوەی ئابووری و سەرهەڵدانی خولی بێ بازاڕی و بازاڕگەرمییە لەبازرگانیدا.
25. Functioning



دەزگاکانیش وەك ماشینەکان هێزی ئێمە لە کارە چاك و خراپەکاندا چەند هێندە دەکەن. بەڵام دەزگاکانیش هەروەکو ماشینەکان پێویستیان بەسەر پەرشتی عاقڵانە و هۆشمەندانەی کەسێکە کە ئەرکەکانیان و لە هەمووی گرنگتر، لەو ئامانجە جۆراوجۆرانە تێبگات کە دەتوانرێ لە هەر کامێکیان و لە ڕێگای ئەواندا سوودیان لێ وەربگیردرێت یان لە ڕێگەی خراپدا بەکاربهێنرێن، چونکە ناتوانین بە جۆرێك دروستیان بکەین بە تەواوی ئۆتۆماتیك کاربکەن. جگە لەمە، دروست کردنیان پێویستی بە ناسینی ئەو جۆرە ڕێکیە (نڤم) کۆمەڵایەتییانە هەیە کە بۆ ئەو شتەی کە دەتوانرێت بە هۆی دەزگاکان بە دەست بهێنرێت، سنوور و بەرتەسکی دادەنێن{٩}. (ئەم بەرتەسکی و سنوورانە لە ڕوویەکەوە بە یاسای مانەوەی وزە[٢٦] دەچن و ئەمەش یەکسانە لەگەڵ ئەوەدا بڵێین ناتوانین ماشینێکی بەردەوام بزۆك[٢٧] چێ بکەین). لە بنەڕەتدا، دەزگاکان هەمیشە لە ڕێگای پاراستنی هەندێ نۆڕمەوە دروست دەکرێن کە ئەم نۆڕمانە بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانج گەڵاڵەڕێژی کراون. ئەمە بەتایبەتی سەبارەت بەو دەزگایانە ڕاستە کە بەمەبەست و ئاگاییەوە دروست دەکرێن. بەڵام تەنانەت بەشی هەر زۆری دەزگاکان کە دەرەنجامی بێ مەبەستی کردەی مرۆڤن، ئاکامی ناڕاستەوخۆی هەندێ کردەوەی مسۆگەرکەری مەبەستن (لەگەڵ بەشی چواردەیەم دا هەڵبیسەنگێنن) و ئەرکەکانیان زیاتر پەیوەستە بە پاراستنی نۆڕمەکانەوە. (تەنانەت ماتۆڕێك نەك هەر لە ئاسن بەڵکو هەروەك دەڵێین، لە ئاوێتەکردنی ئاسن و نۆڕم دروست دەبێت- واتە لە ئاڵوگۆڕی شتە مادییەکان بەڵام بە پێی هەندێ ڕێسای نۆڕمداڕێژ، واتە لە ڕووی نەخشە یان گەڵاڵەی ماتۆڕ). یاسا نۆڕمداڕێژەکان و یاسا کۆمەڵناسییەکان یان سروشتییەکان، بە چەشنێك لە نێو دەزگاکاندا لە پاڵ یەکترنجاون کە ئاستەمە بەبێ لێك جیاکردنەوەیان، بتوانین لە ئەرکی دەزگاکان تێبگەین. (لەوەی وتمان مەبەست خستنەڕووی بابەتەکەیە نەك پێشکەش کردنی ڕێگاچارە. ئەو پێوەرەی لە ڕێگای پێك چواندنی دەزگا و ماشین بەکارمان هێنا نابێ وەکو ئەو تیۆرە ڕاڤە بکرێ کە دەڵێین دەزگا بە مەفهوومە خودییەکەی هەمان ماشینە. هەڵبەتە دەزگا ماشین نییە، ئەو تیزەی لێرەدا دەیخەینەڕوو ئەوەیە کە دەتوانین دەرەنجامی سوودمەند و جێگای سەرنج بە دەست بێنن ئەگەر لە خۆمان بپرسین ئایا لە فلانە دەزگای دیاریکراو مەبەستێکمان دەست دەکەوێ یان نا و ئەو

26. Laws of conservation of energy
27. perpetual motion machines

مەبەستە چییە. بەڵام ناڵێین هەموو دەزگایەك لە خزمەت مەبەستێکی دیاریکراو دایە، وەك بڵێی، مەبەستە خودییەکەی بێت).

## ٥

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە رەوتی گۆڕانکاری لە یەکیەتیگەرای سادەبینانە یان سێحری بەرەو دوالیزمی رەخنەگرانە، هەنگاوی نێوبەندبوونیان هەیە کە جیاوازی نێوان نۆڕمەکان و یاسا سروشتییەکان ئاشکرا دەکەن. زۆربەی ئەم هەڵوێست و تێڕوانینانە لەم بەدتێگەیشتنەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەگەر نۆڕمێك پەیمانی یان دەستکردە، حەتمەن دەبێ یەکڕاست سەرەڕۆیانە بێت. بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئەفلاتون کە هەندێ تۆخم لە هەمووی ئەمانە تێکەڵاو دەکات، پێویستە سێ هەڵوێست لەم هەڵوێستە نێوبەندانە کە لە هەموویان زیاتر گرنگیان هەیە، تاوتوێ بکەین: ١) سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە[٢٨]، ٢) پۆزیتیڤیزمی ئەخلاقی و دادوەری[٢٩] و ٣) سروشتگەرایی دەروونناسانە یان رۆحی[٣٠]. شایانی ئاماژە پێکردنەکە سوود لە یەك یەکی ئەم هەڵوێستانە وەرگیراوە بۆ بەرگری کردن لە تێڕوانینی ئەخلاقی لە ڕەگ و ریشەوە دژ بە یەك و پێچەوانە، بەتایبەتی بۆ پشتیوانی کردن لە دەسەڵات لەلایەك و بەرگری کردن لە مافی لاوازان لەلایەکی ترەوە.

١- سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە یان، بەجۆرێکی ورتر، رووی زیندەوەرانەی سروشتگەرایی ئەخلاقی، بریتییە لەو تیۆرە کە ئەگەرچی یاسا ئەخلاقییەکان و یاسای دەوڵەتەکان سەرەڕۆیانەن، بەڵام هەندێ یاسای سروشتی هەرمان و نەگۆڕیش بوونیان هەیە کە دەتوانین لێیانەوە ئەم جۆرە نۆڕمانە وەربگرین. ئەو کەسانەی بڕوایان بە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە هەیە رەنگە بەڵگەخوازی بکەن کە خووی تایبەت بە خۆراك خواردن- واتە ژمارەی ژەمەکانی خواردن و جۆری خۆراکەکان- هەندێ نموونەن بۆ بە ئارەزوویی بوون و سەرەڕۆیانە بوونی دابەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ ئەگەر لەڕادەبەدەر یان بە ئەندازەیەکی نا کافی خواردن بخوا، دەمرێت. بەم چەشنە، وا دێتە بەرچاو کە هەروەك چۆن لە پشت دەرکەوتە و دیاردەکانەوە هەندێ حەقیقەت بوونیان هەیە، وەهاش لە پشت پەیمانە لە خۆڕا و سەرەڕۆکانمانەوە یاسای سروشتی نەگۆڕ، بەتایبەتی یاسای بایۆلۆژی بوونی هەیە.

28. biological naturalism
29. ethical or juridical positivism
30. psychological or spiritual naturalism



نەك هەر سوود لە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە وەرگیراوە بۆ بەرگری کردن لە یەکسانیخوازی، بەڵکو بۆ پشتیوانی کردن لە تیۆری دژەیەکسانیخوازی حکومەتی بەهێزەکانیش بەکارهێنراوە. یەکێك لە بەرایترین لایەنگرانی ئەم جۆرەی سروشتگەرایی {قوتابخانەی سروشتی}، شاعیر یۆنانی پیندارۆس[٣١] بوو کە بۆ پەسەندکردنی تیۆری فەرمانڕوایی بە هێزەکان سوودی لێوەردەگرت. بانگەشەی ئەوەی دەکرد{١٠} کە یاسای خودان مسداقیەت لە سەرانسەری سروشتدا ئەوەیە کە بەهێزتر ئەوەی گەرەکیەتی لەگەڵ لاوازتردا ئەنجامی دەدات. هەر بۆیە، یاساکانی پارێزگاری لاوازەکان نەك هەر سەرەڕۆیانەن بەڵکو شێوەی ئاوەژووکراوەو ساختەی یاسا راستەقینە سروشتییەکانن کە دەڵێت دەبێ بەهێز ئازاد و لاواز کۆیلەی ئەو بێت. ئەم بۆچوونە لەلایەن ئەفلاتونەوە توێژینەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر کراوە: لە گۆرگیاس، ئەو دیالۆگەی کە هێشتا لە ژێر کاریگەری سوقرات دایە، هێرشی کراوەتە سەر، لە کۆمار لە زمانی تراسۆماخۆسەوە[٣٢] دەبڕدراوەو لەگەڵ تاکگەرایی ئەخلاقی[٣٣] وەکیەك دەژمێردرێ (بچۆرە بۆ بەشی دواتر)، لە یاساکاندا، ئەفلاتون لە رابردوو کەمتر دژایەتی بۆچوونی پیندارۆس دەکات بەڵام هێشتا لەبەرانبەر حکومەتی داناترین کەسەکاندا دایدەنێت و دەڵێ ئەمە بنچینەیەکی باشترە و هەر بەو ڕادەیەش لەگەڵ سروشتدا گونجاوە (هەروەها بگەڕێوە بۆ ئەو وتەیەی کە لە خوارەوە هەر لەم بەشەدا وەرگیراوە).

ئانتیفۆنی[٣٤] سۆفیست، یەکەمین کەس بوو کە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانەی بە چەشنێکی مرۆڤدۆستانە و یەکسانیخوازانە خستە ڕوو. بە یەکسان لە قەڵەم دانی سروشت لەگەڵ راستی و دابی لەگەڵ باوەڕ یان ((باوەڕی وەهمی)){١١}یش هی ئەوە. ئانتیفۆن لە رەگ و ریشەوە سروشتگەراییە و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە نەك هەر بەشی هەرە زۆری نۆڕمەکان سەرەڕۆیانە و لە خۆڕان بەڵکو راستەوخۆ پێچەوانەی سروشتن. دەڵێ نۆرمەکان لەدەرەوەڕا دادەسەپێنرێن، لە کاتێکدا رێسا سروشتییەکان بۆ خۆ لێبواردن ناشێن. شکاندنی ئەو نۆڕمانەی کە مرۆڤ سەپاندوویەتی، ئەگەر سەپێنەرەکان شاهیدی پێشێل کردنیان بن، زیانمەند و تەنانەت ترسناکیشە، بەڵام نۆڕمەکان هیچ زەرورەتێکی خودیان نییە و پێویست ناکات هیچ کەسێك لە

٣١. pider (نزیکەی ٥١٨ ـ ٤٣٨ پێش زایین). گەورەترین شاعیری گۆرانی لە یۆنان.

32. Thrasymachus
33. ethical individualism
34. antiphon

پێشێك كردنیان شەرمەزار بێ، شەرم و سزا وەكو گرانتێكی جێبەجێ كردنە كە لە خۆڕا لە دەرەوەوە سەپێنراوە. لەسەر بناغەی ئەم رەخنەگرتنە لە ئەخلاقیاتی پەیمانی، ئانتیفۆن ئەخلاقێك دروست دەكات كە تەوەرەكەی سوودگەراییە[٣٥]. دەڵێ: ((لەو كارانەی كە لێرەدا ئاماژەمان پێكرد، بەشێكی زۆر پێچەوانەی سروشتە چونكە لەو شوێنەی كە دەبووایە كەمتر رەنج و ئازاری هەبێ، رەنج و ئازاری زیاترە و لەو جێگەی كە دەیتوانی خۆشی و چێژێكی زۆرتر بێ، چێژێكی كەمتری هەیە و لەو شوێنەی كە پێویست ناكات زەرەر و زیانێكی هەبێ، زەرەر و زیان لەگەڵ خۆیدا دێنێت)){١٢}. لە هەمات كاتدا، رێنوێنی ئەوەی دەكرد دەبێ توانی زاڵبوون بەسەر خودمانمان هەبێ. ئانتیفۆن یەكسانیخوازی خۆی بەم چەشنە فۆرمۆڵبەندی دەكات: ((ئێمە پارێزگاری و ستایشی نەجیبزادەكان دەكەین بەڵام لەگەڵ رەشۆكزادەكان وانین. ئەمە خووی وەحشییەكانە. چونكە ئێمە هەمووومان لە پێدراو و توان سروشتییەكاندا یەكسانین، لە هەموو رووییەكەوە، چ یۆنانی بین و چ بەربەر... هەموومان لە رێگای دەم و لووتەوە هەناسە هەڵدەكێشین)).

ئەم جۆرە یەكسانیخوازییە لەلایەن هیپپیاسی[٣٦] سۆفیستیشەوە بەیان دەكرێ. ئەفلاتون بەم جۆرە وێنەی دەكێشێت كاتێ رووە و گوێگرەكانی ئاوها دەڵێت: ((بەڕێزان، من لەسەر ئەو بڕوایەم ئێمە هەموومان خزم و هاوشاری و دۆستی یەكترین و ئەگەر بە پێی یاسای دابیش وەها نەبێت، ئەوا بە پێی سروشت ئاوهاین. چونكە بە پێی سروشت وێكچوون دەربڕی خزمایەتییە، بەڵام یاسای داب كە ملهوڕی مرۆڤەكانە ناچارمان دەكات گەلێك كار ئەنجام بدەین كە دژی سروشتە)){١٣}. ئەم رۆحە پەیوەندییەكی نزیكی هەبوو لەگەڵ بزاڤی دژە كۆیلایەتی ئەسینا كە لە بەشی چوارەم باسمان كرد و ئورپییدس[٣٧] بەم جۆرە دەریدەبڕێ: ((خودی ئەم ناوە {كۆیلە} بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی كۆیلە تووشی نەنگ و شەرمەزاری بكات، ئەو كۆیلەیەی رەنگە لە هەموو رووییەكەوە لەو پەڕی شایستەیی و بەڕاستی یەكسان بێ لەگەڵ ئەو پیاوەی كە بە ئازادی لە دایك بووە)). لە شوێنێكی دیكەدا دەڵێت: ((یەكسانی، یاسای سروشتی مرۆڤە)).

35. utilitarian ethics
36. Hippias
٣٧. Euripides (نزیكەی ٤٨٠ ـ٤٠٦ پێش زایین). یەكێكە لە گەورەترین تراژیدیا نووسەكانی یۆنان كە شانۆنامەكانی بە هیۆمانیستی و تێڕوانینی قووڵی دەروونی و ریالیستی و رەخنەگرتن لە خورافات و كۆنەپەرستی جیادەكرێنەوە.



ئالكیداماس[٣٨] كە یەكێك بوو لە موریدەكانی گۆرگیاس و هاوسەردەمی ئەفلاتون، دەنووسێ: ((خوا تەواوی ئادەمیزادەكانی بە ئازادی خوڵقاندووە، هیچ كەسێك لە سروشتی خۆیدا كۆیلە نییە)). لوكۆفرۆن-یش[٣٩] كە یەكێكی تر لە قوتابییانی قوتابخانەی گۆرگیاس بوو بیروباوەڕێكی هاوشێوەی ئەمەی دەربڕیوە: ((شكۆمەندی و مەزنی نەجیبزادەیەتی، خەیاڵییە و ئەو ئیمتیازاتانەی كە دەیدات لەسەر بنەمای وشەیەكی پووچ دامەزراون)).

لە پەرچەكردار دژی ئەم بزاڤە مەزنە مرۆڤدۆستییەدا- كەمن لە (بەشی دەیەم) بە بزاڤی ((**نەوەی مەزن**))[٤٠] ناوزەدم كردووە- ئەفلاتون و قوتابییەكەی واتە ئەرستۆ، تیۆری نا یەكسانی مرۆڤەكانیان لە ڕووی بایۆلۆژی و مەعنەوی و ئەخلاقییەوە هێنایە بەرباس. یۆنانی و بەربەرەكان بە پێی سروشت نایەكسانن، دژایەتی نێوانیان هاوشێوەی دژایەتی نێوان سەروەرە سروشتییەكان و كۆیلە سروشتییەكانە. نا یەكسانی سروشتی مرۆڤەكان یەكێكە لە هۆكارەكانی پێكەوە ژیانیان، چونكە ئەو تواناییانەی كە بە سروشت یان وەك خەسڵەت هەیانە هەر كام تەواوكەری ئەویترە. ژیانی كۆمەڵایەتی بە نایەكسانی سروشتی دەست پێدەكات و دەبێ لەسەر هەمان بنەما درێژەی هەبێت. ئەم رێنماییانە دواتر بە چڕوپڕتری دەخرێتە ژێر لێكۆڵینەوە، لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی دەریبخەین چۆن دەتوانرێ بۆ پەسەند كردنی تیۆرە ئەخلاقییە تەواو جیاوازەكان، سوود لە سروشتگەرایی بایۆلۆژی وەربگرێت. بە سەرنج دان لەو شیكردنەوەی كە پێشتر كردمان و دەرمانخست كە ئاستەمە نۆڕمەكان لەسەر بنەمای فاكتەكان دابمەزرێنین، ئەو دەرەنجامەی لێرە بەدەست هات چاوەڕوان نەكراو نەبوو.

بەڵام بۆ چۆك دادان بە تیۆرێكی وەكو سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە كە بەم چەشنە خەڵك پەسەندە، رەنگە ئەم جۆرە تێبینییانە بەس نەبن. لەم رووییەوە، دوو رەخنەی راستەوخۆتر دێنینە بەرباس. سەرەتا، دەبێ دان بەوەدا بنێین كە دەتوانرێ بەشێك لە شێوازەكانی رەفتار بە ((سروشتیتر)) لە شێوازەكانی دیكە وەسف بكرێن- بۆ نموونە، بە رووتی ژیان یان تەنیا خواردنی خۆراكی خاو- و هەندێ كەس پێیان وایە كە ئەمە لە خودی خۆیدا پاساوە بۆ هەڵبژاردنی ئەم جۆرە رەفتارانە. بەڵام لەم حاڵەتەدا، بێ گومان ئیدی سروشتی نییە ئەگەر كەسێك گرنگی بدا بە هونەر یان زانست یان تەنانەت بەڵگەخوازی بۆ لایەنگری كردن لە

38. Alcidamas
39. Lycophron
40. Great Generation

سروشتگەرایی. بڕیاردان بۆ هاوڕەنگ بوون لەگەڵ سروشت وەکو بەرزترین پێوەر، دواجار هەندێ دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە کە لەوانەیە هیچ کەسێك ئامادە نەبێت لەگەڵیدا ڕووبەڕووببێتەوە، چونکە ئاژەڵێتی لێدەکەوێتەوە نەك شێوازێکی سروشتیتری شارستانییەت[١٤]. ڕەخنەی دووەم گرنگترە، ئەو کەسەی بڕوای بە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە هەیە، ئەگەر سادەبینانە لەسەر ئەو باوەڕە نەبێت کە پێویستمان بە هەڵبژاردنی هیچ چەشنە نۆڕمێك نییە بەڵکو تەنیا دەبێت هاوجووت لەگەڵ ((یاساکانی سروشت)) بژین، گریمانەی ئەوە دەکات کە دەتوانین نۆڕمەکان لە یاسا سروشتییەکان دەرەنجامگیری بکەین کە دەبنە هۆی ساخڵەمی وشتی تر. ئەم فاکتە وەبەرچاو ناگرێ کە هەروەك چۆن خۆی لەم پانتاییەدا شتێکی هەڵبژاردووە و هەوڵی بڕیاردانی داوە، لەوانەیە هەندێ خەڵکی دیکە کۆمەڵەشتێکی تریان لە ساخڵەمی لا بە بایەختر بێت و لایان خۆشەویست بێ (بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە هۆشیارانە گیانی خۆیان لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی پزیشکیدا خستۆتە مەترسییەوە). کەواتە، ئەو کەسە هەڵە دەکات ئەگەر لە سەر ئەو بڕوایە بێت هیچ بڕیارێکی نەداوە و ئەو نۆڕمانەی کە پابەندە پێیانەوە لە یاسا بایۆلۆژییەکانی وەرگرتووە.

٢- پۆزیتیڤیزمی ئەخلاقی لەم باوەڕەدا هاوبەشە لەگەڵ جۆری بایۆلۆژی سروشتگەرایی ئەخلاقی کە پێیوایە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین نۆڕمەکان بۆ فاکتەکان (ئەمری واقیع) کورت بکەینەوە. بەڵام ئەمجارەیان ئەو فاکتانەی جێگای سەرنجن، فاکتی کۆمەڵناسانەن، واتە نۆڕمە مەوجوودەکانن. پۆزیتیڤیزم لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هیچ نۆڕمێکی دیکە بوونی نییە جگە لەو یاسایانەی کە لە واقیعدا بەرقەرار کراون و هەر بۆیە بەشێوەیەکی بێ ئەملاو ئەولا بوونیان هەیە و سەقامگیرن. پێوەرەکانی تر هەر هەموو بە خەیاڵی و دوور لە واقیعیەت لە قەڵەم دەدات. پێوەری خێر و چاکە، یاسای مەوجوودەکانن و بەس: ئەوەی هەیە، باشە (هێز، حەق). بە پێی هەندێ لە شێوازەکانی ئەم تیۆرە، بەدڕاڤەکردنێکی بێ مانایە ئەگەر کەسێك لەسەر ئەو بڕوایە بێت دەتوانێت سەبارەت بە نۆڕمەکانی کۆمەڵگا داوەری و قەزاوەت بکات، بە پێچەوانەوە، ئەوە کۆمەڵگایە کە ئەو پرنسیپ و ڕێسایانە دەدا بەدەستەوە کە دەبێت تاك بە پێی ئەوان داوەری لەسەر بکرێت.

لە واقیعیەتی مێژووییدا، پۆزیتیڤزمی ئەخلاقی (یان دادوەریی) زۆربەی کات خەسڵەتی پارێزگاری (کۆنسێرڤاتیزم) یان تەنانەت مەرجەعیەتخوازی هەیە و بەزۆریش پشتی بە



مەرجەعییەتی یەزدانی بەستووە. بە بڕوای من، بەڵگەگەلێك کە ئەم ڕێبازە دەیانهێنێتەوە، پشت بەو بانگەشەیە دەبەستێت کە نۆڕمەکان سەرەڕۆیانەن. بانگەشەی ئەوە دەکات دەبێ هەموومان بڕوامان بە نۆڕمە مەوجوودەکان هەبێت، چونکە نۆڕمێکی باشتر نییە کە خۆمان بتوانین پەیدای بکەین. لە وەڵامدا دەتوانین بپرسین: لەمەڕ ئەو نۆڕمەوە دەبێ چی بێژین کە دەڵێ: ((دەبێ هەموومان لەسەر ئەو بڕوایە بین... تاد؟)) ئەگەر ئەوەش لە نۆڕمە مەوجوودەکانە، کەواتە ناتوانێت بەڵگەیەك بێت بۆ ئەوان، ئەگەر پشت بە تێڕوانین و بەرچاوڕوونی ئێمە دەبەستێ، کەواتە دان بەوە دادەنێت کە خۆمان دەتوانین نۆڕمەکان بدۆزینەوە. ئەگەر بێژن با نۆڕمەکان بە پشتیوانی مەرجەعیەتی کەسانی تر[٤١] پەسەند بکەین چونکە بێ توانایین بۆ داوەری کردن لەسەریان، هەر بەم هۆیە دەبێ لە داوەری کردن لەمەڕ بە حەق بوونی مەرجەعی جێی متمانەش بێ توانا بین و سەبارەت بەوە کە ئایا لەوانە نییە پەیڕەویمان لە پێغەمبەرێکی درۆیین کردبێت. ئەگەر بڵێین پێغەمبەری درۆیین بوونی نییە، چونکە هەر چۆنێك بێ یاساکان لە خۆڕاو سەرەڕۆیانەن و گرنگ، هەبوونی هەندێ یاسایە، ئەو کات دەتوانین بپرسین، بۆچی هەر لە بنەڕەتدا هەبوونی یاسا دەبێ گرنگی هەبێت چونکە ئەگەر پێوەرێك لە ئارادا نەبێ لەبەرچی ناتوانین ئەم ڕێگایە هەڵبژێرین کە لە بنەماوە چاو لە یاسا بپۆشین؟ (ڕەنگە ئەم تێبینییانە دەریبخەن کە بە چ هۆیەك من لەسەر ئەو بڕوایەم بنچینەی پارێزگارێتی و ئوتوریتەخوازی، زۆربەی کات پێشاندەری نیهێلیزمی ئەخلاقی[٤٢]، واتە گومانکاری توندی ئەخلاقی و بێ متمانەیی بەرانبەر بە مرۆڤ و لێهاتوویی و تواناکانیەتی).

تیۆری مافی سروشتی یان فیتری، بە درێژایی مێژوو بەزۆری وەکو لایەنگری لە هزری یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستانە خراوەتە ڕوو، ئەوە لە کاتێك دایە کە قوتابخانەی پۆزیتیڤیستی بەزۆری لە گروپی پێچەوانەدا بووە. بەڵام ئەمە لە ڕێکەوتێك زیاتر هیچیتر نییە. هەروەك دەرمانخست، سروشتگەرایی ئەخلاقی بۆ نیازی جیاواز بەکارهێنراوە. (بەم دوایانە بۆ ئەم مەبەستە سوودی لێوەرگیراوە کە بانگەشەی ئەوە بکەن هەندێ لە ئەرك و مافەکان ((سروشتی))ن و وەکو ((یاسا سروشتییەکان)) نیشانیان بدەن و لەم ڕێگەیەوە سەرانسەری بابەتەکە تێکەڵپێکەڵ بکەن). بەپێچەوانەوە، هەندێ پۆزیتیڤیستی مرۆڤدۆست و پێشکەوتنخوازیش هەن، چونکە ئەگەر نۆڕمەکان هەموویان سەرەڕۆیانە بن، بۆچی مرۆڤ

41. on authority
42. ethical nihilism

لێبووردە نەبێت؟ ئەمە نموونەی ئەو تەقەلایانەیە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ هەڵوێستی مرۆڤدۆستی بە پێی بیروباوەڕی پۆزیتیڤیستی.

٣- سروشتگەرایی دەروونناسی یان ڕۆحی بە ڕوویەکیدا تێکەڵەیەکی دوو ڕوانگەکەی پێشووترەو باشترین ڕێگەی ڕوونکردنەوەی، بەڵگەخوازییە بۆ ڕەفزکردنی تاکڕەهەندبینی ئەم دوو بۆچوونە. وا بەڵگەخوازی دەکرێ کە پەیڕەوکاری پۆزیتیڤیزمی ئەخلاقی مافی ئەوەی هەیە جەخت لەسەر ئەوە بکات کە نۆڕمەکان هەموویان دابین واتە بەرهەمی مرۆڤ و کۆمەڵگان، بەڵام لەم واقیعیەتە غافڵن کە هەر بەم هۆیە، هەموو نۆڕمێك دەرخەری خەسڵەتی دەروونی (نفسی) یان ڕۆحی مرۆڤ و سروشتی کۆمەڵگای مرۆییە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو کەسەش کە بڕوای بە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە هەیە، مافی ئەوەی هەیە کە گریمانەی بوونی هەندێ ئامانج یان غایەتی سروشتی بکات کە نۆڕمە سروشتییەکان دەشێ لێیانەوە وەربگیرێن، بەڵام لەم واقیعیەتە غافڵە کە ئامانجە سروشتییەکانمان مەرج نییە ئامانجی وەکو لەشساغی و چێژخوازی و پەناگە و وەچەخستنەوە بێت. سروشتی ئادەمیزاد بەجۆرێکە کە مرۆڤ، یان لانیکەم هەندێ لە مرۆڤەکان، نایانەوێت تەنیا بەو خەو و خواردنەوە بژین بەڵکو خوازیاری هەندێ ئامانجی بەرزترن، واتە خوازیاری ئامانجی ڕۆحانین. بەم چەشنە، دەتوانرێ ئامانجە سروشتییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ لە سروشتە ڕاستەقینەکەی- کە هەم ڕوحانییە و هەم کۆمەڵایەتی- و نۆڕمە سروشتییەکانی ژیان لە غایەتە سروشتییەکانی مرۆڤ، وەربگرین.

پێم وایە ئەم هەڵوێستە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ئەفلاتونەوە فۆرمۆڵبەندی کرا کە لە ژێر کاریگەری سوقرات دابوو لەمەڕ گیانەوە- واتە ڕێنماییەکانی سوقرات سەبارەت بەوەی ڕۆح لە جەستە گرنگی زیاتری هەیە{١٥}. پەسەندی ئەم ڕایە بێگومان بۆ هەستوسۆزمان زۆر بەهێزترە لە دوو تێڕوانینەکەی پێشوتر، بەڵام وەکو ئەم دووانە، دەتوانین ئەم بۆچوونەش لەگەڵ هەموو بڕیارێکی ئەخلاقیدا لێك گرێ بدەین- واتە هەم لەگەڵ هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و هەم لەگەڵ تێڕوانینی دەسەڵات پەرستانە. بۆ نموونە، دەتوانین هەموو مرۆڤەکان بە خاوەنی ئەم سروشتە ڕۆحانیە لە قەڵەم بدەین و بڕیار بدەین هەڵسوکەوتێکی شایستەی ئەم پلەو پایەیان لەگەڵ بکەین، یان وەکو هێراکلیتوس پێ لەسەر ئەوە داگرین کە بەشی هەرە زۆری خەڵك ((وەکو چوار پێیەکان ورگیان دەئاخنن)) و کەواتە خودانی سروشتێکی نزمترن و تەنیا ژمارەیەك لە بژاردەکان شایستەی پەیوەندی ڕۆحانی مرۆڤن. لەم ڕوویەوە، سوودێکی فرە لە سروشتگەرایی



ڕۆحی وەرگیراوە- بەتایبەتی لەلایەن ئەفلاتونەوە- لە پێناو پاساو هێنانەوە بۆ ئیمتیازاتی سروشتی ((چاکەکان)) یان ((بژاردەکان)) یان ((داناکان)) یان ((ڕێبەرانی سروشتی)). (هەڵوێستی ئەفلاتون لەم بارەیەوە لە بەشەکانی داهاتوودا تاوتوێ دەکرێ). لەلایەکی ترەوە، پەیڕەوکارانی ئەخلاقی مەسیحی و شێوەکانی دیکەی ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە{١٦}- بۆ نموونە پەین(٤٣) و کانت-یش کە خوازیاری ناسینەوەی ((مافە سروشتییەکانی)) تاکەکانی بوون سوودیان لەم تیۆرە وەرگرتووە. ئاشکرایە دەتوانرێ سروشتگەرایی ڕۆحی بۆ بەرگری کردن لە هەموو نۆڕمێکی ((دانراو))- واتە مەوجود- بەکاربهێنرێ، چونکە هەمیشە ڕەنگە بەڵگەخوازی بکرێت کە ئەگەر ئەم جۆرە نۆڕمانە پێشاندەری هەندێ تایبەتمەندی سروشتی مرۆڤ نەبن، جێبەجێ ناکرێن. بەم چەشنە، سەرەڕای ئەو دژایەتییەی کە لە کۆنەوە لە نێوان مێژووگەرایی ڕۆحی و پۆزیتیڤیزم دا هەبووە، لە پرسە کردەییەکاندا لەوانەیە ئەم دووانە بن بە یەك. لەڕاستیدا، ئەم جۆرەی سروشتگەرایی هێندە بەربڵاو و تەمومژاوییە کە دەتوانرێ بۆ بەرگری لە هەموو شتێك بەکاربهێنرێت. هیچ شتێك نییە کە جارێك بە مێشکی مرۆڤدا هاتبێت و نەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین ((سروشتی))ە چونکە ئەگەر لە سروشتی دانەبووایە، چۆن دەیتوانی بە مێشکی دابێت؟.

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە پشتەوە بدەینەوە و ئەم کورتە توێژینەوە دووبارە بێنینەوە پێش چاوی خۆمان، بۆمان دەردەکەوێ کە دوو مەیلی سەرەکی ڕێگای هەڵبژاردنی دوالیزمی ڕەخنەگرانەیان داخستووە. یەکێکیان مەیلێکی گشتییە بۆ یەکیەتیگەرایی{١٧}، واتە کورت کردنەوە نۆڕمەکان بۆ فاکت یان واقیعەتەکان. ئەویتریان قوڵتر و لەوانەیە زەمینە بۆ مەیلی پێشووتر بڕەخسێنێت و بنەماکەی لەسەر ئەم ترسە دامەزراوە کە لای خۆمان دان بەوە دابنێین کە بەرپرسی بڕیارە ئەخلاقییەکان یەکڕاست خۆمانین و ناتوانین بیانخەینە کۆڵی یەکێکی دیکە، نەخوا، نە سروشت، نە کۆمەڵگا و نە مێژوو. ئەم تیۆرە ئەخلاقییانەی ئاماژەمان بۆ کردن هەر هەموویان گەرەکیانە کەسێك بدۆزنەوە یان بەڵکو بەڵگەیەك پەیدا بکەن بۆ ئەوەی ئەم بارە لەسەر شانمان هەڵگرێ{١٨}. بەڵام ناتوانین لەژێر باری ئەم بەپرسیایەتییە ڕابکەین. هەر

٤٣. Thomas paine (1739 - 1809). فەیلەسووفی ئینگلیزی و نووسەری چەندین کتێب سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و بەشداری لە شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسادا کردووە و ڕەنجێکی زۆری کێشاوە.

مەرجەعێك پەسەند بكەین، ئەوە ئێمەین كە پەسەندمان كردووە. تێنەگەیشتن لەم خاڵە سادەیە خۆفریودانە و هیچیتر.

٦

ئێستا خەریكی شیكردنەوەیەكی چڕوپڕتری سروشتگەرایی ئەفلاتون و پەیوەندییەكەی لەگەڵ بیروباوەڕی سەبارەت بە مێژووگەرایی دەبین. هەڵبەتە ئەفلاتون هەمیشە زاراوەی ((سروشت)) بە یەك مانا بەكارناهێنێت. بە بڕوای من گرنگترین مانا كە پێیدەبەخشێت دەتوانین بڵێین هەمان ئەو مانایەیە كە بۆ رازاوەی ((ماهییەت))ی بەكار دێنێ. ئەم شێوازی بەكارهێنانی زاراوەی ((سروشت)) هێشتا لە سەردەمی ئێمەدا لە نێو ماهییەتگەراكاندا ماوەتەوە، بۆ نموونە، ئەوان هێشتا لە سروشتی ماتماتیك یان سروشتی دەرەنجامگیری ئستقرایی (هەڵێنجان) یان سروشتی بەختەوەری و بەدبەختی دەدوێن{١٩}. كاتێك وشەی ((سروشت)) بەم مانایە لەلایەن ئەفلاتونەوە بەكار دبرێت، تاڕادەیەك هاومانای فۆڕم یان ئایدیایە چونكە هەروەك پێشتر دەرمانخست فۆڕم یان ئایدیای هەر شتێك هەمان ماهییەتەكەیەتی. بەڕواڵەت جیاوازی سەرەكی نێوان سروشت و فۆڕم یان ئایدیا ئەوەیە كە، هەروەك بینیمان، فۆڕم یان ئایدیای شتێكی هەست پێكراو، لە شتەكەدا نییە بەڵكو جیایە لێی. جگە لەمە، فۆڕم یان ئایدیا یەكەمین باوك یان باوانی شتێكی هەست پێكراوە و ئەم فۆڕم یان باوكە، شتێك دەگوازێتەوە بۆ شتە هەستپێكراوەكە، كە منداڵ یان رەگەزی ئەون ئەمە هەمان سروشتییەكانە. كەواتە، ((سروشت)) چۆنایەتی زگماك یان خۆڕسك یان بنەڕەتی هەر شتێكە و لەم روویەوە، لە خودی خۆیدا ماهییەتی خولقێنراویەتی: ((سروشت))، هێز(٤٤) یان توانستی(٤٥) سەرەكی شت و هۆكاری ئەو دەستە تایبەتمەندیانەیەتی كەبناغەی پێكچوونی لەگەڵ فۆڕم یان ئایدیاكەی و بنەمای بەهەرمەندییە فیترییەكەی لە فۆڕم یان ئایدیا، لەو تایبەتمەندییانەوە سەرچاوە دەگرن.

بەم چەشنە، ((سروشتی)) واتە ئەوەی لە شتدا خۆڕسك یان بنەڕەتی یان یەزدانییە و ((دەستكرد)) واتە ئەوەی دواتر بەهۆی مرۆڤ و بە زۆرەملێ لە دەرەوە گۆڕاوە یان زیاد كراوە یان سەپێنراوە. ئەفلاتون چەندین جار پێی لەسەر ئەم خاڵە دادەگرێ كە هەموو بەرهەمە ((دەستكردەكان- صناعت))(٤٦)ی مرۆڤ، تەنانەت لە باشترین حاڵەتدا، تەنیا كۆپی شتە

44. power
45. disposition
46. art



هەستپێكراوە ((سروشتی))یەكانن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شتانەش بە نۆرەی خۆیان تەنیا كۆپیگەلی فۆڕم یان ئایدیا یەزدانییەكانن، كەواتە بەرهەمی دەستكرد، كۆپی كۆپییەكی دیكەیە و دوو هێندە لە حەقیقەتەوە دوورە و تەنانەت هێندەی شتە (سروشتی)یە رەوانەكانیش خودانی باشی و حەقیقەت و راستی نییە{٢٠}. لێرەوە دەردەكەوێ كە ئەفلاتون لانی كەم لە خاڵێكدا لەگەڵ ئانتیفۆن{٢١} یەك بەسەرهاتی هەیە و وا دادەنێت كە دژایەتی سروشت لەگەڵ داب یان دەستكرد هاوجووتە لەگەڵ دژایەتی نێوان راست و درۆ، حەقیقەت و ڕواڵەت، شتە یەكەمی و سەرەكییەكان و شتە دووەمی و چێكراوەكانی مرۆڤ و نێوان بابەتی مەعریفەی عەقڵی و بابەتی رای وەهمی. هەروەها پێیوایە كە ئەم دژایەتییە هاوجووتە لەگەڵ دژایەتی نێوان ((وەچەی(٤٧) دەستكردی یەزادانی)) یان ((بەرهەمی چێكراوی یەزدانی)) و ((ئەوەی مرۆڤ لێیانەوە دروستی دەكات، واتە بەرهەمی دەستكردی مرۆیی)){٢٢}. كەواتە، هەر كاتێ بیەوێت جەخت لەسەر بەهای خودیی شتێك بكاتەوە، بانگەشەی ئەوە دەكات ئەو شتە سروشتییە لە بەرانبەر دەستكرد دا. لە دایالۆگی یاساكاندا بە دڵنیاییەوە دەڵێت دەبێ گیان لە پێش هەموو شتە ماددییەكانەوە بژمێردرێ و هەر بۆیە، دەبێ بڵێین، هەر بە سروشت بوونی هەیە. دەنووسێت: ((تاڕادەیەك هەموو كەسێك... بێ ئاگایە لە هێزی گیان و بەتایبەتی لە بنەچە و چاوگەكەی. نازانێ كە گیان یەكێكە لە بەرایترین شتەكان و لە پێشەوەی هەر هەموو تەنەكانە... كاتێ وشەی ((سروشت)) بەكاردێنین، گەرەكمانە ئەو شتانە وەسف بكەین كە یەكەم جار خولقێنراون، بەڵام ئەگەر دەركەوێت كە گیان (و بۆ نموونە نەك ئاگرو هەوا) لە پێشەوەی شتەكانی ترە... ئەو كاتە دەتوانین بڵێین گیان، لەو دیوی هەموو شتێكی دیكە، بەشێوەیەكی سروشتی بەڕاستگۆیانەترین مانای وشە، بوونی هەیە)){٢٣}. (لێرەدا ئەفلاتون دیسان تیۆرە كۆنەكەی خۆی روون دەكاتەوە كە گیان لە تەن زیاتر بە فۆڕم یان ئایدیا دەچێت- ئەو تیۆرەی كە بنەمای رێنماییەكانیشیەتی سەبارەت بە نەمری).

بەڵام ئەفلاتون نەك هەر رێنمایی دەكات كە گیان لە پێشەوەی شتەكانی ترە و هەربۆیە ((بەشێوەیەكی سروشتی)) بوونی هەیە، بەڵكو زاراوەی ((سروشت)) زۆربەی كات سەبارەت بە مرۆڤ بۆ ناوزەد كردنی هێزە رۆحی یان پێبەخشراو یان توانا سروشتییەكان بەكاردێنێ، بە چەشنێك كە دەتوانین بڵێین ((سروشت))ی هەموو كەسێك، كەم و زۆر هەمان گیانەكەیەتی-

47. offspring

بنەما یان بنەڕەتێکی یەزدانیە کە لە ڕێگای ئەوەوە، تاك بهرە لە فۆڕم یان ئایدیا، واتە یەکەمین باوانی یەزدانی ڕەگەزی خۆی وەردەگرێت. زاراوەی "ڕەگەز"یش زۆربەی کات بە مانایەکی زۆر هاوشێوەی ئەمە بەکاردێت. لەبەر ئەوەی ڕەگەز بەم شێوەیە یەکیەتی وەردەگرێ کە تۆوی یەك باوانی سەرەتاییە، هەر بۆیە دەبێ سروشتێکی هاوبەشیش هەبێ تا یەکیەتی پێببەخشێت. لەم ڕوویەوەن ئەفلاتون هەردوو زاراوەی ((سروشت)) و ((ڕەگەز)) زۆربەی کات وەك هاوواتا بەکاردێنێ- بۆ نموونە کاتێ لەمەڕ ((ڕەگەزی فەیلەسوفەکان)) و ڕەگەزی ئەو کەسانەی ((سروشتگەلی فەلسەفیان)) هەیە دەدوێت- و بەم چەشنە هەردوو وشەکە لەگەڵ دوو زاراوەی (ماهییەت)) و ((گیان))دا وەکیەکی و خزمایەتی پەیدا دەکەن.

تیۆری ئەفلاتون لەمەڕ ((سروشت)) ڕێگا بۆ شێوازێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ میتۆدۆلۆژییە مێژووگەراییەکەی دەکاتەوە. وا دەنوێنێ کە ئەرکی زانست بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەیە لە سروشتی ڕاستەقینەی ئەوشتانەی کە بابەتی ئەون. کەواتە، ئەرکی زانستی کۆمەڵگا یان زانستی سیاسەتیش توێژینەوەیە لە سروشتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای مرۆیی و دەوڵەت. بەڵام بەبڕوای ئەفلاتون، سروشتی هەر شتێك هەمان بنەچە و چاوگەکەیەتی یان لانی کەم بنەچە و چاوگ، هۆکاری سروشتەکەیەتی. کەواتە، میتۆدی هەموو زانستێك توێژینەوەیە لە بنەڕەت (یان هۆکاری) شتەکان. بەکارهێنانی ئەم میتۆدە سەبارەت بە زانستی کۆمەڵگا و زانستی سیاسەت ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بمانەوێ لێکۆڵینەوە لەسەر بنەچە (اصل)ی کۆمەڵگا و چاوگی دەوڵەت بکەین. کەواتە، مێژوو لە خودی خۆیدا، خوێندنەوەی لەسەر ناکرێت بەڵکو وەکو میتۆدی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێت. **ئەمەیە میتۆدۆلۆژی مێژووگەرایانە.**

سروشتی کۆمەڵگای مرۆیی و دەوڵەت چییە؟ بەپێی میتۆدی مێژووگەرایی، ئەم پرسیارە بنەماییە کۆمەڵناسانەیە دەبێ بەم چەشنە سەرلەنوێ فۆڕمۆلبەندی بکرێ کە بنەڕەت و چاوگی کۆمەڵگا و دەوڵەت چییە؟ ئەو بەرسڤەی کە ئەفلاتون لە کۆمار و یاساکاندا دەیداتەوە، هاوڕای ئەو هەڵوێستەیە کە پێشتر لە ژێر ناوی مێژووگەرایی ڕۆحی وەسف کرا. چاوگی کۆمەڵگا، گرێبەستە، پەیمانی کۆمەڵایەتییە(٤٨). بەڵام بابەتەکە هەر ئەوەندە نییە، بەڵکو ئەم چاوگە پەیمانێکی سروشتییە- واتە دابێك کە لەسەر بنەمای سروشتی مرۆڤ، یاخود بەجۆرێکی تر، لەسەر بنەمای سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دامەزراوە.

48. social contract



ئەم سروشتە کۆمەڵایەتییە لە **کەمایەسی و کەموکوڕی مرۆڤەوە** سەرچاوە دەگرێت. ئەفلاتون، بە پێچەوانەی سوقرات{٢٥}، ڕێنوێنیمان دەکات کە تاکی مرۆڤ، بەهۆی بەرتەسکیە خودییەکانی سروشتی مرۆڤەوە، لە توانایدا نییە خودکەفا(٤٩) {خۆبەس} بێت. بەڵام سەرەڕای ئەوەی شێلگیرە لەسەر ئەوەی کە هەندێ پلەی جیاوازی کەمالی مرۆیی بوونی هەیە، سەیر دەکەین تەنانەت ئەو مرۆڤە تاڕادەیەکە تەواوانەش کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، پەیوەستن بە کەسانی دیکەوە (کە خودان کەمالێکی کەمترن)، کەمترین هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەیانەوێ ئیشی قورس و پیس و دەستی لە ڕێگەی ئەمانەوە ئەنجام بدەن{٢٦}. بەم چەشنە، تەنانەت ئەو ((سروشتگەلە دەگمەن و نا ئاساییانە))ش کە لە تەواویی نزیك دەبنەوە، پەیوەندییان بە کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە هەیە، ئەم کەسانە تەنیا لە ڕێگای دەوڵەت و لە دەوڵەتدا دەتوانن بگەنە تەواوی و کەمال. ((زێدێکی کۆمەڵایەتی))(٥٠) شایستە کە بەبێ ئەو ئەم جۆرە تاکانە بە ناچاری ڕێی گەندەڵی و لەناوچوون دەگرنەبەر، دەبێ بەهۆی دەوڵەتی تەواوە، بخرێتە بەردەمیان. کەواتە، دەبێ پلەوپایەی دەوڵەت بە بەرزتر لە تاك لە قەڵەم بدرێ چونکە تەنیا دەوڵەت دەتوانێ خۆبەس (autark) و تەواو و توانامەند بێت بۆ چاکسازی و قەرەبوو کردنەوەی کەمایەسی و کەموکوڕی پێویستی تاك.

کەواتە، کۆمەڵگا و تاك دوو لایەنە پەیوەستن بە یەکترەوە. بوونی هەر کامێکیان قەرزارباری ئەویترە، بوونی کۆمەڵگا لە گرەوی سروشتی مرۆیی و بەتایبەتی نەبوونی خۆ بەسییەکەی دایە، تاکیش بوونەکەی قەرزاری کۆمەڵگایە چونکە خۆبەس نییە. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە دوولایەنەشدا دیسان بەرزێتی کۆمەڵگا بەسەر تاکدا بەڕێگەی جیاجیا خۆی دەردەخات- بۆ نموونە لەڕێگای ئەم واقعیەتەوە کە تۆوی داڕزین و داڕووخان و دووبەرەکی دەوڵەتی تەواو، لە خودی دەوڵەتەکەدا نییە بەڵکو لە تاکەکانیدا دەڕوێت و ڕەگەکەی لە نێو کەمایەسی و کەموکوڕی گیانی یان سروشتی مرۆیی دایە، یاخود بەجۆرێکی وردتر، لەم واقعیەتە دایە کە ڕەگەزی ئادەمیزاد لەبەردەم داڕمان دایە. بە زوویی بۆ سەر ئەم خاڵە دەگەڕێینەوە، واتە بنەچە و چاوگی داڕمانی سیاسی و پەیوەندییەکەی بە لەناوچوونی سروشتی مرۆڤ، بەڵام سەرەتا دەمەوێ چەند تێبینییەك لەمەڕ هەندێ تایبەتمەندی کۆمەڵناسی ئەفلاتون بخەمەڕوو، بەتایبەتی سەبارەت بە ریوایەتەکەی لە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی و بۆچوونی لە

49 self- sufficient
50 social habitat

هەمبەر دەوڵەت وەکو ((بەرزە تاك))[٥١]، یان بەجۆرێکی تر، لەمەڕ ریوایەتەکەی بۆ تیۆری زیندەوەرزانی یان ئۆرگانێکی دەوڵەت.

بە دڵنیاییەوە دیار نییە کە ئەم تیۆرەی کە دەڵێت یاساکان لە پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرن، یەکەمجار لەلایەن پرۆتاگۆراسەوە خرایەڕوو یان لۆکۆفرۆنەوە (کە تیۆرەکەی لە بەشی داهاتوودا توێژینەوەی لەسەر دەکرێ). بەڵام هەر چۆنێ بێت، ئەم هزرە لەگەڵ دابگەرایی پرۆتاگۆراسدا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. ئەفلاتون هەندێ لە بیروبۆچوونەکانی دابگەرایی و تەنانەت ریوایەتێکی پەیمانی کۆمەڵایەتیش هۆشیارانە لەگەڵ سروشتگەرایی ئاوێتە دەکات و ئەمە لە خودی خۆیدا نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە دابگەرایی بەشێوازە سەرەکییەکەی لەسەر ئەو بڕوایە نەبوو کە هەموو یاساکان بە تەواوی سەرەڕۆیانەن و وتەکانی ئەفلاتونیش سەبارەت بە پرۆگۆراس ئەو راستییە پەسەند دەکات{٢٧}. لە پارچەیەکی یاساکانەوە دەتوانین سەیری ئەوە بکەین ئەفلاتون تا چ ڕادەیەك ئاگاداری بوونی رەگەزێکی دابگەرایی بووە لە ریوایەتی خۆیدا بۆ سروشتگەرایی. لەوێدا ئەفلاتون خشتەیەك بۆ ئەو پرنسیپە جۆراوجۆرانەی کە دەتوانین بناغەی ئۆتوریتەی سیاسی لەسەر دابمەزرێنین، بەدەستەوە دەدات و ئاماژەیەکیش بە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانەی پیندارۆس دەکات (بگەڕێوە بۆ ئەو بابەتانەی بەر لەمە باسمان کردن)- واتە ((ئەو پرنسیپە کە دەبێ بەهێزترەکان فەمانڕەوایی بکەن و لاوازترەکان فەرمانبەرداربن))- لە وەسفی ئەمەدا دەڵێ ئەم پرنسیپە ((هەروەك پیندارۆسی شاعیر خەڵکی تێبس[٥٢]، پێشتر وتوویەتی، لەگەڵ سروشتدا هاوجووتە)). ئەفلاتون ئەم پرنسیپە لەبەرانبەر پرنسیپێکی دیکە دادەنێت و بە پێشاندانی ئەوەی کە ئەم پرنسیپەی دواییان، دابگەرایی لەگەڵ سروشتگەرایی ئاوێتە دەکات، رایدەسپێرێت. دەڵێ: ((بەڵام بانگەشەیەکی تریش هەیە... کە گەورەترین پرنسیپە و ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دانایان پێشەوایی و حکومەت بکەن و نەزانەکان پەیڕەویان لێ بکەن. ئەی پیندارۆس، ئەی زاناترین شاعیر، بێ گومان ئەمە پێچەوانەی سروشت نییە بەڵکو هاوجووتە لە تەکیدا، چونکە ئەو شتەی ئەم خوازیارێتی زۆرەملێ و فشاری دەرەکی نییە بەڵکو سەرەوەری سروشتیی ئەو یاسایەیە کە لەسەر بنەمای رەزامەندی و قبوڵی دوو لایەنە دامەزراوە)){٢٨}.

51 superindividual
52 Thebes



لە کۆمارییشدا سەیر دەکەین بە چەشنێکی وەك ئەمە، هەندێ توخم لە تیۆری دابیی پەیمان ﴿کۆمەڵایەتی﴾ لەگەڵ هەندێ توخمی سروشتگەرایی و ((سوودگەرایی))[٥٣] لێك گرێ دراوە. ئەفلاتون دەڵێ: ((شار بۆیە دروست دەبێ چونکە ئێمە خۆبەس نین،... مەگەر نیشتەجێ بوون لە شارەکاندا چاوگێکی تریشی هەیە؟... مرۆڤەکان لە نیشتەجێگەیەکدا کۆمەڵێکی زۆر یارمەتیدەر خڕ دەکەنەوە، چونکە پێویستییان بە گەلێك شتە... ئەو کاتەی شمەکەکانی خۆیان لەگەڵ یەکتردا دابەش دەکەن و یەکیان دەیدات و ئەویتریان دەیسێنێت، ئایا هەموو کەسێك چاوی لەوە نییە لەم رێگەیەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرەو پێش ببات؟)){٢٩}. بەم چەشنە، دانیشتوان لە یەکتر کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرەو پێش ببات ئەمە توخمێکی پەیمان ﴿کۆمەڵایەتی﴾یە. بەڵام لەو دیوی بابەتەکەوە، ئەم راستییە پەنهانەکە دانیشتووان خوبەسنین و ئەمە توخمێکی سروشتگەراییە. ئەم توخمەی دواییان زیاتر فراوان دەکرێ. ((هیچ کەسێك لە ئێمە بە پێی سروشت رێك وەکو یەك نین، هەموو کەسێك خاوەن سروشتی تایبەت بەخۆیەتی، هەندێ بۆ جۆرەکارێك و هەندێك بۆ کارێکی تر گونجاون... ئایا باشتر وایە هەر کەسێك لە گەلێ پیشەدا کار بکات یان تەنیا لە یەکێ؟... بێ گومان ئەگەر هەر کەسێك تەنیا لە پیشەیەکدا بە پێی توانایی سروشتی خۆی کار بکات، ئەوا هەم زیاتر بەرهەم دەهێنێ و هەم باشتر و ئاسانتر)).

بەم چەشنە، پرنسیپی ئابووری دابەشکردنی کار دێتە ناوەوە (وپێکچوونی نێوان مێژووگەرایی ئەفلاتون و راڤەی ماتریالیستی یان ماددی مێژوومان دێنێتەوە یاد). بەڵام لێرەدا، بنەمای ئەم پرنسیپە لەسەر بناغەی توخمێك لە سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە، واتە نایەکسانی سروشتی مرۆڤەکان، دامەزراوە. ئەم بۆچوونە، لە سەرەتادا بەبێ ئەوەی سەرنج راکێشێت، هەروەك دەڵێن بە پاکی دێتە ناو باسەکەوە. بەڵام، هەروەك لە بەشی ئایندەدا دەیبینین، هەندێ دەرەنجامی گەلێك بەرفراوان بە دوای خۆیدادێنێت. لە راستیدا دەردەکەوێ کە تەنیا جۆرە دابەشکردنێکی بەڕاستی گرنگی کار، ئەو دابەشکردنەیە کە لەنێوان فەرمانڕەواکان و فەرمانبەرەکاندا روو دەدات و بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە لەسەر بنەمای نایەکسانی سروشتی سەروەر و کۆیلە و دانا و نەزانەکان دامەزراوە.

53 utilitarianism

هەروەك بینیمان، تۆخمێکی بەرچاو لە دابگەرایی و هەروەها سروشتگەرایی بایۆلۆژیانە لە هەڵوێستی ئەفلاتون دا بوونی هەیە. هەڵبەتە ئەمە جێگای سەرسوڕمان نییە، کاتێك ئەوە وەبەرچاو بگیرین کە هەڵوێستەکانی لەسەریەك بریتییە لە هەڵوێستی سروشتگەرایی رۆحی کە بەهۆی تەمومژاوی بوونەوە، بە ئاسانی هەموو ئەم جۆرە ئاوێتانە لە خۆ دەگرێت. ئەم سروشتگەراییە رۆحییە رەنگە لە یاساکاندا لە هەموو شوێنێك باشتر فۆرمۆڵبەندی کرا بێت. ئەفلاتون دەنووسێ: ((مرۆڤەکان دەڵێن مەزنترین و جوانترین شتەکان سروشتین... و شتە بێ بایەخترەکان دەستکردن)) تا ئێرە ئەو هاوڕایە، بەڵام پاشان هەڵدەکوتێتە سەر ئەو گروپەی ماتریالیستەکان (ماددەگەراکان) کە دەڵێن ((ئاگر و ئاو و خاك و هەوا هەر هەموویان بەشێوەیەکی سروشتی بوونیا هەیە... بەڵام هەموو یاسا نۆرم داڕێژەکان بە گشتی نا سروشتی و دەستکردن و لەسەر درۆ و خورافات دامەزراوە)). لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، سەرەتا دەریدەخات کە ئەوەی بەڕاستی ((بەشێوەیەکی سروشتی بوونی هەیە)) گیانە نەك تەن و تۆخمەکان{٣٠} (ئەو پارچەیەی کە ئەمە وتەیەی تێدایە لە سەرەوە بەکارمان هێناوە). پاشان لەم پێشەکییەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامەکە دەبێ رێکی و یاساش بە شێوەیەکی سروشتی بوونیان هەبێت، چونکە لەوەوە هەڵدەقوڵێن: ((ئەگەر گیان لە پێشەوەی جەستە بێت، شتە پەیوەندیدارەکان بە گیانە {واتە رووحانیات}یشەوە دەکەونە پێشەوەی ئەو شتانەی پەیوەستن بە جەستەوە... گیان فەرمان دەدات و هەموو شتێك هیدایەت دەکات)). ئەو بیروباوەڕە زەمینەی دۆکترینێك دەدات بە دەستەوە کە دەڵێ: ((یاسا و دەزگا مەبەستدارەکان، بەشێوەیەکی سروشتی بوونیان هەیە نەك بە پێی شتێکی خوارتر لە سروشت، چونکە لە عەقل و هزری راستەقینەوە لە دایك دەبن)). ئەمە گوتارێکی روونی سروشتگەراییە و دواتر لەگەڵ بیروباوەڕی پارێزگارانەی پۆزەتیڤیستی ئاوێتە دەکرێ و بەم جۆرە ((یارمەتییەکی لەڕادەبەدەر بە هێز و کاریگەر بە یاسادانەریی دوور بین و بە تەگبیر دەکرێت، چونکە یاساکان هەر کە بەشێوەیەکی نووسراو دانران، گۆڕانیان بەسەردا نایەت)).

بە سەرنجدان لەو شتانەی وتمان، دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەو بەڵگەخوازیانەی لە سروشتگەرایی رۆحی ئەفلاتوونەوە وەرگیراون، بێ توانان لە وەڵامدانەوەی هەر چەشنە پرسیارێك لەمەڕ خەسڵەتی ((دادپەروەرانە)) یان ((سروشتی)) هەموو یاسایەکی تایبەت. سروشتگەرایی رۆحی بەڕادەیەك مژاوییە ناتوانین سەبارەت بە هیچ جۆرە پرسێکی کردەیی بەکاری بهێنین و جگە لەوەی کە هەندێ بەڵگەی گشتی بۆ لایەنگری کردن لە پارێزگارێتی (کۆنسێرڤاتیزم) دەدا بە



دەستەوە، هیچی تری لە دەست نایەت. بە کردەوە، هەموو شتێك بە زانایی یاسادانەری مەزن دەسپێردرێ (فەیلەسوفێکی خوا ئاسا کە وێنەکەی، بەتایبەتی لە یاساکاندا، ئەو وێنەیەیە کە ئەفلاتون لە خۆی کێشاوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەشتەم). بەڵام لە بەرانبەر سروشتگەرایی رۆحی، تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە پەیوەندی دوو لایەنەی کۆمەڵگا و تاك بە یەکترەوە دەرەنجامی دیاریکراوتر دەدا بە دەستەوە و هەر بەم چەشنەیە سروشتگەراییە بایۆلۆژییەکەی کە لەسەر دژەیەکسانی دامەزراوە.

## ٧

لە سەرەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە ئەفلاتون دەوڵەتی نموونەیی یان ئایدیالی بە هۆی خۆبەسیەکەی بە چاوی تاکێکی تەواو و هەر بەم چەشنە، تاکی هاوولاتی وەك کۆپییەکی نا تەواو و پڕ کەموکوڕی دەوڵەت سەیر دەکات. ئەم بیروباوەڕە کە دەوڵەت جۆرە بوونەوەرێکی بەرزە- ئۆرگانیزم[٥٤] یان لیڤیاتانە[٥٥]، تیۆری بایۆلۆژی یان ئۆرگانێکی دەوڵەتی[٥٦] هاوردە رۆژئاوا. پرنسیپەکانی ئەم تیۆرە دواتر دەخرێنەبەر رەخنەوە{٣١}. لێرەدا سەرەتا دەمەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو راستییە رابکێشم کە هەرچەندە ئەفلاتون خەریکی بەرگری کردن یان تەنانەت فۆرمۆڵبەندی ئەم تیۆرە نابێت، بەڵام بە ئاشکرا ئاماژەی لاوەکی بۆ کراوە. پێوانی تاك لەگەڵ دەوڵەتدا یەکێکە لە بابەتە ئاساییەکانی کتێبی کۆمار. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم پێوانەیە زیاتر یارمەتی شیکردنەوەی تاك دەکات نەك دەوڵەت. رەنگە ئەم بۆچوونە بۆ بەرگری لێکردن بشێت کە ئەفلاتون (ئەگەری ئەوە هەیە لەژێر کاریگەری ئالکمایۆن)[٥٧] زیاتر لەوەی تیۆرییەك لە مەڕ بایۆلۆژییەتی دەوڵەت بخاتەڕوو، تیۆرێکی سیاسی سەبارەت بە تاك پێشکەش دەکات{٣٢}. پێم وایە ئەم جۆرە بیروباوەڕە لەگەڵ تیۆرکەی دا کە تاك نزمترە لە دەوڵەت و جۆرە کۆپییەکی نا تەواوی ئەوە، بە تەواوی گونجاو بێت. رێك هەر لەو شوێنەدا کە ئەفلاتون ئەم پێوانە بنەماییە دێنێتەوە ناو باسەکەوە، هەر بەو شێوەی وتمان- واتە وەکو

54. superorganism

٥٥. Leviathan. لە وشەی عیبری "لڤیاتان" وەرگیراوە. دێوەزمەیەکی دەریایی ئەفسانەییە کە لە چاخی کۆن (العهد العتیق)و نووسینی مەسیحییەکاندا ناوی هاتووە. یەکەمین کەس کە ئەم وشەیەی هێنایە ناو فەلسەفەی سیاسی فەیلەسووفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز بوو کە کتێبێکی بەناوبانگی هەر بەم ناوە نووسی و دەوڵەتی بە لڤیاتان چواند ـ واتە بوونەوەرێك کە دەسەڵاتەکەی لە هی تاکەکان زۆرترە و هەموو خەڵکانی وڵات دەبێ پەیڕەوی لە ئیرادەی بکەن.

56. biologica; or organic theory of the state

57. Alcmaeon

میتۆدێك بۆ روون کردنەوە و شیکردنەوەی تاك- سوودی لێوەردەگرێ. دەڵێ شار لە تاك گەورەترە و هەر بۆیە توێژینەوە لێی ئاسانتر ئەنجام دەدرێ. ئەفلاتون ئەم بەڵگەیە دێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێت ((دەبێ لێکۆڵینەوە {سەبارەت بە سروشتی داد} لە شارەوە دەست پێبکەین و پاشان لەمەڕ تاکەوە درێژەی پێبدەین و هەمیشە رووگە هاوبەشەکانمان لەبەر چاو بێت... ئایا ناتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کە لەم رێگەیەوە ئاسانتر بتوانین ئەوەی بەدوای دەگەڕێین، دەست نیشانی بکەین؟)).

لەو شێوازەی کە ئەفلاتون پێوانە بنەماییەکەی پێ دێنێتە ناو بابەتەکە دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەو (و رەنگە خوێنەرەکانیشی) وەکو شتی بەڵگەنەویست سەیری دەکەن. ئەگەری زۆری هەیە کە ئەمە نیشانەی دڵتەنگی و حەسرەت و ئارەزووی ئەو بێت بۆ دەوڵەتێکی یەکپارچە و هەماهەنگ و ((ئۆرگانێك)) و کۆمەڵگایەکی بەدەویی (سەرتایی). (بچۆرە سەر بەشی دەیەم) دەڵێ دەبێ دەوڵەتشار بە بچووکی بمێنێتەوە و تەنیا تا کاتێ گەشە بکات کە ئەم گەشەکردنە، یەکێتییەکەی نەخاتە مەترسییەوە. شار بە تەواوی پێویستە بە حوکمی ئەو سروشتەی هەیەتی یەك بێت نەك فرە[٥٨]{٣٣}. بەم چەشنە ئەفلاتون جەخت لەسەر ((یەکیەتی))[٥٩] یان تاکگەرایی شار دەکاتەوە، بەڵام جەخت لەسەر ((فرەیەتی))[٦٠] تاکی مرۆڤیش دەکاتەوە. لەو شیکردنەوەی کە بۆ گیانی تاك ئەنجامی دەدات و لەدابەشبوونی بۆ سەر سێ بەشی عەقڵ و وزە و غەریزە ئاژەڵییەکان- هاوجووت لەگەڵ سێ چینی زێرەڤان و جەنگاوەر و کرێکارەکان- دەدوێت (ئەو کرێکارانەی کە، هەروەك هێراکلیتۆس وتبووی، بەردەوام وەکو چوارپێیەکان درێژە بە پڕکردنی ورگیان دەدەن)، ئەفلاتون کارەکە دەگەیەنێتە شوێنێك کە ئەم بەشانە هەر کام لە بەرامبەر ئەویتردا دادەنێت، هەروەك بڵێی ((سێ کەسی جیا و دژن)){٣٤}. بە وتەی گرۆت[٦١]: ((بەم چەشنە پێمان دەوترێت کە مرۆڤ بەڕواڵەت 'یەکێك' و لە حەقیقەتدا 'فرەیە'... و دەوڵەتی تەواو لە رواڵەتدا'فرە' و لە حەقیقەتدا 'یەکێکە' )). ئاشکرایە ئەمە لەگەڵ خەسڵەتی 'ئایدیالی' دەوڵەتدا دەگونجێت کە تاك جگە لە کۆپیەکی کەموکوڕ هیچی تر نییە. دەتوانین ئەم جۆرە جەخت کردنە لەسەر یەکیەتی و تەواویەت[٦٢]- بەتایبەتی لەمەڕ دەوڵەت یان رەنگە

٥٨. one and not many . واتە یەکگرتووبێ نەك پارچەپارچە بێت.

59. oneness
60. manyness
61. G.Grote
62. Wholeness



جیهان- بە ((گشتگەرایی))[٦٣] وەسفی بکەین. بە بڕوای من، (هەمەکگەرایی) گشتگەرایی ئەفلاتون پەیوەندییەکی نزیکی بە کۆگەرایی[٦٤] ﴿خێڵەکییەوە﴾ هەیە کە لە بەشەکانی رابردوودا باسمان کرد. ئەفلاتون حەسرەتی بۆ یەکیەتی لە دەست چووی ژیانی خێڵەکی دەخوارد. ژیانی هاوڕێ لەگەڵ گۆڕان لە نێوەندی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە دیدی ئەوەوە، نا حەقیقی دەهاتە پێش چاو. تەنیا گشتێکی جێگیر و کۆیەکی بەردەوام خودانی حەقیقەتە نەك تاکە ناپایەدار و تێپەڕەکان. گشت، تەنیا کۆبوونەوەی تاکەکان نییە، یەکەیەکی ((سروشتی))یە و لە پلەیەکی بەرزترە و بۆ تاك ((سروشتی))ـە کە خزمەتی بکات.

ئەفلاتون لەم شێوازە ژیانە کۆمەڵایەتییە ((سروشتی))ـە- واتە خێڵەکی و کۆییە- گەلێك وەسفی بەرزی کۆمەڵناسانە پێشکەش دەکات. لە کۆماردا دەنووسێ: ((مەبەستی لە یاسا... ئەوەیە کە خۆشبەختی دەوڵەت لە کۆی کۆمەڵگادا پێك بێنێت و هەم لە رێگای رازیکردن و هەم لە رێگای زۆرەملێوە، هاوولاتییەکان لە یەکەیەکدا جێگە بکاتەوە و ناچاریان بکات لە هەر چەشنە قازانجێك کە هەر کامێکیان دەتوانێت بە کۆمەڵگای بگەیەنێت، هاوبەش بن. لەڕاستیدا ئەوە یاسایەکە تاکی خاوەن هزری راست بۆ دەوڵەت دەخولقێنێت، بەڵام نەك بۆ ئەوە مەبەستە کە بەرەڵایان بکات بۆ خۆیان تا هەر کەسە بە رێگایەکدا بڕاوات، بەڵکو لە پێناو ئەو ئامانجە کە بۆ لێك بەستن و پێکەوە لکاندنی {بەشەکانی شار بە یەکتریەوە} سوودیان لێ وەربگرێت{٣٥}. ئەوە کە لەم گشتگەراییەدا جۆرە جوانپەرستییەکی عاتفی و ئارەزووی پەنهانی جوانی هەیە، بۆ نموونە لەم رستەی یاساکاندا ئاشکرایە: ((هەموو هونەرمەندێك... هەندەك لە پێناو هەمەکدا جێبەجێ دەکات، نەك هەمەك لە پێنا هەندەکدا)). هەر لێرەدا سەیر دەکەین گشتگەرایی ئەخلاقی بەشێوەیەك کە خاوەنی بەهایەکی پایەدار و مێژوویییە فۆڕمۆڵبەندی کراوە: ((ئێوە لە پێناو گشتدا خولقێنراون نەك گشت لەبەر ئێوە)). لە هەناوی ئەم گشتەدا، تاکە جیاواز و گروپە جیاوازەکان، دەبێ لەسەر بنەمای نایەکسانییە سروشتییەکانی خۆیان، خزمەتی نایەکسان و دەست نیشان کراو ئەنجام بدەن.

٦٣. holism. واتە بڕوابوون بەوە کە گشت زیاترە لە کۆی بەشە پێکهێنەرەکانی و پاش ئەوەکە یەك یەکی بەشەکان حسێب کران، دیسان گشت دارای شتێکی زیاترە لەهەموو ئەمانەو ناشێت شیبکرێتەوە بۆ بەشی جیاو سەربەخۆ.

64. collectivism

تەنانەت ئەگەر ئەفلاتون جاروبار وەکو بوونەوەرێکی ئۆرگانیك قسەی لەسەر دەوڵەت نەکردبا، ئەوەی باسمان کرد دەریدەخات کە تیۆرەکەی، جۆرە تیۆرێکە سەبارەت بە ئۆرگانیزمی دەوڵەت. بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەمبەر ئەمەوە دواوە، هیچ گومانێك بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە دەبێت وەکو یەکێك لە نوێنەرەکان، یان بەجۆرێکی باشتر بیلێین، دەستپێکەرانی ئەم تیۆرە وەسفی بکەین. ئەو رووخسارەی کە بە تیۆرەکەی دەبەخشێ خاوەنی خەسڵەتی کەسایەتیگەرایانە(٦٥) و دەروونییە، چونکە دەڵەت نە بەشێوەیەکی گشتی وەکو هەر بوونەوەرێکی ئۆرگانیك، بەڵکو بۆ پێوانەکردن لەگەڵ تاکی مرۆیی و بەتایبەتی لەگەڵ گیانی مرۆڤ، وەسف دەکات. نەخۆشی دەوڵەت و لەبەریەك هەڵوەشانی یەکیەتییەکەی بەتایبەتی هاوجووتتە لەگەڵ نەخۆشی گیانی مرۆڤ و نەخۆشی سروشتەکەی. لەڕاستیدا، نەخۆشی دەوڵەت نەك هەر پەیوەندی بە گەندەڵی سروشتی مرۆڤەوە هەیە بەڵکو بەرهەمی راستەوخۆی ئەم گەندەڵییە و بەتایبەتی لە گەندەڵی سروشتی ئەندامانی چینی دەسەڵاتدارەوە سەرهەڵدەدات. یەك بە یەکی قۆناغە جۆرییەکانی دارزانی دەوڵەت لە قۆناغە هاوشێوەکانی دارزانی گیانی مرۆڤ و سروشتی ئادەمیزاد و رەگەزی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت. لەبەر ئەوەی بە پێی ئەو راڤەیەی خراوەتەڕوو، بنەمای ئەم لەناوچوونە و دارزانە ئەخلاقییە، دارزانی رەگەزییە، هەر بۆیە لە کۆتاییدا دەردەکەوێ کە گرنگترین پشك لە دامەزراندنی مێژووگەرایی ئەفلاتون سەر بە هەمان توخمی بایۆلۆژیانەیە کە لە تیۆری مێژووگەراییەکەیدا بوونی هەیە. مێژووی داروخانی یەکەمین یان تەواوترین دەوڵەت، هەمان مێژووی دارزان و دارمانی زیندەوەرزانانەی رەگەزی مرۆییە و هیچی تر.

## ٨

لە بەشی رابردوودا ئاماژەمان بەوە کرد پرسی سەرەتای گۆڕان و دارمان یەکێکە لە دژوارییە سەرەکییەکانی تیۆری مێژووگەرایی ئەفلاتون لەمەڕ کۆمەڵگاوە. ناتوانرێت وێنای ئەوە بکرێ کە دەوڵەتشاری یەکەمین و سروشتی و تەواو، تۆوی لەبەر یەك هەڵوەشانی لە هەناو دابێت ((چونکە ئەو شارەی کە تۆوی لەبەریەك هەڵوەشانی لە هەناو دابێت، رێك هەر بەم هۆیەوە ناتەواوە)){٣٦}. ئەفلاتون هەوڵ دەدات لەم رێگەیەوە بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بێت کە لە جیاتی ئەوەی گوناهەکە بخاتە سەرشانی بوونیاتی یەکەمین شاری تەواو، یاسای پەرەسەندنی مێژوویی و بایۆلۆژی و رەنگە تەنانەت گەردووناسی کە لە هەموو جێگەیەك مسداقیەتی هەیە و ئەو

65. personalist



وەك باڵادەستی سەر داڕووخان لە قەڵەمی دەدات، بە سوچدار بناسێنێت{٣٧}. ئێژێ: ((هەر شتێك دێتە بوون، دەبێ ڕێگای دارمان بگرێتەبەر)). بەڵام ئەم تیۆرە گشتییە رێگا چارەیەکی بە تەواوی جێگەی رەزامەندی بۆ بابەتەکە ناداتە دەست، چونکە روونی ناکاتەوە کە بۆچی تەنانەت ئەو دەوڵەتەش کە بەڕادەی پێویست خودان تەواویی و کەماڵە، ناتوانێت لە یاسای دارمان دوورەپەرێز بێ. ئەفلاتون تەنانەت بە کینایە دەڵێ ئەگەر فەرمانڕەواکانی یەکەمین دەوڵەتی سروشتی، فەیلەسووفی پەروەردەکراو بوونایە، رەنگە دەرفەتی خۆبواردن لە یاسای دارمان هەبووایە{٣٨}. بەڵام ئەوان بەم جۆرە نەبوون. بەو چەشنەی کە ئەو خوازیاری پەروەردەکردنی دەسەڵاتدارانی شاری ئاسمانییە، فەرمانڕەوایانی ئەم دەوڵەتە لەسەر ماتماتیك و دیالیکتیك پەروەردە نەکرابوون. بۆ خۆبواردن لە گەندەڵی و دارزان دەبووایە پەی بە رازی بەرزتری چاکسازی رەگەزی ببەن، واتە زانستی ((پاراستنی پاکژی و پاکی رەگەزی زێڕەڤانەکان)) و خۆبواردن لە ئاوێتە بوونی کانزا بەرزەکانی خوێنی ئەوان لەگەڵ کانزای نزمی کرێکارەکان. بەڵام ئاشکراکردنی ئەم رازە بەرزترە دژوارە. لە زەمینەی ماتماتیك و دەنگناسی(٦٦) و ئەستێرەناسی، ئەفلاتون جیاوازییەکی ئاشکرا دادەنێت لە نێوان رای (وەهمی یان هەڵخەڵەتێنەری) پەتی و تێکەڵ بە چڵکی ئەزموون کە بێ توانایە لە بەدەست هێنانی زانستی ورد و سەربە ئاستێکی نزمترە و مەعریفەی عەقڵی پەتی یان ئەبستراکت کە بەرییە لە ئامێتەی هەستی و هەر بۆیە وردە. ئەفلاتون ئەم جیاکردنەوەیە بەسەر زانستی چاکسازی رەگەزیشدا بەکاردێنێت. تەنیا تەکنیکی ئەزموونی پەروەردەکردنی نەوە، ناتوانێت ورد و دەقیق بێت و بە تەواوی رەگەز بە پاکی بپارێزێ. ئەمە، داروخانی شاری سەرەکی روون دەکاتەوە کە بەڕادەیەك باشە- واتە هاوشێوەی فۆڕم یان ئایدیای خۆیەتی- کە ((شارێکی بەم چەشنە دروستکرا و رێکخراو تەنانەت بە زەحمەت دەکرێ لەرزۆك بکرێت)). ئەفلاتون درێژەی پێدەدات: ((بەڵام تەنانەت شارێکی ئەوتۆ بەم چەشنە لەبەر یەك هەڵدەوەشێ)) و پاشان هەوڵی خستنەڕووی تیۆرییەکەی خۆی دەدات سەبارەت بە پەروەردەکردنی نەوەو ژمارەو دابەزینی مرۆڤ.

دەڵێ ئەگەر بڕیار بێ خۆ لە نەزۆکی داڕووخانی {رەگەزی} ببوێردرێت، دەبێ هەموو رووەك و گیانلەبەرەکان بەپێی خولی دیاریکراوی زەمەنی پەروەردە بکرێن. فەرمانڕەواکانی باشترین

66. acoustics

دەوڵەت تاڕادەیەك دەستیان بە ناسینی ئەم خولانە رادەگات کە پەیوەندی بە درێژی تەمەنی رەگەزەوە هەیە و سوود لەم مەعریفەیە وەردەگرن بۆ پەروەردەکردنی نەوەی رەگەزی سەروەر. بەڵام ئەم مەعریفەیە، تەنیا مەعریفەیەکی ئەزموونی دەبێت نەك عەقڵی- ((موحاسبەیەکە بە یارمەتی (یان لەسەر بنەمای) تێگەیشتنی هەستی {حسی})). (لەگەڵ ئەو پارچەیە هەڵیبسەنگێنن کە لە خوارەوە هاتووە). هەروەك ئێستا بینیمان، دەرکی {هەستی}[٦٧] و ئەزموون هەرگیز ممکین نییە وردە و شایانی متمانە پێکردن بێت، چونکە بابەتەکەی، جیهانی شتە رەوانەکانە نەك فۆڕم و ئایدیا پەتی و ئەبستراکتەکان. لەبەر ئەوەی زێرەڤانەکان دەستیان بە هیچ چەشنە مەعریفەیەکی باشتر راناکات، ناتوانرێت نەوە بە پاکی بپارێزرێت و وردەوردە دارمانی رەگەزی دزە دەکات. ئەفلاتون بابەتەکە بەم جۆرە روون دەکاتەوە: ((سەبارەت بە رەگەزی خۆتان {واتە رەگەزی مرۆڤ بۆ جیاکردنەوەی لە گیانلەبەرکان} فەرمانڕەوایانی شار کە لە لایەن ئێوەوە پەروەردەکراون، لەوانەیە حەکیم و دانابن، بەڵام لەبەر ئەوەی سوود لە موحاسبەیەك بە یارمەتی دەرەکی (هەستی) وەردەگرن، هەر بە رێکەوت ناگەنە هیچ رێگایەك کە یان منداڵی باش بە دەست بێنن یان هەر بە دەستی نەهێنن)). بەهۆی نەبوونی میتۆدێکی تەواو زانستی[٣٩]، فەرمانڕەواکان ((رێگای سەهوو هەڵە دەگرنەبەر و رۆژێك سەرەنجام بە شێوازی هەڵە منداڵ دەخەنەوە)). لە درێژەی ئەو قسەیەدا، ئەفلاتون بە شێوەیەکی هێندی رازناك و درکەیی دەڵێت، بۆ خۆبواردن لەم شتە رێگایەك هەیە و ئەویش بریتییە لە دۆزینەوەی زانستی عەقڵی و ماتماتیکی پەتی کە بە لەخۆگرتنی ((ژمارەی ئەفلاتونی))[٦٨] (واتە ئەو ژمارەیەی کە خولی راستەقینەی[٦٩] رەگەزی مرۆیی دیاری دەکات) کلیلی یاسای باڵای زانستی بەرزترین چاکسازی رەگەزی دەدا بە دەستەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی زێرەڤانەکان لە سەردەمە دێرینەکاندا لە رازبینی فیساگۆرس بە ژمارەکان[٧٠] بێ ئاگابوون و ئاگاداری ئەم کلیلەی مەعریفەی بەرزتری چاکسازی رەگەزی نەبوون، دەوڵەتی سروشتی کە لە هەموو روویەکانی ترەوە تەواو بوو نەیتوانی خۆی لە دارمان بپارێزێ. پاشان ئەفلاتون هەندێ لە نهێنییەکانی ئەم ژمارە رازناکانە ئاشکرا دەکات و درێژەی پێدەدات: ((ئەم... ژمارەیە بەسەر

٦٧. perception ئاوەڵناوی "هەستی" پێوە زیادکراوە لە وەرگێڕانەکەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ دەرکی عەقڵیدا تێکەڵاو نەبێت.

68. platonic number
69. True period
70. Pythagorean number- mysticism



زانە {لەدایك بوونە} باشتر و خراپترەکاندا باڵا دەستە، هەر کاتێ زێرەڤانانی بێ ئاگا لەم بوارانە، بووك و زاوا بە رێگای هەڵە لەگەڵ یەکتر جووت بکەن[٤٠]، زارۆکەکانیان نە سروشتێکی باشیان دەبێ نە بەختێکی چاك. تەنانەت باشترین کەسیشیان کاتێ کە لە جیاتی باوکیان، دەسەڵات بگرنە دەست، نەشیاو و نەگونجاو دەبن و هەر کە ببن بە زێرەڤان، ئیدی قسەی ئێمە نابیستن))- واتە لە حاڵەتی تایبەت بە فێرکردنی میوزیك و ژیمناستیك و هەروەك ئەفلاتون بە جەخت کردنەوە دەڵێت، لە چاوەدێری بەسەر پەروەردەکردنی نەوەدا. ((کەواتە، هەندێ فەرمانڕەوا دادەمەزرێن کە بە تەواوی بۆ ئەنجامدانی ئەرکی زێرەڤانی نا شایستە و بێ سەڵاحیەتن- واتە چاودێری کردن و تاقیکردنەوەی کانزای زێڕ و زیو و مەفرەغ و ئاسن لە رەگەزەکان (کە هەم رەگەزەکانی هێسیۆدۆس بن و هەم رەگەزەکانی خۆتان). ئاسن لەگەڵ زیو ئاوێتە دەکرێ و مەفرەغ لەگەڵ زێڕ و لەم ئاوێتە کردنە، **جۆراو جۆری** و **بێ رێسایەکی** پووچ و عەبەس لە دایك دەبێت و هەر کاتێ ئەمانە بێنە سەر دونیا، **دژایەتی و دوژمنیان** لێ لە دایك دەبێت. کەواتە لە هەر شوێنی جیاوازی سەری هەڵدا رەچەڵەك و زانەکەی دەبێ بەم چەشنە وەسف بکەین)).

ئەمە حیکایەتی ئەفلاتون بوو لەسەر ژمارە و دابەزینی مرۆڤ کە بنەمای کۆمەڵناسی مێژووگەراییەکەیەتی و بەتایبەتی بناغەی یاسای بنەمایی باڵادەست بەسەر شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە بەشی رابردوودا لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد[٤١]. دارووخانی رەگەزی، رەگ و ریشەی دووبەرەکی لە نێو چینی دەسەڵاتدار و چاوگی هەموو جۆرە گۆڕاناکارییەکی مێژووی روون دەکاتەوە. ناکۆکی ناوەکی نێو سروشتی مرۆڤ و کەرتبوونی گیان، جیاوازی و لەتبوونی چینی دەسەڵاتداری لێ دەکەوێتەوە. ئەفلاتونیش وەکو هێراکلیتۆس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە جەنگ، جەنگی چینایەتی، باوکی هەموو جۆرە گۆڕانێك و خولقێنەری سەرانسەری مێژووی مرۆڤە- ئەو مێژوویەی کە هیچ نییە جگە لە بەسەرهاتی داروخانی کۆمەڵگا. کەواتە بۆمان دەردەکەوێ مێژووگەرایی ئایدیالیستی ئەفلاتون دواجار نەك لەسەر بنەمایەکی رۆحانی بەڵکو بایۆلۆژیانە دادەمەزرێت و لە بان جۆرە میتا بایۆلۆژییەکی[٧١] رەگەزی مرۆیی بنیات نراوە[٤٢]. ئەفلاتون نە تەنیا فەیلەسووفێکی سروشتگەراییە کە تیۆرێکی بایۆلۆژی لەمەڕ دەوڵەتەوە دەخاتەڕوو، بەڵکو یەکەمین کەسە تیۆرێکی بایۆلۆژی و رەگەزی لەسەر دینامیکەتی

71. metabiology

کۆمەڵایەتی و مێژووی سیاسی پێشکەش دەکات. بە وتەی ئادام{٤٣}: ((بەم چەشنە، ژمارەی ئەفلاتونی زەمینەیەك پێك دێنێ بۆ ئەوەی (فەلسەفەی مێژوو)ی ئەفلاتون تێیدا جێبگرێت)).

پێم وایە لە جێی خۆیەتی ئێستا ئەم شیکردنەوە گشتیە سەبارەت بە کۆمەڵناسی وەسفیی ئەفلاتون، بە کورتی کۆ بکەمەوە و هەڵیبسەنگێنم.

ئەفلاتون توانی کۆمەڵگای یۆنانی خێڵەکی و کۆگەراو کۆنی هاوشێوەی کۆمەڵگای ئیسپارتە، بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر هاوجووت لەگەڵ حەقیقەت، بەڵام هەڵبەتە بە شێوازێکی هێندی ئایدیالی، بەرهەم بێنێتەوە. بە شیکردنەوەی ئەو هێزانەی کە سەقامگیری کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ دەخەنە ژێر مەترسییەوە (بەتایبەتی هێزە ئابوورییەکان)، توانیویەتی سیاسەتی گشتی و دەزگا کۆمەڵایەتییە پێویستەکان بۆ وەستاندنی ئەو کۆمەڵگایە وەسف بکات. جگە لەمە، قۆناغی گەشە و پەرەسەندنی دەوڵەتشارەکانی یۆنانیش لەسەر بنەمایەکی عەقڵی بەرهەم دێنێتەوە.

نەفرەتی ئەفلاتون لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیا و ئەڤینی ڕۆمانتیکی لەمەڕ ژیانی کۆمەڵایەتی خێڵەکی، زیانیان بەم دەستکەوتانە گەیاندووە. ئەم هەڵوێستە بەرەو ئەوە پاڵیان نا کە یاسایەکی بۆ بەرگری نەشیاو سەبارەت بە گۆڕانکاری مێژوو- واتە یاسای داڕمان و لە ناوچوونی گشتی- فۆڕمۆڵبەندی بکات. شیکردنەوەکان لە هەموو ڕوویەکانی ترەوە بەرز و گرنگن، بەڵام توخمە نا عەقلانی و وەهمی و ڕۆمانتیکییەکانی هەموو لەم تێڕوانینەوە سەرچاوە دەگرن. لەلایەکی دیکەوە، هەر ئەم هۆگرییە تاکە کەسی و یەکڕەهەند بینییە، وردبینییەکی زیاتری پێدەبەخشێت و ئەم دەستکەوتانە ممکین دەکات. ئەفلاتون تیۆری مێژووگەرایی خۆی لەم دۆکترینە وەهمیە وەردەگرێ کە جیهانی بگۆڕ و بینراو، کۆپییەکی ڕوو بە داڕزان و داروخانە لە جیهانێکی نەگۆڕ و نەبینراو. ئەم هەوڵە نوێ و هۆشمەندانەیە بۆ لێکگرێدانی ئەو ڕەشبینییەی لەسەر بنەمای مێژووگەرایی دامەزراوە لەگەڵ ئەو گەشبینییەی کە لەسەر بناغەی بوونناسی(٧٢) بنیات نراوە، کاتێك بەرفراوان و چڕوپڕ دەبێ، هەندێ دژواری لێ دەکەوێتەوە. ئەو گرفتانەی ئاماژەیان بۆ کرا ناچاری دەکەن بۆ وەرگرتنی جۆرە مێژووگەراییەکی بایۆلۆیانە و ((لەگەڵ (دەروناسیگەرایی)(٧٣){٤٤}، واتە ئەو تیۆرەی کە پێیوایە کۆمەڵگا لەسەر (سروشتی مرۆیی) ئەندامەکانی دامەزراوە)) دەگاتە عیرفان و خورافە و تیۆری ماتماتیکی نیمچە

72. ontological optimism
73. Pschologism



عەقلانی سەبارەت بە پەروەردەکردنی نەوەی لێ دەکەوێتەوە و تەنانەت یەکێتی بەرچاوی ئەو بینایەش دەخاتە بەرمەترسییەوە کە لە جیهانی هزردا دروستی کردووە.

## ٩

کاتێك دووبارە سەیری ئەم بینایە دەکەین، ئێستا دەتوانین بە کورتی لە نەخشەی بناغەکەی بڕوانین{٤٥}. نەخشەی ئەم بناغەیە کە لە ئاوێتەی وێنای میعمارێکی گەورەدا نەخشی بەستووە پێشاندەری دوالیزمێکی بنەمایی و میتافیزیکیە لە هزری ئەفلاتوندا. لە پانتایی لۆژیکدا، ئەو دوالیزمەی ئاماژەمان پێکرد وەکو بەرانبەرێتی نێوان هەمەك و هەندێك و لە سنووری تێڕوانینی ماتماتیکیدا چەشنی بەرانبەرێتی نێوان یەك و فرە {یان زۆر} لە زەمینەی مەعریفەناسیدا(٧٤) بە شێوەی بەرانبەرێتی نێوان ناسینی عەقڵی لەسەر بنەمای بیری ئەبستراکت و ڕا لەسەر بناغەی ئەزموونە هەندەکییەکان (جزئی) دامەزراوە، خۆی دەردەخات. لە بوونناسیدا، ئەم دوالیزمە هەمان بەرانبەرێتی نێوان بوو یان حەقیقەتی تاك و سەرەکی و نەگۆڕ و راستەقینەیە لەگەڵ رواڵەت یان دەرکەوتە فرە و گۆڕاو و وەهمییەکان: لە نێوان بوونی پەتی لەلایەك و ڕێڤار (صیرورە) یان بەجۆرێکی وردتر، گۆڕان لە لایەکی دیکەوە. لە پانتایی گەردووونناسیدا(٧٥)، بەرانبەرێتیێکە لە نێوان ئەوەی دێنێتە بوون و ئەوەی دێتە بوون و دەبێ ڕێگای داڕمان بگرێتەبەر و وێران ببێت. لە زانستی ئەخلاقدا بەرانبەرێتی نێوان خێر و چاکە- واتە ئەوەی دەپارێزێت- و شەڕ و خراپەیە- واتە ئەوەی گەندەڵ دەکات. لە سیاسەتدا بەرانبەرێتی نێوان کۆیەك، واتە دەوڵەتە کە لە توانایدا هەیە بگاتە تەواویی و خۆبەسی (autarky)، و جەماوەری مەزنی خەڵك- واتە مرۆڤە تایبەتەکان و ئەو تاکە زۆرانەی دەبێ بە کەموکوڕی و وابەستەیی بمێننەوە و دەبێ تایبەتمەندییەکانیان لە پێناو یەکیەتی دەوڵەتدا سەرکوت بکرێت (بچۆ سەر بەشی دواتر). بەبڕوای من ئەم فەلسەفە دوالیستیە لە خواستی بە پەلە ڕوونکردنەوەی دژایەتی خەونی کۆمەڵگایەکی ئایدیالی لەگەڵ دۆخی نەفرەتاوی هەنووکەیی لە زەمینەی کۆمەڵایەتیدا سەرچاوەی گرتووە- دژایەتی نێوان کۆمەڵگایەکی سەقامگرتوو و کۆمەڵگایەك لە ڕەوتی شۆڕشدا.

74. epistemology
75. cosmology

# یاداشتەکان

## هەندێ تێبینی گشتی

دەقی کتێبەکە تەواوە و دەتوانن بێ یادداشتەکانیش بیخوێننەوە. سەرەڕای ئەمە، بڕێکی بەرچاو بابەت کە ڕەنگە هەموو خوێنەرێك هۆگری بێت و هەندێ گەڕانەوە و مشتومڕی لەو یادداشتانەدایە کە لەوانەیە هەموو کەسێك حەزی لێنەکات. بۆ ئەو خوێنەرانەی گەرەکیانە لە پێناو ئەم بابەتانەدا بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکان، ڕەنگە ئاسانتر بێت سەرەتا دەقی هەربەشێك بەتەواوی بخوێننەوە و پاشان بچنە سەر یادداشتەکان.

لەوانەیە ژمارەی یادداشتەکان لە ڕادە بەدەر بێت. لەم بارەیەوە داوای لێبووردن دەکەم. ئەم یاداشتانە بۆ سوودی خوێنەران لە کتێبەکەدا گونجێنراون کە بەکورتی هۆگری هەندێ پرسی لاوەکین ( وەك حەزی ئەفلاتوون بۆ پرسی ڕەگەز پەرەستی یان کێشەی (شوناسی ) سوقرات ). لە بەر ئەوەی دەمزانی لە هەلومەرج و ڕەوشی جەنگدا ممکین نییە بتوانم نموونەکانی چاپخانە بخوێنمەوە، بریارمدا لە جیاتی ژمارەی لاپەڕەکان، داوای گەڕانەوە بۆ یادداشتەکان بکەم بە پێی ژمارەی ریزەکان. کەواتە، گەڕانەوە بۆ دەقەکە، لە ڕێگای ڕستەی لەم جۆرەوە ئاماژەی بۆ کراوە :"لەگەڵ بەشی سێیەمدا هەڵیسەنگێنن، بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی ٢٤ لە دەقەکەدا" تاد. هەروەها هەلومەرج و بارودۆخی جەنگ دەست پێڕاگەیشتن بە ئاسانکاری کتێبخانەکانی بەرتەسك کردبۆوە و دەرفەتی ئەوەی نەدەڕەخساند کە ژمارەیەك کتێب ـ هەندێ هی ئەم دواییانە و بڕێکی جیا لەوان ـ کە لە هەلومەرجی ئاساییدا دەبووایە بۆیان بگەڕێمەوە، بە دەستم بگەن.

هەندێ لە یادداشتەکانی بە سوود وەرگرتن لەو بابەتانە ئامادەکراون کە لە کاتی نووسینی دەستنووسی چاپی یەکەمی کتێبەکە، لە بەر دەستمدا نەبوون. ئەم یادداشتانە و هەروەها ئەو یادداشتانەی ویستوومە دەستنیشانیان بکەم کە پاش ساڵی **١٩٤٣** زیادکراون و خراونەتە نێوان دوو ئەستێرەوە. بەڵام هەموو زیادکراوەکان بەم جۆرە پێشانندراون. *



## پێشەکی

بۆ ئەو پارچەیەی کە لە سەرەتای "پێشەکی" دا لە کانت ـ م وەرگرتووە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و چوارەم، یادداشتی ٤١ و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لە دەقەکەدا.

تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم، هەردوو زاراوەی **"کۆمەڵگای کراوە"** و **"کۆمەڵگای داخراو"** یەکەم جار لە لایەن هێنری برگسۆنەوە لە کتێبی دوو سەرچاوەی ئەخلاق و دین[1]، بە کارهاتووە.سەرەڕای جیاوازییەکی بەر چاو (کە سەرچاوەکەی بۆ هەڵسوکەوتێکی لە ڕەگ و ریشە جیاواز دەگەڕێتەوە لەگەڵ هەموو پرسە فەلسەفییەکان) لە نێوان شێوازی بەکارهێنانی برگسۆن و دەکارکردنی ئەم دوو زاراوەیە لە لایەن منەوە، پێکچوونێك لە (نێوانمان)دا هەیە کە پێم خۆشە ئاگاداربن. (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ ئەو شتەی برگسۆن بۆ دیاریکردنی خەسڵەتی کۆمەڵگای داخراو بەم جۆرە دەریدەبڕێ :" کۆمەڵگایەکی مرۆیی (بە چەشنێك کە )تازە لە ژێر دەستی سروشت ( هاتۆتە دەرەوە)." هەمان کتێب، ل **٢٢٩**.)

جیاوازی سەرەکی لەوەدایە کە شێوازی بەکارهێنانی من دەربڕی جیاوازییەکی عەقڵییە، تایبەتمەندی کۆمەڵگای داخراو بریتییە لە بوونی بڕوا بە تابۆ جادووییەکان، ئەوە لە کاتێك دایە کە لە کۆمەڵگای کراوەدا مرۆڤەکان فێری ئەوە بوونە کە تا رادەیەك ڕەخنە لە تابۆکان بگرن و لەو بڕیارانەی کە دەریدەکەن (هەڵبەتە پاش دانوسان و دیالۆگ) عەقڵ و هۆشی خۆیان بە مەرجەع لەقەڵەمبدەن. بەڵام هزری برگسۆن گرنگی بە جیاوازییەکی دینی دەدات. ئەم شتە روونی دەکاتەوە بۆچی ئەوەی برگسۆن بە کۆمەڵگای کراوە ناوزەدی دەکات، بە چاوی بەرهەمی پێژنی (شهود) عیرفانی سەیری دەکات، ئەوە لە کاتێك دایە کە بە ڕای من (لە بەشەکانی دەیەم و بیست وچوارەم) دەتوانین عیرفان بە دەرکەوتەی حەسرەتی یەکێتی لە دەست چووی

[1]. Henri Bergson , Two sources of morality and Religion (English ed., 1935).

کۆمەڵگای داخراو و هەر بۆیە، وەك دژ کردەوەیەك لە بەرانبەر عەقڵانیەتی کۆمەڵگای کراوە ڕاڤە بکەین. بەپێی ئەو شێوازەی کە لە بەشی دەیەمدا بۆ زاراوەی "کۆمەڵگای کراوە" بە کاری دەهێنم، بۆمان دەردەکەوێت پێکچوونێکیشی لەگەڵ زاراوەی "کۆمەڵگای گەورە[٢]"ی گراهام والاس[٣]دا هەیە،بەڵام ڕەنگە زاراوەکەی من بۆ "کۆمەڵگایەکی بچووك"ی وەك ئەسینای سەردەمی پریکلیس ـ یش بەکار بێت، ئەوە لە کاتێك دایە ڕەنگە بتوانین وێنای ئەوە بکەین کە دەشێت "کۆمەڵگای گەورە" وەستاو وهەربۆیە داخراو بێت. هەروەها ڕەنگە وێکچوونێك لە نێوان ئەوەی من بە "کۆمەڵگای کراوە" ناوزەدەم کردووە و ئەوەی والتێر لیپمەن لە بە نرخترین کتێبی خۆیدا هەر بەم ناوە بە "کۆمەڵگای باش[٤]" ناوی دەنێت. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی ٥٩(٢) و بەشی بیست وچوارەم، یادداشتگەلی ٢٩و٣٢و٥٨و بابەتی پەیوەندیدار لە دەقەکەدا.

---

[2]. The Great society
[3]. Graham wallas
[4]. Walter Lippman , the God society (1937)

## بەشی یەکەم

سەبارەت بە وتەکەی پریکلیس کە لە سەرەتای پاژی یەکەمدا نووسیومانە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی ٣١و بابەتی پەیوەندیدار لە دەقەکەدا. ئەو گوتانەی لە ئەفلاتوون وەرگێراون لە بەشی شەشەم، یادداشتەکانی ٣٣و٣٤و دەقەکەدا، بە دوور و درێژی توێژینەوەیان لە سەرکراوە.

١. زاراوەی "کۆگەرایی" تەنیا لە هەمبەر تیۆرێك بەکار دێنم کە جەخت لە سەر نرخ ومانای کۆ یان گرووپ ـ بۆ نموونە "دەوڵەت" بە شێوەیەکی گشتی ( یان دەوڵەت یان نەتەوە یان چینێکی تایبەت)ـ دەکاتەوە لە بەرانبەر نرخ و گرنگی تاکدا. پرسی بەرانبەرێتی نێوان کۆگەرایی و تاکگەرایی بە شێوەیەکی چڕتر لە بەشی شەشەمدا شیکراوەتەوە. ( بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٦ تا ٢٨ی ئەو بەشەو دەقەکە). سەبارەت بە "خێڵ پەرەستی" لەگەڵ بەشی دەیەمدا هەڵبسەنگێنن، بە تایبەتی یادداشتی ٣٨ ( پیڕستی فیساگۆرسی تابۆ خێڵەکییەکان).

٢. ئەمە بەم مانایەیە کە راڤەی ناوبراو هیچ چەشنە زانیارییەکی ئەزموونی نادات بەدەستەوە. هەروەك لە کتێبی مندا، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**[١]، پێشاندراوە.

٣. یەکێك لە خەسڵەتە هاوبەشەکانی نێوان تیۆری گەلی هەڵبژاردە و رەگەزی هەڵبژاردە ئەوەیە کە هەموویان لە بنەڕەتدا وەك دژکردەوە گەلێ لە بەرانبەر جۆرە ستەمکارییەك سەریان هەڵداوە و گرنگیان وەرگرتووە. تیۆری گەلی هەڵبژاردە، لە سەردەمی دامەزرانی ڕێکخراوی

١. Logik der forschung. ئەم کتێبە لەژێر ناونیشانی خوارەوەدا پۆپەر وەریگێڕاوەتە سەرزمانی ئینگلیزی کە سەرچاوەی وەرگێڕانە فارسییەکەیە : the logic of scientific Discovery



دینی یەهوود ـ واتە لە قۆناغی دیلایەتی یەهوودییەکان لە بابل ـ گرنگی وەرگرت. تیۆری کۆنت دۆگۆبینۆ سەبارەت بە رەگەزی سەروەری ئارییایی، دژکردەوەی وەجاغزادەیەکی کۆچەرە لە بەرانبەر ئەو بانگەشەیەدا کە شۆڕشی مەزنی فەرەنسا توانیویەتی سەروەرانی توتونی[٢] وەدەربنێت. پێشگۆیی کردنی مارکس لە مەڕ سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەرسڤێکە بۆ یەکێك لە رەشترین قۆناغەکانی ستەمکاری و بەهرەکێشی لە مێژووی سەدە نوێیەکاندا. ئەم بابەتانە لەگەڵ بەشی دەیەم، بە تایبەتی یادداشتی ٣٩و هەروەها بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ١٣ تا ١٥و بابەتەکانی دەقەکە هەڵبسەنگێنین.

٤. یەکێك لە باشترین و کورتترین کۆبەندییەکانە کە بۆ مێژووگەرایی ئەنجامدراوە لە مشتومڕنامەیەکی لە ڕەگ و ریشەوە مێژووگەراییانەدا دەستدەکەوێت لە ژێر ناونیشانی مەسیحییەکان لە ناکۆکی چینایەتیدا، بە پێنووسی گیلبرت کۆپ[٣]، بە پێشەکییەك لە لایەن ئەسقەفی شاری برادفۆرد[٤]، کە لە کۆتاییەکانی یادداشتی ١٢، بەشی نۆیەم، بە شێوەیەکی دوور و درێژتر پارچەیەکمان لێخواستووە. لەم نامیلکەیەدا لە لاپەڕەکانی (٥و٦)دا نووسراوە: "چۆنایەتی هاوبەشی گشت ئەم تیۆرییانە،جۆرە "حەتمییەتێکە وێڕای ئازادی و سەربەستی". پەرەسەندنی ژینی و بەدوای یەك داهاتنی بەرهەڵستی چینایەتی و کاری رۆحی پیرۆز، هەرسێکیان بە هۆی تایبەتمەندی بزاوتێکی حەتمی بەرەو غایەت، جیادەکرێنەوە. رەنگە ئەم بزاوت و جۆڵەیە بۆ ماوەیەك بە هۆی کاری ئەنقەستی مرۆڤ رابگیرێت یان لە رەوتی خۆی لابدرێت، بەڵام بەو تاوە روو لە زیادەی وەری دەگرێت ممکین نییە وردە وردە لەناو بچێت. ئەگەر چی قۆناغی کۆتایی تەنیا بە شێوەیەکی ون و ناڕوون دەرك دەکرێت،... بەڵام دەشێت هێندە لەمەڕ ئەم پرۆسەوە بزانین کە ئەم رەوتە حەتمییە زیاتر بەرەو پێش ببەین یان وەدوای بخەین. بە جۆرێکی تر مرۆڤەکان بەو رادەیە لە یاسا سروشتییە باڵادەستەکانی بان ئەو شتەی سەیر دەکەن "**پێشکەوتن**"ە تێدەگەن تا بتوانن..... هەوڵگەلێ بۆ وەستاندن یان بە لاڕێ دابردنی رەوتە

٢. Teutonic. توتۆنیەکان لەبنەڕەتدا یەکێك لەهۆزەکان ژێرمەن بوون. بەڵام هەندێجار هەموو ژێرمەنەکان بە توتۆنی ناوزەد دەکەن.

3. Gilbert cope, Christians in the class struggle ("magnificent" publication No.1, published by the council of clergy and ministers for common ownership, 1942, 28 Maypole Lane, Birmingham 14).

4. Bishop of Bradford

سەرەکییەکە بخەنەگەڕ ـ ئەو هەولآنەی رەنگە بۆ ماوەیەك بە سەرکەوتوو لە قەڵەمبدرێن بەڵام لە راستیدا پێشوەختە مەحکوم بە تێکشکانن".

٥. هێگل لە کتێبی لۆژیکدا دەڵێت هەر هەموو رێنماییەکانی هێرا کلیتوسی لە بەر کردووە. هەروەها ئێژێ بۆ هەموو شتێك قەرزداری ئەفلاتوونە. شایانی ئاماژە پێکردنە کە فردیناند فۆن لاسال[٥]، یەکێك لە دامەزرێنەرانی تەڤگەری سۆسیال دێموکراتی ئەڵمان (و وەك مارکس، یەکێك لە پەیڕەوکارەکانی هیگڵ)، دووبەرگ کتێبی لە سەر هێرا کلیتوس نووسیوە.

---

[5]. Ferdinand von Lassalle

## بەشی دووەم

١.  ئەم پرسیارە کە"جیهان لە چی دروستکراوە؟" کەم تا زۆر وەك ئاریشەی بنەمای یەکەمین فەیلەسوفە ئەیونیاییەکان(Ionian) قبوولکراوە. ئەگەر وادابنێین کە ئەوان جیهانیان هەروەك بینایە یان تەلارێك هێناوەتە بەر چاوی خۆیان، ئەوا گەلاڵەی بناغە یان بنچینەی جیهان دەبێتە پرسێك بۆ تەواوکردنی کەرەستەی بیناسازی. بەو چەشنەی بیستوومانە، تالس نەك هەر هۆگری ئەو پرسە بوو کە جیهان لە چ مادەیەك دروستکراوە بەڵکو حەزی لە ئەستێرەناسی و جوگرافیای وەسفیش کردووە و ئاناکسیماندروس[١] یەکەمین کەس بووکە گەلاڵەیەکی بۆ بناغە یان بنچینە، واتە نەخشەیەکی زەوی، وێنەکێشا لە بەشی دەیەم، یاداشتی ٣٨ تا ٤٠ (بە تایبەتی یاداشتی ٣٩)، سەبارەت بە قوتابخانەی ئەیونیایی( ونەخاسمە ئاناکسیماندروس وەك یەکێك لە پێشینیانی هێراکلیتوس ) زۆرتر دواوین.

* ئایسلەر دەڵێت[٢] ڕەگ و ڕیشەی هەستی هۆمیرۆس سەبارەت بە چارەنوس (moira) بۆ عیرفانی ئەستێرەناسانەی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە کە لەوێدا، ڕەهەندێکی یەزدانی بە شوێن و کات و چارەنووس دەبەخشرا. هەر ئەم نووسەرە دەڵێت[٣] کە باوکی هسیودوس خەڵکی ئاسیای بچووك بووەو بیرۆکەکانی لە مەڕ چاخی زێرین و بوونی کانزاکان لە مرۆڤدا سەرچاوەی خۆرهەڵاتی هەبووە. (لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئایسلەر سەبارەت بە ئەفلاتوون هەڵیبسەنگێنین کە پاش مردنی هاتە وەشاندن[٤].) ئایسلەر هەروەها دەریدەخات کە[٥] وێنای جیهان وەك

١. Anaximander (نزیکەی ٦١١ـ ٥٤٧ پێش زایین). فەیلەسوفی یۆنانی بەرلە سوقرات.
2. R.Eisler, weltenmantel and Himmelszelt, p.693.
3. Revue de synthese Historique, app.,pp. 16f.
4. oxford, 1950
5. Jesus Basileus, vol.  II, 618f.



هەمەکیەتی شتەکان (cosmos) ژێدەرەکەی بۆ تیۆرە سیاسییە بابلییەکان دەگەڕێتەوە. وێنای جیهان وەك بینا (خانوو یان ڕەشماڵ) لە یەکەمین پەرتووکیدا کە لەم بەندەدا ئاماژەمان بۆ کرد، توێژینەوەی لە سەر کراوە.

٢ـ بگەڕێنەوە بۆ (چاپی پێنجەم) کتێبی دیلس[٦] (کە لەمەو بەدوا بە هێمای کورت کراوەی د(٥) نیشان دەدرێت )، پارچەی ١٢٤. هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ د(٥) ، بەرگی٢، ل ٤٢٣، ڕیزی ٢١ بۆ دواوە.

(نەفیکردنی پاشکۆ لێرەدا بە بڕوای من لە ڕووی متیۆدۆلۆژییەوە بە ڕادەی هەوڵی هەندێ لە نووسەرەکان ناڕاستە بۆ بێ ئیعتیبارکردنی سەرانسەری ئەم پارچەیە. جگە لەمە، ڕاستکردنەوەکەی ڕوستۆم[٧] وەك ژێدەر بەکارهێناوە.) لە هەمبەر دوو پارچەکەی تر کە لەم بەندەدا خواستوومانە، بگەڕێنەوە بۆ ئەفلاتوون، کراتولوس[٨]،٤٠٢a/b و٤٠١d.

ڕەنگەی ڕاڤەی من بۆ ڕێنماییەکانی هێراکلیتوس جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو ڕاڤەیەی ئێستا وەك بەڵگە نەویست سەیر دەکرێ بۆ نموونە ڕاڤەی بورنێت. ئەو کەسانەی لەوانەیە لەمبارەیەوە هەست بە دردۆنگی بکەن، دەتوانن بۆ یاداشتەکانی من بگەڕێنەوە، بە تایبەتی هەر ئەم یادداشتە و هەروەها یادداشتگەلی ٦ و٧ و١١ کە تێیاندا، بە سەرنجدان لەوە کە بابەتی دەقەکە بە خستنەڕووی لایەنی مێژووگەرایی ڕێنماییەکانی هێراکلیتوس و فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی سنووردار کراوە، بەڵام هەوڵی تاوتوێ کردنی فەلسەفە سروشتییەکەشی دەدەم. هەروەها داوا لە خوێنەران دەکەم بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵگانەی کە لە بەشەکانی چوارەم تا نۆیەم پێشکەش کراون، بەتایبەتی لە بەشی دەیەمدا، کە بە بڕوای من لە ژێر تیشکی ئەودا، فەلسەفەی هێراکلیتوس وەك نموونەی پەرچەکردار لە بەرامبەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە ئەو بە چاوی خۆی بینیبووی، خۆ دەنوێنێت. هەروەها یادداشتەکانی ٣٩ و٥٩ی ئەو بەشەو(دەقەکەی)و ڕەخنەی گشتی لە میتۆدی بورنێت وتیلۆر[٩] لە یادداشتی ٥٦ دا هەڵیبسەنگێنن. هەروەك لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، منیش وەك زۆر کەس (بۆ نموونە

6 Diels, Die vorsokratiker, 5th ed, 1934
7. A.Ruestow
8. plato, cratylus
9. J.Burnet, A.E. Taylor

تسلەر[١٠] و گروت) لە سەر ئەم بڕوایەم کە دۆکترینی ڕەوانیی گشتی، بیرۆکەی بنەڕەتی (فەلسەفەی) هێراکلیتوس پێکدێنێت. لە بەرانبەردا، بورنێت پێیوایە کە "خاڵی سیستەمی (هزری)" هێراکلیتوس ئەوە نیە[١١]. بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە من بە وردی بەڵگە خوازییەکانم (ل١٥٨ بە دواوە) خوێندۆتەوە، بە هیچ چەشنێك بەوە رازی نیم کە دۆزینەوەی بنەمایی هێراکلیتوس بریتی بێت لەم بیرۆکە ئەبستراکتە میتافیزیکییە کە بە وتەی بورنێت "دانایی لە ناسینی شتە زۆرەکاندا نییە، بەڵکو لە دەرککردنی یەکێتی سەرەکی دژە ناتەباکان دایە." یەکێتی دژەکان بێگومان بە یەکێك لە بەشە گرنگەکانی ڕێنماییەکانی هێراکلیتوس لە قەڵەمدەدرێ، بەڵام دەتوانین لە تیۆرە دیاریکراوتر و یەکڕاست بۆ تێگەیشتن شیاوتری ڕەوان دەرئەنجامگیری بکەین(هەڵبەتە تا ئەو شوێنە کە دەرفەتی دەرئەنجامگیرییەکی ئەوتۆ لە ئارادایە، لەگەڵ یادداشتی ١١ی ئەم بەشەو بابەتە پەیوەندیدارەکان پێیەوە هەڵبسەنگێنن). هەر ئەم حوکمە لە مەڕ بیرۆکەی هێراکلیتوس سەبارەت بە ئاگریش هەر راستە (لەگەڵ یادداشتی ٧ی ئەم بەشەدا بەراوردی بکەن).

ئەو کەسانەی وەك بورنێت پێیان وایە دۆکترینی ڕەوانیی گشتی نوێ نەبووە، بەڵکو پێشتر ئەیونیاییەکان بە هزریاندا هاتووە، بە بڕوای من بە شێوەیەکی ناخودئاگا دان بە نوێبوونی بیرۆکەکەی هێراکلیتوس دادەنێن چونکە هێشتا پاش ٢٤٠٠ ساڵ توانای تێگەیشتن لە مەبەستە سەرەکییەکەی ئەویان نیە و نازانن جیاوازی هەیە لە نێوان ڕەوانی یان سووڕان لە نێو دەفرێك یان بینا یان چوارچێوەیەکی گەردوونی ـ واتە لە **نێو هەمەکیەتی شتەکان** (هەڵبەتە دەتوانین بەم جۆرە لە بەشێك لە تیۆرەکەی هێراکلیتوس تێبگەین، بەڵام بەشێك کە هێندە ئەفرێنراو ڕەسەن نییە) ـ و ڕەوانیی گشتی کە هەموو شتێك تەنانەت دەفر و خودی چوارچێوەکەش لەخۆدەگرێت (لەگەڵ د(٥)، بەرگی ١، ل ١٩٠دا هەڵبسەنگێنن )و هێراکلیتوس بە نکۆڵیکردن لە بوونی هەر چەشنە شتێکی جێگیر بە هەر شێوەیەك بێت وەسفیدەکات. (پێشتر ئاناکسیماندروس بە هەڵوەشاندنەوەی چوارچێوە، هەنگاوی سەرەتایی بەم ئاراستەیە هاویشتبوو، بەڵام هێشتا لەم کارەوە تا تیۆری ڕەوانیی گشتی ڕێگایەکی دوورودرێژ مابوو. بەراوردی بکەن بە یادداشتی١٥(٤)، بەشی دووەم).

10. E.zeller
11. J.Burnet, Early Greek philosophy,2nd ed, 163.



بیرۆکەی ڕەوانیی گشتی، هێراکلیتوس ناچار دەکات هەوڵبدات بۆ شرۆڤەکردنی جێگیری ڕواڵەتی شتەکانی ئەم جیهانە و سیستەمەکانی تری هاوچەشنی ئەمە. ئەم هەوڵە بەرەو گەشەپێدانی تیۆرێکی لاوەکی، بە تایبەتی دۆکترینێك لە مەڕ ئاگر و یاسا سروشتییەکان هانیدەدات (لەگەڵ یادداشتگەلی ٦ و٧ی ئەم بەشەدا هەڵبسەنگێنن). وێڕای شرۆڤەکردنی جێگیری ڕواڵەتی شتەکانی دونیا، هێراکلیتوس بەسوود وەرگرتنێکی زۆر لە بیروباوەڕی پێشینیان، تیۆری پەستان کەمبوون و چڕبوونەوە[١٢]و بیرۆکەکەیان لە هەمبەر سووڕانی ئاسمانەکان بەرفراوان دەکات و بە شێوەی تیۆری گشتی سووڕانی ماددە و نۆرە دەریدەهێنێت. بەڵام بە بڕوای من، ئەم بەشە نەك خاڵی تەوەریی نییە، بەڵکو لقێکە لە ڕێنماییەکانی و وەك دەڵێن لایەنی پۆزش و بەرگری هەیە، چونکە گەرەکیەتی دۆکترینی نوێ و شۆڕشگێڕانەی ڕەوانی لە تەك ئەزموونی خەڵکی ئاسایی و ڕێنمایی پێشینیاندا بگونجێنێت. لەم ڕووەوە، بە بڕوای من، هێراکلیتوس لایەنگری ماتریالیزمی میکانیکی نییە کە باوەڕی بە شتێکی وەك مانەوە و سووڕانی ماددە و وزە هەبێت. هەڵوێستی مەیلداری بەرەو سێحر و جادوویی ئەو لە هەمبەر یاساکان و تیۆرەکەی لە مەڕ یەکێتی دژەکان کە پشت بە عیرفان و ڕازخوازی دەبەستێ، ئەم بۆچوونە سەبارەت بە هێراکلیتوس ڕەد دەکاتەوە.

بانگەشەی من کە لە سەر بنەمای ئەوە دامەزراوە کە ڕەوانیی گشتی خاڵی بنەڕەتی تیۆرەکەی هێراکلیتوس پێکدێنێ، بەبڕوای خۆم لە لایەن ئەفلاتوونەوە داکۆکی لێدەکرێت. دەتوانین بڵێین هەموو ئاماژەکانی بۆ هێراکلیتوس[١٣]، گەواهی ئەو کاریگەرییە مەزنەیە کە ئەم بیرۆکە سەرەکییە لە سەر بیرمەندانی ئەو قۆناغەی داناوە. ئەم بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە زۆر بەهێزترن لەو پارچە سەرنجڕاکێشەی کە بورنێت هەوڵدەدات ڕاڤەی خۆی لە سەر بناغەی ئەو دابمەزرێنێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەیەك بە ناوی هێراکلیتوس ناکرێت[١٤]. (شایەتەکەی تر، واتە فیلۆنی یەهوودی[١٥]، ناتوانێ لە بەرانبەر ئەفلاتوون و ئەرستۆدا سەنگێکی ئەوتۆی هەبێت.) بەڵام

12. rarefaction and condensation

١٣. بگەڕێنەوە بۆ : کراتولوس، d401، b/a402، 411، 473، 440.

تیای تیتوس، d/c153، d160، c177، d179، a182، a183. هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك خوان، d207و فیلێبوس، a43و هەروەها لەگەڵ ئەرستۆ، میتافیزیك، a987٣٣، 13a1010، 13b1078.

١٤. بگەڕێنەوە بۆ سۆفیست، d242، کە پێشتر لەلایەن ئوبروك (ueberweg)و تسلەر لەباسی هێراکلیتوسدا ئاماژەی بۆکرا.

15. philo judaeus

تەنانەت ئەم پارچەیەی (دایالۆگی سۆفیست)یش بە تەواوی کۆکە لەگەڵ راڤەکەی ئێمەدا. (لە هەمبەر داوەری تا ڕادەیەك تێکەڵ بە گومانی بورنێت سەبارەت بە بەهای ئەم پارچەیە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی ٥٦(٧).) دۆزینەوەی هێراکلیتوس لە مەڕ ئەوەی کە جیهان بریتییە لە گشتییەتی (هەمەکیەتی) ڕووداوەکان یان فاکتەکان نەك گشتییەتی شتەکان، بە هیچ چەشنێك کەمبایەخ و بێنرخ نییە. باشترین پێوەری ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە ویتگنشتاین بەم دواییانە بە پێویستی زانیوە سەر لە نوێ جەختی لە سەر بکاتەوە و ڕوونی بکاتەوە و دەڵێت: "جیهان هەمەکیەتی فاکتەکانە، **نەك شتەکان**[١٦]". (تۆخ کردن لە منەوەیە).

کورتەی باسەکە ئەوەیە کە بیرۆکەی ڕەوانیی گشتی بە بڕوای من بنەمایە و لە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی هێراکلیتوسەوە سەرچاوەی گرتووە. هەموو بیرۆکەکانی دیکەی بە جۆرێك لەجۆران، لقێکن لەم دۆکترینە. من پێموایە تیۆرەکەی لەمەڕ ئاگر[١٧] بیرۆکەیەکی بنەڕەتییە لە بەستێنی فەلسەفەی سروشتی ئەو دا ـ هەوڵێکە بۆ پێکەوە گونجاندنی بیرۆکەی ڕەوانی لەتەك ئەزموونی ئێمە لەگەڵ شتە جێگیرەکان و پەیوەندییەك دابین دەکات لەگەڵ تیۆرە کۆنترەکان سەبارەت بە سووڕان و خولانەوە و سەرئەنجام تیۆری یاساکانی لێدەکەوێتەوە. بەبڕوای من بیرۆکەی یەکێتی دژەکان کەمتر لایەنی بنەڕەتی و زۆرتر لایەنی ئەبستراکتی هەیە و پانتایی و پێشینەیەکە بۆ جۆرە تیۆرێکی لۆژیکیو مێتۆدۆلۆژیانە (کە ئیلهامی بە ئەرستۆ بەخشی لە فۆرمۆڵبەندی یاسای ( نەبوونی) دژایەتیدا[١٨])و پەیوەندی بە عیرفان هێراکلیتوسەوە هەیە.

٣ـ لێرە وەرگیراوە: W.Nestle,Die vorsokratiker(1905),35

٤ـ بۆ ئاسانکردنی دەستنیشانکردنی ئەو پارچانەی ئاماژەیان بۆ دەکرێ، ژمارەی هەر پارچەیەك هەم لە چاپەکەی بای واتێر[١٩] (کە بورنێت لە کتێبەکەی خۆیدا[٢٠] وەریگرتووە)[٢١]و هەم لە چاپی پێنجەمی کتێبی دیلس، دەخەینە بەر دیدتان.

١٦. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ ڕستەی ١:١ لە: L.wittgenstein , Tractatus Logico – philosophicus , 1921 -1922

١٧. ئەرستۆ، میتافیزیك، a984٧، 2a1067، 2a989، 9a996، 15a1001 فیزیك، a205٣.

18. Law of contradiction

19. Bywater

20. Early Greek philosophy

٢١. بە کورتە نیشانەی "ب" ئاماژە بەم کتێبە دەکەین.



ئەو هەشت پارچەیەی کە لەم بەندەدا وەرمگرتووە بە ریز بریتین لە : (١)و(٢)ب١١٤، د(٥)١٢١ ، (٣)ب١١١ ، د(٥)٢٩[٢٢]، (٤)ب١١١ ، د(٥)١٠٤ ، (٥)ب١١٢ ، د(٥)٣٩[٢٣] ، (٦)ب٥ ، د(٥)١٧ ، (٧)ب١١٠، د(٥)٣٣ ، (٨)ب١٠٠ ، د(٥)٤٤.

٥ـ سێ پارچە وەرگێراوەکەی ئەم بەندە بریتین لە :(١) و(٢)ب٤١ ،د(٥)٩١[٢٤] ، (٣)د(٥)٧٤

٦ـ دوو پارچە وەرگێراوەکەی ئەم بەندە بریتین لە :(١)ب٢١ ، د(٥)٣١ ، (٢) ب٢٢، (٥)٩٠.

٧ـ سەبارەت بە "پێوەرەکان" (یان یاساکان یان"خولەکان") لای هێراکلیتوس، بگەڕێنەوە بۆ: ب٢٠,٢١،٢٣,٢٩ ود(٥) ٣٠،٣١،٩٤ (لە د(٥)٣١"پێوەر"و "یاسا[٢٥]" (Logos) لەگەڵ یەکتردا بەکارهاتوون.)

پێنج پارچە وەرگێراوەکەی ئەم بەندە بریتین لە (١)د(٥) ، بەرگی١،ل١٤١ ،ریزی١٠[٢٦]، (٢)ب٢٩، د(٥)٩٤[٢٧]، (٣)ب٣٤، د(٥)١٠٠، (٤)ب٢٠، د(٥)٣٠، (٥)ب٢٦،د(٥)٦٦.

(١) وێنای یاسا **بەستراوەتەوە**[٢٨] بە وێنای گۆڕن یان ڕەوان چونکە تەنیا یاساکان یان ڕێکییەکانی نێو ڕەوانیی دەتوانن جێگیری ڕواڵەتی جیهان شرۆڤەبکەن. بەرجەستەترین نموونەگەلی ڕێکی ناسراو لای مرۆڤ لە جیهانی گۆڕاودا بریتین لە خوولە سروشتییەکان، واتە ڕۆژ و هەیڤی مانگی وساڵ (وەرزەکان). بە بڕوای من، تیۆری هێراکلیتوس لە مەڕ یاسا لە ڕووی لۆژیکییەوە لە ڕادەی نێونجی نێوان تیۆرە تا ڕادەییەك نوێیەکان دایە لە هەمبەر " یاساکانی هۆداری[٢٩]" (کە لە لیوکیپوس[٣٠]، بە تایبەتی دیموکرتیوس باوەڕیان پێی هەبوو) و دەسەڵاتی تاریك و نەناسراوی چارەنووس کە ئاناکسیماندروس بڕوای پێ هەبوو. یاساکانی هێراکلیتوس

٢٢. بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەفلاتوون، کۆمار، b/a586.

٢٣. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ د(٥)، بەرگی١، ل٦٥، Bias1.

٢٤. سەبارەت بە (١) بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢ لەم بەشەدا.

25. Law

٢٦. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ :Diog.Laert., IX,7.

٢٧. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی پێنجەم، یادداشتی ٢.

28. correlative

29. causual laws

30. Leucippus

هێشتاش خودان چۆنایەتی "سێحراویین" ـ یا خود بە جۆریکی تر، ئەو هێشتا جیاوازی دانەناوە لە نێوان رێکییە ئەبستراکتە هۆدارەکان و ئەو یاسایانە کە وەك تابۆکان بە پاڵپشتی گرانتەکانی جێبەجێکردن، پیادە دەکرێن (لەگەڵ بەشی پێنجەم یادداشتی ٢دا هەڵیبسەنگێنن). پێدەچێت تیۆرەکەی سەبارەت بە چارەنووس پەیوەندی بە تیۆری "ساڵی گەورە[٣١]" یان "خوول یان سووڕی گەورە[٣٢]" هەبێت کە پێکهاتووە لە ١٨٠٠٠یان٣٦٠٠٠ ساڵی ئاسایی[٣٣]. من بە هیچ چەشنێك پێموانییە کە ئەم تیۆرە هێمایەکە بۆ ئەوەی هێراکلیتوس بە ڕاستی بڕوای بە ڕەوانیی گشتی نەبووە و تەنیا باوەڕی بەو سووڕە جۆراجۆرانە هەبووە کە هەمیشە سەقامگیربوونی سەر لە نوێی چوارچێوەیان لێدەکەوتەوە. بەڵام پێموایە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە بۆ وێناکردنی هەر یاسایەکی چاوەدێری سەر گۆڕان و تەنانەت چارەنووس ـ جگە لەو یاسایەی کە زامنکەری نۆرەو بەدوای یەك داهاتن بێت ـ لەگەڵ کێشەدا ڕووبەڕوو بووە.(بەراوردی بکەن لە تەك بەشی سێیەم، یادداشتی٦.)

(٢) ئاگر خاوەن پشکێکی سەرەکییە لە فەلسەفەی سروشتی هێراکلیتوسدا. (ڕەنگە هەندێ کاریگەری ئێرانیش لێرەدا بوونی هەبێت.)بڵێسەی ئاگری سیمبۆلی ئاشکرای ڕەوانی یان پرۆسسێکە کە لەزۆر لایەنەوە وەك شت دێتە بەر چاوو بەم چەشنە ئەزموون لە هەمبەر شتە جێگیرو سەقامگیرەکان شرۆڤە دەکات و ئەم ئەزموونە لەگەڵ بیرۆکەی ڕەوانیدا دەگونجێنێت. دەتوانین بە ئاسانی گشتیەت بەم مانایی ببەخشین، سەبارەت بە بوونەوەرە زیندوەکانیش کە هاوچەشنی ئاگرن، ئەوەندە نەبێت هێواشتر دەسووتێن. بەڵام هێراکلیتوس بڕوای بەوە هەیە کە هەموو شتەکان ڕەوانن و هەموو شتەکان وەك ئاگرن، تەنیا ڕەوانییەکەیان خودان"پێوەر" یان یاسای جووڵەی جیاوازە. " کاسە" یان "تەشت" کاتێ ئاگری تێدا دایسێت، خودان ڕەوانییەکی زۆر هێواشترە لە ئاگر، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕەوانە. گۆڕانی بە سەردا دێت، چارەنووس و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە و تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی درێژتری پێبچێت بۆ ئەوەی چارەنووسەکەی وەراستبگەڕێت، دیسان دەبێ ببێتە خۆراکی ئاگر و تێیدا بسوتێ. بەم چەشنە"ئاگر" لە پێشرەوییەکەیدا، داوەری لە سەر هەموو شتێك دەکات و مەحکومیان

[31]. “great year”
[32]. “great cycle”

٣٣. بۆ نموونە هەڵیبسەنگێنن لەتەك چاپی J.Adam ،کۆماری ئەفلاتوون، بەرگی ٢، ل٣٠٣.



دەکات[٣٤])" کەواتە ئاگر سیمبۆلی وەستانی ڕواڵەتی شتەکانە و شرۆڤەی ئەم وەستانە دەکات سەرەڕای دۆخی ڕاستەقینەی ڕەوانی ناویان.بەڵام سیمبولی ئاڵوگۆڕ (میتامۆرفس)ی ماددەشە لە قۆناغێکی[٣٥] (سووتانەوە) بۆ قۆناغێکی تر و بەم چەشنە پەیوەندییەك پێکدێنی لە نێوان تیۆری پێژنی(شهوودی[٣٦]) هێراکلیتوس لە مەڕ سروشت و تیۆرە پێشینان سەبارەت بە پەستان کەمبوونەوە و چڕبوونەوەو شتیتر. هەر بەم جۆرە، کڵپەسەندن و دامرکاندنەوەی ئاگر بە پێی ڕادەی سووتانی دەستەبەرکراویش مسداقێکی دیکەی یاسایەکە. ئەگەر ئەم حاڵەتە لەگەڵ جۆرە نۆرەیەکدا لێك گرێ بدرێت، ئەو کات دەتوانین بۆ شرۆڤەکردنی ڕێکی قۆناغە سروشتییەکانی وەك ڕۆژەکان یان ساڵەکان سوودی لێوەربگرین. ئەم ڕەوتە هزرییە هیچ ئەگەرێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بورنێت مافی ئەوەی هەبێت بڕوا بە گێرانەوەی کۆن لە هەمبەر بیروباوەری هێراکلتیوس لە مەڕ سووتانێکی خولی یان نۆرەیی نەکات کە ڕەنگە پەیوەندی بە تیۆرەکەیەوە هەبێت سەبارەت بە "ساڵی گەورە[٣٧]").

٨ـ سێزدە پارچە وەرگێراوەکەی ئەم بەندە بریتین لە : ١)ب١٠، د(٥)١٢٣، (٢)ب١١، د(٥)٩٣، (٣)ب١٦، د(٥)٤٠، (٤)ب٩٤، د(٥)٧٣، (٥)ب٩٥، د(٥)٨٩[٣٨]، (٦)ب٦، د(٥)١٩، (٧)ب٣، د(٥)٣٤، (٨)ب١٩، د(٥)٤١، (٩)ب٩٢، د(٥)٢،(١٠)ب٩١٥، د(٥)١١٣، (١١)ب٥٩، د(٥)١٠،(١٢)ب٦٥، د(٥)٣٢، (١٣)ب٢٨، د(٥)٦٤.

٩ـ بیروباوەڕی هێراکلیتوس لە بیروبۆچوونی زۆربەی مێژووگەرا ئەخلاقییەکان[٣٩] تۆکمەترە. ئەو باوەڕی بە پۆزتیڤیزمی ئەخلاقی و دادوەریش هەیە. (سەبارەت بە زاراوەی دووەم بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم). دەڵێت: " لای خواکان هەموو شتێ جوان وچاك و هەقە، بەڵام مرۆڤەکان هەندێ شت بەهەق و بەشێکی تر بە ناهەق دەزانن[٤٠]. "بەڵگەی ئەوە کە

٣٤. ب٢٦، د(٥)٦٦.

[35]. stage
[36]. intuitive theory

٣٧. ئەرستۆ، فیزیك، a2053، د(٥) ٦٦.

٣٨. (٤)و (٥) بەراوردی بکەن لەتەك ئەفلاتوون، کۆمار، c276و c520.

[39]. moral historicists

٤٠. ب٦١، د(٥) ١٠٢، بگەڕێنەوە بۆ پارچەی (٨) لەیادداشتی ١١.

هێراکلیتوس بە یەکەمین پۆزتیڤیستی دادوەری دەژمێردری، ئەفلاتوونە[٤١].بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە پۆزتیفیزمی ئەخلاق و دادوەری، بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم( بابەتەکانی دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٤ تا ١٨)و بەشی بیست ودووەم.

١٠ـ دوو پارچە وەرگیراوەکەی ئەو بەندە بریتین لە: (١)ب٤٤، د(٥)٥٣، (٢)ب٦٢، د(٥)٨٠

١١ـ نۆ پارچە وەرگیراوەکەی ئەم بەندە بریتین لە: (١)ب٣٩، د(٥)١٢٦، (٢)ب١٠٤، د(٥)١١١، (٣)ب٧٨، د(٥)٨٨، (٤)ب٤٥، د(٥)٥١،(٥)د(٥)٨، (٦)ب٦٩، د(٥)٦٠، (٧)ب٥٠، د(٥)٥٩، (٨)ب٦١، د(٥)١٠٢[٤٢]،(٩)ب٥٧، د(٥)٥٨[٤٣].

ڕەوان یان گۆڕان دەبێ گواستنەوە یان تێپەڕین بێت لە قۆناغێك یان تایبەتمەندییەك یان دۆخێك بەرەو دۆخێکی تر. لەبەر ئەوەی ڕەوانی پێویستی بە شتێکە گۆڕانی بەسەردابێت، هەر بۆیە دەبێ شووناسی ئەو شتە بەو چەشنەی هەیە بمێنێتەوە، ئەگەر چی بەرەو قۆناغ یان تایبەتمەندی یان دۆخێکی دیکە بڕوات. ئەم شتە تیۆری ڕەوان لەگەڵ تیۆری یەکێتی دژەکان[٤٤]و تیۆری یەك بوونی هەموو شتەکان لێك گرێدەدات، بەو مانایە کە هەموو شتەکان تەنیا قۆناغ یان ڕواڵەتی شتێکی تاقانە و گۆڕاو (واتە ئاگر)ن.

هەڵبەتە بە یەقینەوە ناتوانین بڵێین کە ئایا "ئەو ڕێگایەی دەچێتە سەرەوە" و "ئەو ڕێگایەی بۆ خوارەوە دێت" لە بنەڕەتدا هەروەك ڕێگایەکی ئاسایی وێناکراوە کە سەرەتا لە کێوەکە سەردەکەوێت و پاشان سەر لەنوێ دێتەوە خوارەوە ( یان ڕەنگە لە ڕوانگەی ئەو کەسەی کە لە خوارەوەیە، دەچێتە سەر و لە ڕوانگەی ئەو کەسەی لە سەرەوەیە، دێتە خوارەوە )و ئەم میتافۆرە دواتر بۆ پرۆسسی سووڕان یان خول بە کارهاتووە، واتە بۆ ڕێگایەك کە لە زەوییەوەو بە هۆی ئاوەوە (ڕەنگە سووتانی شلەیەك لە کاسەیەك دا؟) بەرەو ئاگر بەرز دەبێتەوە و دیسان لە ئاگرەوە بە هۆی ئاوەوە (واتە باران؟) بەرەو زەوی دێتەوە خوار، یان هێراکلیتوس لە بنەڕەتدا ئەم ڕێگایەی سەر و خوارەوەی (بەرز و نزمەی) بۆ ئەم پرۆسەی سووڕانی مادەیە دەکارهێناوە.

٤١. ئەفلاتوون، تیای تیتۆس، d/c177.

٤٢. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٩.

٤٣. بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەرستۆ، فیزیك، b18٥٢٠.

٤٤. بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەرستۆن میتافیزیك، b100٥٢٥، 34 و a1024٣٤، 32a1062، 25a1063.



(بە سەرەنج دان لەگەڵێ بیرویۆچوونی هاوچەشن لە پارچە جێماوەکانی هێراکلیتوس، پێموایە بەشی یەکەم ئەگەری زیاتری هەیە، بگەڕێنەوە بۆ دەقەکە).

١٢ـ چوار پارچە وەرگیراوەکەی ئەم بەندە بریتین لە: (١) ب١٠٢، د(٥) ٢٤، (٢) ب١٠، د(٥) ٢٥[٤٥]، (٣)ب١١١، د(٥)٢٩[٤٦]، (٤)ب١١٣،د(٥)٤٩.

١٣ـ زۆر پێدەچێت هەندێ ڕێنمایی وەك گەلی هەڵبژاردە، لەم قۆناغە سەرچاوەی گرتبێت[٤٧] کە جگە لە دینی یەهوود، چەند دینێکی تریش هاتۆتە ئاراوە کە باوەڕیان بە ڕزگاری هەیە.

١٤ـ کۆنتیش لە فەرەنسادا فەلسەفەیەکی مێژووگەراییانەی دروستکرد و گەشەی پێدا کە لەگەڵ گێرانەوەی پرۆسیای هیگڵ (بۆ ئەم جۆرە فەلسەفەیە) هێندە لێك دوورنییە. ئەویش وەك هیگڵ هەوڵی دەدا شەپۆلی شۆڕش بوەستێنێت[٤٨]. لە هەمبەر هۆگری لاسال سەبارەت بە هێراکلیتوس، بگەڕێنەوە بۆ بەشی یەکەم، یادداشتی٤. ئەو پێکچوونەی لەم بەستێنەدا لە نێوان بەسەرهاتی هزرە مێژووگەراییەکان و بیرویۆچوونی پەیوەندیدار بە پەرەسەندنەوە لە ئارادابوو، سەرنجڕاکێشە. هەردووکیان لە یۆنانەوە، لە ئیمپیدۆکلس[٤٩] (ئینبازقلس)ی نیوە هێراکلیتییەوە سەرچاوەیان گرت[٥٠] و لە ئینگلتەڕا و فەڕەنسا لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنساش سەر لەنوێ ژیانەوە.

٤٥. وەرگێڕانێکی نزیکتر لەدەقەکە کە ڕەگەزدۆزییە بەکارهاتووەکەی ناو پەیڤی هێراکلیتوس باشتر بپارێزێ دەبێ بەم جۆرە بێت :"هەرچەندە مەرگ گەورەتر بێت، ئەو چارەنووسەی بەنسیبی دەبێت گەورەتر دەبێت." هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك ئەفلاتوون، یاساکان، e/d903و کۆمار، e/d617.

٤٦. بەشێك لەپاشماوەی ئەم پارچەیە لە سەرووتردا ئاماژەی بۆکراوە. بگەڕێنەوە بۆ پارچەی٣ لە یادداشتی٤.

٤٧. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ :Meyer, Geschicht des Altertums بەتایبەتی بەرگی یەکەم.

٤٨. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ : F.A.von Hayek, the counter-Revolution of science
Economica, N.S.vol. VIII, 1941, pp. 119 ff, 281 ff

٤٩. Empedocles (نزیکەی ٤٩٥ـ٤٣٥ پێش زایین) فەیلەسووفی یۆنانی بەرلە سوقرات.

٥٠. بۆ زانیاری لەمەڕ گێڕانەوەی ئەفلاتوون بۆ ئەم تیۆرە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی ١.

## بەشی سێیەم

١ـ ئەم روونکردنەوەیە لە مەڕ زاراوەی ئۆلیگارشی لەگەڵ بەشی کۆتایی یادداشتەکانی٤٤ و ٥٧ی بەشی هەشتەمدا هەڵبسەنگێنین.

٢ـ بەتایبەتی بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دەیەم، یادداشتی ٤٨.

٣ـ لەگەڵ برگەی کۆتایی بەشی حەوتەم، بە تایبەتی یادداشتی ٢٥و بەشی دەیەم، بە تایبەتی یادداشتی ٦٩دا هەڵبسەنگێنن.

٤ـ بەراوردی بکەن بە :Diogenes laert,III,I سەبارەت بە خزمایەتی خێزانی ئەفلاتوون، بە تایبەتی ئەم بانگەشەیە کە رەچەڵەکی بنەماڵەی باوکی دەچێتە سەر کودروس و "تەنانەت پوسیدۆن" بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی گرۆت[1]. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پەرتووکی مایر[2] کە تێیدا هاوچەشنی ئەم وتەیە لە بارەی بنەماڵەی کریتیاس واتە خێزانی دایکی ئەفلاتوون ـ یش وتراوە) لە **دیالۆگی خوان** (٢٠٨d)، ئەفلاتوون بەم جۆرە لە مەڕ کودروسەوە دەدوێت :" ئایا پێتوایە ئالکستیس[3]...یان ئاخیلیوس[4]...یان هەر ئەو کودروسەی خۆت، **لە پێناو پاراستنی پاشایەك بۆ منداڵەکانیان بەرەو پیری مەرەگ چوونە**، ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە نەبوونایە کە بە هۆی چاکەکارییەکەیانەوە ناوێکی نەمر وەدەست دێنن ـ هەروەك چۆن بە راستی ناویان لە دڵماندا زیندووە؟" ئەفلاتوون لە **خارمیدس** (١٥٧e) کە یەکێکە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی و تیمایوس(٢٠e) کە دوایین نووسینیەتی، دەستدەکات بە ستایش کردنی کریتیاس (واتە

1. G.Grote, plato and other companions of socrats (ed. 1875) vol. I, 114.
2. Meyer, op.cit., vol. v, p.66.
3. Alcestis
4. Achilles



مالباتی دایکی خۆی) و لە تیمایوسدا رەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە بۆ درووپیدس[5]ـ ی فەرمانڕەوای (archon) ئەسینی و هاوڕێ سۆلۆن دەگێڕێتەوە.

٥ـ ئەو دوو پارچەیەی ئەفلاتوون بۆ شیکردنەوەی ژیاننامەی خۆی نووسیویەتی و لەم بەندەدا سوودمان لێوەرگرتووە لە نامەی حەوتەم (٣٢٥) وەرگیراوە. هەندێ لە توێژەرە بەرجەستەکان گومانیان لەوە هەیە کە بەراستی ئەفلاتوون نووسەری نامەکان بێت. (رەنگە ئەم گومانە بنەمایەکی پێویستی نەبێت، بە بڕوای من لێکۆڵینەوەی فیلد لەمەڕ ئەم پرسە زۆر رازیکەرە (بەراوردی بکەن بە بەشی دەیەم، یادداشتی ٥٧). بەڵام لە لایەکی ترەوە، تەنانەت نامەی حەوتەمیش بە بۆچوونی من تاڕادەیەك گوماناوییە، چونکە لە رادە بەدەر ئەو شتانە دووبارە دەکاتەوە کە لە دیالۆگی داکۆکی (ئەپۆلۆژی)دا دەیخوێنینەوە و زۆر بە پێی هەلومەرج قسە دەکات). لەم رووەوە، ئەگەرچی هەوڵمداوە راڤەکردنەکەم لە مەڕ قوتابخانەی ئەفلاتوونی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە سەر بنەمای نووسینەکانی لە بە ناوبانگترین دیالۆگەکانی بێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم راڤەیە لەگەڵ بابەتگەلی نامەکانیشدا هاوجووتە. بۆ ئاسانکاری ئیشی خوێنەران، لێرەدا پێرستێ لەو دیالۆگانەی بە زۆری لە دەقەکەدا ئاماژەیان بۆکراوە، بە پێی مێژووی نزیکەیی نووسینان[6] دەخەینە ڕوو: **کریتۆن، داکۆکی، ئیوتۆفرۆن، پروتاگوراس، مێنۆن، گۆرگیاس، کراتولوس، مێنکسنوس، فایدۆن، کۆمار، پارمیندس، تیایتیتوس، سۆفیست، سیاسەتمەدار، فیلیپۆس، تیمایوس، کریتیاس،یاساکان**[7].

5. Dropides

٦. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٥٦(٨)، بەشی دەیەم.

٧. ناوی دیالۆگەکان بەئینگلیزی بەرێز بریتین لە:

Crito, Apology, Euthyphro, Protagoras, Meno, Gorgias; Cratylus, Menexenus, phaedo; Republic; Parmenides, Theaetetus, Sophist, Statement(politicus), philebus; Timaeus, Critias; Laws.

هەروەك خوێنەران دەزانن، هەندێ لەم دیالۆگانە چەندین وەرگێڕانی فارسییان هەیە. هەندێ جار ناونیشانی دیالۆگێك بەشێوازی جیاواز وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. (بۆ نموونە بەرێز رۆحانی جمهوری بە جمهور ناوزەد کردووە، مەرحوومی فروغیو بەرێز زەریاب خوئی فایدۆن ـ یان بە فیدون تەرجەمە کردووە) شێوازی وەرگێڕی ئەم کتێبە {ع. فولادوەند} ئەوە بووە کە تا ئەو جێگەیەی لەتوانادایە ناوەکان بەجۆرێك وەربگێڕم کەلە زمانە سەرەکییەکە نزیکتر بێت، تەنیا ئەو ناوانە نەبێت کە زۆر لەمێژە لەناو خەڵکی ئێمەدا بەجۆرێکیتر (هەرچەندە ناڕاست) بەکارهاتوون (وەك سوقرات و ئەفلاتوون و باستیل)...

٦.(١) ئەفلاتوون لە هیچ جێگایەکدا بە ئاشکرا نالێت کە رەنگە ئالوگۆڕە **میژوو‌ییەکان** خەسڵەتی خولیان هەبێت، بەڵام لانیکەم لە چوار دایالۆگدا ـ **فایدۆن و کۆمار و سیاسەتمەدار و یاساکان** ـ دا ئاماژەیەکی بۆ ئەم واتایە کردووە. هەڵبەتە لەوانەیە ئاماژەی ئەفلاتوون لەم چەند شوێنە بۆ "ساڵی گەورەی" هێراکلیتوس بێ (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دووەم، یادداشتی ٦) بەڵام ئەو ئەگەرەش لە ئارادایە کە ئاماژەکە راستەوخۆ بۆ هێراکلیتوس نەبێت بەڵکو بۆ ئیمپیدۆکلس بێ کە ئەفلاتوون تیۆرەکەی ئەوی[٨] بە شێوەیەکی " نەرم ونیان"تر لەتیۆرەکەی هێراکلیتوس سەبارەت بە یەکێتی هەموو رەوانەکان حسێب دەکرد. ئەفلاتوون ئەم بۆچوونەی خۆی لە پارچەیەکی بە ناوبانگی دایالۆگی سۆفیست دەردەبڕێت (٢٤٢e). لە وێدا دەڵێت ـو ئەرستۆش هەروا دەڵێت[٩]ـ سووڕێکی مێژوویی بوونی هەیە کە قۆناغێك لەخۆ دەگرێت کە ئەوین باڵادەستە و قۆناغێکی دیکە کە شەڕ فەرمانڕەوایە.

ئەرستۆ دەڵێت، ئیمپیدوکلس پێیوابوو قۆناغی ئێستا "قۆناغی پاشایەتی شەڕە هەروەك چۆن قۆناغی پێشتر قۆناغی ئەوین بوو". ئەم پێداگرتنە لە سەر ئەوەی کە رەوانی زاڵ بە سەر سووڕە گەردوونییەکانی ئێمەدا بە جۆرە شەڕێك دەژمێردرێ و هەر بۆیە خراپە، هاوجووتییەکی نزیکی هەیە هەم لەگەڵ تیۆرەکانی ئەفلاتوون و هەم لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی وەدەستی هێنان.

ماوەی "ساڵی گەورە" رەنگە بریتی بێت لەو قۆناغەی کە پاش ئەو **هەموو** تەنە ئاسمانییەکان بۆ هەمان ئەو دۆخە دەگەڕێنەوە کە لە چرکەساتی دەستپێکی ژماردنی ئەو قۆناغە لە هەمبەر یەکدی هەیانبووە (بەم جۆرە دەبێتە بچووکترین کۆلکەی هاوبەشی قۆناغەکانی "حەوت هەسارە.

(٢) لە پارچەیەکی فایدۆن کە لە سەرەوە لە بەندی(١)دا ئاماژەمان بۆکرد، سەرەتا ئاماژە بە تیۆرەکەی هێراکلیتوس دەکرێ لەمەڕ ئەوە کە گۆڕان لە هەر دۆخێکەوە بۆ دۆخی بەرانبەری و لە هەر شتێکەوە بەرەو دژەکەی ئەنجامدەدرێت و دەوترێ "ئەوەی بچووکتر یان کەمتر دەبێتەوە بێگومان رۆژگارێ لە رابردوودا گەورەتر یان زۆرتر بووە..." (٧٠e/٧١e). پاشان لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بە یاسای سووڕینی گۆڕانکاری دەکرێ:" ئایا دوو پرۆسس لە ئارادانییە کە

٨. بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەرستۆ، میتافیزیك، a1000٢٥.

٩. ئەرستۆ، هاتنەبوون و گەندەڵی، ب٦، a334٦.



هەمیشە بەردەوامن، لە ئەو پەڕی کۆتاییەکەوە بەرەو خاڵی بەرانبەر و سەر لەنوێ بۆ خاڵی یەکەم....؟" ( فایدۆن، هەمان جێگا ). تۆزێك دواتر (٧٢a/b) باسەکە بەم چەشنە درێژەی پێدەدرێت: "ئەگەر ئالوگۆڕ تەنیا لە سەر هێڵێکی راست بڕۆشتبایە و هیچ قەرەبووکردنەوەو نۆرەیەك لە سروشتدا نەبوایە... لە کۆتاییدا هەموو شتەکان دەبوونە خاوەن یەك تایبەتمەندی...و ئیدی هیچ گۆڕانکارییەك رووی نەدەدا." پێدەچێت کە مەیلی گشتی فایدۆن لە دایالۆگەکانی دواتر رووە و گەشبینە (و باوەڕێکی زیاتری تێدا بەرچاو دەکەوێت لە مەڕ ئادەمیزاد و عەقڵی مرۆڤ)، بەڵام ئاماژەیەکی راستەوخۆی بۆ گەشە و ئالوگۆڕی مێژوویی مرۆڤ تێدانییە.

(٣) بەڵام لە کۆماردا ئەم جۆرە ئاماژانەمان بەر چاو دەکەوێت. لە کتێبی هەشتەم و لە کتێبی نۆیەمی ئەم دایالۆگەدا، باسێکی چڕوپڕ لە مەڕ نەمان و داڕووخانی مێژوویی خراوەتە ڕوو کە لێرەدا لە بەشی چوارەم لێکۆلینەوەمان لە سەر کردووە. ئەم باسە بە پێشەکییەك سەبارەت بە داستانی **دابەزینی مرۆڤ و داستانی ژمارەکان** دەستپێدەکات کە لە بەشەکانی پێنجەم و هەشتەمدا زۆرتر لە بارەیەوە دواوین. ئادام لە چاپەکەی خۆی بۆ کۆمار[١٠] بە هەق ئەم داستانە بە "بەستێنێك" لە قەڵەم دەدات کە "فەلسەفەی مێژووی ئەفلاتوونی تێدا گونجێنراوە[١١]." چیرۆکەکە هەڵگری هیچ چەشنە ڕادەربڕینێکی راشکاوانە نییە لە هەمبەر خەسڵەتی سووڕیی مێژوو، بەڵام هەندێ کینایەی تا ڕادەیەك تەمومژاوی تێدایە کە بە پێی راڤەی سەرنجڕاکێش بەڵام نایەقینی ئەرستۆ و (ئادام) رەنگە ئاماژەیەك بێت بۆ "ساڵی گەورە"ی هێراکلیتوس واتە ئالوگۆڕی سووڕیی[١٢].

(٤) جگە لەمە، ئەفسانەیەك لە سیاسەتمەدار هەیە (٢٦٨e،٢٧٤e) کە بە پێی ئەو، خودا بۆ خۆی جیهانی بە درێژایی نیو سووڕێکی قۆناغی گەورەی دونیا بەرەوپێشدەبات. کاتێ دەست لەم کارە هەڵدەگرێت، جیهان کە تا ئێستا بەرەو پێش دەجووڵێت دیسان بۆ دواوە خلۆر

10. The Republic of plato, J.Adam (ed.), 1902, 1921.

١١. هەمان کتێب، بەرگی٢، ل ٢١٠.

١٢. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دووەم، یادداشتی ٦و هەمان کتێبی ئادام، بەرگی ٢، ل٣٠٣. ئەو وتەیەی لەمەڕ ئیمپدوکلسیەوە کراوە (ل٣٠٣ بەدواوە) پێویستی بە راستکردنەوە هەیە، بگەڕێنەوە بۆ بەندی (١)ی ئەم یادداشتە.

دەبێتەوە. بەم چەشنە، لە هەر خولێك، دوو نیوە خول یان نیوە سوورِمان هەیە، یەکیان جوولەیە بەرەو پێشەوە کە لە لایەن خوداوە رێنمایی دەکرێت وقۆناغی بێ جەنگ و شەڕ لە خۆ دەگرێت و ئەویدیان جوولەیە بەرەو دواوە کاتی خوا واز لە جیهان دێنێ و ئەمە هەمان قۆناغی شێواوی و پەرێشانی و شەڕی روو لە زیادە، واتە ئەو قۆناغەی ئێمە تێیدا دەژین. دواجار دۆخەکە بە ڕادەیەك بەدو خراپ دەبێت کە سەر لە نوێ خوا فەرمانڕەوایی دەگرێتەوە دەست و بۆ ئەوەی جیهان لە نەمانی تەواو رزگار بکات، ئاراستەی جوولەکە پێچەوانە دەکاتەوە.

ئەم ئەفسانەیە وێکچوونێکی هەیە لەگەڵ ئەفسانەی ئیمپیدۆکلس کە لە بەندی(١) ئاماژەمان بۆ کرد و لەوانەیە بە" ساڵی گەورە"ی هێراکلیتوسیش بچێت. ئادام[١٣] ئاماژە بە پێکچوونی ئەم ئەفسانەیە و چیرۆکی هسیۆدوسیش دەکات.

* یەکێك لەو خاڵانەی لەمەڕ هسیۆدوسەوە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین، چەرخی زێرینی کرۆنوسە. گرنگیدان بەم خاڵە گرنگییەکی زۆری هەیە کە مرۆڤەکانی ئەم چەرخە هەموویان خاکزادن. ئەمە سیمای هاوبەشی لەگەڵ **ئەفسانەی خاکزادان** و بوونی کانزا لە مرۆڤەکان دەدات بەدەستەوە کە لە کۆماردا رۆڵی هەیە(٤١٤b بەدواوەو٥٤٦e بۆ دواوە)و لە خوارتر لە بەشی هەشتەمدا توێژینەوەی لە سەر دەکرێت. لە دایالۆگی خوان ـ یش(١٩١b) ئاماژە بە **ئەفسانەی خاکزادەکان** کراوە. رەنگە ئەمە کینایەیەك بێت بۆ ئەو بانگەشە رەشۆکییە کە ئەسینییەکانیش ـ "وەك کلۆ"ـ خۆجێیی یان سەر بە خاك[١٤]ـ ن.(بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی چوارەم، یادداشتی٣٢(١)(ە) و بەشی هەشتەم، یادداشتی١١(٢).)*

بەڵام کاتی دواتر لە سیاسەتمەدار (٣٠٢b بۆ دواوە )دا شەش شێوەی پڕ کەموکوڕی و کەمایسی حکوومەت بە پێی کەموکوڕی و کەمایسی بەڕیز پولێن دەکرێن، ئیدی هیچ ئاماژەیەك بۆ تیۆری سووڕیی مێژوو بەرچاو ناکەوێت و پێدەچێت ئەم شێوگانە هەموو بە کۆپی داڕووخاوی باشترین یان تەواوترین دەوڵەت و هەنگاوی یەك لەدوای یەك لە پرۆسسی داڕووخان و نەمان بژمێردرێت ( لەگەڵ سیاسەتمەدار ٢٩٣d،٢٩٧c،٣٠٣b دا هەڵبسەنگێنن ) یاخود بە

١٣. هەمان کتێب، بەرگی٢، ل٢٩٦ بەدواوە.

١٤. autochthonous لە وشەی یۆنانی chthon وەرگیراوە کە بەمانای خاکە.



جۆرێکیتر، چ لێرەداو چ لە کۆمار، کاتێ پرسە دەستنیشانکراوە مێژووییەکان دێنە بەرباس، ئەفلاتوون ئیکتفا بە هەمان بەش لە سووڕ دەکات کە نەمان و داڕزانی لێدەکەوێتەوە.

* هاوچەشنی ئەم تێبینییە لە مەڕ یاساکانیشەوە هەر راستە. لە سێیەمین کتێبی ئەم دایالۆگەدا (٦٧٦b\c_٦٧٧b) شتێکی هاوشێوەی تیۆری سووڕینی دەخرێتە ڕوو و ئەفلاتوون بە دوورودرێژی سەرەتایی یەکێك لە سووڕەکان یان خولەکان شیدەکاتەوە. تۆزێك دواتر (٦٧٨e و٦٧٩c) دەردەکەوێت کە ئەم سەرەتایە، چەرخێکی زێڕینە بە چەشنێك کە پاشماوەی داستانەکە بەرەو حیکایەتی وێرانی و نەمان گۆڕانی بە سەردا دێت. شایانی ئاماژە بۆکردنە کە بیرۆکەی ئەفلاتوون لە هەمبەر ئەوە کە هەر هەسارەیەك بە خودایەك دەژمێردرێت و ئەم دۆکترینە کە خوداکان کاریگەریان لە سەر ژیانی مرۆڤدا هەیە(هەروەها بیرەباوەڕی لەمەڕ ئەوە کە هێزە گەردوونییەکان دەستیان لە مێژوودا هەیە)، رۆڵێکی گرنگی لە بیردۆزی نییو ئەفلاتوونییەکاندا هەبووە سەبارەت بە ئەستێرەناسی[١٥]. دەتوانین هەر سێ بیرۆکەکە لە دایالۆگی یاساکان دا بدۆزینەوە(بگەڕێنەوە بۆ نموونە، بۆ٨٢١b-d و٨٩٩b و٩٠٥d و٨٩٩d و٦٧٧a بۆدواوە). دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە ئەستێرەناسی و مێژووگەرایی لە بڕوابوونیان بە چارەنووسێکی بڕیار لەسەر دراو و دیاریکراو کە بۆ پێشبینیکردن دەشێت هاوبەشن. بڕوای هاوبەشی نێوان ئەم زانستە و هەندێ فۆرمی گرنگی مێژووگەرایی (بەتایبەتی مارکسیزم و قوتابخانەی ئەفلاتوونی) ئەوەیە کە لەگەڵ بوونی دەرفەتی پێشبینیکردنی ئایندە، ئێمەش تاڕادەیەك کاریگەریمان لە سەری دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بەڕاستی بزانین چی روودەدات. *

(٦) جگە لەم چەند ئاماژەیە، هیچ شتێکی تر نییە کە دەریبخات ئەفلاتوون بەشی بەرەو سەرەوە یان بەرەو خوارەوەی سووڕی بەجدی لێکدەدایەوە. بەڵام جگە لە وەسفێکی دووروودرێژ کە لە کۆماردا خراوەتە ڕوو وئەو شیکردنەوەیەی لە بەندی(٥) خواستبوومان، گەلێ وتەی دیکەش هەیە کە دەربڕی بیروباوەڕی زۆر جدی ئەفلاتوونە سەبارەت بە جوولە بەرەو خوارەوە، واتە داڕووخان و لەناوچوون لە مێژوودا. لەم پانتاییەدا دەبێ بەتایبەتی دوو دایالۆگی تیمایوس و یاساکان وەبەرچاو بگرین.

15. Astrology

(٧) لە تیمایوس (٤٢b بەدواوە، ٩٠e بەدواوە و بەتایبەتی ٩١d بەدواوە، هەروەها فایدروس[١٦]، ٢٤٨d بۆ دواوە)، ئەفلاتوون وەسفی شتێك دەكات كە دەتوانین بە بنەچەی جۆرەكان لە رێگای داڕووخانەوە ناوزەدی بكەین ( لەگەڵ بەشی چوارەم، بابەتەكانی پەیوەست بە یادداشتی ٤ لە دەقەكەو بەشی یازدەهەم، یادداشتی١١دا هەڵیبسەنگێنن): پیاوەكان سەرەتا بەرەو ژن دادەڕمێن و پاشان بەرەو گیانلەبەرە نزمترەكان.

(٨) لە كتێبی سێیەمی یاساكاندا ( هەروەها كتێبی چوارەم،٧١٣a بەدواوە)، تووشی تیۆرێكی چڕوپڕ دەبین لە مەڕ داڕووخانی مێژوویی كە تاڕادەیەكی زۆر بەو تیۆرە دەچێت كە لە كۆماردا هاتووە ( بگەڕێنەوە بۆ ئەم ئاماژە كورتەی بۆ سووڕ یان خول كراوە و لە سەرەوە ئاماژەمان پێكردووە). هەروەها بچوونە سەر بەشی ئاینده، بە تایبەتی یادداشتگەلی٣ و٦ و٧ و٢٧ و٣١ و٤٤.

٧. فیلدیش بیروبۆچوونێكی هاوچەشنی ئەمەی هەیە سەبارەت بە ئامانجە سیاسییەكانی ئەفلاتوون و دەنووسێت: "دەتوانین ئامانجی بنەڕەتی فەلسەفەی ئەفلاتوون وەك هەولێك بۆ سەقامگیركردنەوەی سەر لەنوێی هەندێ پێوەر بۆ بیركردنەوە و رەفتار لێكبدەینەوە لە شارستانییەتێك كە لە ئاستانەی لەبەریەك هەڵوەشان دایە[١٧]." هەروەها بچوونە سەر بەشی شەشەم، یادداشتی ٣و بابەتەكانی دەقەكە.

٨. منیش بە پەیرەویكردن لە زۆربەی ژێدەرە كۆنەكان و گەلێ ژێدەری هاوچەرخ(وەك فیلدو كۆرنفۆرد[١٨]و رۆجێرز[١٩]) بە پێچەوانەی بورنێت و تیلۆر، لە سەر ئەو بڕوایەم كە تیۆری فۆرم یان ئایدیا بە تەواوەتی هی ئەفلاتوونە نەك سوقرات، هەرچەندە ئەفلاتوون لە زمانی سوقراتەوە كە قسەكەری سەرەی (دایالۆگەكانیەتی) دەیانگێڕێتەوە. ئەگەرچی دایالۆگەكانی ئەفلاتوون تاكە ژێدەری پلەیەكی بەردەستی ئێمەن بۆ ئاگاداربوون لە رێنماییەكانی سوقرات، بەڵام بە بڕوای من دەتوانین جیاوازی لە نێوان چۆنایەتی "سوقرات"ـ واتە لە رووی مێژوویی راستەقینە ـ و تایبەتمەندییە "ئەفلاتوونییەكانی" قسەكەری ئەفلاتوون بە ناوی سوقرات دابنێین. پرسی

16. phaedrus
17. G.C. field , plato and His contemporaries (1930), p. 91.
18. F.M.cornford
19. A.K.Rogers



ناسراو بە پرسی "شووناسی" سوقرات لە بەشەكانی شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و دەیەمدا خراونەتە ژێر توێژینەوەوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی ٥٦.

٩. پێدەچێت زاراوەی" ئەندازیاریی كۆمەڵایەتی" بۆ یەكەمین جار لە لایەن رۆسكو پاوند لە كتێبەكەی لە ژێر ناونیشانی دەروازەی فەلسەفەی یاسا[٢٠] بەكارهاتبێت. *(**براین مێگی دەڵێت تاڕادەیەك گومانی لەوەنییە كە(سیدنی و بیاتریس) وێب بەر لە ساڵی ١٩٢٢ ئەم زاراوەیان بەكارهێناوە**)* ئەو ئەم زاراوەیە بە واتای "لە سەرەخۆیان بەرە بەرە[٢١]" دەكاردێنی. ئیسمەن لە پەرتووكی ئایا **ماركسیزم زانستە**[٢٢]؟ بە مانایەكیتر سوودی لێوەردەگرێت. من دوای ئەوەی دەقی كتێبەكەی خۆمم نوسیبوو،ئەم پەرتووكەم خوێندەوە.كەواتە، زاراوەی "ئەندازیاریی كۆمەڵایەتی"م بەبێ نیازی ئاماژەكردن بە زاراوەكانی ئیسمەن بەكارهێناوە. تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم، ئەو خوازیار و بەرەڤانی رێبازێكە من لە بەشی نۆیەمدا لە ژێرناوی "ئەندازیاریی كۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی" رەخنەم لێگرتووە. (بەراوردی بكەن لەگەڵ بەشی نۆیەم، یادداشتی١و بەشی پێنجەم،یادداشتی١٨(٣).) رەنگە بتوانین هیپۆدامۆس میلتۆس[٢٣] كە پسپۆڕی شارسازی بوو، بە یەكەمین ئەندازیاری كۆمەڵایەتی بناسێنین[٢٤].

سیمیكین زاراوەی"تەكنەلۆژیای كۆمەلایەتی" پێ پێشنیاركردم. پێویستە ئەوە روون بكەمەوە كە لە كاتی باس لە سەر پرسگەلی تایبەت بە میتۆد، من بە شێوەیەكی سەرەكی جەخت لە سەر وەدەست هێنانی ئەزموونی كردەیی لە دەزگاكان دەكەمەوە. لەگەڵ بەشی نۆیەم، بە تایبەتی دەقی تایبەت بە یادداشتی ٨دا هەڵیبسەنگێنن.بۆ ئاگاداربوون لە سەر شیكردنەوەیەكی چڕوپڕتری هەندێ پرسی تایبەت بە میتۆدو پەیوەندیدار بە ئەندازیاریی كۆمەڵایەتی و تەكنەلۆژیای كۆمەڵایەتی، بگەڕێنەوە بۆ پاژی سێیەمی كتێبەكەم، **هەژاری مێژووییەتی** (چاپی ١٩٦٠).

20. Rosco pound,  introduction to the philosophy of law (1922), p. 99.
21. piecemeal
22. M. Eastman, Marxism – Is it science? (1940).
23. Hippodamus of Miletus

٢٤. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ ئەرستۆ، سیاسەت، b127٦٢٢، هەروەها:

.R. Eisler, Jesus Basileus , II, p. 754

١٠. ئەو پارچەیەی وەرگیراوە هی کتێبەکەم، **هەژاری مێژوویەتی**، ل٦٥. "دەرئەنجامی بێمەبەستی کردەوەی مرۆڤ ) بە دووورودرێژی لە بەشی چواردەیەمدا توێژینەوەی لە سەر کراوە. بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١١ وبابەتی پەیوەندیدار بەمە لە دەقەکە.

١١. من پێموایە دوالیزمێك لە نێوان فاکت و بڕیار یان خواستەکان(واتە نێوان "هەیە" و "دەبێت") لە ئاردایە. بە جۆرێکیتر، لە سەر ئەو بڕوایەم مەحاڵە بتوانین بڕیار یان خواستەکان بۆ فاکتەکان بگۆڕین، هەرچەندە هەڵبەتە دەتوانین هەروەك فاکتەکان هەڵسوکەوتیان لەتەکدا بکەین. لە بەشی پێنجەم (دەقی پەیوەندیدار بە یادداشتەکانی ٤و٥) و بەشەکانی بیست و دووەم و بیست و چوارەم زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دواوین.

١٢. ئەو بەڵگانەی داکۆکی لەم تیۆرییەی ئەفلاتوون لە مەڕ باشترین دەوڵەت دەکەنەوە، لە سێ بەشی داهاتوودا دەخرێنە ڕوو. ئێستا بە پەلە داوای گەڕانەوە لە خوێنەران دەکەم بۆ سیاسەتمەدار٢٩٣d/e، یاساکان٧١٣b/cو تیمایۆس٢٢d بۆ دواوە و بە تایبەتی٢٥e و٢٦d.

١٣. بەراوردی بکەن بە گێڕانەوەی بە ناوبانگی ئەرستۆ سەبارەت بەمە کە دواتر هەر لەم بەشەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت ( بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٥ و بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکەدا.

١٤. هەروەك لە پەرتووکەکەی گرۆت[25]دا پێشاندراوە.

١٥. ئەو پارچانە خواستوومانن لە تیمایۆس ٥٠c/d ـ ٥١e و ٥٢b یە. ئەم پێکچواندنە کە تێیدا فۆڕم یان یایدیا وەك باوك و **شوێن** وەك دایکی شتە هەستپێکراوەکان وەسفکراوە، خودان گرنگی و خاوەن لق وپۆپی فرەیە. هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتگەلی ١٧ و١٩ هەر لەم بەشەو بەشی دەیەم، یادداشتی ٥٩.

(١) هاوچەشنییەك لە نێوان ئەم پێکچواندنە و **ئەفسانەی خائوس**[26]ـ ی هسیۆدوسدا هەیە کە تێیدا ڤالاّیەتی یان شەقار[27] (فەزا ،شوێن) هاوتایە لەگەڵ دایك و ئیرۆس[28]

25. G. Grote, op. cit., vol. III, note u, pp. 267 f.

٢٦. Myth of chaos "خایۆس = دۆزەخ". بگەڕێنەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کە پێشتر لەمەڕ ئەم وشە خستمانەڕوو.

27. Gap



هاوجووتە لە تەك باوك یان ئایدیا. خائوس بنەچەیە و ماوەیەکی درێژ، پرسی شرۆڤەی هۆداری[29] (خائوس=هۆ) بەدەوام وەك پرسی بنەچە یان چاوگ[30] (arche) یان زان و هاتنەبوون مایەوە.

(٢) دایك یان شوێن هاوتایە لەگەڵ شتی نابەرتەسك و بێسنوور لای ئاناکسیماندروس و فیساگۆرسییەکان. ئایدیا یان فۆڕم، نێرە و هەر بۆیە دەبێ هاوجووت بێت لەگەڵ شتی دیاریکراو (یان سنووردار) لای فیساگورسییەکان. سنووردار (لە بەرانبەر بێ سنوور)، نێر ( لە بەرانبەر مێ)، ڕووناکی( لە بەرانبەر تاریکی) و باش ( لە بەرانبەر خراپ) هەموویان پەیوەندییان بە یەك لای خشتەی فیساگۆری دژەکان یان بەرهەڵستەکان ( بەرانبەرەکان)ــەوە هەیە[31]. لەم ڕووەوە، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کە ئایدیاکان پەیوەندییان بە ڕووناکی و چاکییەوە هەبێت.(بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی کۆتایی یاداشتی٣٢، بەشی هەشتەم).

(٣) ئایدیاکان سنوور یان ڕادەن، دیاریکراون لە بەرانبەر شوێنی نادیاریکراودا و خۆیان وەك مۆری لاستیکی یا خود بە جۆرێکی باشتر، قالب، نەخش و نیگاری خۆیان (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی١٧(٢) هەر لەم بەشەدا) لە سەر شوێن دەدەن (کە نەك هەر شوێن بەڵکو لە هەمان کات هەمان ماددەی بیچم نەگرتووی[32] ئاناکسیماندروس یان ماددە (هەویری) بێتایبەتمەندییە)و بەم چەشنە شتە هەستپێکراوەکان دێنە بوونەوە.

* بەڕێز مابێت بە گەورەیی خۆی سەرنجی بۆ ئەم خاڵە ڕاکێشام کە لە لای ئەفلاتوون، فۆڕم یان ئایدیاکان خۆیان بە سەر شوێندا نانەخشێنن بەڵکو بە هۆی چێکار {(دێمی ئۆرگوس demiourgos)[33] یەزدانی ئافرێنەر لە فەلسەفەی ئەفلاتوون (و: ا.ج.اعلم)} لە سەری وێنە دەکرێ یان دەنەخشێت. هەروەك ئەرستۆش ئاماژەی بۆ دەکات[34]، هەندێ

٢٨. Eros. خوای عیشق.

29. Causal explanation.

30. Origin

٣١. بەراوردی بکەن لەگەڵ : ئەرستۆ، میتافیزیك، a98622 بەدواوە.

32. Unformed matter

٣٣. Demiurge ( یان دێمی ئورگوس). چێکاری ناخالقی کە ئەفلاتوون لەتیمایۆسدا لەسەری دەدوێت.

٣٤. ئەرستۆ، **میتافیزیك**، a1080٢.

نیشانەی ئەم فۆرمە "نەك هەر هۆکاری بوون بەڵکو هۆی هاتنە بوون ( یان سەیرورەت)یش" تەنانەت لە فایدۆن(١٠٠d) دەست دەکەوێت.*

(٤) لە ئاکامی کردەی هاتنە بوون (تکوین)، شوێن ـ واتە فەزا ـ دەکەوێتە کار[٣٥]، بە چەشنێك کە لە ڕەوانی هێراکلیتی یان ئیمپدۆکلی ـ کە لە ڕاستیدا گشتییە، چونکە جووڵە تەنانەت بۆ خودی چوارچێوەکەش، واتە فەزای ( بێ سنوور)، تەشەنە دەسێنێت ـ هەموو شتێك وە جووڵە دەکەوێت.(لە مەڕ بۆچوونی هێراکلیتی بۆ فەزا، بگەڕێنەوە بۆ کراتۆلوس٤١٢d).

(٥) ئەم وەسفە "ڕێگای ڕای وەهمی[٣٦]"ی پارمیندسمان بیردەخاتەوە کەتێیدا، جیهانی ئەزموون و ڕەوانی لە ئاوێتەبوونی دوو بەرانبەر(یان بەرهەڵست) ـ بۆ نموونە ڕووناك (یان گەرم یان ئاگر) لەگەڵ تاریك (یان سارد یان خاك)ـ دەخولقێنرێت. ئاشکرایە کە فۆڕم یان ئایدیاکانی ئەفلاتوون لە تەك دۆخی یەکەم (واتە ڕووناك و گەرم و ئاگر)و فەزا یان ئەو شتەی بێ سنوورە لەگەڵ دۆخی دووەم( واتە تاریك یان سارد یان خاك) دا هاوجووتن، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە شوێنی پەتی یان ڕووت لای ئەفلاتوون نزیکایەتییەکی زۆری لەتەك ماددەی نادیاریکراودا[٣٧] هەیە.

(٦) بەرانبەرێتی نێوان دیاریکراو و نادیاریکراو[٣٨] پێدەچێت بە تایبەتی پاش دۆزینەوەی گرنگەکەی نارێژەیی بوونی ڕەگی ژمارە٢، لەگەڵ بەرانبەرێتی نێوان عەقلانی و ناعەقلانی[٣٩]، هاوتا بووبێتن. بەڵام لەبەر ئەوەی پارمیندس عەقلانیەت و بوون[٤٠] بە یەك شت لە

٣٥. ئەو وشەیەی نووسەر بەکاری هێناوە (labor) بەمانای چوونە ناو ئازاری زاینشەوە دێت. ڕەنگە بە وەبەرچاوگرتنی بابەتەکە، بێسوود نەبێت ئەگەر خوێنەر ئەم واتایەشی لە هزردابێت.

36. “ way of Delusive opinion”

37. indeterminate

38. determinate and indeterminate

٣٩. لە زمانی ئینگلیزیدا بە ژمارە (یان بڕە) نارێژەییەکان دەڵێن irrational number و بە ژمارە (یان بڕە) ڕێژەییەکانیش دەوترێ rational number. مانا نابیرکارییەکەی rational واتە عەقڵی یان عەقلانی یان ماقووڵ یان بەڵگەخوازی و... مانای irrational پێچەوانەکەیەتی.

40. Being



قەڵەمدەدات، هەربۆیە وا پێویستدەکات کە شوێن یان ناعەقلانیەت وەك نەبوون[٤١] ڕاڤە بکرێت. یاخود بە جۆرێکیتر، دەبێ خشتەی فیساگۆری بەرانبەرەکان بەرفراوان بکرێت بۆ ئەوەی عەقلانییەت (لە بەرانبەر ناعەقلانییەت)و بوون (لە بەرانبەر نەبوون) لەخۆ بگرێت.(ئەمە لەگەڵ وتەی ئەرستۆدا کۆکە کە لە شوێنی(١٠٠٤b٢٧) لە مێتافیزیکدا دەڵێت "هەموو دژەکان دەشێت بۆ بوون و نەبوون بچووك بکرێنەوە"و لە جێگایەکی دیکە(١٠٧٢a٣١) لایەکی خشتەکەـ لای بوون ـ بەتایبەتی (هزری عەقلانی) وەسفدەکات ودیسان لە شوێنێکیتر(١٠٩٣b١٣) توانی هەندێ ژمارەـ بە ڕواڵەت لە بەرانبەر ڕەگەکانیانداـ هەر بەم لایەوە زیاد دەکات. ئەم تێبینییە، وتەکەی ئەرستۆ شرۆڤەدەکات لە میتافیزیك (٩٨٦b٢٧)دا. بەم چەشنە ڕەنگە پێویست نەکات وەك کورنفۆرد گریمانەی ئەوە بکەین[٤٢]، ٥٣/٥٤، ٨ی پارمیندس لە لایەن ئەرستۆ و تیۆفراستوسەوە[٤٣] خراپ ڕاڤەکراوە، چونکە ئەگەر خشتەی بەرانبەرەکان بەم چەشنە بەرفراوان بکەین، ڕاڤە لە ڕادەبەدەر ڕازیکەرەکەی کۆرنفۆرد بۆ ئەم پارچە زۆر هەستیارە، لەگەڵ وتەکەی ئەرستۆدا دەگونجێ).

(٧) کۆرنفۆرد لە وتارەکەی خۆیدا(ل١٠٠) ڕوونیدەکاتەوە کەسێ "ڕێگا" لە پارمیندسدا هەیە: ڕێگای ڕاستی، ریگای نەبوون و ڕێگای دەرکەوتە[٤٤] (یان، ئەگەر ناوزەدکردنی بەم جۆرە ڕەوا بێت، ڕێگای ڕای وەهمی). ئەو دەریدەخات کە(ل١٠١) ئەم سێ ڕێگایە هاوجووتن لە تەك سێ دەڤەری جێگای باسی ناو کۆماردا: جیهانی بە تەواوی ڕاستەقینە و ماقووڵی ئایدیاکان، جیهانی بە تەواوی ناڕاستەقینە و دواجار جیهانی ڕا (کە بناغەکەی دەرك کردنی شتە ڕەوانەکانە). کۆرنفۆرد هەروەها پێشانی دەدات (ل١٠٢) کە ئەفلاتوون لە دایالۆگی سوفیست دا دەستکاری ئەم هەڵوێستەی خۆیدەکات. دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی پارچەکانی تیمایۆس کە ئەم یادداشتە کراوەتە پاشکۆی ئەم پارچەیە، چەند تێبینیەك بەم وتەیەوە زیادبکەین.

(٨) جیاوازی سەرەکی نێوان کۆمار و تیمایۆس ئەوەیە کە فۆڕم یان ئایدیا لە دایالۆگی یەکەم وەك دەڵێن وشك و ڕەقهەڵاتوون و لە دایالۆگی دووەمدا گەیەنراوەنەتە پلەی خودایی.

41. non- being

٤٢. بگەڕێنەوە بۆ وتارە زۆر بەنرخەکەی:

F.M. cornford, “Parmenides two ways”, class. Quart., XVII, 1933, p. 108

43. Theophrastus

44. the way of seeming

فۆرم لە کۆماردا زۆر زیاتر بە"یەکی" پارمیندی دەچێت نە بە تیمایۆس (بەراوردی بکەن بە پەراوێزی ئادام بۆ پاژی ٣١ و٢٨ ٣٨٠d کۆمار) ئەم ئاڵوگۆرە دواجار یاساکانی لێدەکەوێتەوە کە لەوێدا بە شێوەیەکی سەرەکی گیانەکان شوێنی ئایدیاکان دەگرنەوە. جیاوازی ببنڕ لەوەدایە کە ئایدیاکان لە جاران زیاتر بەرەو خاڵی دەستپێکی جووڵە و هۆکاری هاتنەبوون یان هەروەك لە تیمایۆسدا ئاماژەی بۆکراوە، بەرەو باوکی شتە بزۆکەکان گۆڕانی بەسەردادێت. ڕەنگە گەورەترین جیاوازی لە نێوان فایدۆن و یاساکان دابێت. لە فایدۆن(٧٩e) ئەمە دەخوێنینەوە: "گیان زیاتر بە شتە نەگۆڕە بێکۆتاکان دەچێت، تەنانەت گەمژەترین کەسیش ناتوانی نکۆڵی لەمە بکات." (هەروەها لەگەڵ کۆمار ٥٨٥c و٦٠٩b بۆ دواوە هەڵیبسەنگێنن ). لە یاساکان(٨٩٥e/٨٩٦a)دا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە:" پێناسەی ئەوەی بە ’گیان‘ ناوزەدە دەکرێت، چییە؟ ئایا دەتوانین وێنای هیچ پێناسەیەك بکەین جگە لەمە کە... ’جووڵەیەکە کە خۆی خۆی وەجووڵە دەخات؟‘ ( هەروەها بەراوردی بکەن بە فایدرۆس،٢٤٥c بۆ دواوە.) گواستنەوە بەرەو ئەم دوو هەڵوێستە بە هۆی دیالۆگی سۆفیستەوە ئەنجامدەدرێت (کە فۆڕم یان ئایدیای خودی جووڵە دێنێتە ناو باسەکەوە) و هەروەها لە لایەن تیمایۆس (٣٥a) کە دەستدەکات بە وەسفکردنی فۆرمی "یەزدانی و نەگۆڕ" و تەنە گۆڕاو و بۆ گەندەڵی شیاوەکان. ئەمە لە رووالەتدا روونی دەکاتەوە کە بۆچی لە یاساکان (٨٩٤d/e)دا دەوترێت جووڵەی گیان "لە رووی چاوگ و هێزەوە، یەکە" و چما گیان "بە کۆنترین و یەزدانیترینی هەموو ئەو شتانە(وەسفدەکرێت) کە جووڵەیان سەرچاوەی هەمیشە بە خوڕی بوونی راستەقینەیە" (٩٦٦e). (لەبەر ئەوەی ئەفلاتوون پێیوابوو هەموو شتە زیندووەکان خودان گیانن، ڕەنگە بانگەشەی ئەوە بکرێ کە ئەوەی پەسەندکردووە کە بنچینەیەکی لانیکەم تا ڕادەیەك فۆرمی لە ناخی شتەکاندا ئامادەیی هەیە. ئەم بۆچوونە زۆر لە قوتابخانەی ئەرستۆیی نزیکە، بە تایبەتی بە سەرنجدان لەم بیروباوەڕە سەرەتایی و باوەی کە هەموو شتەکان زیندوون.) (هەروەها لەگەڵ بەشی چوارەم، یادداشتی ٧دا هەڵیبسەنگێنن).

(٩) لەم رەوتی گۆڕانکارییەی هزری ئەفلاتووندا ـ ئەو گۆڕانکارییەی کە هێزە بزوێنەرەکەی بریتییە لە روونکردنەوەی جیهانی رەوان بە یارمەتی ئایدیاکان، واتە لانیکەم بۆ تێگەیشتن رەخساندنی شەقاری نێوان جیهانی عەقڵ و جیهانی ڕا، ئەگەرچی نەتوانرێت دوو لای شەقارەکە لێك ببەسترێت، گۆیا سۆفیست رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت. ئەم دیالۆگە جگە لەوەی بەگوتەی کۆرنفۆرد(هەمان نووسینی، ل١٠٢) شوێنێك بۆ فرەیی ئایدیاکان دەکاتەوە،



وەك بەڵگەخوازییەك دژی هەڵوێست و تێڕوانینی پێشووتری ئەفلاتوون(٢٤٨a) دەریدەخات کە ئایدیاکانی(الف) هۆکاری چالاکن و لەوانەیە لە کارلێك یان کردەوە و دژکردەوە[٤٥] لە تەك بۆ نموونە زەیندا قەرار بگرن، (ب) سەرەڕای ئەم دۆخە، کەچی نەگۆڕن، وەك بڵێیی ئێستا ئایدیای جووڵەش لە ئارادایە کە وەستاو نییە و هەموو شتە بزۆکەکان سوودی لێوەردەگرن، و (ج) خودان توانای ئاوێتە بوون لەگەڵ یەکترن. جگە لەمە، سۆفیست چەمکی" نەبوون" دێنێتە ناو باساکانەوە[٤٦] کە لە تیمایۆسدا لەگەڵ شوێن بە یەك شت لە قەڵەمدەدرێت و بەم چەشنە، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێ کە ئایدیاکان لەگەڵیدا ئاوێتەبن[٤٧] و جیهانی رەوان دروستبکەن کە پێگەی لە نێوبەندی نێوان بوونی ئایدیاکان و نەبوونی شوێن یان ماددە دایە.

(١٠) مەبەستی کۆتایی من بەرەڤانی لەم بانگەشەیەیە کە لە دەقەکەدا خستوومەتە ڕوو کە پێموایە ئایدیاکان نەك هەر لە دەرەوەی شوێنن بەڵکو لە دەرەوەی کاتیشن، ئەگەرچی لە سەرەتای زەمەندا پەیوەندییان بەم جیهانەوە هەبووە. بە بڕوای من ئەمە تێگەیشتن لەم بابەتە ئاسانتر دەکاتەوە کە چۆن ئایدیاکان دەجووڵێنەوە بە بێ ئەوەی جووڵە بکەن، چونکە هەر چەشنە جووڵە یان رەوانییەك لە شوێن و کاتدا ئەنجامدەدرێت. من پێموایە، ئەفلاتوون وەك بەڵگە نەویستێك سەیری ئەوە دەکات کە کات(زەمەن) خاوەن سەرەتایە و بە وەبەرچاوگرتنی گەلێ ئاماژە کە دەربڕی ئەوەن مرۆڤ یەکێکە لە بەراییترین بوونەوەرەکان، بە ڕای من ئەمە راستەوخۆترین بۆچوونی ئەو پارچەیەی یاساکان بێت(٧٢١c) کە دەڵێت: "رەگەزی مرۆیی هاوزادی زەمەنە". (لە مەڕ ئەم خاڵەوە لەگەڵ کۆرنفۆرد هەندێ بیروڕای جیاوازم هەیە[٤٨]).

(١١) بە کورتی، ئایدیاکان رەوان نین ولە کۆپییە گۆڕاو و بەرەو داڕزان چووەکانی خۆیان کۆنترو باشترن( هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی٣).

١٦ـ لەگەڵ یادداشتی ٤ی ئەم بەشەدا هەڵیبسەنگێنن.

١٧ـ(١) ئەو کارەی کە خواکان لە تیمایۆسدا لە سەرشانیانە رێك بەو ئیشە دەچێت کە لە دەقەکەدا وەسفمان کردووە. هەوەك چۆن ئایدیاکان، نیگاری شتەکان دەکێشن، خواکانیش شێوەی تەنی مرۆڤەکان پێك دێنن. تەنیا گیانی مرۆڤ لە لایەن خودی چێکار(دێمیوئورگۆس)

45. interaction
46. F.M. cornford, Plato’s theory of knowledge, 1935, note to 247.
47. philolaus, fragments 2,3,5, Diels (5th ed.).
48. F. M. Cornford, plato’s cosmology 1937, pp 145, 26f.

دەئافرێنرێت کە جیهان و خواکانیش دروستدەکات. (لە یاساکان(٧١٣c/d) ئاماژەیەکی دیکەش بەرچاو دەکەوێت کە خواکان، باوکسالارن) مرۆڤەکان ـ واتە مندالّی لاواز و بەرەو دارِمان چووی خوداکان ـ لەوە پاش دیسان لە بەردەم دارِمانی زیاتردان. (بەراوردی بکەن لەگەلّ یادداشتی٦(٧) لەم بەشە و بەشی پێنجەم، یادداشتەکانی ٣٧ تا ٤١).

(٢) لە پارچەیەکی سەرنجڕاکێشی یاساکان (٦٨١b: هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یاداشتی٣٢(١)(الف))دا تووشی ئاماژەیەکی دیکە دەبین سەبارەت بە پێکچوونی نێوان پەیوەندی نێوان ئایدیا و شتەکان و پەیوەندی باوان لەگەلّ مندالّەکانیان. لەم پارچەیەدا، بنەچە و بنچینەی یاساکان بە هۆی نفووز و کاریگەری نەریت، بەتایبەتی لە رێگای گواستنەوەی سیستەمێکی رەق و وشك لە باوانەوە بۆ مندالّەکان، پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە و دەلّێ: "ئەوان (واتە باوان) بێگومان نیگاری قالّبی هزری خۆیان لە سەر مندالّەکانیان و مندالّی مندالّەکانیان دەکێشن"

١٨ـ لەگەلّ بەشی هەشتەم، یادداشتی٤٩، بەتایبەتی لەگەلّ بڕگەی(٣) ئەم یادداشتەدا هەلّیبسەنگێنن.

١٩ـ بەراوردی بکەن بە تیمایۆس،٣١a. ئەو زاراوەیەی من بە شێوەیەکی ئازاد بە "ئەو شتە باشترەی کە سەر نموونەی ئەوانە" وەرمگێڕاوە، بەزۆری لەلایان ئەرستۆوە بە مانای "ناوی گشتی" یان "ناوی جۆر" بەکاردەهێنرێ، واتە "ئەوشتەی کە گشت یان هەمەکییە" یان "باشتر و زالّتر" و"لەخوگر"ـە پێموایە مانا سەرەکییەکەی "لەخۆگر" یان "پۆشەر"ـە بەو واتایە کە قالّب، ئەو شتە لە خودەگرێ یان دایدەپۆشی کە قالب بەندی دەکات.

٢٠ـ بەراوردی بکەن بەکۆمار،٥٩٧c . هەروەها بگەڕێنەوە بۆ٥٩٦a"وپەراوێزی دووەمی ئادام بۆ ٥٩٦a٥"کە دەلّێت"چونکە دەبێ ئەوە بێنییەوە بیری خۆت کە ئێمە خومان بەوەوە گرتوە کە بۆ هەرگرووپێك لە شتە تایبەتەکان کە هەموویان بە یەك ناو ناوزەد دەکەین، فۆرم یان ئایدیایەك دادەڕێژین ."

٢١ـ پارچەی بێ ئەژمار لە بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا بەرچاو دەکەوێت . تەنیا ئاماژە بە فایدۆن دەکەم "بۆ نمونە ٧٩a،کۆمار"٥٤٤a"،تیای تێتوس "١٧٩d/e"و "١٥٢d/e"وتیمایۆس(٢٨b/e،٢٩c/d و٥١d بە دواوە). ئەرستۆ بۆ نموونە لە **میتافیزیکدا**



ئاماژە بەم بابەتە دەکات (٣٢ a ٩٨٧، ٢٥ a ١٥،٩٩٩٠ـa٦ ١٠١٠، ١٠٧٨b١٥، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٣ و٢٥ی ئەم بەشە).

٢٢ـ بە گوتەی بورنێت[٤٩]، پارمیندس پێیوابوو"ئەوەی هەیە... کۆتایدارو گۆیی و بێجوولّە و تەنە"، یا خود بە جۆرێکیتر، جیهان گۆیەکی تەواو و هەمەکییەکی بێهەندەکە کە "هیچ شتێ لەو دیوەوەی نییە". بەم هۆیەوە وتەکەی بورنێت دەگێڕمەوە کە(الف) ئەو وەسفەی دەیکات زۆر بە نرخە و (ب) راڤەی خودی ئەو بۆ ئەو شتەی پاڕمیندس بە "ڕای بمرەکان[٥٠]" یان "رێگای رای وەهمی" ناوزەدی دەکات، وێران دەکا[٥١]. ئەو هەموو راڤەکانی ئەرستۆ و تیۆفراستۆس و سیمپلیکیوس[٥٢]و گومپۆتس و مایر لە ژێر ناوی "هەلّەی مێژوویی" یان "هەلّەگەلی مەلموس و روونی مێژوویی" بە لاوە دەنێت. ئەو راڤەیەی بورنێت رەدی دەکاتەوە لە راستیدا هەمان ئەو بۆچوونەیە کە لێرە لە دەقەکەدا خراوەتە ڕوو، ئەو مانایە کە پارمیندس بڕوای بە جیهانێکی راستەقینە لە پشت جیهانی دەرکەوتە هەبوو. ئەم جۆرە دوالیزمە کە هەلی ئەوە دەرەخسێنێ وەسفی پارمیندس بڕوای بە جیهانی دەرکەوتە لانیکەم تا رادەیەك کافی بی بۆ مەبەستەکە، لە لایەن بورنێتەوە وەك "هەلّەی مێژوویی" رەفز دەکرێتەوە. بە بڕوای من، ئەگەر پارمیندس تەنیا و تەنیا باوەڕی بە جیهانێکی بێجوولّە هەبووایە و بە هیچ چەشنێك بڕوای بە جیهانی گۆڕاو نەبووایە، دەبووایە (هەروەك ئیمپیدۆکلس بە درکەو کینایە دەلّێت) بە ڕاستی شێت بێت. بەلّام لە راستیدا ئاماژە بە دوالیزمێکی هاوتای ئەمە لە کسنوفانسیشدا بەرچاو دەکەوێ ـ ئەگەر پارچەکانی ٢٣ تا٢٦ لە بەرانبەر پارچەی٣٤ دابنێین (بە تایبەتی لەو جێگایەی کە دەلّێت "بەلّام رەنگە هەموویان بیرباوەڕی سەیری خۆیانیان هەبێت")ـ و هەر بۆیە ناتوانین باسی هەلّەی مێژوویی بکەین. هەوەك لە پاژەکانی(٦) و(٧)ی یادداشتی ١٥دا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وترا، من پەیڕەوی لە راڤەکەی کۆرنفۆرد بۆ پارمیندس دەکەم. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی٤١).

٢٣ـ بەراوردی بکەن لەگەلّ ئەرستۆ، **میتافیزیك**،٢٣ ١٠٧٨b ئەو وتەیەی کە یەکڕاست پاش ئەمە خواستراوە هی **میتافیزیك**، ١٠٧٨b١٩ ە.

49. Burnet, op. cit., 208
50. opinion of the mortals

٥١. هەمان کتێب، ل٢٠٨ ـ ل٢٢١.

52. simplicius

٢٤ـ ئەم بەراوردکارییە هێژایە لە لایەن فیلدەوە[٥٣] ئەنجام دراوە.

٢٥ـ ئەم وتەیە لە میتافیزیك ١٠٧٨b١٥و گوتەی دواتر لە هەمان کتێب، ٧ b ٩٨٧ وەرگیراوە.

٢٦ـ لە شیکردنەوەی ئەرستۆ[٥٤] بۆ ئەو بەڵگەخوازییانەی کە تیۆری ئایدیاکانی لێکەوتۆتەوە[٥٥]، دەتوانین ئەم هەنگاوانە دەستنیشان بکەین: (الف) ڕەوانی هێراکلیتوس (ب) نەبوونی دەرفەتی وەدەستهێنانی مەعریفەی ڕاستەقینە لە شتە ڕەوانەکان. (ج) کاریگەری ماهییاتی ئەخلاقی سوقرات (د) ئایدیاکان وەك بابەتی مەعریفەی ڕاستەقینە (هـ) کاریگەری فیساگۆرییەکان (و) "ماتماتیکییەکان[٥٦]" وەك بابەتی مەعریفە لە قۆناغی نێوبەندی. ( لە دەقەکەدا، لەسەر(هـ) و (و) نەدواوم بەڵام لە بەرانبەردا، ئاماژەم بە (ز) واتە کاریگەری پارمینیدس کردووە.)

ڕەنگە جێگای خۆی بێت ئەوە پێشانبدەین چۆن لە بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا کە ئەم تیۆرەیان تێدا شی‌کراوەتەوە دەتوانین ئەم هەنگاوانە بناسینەوە، بە تایبەتی لە فایدۆن و کۆمار، لە تیای تیتۆس و سۆفیست و لە تیمایۆسدا.

(١) لە (فایدۆن) دا هەندێ نیشانە لە هەر هەموو هەنگاوەکان هەر لە (الف)ەوە تا (هـ) بەر چاو دەکەوێ. لە پاژەکانی ٦٥a تا ٦٦a، هەنگاوەکانی (د) و(ج) خودان گرنگییەکی تایبەتین و ئاماژەیەکیش بە (ب)کراوە. لە پاژی ٧٠e تیۆری هێراکلتیۆس، واتە (الف)، پێدەچێت لەگەڵ توخمێکی (هـ)، واتە کاریگەری فیساگۆرییەکان، لێك گرێدرابێت. ئەمە پاژی ٧٤aو بۆ دواترو شیکردنەوەیەك لەسەر (د)ی لێدەکەوێتەوە. لە پاژەکانی ٩٩و ١٠٠، شێوازێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ (د)و لە ڕێگای (ج)و شتی‌ترەوە دەخرێتە بەردەستەوە (بەراوردی بکەن بە کراتولوس، ٤٣٩c بۆ دواوە). لە کۆماردا، ئەوەی بەتایبەتی لە تەك گێڕانەوەکەی ئەرستۆدا هاوجووتییەکی نزیکی هەیە، کتێبی شەشەمە. لە سەرەتای کتێبی شەشەم (٤٨٥a، هەروەها ٥٢٧ a/b)، ئاماژە بە ڕەوانی هێراکلیتی دەکرێت و (لە بەرانبەر جیهانی نەگۆڕی فۆڕم

53. field, op.cit., p. 211

٥٤. میتافیزیك، b١٨ ـ a987٣٠

٥٥. هەڵیبسەنگێنن لەتەك بڕگەی (٦) لەیادداشتی ٥٦، بەشی دەیەم.

56. The "mathematicals"



دادەنرێت). لەوێندەرێ ئەفلاتوون لە مەڕ "حەقیقەتێك کە بۆ هەتا هەتایە بوونی هەیە و لە هاتنە بوون و گەندەڵی بە دووره" دەدوێت. ( لەگەڵ بەشی چوارەمی یادداشتەکانی ٢(٢) و٣و بەشی هەشتەم، یادداشتی٣٣و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکەدا هەڵیبسەنگێنن). هەنگاوەکانی (ب) و(د)، بە تایبەتی (و) پشکێکی ئاشکرایان هەیە لە میناندنی ناسراو بە هێڵ[٥٧] (کۆمار،٥١١e ـ٥٠٩c ، بەراوردی بکەن لەگەڵ پەراوێز و پاشکۆی ژمارە ١ی ئادام بۆ کتێبی حەوتەم). هەڵبەتە کاریگەری ئەخلاقیی سوقرات، واتە هەنگاوی (ج) لە سەرانسەری کۆماردا ئاماژە بۆکراوە و لە میناندنی هێڵ، بە تایبەتی بەکڕاست بە لە ئەو ، واتە لە ٥٠٨b بەدواوە، کە پشت بە ڕۆڵی خێر یان چاکە دەبەستێت، پشکێکی گرنگی هەیە، بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ٥٠٨b/c کە تێیدا وتراوە:" ئەمە ئەو شتەیە کە من لە هەمبەر ڕەچەڵەکی چاکە بڕوام پێی هەیە: ئەوەی چاکە لە جیهانی ژیریدا[٥٨] وەك هاوچەشنی خۆی دروستی کردووە (واتە مندالەکانی) هەمان پەیوەندی هەیە بە عەقڵ و (بابەتەکەی)یەوە کە لە جیهانی بینراو" ئەوەی لە ڕەچەڵەکی ڕۆژە" لەگەڵ بینایيدا هەیەتی. "هەنگاوی (هـ) یەکێك لە پێداویسییەکانی(و)ە، بەڵام لە کتێبی حەوتەم ، لە پاژی بەناوبانگی "بەرنامەی وانە" (بگەڕێنەوە بە تایبەتی بۆ٥٢٧c ـ٥٢٣a) کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای میناندنی هێڵ لە کتێبی شەشەم دامەزراوە، زیاتر پەرە و گەشەی پێدراوە.

(٢) لە تیای تێتوس،(الف) و(ب) بە دووردرێژی تاوتوێ کراون و(ج) لە ١٧٤b و١٧٥c ئاماژەی بۆ کراوە. لە سۆفیستدا یادی هەموو هەنگاوەکان کراوە جگە لە (هـ) و(و) نەبێت، بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ٢٤٧a( هەنگاوی (ج))، ٢٤٩e (هەنگاوی(ب))و ٢٥٣b/e ( هەنگاوی(د)). لە فیلێبۆس، ئاماژە بە هەموو هەنگاوەکان دەکرێ، ڕەنگە جگە لە(و)، هەنگاوەکانی(الف) تا(د) بە تایبەتی لە ٥٩aـc جەختیان لەسەر کراوە.

(٣) لە تیمایۆسدا باسی هەموو ئەو هەنگاوانە کراوە کە ئەرستۆ ئاماژەیان بۆ دەکات، ڕەنگە جگە لە(ج) نەبێت کە لە ل٢٩و هەروەها لە بەشی بەرایی کە کاکڵەی بابەتەکانی کۆمار لەخۆ دەگرێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆکراوە. لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی بە "تیمایۆس" ناوزەد دەکرێت فەیلەسووفێکی بەناو "ڕۆژئاوایی"و بە توندی لە ژێر کاریگەری

57. simile of the line
58. Intelligible world

قوتابخانەی فیساگۆری دایە، لە سەرانسەری ئەم دایالۆگە ئاماژەکردن بۆ(هـ) بەرچاو دەکەوێت. دەتوانین بڵێین هەنگاوەکانیتر تەواو بەو جۆرە کە ئەرستۆ دەیانگێڕێتەوە، خۆ دەردەخەن: سەرەتا بە کورتیلە ٢٩d ـ٢٨a و پاشان بە دووروودرێژی لە٥٥c ـ٤٨e. یەکڕاست پاش (الف) ـ واتە وەسفی هێراکلیتی[٥٩] جیهانی ڕەوان ـ ئەرگۆمێنتی(ب) دەخرێتە روو(٥١c ـ e)، بەو مانایە کە ئەگەر مافی ئەوەمان هەبێت جیاوازی لە نێوان عەقڵ( یان ناسینی راستەقینە)و ڕای پەتی، دابنێین، ئەوا دەبێ بوونی وێنای نەگۆڕیش پەسەند بکەن. ئەم بابەتانە (٥١e بە دواوە) پاشان هاوجووت لەگەڵ هەنگاوی (د) دێننە ناو باسەکەوە. ڕەوانی هێراکلیتی کەڕەتێکیتر (وەك <u>شوێنی</u> دەکارهێنراو[٦٠]) دەخرێتەوە ڕوو، بەڵام ئەم جارەیان وەك دەرئەنجامی کردەی هاتنەبوون(تکوین)، شرۆڤە دەکرێ و لە هەنگاوی دواتر،(و) دێتە گۆڕێ (٥٣e). (پێموایە ئەو "هێڵ و رووتەخت وسێ ڕەهەندیانە"ی ئەرستۆ لە <u>میتافیزیك</u> (٩٩٣ b١٣)دا ئاماژەیان بۆ دەکات، پەیوەندی هەر بەم ٥٣c و بەشەکانی دواترەوە هەبێت.)

(٤) پێدەچێت هاوجووتی تیمایۆس لەگەڵ گێڕانەوەی ئەرستۆ تا ئێستا بەڕادەی پێویست جەختی لەسەر نەکرابێتەوە، یان لانیکەم لە شیکردنەوە بەنرخ و رازیکەرەکەی فیلد بۆ گێڕانەوەی ئەرستۆ[٦١]، سوودی لێوەرنەگیراوە. ئەم شتە دەیتوانی ئەرگۆمێنتەکانی فیلد لە بەرانبەر بۆچوونی بورنێت و تیلۆر بەهێز بکات، کە پێیانوایە تیۆری ئایدیاکان، هی سوقراتە[٦٢] (وەك بڵێیی ئەرگۆمێنتەکانی بنبڕە و پێویستی بە بەهێز کردن نییە). لە تیمایۆسدا، ئەفلاتوون تیۆرەکەی خۆی لە زمانی سوقراتەوە دەرنابڕێت، ئەم راستییە بەپێی ئەو پرەنسیپانەی کە بورنێت و تیلۆر بڕوایان پێی هەیە، دەبێ ئەوە بسەلمێنێت کە تیۆری ناوبراو هی سوقرات نییە. (بەڵام ئەو دووانە خۆ لە دەرئەنجامگیرییەکی لەم چەشنە دەبوێرن چونکە بانگەشەی ئەوە دەکەن "تیمایۆس" یەکێکە لە پەیرەوەکانی قوتابخانەی فیساگۆرس و هەوڵدەدات فەلسەفەی خۆی شیبکاتەوە نەك فەلسەفەی ئەفلاتوون. وەلێ ئەرستۆ کە بیست

٥٩. بگەڕێنەوە بۆ a49 بەدواوە، هەروەها:

F.M.cornford, Plato’s cosmology, 178

٦٠. Laboring space. یان هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆکرد، واتە ئەو شوێنەی کە چووتەناو ژانی (ئازاری) زانەوە.

61. Field, op. cit., pp. 202 ff

٦٢. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دەیەم، یادداشتی ٥٦.



ساڵ لە نزیکەوە ئەفلاتوونی دەناسی، حەتمەن دەیتوانی حوکمێك لەم بوارەدا بدات و کاتێ <u>میتافیزیکی</u> نووسی کە ئەندامانی ئەکادیمیا دەیانتوانی سەرپێچی لەو شیکردنەوەیە بکەن کە ئەو بۆ فەلسەفەی ئەفلاتوونی کردووە).

(٥) بورنێت دەنووسێ[٦٣]: "تیۆری فۆڕم بەو مانایەی کە لە فایدۆن و کۆمار بیروڕای لەمەڕ دەربڕدراوە، بە هیچ چەشنێك لەو شتەی تاڕادەیەك بە دڵنیاییەوە دەتوانین بە ئەفلاتوونی ترین دایالۆگەکانی ناوزەدی بکەین ـ واتە لەو دایالۆگانەی کە قسەکەری سەرەکی سوقرات نییەـ بوونی نییە. بەم واتایە، تیۆری ناوبراو لە هیچ کام لە دایالۆگەکانی پاش پارمیندس تەنانەت ناویشی نەهاتووە... تاکە ریزپەڕ تیمایۆسە(٥١C) کە قسەکەری سەرەکی تێیدا یەکێکە لە پەیرەوانی قوتابخانەی فیساگۆری." بەڵام ئەگەر بیروبۆچوون لەسەر ئەم تیۆرە بەو مانایەی کە لە کۆماردا رای لەمەڕ دەربڕدراوە، لە تیمایۆسیشدا رای لەسەر دەربڕدرابێت، بێگومان لە سۆفیست[٦٤] و سیاسەتمەدار[٦٥] و فیلێبۆس[٦٦] و یاساکانیشدا[٦٧] ئاماژەی بۆکراوە. (بورنێت بڕوای بە رەسەنایەتی نامەکان، بە تایبەتی نامەی حەوتەم، هەیە. تیۆری یایدیاکان لەوێشدا تیشکی خراوەتە سەر(٣٤٢a بەدواوە)، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی(٥)(د) یادداشتی ٥٦، بەشی دەیەم.

٢٧ـ لەگەڵ یاساکاندا بەراوردی بکەن، ٨٩٥d_e. من لەگەڵ پەراوێزی ئینگلەند[٦٨]دا (لە چاپی یەکەمی یاساکان، بەرگی دووەم، ل٤٧٢) کۆك نیم کە دەڵێت: "وشەی 'ماهیەت' یارمەتیەکمان نادات." راستە ئەگەر مەبەستمان لە "ماهییەت" بەشێکی هەستپێکراوی

٦٣. بگەڕێنەوە بۆ: J.Burnet, Greek philosophy,I,p. 155، هەروەها لاپەڕەی XLIV چاپی ئەو بۆ فایدۆن (١٩١١).

٦٤. ٢٥٣d.

٦٥. ٢٦٩c/b، ٢٨٦a، ٢٩٧b/c، ٢٩٧c/d، ٣٠١a، ٣٠١e، ٣٠٢e، ٣٠٣b.

٦٦. ١٥a بەدواوە، ٥٩a_d.

٦٧. ٧١٣b، ٧٣٩d، ٧٣٩e، ٩٦٢c بەدواوە، ٩٦٣c بەدواوە، لەهەمووان گرنگتر ٩٦٥b/c (هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ فیلێبوس ١٦d)، ٩٦٥d، ٩٦٦a، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر.

68. E.B. England

گرنگی شتێکی هەستپێکراو بێت (کە دەبووایە بپالێورێت و لە ئاکامی جۆرە دلۆپاندنێکەوە بەدەستبهێنرێت)، "ماهییەت" دەبوو بە وشەیەکی هەڵخەڵەتێنەر.

بەڵام وشەی "خودیی" بە شێوەیەکی بەربڵاو بە چەشنێکی هاوجووت لە تەك ئەو شتەی ئێمە گەرەکمانە باسیبکەن، بەکاردەهێنرێت ـ واتە شتێك لە بەرانبەر سیمای "ناجەوهەری" یان "بێبایەخ" یان "بگۆڕ و ئەزموونی" شتدا، جا چ وەك لە شتدا هەیە وێنابکرێ یان وەك نیشتەجێی جیهانی میتافیزیکی ئایدیاکان.

زاراوەی "ماهییەتگەرایی" لە بەرانبەر"ناوگەرایی" بەکار دەهێنم و بۆ خۆ بواردن لە زاراوەی گومڕاکەری "ریالیزم ـ واقیع گەرایی[٦٩]" لە هەر جێگەیەك ئەم زاراوەیە لە بەرانبەر "ناوگەرایی"دا بێت نەك "ئایدیالیزم[٧٠]" ( هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٢٦بۆدواوە بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکە و بە تایبەتی یادداشتی٣٨).

لە هەمبەر بەکار هێنانی میتۆدی ماهییەتگەرایی لە لایەن ئەفلاتوونەوە بۆ تیۆرەکەی لەمەڕ گیان، هەروەك لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، بگەڕێنەوە بۆ یاساکان،٨٩٥e بۆدواوە کە لە برگەی(٥) یادداشتی١٥ هەر لەم بەشەدا وەرگیراوە، بە تایبەتی بەشی پێنجەم، یادداشتی٢٣. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ مێنون[٧١] d/e ٨٦ وخوان ١٩٩c/d.

٢٨ـ سەبارەت بە شرۆڤەی هۆداری، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەم، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، بە تایبەتی پاژی١٢، لە لاپەڕە٢٦ بەدواوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی بیست و پێنجەم،یادداشتی٦.

٢٩ـ ئەم جۆرە تیۆرە لە مەڕ زمان کە لێرەدا ئاماژەی بۆکراوە، تیۆری "واتاناسی"[٧٢]یە بەو چەشنە کە لە لایەن تارسکی[٧٣] و کارناپەوە گەشەی پێدراوە. لەگەڵ دەروازەی واتاناسی، دانانی کارناپ[٧٤]و بەشی هەشتەم، یادداشتی ٢٣دا هەڵیبسەنگێنن.

٦٩. realism بەو مانایە کە هەمەکەکان (کلیات) بوونی راستەقینەیان هەیە. بە هەڵاواردن لە "ناوگەرایی" کە لایەنگرەکانی پێیانوایە، مەفهوومی هەمەکی لەناو یان وشەیەك زیاترنییە. دژایەتی لەسەر ئەم بابەتە بەتایبەتی لە فەلسەفەی سەدەکانی ناڤیندا برەوی هەبوو.

70. idealism
71. meno
72. semantics



٣٠ـ ئەو تیۆرەی پێیوایە ئەگەرچی بناغەی زانستە سروشتییەکان لەسەر ناوگەرایی میتۆدۆلۆژییانە دامەزراوە، بەڵام دەبێ زانستە کۆمەڵایەتییەکان میتۆدی ماهییەتگەرایانە(واتە"ریالیزم"[٧٥]) هەڵبژێرن، لە لایەن پۆلانی[٧٦] (١٩٢٥) بۆ من روونکرایەوە. لەو کاتەدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە رەنگە پێکهێنانی چاکسازی لە میتۆدۆلۆژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە وەلانانی ئەم تیۆرە ئەنجامبدرێت. زۆربەی کۆمەڵناسان تا ڕادەیەك بڕوایان بەم تیۆرە هەیە، بە تایبەتی جۆن ستوارت میل[٧٧]، کارل مارکس (هەروەك دواتر باسی دەکەین)، ماکس ڤیبەر[٧٨]، گیورگ زیمل[٧٩]، فیەرکانت[٨٠]، مێك ئایڤەر[٨١]و کۆمەڵێك کەسی دیکە. دەرکەوتەی فەلسەفی هەموو ئەم مەیلانە، "دیاردەناسیـ فینۆمینۆلۆژی" هۆسرلە[٨٢] کە بەشێوەیەکی رێك وپێك ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژیانە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەژێنێتەوە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، بە تایبەتی یاداشتی٤٤)

بە بۆچوونی من، هەڵوێست و تێڕوانینی بەرانبەری ئەمە، واتە ناوگەرایی، تەنیا دەتوانین وەك تیۆرێکی تەکنەلۆژیك لەمەڕ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، لە کۆمەڵناسیدا پەرەی پێبدەین و بەرفراوانی بکەین.

73. A. Tarski
74. R. carnap, introduction to semantics (1942)
٧٥. هەڵبەتە هەر بەو مانایە کە کەمێك لەمەوبەر ئاماژەمان بۆکرد.
76. K. Polanyi
٧٧. بۆ نموونە لە vl,2. ch, vl, Logicدا. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ رێساکانی لەمەڕ مێژووگەرایی. بۆ نموونە هەر لەم کتێبەدا (X, 2. ch, vlـ بەندی دوایی)دا دەڵێت :"پرسی بنەمایی... زانستە کۆمەڵایەتییەکان دۆزینەوەی یاساگەلێکە کە بەپێی ئەمانە هەموو بارودۆخ یان رەوشێك لەکۆمەڵگادا بارودۆخی ئەڵتەرناتیڤی خۆی دێنێتە ئاراوە..."
٧٨. هەروەها بەراوردی بکەن بۆ نموونە لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە لەسەرتای ئەم بەرهەمەی خوارەوەدا هاتووە:
Methodische Grundlagen der soziologie, in wirtschaft and Gesellschaft ,I , & in Ges. Aufsaetze zur wissenchafslehre
79. G. simmel
80. A. vierkandt
81. R.M. Maclver
82. E. Hussert

لەم بەستێنەدا، ئاماژەکردن بەم بابەتە بێ‌جێ نییە کەچی وایلێکردم بگەڕێم بەدوای ڕەگی مێژووگەرایی لە ئەفلاتوون و هێراکلیتوسدا. لە شیکردنەوەکەمدا ڕووبەڕووی ئەم خاڵە بوومەوە کە مێژووگەرایی پێویستی بەو شتەیە کە ئێستا بە ماهییەتگەرایی میتۆدۆلۆژی ناوزەدم کردووە ـ یاخود بە جۆرێکیتر، بۆم دەرکەوت کە ئەو ئەرگۆمێنتانەی کە بۆ داکۆکیکردن لە ماهییەتگەرایی دەخرێنە ڕوو لەگەڵ مێژووگەراییدا لێك گری دراون (هەڵبسەنگێنن لەگەڵ کتێبەکەم، **هەژاری مێژووییەتی**)، ئەمە بەرەو توێژینەوە لەمەڕ مێژووی ماهییەتگەرایی پەلکێشی کردم. ئەو شتەی سەرەنجی ڕاکێشام پێکچوونی نێوان گێڕانەوەی ئەرستۆ و ئەو شیکردنەوەیە بوو کە خۆم لە بنەڕەتدا بەبێ هیچ سەرنجدانێك لە قوتابخانەی ئەفلاتوونی، ئەنجامم دابوو و بەم چەشنە، کەوتمە یادی پشکی هێراکلیتۆس وئەفلاتوون لەم ڕەوتی ئاڵوگۆڕەدا.

**٣١ـ** کتێبی ئەفلاتوونی ئەمڕۆ، بەرهەمی کراسمەن[٨٣]، یەکەمین نوسین بوو (جگە لە ئەفلاتوونی گۆت) کە بینیم هەڵگری ڕاڤەیەکی سیاسییە بۆ ئەفلاتوون کە هەندێ جار هاوچەشنی ڕاڤەی منە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتەکانی٢و٣ و بابەتی پەیوەست بەمە لە دەقەکەدا.

* لەو کاتەوە تا ئێستا دیسان بیروبۆچوونی هاوچەشنی نووسەرانی‌ترم بەرچاو کەوتووە. کتێبی باورا، ئەدەبیاتی دێرینی یۆنان[٨٤]، ڕەنگە یەکەمین کتێب بێت. ڕەخنەی کورت، بەڵام هەمەلایەنەکەی باورا لە ئەفلاتوون (ل١٨٦ ـ١٩٠) بە بڕوای من بەو ڕادەیەی بێگومان بە بەرچاوروونی و تیژبینییەوە، گیراو، عادیلانەشە. ئەوانیتر بریتین لە فایت (**ئەفسانەی ئەفلاتوونی**[٨٥])، فرینگتن (**زانست وسیاسەت لە جیهانی دێرین دا**[٨٦]) وینسپیەر(**هاتنەبوونی هزری ئەفلاتوون**[٨٧])و کلسن(**دادپەروەری ئەفلاتوونی** ـ کە ئێستا لە کتێبێك لە ژێر ناوی **دادپەروەری چییە**؟ چاپ کراوەـ و **ئەڤینی ئەفلاتوونی**[٨٨]). *

83. R.H.S. Crossman , Plato Today (1937)
84. C.M. Bowra, Ancient Greek Literature (1933)
85. W. fite , the platonic Legend (1934)
86. B. farrington, sciene and politics in the Ancient world (1939)
87. A.D. winspear , the Genesis
88. H. kelsen , platonic justice (1933) in what is justice? (1957) and platonic love , in The American Image , vol, III, (1942).

(٢) لە مەڕ جووڵە بەرەو گەندەڵی کە لەم بەندەی دەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە و نرخ و مانا گشتییەکەی لە فەلسەفەی ئەفلاتوونیدا، دەبێ بەرانبەرێتی هەمەکی نێوان جیهانی شتە نەگۆڕاوەکان یان ئایدیاکان و جیهانی شتە هەستپێکراوە ڕەوانەکانمان لە بەرچاو بێت. ئەفلاتوون بە زۆری ئەم بەرانبەرێتی (یان بەرهەڵستییە) وەك بەرانبەرێتی نێوان جیهانی شتە نەگۆڕو جیهانی شتە گەندەڵخوازەکان، یان نێوان ئەو شتانەی نایەنەبوون و ئەو شتانەی دێنەبوون و مەحکووم بە داڕمان و شتیتره، دەدوێت. (بگەڕێنەوە بۆ کۆمار ٤٨٥a/b کە لە بەشی سێیەم، یادداشتی ٢٦(١)و بابەتە پەیوەستەکان بەمەوە لە دەقەکەدا، هەروەها بەشی هەشتەم، یادداشتی٣٣ ئاماژەی بۆکراوە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆمار ٥٠٨d_e و٥٢٧a/b و٥٤٦a کە لە بەشی پێنجەم، دەقی تایبەت بە یادداشتی٣٧، لەم ڕستەیەدا خواستراوە:" هەمموو ئەو شتانەی هاتوونەتەبوون دەبێ بەرەو داڕووخان بچن" (یان ڕێگای داڕمان بگرنەبەر).) لەم ڕاستییەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پرسی هاتنەبوون و گەندەڵی و لەناوچوونی جیهانی شتە ڕەوانەکان بەشێکی گرنگی نەریتی قوتابخانەی ئەفلاتوونی بووە کە ئەرستۆ نامیلکەیەکی جیای بۆ تەرخانکردووە. نیشانەیەکی سەرنجراکێشتر کە گوزارشت لەم بابەتە دەکات شێوازی ئاخاوتنی ئەرستۆیە سەبارەت بەم شتانەی لە پێشەکی کتێبی **سیاسەتدا** کە لە ڕستەکانی کۆتایی ئەخلاقی نیقوماخۆس (١١٨ b/١٥)دا هاتووە: "ئێمە هەوڵدەدەین...لەوە تێبگەین ئەوە چییە کە شارەکان **دەپارێزێت یان گەندەڵیان دەکات**..." ئەم پارچەیە لە لایەکەوە بە هۆی دەستنیشانکردنی سیمای گشتی ئەو شتەی ئەرستۆ بە پرسی سەرەکی سیاسەتی لە قەڵەمدەدا خودان نرخ ومانایەو لە لایەکی دیکەوە بە هۆی پێکچوونی بەرچاوی ئەمە لەگەڵ ئەو بابەتە گرنگانەی کە لە یاساکان (٦٧٦a و٦٧٦b)دا هاتووەو لەخوارتر لە یادداشتەکانی٦ و٢٥ی ئەم بەشەدا وەرمانگرتووە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ١و٣و٢٥و٢٦ی بەشی ئێستاو بەشی هەشتەم، یادداشتی ٣٢و ئەو پارچەیەی کە لە بەشی هەشتەم، یادداشتی ٥٩دا خواستوومانە.)

٣ـ ئەم ڕستەیە لە سیاسەتمەدار،٢٦٩d وەرگیراوە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٣ لەم بەشەدا.)

سەبارەت بە پەیژەی (یان زنجیرەی پلە یەك لەدوای یەکەکان) جۆرەکانی جووڵە، بگەڕێنەوە بۆ یاساکان ٨٩٣c ـ٨٩٥b. لەهەمبەر ئەوە کە شتە کامل و تەواوەکان (واتە "خەسلەتە"

## بەشی چوارەم

١ـ بەراوردی بکەن بە کۆمار٦٠٨e. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢(٢) هەر لەم بەشەدا.

٢ـ لە یاساکاندا، گیان ـ واتە "کۆنترین و یەزدانیترین شتی جووڵاو"ـ وەك "خاڵی سەرەتای هەمموو جۆرە جووڵەیەك" وەسف دەکرێت(٨٩٥b).

(١) ئەرستۆ تیۆرەکەی ئەفلاتوون لە بەرانبەر تیۆرەکەی خۆی دادەنێت کە بە پێی ئەم تیۆرە "باش" بە ئامانج و غایەتی[1] هەمموو جۆرە گۆڕانێك دەژمێردرێ نەك خاڵی سەرەتا، چونکە "باش" واتە ئەو شتەی کە ئامانجە ـ کە هەمان هۆی کۆتایی[2] گۆڕانە. لەم ڕووەوە، ئەرستۆ سەبارەت بە ئەفلاتوونییەکان ـ واتە "ئەوانەی بڕوایان بە فۆڕمەکان هەیە" دەڵێت ئەوان لە تەك ئیمپیدوکلس هاوڕان(یان "بە هەمان شێوازی" ئیمپیدوکلس دەدوێن) لەم لایەنەوە کە جۆرێ قسە ناکەن وەك بڵێیی شتێك لەبەر ئەمان {واتە شتە"باش"ەکان} ڕوویداوە، بەڵکو بە چەشنێك دەئاخڤن وەك بڵێیی هەمموو جۆرە جووڵەیەك لەم (شتانەوە) دەستیپێکردووە." ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر بۆیە،"باش" لای ئەفلاتوونییەکان بەم مانایە نییە کە "لە ڕووی" باش " بوونی هۆکار" ـ واتە ئامانج ـ بێت بەڵکو "تەنیا بە شێوەیەکی وێڕایی و ڕێکەوت باشە" بەراوردی بکەن لەگەڵ **میتافیزیك**، ٣٥ a٩٨٨و ٨ b ٩٨٨ بەدواوە ٣٥/٣٤ a١٠٧٥. لەم ڕەخنەیەوە دەردەکەوێت کە هەروەك تسلەر پێیوایە، ئەرستۆ هەندێ جار بیروباوەڕێکی هاوچەشنی بۆچوونەکانی ئسپیوسیپوس[3]ی هەبووە (بگەڕێنەوە بۆ بەشی یازدەهەم، یادداشتی ١١).

1. End and aim
2. final cause
3. speusippus

خواییەکان) هەروەك لە بەشی داهاتوودا لە سەری دەدوێین) چەندە بگۆڕێن زیاتر لە کەمال دوور دەکەونەوە، بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ کۆمار ٣٨٠eـ٣٨١c، کە لەزۆر لایەنەوە بە یاساکان ٧٩٧d دەچێت (بە وەبەرچاوگرتنی ریزپەڕەکان لە ٣٨٠e). ئەو رستانەی کە لە ئەرستۆمان وەرگرتووە لە **میتافیزیك**، ٩٨٨b٣،و **هاتنەبوون و گەندەڵی**، ٣٣٥b١٤ خواستوومانە. چوار وتەکەی دواییان هی ئەم بەندەی یاساکانە ٩٠٤c و٧٩٧d. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٤ لەم بەشەو بابەتی پەیوەست بەمە لە دەقەکەدا. (ئەم دەرفەتەش لە ئارادایە کە ئەو شتەی لەمەڕ شتە خراپەکان وتمان بە ئاماژەیەکیتر وەك ئالۆگۆڕی سووڕی(بازنەیە) راڤەی بکەین، واتە ئاماژەکردن بەم بیروباوەڕە کە دەبێ ئاراستەی ئالوگۆڕ پێچەوانە ببێتەوە و هەرکە جیهان گەیشتە بەرزترین پلەی خراپە و گەندەڵی، دەبێ شتەکان دەست بە باشبوونەوە بکەن).

* لە بەر ئەوەی گومان لە راستی راڤەکەم سەبارەت بە تیۆری ئەفلاتوونی لە مەڕ گۆڕان و پارچە وەرگیراوەکانی یاساکان کراوە، هەر بۆیە گەرەکمە چەند خاڵێکیتر بەو شتەوە زیاد بکەم کە لە هەمبەر دوو پارچە خوازراوەکەی یاساکان (واتە ٩٠٤c و٧٩٧d) وتوومە.

(١) ئەو پارچەیەی دەڵێت "رۆچوونی بەرایی لە ئاستی پلەوپایەیان کەم بایەخترن" (یاساکان ٩٠٤c)، رەنگە زیاتر بە شێوەی وشە بە وشە بەم جۆرە وەربگێڕدرێت: "جووڵەی روو لە خوارێی بەرایی لە ئاستی پلەوپایەدا کەم بایەخترە." بە وەبەرچاوگرتنی سیاقی دەستەواژەکە، بە بۆچوونی من بێ هیچ ئەملاو ئەولا یەك مەبەست "دابەزینی پلەوپایەیە" نەك "لە رووی ئاستی پلەوپایەوە"، بەڵام هەڵبەتە دەشێ بەم جۆرەش وەربگێڕدرێت. (بەڵگەکەم تەنیا دەقی پڕ لە جووڵە نییە (کە ئەم رستەیەی) لە ٩٠٤a بەدواوە (تێدایە) بەڵکو بەتایبەتی دووبارەبوونەوەی "kata...kata...kata" لەم رستەیەدا وێڕای تینێکی روو لە زیاد دێ کە لانیکەم دەبێ کاریگەری لە سەر دووەمین kata دابنێت. سەبارەت بەو وشەیەی کە من بە level (=ئاست) وەرمگێڕاوە، ئەوە قبووڵ دەکەم کە دەکرێ نەك هەر plane (راستەروو) بەڵکو surface (=روو)ش بێت و ئەو وشەیەی بە rank(=پایە) وەرمگێڕاوە لەوانەیە مانای space (=شوێن، فەزا)ش بدات. لەگەڵ هەمموو ئەمانەدا، پاچڤەکردنی بیوری[٤] ـ"هەرچەندە گۆڕان لە خەسڵەتدا بچووکتر بێت، جووڵە لەسەر روو(surface)ی شوێن (space)دا کەمترە" بە بڕوای من لەم دەقەدا مانایەکی ئەوتۆ نادات بەدەستەوە.)

4. J.B. Bury



(٢) ئەم پارچەیە خاوەن درێژییەکی زۆر تایبەتە (یاساکان ٧٩٨) کە تێیدا ویستراوە "یاسادانەر بەر هەر ئامرازێك کە لەبەردەستدایە (یان بە پێی وەرگێڕانی بیوری "بەهەر فرتوفێڵێك بووە") تەگبیری شێوازێك بکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی لە دەوڵەتەکەیدا رۆحی (یەك بەیەکی هاووڵاتیان) یەکپارچە، لە رووی رێز و ترسەوە، بەرهەڵستی لە بەرانبەر گۆڕانی هەر شتێکدا بکەن کەلە دێر زەمانەوە سەقامگیر بووە". (ئەفلاتوون تەنانەت ئەو شتانەش بە راشکاوی لەم حوکمەدا دەگونجێنێت کە لای یاسادانەرەکانیتر بە "یارییەکی کەمبایەخیان" لە قەڵەمدەدا، بۆ نموونە پێکهێنانی هەر گۆڕانکارییەك لە یاری منداڵاندا).

(٣) بە شێوەیەکی گشتی، بەڵگەی سەرەکی من بۆ ئەو راڤەیەی لە هەمبەر تیۆری ئەفلاتوون لەمەڕ گۆڕان خستوومەتە روو جگە لەگەڵێ پارچەی ورد کە لە یادداشتە جیاجیاکانی ئەم بەشەو بەشی ئایندەدا پشتیان پێبەستراوە، بەردەوام لە پارچە مێژوویی یان تایبەت بە پەرەسەندن لە هەموو ئەو دایالۆگانەی کە هەڵگری ئەم پارچانەن، بەرچاو دەکەون، بە تایبەتی لە کۆمار (داڕووخان و کەوتنی دەوڵەت لە دۆخی تاڕادەیەك تەواو لە چاخی زێڕین ـ کتێبی هەشتەم و نۆیەم)، لە سیاسەتمەدار (تیۆری چاخی زێڕین و لەناوچوونی)، لە یاساکاندا (چیرۆکی باوکسالاری بەراییو داگیرکاری دوورییەکان (Dorian conquest)و حەکایەتی داڕمان و کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ئێران)و لە تیمایۆس (بەسەرهاتی پەرەسەندن لە رێگای داڕووخانەوە کە دووجار ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەروەها داستانی چاخی زێڕین ئەسینا کە پاشماوەکەی لە کریتیاسدا باسکراوە).

سەرەڕای ئەم بەڵگانە، ئاماژەکردنی زۆر و زەوەندی ئەفلاتوونە بۆ هسیۆدۆس، هەروەها ئەم راستییە حاشا هەڵنەگرە کە زەینی ئاوێتەگەری ئەفلاتوون کە بواری مرۆیی لە چوارچێوەیەکی گەردوونیدا وێنا دەکات (بەراوردی بکەن بە سیاسەتمەدار و تیمایۆس) بێگومان لە زیرەکیدا هیچی لە ئیمپیدۆکلس کەمتر نەبوو (کە بڕوای بە قۆناغی شەڕی ئێستایە، بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆ، **هاتنەبوون و گەندەڵی**، ٣٣٤a و٣٣٤b).

(٤) دواجار، من پشت بە تێبینییە سایکۆلۆژییەکان دەبەستم/ لە لایەکەوە ترس لە نوێگەری (کە نموونەی ئەمە لە زۆربەی پارچەکانی یاساکاندا بەرچاو دەکەوێ (٧٥٨c/d)و لە لایەکی ترەوە، ئایدیالسازی لە رابردوو (وەك ئەوەی لە هسیۆدۆس یان لە داستانی بەهەشتی وونبوودا دەبینرێت)، ئەم دووانە دیاردەگەلی بەرچاون و زۆربەی کاتەکان رووبەرروومان دەبنەوە.

رەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر دیاردەی دووەم ـ یان هەردوو دیاردەکە بە حەزی ئایدیالسازی قۆناغی منداڵێتی گرێبدەین ـ واتە ماڵی منداڵی و دایك و باوك و ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ قۆناغی سەرەتای ژیان و بنەچە. لە بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا گەلێ پارچە دەبینین کە تێیاندا پیرۆزی دۆخی بەرایی کار و بوار و سروشتی بنچینەیی وەك بەڵگەنەویستێك لە قەڵەم دەدرێن. لێرەدا، تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بە وتەکانی ئاریستۆفانس[٥] بکەین لە خواندا کە وەك سەلمێنراوێك سەیری ئەوە دەکرێ کە ئارەزوو و ئازاری ئەڤینێکی پڕهەستو سۆز بەرادەی پێویست ڕووندەکرێتەوە ئەگەر ئەوە بسەلمێنین کە چاوگەکەی بۆ ئارەزووی خاك وباوەڕ دەگەڕێتەوە و هەر بەم چەشنە، دەتوانین هەستی تێربوونی سێکسیش وەك حەزی دابین کراوی خاك و باوەڕ شرۆڤە بکەین. بەم جۆرە ئەفلاتوون لەمەڕ ئیرۆس (=خواوەندی ئەڤین)ـەوە دەڵێت: "ئەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ <u>سروشتی سەرەکی</u> خۆمان (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ١٩١d)و شیفامان دەدات و بەختەوەرمان دەکات و بەرەکەتمان دەداتێ" (خوان، ١٩٣d). هەر ئەم بیرۆکەیە لە بوونیادی گەلێ وتەی دیکەی وەك ئەم وتەیەی فیلێبوس (١٦c)دا پەنهانە: "پیاوە کۆنەکان... لە ئێمە باشتر بوون و... نزیکتر لە خوداوەندەکان دەژیان..." هەموو ئەمانە دەربڕی ئەو بۆچوونەن کە بەدبەختی و دۆخی ناپیرۆزی ئێستای ئێمە دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕێکە کە ئێمەی لە سروشتی سەرەکی خۆمان ـ گۆڕیوە و دەلالەت لەوە دەکات کە ئەم ئاڵوگۆڕە لە دۆخی باشی و بەرەکەتەوە بەرەو دۆخێکی دیکە ئەنجامدراوە کەتێیدا باشی و بەرەکەت لە دەستدەچێت. ئەمە بەو مانایەیە کە ئاڵوگۆڕی ناوبراو، گۆڕانی ڕەوشە بە ئاراستەی گەندەڵییەکی ڕوو لە زیاد. تیۆری anamnesisی ئەفلاتوون ـ واتە ئەو تیۆرەی پێیوایە هەموو جۆرە مەعریفەیەك، ناسینەوە یان وەبیرهاتنەوەی مەعریفەیەکە کە لە ڕابردوو بەرلە زان هەمانبووە ـ بەشێکە لەم بیروباوەڕە. یاخود بەجۆرێکیتر، نەك هەر هەموو ئەو شتانەی چاك و بەرز و جوانن بەڵکو هەموو جۆرە زانایی و داناییەکیش پەیوەستە بە ڕابردووەوە. تەنانەت گۆڕان یان جووڵەی دێرینیش لە جووڵەی دووەمی باشترە.لە یاساکان (٨٩٥d) وتراوە کە گیان "<u>خاڵی سەرەتای</u> هەموو جووڵە و یەکەمین بزووتنەوەیە کە لە شتە وەستاوەکاندا

٥. Aristophanes (٤٤٨ ـ ٣٨٨ بەر لە زایین). گەورەترین کۆمیدیانووسی یۆنانی دێرین کە دایالۆگی خودان دا یەکێکە لەمیوانەکان و بەدوورودرێژی لەمەڕ ئەڤینەوە دەدوێت.



هەڵدەستێت... کۆنترین و بەهێزترین جووڵە...و(٩٦٦e) کەڤنارترین و یەزدانیترین شتە." (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی سێیەم، یادداشتی١٥(٨).)

هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد ( بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، یادداشتی٦)، پێدەچێت تیۆری مەیلی مێژوویی و گەردوونی بەرەو داڕووخان و لەناچوون، لە بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا لەگەڵ تیۆری سووڕ یان خولی مێژوویی یان گەردوونی لێك گرێدرابێت. *

٤ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ تیمایۆس، ٩١d‌ـ٩٢b. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، یادداشتی٦(٧)و بەشی یازدەهەم، یادداشتی١١.

٥ـ بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی بەشی دووەم و بەشی سێیەم، یادداشتی٦(١). بەرێکەوت نییە کاتێ ئەفلاتوون لەمەڕ تیۆرەکەی خۆی سەبارەت بە داڕووخانی مێژوویی دەدوێت. ئاماژە بە داستانی هسیۆدوس دەکات لە بارەی "کانزاکان" (کۆمار، ٥٤٦e/٥٤٧a، بە تایبەتی بەشی پێنجەم، یادداشتەکانی ٣٩ و٤٠). بە ئاشکرا گەرەکیەتی پێشانیبدات کە تیۆرەکەی بە باشی لە تەك تیۆرەکەی هسیۆدوسدا دەگونجێنێت و شرۆڤەیدەکات.

٦ـ بەشی مێژوویی دایالۆگی یاساکان لە کتێبەکانی سێیەم وچوارەمدا هاتووە (بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، یادداشتەکانی٦(٥) و٦(٨). ئەو دوو ڕستەیەی لە دەقەکەدا وەرمانگرتووە هی سەرەتای ئەم بەشەی یاساکانە، واتە ٦٧٦a. سەبارەت بەو پارچە هاوچەشنانەی ئاماژەمان بۆ کردوون، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٣٦٩d بۆدواوە ("لەدایکبوونی شار...")و ٥٤٥d ("چۆن شارەکەمان دەگۆڕێت...")

زۆربەی کات دەڵێن کە یاساکان و (سیاسەتمەدار) لە کۆمار کەمتر دوژمنایەتی دێموکراسی دەکەن. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەدابنێین کە زمانی گشتی ئەفلاتوون بەو ڕادە دوژمنانە نییە (ڕەنگە ئەمە پەیوەندی بە هێزێ ناوەکی ڕوو لە زیادی دێموکراسییەوە هەبێت، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم و سەرەتاکانی بەشی یازدەهەم). بەڵام بە کردەوە تاکە جۆییەتییەك کە لە یاساکاندا دەدرێت بە دێموکراسی، هەڵبژاردنی بەرپرسە سیاسییەکانە لە لایەن چینی دەسەڵاتدار (واتە چینی سوپا)وە لە بەر ئەوەی بە هەرحاڵ هەموو گۆڕانێکی بنەڕەتی لە یاساکانی دەوڵەتدا یاساغە (بۆ نموونە هەڵیبسەنگێنن بەو پارچە ئاماژە بۆکراوانەی لە یادداشتی٣ی ئەم بەشەدا تیشکیان خراوەتە سەر)، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆییەتی و

ئیمتیازە بێمانایە. مەیلی سەرەکی بۆ لایەنگری لە ئسپارتە بەردەوام وەك خۆی دەمێنێتەوە و هەروەك لە **سیاسەتی** ئەرستۆوە (١١ و ٦ و١٧، ١٢٦٥b) بۆمان دەردەکەوێت، مەیلێکی گونجاوە لەگەڵ جۆری حکوومەتی بەناو "تێکەڵاو". لە راستیدا، بە بەراورد لەگەڵ کۆماردا، منجری ئەفلاتوون لە هەمبەر رۆحی دێموکراسی ـ واتە وێنای ئازادی تاك ـ نەك هەر لە یاساکان کەمتر نەبۆتەوە، بەڵکو زیادیشی کردووە. لەگەڵ بەشی شەشەم، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یادداشتگەلی ٣٢ و٣٣ی دەقەکە (یاساکان، ٧٣٩c بەدواوە و ٩٤٢a بەدواوە) و لەگەڵ بەشی هەشتەم، یادداشتەکانی ١٩تا٢٢ (یاساکان ٩٠٩a ـ٩٠٣c)دا هەڵبسەنگێنن. هەروەها بچوونە سەر یادداشتی دواتر.

٧ـ هەوەك لە بەشی سێیەم، یادداشتی١٥(٨)دا ئاماژەمان بۆکرد، ئەگەری ئەوە هەیە کە زیاتر هەر ئەم کێشەیەی شرۆڤەکردنی یەکەمین گۆڕان (یان **دابەزینی مرۆڤ**) ئەفلاتوونی بەرەو گۆڕینی تیۆری ئایدیاکان هاندابێت ـواتە گۆڕینی ئایدیاکان بەرەو هۆکار و هێزی چالاك و بەتوانا بۆ ئاوێتە بوون لەگەڵ هەندێ ئایدیای دیکە (بەراوردی بکەن بە سۆفیست، ٢٥٢e بەدواوە)و بەلاوەنانی ئەوانیتر (سۆفیست، ٢٢٣c)و بەم چەشنە گۆڕینی ئەمانە بۆ شتگەلێکی وەك خواوەندەکان. (لە کۆمار، ٣٨٠d) پێچەوانەی ئەمە راستە چونکە خوداکان وەك بوونەوەری پارمینیدی بە بەردبووی بێ جووڵە و نەبزوێنراویان لێدێت.) پێدەچێت پارچەی ٢٤٨e ـ ٢٤٩cی سۆفیست خاڵێکی گەرانەوەی گرنگ بێت (بە تایبەتی ئەم خاڵە جێگای سەرەنجە کە لێرەدا ئایدیای جووڵە، بۆخۆی وەستاو نییە.) گۆڕینی (ئایدیاکان) لەهەمان کات ئاریشەی ناسراو بە "مرۆڤی سێیەم[٦]" چارەسەر دەکات، چونکە هەروەك لە تیمایۆسدا ئاماژەی بۆکراوە، ئەگەر فۆرم یان ئایدیاکان لەجیاتی باوك بن، بۆ شرۆڤەکردنی پێکچوونی ئەمانە بە منداڵەکانیان، پێویست بە "مرۆڤی سێیەم" ناکات.

لەهەمبەر پەیوەندی نێوان کۆمار لەگەڵ سیاسەتمەدار و یاساکان، پێمواییە هەوڵی ئەفلاتوون لەم دیالۆگەی دواییاندا بۆ دۆزینەوەی بنەچە و سەرەتای کۆمەڵگای مرۆیی لە رابردووە دوور و

---

٦. The third man ئاماژەیە بەو رەخنەیەی کە سەبارەت بە تیۆری ئایدیا لە دیالۆگی پارمینیدس لە سوقراتی گەنج گیراوە کە ئەفلاتوون دەڵێت تازە ئەم تیۆرەی ناسیوە. بەم مانایە کە ئەگەر مرۆڤ لەبەرئەوە مرۆڤە کە سوود لە ئایدیا یان فۆرمی مرۆڤ وەردەگرێت، لەکوێوە دەزانین کە ئەم ئایدیایە سوودی لە ئایدیای مرۆڤی سێیەم وەرنەگرتووە؟ بەم چەشنە، زنجیرەیەك دێتە ئاراوە.



دوورترەکانیش بە هەمان شێوە لەگەڵ دژواری پەنهانی نێو خودی پرسی یەکەمین گۆڕاندا بەستراوەتەوە. لە کۆمار (٥٤٦a) بەڕاشکاوی وتراوە کە چەتوونە بتوانین وێنای ئەوە بکەین گۆڕان داوێنگیری شاری تەواو و کامل دەبێت. هەوڵی ئەفلاتوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە بەشی داهاتوودا تاوتوێ دەکرێت (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی پێنجەم، بابەتی پەیوەست بە یادداشتگەلی ٣٧ تا٤٠ی دەقەکە). لە سیاسەتمەداردا، ئەفلاتوون ئەم تیۆرە هەڵدەبژێرێ کە کارەساتێکی گەردوونی بۆتە هۆی ئەوەی نیوبازنەی (ئیمپیدۆکلی) ئەڤین گۆڕانی بەسەردابێت و نیوبازنەی ئێستای شەڕی لێبکەوێتەوە. وادێتە بەرچاو ئەم بۆچوونە لە تیمایۆسدا وازی لێهێنرابێت و جێگەی خۆی دابێت بە تیۆرێکیتر (کە لە یاساکانیشدا ماوەتەوە) کە بەپێی ئەم تیۆرە کارەساتێکی سنووردارتری وەك لافاو و تۆفان رەنگە شارستانیەتەکان وێران بکات، بەڵام لە رووالەتدا کاریگەری لەسەر رەوتی گەردوون دانابێت. (لەوانەیە ئەم رێگاچارەیە لێرەوە بە هزری ئەفلاتووندا هاتبێت کە لەساڵی ٣٧٢ـ٣٧٣ی پێش زایین، شاری دێرینی هلیس[٧] بە هۆی بوومەلەرزە و لافاو وێران بوو). کۆنترین شێوەی کۆمەڵگاـ کە لە کۆماردا تەنیا هەنگاوێك لە دەوڵەتی ئسپارتی هەنووکەیی دوورە ـ بەم چەشنە بەشێوەیەکی روو لەزیاد بەرەو رابردووە دوورترەکان بۆدواوە پاڵدەنرێت. ئەگەرچی ئەفلاتوون هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ حەتمەن یەکەمین نشینگە (settlement) باشترین شار بێت، ئێستا سەیردەکەین لەمەڕ کۆمەڵگای تەنانەت پێشتر لە یەکەمین نشینگە ـ واتە کۆمەڵگای کۆچەر یان "شوانە چیانشینەکان" دەدوێت. (بە تایبەتی لەگەڵ یادداشتی ٣٢ی ئەم بەشەدا هەڵبسەنگێنن).

٨ـ ئەم رستەیە لە **مانیفێستی کۆمۆنیستی** مارکس و ئینگلس[٨] وەرگرتووە.

٩ـ وتەکە هی شیکردنەوەی ئادامە بۆ کتێبی هەشتەمی کۆمار. بگەڕێنەوە بۆ چاپی ئادام بۆ ئەم کتێبە، بەرگی٢، ل١٩٨، پەراوێزی٣ ٥٤٤a.

١٠ـ بەراوردی بکەن بە کۆمار، ٥٤٤c.

١١ـ(١) بە پێچەوانەی من کە بانگەشەی ئەوە دەکەم ئەفلاتوونیش وەك گەلێ کۆمەلناسی نوێ لەکاتی کۆنتەوە تا ئێستا، گەرەکیەتی هێڵە سەرکییەکانی قۆناغی جۆرایەتی گۆڕانکاری

---

7. Helice
8. Marx- Engles , The communist Manifesto; A Handbook of Marxism (edited By E. Burns, 1932), p. 22.

کۆمەڵایەتی وێنە بکێشێ، زۆربەی رەخنەگران، داستانی ئەفلاتوون تەنیا بەشێوازێکی سەرنجراکێش بۆ پۆلینکردنی لۆژیکی جۆرەکانی حکوومەت لێکدەدەنەوە. بەڵام ئەمە نەك هەر لەتەك ئەو شتەدا ناتەبایە کە ئەفلاتوون دەیڵێت (بەراوردی بکەن لەگەڵ پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار، ٥٤٤c١٩، بەرگی٢، ل١٩٩)، بەڵکو پێچەوانەی رۆحی لۆژیکی ئەفلاتوونە کە بەپێی ئەمە دەبێ ماهییەتی هەموو شتێك لە سروشتە سەرەکییەکەی ـواتە لە بنەچە مێژووییەکەیەوە ـ تێبگەین. نابێ ئەوەمان لەیادبچێت کە وشەی "رەگەز(genus)" لە لایەك بەمانای لۆژیکی "چین" بەکاردێنێت ولە لایەکی دیکەوە بەواتای بیۆلۆژیکی "نژاد" دەکاری دەبات. "رەگەزی" لۆژیکی هێشتا هەمان "نژاد"ە بەمانای "مندالێ باوك(یان دایك)"ێك. (بەراوردی بکەن بە بەشی سێیەم، یاداشتەکانی١٥ تا٢٠و بابەتە پەیوەندیدارەکان بەمەوە لە دەقەکەدا کە تێیدا هاوکێشەی سروشت=بنەچە=نژاد توێژینەوەی لەسەر کراوە.) لەم رووەوە، بە پێی هەموو بەڵگەکان، دەبێ وتەکەی ئەفلاتوون بەمانا راستەقینەکەی وەربگرین. تەنانەت ئەگەر ئادام راستیش بکات ( هەمان کتێب، هەمان شوێن) کە ئەفلاتوون گەرەکییەتی "رێکییەکی لۆژیکی" بدات بەدەستەوە، هەر ئەم رێکییە لەهەمان کاتدا لای ئەو باڵادەستە بەسەر گۆڕانکاری جۆرایەتی مێژووشدا. ئادام دەڵێت (هەمان کتێب، هەمان شوێن) کو "بەر لەهەمموو شتێ تێبینی سایکۆلۆژی نەك مێژوویی (ئەم رێکییە) دروست دەکات." بەڵام بە بڕوای من ئەوەی بەم وتەیە مەحکووم دەبێت خۆیەتی چونکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە (بۆ نموونە هەر لەم کتێبەدا، بەرگی٢، ل١٩٥، پەراوێزی٥٤٣a بەدواوە) کە ئەفلاتوون "لە هەموو شوێنێ... پێکچوواندنی گیان وشار دەپارێزێت." بە پێی تیۆری سیاسی ئەفلاتوون لەمەڕ گیانەوە (کە لەبەشی داهاتوودا تاوتوێ دەکرێت)، دەبێ مێژووی سایکۆلۆژی هاوتەریب لەگەڵ مێژووی کۆمەڵایەتی بەرەو پێش بچێت. کەواتە بەرانبەرێتی بانگەشەکارانەی نێوان تێبینییە سایکۆلۆژی و مێژووییەکان سەرهەڵدەدات و بەرەو بەڵگەخوازییەکیتر بۆ داکۆکیکردن لە راڤەکەی ئێمە گۆڕانی بەسەردا دێت.

(٢) رێك دەتوانین هەر ئەم بەرسڤە بەو کەسە بدەینەوە کە بەڵگەخوازی ئەوە بکات رێکی حکوومەتی جێگەی مەبەستی ئەفلاتوون لە بنەڕەتدا رێکییەکی ئەخلاقییە نەك لۆژیکی. لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا ناکرێ رێکی ئەخلاقی (و رێکی ئستاتیکی) لە رێکی مێژوویی جیابکرێتەوە. لەم بەستێنەدا دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم بیروباوەڕە مێژووگەرایانە پانتایەکی تیۆری دەخاتە بەردەست ئەفلاتوون بۆ ئەم تیۆرە سوقراتییە کە چاکە



هەمان بەختەوەرییە[٩]. ئەم تیۆرە لە کۆماردا ( بەتایبەتی لەگەڵ ٥٨٠b دا هەڵبسەنگێنن) لەشێوەی ئەم بیرۆکەیەدا گەشەی پێدەدرێت کە پەیوەندییەك لە نێوان چاکەو بەختەوەری، یان خراپەو بەدبەختیدا هەیە، هەڵبەتە ئەگەر بڕیار بێت پلەی باشیو بەختەوەری کەسێك بەپێی پلەی پێکچوونی بە سروشتی سەرەکی یان پیرۆزی ئێمە ـ یان ئایدیای تەواوی مرۆڤ ـ بپێوین، دەبێ هەر بەم جۆرە بێت. (ئەم راستییە کەلێرەدا تیۆری ئەفلاتوون بەرەو پاکانەکردنێکی تیۆری بۆ یەکێك لە بیرۆکە پارادۆکسەکانی سوقرات دەڕوات، رەنگە بە باشی ئەفلاتوونی لای خۆی رازی کردبێت کە خەریکی شیکردنەوەی ئارمانجی راستەقینەی سوقراتە. بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاداشتگەلی ٥٦ و٥٧ لە دەقەکەدا).

(٣) رۆسۆ ئەم پۆلین کردنەی دەزگاکان لە ئەفلاتوون دەخوازێت[١٠]، بەڵام لەوانەیە بۆ زیندووکردنەوەی ئایدیای ئەفلاتوونی کۆمەڵگای بەرایی، تەنیا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی شەشەم، یاداشتی١، بەشی نۆیەم، یاداشتی ١٤). ئاکامی راستەوخۆی رێنسانسی ئەفلاتوونی لە ئیتالیدا، کتێبە بە نفووزەکەی سانا تسار بوو لە ژێر ناونیشانی **ئارکادیا**[١١] کە سەر لەنوێ وێنای ئەفلاتوونی بۆ کۆمەڵگای بەرایی پڕ لەبەرەکەت ژیاندەوە کەلە شوانە چیانشینە یۆنانی(یان دۆری)یەکان پێکهاتووە. (لەهەمبەر ئەم بۆچوونەی ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە یاداشتی٣٢ی ئەم بەشە لە دەقەکەدا.) بەم چەشنە، سەیردەکەین لەرووی مێژووییەوە، بەراستی رۆمانتیزم رۆڵەی قوتابخانەی ئەفلاتوونییە (هەوەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی نۆیەم)

(٤) چەتوونە بتوانین بڵێین کە بیروباوەڕی نوێی کۆنت و میل و هیگڵ ومارکس لەمەڕ مێژووگەرایی تاچەند لەژێر کاریگەری مێژووگەرایی خواپەرستانەی ڤیکۆ لە کتێبی **زانستی نوێ**[١٢]دایە. بێگومان ڤیکۆ کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەفلاتوون و **شاری یەزدانی** بەرهەمی ئەگۆستینوسی قدیس[١٣] و **وتارگەلێ لەمەڕ لیڤیوسی** ماکیاڤیلی[١٤]. ئەویش وەك ئەفلاتوون

٩. Eudemonism ( لەرووی واتاییەوە، بەمانای "خۆش رۆحی" دێت).

10. J.J. Rousseau , social contract , Book III, ch. VII; Book III, chs. III ff , cp. also ch. X.

11. J.sanazzaro, Arcadia.

12. Giambattista vico , new science (1725)

13. st. Augustine, De eivitate Dei

14. N. Machiavelli, Discourses on livy.

(بەراوردی بکەن بە بەشی پێنجەم) "سروشت"ی هەموو شتێك بە هەمان "بنەچە"ـەکەی لێکدەداتەوە[١٥] و پێیوایە دەبێ هەموو نەتەوەکان هەمان رەوتی گۆڕانکاری بە پێی یەك یاسای هەمەکی بپێون. لەم رووەوە، دەتوانین بێژین ئەوەی ڤیکۆ بە"نەتەوە" ناوزەدی دەکات، یەکێکە لەو بازنانەیکە "شار"ی ئەفلاتوون لەگەڵ "شارستانیەتەکان"ی تۆین بی[١٦] لێك دەبەستێت.

١٢ـ کۆمار c/d ٥٤٩. وتەکانی بەڕیز لە کۆمار ٥٥٠d_e و٥٥١a/b وەرگیراون.

١٣ـ کۆمار ٥٥٦e. (پێویستە ئەم پارچەیە لەتەك ئەو شتەی لە توکودیدس[١٧] (توسیدید) لەبەشی دەیەم، بابەتی پەیوەست بەیادداشتی١٢ لە دەقە باسکراوە، هەڵیبسەنگێنرێت.) وتەکەی دیکەیان هی کۆمارە ٥٥٧a.

١٤ـ سەبارەت بە بەرنامەی دیموکراتیکی پریکلس، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یادداشتی٣١ لە دەقەکەدا، هەروەها بەشی شەشەم، یادداشتی١٧ وبەشی دەیەم، یادداشتی٣٤.

١٥ـ بگەڕێنەوە بۆ چاپی ئادام بۆ کۆماری ئەفلاتوون، بەرگی دووەم، ل٢٤٠، پەراوێزی ٥٥٩d٢٢. (لە دووەمین رستەی خواستراوادا تۆخکردنی وشەکان لەمنەوەیە). ئادام ئەوە پەسەنددەکات کە "بێگومان ئەم وێنەیە تاڕادەیەك زێدەڕۆیی (مبالغە) پێوەدیارە" بەڵام هیچ جیگەیەك بۆ دوودڵی ناهێڵێتەوە کە بە بڕوای ئەو، کەلە بنەڕەتدا "لە هەموو چاخ و سەردەمێکدا" حەقیقەتی هەیە.

١٦ـ ئادام، هەمان کتێب، هەمان شوێن.

١٧ـ ئەم رستەیە هی کۆمارە، ٥٠٦d (لەهەمبەر ئەمەو لەمەڕ وتەی دواتریان بگەڕێنەوە بۆ وەرگێڕانی لیندزی[١٨]، دوو گوتە وەرگیراوەکەی تریشیان لەهەمان کتێبەوەیە، ٥٦٣d ـ

15. G.vico, opere, ferrari's second Edition, 1852- 54, vol. v,p. 99.

١٦. Arnold Joseph Toynbee (١٨٨٩ ـ١٩٧٥) مێژوونووسی هاوچەرخی ئینگلیزی، نووسەری کتێبی خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو.

17. Thucydides, III, 82-4.

18. A.D. Lindsay



٥٦٣a_b. (بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ئادام بۆ ٢٥ ٥٦٣d). سەرەنجراکێش ئەوەیە کە لێرەدا ئەفلاتوون پەنا دەباتە بەر دەزگای خاوەندارێتی تایبەتی کە لە پاژەکانی تری کۆماردا زۆر بەتوندی هێرشی دەکاتەسەر، وەك بڵێیی ئەم دەزگایە یەکێکە لە پرەنسیپە بێ ئەملاو ئەولاکانی دادپەروەری. پێدەچێت هەرکاتێ داراییە کڕدراوەکە کۆیلەیەك بێت، تەنیا پەنابردنە بەر مافی یاسایی کڕیار بەسە.

نارەزایەتییەکیتر دژی دیموکراسی ئەوەیە کە ئەم پرەنسیپە پەروەردەییە "پێشێل دەکات" کە "هیچ کەسێك ناتوانێت کاتێ گەورە بوو مرۆڤی باش بێت، مەگەر لە یەکەمین ساڵەکانی ژیانیدا خەریکی یارییە بەرزەکان بێت"، (کۆمار، ٥٥٨b، بگەڕێنەوە بۆ وەرگێڕانی لیندزی، هەروەها بەشی دەیەم، یاداشتی ٦٨). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئەو پەلامارانە کە کراونەتە سەر یەکسانیخوازی و لە بەشی شەشەم، یادداشتی١٤دا ئاماژەیان بۆکراوە.

※ سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سوقرات لەگەڵ هاوڕێ و یاوەرە گەنجەکانی، بگەڕێنەوە بۆ زۆربەی دایالۆگە کۆنەکانی، هەروەها فایدۆن وسەیردەکەین چۆن بە "رووخۆشی و دلۆڤانی و رێزەوە گوێی لە رەخنەی لاوەکان دەگرت" لەهەمبەر هەڵسوکەوتی دژی ئەمە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتەکانی ١٩ و٢١ی دەقەکە، هەروەها وتارە بێوێنەکانی چێرنسیس لە کتێبەکەیدا[١٩]، بە تایبەتی لاپەڕەکانی ٧٠ و٧٩ (سەبارەت بە پارمیندس، ١٣٥c_d)، هەروەها بەشی حەوتەم، یادداشتگەلی ١٨ تا٢١و بابەتی پەیوەندیدار لە دەقەکەدا. ※

١٨ـ لەهەمبەر کۆیلایەتی (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی پێشوو)و بزاڤی دژی ئەمە لە ئەسینا، لە بەشی پێنجەم (یادداشتی١٣و بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لە دەقەکەدا)و بەشەکانی دەیەم و یازدەهەمدا زۆرتر لەسەری دەدوێین. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٩ لەم بەشەدا. ئەرستۆش[٢٠] وەك ئەفلاتوون گەواهیدەری ئازادیخوازی ئەسینایە دەرهەق بە کۆیلەکان[٢١].

19. H. Cherniss, The Riddle of the Early Academy (1945).

٢٠. بۆ نموونە لە سیاسەتدا، ١٣١٣b١١ و١٣١٩b٢٠و لە یاسای بنەڕەتی ئەسینا، ٥٩، ٥.

٢١. هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك: Pseudo- xenophon (const. of Athens, I, lof)

۱۹ـ بەراوردی بکەن لەتەك کۆمار،a ۵۷۷ بەدواوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزەکانی ئادام سەبارەت بە ۵۷۷a۵ و۵۷۷b۱۲ (هەمان کتێب، بەرگی۲، ل۳۳۲)و پاشکۆی۳، "بەرسف دانەوەی یەکێك لە رەخنەگرەکان".

۲۰ـ کۆمار ۵٦٦e. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ بەشی دەیەم، یادداشتی٦۳.

۲۱ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ سیاسەتمەدار ۳۰۱c/d. ئەفلاتوون شەش جۆر دەوڵەتی بێنرخ لێك جیادەکاتەوە بەڵام زاراوەیەکی نوێ بەکارناهێنێ. دووزاراوەی "حکوومەتی تاکەکەسی" (یان"پاشایەتی") و "حکوومەتی ئەرستۆکراتی" لە کۆماردا (٤٤٥d) بۆ باشترین دەوڵەت بەکاردەهێنرێت وەك وەك سیاسەتمەدار بۆ جۆرە تارادەیەك باشترەکانی دەوڵەتە بێ نرخەکان.

۲۲ـ هەڵبسەنگێنن لەگەڵ کۆمار، ٥٤٤d.

۲۳ـ بەراوردی بکەن بەم پارچەیەی سیاسەتمەدار (۲۹۷c/d): "ئەگەر ئەو حکوومەتەی ئاماژەمان بۆکرد تاکە نموونەی راستەقینەی بنەچە بێت، دەبێ حکوومەتەکانی‌تر(کە"تەنیا کۆپی ئەمەن"ـ ۲۹۷b/c) یاساکانی بەکاربهێنن وبینووسنەوە، ئەمە تاکە رێگای پاراستنیانە" (هەڵبسەنگێنن لەتەك یادداشتی۳ی ئەم بەشە و بەشی حەوتەم، یادداشتی۱۸)."هەر چەشنە سەرپێچی‌کردنێك لەم یاسایانە دەبێ بەمەرگ و بەتوندترین شێوە سزا بدرێت. ئەمە هەم زۆر دادپەروەرانە و هەم زۆر باشە، هەڵبەتە هەرچەند لە هەمبەر ئەوەی لە هەمووان باشترە، دەکەوێتە پلەی دووەمەوە." (سەبارەت بە بنەچەو چاوگی یاساکان بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی۳۲(۱)(الف) لەم بەشە و بەشی سێیەم، یادداشتی۱۷(۲)). پاشان لە پاژی ۳۰۱a/۳۰۰e ئەمە دەخوێنینەوە :"نزیکترین رێگای گەیشتنی ئەو شێوە نزمانەی حکوومەت بە حکوومەتی راستەقینە...هەمان پەیرەویکردن لەم یاساو داب ونەریتە نووسراوانەیە... هەرکاتێ دەوڵەمەندەکان فەرمانڕەوایی بکەن و لاسایی فۆڕمی راستەقینەی (حکوومەت)بکەنەوە، ئەوا ئەم حکوومەتە، حکوومەتی ئەرستۆکراتییە. هەرکاتێ یاسا(کۆنەکان) پشتگوێ بخەن (ئەوا ئەو حکوومەتەی دروستدەبێت) ئۆلیگارشییە" تاد. سەرنجدان لەم خاڵە گرنگە کە پێڤانی پۆلین کردن، پاراستی دەزگا کۆنەکانی دەوڵەتی تەواو یان سەرەکی (رەسەنە). نەك یاسامەندی یان نایاسایی بە مانا ئەبستراکتەکەی. (ئەمە پێچەوانەی وتەیەی ئەرستۆیە لە **سیاسەتدا** (۱۲۹۲a) کە جیاوازی سەرەکی لەوەدا دەبینێت کە ئایا "یاسا لە بەرزترین پلەدایە" یان بۆ نموونە خەڵکی رەشۆك یان گێرەشێوێن.



۲٤ـ ئەم پارچەیە (۷۱٤a‌ـ۷۰۹e) هەڵگری چەند ئاماژەیەکە بۆ سیاسەتمەدار: بۆ نموونە ۷۱۰d‌ـe کە بە پەیرەویکردن لە هیرۆدۆت، ژمارەی فەرمانڕەواکان دەکاتە بنەمای پۆلینکردن، ۷۱۲c، ۷۱۲d کە خەریکی ژماردنی شێوازە جیاوازەکانی حکوومەت دەبێت و۷۱۳b بەدواوە ئاماژە بە دەوڵەتی تەواو وکامڵی چاخی کرۆنوس "کە باشترین دەوڵەتی ئێستای ئێمە لاسایی کردنەوەی ئەمە" دەکرێت. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم ئاماژانە، من تارادەیەك گومانم لەوە نییە کە ئەفلاتوون دەیویست تیۆرەکەی لەهەمبەر شایستەیی حکوومەتی ملهوڕانە بۆ تاقیکردنەوەی یۆتۆپیایی وەك جۆرە درێژەیەکی داستانی سیاسەتمەدار (هەروەها کۆمار) راڤە بکرێت. پارچە وەرگیراوەکەی ئەم بەندە هی یاساکانە ۷۰۹e و۷۱۰c/d. "ئەم وتەیەی یاساکان کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد" لە ۷۹۷d وەرگیراوە کە لە بابەتەکانی تایبەت بە یادداشتی۳ی ئەم بەشە لە دەقەکەدا بەکارمان هێناوە. (ئینگلەند لە پەراوێزێکدا کە بۆ ئەم پارچەیەی نووسیوە لە چاپی خۆی بۆ یاساکان ئەفلاتوون[۲۲]، دەڵێت لە روانگەی ئەفلاتوونەوە بنچینە ئەوە بووکە "گۆڕان بۆ دەسەڵاتی هەموو شتێك زیانمەندە"و هەر بۆیە، زیان بە دەسەڵاتی شەڕ و خراپەش دەگەیەنێت. تا ئێرە لەگەڵیدا هاوڕام، بەڵام دژی ئەو وتەیەی ئەوم کە "گۆڕان لە خراپەوە"، واتە لە خراپەوە بەرەو چاك، ئاشکراتر لەوەیە کە وەك ریزپەڕ ئاماژەی بۆبکرێت.

لە روانگەی بیرۆکەی ئەفلاتوونەوە سەبارەت بە خراپی گۆڕان، شتێکی ئەوتۆ بە **هیچ چەشنێك** ئاشکراو بەڵگەنەویست نییە.(بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر.)

۲۵ـ یاساکان ،٦۷٦b/c. (هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك ٦۷٦a کەلە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یادداشتی٦ لە دەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە.) سەرەڕای تیۆرەکەی ئەفلاتوون لەهەمبەر زیانمەندبوونی گۆڕان (بگەڕێنەوە بۆ بەشی کۆتایی یادداشتی پێشوو)، ئینگلەند، ئەم پارچەیە لەمەڕ سووڕان وشۆڕش سواری ملی گەشبینی و پێشکەوتنخوازی دەکات وئێژێ مەبەستی ئەفلاتوون لەم کونجکۆڵینە، دۆزینەوەی ئەو شتەیە کە "دەتوانین بە (رازی چالاکی و هێزی ژیاندەری سیاسی) ناوزەدی بکەین" (هەمان کتێب، بەرگی۱، ل٣٤٤). ئینگلەند ئەم پارچەیە لەمەڕ گەڕان بەدوای هۆکاری راستەقینەی گۆڕانی(زیانمەند) وەك هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی "هۆکار و سروشتی گەشەو پەرەسەندنی راستەقینەی دەوڵەت ـ واتە پێشکەوتن

22. E.B. England, The laws of Plato, vol. 11,p. 258, 1921.

بەرەو تەواوێتی" ڕاڤەدەکات (تۆخ کردنی وشەکان لە ئەوەوەیە، هەمان کتێب، بەرگی١، ل٣٤٥). ناشێت ئەم ڕاڤەیە ڕاستبێت، چونکە پارچەی ناوبراو پێشەکییەکە بۆ چیرۆکی داڕووخان و لەناوچوون، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەریدەخات کە حەزی ئایدیالسازی لە ئەفلاتوون وناساندنی وەك تاکێکی پێشکەوتنخواز چۆن تەنانەت ڕەخنەگرێکی پایەبەرزی ئەوتۆی لەبەرانبەر دەرئەنجامەکانی خۆی ـ واتە باوەڕبوون ئەفلاتوون بە زیانمەندی گۆڕان ـ کوێر دەکات.

٢٦. کۆمار٥٤٥d (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پارچەیەکی هاوچەشنی ئەمە ٦٤٥b). پارچەیەکی دواتر لە یاساکان،٦٨٣e وەرگیراوە. (ئادام لە چاپەکەی خۆی بۆکۆمار، بەرگی٢، ل٢٠٣) لەو پەراوێزەی کە بۆ ٥٤٥d٢١ی نووسیوە، داوای گەڕانەوە دەکات بۆ ئەم پارچەیەی یاساکان.) ئینگلەند لە چاپی خۆیدا بۆیاساکان، بەرگی١، ل٣٦٠بەدواوە، لە پەراوێزیe٥ ٦٨٣، ئاماژە بۆ کۆمار ٦٠٩a دەکات بەڵام ناوی ٥٤٥d و٤٦٥b ناهێنێت و لەسەر ئەم بڕوایەیە کە داوای گەڕانەوە بۆ "باسێکی پێشووتر یان وتووێژێ لە دایالۆگێکی ونبوو" کراوە. تێناگەم بۆچی نابێ ئەفلاتوون بەسوود وەرگرتن لەم چیرۆکە خاڵییە لەهەمبەر ئەوە کە هەندێ لە بابەتەکان پێشتر لە لایەن وتووێژکارانی ئێستاوە تاوتوێ کراون، ئاماژە بە پرسەکانی نێو کۆمار بکات. هەروەك کۆرنفۆرد دەڵێت، لە دواین دەستەی دایالۆگەکانی ئەفلاتووندا "ئیدی هیچ چەشنە پاڵنەرێك بۆ واپێشاندانی ئەوەکە دایالۆگەکان بەراستی ئەنجامدراون نامێنێتەوە." هەروەها ئەو لەسەر هەقە کە ئێژێ ئەفلاتوون "دیلی ئەو داستانانە نەبووە کە خۆی دروستی دەکردن[٢٣]." پارێتو بێ ئەوەی ئاماژەیەك بەناوی ئەفلاتوون بکات، سەر لەنوێ یاساکەی ئەوی لەهەمبەر شۆڕشەکانەوە کەشفکرد. (بگەڕێنەوە بۆ نامیلکەیەك لەمەڕ کۆمەڵناسی گشتی، بەرهەمی پارێتو[٢٤]، پاژەکانی ٢٠٥٤، ٢٠٥٧، ٢٠٥٨. لە کۆتاییەکانی پاژی ٢٠٥٥ تیۆرێکی دیکە بوونی هەیە لەمەڕ وەستاندنی مێژوو.) ڕۆسۆش ئەم یاسایەی سەر لەنوێ دۆزیەوە[٢٥].

٢٧.(١) شایانی باسە کە ئەفلاتوون هیچ ئاماژەیەك بە سیما لە بنەڕەتدا نامێژوویەکانی باشترین دەوڵەت ناکات، بە تایبەتی لە حکوومەتی فەیلەسووفەکان لەو کورتەیەی کە لەسەرەتای تیمایوسدا نووسیویەتی و لە کتێبە هەشتەمی کۆماردا گریمانەی ئەوە دەکات کە فەرمانڕەواکانی باشترین دەوڵەت لەمەڕ عیرفانی فیساگۆری سەبارەت بە ژمارەکان شارەزاییان

23. F.M. Cornford, Plato’s cosmology, pp. 5,4.
24. V. Pareto, Treatise on General sociology.
25. J.J. Rousseau, social contract, Book III, ch.x.



نییە. (بەراوردی بکەن بە کۆمار، ٥٤٦c/d کە لەوێدا ئێژێ فەرمانڕەواکان زانیارییان لەمەڕ ئەم شتانەوە نییە. هەروەها هەڵێبسەنگێنن لەتەك کۆمار، ٥٤٣d /٥٤٤a، کە تێیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە تەنانەت ڕەنگە لەو دەوڵەتەش کە لە کتێبی هەشتەمدا ئاماژەی بۆکراوە شتێکی بەرز و باڵاتر بوونی هەبێت و ئەویش هەروەك ئادام دەڵێت، هەمان ئەو شارەیە کەلە کتێبی پێنجەم تاهەشتەم وەك شاری ئایدیالی یان نموونی لە ئاسمان، ئاماژەی بۆدەکرێت).

کۆرنفۆرد[٢٦] هێڵە گشتی و ناوەرۆك وبابەتی سێ دایالۆگەکە یان تریلۆژی ناتەواوی ئەفلاتوون، واتە تیمایوس ـ کریتیاس ـ هێرمۆکراتس[٢٧]، سەرلە نوێ لای خۆی دروستدەکاتەوە و دەریدەخات کە چۆن گەلاڵەی ئەم سێ دایالۆگە پەیوەندییان بە بەشە مێژووییەکانی یاساکانەوە (کتێبی سێیەم) هەیە. پێموایە ئەم بونیات نانەوەیە سەرڕاست کردنێکی بەنرخ بێت بۆ تیۆرەکەی من کە بڕوام وایە بۆچوونی ئەفلاتوون لەهەمبەر جیهان لەبنەڕەتدا خاوەن خەسڵەتێکی مێژووییە و هۆگری ئەفلاتوون بەوەکە "جیهان چۆن هاتەبوون" و (چۆن بەرەو نەمان دەچێ) نەك هەر پێویستە، بەڵکو لەسەر بنەمای تیۆری ئایدیاکان دامەزراوە. بەڵام ئەگەر بەم چەشنە بێت، ئیدی هیچ هۆیەك نییە وامان لێبکات گریمانەی ئەوە بکەین کە پاژەکانی کۆتایی کۆمار "لەم پرسیارەوە دەستپێدەکات کە چۆن لەوانەیە (ئەم شارە) **لە ئایندەدا** وەراستبگەڕێت وگەلاڵەی گشتی ئەگەری لەناوچوونی لە ڕێگای (دابەزین بۆ) شێوە نزمترەکانی حکوومەت[٢٨] وێنە دەکێشێ." (کۆنفۆرد، هەمان کتێب، ل٦، تۆخکردنی وشەکان لەمنەوەیە.) لە بەرانبەردا پێویستە کتێبی هەشتەم ونۆیەمی کۆمار، بە وەبەرچاوگرتنی پێکچوونی نزیکیان لەگەڵ کتێبی سێیەمی یاساکان، بە گەلاڵەیەکی گشتی و مێژوویی سادەکراوی داستانی داڕووخانی ڕاستەقینەی شاری ئایدیالی لە **ڕابردوودا** بژمێرین و بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئەرکە مەزنەی کە ئەفلاتوون لە تریلۆژی ناتەواوی خۆی لە تیمایوس، هەروەها لە یاساکاندا خستبوویە سەرشانی، بە جۆرە شرۆڤەیەك لێکی بدەینەوە لەمەڕ بنەچەو چاوگی دەوڵەتە هەنووکەییەکان.

٢٦. هەمان کتێب، ل٦ بە دواوە.

27. Hermocrates

٢٨. Lower forms of polity. پۆپەر دوایین وشەی ئەم دەستەواژەیەی بە politics (-سیاسەت) گواستۆتەوە. بەڵام لە دەقی سەرەکیدا، واتە لەکتێبەکەی کۆرنفۆرد کە ئەم وتەیە لەوێندەر وەرگیراوە، polity نووسراوە و لەرووی ماناشەوە هەر ئەمە ڕاستە.

(١) سەبارەت بە وتەکەی من لەم بەندەی(دەقەکەدا) کە ئەفلاتوون "بێگومان خۆی دەیزانی کە دراوی (داتا) پێویستی لە بەردەستدا نییە" بگەڕێنەوە بۆ نموونە بۆ یاساکان، ٦٨٣dو پەراوێزی ئینگلەند بۆ ٦٨٣b٢.

(٢) لە خوارەوە هەر لەم بەندەدا وتوومە ئەفلاتوون کۆمەڵگای کرێت وئیسپارتی وەك کۆمەڵگایەکی بە بەردبوو و وەستاو لێکدەدایەوە. (لە بەندی دواتر دەرمخستووە کە باشترین دەوڵەتی ئەفلاتوون نەك هەر دەولەتێکی چینایەتی بەڵکو دەوڵەتی "کاستەکان"ە.) دەتوانین ئەو تێبینیانەی خوارەوەش بەم وتانە زیاد بکەین (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٠٢ هەر لەم بەشە و یادداشتی٢٤ لە بەشی دەیەم:

لە یاساکان، ٧٩٧d (بە وتەی ئینگلەند، لە پێشەکی "فەتوایەکی گرنگ" کە وێڕای بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی ٣ی ئەم بەشە لە دەقەکەدا ئاماژەمان بۆکردووە)، ئەفلاتوون بە تەواوی ئەوە روون دەکاتەوە کە قسەکەرە کرێتی و ئسپارتییەکانی لە خەسڵەتی "وەستاویی" دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی شاری خۆیان ئاگادارن. کلنیاس[٢٩]، قسەکەری کرێتی، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حەزدەکات گوێ لە هەموو جۆرە بەراڤانیکردنێك لە خەسڵەتە دێرینەکانی دەوڵەت بگرێت. هەندێ دواتر (٧٩٩a)، لە هەمان بیاڤدا، ئاماژەیەکی راستەوخۆ بە شێوازی میسرییەکان دەکرێ بۆ وەستاندنی پەرەسەندن وگۆڕانکاری دەزگاکانیان، بێگومان ئەمە بەراشکاوی دەریدەخات کە ئەفلاتوون مەیلێکی هاوچەشنی مەیلی میسرییەکانی بۆ وەستاندنی هەموو چەشنە ئالوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە کرێت وئسپارت دەستنیشان کردبوو.

لە تیمایوس پارچەیەکمان بەرچاو دەکەوێ (بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ b ـ٢٤a) کە پێدەچێت لەم بەستێنەدا گرنگی خۆی هەبێت. لێرەدا ئەفلاتوون هەوڵدەدات پێشانیبدا (الف) پۆلین کردنێکی چینایەتی زۆر هاوچەشنی ئەوەی لە کۆماردا ئاماژەی بۆکراوە لە سەردەمێکی گەلێ دێرین، لە رۆژگاری گۆڕانکاری بەرلە مێژووی ئەسینا، لەم شارەشدا لە ئارادابووە و (ب) ئەم دەزگایانە زۆر لە سیستەمی کاستەکانی میسر چوونە. (ئەفلاتوون وەك بەڵگەنەویستێك گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەو دەزگا وەستاوانەی لەسەر بنەمای سیستەمی "کاستەکان" لە میسر دامەزراون، بەو جۆرەی ئەو وەسفی دەکات لە دەوڵەتی دێرینی ئەسیناوە سەرچاوە دەگرن.) بەم چەشنە، ئەفلاتوون بە شێوەیەکی وێڕایی دان بەوە دادەنێت کە ئەو دەوڵەتە

29. clenias



ئایدیالی و دێرین و تەواوەی کە لە کۆماردا ئاماژەی بۆکردووە، دەوڵەتی "کاستەکان"ە. سەرنجراکێش ئەوەیە کە کرانتۆر[٣٠] یەکەمین شیکەرەوە و راڤەکاری تیمایوس، تەنیا دوو نەوە پاش ئەفلاتوون ئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەفلاتوون بە وەلانانی نەریتە ئەسینییەکان وچوونەپاڵ رێچکەی موریدەکانی میسر تۆمەتبار کرابوو[٣١]. رەنگە ئاماژەکەی کرانتۆر بۆ نووسینەکەی ئیسۆکراتس[٣٢] بێت کە لە بەشی١٣، یادداشتی٣ وەرمانگرتووە. سەبارەت بە پرسی "کاستەکان" لە کۆماردا، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ١١ تا١٤ لە بەشی هەشتەم. تیلۆر لە کتێبی **ئەفلاتوون: خۆی و بەرهەمەکانی**[٣٣]، بەتوندی ئەم بیروباوەڕە ریسوادەکات کە ئەفلاتوون لایەنگری دەوڵەتی "کاستەکان"بووە.

٢٨ـ بەراوردی بکەن بە کۆمار، ٤١٦a. ئەم پرسە هەر لەم بەشە لە بابەتەکانی پەیوست بەیادداشتی٣٥ دەقەکەدا، بە چڕوپڕییەکی زیاتر، تاوتوێ کراون. (لەهەمبەر پرسی "کاست"، لە بەندی داهاتوودا لەدەقەکە ئاماژەی بۆکراوە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٧(٣) و٣١ هەر لەم بەشەدا).

٢٩ـ لەمەڕ بریاری ئەفلاتوون لەهەمبەر پێشگرتن لە یاسادانان بۆ خەڵکی ئاسایی بەم "شەڕە رەشۆکییە بازاڕیانەیانەوە" تاد، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٢٧a/b ـ٤٢٥b، بەتایبەتی ٤٢٥d_e و٤٢٧a. لەم رستانەدا، هەڵبەتە هێرشەکە کراوەتە سەر دێموکراسی، (و هەرچەشنە یاسادانانێکی "لەسەرخۆ یان بەرە بەرە[٣٤]" بەو مانایەی کە ئەم زاراوەیە لە بەشی نۆیەمدا بەکارهاتووە).

* ئەم بابەتە سەرنجی کۆرنفۆردیشی راکێشاوە[٣٥] چونکە لە پەراوێزی ئەو پارچەیەی ئەفلاتوون تێیدا ئامۆژگاریمان دەکات بۆ ئەندازیاریی یۆتۆپیایی، دەنووسێت: "ئەو پارچە پینە لەسەرەخۆ یان بەرەبەرەی، بە مەبەستی چاکسازی کەلە ٤٢٥eدا گاڵتەی پێکراوە بەراوردی بکەن بە..." (لەم پارچەیەدا کۆمار،d ٥٠٠ بەدواوە) بەرەو "کەڤاڵی سری"و جۆرە توندڕۆییەکی رۆمانتیك رادەسپێردرێن، هەروەها هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ بەشی نۆیەم، یادداشتی١٢و بابەتی پەیوەندیدار

30. crantor
31. T. Gomperz, Greek Thinkers, German ed., II 476.
32. Isocrates, Busiris, 8.
33. A.E. Taylor, Plato: The Man and his work, pp. 269 f.
34. “piecemeal” legislation
35. f.m.cornford , the republic of plato (1941)

بەمەوە لەدەقەکەدا). بە ڕواڵەت کۆرنفۆرد ریفۆرمی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە پەسند ناکات، پێدەچێت شێوازی ئەفلاتوونی پێ باش بێت بەڵام وادێتە بەرچاو ڕاڤەی ئەو بۆ نیازەکانی ئەفلاتوون لەتەك ڕاڤەی مندا هاوجووتە.※

چوار وتە وەرگیراوەکەی دواتری ئەم بەندە هەموویان هی کۆمارن: ٣٧١d/e ، ٤٦٣a ـ b ("نان هێنەران" و"سەرکارەکان") ٥٤٩a، ٤٧١b/c. ئادام ڕوونی دەکاتەوە (هەمان کتێب، بەرگی١، ل٩٧، پەراوێزی ٣٧١e٣٢ کە: "ئەفلاتوون ڕێگە بە کرێکارە کۆیلەکان نادات بۆ شارەکەی خۆی تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە ڕەنگە بەربەر بن." من هیچ قسەیەکم لەسەر ئەوە نییە کە ئەفلاتوون لە کۆماردا (٤٦٩b ـ٤٧٠c) دژایەتی کۆیلەکردنی دیلە جەنگییە یۆنانییەکان دەکات، بەڵام هانی بەکۆیلەکردنی بەربەرەکان لە لایەن یۆنانییەکان، بەتایبەتی بەدەستی هاووڵاتیانی باشترین شاری خۆی دەدات (کۆمار، ٤٧١b/c). (پێدەچێت تارن-یش[٣٦] ئەم بۆچوونەی هەبێت، لەگەڵ بەشی پازدەهەم، یاداشتی١٣(٢)دا هەڵبیسەنگێنن.) ئەفلاتوون زۆر بەتوندی هەڵیدەکوتایە سەر بزاڤی دژەکۆیلایەتی ئەسیناو هەرکاتێ دارایی کێشە لەسەر کۆیلە بووایە، زۆر شێلگیر دەبوو لەسەر ئەوەی پێویستە مافی یاسایی خاوەندارێتی ڕێزی لێبگیرێت. (بەراوردی بکەن لەگەڵ بابەتەکانی پەیوەندیدار بە یاداشتەکانی ١٧ و١٨ لەدەقی ئەم بەشەدا.) هەروەك سێیەمین پارچەی وەرگیراو (کۆمار ٥٤٨e /٥٤٩a) هەر لەم بەندە کە ئەم یاداشتە پاشکۆی ئەوە، دەریدەخات، ئەفلاتوون لە باشترین شارەکەی خۆیدا کۆیلایەتی **هەڵنەوەشاندۆتەوە**. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥٩٠c، کە تێیدا داکۆکی لەوە دەکات خەڵکی قەبەو ڕەشۆك بینە کۆیلەی باشترین کەس). کەواتە تیلۆر (لە کتێبەکەیدا لەژێر ناونیشانی **ئەفلاتوون** (١٩٠٨ و١٩١٤) (ل١٩٨ و١١٨) بە هەڵە دووجار بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەشێوەیەکی وێرایی مەبەستی ئەفلاتوون ئەوەیەکە "لەکۆمەڵگاکەیدا چینی کۆیلەکان بوونی نییە." بۆ ئاگادار بوون لە بیروبۆچوونی هاوچەشنی ئەمە لە نووسینەکەی تیلۆر، **ئەفلاتوون: خۆی وبەرهەمەکانی** (١٩٢٠)، بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یاداشتی٢٧ هەر لەم بەشەدا. بەڕای من، باسی ئەفلاتوون لەمەڕ کۆیلایەتییەوە لە سیاسەتمەداردا، هەڵوێستەکەی کۆماری زۆر ڕوون دەکاتەوە، چونکە ئەگەرچی ئەو لەم کتێبەشیدا بە ئاشکرا وەك بەڵگەنەویستێك گریمانەی ئەوە دەکات کە کۆیلە لەدەوڵەتەکەیدا هەیە، بەڵام زۆر لەسەری

36. w.w.Tarn



نادوێت. (بگەڕێنەوە بۆ ئەم وتە تایبەتەی ئەفلاتوون (٢٨٩b/c). کە پێشتر ئەرکی "هەموو جۆرە گیانلەبەرە ماڵییەکان، جگە لە کۆیلەکان" دیاری کراوە و ئەم پەیڤە تایبەتەی‌تر (٣٠٩a)کە هونەری ڕاستەقینەی پاشایەتی "ئەو کەسانەی کە لە نەزانی و سووکی و زەبوونیدا نغرۆ بوونە دەکاتە کۆیلە"). هۆی ئەوەی ئەفلاتوون لەمەڕ کۆیلەکانەوە بە درێژی نادوێت لە خوێندنەوەی پارچەی ٢٨٩c، بە تایبەتی ٢٨٩d/e دەردەکەوێ کە لە ڕوانگەی ئەوەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان "کۆیلەکان وخزمەتکارەکانیتر[٣٧]"ی وەك کرێکاران وپیشەکار و بازرگانەکاندا نییە (یاخود بەجۆرێکی‌تر، هەموو تاکە "کاسبکارەکان"[٣٨] کە پارەیان چەنگ دەکەوێ" بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی یازدەهەم، یاداشتی٤). تاکە جیاوازی کۆیلەکان لەتەك خزمەتکارەکانی‌تر ئەوەیەکە "لە ڕێگای کڕینەوە وەدەستهاتوون." یان بەجۆرێکی دیکە، ئەفلاتوون بەڕادییەك لە دەستکورتەکان بەرزترە کە زەحمەتی خەریکبوون بەم جیاوازییە بچووکانە ناخاتە بەرخۆی. هەموو ئەوەی وتمان گەلێ بە کۆمار دەچێت، بەڵام تۆزێ ڕاشکاوانەترە. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەشتەم، یاداشتی٥٧(٢).)

لەهەمبەر هەڵسوکەوتی ئەفلاتوون لەگەڵ پرسی کۆیلایەتی لە یاساکاندا، بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ وتاری مارۆ لەژێر ناوی "**ئەفلاتوون وکۆیلایەتی لە یۆنان**[٣٩]" کە تاوتوێ کردنێکی ڕەخنەگرانەی بەنرخە لەمەڕ ئەم بابەتە و دەگاتە دەرئەنجامێکی زۆر عادیلانە، هەرچەندە من پێموایە، نووسەر هەندێ حەزی لە لایەنگری کردنی ئەفلاتوونە. (ڕەنگە وتارەکە بەڕادەی پێویست پشت بەم ڕاستییە نەبەستێ کە لە سەردەمی ئەفلاتووندا بزاڤی دژەکۆیلایەتی ماوەیەك بوو سەری‌هەڵدابوو، بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یاداشتی١٣.)

٣١ـ ئەم ڕستەیە کورتەیەکی کۆمارە کە ئەفلاتوون لە تیمایوس (١٨c/d) دەیخاتە ڕوو. وتەی ئێمە سەبارەت بە نوێ نەبوونی هاوبەشی لە ژن ومنداڵ لەگەڵ چاپی ئادام بۆ کۆماری ئەفلاتوون، بەرگی١، ل٢٩٢ (پەراوێزی ٤٥٧b)و ل٣٠٨ (پەراوێزی ٤٦٣c١٧)و ل ٣٤٥ ـ ل٣٥٥و بەتایبەتی ل٣٥٤دا هەڵبسەنگێنن، هەروەها بەراوردی بکەن بە ئاماژەکردن بۆ توخمی فیساگۆری لە ڕێبازی ئیشتراکی ئەفلاتوون، هەمان کتێب، ل١٩٩ (پەراوێزی ٤١٦d٢٢). (سەبارەت بەکانزا بەنرخەکان، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یاداشتی٢٤، لەهەمبەر خواردن بە

37. slaves and other servants"
38. banausic
39. G.R.morrow, plato and Greek slavery ,mind, N.s.,vol.48, pp.186-201 ,402.

شێوەیەکی گشتی یان هەروەزی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتی٣٤، لەمەڕ پرەنسیپی ئیشتراکی لە ڕێنماییەکانی ئەفلاتوون و جێگرەکانیدا، بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی٢٩(٢)و ئەو پارچانەی لەوێدا ئاماژەیان بۆکراوە.)

٣٢ـ ڕستە وەرگێراوەکە هی کۆمارە، ٤٣٤b. ئەفلاتوون بەر لەوەی خوازیاری دەوڵەتێك بێت کە لەسەر بنەمای سیستەمی "کاستەکان" دامەزراوە، ماوەیەکی درێژ خۆی دوادەخات. ئەمە جگە لەو "پێشەکییە درێژەی" کە بۆ پارچەی ناوبراوی نووسیوە (و لە بەشی شەشەم، هەروەها لە یادداشتگەلی ٢٤ و٤٠ی بەشی نێوبراوادا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت). لە دەستپێکی دوان لەمەڕ ئەم بوارە، ئەفلاتوون لە پارچەی ٤١٥aبەدواوە، بەچشنێك دەئاخڤێت وەك بڵێیی چوونە سەرەوە لە چینە نزمەکانەوە بەرەو چینە بەرزەکان ڕوا بێت بەو مەرجەی کە لەچینەنزمەکاندا "منداڵەکان بە تێکەڵەیەك لە زێڕ و زیو لەدایك بووبێتن" (٤١٥c)ـ واتە بە خوێن وفەزیلەتی چینی بەرزترەوە. بەڵام لە پارچەی ٤٣٤b ـd و لەمەش ئاشکراتر لە پارچەی٥٤٧a، ئەم مۆڵەتە بە فەرمی وەردەگیرێتەوە. لە پارچەی ٥٤٧a، هەموو جۆرە تێکەڵاوبوونێکی نێوان کانزاکان، وەك ناپاکی و ناپاکژییەکی ئەوتۆ ڕادەگەیەنرێ کە حەتمەن دەرئەنجامی کارەساتاوی بۆ دەوڵەت لێدەکەوێتەوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١١ تا١٤ لە بەشی هەشتەم و (یادداشتی ٢٧(٣) هەر لەم بەشەدا).

٣٢ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ سیاسەتمەدار ٢٧١e. پارچەکانی تایبەت بە شوانە بەدەوییە کۆچەرو باوکسالارە باڵادەستەکانی سەریان کە لە یاساکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، بریتین لە ٦٧٧e ـ٦٨٠e. بابەتە وەرگێراوەکە هی یاساکانە، پارچەی ٦٨٠e. دواین وتەی وەرگێراوی ئەم بەندە هی کۆمارە ٤٤٠d. ڕەنگە پێویست بێت هەندێ ڕوونکردنەوە لەهەمبەر هەندێ لەو گوتانەی کە ئەم یادداشتە کراوە بە پاشکۆی ئەو، زێدە بکەین :

(١) لە دەقەکەدا وتوومانە بەڕاستی ئەوە ڕوون ناکرێتەوە کە چۆن ئەم "نیشتەجێکردنە" ئەنجامدراوە. هەم لە یاساکان وهەم لە کۆماردا سەرەتا هەندێ بابەت دەخوێنینەوە (بگەڕێنەوە بۆ بڕگەکانی (الف) و(ج) لەم یادداشتەدا) سەبارەت بە جۆرە ڕێککەوتنێك لەگەڵ پەیمانی کۆمەڵایەتی (لەمەڕ پەیمانی کۆمەڵایەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی٢٩، بەشی شەشەم، یادداشتەکانی ٤٣ تا٥٤ و بابەتە پەیوەندیدارەکانی لەدەقەکەدا) و پاشان (بگەڕێنەوە بۆ خوارتر و بۆ بڕگەکانی (ب) و(ج) سەبارەت بەزاڵبوونی بە زەبر و زەنگ.



(الف) لەیاساکاندا ئەخوێنرێتەوە کە هۆزە جیاجیاکانی شوانە چیانشینەکانی بەر لە نیشتەجێبوون لە دەشتەکان، سەرەتا یەکدەگرن وگرووپی شەڕکەری گەورەتر دروستدەکەن کە لە ڕێگای ڕێککەوتن یان پەیمان یاسا لە نێویان جێگیر دەبێت. پەیمان بەهۆی ئەو داوەرانە (یان ناوبژیوانانە) دەبەسترێت کە سەڵاحیاتی پاشایەتییان پێسپێردراوە (٦٨١d و٦٨١c/d، سەبارەت بە چاوگی یاساکان کەلە ٦٨١b شیکراوەتەوە، بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی٣، یادداشتی١٧(٢)). بەڵام لێرە بەدواوە، ئەفلاتوون خۆی دەدزێتەوە. لەجیاتی ئەوەی ئەوە شیبکاتەوە کە ئەو گرووپە شەڕکەرانە چۆن لەیۆناندا نیشتەجێبوون و چۆن شارەکانی یۆنان بونیاتنران، دەچێتە سەر حیکایەتی هۆمیرۆس لەهەمبەر شاری ترۆیا[٤٠]. پاشان دەڵێت ئاخاییەکان[٤١] لەم شارەوە بەناوی دورییەکان گەڕانەوە و "پاشماوەی حیکاتەکە... بەشێکە لە مێژووی لاکدایمون[٤٢]، چونکە ئێستا گەیشتووینەتە بابەتی نیشتەجێ بوون لە لاکدایمون" (٦٨٢e ـ٦٨٣a). تا ئێرە هیچ شتێکمان لەبارەی چۆنیەتی نیشتەجێبوون نەبیستووە و بە خێرایی پاش ئەمە، لادانێکی دیکە لە بابەتەکە دێتەپێش (یان هەروەك ئەفلاتوون خۆی ئیژێ "کوێرە ڕێگای بەڵگەخوازی") تا سەرئەنجام (لە ٦٨٣c) "ئاماژەیەك" دەدۆزینەوە کە لەدەقەکەدا پەنجەمان خستۆتە سەر. بگەڕێنەوە بۆ(ب).

(ب) لەمەڕ ئەوەی لەدەقەکەدا وتوومانە ئاماژەیەك دەدۆزینەوە سەبارەت بەوە کە "نیشتەجێبوون"ی دورییەکان لە پلۆپۆنسۆس لەڕاستیدا بە مانای زاڵبوونی بەزەبرووەنگ بووە، پەیوەندی بە یاساکانەوە هەیە، ٦٨٣c/d، کە تێیدا سەرەتا ئەفلاتوون هەندێ قسەی بەڕاستی مێژوویی لەمەڕ ئسپارتەوە دێنێتە ناو باسەکەوە. ئێژێ لەسەردەمێکەوە دەستپێدەکات کەسەرانسەری پلۆپۆنسۆس "بە کردەوە کەوتە ژێر کۆتی" دورییەکان. لە دیالۆگی مێنکسنوس (کە دەتوانین بڵێین هیچ گومانێکی تێدانییە کە هی ئەفلاتوونە، بگەڕێنەوە بۆ

٤٠. Troy یان تروادە، شاری دێرینی بەناوبانگ کەسەکۆی داستانی مەزنی هۆمیرۆس واتە، ئیلیادەیە.

٤١. Achaens خەڵکی دەڤەرێك کەناوی ئاخاییە لەباکوری پلۆپۆنسوس کە هەروەك هۆمیرۆس دەگێڕێتەوە، بەسەرکردایەتی ئاگا ممنون هێرشیان کردە سەر تروادە و ئەم شارەیان وێران کرد.

٤٢. Lacedaemon (یان بەزمانی فەرەنسی کە لای ئێمە ناسراوترە، لاسدمۆن ). ناوچەیەکی دێرین لەباشووری پلۆپۆنسوس کە پایتەختەکەی ئسپارت بوو.

بەشی دەیەم، یادداشتی٣٥)، لە پارچەی ٢٤٥c، ئاماژەیەك بەم ڕاستییە کراوە کە (بە وتەی گرۆت لە **ئەفلاتوون**، بەرگی٣، ل٥) پلۆپۆنسۆسییەکان "کۆچەرانی دەرەوە" بوون.

(ج) لە کۆماردا، ٣٦٩b، کرێکارەکان، بە وەبەرچاوگرتنی سەربوونەکانی (مزایا) دابەشکردنی کارو هاوکاری و بە پێی تیۆری پەیمان، شار بوونیات دەنێن.

(د) بەڵام دواتر (کۆمار، ٤١٥d/e، بگەڕێنەوە بۆ ئەو وتەیەی کە هەر لەم بەندەی دەقەکەدا خواستوومانە) تووشی شیکردنەوەیەك دەبین سەبارەت بە پەلاماری سەرکەوتووانەی چینێکی جەنگاوەران یان "خاکزادەکان" کە بنەچە و ڕەچەڵەکیان تا ڕادەیەك نهێنی تێدایە. ئەوەی لەم شیکردنەوەیەدا گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە ئەم پارچەیەیە کە ئێژێ دەبێ خاکزادەکان سەیری پەراوێز و دەورووبەر بکەن لە پێناو دۆزینەوەی گونجاوترین خاڵ بۆ ئوردوگا (بەمانا حەقیقی و وشەیەکەی) "بۆ کۆتکردنی ئەو کەسانەی کە لەناوەوە دان"، واتە بۆ کۆتکردنی ئەو کەسانە کە پێشتر لەشاردا دەژیان، یاخود بە جۆرێکی وردتر، **بۆ کۆتکردنی نیشتەجێ بووەکان**.

(هـ) لە سیاسەتمەداردا (٢٧١aبەدواوە) ئەم "خاکزادانە" وەك هەمان شوانە کۆچەرە چیانشینە زۆر کۆنەکان دەناسێنرێن کە پەیوەندییان بە قۆناغی بەر لە نیشتەجێبوونەوە هەیە. هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك کوللەخاکییەکان یان زەویزادەکان، خوان، ١٩١b، بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، یادداشتی٦(٤)و بەشی هەشتەم، یاددشتی١١(٢).

(و) بە کورتی پێدەچێت ئەفلاتوون وێنایەکی تاڕادەیەك روونی لەسەر داگیرکارییەکانی دوریەکان هەبێت کە لەبەر هەندێ هۆکاری روون وئاشکرا وایپێ باش بووە لەژێر پەردەی رازدا بیهێڵێتەوە. هەروەها وادێتە بەرچاو کە نەریتێك لەم پانتاییەدا لە ئارادابووە تا بڵێت ئوردوی جەنگی داگیرکەرەکان رەچەڵەکیان بۆ کۆچەرەکان دەگەڕێتەوە.

(٢) ئەم وتەیەی کە لەخوارتر لەم بەندەی دەقەکەدا وتوومە سەبارەت بە جەختکردنی بەردەوامی ئەفلاتوون لەسەر ئەوەی فەرمانڕەوایی هەمان شوانێتییە، بۆ نموونە هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ ئەو پارچەیەی کۆمار: ٣٤٣b کە تێیدا بۆ یەکەمین جار ئەم بیرۆکەیە دێتە ناوباسەکە، ٣٤٥cبەدواوە کە تێیدا بە شێوەی میناندنی شوانی دلۆڤان دەکرێتە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی لێکۆلینەوەکە،٣٧٥a ـ٣٧٦b ـ٤٠٤a ـ٤٠٤d ـ٤٤٠d، ٤٥١b_e، ٤٦٠c، ـ٤٥٩a و٤٦٦c_d (ئاماژە بۆکراو لە بەشی پێنجەم، یادداشتی٣٠) کە تێیدا شەڕکەرەکان بە



سەگی مێگەل دەچوێنرێن وپەروەردەکردنی نەوە راهێنانی ئەمانە هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەخرێتە ژێر تاوتوێ کردنەوە، ٤١٦a بەدواوە کە پرسی گورگەکانی ناوەوە ودەرەوە دێتە ناو باسەکەوە، هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ سیاسەتمەدار کە تێیدا ئەم بیرۆکەیە لە لاپەرەی یەك لەدوای یەك، بەتایبەتی لە ٢٦١d ـ٢٧٦dدا تیشکی دەخرێتە سەر. دەتوانین لە یاساکاندا بۆ پارچەیەك (٦٩٤e) بگەڕێینەوە کە ئەفلاتوون تێیدا ئێژێ کوروش "گاو مەڕو مێگەلێکی زۆر لە مرۆڤ وگیانلەبەرەکانیتر" بۆ کوڕەکانی وەدەستهێنابوو. (هەروەها لەگەڵ یاساکان، ٧٣٥و تیای تیتوس، ١٧٤dدا هەڵیبسەنگێنن.)

(٣) هەروەها هەموو ئەوانەی پێشتر باسمانکرد بەراوردی بکەن بۆ **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرهەمی تۆین بێ[43]، بەتایبەتی بەرگی٣،ل٣٢ (یادداشتی١) کە هەندێ وتەی **حکوومەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی**، دانانی لایبایرر[44]، تێدا خواستراوە (ل٣٢ (یادداشتی٢)و ٥٠ ـ١٠٠)، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ئەم گوتەیەی تۆین بی سەبارەت بە کۆچەرە داگیرکەرەکان (ل٢٢) کە "سەروکاریان لەگەڵ... مرۆڤەکان هەیە"و لەهەمبەر "سەگە پاسەوانەکان لە شێوەی مرۆڤ" لە ئەفلاتوون (ل٩٤، یادداشتی٢). بیرۆکە درەخشانەکانی تۆین بی کاریگەریەکی زۆریان لەسەر وروژاندنی هزری من هەبووە. گەلێ لە وتەکانی کە لایەنگری راڤەکانی من بووە لام زۆر دڵخۆشکەر بوونە. چەندە گریمانەکانی من وئەو زیاتر جیاوازییان هەبووە، زیاتر بایەخم بۆ ئەم وتانە داناوە. هەروەها بۆ هەندێ لەو زاراوانەی کە لە دەقی ئەم کتێبەدا بەکارم هێناون ـ بەتایبەتی "مێگەلی مرۆیی"، "رانی مرۆیی" ،"سەگە پاسەوانەکان لە شێوەی مرۆڤ" ـ قەرزداری ئەوم.

بەبۆچوونی من، **خوێندنەوەیەك بۆ مێژووی** تۆین بی، نموونەی ئەو شتەیە کە بە مێژووگەرایی ناوزەدم کردووە. بۆ دەربڕینی دژایەتی بنەمایی خۆم لەتەك ئەم کتێبە پێویست ناکات لەمە زیاتر هیچ بڵێم. هەندێ لە سیما تایبەتییەکانی دژایەتی من لەگەڵ ئەو لە شوێنی جیاجیادا تاوتوێ دەکرێت (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ٤٣ و٤٥(٢) هەر لەم بەشەدا و یادداشتەکانی ٧ و٨ لە بەشی دەیەم وبەشی بیست وچوارەم وبۆ ئەو رەخنەی ئاراستەی تۆین بیـ م کردووە لە بەشی بیست و چوارەم و لە **هەژاری مێژووییەتیدا** (ل١١٠). لەگەڵ هەموو ئەمانەدا،

43. A.J. Toynbee, A study of history.
44. A.H. Lybyer, The Government of the ottoman Empire.

**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو** لەخۆگری گەنجینەیەکە لە هزر و مانای جێگای تێڕامان و وروژێنەر.
لەهەمبەر ئەفلاتوون، تۆین بی پشت بە هەندێ خاڵ دەبەستێ کە دەتوانم تێیاندا پەیرەوی لێبکەم، بەتایبەتی سەبارەت بەوە کە باشترین دەوڵەتی ئەفلاتوون لە ئەزموونەکانی لەمەڕ شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان و ئارەزووی بۆ وەستاندنی هەموو جۆرە گۆڕانێکەوە ئیلهام وەردەگرن وجۆرە ئیسپارتێکی وەستاوە (وەك بڵێیی ئسپارت خۆی وەستاو بوو). بەڵام سەرەرای کۆك بوون لەسەر ئەم خاڵانە، بۆ راڤەکردنی ئەفلاتوون، لەنێوان من و تۆینبیدا جیاوازی بیروباوەڕی بنەمایی لەئارادایە. تۆین بی باشترین دەوڵەتی ئەفلاتوون بە چاوی نموونەی یۆتۆپیایەکی (کۆنەپەرستانە)سەیردەکات، ئەوە لەکاتێك دایە کە من ئەو بەشە سەرەکییەی کە پێموایە کە پەیوەندی بە تیۆری گشتی ئەفلاتوونەوە هەیە لەمەڕ گۆڕان، بە هەوڵێك شرۆڤە دەکەم بۆ سەرلەنوێ ئەفراندنەوەی فۆڕمی بەدەوی کۆمەڵگا. جگە لەمە، بڕواناکەم تۆین بی لەگەڵ راڤەی من بۆ داستانی ئەفلاتوون سەبارەت بە قۆناغی بەر لە نیشتەجێ بوون کە لەم یادداشتە و لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکەدا بە شێوەیەکی سەرپێی خراوەتە ڕوو، هاوڕابێت، چونکە دەڵێت (هەمان کتێب بەرگی٣، ل٨٠): "کۆمەڵگای ئسپارت رەگ وریشەیەکی کۆچەری نەبوو." بە وتەی ئەو کۆمەڵگای ئسپارت (هەمان کتێب، بەرگی٣، ل٥٠بەدواوە) بە هەوڵێکی بان مرۆیی بەمەبەستی ملکەچ پێکردنی "مێگەلی مرۆیی" لە رەوتی ئالۆگۆڕدا وەستێنرابوو و زۆر بەتوندی جەختی لەسەر ئەم خەسڵەتە تایبەتییە دەکردەوە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەم جۆرە جەختکردنە لەسەر رەوشی تایبەتی ئسپارت، تێگەیشتن لە لایەنە پێکچووەکانی نێوان ئسپارت وکرێت، تووشی کێشەوگرفت دەکات کە لە روانگەی ئەفلاتوون تا ئەو ڕادەیە جێگای لێڕامانە (کۆمار، ٥٤٤c، یاساکان،٦٨٣a). بە بڕوای من دەتوانین ئەم پێکچوونانە ببەستینەوە بە فۆڕمە وەستاوەکانی دەزگا خێڵەکییە زۆر کۆنەکان ـ ئەو دەزگایانەی کە حەتمەن زۆر لە هەوڵی ئسپارتەکان لە دووەمین جەنگی مێسێنیا[٤٥] (دەوروبەری ٦٥٠ ـ٦٢٠ بەر لە زایین، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی تۆین بی، بەرگی٣، ل٥٣) کۆنتڕن. مەرجی مانانەوەی ئەم دەزگایانە لە هەر کام لەم دوو دەڤەرەدا زۆر جیاواز بوو، کەواتە، پێکچوونەکانیان ئەرگۆمێنتێکی بەهێزە بۆ

٤٥. Messenia. ناوچەیەکە لەباشووری رۆژئاوای پلۆپۆنسوس کەلە ساڵی ٧٢٠ پێش زایین لەلایەن ئیسپارتەوە داگیر کرا.



پشت ڕاست بەدەوییەتەکەیان و خەوشداربوونی هەرچەشنە شرۆڤەکردنێك بەهۆی فاکتەرێکەوە کە تەنیا پەیوەندی بە یەکێکیانەوە هەبێت.

※ لەهەمبەر نیشتەجێبوونی دوورییەکان، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پەرتووکی **قەوقاز**، نووسینی ئایسلەر[٤٦]، کە تێیدا هەردوو زاراوەی "هێلینییەکان" و"یۆنانییەکان" بەریز بۆ "نیشتەجێبووەکان" و"لەوەڕێنەرەکان"ـ واتە مێگەلدارەکان یان کۆچەرەکان ـ وەرگێڕدراوە. هەروەها ئەم نووسەرە دەریخستووە کە وێنای[٤٧] "خواوەندی شوان" ریشەیەکی ئورفیوسی هەیە. لەهەمان جێگەدا، ئاماژە بە سەگەکانی خواوەند (Domini canes )یش کراوە.※

**٣٣ـ** گەلێك لە خاوەن ڕا بەگڕوتینەکانی هونەری پەروەدە و فێرکردن کە شانازی بێ ئەملاوئەولای پەیوەندی نێوان پەروەردە و خوێندن و توانایی دارایی بەهی ئەفلاتوون دەزانن لەم راستییە بێئاگان کە لە دەوڵەتەکەی ئەفلاتووندا پەروەدە و فێرکردن جۆییەتییەکی چینایەتییە. ئەم کەسانە سەیری ئەوە ناکەن کە خودی جوێیەتی چینایەتی مایەی شەڕو خراپەیە، جا ئەم جوێیەتییە لە سەر بنەمای پارە دامەزرابێت یان هەر چەشنە پێوەرێکی دیکە کە ببێتە هۆی ئەندامێتی لە چینی دەسەڵاتداردا تاڕادەیەك بێبایەخە. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی حەوتەم، یادداشتەکانی ١٢ و١٣ وبابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.

**٣٤ـ** کۆمار ٤٦٠c (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٣١ هەر لەم بەشەدا). سەبارەت بە ئامۆژگاری ئەفلاتوون لەمەڕ ساواکوژی، بگەڕێنەوە بۆ ئادام، هەمان کتێب، بەرگی١، ل٢٩٩، پەراوێزی ٤٦٠c١٨و ل٣٥٧ بەدواوە. ئادام بە حەق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەفلاتوون ساواکوژی پەسەند دەکرد، بەڵام ئەگەرچی هەموو جۆرە هەوڵێك "لەپێناو پاکانەکردن بۆ ئەفلاتوون لەمەڕ بەرەوا زانینی" ئەم کردەوە وەحشەتناکە بە "نابەجێ" دەژمێردرێ، وەلێ تێدەکۆشێ بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوە کە "ئەم کردەوەیە لە یۆنانی دێریندا بە شێوەیەکی بەرفراوان باوبوو" بیانوویەکی بۆ دابتراشێ. بەڵام پرسەکە ئەوەیەکە لە ئەسینا بەم جۆرە نەبوو. ئەفلاتوون لە هەموو شوێنێ بەربەریەت و توندڕۆیی ئسپارتی پێ لە رۆشن هزری ئەسینای سەردەمی پریکلس باشترە و دەبێ لەهەمبەر ئەم بە باش زانینە بەرپرسیار بێت. بۆ ئاگادار بوون لەگریمانەیەك سەبارەت بە شرۆڤەکردنی ئسپارتییەکان، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم،

46. R. Eisler, caucasia, vol. v, 1928, p113, note 84.
47. orphisch-Dionisische Mysterienyedanken, 1925, p. 58. note2.

یادداشتی وتە وەرگێراوەکانی دواتری ئەم بەندە لەمەڕ لایەنگری کردن لەبەکارهێنانی بنچینەی باوی پەروەردەکردنی گیانلەبەرەکان لەهەمبەر مرۆڤ، هی کۆمارە، ٤٥٩b ( لەگەڵ بەشی هەشتەم، یادداشتی٣٩و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا هەڵیبسەنگێنن)، ئەوەی سەبارەت بە پێڤانی نێوان سەگ وجەنگاوەرەکانی گوتراوە هی کۆمارە، ٤٠٤a، ٣٥٧a، ٣٧٦a/b، ٣٧٦b. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتی ٤٠(٢)و یادداشتی دواتر لەم بەشەدا.

٣٥ـ دوو وتەی یەکەمی ئەم بەندە هی کۆمارە، ٣٧٥b. وتەکەی پاشتر هی٤١٦aیە (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی٢٨ هەر لەم بەشەدا)، وتەکانی دواتر لە ٣٧٥c_e وەرگیراون. مژاری تێکەڵاوبوونی "خەسڵەتە" ناتەباکان (یان تەنانەت ڕووالّەتە (ناتەباکان) ـ هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ بەشی پێنجەم، یادداشتگەلی ١٨ تا٢٠ و٤٠(٢)و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکە و بەشی هەشتەم، یادداشتی ٣٩) یەکێکە لەو بابەتانەی کە ئەفلاتوون هۆگرییەتی (کە لە سیاسەتمەدار، ٢٨٣e، و دواتر لە بەرهەمەکانی ئەرستۆدا لەتەك تیۆری "نیۆنج[٤٨]" دا ئاوێتە دەبێت.)

٣٦ـ کۆمار ٤١٠c، ٤١٠d، ٤١٠e، ٤١٢a، ٤١١e، ٤١٢b.

٣٧ـ لە یاساکان دا (٦٨٠b بەدواوە) ئەفلاتوون بەهۆی دڕندەیی و بێ ئاگایی لە ئەدەبیات، کرێت دەداتە بەر توانج وگاڵتەپێکردن. تەنانەت ئەم نەزانی و بێئاگاییە هۆمێرۆسیش دەگرێتەوە و قسەکەری کرێتی کە هۆمێرۆس ناناسێت لەم بارەیەوە ئێژێ: "بەرهەمی شاعیرە دەرەکییەکان زۆر کەم لە کرێت دا دەخوێنرێتەوە." (گوێگرە ئسپارتییەکەی بەرسڤ دەداتەوە: "بەڵام لەئسپارتدا دەخوێنرێتەوە.") سەبارەت بە باشتر زانینی داب و نەریتی ئسپارت لە لایەن ئەفلاتوونەوە، بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتی٣٤و بابەتی دەقی تایبەت بە یادداشتی٣٠ لەم بەشەدا.

٣٨ـ بۆ ئاگاداربوون لەبیروبۆچوونی ئەفلاتوون لەهەمبەر ڕەفتاری ئسپارت لەگەڵ مێگەلی مرۆیی، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٩ هەر لەم بەشەو هەروەها لە کۆمار، ٥٤٨e/٥٤٩a، کە تێیدا بەراوردێك دەکرێ لە نێوان تیمۆکراتێك (پیاوێکی پلەخواز)و برای ئەفلاتوون بەناوی

48. The mean



گلاوکۆن[٤٩]: "(تیمۆکراتەکە) لە گلاوکۆن توندوتیژترە و کەمتر حەزی لە میوزیکە." درێژەی ئەم پارچەیە لەدەقی تایبەت بە یادداشتی٢٩ ئاماژەی بۆکراوە. توکودیدس ـ توسیدید (٨٠، IV) ڕوونکردنەویەکی هەیە سەبارەت بە کۆکوژی دووهەزار "بەندە"[٥٠]" بە بەڵێنی ئازادی باشترین "کۆیلەکان"نیان بۆ کوشتن هەڵبژارد. تاڕادەیەك ئەملاوئەولای تێدانییە کە ئەفلاتوون، بە باشی توکودیدسی دەناسی و دەتوانین بێگومان بین لەوەی کە جگە لەمە، دەستی بە ژێدەری ڕاستەوخۆتری هەواڵیش ڕادەگەیشت. بۆ زانیاری لەهەمبەر بیروبۆچوونی ئەفلاتوون سەبارەت بە نەرم و نیانی ئەسینا لەگەڵ کۆیلەکان، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٨ لەم بەشەدا.

٣٩ـ بە سەرەنجدان لە مەیلی ڕوون وئاشکرای دژە ئەسینی و هەر بۆیە دژە ئەدەبی کۆمار، ڕوونکردنەوەی ئەم شتە تاڕادەیەك دژوارە کە بۆچی ئەو ژمارە زۆرە لە خاوەن ڕاکانی بواری پەروەردە و فێرکردن ئەو هەموو گوڕوتینەیان لەمەڕ تیۆرەکانی ئەفلاتوون سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردن پێشانداوە. ڕەنگە لە سێ ڕوونکردنەوەی ڕاست زیاتر هیچی ترم بە هزر دانەیەت. یان ئەم کەسانە سەرەڕای دوژمنایەتی ڕاشکاوانەی کۆمار لەتەك خوێندنی ئەدەبی ئەو سەردەمەی ئەسینا، بە ڕاست ودروستی لەم کتێبە تێناگەن، یان وەك گەلێ لە فەیلەسووفەکان وتەنانەت هەندێ لە میوزیکزانەکان هەست بە غروور دەکەن لەمەڕ وتاربێژییەکانی ئەفلاتوون لەجەختکردنە سەر دەسەڵاتی سیاسی پەروەردە و فێرکردن (بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یاددشاتی ٤١)، و یان هەردوویان.

تێگەیشتن لەم خاڵەش چەتوونە کە چۆن ئەڤینداری هونەر و ئەدەبی یۆنانی دەتوانن دڵگەرم بن بە خوێندنەوەی ئەفلاتوون ـ لەکاتێکدا بە تایبەتی لە کتێبی دەیەمی کۆمار ئاوها بێ بەزەییانە پەلاماری هەموو شاعیرو تراژیدی نووسەکان و نەخاسمە هۆمیرۆس (و تەنانەت هسیودۆس) دەدات. بگەڕێنەوە بۆ کۆمار ٦٠٠a، کە تەنانەت هۆمێرۆس بە نزمتر لە ئاست تەکنسیەنێك یان میکانیکێکی باش دادەنێت (کە بە زۆری بەهۆی کاسبکار بوون و هەربۆیە لێنەهاتوویی ئەخلاقی، لەچاوی ئەفلاتووندا سووك وچرووکە، بەراوردی بکەن بە کۆمار،

49. Glaucon

٥٠. ئەو وشەیەی ئێمە بەدوو دڵیەوە بە "بەندە" وەرمانگێڕاوە، لەدەقی ئینگلیزیدا "helot"ە کە لەڕەگی یۆنانی Heilotes وەرگیراوە. لەسەردەمی دێریندا لە ئسپارت، بەهەموو ئەو کەسانەیان دەگوت helot کە ئەندامی نزمترین چینی کۆمەڵگا بوون لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە.

٤٥٩e، ٥٩٠cو بەشی یازدەهەم، یادداشتی٤). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٦٠٠c، کە هۆمیرۆس بە نزمتر لە سۆفیستێکی وەك پرۆتاگۆراس وپرۆدیکوس[51] لەقەڵەم دەدات، وکۆمار ٦٠٥a/b، کە ڕاست و ڕەوان شاعیرەکان لە هاتنە ناو شاری خودان حکوومەتی باش بێبەری دەکات.

بەڵام شیکەرەوە و ڕاڤەکارەکانی بە زۆری گرنگی بەو وتانەی ئەفلاتوون دەدەن کە بۆ نموونە بۆ ئامادەکردنی پێشەکییەك بۆ هەڵکوتانە سەر هۆمیرۆس ئێژێ (یەك لەوان لە کۆمار ٥٩٥bدا بەم جۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: "...هەرچەندە ئەڤین وستایشم لەهەمبەر هۆمیرۆس بە دژواری مۆلەتم دەدەنێ ئەوەی لە دڵم دایە بیڵێم")و لەم جۆرە دەربڕینە ئاشکرایانەی هەڵوێست وتێڕوانینی ئەفلاتوون وەبەرچاو ناگرن. ئادام سەبارەت بەو رستەیەی هێناومانەتەوە بەم جۆرە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ (بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزەکەی لەسەر ٥٩٥b١١) :"ئەفلاتوون بە هەست و سۆزێکی ڕاستەقینەوە دەئاخڤێت." بەڵام من پێموایە وتەکەی ئەفلاتوون شایەتێکە لەسەر ئەو میتۆدەی کە بەزۆری لە کۆماردا بەکاری دەهێنێت، واتە سەرەتا هەقێك بە هەستوسۆزی خوێنەر دەدات (بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، بە تایبەتی بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی٦٥)و پاشان هێرش دەکاتە سەر مانا مرۆیی و مرۆڤدۆستەکان.

٤٠ـ سەبارەت بە سانسۆرێکی وشك لە پێناو دروستکردنی دیسیپلینی چینایەتی، بگەڕێنەوە بۆ ٣٧٧eو بەتایبەتی ٣٧٨c، کە تێیدا وتراوە :"ئەوانەی بڕیار وایە ببن بە زێرەڤانی شارەکەمان دەبێ ئەوە وەك زیانمەندترین تاوان لێکبدەنەوە کە بە ئاسانی لەگەڵ یەکتردا بکەونە شەڕو کێشەوە." سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەفلاتوون لەکاتی دەربڕینی تیۆرەکەی خۆی لەمەڕ سانسۆر (٣٧٦e بەدواوە)، خێرا ئەم پرەنسیپە سیاسییە بەیان ناکات، بەڵکو سەرەتا تەنیا باسی ڕاستی و جوانی و شتیتر دەکات. لە ٥٩٥a، بەتایبەتی ٦٠٥a/b، سانسۆر لە جارانیش تۆکمەتر دەبێت (بگەڕێنەوە بۆ دوایین یادداشت و بەشی حەوتەم، یادداشتەکانی١٨ تا٢٠و بابەتی پەیوەست لەدەقەکەدا). لەهەمبەر گرنگی سانسۆر لەکۆماردا، بگەڕێنەوە بۆ ٨٠١c/d لەم دیالۆگ ویادداشتەکانی دواتر. ئەفلاتوون ئەو پرەنسیپەی لەیاد دەچێت کە خۆی بڕوای پێی هەیە (کۆمار، ٤١٠c ـ٤١٢b، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٣٦ لەم بەشەدا) کە دەبێ موسیقا توخمی نەرم بە هەڵاواردنی لە توخمی دڕندە و توندوتیژ، لە سروشتی مرۆڤدا بەهێز بکات، لە

51. prodicus



٣٩٩a لایەنگری لەو جۆرە مقامە موسیقیانە دەکات کە پیاوەکان نەرم ونیان ناکەن، بەڵکو "شایستەی جەنگاوەرەکانە." هەروەها هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی٤١(٢). دەبێ ئاگادار بن کە ئەفلاتوون ئەو پرەنسیپەی لە بیر نەچووە کە پێشتر جاڕیداوە، تەنیا ئەو پرەنسیپەی لەیاد چووە کە باسەکەی لێدەکەوێتەوە.

٤١(١) سەباەت بە هەڵوێست و تێڕوانینی ئەفلاتوون لەمەڕ میوزیك نەخاسمە مۆسیقا بە مانا تایبەتیەکەی، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٣٩٧b بەدواوە، ٣٩٨e بەدواوە، ٤٠٠a بەدواوە، ٤١٠bبەدواوە، ٤٢٤bبەدواوە، ٥٤٦d، ویاساکان، ٦٥٧e بەدواوە، ٦٧٣a، ٧٠٠b بەدواوە، ٧٩٨d بەدواوە، ٨٠١d بەدواوە، ٨٠٢b بەدواوە، ٨١٦c. هەڵوێستی بنەڕەتی ئەفلاتوون ئەوەیەکە "دەبێ لە مۆسیقادا خۆ لە گۆڕانکاری ببوێرین، ئەم کارە هەمووی شتێك دەخاتە مەترسییەوە" چونکە "هەرچەشنە گۆڕانێك لە شێوازی مۆسیقا، گۆڕانی هەموو دەزگاکانی سەرانسەری دەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. دامۆن[52] وادەڵێت و من بڕوا بە قسەکەی دەکەم." (کۆمار، ٤٢٤c). ئەفلاتوون وەك هەمیشە، ئسپارت سەر نموونەیەتی. ئادام ئێژێ: "پەیوەندی لە نێوان گۆڕان لە مۆسیقاو گۆڕانکاری سیاسی... بە زۆری لە سەرتاسەری یۆناندا ناسرابوو، **بە تایبەتی لە ئسپارت**... کە لەوێ دەستیان بەسەر چەنگ (لیر یان لورا)ەکەی تیمۆتیوسیان[53] داگرت، چونکە چوار ژێی پێوە زیادکردبوو." (ئادام، هەمان کتێب، بەرگی١، ل٢١٦، پەراوێزی ٤٢٤c٢٠، تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە، هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك ئەو گەڕانەوانەی خواستویەتی). هیچ گومانی تێدانییە کە شێوازی کردەوەی ئسپارتەکان سەرچاوەی ئیلهامی ئەفلاتون بووە، بەڵام ئەوەکە ئەم شێوازە لە سەرتاسەری یۆنان لە لایەن هەمووانەوە ناسراو بووبێت، بەتایبەتی لە ئەسینای سەردەمی پریکلیس، ئەوا ئەمە لە ڕادە بەدەر دوورە. (هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ بڕگەی(٢)ی ئەم یادداشتە.)

(٢) لەدەقەکەدا، هەڵوێستی ئەفلاتوونم سەبارەت بە مۆسیقا بە خورافی و دواکەوتووانە ناوزەد کردووە "بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ ڕەخنەی ڕۆشن بینانە تری یەکێك لە هاوسەردەمەکانیدا بەراوردی بکەن." ڕەخنەی نێوبراو هی نووسەرێکی نادیارە، کە ڕەنگە یەکێك لە مۆسیقا زانەکانی سەدەی پێنجەم (یان سەرەتای سەدەی چوارەم)ی (بەر لەزایین)و

52. Damon
53. Timotheus

دانەری وتاری (ئەگەری ئەوە هەیە بۆ پێشکەشکردن لە پێشبڕکێیەکانی ئۆلۆمپی) بێت. ئەم وتارە ئێستا بە ناوی سێزدەهەمین پارچە ناسراوە لە کتێبەکەی گرنفێل و هانت[٥٤]. لەوانەیە یەکێك لەم مۆسیقازانە جۆراوجۆرانە بێت کە رەخنە لە سوقرات دەگرێت" (هەڵبەتە "سوقرات" بەو شێوەیەی کە لە کۆماری ئەفلاتووندا وێنەی کێشراوە). کە ئەرستۆ لە پارچەیەکی بەهەمان ڕادە خورافی لە سیاسەت (١٣٤٢b)دا کە تێیدا بەڵگەخوازییەکانی ئەفلاتوون دووپات دەکاتەوە) باسیان دەکات. بەڵام رەخنەی نووسەرە نادیارەکە زۆر زیاتر لەوەی ئەرستۆ دەیڵێت وێوەتر دەچێت. ئەفلاتوون (وئەرستۆ) لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە هەندێ لە مقامە مۆسیقییەکان، بۆ نموونە مقامە "نەرم وخاوە" ئیونیاییو لیدیایی، خەڵك سست وژنانە باردەهێنێت، ئەوە لەکاتێك دایە کە مقامەکانیتر، بەتایبەتی "دوری" دلێری و بوێریان پێدەبەخشێت. نووسەرە نادیارەکە هێرش دەکاتە سەر ئەم بۆچوونە و دەنووسێ: "ئێژن هەندێ لە مقامەکان خەڵکی میانڕۆ و لەخۆبردوو و هەندێکیتریان خەڵکانی دادپەروەر باردەهێنن“ بەشێك لە مقامەکان قارەمان و هەندێکی دیکەیان کەسانی ترسنۆك پەروەردە دەکەن، بیرمان دەخاتەوە کە هەندێ لە شەڕکەرترین هۆزەکانی یۆنان سوود لە هەندێ مقام وەردەگرن کە بەوە ناسراون تاکی ترسنۆك پەروەردە دەکات وهەندێ لە گۆرانی بێژە پیشەکارەکانی (ئۆپێرا) بە پێی عادەت بە مقامی "قارەمانی" گۆرانی دەچڕن بێ ئەوەی هەرگیز هێمایەك لە قارەمان بوون لە خۆیان پێشانبدەن. ئەو بەم جۆرەو بە زیرەکی پەردە لەسەر ئەم بیروبۆچوونە هەڵدەماڵێت. رەنگە ئامانجی ئەم رەخنەیە مۆسیقازانەکانی دامۆن بێت کە ئەفلاتوون زۆربەی کاتەکان وەك یەکێك لە ژێدەرەکان پشتی پێدەبەستێت. دامۆن یەکێك بوو لە هاوڕێکانی پریکلس (و پریکلس هێندە ئازادیخواز و بیرفراوان بوو کە بتوانێ تێڕوانینی لایەنگری ئسپارت لە بەستێنی رەخنەی هونەری تەحەمول بکات). لە لایەکیترەوە، بە ئاسانی رێی تێدەچێت کە رەخنەکە ئاراستەی خودی ئەفلاتوون کرابێت. سەبارەت بە دامۆن، بگەڕێنەوە بۆ دیلس (چاپی پێنجەم)، بۆ ئاگاداری لەمەڕ ئەو گریمانەی سەبارەت بەم نووسەرە نادیارە خراوەتە ڕوو، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێب، بەرگی٢، ل٣٣٤، پەراوێز.

(٣) بە وەبەرچاوگرتنی ئەو هێرشەی کردوومەتە سەر هەڵوێستی "کۆنەپەرستانە" لەهەمبەر مۆسیقا، رەنگە جێگای خۆی بێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە پەلامارەکەم بە

54. Grenfell and Hunt, the Hibeh papyri, 1906, pp. 45 ff.



هیچ چەشنێك ئیلهامی لە لایەنگری تاکەکەسی بۆ "پێشکەوتن" لە مۆسیقا وەرنەگرتووە. بەڕاستی من حەزم لە مۆسیقای کۆنە (چەندی کۆن بێت باشترە)و بەتوندی لە مۆسیقای نوێ بێزارم (بەتایبەتی لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی کە پاش ئەوەی واگنەر دەستیکرد بە ئاوازدانان، دانراون). من بە تەواوی دژی "فۆتۆریزم[٥٥]"م ـ جا چ لە هونەردا بێت یان لە ئەخلاق (بەراوردی بکەن بە بەشی بیست و دووەم و بەشی بیست وپێنجەم، یادداشتی١٩). بەڵام دژی سەپاندنی ئەوەم کە تاکێك لە رووی زەوقی خۆیەوە پەسندیدەکات یان پەسندیناکات و دژی سانسۆرم لەم بوارانەدا. دەتوانم، بە تایبەتی لە سنووری هونەردا، حەزم لێبێت یان لێی بێزاربم بێ ئەوەی بۆ یاساغکردن و سەرکوتکردنی ئەو شتەی لێی بێزارم و پیرۆزی بەخشین بەوەی حەزم لێیەتی، لایەنگری لە هەنگاو و کردەوەی یاسایی بکەم.

٤٢ـ کۆمار، ٤٦٦e ـ٤٦٧e و٥٣٧a.

وەسفی پەروەدە و فێرکردنی تۆتالیتێری نوێ هی کتێبێکە بەناوی "**شەڕ لەگەڵ رۆژئاوا**[٥٦]"

٤٣ـ تیۆری سەرنجڕاکێشی ئەفلاتوون لەهەمبەر ئەوەکە دەوڵەت، واتە دەسەڵاتی سیاسی چەقبەستوو و رێکخراو، لە داگیرکاری (واتە زاڵبوونی کۆچەرەکان یان نێچیرڤانەکان بەسەر دانیشتوانی جێگیر و سەقامگرتوو و وەرزێر) سەرچاوە دەگرێ، تا ئەو جێگایەی من شارەزاییم هەیە یەکەمین جار (ئەگەر هەندێ لە وتەکانی میکاڤیلی بەلاوە بنێین) لە قۆناغەکانی دواتر لە لایەن هیومەوە وێڕای رەخنەکانی لە گێڕانەوەی مێژوویی تیۆری پەیمانی (کۆمەڵایەتی)، سەر لەنوێ کەشفکرایەوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ وتاری دوازدەهەم، **لەمەڕ پەیمانی سەرەکی**، لەبەرگێکدا لە ژێر ناوی **وتاری ئەخلاقی و سیاسی و ئەدەبی**، بەرهەمی هیوم[٥٧]، (کە تێیدا

٥٥. Futurism " ناونیشانی قوتابخانەیەکی ئیتالی لەهونەر و مۆسیقا و ئەدەبیاتدا کە لە ساڵی ١٩٠٩ تا ١٩١٥ برەوی هەبوو و خەسڵەتە سەرەکییەکانی بەلاوەنانی نەریت و رێورەسمی باو و هەوڵدانی پەیڕەوکارانی بۆ وێنەکێشانی جوڵە و جۆش و خرۆشی تایبەتی ژیانی سەدەی بیستەم بوو... فۆتۆریستەکان... ستایشی مەترسی، جەنگ و چەرخی ماشینیان دەکرد و لانیکەم لەرووی تێورییەوە لەگەڵ گەشە و پەرەسەندنی فاشیزمدا کۆك بوون. لە دایرە المعارف فارسییەوە.

56. A. Kolnai, the war Against the west (1938), p. 318.
57. David Hume, Essays: Moral, political, and literary, vol. II, 1752, Essay XII, of the original contract.

دەڵێت) :"دەتوانین بڵێین هەموو حکوومەتە هەنووکەییەکان کە ئێستا هەن، یان ئەو حکوومەتانەی کە هەرچەشنە بەڵگەنامەیەکی مێژووییان لێماوەتەوە، لەبنەڕەتدا لە سەر بناغەی دەست بەسەراگرتن یان داگیرکاری یان هەردووکیان دامەزراون..." هیوم بیرمان دەخاتەوە کە "بۆ پیاوێکی فێلباز و بوێر... بە زۆری ئاسانە... هەندێجار بە پەنابردنە بەر توندوتیژی و هەندێ جار هەڵخەڵەتاندن، بەسەر خەڵکانێکدا زاڵبێت کە لەرووی ژمارەوە سەد بەرابەری لایەنگرەکانی ئەون... گەلێ لەحکوومەتەکان بەم جۆرە فرتوفێڵ و هەڵخەڵەتاندنە بونیات نراون، وهەموو ئەو **پەیمانە سەرەکییە** کە ئەو هەموو خۆی پێوە ڕادەنێن، هەر ئەمەندەیە." ئەم تیۆرە دواتر لە کتێبی **نەتەوە چییە**؟ نووسینی ڕێنان[٥٨] و **جینالۆژیای ئەخلاق**[٥٩] بەرهەمی نیچە (چاپی سێیەمی ئەڵمانی، ١٨٩٤، ل٩٨)دا زیندووکرایەوە. نیچە (بەبێ ئاماژەکردن بە هیوم) سەبارەت بە چاوگی "دەوڵەت" دەنووسێت :"لەشکرێ لە دڕندی مووزێڕین، نژادی سەروەر و داگیرکار و بە ڕێکخستنێکی جەنگییەوە... کۆمەڵێك دەخاتە ژێر پەنجەی ترسناك وقورسی خۆیەوە کە ڕەنگە ـ لە رووی ژمارەوە ـ ژمارەیان یەکجار زۆر زیاتر بێت...بەم چەشنەیە کە "دەوڵەت" لەسەر پانتایی زەوی سەرهەڵدەدات، بە بڕوای من، ئەو هەستوسۆزە بازاڕی و بەردەستەی مۆڵەتی ئەوە دەدات (دەوڵەت)لە "پەیمان"ەوە سەرچاوە بگرێت، مردووە." ئەم تیۆرە لای نیچە پەسندە چونکە ئەو دڕندە مووزێڕینەکانی قبووڵە. بەڵام لە قۆناغەکانی پاشتردا هەندێ کەسی وەك ئوپێنهایمەر لەکتێبێکدا بەناوی **دەوڵەت**[٦٠] و مێك لاود لەنووسینێکدا لەژێر نێوی چاوگ ومێژووی سیاسەت[٦١] و مارکسیستێکی وەك کاوتسکی لە ڕاڤەی ماتریالیستی بۆ مێژوو[٦٢] ـ شدا هەر ئەم تیۆرەیان خستۆتەڕوو. پێموایە زۆر ڕاستە ئەگەر نەڵێم لە هەموویاندا، لانی کەم لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، شتێکی هاوچەشنی ئەوەی ئەفلاتوون وهیوم ونیچە وەسفیان کردووە روویداوە. هەڵبەتە مەبەستم "دەوڵەتە" تەنیا بە مانای دەسەڵاتی ڕێکخراو و چەقبەستووی سیاسی.

لێرەدا ئەمەش جێگای تێڕوانینە کە تۆین بێ تیۆرێکی زۆر جیاوازی هەیە. بەڵام بەر لەوەی هەوڵی تاوتوێکردنی بدەم، گەرەکمە ئەوە روون بکەمەوە کە لە روانگەی دژە مێژووگەراییەوە،

58. E. Renan, what is a Nation? (1882).
59. Genealogy of Moral.
60. F. Oppenheimer, The state, trans. Gittermann (1914), p. 68.
61. W.C. Macleod, the origin and history of politics,1931.
62. K. Kautsky, The Materialist interpretation of history.



پرسە کە خودان گرنگییەکی ئەوتۆ نییە. ڕەنگە لە خودی خۆیدا سەرنجڕاکێش بێت لەوە بڕوانین "دەوڵەتەکان" چۆن سەریان هەڵداوە بەڵام ئەمە بە هیچ چەشنێك کاریگەری لەسەر کۆمەڵناسی دەوڵەتەکان ـ بەو مانایەی لە هزری من دایە، واتە تەکنەلۆژیای سیاسی ـ نییە (بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم ونۆیەم وبیست وچوارەم).

تۆین بێ تیۆرەکەی خۆی لە سنووری "دەوڵەتەکان" بە مانای دەسەڵاتی چەقبەستوو وڕێکخراوی سیاسیدا بەرتەسك ناکاتەوە، بەڵکو لەجیاتی ئەمە، باسی "چاوگی شارستانییەتەکان" دەکات. وەلێ کێشەکە هەر لێرەوە دەستپێدەکات چونکە هەندێ لە "شارستانییەکانی" ئەو دەوڵەتن، هەندێکیان گرووپ یان زنجیرەیەك لە دەوڵەتەکانن وبەشێکیتریان کۆمەڵگای وەك کۆمەڵگای ئیسکیموەکانن کە دەوڵەت نین. ئەگەر دڕدۆنگی لەسەر ئەوە هەبێت کە هەموو "دەوڵەتەکان" بەپێی یەك تاکە گەلاڵە سەریان هەڵداوە، ئەوا گومانەکە زیاتر دەبێت کاتێ تووشی پۆلێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەبین وەك دەوڵەتەکانی میسر و میزۆپۆتامیا و دەزگاکانی تایبەت بەمانە لەلایەك و شێوازی ژیانی ئیسکیموەکان لە لایەکیترەوە.

بەڵام چاکتر وایە بچینە سەر شیکردنەوە و وەسفی تۆین بی بۆ چاوگی "شارستانیەتەکانی" میسرو میزۆپۆتامیا (**خوێندنەویەك بۆ مێژوو**، بەرگی١، ل٣٠٥ بەدواوە). تیۆرەکەی بەم جۆرەیە کە ئەو کێشە و گرفتانەی سەرچاوەکەیان بۆ ژینگەی جەنگەڵی دەگەڕێتەوە، دژەکردەوە یان بەرسڤێك لە ڕێبەرە داهێنەر و زیرەك و چاونەترسەکاندا دەورووژێنێ و ئەمانە پەیرەوکارەکانی خۆیان بەرەو دۆڵ وپێدەشتەکان دەبن و لەوێ خەریکی کشتوکاڵ دەبن و دەوڵەت دادەمەزرێنن. ئەم تیۆرە (هیگڵی وبرگسۆنی)یە کە بلیمەتە داهێنەرەکان بە پێشەوای کەلتووری و سیاسی لەقەڵەم دەدات، بەڕای من لە ڕادەبەدەر ڕۆمانتیکە. ئەگەر گەرەکمان بێت میسر بێنینە بەرچاوی خۆمان، دەبێ سەرەتا بەدوای چاوگی سیستەمی "کاستەکاندا" بگەڕێین کە من پێموایە، ئەگەری زۆری هەیە دەرئەنجامی داگیرکارییەکان بووبێت. هەروەك چۆن لەهیندستان هەموو شەپۆلێکی نوێی داگیرکارەکان "کاستێکی" نوێی بە "کاستە" کۆنەکانەوە زیاد دەکرد. هەندێ هۆکاریتریش لەئارادان. تۆین بی ئەم تیۆرە تاڕادەیەك ڕاستە زیاتر پەسنددەکات کە زۆرکردن، و بە تایبەتی ڕاهێنانی گیانلەبەرەکان، قۆناغی دواتر و پێشکەوتووتر و دژوارترە لە ڕەوتی گەشە و پەرەسەندندا نەك کشتوکاڵی رووت، ئەو کەسانەی

ئەم هەنگاوە پێشکەوتووانەیان هاویشتووە کۆچەرە ئستیپیەکان بوونە. وەلێ لە میسردا تووشی کشتوکاڵ و زۆرکردنی گیانلەبەرەکان دەبینەوە و ئەم دۆخە لە زۆربەی "دەوڵەتە" کۆنەکان (بەڵام تا ئەو جێگایەی بەردەستی من کەوتووە، نەك هەموو دەوڵەتەکانی کیشوەری ئەمریکا)دا راستە. پێدەچێت ئەمە نیشانەی ئەوە بێت کە ئەم دەوڵەتانە توخمی کۆچەریش لەخۆ دەگرن وئاساییە کە گریمانەی ئەوە بکات کە ئەم توخمە سەرچاوەکەی بۆ داسەپاندنی حکوومەتی پەلاماردەرە کۆچەرەکان ـ واتە حکوومەتێك کە لەسەر بنەمای "کاست" دامەزراوە ـ بەسەر دانیشتوانی سەرەکی و وەرزێر، دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە پێچەوانەی بانگەشەی تۆین بی‌یە. (هەمان کتێب، بەرگی٣، ل١٢ بەدواوە) کە ئێژێ ئەو دەوڵەتانەی کە لەلایەن کۆچەرەکانەوە دروستکراون گەلێ زوو دەژاکێن و لەناو دەچن. بەڵام دەبێ ئەم راستییەش کە گەلێ لەو دەوڵەتە بەراییانەی کە لەسەر بناغەی "کاست" دامەزرابوون، دەستیان بۆ زۆرکردن و پەروەردەکردنی گیانلەبەرەکان دەبرد، بەجۆرێك لە جۆرەکان شرۆڤە بکرێ. ئەم بۆچوونە کە چینە بەرزەکان لەبنەڕەتدا لە کۆچەرەکان یان تەنانەت نێچیرڤانەکان پێکدەهاتن، بە وەبەرچاوگرتنی نەریتە دێرینەکان و نەریتە هەنووکەییەکان کە بەپێی ئەمانە جەنگ وڕاو و ئەسپ، سیمبۆلی چینی خۆشگوزەرانە، داکۆکی لێدەکرێت. هەروەك ڤبلن[٦٣] و تۆین بی دەریانخستووە، ئەم نەریتانە بنچینەی زانستی ئەخلاق و زانستی سیاسەتی ئەرستۆ پێکدێنن وهێشتاش زیندوون. دەتوانین بیروباوەڕی پەروەردەکارانەی گیانلەبەران بە رەگەزپەرستی و بەتایبەتی باشتربوونی رەگەزی چینی بەرز بەم بەڵگانەوە زیاد بکەین. دووەم لایەنی ئەم بیروباوەڕە کە زۆر لە نووسینەکانی ئەفلاتوون وئەرستۆ و ئەو دەوڵەتانەی لەسەر بنەمای "کاست" دامەزراون، سەرنج رادەکێشن، بۆ بۆچوونی تۆین بی "یەکێکە... لە گوناهەکانی سەردەمی ئێستای ئێمە(و) لەگەڵ سروشت و زەوقی هێلینیدا نامۆیە" (هەمان کتێب، بەرگی٣، ل٩٣). بەڵام سەرەڕای ئەوەکە رەنگە گەلێ لە یۆنانییە کۆنەکان گەیشتبووبێتنە پلەیەکی گەشەی ئەوتۆ کە لە رەگەزپەرستی تێپەرن، رەنگە تیۆرەکانی ئەفلاتوون وئەرستۆ لەسەر بنەمای نەریتە کۆنەکان دامەزرابێت، بەتایبەتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە وێناو بیروبۆچوونی رەگەزی رۆڵێکی وەها گرنگیان لەئسپارتدا گێڕاوە.

٤٤ـ بەراوردی بکەن بە یاساکان، ٦٩٤a ـ٦٩٨a.

63. T.Veblen,The Theory of the leisure class.



٤٥ـ(١) بەبڕوای من نابێ دارمانی رۆژئاوای شپنگلەر بەجدی وەربگرین، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم کتێبە نیشانەیەکە، تیۆری کەسێکە باوەڕی بە چینی بەرزترە، ئەوە لە کاتێك دایە کە ئەم چینە تووشی نووشوستی هاتووە. شپنگلەریش هەروەك ئەفلاتوون هەوڵدەدات دەریبخات کە سووچەکە هی جیهان ویاسای گشتی دارمان و مەرگە و (لەنووسینێکدا لەژێرناوی پرۆسگەرایی و سۆسیالیزم[٦٤] کە وەك درێژەی کتێبەکەی پێشوویەتی) وەك ئەفلاتوون خوازیاری سیستەمێکی نوێ یان تاقیکردنەوەیەکی نائومێدانەیە بۆ پێشگرتن لە هێزەکانی مێژوو وسەرهەڵدانی رۆحێکی نوێ لە چینی دەسەڵاتداری پروسیایی لە رێگەی هەڵبژاردنی جۆرێك "سۆسیالیزم" یان کۆمۆنیزم و روونکردنەوەی خۆپارێزی و ریازەت. سەبارەت بە شپنگلەر، من زیاتر لەگەڵ نێلسۆن[٦٥]دا هاوڕام کە دەتوانین دەستپێکی ناونیشانە درێژ و تەنزئامێزە رەخنەیەکەی لە نووسینەکەی شپنگلەر بەم جۆرە وەربگێڕین: "سێحربازی : ئاشنابوون لەگەڵ رازی هونەری بەختگرتنەوەی شوالد شپنگلەر و ئەرگۆمێنتی لەڕادەبەدەر بەڵگەنەویستی حەقیقەتی بێ ئەملاوئەولای فاڵگرتنەوەکەی"، تاد.

پێموایە ئەم ناونیشانە وەسفێکی عادیلانەی ئەو بێت. خراپ نییە ئەوەش زیادبکەم کە نێڵسۆن لە یەکەمین کەسەکان بوو دژی ئەو شتەی من (بە پەیرەویکردن لە کانت لەرەخنەگرتنەکانیدا لە هێردێر[٦٦]) بە مێژووگەرایی ناوزەدم کردووە راوەستا.

(٢) مەبەستم لەو قسەیە کە پەرتووکەکەی شپنگلەر دواین نووسینی چیرۆکی **دارمان و کەوتن** نییە، ئاماژەکردنە بە تۆین بی. کارەکەی تۆین بی بە ڕادەیەك لەکاری شپنگلەر باشترە کە گومانم هەیە دەبێ لەهەمان پانتاییدا تیشکی بخرێتە سەر، بەڵام ئەم باشتر بوونە بەشێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی بۆ گەنجینەی هزر و بۆچوونەکانی تۆین بی و مەعریفە بەرزەکەی دەگەڕێتەوە (هەروەك چۆن وەکی شپنگلەر، بە یەکجار خەریکی هەموو شتێکی دونیا نابێت). لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئامانج ومیتۆدی توێژینەوەکە وەك یەك و بێگومان بنبڕ و مێژووگەرایانە (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ رەخنەکانی من لە تۆین بی **لە هەژاری مێژووییەتی**، ل١١٠) و لەبنەڕەتدا هیگڵییە (هەرچەندە بەبۆچوونیمن تۆین بی ئاگای لەم خاڵە نییە). ئەم شتە لە "پێوەرەکەی بۆ هەڵسەنگاندنی "گەشەی شارستانییەتەکان" بەدەردەکەوێت کە بریتییە

64. Prussianism and socialism.
65. L. Nelson
66. J.G. Herder

لە "پێشڤەچوون بەرەو وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان" و دەتوانین بەباشی یاسای هیگڵی پێشکەوتن بە ئاراستەی "خودئاگایی" و "ئازادی" بناسینەوە. (پێدەچێت هیگڵیانیزمی تۆین بی بەجۆرێك لە جۆرەکان لە ڕێگەی برادلی[٦٧] گەیشتبێتە ئەو، هەروەك چۆن بۆ نموونە، لە وتەکانی لەهەمبەر ڕێژەکانەوە بەدیار دەکەوێت :"چەمکی "ڕێژە"[٦٨]ی نێوان "شتەکان" یان "بوونەوەرەکان"، دژایەتییەکی لۆژیکی بەدوای خۆیدا دێنێت... چۆن دەتوانین لەم دژایەتییە تێپەرین؟" (هەمان کتێب، بەرگی٣، ل٢٢٣). لێرەدا ناتوانم بچمە سەرباسی کێشەی ڕێژەکان. هەر هێندە بەشێوەیەکی دۆگم دەڵێم دەتوانین هەموو پرسەکانی تایبەت بەرێژەکان لەرێگەی هەندێ لە میتۆدەکانی لۆژیکی نوێ بۆ پرسی تایبەت بە تایبەتمەندی یان پۆلەکان بگۆڕین، بەجۆرێکیتر، دژوارییەکی فەلسەفی تایبەت لەهەمبەر ڕێژەکان بوونی نییە. ئەو میتۆدەی ئاماژەمان بۆکرد هی وینێر[٦٩]و کوراتوسکی[٧٠]ـە[٧١].

هەڵبەتە لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە کاتێ بەرهەمێك پۆلێن دەکەین ودەیخەینە پاڵ قوتابخانەیەکی تایبەتییەوە ئەوە بەو مانایەیە کە دەبێ هیچ گرنگییەکی پێنەدەین، بەڵام پێموایە سەبارەت بە مێژووگەرایی هیگڵی بەم جۆرەیە، لەبەر هەندێ هۆ کە دواتر لەم کتێبەدا باسیان دەکەین. لەهەمبەر ڕێبازی مێژووگەرایی تۆین بی، گەرەکمە ئەم خاڵە زۆر روون وئاشکرا بێت کە گەلێ گومانم لەوە هەیە کە شارستانیەتەکان لەدایکدەبن، گەشەدەکەن، دادەڕووخێن ودەمرن. دەبێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەم چونکە خۆشم هەندێ لە زاراوەکانی تۆین بی بەکاردەهێنم و لەمەر "داڕووخان" و "وەستاندن"ی کۆمەڵگا دەدوێم. بەڵام دەمهەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە زاراوەی "داڕووخان" بەو چەشنەی من دەکاری دێنم، بۆ هەموو جۆرە ژیارێك بەکارناهێنرێت بەڵکو بۆ دیاردەیەکی تایبەت دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە هەستی سەرلێشێواوی پەیوەست بە هەڵوەشانەوە و تێك تەپینی "کۆمەڵگای داخراوی" جادویی یان خێڵەکی. لەم رووەوە، بە پێچەوانەی تۆین بی، پێموانییە کە کۆمەڵگای یۆنانی لەسەردەمی جەنگی پلۆپۆنیزی تووشی "داڕووخان" هات، بەڵکو نیشانەکانی ئەو داڕووخانەی تۆین بی باسیان دەکات، زۆر پێشتر لەمە دەبینم. (بەراوردی بکەم لەگەڵ بەشی دەیەم، یادداشتەکانی٦ و٨ی بابەتەکانی پەیوەست

67. F.H. Bradley
68. Relations
69. N. Wiener
70. K. Kuratowski
71. W. Van O. Quine, A system of logistic, 1934, pp. 16ff.



بەمە لەدەقەکەدا). سەبارەت بە کۆمەڵگا "وەستاوەکان"، ئەم زاراوەیە تەنیا بۆ کۆمەڵگایەك بەکاردەهێنم کە بە تۆبزی دەرگاکان بەرووی نفوز و کاریگەری "کۆمەڵگای کراوە"دا دادەخات و بەلایەنە سیحراوییەکانی خۆیەوە دەچەسپێت، یان بۆ ئەو کۆمەڵگایەی هەوڵدەدات بۆ قەفەزی خێڵ بگەڕێنەوە.

جگە لەمە، لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە ژیاری ڕۆژئاوا نموونەیەکی تاقانەی جۆرێکی گشتی بێت. پێموایە گەلێ کۆمەڵگای داخراو بوونیان هەیە کە ڕەنگە تووشی هەموو چەشنە چارەنووسێك بێن، بەڵام بەبۆچوونی من، تەنیا "کۆمەڵگای کراوە" دەتوانێت بەرەو پێش بچێت یان بوەستێنرێت و بە تۆبزی بۆ نێو قەفەز ـ واتە بۆ نێو دڕندەکان ـ بگەڕێندرێتەوە. (هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك بەشی دەیەم، بەتایبەتی دواین یادداشت.)

(٣) لەمەڕ داستانەکانی داڕمان وکەوتن، ئەم خاڵە شایانی ئاماژە پێکردنە کە دەتوانین بڵێین هەموو ئەم حیکایەتانە کاریگەری وتەکەی هێراکلیتوس ـ"وەك چوارپێیان ورگیان دەئاخنن"ـ و تیۆرەکەی ئەفلاتوون سەبارەت بە غەریزەی پووچی ئاژەڵییان لەسەرە. مەبەستم ئەوەنییە کە ئەم داستانانە هەموویان گەرەکیانە پێشانیبدەن کە داڕووخان، سەرچاوەکەی بۆ هەڵبژاردنی ئەم تێورە "پووچانە" دەگەڕێتەوە (کە لە لایەن چینی دەسەڵاتدارەوە دیاری دەکرێن)ـ ئەو پێوەرانە بانگەشەی ئەوەیان بۆ دەکرێت بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش، سروشتییە. بەجۆرێکیتر، بۆ ئەوەی بابەتەکەم بە شێوەیەکی نانۆرماڵ بەڵام ساف وسادە دەربڕیبێت، تیۆرەکە گەرەکیەتی بێژێ شارستانیەتەکانی وەك ژیاری ئێران و ڕۆم بەهۆی زۆر خواردن تووشی داڕووخان هاتن. (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دەیەم، یادداشتی١٩).

## بەشی پێنجەم

١ـ زاراوەی "بازنەی ئەفسووناوی" لە کتێبی بورنێت[١] وەرگیراوە کە نووسەر لەم پەرتووکەدا پرسێکی هاوچەشنی ئەمە تاوتوێدەکات. بەڵام من لەگەڵ بورنێتدا هاوڕانیم کە "لە سەردەمە بەراییەکاندا، سیستەمی ژیانی مرۆیی زۆر روونتر دەرك دەکرا نەك رەوتی هەمواری سروشت" چونکە ئەمە پێویستی بە تۆماربوونی جیاوازیگەلێکە کە بە بڕوای من یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکانی دواتر، واتە قۆناغی لەبەریەك هەڵوەشانی "بازنەی ئەفسووناوی یاسا و نەریتەکان". جگە لەمە، سوورە سروشتییەکان (واتە وەرزەکان وشتیتر) دەبووایە لەسەردەمە زۆر سەرەتاییەکانەوە دەرك کرابێتن (هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ بەشی دووەم، یادداشتی٦و ئیپنۆمیس[٢] نووسینی ئەفلاتوون (؟)،٩٧٨d بەدواوە). سەبارەت بە جیاوازی نێوان یاسا سروشتی و نۆڕم داڕێژەکان، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٨(٤) لەم بەشەدا.

٢ـ * بەراوردی بکەن لەگەڵ نووسینەکەی ئایسلەر، زانستی پاشایانەی ئەستێرە ناسینی[٣]. ئایسلەر دبێژێ "کەڤاڵ نووسە بابلییەکان کە کتێبخانەی ئاشوور بانیپاڵیان دروستکرد" تایبەتمەندییەکانی جوولەی هەسارەکانیان بەم جۆرە راڤەدەکرد کە "لە لایەن 'یاساکان' یان 'بڕیارەکانی' باڵادەستی سەر 'ئاسمان وزەوی'. (pirishte shame u irsiti) بڕیاریان لەسەر دراوە کە ژڵاێی خواوەندی خولقێنەرەوە لە سەرەتاوە جارِ دارابوو." (هەمان کتێب،ل٢٣٢، ل٢٨٨) هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە (هەمان کتێب، ل٢٨٨) کە وێنای "یاسا گشتییەکانی" (سروشت) سەرچاوەکەیان بۆ ئەم "تێگەیشتنە... ئەفسانەیەیی (فەرمانەکانی ئاسمان وزەوی) دەگەڕێتەوە...)*

1. J. Burnet, Early Greek philosophy, I, 106.
2. Epinomis
3. R. Eisler, the Royal Art of Astrology



سەبارەت بە پارچە خواستراوەکەی هێراکلیتوس بگەڕێنەوە بۆ د(٥)، ب ٢٩و بەشی دووەم، یادداشتی٧(٢)و هەروەها یادداشتی٦ لەم بەشە و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پێیەوە لەدەقەکەدا. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی بورنێت، هەمان شوێن، کە راڤەیەکی دیکەی تێدا خراوەتە ڕوو بورنێت پێیوایە کە "کاتێ تێڕوانین لە ڕەوتی رێك و پێکی سروشت دەستپێکرد، ناوێکی باشتر لە هەق یان دادپەروەری[٤] بۆ نەدۆزرایەوە...و ئەمە بەتایبەتی بە مانای نەریتێکی نەگۆڕ بوو کە ژیانی مرۆڤی رێنوێنی دەکرد." بەڵام من لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە ئەم زاراوەیە سەرەتا بە واتای شتێکی کۆمەڵایەتی بووبێت، پاشان گشتییەتی پێدرابێت، بەڵکو پێموایە کە رێکی کۆمەڵایەتی و رێکی سروشتی (یان"سیستەم") لە بنچینەدا لە یەکتر جیانەدەکرانەوە و هەردووکیان بە شێوەیەکی جادوویی راڤە دەکران.

٣ـ ئەم بەرانبەرێتییە (بەرهەڵستییە) هەندێ جار بە شێوەی بەرانبەرێتی نێوان "سروشت" و"یاسا" (یان "نۆڕم" یان "داب" بەیان دەکرێت و هەندێ کەڕەتیش وەك بەرانبەرێتی نێوان "سروشت" و"دانان" یان "دارشتن" یان "بڕیار لەسەردان" (واتە یاسا نۆڕم داڕێژەکان)و هەندێ جاریش وەك بەرانبەرێتی نێوان "سروشت" و"چێکراو" یان"سروشتی" و"دەستکرد".

بەگشتی دەڵێن[٥] ئانتی تێزی[٦] نێوان سروشت و داب لە لایەن ئارخە لایوسەوە[٧] هێنراوە کە گۆیا مامۆستای سوقرات بووە. بەڵام من پێموایە ئەفلاتوون لە یاساکان (٦٩٠b) بەتەواوی ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو "شاعیرێکی خەڵکی تبس کە ناوی پینداروسە" بە داهێنەری ئەم ئانتی تێزە لەقەڵەمدەدات (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتگەلی ١٠ و٢٨ هەر لەم بەشەی ئێستادا). جگە لە پارچەکانی پینداروس (کە ئەفلاتوون ئاماژەیان بۆ دەکات، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ هێرۆدۆتوس[٨]) و هەندێ لە پەیڤەکانی هێرۆدۆتوس (هەمان شوێن)، یەکێك لە بەراییترین ژێدەرە جێماوەکان، هەندێ پارچەی ئانتیفۆنی سۆفیستە بەناوی <u>لەمەڕ راستییەوە</u>[٩] (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی١١ و١٢ هەر لەم بەشە)دا. بەپێی ئەوەی ئەفلاتوون لە دایالۆگی پرۆتاگۆراسدا دەیلێت، پێدەچێت هیپیاسی سۆفیستیش لەم جۆرە بیروبۆچوونانەدا پێشەنگ

4. Right or Justice
5. antithesis

٦. بە پشت بەستن بەوتەی : Diogenes Laertius, 11, 16& 4 : Doxogr. 546b

7. Archelaus
8. Herodotus, III, 38.
9. on Truth

بووبێت (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٣ هەر لەم بەشەدا). بەڵام وادیارە کاریگەرترین باس کە لە سەرەتای کارەکە لەمەڕ ئەم پرسەوە کراوە باسەکەی خۆدی پرۆتاگۆراسە، هەرچەندە لەوانەیە ئەو زاراوەی جیاوازی بەکارهێنابێت. (شایانی ئاماژە بۆکردنە کە دیموکریتوسیش ئەم ئانتی تێزەی تاوتوێ کردبوو و لەهەمبەر هەندێ "دەزگای" کۆمەڵایەتی وەك زمان بەکاری هێنابوو و ئەفلاتوونیش هەر ئەم ئیشەی لەکراتولوسدا کردووە، بۆ نموونە لە ٣٨٤e).

٤ـ بۆچوونێکی هاوچەشنی ئەمە لەکتێبی عیرفان ولۆژیک، پاژی "عیبادەتی سەربەستە پیاو[١٠]" بەرهەمی راسڵ، و هەروەها دوایین پاژی کتێبی شرینگتن لەژێرناوی مرۆڤ لەمەڕ سروشتی خۆیەوە[١١]، بەکار هاتووە.

٥ـ هەڵبەتە پۆزەتیڤیستەکان بەرسڤ دەدەنەوە کە لەبەر ئەوەی نۆرمەکان مانایان نییە، هەربۆیە ناتوانن لەو گوزارانەی دەربڕی فاکتەکانن دەرئەنجامگیرییان بکەین، بەڵام ئەمە تەنیا دەریدەخات کەئەوکەسانە(وەك ویتگنشتاین لە نامیلکەدا[١٢])، بە شێوەیەکی سەرەڕۆیانە "مانا" بەجۆرێك پێناسە دەکەن کە تەنیا ئەو گوزارانەی دەربڕی فاکتەکانن بە "مانادار"[١٣] ناوزەدبکرێن. (لەم بارەیەوە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، ل٨ بەدواوە و ل٢١). لە لایەکی‌ترەوە لایەنگرانی "کۆمەڵناسیگەرایی" تێدەکۆشن فەرمانەکان[١٤] وەك دەربڕینی هەستوسۆز، نۆرمەکان وەك خوو و پێوەر و نیشاندەرەکان وەك روانگەکان شرۆڤە بکەن. بەڵام هەروەك لەدەقەکەشدا روونم کردۆتەوە، خووگرتن بەدزی نەکردن ئەگەرچی خۆی فاکتێکە، بەڵام دەبێ جیاوازی دابنرێت لە نێوان فاکتێك و نۆرمە هاوجووتەکەی. لە بەستێنی **لۆژیکی نۆرمەکان**[١٥]، من لەگەڵ زۆربەی ئەو بۆچوونانە کۆکم کەلە کتێبەکەی منگێر[١٦]دا هاتووە. بەبڕوای من لە یەکەمین کەسەکانە کە گەشەی بە بنەماکانی لۆژیکی نۆرمەکان داوە. من ڕام وایە کە بێزاربوون لە داننان بەوەکە نۆرم گرنگن وناشێ بیانگۆڕینەوە، یەکێکە لە

10. Bertrand Russell, “A free Man’s worship”, Mysticism and logic.
11. C. Sherrington, Man on hid Nature.
١٢. Tractatus. مەبەست نامیلکەی **لۆژیکی ـ فەلسەفی** ویتگنشتاینە.
13. meaningful
14. meaningful
15. Logic of norms
16. K. Menger, Moral, will and weltgestaltung (1935)



سەرچاوە سەرەکییەکانی لاوازی هزری و لاوازییەکانی دیکە کە بازنە "پێشکەوتووترەکانی" سەردەمی ئێمە تووشی بوونە.

(٢) سەبارەت بەم بانگەشەیەی من کە محاڵە لە رستەیەك بۆ دەربڕینی فاکتێك، رستەیەك بۆ دەربڕینی نۆرم یان بڕیارێك دەربهێنین، پێویستە ئەم تێبینیانەی خوارەوەش زێدەبکەم. کاتێ هەوڵی تاوتوێکردنی پەیوەندی نێوان رستەکان و فاکتەکان دەدەین، پێ‌دەنێینە پانتاییەکەوە کە تارسکی[١٧]بە **واتاناسی** ناوزەدیدەکات (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی سێیەم،یادداشتی٢٩و بەشی هەشتەم، یادداشتی٢٣). یەکێك لە چەمکە بنەماییەکانی واتاناسی چەمکی **راست یان راستییە**[١٨]. هەروەك تارسکی پێشانیداوە رەنگە (لەنێو ئەوشتەی کارناپ بە سیستەمی **واتاناسی**[١٩] ناودێریدەکات) لەم دۆزەوە کە "بەڕێز الف وتوویەتی ناپلیۆن لە سێنت هێلن مردووە" هاوڕێ لەگەڵ هەواڵێکیتر کە ئەوەی بەڕێز الف وتی، **راستە**". دەرەنجامگیری دۆزێك بکەین وەك "ناپلیۆن لەسێنت هێلن مردووە". و ئەگەر زاراوەی "فاکت" بەم مانا بەرفراوانە بەکاربێنین کە بتوانین نەك هەر لەمەڕ فاکتەکان کە لە لایەن رستەوە وەسفدەکرێت، بەڵکو لەهەمبەر **ئەو فاکتەشەوە کە رستەی ناوبراو راستە** بدوێین، ئەوکات دەتوانین بێژین رەنگە دۆزێکی وەك "ناپلیۆن لە سێنت هێلن مردووە"ـ کە بەڕێز الف وەهای وتووە و قسەکەی راستە ـ دەرەنجامگیری بکەین). هیچ هۆیەك لە ئارادانییە کەهەر بەم پێودانگە لە سنووری نۆرمەکانیشدا بەرە و پێش نەچین. لەو حاڵەتەدا دەتوانین، هاوجووت لەگەڵ چەمکی راست یان راستی، چەمکی **رەوایی** یان **راست بوون**[٢٠]ی (نۆرمەکان) بێنینە ئاراوە. ئەمە بەو مانایە دەبێت کە دەتوانین نۆرمێکی دیاریکراو وەك "د" (لە بەشی واتاناسی نۆرمەکان) لەو رستەیەدا کە دەڵێت "د" رەوا یان راستە دەرەنجامگیری بکەین، یاخود بەجۆرێکی‌تر، نۆرم یان فەرمانی "دزی مەکە" بە هاوتای[٢١] ئەم وتەیە دەژمێردرێت کە "نۆرمی (دزی مەکە) رەوا یان راستە". (و دیسان، ئەگەر زاراوەی "فاکتەکان" بەو مانا بەرفراوانە بەکاربهێنین کە بتوانین سەبارەت **بەم فاکتە کە فلانە نۆرم رەوا یان راستە** قسەبکەین، ئەو کات دەتوانین دەرەنجامگیری فاکتەکان بکەین لە نۆرمەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە هیچ زیانێك بەراستی ئەو تێبینییانە

17. A. Tarski
18. Truth
19 Semantical system
20. Validity or rightness
21. equivalent

ناگەیەنێت کە لەدەقەکەدا خستوومەتە ڕوو، چونکە ئەوەی لەوێدا وتمان تەنیا سەروکاری لەتەك نەشیانی دەرەنجامگیری نۆرمەکان لە فاکتە دەروونناسی یان کۆمەڵناسی یان فاکتی هاوچەشنی ئەمان واتە ناواتاناسیەوە[٢٢] هەیە).

* لەم باسەی کە لەمەڕ ئەم پرسەوە کردم، سەبارەت بە نۆرم یان بڕیارەکان دوام بەڵام هەرگیز باسی **پێشنیارەکانم**[٢٣] نەکرد. پێشناری ئەوەی کە لەبەرانبەر ئەمەدا باسی "پێشنیارەکان"بکرێت هی ئێڵ.جی.ڕاسڵە، بگەڕێنەوە بۆ وتارەکەی لەژێر ناونیشانی "گوزارەکان وپێشنیارەکان" لە **کۆمەڵە کتێبی دەیەمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی فەلسەفە**[٢٤]. لەم وتارە گرنگەدا، هەواڵی فاکتەکان یان"گوزارەکان" لە پێشنیازی هەڵبژاردنی فلانە شێوازی ڕەفتار (یان فلانە سیاسەتی تایبەتی یان نۆرمی تایبەتی یان ئامانج و غایەتی تایبەتی هەڵاواردراوە)و ئەمانە ناوی "پێشنیار"یان بەسەر دابڕاوە. لایەنی باشی ئەم ناودانانە ئەوەیە کە، هەروەك هەموو دەزانن، دەتوانرێ سەبارەت بە **پێشنیارەکان توێژینەوە** ئەنجامبدرێت ئەوە لەکاتێك دایە کە روون نییە دەتوانین بەکامە مانا بڕیار یان نۆرمەکان بخەینە ژێر باسەوە و ئایا هەر لەبنەڕەتدا دەشێین کارێکی ئەوتۆ بکەین یان نا؟ کەواتە، کاتێ یەکێك لەمەڕ "نۆرمەکان" یان "بڕیارەکان" دەدوێت، ئەگەری ئەوە هەیە داکۆکی لەوکەسانە بکات کە دەڵێن ئەم شتانە دەکەونە ئەودیوەوەی باسەکانەوە (واتە یان بەرزترن لەوەی باسیان بکرێت، هەروەك هەندێ لەخواناس یان حەکیمە میتافیزیکە دۆگماکان ئێژن، یان لەوە نزمترن کە شیاوی باسکردن بن، هەروەك پۆزەتیڤیستەکان دەڵێن وئەمەش بەهەمان رادە پووچ وبێ‌مانایە).

بەڵام بە هەڵبژاردنی زاراوەکانی ڕاسڵ، دەتوانین بێژین کە ڕەنگە گوزارەیەك **دەربڕدرێت** یان **بەیان** بکرێت وگریمانە قبوڵبکرێ، ئەوە لەکاتێك دایە کە پێشنیار هەڵدەبژێردرێت. هەروەها جیاوازی دادەنێین لە نێوان **واقعیەتی هەڵبژاردنی پێشنیار** و خودی **پێشنیارە** هەڵبژێردراوەکە.

22. nonsemantical facts
23. proposals
24. L.G. Russell, “proposition and proposals” in the Library of the tenth international congress of philosophy (Amsterdam, August 11-18, 1948), vol. proceeding of the congress.



کەواتە، "تێز"ە دووالیزمەکەی ئێمە بەم جۆرەی لێدێت کە پێشنیارەکان **ناشێت گۆڕینەوەیان پێبکرێ لەگەڵ فاکتەکان** (یان ناشێت گۆڕینەوەیان پێبکرێ لەگەڵ هەواڵی فاکتەکان یان گوزارەکان) **ئەگەرچی پەیوەندیان بە فاکتەکانیشەوە هەبێت**. *

٦ـ هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دوایین یادداشتی بەشی دەیەم.

هەرچەند پێموایە هەڵوێستی من لەمیانی بابەتەکانی دەقەکەدا زۆر بەراشکاوی خۆیان دەردەخەن، بەڵام ڕەنگە جێگەی خۆی بێت ئەوەی بەبڕوای من گرنگترین بنەمای ئەخلاق و مرۆڤدۆستی و یەکسانیخوازییە لێرەدا بەکورتی فۆرمۆلبەندی بکەم.

(١) لێبووردەیی و هەڵکردن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا کە نالێبووردەنین ونالێبووردەیی پەرەپێنادەن. (سەبارەت بەم ریزپەڕە، بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لەبەشی حەوتەم، یادداشتەکانی ٤ و٦دا وتراوە.) ئەمە پێویستی بە هەڵسوکەوتی پڕ لەڕێزە لەگەڵ بڕیارە ئەخلاقییەکانی ئەوانیتردا تا ئەو کاتەی ئەم بڕیارانە دژایەتی پرەنسیپەکانی لێبووردەیی ناکەن.

(٢) زانینی ئەم خاڵە کە هەرچەشنە پێویستییەکی ئەخلاقی لەپێویستی (چارە دۆزینەوە بۆ) ڕەنج وکوێرەوەرییەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر لەم رووەوە پێشنیار دەکەم کە ڕێسای سوودگەرایی کە دەڵێت "ئامانجتان بەرزترین ڕادەی شادی یان بەختەوەری بۆ زۆرترین ژمارەبێت" یاخود بەجۆرێکی کورتتر، "شادی یان بەختەوەری بگەیەننە زۆرترین ڕادەی خۆی" جێگای خۆی بەم ڕێسایە بسپێردرێت کە فەرماندەدات "کەمترین ڕادەی کوێرەوەری بۆ خۆلێبورادن شیاو بۆ هەمووان" یاخود بەجۆرێکی کورتتر "ڕەنج وکوێرەوەری بگەیەننە کەمترین ڕادەی خۆی". بەبڕوای من ئەم ڕێسا ساکارە دەتوانێت ببێتە یەکێك لە بنچینە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی و گشتی (ئەگەرچی دان بەوە دادەنێم کە تاکە پرەنسیپێك نییە). (بەپێچەوانەوە، پرەنسیپی "شادی یان بەختەوەری بگەیەننە بەرزترین ڕادەی خۆی" پێدەچێت ڕێخۆشکەری دروستکردنی دیکتاتۆرە خێرخوازەکان بێت.) دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە لەڕووی ئەخلاقییەوە نابێ ڕەنج وشادی بەهاوتای یەکتر لەقەڵەم بدەین. بەجۆرێکی دیکە، زیادکردنی شادی لەهەموو حاڵەتێکدا فریاکەوتن وخێراییەکەی زۆر کەمترە لە یامەتیدانی بەشمەینەتەکان وهەوڵدان بۆ پێشگیری کردن لە ڕەنج وکوێرەوەری. (ئەرکی دووەم پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە "زەوق وحەز"ەوە نییە ئەوە لەکاتێك دایە کە ئەرکی یەکەم زۆر لەم پرسە نزیکە.) بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی نۆیەم، یادداشتی٢.

(٣) خەبات لە دژی ملهوڕی و زۆرەملی، یاخود بەجۆرێکی دیکە، تێکۆشان لەپێناو پاراستنی پرەنسیپەکانیتر لەرێگای دەزگای یاسادانانەوە لەجیاتی پشتبەستن بە خێرخوازی و چاکەکاری ژێدەرەکانی دەسەڵات. هەڵبسەنگێنن لەگەڵ بەشی حەوتەم، بڕگەی٢.

٧ـ بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی بورنێت[٢٥]. دۆکترینی پرۆتاگۆراس کە لەدەقەکەدا ئاماژەمان بۆکردووە لە دوو دیالۆگی ئەفلاتووندا ـ پرۆتاگۆراس،٣٢٢a بەدواوە، تیایتیۆس ١٧٢b ـ هاتووە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٧ هەر لەم بەشەدا).

ڕەنگە بتوانین بەکورتی جیاوازی نێوان ڕێبازی ئەفلاتوون و ڕێبازی پرۆتاگۆراس بەم چەشنە چڕبکەینەوە : (ڕێبازی ئەفلاتوون): ڕێکی "سروشتیی" دادپەروەری، واتە ڕێکی سەرەکی یان یەکەمین کە سروشت بەپێی ئەو ئەفرێنراوە لە خودی خۆیدا لەجیهاندا هەیە. کەواتە، ڕابردوو باشەو هەر ئاڵوگۆڕێك کە نۆرمی نوێی لێبکەوێتەوە خراپە.

(ڕێبازی پرۆتاگۆراس): مرۆڤ بوونەوەری ئەخلاقی ئەم دونیایەیە. سروشت نەئەخلاقییە و نەنائەخلاقی. کەواتە مرۆڤ دەکارێت چاکسازی لەدۆخەکاندا بکات و بەرەو باشبوونیان ببات. هیچ دوورنییە کەپرۆتاگۆراس کەوتبێتە ژێرکاریگەری کسنۆفانس. کسنۆفانس لە یەکەمین کەسەکان بوو کەهەڵوێست وتێڕوانینی کۆمەڵگای کراوەی دەربڕی و ڕەخنەی ئاراستەی ڕەشبینە مێژووییەکەی هسیۆدوس کرد و وتی: "لەبەراییدا، ئەوەی مرۆڤ پێویستی پێی هەبوو خوا پێشانی نەدا. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بەتێپەڕینی کات بەدوای (شتە) باشترەکاندا بگەڕێت وبیاندۆزێتەوە". (هەڵبسەنگێنن لەگەڵ د(٥) ١٨). پێدەچێت کە سپیوسیپوس[٢٦]ی خوشکەزاو جێگری ئەفلاتوون بەرەو ئەم بیروباوەڕە پێشکەوتووانەیە گەڕابێتەوە (بەراوردی بکەن لەتەك ئەرستۆ، **میتافیزیك**، ٣٠ ١٠٧٢b و بەشی یازدەهەم، یادداشتی١١)، ئاکادیمیاش لەگەڵ ئەودا هەڵوێستێکی ئازادیخوازانەتری لەبەستێنی سیاسەتدا گرتەبەر.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بیرۆکەی پرۆتاگۆراس لەگەڵ بنچینەی بیروباوەڕی ئایینی، ئەم خاڵە شیاوی ئاماژە بۆکردنە کە ئەو لەسەر ئەم بڕوایە بوو خوا لە لایەن مرۆڤەوە کاردەکات. من تێناگەم چۆن ئەم هەڵوێستە دەتوانێ لەگەڵ هەڵوێستی مەسیحییەتدا ناتەبا بێت. بەراوردی

25. J. Burnet, Early Greek philosophy, I, 117.
26. Speusippus



بکەن بۆنموونە لەگەڵ وتەکەی بارت[٢٧] لەهەمبەر ئەوە کە "کتێبی پیرۆز بەڵگەنامەیەکی مرۆییە." (واتە مرۆڤ ئامرازی کاری خودایە).

٨ـ لایەنگریی و بەرەڤانی سوقرات لە خودموختاری ئەخلاق (کە لەگەڵ شێلگیربوونی لەسەر بێنرخ بوونی پرسەکانی سروشت پەیوەندییەکی نزیکی هەیە)، بەتایبەتی لە دۆکترینەکەی کە لەسەر بنەمای خۆبەسی یان autarky تاکی "چاکەکار ـ فەزیلەتمەند" دامەزراوە، دەردەبڕدرێت. دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرە زۆر بەتوندی لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەفلاتوون سەبارەت بەتاك ناتەبایی هەیە. (بەتایبەتی بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی٢٥ لەم بەشەدا و یادداشتی٣٦ لەبەشی داهاتوودا و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەتەك یادداشتی٥٦ لەبەشی دەیەمدا).

٩ـ بۆ نموونە ناتوانین دەزگای ئەوتۆ دروستبکەین کە سەربەخۆ لە چۆنایەتی ئەو مرۆڤانەی ئیشی تێدادەکەن، کاربکەن. ئەم پرسانە بەراورد بکەن لەگەڵ بەشی حەوتەم (دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٧ و٨ و٢٢ و٢٣)و بەتایبەتی لەتەك بەشی نۆیەم.

١٠ـ بۆ ئاگاداربوون لە باسی ئەفلاتوون لەمەڕ سروشتگەرایی پێنداروس، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ گۆرگیاس، ٤٨٤b، ٤٨٨bو یاساکان، ٦٩٠b (کە لە خوارتر لەم بەشەدا ئاماژەمان بۆکردووە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٨)، ٧١٤e، ٧١٥e، هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ ٨٩٠a/b. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار، ٣٥٩c٢٠).

١١ـ ئەو زاراوەی کە ئانتیفۆن بەکاری دەهێنێ، من لەباسی پارمیندس و ئەفلاتووندا بە"ڕای وەهمی" وەرمگێڕاوە (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی سێیەم، یادداشتی١٥)، ئەویش لەبەرانبەر "ڕاستی"دا دایدەنێت. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ وەرگێڕاوەکەی بارکێر لە **ئەفلاتوون و پێشینیانی**[٢٨].

١٢ـ بگەڕێنەوە بۆ **لەمەڕ ڕاستی** ئانتیفۆن، بەراوردی بکەن لەتەك بارکێر، هەمان کتێب، ل٨٣ـ ل٨٥. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی١٣(٢) هەر لەم بەشەدا.

27. K. Barth, Gredo, p. 188, 1936.
28. E. Barker, Greek political Theory, I, plato and his predecessors (1918), 83.

١٣ـ وتەکانی هیپیاس لە پرۆتاگۆراسی ئەفلاتووندا (٣٣٧e) ئاماژەیان بۆکراوە. سەبارەت بەچوار پاراگرافە وەرگێڕاوەکەی دواتر، بگەڕێنەوە بۆ (١) ئیوریپیدس، یۆن[٢٩]، ٨٥٤ بەدواوە، (٢) ئیوریپیدس، ژنە فینیقییەکان[٣٠]، ٥٣٨ (هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ گۆمپرتس، **بیرمەندانی یۆنانی**[٣١] (ئەڵمانی، بەرگی١، ل٣٢٥)و بارکێر، هەمان کتێب، ل٧٥و هێرشی توندی ئەفلاتوون بۆ سەر ئیوریپیدس لەکۆماردا ٥٦٨a-d)، (٣) ئالکیداماس[٣٢]، (٤)لۆکۆفرۆن[٣٣]، (هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ پلۆتارخۆسی درۆزن[٣٤]). لەهەمبەر بزاڤی دژە کۆیلایەتی ئەسینا، بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی١٨و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا و یادداشتی٢٩، هەروها بەشی دەیەم، یادداشتی١٨و پاشکۆی٣، "بەرسڤ دانەوەی یەکێك لە رەخنەگرەکان".

(١) شایانی تێڕوانینە کە ئەفلاتوونییەکان هاودەردی لەگەڵ ئەم بزاڤە یەکسانیخوازەدا ناکەن. بۆنموونە، بارکێر لەژێر ناونیشانی "بت شکێنی گشتی" لەبارەیەوە دەدوێت، بەراوردی بکەن لەگەڵ هەمان کتێب ل٧٥ (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دووەمین وتەی **ئەفلاتوونی** فیلد لەدەقی تایبەت بەیادداشتی٣٢، بەشی شەشەم، خواستوومانە). بێگومان نەبوونی ئەو هاودەردییە لەژێر کاریگەری ئەفلاتووندایە.

(٢) سەبارەت بەدژایەتی ئەفلاتوون و ئەرستۆ لەگەڵ یەکسانیخوازی کە لەبەندی دواتر لەدەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٤٩ (بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا)، بەشی هەشتەم ویادداشتەکانی ٣ و٤ (بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا)، بەشی یازدەهەم.

ئەم دژە یەکسانییە و شوێنەوارە وێرانکارەکانی، بەروون وئاشکرایی لەوتاری لێزانانەی (تارن)دا لەژێر ناونیشانی ((ئەسکەندەری مەزن و یەکێتی مرۆڤایەتی[٣٥]" شیکراوەتەوە. تارن ئەوە

29. Eurpides, 10n.
30. Eurpides, phoenissae.
31. T. Gomperz, Greek Thinkers.
32. Alcidamas in school. to Aristotle’s Rhet., I. 13, 1373b18.
33. Lycophron in Aristotle’s frag., 91 (Rose)
34. Pseudo- Plutarch, De Nobil., 8.2.
35. W.W. Tarn, “Alexander the Great and the unity of mankind” proceeding of the British Academy, XIX, 1933, p. 123 ff.



قبووڵ دەکات کە رەنگە لەسەدەی پێنجەمی (بەر لەزایین) بزوتنەوەیەك بەئاراستەی "شتێکی باشتر لە پۆلینکردنی رەق و وشکی مرۆڤەکان بەسەر یۆنانی و بەربەرەکان لەئارادابووبێت، (بەڵام) ئەمە لەرووی مێژووەوە بەهیچ چەشنێك گرینگ نییە **چونکە فەیلەسووفە ئایدیالیستەکان هەموو شتێکی لەم جۆرەیان لە رەگەوە لەناو دەبرد**. ئەفلاتوون وئەرستۆ هیچ دردۆنگییەکان لەمەڕ بیروباوەڕەکەیان نەهێشتۆتەوە. ئەفلاتوون دەیگوت دەبێ گشت بەربەرەکان بەدوژمن لەقەڵەم بدرێن و شەڕکردن لەگەڵیان و تەنانەت بەکۆیلەکردنیشیان کارێکی گونجاو وبەجێیە. ئەرستۆ دەیگوت هەموو بەربەرەکان هەر بەسروشت کۆیلەن..." ( ل١٢٤، تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە). من بە تەواویی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی تارن سەبارەت بە کاریگەری زیانمەند و دژەمرۆیی فەیلەسووفە ئایدیالیستەکاندا هاوڕام، هەروەها لەتەك جەختکردنەوەکەی لەسەر قورسایی و گرنگی مەزنی یەکسانیخوازی و بیری یەکێتی مرۆڤایەتیدا کۆکم (هەمان نووسین،ل١٤٧). تاکە خاڵێك کە ناتوانم لەگەڵیدا هاوڕابم، هەڵسەنگاندنی تارنە سەبارەت بەبزاڤی یەکسانیخوازی سەدەی پێنجەمی بەرلە زایین وسەگ سیفەتە بەراییەکان[٣٦]. پێموایە راستدەکات کەکاریگەری مێژوویی ئەم بزاڤە بە بەراوردکردن بە کاریگەری ئەسکەندەر کەمە، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەم ئەویش زیاتر نرخ و بەهای بۆ ئەم بزاڤانە دادەنا ئەگەر زیاتر بەدوای هاوتەریب بوون و ئاراستەیی نێوان بزاڤی جیهان نیشتمانی و بزاڤی یەکسانیخوازیدا چووبایە. تارن هاوتەریبی نێوان پەیوەندی **یۆنانییەکان/بەربەرەکان و پیاوە ئازادەکان/کۆیلەکان** لەم رستەیەی لێرەدا ئاماژەی بۆکراوە بەباشی روون دەکاتەوە. ئەگەر هێزی بەڵگەنەویستی بزاڤی دژە کۆیلایەتی وەبەرچاوبگرین (بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی١٨) ئەوکات گرنگی و مانای هەندێ لەوتە پەرتەوازەکان بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ جیاکردنەوە و هەڵاواردنی نێوان یۆنانی و بەربەرەکان زۆر زیاتر بەرز دەبێتەوە. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەرستۆ، **سیاسەت**، کتێبی سێیەم، ٥ و٧ (١٢٧٨e)، کتێبی چوارەم، ٤ و١٦ (١٣١٩b)و کتێبی سێیەم، ٢ و٢ (١٢٧٥b). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی هەشتەم، یادداشتی٤٨.

١٤ـ لەهەمبەر بابەتی "گەڕانەوە بۆ ئاژەڵەکان" بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتی٧١و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.

36. Cynics

١٥ـ بۆ ئاگاداربوون لە دۆکترینی سوقرات سەبارەت بەگیان، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، بابەتی تایبەت بەیادداشتی٤٤ لەدەقەکەدا.

١٦ـ زاراوەی "مافە سروشتییەکان" بەمانا یەکسانیخوازەکەی لەرێگای ڕەواقییەکانەوە هێنرایە ڕۆم (دەبێ کاریگەری و نفووزی ئانتیس تنس[٣٧] وەبەرچاوبگرین، بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی هەشتەم، یادداشتی٤٨)و بەهۆی یاسا ڕۆمانییەکانەوە سیمایەکی خەڵکپەسندی بەخۆوەگرت[٣٨] و لەلایەن ئاکویناسیشەوە[٣٩] بەکاردەهێنرا[٤٠]. دەکاربردنی خەوشداری (یاسای سروشتی" لەجیاتی "مافی سروشتی" لەلایەن پەیڕەوەکانی تۆماس وجەختکردنەوە کەمبایەخەکەیان لەسەر یەکسانیخوازی، جێگای داخە.

١٧ـ مەیلی یەکیەتیگەرایانە کە لەسەرەتادا نۆرمەکانی بەسروشتی لێکدەدایەوە، بەم دواییانە هەوڵێکی لێکەوتۆتەوە بەئاراستەی پێچەوانە و گەرەکیەتی یاسا سروشتییەکان بەدابی لەقەڵەمبدات. پوانکاری[٤١] ئەم جۆرە دابگەراییە (فیزیکییەی) لەسەر بناغەی خەسڵەتی دابی یان پەیڤی پێناسەکان دامەزراندووە. ئەو و بەم دواییەش ئیدینگتن[٤٢]، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بوونەوەرە سروشتییەکان لەسەر بنەمای یاسا باڵادەستەکانی بانیانەوە پێناسە دەکرێن، پاشان لەم پێشەکییەوە دەگەن بەم دەرەنجامە کەیاساکان، -واتە یاسا سروشتییەکان- لە پێناسەگەلی، واتە داب و پەیمانی زارەکی زیاتر چێترنین. بەراوردی بکەن لەگەڵ نامەکەی ئیدینگتن کە لە گۆڤاری نیچەر (سروشت)[٤٣] چاپ کراوە و تێیدا گوتراوە: "بنەماکانی (تیۆرێك لە فیزیکدا)....تەنیا دەتوانین...بەهۆی یاسا باڵادەستەکانی سەریانەوە پێناسە بکەین، لەم ڕووەوە سەیردەکەین لەسیستەمێکی تەواو ڕواڵەتیدا بازنەئاسا بەدەوری خۆماندا دەخولێینەوە." ڕەخنە و شیکردنەوەیەکی ئەوتۆ لەم جۆرەدا بگەراییە لە کتێبەکەی مندا **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** (بەتایبەتی ل٧٨ بەدواوە) دەستدەکەوێت.

37. Antisthenes
38. Institutiones, II, 1,2: 1,2.2.
39. Thomas Aquinas
40. Summa, II, 91, 2.
41. H. poincare
42. A.S. Eddington
43. Nature, 148 (1941), 1418.



١٨ـ(١) بەبڕوای من هیوای دۆزینەوەی ئەرگۆمێنت یان تیۆرێك کە یاریدەمان بکات بۆ هەڵگرتنی باری لێپرسراوێتیمان، یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەخلاقی "زانستی[٤٤]". ئەخلاقی "زانستی"، لەرووی نەزۆکی ڕەهاوە، یەکێکە لە سەرسوڕهێنەرترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. ئامانجەکەی چییە؟ ئایا ئەوەیە پێمان بڵێت دەبێ چیبکەین، واتە چێکردنی سیستەمێك یان کۆمەڵە نۆرمێك لەسەر بناغەی زانستی کە هەرکاتێ تووشی بڕیارێکی ئەخلاقی دژوار هاتین، تەنیا ئەوەندە بەس بێت سەیری پێرستی (index) کۆمەڵەکە بکەین؟ بەڵام بەئاشکرا شتێکی ئەوتۆ مەحاڵە و تازە ئەگەر دەرفەتێکی ئەوتۆش لەئارادابووایە، هەموو جۆرە بەرپرسیارییەك و هەر بۆیە هەموو جۆرە ئەخلاقێکی وێران دەکرد. یان ڕەنگە ئەخلاقی زانستی گەرەکیەتی پێوەرە زانستییەکانی ڕاست ودرۆ (چەوت)ی حوکم یان داوەرییەکان[٤٥] بدات بەدەستەوە، واتە ئەو دۆزانەی کە هەندێ چەمکی وەك "باش" یان "خراپ" لەخۆ دەگرن؟ بەڵام ئاشکرایە کە داوەرییە ئەخلاقییەکان بەهیچ چەشنێ پەیوەندییان بەبابەتەکەوە نییە. تەنیا کەسێك کە بیەوێ بەدگۆییو دەنگۆ بڵاوبکاتەوە حەزی لە داوەری کردنە لەسەر خەڵك وکردەوەکەیان. "حوکم مەدەن[٤٦]" لە ڕوانگەی بەشێکی زۆر لەئێمە یەکێکە لە یاسا بنەڕەتییەکانی ئەخلاقی مرۆڤدۆستیی کە زۆر بەکەمی نرخەکەی هەقی خۆی پێدراوە. (لەوانەیە ناچاربین تاوانبارێك چەك بکەین وزیندانی بکەین بۆ ئەوەی نەهێڵین تاوانەکانی دووبارە بکاتەوە، بەڵام داوەری ئەخلاقی و بەتایبەتی تووڕەبوونی ئەخلاقی لەڕادەبەدەر، هەمیشە نیشانەی ڕیاکاری و خۆپارێزی وشکە). کەواتە، ئەو جۆرە زانستەی ئەخلاق کە بریتی بێت لە حوکم یا داوەری ئەخلاق، نەك هەر بێجێ بەڵکو لەبنەڕەتدا شتێکی پێچەوانەی ئەخلاقە. گرنگی سەرتاپاگیری کێشە ئەخلاقییەکان لەم فاکتەوە سەرچاوە دەگرن کە ئێمە دەتوانین بە دووربینی هۆشیارانەوە کاربکەین و لەخۆمان بپرسین دەبێ ئامانجەکانمان چی بن، یاخود بەجۆرێکیتر، دەبێ چیبکەین. دەتوانین بڵێین هەموو فەیلەسووفەکانی ئەخلاق (ڕەنگە

44. “scientific” ethics
45. judgments
٤٦. ئاماژەیە بۆ پەیڤێکی عیسای مەسیح (ئینجیلی مەتتا، بابی حەوتەم) کە ئێژێت: "حوکم دەکەن تا حوکمتان بەسەردانەکەن، چونکە بەو ڕێگایەی حوکم دەکەن هەروا حوکمیشتان بەسەردا دەکرێتەوە و بەو پێوانەیەی دەیپێون، بۆتان دەپێونەوە، ئاوایە پووش لەچاوی براکەتدا دەبینی، لێ پەی بەو چێوە نابەیت کە لەچاوی خۆت دایە؟..."

جگە لەکانت نەبێ) کاتێ هەوڵی تاوتوێکردنی ئەم کێشەیان داوە کەدەبێ چۆن بجوولێینەوە، تێکۆشان بەرسڤی ئەم پرسیارەیان لە رێگای گەڕانەوە بۆ "سروشتی مرۆیی"بدەنەوە، (تەنانەت کانتیش کاتێ دەمانگەڕێنێتەوە سەر عەقڵی مرۆڤ پەنا بۆ ئەم کارە دەبات) یان بە سەرنجدان لە سروشتی "خێر یان باشە". رێگای یەکەم ناگاتە هیچ کوێ، چونکە هەرکارێك کە بۆمان بلوێت لە"سروشتی مرۆڤ"ەوە سەرچاوە دەگرێ و دەتوانین لەرێگای ئەم پرسیارەوە کێشە ئەخلاقییەکان بخەینە ڕوو کە دەبێ کام یەك لەتوخمەکانی سروشتی مرۆڤ قەدەغە و سەرکوت یان کۆنترۆڵ بکەین. رێگای دووەمیش ناگاتە هیچ جێیەك چونکە تەنانەت گریمان "باش" وەك رستەیەك شیبکرێتەوە کە بلێت "باش فلان وفیسارە" (یان "فلان وفیسار باشە")، دیسان دەبێ بپرسین "لەپێناو چیدا؟"، "ئەوە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟" تەنیا لەحاڵەتێکدا کە "باش" بە واتایەکی ئەخلاقی بەکاربهێنرێت، واتا بەمانای "ئەو کارەی دەبێ من بیکەم"دەتوانین لەم هەواڵەوە کە "الف باشە"بگەینە ئەم دەرەنجامە کە "من دەبێ الف ئەنجام بدەم." یاخود بەجۆرێکیتر، ئەگەر بریاربێت وشەی "باش" لەبنەڕەت دا ماناو گرنگییەکی ئەخلاقی هەبێت، دەبێ وەك شتێك یان کارێك پێناسە بکرێ کە دەبێ من (یان ئێمە ) ئەنجامی بدەین (یان پەرەی پێبدەین). بەڵام ئەگەر بەم چەشنە پێناسەبکرێ، ئەو دەستەواژەی کە بۆ پێناسەکە بەکارهاتووە رادەی راست یان دەلالەتەکەی تەواو دەکات و لەهەموو شوێنێك دەتوانین لەجیاتی "باش" ئەم دەستەواژەیە دابنێین ـ بە چەشنێکیتر، بەکارهێنانی وشەی "باش" لەتوانایدا نییە بەجۆرێکی کاریگەر یارمەتیدەری چارەسەرکردنی کێشەکەمان بێت. (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٤٩(٣)).

کەواتە هەموو باسەکان لەمەڕ پێناسە یان دەرفەتی پێناسەکردنی "باش" بێهودە و بێ بەرهەمە و تەنیا دەریدەخات کە ئەخلاقی "زانستی" چەندە لەکێشە بەپەلەکانی ژیانی ئەخلاقییەوە دوورە و هیچ نییە جگە لە جۆرە راکردنێك لەراستییەکانی ژیانی ئەخلاقی ئێمە، یاخود بەجۆرێکی دیکە، لەبەرپرسیارییە ئەخلاقییەکان. (بە وەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیانە) هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە کاتێ سەیردەکەین ئەخلاقی "زانستی" بەشێوەی سروشتگەرایی ئەخلاقی[٤٧]، هاوکات لەگەڵ شتێکدا دەستپێدەکات کە دەتوانین بە پەیبردن بە بەرپرسیایەتی تاکەکەسی ناوزەدی بکەین. هەڵێبسەنگێنن لەتەك ئەوەی لەبەشی دەیەم،

47. Ethical naturalism



دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٢٧ تا٣٨ و٥٥ تا٥٧ لەمەڕ کۆمەڵگای کراوە و **نەوەی مەزندا** لێیدواوین).

(٢) ڕەنگە لەم بەستێنەدا جێگای خۆی بێت ئاماژە بەکێشەی تایبەتی راکردنی لە بەرپرسیاری بکەم کەلە سەرەوە لەهەمبەرییەوە دوایین، بەتایبەتی لە قوتابخانەی هیگڵی پۆزیتیڤیزمی دادوەری و ئەو جۆرە سروشتگەراییە رۆحییەدا کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵدا هەیە، خۆی دەردەخات. سەبارەت بەوەیکە ئەم پرسە هێشتا خودان نرخ و گرنگیە لەم راستییەدا خۆی دەدۆزێتەوە کە نووسەرێکی پایەبەرزی وەك کەتلین لەم خاڵە گرنگە و (لەچەند خاڵێکی دیکەدا) هێشتا بە هیگڵەوە بەستراوەتەوە. شیکردنەوەکەم لەشێوەی رەخنەگرتن لە بەڵگەخوازییەکانی کەتلین بۆ لایەنگریکردن لە سروشتگەرایی رۆحی و دژایەتیکردن لەگەڵ جیاوازی نێوان یاسا سروشتییەکان ویاسا نۆرمییەکان، دەخرێتە ڕوو[٤٨].

کەتلین لەبەراییدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان یاساکانی سروشت و"ئەو یاسایانەی کە...یاسادانەرە مرۆڤەکان دایدەرێژن" دادەنێت و ئەوە قبوولْ دەکات کە لە تێڕوانینی یەکەمدا ئەگەر زاراوەی "یاسای سروشتی" بۆ نۆرمەکان بەکاربهێنرێت "بە ئاشکرا وەك نازانستی خۆی دەنوێنێت چونکە پێدەچێت کەهیچ جیاوازییەك لەنێوان یاسای مرۆیی کە پێویستی بە جێبەجێکردن هەیە و یاسا فیزیکییەکان کە ناکرێ تێکبشکێنرێن، دانەنراوە." پاشان کەتلین هەوڵدەدات دەریبخات کە بابەتەکە تەنیا وادێتەبەر چاو و"رەخنەی ئێمە" لەم شێوە بەکارهێنانەی زاراوەی "یاسای سروشتی" "بەلەز" بوو. پاشان باسەکە بەروونکردنەوەیەکی ئاشکرای سروشتگەرایی رۆحی درێژەدەدات، واتە جیاوازی دادەنێت لەنێوان "یاسای دروست[٤٩]) کە "هاوجووتی سروشتە" و یاسایەکیتر و ئێژی "یاسای دروست فۆرمۆلەبەندی مەیلە مرۆییەکان لەخۆ دەگرێ و کۆپییەکی یاسایی و 'سروشت'ی، کەدەبێ لە لایەن زانستە سیاسییەکانەوە( بدۆزرێتەوە). یاسای(دروست) بەم مانایە بێگومان دەبێ بدۆزرێتەوە نەك کەسێك دایبرێژێ و کۆپییەکی یاسای {کۆمەڵایەتی} سروشتییە " (واتە ئەوەی من زاراوەی (یاسای کۆمەڵناسانە)م بۆ داناوە" بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی تایبەت بەیادداشتی٨ هەر لەم بەشەدا. کەتلین بەجەختکردن لەسەر ئەم خاڵە دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە

48. G.E.G. catlin, A study of the principles of politics,1930,96-99.
49. sound law

هەرچەندە سیستەمی یاسایی عەقلانیتر بکرێت،"زیاتر خەسڵەتی فەرمانی سەرەڕۆیانە لەدەستدەدات و زیاتر دەگۆڕێ بۆ دەرەنجامگیری لەیاسا بەراییە کۆمەڵایەتییەکان" (واتە دەرەنجامگیری ئەو شتەی من بە "یاسای کۆمەڵناسە" ناودێرم کردووە".

(٣) ئەمە روونکردنەوەیەکی زۆر بەهێز و راشکاوی سروشتگەرایی رۆحییە. گرنگی ئەو رەخنانەی لەخۆی گرتووە زیاتر لەبەر ئەوەیە کە کەتلین تیۆرەکەی خۆی لەتیۆرێك لەمەڕ "ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی" گرێدەدات کە لەوانەیە لە تێڕوانینی یەکەمدا وەك ئەوەی لەم کتێبەدا لایەنگری لێکراوە بێتە بەرچاو. (هەڵیبسەنگێنن لەتەك دەقی تایبەت بە یادداشتی٩ لەبەشی سێیەم یادداشتەگەلی ١ تا٣ و٨ تا ١١ لەبەشی نۆیەمدا).

بەر لەدوان لەمەڕ بۆچوونەکانی کەتلین، گەرەکمە روونی بکەمەوە چما بیروبۆچوونەکەی بە وابەستەی پۆزیتیڤیزمی هیگڵ لەقەڵەم دەدەم. روونکردنەوەکە لەم رووەوە پێویستە کە کەتلین سوود لە رێبازی سروشتگەرایی خۆی وەردەگرێ بۆ جیاوازی دانان لەنێوان یاسای "دروست"و یاساکانیتردا. بەجۆرێکی دیکە، دەیەوێت لەم رێگەیەوە جیاوازی دابنێت لەنێوان یاسا "دادپەروەری" و"نادادپەروەری"کان. گومانی تێدانییە کە ئەم جیاکردنەوەیە وەك جیاوازی پۆزیتیڤیزم نایەتە بەرچاو، واتە ئەوەی کە پێیوایە یاسای مەوجود تاکە پێوەر و نیشاندەری دادپەروەرییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، من پێموایە بیروبۆچوونی کەتلین زۆر لە پۆزیتیڤیزم نزیکە. بەڵگەم ئەوەیەکە ئەو لەسەر ئەو بروایەیە کە تەنیا یاسای "دروست" دەتوانێت خودان کاریگەری بێت و تاڕادەیەك، رێك بەمانای جێگەی مەبەستی هیگڵ "مەوجود(٥٠)"بێت. کەتلین ئێژێ کاتێ سیستەم یان کۆی یاساکانمان "دروست" نەبێت ـ واتە هاوجووت نەبێ لەگەڵ یاساگەلی باڵادەستی سەر سروشتی مرۆڤ ـ"یاسای نووسراو جگە لە پارچە کاغەزێك هیچی دیکە نییە". ئەم بۆچوونە، چڕترین جۆری پۆزیتیڤیزمە، چونکە هەڵی ئەوە دەرەخسێنێ کە لەم فاکتەوە کە سیستەمێکی تایبەتی لەیاساکان تەنیا "پارچە کاغەز"نین بەڵکو بە سەرکەوتووییەوە جێبەجێ دەکرێن، بگەینە ئەو دەرەنجامە، کەواتە "دروستە"، یاخود بەجۆرێکیتر، هەر یاسایەك کاتێ دەرکەوێ تەنیا "پارچە کاغەزێك"نیە، دەبێ کۆپیەك بێ لە سروشتی مرۆڤ وهەر بۆیە دادپەروەرانەبێت.

50. existent



(٤) ئێستا هەوڵ دەدەم رەخنەیەکی کورت ئاراستەی بەڵگەخوازییەکانی کەتلین بکەم بۆ رەدکردنەوەی جیاوازی نێوان الف)یاساکانی سروشت کە ناشێت بشکێندرێن ب) یاسا نۆرمڕێژەکان کە چێکراوی دەستی مرۆڤن و بەهۆی گرانتی جێبەجێکردنەوە رادەپەڕێنرێن ـ واتە ئەو جیاوازییە کە خۆی لەسەرەتادا بەم روونیە باسیدەکات. کەتلین دەریدەخات کە (الف ـ ١) یاساکانی سروشتیش بە مانایەکی تایبەت چێکراوی مرۆڤن، هەر بۆیە دەشێت بشکێندرێن و (ب ـ ١) بە مانایەکی تایبەت یاسا نۆرمییەکان ناشێت بشکێندرێن. لە (الف ـ١)ەوە دەستپێدەکەم. کەتلین دەنووسێت :"یاساکانی سروشت کە فیزیکزانەکان لەگەڵیدا خەریکن، فاکتی پەتی نین(٥١)، راڤەی عەقلانین(٥٢) بۆ جیهانی ماددی، جا چ (ئەم راڤانە) لەلایەن مرۆڤەوە بەسەر جیهاندا درابێت یان پاساوخوازبن لەبەرئەوەی جیهان لەخودی خۆیدا هاوجووتە لەگەڵ عەقڵ ورێکیدا." پاشان تاوتوێی ئەوە دەکات و دەریبخات دەتوانرێت یاسا سروشتییەکان "هەڵبوەشێنرێنەوە" ئەگەر "فاکتە تازەکان" ناچارمان بکەن کە یاسا لەقاڵبێکی نوێدا دابڕێژن. وەڵامم بۆ ئەم بەڵگەخوازییە بەم چەشنەیە. گوزارە یان دۆزێك کەمەبەست لێی فۆرمۆلبەندی یاسای سروشت بێت بێگومان چێکراوی دەستی مرۆڤە. ئەو گریمانەی دەڵێت رێکی و رێسایەکی دیاریکراو و دوور لەریزپەڕ لەئارادایە، لەلایەن ئێمەوە __چێدەکرێت__ ـ یاخود بەجۆرێکی دیکە، ئێمە ئەم رێکیە گریمانییە بەیارمەتی دۆزێك وەسفدەکەین کەهەمان یاسای سروشتییە. بەڵام وێڕای ئەمە وەك زانای زانستە سروشتییەکان ئامادەین لە سروشتەوە فێری ئەوەبین کە هەڵەمان کردووە، ئامادەین یاسا لە قاڵبێکی نوێدا دابڕێژین ئەگەر فاکتە تازەکان ناکۆك لەگەڵ گریمانەکەمان، دەریبخەین کە __یاسا گریمانەیەکەمان یاسا نەبووە چونکە شکێنراوە__. بەچەشنێکی دی، بەقبوولکردنی رای سروشتی سەبارەت بە هەڵوەشانەوە و پووچەڵبوونەوە، زانای زانستە سروشتییەکان، پێشانی دەدات کەگریمانە لای ئەو قبوولکراوە تا کاتێك کە بەدرۆ نەخرابێتەوە(٥٣). هەر ئەم مانایە دەتوانین بەم جۆرە دەربڕین کە ئەو هەموو یاسایەکی سروشت بە رێسایەك دەژمێرێ کە بۆ شکاندن ناشێت چونکە ئەوە قبوولدەکات کە شکاندنەکەی ئەرگۆمێنتێکە لەسەر ئەوە کە رێسای ناوبراو یاسای سروشتی

٥١. brute facts واتە ئەو واقیعیاتەی کە بە شێوەیەکی رەها سەربەخۆن لە مرۆڤ و عەقڵ و هۆشی مرۆڤ هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نییە.

52. rationalization
53. falsified

فۆرمۆلبەندی نەکردووە. جگە لەمە، سەرەڕای ئەوەکە گریمانە چێکراوی مرۆڤە، بەڵام رەنگە نەتوانین پێش لە بەدرۆ خرانەوەی بگرین. ئەوە پێشانیدەدات کە گریمانەکە ئێمە چێمان کردووە بەڵام بەم کارە ئەو رێکی و رێسایەی کە ئامانجی گریمانەکە بریتی بووە لە وەسفکردنی، لەلایەن ئێمەوە چێنەکراوە (وەك بڵێی بێگومان هەندێ پرسی نوێمان دروستکردبێ و رەنگە تێروانین و راڤەی تازەمان خولّقاندبێت). (ب ـ١): کەتلین ئێژێ :"ئەوە راست نییە کەکاتێ گوناهکار دەست بۆکارێکی یاساغ دەبات یاسا (دەشکێنێت)... یاسا ناڵێت 'تۆ ناتوانی'، ئێژێ 'مەیکە و ئەگینا ئەم سزایە جێبەجێ دەکرێت'. (یاسا) وەك فەرمان، لەوانەیە بشکێندرێت بەڵام وەك یاسا بەواتا واقعیەکەی، تەنیا کاتێ دەشکێندرێت کە سزا جێبەجێ نەکرێت... هەرچەند یاسا تەواو و کاملتربێت وگرانتی جێبەجێکردنەکانی زۆرتر راپەرێنرێت... لەیاسای سروشتی نزیکتر دەبێتەوە." بەرسڤی ئەم بابەتە سادەیە. بەهەر مانایەك باسی "شکاندنی" یاسا بکەین، **دەتوانین** یاسای دادوەری پێشێل بکەین. هیچ چەشنە دەستکاری و میزانکردنێکی وشەکان ناتوانێ ئەم راستییە بگۆڕێت. لەگەڵ ئەمەشدا، گریمان بۆچوونەکەی کەتلینمان قبووڵکرد کە گوناهکار ناتوانێ یاسا "بشکێنێت"و یاسا تەنیا کاتێ "دەشکێندرێ (پێشێل دەکرێ)" کە گوناهکار بەو سزایە نەگات کە یاسا بەرەوای زانیوە. بەڵام تەنانەت لەم روانگەیەشەوە دەتوانرێت یاسا پێشێلبکرێت ـ بۆ نموونە، لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەت کە خۆ لە سزادانی تاوانبار دەبوێرن. تەنانەت لەو دەوڵەتەشدا کەهەموو گرانتەکانی جێبەجێکردن **لەراستیدا** جێبەجێدەکرێن، دیسان کاربەدەستان دەتوانن، ئەگەر ویستیان، پێشی جێبەجێکردنەکە بگرن وبەو مانایەی کەتلین لە هزری دایە، یاسا "پێشێل" بکەن." (پرسی ئەوەکە ئەگەر وابکەن، یاسایان بە واتا ئاسایەکەشی "شکاندووە" ـ واتا خۆیان بوونەتە گوناهکار و لەوانەیە دواجار بەسزا بگەیەنرێن ـ پرسێکی جودایە.) یاخود بەچەشنێکیتر، یاسای نۆرمڕێژ هەمیشە بەدەستی **مرۆڤەکان** و لەلایەن گرانتەکانی جێبەجێکردنی (دانراو بەهۆی) ئەوان جێبەجێدەکرێ، هەربۆیە لەرەگ و ریشەوە لەگەڵ گریمانەکە جیاوازە. لەروانگەی یاساییەوە، دەتوانین کوشتن یان دلۆڤانی، درۆ یان راست، داد یان بێداد یاساغ بکەین و ئەم یاساغییە جێبەجێبکەین. هیچ بەڵگەخوازی و هەنجەتێك ناتوانی ئەم کەلێنە پڕبکاتەوە.

١٩ـ "سروشتی خۆشبەختی و بەدبەختی" لە تیای تیتۆس، ١٧٥c، ئاماژەی بۆکراوە. لەهەمبەر پەیوەندی نزیکی "سروشت"و "فۆرم" یان "ئایدیا" بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ کۆمار ٥٩٧a ـ d، کەتێیدا ئەفلاتوون لەمەڕ فۆرم یان ئایدیای تەختی خەو دەدوێت و وەك تەختێك



باسیدەکات "کە بەپێی سروشت (یان بەسروشت) بوونی هەیەو لەلایەن خواوە دروستکراوە" (٥٩٧b). لەهەمان شوێن، ئەو جیاوازی دادەنێت لەنێوان شتێکی "چێکراو[٥٤]" (یان "دەستکرد" یان "دروستکراو[٥٥]") کە جگەلە "لاسایی[٥٦]" هیچیتر نییە و "راستی". هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ پەراوێزی ئادام بۆکۆمار، ٥٩٧b١٠ (و ئەو وتەیەی بورنێت کە لەوێدا ئاماژەی بۆکراوە)و پەراوێزەکەی بۆ ٤٧٦b١٣، ٥٠١b٩، ٥٢٥c١٥. هەروەسا بگەڕێنەوە بۆ تیایتیتۆس، ١٧٤b (و پەراوێزی ژمارە ١ی کورنفۆرد لە **تیۆری مەعریفەی ئەفلاتوون**[٥٧]دا، ل٨٥)و ئەرستۆ، **میتافیزیك**، ١٠١٥a١٤.

٢٠ـ بۆ ئاگاداربوون لە هێرشەکەی ئەفلاتوون بۆسەر هونەر، بگەڕێنەوە بۆ دوایین کتێبی کۆمار، بەتایبەتی لە٦٠٠a تا٦٠٥b، کە لەبەشی چوارەم، یادداشتی٣٩ دا ئاماژەی بۆکراوە.

٢١ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ١١ و١٢ و١٣ هەر لەم بەشەو بابەتگەلی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا. بانگەشەکەم سەبارەت بەوەکە ئەفلاتوون لانیکەم تارادەیەك لەگەڵ تیۆرە سروشتییەکانی (ئانتیفۆن)دا هاوڕابوو (هەرچەندە هەڵبەتە دژی یەکسانیخوازییەکانی ئەو بوو)، لەوانەیە لە روانگەی خەڵکانێکی زۆرەوە، بەتایبەتی خوێنەرانی کتێبەکەی بارکێر، سەیر بێتە بەرچاو. ئەم کەسانە رەنگە تەنانەت زۆرتر سەریان بسورمێت کاتێ گوێبیستی ئەوەبن کە دژایەتییەکە بەرلەوەی لایەنی تیۆری هەبێت زیاتر لەسەر ئەخلاقی کردەیی بووە و لەرووی پرسیکردەیی یەکسانیخوازی، بەشێوەیەکی ئەخلاقی ئانتیفۆن لەسەر هەق بووە نەك ئەفلاتوون. (لەهەمبەر هاوڕایی ئەفلاتوون لەگەڵ ئەو پرەنسیپەی بیروباوەڕی ئانتیفۆن کە سروشت راست و بەهەقە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بەیادداشتی ٢٣ و٢٨و هەروەها یادداشتی٣٠ هەر لەم بەشەدا).

٢٢ـ رستە وەرگێراوەکان هی سۆفیستە، ٢٦٦b و٢٦٥e. پارچەی ٢٦٥c هەروەها رەخنەگەلێ لەخۆ دەگرێ (هاوچەشنی ئەو رەخنەیەی کەلە یاساکان لەدەقی تایبەت بەیادداشتی٢٣ و٣٠ی ئەم بەشەدا ئاماژەی بۆکراوە) سەبارەت بەوە دەتوانین بە ماتریالیزمی سروشتگەرا ناوزەدی

54. artificial
55. fabricated
56. imitation
57. f.m.cornford, plato’s Theory of knowledge.

بکەین و لەوانەیە ئانتیفۆن بڕوای پێهەبووبێت ـ واتە "ئەم بیروباوەڕە...کەسروشت... دەهێنێتەبوون... بێ ئەوەی عەقڵ وهۆش کاریگەری لەسەر کارەکەی دابنێن."

٢٣ـ یاساکان ٨٩٢a، ٨٩٢c. لەمەڕ وێکچوون ونزیکایەتی گیان وئایدیا، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی سێیەم، یادداشتی١٥(٨). سەبارەت بە وێکچوون ونزیکایەتی "سروشت" و"گیان" بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆ، <u>میتافیزیك</u>، ١٠١٥a١٤ ـ"گیان لەهەمموو ئەو شتانەدا جێگیرە کە دەجوولێن..."ـ بەراوردی بکەن لەتەك ئەو دوو پارچەیەی یاساکان کە ئاماژەمان بۆکرد.

بەتایبەتی لەگەڵ ئەم پارچانەی خوارەوەدا هەڵێبسەنگێنن کەتێیاندا بەئاشکرا "سروشت" و"گیان" وەك هاوواتای یەکتر بەکارهاتوون :کۆمار، ٤٨٥a/b، ٤٨٥e/ ٤٨٦e و٤٨٦b ("سروشت")، ٤٨٦b و٤٨٦d ("گیان")، ٤٩١a/ ٤٩٠e (هەردووکیان)، ٤٩١b (هەردووکیان)و گەلێ جێگەی تریش (هەروەها بەراوردی بکەن بە پەراوێزەکەی ئادام بۆ ٣٧٠a٧). وێکچوون ونزیکایەتی جێگەی باسی ئێمە لە (١٠)٤٩٠b بەراشکاوی دەربڕدراوە. لەهەمبەر وێکچوونی نێوان "سروشت" و"گیان" و"رەگەز" بگەڕێنەوە بۆ ٥٠١e کەتێیدا "سروشت یان گیانی فەلسەفی" کە لەپارچەی هاوچەشندا بەرچاو دەکەوێت، جێگای خۆی دەدات بە "رەگەزی فەیلەسووفەکان".

هەروەها وێکچوونێکە لەنێوان "گیان" یان "سروشت"و چینی کۆمەڵایەتی یان "کاست"، بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆکۆمار، ٤٣٥b. پەیوەندی نێوان "کاست" و"رەگەز"بنەڕەتییە چونکە لەسەرەتای (٤١٥a) کاست ورەگەز وەك دووشتی یەکسان دەناسێنرێن.

لەیاساکاندا، ٦٤٨d، ٦٥٠b، ٦٥٥e، ٧١٠b، ٧٦٦a، ٨٧٥c، "سروشت" بەواتای "بەهرە" یان "رەوش یان حاڵی گیان"[58] بەکاردەهێنرێت. لەپێشەوە بوون وباشتری سروشت لەهەمبەر چێکروەکان لەیاساکان، ٨٨٩a بەدواوە، باسی لەسەرکراوە. سەبارەت بە (دەکارهێنانی) ئاوەڵناوی "سروشتی" بەواتای "راستەقینە" (یان "راست") یان "دروست" بگەڕێنەوە بەریز بۆ، ٦٨٦d، ٨١٨e لەیاساکاندا.

٢٤ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو پارچانەکە لەبەشی چوارەم، یادداشتی٣٢(١) (الف)و(ج) ئاماژەمان بۆکردووە.

58. condition



٢٥ـ لەکۆمار، ٣٨٧d/e ئاماژە بۆ دۆکترینی سوقرات لەمەڕ خۆبەسی (خۆتێرکەری) (autarky) کراوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ داکۆکی، ٤١c بۆدواوە و پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار، ٣٨٧d٢٥). ئەمە تەنیا یەکێکە لە پارچە پەرتەوازەکانی بیرهێنەری رێنماییەکانی سوقرات، بەڵام دژایەتییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ دۆکترینی سەرەکی کۆمار بەو چەشنەی کە لەدەقەکەدا روون کراوەتەوە (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتی٣٦ و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا). بە بەراوردکردنی ئەم پارچە خواستراوە لەگەڵ ٣٦٩cو گەلێ پارچەی هاوچەشنی ئەمە دەتوانین پەی بەمە ببەین.

٢٦ـ بۆ نموونە هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ ئەو پارچەیەی کە لەدەقی تایبەت بە یادداشتی٢٩، بەشی چوارەم، وەرگیراوە.

سەبارەت بە "سروشتە دەگمەن ونائاساییەکان" بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٩١a/bو گەلێ پارچەیتر، یەك لەوان تیمایوس، ٥١e کەئێژێ :"گەلێ کەمن ئەو کەسانە کە خواوەندەکان لە عەقڵدا (لەگەڵ خۆیاندا) هاوپشکیان دەکەن". لەهەمبەر "زێدی کۆمەڵایەتی" بگەڕێنەوە بۆ ٤٩١d (هەروەها هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ بەشی٢٣).

ئەفلاتوون (و ئەرستۆ ـ بەراوردی بکەن بەتایبەتی لەگەڵ بەشی یازدەهەم، یادداشتی٤و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا) شێلگیرن لەسەرئەوە کە کاری دەستی پڕ سووکایەتییە، ئەوە لەکاتێك دایە پێدەچێت سوقرات هەڵوێستێکی زۆر پێچەوانەی ئەمەی هەبێت. (بەراوردی بکەن لەگەڵ پەرتووکی کسنۆفۆن (گەزنۆفۆن[59]). ئەو چیرۆکەی گەزنۆفۆن دەیگێرێتەوە تاڕادەیەك لەلایەن هەڵوێست و تێڕوانینی ئانتیس تنیس ودیوگنس (دیۆجانس[60]) لەمەڕکاری دەستی داکۆکی لێدەکرێت. هەروەها هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ بەشی دەیەم، یادداشتی٥٦).

٢٧ـ بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ تیای تیتوس ١٧٢b (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ بۆچوونی کورنفۆرد سەبارەت بەم پارچەیە[61]). بگەڕێنەوە بۆ یاددشتی٧ هەر لەم بەشەدا. رەنگە توخمەکانی تایبەت بە دابگەرایی لە رێنماییەکانی ئەفلاتووندا ئەوە شرۆڤەبکات کە بۆچی ئەو کەسانەی هێشتا نووسینەکانی پرۆتاگۆراسیان لەبەردەست دابوو، دەیانگوت کۆمار بەم

59. xenophon, memorabilia,II,7; 7-10
60. Diogenes

٦١. هەمان کتێب

نووسراوانە دەچێت[٦٢]. لەهەمبەر تیۆری لۆکۆفرۆن سەبارەت بەپەیمانی {کۆمەڵایەتی} بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتەکانی ٤٣ تا٥٤ (بەتایبەتی٤٦)و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.

٢٨ـ یاساکان، ٦٩٠b. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٠ هەر لەم بەشەدا. ئەفلاتوون لە گورگیاس، ٤٨٤b، ٤٨٨bو یاساکان ٧١٤c، ٨٩٠a ـ یشدا سروشتگەرایی پیندارۆس دەخاتەڕوو. سەبارەت بە بەرانبەرێتی "زۆرەملێ و فشاری دەرەکی" لەگەڵ (الف) "کردەوەی ئازاد یان سەربەست"و (ب) "سروشت" بگەڕێنەوە بۆکۆمار، ٦٠٣cو تیمایوس،٦٤d. (هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەتەك کۆمار ٤٦٦c ـ d کە یادداشتی٣٠ ئەم بەشەی ئێستادا ئاماژەی بۆکراوە.

٢٩ـ کۆمار، ٣٦٩b ـ c. ئەمە بەشێکە لە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی. وتەی دواتریان، کە یەکەمین بەیانی پرەنسیپی سروشتییە لە دەوڵەتی تەواو وکامڵدا، لە(کۆمار) ٣٧٠a/b ـ c وەرگیراوە. (سروشتگەرایی، بۆ یەکەمین جار لە کۆمار، ٣٥٨e، لەلایەن گلاوکۆنەوە ئاماژەی بۆدەکرێت، بەڵام هەڵبەتە ئەمە تیۆری خودی ئەفلاتوون نییە لەهەمبەر سروشتگەراییەوە).

(١) بۆ ئاگاداربوون لە وردەکاری و دووروو درێژییەکی زیاتری پرەنسیپی سروشتی دابەشکردنی کارو پشکی ئەم پرەنسیپە لە تیۆرەکەی ئەفلاتووندا سەبارەت بە دادپەروەری، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتەکانی ٦ و٢٣ و٤٠ لەدەقەکەدا.

(٢) لەهەمبەر شێوەی توندڕۆیانە و ئەمرۆیی پرەنسیپی سروشتی، بگەڕێنەوە بۆ فەرمانی مارکس لەمەڕ کۆمەڵگای ئیشتراکی یان کۆمۆنیستی کە ئێژێ :"لە هەرکەس بەپێی تواناکەی و بۆ هەرکەس بەپێی نیازەکانی[٦٣]" (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی سێزدەهەم، یادداشتی٨، بەشی سێزدەهەم، یادداشتی٣، بەشی بیست وچوارەم، یادداشتی٤٨و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا).

---

62. Diogenes Laertius ,III,37.

٦٣. بۆ نموونە بەروارد‌ی بکەن لە گەڵ

E.Barns,A Hand book of Marxism,1935,p.752



سەبارەت بەڕەگە مێژوویییەکانی ئەم "پرەنسیپە کۆمۆنیستیە" بگەڕێنەوە بۆ فەرمانەکەی ئەفلاتوون: "دۆستەکان لەهەرچی هەیانە هاوبەشن." بگەڕێنەوە بۆبەشی شەشەم، یادداشتی٣٦و بابەتی پەیوەندیدار لەدەقەکەدا. بۆ ئاگاداربوون لە ڕێبازی کۆمۆنیستی ئەفلاتوون، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتی٣٤، بەشی چوارەم، یادداشتی٣٠و بابەتی پەیوەست بەهەردوو یادداشتەکە لەدەقەکەدا). پارچەی نێوبراو بەراورد بکەن لەگەڵ (**چاخی نوێ**)، "پەرتووکی **کردەوەی پێغەمبەران**" : "هەموو باوەڕدارەکان پێکەوە دەژیان و لەهەموو شتێکدا هاوبەش بوون...و هەموویان بەڕادەی پێویستی بەسەرکەسەکاندا دابەش دەکرد" بابی چوارەم، ٣٤ و٣٥).

٣٠ـ بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٣ و بابەتی پەیوەست بەدەقەکە. هەموو وتە وەرگیراوەکانی ئەم بەندە هی یاساکانە : (١) ٨٨٩a ـ d (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ پارچەیەکی زۆر هاوچەشنی ئەمە لە تیایتیتوس،١٧٢b)، (٢) ٨٩٦c_e، (٣) ٨٩٠e ـ ٨٩١a.

سەبارەت بەندەکەی دواتری دەقەکە (واتە ئەو بانگەشەیەی من کە سروشتگەرایی ئەفلاتوون بێتوانایە لە چارەسەرکردنی پرسە زانستییەکان)، وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بەم حاڵەتەی خوارەوە بکەین. گەلێ لە سروشتگەراکان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ژن و پیاو، هەم لەرووی جەستەیی و هەم لەرووی رۆحی، لەگەڵ یەکتردا جیاوازن، هەربۆیە دەبێ لەژیانی کۆمەڵایەتیشدا، ئەرکی جیاوازیان لەسەرشان بێت. ئەفلاتوون سوود هەر لەم بەڵگەخوازییە وەردەگرێ کە لەسەر بنەمای سروشتگەرایی دامەزراوە بۆ سەلماندنی پێچەوانەی ئەم بانگەشەیە و دەپرسێ ئایا سەگەکان لە رەگەزی نێرومێ نین کە هەم بەکاری پاسەوانی دێن وهەم بۆ راو بەسوودن؟ لەکۆماردا (٤٦٦c ـ d) دەنووسێت :"ئایا هاوڕای کە ئافرەتان ... یش وەك سەگەکان لەتەك پیاواندا بەشدارییکەن بۆ پاسەوانی و راو...و ئەگەر وابکەن، ئایا بەچەشنێکی زۆر دڵخواز کاریان نەکردووە، چونکە ئەمە نەك هەر دژی سروشت نییە بەڵکو کۆکە لەگەڵ پەیوەندی سروشتی تاکی هەر دوو رەگەزەکەی؟" (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٨ هەر لەم بەشەدا، سەبارەت بەسەگ وەك پاسەوانی ئایدیالی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، بەتایبەتی یادداشتی٣٢(٢)و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا).

**٣١ـ** لەبەشی دەیەم، یادداشتی٧و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا، بەکورتی رەخنەیەکمان ئاراستەی تیۆری بایۆلۆژییانەی دەوڵەت کردووە.※لەهەمبەر چاوگی رۆژهەڵاتییانەی ئەم تیۆرە، بگەڕێنەوە بۆ وتارەکەی ئایسلەر[٦٤].※

**٣٢ـ** بۆ ئاگاداربوون لەهەندێ لایەنی پراکتیکی تیۆری ئەفلاتوون سەبارەت بە گیان و دەرەنجامگیرییەکانی، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتەکانی٥٨ و٥٩و بابەتی پەیوەندیدار لەدەقەکەدا. سەبارەت بە پێکچوونی بنەمایی نێوان شارو تاك کە لەرووی میتۆدۆلۆژییەوە ئەنجامدراوە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆکۆمار، ٣٦٨e، ٤٤٥c، ٥٧٧c. لەمەڕ تیۆری سیاسی ئالکمایون سەبارەت بە تاکەکەس یان فیسیۆلۆژی مرۆڤ، بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتی١٣.

**٣٣ـ** کۆمار، ٤٢٣b، ٤٢٣d.

**٣٤ـ** ئەم دەستەواژەیە و دەستەواژەی دواتر لە کتێبەکەی گرۆت[٦٥] وەرگیراوە. پارچە سەرەکییەکانی کۆمار بریتین لە: ٤٣٩c بۆدواوە (حەکایەتی لیۆنتیوس[٦٦])، ٥٧١c بەدواوە (بەشی ئاژەڵی لە بەرانبەر بەشی عەقڵانی)، ٥٨٨c (هیولا:بەراوردی بکەن لەگەڵ (چاخی نوێ)، "سرووشی پێغەمبەر یوحەنا" (بابی سێزدەهەم، ١٧ و١٨)، "دڕندە" کە خاوەن ژمارەی ئەفلاتوونییە )،٦٠٣d و٦٠٤b (مرۆڤ لەجەنگ لەگەڵ خۆیدا). بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، b ـ٦٨٩a، و بەشی دەیەم، لە یادداشتەکانی٥٨ و٥٩.

**٣٥ـ** کۆمار، ٥١٩e بۆدواوە (هەڵبیسەنگێنن لەتەك بەشی هەشتەم، یادداشتی١٠)، دوو دەستەواژەکەی دواتریان هی‌یاساکانە، ٩٠٣c. (من ریزەکەیانم ئاوەژوو کردۆتەوە). شایانی باسە کە وشەی گشت لەم دوو دەستەواژەیەدا (holon, pan)ی دەوڵەت نییە، بەڵکو جیهانە، بەڵام گومانی تێدانییە کە مەیلی بنەمایی لەم گشتگەراییە گەردووناسانەیەدا، بە ئاراستەی گشتگەرایی سیاسییە، بەراوردی بکەن لەگەڵ یاساکان، ٩٠٣d (کە تێیدا پزیشك وپیشەکارەکان بە سیاسەتمەدار دەچوێندرێن)و ئەم راستییە کە ئەفلاتوون بەزۆری وشەی holonی (بەتایبەتی لە سیغەی کۆدا) بەمانای "دەوڵەت" و"جیهان" بەکاردەهێنێت.

64. R.eisler,Revue de synth'ese Historique,vol.41,p.15.
65. G.Grote,plato and the other companions of Socrates (1875),vol.III,124.
66. Leontius



سەرەڕای ئەمە، دەستەواژەی یەکەم، (بەپێی ئەو ریزەی من وەرمگرتووە) شێوەیەکی کورتتری ئەو شتەیە کەلە کۆمار، ٤٢٠b ـ٤٢١c وتراوە و دەستەواژەی دووەم لەوشتەی لەکۆمار، ٥٢٠ بەدواوە هاتووە، ("ئێمە تۆمان خولقاندووە هەم بۆ دەوڵەوت و هەم بۆ خۆت") **پارچەکانی دیکە لەمەڕگشتگەرایی یان کۆگەرایی** بریتین لە : کۆمار، ٤٢٤a، ٤٤٩a، ٤٦٢e، یاساکان، ٧١٥b، ٧٣٩c، ٨٧٥a بەدواوە، ٩٠٣a، ٩٢٣b، ٩٤٢a بۆدواوە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، یادداشتەکانی٣١ و٣٢). سەبارەت بەم تێبینییە کە ئەفلاتوون وەك بوونەوەرێکی ئۆرگانێك لەدەوڵەت دواوە، بگەڕێنەوە بۆکۆمار، ٤٦٢cو یاساکان، ٩٦٤e، کەتێیدا تەنانەت دەوڵەت لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا بەراورد کراوە.

**٣٦ـ** هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ چاپی ئادام بۆ کۆمار، بەرگی٢، ل٣٠٣. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی٣و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.

**٣٧ـ** ئەم خاڵە لەهەمان کتێبی ئادام، لەپەراوێزی ٥٤٦a، ٥٤٦bو هەروەها لە لاپەڕەکانی٢٨٨ و٣٠٨ جەختی لەسەرکراوەتەوە. وتە وەرگێراوەکەی دواتریان هی کۆمار، ٥٤٦a. هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك کۆمار، ٤٨٥a/b کە لەبەشی سێیەم، یادداشتی٢٦(١)و لەدەقی تایبەت بەیادداشتی٣٣، بەشی هەشتەم ئاماژەی بۆکراوە.

**٣٨ـ** ئەو خاڵە سەرەکییەی کە من لەسەری لەگەڵ راڤەی ئادامدا ناتەبام هەر ئەمەیە. من پێموایە کە ئاماژەی ئەفلاتوون بۆ شافەیلەسووف[٦٧] کە لەکتێبی شەش و حەوتدا لەسەریان دواوە، لەهەمووشتێ زیاتر هۆگری ئەو شتانەیە کە نایەنەبوون و رێگای نەمان ناگرن (کۆمار، ٤٨٥b، بگەڕێنەوە بۆ دوایین یادداشتی ئەم بەشە و ئەو پارچانە کەداوای گەڕانەوە بۆیانمان کردووە)و ئەو راهێنانەی کەلە ماتماتیك و دیالێکتیکدا بینیویەتی، دەستی بەمەعریفەی ژمارەی ئەفلاتوونی و وەستاندنی داڕووخانی کۆمەڵایەتیو پێشگیری لە نەمانی دەوڵەت رادەگات. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی٣٩.

ئەو وتەیەی کە لەم بەندەدا خواستوومانە بەم چەشنەیە: "پاراستنی پاکژی و پاکی رەگەزی زێرەڤانان" کۆمار، ٤٦٠cو دەقی تایبەت بە یادداشتی٣٤، بەشی چوارەم، "شارێکی بەم چەشنە دروستکراو رێکخراو"،تاد، کۆمار، ٥٤٦a لەهەمبەر هەڵاواردنی ئەفلاتوون،

67. philosopher king

لەبەستێنی ماتماتیك و دەنگناسی و ئەستێرەناسیدا لەگەڵ **مەعریفەی عەقڵی** و رای وەهمی کە لەسەر بنەمای ئەزموون یان دەرکی (هەستی) دامەزراوە، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥٢٣a بەدواوە، ٥٢٥بۆ دواوە (کە تێیدا پرسی "موحاسبە" تاوتوێدەکرێت، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ٥٢٦a)، کۆمار ٥٢٧d بۆدواوە، ٥٢٩b بەدواوە، ٥٣١a بۆدواوە (تا ٥٣٤a و٥٣٧d)، هەروها بگەڕێنەوە بۆ ٥٠٩d ـ٥١١e.

**٣٩ـ*** سەرکۆنەیان کردووم بۆچی ئەم وشانەم ("بەهۆی نەبوونی میتۆدێکی تەواو زانستی") کە هەرگیز بەشێوەی وتەی خواستراو ئاماژەم بۆنەکردوون، لەخۆمەوە "زیادم کردوون". بەڵام بەسەرنجدان لەکۆمار، ٥٢٣a تا٥٣٧d، بەڕای من بەڕوونی خۆی دەردەخات کە ئاماژەی ئەفلاتوون بۆ ئیدارکی (هەستی)، ڕێك پێویستی بەم دژایەتییە هەیە. *

دەستەواژە وەرگێراوەکانی ئەم بەندە هی کۆمارە، ٥٤٦b. سەرنج لەوەبدەن کە لەسەرانسەری ئەم پارچەیەدا "میوزەکان[٦٨]" لەزمانی "سوقرات"ەوە دەدوێن.

لە راڤەکەم لەمەڕ **چیرۆکی دابەزین و ژمارە** ئەوەخستوومەتە ڕوو، ئاگاداری ئەوە بوومە خۆ لەپرسی دژوارو جیانەکراوە و رەنگە بۆ جیاکردنەوە نەشیاوی ئەژمێری خودی ژمارە ببوێرم. (لەوانەیە پرسەکە بەم چەشنە بۆ لێك جیاکردنەوە و هەڵاواردن نەشێت کە ئەفلاتوون رازێکی لە دڵ دابووە بەڵام بەتەواوی ئاشکرای نەکردووە.) راڤەی من یەکڕاست بۆ پارچەی پێش وپاش سنووردارە کە تێیدا خودی **ژمارە** وەسفکراوە. بەبڕوای من مەدلوولی پارچە نێوبراوەکان تەواو روونن. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، تا ئەو جێگایەی من شارەزام، راڤەی من لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا جیاوازن کە پێشتر لەم پانتاییەدا ئەنجام دراون.

(١) ئەو دەستەواژە گرنگ وهەستیارەی کە بۆتە بنەمای راڤەی من هەر ئەوەیە کە دەڵێت: الف) زێرەڤانان بە "**موحاسبەیەك بەیارمەتی تێگەیشتنی (هەستی)**" کاردەکەن. پاش ئەو، سوودم لەم دەستەواژەیە وەرگرتووە کە ب) زێرەڤانەکان "**بەرێکەوت رێگایەك نادۆزنەوە** (واتە رێگایەکی راست) کە منالّی باش پەیدابکەن" ج) "**رێگای هەڵە و چەوتی دەگرنەبەرو** بەشێوەیەکی هەڵە منداڵ دەخەنەوە" د) زیرەڤانەکان لەم شتانە "هەروەك **ژمارە**" "**بێئاگان**".

68. The muses



سەبارەت بە الف) دەبێ لای هەموو خوێنەرێکی وردی ئەفلاتوون ئەوە ئاشکرابێت کە مەبەست لەم ئاماژەکردنە بە تێگەیشتنی (ئیدراکی هەستی)، رەخنەگرتنە لەمیتۆدی جێگەی باس. پارچەی بابەتی ئێمە (واتە ٥٤٦a بۆدواوە) پاش ٥٣٧d ـ٥٢٣a دێت (بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یادداشتی پێشوو) کە تێیدا بەرانبەرێتییەکە لە نێوان مەعریفەی پەتی عەقڵی و رایەکە کە لەسەر بنەمای ئیدراکی (هەستی) دامەزراوە و یەکێکە لە باسە سەرەکییەکان و زاراوەی "موحاسبە" لەدەقێکدا بەکاردەهێنرێت کە پشت بە بەرانبەرێتی نێوان مەعریفە عەقڵی و ئەزموون دەبەستێ ئەوە لەکاتێك دایە کە زاراوەی "تێگەیشتنی (هەستی)" (بگەڕێنەوە بۆ ٥١١c/d) بە واتایەکی تەکنیکی و پڕ سووکایەتی بەکاردەهێنرێت. هەموو ئەمانە بیروباوەڕێك سەرڕاست دەکەن کە لەهەمبەر پارچەی ناوبراوەوە خراونەتە ڕوو. (بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەو وشانەی کە پلۆتارخوس لەباسی بەرانبەرێتی ناوبراودا بەکاریان دێنێت[٦٩]). لەم رووەوە، پێموایە ـ ئەم رایە بە پشت بەستن بە بەستێنی باسەکەمان، بەتایبەتی (ب) و(ج) و(د) بەهێزدەبێت ـ گوتاری ئەفلاتوون لەمەڕ الف) ئەم مانایە لەخۆدەگرێ کە "ئەو موحاسبەیەی کە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی (هەستی) دامەزراوە" شێوازێکی باش نییە و هەندێ شێوازی باشتر لە ئارادان ـ واتە شێوازی ماتماتیکی و دیالێکتیك ـ کە مەعریفەیەکی عەقلّی پەتی دەدەن بەدەستەوە. ئەو خاڵەی گەرەکمە بەدرێژی لەسەری بدوێم هێندە روون و سادەیە کە ئەگەر بەهۆی ئەمە نەبووایە تەنانەت ئادامیش تووشی هەڵە بووە، هێندە زەحمەتی شیکردنەوەم نەدەدا بەرخۆم. لەو پەراوێزەی کە بۆ ٥٤٦a و٥٤٦b٧ نووسیویەتی، "موحاسبە" وەك ئاماژەیەك بۆ ئەرکی فەرمانڕەواکان لێکدەداتەوە بۆ دیاریکردنی ژمارە هاوسەرێتیو "تێگەیشتنی(هەستی)" وەك ئامرازێك راڤەدەکات کە لەم رێگەیەوە بڕیاربدەن دەبێ کام هاوسەر لەگەڵ یەکتردا جووت بن و پێویستە چ منداڵێك پەروەردە بکرێت وشتی لەم جۆرە". یاخود بەجۆرێکیتر، ئادام وتەکەی ئەفلاتوون بە روونکردنەوەی وەسفێك لەقەڵەمدەدات نەك جەدەلێك بۆ رەدکردنەوەی لاوازی میتۆدی ئەزموونی و لەم رووەوە، هیچ کام لە وتەکانی (ج) و(د) ـ کە یەکەمیان ئێژێ فەرمانڕەواکان "رێگای هەڵەوچەوتی دەگرنەبەر"و دووەمیان کە ئەوان "بێئاگان" بەم فاکتەوە نابەسترێنەوە کە ئەوان سوود لەشێوازی میتۆدی ئەزموونی وەردەگرن. (جگە لەمە، ئەگەر پەیڕەوی لە بۆچوونەکانی ئادام بکەین، (ب) کە دەڵێت (زێرەڤانان) "بەرێکەوت" شێوازێکی راست "نادۆزنەوە" بە وەرنەگێڕدراوی دەمێنێتەوە).

69. Plutarch,Life of Marcellus, 306.

دەبێ لە راڤە و شرۆڤەی پارچەی ناوبراودا ئەوەمان لەبیربێت کە لەکتێبی هەشتەم، یەکڕاست دوای ئەم پارچەیە، ئەفلاتوون بۆ پرسی یەکەمین شار دەگەڕێتەوە کە لە کتێبی دووەم تا چوارەم بابەتی گفتوگۆ بووە. (بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ئادام بۆ ٤٤٩a بەدواوە و ٥٤٣aبۆدواوە). زێرەڤانانی ئەم شارە نەماتماتیکزانن و نەدیالیکتیك دەزانن و لەم رووەوە هیچ وێنایەکیان نییە لەسەر میتۆدی تەواو عەقڵی کە لە کتێبی حەوتەم (٥٢٥ ـ٥٣٤) ئەو هەموو جەختەی لەسەر کراوە. سنگینی و گرنگی ئەو شتەی لەمەڕ تێگەیشتنی (هەستی) وتراوە ـ واتە لەهەمبەر هەژاری میتۆد و شێوازی ئەزموونی و لەئاکامدا، بێئاگایی زێرەڤانەکان ـ جۆرێکە کە لەم پانتاییەدا ئەگەری هەڵە ناهێڵێتەوە. وتەی (ب)کە ئێژێ فەرمانڕەواکان "بە ڕێکەوت ڕێگای راست نادۆزنەوە کە یان منداڵی باش بخەنەوە یان هەر لەبنەڕەتدا دروستی نەکەن"، لە راڤەکەی مندا بەتەواوی روون و ئاشکرایە. فەرمانڕەواکان تەنیا میتۆدی ئەزموونیان لەبەردەست دایە، هەربۆیە، تەنیا رێکەوتنێکی چاکە ئەگەر تووشی میتۆدێك بن کە دیاریکردنی پێویستی بەمیتۆدی ماتماتیکی یان میتۆدە عەقلییەکانیتر بێت. ئادام (لە پەراوێزی ٥٤٦a و٥٤٦bv)دا دەڵێت دەتوانین بەم جۆرەش وەریبگێڕین کە :" یاخود بەجۆرێکی وشە بەوشە: تووشی خستنەوە (پەیداکردن) نابن... " پێموایە هۆی ئەوەی نەیتوانیوە هیچ مانایەك لە hit (= تووش بوون (یان رووبەروو بوونەوە) ) بەدەستبێنێت، دەرەنجامی ئەوەیە پەی بە دەلالەتەکانی (الف) نەبردووە.

ئەو راڤەیەی خستمەڕوو، (ج) و(د) هەردووکیان بەتەواوی والێدەکات بۆ تێگەیشتن بشێن و لەگەڵ وتەکەی ئەفلاتوون دا کە ئێژێ ئەم <u>ژمارەیە</u> "بەسەر زانە باشتر و خراپترەکاندا باڵادەستە" بەچاکی دەگونجێت. شایانی باسە کە ئادام لەمەڕ (د) ـ واتە "بێئاگایی"ـ بۆچوونی خۆی دەرنابڕێ، ئەوە لەکاتێك دایە کە بە وەبەرچاوگرتنی تیۆرەکەی خۆی (پەراوێزی ٥٤٦d٢٢) لەهەمبەر ئەوە کە "ژمارەی ناوبراو، ژمارەی پەیوەست بە هاوسەرێتی نییە"و لەرووی چاکسازی رەگەزییەوە هیچ چەشنە مانایەکی تەکنیگی لەخۆ ناگرێ، هەربۆیە پێویست بوو بۆچوونی خۆی دەربڕێ.

لەراستیدا مانای <u>ژمارە</u> هەم تەکنیکییە و هەم پەیوەندی بەچاکسازی رەگەزییەوە هەیە. پێموایە ئەم خاڵە روون و ئاشکرا دەبێت ئەگەر ئەوەبێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئەو پارچەیەی تێیدا وتووێژ لەسەر ژمارە دەکرێت، لەنێوان ئەو پارچانەدا گونجێنراوە کە ئاماژە بەزانستی



چاکسازی رەگەزی ـ یاخود بەجۆرێکی باشتر، ئاماژە بە نەبوونی ئەم زانستە دەکرێت. یەکڕاست بەر لەدوان لەمەڕ <u>ژمارە</u>، (الف)و (ب)و (ج) یەکڕاست  پاش ئەو (د) دێت و چیرۆکی بووك و زاوایەك کە منداڵی داروخاو دەخەنەوە سەرەڕای ئەمە، (ج) بەر لەقسەکردن لەسەر ژمارە و (د)پاش ئەو، ئاماژە بۆ یەکتر دەکەن، چونکە، (ج)ـ واتە "هەڵە و سووچ"ـ پەیوەندی بە" شێوازی هەڵەی منداڵ خستنەوە هەیە، و (د)ـ واتە "بێئاگایی"ـ پەیوەندی بە ئاماژەیەکی رێك هاوچەشنی ئەمەوە هەیە، واتا "جووتکردنی بووك وزاوا لە رێگای هەڵەوە". (بچوونە سەر یادداشتی دواتر).

دواین خاڵ کە پێویستە لەپانتایی ئەوەوە داکۆکی لەو راڤەیە بکەم کە خستوومەتە ڕوو ئەو بانگەشەیەی منە کە ئەو کەسانەی <u>ژمارە دەزانن</u> لەم رێگایەوە دەسەڵات و نفووز بەسەر "زانی باشتر یان خراپتر"دا وەدەست دێنن. هەڵبەتە ئەمە دەرەنجامی ئەو وتەیەی ئەفلاتوون نییە کە دەڵێت خودی <u>ژمارە</u> خودان دەسەڵاتێکی ئەوتۆیە، چونکە ئەگەر راڤەی ئادام راست بێت، دەبێ <u>ژمارە</u> لە دایك بوون و زانەکان بخاتە ژێر رێکی و رێسای خۆیەوە، چونکە ئەو قۆناغە نەگۆڕە دیاریدەکات کەپاش ئەو حەتمەن داڕووخان دەستپێدەکات. بەڵام بەبۆچوونی من، ئاماژەکەی ئەفلاتوون بۆ "تێگەیشتنی (هەستی)" و"هەڵەوسووچ" و"بێئاگایی" وەك هۆکاری بێنێوبەندی هەڵەی پەیوەست بە چاکسازی رەگەزی، لەمانا بەتاڵ دەبووەوە ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبووایە کە ئگەر هاتباو زێرەڤانان زانینی پێویستیان لەسەر میتۆدی گونجاوی ماتماتیك وتەواو عەقڵی هەبوویە، لەهەڵەوسووچ بێبەری دەبوون. بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێ بەناچاری ئەو دەرەنجامە وەربگرین کە <u>ژمارە</u> خاوەن مانایەکی تەکنیکییە لەبەستێنی چاکسازی رەگەزی و زانست لەمەڕ ئەوەوە، کلیلی وەدەستهێنانی دەسەڵاتە بۆ وەستاندنی داڕووخان وداڕزان. (هەروەها ئەمە بەبڕوای من تاکە دەرەنجامگیرییەکی گونجاوە کەمن سەبارەت بەم جۆرە خورافەیە دەیزانم. بۆ نموونە، سەرتاسەری ئەستێرەناسی لەڕواڵەتدا ئەم وێنا تەژیی لە دژایەتییە لەخۆدەگرێت کە ئاگاداربوون لەچارەنووس یارمەتیمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین دەستکاری بکەین.) بڕوام وایە هەوڵدان بۆ شرۆڤەکردنی <u>ژمارە</u> بە هەرجۆرێك جگە وەك تابۆیەکی نهێنی بۆ پەروەردەکردنی نەوە، لەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەندێ کەس سەرە لەقێ لەوە دەکەن ئەم بۆچوونە سادەیە بخەنە پاڵ ئەفلاتوونەوە ئەگەرچی ئەو بۆخۆی بە ئاشکرا ئەم جۆرە هزری روون کردبێتەوە. یاخود بە جۆرێکیتر، چاوگی ئەم جۆرە هەوڵانە، مەیلێکە بۆ ئایدیالسازی لە ئەفلاتوون.

(٢) لەم پانتاییەدا دەبێ داوای گەڕانەوە بکەم بۆ وتارێك لەژێر ناونیشانی "نەمان وکەوتنی دەوڵەت لەکتێبی هەشتەمی کۆماردا"، نووسینی ئای.ئی.تیلۆر[٧٠]. تیلۆر لەم وتارەیدا (بەبڕوای من بەشێوەیەکی ناعادیلانە) هەڵدەکوتێتە سەر ئادام و لەدژی بەم چەشنە بەڵگەخوازی دەکات "راستە کەلە ٥٤٦bدا بەڕاشکاوی وتراوە کە داڕووخان و دارزانی دەوڵەتی ئایدیالی لەوکاتەوە دەستپێدەکات کەچینی دەسەڵاتدار (لەدەرەوەی وەرزی گونجاودا منداڵیان خستۆتەوە...) بەڵام ئەمە پێویست ناکات بەو مانایە بێت ـ و بەبڕوای من بەو مانایە نییە ـ کە ئەفلاتوون لێرەدا پرسی تەندروستی وەچەخستنەوە تاوتوێ دەکات. بیرۆکە سەرەکییەکە تەواو سادەیە و بریتییە لەوە کە ئەگەر دەوڵەتیش، وەك هەموو شتێکیتری دروستکراوی مرۆڤ ، تۆوی لەبەریەك هەڵوەشانی خۆی لە هەناویدا بێت، هەڵبەتە درەنگ یان زوو ئەو کەسانەی کە جڵەوی بەرزترین دەسەڵات دەگرنە دەست، لەهەمبەر پێشینانیان دەبنە هەندێ کەسی سووك وچرووك" (ل٢٥ بەدواوە). بەڕای من ئەم راڤەیە نەك هەربە وەبەرچاوگرتنی بۆچوونی تاڕادەیەك ڕاشکاوی ئەفلاتوون بۆ قبووڵکردن ناشێت، بەڵکو نموونەی هەوڵێکە بۆ لابردنی تۆخمە شەرماوییەکانی وەك رەگەزپەرەستی یان خورافات لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا. یەکەم جار ئادام دەستیپێکرد و نکۆڵی لەوەکرد کە ژمارە خودان ماهییەتێکی تەکنیکی و چاکسازی رەگەزییە و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە "پەیوەندی بەهاوسەرێتییەوە" نییە و تەنیا قۆناغێکی گەردوونییە. ئێستا تیلۆر درێژە بەباسەکە دەدات و نکۆڵی لەوەدەکات کە ئەفلاتوون لێرەدا هیچ چەشنە گرنگییەك بە "پرسی تەندروستی وەچەخستنەوە" بدات. بەڵام نووسینی ئەفلاتوون لەم پارچەیەدا لێوانە لە ئاماژەکردن بەم پرسە و تیلۆر خۆی دوو لاپەڕە پێشتر (ل٢٣) دانی بەوەدا ناوەکە "لە هیچ جێگایەکدا نەوتراوە" کە ژمارە "لەدیاریکردنی هیچ شتێك جگە" لە زانە باشترو خراپترەکان "دەستی هەیە". ئەوەدەم، نەك هەر ئەم پارچەیە، بەڵکو سەرانسەری کۆمار و (هەربەم جۆرە، سیاسەتمەدار، بەتایبەتی ٣١٠b و٣١٠e) تەژییە لەسەر ڕاستکردنی "پرسگەلی تەندروستی وەچەخستنەوە". تیۆری تیلۆر لەهەمبەر ئەوەی کە کاتێ ئەفلاتوون لەمەڕ "خولقێنراوی مرۆڤ[٧١]" (یان وەك تیلۆر ئێژێ، "شتێکی بوونێنراو لەلایەن مرۆڤەوە" دەدوێت، مەبەستی دەوڵەتە و ئەگەر ئەفلاتوون دەیەوێ ئاماژە بەم فاکتە بکات کە دەوڵەت ئەفرێنراوی یاسادانەری مرۆڤە، بەڕای من لەهیچ

70. A.E.Taylor,"The Decline and fall of the state in Republic, vIII". (mind, N.S.48, 1939), pp. 23ff.
71. "human creature"



شوێنێکی دەقی ئەفلاتوونیدا سەرڕاست ناکرێت. هەموو پارچەی نێوبڕاو بە ئاماژەکردن بۆ شتەکانی جیهانی هەستپێکراوی رەوان دەستپێدەکات و ئەو شتانەی دێنە بوون و دادەڕووخێن (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٣٧ و٣٨ هەر لەم بەشەدا)، بەتایبەتی بوونەوەرە زیندووەکان، رووەك یان گیانلەبەران و پرسی رەگەزی پەیوەست بەمانە. ئەوەدەم، ئەگەر "شتێکی چێکراوی مرۆڤ" لەدەقێکی ئەوتۆدا لەلایەن ئەفلاتوونەوە داکۆکی لێکرابووایە، بەمانای شتێکی "چێکراو"بوو کە پلەوپایەیەکی نزمتری هەیە چونکە "دووهێندە لە حەقیقەتەوە دوورە". (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتگەلی ٢٠ تا٢٣ هەر لەم بەشە و لەتەك سەرانسەری کتێبی دەیەمی کۆمار تا کۆتایی ٦٠٨b). ئەفلاتوون هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کەسێك دەستەواژەی "شتی چێکراوی مرۆڤ" بەمانای دەوڵەتی تەواو و"سروشتی" لێکبداتەوە، بەپێچەوانەوە بێگومان چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە زەینی خەڵك بەرەو شتێکی زۆر سووك و نزم بچێت (وەك شیعر ، بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی چوارەم، یادداشتی٣٩). ئەو دەستەواژەیەی کە تیلۆر بە "شتێکی بوونێنراو لەلایەن مرۆڤ"ەوە وەریگێڕاوە، بەزۆری وەك "خولقێنراوی مرۆڤ" پاچڤە دەکرێت و ئەمە هەموو دژوارییەکان چارەسەر دەکات.

(٣) بە گریمانەکردنی راستی راڤەی من بۆ پارچەی ناوبراو، ئێستا رەنگە بتوانین بڵێین کە بیروباوەڕی ئەفلاتوون لەمەڕ داڕووخانی رەگەزیی پەیوەندی بە ئامۆژگارییە دووپاتەکانی ئەوەوە هەیە کە دەبێ ژمارەی ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار بەجێگیری بهێڵدرێتەوە! ئەو ئامۆژگارییەی دەریدەخات کە ئەفلاتوونی کۆمەڵناس شوێنەواری نائارامیورووژێنی زۆربوونی دانیشتوانی دەرك کردووە). شێوازی بیرکردنەوەی ئەفلاتوون کە لەکۆتایی ئەم بەشەی ئێستادا وەسفکراوە (بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٤٥و یادداشتی ٣٧، بەشی هەشتەم) بەتایبەتی ئەو شێوازەی کە حکوومەتی تاکەکەسی پاشایی و چەند کەسی تیمۆکراسی لەبەرانبەر فرەدا دادەنێت کە هیچ نییە جگە لەئاپۆڕایەکی گێرەشێوێن ـ لەوانەیە ئەم بیروباوەڕەی بەگوێدا خوێنرابێت کە زیادبوونی ژمارە هاوتای نزمبوونەوەی چۆنایەتییە. (بەراستی شتێکی تاڕادەیەك هاوچەشنی ئەم واتایە لەیاساکان، ٧١٠b، وتراوە). ئەگەر ئەم گریمانەیە راست بێت، رەنگە بەئاسانی گەیشتبێتە ئەو دەرەنجامە کە زیادبوونی دانیشتوان خودان پەیوەندییەکی دوولایەنە لەگەڵ داڕووخانی رەگەزیی و تەنانەت هۆبەندیشیەتی. لەبەرئەوەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەراستیدا هۆکاری بنەڕەتی ناسەقامگیری و لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمەڵگا خێڵەکییە کۆنەکانی یۆنان بوو (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی دەیەم،

یادداشتەکانی ٦ و٧ و٦٣و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا)، ئەم گریمانەیە شرۆڤە دەکرێت کە بۆچی ئەفلاتوون (هەماهەنگ لەتەك تیۆرە گشتییەکانی خۆی لەهەمبەر "سروشت" و"گۆڕان") لەسەر ئەو بڕوایە بوو کەهۆکاری "راستەقینەی" داڕووخانی رەگەزییە.

٤٠ـ (١) یان "لەکاتی هەڵە". ئادام (لە پەراوێزی ٥٤٦d٢٢) سوورە لەسەر ئەوەی نابێ بە "لەکاتی هەڵە"دا وەربگێڕدرێت بەڵکو دەبێ بوترێت "بەشێوەیەکی نەگونجاو". هەر دەتوانم هێندە بێژم کە راڤەکەی من لەدەرەوەی ئەم پرسەیە و لەگەڵ ئەوەدا بوترێت "بەشێوەیەکی نەگونجاو" یان "بەشێوەیەکی هەڵە" یان "لەکاتی هەڵە" یان "لەدەرەوەی وەرزی گونجاو"دا بەهیچ چەشنێك ناتەبایی نییە. (مانای دەستەواژەی ناوبراو لەبنەڕەتدا شتێکی وەك ئەمەیە "بەپێچەوانە ئەندازە و پێوەری شایستە"، بەزۆری مانای "لەکاتی هەڵە" دەدات".)

(٢) سەبارەت بەگوتەی ئەفلاتوون لەمەڕ "تێکەڵاوی" و"ئاوێتە بوون"، شایانی ئاماژەکردنە پێدەچێت بڕوای بەتیۆرێکی کۆن و بەدەوی بەڵام خەڵك پەسند هەبووبێت (کە هێشتاش لە رواڵەتدا لەنێو پەروەردەکانی ئەسپی پێشبڕکێدا برەوی هەیە) کەپێیوایە منداڵ ئاوێتە یان تێکەڵەیەکە نیوانیو لەخوو خەسڵەت یان "سروشتی" دایك وباوك. خووخەسڵەت یان سروشتەکان یان "فەزیلەتەکانی" ئەوان (وەك توانایی و خێرایی و تاد یان بەپێی نوسینی کۆمار و سیاسەتمەدار و یاساکان، نەرم نیانی و دڕندەخۆیی و بوێری و میانڕۆیی و تاد) لەودا بەرێژەی ژمارەی باوانەکان (واتە باپیر و داپیر و باوەگەورەو...) کە خودان ئەم خەسڵەتانە بوونە، تێکەڵاو دەبێت. کەواتە، پەروەردەکردنی نەوە، تەکنیکی تێکەڵاوی یان ئاوێتەبوونی سروشتەکانە بەشێوازێکی عەقڵانی و زانستی و ماتماتیکی و هەماهەنگ. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتمەدار، ئەو بەشەی کەتێیدا تەکنیکی پاشایەنەی وڵات بەڕێوەبردن یان مێگەلداری، بە پیشەی رستن وچنین دەچوێنرێت ودەوترێت پێویستە رێسەری تاجدار بوێری و میانڕۆیی ئاوێتەی یەکتر بکات. (بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٣٧٥c ـ e، ٤١٠c بەدواوە، یاساکان، ٧٣١b، و بەشی چوارەم، یادداشتی٣٤ بەدواوە و بەشی هەشتەم، یادداشتی١٣و یادداشتی٣٩ بەدواوەو بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.)

٤١ـ بۆ ئاگاداربوون لەمەڕ یاسای ئەفلاتوون سەبارەت بەشۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان، بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ بەشی چوارەم، یادداشتی٢٦و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا.



٤٢ـ جۆرج برنارد شۆ زاراوەی "میتابیۆلۆژی" بەم مانایە ـ واتە بۆ دەلالەت لەسەر جۆرە رێباز و دینێك ـ بەکارهێناوە. (بگەڕێنەوە بۆ پێشەکی **گەڕانەوە بۆ میتوشالەح**[٧٢]، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی دوازدەیەم، یادداشتی٦٦.)

٤٣ـ پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار، ٥٤٧a٣.

٤٤ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی تایبەت بەیادداشتی١٩ لەبەشی سێزدەهەم، هەروها بەشی چواردەهەم کەتێیدا ئەوەی من بە"دەروونناسیگەرایی" لەمیتۆدی کۆمەڵناسیدا ناوزەدم کردووە، رەخنەی لێگیراوە و دەروونناسیگەرایی میتۆدۆلۆژیانەی[٧٣]، بابەتی باسەکەیە.

٤٥ـ زۆربەی کاتەکان دەڵێین نابێ هزری ئەفلاتوون بەتۆبزی لەقاڵبی هیچ ((سیستەمێکدا))[٧٤] بگونجێنرێت. لەم رووەوە، هەوڵی من لەم بەندەدا و (نەك تەنیا هەر لەم بەندەدا) بۆ دەرخستنی یەکیەتی رێکی هزری ئەفلاتوونە کە بە ئاشکرا لەسەر بنەمای خشتەی فیساگوری بەرانبەرەکان (بەرهەڵستەکان) دامەزراوە، رەنگە رەخنەی لێبگیردرێت بەڵام بەبڕوای من ئەم جۆرە سیستماتیك کردنە، ئەزموونێکە دەبێ هەموو راڤەیەك بکەوێتە ناویەوە. ئەو کەسانەی پێیان وایە پێویستیان بەراڤە نییە و دەتوانن فەیلەسووف یان بەرهەمەکانی "بناسن"و خودی خۆی "هەر بەو جۆرە کە هەبووە"و بەرهەمەکانی "وەك ئەوەی هەیە" قبوڵبکەن، لە هەڵەدان و هیچ چارەیەکیان نییە جگە لەراڤە و تەئویلی فەیلەسووف و بەرهەمەکانی. بەڵام لەبەرئەوەی ئاگایان لەوە نییە کە خەریکی راڤەن و (نازانن بۆچوونەکانیان لەلایەن نەریت و خووخدەکانیانەوە رەنگڕێژ دەکرێت)، ئەوا حەتمەن راڤەکەیان سادە و ساویلکە و بەرییە لە رەخنەو هەڵسەنگاندن. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یادداشتەکانی ١ تا٥ و٥٦ و بەشی بیست و پێنجەم). پێویستە راڤەی رەخنەگرانە لە شێوەی ئەفراندنەوەی عەقڵانی دابێت و بخرێتە قاڵبی سیستەمەوە، دەبێ هزری فەیلەسووف وەك بینایەکی هەماهەنگ و پێکەوە گونجاو بونیات بنێتەوە. هەروەك ئوینگ لەمەڕ کانت گوتوویەتی:"... دەبێ لەم گریمانەوە دەستپێبکەین ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە فەیلەسووفێکی گەورە هەمیشە دژ و پێچەوانەی یەکتر بڵێت و لەم رووەوە، هەرکاتێك دوو راڤە لە گۆڕێ بێت کە یەکێکیان وتەکانی کانت پێکەوە گونجاو بکات و ئەویتریان

72. G.B.shaw,Back to Methuselah
73. Methodological psychologism
74. system.

نەگونجاوی بکات، دەبێ ئەگەر ئینساف لە ئارادابێت، یەکەمیان لە دووەمیان بە باشتر بزانین(٧٥)". بێگومان ئەمە نەك هەر لەمەڕ ئەفلاتوونەوە، بەڵکو بەتەواوی لەهەمبەر هەموو راڤەیەکدا راستە.

75. A.C. Ewing, A short commentary on kant's critique of pure Reason,1938,p.4.

# بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون

# ٦ دادپەروەریی تۆتالیتێر

شیکردنەوە کۆمەڵناسیی ئەفلاتون، ناساندنی بەرنامە سیاسیەکەی ئاسانتر دەکات. دەتوانین خواستە بنەماییەکانی لە یەکێك لەم دوو ڕێسایەدا بخەینەڕوو کە یەکیان لەگەڵ تیۆرە ئایدیالیستیەکەی لەمەڕ گۆڕان و وەستاندا دەگونجێت و ئەویتریان لەگەڵ سروشتگەراییەکەی. ڕێسای ئایدیالیستی دەڵێت: هەموو **گۆڕانێکی سیاسی بووەستێنن!** گۆڕان شەڕە و وەستان، یەزدانی[١]، دەتوانرێ هەموو جۆرە گۆڕانێك بوەستێنرێت ئەگەر دەوڵەت بگۆڕێت بۆ کۆپیەکی وردو ڕێکی بنەچە- واتە فۆڕم یان ئایدیای شار. ئەگەر کەسێك بپرسێ ئەم کارە چۆن پراکتیکە دەکرێ، بە ڕێسای مێژووگەرایی وەڵامی دەدەینەوە: بگەڕێنەوە بۆ سروشت! بگەڕێنەوە بۆ بارودۆخی بنەڕەتی باوانەکانمان، ئەو بارودۆخە بەدەوی یان سەرەتاییەی کە لە سەر بنەمای سروشتی مرۆڤ دامەزرابوو و هەر بۆیە سەقامگیر و پتەو بوو، بۆ باوکسالاری[1] خێڵەکی سەردەمی بە لە دابەزین {هبوط}، بۆ حکومەتی چینایەتی دانا کەمەکان بەسەر جاهیلە زۆرەکان، بگەڕێنەوە.

بە بڕوای من، دەتوانین هەموو توخمەکانی بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون لەم خواستانەوە دەربهێنن و ئەم توخمانە بە نۆرەی خۆیان، لەسەر بناغەی مێژووگەراییەکەی دامەزراون و دەبێ لەگەڵ دۆکترینە کۆمەڵناسیەکانی لەمەڕ هەلومەرجی پێویست بۆ جێگیری حکومەتی چینایەتی لێك گرێ بدرێن. ئەم توخمە سەرەکیانەی کە لە بیرم دان بەم جۆرەی لای خوارەوە:

1. Patriarchy



أ) پۆلین بەندی وردی چینەکان- واتە دەبێ چینی دەسەڵاتدار کە لە شوان و سەگە پاسەوانەکان پێك هاتوون، بە چەشنێکی بێ ئەملاو ئەولا لە مێگەلی مرۆیی جیا بکرێنەوە.

ب) بە هاوتازانینی چارەنووسی دەوڵەت و چارەنووسی چینی دەسەڵاتدار، هۆگرییەکی تایبەت بەم چینە و یەکێتییەکەی و لە خزمەتی ئەم یەکێتییەدا، دانانی ڕێسای ڕەق و وشك لەمەڕ پەروەردەکردنی نەوەو ڕاهێنانی ئەم چینە و چاوەدێری ورد بەسەر بەرژەوەندی ئەندامەکانی و بەهاوبەش کردنی ئەم بەرژەوەندییانە. لەم توخمە سەرەکیانەوە دەتوانین توخمی تریش دەربێنین، بۆ نموونە:

ج) هەندێ شتی وەکو فەزیلەتی جەنگاوەری و مافی هەڵگرتنی چەك و سوود وەرگرتن لە هەموو جۆرە پەروەردە و فێرکردنێك پاوانی چینی دەسەڵاتدارە، بەڵام ئەندامانی ئەم چینە بێبەشن لە بەشداری کردن لە چالاکی ئابووری، بەتایبەتی لە پارە وەسەریەکنان.

د) دەبێ سانسۆر لەسەر تەواوی چالاکییە فیکری و عەقڵییەکانی ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار هەبێت و هزریان بە پروپاگەندەی بەردەوام گۆش بکرێ و وەکو یەکی لێبێت. هەموو جۆرە نوێکارییەك لە پەروەدە و فێرکردن و یاسادانان و ئاییندا دەبێت یا ساغ و سەرکوت بکرێ.

هـ) دەبێ دەوڵەت خۆبەس بێت و خود کەفایی ئابووری وەبەرچاوبگرێ، ئەگینا حوکمڕانەکان دەبنە پاشکۆی بازرگانەکان و یان بۆ خۆیان دەبنە بازرگان. بەشی یەکەم کۆڵەگەکانی دەسەڵاتیان و بەشی دووەم یەکیەتی خۆیان و سەقامگیری دەوڵەت لاواز دەکات.

بە بڕوای من، دەتوانین بە حەق ئەم بەرنامەیە بە تۆتالیتێر وەسف بکەین. بەڵگەنەویستیشە کە بناغەکانی لەسەر کۆمەڵناسی مێژووگەرایانە دامەزراوە.

بەڵام هەر ئەوەندە؟ کارەکە لێرە کۆتایی دێت؟ ئایا هیچ سیمایەکی تر لە بەرنامەی ئەفلاتوندا نییە؟ ئەو توخمانەی کە نە تۆتالیبیێر بن و نە لە سەرمێژووگەرایی دامەزرابن؟ کەواتە گەرموگوڕی ئەفلاتون بۆ چاکە و جوانی یان ئەڤینی بۆ دانایی {حیکمەت} و ڕاستی چیان بەسەردێ؟ یان خواستەکەی بۆ ئەوەی دانا یان فەیلەسوفەکان ببنە فەرمانڕەوا؟ یان هیوایی ئەفلاتون بەوەی هاووڵاتیانی دەوڵەتە دڵخوازەکە هەم خودانی فەزیلەت بن و هەم بەختەوەر؟ یان ئەو خواستە کە دەوڵەت لەسەر بنەمای دادپەروەری دابمەزرێ؟ تەنانەت ئەو نووسەرانەی

که رەخنەیان له ئەفلاتون گرتووه لەسەر ئەو بڕوایەن که ڕێبازه سیاسییەکەی، سەرەڕای ئەوەی له هەندێ رووەوه له تۆتالیتاریزمی ئەمڕۆکه دەچێت، بەلام بەهۆی ئامانجەکانی- واته بەختەوەری هاوولاتیان و حکومەتی داد- به ئاشکرا له تۆتالیتاریزم جیاوازه. بۆ نموونه کراسمەن که دەتوانین هەلوێسته رەخنەگرانەکەی لەم وتەیەوه هەلبسەنگێنین که ((مێژوو پەلامارێکی دڕندانه تر و قولتر له پەلاماری ئەفلاتون بۆ سەر هزری ئازادیخوازانه {لیبرال} پێشان نادات))[٢]، لەگەل هەموو ئەمانه پێیوایه که ئامانجی ئەفلاتون ((دروست کردنی دەولەتێکی تەواوه که تێیدا هەموو هاوولاتییەك بەڕاستی بەختیار بێت)). نموونەیەکی دیکەیان جوده[٢] که هەرچەنده پێکچوونەکانی نێوان بەرنامەی ئەفلاتون و فاشیزم به چڕوپڕی تاوتوێ دەکات، بەو حالەش بانگەشەی ئەوه دەکا که هەندێ جیاوازی بنەمایش {له نێوان ئەم دووانەدا} بوونی هەیه، چونکه له باشترین دەولەتی ئەفلاتوندا ((کەسی ئاسایی... ئەو بەختەوەرییه وەدەست دێنێ که سەر به سروشتەکەیەتی)) و بناغەی ئەم دەولەته، وێنای ((چاکەی رەها و دادپەروەری رەهایه)).

سەرەڕای ئەم چەشنه بەلگەخوازیانه، بەبڕوای من بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون نەك هەر به هیچ شێوەیەك بەسەر تۆتالیتاریزمدا بەزرێتی ئەخلاقی نییه بەلکو له بنەما و بناغەدا لەگەلی دا یەکسانه. هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەم که ئەو ناڕەزایەتیانەی دژی ئەم بۆچوونه بەرزدەبنەوه، سەرچاوەکەیان پێشداوەرییەکی کۆن و رەگداکوتاوه بۆ به ئایدیالسازی له ئەفلاتون. خودی کراسمەن بۆ تیشك خستنه سەر ئەم مەیله و رووخاندنی هەولێکی زۆری داوه، هەروەك دەتوانین لەم وتەیەی دا بۆمان دەربکەوێ ((بەر له جەنگی مەزن[٣]... ئەفلاتون... بەدەگمەن بێ پەرده و به ڕاشکاوی وەکو کۆنەپەرست و نەیاری سەرسەختی هەموو پرنسیپەکانی لیبرالیزم مەحکوم دەکرا. له جیاتی ئەمه، بۆ پلەیەکی بلندتر بەرزدەکرایەوه... له دەرەوەی ژاوەژاوی ژیانی کردەیی و له نێو خەونی شارێکی یەزدانی بەرزدا))[٣]. بەلام کراسمەن خۆیشی لەو مەیلەی که بەم چەشنه راشکاوه رووی هەلدەمالێ، بەری نییه. سەیر ئەوەیه، ماوەیەکی درێژ پاش یادداشتەکانی گرۆت و گۆمپێرتس لەمەڕ خەسلەتی کۆنه پەرستانەی هەندێ له دۆکترینەکانی کۆمار و یاساکان، هێشتا ئەم مەیله جێگیره. هەلبەته ئەم دووانەش به تەواوییەیه یان بەم

2. C.E.M. Joad

٣. The Great war. مەبەست جەنگی یەکەمی جیهانییه.



دۆکترینیانه نەبرد و هەرگیز گومانیان لەوه نەبوو که ئەفلاتون له بنەڕەتدا مرۆڤدۆسته. لەگەل هەموو ئەمانەدا، رەخنەکانیان یان وەبەرچاو نەگیران یان وەکو بێتوانایی له تێگەیشتن و ناسینی بەهای ئەفلاتون حسێب کرا، ئەو کەسەی که مەسیحییەکان پێیان دەگوت ((پێش مەسیح، مەسیحی بووه)) و شۆڕشگێڕەکان بانگەشەیان دەکرد شۆڕشگێڕه. ئەم جۆره بڕوا تەواو و بێ ئەملا و ئەولایه به ئەفلاتون بێگومان هێشتا بالادەسته. بۆ نموونه فیلد به پێویستی دەزانێت خوێنەران ئاگادار بکاتەوه که ((ئەگەر پێمان وابێ ئەفلاتون بیرمەندێکی شۆڕشگێڕه، ئەوا به تەواوی راڤەیەکی هەلەمان بۆ کردووه)). هەلبەته ئەمه به تەواوی راسته، بەلام ئەگەر مەیلی گۆڕینی ئەفلاتون بۆ بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ یان لانی کەم پێشکەوتنخواز، تاڕادەیەك باوی نەبووایه، ئەم ئاگادارکردنەوەیه له جێگای خۆیدا نەبوو. بەلام فیلد خۆیشی ئەم جۆره باوەڕەی به ئەفلاتون هەیه، چونکه کاتێ له درێژەی وتەکەیدا دەلێت ((ئەفلاتون به توندی دژی مەیله نوێ و وێرانکارەکانی سەردەمی خۆی بوو))، بێگەمان گواهیدانی ئەفلاتونی لەمەڕ وێرانکارانه بوونی ئەم مەیله تازانەی به ئاسانی قبول کردووه. دوژمنەکانی ئازادی بەردەوام لایەنگرانی ئازادیان به تێکدەری تاوانبار کردووه و دەتوانین بلێین تاڕادەیەکی زۆر هەمیشه بۆ رازی کردنی تاکه کەسه ساده و نیازپاکەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوه.

به ئایدیالیکردنی ئایدیالخوازی گەوره نەك له راڤه و شرۆڤەی نووسینەکانی ئەفلاتون بەلکو له وەرگێڕانەکانیشدا باوه و تەشەنەی سەندووه. هەموو قسەیەکی رەق و توندوتیژی ئەفلاتون که لەگەل بیروبۆچوونەکانی وەرگێڕ سەبارەت بەوەی دەبێ مرۆڤێکی مرۆڤدۆست بیلێت، نەگونجێ، یان به ئاوازێکی هێواشتر دەردەبڕدرێت و یان به هەله لێی تێدەگەن. ئەم مەیله، به وەرگێڕانی ناونیشانی نووسینێکی که به (کۆمار)[٤] ناوزەدیان کردووه دەست پێدەکات. کاتێ گوێبیستی ئەم ناونیشانه دەبین، ئەوەی لەسەرتادا دەخزێته ناو هزرمانەوه ئەوەیه که ئەگەر نووسەر شۆڕشگێڕیش نەبێ، ئەوا بێگومان ئازادیخوازه، ئەوه لەکاتێك دایه که Republic تەنیا شێوەی ئینگلیزی وەرگێڕانی لاتینی وشەیەکی یۆنانیه که به هیچ جۆرێك ئەم مانایەی نەداوه به دەستەوه و وەرگێڕانی راستی به ئینگلیزی شتێکی وەکو ((حکومەت))[٥] یان ((دەولەتشار)) یان ((دەولەت))ـه، گومانی تێدا نییه که وەرگێڕانی به Republic

4. Republic
5. Constitution

{کۆمار}، کە لە کۆنەوە باوبووە، یارمەتی ئەم بیروباوەڕە گشتییەی کردووە کە ناکرێ ئەفلاتون کۆنەپەرست بێت.

بە سەرنج دان لەو شتانەی کە ئەفلاتون لە هەمبەر چاکە و دادپەروەری و ئایدیاکانی[٦] دیکە وتویەتی، بانگەشەی من لەسەر ئەوە کە خواستە سیاسییەکانی بە تەواوی تۆتالیتێر و دژی مرۆڤدۆستین، پێویستی بە بەرگری لێکردن نییە. بۆ ئەوەی دەست بکەم بە بەرگری کردن، شیکردنەوەی مێژووگەرایی لە چوار بەشی ئایندەدا بەشێوەیەکی کاتی رادەگرم و تاوتوێ کردنی رەخنەگرانەی ئایدیا ئەخلاقییەکانی و پشکی ئەم ئایدیایانە لە خواستە سیاسییەکانی ئەفلاتون دەخەمە ژێر سەرنجەوە. لەم بەشەدا توێژینەوە لەسەر ئایدیای دادپەروەری دەکەم و لە سێ بەشی داهاتووشدا ئەم دۆکترنییە کە دەبێ داناترین و باشترین تاکە کەسەکان فەرمانڕەوایی بکەن و هەروەها لە زەمینەی ئایدیای راستی و دانایی و چاکە و جوانیدا لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەم.

## ١

کاتێك لە ((دادپەروەری)) دەدوێین، بەڕاستی مەبەستمان چییە؟ پێم وانییە ئەم جۆرە پرسە زمانەوانیانە گرنگییەکی تایبەتییان هەبێت یان هەر لە بنچینەدا ناکرێ بەرسڤێکی یەکلاکەرەوەیان بدرێتەوە، چونکە هەمیشە ئەم جۆرە زاراوانە بە واتای جیاجیا بەکاردەهێنرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، هزر دەکەم مەبەستی بەشی هەر زۆری ئێمە لە دادپەروەری، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە روانگەیەکی تەواو مرۆڤدۆستانەیان هەیە، شتێکی لەم چەشنە بێت: (الف) دابەشکردنی یەکسانی باری هاووڵاتی بوون، واتە ئەو جۆرە سنوورانەی کە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا لە هەمبەر ئازادیدا پێویستن{٤}، (ب) رەفتارێکی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتیان لە بەرامبەر یاسادا، هەڵبەتە بەو مەرجەی (ج) یاساکان خۆیان بەرزێتی یان جیاوازی لە نێوان هیچ هاووڵاتییەك یان گروپ یان چینێك دانەنێن، (د) بێلایەنی دادگاکان، و (ه) پشکداری لە پشکی یەکسان نەك هەر لە بار بەڵکو لەو ئیمتیازاتانەی کە هەموو هاووڵاتییەك بەهۆی ئەندامێتی لە وڵاتێکدا دەتوانێت بە دەستی بێنێ. ئەگەر ئەفلاتون ئەم مانایەی لە ((دادپەروەری)) خواستبایە، بانگەشەی من لەسەر ئەوەی بەرنامەکەی بە تەواوی تۆتالیتێرە بێگومان راست نەدەبوو و هەموو ئەو کەسانە راستیان دەکرد کە بڕوایان وایە

6. Ideas



سیاسەت لە روانگەی ئەفلاتونەوە لەسەر بناغەیەکی جێگای پەسەند و مرۆڤدۆستانە دارێژراوە. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو مانایەی ئەو لە ((دادپەروەری)) دەخوازێ، شتێکی بە تەواوی جیاوازە.

مەبەستی ئەفلاتون لە ((دادپەروەری)) چییە؟ بانگەشەی من ئەوەی کە لە کۆماردا، زاراوەی ((دادپەروەر)) یان ((دادپەروەرانە))[٧] بە مانایەکی هاوواتای ((ئەو شتەی بە قازانج و بەرژەوەندی باشترین دەوڵەتە)) بەکاردێنێت. قازانج و بەرژەوەندی دەوڵەت چییە؟ ئەوەیە کە بە پاراستنی پۆلێن کردنی وشك و بێ ئەملاو ئەو لای چینایەتی و حکومەتی چینایەتی، هەموو جۆرە گۆڕانێك بوەستێنێت. ئەگەر لەم راڤەیەدا من راست بکەم، ئەو کاتە پێویستە بڵێین کە ئەفلاتون بە داخوازی دادپەروەری، بەرنامەی سیاسی خۆی لە ڕادەی تۆتالیتاریزم بەرەڵا دەکات و دەبێ بگەینە ئەو دەرەنجامە کە پێویستە پێشی ئەو مەترسییە بگرین کە نەکەوینە ژێر کاریگەری وشەکانەوە.

((دادپەروەری)) تەوەری سەرەکی کۆمارە، هەروەك دیارە لە کۆنەوە ناونیشانی دووەمی کتێبەکە ((لەمەڕ دادپەروەری))یەوە بووە. لەو لێکۆڵینەوەی کە ئەفلاتون سەبارەت بە سروشتی دادپەروەری ئەنجامی دەدات، سوود لەو میتۆدە وەردەگرێ کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد{٥}. سەرەتا هەوڵ دەدات ئەم ئایدیایە لە نێو دەوڵەتدا بدۆزێتەوە پاشان تێدەکۆشێ دەرەنجامەکە لەسەر تاك بەکاربێنێت. ناتوانین بڵێین پرسیاری ئەفلاتون کە دەپرسێت ((دادپەروەری چییە؟)) بەخێرای وەڵامی چنگ دەکەوێ، چونکە لە کتێبی چوارەمدا بەرسڤەکەی دەدرێتەوە. ئەم تێبینییانەی کە ئەم وەڵامەیان لێ دەکەوێتەوە، دواتر لەم بەشەدا بە چڕو پڕی شی دەکرێنەوە، بەڵام بابەتەکە بە کورتی بەم جۆرەیە.

بنەمای شار لەسەر سروشتی مرۆڤ و پێداویستییەکانی و کەموکوڕییەکانی دامەزراوە{٦}. دەنووسێت: ((پێشتر وتمان و ئەگەر بیهێننەوە بیری خۆتان، چەندین جار دووبارەمان کردەوە کە لە شاری ئێمەدا هەر کەسێك دەبێ تەنیا خەریکی یەك کار بێت و ئەویش ئەو کارەیە کە خووخدەی ئەو بەشێوەیەکی سروشتی بە باشترین شێوە لەگەڵیدا گونجاوە)). لەم پێشەکییەوە ئەفلاتون دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە هەموو کەسێك دەبێ سەری لەسەر کاری خۆی بێت: دارتاش تەنیا دەبێ دارتاشی بکات و پێڵاودرو پێڵاو بدروێ. هەڵبەتە رەنگە ئەگەر دوو کرێکار جێگای

7. Just

سروشتی خۆیان لە تەك یەكتردا بگۆڕنەوە، هێندە زیانی نەبێت. ((بەڵام ئەگەر كەسێك كە بە سروشت كرێكارە (یان ئەندامی چینی كاسبكارە)... بچێتە نێو چینی جەنگاوەرانەوە، یان جەنگاوەرێك بەبێ بوونی لێهاتوویی بڕواتە ناوچینی زێرەڤانان،... ئەم جۆرە گۆڕان و پیلانگێڕیە بە مانای داڕوخانی شارە)). ئەم باسە لەگەڵ ئەم بنچینەیەدا كە هەڵگرتنی چەك ئیمتیازێكی تایبەتی چینایەتییە، پەیوەندییەكی نزیكی هەیە و ئەفلاتون بەم دەرەنجامە كۆتاییە دەگەیەنێت كە هەر چەشنە گۆڕان و چوونە ناویەك و تێكەڵاوییەك لە نێو ئەم سێ چینەدا حەتمەن نادادپەروەرییە و كەواتە، دەبێ دژەكەی بە دادپەروەری لە قەڵەم بدرێت. دەڵێت: ((دادپەروەری ئەوەیە هەموو چینێك لە شاردا- واتە نەك هەر چینی كاسبكار، بەڵكو چینی شەڕكەران و زێرەڤانانیش خەریكی كاری خۆیان بن)). كەمێك دواتر، ئەم دەرەنجامگیرییە دیسان پەسەند دەكرێت و بەم جۆرە كۆدەكرێتەوە: ((شار دەبێتە خودانی دادپەروەری... ئەگەر هەر كام لەو سێ چینە خەریكی كاری خۆیان بن)). بەڵام مانای ئەم وتەیە ئەوەیە كە ئەفلاتون دادپەروەری لەگەڵ بنچینەی حكومەتی چینایەتی و ئیمتیازی چینایەتی بە هاوتا لە قەڵەم دەدات. پرنسیپێك كە بڵێت دەبێ هەموو چینێك خەریكی كاری خۆی بێت كورت و كرمانجی بەو مانایەیە كە **كاتێك دادپەروەری لە دەوڵەتدا سەقامگیرە كە حاكم حكومەت بكات و كرێكار كار بكات و كۆیلە كۆیلایەتی بكات**{٧}.

هەروەك دەبینین، تێگەیشتنی ئەفلاتون لە دادپەروەری، لە بنەماوە لەگەڵ بۆچوونەكانی كە پێشتر شیمان كردنەوە، جیاوازی هەیە. ئەفلاتون ئیمتیازاتی تایبەتی چینایەتی بە ((دادپەروەرانە)) دەزانێت، ئەوە لەكاتێك دایە كە مەبەستی ئێمە لە ((دادپەروەری)) بەزۆری نەبوونی ئەم ئیمتیازاتانەیە. وەلێ جیاوازی لەمەش بەرفراوانتر دەبێ. مەبەستی ئێمە لە دادپەروەری جۆرە رەفتارێكی یەكسانە لەگەڵ تاكەكان لە حاڵێكدا ئەفلاتون دادپەروەری وەكو پەیوەندییەكی نێوان مرۆڤەكان سەیر ناكات، بەڵكو بەتایبەتمەندی تەواوی دەوڵەت لە قەڵەمی دەدات كە دەبێ لەسەر پەیوەندی نێوان چینەكان دامەزرابێ. دەوڵەتێك خودانی دادپەروەرییە كە ساخلەم و بەهێز و یەكگرتوو و سەقامگیر بێت.



## ٢

بەڵام ئایا دەتوانین بڵێین ئەفلاتون راستی دەكرد؟ دەتوانین بڵێین لەوانەیە ((دادپەروەری)) ئەو مانایەی هەبێت كە ئەو لێیدەوێ؟ نامەوێ بچمە ناو ئەم جۆرە بابەتەوە. ئەگەر كەسێك بڕوای وابێت كە ((دادپەروەری)) بە واتای حكومەتی بێ ئەملاو ئەولای چینێكە، وەڵامی من بە سادەیی ئەوەیە كە بەبێ دوو دڵی من لایەنگیری نادادپەروەریم. بەجۆرێكی تر، لەسەر ئەو بڕوایەم كە هیچ شتێك پەیوەست نییە بە وشەگەل و هەموو شتێ پەیوەستە بە خواستە كردەیەكانی ئێمە و پەیوەستە بەو پێشنیارانەی كە بۆ شكڵ بەخشین بە سیاسەتەكانی ئێمە دەخرێنەڕوو و ئێمە بڕیاریان لەسەر وەردەگرین. ئەفلاتون لە بنەڕەتدا خوازیاری حكومەتێكی تۆتالیتێری چینایەتییە و شێلگیرە لەسەر پێك هێنانی ئەم جۆرە حكومەتە. ئەمە ئەو شتەیە كە لە پشت پێناسەكەی بۆ دادپەروەری خۆی مەلاس داوە.

بەڵام ئایا بە مەفهوومێكی دیكە ئەو راستی نەدەكرد؟ رەنگە وێنای ئەو لە دادپەروەری لەگەڵ ئەو شێوازەی كە یۆنانییەكان ئەم وشەیان بەكاردێنا هاوجووت ببووبێت. لەوانەیە ئەو مانایەی كە یۆنانییەكان لە ((دادپەروەری)) یان خواستووە شتێك بووبێت وەك ((ساخلەمی دەوڵەت)) كە تێیدا گشت، وەكو بنچینە ژمێردراوە {گشتگەرایی}. كەواتە لەم حاڵەتەدا، ئایا بە تەواوی ناعادیلانە و نامێژوویی نابێت ئەگەر ئەو چاوەڕوانییەمان لە ئەفلاتون هەبێ بۆچوونێكی وەكو تەسەوڕاتی ئەمڕۆكەی ئێمەی سەبارەت بە دادپەروەری و یەكسانی هاوولاتیان لە بەرامبەر یاسادا پێشبینی كردبووایە؟ هەڵبەتە بەرسڤی پۆزەتیڤ بەم پرسیارە دراوەتەوە و بانگەشەی ئەوە كراوە كە وێنای ئەفلاتون بۆ ((دادپەروەری كۆمەڵایەتی)) كە تێیدا گشت، بە بنچینە لەقەڵەم دەدرێت، تایبەتمەندی روانگەی باو و تەقلیدی و ((هەڵكەوتوویی یۆنان))ـە كە ((بە پێچەوانەی رۆمەكان، تایبەتمەنی حقوقی نەبوو)) بەڵكو ((بە چەشنێكی تایبەتی میتافیزیكی)) بوو{٨}. بەڵام ئەم بانگەشەیە بۆ بەرگری لێكردن ناشێت، راستیەكەی ئەوەیە كە بەكارهێنانی وشەی ((دادپەروەری)) لای یۆنانییەكان بەشێوازێكی سەرسوڕهێنەر هاوشێوەی دابی زمانەوانی خۆمانە كە لەسەر تاكگەرایی و یەكسانیخوازی دامەزراوە.

بۆ دەرخستنی ئەم بابەتە، بۆ ئەفلاتون دەگەڕێینەوە كە لە نامەی گۆرگیاس (كە لە پێش كۆماردا نووسراوە) ئەوە روونەدكاتەوە كە جەماەری بەرفراوانی خەڵك لەسەر ئەو بڕوایەن كە ((دادپەروەری بە واتای یەكسانی))ـە و ئەم روانگەیە نەك هەر لەگەڵ ((داب)) بەڵكو لەگەڵ

((خودی سروشت))یشدا دەگونجێت[۹]. هەروەها دەتوانین قسەی یەکێکی تر لە نەیارانی یەکسانیخوازی، واتە ئەرستۆ، بهێنینەوە کە لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئەفلاتون لەمەڕ سروشتگەرایی، وێڕایی باسی دیکە خەریکی بەرفراوانکردن و درێژەدان بەم تیۆرە دەبێ کە هەندێ لە مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سروشتی بە کۆیلەیی لە دایك دەبن. ئەرستۆ کەمترین حەزی بەوە نەدەکرد کە راڤەیەك لە ((دادپەروەری)) تەشەنە پێ بدات کە تێیدا مەبەستی تاکگەرایی و یەکسانیخوازی هەبێت. بەڵام کاتێ لەمەڕ ((دادپەروەر))ـەوە دەدوێ و بە ((بەرجەستەبوونی ئەو شتەی دادپەروەرانەیە)) وەسفی دەکات، دەڵێت ئەرکی دادوەر ((گەڕاندنەوەی یەکسانییە)). دەڵێ ((هەموو خەڵك وابیردەکەنەوە کە دادپەروەری جۆرێکە لەیەکسانی))، واتە ئەو جۆرە یەکسانییە کە ((هی تاکەکانە)). ئەرستۆ تەنانەت لەسەر ئەو بڕوایەیە (هەڵبەتە بە هەڵە) کە وشەی ((دادپەروەری)) لە زمانی یۆنانیدا لە رەگێك {dikê} بە مانای ((دابەشکردنی یەکسان)) داتاشراوە. (ئەم بۆچوونە کە ((دادپەروەری)) بە واتای جۆرێك لە ((یەکسانی لە دابەشکردنی تالانی و شانازییەکان لە نێوان هاوولاتیان)) دێت، لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەفلاتون لە یاساکاندا دەگونجێت کە بەپێی ئەو دوو جۆرە یەکسانی لە دابەشکردنی غەنیمەت و شانازییەکان جیا دەکرێتەوە: یەکیان یەکسانی ((ژمارەیی))[۸] یان ((ئەژمێری))[۹] و ئەویتریان یەکسانی ((هاورێژەیی))[۱۰] یە، لە جۆری دووەمدا، ئەوە وەبەرچاو دەگیرێ کە تا چ پلەیەك تاکەکان خودانی فەزیلەت و سامان و پەروەردەن و دەڵێن ((دادپەوەری سیاسی)) بریتییە لەم یەکسانییە هاوڕێژەییە). لەکاتی باسکردنی پرنسیپەکانی دیموکراسی، ئەرستۆ دەڵێ ((دادپەروەری دیموکراتیك بریتییە لە بەکارهێنانی بنچینەی یەکسانی ئەژمێری {بە جیاکردنەوە لە یەکسانی هاورێژەیی} )). بێ گومان ئەم وتانە نە ڕای تاکە کەسییە کە ئەرستۆ بۆ واتای دادپەروەری وەچنگی هێنابێت و نە تەنیا وەسف کردنی بەکارهێنانی ئەم وشەیەیە بە خواستن لە ئەفلاتون و لە ژێر کاریگەری بابەتەکانی ناو گۆرگیاس و یاساکان، بەڵکو پێشاندەری دابێ دێرین و گشتی بەکارهێنانی وشەی ((دادپەروەری))یە لە نێو خەڵکدا[۱۰].

---

8. Numerical

٩. Arithmetic مەبەست زانستی ئەژمێرە یان "حیساب مقدماتی".

10. proportionate



بە وەبەرچاوگرتنی ئەم بەڵگانە، بەبڕوای من دەبێ بڵێین ئەو راڤەیەی بۆ دادپەروەری لە کۆماردا لەسەر بنەمای گشتگەرایی و دژە یەکسانی، خراوەتەڕوو، نوێکاری و داهێنانی خودی ئەفلاتونە و هەوڵیداوە حکومەتی چینایەتی بە ((دادپەروەرانە)) بناسێنێت، ئەوە لە کاتێك دایە کە خەڵك بەگشتی مانایەکی دژی ئەمەیان بۆ ((دادپەروەری)) هەیە.

ئەو دەرەنجامەی بەدەست هات، جێگەی سەرسوڕمانە و چەند پرسیارێك دێنێتە ئاراوە. ئەگەر لە نێو نەریتی گشتیدا، دادپەروەری بە مانای یەکسانی بووە، بۆچی ئەفلاتون لە کۆماردا بانگەشەی ئەوە دەکات بە واتای نایەکسانییە؟ بەبڕوای من، رەنگە تاکە وەڵامێکی راست ئەوەبێ، ویستویەتی لە رێگای رازی کردنی خەڵك بۆ ((دادپەروەرانە)) بوونی دەوڵەتە تۆتالیتێرەکەی خۆی، پروپاگەندە بۆ بەسوودی ئەم دەوڵەتە بکات. بەڵام بە سەرنج دان لەوە کە ئەوەی گرنگی هەیە ئەو مانایەیە کە ئێمە بە وشەکانی دەبەخشین نەك خودی وشەکان، ئایا ئەم هەوڵە لە روانگەی ئەوەوە نرخی هەبوو؟ هەڵبەتە نرخی هەبووە چونکە هەروەك دەبینین لەو سەردەمەوە تاکو ئەمڕۆ ئەفلاتون بە تەواوی سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی خوێنەری بەرهەمەکانی قانیع بکات کە بەڕاشکاوی لایەنگر و بەرگریکاری دادپەروەرییە، واتە ئەو دادپەروەرییە کە ئەوان بۆ بەدەست هێنانی تەقەلایانە. ئیدی ئەمە راستیەکە کە ئەفلاتون توانیویەتی یەکسانیخواز و تاکگەراکان تووشی گومان و هەڵە بکات و ناچاریان بکا کە لە ژێر مەرجەعیەت و نفوزی پەیڤەکانیدا، لە خۆیان بپرسن ئایا وێنای ئەو بۆ دادپەروەری راستتر و باشتر نییە لە وێنای خۆیان؟ لەبەر ئەوەی وشەی ((دادپەروەری)) لای ئێمە سیمبۆلی ئامانجێکی وەها بەنرخە و لەبەر ئەوەی بەشی هەرزۆری ئێمە ئامادەین لە پێناوی دا هەموو شتێك تەحەمول بکەین و هەرچیمان لە تواناادا هەیە لە رێگای بەدەست هێنانیدا ئەنجامی بدەین، رێکخستن و مۆبۆلیزەی ئەم جۆرە هێزە مرۆڤدۆستانەیە، یان لانی کەم گۆجکردنی پەیڕەوکارانی یەکسانیخوازی، بێگومان ئامانجێکە شایانی بەدواداچوونە لەلایەن کەسێکەوە کە ئیمانی بە تۆتالیتاریزم هەبووە. وەلێ ئایا ئەفلاتون دەیزانی دادپەروەری ئەم نرخ و مانایەی بۆ خەڵك هەیە؟ بەڵێ، دەیزانی، چونکە لە کۆماردا دەنووسێت: ((کاتێك کەسێك نادادپەروەرییەك ئەنجا دەدا... ئایا ئەوە راست نییە کە دڵێری تێیدا ناوروژێت؟... بەڵام کاتێ پێیوایە نادادپەروەریان لەگەڵ کردووە، ئایا یەکڕاست هێز و توڕەیی تێیدا بڵێسە ناسێنێت؟ و ئایا ئەوەش راست نییە کاتێ یەکێك بۆ پشتیوانی کردن لەلایەنێك دەچێت بۆ جەنگ کە بە بڕوای ئەو دادپەروەرانەیە، دەتوانێ برسێتی و سەرما و هەموو جۆرە دژوارییەك تەحەمول بکات؟ ئایا

تا کاتێك سەردەکەویٚ خۆی راناگرێت و تا ساتێك کە یان بە ئامانج دەگات یان دەمریٚ، لەم دۆخە بەرزەدا نامێنێتەوە؟))[١١].

بەخوێندنەوەی ئەم پارچەیە ناتوانین گومان لەوە بکەین کە ئەفلاتون هێزی ئیمان- و لە هەموویان گرنگتر ئیمان بە دادپەروەری- دەناسی. هەروەها جێگەی دوو دڵی نییە کە کۆمار ئەم ئیمانە تووشی لاریی دەکات و باوەڕێکی تەواو پێچەوانە و ئاوەژووی ئەمەی لە جێگای دادەنێت. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم گەواهییانە، بەبڕوای من بە ئەگەرێکی یەکجار زۆرەوە ئەفلاتون دەیزانی چی دەکات. یەکسانیخوازی دوژمنی پلەیەکی ئەو بوو و ئەفلاتون قۆڵی نابوودکردنی لیٚ هەڵماڵیبوو. گومانی تێدا نییە راستگۆیانە بڕوای وابوو کە یەکسانیخوازی خراپەیەکی گەورە و مەترسییەکی مەزنە. بەڵام هێرش کردنە سەری، هێرشێکی جوامێرانە نەبوو. ئەفلاتون نەیدەوێرا بە ئاشکرا رووبەڕووی دوژمن ببێتەوە.

ئێستا گەواهی بۆ دروستی ئەم بانگەشەیە دەخەمەڕوو.

## ٣

ڕەنگە کۆمار چڕترین و درێژترین تاکنووسی[11] بێت لەمەڕ دادپەروەرییەوە کە تاکو ئێستا نووسراوە. لەم کتێبەدا، بۆچوونی جۆراوجۆر سەبارەت بە دادپەروەری تاوتویٚ دەکرێت و ئەم کارە بە چەشنێك ئەنجام دەدریٚ کە پێمان وابێت ئەفلاتون هیچ کام لەو تیۆرە گرنگانەی بەجیٚ نەهێشتووە کە ئاگاداریان بووە. تەنانەت بە درکەیەکی روون، ئاماژە بەوە دەکریٚ[١٢] لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی دادپەروەری لە تیۆرانینە باوەکاندا ناکام بووە و نەگەیشتۆتە هیچ کویٚ، ئێستا گەڕانێکی نویٚ پێویستە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لە نێو تاوتویٚ کردن و لێدوانەکانی لەمەڕ تیۆرە باوەکان، هەرگیز ئاماژەیەك بەم بیروباوەڕە نەکراوە کە دادپەروەری یەکسانییە لە بەرامبەر یاسا (یان Isonomy)دا. ئەم وەلانان و بەجیٚ هێشتنە دەکریٚ بە دوو رێگا روون بکرێتەوە: یان ئەفلاتون بیٚ ئاگا بووە لە تیۆری یەکسانیخوازی[١٣] و یان بە ئەنقەست خۆی لیبواردووە. بەڵام ئەگەر سەرنج لەوە بدەین کە کۆمار بە چ وردەکارییەکەوە نووسراوە و چەندە شیکردنەوەی تیۆری نەیارەکان بۆ ئەفلاتون زەرورەتی هەبووە بۆ ئەوەی بتوانێت تیۆرەکەی خۆی زۆربە بەهێزی بخاتەڕوو، رێگای یەکەم زۆر نەشیاو دێتە بەرچاو و

11. Monograph



تەنانەت بیٚ ئەگەرتریش دەبیٚ ئەگەر سەرنج لە پەسەندیی بەربڵاوی تیۆری یەکسانیخوازی بدەین. بەڵام لە بنەڕەتدا پێویستمان بە بەڵگەخوازی گوماناوی (ڤنی) نییە چونکە بە ئاسانی دەتوانین دەریبخەین کە ئەفلاتون نەك هەر ئاشنایی لەگەڵ تیۆری یەکسانیخوازی هەبووە بەڵکو لە کاتی نووسینی کۆماردا بە باشی ئاگاداری گرنگیەکەی بووە. هەروەك لە بڕگەی (٢)ی ئەم بەشەدا وتمان و هەروەکو لە خوارەوە لە بڕگەی (٨) دا بە دووردرێژی پێشانی دەدەین، لە گۆرگیاسدا کە نووسینێکی کۆنترە، یەکسانیخوازی خودان بشکێکی شایستەیە و تەنانەت بەرگریشی لیٚ دەکرێت. سەرەڕای ئەوە کە لایەنە باش و خراپەکانی یەکسانیخوازی لە هیچ جێگەیەکی کۆماردا بە جیدی بابەتی لێدوان نییە، ئەفلاتون هەرگیز لەو بۆچوونە پاشگەز نەبۆتەوە کە سەبارەت بە گرنگییەکەی هەیبووە، چونکە خودی کتێبەکە گواهیدەری پەسەندییەکەیەتی. هەندیٚ درکە (کینایە) بۆ یەکسانیخوازی وەکو بیروباوەڕێکی دیموکراتیك و زۆر خەڵك پەسند بوونی هەیە، بەڵام شێوازی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا هەمیشە جووتە لەگەڵ سوکایەتی پێکردن و بە کەم زانین و جگە لە چەند حاڵەتێکی گاڵتە پێکردن و پلارتێگرتن هیچیتری لە بارەوە نابیستین[١٤] و ئەمە بە تەواوی لەگەڵ هەڵکوتانە جوێن ئامێزەکانی بۆ سەر دیموکراسی ئەسینادا دەگونجێت و لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە هەر لە بنەڕەتدا دادپەروەری بابەتی لێدوان نییە. کەواتە، نەك هەر دەرفەتی ئەوە کە ئەفلاتون بیٚ ئاگابوو بێت لە تیۆری یەکسانیخوازی دادپەروەری بەڵکو ئەم ئەگەرەش کە سەنجی لە پێویستی لێدوان لە تیۆرێکی بە نفوز و دژی تیۆرەکەی خۆی نەدابێت، دوورە. بێدەنگیەکەی لەم بارەیەوە تەنیا بە چەند پەرەگراف قسەی تێکەڵ بە گاڵتە لە کۆماردا دەشکێت (کە بەڕواڵەت بە بۆچوونی خۆی هێندە لە جێگای خۆیدا بووە کە نەدەکرا نەوترێت[١٥]). ئەم واقعیەتە تەنیا دەتوانین وەکو خۆبواردنێکی بە ئەنقەست و ئاگایانەی ئەفلاتون لە چوونە ناو باسێك لەمەڕ یەکسانیخوازی روون بکەینەوە. بەوەبەرچاوگرتنی ئەوەی وتمان، نازانم چۆن دەتوانرێت میتۆدی ئەفلاتون لەگەڵ پێوەرگەلی راستگۆی فیکریدا بگونجێنردرێت، ئەوە لە کاتێکدا گەرەکیەتی ئەوە لە بیری خوێنەرەکانی بئاخنێت کە هەموو تیۆرە گرنگەکانی تاوتویٚ کردووە. هەڵبەتە دەبیٚ ئەمە زیاد بکەین کە ئەم کەمکارییەی بێگومان لەو گوێڕایەڵی و حورمەتە بیٚ ئەملاو ئەولایەوە لە هەمبەر ئەم ئامانجە سەرچاوە دەگریٚ کە ئەفلاتون بڕوایەکی پتەوی بە چاکیەکەی هەبوو.

بۆ ئەوەی بە تەواوی لە بەڵگە ژێر پەردەییەکانی بێدەنگی تاڕادەیەك نەشکاوی ئەفلاتون لەمەڕ ئەم پرسە تێبگەین، دەبێ یەکەم جار سەرنج لەوە بدەین کە بزاڤی یەکسانیخوازی هێمای هەمووی ئەو شتانە بوو کە ئەفلاتون رق و کینەی لێ هەڵگرتبوون و تیۆرییەکەی لە کۆمار و هەموو بەرهەمەکانی دواتریدا، زیاتر وەڵام و دژکردەوەیەکە لە بەرامبەر هێزی یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی. بۆ رۆشن بوونەوەی بابەتەکە، ئێستا لە هەمبەر پرنسیپەکانی بزاڤی مرۆڤدۆستی دەدوێین و ئەم پرنسیپانە لەگەڵ بنەما هاوشێوەکانی تۆتالیتاریزمی ئەفلاتونی لە بەرامبەر یەکتردا دادەنێین.

تیۆری مرۆڤدۆستانەی دادپەروەری سێ خواست یان پێشنیاری سەرەکی هەیە: (الف) پەیڕەویکردن لە بنچینەی یەکسانی، واتە پێشنیاری وەلانانی ئیمتیازاتی ((سروشتی))، (ب) پەیڕەویکردن لە بنچینەی (پرنسیپ) گشتی تاکگەرایی، (ج) پەیڕەوی کردن لەم بنچینەیە کە دەبێ ئەرك و مەبەستی دەوڵەت پاسەوانی و زێرەڤانی بێت لە ئازادی هاووڵاتیان. هاوشێوەی هەریەك لەم خواست یان پێشنیارانە، پرنسیپێك لە خاڵی بەرامبەردا لە قوتابخانەی ئەفلاتون بوونی هەیە کە بەم جۆرەیە: (الف-١) پرنسیپی سروشتی، (ب-١) پرنسیپی گشتی گشتگەرایی یان کۆگەرایی، (ج-١) ئەو پرنسیپە کە دەبێ ئەرك و مەبەستی تاك پاراستن و پتەوکردنی سەقامگیری دەوڵەت بێت، ئێستا بەریز لەسەر ئەم سێ بابەتە دەدوێین و بڕگەی ٤و ٥و ٦ی ئەم بەشە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەین.

### ٤

یەکسانیخوازی بە مانا تایبەتییەکەی، خوازیاری رەفتارێکی بێ لایەنانەیە لەگەڵ هاووڵاتیانی وڵات و گەرەکیەتی بنەچەو رەچەڵەك و پەیوەندییە خێزانییەکان و سامان کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە نەبێت کە یاسا بەسەر هاووڵاتیاندا جێبەجێ دەکەن. یاخود بە جۆرێکی تر، هیچ چەشنە ئیمتیازێکی ((سروشتی)) ناناسێت، هەرچەندە ئەو دەرفەتە پەسند دەکات کە هەندێ جۆییەتی (امتیازات) تایبەتی لەلایەن هاووڵاتیانەوە ببەخشرێتە ئەو کەسانەی کە بە ئەمینداری ئەوان دەژمێردرێن.

ئەم پرنسیپەی یەکسانیخوازی لە یەکێك لە وتار بێژییەکانی پریکلیس کە تۆکۆدیدس (توسیدید) تۆماری کردووە، چەند ساڵ بەر لە دایك بوونی ئەفلاتون بەشێوەیەکی ستونی فۆرمۆڵبەندی کرابوو[١٦]. لە بەشی دەیەمدا پارچەی زیاتر لەم وتاربێژییە وەردەگرین، بەڵام



دەتوانین چەند رستەیەکی لێرەدا بهێنینەوە. پریکلیس دەڵێت: ((یاساکانی ئێمە هەمووان لە کێشە تایبەتییەکاندا وەکو یەك لە دادپەروەری یەکسان بەهرەمەند دەکات، بەڵام ئێمە بێ ئاگانین لەو مافەی کە پەیوەستە بە چاکەکاری و بەرزێتییەوە کاتێك هاووڵاتییەك بەرجەستەیی و لێهاتوویی خۆی دەسەڵمێنێت، نەك وەکو ئەوەی ماف و جۆییەتییەکی ریزپەڕی پێ بدرێت، بەڵکو لە پاداشتی شایستە بوون، بۆ خزمەت کردن بە دەوڵەت و خەڵك بەرز دەکرێتەوەو هەژاری هیچ لەمپەرێك لەم رێگەیەدا دروست ناکات...)) ئەم دەستەواژانە دەربڕی هەندێ لە ئامانجە بنەماییەکانی بزووتنەوەی گەورەی یەکسانیخوازییە کە هەروەك بینیمان، تەنانەت باکی لە هێرش کردنە سەر کۆیلایەتیش نەبوو. نوێنەرانی ئەم بزاڤە لە نەوەی پریکلیس هەندێ کەسی وەکو ئیۆریپیدس و ئانتیفۆن و هیپیاس بوون، کە لە بەشی پێشوودا هەندێ وتەمان لێ وەرگرتن، هەروەها هێرۆدۆت[١٧]. لە نەوەی ئەفلاتوندا، ئالکیداماس و لۆکۆفرۆن، کە هەندێ لە وتەکانیان پێشتر خرانەڕوو، لایەنگری ئەم بزاڤە بوون. پشتیوانێکی تری بزاڤەکە، یەکێك لە نزیکترین یاوەرانی سوقرات بە ناوی ئانتیس تنس بوو.

ئاساییە ئەو پرنسیپەی ئەفلاتون لەمەڕ دادپەروەرییەوە باوەڕی پێی هەبوو، خاڵی بەرامبەر ئەم جۆرە بیروباوەڕانە بوو. ئەفلاتون دەیەویست رێبەرە سروشتییەکان خاوەنی جۆییەتی سروشتی تایبەت بن. ئێستا پێویستە ئەوە ببینن کە چۆن دژایەتی پرنسیپی یەکسانیخوازی و چلۆن مەرامەکانی خۆی جێبەجێ کرد.

لەو شتانەی کە لە بەشی رابردوودا ئاماژەی بۆ کرا، لە بیرمانە کە هەندێ لە بەناوبانگترین فۆرمۆڵبەندییەکانی بانگەشەی یەکسانیخوازی بە زمانێکی پڕ زەوق و بەرق بەڵام گوماناوی فەلسەفەی ((مافی سروشتی))[١٢] دەردەبڕدرا و هەندێ لەبەرگریکارەکان بۆ سەڵماندنی ئەم بانگەشانە، یەکسانی ((سروشتی))- واتە بایۆلۆژی- مرۆڤەکانیان دەکردە گەواهیدەر. بەڵام بینیمان کە ئەمجۆرە بەڵگە خوازیانە پووچ و بێمانان: خەڵکی لە هەندێ رووەوە یەکسان و لە رووەکانی ترەوە نایەکسانن و لەم فاکتە یان هەر واقعیەتێکی دیکە ناتوانرێ هیچ چەشنە نۆرمێك وەربگیرێت. کەواتە، شایانی سەرنجدانە کە سەیر دەکەین هەندێ لە یەکسانیخوازەکان خۆیان لە پەنابردن بۆ بەڵگەخوازییەك کە بنەماکەی لەسەر مێژووگەرایی دامەزرابێت دەبوێرن و پریکلیس یەکێکە لەوان کە تەنانەت بە کینایەش باسی ناکات[١٨].

12. Natural rights

ئەفلاتون بەخێرایی ئەوەی بۆ دەرکەوت کە مێژووگەرایی خاڵی لاوازی دۆکترینی یەکسانیخوازییە و ئەو پەڕی سوودی لەم خاڵە لاوازە وەرگرت. لە ڕووی عاتفییەوە بۆ خەڵکی دڵگیرترە کە گوێبیست بن هەموو لەگەڵ یەکتریدا یەکسانن، بەڵام دڵگرتر دەبێت کاتێ لە پروپاگەندەکاندا ببیستن لەوانیتر بەرزتر و ئەوانیدی نزمترن لە مان. ئایا ئێوە لەگەڵ خزمەتکارەکانتان، لەگەڵ کۆیلەکانتان لەگەڵ کرێکاری دەستی کە لە ئاژەڵ بەرزتر نییە، بەشێوەیەکی سروشتی یەکسانن؟ تەنانەت پرسیارەکەشی جێی پێکەنینە! بەڕواڵەت ئەفلاتون یەکەمین کەس بوو کە پەی بە ئیمکاناتی پەنهانی نێو ئەم جۆرە دژکردەوەیە برد و بە چەکی بەکەمگرتن و سووکایەتی پێکردنەوە چووە شەڕگەی بانگەشەی یەکسانیی سروشتی.

ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی دەیویست تەنانەت، ئەم جۆرە بەڵگەخوازییە بخاتە پاڵ ئەو دەستە لە نەیارەکانی کە بەڵگەخوازی مێژووگەرانەیان بەکارنەدەهێنا. لە نامەی مێنێکسنۆس کە گاڵتەجارییەکە لە سەر وتاربێژی پریکلیس، سوورە لەسەر ئەوەی خواستی یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا لەگەڵ بانگەشەی یەکسانیی سروشتی لێك ببەستێت و بەلاتاو دەڵێت: ((بنەمای یاسای بنەڕەتی (دەستووری) ئێمە یەکسانی ڕەچەڵەك و نەسەبە. ئێمە هەموومان براو ڕۆڵەی یەك دایکین،... و یەکسانی سروشتی ئەسڵ ڕەچەڵەك، وامان لێدەکات بۆ گەیشتن بە یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا هەوڵ بدەین[١٩])).

دواتر لە دایالۆگی یاساکاندا، ئەفلاتون وەڵامی خۆی بۆ یەکسانیخوازی لەم ڕێسایەدا کۆکردەوە کە: ((ڕەفتاری یەکسان لەگەڵ نایەکسانەکان حەتمەن نادادپەروەری پێك دێنێت[٢٠])) ئەرستۆ ئەم مانایەی لە ڕێسایەکی دیکەدا لەم دەستەواژەیەدا گەشەپێدا کە: ((یەکسانی بۆ یەکسانەکان، نا یەکسانی بۆ نایەکسانەکان)). لەم ڕێسایەدا، ئەوەی دەتوانین ناوی بنێین دژایەتییەکی باو لەگەڵ یەکسانیخوازی، ڕووندەکرێتەوە. دژایەتی و بەرهەڵستییەکە ئەوەیە کە ئەگەر تاکەکان یەکسان بوونایە، یەکسانی زۆر بە نرخ دەبوو، بەڵام ئەمە بە ئاشکرا ئاستەمە چونکە تاکەکان یەکسان نین و ناکرێ لەگەڵ یەکتردا یەکسان بکرێن. ئەم بەرهەڵستییە لە ڕواڵەتدا واقیع بینانەیە بەڵام لە حەقیقەتدا تا دوایین پلە لەگەڵ واقیع بینیدا جیاوازی هەیە چونکە بنەمای جوێیەتی سیاسی هەرگیزی جیاوازییە سروشتەکانی خووخدە نەبووە. بە ڕواڵەت ئەفلاتونیش لە کاتی نووسینی کۆماردا متمانەیەکی ئەوتۆی بەم دژایەتییە نەکردووە، چونکە تەنیا وەکو گاڵتەکردن بە دیموکراسی سوودی لێوەردەگرێ و



دەڵێت {دیموکراسی} ((یەکسانی وەکو یەك لە نێوان یەکسان و نایەکسانەکاندا دابەشدەکات[٢١])). بەڵام جگە لەم خاڵە، بە باشی دەزانێت، لە جیاتی بەڵگە هێنانەوە بۆ ڕەتکردنەوەی یەکسانیخوازی تەنیا لە یادی خۆی بباتەوە.

بەکورتی دەتوانین بڵێین بەوەبەرچاوگرتنی ئەوە کە پیاوێکی وەکو پریکلیس پشتیوانی تیۆری یەکسانیخوازی بووە، ئەفلاتون هەرگیز گرنگی ئەم تیۆرییەی بە کەم نەگرتووە، بەڵام لە کۆماردا بە هیچ چەشنێك نەیخستۆتە ژێر تاوتوێ کردنەوە، بەڵکو کردوویە بە ئامانجی هێرشەکانی، ئەویش نەك بەشێوەیەکی جوامێرانە و ئاشکرا.

ئێستا پێویستە ئەوە ببینین چۆن ئەفلاتون دژایەتی خۆی لەگەڵ یەکسانیخوازی- واتە پرنسیپی جوێیەتی سروشتی- پتەو و قایم کردووە. لە کۆماردا سێ بەڵگەی جیاواز دەخاتەڕوو، ئەگەرچی بەڕاستی دووانیان شایستەی ناوی بەڵگەخوازی نین. یەکەم[٢٢]، بریتییە لەم وتە سەرسوڕهێنەرە کە لە بەرئەوەی هەرسێ فەزیلەتەکەی دەوڵەتمان تاوتوێ کرد، وا پێویست دەکات فەزیلەتی چوارەم- واتە ((هەر کەس خەریکی کاری خۆی بێت))- هەمان ((دادپەروەری))یە. من لاریم لەوە هەیە باوەڕ بکەم وتەیەکی ئەوتۆ بە مەبەستی بەڵگەخوازی خراوەتەڕوو، بەڵام بەناچاری دەبێ وابێت، چونکە وتەبێژی سەرەکی، واتە ((سوقرات)) بەم پرسیارەوە دەیهێنێتە ناو باسەکەوە کە: ((دەزانی چۆن بەم دەرەنجامە گەیشتوم؟)) تەنانەت بەڵگەخوازی دووەم سەرنجڕاکێشترە چونکە {ئەفلاتون} دەیەوێ ئەوە پێشان بدات کە دەتوانرێت دژە یەکسانی لەم بیروباوەڕە باوە (واتە یەکسانیخوازانەیە) دەربێنین کە دادپەروەری بریتییە لە بێ لایەنی. ئێستا پارچە ئاماژە بۆ کراوەکە بە تەواوی دەگوازمەوە. ((سوقرات)) بە ئاماژەکردن بۆ ئەوە کە فەرمانڕەواکان هاوکات دادوەری شاریش دەبن، دەڵێت[٢٣]: ((وە ئایا ئامانجیان لە داوەری ئەوە نییە کە هیچ کەسێك ئەو شتە نەبات کە هی کەسێکی ترە و لەو شتەی دارایی ئەوە بێ بەش نەکرێ؟)) گوێگرەکەی، واتە ((گلاوکۆن)) بەرسڤی دەداتەوە: ((بەڵێ، مەبەستیان هەر ئەمەیە)). ((سوقرات)) دەپرسێ: ((چونکە ئەم شتە دادپەروەرانەیە؟)) ((گلاوکۆن)) وەڵام دەداتەوە: ((بەڵێ)) ((سوقرات)) دەڵێت: ((کەواتە بە گشتی سەبارەت بەمە هاوڕایی هەیە کە دادپەروەری واتە پاراستنی ئەو شتەی کە تایبەتە بە ئێمە و هی خۆمانە و بەکارهێنانی {شتەکە})) بەم جۆرە دەسەلمێت کە بە پێی وێنای ئاسایی ئێمە بۆ دادپەروەری ((پاراستن و ئەنجامدانی شتێك کە دارایی خودی تاکەکەسە))، پرنسیپی

قەزاوەتی دادپەروەرانەیە. لێرەدا بەڵگەخوازی دووەم کۆتایی دێت و ڕێگای بۆ سێیەمین بەڵگەخوازی دەکاتەوە کە لە خوارەوە شیدەکرێتەوە و ئەم دەرەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە دادپەروەری بریتییە لەوە کە هەموو کەسێك لە پلەی خۆیدا بمێنێتەوە یان پارێزگاری لە جێگای خۆی بکات (یان خەریکی کاری خۆی بێت)، کە مەبەست لە، جێگا یان پلە (یان کاری) تاکەکە یان چینەکەی یان ((کاست))ـەکەیەتی.

تەنیا مەبەستی لە بەڵگەخوازی دووەم ئەوەیە کە ئەم خاڵە لە خوێنەر بگەیەنێت ((دادپەروەری)) بە مانا ئاساییەکەی وشە، دەلالەت لەوە دەکات کە هەموومان لە پلەی خۆماندا بمێنینەوە، چونکە دەبێ هەمیشە ئەو شتە بپارێزین کە هی ئێمەیە. یاخود بەجۆرێکی تر، ئەفلاتون گەرەکیەتی خوێنەر بەم چەشنە دەرەنجامگیری بکات کە ((دادپەروەرانە ئەوەیە، من پارێزگاری لەو شتە بکەم کە دارایی خۆمە. جێگا یان پلەی من (یان کاری من) دارایی خۆمە. کەواتە دادپەروەرانە ئەوەیە، لە پلەی خۆمدا بمێنمەوە (یان خەریکی کاری خۆم بم))). ئەمە هەر بەو ڕادەیە ڕاستە کە بەڵگەخوازی بکەین: ((دادپەروەرانە ئەوەیە کە هەر کەس پارێزگاری لەو شتە بکات کە هی ئەوە و بە ئەنجامی بگەیەنێت. نەخشەی دزینی پارەی ئێوە هی منە. کەواتە بۆ من دادپەروەرانەیە کە نەخشەکە بپارێزم و بە ئەنجامی بگەیەنم، واتە پارەی ئێوە بدزم)). ئاشکرایە ئەو دەرەنجامەی ئەفلاتون دەیەوێت وەریبگرین هیچ نییە جگە لە فێڵبازی و تەڕ دەستییەیەکی نەزانانە بە مانای زاراوەی ((دارایی خۆ)). (قسە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا دادپەروەری وادەخوازێ کە ئێمە هەر شتێك و بە هەر مانایەك ((هی ئێمە)) بێت- بۆ نموونە چینەکەی ((خۆمان))- نەك هەر بەچاوی دارایی بەڵکو دارایی نەگوێزراوی خۆمان سەیر بکەین؟ بەڵام ئەم پرنسیپە تەنانەت ئەفلاتون خۆشی بڕوای پێی نییە، چونکە ئەمە پەڕینەوە بۆ سیستەمی کۆمۆنیستی ناممکین دەکات، ئەوکات، لەمەڕ پارێزگاری کردن لە منداڵەکانی خۆمان دەتوانین چی بڵێین؟) بەم فرتوفێڵە زمانیە سادەبینانەیە ئەفلاتون دەیەوێ شتێك تۆمار بکات کە ئادام بە ((خاڵی بەریەککەوتنی بۆچوونی خۆی لەمەڕ دادپەروەری و واتای خەڵك پەسەند و گشتی ئەو رستەیە)) ناوزەدی دەکات. بەم شێوەیە، گەورەترین فەیلەسوفی سەدە و چاخەکان هەوڵدەدات رازیمان بکات کە سروشتی راستەقینەی دادپەروەری دۆزیوەتەوە.



سێیەمین و دوایین بەڵگەخوازی یەکجار زۆر گرنگترە و بریتییە لە پەنابردن بۆ بنەماکانی گشتگەرایی یان کۆگەرایی و پەیوەندی بەم پرنسیپەوە هەیە کە ئامانجی تاك پاراستنی سەقامگیری دەوڵەتە. ئەم بەڵگەخوازییە لە بڕگەی ٥ و ٦ی ئەم بەشەدا توێژینەوەی لەسەر دەکرێت.

بەڵام بەر لەوەی بچمە سەر ئەم خاڵانە، گەرەکمە سەرنجی خوێنەران بۆ ئەو ((دیباچە))یە رابکێشم کە ئەفلاتون بەر لە شیتەڵ کردنی ((دۆزینەوە))کەی خۆی کە لێرەدا تاوتوێ دەکرێت، دەهێنێت و دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیانەی کە تاکو ئێستا خستومانەتە ڕوو، سەیری بکرێت. کاتێ ئەم بەشە- یان ئەفلاتون وتەنی ((دیباچەی درێژ))- لەژێر تیشکی ئەم تێبینییانە هەڵدەسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە هەوڵێکی زیرەکانەیە بۆ رازی کردنی خوێنە بەوەی بەڵگەخوازییەك لە ئارادایە و لە ئاکامدا، ئامادەکردنی بۆ ((دۆزینەوەی دادپەروەری))، ئەوە لە کاتێك دایە کە ئەو شتەی خوێنەر بەڕاستی لەگەڵێدا ڕووبەڕوویە هیچ نییە جگە لە مشتێك فرتوفێڵی نمایشی بە مەبەستی هێواش کردنی هێزە رەخنەییەکەی.

پاش ئەوەی ((سوقرات)) ئەمە کەشف دەکات کە دانایی فەزیلەتی تایبەت بە زێرەڤانەکانە و دلێری فەزیلەتی تایبەتی شەڕکەران، ئەو کات ئیدی مەبەستی خۆی بۆ دوایەمین هەوڵ لە پێناوی دۆزینەوەی {مانای} دادپەروەری رادەگەیەنێت. دەڵێ[٢٤]: ((ئێستا دوو شت دەمێنێتەوە کە دەبێت لە شارەکەماندا کەشفی بکەین: میانەڕۆیی[١٣] و سەرئەنجام ئەو شتەی دیکە کە ئامانجی سەرەکی تەواوی لێکۆڵینەوەکانمان بووە، واتە دادپەروەری)). ((گلاوکۆن)) دەڵێت: ((راستە)) ((سوقرات)) پێشنیاری ئەوە دەکات کە میانەڕۆیی بەلاوە بنێن. بەڵام ((گلاوکۆن)) دەنگی ناڕەزایەتی هەڵدەبڕێ و ((سوقرات)) تەسلیم دەبێ و دەڵێت: ((ئەگەر سەرە لەقێ بکەم پێچەوانەی راستگۆییە)). ئەم مشتومڕە بچووکە خوێنەر بۆ سەر لەنوێ هێنانەوە بەر باسی پرسی دادپەروەری ئامادە دەکات و ئەوە دەخاتە هزرییەوە کە سوقرات ئامرازێکی ((کەشف)) کردنی لەبەردەست دایە و دڵنیایی دەکاتەوە کە گلاوکۆن بە وردی چاوەدێری راستگۆیی فیکریی ئەفلاتونە لە هێنانەوە بەڵگەکاندا و هەر بۆیە، بە هیچ جۆرێ چاوەدێری لە لایەن خوێنەرەوە پێویست ناکات[٢٥].

١٣. temperance. کە هاوکات مانای "ئەندازە راگرتن"و "میانەڕۆیی"یش دەدات.

سوقرات درێژە بە لێدوان لەسەر میانەڕۆیی دەدات و ئەوە کەشف دەکات کە تەنیا ئەم فەزیلەتە شایستەی کرێکارەکانە. (ئەم وتەیەش شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە بابەتی جیاوازی نێوان ((میانەڕۆیی)) و ((دادپەروەری)) لە بەرهەماکانی ئەفلاتوندا، کە ئەو هەمووە مشتومڕەی لەسەر دەکرێت، وەلامەکەی سادەیە. دادپەروەری واتە لە **جێگای خۆدامانەوە**، میانەڕۆیی واتە **جێگای خۆ زانین**، یاخود بەجۆرێکی دیکە و بە دەربڕینێکی وردتر، رازی بوون بە شوێن و پلەی خۆت. بۆ مەگەر دەکرێ فەزیلەتێکی تر شایستەی کرێکارەکان بێت کە وەکو چوار پێ ورگیان دەئاخنن؟)) دوای دۆزینەوە (کەشف)ی میانەڕۆیی، سوقرات دەپرسێ: ((ئێستا لەمەڕ دوایین پرنسیپەوە دەتوانین چی بلێین؟ ئاشکرایە کە ئەوە هەمان دادپەروەرییە)). گلاوکۆن بەرسڤی دەداتەوە: ((ئاشکرایە)).

پاشان سوقرات دەڵێ: ((ئێستا، گلاوکۆنی خۆشەویست، دەبێ وەکو راوچییەکان هیلانەکەی گەمارۆ بدەین و لە نزیکەوە چاوەدێر بین و نەهێڵین دەربچێت و لە چنگمان رابکات، چونکە بە دڵنیاییەوە دادپەروەری شوێنەکەی لەم نزیکانەیە. باشتر وایە تۆ ئاگاداربی و بگەڕێیت. ئەگەر یەکەم جار تۆ بەر چاوت کەوت، هاوار بکە و ئێمەش ئاگادار بکەرەوە!)) هەڵبەتە گلاوکۆنیش، وەکو خوێنەران، بە هیچ چەشنێك لە توانایدا نییە شتێك ببینێ و هەر بۆیە لە سوقرات دەپارێتەوە کە پێشی کەوێت. سوقرات دەڵێت: ((کەواتە لەگەڵ مندا بپارێوەو بەدوامدا وەرە)). بەڵام تەنانەت سوقراتیش بڕینی ئەو زەوییەی لا دژوارە ((چونکە بە دەوەن داپۆشراوە و تاریکە و برینی دژوارە...)) بەم حاڵەش، دەڵێت: ((بەڵام دەبێ درێژەی پێبدەین)). گلاوکۆن لە جیاتی ئەوەی ناڕەزایەتی دەربڕێت ((درێژە بە چی بدەین؟ گەڕانەکەمان؟ بەڵگەخوازییەکەمان؟ بەڵام ئێمە هێشتا هەنگاوی یەکەمان هەڵنەبڕیوە، تۆزقاڵێك مانا لەم وشانەی تا ئێستا وتوتە بوونی نییە))، ملکەچی و خاکەڕێ، وەکو هەموو خوێنەرێکی سادە و ساویلکە، وەڵام دەداتەوە: ((بەڵێ، دەبێ درێژەی پێبدەین)) لێرەدا سوقرات ئاگادارمان دەکاتەوە کە چاوی بە شتێك کەتووە (ئێمە هیچ شتێکمان نەبینیوە)، و بە شێواویەوە هاوار دەکات: ((ئافەرین! ئافەرین! گلاوکۆن، وەکو ئەوەی لێرە شوێنپێیەك بێتە بەرچاو! پێم وایە ئیدی راوەکە ناتوانێت لە چنگمان رابکات!)) گلاوکۆن پەرسڤی دەداتەوە: (( ئەمە هەواڵێکی زۆر خۆشە)). سوقرات دەڵێت: ((سەیرە چەندە بێ ئەقڵ بووین، ئەوەی لە شوێنە دوورەکان بە دوای دا دەگەڕاین، بەردەوام لێرە لەبەر پێمان دا بووە و نەمانبینیوە!)) و ماوەیەك درێژە بە ئەم جۆرە و ئەو هاواری شادی و سەرسوڕمانە دەدات تا ئەوەی گلاوکۆن لە زمانی خوێنەرەوە دەپرسێت چ



شتێکی دۆزیوەتەوە؟ سوقرات تەنیا دەڵێت: ((ئێمە بە درێژایی ئەم ماوەیە لە بارەیەوە قسەمان دەکرد و بێ ئەوەی ئاگاداربین خەریکی وەسف کردنی ئەوین)). گلاوکۆن، کە ئەویش وەکو خوێنەران جامی سەبری لێوڕێژ بووە، دەڵێ: ((ئەم دیباچەیە تاڕادەیەك درێژ بووە، لە بیرت بێ کە دەمەوێ هەموو بابەتەکەم گوێ لێبێت)) و تەنیا لەو کاتە دایە، ئەفلاتون ئەو دوو ((بەڵگەخوازییەی)) کە لەسەرەوە بە کورتی ئاماژەمان بۆ کرد، دەخاتەڕوو.

دوایین وتەی گلاوکۆن پێشاندەری ئەوەیە کە ئەفلاتون دەیزانی لەم ((دیباچە درێژە))دا چی دەکات. من ناتوانم ئەم کارە جگە لە هەوڵێك- ئەویش هەوڵێك کە دواتر سەلما، زۆر سەرکەوتووانەیە- راڤە بکەم بۆ ئەوەی هێزی رەخنەیی خوێنەر هێواش بکات و سەرنجەکانی بەهۆی فرتوفێڵی نمایشی یاری کردن بە وشە، لە هەژاری {ناوەڕۆکی} فیکری و عەقڵی ئەم دیالۆگە مامۆستایانەیە بە لاڕێ دابەرێت. مرۆڤ بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەفلاتون خۆی ئاگای لە لاوازییەکەی بووە و زانیویەتی چۆن حەشاری بدات.

## ٥

پرسی تاکگەرایی و کۆگەرایی لەگەڵ یەکسانی و نایەکسانیدا پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. وەلێ بەر لەوەی ئەم باسە دەست پێبکەین، روونکردنەوەی هەندێ تێبینی لەمەڕ زاراوەکان بە پێویست دەزانین.

زاراوەی ((تاکگەرایی – Individualism)) (بە پێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد) دەتوانین بە دوو شێوازی جیاواز بەکاربێنین: (الف) لەبەرامبەر کۆگەرایی و (ب) لە بەرامبەر ((ئەویترخوازی))[١٤]. بۆ دەربڕینی مانانی یەکەم وشەیەکی ترمان نییە، بەڵام بۆ بەیانکردنی واتای دووەم چەند وشەی هاوواتامان هەیە وەکو ((خۆخوازی))[١٥] یان ((خۆپەرستی))[١٦]. هەر بۆیە، لەوەو بە دوا، زاراوەی وەکو (خۆپەرستی)) یان ((خۆخوازی)) بەکاردەبەین. رەنگە ئەم خشتە بچووکە بە سوود بێت:

(الف) تاکگەرایی    لە بەرامبەر    (الف-١) کۆگەرایی

(ب) خۆخوازی    لە بەرامبەر    (ب-١) ئەویتر خوازی

14. Altruism
15. Egoism
16. Selfishness

ئەم چوار زاراوەیە، هەندێ هەڵوێست یان تێڕوانین یان خواست یان بڕیار یان پێشنیاری دیاریکراو سەبارەت بە یاسا نۆرمڕێژەکان دەردەبڕن و ئەگەرچی حەتمەن تەمومژاوین، لێ بە بڕوای من، دەتوانین لە ڕووی ئەو مەبەستەی کە ئێستا گەرەکمانە، بە بەڵگە و نموونە، بەڕادەی پێویست ماناکەی ڕوون بکەینەوە. لە کۆگەراییەوە دەست پێدەکەین[٢٦] چونکە بەهۆی ئەو لێدوانانەی کە لەمەڕ گشتگەرایی ئەفلاتونەوە هەمانبوو، باشتر لەگەڵ ئەم تێڕوانینەدا ئاشنا بووینە. لە بەشی ڕابردوودا، بە گواستنەوەی بەشێك لە پارچەکان، ئاماژەمان بە هەندێ بەڵگە کرد سەبارەت بە خواستی ئەفلاتون کە تاك دەبێت پاشکۆ و خزمەتکاری گشت بێت- جا ئەم گشتە چ گەردوون (کائینات) بێت، یان شار، یان خێڵ، یان ڕەگەز و یان هەر کۆیەکی دیکە بێت. ئێستا یەکێك لەم پارچانە بەشێوەیەکی تەواوتر دەگوازینەوە کە دەڵێت: ((هەندەك لە پێناو هەمەکدا بوونی هەیە، بەڵام بوونی هەمەك لەبەر هەندەك نییە... ئێوە لە پێناو گشتدا خولقێنراون نەك گشت لە پێناو ئێوەدا)). ئەم دەستەواژانەی وەرمانگرت گەواهێکە لەسەر گشتگەرایی و کۆگەرایی و جگە لەمە، هەروەك لە پێشەکی پارچە وەرگیراوەکەوە دیارە، پەسەندیی و سەرنجڕاکێشی عاتفییەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەفلاتون ئاگاداری ئەم خاڵە بووە. هەستوسۆزی جۆراوجۆر لە بازنەی ئەم سەرنجڕاکێشیەدا قەرار دەگرن و یەك لەوان ئارەزووی سەر بە گروپ یان خێڵێك بوون. یەکێك لە فاکتەرەکانی ئەم حاڵەتە، کێشەری ئەخلاقییە بەرەو لای ئەویترخوازی و بە دوور لە خۆپەرستی و خۆخوازی. ئەفلاتون گەرەکیەتی ئەوە بڵێت کە ئەگەر ئێوە نەتوانن بەرژەوەندی و قازانجی خۆتان لە پێناو گشتدا بکەنە قوربانی، تاکێکی خۆپەرستن.

بەڵام بە تێڕوانینێك لە خشتە بچووکەمان بۆمان دەردەکەوێت کە بەم جۆرە نییە. کۆگەرایی نە دژی خۆخوازییە و نە هەمان ئەویترخوازی یان نەبوونی خۆ پەرستییە. ئەفلاتون بە باشی دەیزانی[٢٨] کە بۆ نموونە خۆخوازی کۆیی یان گروپی شتێکی زۆر ئاساییە و ئەمە بە ئاشکرا دەریدەخات کە کۆگەرایی لە خودی خۆیدا دەژی خۆپەرستی نییە. لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە کەسێك نەیاری کۆگەرایی یان پەیڕەوکاری تاکگەرایی بێت و لە هەمان کاتدا، ئەویترخوازیش بێت و بۆ فیداکاری لە ڕێگای یارمەتی دانی ئەوانیتر ئامادەیی هەبێت. یەکێك لە باشترین نموونەکانی ئەم هەڵوێستە لە دیکنز[١٧]دا خۆی بەرجەستە دەکات. بە ئاسانی ناتوانین بڵێین کام یەك لەم دوو هەستەی تێدا بەهێزترە: نەفرەتێکی قوڵ لە خۆپەرستی یان هۆگرییەکی بە تین بۆ

١٧. Charles Dickens (١٨١٢ ـ١٨٧٠) نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی.



تاك بە هەموو لاوازی و کەموکوڕییە مرۆییەکانیەوە. تێکەڵاوی ئەم هەڵوێستە، لەلایەکەوە بێزاری دیکنزە لەوەی کە ئێمە بە کۆ نێوی دەبەین[٢٩] و لە لایەکی دیکەشەوە، ڕوو وەرگێڕانە لە ئەویترخوازی تەنانەت بەڕاستی ئەگەر پاکیش بێت و ئەم هەستە لە جیاتی تاکی دیاریکراو، ئاڕاستەی گروپی بێ شووناسیش بکرێت. (خاتوو جێلیبی[١٨] بێننەوە یادی خۆتان لە ڕۆمانی ماڵی یاسا لێدراو[١٩]- ((ئەو خاتوونەی لە خزمەتی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان دایە)). بە بڕوای من، ئەم نموونانە بەڕادەی پێویست مانای ئەو چوار زاراوەی ئێمە ڕوون دەکەنەوە و ئەوە دەردەخەن کە هەرکامیان دەتوانێت لەگەڵ هەریەك لە دوو زاراوەی هاوریزی هێڵەکەی تری خشتەکە یەکبگرێ. (بەم چەشنە، بەگشتی چوار ئاوێتە بەدەست دێ)[٢٠].

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە لای ئەفلاتون و زۆربەی ئەفلاتونیەکان دەرفەتی تاکگەرایی ئەویترخوازانە (وەکو ئەوەی لە دیکنزدا دەبینرێت) بوونی نییە. بەپێی ڕای ئەفلاتون، تاکە بەدیلی کۆگەرایی، خۆخوازییە. ئەو، هەموو جۆرە ئەویترخوازییەك لەگەڵ کۆگەرایی و هەموو چەشنە تاکگەراییەك لەگەڵ خۆخوازی وەکو یەك سەیر دەکا. پرسەکە تەنیا پرسی زاراوە و وشە نییە. ئەفلاتون لە جیاتی ئەو سێ ئاوێتەی کە ئاماژەیان بۆ کرا، لە دوو دەرفەت زیاتر نابینێ و ئەمە لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا سەرچاوەی گەلێ هەڵە و پشێوی بووە لە باسە تیۆرییەکان لە هەمبەر ئەخلاقیاتەوە.

بە یەکسان زانینی تاکگەرایی لەگەڵ خۆخوازی، چەکێکی بەهێز دەداتە دەست ئەفلاتون بۆ بەرگری کردن لە کۆگەرایی و هێرش کردنە سەر تاکگەرایی. بۆ بەرگریکردن لە کۆگەرایی، ئەفلاتون پەنا بۆ هەستی مرۆڤدۆستانەی لەخۆبردوویی ئێمە دێنێت و لە پەلامارەکەیدا داخی خۆپەرستی بە هەموو لایەنگرانی تاکگەراییەوە دەنێت کە جگە لە خۆتان لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە دڵپاك نین. سەرەڕای ئەوەی ئامانجی هێرشەکەی ئەفلاتون تاکگەراییە بەو مانایەی ئێمە بەکاری دێنین، واتە مافە مرۆییەکانی تاك، بەڵام داوێنی ناڕەزایەتی دەگاتە ئامانجێکی زۆر

18. Mrs Jellyby
19. Black House
٢٠. واتە: تاکگەرایی+خۆخوازی، تاکگەرایی+ئەویترخوازی، کۆگەرایی+خۆخوازی، کۆگەرایی+ئەویترخوازی. بگەڕێنەوە بۆ خشتەکە.

جیاواز واتە خۆخوازی. ئەفلاّتون و زۆربەی ئەفلاّتونییەکان بەردەوام ئەم جیاوازییە وەبەرچاو ناگرن.

بۆچی ئەفلاّتون پەلاماری تاکگەرایی دەدات؟ پێم وایە کاتێك ئەفلاّتون هێرشی دەکردە سەر ئەم هەڵوێستە بە باشی دەیزانی چی دەکات، چونکە تاکگەرایی هەندێ جار لە یەکسانیخوازی زیاتر وەکو قەڵایەك بوو بۆ بەرگریکارانی مەرامی نوێی مرۆڤدۆستی. ئەو شۆڕشە رۆحیە گەورەییەی کە داروخانی خێڵ پەرستی لێکەوتەوە و بووە هۆی سەرهەڵدانی دیموکراسی، شتێك نەبوو جگە لە هەمان رزگاری تاك. پێژنی کۆمەڵناسی نائاسایی و دەگمەنی ئەفلاّتون لەمەدا خۆدەنوێنی کە هەمیشە هەر لەگەڵ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن دەزانێ لەگەڵ کێ بەرەوروویە.

لە کۆنەوە تاکگەرایی بەشێك بووە لە وێنای پێژنی دادپەروەری. ئەوە بێنینەوە بیری خۆمان کە کاتێك سوقرات دەڵێ[٣٠]: ((دادپەروەری ئەو شتەیە کە هی تاکەکانە)) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە، بە پێچەوانەی وێنای ئەفلاّتون، دادپەروەری بریتی نییە لە ساخڵەمی و هەماهەنگی لە نێو دەوڵەتدا، بەڵکو رێگا و شێوازێکی دیاریکراوە بۆ رەفتار لەگەڵ تاکەکان. ئەم فاکتەرە تاکەکەسییە پێشتر لە نەوەی پریکلیس دا جەختی لەسەر دەکرایەوە. پریکلیس بە ئاشکرا دەیگوت دەبێ یاسا وەکو یەك گرانتی دادپەروەریەکی یەکسان بێت ((بۆ هەمووان لە کێشە تایبەتییەکانیاندا))، بەلاّم تەنانەت لەمەش زیاتر دەچووە پێش. ئەم وتەیە هی ئەوە کە: ((ئەگەر دراوسێیەکەمان بیەوێ رێگای خۆی بگرێ، پێویست ناکات لۆمەی بکەین)). (ئەم وتەیە لەگەڵ قسەکەی ئەفلاّتون[٣١] هەڵبسەنگێنن کە دەڵێت دەوڵەت تاکەکان ناهێنێتە بوونەوە "بۆ ئەو مەبەستەی بەرەڵایان بکات تاکو هەر کەسەو بەڕێگای خۆیدا بڕوات...") پریکلیس شێلگیرە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەم تاکگەراییە لەگەڵ ئەویترخوازی لێك ببەسترێت: ((فێری ئێمە کراوە... کە هەرگیز رەنجاو و زیان پێگەیشتووەکان لە یاد نەکەین))، وتاربێژییەکەی بە شیکردنەوەیەك لەسەر لاوانی ئەسینا دەگاتە لووتکە کە کاتێك گەورە دەبن ((هەمەلایەنە {واتە خودان توانای گشتی لە بەشە جۆراو جۆرەکان} و متمانە بەخۆ)) باردێن.

ئەم تاکگەراییە هاوجووت لەگەڵ ئەویترخوازییە، بۆتە بناغەی شارستانیەتی ئێمە لە رۆژئاوا و ناوکی ناوەندی هەموو تیۆرە ئەخلاّقییە هەڵقولاّوەکانی شارستانیەتی ئێمەیە و وروژێنەری ئەو شارستانیەتە و رێنمایی تەوەرەیی دینی مەسیحە. ((کتێبی پیرۆز دەڵێت (دراوسێی خۆتت



خۆش بوێت)) نەك (خێڵی خۆت) )). هەر ئەو مانایەیە کە بۆ نموونە، لە رێنماییە تەوەرەییەکانی فەلسەفەی ئەخلاّقی کانتدا گونجێنراوە. کانت دەڵێ: ((هەمیشە ئەوە بزانە کە تاکەکان {هەر کام لە خودی خۆیدا} ئامانجن و تەنیا وەکو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دوائامانجی (غایەتی) خۆت سوودیان لێ وەرمەگرە)). هیچ هزرێکی دیکە نییە کە لە گەشەی ئەخلاّقی مرۆڤدا خودان هێزێکی ئەوتۆ بێت.

ئەفلاتون حەقی بوو کاتێ ئەم رێنمایەی بە دوژمنی ئەو دەوڵەتە دەبینی کە لەسەر سیستەمی ((کاست)) دامەزرابوو، لە هەموو رێنمایی و دۆکترینە (وێرانکارەکانی) سەردەمی خۆی زیاتر نەفرەتی لێی هەبوو. بۆ ئەوەی بابەتەکەمان تەنانەت لەمەش روونتر پێشان دابێت، ئێستا دوو پارچەی یاساکان دەگوازینەوە[٣٢] کە پێموایە دوژمنایەتی و منجڕی سەرسوڕهێنەری پەنهانی نێویان سەبارەت بە تاك هێشتا بەڕادەی پێویست دەرکی پێنەکراوە. ناوبانگی پارچەی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەکردن بۆ کۆمار و پرسی ((هاوبەشی ژن و منداڵ و داراییەکان)) کە لە کتێبی کۆتایی داهاتوو، دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەفلاتون وێڕای وەسف کردنی شێوازی حکومەتی کۆماری وەکو ((بەرزترین شێوەی دەوڵەت))، دەڵێت لەم دەوڵەتە بەرزەدا ((خاوەندارێتی ژن و منداڵ و کەلوپەل و دارایی {گوێزراو}(٢١) هاوبەشە. هەموو تەقەلاّیەکی ممکین دراوە بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێك و بە هەر شێوەیەك، هەموو شتێکی تایبەتی و تاکەکەسی لە ژیانی ئێمەدا بەلاوە بنرێت. ئەو شوێنەی رێگای تێچووە، تەنانەت ئەو شتانەش کە خودی سروشت بەتایبەتی و تاکەکەسی دایناون، بە جۆرێك لە جۆرەکان بوونەتە دارایی هاوبەشی هەمووان. تەنانەت چاو و گوێ و دەستەکانمان وادێتە بەرچاو بەچەشنێك دەجولێنەوە وەکو بڵێی نەك هی تاکەکان بەڵکو هی کۆمەڵن. تەواوی خەڵکەکان لە قاڵبێکدا شکلیان گرتووە تاکو لە ستایش و سەرزەنش کردندا تا ئەو پەڕی سنوور یەکدەنگ بن و هەموو سەبارەت بە شتێك و لەیەك کاتدا شاد و غەمگین بن. هەموو یاساکان بەو مەبەستە دانراون و تەواوکراون تاکو لە شاردا لانی زۆری یەکیەتی پێك بێنن)). پاشان ئەفلاّتون لە درێژەی وتەکانی دادەڵێت کە ((هیچ کەسێك ناتوانێ پێوەرێکی باشتر لەو پرنسیپانەی کە ئێستا شیکرانەوە بۆ بەرزترین پلەی فەزڵ و تەواویی دەوڵەت بدۆزێتەوە)) و ئەم جۆرە دەوڵەتە بە ((یەزدانی)) ناوزەد دەکات و بە ((سەر مەشق)) {مۆدێل} یان ((نموونە)) یان ((بنەچە))،

21. Chattels

واتە فۆڕم یان ئایدیای دەوڵەت وەسفی دەکات. ئەمە رای خودی ئەفلاتونە سەبارەت بە کۆمار لەسەردەمێك دا کە لە وەدیهێنانی ئایدیای سیاسی خۆی بە هەموو شکۆمەندی و مەزنییەکەیەوە، بێ هیوا ببوو.

پارچەی دووەمیشیان هی یاساکانە و رەنگە بتوانین بڵێین لە پارچەی یەکەم بێ پەردە و ئاشکراترە. دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم پارچەیە زیاتر سەروکاری لەگەڵ لەشکرکێشی و دیسیپلینی سوپاییدا هەیە، وەلێ ئەفلاتون جێگەیەك بۆ گومان ناهێڵێتەوە کە رێك هەر ئەم پرنسیپە میلیتاریستیە، نەك هەر لە جەنگ بەڵکو ((لە ئاشتی و لە یەکەمین رۆژەکانی منداڵی))یەوە دەبێ وەبەرچاوبگیرین و بپارێزرێن. ئەفلاتونیش وەکو سەرجەم میلیتاریستە تۆتالیتێر و ستایشکارەکانی ئیسپارتە، زۆر شێلگیرانە خوازیاری ئەوەیە کە بارودۆخی گرنگی دیسپلینی سەربازی تەنانەت لە کاتی ئاشتی لە پێشەوەی هەموو شتەکان دابێت و دیاریکەری تەواوی کاروباری هەموو هاووڵاتیان بێ، چونکە نەك هەر هاووڵاتییە تەواوەکان (کە دەبێ هەموویان عەسکەر بن) و منداڵەکان، بەڵکو چوارپێشەکانیش پێویستە تەمەنی خۆیان یەکڕاست بخەنە حاڵەتی مۆبۆلیزەی بەردەوام و تەواوەوە{٣٣}. دەنووسێت: ((گەورەترین پرنسیپ ئەوەیە کە هیچ کەسێك، چ پیاو و چ ژن، بێ رێبەر نەبێت. یان هزری هیچ کەس بەوە خوونەگرێت کە چ لە ژێر پاڵنەری جدی و غیرەت و چ بە گاڵتە و یاری، بهێڵێت تاك دەست بۆ کارێك ببات کە داهێنانی خۆی بێت، بەڵکو لە جەنگ و لە ئاشتی دا ئەرکەکەی ئەوەیە چاوی لە رێبەرەکەی بێت و بە ئەمەکەوە پەیڕەوی لێ بکات و تەنانەت لە بچووکترین کاروباریشدا لە ژێر رێبەرایەتی ئەو دابێت. بۆ نموونە، تەنیا بەمەرجێك دەبێ هەڵبستێ یان بجوڵێت یان خۆی بشوات یان خواردن بخوا{٣٤}... کە پێی وترابێت وا بکات... لە یەك وشەدا، دەبێ بەهۆیێ خووگرتنێکی دوورودرێژەوە، گیانی خۆی رابهێنێت کە هەرگیز لە خەونیشدا ئەوە نەبینێ کە سەربەخۆ دەجوڵێتەوە و لە رەگ و ریشەوە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە بێ هێز بکرێت. بەم چەشنە، تەمەنی هەمووان تەواو بەشێوازێکی هاوبەش {یان کۆیی} تێدەپەڕێت. هیچ یاسایەك نییە و هەرگیز لە ئایندەشدا نابێت کە لەمە بەرزتر بێت یان سەرکەوتن لە جەنگ و رزگاری بە جۆرێکی باشتر و کاریگەرتر دابین بکات. **دەبێ لە کاتی ئاشتی و لەیەکەمین رۆژەکانی منداڵیەوە**، ئەم خوویەی فەرماندەیی بەسەر ئەوانیتر و فەرمانبەری بۆ ئەوانیدی، پەروەردە بکرێت. هەموو شوێنەوارەکانی بێ بەند و باری {یان گیرەشێوێنی}[22] دەبێت بە تەواوی لە سەرانسەری ژیانی هەموو تاکەکان پاك بکرێتەوە، تەنانەت لە ژیانی ئەو گیانلەبەرانەش کە هی مرۆڤەکانن)).



دەربڕینێکی پتەو و توندوتیژە. هەرگیز کەسێك لەمە جدیتر سەبارەت بە تاك منجڕی نەکردووە. ئەم رق و کینەیە رەگێکی قوڵی لە دوالیزمی بنەمایی فەلسەفەی ئەفلاتوندا هەیە. ئەو هەر بەو چەشنە کە نەفرەتی لە ئەزموونە لاوەکییە جۆراوجۆرەکان و لە جیاجیای و رەنگاورەنگی جیهانی بگۆڕی شتە هەست پێکراوەکان هەبوو، لە تاك و ئازادییەکانیشی بێزار بوو. لە پانتایی سیاسەتدا، تاك لە دیدی ئەفلاتونەوە، خودی شەیتانە.

ئایدیالسازی بۆ ئەم هەڵوێستە دژە مرۆڤدۆستی و دژە مەسیحیە بەردەوام درێژەی هەبووە، هەندێکیان بە دلۆڤانی و مرۆڤخوویی، بەشێکیان بە لەخۆبردووی و ژمارەیەکیش بە ئەویترخوازی راڤەیان کردووە و کۆمەڵێکیش بە هاوجووت لەگەڵ مەسیحییەتیان لە قەڵەم داوە. بۆ نموونە، ئینگلەند یەکەمین پارچە وەرگیراوەکەی یاساکان بە ((ریسواکردنی توندی خۆپەرستی)) دەناسێنێت{٣٥}.وێرای دوان لەسەر تیۆری ئەفلاتون لەمەڕ دادپەروەری، بارکر-یش هاوشێوەی ئەم دەستەواژەیە بەکاردێنێ و دەڵێت ئامانجی ئەفلاتون ئەوەبوو کە ((هەماهەنگی و یارمەتی لە جێگەی خۆپەرستی و دووبەرەکی لە نێو هاووڵاتیان دابنێت)) و ئەمەشی پێوە زیاد دەکات کە ((بەم چەشنە، لە رێنماییەکانی ئەفلاتوندا هەماهەنگی دێرینی نێوان بەرژەوەندی دەوڵەت و قازانجی تاك دەگەڕێتەوە بەڵام لە ئاستێکی نوێ و بەرزتردا دووبارە دەکرێتەوە، چونکە ئێستا هوشیارانە بۆ هەستی هەماهەنگی گۆڕاوە و بەرزبۆتەوە)).

دەتوانین ئەم جۆرە وتە و قسە بێ ئەژمارانەی هاوشێوەی ئەمە بە ئاسانی روون بکەینەوە، بەو مەرجەی لە بیرمان بێت کە ئەفلاتون تاکگەرایی و خۆخوازی بە یەکسان دەزانێ. هەموو ئەفلاتونیەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە دژایەتی کردن لەگەڵ تاکگەرایی هەمان لەخۆبردووییە. ئەمە گەواهێکە لەسەر بانگەشەکەی من کە دەڵێم بەیەك شت زانینی {تاکگەرایی لەگەڵ خۆخوازی} شوێنەوارێکی هاوشێوەی پڕوپاگەندەی دژی مرۆڤدۆستی هەبووە و لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا سەرچاوەی گەلێك هەڵە و پشێوی بووە لە لێدوانە تیۆرییەکان لەمەڕ ئەخلاقیاتەوە. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو کەسانەی فریوی ئەو هاوتابینی و وشە پڕ لە زەوق و برقانە

22. Anarchy

دەخۆن و بە مەزن کردنەوەی ئەفلاتون، ناوبانگی وەکو مامۆستای ئەخلاق بەرزدەکەنەوە و بە دونیا رادەگەیەنن کە حیکمەتە ئەخلاقییەکانی لەگەڵ مەسیحییەتی سەردەمی بەر لە مەسیح نزیکترین پێکچوونی هەبووە، رێگا بۆ تۆتالیتاریزم و بەتایبەتی بۆ تێگەیشتنێکی تۆتالیتێر و دژە مەسیحی لە مەسیحیەت خۆش دەکەن. ئەمەش کارێکی ترسناکە، چونکە لە رابردوودا رۆژگارێ مەسیحیەت لە ژێر دەسەڵاتی بیری تۆتالیتێردا بووە. سەردەمێك دادگای پشکنینی بیروباوەڕ {ئەنکیزاسیۆن} لە ئارادا بوو و ئێستاش لەوانەیە بەشێوەیەکی دیکە سەرهەڵبداتەوە.

کەواتە، جێگای خۆیەتی هەندێ بەڵگەی تریش بخەینەڕوو و پیشانی بدەین کە چۆن خەڵکانی سادەبین و ساویلکە بەخۆیانیان قبوڵاندووە کە نیازی ئەفلاتون هاوجووتە لەگەڵ بەزەیی و ئینسانیەت. یەکێك لە بەڵگەکان ئەوەیە کە ئەفلاتون کاتێ کە خەریکی زەمینەسازی دەبێ بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونەکانی خۆی و لایەنگری لە کۆگەرایی، بەزۆری باسەکە بە ڕستەی کورت یان پەندێك دەست پێدەکات. بۆ نموونە دەڵێت: ((هاوڕێکان لە هەرچی هەیانە هاوبەشن[٣٦]))- ئەو وتەیەی کەوا دێتە بەرچاو سەرچاوەیەکی فیساگۆرسی هەبێت. گومانی تێدا نییە ئەمە هزرێکی بەرزە و دوورە لە خۆپەرستی و بە نرخە. کێ دەتوانێ پێیوابێت کە بەڵگەخوازی لە پێشەکیەکی پەسەندی ئەوتۆوە دەست پێ بکات و دەرەنجامێکی تەواو دژە مرۆڤدۆستی لێ بکەوێتەوە؟ خاڵێکی دیکە و گرنگتر ئەوەیە کە لەو دیالۆگەی کە ئەفلاتون بەر لە کۆمار نووسیویەتی- واتە ئەو کاتەی کە هێشتا لەژێر کاریگەری سوقراتدا بوو- گەلێك سۆز و بیروبۆچوونی بەڕاستی مرۆڤدۆستانەی دەبڕیوە. لەم پانتاییەدا دەبێ بە تایبەتی ئاماژە بە رێنمایی سوقرات لە گۆرگیاس دا بکەین کە ستەم کردن خراپترە لە ستەم لێکران. ئاشکرایە ئەم دۆکترینە نەك هەر ئەویترخوازانەیە بەڵکو لە بڕوا بوون بە تاکگەرایی هەڵقوڵاوە، چونکە لە تیۆرێکدا لەمەڕ دادپەروەری وەکو ئەوتیۆرەی کەلە کۆماردا بەیان دەکرێت و بنەماکەی کۆگەراییە، نادادپەروەری کردەوەیەکە کە دژی دەوڵەت ئەنجام دەدرێت نەك دژی تاکێکی تایبەت. ئەگەرچی لەوانەیە تاك کردەیەکی نادادپەروەرانە ئەنجام بدات، بەڵام ئەوە کۆیە کە زیانی لێ دەبینێت. وەلێ لە گۆرگیاسدا شتێکی لەم چەشنە نابینین {لەم دیالۆگەدا} ئەو تیۆرەی سەبارەت بە دادپەروەریی دەخرێتەڕوو، تیۆرێکی تەواو ئاساییە و ((سوقرات)) (کە رەنگە لێرەدا تاڕادەیەکی زۆر هەمان سوقراتی راستەقینە بێت) هەندێ نموونە لەسەر نادادپەروەری {ستەم} دەهێنێتەوە وەکو مشت لێدان لە رووی کەسێك یان زیان پێگەیاندنی



یان کوشتنی. رێنماییەکانی سوقرات لە هەمبەر ئەوەی خۆراگرتن (تحمل) لەبەرامبەر ئەم کارانە باشترە لە ئەنجامدانی لە ڕاستیدا زۆر بە رێنماییەکانی دینی مەسیح دەچێت و دۆکترینەکانی لەمەڕ دادپەروەرییەوە زۆر باشە و لەگەڵ رۆحی پریکلیسدا دەگونجێت. (لە بەشی دەیەمدا، هەوڵێك بۆ راڤە و شیکردنەوەی ئەمە ئەنجام دراوە).

بەڵام لە کۆماردا رێنماییەکی نوێ سەبارەت بە دادپەروەری گەشەی پێدراوە کە نەك هەر ناگوجێت لەگەڵ ئەم جۆرە تاکگەراییە، بەڵکو بە تەواوی دژیەتی. بەم حاڵەش، رەنگە خوێنەران بە ئاسانی بڕوا بەوە بکەن کە ئەفلاتون ئەو دۆکترینەی کە لە گۆرگیاسدا دەریبڕیوە هێشتا بە قورس و قایمی پاراستوویەتی. ئەمە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کۆماردا، ئەفلاتون بە زۆری ئاماژە بەم رێنماییە دەکات کە نادادپەروەری {ستەم} لێ کران باشترە لە نادادپەروەری کردن، لە کاتێکدا بە وەبەرچاوگرتنی ئەو تیۆرەی لەسەر بنەمای کۆگەرایی دامەزراوەو لەم کتێبە لەمەڕ دادپەروەرییە خراوەتە روو، ئەم جۆرە رێنماییە زیادە و بێ مانایە. ئەو کات، لە کۆماردا سەیر دەکەین نەیارانی ((سوقرات)) تیۆرێکی دژی ئەمە دێننەوە و دەڵێن نادادپەروەری کردن باش و خۆشە و نادادپەروەری {ستەم} لێکەران خراپ و ناخۆشە. هەڵبەتە هەموو مرۆڤدۆستێك لەم جۆرە بێ باوەڕی و پشت کردنە پرنسیپانە بێزار دەبێت و کاتێك ئەفلاتون ئامانجەکانی خۆی لە زمانی سوقراتەوە دەردەبڕێت کە دەڵێ: ((من لەوە دەترسم تووشی گوناه بێم، ئەگەر بێتو مۆڵەتی ئەوە بدەم ئەم جۆرە قسە شەڕەنگێزانە لەمەڕ دادپەروەرییەوە لەبەرامبەر مندا بوترێن، بێ ئەوە تا ئەوەی پەڕی توانام بەرگریان لێ نەکەم))[٣٧]، ئەو کات ئیدی خوێنەری شادە و ساویلکە قەناعەت بە نیازپاکی ئەفلاتون دێنێ و ئامادەیی پەیدادەکات کە بۆ هەر جێگایەك چوو، بەدوای دا بڕوات.

ئەو دڵنیاییە کە ئەفلاتون دەیبەخشێت بۆیە زیاتر کاریگەری دەبێت چونکە لە پاش قسەکانی تراسوماخۆس[٣٨] دێن کە تێکەڵن بەبێ باوەڕی و خۆپەرستی و لە بەرامبەر ئەم وتانە قەرار دەگرن. تراسوماخۆس وەکو گلاوترین خراپکاری سیاسی لە لایەن ئەفلاتونەوە وێنەی دەکێشرێت و خوێنەربە لایەکدا پەلکێش دەکرێ کە تاکگەرایی لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو بەهاوتا بزانێت و وابیربکاتەوە کە جەنگی ئەفلاتون لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونانە، جەنگە لەگەڵ هەموو مەیلە خراپەکار و پووچگەراکانی (نێهێلیست) سەردەمی خۆی. بەڵام نابێ بهێڵێن داهۆڵێکی پەیڕەوی تاکگەرایی وەکو تراسوماخۆس ترس بخاتە دڵمانەوەو ناچارمان بکات

بەربەریەتێکی دیکە قبولٚ بکەین کە واقیعیتر و مەترسیدارترە، چونکە لەبەرچاو پەنهانترە. (ئەو وێنەیەی کە ئەفلاٚتون بۆ تراسوماخوسی کێشاوە زۆر لە داهۆلٚی سەردەمێکی ئێستای پەیڕەوی کۆگەرایی واتە ((بەلشەڤیزم)) دەچێت). ئەفلاٚتون لە جێگای تیۆری تراسوماخۆس کە دەلٚێت ماف لای بەهێزە، تیۆرێکی تر و بەهەمان ڕادە هەلٚقولاٚو لە بەربەریەت دێنێتەوە کە ماف هەموو شتێکە کە سەقامگیری و هێزی دەولٚەت زیاد بکات.

بە کورتی ئەفلاٚتون بەهۆی بڕوایەکی توندڕۆیانە بە کۆگەرایی، گرنگی بەو پرسانە نادات کە خەلٚك بە زۆری بە پرسی دادپەروەری ناوزەدی دەکەن- واتە هەلٚسەنگاندنی بێلایەنانەی داوا دژە و پێچەوانەکانی تاکەکان- و هیچ هۆگریان نییە. تەنانەت حەز ناکات کە خواستەکانی تاك لەگەلٚ خواستەکانی دەولٚەت دا بگونجێنێت. دەلٚێت: ((من یاسا دادەڕێژم بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی بۆ دەولٚەت {وەکو} گشت چی لە هەمووان باشترە... چونکە لە ڕووی حەقەوە بەهای بەرژەوەندییەکانی تاك لە ئاستێکی خوارتر دادەنێم))[٣٩]. ئەفلاٚتون تەنیا نیگەرانی گشتی کۆگرە (جامع) و دادپەروەری لە روانگەی ئەوەوە ساخلٚەمی و یەکیەتی و سەقامگیری کۆیە و بەس.

## ٦

تا ئێرە سەرنجی ئەوەماندا کە ئەخلاٚقی مرۆڤدۆستی، خوازیاری راڤەیەکی یەکسانیخوازانە و تاکگەرایانەیە بۆ دادپەروەری، بەلاٚم هێشتا هێلٚە سەرەکییەکانی هەلٚوێستی مرۆڤدۆستانەمان سەبارەت بە دەولٚەت وێنە نەکێشاوە. لە لایەکی ترەوە کە ئەفلاٚتون بڕوای بە تیۆرێکی تۆتالیتێر لەمەڕ دەولٚەتەوە هەیە، بەلاٚم هێشتا کارایی ئەم تیۆرەمان لە هەمبەر ئەخلاٚقی تاکەوە دەست نیشان نەکردووە. ئێستا ئەم دوو کارە ئەنجام دەدەین و لە دووەمیانەوە دەست پێدەکەین. سەرەتا، سێیەمین بەلٚگەخوازی ئەفلاٚتون دەخەینە ژێر شیکردنەوەوە کە وێرای ((کەشف)) کردنی دادپەروەری دێت و پێشتر بە کورتی ئاماژەمان بۆ کرد. بەلٚگەخوازی سێیەمی ئەفلاٚتون بەم جۆرەی لای خوارەوەیە[٤٠]:

سوقرات دەلٚێ: ((ئێستا سەیرکە، ئایا دەتوانی لەگەلٚ من هاوڕابیت یان نا. ئایا پێت وایە زیانێکی گەورە بە شار دەگات ئەگەر دارتاش دەست بە پێلاٚودۆزی بکا و پێلاٚودۆز خەریکی دارتاشی بێت؟)). ((زۆر نا)). ((بەلاٚم ئەگەر کەسێك کە بەشێوەیەکی سروشتی کرێکار یان



ئەندامێکی چینی کاسبکارە[٢٣]... بێتە نێو چینی جەنگاوەران، یان یەکێك لە جەنگاوەرەکان بەبێ بوونی لێهاتوویی بچێتە ناو چینی زێرەڤانان ئایا ئەم جۆرە گۆڕانە و ئەم چەشنە بەندو بەستە نهێنیە، بە مانای داروخانی شار نییە؟)) ((بێگومان وایە.)) ((ئێمە لە شارەکەماندا سێ چینمان هەیە، ئایا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە هەرچەشنە پیلانێکی لەم چەشنە یان رۆیشتن لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر تاوانێکی گەورەیە لە هەمبەر شار و دەبێ بە حەق وەکو بەرزترین شەڕەنگێزی و خراپەکاری مەحکوم بکرێ؟)) ((بێ گومان)) ((بەلاٚم ئایا تۆ نالٚێیت کە ئەنجامدانی شەڕەنگێزی و خراپەکاری دەرحەق بە شاری خۆت، نادادپەروەرییە؟)) ((بە یەقین وایە)). ((کەواتە ئەمە هەمان نادادپەروەرییە و بە پێچەوانەوە، دەلٚێین کاتێك هەر چینێکی شار- واتە چینی کاسبکاران و شەڕکەران و زێرەڤانان- خەریکی کاری خۆیان بن، ئەوە دادپەروەرییە)).

ئێستا ئەگەر سەیری ئەم بەلٚگەخوازیانە بکەین، چەند خالٚێکمان دەست دەکەوێ: (الف) ئەم گریمانە کۆمەلٚناسییەی کە هەر چەشنە لاوازییەك لە سیستەمی رەق و وشکی ((کاستەکان)) دەبێ داڕووخانی شاری لێ بکەوێتەوە، (ب) جەخت کردن و دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەو بەلٚگەخوازییە کە ئەوەی زیان بە شار دەگەیەنێت نادادپەروەرییە، (ج) ئەو دەرەنجامگیرییە کە پێچەوانەی ئەمە دادپەروەرییە. رەنگە گریمانەی کۆمەلٚناسیی (الف) پەسەند بکەین، چونکە ئایدیای ئەفلاٚتون وەستاندنی گۆڕانی کۆمەلاٚیەتییە و مەبەستی لە ((زیان)) هەموو شتێکە کە لەوانەیە گۆڕانی لێ بکەوێتەوە و رەنگە بە تەواوی راست بێ کە گۆڕانی کۆمەلاٚیەتی تەنیا دەکرێ بە سیستەمی رەق و وشکی ((کاست)) بوەستێنرێت. هەروەها لەوانەیە دەرەنجامگیری (ج)یش پەسەند بکەین کە پێچەوانە نادادپەروەری، دادپەروەرییە. بابەتە سەنجڕاکێشترەکە (ب) یە. بە تێڕوانینێك لە بەلٚگەخوازی ئەفلاٚتون دەتوانین ئەوە ببینین کە هەموو رەوتە هزرییەکەی لە ژێر کاریگەری ئەم پرسیارەدایە کە: ئایا ئەم شتە زیان بەشار دەگەیەنێت یان نا و ئایا کەمێك زیانی پێ دەگەیەنێ یان زۆر؟ ئەو بەردەوام دووپاتی دەکاتەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەوەی زیان بە شار بگەیەنێت، بەشێوەیەکی ئەخلاٚقی شەڕەنگێزە و پێچەوانەی دادپەروەرییە.

---

٢٣. مەبەست چینی بەرهەمهێنەر یان ئەو توێژەیە کە پارە بەدەستدێنێ، نەك تەنیا توێژی بازرگان و دوکاندار.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ ئەفلاتون تەنیا یەك نیشاندەری کۆتایی بۆ {هەڵسەنگاندنی} بەرژەوەندی دەوڵەت دەناسێت. هەر شتێك کە {بەرژەوەندی دەوڵەت} بەرەو پێش ببات چاکە و هاوجووتە لەگەڵ فەزیلەت و دادپەروەری و هەر شتێك هەڕەشەی لێ بکات خراپ و شەڕەنگێزە و پێچەوانەی دادپەروەرییە. ئەو کردەوانە خزمەتی بکەن ئەخلاقین و ئەو کردەوانەی بیخەنە مەترسییەوە پێچەوانەی ئەخلاقن. بەجۆرێکی تر، پەیڕەونامەی ئەخلاقی ئەفلاتون بە تەواوی لەسەر سوودگەرایی دامەزراوە، پەیڕەونامەیەکە لەسەر بنەمای سوودی کۆیی یان سیاسی. بەرژەوەندی دەوڵەت، پێوەری ئەخلاقە. ئەخلاق هیچ نییە جگە لە تەندروستی سیاسی.

ئەمە واتە تیۆری کۆیی یان خێڵەکی یان تۆتالیتێر سەبارەت بە ئەخلاقیات: ((باش ئەو شتەیە کە لە بەرژەوەندی یان قازانجی گرووپی من یان خێڵی من یان دەوڵەتی من بێت)). دەتوانین بە ئاسانی ئەوە ببینین کە ئەم ئەخلاقە لە رووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان مانای چییە: دەوڵەت تا کاتێك کە بەهێز بێت، لە خودی خۆیدا هەرگیز ممکین نییە لە هیچ کام لە کاروکردەوەکانی هەڵە بکات یان لەسەر حەق نەبێ، دەوڵەت مافی خۆیەتی دەستدرێژی بکاتە سەر هاووڵاتییەکانی و توندوتیژیان لەگەڵ بەکاربێنێ بەو مەرجەی بەم کارەی بەهێزتر و پتەوتر بێت، دەوڵەت مافی خۆیەتی هێرش بکاتە سەر دەوڵەتەکانی تریش بەو مەرجەی بەبێ لاوازکردنی خۆی دەست بۆ ئەم کارە بەرێت. (ئەم دەرەنجامگیرییە، واتە پەسەندکردنی راشکاوانەی ئازادبوونی دەوڵەت لە کۆتوبەندی ئەخلاقی و لە ئاکامدا، بەرگری کردن لە پووچگەرایی ئەخلاقی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا- لەلایەن هێگلەوە ئەنجام درا).

لە ڕوانگەی ئەخلاقی تۆتالیتێرەوە، لە رووی سوودی دەستە جەمعیەوە، تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بە دادپەروەری بە تەواوی راستە. پارێزگاری کردن لە پلەی خۆت یان لە جێگەی خۆمانەوە، فەزیلەتە- فەزیلەتێکی مەدەنی یان ناسەربازییە و رێك هاوتای فەزیلەتی دیسپلینە لە سوپادا. مۆرەکانی ماشێنی کاتژمێرئاسای دەوڵەت، لە دوو رێگاوە دەتوانن ((فەزیلەتی)) خۆیان بنوێنن. یەکەمیان دەبێ لە ژێر بەرەکەتی ئەندازە و شێوە و پتەوییان گونجاو و سازگار بن لەگەڵ ئەو کارەی لەسەر شانیانە، دووەم دەبێ هەر کامێکیان بۆ شوێنی راستی خۆی بشێت و هەر لەو جێگەیەدا بمێنێتەوە. فەزیلەتی جۆری یەکەم- واتە گونجان و شایستەیی بۆ هەموو کارێکی دیاریکراو- بەپێی کاری تایبەتی هەر مۆرەیەك، دواجار هەڵاواردن و جوێکردنەوەی



لێدەکەوێتەوە. هەندێ لە جۆرەکان تەنیا لە کاتێك داخودان فەزیلەت، واتە شیاو و شایستەن، کە (هەر بە سروشت) گەورەبن، هەندێکیان بەو مەرجەی پتەوبن و ژمارەیەکیشیان ئەگەر بێت و ساف و لووس بن. بەڵام فەزیلەتی پاراستنی پلەو پایە، لە نێو هەموویاندا هاوبەشە و لە هەمان کاتدا فەزیلەتی گشتی {ماشێن} کە بریتییە لە جێکەوتنی راست و هەماهەنگ بوون. ئەفلاتون ئەم فەزیلەتە گشتیە بە ((دادپەروەری)) ناوزەد دەکات. ئەم شێوازە، بە تەواوی گونجاو و بێ کەموکوڕییە و لە روانگەی ئەخلاقی تۆتالیتێرەوە، بە تەواوی پاساو هەڵدەگرێ. ئەگەر تاك لە مۆرەیەك زیاتر نەبێت، ئەخلاقیش هیچ نییە جگە لە خوێندنەوە و توێژینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی داتاشین یان جێگەکردنەوەی لە هەناوی گشتدا.

پێویستە ئەوە روون بکەمەوە من بڕوام بە راستگۆیی ئەفلاتون هەیە لەمەڕ ئیمانی بە تۆتالیتاریزم. راستە ئەو زۆر سەرسەختانە خوازیاری زاڵبوونی بێ ئەملاو و ئەولای چینێکە بەسەر ئەوانیتردا، بەڵام ئایدیاکەی ئەوە نییە کە زۆرترین سوود لەلایەن چینی بەرزترەوە لە چینی کرێکار دەربهێنرێت، بەڵکو سەقامگیری گشت {ماشینە}ـە. ئەو بەڵگەیەش کە بۆ پێویستی سنوردارکردنی سوود وەرگرتن دەیهێنێتەوە، لێرەشدا دیسان تەنیا لەسەر بنەمای سوودگەرایی دامەزراوە بە ئاڕاستەی سەقامگیرکردنی حوکمڕانی چینایەتی. ئەفلاتون بەڵگەخوازی دەکات کەئەگەر زێرەڤانان ئاگری چاوچنۆکی و تەما خۆش بکەن، دواجار نابنە خاوەنی هیچ. دەڵێت: ((ئەگەر قەناعەت بە ژیانێکی سەقامگیر و پڕ لە ئاسایش نەکەن... بەو هێزەی هەیانە تووشی وەسوەسە بن کە هەموو سامانی شار بۆ خۆیان ببەن، گومانی تێدا نییە رۆژێك پەی بە دانایی هێسیۆدۆس دەبەن کە وتی 'نیوە لە گشت زیاترە'[٤١])) هەڵبەتە دەبێ ئاگادار بین کە ئەم مەیلەش بۆ بەرتەسك کردنی خراپ بەکارهێنانی جوێیەتی چینایەتی، توخمێکی تاڕادەیەك ئاسایی تۆتالیتاریزمە. وەهاش نییە کە تۆتالیتاریزم بە گشتی لە بەندی پرنسیپی ئەخلاقی ئازاد و بێ ئەخلاق بێت. تۆتالیتاریزم، ئەخلاقی کۆمەڵگای داخراو واتە گروپ یان خێڵە. تۆتالیتاریزم، خۆپەرستی تاکەکەسی نییە، خۆ پەرستی دەستەجەمعیە.

بەڵگەخوازی سێیەمی ئەفلاتون گونجاو و بێ کەموکوڕی و راست و رەوانە. لەم روویەوە، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی ئەو پێویستی بەو ((دیباچە درێژە)) و دوو بەڵگەخوازییەکەی پێشتر هەبووە؟ ئەو هەمووە نا ئاسوودەیی و دڵەڕاوکێیە بۆچی؟ (هەڵبەتە ئەفلاتونیەکان وەڵام دەدەنەوە کە نا ئاسوودەیی تەنیا خولقێنراوی خەیاڵی منە. لەوانەیە وابێت. بەڵام ناکرێ

چۆنایەتی ناعەقڵانی ئەم پارچانە بەهۆی بەڵگە بۆ داتاشین بەکەم بگیرێن و بەبێ نرخ لە قەڵەمیان بدەین). بە بڕوای من بەرسڤی پرسەکە ئەوەیە کە ئەگەر ماشینی کۆیی و کاتژمێرئاسایی ئەفلاتون بەم چۆنایەتییە بێ ئاکام و بێ مانایە خرابایە بەر دەم خوێنەران، ئەوا پەسەندیان نەکرد. ئەفلاتون شڵەژابوو چونکە ئاگاداری پتەوی ئەخلاقی و پەسندیی ئەو هێزانە بوو کە دەیەویست وردو خاشیان بکات و دەترسا. ئەفلاتون نەیدەوێرا بچێتە مەیدانی ملەی ئەم هێزانەوە، بەڵام لەبەرامبەردا هەوڵیدەدا بۆ دابین کردنی نیازەکانی بەرەو لای خۆی پەلکێشیان بکات. ئێمە هەرگیز بە وردی نازانین ئایا ئەفلاتون لە نووسینەکانی دا ئاگایی و مەبەستەوە پشتی لە پرنسیپەکان کردووە و بۆ کەڵکی خراپ وەرگرتن لە سۆزە نوێیە مرۆڤدۆستییەکان بە قازانجی مەبەستەکانی خۆی تەقەلایەتی یان خەریکی هەوڵێکی غەمگینە بۆ ئەوەی گەندەڵی و خراپیەکانی تاکگەرایی بە ویژدانی {ئەخلاقی} خۆی قبوڵ بکات. هەستی تاکە کەسی من ئەوەیە کە حاڵەتی یەکەم راستە و رازی دڵگیریی سێحراوی ئەفلاتون هەر لەم دژایەتییە ناوەکیە دایە. بە بڕوای من، بیرە نوێیەکان و بەتایبەتی شەهادەتی سوقرات، ئەو پەیڕەوکارە مەزنەی تاکگەرایی، ئەفلاتونی تا ناخی رۆحی هەژاند و دیسان پێم وایە ئەو بە هەموو عەقڵ و هۆشی بێ هاوتای خۆی لە بەرامبەر کاریگەری و نفوزی ئەم شتەدا لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەوانیتردا دەجەنگا، ئەگەرچی ئەم شەڕە هەمیشە بە ئاشکرایی ئەنجام نەدەدرا. ئەم تێبینییە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بۆچی هەندێ جار تەنانەت لە چەقی تۆتالیتاریزمدا، دیسان لای ئەفلاتون رووبەڕووی هەندێ مانا و هزری مرۆڤدۆستانە دەبینەوە و چۆن فەیلەسوفەکان ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخساوە کە وەکو مرۆڤدۆست پێشانی بدەن.

بەڵگەیەکی بەهێز بۆ پشتیوانی ئەم راڤەیە، شێوازی هەڵسوکەوت- یان بەجۆرێکی دیکە، بەد هەڵسوکەوت کردنی- ئەفلاتون لەگەڵ تیۆرێکی عەقلانی و مرۆڤدۆستانەیە کە هەر لە نەوەی خۆیدا لەمەڕ دەوڵەتەوە پەروەردە کرابوو.

بۆ خستنەڕوی ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی روون و ئاشکران دەبێ سوود لە **زمانی خواست یان پێشنیارە سیاسیەکان** وەربگرین. (بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، بڕگەی **٣**)- یاخود بە جۆرێکی تر، نابێ لە هەوڵی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی ماهییەتگەراکاندا بین کە: دەوڵەت چییە؟ سروشتە راستەقینەکەی چییە؟ مانا حەقیقیەکەی چییە؟ هەروەها نابێت تەقەلای ئەوەمان بێت بەرسڤی ئەم پرسیارەی مێژووگەراکان بدەینەوە کە: چاوگی دەوڵەت چییە و سەرچاوەی



دەروەستی سیاسی چییە؟ لە بەرامبەردا دەبێ بەم جۆرە پرسیارەکە بخەینەروو: ئێمە چیمان لە دەوڵەت دەوێ؟ گەرەکمانە چ شتێك بە ئامانجی مەشروعی دەوڵەت دابنێین؟ بۆ ئەوەی لە خواستە سیاسیە بنەماییەکانی خۆمان تێبگەین و بزانین چین، دەبێ بپرسین: بۆچی لە جیاتی ئەوەی بەبێ دەوڵەت- واتە لە دۆخی بێ بەندوباری و پشێوی (ئانارشی)- دابژین، پێمان باشترە لە ژێر ئالای دەوڵەتێکی رێك و پێك ژیان بەسەر ببەین؟ ئەمە شێوازی عەقلانی خستنەڕووی بابەتەکەیە. پرسیارێکە دەبێ تەکنەلۆژیستێك هەوڵ بدات وەڵامی بداتەوە بەر لەوەی بتوانێ لە هەوڵی دروست کردن یان بوونیادنانەوەی هەر دەزگایەکی سیاسی بێت، چونکە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانێت بە یەقینەوە بڵێ کە ئایا دەزگایەك لەگەڵ ئەو ئەرکەی بۆ دیاریکراوە دەگونجێت یان نا، کە سەرەتا بزانێت چی دەوێ.

ئێستا ئەگەر پرسیارەکەمان بەم چەشنە بێنینە بەرباس تاکی مرۆڤدۆست وەڵام دەداتەوە: ئەو شتەی من لە دەوڵەتم دەوێت پارێزگاری و پاراستنە[٢٤]- نەك هەر بۆ خۆم بەڵکو بۆ ئەوانی تریش. دەمەوێ ئازادی خۆم و خەڵکی بپارێزرێت. نامەوێت هەر کەس مشتی بەهێزتر یان دەمانچە (چەك)ی گەورەتری هەبوو بتوانێ هەر چییەکی ویستی لەگەڵمدا بیکات. بەجۆرێکی تر، گەرکمە لە بەرامبەر دەستدرێژی ئەوانیتردا بپارێزرێم. دەمەوێ جیاوازی نێوان دەستدرێژی و بەرگری بزانرێت و دەسەڵاتی رێکخراوی دەوڵەت، پشتیوانی لە بەرگری بکات. (بەرگری واتە بەرگری کردن لە بارودۆخی مەوجود و پرنسیپی پێشنیارکراو بەم جۆرەیە کە بارودۆخی مەوجود تەنیا دەبێ بە پێی یاسا، بە پێکهاتن یان داوەری (تحکم)، بگۆڕدرێت نەك بەهێز و توندوتیژی، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە هیچ چەشنە رێوشوێنێکی یاسایی بۆ چاو پیاخشاندنەوە لە ئارادا نەبێت). چونکە دەزانم هەندێ بەرتەسکی سەبارەت بە ئازادی من پێویستە، هیچ قسەیەکم نییە ئەگەر ئازادی کارم تاڕادەیەك لەلایەن دەوڵەتەوە سنووردار بکرێ بەو مەرجەی بتوانم بۆ پاشماوەی ئازادییەکەم پارێزگاری وەدەست بێنم. بۆ نموونە دەزانم ئەگەر گەرەکم بێت دەوڵەت پشتیوانی بەرگری بێت لە بەرامبەر هەموو جۆرە هێرشێکدا، دەبێ دەست لە ((ئازادی))ـەکەی خۆم هەڵگرم لەبەر ئەو هێرشە. بەڵام خوازیاری ئەوەم کە مەبەستی بنەڕەتی لە {پێك هێنانی} دەوڵەت- واتە پاراستنی ئەو بەشە ئازادییەی کە زیان بە هاووڵاتییەکانی تر ناگەیەنێت- لەبەر چاو ون نەبێت. کەواتە داخوازی من ئەوەیە کە دەوڵەت تا ئەو شوێنەی دەکرێ ئازادی

24. Protection

هاووڵاتیان وەکو یەك بەرتەسك بکاتەوە و زیاتر لەوەی بۆ دەست نیشان کردنی یەکسانی ئازادی پێویستە، هەنگاو ناوێژێت.

خواستی کەسێکی مرۆڤدۆست یان یەکسانیخواز یان تاکگەرا شتێکی وەکو ئەوەیە کە باسمان کرد. خواستێکە کە مۆڵەت بە تەکنەلۆژیستی کۆمەڵایەتی دەدات لەگەڵ بابەتە سیاسیەکان بە رێگایەکی عەقلانی- واتە لە روانگەی ئامانجێکی تارادەیەك روون و دیاریکراو- هەڵسوکەوت بکات.

لەبەرامبەر ئەم بانگەشەیەدا کە دەکرێ ئەم جۆرە ئامانجە بە چەشنێکی دیار و ئاشکرا فۆرمۆڵبەندی بکرێت گەلێك ناڕەزایەتی بەرزبۆتەوە. دەڵێن هەر ئەوە پەسەند بکەین دەبێ ئازادی بەرتەسك بکرێ، پرنسیپی ئازادی یەکڕاست دادڕوخێت و ناتوانین بە شێوەیەکی عەقلانی وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بەو پرسیارە بدەینەوە کە کام سنووردانان پێویست و کامە لە خۆڕاو سەرەڕۆیانەیە، بەڵکو دەبێ پشت بە وتەی مەرجەع و متمانە پێکراوان ببەستین. بەڵام ئەو ناڕەزایەتیەی ئاماژەمان بۆ کرد لە پشێوی هزرییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەم پرسە بنەماییە کە ئێمە چیمان لە دەوڵەت دەوێ لەگەڵ هەندێ گیروگرفتی گرنگی تەکنۆلۆژیك کە لە رێگای وەیهێنانی ئامانجەکانمان دان تێکەڵاو دەکەن. بێ گومان ئاریشەیە کە بەوردی ئەوە دیاری بکەین تا چ رادەیەك دەتوانین ئازادی بۆ هاووڵاتیان بهێڵینەوە بەبێ خستنە مەترسی ئەو ئازادییانەی کە دەوڵەت ئەرکی سەرشانییەتی بیانپارێزێت. بەڵام ئەزموون- واتە بوونی دەوڵەتە دیموکراتییەکان- ئەوە دەسەڵمێنێت کە لانیکەم دیاریکردنی نزیکەیی رادەی ئازادی ناوبراو ممکینە. لە راستیدا، یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی یاسادانان لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا، هەر ئەم رەوتی دیاریکردنە نزیکەییەیە. هەڵبەتە رەوتێکی دژوارە، بەڵام بێگومان ئاریشەکانی بە جۆرێك نین کە ناچارمان بکات خواستە بنەماییەکانمان بگۆڕین. خواستە نێوبراوەکان بە کورتی بریتین لەوەی دەبێت دەوڵەت وەك چڤاکێك[٢٥] بۆ پێشگرتن لە خراپەکاری- واتە دەستدرێژی- لە قەڵەم بدرێ. ئەم ناڕەزایەتیە کە دژوارە بزانرێت لە کوێ دا ئازادی کۆتایی پێدێت و خراپەکاری دەست پێدەکات، لە بنەڕەتدا بە چیرۆکی ئەو گەرۆڵە تێکدەرە بەرسڤ دەدرێتەوە کە لە دادگادا بانگەشەی ئەوەی دەکرد وەکو هاووڵاتییەکی ئازاد دەتوانێت

25. Society



مشتەکەی بۆ هەر لایەك کە دڵی بیەوێ باوێژێ. دادوەری زانا وەڵامی دایەوە: ((ئازادی جوڵەی مشتی تۆ بە شوێنگەیی لووتی کەسەکەی پەناتان سنووردار دەکرێ)).

ئەم بۆچوونە سەبارەت بە دەوڵەت کە لێرەدا بە کورتی باسمان کرد، دەتوانین بە ((پاراستنگەرایی))[٢٦] ناوزەدی بکەین. زاراوەی پاراستنگەرایی بە زۆری بۆ مەیلی دژی ئازادی بەکارهاتووە. بۆ نموونە مەبەستی ئابووریزانەکان لە پاراستنگەرایی، سیاسەتێکە بۆ پاراستنی هەندێ بەرژەوەندی پیشەسازی لە بەرامبەر رکەبەرایەتی لە لایەن کەسانی ترەوە، ئەو مانایەی کە ئەخلاقگەرایەك بۆ ئەم {زاراوەی} بەکاردەهێنێت، سەقامگیری دەمڕاستی و سەرپەرشتی ئەخلاقی خاوەن پلەو پایە دەوڵەتییەکانە بەسەر خەڵکی وڵاتدا. ئەگەرچی ئەو تیۆرەی کە من ناوی دەنێم پاراستنگەرایی پەیوەندی بە هیچ کام لەم مەیلانەوە نییە کە ئاماژەمان پێکرد و لە بنەڕەتدا تیۆرێکی ئازادیخوازانە {یان لیبراڵ}ە، بەڵام پێموایە دەتوانین ئەوە دەربخەین کە لەگەڵ سیاسەتی بە هیچ جۆرێ دەسوەرنەدان (کە بەزۆری بەڵام نەك بە تەواوی راست بە ئازادی کار یان ئازادکردن[٢٧] ناوزەدکراوە) هیچ پەیوەندییەکی نییە. لیبرالیزم و دەسوەردانی دەوڵەت لەگەڵ یەکتردا دژایەتیان نییە. بە پێچەوانەوە، ئاشکرایە کە هیچ جۆرە ئازادییەك ممکین نییە تەنیا مەگەر لەلایەن دەوڵەتەوە دابین بکرێت{٤٢}. گریمان گەرەکمانە مێرمنداڵەکان لە زیانی غفڵەت پارێزراو بن بۆ ئەوەی بتوانن {لە ئایندەدا} بەرگری لە ئازادی خۆیان بکەن. لەم حاڵەتەدا، چاوەدێری {کۆنترۆڵ} دەوڵەت بەسەر پەروەردە و فێرکردنەوە تاڕادەیەك پێویستە و دەبێ دەوڵەت چاوەدێری ئەوە بێت کە هەموو ئاسانکارییە پەروەردەییەکان لەبەر دەستی هەمووواندا بێت. بەڵام چاوەدێری لە ڕادەبەدەری دەوڵەت بەسەر پەروەردە و فێرکردنەوە مەترسییەکی مەرگاوییە بۆ ئازادی چونکە حەتمەن تەڵقین و پڕوپاگەندە {یان Indoctrination}ی لێ دەکەوێتەوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، ناتوانین پرسی گرنگ و دژواری دیاریکردنی سنووری ئازادی لە رێگای رێسایەکی چێکراو و ئامادەوە چارەسەر بکەین. دەبێ پێشوازی لەم واقعیەتە (فاکتە) بکەین کە هەمیشە حاڵەتی نادیار و نێوبەند هەبێت چونکە بەبێ بزوێنەرێك کە بەهۆی ئەم جۆرە گیروگرفت و هەوڵە سیاسیانەوە دەستەبەر دەبێت، هێندەی پێناچێت کە ئامادەیی هاووڵاتیان بۆ جەنگان لە پێناو ئازادی و وێڕای ئەویش، خودی ئازادی، لەبەرچاو ون دەبێت. (کاتێ لەم کلاورۆژنەیەوە لە بابەتەکە

26. Protectionism
27. Laissez fair

بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە دژایەتی بانگەشەکارانەی نێوان ئازادی و ئاسایش، واتە ئەو ئاسایشەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەستەبەر دەکرێ، لە خەیاڵێکی وەهمی و پووچ زیاتر هیچی دیکە نییە، چونکە هیچ جۆرە ئازادییەك بوونی نییە مەگەر ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە دابین بکرێ و بە پێچەوانەوە، تەنیا ئەو دەوڵەتەی کە لەژێر چاوەدێری {کۆنترۆڵ} هاووڵاتییە ئازادەکان دابێت، لە توانای دا هەیە ئاسایشێکی ژیرانەیان بۆ دابین بکات.

کاتێك تیۆری پاراستنگەرایی بەم چەشنە دەربڕدرێت، بەدووره لە هەموو توخمێکی مێژووگەرایی و ماهییەتگەرایی، چونکە نالێت دەوڵەت بەهۆی لێك کۆبوونەوەو هاوگروپی[٢٨] تاکەکان بە ئامانجی پاراستنگەرایی سەرچاوەی گرتووە یان هیچ وڵاتێك بەڕاستی لە مێژوودا بوونی هەبووە کە بە شێوەیەکی هۆشیارانە بەپێی ئەم ئامانجانە، فەرمانڕەوایی بەسەردا کراوە. تیۆری پاراستنگەرایی هەروەها لەمەڕ سروشتی خودیی دەوڵەت یان لە هەمبەر مافی سروشتی و خۆڕسك سەبارەت بە ئازادی بێدەنگە و هیچ شتێك لە بارەی شێوازی ئەرك و فرمانی راستەقینەی دەوڵەتەکانەوە نالێت. تەنیا خواستێکی سیاسی، یاخود بە جۆرێکی تر، پێشنیارێك بۆ وەرگرتنی سیاسەتێکی تایبەتی فۆرمۆڵبەندی دەکات. بە بڕوای من، بەشێکی زۆر لە دابگەراکان کاتێ ئەوەیان روونکردۆتەوە چۆن دەوڵەت لە هاوگروپی تاکەکانەوە بۆ پارێزگاری و پاراستنی ئەندامانی گروپەکە سەرچاوەی گرتووە، لە ڕاستیدا گەرەکیان بووە، رێك هەر ئەم خواستە بێننە بەرباس، بەڵام دەربڕنەکەیان بە زمانێکی ناتەواو و گومڕاکەر- واتە زمانی مێژووگەرایی- ئەنجام دراوە. شێوازێکی هاوشێوە و گومڕاکەری دیکە بۆ دەربڕینی ئەم خواستە ئەوەیە بڵێین، لە بنەڕتدا ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پارێزگاری و پاراستنی تاکەکانی وڵات یان بانگەشەی ئەوە بکەن دەبێت دەوڵەت وەکو هاوگروپی تاکەکان بۆ پارێزگاری کردن لە یەکتر پێناسە بکرێت. بەر لەوەی بتوانین بە جیدی سەبارەت بەم بۆچوونانە بدوێین، دەبێ هەر هەموویان، هەروەك دەڵێین، بە زمانی خواست و پێشنیاری کردەوەو هەنگاوی سیاسی وەربگێڕین، ئەگینا دەبێتە باسوخواسێکی زمانەوانی رووت و بێ کۆتا کە ناتوانین خۆی لێ ببوێرین.

28. Association



نموونەیەکی ئەم جۆرە وەرگێڕانە {بە زمانێکی دیکە} بەم چەشنەیە. ئەرستۆ رەخنەیەکی ئاڕاستەی ئەو شتە کردووە کە من بە پاراستنگەرایی ناوم بردووە{٤٣} کە لە لایەن بێرك[٢٩] و ژمارەیەك لە ئەفلاتونیە نوێیەکان دووبارە کراوەتەوە. لەم رەخنەیەدا، بانگەشەی ئەوە کراوە کە پاراستنگەرایی، ئەرکەکانی دەوڵەت بە سووك و کەم سەیر دەکات- ئەو دەوڵەتەی کە ( بە وتەی بێرك) ((پێویستە بەڕێزێکی زیاترەوە سەیری بکەین، چونکە {ئامانجەکەی} لە هاوبەشی رووت لە کاروباری بوونی (وجود) پووچ و کاتی و لەناوچووی ئاژەڵی زیاترە)). بەجۆرێکی تر، ئێژن دەوڵەت شتێکی باشتر یان بەرزترە لە جۆرە هاوگروپییەك کە دوا ئامانجی (غایەت) عەقڵانی هەیە و دەبێ بپەرسترێت. دەوڵەت ئەرکێکی بەرزتر لە پارێزگاری و پاراستنی بوونەوەری مرۆیی و مافەکانیانی لەسەر شانە. ئەرکەکەی ئەخلاقییە. بە وتەی ئەرستۆ: ((ئەو دەوڵەتەی کە بەڕاستی شیاوی ئەم ناوە بێت، کارەکەی چاوەدێرکردنی فەزیلەتە)). ئەگەر ئەم رەخنەیە بۆ سەر زمانی خواستە سیاسییەکان وەربگێڕین، بۆمان دەردەکەوێ کە رەخنەگرانی پاراستنگەرایی دوو شتیان دەوێ. یەکەم گەرەکیانە دەوڵەت ببێتە بت و بپەرسترێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە، ئەم خواستە عەیبی نییە. پرسەکە، پرسێکی دینییە و دەوڵەت پەرستەکان خۆیان دەبێ ئەم گرفتە بۆ خۆیان چارەسەر بکەن کە چۆن ئەم مەرامە لەگەڵ بیروباوەڕە دینییەکانی دیکەیاندا- بۆ نموونە حوکمی یەکەم[٣٠]- دەگونجێنن. خواستی دووەمیان سیاسیەو بە کردەوە ماناکەی ئەوەیە کە دەبێت کار بەدەستانی دەوڵەت چاوەدێر {کۆنترۆڵکەری} ئەخلاقیاتی هاووڵاتیان بن و دەسەڵاتیان زیاتر لەوەی بۆ پارێزگاری و پاراستنی ئازادی هاووڵاتیان بەکاربێنن، بۆ چاوەدێری بەسەر ژیانی ئەخلاقی ئەواندا سوودی لێوەربگرن یاخود بەجۆرێکی تر، خواستێکە کە بە پێی ئەمە سنوور و قەڵەمڕەویی یاسا- واتە ئەو نۆڕمانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ دەرکرێن- دەبێ بە نرخی {بەرتەسك بوونی} سنووری ئەخلاق بە

٢٩. Edmund Bruke (١٧٢٩ ـ ١٧٩٧). سیاسەتمەدارو بیرمەندی سیاسی ئینگلیزی. خاوەنی کتێبی بەناوبانگی رامان لەمەڕ شۆڕشی فەرەنسی. بەزۆری بێرك وەك داڕێژەری ئایدۆلۆژیای حزبی پارێزگارانی بەریتانیا لەقەڵەم دەدرێت.

٣٠. The first commandment یەکەمین فەرمان یان حوکمی یەکەم لەدە ئەحکامە یەزدانییەکە کە لەمەڕ بەرگرتنی شیرکەو لەچیای سینا بۆ موسا هاتووەتە خوار (عەهدی عەتیق، سەفەری دەرچوون، بابی بیستەم)و لەوێدا ئێژێ :"خوای ترت نەبێت جگە لەمن."

مانا تایبەتییەکەی- واتە ئەو نۆڕمانەی کە نەك لەلایەن دەوڵەتەوە بەڵکو بە پشت بەستن بە بڕیارە ئەخلاقییەکانی خۆمان یان ویژدانی خۆمان جێبەجێ دەکرێن- بەرفراوان بکرێت. دەتوانین ئەم جۆرە خواست یان پێشنیارە بە شێوەیەکی عەقلانی بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەو شتەی کە بۆ ڕەدکردنەوەی ئەمە دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە خواستانە بەرزدەکەنەوە، بەڕواڵەت ئەوە نابینن کە ئەوە وەکو کۆتایی بەرپرسایەتی ئەخلاقی تاك بێت و لەجیاتی باشکردنی ئەخلاق، ئەخلاق لە ناو دەبات و تابۆ خێڵپەرستییەکان و نابەرپرسایەتی تاکەکەسی کە لە حکومەتە کۆتالیتێرەکاندا برەوی هەیە دەکاتە جێنشینی بەرپرسایەتی تاکەکەسی. لەبەرامبەر ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەدا، دەبێ تاکگەراکان وەڵام بدەنەوە کە ئەخلاقی دەوڵەتەکان (ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا شتێکی ئەوتۆ بوونی هەبێت) زۆربەی کات بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئەخلاقی هاووڵاتیەکی ئاسایی لە خوارترە و هەر بۆیە زۆر دڵخوازترە کە ئەخلاقی دەوڵەت لە ژێر چاوەدێری هاووڵاتیان دابێت نەك بە پێچەوانەوە. ئەو شتەی ئێمە پێویستیمان پێی هەیە و گەرەکمانە ئەوەیە کە رووخسارێکی ئەخلاقی بە سیاسەت بدەین نەك ئەخلاقیات لە قالّبی سیاسەتدا داڕێژین.

پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە لە ڕوانگەی پاراستنگەراییەوە، دەوڵەتە دیموکراتە هەنوکەییەکان ئەگەرچی هێشتا تاکو گەیشتن بە تەواویی (کمال) ڕێگایەکی درێژیان لە پێشە، بەڵام لە پانتایی جۆری راستەقینەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتیدا، سەرکەوتنێکی زۆر بەرچاوییان بەدەست هێناوە. بەشێکی زۆر لە شێوازەکانی خراپەکاری، کە جۆرە جیاوازەکانی دەستدرێژی بۆ سەر مافی تاکەکان لەلایەن خەڵکانی تر لە خۆ دەگرێت، دەتوانین بڵێین یان وەستاوە یان زۆر کەمی کردووە و دادگاکان لە حاڵەتی دژواری پێکدادان و دژایەتی بەرژەوەندییەکان، تاڕادەیەك بەسەرکەتووییەوە دادپەروەری جێبەجێ دەکەن. خەڵکانێکی زۆر وابیردەکەنەوە کە گشتگیرکردنی ئەم شێوە بەسەر تاوان و دژایەتییە نێودەوڵەتییەکان، لە خەونێکی یۆتۆپیایی زیاتر نییە{٤٤}. بەڵام هێشتا هێندە بەسەر ئەو سەدەمەدا تێنەپەڕیوە کە لەو وڵاتانەی کە ئێستا هێمنی لە نێو هاووڵاتیاندا بە باشی دەپارێزرێت، ئەو کەسانەی لەبەر هەڕەشەی دەستدرێژی خراپەکار و خوێنرێژەکاندا بوون، پێکهێنانی دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی کاریگەریان بۆ پاراستنی هێمنی مەدەنی بە خەونێکی یۆتۆپیایی دەزانی. بڕواناکەم کۆنترۆڵ کردنی تاوانی نێودەوڵەتی، ئەگەر بەشێوەیەکی راست بەرەو رووی ببینەوە، لە رووی پرسی ئەندازیاری بەڕاستی هێندە دژوار بێت. ئەگەر بابەتەکە بە ئاشکرا بخەینەڕوو، راکێشانی



ڕەزامەندی خەڵك سەبارەت بە پێویستی دەزگاگەلی بەرپرسی پارێزگاری و پاراستن، چ بە پێودانگی ناوچەیی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دژوار نابێت. لێگەڕێن با دەوڵەتپەرستەکان، درێژە بە پەرستنی دەوڵەت بدەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بیانەوێت کە مۆڵەت بە تەکنۆلۆژیستی دەزگاکان بدرێت کە نەك هەر میکانیزمی ناوەکی دەوڵەت باش بکەنەوە بەڵکو ڕێکخراوێکیش بۆ پێشگرتن لە تاوانی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن.

## ٧

با بگەڕێینەوە سەر مێژووی ئەم بزووتنەوانە. پێدەچێت یەکەمین کەس کە تیۆری پاراستنگەرایی لەمەڕ دەوڵەتەوە خستەڕوو، لۆکۆفرۆنی سۆفیستی قوتابی گۆرگیاس بوو بێت. پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد کە ئەویش وەکو یەکێکی دیکە لە قوتابییەکانی گۆرگیاس بە ناوی ئالکیداماس لە یەکەمین کەسەکان بوو کە هێرشی بردە سەر تیۆری جوێیەتی سروشتی. بە پێی نووسراوی ئەرستۆ، لۆکۆفرۆن بڕوای بە هەمان تیۆری هەبوو کە من لێرەدا بە ((پاراستنگەرایی)) ناوزەدم کردووە. لە قسەکانی ئەرستۆوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لۆکۆفرۆن داڕێژەری ئەم تیۆرە بووە، هەر لەم ژێدەرەوە ئاگاداری ئەوەش دەبین کە لۆکۆفرۆن هێندە بە روون و ئاشکرایی ئەم تیۆرەی فۆرمۆڵبەندی کردبوو، کە هیچ کام لە جێگرەکانی نەیانتوانی لێی تێپەڕێنن.

ئەرستۆ دەڵێت لۆکۆفرۆن یاسای دەوڵەتی بە ((پەیماننامە))[٣١] یەك لە قەڵەم دەدا کە ((بەم هۆیەوە تاکەکان یەکتریان دڵنیا دەکردەوە لە {بوونی} دادپەروەری)). (بەڵام {ئەم پەیماننامەیە} دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو هاووڵاتییەکان چاك و دادپەروەر بکات). هەروەها دەڵێت{٤٥} لۆکۆفرۆن دەوڵەتی وەك بۆ پارێزگاری و پاراستنی هاووڵاتیان لە بەرامبەر کردەوەی پێچەوانەی دادپەروەری سەیر دەکرد (و هەروەها وەك ئامرازێك کە مۆڵەتی تێکەڵاوبوون و هاموشۆ و ئاڵوێریان پێبدات) و خوازیاری ئەوەبوو کە دەوڵەت ((هاوگروپی یان کۆبوونەوەی هاوکاری بێت بە مەبەستی پێش گرتن لە خراپەکاری)). سەرنج راکێش ئەوەیە کە لە روونکردنەوەکەی ئەرستۆدا هیچ ئاماژەیەك لەوە بەدی ناکرێت کە لۆکۆفرۆن تیۆرییەکەی لە قالّبی مێژووگەرایی- واتە بەشێوەیەکی تیۆرێك کە چاوگی مێژووگەرایی دەوڵەت بە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بناسێنێت- دەربڕیبێت. بە پێچەوانەوە، لە ناوەڕۆکی پەیڤی ئەرستۆوە بە ئاشکرا

31. Covenant

ئەوە دەردەکەوێت کە تیۆرەکەی لۆکۆفرۆن تەنیا رووی لە ئامانج و غایەتی دەوڵەت بووە، چونکە ئەرستۆ دەڵێت لۆکۆفرۆن ئەوەی نەدەبینی کە ئامانجی خودیی دەوڵەت ئەوەیە هاووڵاتیان بە فەزیلەت {پەروەردە} بکات. ئەمە دەریدەخات کە لۆکۆفرۆن ئەو ئامانجەی ئاماژەمان بۆ کرد بە چەشنێکی عەقڵانی، واتە لە روانگەیەکی تەکنەلۆژی، راڤەی دەکرد و ئەو خواستانەی وەبەرچاو دەگرت کە لە یەکسانیخوازی و بڕوا بوون بە تاکگەرایی و پاراستنگەراییەوە هەڵقوڵاون.

بەم چەشنە تیۆری لۆکۆفرۆن بە تەواوی پارێزراوە لەو رەخنانەی کە ئاڕاستەی تیۆری تەقلیدی مێژووگەرایی لەمەڕ پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت. بۆ نموونە زۆربەی کات و یەك لەوان لەلایەن بارکرەوە، دەوترێت[٤٦] کە بیرمەندە نوێیەکان ((خاڵ بە خاڵ وەڵامی تیۆری پەیمانی کۆمەلایەتیان داوەتەوە)). رەنگە وابێت، بەڵام تاوتوێ کردنی ئەم خاڵانە لەلایەن بارکرەوە دەریدەخات کە بەدڵنیاییەوە، لە توانای دانەبووە وەڵامی تیۆرەکەی لۆکۆفرۆن بداتەوە- واتە ئەو کەسەی کە بارکر پێیوایە رەنگە داڕێژەری کۆنترین شێوەی ئەو تیۆرە بێت کە دواتر بە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی ناوزەد کرا و (لەم خاڵەدا من لەگەڵ بارکر هاوڕام). دەتوانین ئەو خاڵانەی کە بارکر دەیانهێنێتە بەرباس بەم چەشنە ریز بکەین: (الف) لە ڕووی مێژووییەوە، هەرگیز پەیمانێك لە ئارادا نەبووە، (ب) لە رووی مێژووییەوە، دەوڵەت هەرگیز ((دانەمەزراوە))، (ج) یاساکان، دابی یان پەیمانی نین بەڵکو لە نەریت و هێزی باشتر و رەنگە غەریزە و شتی لەم جۆرە هەڵدەقوڵێن و بەر لەوەی بنووسرێن، هەمان دابونەریت و رێو رەسمەکانن، (د) پتەوی و هێزی یاساکان لە گرانتی جێبەجێ کردن و هێزی پارێزەری ئەو دەوڵەتەی کەیاساکان جێبەجێ دەکات سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو چاوگەکەی ئامادەیی تاکە بۆ پەیڕەوی کردن لە یاساکان، واتە لە ئیرادەی ئەخلاقی تاکەکانەوە هەڵدەقوڵێت.

ئەگەرچی پێویستە دان بەوەدا بنێین کە رەخنەی (الف) و (ب) و (ج) لە خودی خۆیاندا تاڕادەیەك راستن (هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا پەیمان لە ئارادا بووە)، بەڵام تەنیا پەیوەندی بە تیۆری {پەیمانی کۆمەڵایەتییەوە} هەیە لە شکلە مێژووگەراییەکەی دا نەك بەو شێوەیەی کە لۆکۆفرۆن دەیخاتە ڕوو. کەواتە، بە هیچ چەشنێك پێویست ناکات تاوتوێیان بکەن. بەڵام (د) شایانی ئەوەیە بە جۆرێکی وردتر لێ بکۆڵرێتەوە. دەبێ چ مانایەکی هەبێت؟ ئەو تیۆرەی ئێستا بەرهەڵستی و دژایەتی دەکەین لە هەموو تیۆرەکانی دیکە زیاتر پشت بە ((ویست/



ئیرادە))یان بەجۆرێکی باشتر، بڕیاری تاك دەبەستێت. لەڕاستیدا، خودی وشەی ((پەیمان)) دەبڕی جۆرە رێککەوتنێکە کە ئارەزوومەندانە و لە رووی ((ویستی ئازادەوە)) پێك هاتبێت و رەنگە لە هەموو تیۆرێکی تر زیاتر هەڵگری ئەم داستانەیە کە پتەوی و تۆکمەیی یاساکان پەیوەستە بە ئامادەیی تاك بۆ قبوڵ کردن و پەیڕەوی کردن لێیان. کەواتە، چۆن (د) دەتوانێت رەخنەیەك بێ لە تیۆری پەیمان؟ تاکە روونکردنەوەی بە ڕواڵەت ئەوەیە کە بارکر پێیوایە پەیمان لە ویستی خۆ پەرستانە سەرچاوە دەگرێ نەك لە ((ویستی ئەخلاقی)) تاکەکان. ئەو شتە کە ئەگەری زیاتر بەم راڤەیە دەدات، هاوجووتیەتی لەگەڵ رەخنەکانی ئەفلاتون. بەڵام پێویست ناکات تاك خۆپەرست بێت بۆ ئەوەی لایەنگری لە پاراستنگەرایی بکات. پێویست ناکا پاراستن بە مانای پاراستن و پارێزگاری کردن لەخۆ بێت. خەڵکانێکی زۆر ژیانی خۆیان دەکەنە بیمە بەمەبەستی پاراستن و پارێزگاری کردن لە کەسانی تر نەك خۆیان و هەر لەم روویەوە لەوانەیە خوازیاری پارێزگاری دەوڵەت بن زۆرتر بۆ کەسانی دیکە و کەمتر (یان هیچ) بۆ خۆیان. بیرۆکەی سەرەکی پاراستنگەرایی ئەوەی کە لاوازەکان لە بەرامبەر دەستدرێژی و ئازاری بەهێزەکان بپارێزرێن. ئەم خواستە نەك هەر لەلایەن بێ هێزەکانەوە بەڵکو زۆربەی کات لەلایەن بەهێزەکانیشەوە خراوەتەڕوو و لەقەڵەمدانی وەکو خواستێکی خۆ پەرستانە یان پێچەوانەی ئەخلاقی، لانی کەم گومڕاکەرە.

من بڕواناکەم تیۆری پاراستنگەرایی لۆکۆفرۆن بکەوێتە ژێر هیچ کام لەم ناڕەزایەتی و رەخنانەوە. تیۆرێکە کە بە باشترین شێوە هێمای بزاڤی مرۆڤدۆستی و یەکسانیخوازی سەردەمی پریکلیسە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە لێی بێبەش کراین چونکە بە چەشنێکی وەها ئاوەژووکراوە گەیشتۆتە نەوەکانی دواتر: واتە وەکو تیۆرێکی مێژووگەرایانە کە دەڵێت دەوڵەت لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی گرتووە، یان لە شێوەی تیۆرێك کە لەسەر بنەمای ماهییەتگەرایی دامەزراوە کە بانگەشەی ئەوە دەکات، سروشتی راستەقینەی دەوڵەت هەمان سروشتی داب و پەیمانە، یان وەکو تیۆرێك لەمەڕ خۆپەرستی کە گریمانەی ئەوە دەکات سروشتی مرۆڤ لە رەگ و ڕیشەوە ئەخلاقییە. ئەمانە هەموویان هۆبەند (معلول)ی نفوز و کاریگەری زاڵی مەرجەعیەت و ئوتوریتەی ئەفلاتونن.

## ٨

دەتوانین بڵێین گومانی تێدا نییە کە ئەفلاتون بە باشی ئاگاداری تیۆرەکەی لۆکۆفرۆن بوو، چونکە (بە مەزەندەی زۆر) یەکێك بوو لە هاوسەردەمە گەنجترەکانی. بە ئاسانی دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەم تیۆرە هەمان ئەو تیۆرەیە کە سەرەتا لە گۆرگیاس و پاشان لە کۆماردا ئاماژەی بۆ کراوە. (ئەفلاتون لە هیچ کام لەم دوو شوێنە ناوی داهێنەری تیۆرەکە ناهێنێت و ئەمە شێوازێکە کە بە زۆری کاتێك هێشتا نەیارەکە (حریف) لە ژیاندا ماوە سوودی لێوەردەگرێت). لە کتێبی گۆرگیاس، کەسێك بە ناوی کالیکلس[٣٢] کە وەکو تراسۆماخۆس لە دایالۆگی کۆماردا، پەیڕەوکاری پووچگەرایی ئەخلاقییە، ئەم تیۆرە شی دەکاتەوە و درێژەی پێدەدات و لە کۆماریشدا یەکێك لە بەشدارانی دیالۆگ بە نێوی گلاوگۆن. بەڵام لە هیچ کام لەم دوو حاڵەتانەدا، ئەو کەسەی تیۆرەکە دەخاتەڕوو خۆی وەها ناناسێنێت کە بڕوای بە تیۆرەکە هەیە.

ئەو دوو پارچەی ئاماژەیان بۆ کرا لە زۆر رووەوە وەکو یەکن و تیۆری ناوبراو لە قاڵبی مێژووگەرایی- واتە وەکو تیۆرێك لەمەڕ بنەچە و چاوگی ((دادپەروەری)) دەخەنەڕوو. هەردووکیان بە چەشنێك دەیناسێنن وەك بڵێی پێشەکییە لۆژیکیەکەی مەرجی خۆپەرستی و تەنانەت پووچگەراییە، یاخود بەجۆرێکی تر، دەڵێی تەنیا ئەو کەسانە بڕوایان بە تیۆری پاراستنگەرایی دەوڵەت هەیە کە پێیانخۆشە نادادپەروەری {ستەم} ئەنجام بدەن، بەڵام لەوە لاوازترن دەست بۆ ئەم کارە ببەن و هەر بۆیە دەیانەوێت بە هێزەکانیش ئەم کارە ئەنجام نەدەن. بە دڵنیاییەوە بەم چەشنە ناساندن و خستنەڕووی بابەتەکان، نادادپەروەرانەیە، چونکە تەنیا پێشەکی پێویستی تیۆرەکە ئەوەیە کە خراپەکاری یان نادادپەروەری یاساغ بکرێت و بوەستێنرێ.

تا ئێرە، دوو پارچەکەی گۆرگیاس و کۆمار هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دەچنە پێش و ئەم هاوتەریبییە زۆربەی کات بۆتە بابەتی راڤە و دەربڕینی راوبۆچوون. بەڵام جیاوازییەکی گەورەشیان لە نێوان دا هەیە کە تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، راڤەکارەکان گرنگیان پێنەداوە. جیاوازییەکە بریتییە لەوەی کە لە گۆرگیاسدا، کالیکلس تیۆرەکە وەکو بیروباوەڕێك دەناسێنێت کە خۆی دژیەتی و لەبەر ئەوەی لەگەڵ سوقراتیشدا دژایەتی هەیە، مسۆگەر، ئەفلاتون هێرش ناکاتە سەر تیۆری پاراستنگەرایی بەڵکو بەرگری لێ دەکات. لەڕاستیشدا کاتێ بەڕاستی

32. Callicles



تێیدەڕوانین بۆمان دەردەکەوێ کە سوقرات لە بەرامبەر پووچگەرایی کالیکلسدا بەرگری لە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی تیۆرەکە دەکات. بەڵام لە کۆماردا، گلاوکۆن هەر ئەم تیۆرە وەکو روخساری درێژکراوە و پەروەردەکراوی بیروباوەڕی تراسۆماخۆس- واتە پیاوێکی پووچگەرای دیکە کە ئێستا جێگای کالیکلس دەگرێتەوە- دەخاتەڕوو. بەجۆرێکی تر، تیۆری نێوبراو وەکو تیۆرێك کە لەسەر بنەمای پووچەگەرایی دامەزراوە، دەخرێتە بەرباس و سوقرات وەکو پاڵەوانێك دەناسرێنرێت کە ئەم رێنماییە شەیتانییە {ئەهریمەنییە} لەمەڕ خۆپەرستی، زۆر سەرکەوتوانە وێران دەکات.

کەواتە، ئەم دوو پارچەیە کە بە بۆچوونی زۆربەی راڤەکاران گەواهیدەری هاوشێوەبوونی مەیلی گۆرگیاس و کۆمارە، لەڕاستیدا هێمای گۆڕانێکی تەواوی بەرەیە. سەرەڕای ئەو شێوازە دوژمنکارانەی کە کالیکلس بۆ خستنەڕووی بابەتەکە بەکاری دێنێت، مەیلی گۆرگیاس روو لە پاراستنگەراییە، بەڵام کۆمار زۆر بە توندی دژیەتی.

نموونەیەکی وتەکانی کالیکلس لە گۆرگیاسدا بەم جۆرەیە[٤٧]: ((یاساکان لە لایەن جەماوەری هەراوی خەڵکەوە کە زۆربەیان کەسانی بێ هێزن دادڕێژرێن. ئەوان ئەم یاسایانە لە پێناو پاراستنی خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان دادەنێن تا بەم چەشنە پێشی تاکە بەهێزتر... و هەموو ئەو کەسانەی کە رەنگە بەسەر ئەواندا سەرکەوتن بەدەست بێنن، بگرن... و مەبەستیان لە وشەی 'نادادپەروەری' تەقەڵای کەسێکە کە گەرەکیەتی بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوێت و لەبەر ئەوەی {جەماوەری خەڵك} ئاگاداری بچووکیی خۆیانن، ئەگەر بتوانن یەکسانی وەدەست بێنن ئەوا زۆر خۆشحاڵ دەبن)). ئەگەر سەیری ئەم بابەتە بکەین و ئەوەی پەیوەندی بە سووکایەتی و گاڵتەپێکردن و دوژمانیەتی ئاشکرای کالیکلسەوە هەیە بەلاوە بنێین، هەموو توخمەکانی تیۆری لۆکۆفرۆن- واتە یەکسانیخوازی و تاکگەرایی و پارێزگاری لە بەرامبەر نادادپەروەری- لە نێودادەبینین. تەنانەت ئاماژەکردن بە ((بەهێز)) و ((بێ هێز))ـەکان- ئەو بێ هێزانەی کە ئاگاداری بچووکیی خۆیانن- باش لەگەڵ تیۆری پاراستنگەراییدا دەگونجێت بەو مەرجەی وەکو فاکتەری هەجو و گاڵتەپێکردنیش وەبەرچاو بگیرێت. بەهیچ شێوەیەك دوور نییە کە لە رێنماییەکانی لۆکۆفرۆندا، خواستی پارێزگاری کردنی دەوڵەت لە لاوازەکانیش هاتبێتە بەرباس- ئەو خواستەی کە بەهیچ جۆرێك سووك و چروك نییە. (بەو هیوایەی رۆژێك ئەم

خواستە بچێتە خانەی کردەوەوە و لەم ڕێنماییەی دینی مەسیح دا هاتووە کە دەڵێت: ((سەبورەکان دەبنە میراتگری زەوی))[٣٣].

کالیکلس خۆی پاراستنگەرایی خۆش ناوێت و لەگەڵ مافی ((سروشتی)) بەهێزەکاندا کۆکە. زۆر پڕ مانایە کاتێ سوقرات لە بەڵگەخوازی خۆی دژی کالیکلس، دەست دەکات بە بەرگری کردن لە پاراستنگەرایی، چونکە ئەم تیۆرە لەگەڵ بانگەشە بنەڕەتییەکەی خۆی کە پێیوایە نادادپەروەری {ستەم} بینین باشتر لە نادادپەروەری کردن، لێك گرێ دەدات. بۆ نموونە دەڵێت[٤٨]: ((ئایا زۆربەی خەڵکی لەسەر ئەو بڕوایە نین، هەروەك خۆت ئێستا وتت، دادپەروەری بریتییە لە یەکسانی و نادادپەروەری {ستەم} کردن شەرماویترە لە نادادپەروەری لێکران؟)) و دیسان لە شوێنێکی پاش ئەوەدا دەڵێت: ((... نەك هەر داب، بەڵکو خودی سروشتیش دەربڕی ئەوەیە کە نادادپەروەری کردن شەرماویترە لە نادادپەروەری بینین و دادپەروەری بریتییە لە یەکسانی)) (لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سەرەڕای مەیل بەرەو تاکگەرایی و یەکسانیخوازی، بابەتەکانی گۆرگیاس پێشاندەری هەندێ مەیلی بەهێزی دژە دیموکراتیکیشن. لەوانەیە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بەم جۆرە بێت کە ئەفلاتون لە کاتی نووسینی گۆرگیاسدا، هێشتا گەشەی بە تیۆرە تۆتالیتێرەکانی خۆی نەدابوو و ئەگەرچی هەر لەو سەردەمەوە مەیلی دژە دیموکراتیکی هەبوو، لێ هێشتا لە ژێر کاریگەری سوقرات دابوو. بە وەبەرچاوگرتنی ئەمە، تێناگەم چۆن لەوانەیە کەسێك پێیوابێت کە گۆرگیاس و کۆمار هەردووکیان دەکرێ لەیەك کاتدا دەربڕی بیروباوەڕی سوقرات بن).

ئێستا دەچین بۆ لای کۆمار. لەم کتێبەدا، گلاوکۆن پاراستنگەرایی وەکو شێوازێکی دیکەی بیروباوەڕی پووچگەرایانەی تراسۆماخۆس دەناسێنێت کە لە ڕووی لۆژیکییەوە پتەوترە، بەڵام لەلایەنی ئەخلاقییەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵیدا نییە. گلاوکۆن دەڵێت: ((بابەتی قسەکانی من چاوگی دادپەروەرییە، ئەوەیە کە بەڕاستی دادپەروەری چییە. بە بۆچوونی هەندێ کەس، نادادپەروەری کردن بە پێی سروشت کارێکی زۆر باشە و نادادپەروەری {ستەم} لێکران کارێکی زۆر خراپە. ئەم کەسانە لەسەر ئەو بڕوایەن کە خراپەی نادادپەروەری لێکران گەلێك زیاترە لە باشییەکانی نادادپەروەری کردن. کەواتە، مرۆڤەکان بۆ ماوەیەك درێژە بە نادادپەروەری کردن لەگەڵ یەکتر و هەڵبەتە نادادپەروەری {ستەم} لێکران دەدەن تاکو تامی

٣٣. ئینجیلی مەتتا، بابی پێنجەم، ئایەتی ٥.



هەردووکیان بە باشی بچێژن. بەڵام سەرەنجام ئەو کەسانەی کە بەڕادەی پێویست بەهێز نین بۆ دوورکردنەوەی نادادپەروەری یان چێژ وەرگرتن لە ستەمکاری دەگەنە ئەو دەرەنجامە کە بەسوودە ئەگەر بێتو پەیمانێك لەگەڵ یەکتردا ببەستن و دوولایەنە یەکتر دڵنیا بکەنەوە کە نابێ هیچ کەسێك نە نادادپەروەری {ستەم} بکات و نە نادادپەروەری ببینێ. یاسا لەم ڕێگایەوە سەقامگیر دەکرێ... بە پێی ئەم تیۆرە، سروشت و چاوگی دادپەروەری هەر ئەمەیە)).

لە ڕووی ناوەڕۆکی عەقڵانی، ئەمە بە ئاشکرا هەمان ئەو تیۆرەیە و وردەکارییەکانی شێوازی خستنەڕووی بابەتەکەش بە وتارێکی کالیکلس دەچێت لە گۆرگیاسدا[٥٠]. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەفلاتون بەگشتی بەرەی خۆی گۆڕیوە. ئیدی لە بەرامبەر ئەم بانگەشەیەدا بەرگری لە تیۆری پاراستنگەرایی ناکرێت کە بنەماکەی لەسەر خۆخوازی تێکەڵ بەبێ ئیمانی دامەزراوە. بە پێچەوانەوە، سوود لە سۆزی مرۆڤدۆستانە و ڕەنجانی ئەخلاقی ئێمە وەردەگیرێت کە لە ژێر کاریگەری پووچگەرایی تراسۆماخۆسەوە، بۆ هاندانی دوژمنانیەتیمان لەگەڵ پاراستنگەرایی وروژێنراوە. هەر ئەو تیۆرەی کە خەسڵەتە مرۆڤدۆستانەکەی لە گۆرگیاسدا داڕێژراوە، ئێستا بە دەستی ئەفلاتون بە شێوەیەك دەخرێتەڕوو کە دژی مرۆڤدۆستی بێتە بەرچاو و تەنانەت بە شکلی دەرەنجامی ئەو دۆکترینە نەفرەتاوییە و دوور لە ڕاستییە پێشان بدرێت کە دەڵێت نادادپەروەری {ستەم} شتێکی زۆر باشە- هەڵبەتە بۆ ئەو کەسانە کە لە توانایاندا هەبێت لە بەرەنجامەکانی پارێزراو بن. ئەفلاتون لە دووبارەکردنەوە و جەخت کردن لەسەر ئەم خاڵەی دوواییان دوو دڵ نییە. پارچە وەرگێراوەکە پاشماوەیەکی دوورودرێژی هەیە کە گلاوکۆن تێیدا بە ئاماژەکردن بە وردەکارییەکان دەست بە شیکردنەوە و درێژدادڕی گریمانە یان پێشەکی بانگەشەکارانەی پرسی پاراستنگەرایی دەکات و بۆ نموونە ئاماژە بەم بیروباوەڕە دەکات کە نادادپەروەری ((باشترین شتە))[٥١] و دادپەروەری تەنیا لە پێناو ئەوەدا بەرقەرارکراوە کە بەشێکی زۆر لە تاکەکان لەوە لاوازترن بتوانن خراپەکاری ئەنجام بدەن و بۆ هەموو هاووڵاتییەك بەجیا، بەسوودترین ژیان ئەوەیە کە بەخراپەکاری تێپەڕێت و ((سوقرات))- واتە ئەفلاتون خۆی- بەڕاشکاوی ڕاستی و مسداقیەتی ڕاڤەی گلاوکۆن بۆ ئەم تیۆرە پەسند و مسۆگەر دەکات[٥٢]. وا دەردەکەوێ ئەفلاتون بەم شێوەیە توانیویەتی زۆربەی خوێنەران- یان بەهەر حاڵ هەموو ئەفلاتونییەکان- ڕازی بکات کە تیۆری پاراستنگەرایی بەم جۆرە کە لێرەدا گەشەی پێ دراوە، ڕێك هەمان خۆپەرستی بێ بەزەییانە و بێ باوەڕانەی تراسۆماخۆسە[٥٣] و لەوەش گرنگتر، هەموو فۆڕمە جیاوازەکانی تاکگەرایش، هەمان شت واتە خۆپەرستیان لێ

دەکەوێتەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەفلاتون توانی نەك هەر دۆست و ستایشکاران بەڵکو دوژمنەکانی خۆیشی، بەتایبەتی لایەنگرانی تیۆری پەیمان، رازی بکات. ئەم گروپە لە کارنیادسەوە[٣٤] تا هۆبز- نەك هەر شیکردنەوەی ئەم مێژووگەراییە چارەنووسسازەی کە ئەو خستبوویەڕوو، بەڵکو گوتە پڕ لە دڵنیاییەکانی ئەفلاتونشیان وەرگرت و، قبوڵیان کرد کە بنەمای ئەو تیۆرەی کە بڕوایان پێی هەیە، بریتییە لە پووچگەرایی ئەخلاقیی.

پێویستە ئاگادار بین، ئەو بانگەشەیەی پێیوایە خۆپەرستی بناغەی پاراستنگەراییە و درێژەی ئەم مانایە، تاکە بەڵگەی ئەفلاتونە دژی پاراستنگەرایی و بە وەبەرچاوگرتنی درێژەی وتەکە لەم شیکردنەوە و زێدەڕۆییە، بەشێوەیەکی ژیرانە دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە کەم بێژی ئەفلاتون ئاستەنگ نەبووە لەبەردەم هێنانەوەی بەڵگەی باشتر بەڵکو ئەو بەڵگەیەکی دیکەی نەبووە. کەواتە، دەبووایە بە پەنابردن بۆ سۆزی ئەخلاقی ئێمە و وەکو سووکایەتیەك بە وێنای دادپەروەری و دژی هەستی پاکژی و پاکخوویی ئێمە پاراستنگەرایی رەتبکرێتەوە.

ئەمەیە میتۆدی ئەفلاتون بۆ تاوتوێ کردنی ئەو تیۆرەی کە نەك هەر بە نەیاری ترسناکی دۆکترینەکانی خودی خۆی بەڵکو نوێنەری ئامانجی نوێی مرۆڤدۆستی و تاکگەرایی لە قەڵەم دەدرا- واتە دوژمنی پلەیەکی هەموو ئەو شتانەی کە لای ئەفلاتون خۆشەویست بوون. میتۆدەکە، میتۆدێکی زیرەکانەیە و ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کە بەدەستی هێنا بەڵگەی ئەم بانگەشەیەیە. بەڵام عادیلانە نابێت ئەگەر ئەوە ئاشکرا نەکەم کە میتۆدی ئەفلاتون لە روانگەی منەوە پێچەوانەی مەرجی راستگۆییە. ئەو تیۆرەی هێرشی کراوەتە سەر پێویستی بە هیچ گریمانەیەکی دیکە نییە جگە لەوەی بڵێت نادادپەروەری خراپە و لە ریزی گەندەڵییەکانە و دەبێ خۆمانی لێ ببوێرین و هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی بدەین. ئەفلاتون باش دەیزانی خۆپەرستی کۆڵەکەی ئەم تیۆرە نییە. راستە لە کۆماردا لە تیۆری پووچگەرایی دەریدێنێت بەڵام پێشتر لە گۆرگیاسدا، پووچگەرایی وەکو دژی ئەمە لە قەڵەم داوە.

بەکورتی، تیۆری ئەفلاتون لەمەڕ دادپەروەری بەو شێوەیەی کە لە کۆمار و بەرهەمەکانی تردا خراوەتەڕوو، هەوڵێکی هۆشیارانەیە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو مەیلانەی کە لە

٣٤. carneades (٢١٤ ـ١٢٩ پێش زایین) فەیلەسووفی گومانکاری یۆنانی کەلای ئەو هەموو شتێك رێژەی بوو.



یەکسانیخوازی و تاکگەرایی و پاراستنگەراییەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە پێناو نیشتەجێ کردنی بانگەشەی خێڵ پەرستانە و لە رێگای پەروەردەکردنی تیۆرێکی ئەخلاقیی تۆتالیتێرەوە، لە هەمان کاتدا ئەخلاقیاتی نوێی مرۆڤدۆستی زۆر بە توندی سەرنجی راکێشاوە. بەڵام لە جیاتی ئەوەی بە چەکی بەڵگەخوازی بچێتە جەنگی یەکسانیخوازییەوە، تەنانەت خۆی لە چوونە ناو ئەم باسەش دەبوێرێت و لە بەرامبەردا، سۆزی مرۆڤدۆستی کە بەباشی ئاگاداری هێزەکەی بوو، دەخاتە خزمەت رێگای ئایدیای حکومەتی چینایەتی تۆتالیتێری رەگەزێك کە هەر بە سروشت سەروەرن.

بانگەشەی ئەوە دەکات ئەم جوێیەتییە {امتیاز} چینایەتیانە بۆ پاراستنی سەقامگیری دەوڵەت پێویستن و هەر بۆیە، راگری ماهییەتی دادپەروەرییە. دواجار ئەم بانگەشەیە لەسەر ئەم بەڵگەخوازییە دامەزرێنراوە کە دادپەروەری بۆ دەسەلات و ساخڵەمی و سەقامگیری دەوڵەت سوودمەندە- بەڵگەخوازییەك کە زۆر بە پێناسەی تۆتالیتێری ئەمڕۆکە دەچێت کە ماف (هەق) ئەو شتەیە کە بۆ دەسەلاتی نەتەوەکەم یان چینەکەم یان حزبەکەم سوودی هەبێت.

بەڵام ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. تیۆری دادپەروەری ئەفلاتون بە پشت بەستن بە جۆییەتی چینایەتی، ئەم پرسە دەکاتە تەوەری سەرەکی تیۆری سیاسی کە ((کێ دەبێ حکومەت بکا؟)) بەرسڤی ئەفلاتون ئەوەیە دەبێ داناترین و باشترین کەسەکان حکومەت بکەن. بەڵام ئایا ئەم وەڵام ناسکە خەسڵەتی تیۆرەکەی ناگۆرێت؟.

# ٧

# پرنسیپی ڕێبەرایەتی

**دەبێ دانایان پێشەوایی و حکومەت بکەن و نەزانان پەیڕەویی.**

**– ئەفلاتون**

هەندێ لەو نارەزایەتیانەی[١] کە ئاڕاستەی راڤەکەی ئێمە سەبارەت بە بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون کران، بە ناچار ئێمەیان بۆ توێژینەوە لەمەڕ ئەو ڕۆڵە پەلکێش کرد کە هەندێ ماناگەلی ئەخلاقی وەکو دادپەروەری و چاکی و جوانیی و دانایی و راستی و خۆشی یان بەختەوەری لەم بەرنامەیەدا دەیگێڕن. ئەم بەشە و هەردوو بەشی داهاتوو تەرخان کراوە بۆ درێژەی ئەم شیکردنەوەیە لە پاش و ئەو سەبارەت بە ڕۆڵی دانایی لە فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتون دادەدوێین.

بۆمان دەرکەوت کە وێنای ئەفلاتون سەبارەت بە دادپەروەری لە بنەڕەتدا ئەوەیە، ئەو کەسانەی کە بە سروشت فەرمانڕەوان، فەرمانڕەوایی بکەن و ئەوانەی کە بە سروشت کۆیلەن، کۆیلایەتی بکەن. مێژووگەرایی لە هەندێ ڕووەوە خوازیاری ئەوەیە دەوڵەت بۆ وەستاندنی هەموو جۆرە گۆڕانێك، دەبێ کۆپیەکی ئایدیا یان ((سروشتی)) راستەقینەی خۆی بێت. ئەم تیۆرە لەمەڕ دادپەروەرییەوە بە ئاشکرا ئەوە پێشان دەدات کە ئەفلاتون لەم پرسیارەدا بۆ گرفتی بنەمایی سیاسەت دەگەڕێ کە دەبێ چ کەسێك بەسەر وڵاتدا حکومەت بکات؟

## ١

من بە قوڵی بڕوام بەوە هەیە کە ئەفلاتون بە هێنانە بەرباسی پرسی سیاسەت بەم شێوەیە ((کێ دەبێ حکومەت بکا؟)) یان ((دەبێ ویستی چ کەسێك لە هی هەمووان بەرزتر بێت؟))



وشتی لەم جۆرە، پشێوی و تێکەڵییەکی جێگیری لە فەلسەفەی سیاسی داهێنایە ئاراوە، هاوشێوەی ئەو تێکەڵاوییەی کە لە ئاکامی بە وەکویەك زانینی کۆگەرایی و ئەویترخوازی لە فەلسەفەی ئەخلاقدا دروستی کردبوو و لە بەشی رابردوودا لەسەری دوایین. ئاشکرایە هەر کە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ((دەبێ کێ حکومەت بکات؟)) بە دژواری دەتوانین خۆمان لەم وەڵامە ببوێرین کە ((باشترین کەسەکان)) یان ((داناترین تاکەکان)) یان ((ئەو کەسەی بە فەرمانڕەوایی لە دایك بوو بێت)) یان ((ئەو کەسەی کە بەسەر تەکنیکی حوکمڕانی دا زاڵ بێت)) (یان رەنگە ((ویستی گشتی)) یان ((رەگەزی سەروەر)) یان ((کرێکارانی پیشەسازی)) یان (گەل))). بەڵام من هەوڵدەدەم ئەوە پێشان بدەم ئەم جۆرە بەرسڤانە سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە قانعکەر بن- چونکە هیچ کەسێك نییە کە لایەنگری حکومەتی ((خراپترین)) یان ((گەمژەترین)) یان ((کۆیلەی زگماك)) بێت؟- بێ هودە و بێ سوودە.

یەکەم، رەنگە وەڵامێکی ئەوتۆ قەناعەتمان پێ بێنێت کە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی تیۆری سیاسی چارەسەر کراوە. بەڵام ئەگەر لە گۆشە نیگایەکی ترەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ تیۆری سیاسیدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە نەك هەر هیچ گرفتێکی سەرەکی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو بەشتێکی بەڵگە نەویست و سەڵماومان داناوە کە پرسی ((دەبێ کێ حکومەت بکات؟)) پرسێکی بنەماییە و لەم ڕێگەیەوە، بەبێ هیچ گرنگی پێدانێك چاومان لە ئاریشە سەرەکییەکان پۆشیوە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە لەم گریمانەیەدا لەگەڵ ئەفلاتون هاوبەشن، دان بەوە دادەنێن کە فەرمانڕەوا سیاسییەکان هەمیشە بەڕادەی پێویست ((باش)) یان ((دانا)) نین (هەر بە کردەوەش پێویست ناکات لەمەڕ مانای وردی ئەم وشانە دڵەڕاوکێ دامانگرێت) و ئەوە قبوڵ دەکەن کە وەدەست هێنانی حکومەتێك کە بێ ئەملاو ئەولا بتوانین پشت بە باشی و داناییەکەی ببەستین بە هیچ جۆرێك ئاسان نییە. ئێستا ئەگەر واشدابنێین، دیسان دەبێ ئەو پرسیارە بکەین نابێت لە هزری سیاسیدا هەر لە سەرەتاوە دەرفەتی حکومەتی خراپیش وەبەرچاو بگرین؟ ئایا نابێ هەر لەو کاتەدا کە هیوامان بە بوونی باشترین ڕێبەر هەیە، بۆ خراپترینیشیان خۆمان ئامادە بکەین؟ بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ شێوازێکی دیکەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گرفتە سیاسییەکان ڕێنوێنیمان دەکات و ناچارمان دەکات لە جیاتی ئەم پرسیارە کە دەبێ چ کەسێك حکومەت بکات؟ پرسیارێکی تازە[٢] بەم جۆرە بخەینەڕوو: چۆن دەکرێت دەزگا سیاسیەکان بە چەشنێك ڕێکبخەین، بەر لەوەی فەرمانڕەوا خراپ یان نەشیاوەکان لەڕادەبەردەر زیانمان پێبگەیەنن، بتوانین پێشیان لێ بگرین؟.

ئەو کەسانەی کە بڕوایان وایە پرسیارەکەی پێشتر بنەماییە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گریمانەی ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی ((لە خودی خۆیدا)) کۆت ناکرێت. ئەمانە پێیان وایە یەکێك خاوەن دەسەڵاتە (جا چ تاکێك یان کۆمەڵە کەسێك بۆ نموونە چینێك بێت) و دیسان وەکو شتێکی بەڵگە نەویست بڕوایان وایە ئەو کەسەی خاوەن دەسەڵاتە، دەتوانین بڵێین لە توانای دایە هەرچی ویستی ئەنجامی بدات و بەتایبەتی دەتوانێ لە ڕێگای تۆکمەکردنی دەسەڵاتی خۆی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لە بنەمای دەسەڵاتی بێ سنوور یان کۆتنەکراو نزیکی بکاتەوە و سەرەنجام پێیان وایە کە دەسەڵاتی سیاسی لە خودی خۆیدا خاوەن مافی سەروەرییە[1]. ئەگەر گریمانە کە بەم جۆرە بێت، ئەو کات بەڕاستی دەتوانین بڵێین کە پرسیاری ((دەبێ کێ حکومەت بکا؟)) تاکە پرسێکی گرنگە کە دەمێنێتەوە.

من ئەم گریمانەیە بە تیۆری سەروەری (کۆتنەکراو) ناوزەد دەکەم. مسداقی ئەم حوکمە هیچ کام لەو تیۆرە تایبەتیانە ناگرێتەوە کە لە لایەن کەسانی وەکو بۆدان[2] و ڕۆسۆ و هێگڵ سەبارەت بە سەروەری[3] خراوەتە ڕوو. بەڵکو مەبەستمان گریمانەیەکی گشتیترە کە پێیوایە بە کردەوە دەسەڵاتی سیاسی کۆت ناکرێ یان ئەو کەسانەی دەڵێن نابێت دەسەڵاتی سیاسی کۆت بکرێت و بە شێوەیەکی لاوەکی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو پرسە سەرەکییەی ماوەتەوە، سپاردنی دەسەڵاتە بە دەستی باشترین تاکەکان. ئەم تیۆرە سەبارەت بە سەروەری، لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێبازی ئەفلاتوندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە گریمانە وەرگیراوە و لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا بەردەوام درێژە بە ڕۆڵی خۆی دەدات و بۆ نموونە لەلایەن ئەو دەستە نوێیەی نووسەرانیشەوە بە شێوەیەکی لاوەکی  ئەمە وەکو بەڵگە نەویست سەیری دەکرێ و لەسەر ئەو بڕوایەن گرفتی سەرەکی بریتییە لەوەی دەبێ کێ فەرمان بدات؟ سەرمایەداران یان کرێکاران؟

بێ ئەوەی بمەوێت ڕەخنە لە وردەکارییەکانی بگرم، هەر ئەوەندە دەڵێم کە پەسەند کردنی خێراو هەڵنەسەنگێنراو بێ ئەملاو ئەولای ئەم تیۆرە، خۆی لەبەردەم ناڕەزایەتی جدیدا دەبینێتەوە.

1. Sovereign

٢. Jean Bodin (١٥٣٠ ـ١٥٩٦) نووسەرو بیرمەندی سیاسی فەرەنسی کە لە پانتایی تیۆری سەروەری، خاوەن بەرهەمێکی بەناوبانگ و ناسراوە.

3. Sovereignty



نرخ و بەها تیۆرییەکەی هەرچییەك بێت، بێ گومان گریمانەیەکی واقیعبینانە نییە. هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی هەرگیز کۆتنەکراو نەبووە و تا ئەو کاتەی کە ئادەمیزادەکان مرۆڤ بن (واتە مادام هێشتا ((جیهانی بوێری {تازە} نوێ[4])) نەبووە بەڕاستی) دەسەڵاتێکی سیاسی ڕەهاو بێ هەوسار ممکین نییە. تا ئەو کاتە کە کەسێك بە تەنیایی نەتوانێ ئەوەندە دەسەڵاتی ماددی وەسەریەك بنێت کە بەسەر هەموو ئەوانیتردا دەسەڵاتی هەبێت، هێشتا دەبێ پەیوەست بێ بە یاوەرەکانی خۆی. تەنانەت بە دەسەڵاتترین ملهوڕیش پەیوەستە بە پۆلیسی نهێنی و دارو دەست و جەلادەکانی خۆی. ئەم پەیوەندییە بەو مانایەیە کە دەسەڵاتی ئەو کەسە، هەر چەندە زیادیش بێت، کۆتکراوە و ناچارە هەندێ ئیمتیاز بدات و ململانێ لە نێوان گروپەکان پێك بێنێت، واتە جگە لە دەسەڵاتی ئەو، هێزی سیاسی و دەسەڵاتی تریش بوونیان هەیە و ئەو تەنیا بەمەرجێك دەتوانێ فەرمانڕەوایی بکات کە ئەوان بەکاربێنێت و هێمنیان بکات. ئەوە دەریدەخات کە تەنانەت لە بەرزترین ڕادەی سەروەریشدا هیچ حاڵەتێك لە سەروەری ئەبستراکت بوونی نییە- هەرگیز حاڵەتێکی ئەوتۆ نییە کە تێیدا ویست یان بەرژەوەندی تاکێك (یان، ئەگەر شتێکی ئەوتۆ بوونی هەبێت، ویست یان بەرژەوەندی گروپێك) بە تەنیا بتوانێ ڕاستەوخۆ ئامانجەکان وەدەست بێنێ بەبێ ئەوەی دەست لە هەندێ لەو ئامانجانە هەڵگرێت لە پێناو ڕاکێشانی ئەو دەسەڵاتانەی کە داگیرکردنیان ممکین نییە و لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا، سنووری دەسەڵات تەنانەت لەمەش تەنگترە.

جەختم لەسەر ئەم خاڵە ئەزموونیانە کردەوە، لەبەر ئەوە نامەوێ وەکو بەڵگە سوودیان لێ وەربگرم، بەڵکو لەم ڕوویەوە کە لە نارەزایەتی بە دوور بم. بانگەشەی من ئەوەیە کە هەموو تیۆرێك لەمەڕ سەروەری خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیارێکی بنەماییدا دەدۆزێتەوە- پرسیارەکە ئەوەیە ئایا نابێ ئێمە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی فەرمانڕەواکان لە ڕێگای دەزاگاکان و بە دروست کردنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی ئەوان و دەسەڵاتەکانی دیکە، بخەینە ژێر چاوەدێرییەوە؟ لانی کەمەکەی ئەوەیە کە ئەم تیۆرە واتە تیۆری چاوەدێری و هاوسەنگی،

٤. Brave New World. دەستەواژەکە لەبنەڕەتدا هی شکسپیرە. نووسەری بەناوبانگی هاچەرخی، ئالدوس هاکسلی، چیرۆکێکی خەیاڵی بەم ناونیشانە نووسیوە. لەم کتێبەدا نووسەر جیهانێکی تۆتالیتێری ترسناك وێنە دەکێشێ کە حوکمڕانەکانی بەیارمەتی ئامرازگەلی زانستی و دەروونی بەسەر هەموو کاروبارەکانی ژیانی خەڵکی جیهاندا زاڵدەبن.

شایانی ئەوەیە تاوتوێ بکرێت و بە وردی هەڵبسەنگێنرێت. تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، لەوانەیە دوو ڕەخنە لەم بانگەشە بگیرێت: (الف) ئەم جۆرە چاوەدێرییە بە کردەوە ئاستەمە و (ب) لە ماهییەتدا بۆ وێناکردن ناشێت، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە خودی خۆیدا خاوەنی مافی سەروەرییە[{٣}]. بەڵام، بە بڕوای من ئەم دوو ڕەخنەیە هەردووکیان دۆگماتیکە[٥] و بە پاڵپشتی فاکتەکان ڕەد دەکرێتەوە و بە پووچ کردنەوەیان، چەند بیروباوەڕ و ڕایەکی کاریگەری تریش پووچ دەبنەوە (بۆ نموونە ئەو تیۆرەی کە دەڵێت تاکە ئاڵتێرناتیڤ لە بەرامبەر دیکتاتۆری هەر چینێکدا، دیکتاتۆری چینێکی ترە).

بۆ خستنەڕووی پرسی چاوەدێری بەسەر فەرمانڕەواکان لە ڕێگای دەزگاکانەوە، تەنیا گریمانەیەك کە پێویستمان پێیەتی ئەوەیە کە حکومەتەکان هەمیشە باش و دانا نین. بەڵام لەبەر ئەوە چەند قسەیەکیشم لەسەر فاکتە مێژوویەکان کرد، پێم وایە دەبێ دان بەوە دابنێم کە حەزم لێیە لە سنووری ئەم گریمانەیە هەندێ زیاتر بڕومەدەر. من بڕوام بەو هزرە هەیە کە فەرمانڕەواکان چ لە ڕووی ئەخلاقی و چ لە ڕووی عەقڵییەوە، بە دەگمەن بەرزتر لە ناوەند و تەنانەت زۆربەی کات لەم ڕادەیە لە خوارترن. پێم وایە ڕێگای ژیرانە لە سیاسەتدا وەرگرتنی ئەو پرنسیپەیە کە تا ئەو شوێنەی دەتوانین خۆمان بۆ خراپترین بارودۆخ ئامادە بکەین و لە هەمان کاتدا بۆ گەیشتن بە باشترین حاڵەت هەرگیز لە هەوڵدان نەوەستین. بە بڕوای من شێتایەتییە کە هەموو تەقەلای سیاسی خۆمان لەسەر بنەمای ئەو هیوا لاوازە دابڕێژین کە لە وەدەست هێنانی فەرمانڕەوای بەرز و تەنانەت شیاو و خاوەن سەلاحیەت سەرکەوتوو دەبین. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هەموو ئەو حەساسیەتەی کە دەرحەق بەم شتە هەمە، پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ڕەخنەگرتم لە تیۆری سەروەری، بە پاڵپشتی ئەم بیروباوەڕە تاکەکەسیانە نییە.

جگە لەم بیروباوەڕە تاکەکەسیانە و بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەو بەڵگانەی ئاماژەمان بۆ کردن دژی تیۆری گشتی سەروەری، هەندێ بەڵگەخوازی لۆژیکیش بوونیان هەیە کە دەتوانین سوودیان لێ وەربگرین بۆ دەرخستنی لەگەڵ یەك نەگونجاوی هەر کام لە ڕووخسارە تایبەتییەکانی تیۆری ناوبراو. یاخود بەجۆرێکی تر، دەتوانین شێوەی جیاواز و لە هەمان کاتدا بۆ پێوان شیان بەم بەڵگەخوازییە لۆژیکیە بدەین بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەو تیۆرەی کە دەڵێت دەبێ فەرمانڕەوایی هی داناترین کەس بێت یان ئەو تیۆرانەی کە دەڵێن باشترین تاك یان یاسا یان زۆرینە دەبێ

5. Dogmatic



حکومەت بکا. یەکێك لە شێوە تایبەتیەکانی ئەم بەڵگەخوازییە لۆژیکیە، ڕووی لە جۆری ساویلکانەی لیبرالیزم و دیموکراسی و ئەو پرنسیپەیە کە بڕوای بە حکومەتی زۆرینە هەیە و تاڕادەیەك بە **پارادۆکسی**[٦] **ناسراوەی ئازادی** دەچێت کە بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لەلایەن ئەفلاتونەوە بەکارهێنرا. ئەفلاتون لە کاتی ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی و لە حیکایەتی سەرهەڵدانی حاکمی ملهوڕ، بە شێویەکی لاوەکی ئەم پرسیارە دێنێتە بەرباس کە: دەبێ چی بکەین ئەگەر ویستی خەڵك لەسەر ئەوە بێت کە لەجیاتی خۆیان، ملهوڕێك حکومەت بکات؟ ناوەڕۆکی وتەکەی بەم جۆرەیە کە مرۆڤێکی ئازاد دەتوانێت ئازادی ڕەهای خۆی لەم ڕێگەیەوە پیادە بکات کە سەرەتا سەرپێچی لە یاساکان بکا و دواجار بە خواستنی دەسەڵاتدارێکی ملهوڕ، لە بەرامبەر ئازادیدا قوت بێتەوە[{٤}]. ئەم حاڵەتە تەنیا وەك ئەگەرێکی دوور خۆی نانوێنێت، گەلێك جار ڕووی داوە و هەموو جارێکیش تەواوی دیموکراتەکان کەوتوونەتە نێو هەڵوێستێکی فیکری بێ ئومێدانەوە- ئەو دیموکراتانەی کە لەسەر ئەو بڕوایەبوون بناغەی کۆتایی ئامانجەکانیان لە سیاسەتدا، پرنسیپی حکومەتی زۆرینە یان شێوەیەکی دیکە هاوتای پرنسیپی سەروەرییە. لەلایەکی ترەوە، ئەو پرنسیپەی دایانڕشتووە خوازیاری ئەوە بووە کە دژایەتی لەگەڵ هەموو پرنسیپێك، جگە لە پرەنسیپی حکومەتی زۆرینە و کەواتە، حکومەتی ملهوڕی نوێ بکەن و لە لایەکی ترەوە، هەر ئەم پرەنسیپە لەوانی خواستووە کە هەموو بڕیارێکی زۆرینە و هەر بۆیە، حکومەتی ملهوڕی نوێ قبوڵ بکەن. ئەو تیۆرەی بڕوایان پێی هەبووە تووشی پارادۆکس دەبێت و هێزی کردەوەیان لێ دەسێنێت[{٥}]. کەواتە، ئەم دەستەیە لە دیموکراتەکانی لای ئێمە کە گەرەکیانە خەڵکی ژێر فەرمانڕەوایی، لە ڕێگای دەزگاکانەوە چاوەدێری فەرمانڕەواکان بکەن و بەتایبەتی داوای مافی لابردنی حکومەت دەکەن بەزۆرینەی دەنگ، دەبێ ئەم خواستە لەسەر بناغەیەکی باشتر لەو تیۆرەی کە تووشی پارادۆکسێکی خودیی لەمەڕ سەروەرییەوە هاتووە، دابڕێژن. (لە بڕگەی داهاتووی ئەم بەشەدا بە کورتی دەریدەخەین کە ئەم کارە دەتوانرێت ئەنجام بدرێ).

هەروەك بینیمان، ئەفلاتون لە کەشفی پارادۆکسی ئازادی و دیموکراسی نزیك بۆوە، بەڵام ئەوەی ئەو و پەیڕەوکارەکانی لێی غافڵ بوون ئەوەیە کە هەموو شێوەکانی تری تیۆری سەروەری هەر بەم چەشنە تووشی نەگونجاوی و پارادۆکس دەبن. هەموو تیۆرێك لەمەڕ سەروەری

6. Paradox

پارادۆکسنمایە. بۆ نموونە، ڕەنگە ((داناترین و ژیرترین)) کەس یان ((باشترین)) تاکمان بۆ حکومەت کردن هەڵبژاردبێت. لەوانەیە ((ژیرترین)) کەس بەهۆی زانابییە زۆر و زەوەندەکەی بگاتە ئەو دەرەنجامە کە دەبێت ((باشترین)) کەس فەرمانڕوایی بکات و ڕەنگە ((باشترین)) کەس لە زۆر باشیدا ئەم بیرەی بە مێشك دابێت دەبێ ((زۆرینە)) حکومەت بکات. تێبینی کردنی ئەم خاڵە گرنگە چونکە هەر ئەم ڕەخنەیە دژی ئەو شێوەیەی تیۆری سەروەریش کە خوازیاری ((پاشایەتی یاسایە)) دەشێ بەکاربهێنرێت. لەڕاستیدا ئەم شتە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە گرنگی پێدراوە هەروەك هێتراکلیتۆس دەڵێت[٦]: ((هەروەها یاسا دەتوانێت داوا بکات پەیڕەوی لە ویستی تاکە کەسێك بکرێت)).

کورتەی ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە- بەبڕوای من- دەتوانین بڵێین تیۆری سەروەری، چ لە رووی ئەزموونی و چ لە رووی لۆژیکی، پێگەیەکی سست و لاوازی هەیە. کەمترین شت کە دەتوانین داوای بکەین ئەوەیە تیۆری ناوبراو بەر لە تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی دەرفەتەکانی دیکە، هەڵنەبژێردرێت.

## ٢

بەبێ دژواری دەتوانین ئەوە پێشان بدەین کە دەکرێت تیۆرێك لەمەڕ چاوەدێری بە شێوەیەکی دیموکراتیانە گەشەپێبدەین کە لە پارادۆکسی سەروەری بە دوور بێت. ئەو تیۆرەی جێگای مەبەستی منە لە بڕواهێنان بە پووچ و چرووکی حکومەتی ملهوڕانە سەرهەڵدەدات نەك لە باوەڕ بە چاکی یان ڕەوایەتی حکومەتی زۆرینە، یاخود بە جۆرێکی وردتر، لەسەر بنەمای بڕیار یان پێشنیار دامەزراوە بۆ خۆبواردن لە حومەتێکی ملهوڕانە و بەرهەڵستی کردنی.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین دوو جۆری سەرەکی حکومەت لێك جوێ بکەینەوە. جۆری یەکەم بریتییە لەو حکومەتانەی کە دەکرێ بەبێ خوێنڕێژی لە شەڕ و خراپەیان ڕزگارمان بێت، بۆ نموونە لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتییەوە. یان بە جۆرێکی تر، دەزگا کۆمەڵایەتییەکان هەندێ ئامراز دەستەبەر دەکەن کە بە یارمەتی ئەوان ژێردەستەکان دەتوانن فەرمانڕەواکان بەلاوە بنێن و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان[٧] دڵنیامان دەکەنەوە کە ئەم دەزگایانە بە ئاسانی بە دەستی سەرچاوەکانی دەسەڵات وێران نابن. جۆری دووەم بریتییە لەو حکومەتانەی کە جگە لە سەرکەوتن لە شۆڕشدا، ممکین نییە لە چنگیان ڕزگارمان بێت و ئەمەش لە زۆرینەی حاڵەتەکان ناشێ ئەنجام بدرێ. زاراوەی ((دیموکراسی)) وەکو ئەتەکێتێکی کورتکراوە بۆ جۆری یەکەمی



حکومەت و زاراوەی ((حکومەتی ملهوڕانە)) یان ((دیکتاتۆری)) بۆ جۆری دووەم پێشنیار دەکەم. ئەم ناو لێنانە بەبڕوای من، لەگەڵ نەریتی وشە هاوگونجاوییەکی نزیکی هەیە، بەڵام دەبێ ئەوە روون بکەمەوە کە هیچ بەشێك لە بەڵگەخوازییەکەم پەیوەست نییە بە هەڵبژاردنی ئەم ئەتەکێتانە. ئەگە کەسێك بەکارهێنانی ئەم وشانە ئاوەژوو بکاتەوە (هەروەکو ئەمڕۆکە بەزۆری ئەم کارە ئەنجام دەدرێت)، ئەو کاتە دەڵێم من لەگەڵ ئەو شتە هاوڕام کە ئەو بە ((حکومەتی ملهوڕانی (تیرانی) )) ناوزەدی دەکات و بەرهەڵستکاری ئەو شتەم کە ناوی ناوە ((دیموکراسی)) و هەر چەشنە هەوڵێك بۆ کەشف کردنی ئەوە کە ((دیموکراسی)) ((لە حەقیقەتدا)) یان ((لە خودی خۆیدا)) بە چ مانایەکە- بۆ نموونە وەرگێڕانی ((دیموکراسی)) بۆ ((حکومەتی گەل))- بەهۆی دەرچوون لە بابەتەوە لە ڕوانگەی منەوە باتڵە(٧). (چونکە لەوانەیە خەڵك لە ڕێگای هەڕەشەی وەلانان و لەسەر کار لابردن، کاریگەری لەسەر کارو کردەوەی فەرمانڕەواکانیان دابنێن، بەڵام بە هیچ مانایەکی دەست نیشان کراو و کردەیی بە سەرخۆیاندا حکومەت ناکەن).

ئەگەر ئەم دوو ئەتەکێتە راسپێردراوە بە کاربێنن، دەتوانین بە شێوەیەکی بنچینەیی ڕێبازی دیموکراتیانە بە پێشنیاری وەسف بکەین بە مەبەستی پێك هێنان و پەروەردەکردنی و پاراستنی دەزگا سیاسییەکانی ئاستەنگی بەردەم حکومەتی ملهوڕانە. ئەم پرنسیپە ئەوەی لێ ناکەوێتەوە کە ئێمە هەرگیز بتوانین دەزگای لەم چەشنە دروست و پەروەردە بکەین کە بێ کەموکوڕی و دوور لە زیان پێگەیشتن بێت یان ئەم مەبەستە دابین بکات کە ئەو سیاسەتانەی لە لایەن حکومەتێکی دیموکراتییەوە وەردەگیرێن بەردەوام لەسەر حەق و پاش و ژیرانەن، یان تەنانەت مەرج نییە باشتر و ژیرانەترین لە سیاسەتگەلی ملهوڕێکی چاکەخواز (لەبەر ئەوەی هیچ چەشنە بانگەشەیەکی لەم جۆرە ئەنجام نادرێ، لە پارادۆکسینمای دیموکراسیش بە دوور دەبین). بەڵام ئەوە وەکو پێویستی لە وەرگرتنی پرنسیپی دیموکراتیانە دایە، ئەو بڕوا پتەوەیە کە تا ئەو کاتە کە هێشتا تێکۆشان بۆ گۆڕانکاری ئاشتیانە لە ئارادا بێت، تەنانەت قبوڵ کردنی سیاسەتێکی هەڵە لە سیستەمێکی دیموکراتیدا پەسەندترە لە خۆ بەدەستەوەدان بە دەسەڵاتدارێکی ملهوڕ هەر چەندە دانا و چاکەخواز بێت. ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەم تێبینییە

٧. بێگومان هەوڵی هەندێ لە زانا زیرەکەکانی ئێمە بۆ وەرگێڕانی "دیموکراسی" بۆ "گەلسالاری"یش هەر دەکەوێتە ئەم خانەیەوە!

سەیری تیۆری دیموکراسی بکەین، بۆمان دەدەکەویٚ کە لەسەر ئەو بنچینەیە دامەزراوە دەبیٚ زۆرینە حکومەت بکات. بە وەبەرچاوگرتنی ئەو بیٚ متمانەیە بەربلاوەی کە لە کۆنەوە سەبارەت بە حکومەتی ملهوڕانە هەبووە، شێوازە یەکسانیخوازەکانی چاوەدێری بە شێوەی دیموکراتیك، وەکو هەڵبژاردنی گشتی و حکومەتی نوێنەرایەتی، نابیٚ لە گرانتی ئەزموونکراو و تاڕادەیەك کاریگەر لە بەرامبەر ملهوڕی و زۆرە ملیٚ بە شتێکی زیاتر لە قەڵەم بدرێن کە لە ڕێگای دەزگاکانەوە جێبەجیٚ دەکرێن و نەك هەر هەمیشە بۆ چاکسازی دەشێن بەڵکو خۆیان میتۆدی چاکسازی خۆیان دەدەن بە دەستەوە.

کەواتە، ئەو کەسەی پرنسیپی دیموکراسی بەم مانایە قبوڵ دەکات، ناچار نییە دەرەنجامی دەنگدان بە شێوازێکی دیموکراتیانە وەکو هێمای متمانە پێکراوی ئەوەی ڕاست و بە حەقە لێك بداتەوە. ئەو کەسە سەرەڕای ئەوەی کە بڕیاری زۆرینە لە پێناو درێژەی ئەرکی دەزگا دیموکراتییەکان قبوڵ دەکات، بەڵام هەست بە ئازادبوونی خۆی دەکات کە لە ڕێگای ئامرازی دیموکراتیانەوە بچێتە جەنگی ئەو بڕیارە و بۆ پێداچوونەوەی زەحمەت بکێشیٚ. ئەگەر ڕۆژیٚ بۆی دەرکەوت ڕای زۆرینە، دەزگا دیموکراتییەکان وێران دەکات، تەنیا پەند لەم ئەزموونە غەمگینە وەردەگریٚ کە هیچ ڕێگایەکی لە زیان بە دوور بۆ خۆبواردن لە حکومەتێکی ملهوڕانە بوونی نییە. بەڵام ئەم ئەزموونە ورەی لاواز ناکات بۆ خەبات دژی ملهوڕی و زۆرەملیٚ و ئەو تیۆرەی بڕوای پێی هەبوو وەکو تیۆرێکی پڕدژایەتی و نەگونجاو ناخاتە ڕوو.

## ٣

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ دوان لەمەڕ ئەفلاتون و بۆمان دەردەکەویٚ بە جەخت کردنی لەسەر پرسی ((دەبیٚ چ کەسێك حکومەت بکا))، بەشێوەیەکی لاوەکی گریمانەی تیۆری گشتی سەروەری کردووە و بە بەڵگە نەویستی لە قەڵەم داوە. پرسی چاوەدێری بەسەر دەسەڵاتداران و هاوسەنگ کردنی دەسەڵاتەکانیان لە ڕێگای دامەزراوەکانەوە بەم چەشنە، بەبیٚ ئەوەی هەرگیز بێتە بەرباس، بەلاوە نراوە. هۆگری و گرنگی پێدان لە دەزگاکانەوە گوێزراوەتەوە بۆ پرسی تاکەکان و ئێستا بە پەلەترین گرفت، هەڵبژاردنی ڕێبەرە سروشتییەکان و پەروەردەکردنیانە بۆ ڕێبەرایەتی.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، هەندیٚ کەس پێیان وایە کە لە تیۆرەکەی ئەفلاتوندا، بەختیاری دەوڵەت دواجار شتێکی ئەخلاقی و ڕۆحانییە و پەیوەندی بە تاکەکان و بەرپرسایەتی



تاکەکەسییەوە هەیە نەك بە دروست کردنی دەزگا ناتاکەکەسی و خاڵیی لە تایبەتمەندی تاکەکەسی. بەبڕوای من، ئەم بۆچوونە لەسەر فەلسەفەی ئەفلاتونی، ڕووکەشانەیە. هەموو سیاسەتێکی درێژخایەن لە ڕێگای دەزگاکانەوە کاردەکات. دەرچوون لەم حاڵەتە بە هەموو جۆرێ ئاستەمە، تەنانەت بۆ ئەفلاتونیش. پرنسیپی ڕێبەرایەتی، پرسە تاکەکەسییەکان ناخاتە جێگەی بابەتە دەزگاییەکان، تەنیا گرفتی دەزگایی نویٚ دەخولقێنێت و هەروەك دواتر دەیبینین، ئەرکێك بەسەر دەزگاکاندا دەسەپێنێت، زۆر زیاتر لەوەی بە شێوەیەکی ماقوڵ لە دەزگایەکی تایبەت چاوەڕوانی دەکرێت، واتە ئەرکی دەستنیشانکردنی ڕێبەرانی ئایندە. کەواتە، هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت بەرامبەرێتی نێوان تیۆری هاوسەنگی و تیۆری سەروەری، هاوتای ئەو بەرامبەرێتییەیە کە لە نێوان دەزگاگەرایی[8] و کەسایەتیگەرایی دا بوونی هەیە. ئەو پرنسیپەی کە ئەفلاتون سەبارەت بە ڕێبەرەکان بڕوای پێی هەیە گەلێك دوورە لە کەسایەتیگەرایی ئەبستراکتەوە، چونکە مسۆگەرکەری کاروکردەوەی دەزگاکانە. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە دەزگاگەرایی ئەبستراکتیش محاڵە. نەك هەر دروست کردنی دەزگاکان زامنکەری بڕیارە تاکەکەسییە گرنگەکانە، بەڵکو تەنانەت ئەرك و فرمانی باشترین دەزگاکانیش (وەکو چاوەدێری و هاوسەنگی بە شێوازی دیموکراتیانە) هەمیشە تاڕادەیەکی بەرچاو پەیوەستە بە تاکە پەیوەندیدارەکانەوە. دەزگا وەك شورەیەکی سەربازییە دەبیٚ هەم بە باشی بەرنامەڕێژی کرابێت و هەم کەسی چاك کاری تێدا بکات.

جیاوازی نێوان تۆخمی تاکە کەسی و تۆخمی دەزگایی لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا، خاڵێکە کە زۆربەی کات ڕەخنەگرانی دیموکراسی لێی بیٚ ئاگان. زۆربەیان لە دەزگا دیموکراتییەکان ناڕازین چونکە سەیر دەکەن ئەم دەزگایانە مەرج نییە ببێتە لەمپەر لەبەردەم ئەوە کە فلانە دەوڵەت یان سیاسەت لە هەڵسەنگاندن بە فلانە پێوەری ئەخلاقی بیٚ توانا بێت یان لە بەدیهێنانی فلانە خواستی بە پەلە و پەسەندیی سیاسی خۆی لاوازی و بیٚ توانایی پیشان بدات. بەڵام ئەم ڕەخنەگرانە بە هەڵە ئامانجی هێرشەکە هەڵدەبژێرن و نازانن دەبیٚ چ چاوەڕوانییەکمان لە دەزگا دیموکراتییەکان هەبێت و ئەلتێرناتیڤی دەزگا دیموکراتییەکان چییە. دیموکراسی (ئەگەر ئەم ئەتەکێتە بەو مانایە بەکاربێنین کە پێشنیارمان کرد) چوارچێوەیەکی دەزگایی بۆ چاککردنی دەزگاکان دەستەبەر دەکات. دەرفەتی پێکهێنانی ریفۆرم بەبیٚ پەنابردن بۆ توندوتیژی و لە

8. Institutionalism

وێشەوە، هەلی سود وەرگرتن لە عەقڵ بۆ بوونیاتنانی دەزگا نوێیەکان و نۆژەنکردنی دەزگا کۆنەکان، دەرەخسێنێت، بەڵام ناتوانێت عەقڵ دابین بکات. پرسی پێوەری عەقڵی و هزری و ئەخلاقی هاووڵاتیانی وڵاتێکی دیموکراتی، زیاتر کێشەیەکی تاکەکەسییە. (بەبڕوای من، ئەم بۆچوونە هەڵەیە کە دەتوانرێ ئەو کێشەی ئاماژەی بۆ کرا بەجۆرە ((چاکسازییەکی رەگەزی)) دەزگاکان[9] و چاوەدێری و کۆنترۆڵ بەسەر پەروەردە و فێرکردندا چارەسەر بکرێت). هەڵەیە ئەگەر لەبەر ناتەواوی و کەموکوڕییە سیاسییەکانی وڵاتێکی دیموکراتی، سەرزنشتی دیموکراسی بکەین. دەبێ سەرزەنشتی خۆمان، واتە هاووڵاتیانی وڵاتە دیموکراتییەکان بکەین. لە وڵاتێکی نادیموکراتیدا، تەنیا ڕێگای بەدەست هێنانی چاکسازییەکی ژیرانە، روخاندنێکی پڕ زەبروزەنگی حکومەت و پێك هێنانی چوارچێوەی دیموکراتیانەیە. ئەو کەسانەی کە لە ڕووی ((ئەخلاقییەوە)) دیموکراسی دەدەنە بەر رەخنە، جیاوازی لە نێوان کێشە تاکەکەسیەکان و گرفتە دەزگاییەکان دانانێن. لەسەر ئێمەیە کە دۆخەکە بەرەو سارێژی ببەین. دەزگا دیموکراتییەکان لە خۆرا ناتوانن باش ببنەوە. گرفتی سارێژکردنەوەیان هەمیشە کێشەیەکە لەسەر شانی تاکە کەسەکانە نەك دەزگاکان. بەڵام ئەگەر خوازیاری باشکردنین، دەبێ ئەوە روون بکەینەوە کە گەرەکمانە کام دەزگاگەل باش ببنەوە.

جیاوازییەکی دیکەش لە پانتایی کێشە سیاسییەکاندا بوونی هەیە کە هاوتای جیاوازی نێوان تاکەکەس و دەزگاکانە و ئەویش لێك جیاکردنەوەی کێشە رۆژانەکان و گرفتەکانی ئایندەیە. کێشە رۆژانەکان زیاتر تاکەکەسین، ئایندەسازی بێگومان کێشەیەکی دەزگاییە. ئەگەر شێوازی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەی سیاسی بەم جۆرە بێ کە ((دەبێ کێ حکومەت بکات)) و ئەگەر پرنسیپی ئەفلاتون لەمەڕ ڕێبەرایەتییەوە- واتە ئەو پرنسیپەی کە دەڵێت دەبێ باشترین تاکەکان فەرمانڕەوایی بکەن- ببێتە بناغەی کارەکان، ئەو کات کێشەی ئایندە دەبێ ببێتە کێشە گەڵاڵەدانان بۆ دەزگاکان لە پێناو دەستنیشان کردنی ڕێبەرانی ئایندە.

ئەمە یەکێکە لە گرنگترین گرفتەکانی تیۆری ئەفلاتون لەمەڕ پەروەردە و فێرکردنەوە. لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵیدا دەبێ بێدوودڵی ئەوە بڵێین کە ئەفلاتون پەروەردە و فێرکردنی هەم بە کردەوە و هەم لە جیهانی بیردۆزدا یەکڕاست تێك و پێك داوە و ئاڵۆزی کردووە، چونکە ئەم بابەتە لەگەڵ تیۆرەکەی خۆی سەبارەت بەرێبەرایەتی لێك گرێدا. رەنگە بتوانین بڵێین ئەم

9. institutional eugenic



گورزەی لەم ڕێگایەوە گەیەنراوە تەنانەت لەو زیانەش کە لە بەیەکسان سەیرکردنی کۆگەرایی و ئەویترخوازی بە فەلسەفەی ئەخلاق گەیشت و هەروەها لەو زەرەرەش کە بەهۆی هێنانی پرنسیپی سەروەری لە تیۆری سیاسیدا روویداوە، گەورەتر بووە. گریمانەی ئەفلاتون کە پێیوایە ئەرکی پەروەردە و فێرکردن (یان بە شێوازێکی وردتر، ئەرکی دامەزراوە پەروەردەییەکان) دەبێ دەستنیشان کردنی ڕێبەرانی ئایندە و پەروەردەکردنیان بۆ ڕێبەرایەتی بێت، هێشتاش زۆربەی کات وەکو بەڵگەنەویست سەیر دەکرێت. ئەفلاتون ئەرکێکی سەپاندە سەر شانی ئەم دامەزراوانە کە بێگومان زۆر زیاترە لەڕادەی توانای هەموو دامەزراو یان دەزگایەك و هەر بۆیەشە بەرپرسی رەوشی حەسرەتباریانە. بەڵام بەر لەوەی بچمە نێو لێدوان لەسەر ئەرکی پەروەردە و فێرکردن، گەرەکمە بە چڕوپڕتری درێژە بە تیۆرەکەی بدەم سەبارەت بە ڕێبەرایەتی و ڕێبەرایەتی داناکان.

## ٤

چەند فاکتەرێك لە تیۆرەکەی ئەفلاتوندا هەیە کە بە ئەگەری زۆر لە کاریگەری و نفوزی سوقراتەوە سەرچاوەیان گرتووە. من لەسەر ئەو بڕوایەم کە یەکێك لە پرنسیپە بنەماییەکان لەمەڕ سوقراتەوە، عەقڵگەراییەکەی[10] بوو لە پانتایی ئەخلاقدا. ئەو مەفهوومەی کە من بۆ ئەم زاراوەی بەکاردێنم بەم جۆرەیە: (الف) سوقرات وەکو یەك سەیری چاکی و دانایی دەکرد و بڕوای بەم تیۆرە بوو کە هیچ کەسێك ئەگەر بێتو مەعریفەیەکی باشتری هەبێ بە پێچەوانەی ئەوەوە ناجولێتەوە و هەموو هەڵە ئەخلاقییەکان لە نەزانینەوە سەرچاوە دەگرن، (ب) هەروەها پەیڕەوی لەم تیۆرە دەکرد کە دەتوانین فەزڵ و بەرزێتی ئەخلاقی فێر ببین و ئەم حاڵەتەش پێویستی بە هیچ چەشنە هێزێکی ئەخلاقی تایبەت نییە جگە لە هۆشی گشتی مرۆڤ.

سوقرات، حەکیمێکی ئەخلاقی و سروش بۆ کراو بوو لە جیهانی غەیبەوە[11]. لەو جۆرە پیاوانە بوو کە رەخنە لە هەموو شێوە حکومەتێك دەگرن لەبەر کەموکوڕییەکانیان (و هەڵبەتە ئەم جۆرە رەخنانە بۆ هەموو حکومەتێك سوودمەند و پێویستە، ئەگەرچی تەنیا لە سیستەمێکی

10. intellectualism

١١. enthusiast (لە یۆنانی theos - خوا). لە بەکارهێناندا ئەم وشەیە بە مانای کەسێکە کە لە هەمبەر بیروباوەڕێکدا گەرموگوڕییەکی زۆر پێشان دەدات. بەڵام لەرووی وشەییەوە بەواتای کەسێك دێت کە ئیلهامی بۆدەکرێت یان خاوەن دەسەڵاتێکی یەزدانی و غەیبییە...

دیموکراتیدا وەدی دێت). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئاگای لە گرنگی ئەمەکداری سەبارەت بە یاساکانی دەوڵەت بوو. هەر بە ڕێکەوت زۆربەی ژیانی خۆی لە ژێر سایەی حکومەتێکی دیموکراتیکدا تێپەڕاند و لەبەر ئەوەی بەڕاستی تاکێکی دیموکرات بوو، بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی کە پەردە لەسەر نەشاوی و لاف و گەزافی هەندێ لە ڕێبەرە دیموکراتەکانی سەردەمی خۆی هەڵماڵێت. لە هەمان کاتدا، بە هەموو شێوازێك دژایەتی ملهوڕی و زۆرەملێی دەکرد و ئەگەر ڕەفتارە ئازاکانی لەسەردەمی سی کەسە ملهوڕەکە بێنینە بەرچاوی خۆمان، هیچ بەڵگەیەکمان نابێت کە گریمانەی ئەوە بکەین ڕەخنەکانی لە ڕێبەرە دیموکراتەکان، لە مەیلی دژەدیموکراتییەوە ئیلهامی وەرگرتووە[٨]. دوور نییە ئەویش وەکو ئەفلاتون ویستبێتی باشترین کەسەکان حکومەت بکەن کە لە تێڕوانینی ئەودا دەبووایە مانای داناترین کەس بێت یان ئەوانەی کە شتێك لە دادپەروەری دەزانن. بەڵام دەبێ ئەوە بێنینەوە یادی خۆمان کە ((دادپەروەر)) لای ئەو بە مانای دادپەروەرییەك بوو کە لەسەر بنەمای یەکسانی دامەزرابێت (هەروەك لە پارچەکەی گۆرگیاس لە بەشی پێشوودا بۆمان دەرکەوت) ئەو نەك هەر پیاوێکی یەکسانیخواز بەڵکو تاکگەرا و ڕەنگە گەورەترین پێشەوای ئەم قوتابخانەیە بێ لە حیکمەتی ئەخلاقی هەموو چاخ و سەردەمێکدا. هەروەها پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، ئەگەرچی سوقرات خوازیاری حکومەتی داناترین کەسەکان بوو، بەڵام بەڕاشکاوی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مەبەستی لە زاناترین پیاوانی سەردەم نییە و لە ڕاستیدا، گومانی لە هەموو جۆرە بیرمەندییەکی پیشەیی هەبوو، جا چ پەیوەندی بە فەیلەسووفەکانی ڕابردووەوە بێت یان هی بیرمەندانی نەوەی خۆی، واتە سۆفیستەکان[١٢]. ئەو دانایی و حیکمەتەی ئەو بیری لێ دەکردەوە جۆرێکی تر بوو. پەی بردن بەم حاڵە بوو کە: ئەوەی دەیزانم چەندە کەمە! بە پێی ڕێنماییەکانی، ئەوانەی ئەم بابەتەیان نەدەزانی، هیچیان نەدەزانی (ئەمە هەمان ڕۆحە ڕاستەقینەکەی زانستە. هەندێ کەس هێشتا لەسەر ئەو بڕوایەن- هەروەك چۆن ئەفلاتون پاش داکوتانی ناوبانگی خۆی وەکو داناو حەکیمێکی فیساگۆرسی[٩] لەسەر ئەو بڕوایە بوو- کە هۆکاری نازانمگەرایی سوقرات، بۆ سەرنەکەوتوویی زانستەکان[١٣] دەگەڕێتەوە لەسەردەمی ئەودا. بەڵام ئەمە تەنیا ئەوە پێشان دەدات کە ئەوان لە ڕۆحی زانستی تێنەگەیشتوون و

١٢. هەردوو وشەی "فەیلەسووف"و "سۆفیست" گوزارشت لە هەندێ وشەی یۆنانی دەکەن کە ڕەگەکەیان بۆ "سۆفیا" واتە زانین و حیکمەت و دانایی دەگەڕێتەوە.

13. Science



هێشتاش تێڕوانینی سێحراوی بەر لە سوقرات سەبارەت بە زانست و زانستخوزاەکان، بەسەریاندا زاڵە و زانا[١٤] وەکو جۆرە شەمەنێکی[١٥] بەرز و دانا و نهێنیزان لە قەڵەم دەدەن و لەمەڕ زاناوە سەبارەت بە ڕادەی زانینەکانی حوکم دەدەن لە جیاتی ئەوەی وەکو سوقرات، ئاگایی لەو شتانەی نایانزانێت بکەنە پێوەری پێگەی زانستی و ڕاستگۆیی هزرەکەی).

سەرنجدان لەم خاڵە گرنگی تایبەتی هەیە کە عەقڵگەرایی سوقرات، یەکسانیخوازانە بووە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەتوانرێت هەموو کەس پەروەردە و فێربکرێت. لە دیالۆگی مینۆندا سەیر دەکەین خەریکی ئەوەیە شێوازێکی[١٠] تێزی ناسراو بە تێزی فیساگۆرس فێری کۆیلەیەکی گەنج بکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە هەموو کۆیلەیەکی نەخوێندەوار تەنانەت توانای تێگەیشتنی شتە ئەبستراکت و گشتییەکانیشی هەیە. هەروەها عەقڵگەرایی سوقرات دژی ئۆتوریتەخوازییە. بۆ نموونە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە پسپۆڕێك دەتوانێت هونەرێکی وەکو وتاربێژی بە شێوەیەکی دۆگماتیکانە[١٦] فێری ئەوانیتر بکات، بەڵام مەعریفە و دانایی و فەزیلەتی ڕاستەقینە تەنیا بەو شێوەیەی کە سوقرات بە مامانی[١٧] ناوزەدی دەکات، دەتوانرێت فێری کەسانی دیکە بکرێت. لەوانەیە بتوانین یارمەتی ئارەزوومەندانی فێرخوازی بکەین بۆ ئەوەی یەخەی خۆیان لە پێشداوەرییەکان {حوکمە پێش وەختەکان} ڕزگار بکەن. ئەوان بەم چەشنە فێری ڕەخنە لە خۆگرتن {self- criticism} دەبن و بۆیان دەردەکەوێ کە حەقیقەت بە ئاسانی بەدەست نایەت و ڕەنگە فێری ئەوەش بن چۆن دەبێت خۆیان بڕیار بدەن و پاشا ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، پشت بە بڕیار و تێڕوانینەکانی خۆیان ببەستن. بەڕەچاوکردنی ئەم جۆرە پەروەردەیە، ئاشکرایە کە خواستی سوقرات (هەڵبەتە ئەگەر ئەو هەرگیز ئەم خواستەی خستبێتە ڕوو) واتە باشترین تاکەکان- واتە ئەو خەڵکانەی کە خودانی ڕاستگۆیی هزرین- دەبێ فەرمانڕەوایی بکەن، چەندە جیاوازی هەیە لەگەڵ خواستی ئەو ئۆتوریتەخوازانەی کە خوازیاری حکومەتی زاناترین تاکەکانن، یان لەگەڵ خواستی لایەنگرانی ئەرستۆکراسی کە خوازیاری حوکمڕانی باشترین، واتە پاکنژادترین کەسەکانن. (بە بڕوای من، ئەم بۆچوونەی

14. scientist

١٥. Shaman. کاهینی ئایینزانی شەمەنی (Shamanism)

١٦. dogmatically. واتە بەبێ ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی پێشەکی ئەزموونی دۆزەکە.

17. Midwifery

سوقرات کە تەنانەت دلێریش لە داناییەوە سەرچاوە دەگرێ، دەتوانین وەکو ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێنمایی ئەرستۆکراسی سەبارەت بە قارەمانە بەرزە نژادەکان، ڕاڤەی بکەین).

بەڵام عەقڵگەرایی سوقرات لە پانتایی ئەخلاقدا، شمشێرێکی دوو دەمە. دەمێکی یەکسانیخواز و دیموکراتییە و ئەوە هەمان ئەو لایەنەیە کە دواتر بەهۆی ئانتیس تنس پەرەی پێدرا. بەڵام دەمێکی تریشی هەیە کە لەوانەیە ببێتە چاوگی مەیلی بەهێزی دژە دیموکراتیەت. جەختی سوقرات لەسەر پێویستی ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری و پەروەردەو فێرکردن، لەوانەیە بە هەڵە بە ئاسانی بە ئوتوریتەخوازی ڕاڤە بکرێت. ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە پرسێکەوە هەیە کە بەڕواڵەت سوقراتی زۆر پەشێو کردبوو و بریتی بوو لەوەی ئەو کەسانەی بەڕادەی پێویست پەروەردە نەکراون و هەر بۆیە خاوەنی ئەو داناییە نین کە پەی بە کێماسییەکانی خۆیان ببەن ڕێك ئەو کەسانەن کە لە هەمووان زیاتر پێویستیان بە پەروەردە و فێرکردن هەیە. ئامادەیی بۆ فێربوون، لە خودی خۆیدا بەڵگەی بوونی داناییە. لەڕاستیدا، ئەو دانایی و حیکمەتەی کە سوقرات بانگەشەی دەکرد، جگە لەمە شتێکی تر نەبوو، چونکە ئەو کەسەی ئامادەی فێربوونە، دەزانێت ئەوەی دەیزانێ چەندە کەمە. بەم شێوەیە، ئەوەی فێرنەکراوە، وادێتە بەرچاو پێویستی بە مەرجەعێك هەبێت بۆ ئەوەی وەخەبەری بێنێت، چونکە ناتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کەسێکی ئەوتۆ بتوانێ ڕەخنە لە خۆی بگرێت. لەم وەسفەوە، تۆخمی ئوتوریتەخوازی لە ڕێنماییەکانی سوقراتدا بە چەشنێکی سەرسوڕهێنەر بە پاڵپشتی ئەمە هاوسەنگ دەکرا کە نابێ مەرجەع زیاتر لەوەی وتمان {بە خەبەرهێنان} بانگەشەی شتێکی تر بکات. سیمای بەرجەستەی مامۆستای ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەمان ڕەخنە لەخۆگرتن کە کەسی پەروەردە نەکراو لێی بێ بەرییە، دەربخات. سوقرات دەیتوانێ پەیامەکەی بۆ وەخەبەرهێنانی خەڵك لە خەوی دۆگماتیك بەم چەشنە دەربڕێت: ((من هەر مەرجەعیەتێکیشم هەبێت لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراوە کە دەزانم ئەوەی دەیزانم چەندە کەمە)) لەسەر ئەو بڕوایە بوو ئەم پەیامە پەروەردەییە، پەیامێکی سیاسیشە. هەستی بەوە دەکرد کە ڕێگای ریفۆڕمی ژیانی سیاسی شار، پەروەردەکردنی هاووڵاتیانە لەسەر ڕەخنە لەخۆگرتن و بەم مانایە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ((تاکە سیاسەتمەداری ڕۆژگاری خۆیەتی))[١١]، بە پێچەوانەی ئەوانیدی کە لەجیاتی بەرەو پێش بردنی بەرژەوەندی ڕاستەقینەی خەڵك، هەوڵ دەدەن بە هەڵەشەیی بیانهێڵنەوە.



سوقرات چالاکییە پەروەردەیی و سیاسەیەکانی خۆی بە یەك شت دەزانی. ئەم شتە دواتر بە ئاسانی ئاوەژووکرایەوە و بە شێوەی خواستی ئەفلاتون و ئەرستۆ لێهات بۆ چاوەدێری دەوڵەت بەسەر ژیانی ئەخلاقی هاووڵاتیان، بەو جۆرە کە ئێستاش بە ئاسانی دەتوانین وەکو بەڵگەیەکی ڕازیکەر و ترسناك بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە سوودی لێوەربگرین کە هەموو جۆرە چاوەدێرییەك بەشێوازی دیموکراتیانە، گەندەڵکارانەیە، چونکە چۆن دەکرێ پەروەردەنەکراوەکان حوکم لەسەر ئەو کەسانە بدەن کە کاریان پەروەردە و فێرکردنە؟ چۆن دەکرێ چاوەدێری کردنی ئەو کەسانەی کە باشترن بە خەڵکێك بسپێردرێ کە لە باشیدا ناگەنە ئەم پلەو پایەیە؟ ئەم بەڵگەخوازییە بە تەواوی ناسوقراتییە، چونکە گریمانەی مەرجەعیەتێکی بەڵگە نەویست بۆ دانایان و بیرمەندان دەکات کە گەلێك زیاتر لە وێنای خاکەڕێیانەی سوقرات بۆ مەرجەعیەتی مامۆستا دەچێتە پێش. مەرجەعیەتی مامۆستا تەنیا لەسەر بنەمای هۆشیارییەکەی لەمەڕ کێماسیەکانی خۆی دامەزراوە. بەڵام ئوتوریتەی دەوڵەت لەم جۆرە حاڵەتانەدا ڕەنگە ئەنجامەکەی ڕێك پێچەوانەی ئامانجەکەی سوقرات بێت. لەوانەیە لە جیاتی ئەو نارەزایەتییەی کە لە ئاکامی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و ئارەزووی باشبوونەوەسەرهەڵدەدا، لە خۆڕازیبوونێکی دۆگم و بێ مانا و وەستانی هزریی لێ بکەوێتەوە. پێم وانییە جەخت کردن لەسەر ئەم مەترسییە کە بە دەگمەن گرنگی پێدراوە، نابەجێ بێت. تەنانەت نووسەرێکی وەکو کراسمەن کە بە بڕوی من لە ڕۆحی ڕاستەقینەی ڕێنماییەکانی سوقرات تێگەیشتووە، لەگەڵ ئەفلاتون لەم شتەدا کە ئەم فەیلەسوفەیە بەرەخنەی سێیەم لە ئەسینا ناوزەدی دەکات هاوڕای دەردەبڕێ و دەنووسێت[١٢]: ((پەروەردە و فێرکردن کە دەبێ بە بەرپرسایەتی سەرەکی دەوڵەت لە قەڵەم بدرێت... بە هەواو هەوەسی کەسێك سپێردرابوو... لێرەشدا دیسان تووشی ئەرکێك دەبین کە دەبێ تەنیا بە پیاوێك بسپێردرێ کە ڕاستی و پاکیەکەی سەلمێنراوە. ئایندەی هەموو دەوڵەتێك پەیوەستە بە نەوەی گەنج و هەربۆیە، شێتایەتییە ئەگەر بهێڵن زەوقی تاکە کەسی و هەلومەرج و بارودۆخ، زەینی منداڵەکان لە قاڵب بدات. سیاسەتی دەوڵەتی {ئەسینا} لە هەمبەر ئازادکردنی پەروەردەکاران و مامۆستایان و وتاربێژە سۆفیستەکانیش هەر ئەوەندە زیانی هەبوو))[١٣]. بەڵام هەر ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ئەسینا کەلەسەر بنەمای ئازادکردن دامەزرابوو و هێندە لە لایەن کراسمەن و ئەفلاتونوە ڕەخنەی لێدەگیرێ، ئەو دەرەنجامە بە نرخەی هەبوو کە دەرفەتی وانە وتنەوە و پەروەردە بە هەندێ لە مامۆستا سۆفیستەکان و بەتایبەتی گەورەترینیان، واتە سوقرات، دەدرا و ئەو دەرەنجامەی دواتر لە وەستاندنی ئەم سیاستە

کەوتەوە، مەرگی سوقرات بوو. ئەمە دەبێ هۆشدارێك بێت لەمەڕ ئەوەی چاوەدێری دەوڵەت لە بوارێکی ئەوتۆدا ترسناکە و سوور بوون لەسەر خواستنی ((پیاوێك کە ڕاستی وپاکییەکەی سەلمێنرابێت))، بە ئاسانی دەتوانێ پێشگیری و سەرکوتی باشترین کەسەکانی لێ بکەوێتەوە. (ئەو پێشگیرییەی کە لەم دواییانەدا یەخەی برتراند راسلی[18] گرت، گەواهی ئەم مانایەیە). سەبارەت بە پرنسیپە سەرەکییەکانیش ئەمە نموونەیەکی راستە لەسەر حوکمێکی پێش وەختی بە قوڵی ڕەگ داکوتاو کە بانگەشەی ئەوە دەکات تەنیا ئالتێرناتیڤێکی دیکە لە بەرامبەر ئازادی کردەوە یان ئازادکردن، بە دەستەوەگرتنی هەموو بەرپرسایەتییەکانە لە لایەن دەوڵەتەوە. من بە دڵنیاییەوە لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەوڵەت بەرپرسی کۆنترۆڵ کردنی ئەم حاڵەتەیە کە هاووڵاتیان لە پەروەردە و فێرکردن سوود وەرگرن و بۆ ئەوەی بەم چەشنە بتوانن لە ژیانی کۆمەڵدا بەشداری بکەن و کەڵك لە هەموو دەرفەتەکان وەربگرن بۆ پشکوتنی هۆگری و توانا تایبەتییەکانی خۆیان. هەروەها پێم وایە کە (هەروەك بە حەق کراسمەن جەختی لەسەر دەکات) بێگومان دەبێ دەوڵەت چاوەدێری ئەوە بێت کە ((نەبوونی توانای دارایی تاك)) نەبێتە لەمپەر لەبەردەم خوێندنی باڵادا. بە بڕوای من ئەمانە هەموویان لە چوارچێوەی ئەرکی پاراستنگەرایانەی دەوڵەتدان. بەڵام ئەگەر یەکێك بڵێت ((ئایندەی دەوڵەت پەیوەستە بە نەوەی گەنج و هەر بۆیە، شێتایەتییە ئەگەر بهێڵن زەوقی تاکە کەسی، زەینی منداڵەکان لە قاڵب بدات)) پێم وایە دەرگاکان لەسەر گازی پشت بە رووی تۆتالیتاریزمدا دەکرێنەوە. نابێت بۆ بەرگری لە هەندێ هەنگاو کە ڕەنگە بەنرخترین شێوەی ئازادی واتە ئازادی هزر بخاتە مەترسییەوە، لە خۆوە بەرژەوەندی دەوڵەت بکەینە پاساو. ئەگەرچی من لایەنگری و بەرگریکاری ((سیاسەتی ئازادکردنی مامۆستا و پەروەردەکاران)) نیم، بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەم ئەم سیاسەتە لە رادەبەدەر لە سیاسەتی ئۆتوریتەگەرا یان مەرجەعیەتخواز باشترە کە سەلاحیاتی تەواو بەکاربەدەستانی دەوڵەت دەدات بۆ لە قاڵب دانی زەینی خەڵك و کۆنترۆڵ کردنی خوێندنی زانستەکان و بەم شێوەیە بە پشتیوانی مەرجەعیەتی گوماناوی پسپۆڕەکان بانگهێشتی ئۆتوریتەی دەوڵەت دەکات و زانستەکان لەگەڵ شێوازی باوی خوێندن وەکو دۆکترینێکی کە لەسەر بنەمای قسەی مەراجع و متمانەپێکراوەکان دامەزراوە، تووشی گەندەڵی دەکات و رۆحی توێژینەوەی زانستی واتە رۆحی گەڕان بە دوای حەقیقەت (لە بەرامبەر بڕوابوون بە خاوەندارێتی حەقیقەت) وێران دەکات.

18. Bertrand Russell



تەقەڵای من ئەوە بووە دەریبخەم کە عەقڵگەرایی سوقرات لە ڕەگ و ریشەوە لەسەر یەکسانیخوازی و تاکگەرایی دامەزراوە و توخمی ئۆتوریتەخوازی تێیدا، بەهۆی خاکەڕێییە فیکری و تێڕوانینە زانستیەکەی، گەیەنرا بووە کەمترین رادەی خۆی. عەقڵگەرایی ئەفلاتون زۆر لەمە جیاوازە. ئەو ((سوقراتەی)) کە ئەفلاتون لە کۆمار پێشانی دەدات{١٤}، هێمای ئۆتوریتەخوازییە بە توندترین شێوە. (تەنانەت ئەو قسانەش کە لەمەڕ شکەستەخۆییەوە دەیانڵێت، لەسەر بنەمای ئاگایی لە کێماسییەکانی خۆی نییە، بەڵکو گەرەکیەتی لەم رێگەیەوە بەتانە و تەشەر بەرزێتی خۆی بنوێنێت). ئامانجە پەروەردەییەکەی، وەخەبەر هێنانی هێزی رەخنە لە خۆگرتن و بەشێوەیەکی گشتی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە نییە، بەڵکو تەڵقین و پڕوپاگەندەیە- لە قاڵب دانی زەین و گیانە (هەروەك پێشتر لە دیالۆگی یاساکانەوە وەرمانگرت{١٥}) ((دەبێ لە رێگای خووی درێژخایەنەوە، لەڕەگ و ریشەوە بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك بە سەربەخۆیی بێ توانا بکرێ)). وێنای یەکسانیخوازانە و رزگاری بەخشانەی سوقرات لەسەر ئەمە بوونیات نرابوو کە رەنگە تەنانەت بتوانین بۆ کۆیلەیەکیش بەڵگەخوازی بکەین و لە نێوان هەموو مرۆڤێك و مرۆڤێکی دیکەدا پەیوەندییەك بوونی هەیە، ئامرازێك بۆ لێك تێگەیشتنی گشتی لە ئارادایە، کە هەمان ((عاقڵ))ـە. {لای ئەفلاتون}، ئەم وێنایە جێگەی خۆی بە مۆنۆپۆڵ کردنی پەروەردە و فێرکردن بۆ چینی دەسەڵاتدار و سانسۆری بێ ئەملاو ئەولا و تەنانەت مشتومڕە زارەکییەکانیش سپاردووە.

سوقرات جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە داناو حەکیم نییە، خاوەنی حەقیقەت نییە، بەڵکو عەوداڵ، توێژەر، عاشق و ئەڤینداری حەقیقەتە و روونی دەکردەوە کە ئەم مانایە لە وشەی ((فەیلەسووف))دا بەرجەستە دەبێت، واتە ئەوینداری حیکمەت، خوازیاری حیکمەت، نەك وەکو ((سۆفیست)) کە واتای حەکیمی پیشەیی دەدات. ئەگەر هیچ کاتێك بانگەشەی ئەوەی کردبێت کە دەبێ سیاسەتمەدارەکان فەیلسووف بن، بێگومان مەبەستی تەنیا ئەوە بووە کە ئەم کەسانە، بە وەبەرچاوگرتنی ئەو بەرپرسایەتییە تاقەتپروکێنەی کە لە سەر شانیانە، دەبێ خوازیاری حەقیقەت بن و ئاگایان لە کێماسی و کەموکوڕییەکانی خۆیان بێت.

ئەفلاتون چۆن ئەم رێنماییەی کردە رێبازی خۆی؟ رەنگە لە تێڕوانینی یەکەمدا وا بێتە بەرچاو، ئەگەرچی ئەو خوازیاری سپاردنی مافی سەروەری دەوڵەتە بە فەیلەسووفەکان، بەڵام هیچ گۆڕانکارییەك لەم رێنماییەدا پێك ناهێنێ، چونکە وەکو سوقرات فەیلەسووف بە ئەڤینداری

حەقیقەت پێناسە دەکات. بەڵام لەڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییەی پێکی هێناوە زۆر مەزنە. ئەو ئەڤیندار یان عاشقەی کە ئەو لە هزری دایە ئیدی ئەو خوازیارە خاکەڕێیە نییە، بەڵکو خاوەنی خۆبەزلزانی حەقیقەتە. مامۆستای کارامەی دیالیکتیکە و خودان توانای پێژنی عەقڵییە، واتە لە توانای دایە فۆرم یان ئایدیا نەمرو ئاسمانییەکان ببینێت و پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکات. جێگەیەکی بەرزتری لە مرۆڤە ئاساییەکان هەیە و دانایی و تواناکەی ((ئەگەر خاوەندی نەبێت... ئەوا خوائاساییە))[١٦]. فەیلەسوفی ئایدیالی ئەفلاتون، لە هەموو شت زانین[١٩] و هەموو شت توانین[٢٠] نزیك دەبێتەوە. شافەیلەسووفە. پێم وایە ئاستەمە بتوانین دژایەتییەکی قوڵتر لە دژایەتی نێوان ئایدیای سوقرات و ئایدیای ئەفلاتون بۆ فەیلەسووفێك وێنا بکەین. دژایەتییەکە لە نێوان دوو جیهاندا- جیهانی تاکگەراییەکی خاکەڕێ و عاقڵ و جیهانی نیمچەخوایەکی تۆتالیتێر.

ئاساییە خواستی ئەفلاتون بۆ ئەوەی پیاوی دانا- واتە خاوەنی حەقیقەت و ((فەیلەسووفی شایستە))[١٧]- حکومەت بکات، کێشەی دەستنیشانکرن و پەروەردەکردنی فەرمانڕەواکان دێنێتە گۆڕێ. ئەگەر تیۆرەکە، تیۆری کەسایەتیگەرایی ئەبستراکت بووایە (بە جیاکردنەوە لە دەزگاگەرایی)، دەرفەتی ئەوە هەبوو پرسەکە بە سادەیی بەم شێوەیە چارەسەر بکەین کە دەسەڵاتداری حەکیم[٢١] بەهۆی ئەو حیکمەتەی هەیەتی بەڕادەیەك دانایە کە باشترین کەس بۆ جێگرتنەوەی خۆی هەڵدەبژێرێ، بەڵام ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ پرسەکە هێندە جێگەی ڕەزامەندی نییە. بابەتەکە لەڕادەبەدەر پەیوەست دەبێت بە هەلومەرج و بارودۆخی کۆتنەکراوەوە. لەوانەیە ڕووداوێك سەقامگیری ئایندەی دەوڵەت وێران بکات. بەڵام هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەلومەرج و بارودۆخ و پێشبینی پێشهاتە چاوەڕوان کراوەکان ودۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆیان، لێرەشدا دەبێت بەناچار وەکو هەموو جێگەیەکی تر لە ڕێی وەلانانی ڕێگا چارەی تەواو کەسایەتیگەراکان و لەسەر بنەمای وەرگرتنی ڕێوشوێنی دەزگاگەرایی بە ئەنجام بگات. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، هەوڵدان بۆ بەرنامەڕێژی کردن بۆ ئایندە، دەبێ هەمیشە دەزگاگەرایی لێ بکەوێتەوە.

١٩. Omniscience یان زانستی هەمەکی یان زانستی ڕەها.

٢٠. Omnipotence یان دەسەڵاتی هەمەکی یان دەسەڵاتی ڕەها.

21. Wise ruler



## ٥

ئەو دەزگایەی کە ئەفلاتون بە لێپرسراوی ڕێبەرانی ئایندەی دەزانێت، دەتوانین بە بەشی پەروەردە و فێرکردنی دەوڵەت وەسفی بکەین. لە ڕوانگەیەکی تەواو سیاسییەوە، ئەمە گرنگترین دەزگای کۆمەڵگای ئوفلاتونە و کلیلی دەسەڵاتی لە دەست دایە. هەر ئەم بەڵگەیە بە تەنیا دەیتوانی ئەوەمان پێشان بدات کە لانی کەم پلەکانی بەرزترین خوێندن دەبێ ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی فەرمانڕەواکان دابێت. بەڵام هەندێ بەڵگەی دیکەش هەیە. گرنگترین بەڵگە ئەوەیە کە بە وتەی کراسمەن، تەنیا ((پسپۆڕەکان و... ئەو پیاوەی ڕاستی و پاکییەکەی سەلمێنراوە))- واتە، بە بڕوای ئەفلاتون، تەنیا داناترین ڕێنوێن یان هەمان دەسەڵاتداری حەکیم- دەتوانێ لە قۆناغی کۆتاییدا، داناییانی ئایندە بە ڕازە بەرزەکانی حیکمەت ئاشنا بکات. ئەمە لە هەموویان زیاتر سەبارەت بە دیالێکتیك ڕاستە، واتە تەکنیکی پێژنی عەقڵی و بینینی نموونە یەزدانییە ڕەسەنەکان، یان فۆرم و ئایدیا و پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەو نهێنییە گەورەیەی کە لەو دیوی دونیا ڕۆژانەی دیاردەکاندا پەنهانە.

ئەفلاتون لەڕووی دامەزراوەییەوە چ خواستێك لەمەڕ ئەم بەرزترین شێوازەی پەروەردە و فێرکردنە دەخاتە ڕوو؟ خواستەکانی زۆر سەرنجڕاکێشن. خوازیاری ئەوەیە تەنیا ئەو کەسانەی کە تەمەنی لاوێتیان تێپەڕاندووە بگەنە ئەم قۆناغە. دەڵێت[١٨]: ((کاتێ هێزیان لەڕووی جەستەییەوە بەرەو نەمان دەچێت و کاتێك کە لە تەمەنی خزمەتی کۆمەڵایەتی و سەربازی تێپەڕیون، تەنیا و تەنیا ئەو کات دەبێت مۆڵەتی ئەوەیان پێ بدرێت بە ویست و دڵخواز، بێنە ئەم پانتاییەپیرۆزەوە...))یاخود بەجۆرێکی دیکە، پانتایی بەرزترین خوێندنی دیالێکتیکی. بەڵگەی ئەفلاتون بۆ دانانی ئەم ڕێسا سەرسوڕهێنەرە ڕوون و ئاشکرایە. ئەفلاتون لە هێزی هزر دەترسێت. دان بەوە دادەنێت کە ترسی لە کاریگەری بیرکردنەوەی فەلسەفی هەیە بەسەر ئەو مێشکانەی کە هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستانەی پیری و لە پێشەکی ئەم دانپیانانەدا دەڵێ[١٩]: ((هەموو شتێکی گەورە مەترسیدارە)). (و هەموو ئەم وتانە دەخاتە دەمی کەسێکی وەك سوقراتەوە کە مرد و ئامادە نەبوو دەست لە مافی بەرگری کردن لە خۆی بۆ دوان و گفتوگۆی ئازاد لەگەڵ گەنجەکان هەڵگرێت). بەڵام ئەگەر وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە ئامانجی بنەمایی ئەفلاتون، وەستاندنی گۆڕانی سیاسییە، بۆمان دەردەکەوێ ئەوە ڕێك ئەو شتەیە دەبێ چاوەڕوانی بکەین. ئەندامانی چینی سەرەوە دەبێ لە گەنجیدا بجەنگێن. کاتێ لەوە پەککەوتە تربوون کە

بەسەربەخۆیی بیربکەنەوە، دەبێ ببنە قوتابی دۆگماتیستی تێربوو بە {ڕێزگرتن} لە حیکمەت و مەرجەعیەت، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن بە کۆگەرایی بە نۆرەی خۆیان پلەی دانایی وەدەست بێنن و ئەو حیکمەتەی کۆیان کردۆتەوە- واتە بڕوابوون بە کۆگەرایی و ئوتوریتەخوازی- بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازنەوە.

جێگەی تێڕامانە کە ئەفلاتون لە خوارەوە و لە پارچەیەکی چڕوپڕتردا کە هەوڵدەدات رووخساری فەرمانڕەواکان بەدڵگیرترین شێوە وێنە بکێشێ، راسپاردەکانی پێشووی خۆی دەستکاری دەکات و بەجەخت کردن لەسەر ((پێویستی خۆپارێزی)) و ئەم مەترسیانەی لە ((سەرپێچی... کە ئەو ژمارە زۆرەی دیالێکتیسیەنەکان تووشی گەندەڵی دەکا)) مۆڵەتی ئەوە دەدات[٢٠] دانایانی ئاینده خوێندنی دیالێکتیکی لە تەمەنی سی ساڵیدا دەست پێبکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوەیە: ((کەسانێك کە مۆڵەتی هەنجەت و بەلگەخوازی بەدەست دێنن، بێگومان دەبێ خەسڵەتێکی ڕێك و هاوسەنگیان هەبێت)). حاشا هەڵنەگرە کە ئەم گۆڕانە وێنە رەسم کراوەکە شادتر و دڵگیرتر دەکا، وەڵی مەیلە بنەماییەکە هەر ئەوەیە کە هەبوو. لە درێژەی پارچەی نێوبراو، دەبینین نابێت ڕێبەرەکانی ئاینده بەر لەوەی بگەنە تەمەنی پەنجا ساڵی و گەلێك تاقیکردنەوە و وەسوەسەیان تێپەڕاندبێت، بخرێنە ناو خوێندنی بالای فەلسەفەوە و فێری رازی ڕێبازی دیالیکتیکی بینین[٢٢] {یان بە چاوی دڵ بینین}ی ماهییەتی خێر یان چاکە، بکرێن.

ڕێنماییەکانی کۆمار بەم چەشنەبوون کە بینیمان، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە دیالۆگی پارمێنیدس-یش پارچەیەکی هاوشێوەی ئەمەی لە خۆگرتبێت[٢١]. لێرەدا سوقرات وەکو گەنجێکی هۆشیار وێنەی کێشراوە کە بە خۆنواندن بەڵام بەسەرکەوتوویییەوە لە فەلسەفەی پەتیدا[٢٣] دەستی هەیە وەڵێ کاتێك لەمەڕ پرسە وردەکانی تیۆری ئایدیا پرسیاری ئاڕاستە دەکرێ، رووبەڕووی دژواری گەورە دەبێتەوە. پارمێنیدس هۆشداری دەداتێ و ئامۆژگاری دەکات کە دەبێ بەر لەوەی جارێکی تر پێ بنێتە پانتایی بالای خوێندنی فەلسەفی، بە جۆرێکی گشتگیرتر خۆی فێری هونەری بیرکردنەوەی ئەبستراکت بکات. دەڵێیی لێرەدا ئەفلاتون وەڵامی قوتابییەکانی دەداتەوە کە وەزاڵەیان هێناوەو سوورن لەسەر ئەوەی بچنە

22. vision
23. pure philosophy



قۆناغێکەوە کە بە بڕوای ئەو هێشتا کاتی نەهاتووە و دەڵێت تەنانەت سوقراتیش سەردەمێك لەوە گەنجتر بوو کە خەریکی دیالێکتیك بێت.

بۆچی ئەفلاتون نایەوێت ڕێبەرەکانی هێزی داهێنان و رەسەنایەتیان هەبێت؟ بە بڕوای من وەڵامەکەی ئاشکرایە. ئەفلاتون بێزارە لە گۆڕان و نایەوێ دەستکاری و ڕێکخستنی سەر لە نوێ، وەك پێویستی لێ بێت. بەڵام ئەم دەربڕینە بەو شێوەی کە پێویستە ناچێتە ناو قوڵاییەوە. لەڕاستیدا، لێرەدا رووبەڕووی یەکێك لە دژوارییە بنەماییەکانی پرنسیپی ڕێبەرایەتی دەبینەوە. بیری دەستنیشانکردن و پەروەردەکردنی ڕێبەرانی ئاینده، خۆی تووشی دژایەتییەکی خودیی هاتووە. رەنگە بتوانین ئەم کێشەیە لە پانتایی باشتری جەستەیی تاڕادەیەك چارەسەر بکەین. لەوانەیە دەستنیشانکردنی داهێنانی جەستەیی و بوێری جیسمانی هێندی دژوار نەبێت، بەڵام رازی ئەفزەلیەتی هزری، رۆحی رەخنەگر و سەربەخۆیی بیرە و ئەمەش گەلێك دژواری لێ دەکەوێتەوە، ناتوانرێت لە هیچ جۆرە ئوتوریتەخوازییەکدا بەسەری زاڵ بن. کەسی ئوتوریتەگەرا یان مەرجەعیەتخواز، بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێ کە پەیڕەوی دەکەن و باوەڕ دێنن و نفوزەکەی پەسند دەکەن. بەڵام بەم کارەی خۆی ناچارە نەشیاوەکان هەڵبژێرێ. ئەو کەسانە وەلا دەنێت کە رادەپەڕن و گومان دەکەن و بوێری ئەوەیان هەیە لە بەرامبەر نفوزەکەی دا بوەستنەوە. ئەو کەسەی خۆی لە پلەی ئوتورینە و مەرجەعیەت دایە هەرگیز ناتوانێت دان بەوە دابنێ کە ئەوانەی خودان بوێری هزرین- واتە ئەو کەسانە کە بوێری هەستانەوەیان هەیە لە بەرامبەر مەرجەعیەتی ئەودا- لەوانەیە بە نرخترین جۆری تاکەکان بن. بێگومان مەرجەعەکان هەرگیز ئەو باوەڕە پتەوەی کە بەتوانایی خۆیانیان هەیە بۆ دەست نیشان کردنی هێزی داهێنان {لە ئەوانیتردا} لە دەست نادەن. بەڵام مەبەستی ئەوان لە داهێنان، تێگەیشتنی خێرایە لە نیازەکانیان و تا ئەبەد ناتوانن جیاوازی ئەم دووانە دەرك بکەن. (رەنگە لێرەدا بتوانین پەی بە نهێنی گرفتی تایبەتی هەڵبژاردنی ڕێبەرە سەربازییە بە تواناکان ببەین. خواستی دیسیپلینی سەربازی ئەم دژوارییانە زیاتر دەکات کە ئاماژەمان بۆ کردن. شێوازی بەرەو پێش چوون لە سووپادا بە جۆرێکە کە ئەو کەسانە بەلاوە دەنێت کە بوێری بیرکردنەوەی سەربەخۆیان هەیە. سەبارەت بە داهێنانی فیکری، بە هیچ چەشنێك ئەوە ڕاست نییە کە دەڵێن ئەو کەسانە دەبنە فەرماندەی باش کە باش فەرمان جێبەجێ بکەن[٢٢]. ئەم جۆرە کێشانە لە

حزبە سیاسییەکانیشدا سەر هەڵدەدات: ((هەمەکارە)) و ((دەستەڕاستی))[٢٤] ڕێبەری حزب، بە دەگمەن جێگرەوەیەکی شایستەی لێ دەردەچێت).

بەبڕوای من لێرەدا دەگەینە دەرەنجامێکی تاڕادەیەك گرنگ کە دەتوانین گشتیەتی بێ ببەخشین. مۆبۆلیزەکردنی دەزگاگەلێ کە توانای هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی بەرجەستە و ممتازەکانیان هەبێت، ممکین نییە. لەوانەیە دەست نیشان کردن بەهۆی دەزگاکانەوە بۆ دابین کردنی ئەو مەبەستانەی کە ئەفلاتون لە خەیاڵی دابوو- واتە وەستاندنی گۆڕان- کردەیی بێت. بەڵام ئەگەر چاوەڕوانیەکی لەوە زیاترمان لێی هەبێت، ئەو کارە هەرگیز جێبەجێ نابێت، چونکە وردە وردە داهێنان و نوێکاری و بەشێوەیەکی گشتی سیفاتە نائاسایی و چاوەڕوان نەکراوەکان بەلاوە دەنێت. مەبەستمان لە خستنەڕووی ئەم تێبینییە، ڕەخنەگرتن نییە لە دەزگاگەرایی لە سیاسەتدا، لەلایەکەوە، جەخت کردنێکی نوێیە لەسەر ئەو شتەی پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوتمان دەبێ هەمیشە هەر لەو کاتەدا کە بۆ بەدەست هێنانی باشترین ڕێبەرەکان تێدەکۆشین، دەبێ بۆ خراپترینیش ئامادەبین، و لەلایەکی دیکەوە، ڕەخنەگرتنێکە لەمە کە ئەرکی ئاستەمی دەست نیشان کردنی باشترین تاکەکان بەسەر دەزگاکان، بەتایبەتی دەزگا پەروەردەییەکان بسەپێنرێت. ئەم شتە نابێت هەرگیز وەکو ئەرکی دەزگا ناوبراوەکان لە قەڵەم بدرێ. ئەم مەیلە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە دەگۆڕێ بۆ گۆڕەپانی پێشبڕکێ و پرۆگرامی خوێندن دەکاتە پێشبڕکێی ڕاکردن بەسەر بەربەست لێدەکات. خوێندکاری زانکۆ لە جیاتی ئەوەی هان بدرێت لە پێناو خوێندندا خۆی بۆ خوێندن تەرخان بکات و بەڕاستی حەزی لە بەشی خوێندنی خۆی و توێژنەوەکەی بێت{٢٣}، دنە دەدرێت کە لە پێناو تێپەڕکردنی پلەی پێشکەوتن بخوێنێت و بەرەو ڕێگایەك پەلکێش دەکرێ کە تەنیا بۆ بازدان بەسەر ئەو بەربەستانەی کە دەبێ لە پێناو پێشکەوتندا بیانبڕێت زانیاری وەدەست بێنێ. بەجۆرێکی تر، تەنانەت لە پانتایی زانستەکاندا[٢٥] شێوازەکانی هەڵبژاردنی ئێمە لەسەر بنەمای پەنابردن بۆ پلەخوازیی تاڕادەیەك ساویلکەی تاکەکەسی دامەزراوە. ٠کەواتە، ئاساییە کە هاوڕێکانی ئەو خوێندکارەی حەزی خۆی دەردەبڕێ، دژکردەوە بنوێنن و بە بەدگومانییەوە سەیری بکەن).

٢٤. Man Friday. ئاماژەیە بۆ "جومعە" نۆکەری بە وەفای ڕۆبنسن کروزۆ، پاڵەوانی ڕۆمانی بەناوبانگی نووسەری ئینگلیزی دانیل دیفۆ.

25. Science



هەڵبژاردنی ڕێبەرە فیکری و عەقڵیەکان بەهۆی دەزگاکانەوە، خواستێکی ئاستەمە و نەك هەر زانستەکان، بەڵکو ژیانی هزری و عەقلیش دەخاتە مەترسییەوە.

بەدبەختانە ڕاستیان وتووە کە دەڵێن ئامادەیی و زانکۆکانی ئێمە هەردووکیان داهێنراوی ئەفلاتونن. بە بڕوای من، هیچ هۆیەك بۆ گەشبینی لە هەمبەر مرۆڤ و هیچ بەڵگەیەك سەبارەت بە ڕەسەنایەتی و سەرسەختی و ساخلەمی و ئەڤینی لەناونەچووی مرۆڤەکان لەمەڕ ڕاستی و پاکی، باشتر و بەهێزتر لەم واقعیەتە دەست ناکەوێ کە ئەم سیستەمە پەروەردەییە وێرانکەرە تاکو ئێستا یەکڕاست لە ناو نەبردوون. سەرەڕای خیانەتی ئەو ژمارە زۆرەی ڕێبەرانی مرۆڤ، هێشتا ژمارەیەکی زۆر پیر و لاوی پاك و عاقڵ هەن کە خۆیان بۆ ئەو ئەرکانە تەرخان کردووە کە خستوویانەتە سەر شانی خۆیان. بە وتەی ساموێڵ باتلێر[٢٦]{٢٤}: ((هەندێ جار سەرم لەوە سوڕدەمێنێ کە چۆن ئەو گورزەی وەشێنرا، لەمە هەست پێکراوتر نەبوو و سەرەڕای ئەو هەوڵانەی کە کەم و زۆر بە ئەنقەست بۆ خوارکردن و وەستاندنی گەشەی ژن و پیاوە گەنجەکان بەکارهێنرا، دیسان ئەوان بەم چەشنە پاك و ژیرانەیە پەروەردە بوون. بێگومان هەندێکیان تا کۆتایی تەمەنیان پشتیان لە ژێر زەبری ئەم گورزەی کە بینییان، ڕاست نەبۆوە، بەڵام گەلێکیان هەستت نەدەکرد عەیبێکیان هەبێت و تەنانەت هەندێکیان بە ڕواڵەت باشتریش بوون. وادێتە بەرچاو هۆیەکەی ئەوە بێت کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، گەنجەکان بە حوکمی غەریزەی سروشتی، بەجۆرێکی وەها ڕەها لە بەرامبەر ئەو شێوازە پەروەردەییە دەوروژان کە مامۆستاکان هەرچییەکیان دەکرد نەیاندەتوانی ناچاریان بکەن بەجدی گرنگی بەمە بدەن)).

بەڵام لێرەدا ئەم خاڵەش جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە ئاشکرا بوو ئەفلاتون بەکردەوە هێندە سەرکەوتوو نەبوو لە هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنی ڕێبەرە سیاسییەکان. هێندە مەبەستم لە دەرەنجامی بێ هیواکەری تاقیکردنەوەکەی لەگەڵ دیۆنۆسیۆسی بچووکی ملهوڕی سیراکۆزنییە، بەڵکو زیاتر مەبەستم بەشداری ئەندامانی ئاکادیمیای ئەفلاتونە لە لەشکرکێشی سەرکەوتووانەی دیۆن[٢٧] بۆ جەنگ کردن لەگەڵ دیۆنوسیۆس. بەشێك لە ئەندامانی ئاکادیمیا، پشتیوانیان لە هاوڕێی بەناوبانگی ئەفلاتون واتە دیۆن دەکرد. یەکێکیان کالیپوس[٢٨] بوو کە

٢٦. Samuel Butler (١٨٣٥ ـ١٩٠٢). چیرۆك نووسی ئینگلیزی، نووسەری کتێبی بەناوبانگی Erewhon.

٢٧. Dio یان Dion (ناسراو بە دێونی سیراکۆزی) ـ (٤٥٩ـ٣٥٤ پێش زایین).

28. Callippus

جێی متمانەترین هاوسەنگەری دیۆن بوو. هێندەی پێنەچوو کە کالیپوس، دیۆنی کوشت و پلەو پایەی ملهوڕیی داگیرکرد. بەڵام پاش سێزدە مانگ لە دەستیدا. (کالیپوس خۆی بە دەستی فەیلەسووفێکی دەستەی فیساگۆرسی بە ناوی لپتنیس[٢٩] کوژرا). ئەم ڕووداوە تەنیا پێشهاتێکی لەم جۆرە نەبوو لەو ماوەیەدا کە ئەفلاتون خەریکی پەروەردە و وانە وتنەوە بوو. یەکێك لە موریدەکانی ئەفلاتون (و ئیسوکراتس) بە ناوی کلیارخوس[٣٠] پاش ماوەیەك خۆنواندن وەکو ڕێبەرێکی دیموکراتیك، بوو بە ملهوڕی هێراکیا[٣١]. ئەویش بە دەستی یەکێك لە خزمەکانی کە ناوی خێون[٣٢] بوو و ئەندامانی ئاکادیمیای ئەفلاتون بوو لەناوچوو. (نازانین خیۆن کە هەندێ کەس بە پیاوێکی ئایدیالیست وەسفی دەکەن، چی لێ دەردەچوو، چونکە بەزوویی کوژرا). ئەم ئەزموونانە و چەند ئەزموونی هاوشێوەی دیکە ئەفلاتون{٢٥}- کە لەنێو قوتابی و هاوکارە کۆنەکانی لانی کەم نۆ دانەیان بوون بە ملهوڕ- چەتوونی و دژوارییە تایبەتییەکانی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنی ئەو پیاوانەی بڕیار وایە دەسەڵاتی ڕەهایان پێ بسپێردرێت، ئاشکرا دەکات. گرانە بتوانین کەسێ بدۆزینەوە بە دەسەڵاتی ڕەهاوە، خووی گەندەڵی تێدا پەیدا نەبێت. بە وتەی لۆرد ئاکتۆن[٣٣]، هەموو دەسەڵاتێك گەندەڵکارە، دەسەڵاتی ڕەها بەڕەهایی گەندەڵکارە.

بەکورتی بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون زۆر زیاتر لەوەی کەساتیەتیگەرا بێت دەزگاگەرا بوو، ئەو هیوادار بوو کە پرسی جێنشینی ڕێبەرەکان بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی دەزگاکان و لەم ڕێگەیەوە گۆڕانی سیاسی بوەستێنێت. دەبووایە ئەم چاوەدێرییە لە ڕێگای پەروەردە و فێرکردنەوە پیادە بکرێ و لەسەر بناغەی تێڕوانینێکی ئۆتوریتەخواز سەبارەت بە وەدەست هێنانی زانیاری، واتە لەسەر مەرجەعیەتی پسپۆڕە بیرمەند و ((ئەو پیاوانەی کە ڕاستی و پاکییان سەلمێنراوە))، دابمەزرێت. سوقرات خوازیاری ئەوە بوو سیاسەتڤانێکی بەرپرس، ئەڤینداری حەقیقەت و حیکمەت بێ نەك پسپۆڕ و خاوەن تەکنیك و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە کەسێکی ئەوتۆ تەنیا بەمەرجێك دەتوانێ سوود لە حیکمەت و دانایی وەربگرێت کە

29. Leptines
30. clearchus
31. Heraclea
32 chion
٣٣. John Emerich Edward Dalberg, Lord Acton (١٨٣٤ـ١٩٠٢) مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیزی.



ئاگای لە کێماسییەکانی خۆی بێت{٢٦}. بەڵام ئەوە تێگەیشتنی ئەفلاتون بوو بۆ خواستەکانی سوقرات و ئەو سیمایەی کە پێیبەخشی.

# ٨

# شافەیلەسووف

**هەروەها دەوڵەت بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریان، بینای یاد-کردنەوە (مینۆمێنت) دروست دەکات و هەروەك نیمچە خواوەندان... هەروەکو پیاوانی پیرۆز بە چاکەی یەزدانی و خوائاسا... ڕێوڕەسمی قوربانیان بۆ ئەنجام دەدات.**

– ئەفلاتون

دژایەتی نێوان بیروباوەڕی ئەفلاتون و سوقرات تەنانەت لەمەش زیاترە کە تاکو ئێستا پێشانمان داوە. هەروەك وتمان، ئەفلاتون لە پێناسەی خۆیدا بۆ فەیلەسووف، پەیڕەوی لە سوقرات دەکرد. لە کۆماردا ئەمە دەخوێنینەوە[١]: ((تۆ چ کەسانێك بە فەیلەسووف دەژمێری؟- ئەو کەسانەی ئەڤینداری ڕاستی بن)). بەڵام ئەفلاتون لە کاتی دەبڕینی ئەم بابەتە، بۆ خۆی بە تەواوی ڕاستگۆنییە. بەڕاستی بڕوای پێی نییە چونکە لە هەندێ شوێنی دیکە بەڕاشکاوی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە یەکێك لە مافە تایبەت و شاهانەکانی ئەو کەسەی مافی سەروەری لە ژێر دەست دایە، کەڵك وەرگرتنی تەواوە لە درۆ و هەڵخەڵەتاندن. دەڵێت[٢]: ((درۆکردن و فریودانی دوژمنانی شار و هاوولاتیان لە پێناو سوودی شار، شتێکی تایبەت بە دەسەڵاتدارانی شارە و نابێت هیچ کەسێك کاری بەسەر ئەم مافە تایبەتییەوە بێ)).

((لە پێناو سوودی شاردا)). جارێکی تر سەیر دەکەین کە پرنسیپی سوودی کۆگەلی پلەی بەرزترین تێبینی ئەخلاقی داگیر دەکات. ئەخلاقی تۆتالیتێر بەسەر هەموو شتێکدا، تەنانەت بەسەر پێناسە و ئایدیای فەیلەسووفیشدا زاڵ دەبێ. پێویست ناکات ئەوە بە بیربێنینەوە کە



هەر بە حوکمی هەمان پرنسیپی قازانج بینی سیاسی، دەبێ ئەو کەسانەی کە ژێردەستەن ناچار بکرێن ڕاستگۆ بن. ((ئەگەر فەرمانڕەوا درۆی کەسێکی دیکە کەشف بکات... بە تاوانی هێنانی بیدعەیەك کە دەبێتە هۆی زیان و مەترسی بۆ شار، بە سزای دەگەیەنێت[٣])). تەنیا بەم مانایە دەتوانین تاڕادەیەك بە پێچەوانەی چاوەڕوانی، دەسەڵاتدارە ئەفلاتونیەکان- واتە شافەیلەسووفەکان بە ئەڤینداری ڕاستی لە قەڵەم بدەین.

## ١

بۆ ئەوەی بەکارهێنانی پرنسیپی سوودی کۆگەلی (دەستە جەمعی) لە هەمبەر ڕاستگۆیی ڕوون و ئاشکرا بێ، ئەفلاتون پزیشك وەکو نموونە دێنێتەوە، چونکە پەیامە سیاسییەکەی خۆی بە پەیامێکی دەرمانگەر و ڕزگاریدەری پەیکەری نەخۆشی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدات، هەر بۆیە ئەم نموونەیە زۆرباش هەڵبژێردراوە. جگە لەمە، ئەو ڕۆڵەی ئەفلاتون بە پزیشکی دەبەخشێت، خەسڵەتی تۆتالیتێری شارەکەی ڕوون دەکاتەوە، لەسەردەمی جووت بوونی دایك و باوك تاکو لێوی گۆڕ، بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت بەسەر ژیانی هاوولاتییەکانیدا زاڵە. ئەفلاتون پزیشکی وەکو جۆرە سیاسەتێك ڕاڤە دەکات و دەڵێ: ((ئایسکو لاپیوس(١)، خوای پزیشکی بە سیاسەتمەدار)) لە قەڵەم دەدات[٤]. ڕوونی دەکاتەوە کە دەبێ ئامانجی هونەری پزیشکی تەنیا بەرژەوەندی دەوڵەت بێ نەك زیاتر کردنی تەمەن و دەنووسێت: ((لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە لە ژێر حکومەتێکی ڕاست و دروست دان، دەوڵەت ئەو کارە تایبەتە بە هەرسێك دەسپێرێت کە بۆی دیاری کراوە. ئەرکیەتی کە ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەنێت و هیچ کەسێك کاتی ئەوەی نییە ژیان بە نەخۆشی و دەرمان تێپەڕ بکات)). کەواتە، پزیشك ((مافی ئەوەی نییە کە بەو کەسە ڕابگات کە ناتوانێت ئەرکە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام بدات، چونکە کەسێکی ئەوتۆ سوودی بۆ حاڵی خۆی یان حاڵی دەوڵەت نییە)). پاشان ئەم بابەتەی پێوە زیاد دەکرێت کە لەوانەیە ئەم کەسە ((منداڵی وەکو خۆی نەخۆشی هەبێت)) و ئەوانیش ببنە سەرباری دەوڵەت. (لە ڕۆژگاری پیریدا، ئەفلاتون سەرەڕای بێزارییەکی زیاتر لە تاکگەرایی، بە شێوازێك کە زۆرتر خاوەن لایەنی تاکەکەسییە، باسی پزیشکایەتی دەکات و زمانی گلەیی لە پزیشکەکان دەکاتەوە کە تەنانەت لەگەڵ هاوولاتییە ئازادەکانیش وەکو کۆیلە ڕەفتار دەکەن و ((وەکو

---

1. Aesculapius

ملهوڕێك كە ویستی ئەو حوكمی یاسای هەیە، ئامرانە فەرمان دەدەن و بە لەز دەچنە لای نەخۆشێكی كۆیلەئاسای دیكە[٥])).

خوازیاری ناسكی و سەبرێكی زیاترە لەدەرمانكردنی پزیشكیدا، لانی كەم بۆ ئەو كەسانەی كە كۆیلە نین). سەبارەت بە قازانجی درۆ و هەڵخەڵەتاندنیش، ئەفلاتون لەسەر ئەو بڕوایەیە كە ئەمانە ((تەنیا وەكو دەرمان بەسوودن[٦])). بەڵام پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت كە نابێ فەرمانڕەوای وڵات وەكو ئەو دەستە لە ((پزیشكە ئاساییەكان)) بجولێتەوە كە بوێری بەكارهێنانی دەرمانە بەهێزەكانیان نییە. شافەیلەسوف كە لە رووی فەیلەسووف بوونەوە ئەڤینداری راستییە، دەبێ وەكو پاشا ((پیاوێكی ئازاتر)) بێت، چونكە پێویستە بۆ ((بەكارهێنانی گەلێك درۆ و هەڵخەڵەتاندن)) بە ورە بێت-هەڵبەتە ئەفلاتون خێرا ئەوە زیاد دەكات، لە پێناو قازانجی ئەو كەسانەدا كە فەرمانڕەواییان بەسەردا دەكرێ و هەڵبەتە، هەروەك زووتر ئاگادار بووین و لێرەشدا دووبارە لە ئاماژەكردنی ئەفلاتون بە هونەری پزیشكی بۆمان دەردەكەوێ قازانجی ئەو كەسانە بە مانای ((قازانجی دەوڵەتە)). (كانت یەك جار ئەوەمان بیر دێنێتەوە- هەڵبەتە رۆحی وتەكە لەگەڵ ئەوەی لێرەدا باسمان كرد زۆر جیاوازە- كە رستەی ((راستگۆیی باشترین سیاسەتە)) لەوانەیە بەڕاستی جێگای گومان و پرسیار بێت، ئەوە لەكاتێك دایە كە رستەی ((راستگۆیی باشترە لە سیاسەت))[٢] پێویست بە لێدوان ناكات[٧]).

كاتێك ئەفلاتون ئامۆژگاری حوكمڕانەكان دەكات كە دەرمانی بەهێز بەكاربێنن، مەبەستی كام جۆرە درۆیە؟ كراسمەن بە حەق جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە مەبەستی ئەفلاتون ((پڕوپاگەندە یان تەكنیكی كۆنتڕۆڵ كردن و چاوەدێرییە بەسەر رەفتاری... جەماوەری خەڵكی ژێر دەستەكە زۆرینە پێك دێنن[٨])). بێگومان زیاتر لە خەڵكانی تر چاوی لەم كەسانە بووە، بەڵام كاتێك كراسمەن بەدركە دەڵێت درۆ پڕوپاگەندەییەكان تەنیا بۆ ئەوە بووە كە دەرخواردی خەڵكی ژێر دەستە بدرێت و دەبووایە فەرمانڕەواكان رۆشنبیرێكی تەواو بە ئاگاو بە خەبەربن، ناتوانم لەگەڵیدا هاوڕا بم. پێم وایە جیابوونەوەی تەواو و یەكجاری رێگای ئەفلاتون لە رێی عەقڵگەرایانەی سوقرات لە هیچ شوێنێنكدا لەو هەڵوێستە روون و ئاشكراتر بێت كە تێیدا دوو كەڕەت ئەفلاتون هیواداری خۆی دەردەبڕێت كە **تەنانەت خودی فەرمانڕەواكانیش**، لانی كەم لە دوای چەند نەوە بڕوا بە گەورەترین درۆ پڕوپاگەندەییەكەی-واتە رەگەز پەرستییەكەی یان

2. policy



هەمان ئەفسانەی **خوێن و خاكی**[٣] ناسراو بە **ئەفسانەی بوونی كانزاكان لە نێو مرۆڤ** و خاكزادەكان- بكەن. لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە بنەماكانی سوودگەرایی و تۆتالیتاریزم لای ئەفلاتون بەسەر هەموو شتێكدا زاڵ دەبێت، تەنانەت بەسەر مافی تایبەتی فەرمانڕەواكان بۆ زانینی حەقیقەت و داخوازی ئەوەی راستیان پێ بوترێت. ئەفلاتون لەبەر ئەوە دەیەوێ خودی فەرمانڕەواكانیش بڕوا بەم درۆ پڕوپاگەندەییە بكەن، چونكە هیوادارە كاریگەرییە ساخڵەمەكەی تەشەنە بسێنێ- واتە حكومەتی رەگەزی سەروەر پتەو تۆكمە بكرێت و دواجار هەموو جۆرە گۆڕانێكی سیاسی بوەستێنرێت.

## ٢

كاتێك ئەفلاتون ئەفسانەی **خوێن و خاك** دێنێتەوە، بەڕاشكاوی دان بەوە دادەنێت كە ئەمە جگە لە فرتوفێڵ هیچی تر نییە. ئەو ((سوقراتەی)) كە لە كۆماردا وێنەی كێشراوە، دەڵێت[٩]: ((باشە، ئێستابا بزانین دەتوانین یەكێك لەو درۆ زۆر بە كەڵكانە دروست بكەین كە هەنووكە ئاماژەمان بۆ كرد؟ تەنیا بەهۆی درۆیەكی لۆردانەوە[٤] دەتوانین، ئەگەر شانس یاوەرمان بێت، تەنانەت خودی فەرمانڕەواكان- یان لانی كەم سەجەم شار رازی بكەین)). سوود وەرگرتن لە وشەی ((رازی كردن)) شایەنی گرنگی پێدانە. رازی كردنی كەسێك بۆ ئەوەی بڕوا بە درۆیەك بكات، یاخود بەجۆرێكی تر، بە مانای گومڕاكردن یان فریودانەیەتی. ئەگەر ئاوها وەرمانگێڕابووایە كە ((دەتوانین، ئەگەر شانس یاوەرمان بێت، تەنانەت خودی فەرمانڕەواكانیش فریو بدەین)) لەگەڵ رۆحی بێ ئیمانی ئەم پارچەیەدا باشتر دەگونجا. ئەفلاتون وشەی ((رازی كردن)) بە زۆری بەكاردەهێنێ و بەكارهێنانیشی لێرەدا، بابەتەكە سەبارەت بە سەرجەم پارچەكانی دیكەش روون دەكاتەوە. دەبێ ئەمە وەكو هوشدارێك بێت كە لە پارچە هاوشێوەكانی تریشدا، لەوانەیە هزری لەسەر درۆپاگەندەییەكان بێ، بەتایبەتی لەو پارچەیەدا كە دەڵێت، دەبێ سیاسەتمەدار ((هەم لە رێگای رازی كردن و هەم لە رێگای زۆرەملێوە)) فەرمانڕەوایی بكات[١٠]. لە پاش راگەیاندنی ((درۆی لۆردانە))، ئەفلاتون لەجیاتی ئەوەی

3. Myth of Blood and soil

٤. lordly lie. وەرگێڕانی ناوەڕۆكی ئەم دەستەواژەیە لە یۆنانییەوە هەمیشە لەنێوان توێژەرو ئەفلاتووناسەكاندا جێگەی مشتومڕبووە. بۆ ئاگاداربوون لە بەڵگەكانی پۆپەر بۆ راستی وەرگێڕانەكەی، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٩ هەر لەم بەشەدا.

یەکڕاست دەست بکات بە گێڕانەوەی ئەفسانەکە، سەرەتا دیباچەیەکی درێژ ئامادە دەکات کە لە زۆر رووەوە بە دیباچە دووردرێژەکەی سەرەتای دۆزینەوەی دادپەروەری دەچێت و بە بۆچوونی من، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ نائاسوودەیی و پشێوی هزری ئەفلاتون. بەڕواڵەت ئەو چاوەڕوانی ئەوە نییە کە ئەو پێشنیارانەی کە دواتر دێن، هێندە لەلایەن خوێنەرەکانیەوە پەسەند بکرێت. لە **ئەفسانەکەدا**، دوو بیرۆکە دێنە ئاراوە: یەکەمیان بۆ بەهێزکردنی بارودۆخی بەرگری سەر زەوی باوانە و لەم بۆچوونەدا خۆی دەبینێتەوە کە شەڕکەرانی شاری ئەفلاتونی، خاکی یان ((لە دایك بووی خاکی وڵاتی خۆیان))ن و بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان، کە دایکیانە حازر و ئامادەن. ئەم هزرە دێرین و بەناوبانگە بێگومان هۆی دوو دڵی و راوەستانی ئەفلاتون نییە (هەرچەندە سیاقی دەستەواژەکە بە کینایە و بە زیرەکی ئەم مانایە دەگەیەنێت). بیرۆکەی دووەم، یان ((درێژەی داستانەکە))، ئەفسانەی رەگەزپەرستییە: ((خواوەند... بۆ ئەو کەسانەی کە توانایی حوکمڕانیان هەیە، زێڕ و لە نێو شەڕکەران، زیو و لە نێو جوتیار و سەرجەم چینەکانی تردا ئاسن و مسی بەکارهێناوە))[١١]. ئەم کانزایانە بە میرات دەگوازرێتەوە و وەکو تایبەتمەندی رەگەزیی لە قەڵەم دەدرێن. لەم پارچەیەدا، ئەفلاتون لەسەرەتادا هزرە رەگەزپەرستانەکەی خۆی بە دڕدۆنگی دەخاتەڕوو، پاشان ئەم دەرفەتە وەبەرچاو دەگرێ کە لەوانەیە منداڵەکان لە ئاوێتەیەکی جیا لە کانزای دایك و باوکیان لەدایك بن و دەبێ دان بەوەدابنێین کە ئەم رێسایەش رادەگەیەنێ کە ئەگەر لە یەکێك لە چینەکانی خوارەوەدا ((هەندێ منداڵ بە ئاوێتەی زێڕ و زیو لە دایك بن، دەبێ لەسەر زێرەڤانی... و شەڕکەری دابمەزرێنرێن)). بەڵام لە پارچەکانی دواتری کۆمار (و هەروەها یاساکاندا) ئەم ئیمتیازە وەردەگیرێتەوە. بەتایبەتی لە بەسەرهاتی چیرۆکی **دابەزینی مرۆڤ و ژمارە**[١٢] کە لە بەشی پێنجەمدا ئاماژەمان بە هەندێ لایەنی کرد. لەم پارچەیەوە دەتوانین پەی بەوە ببەین کە هەر چەشنە ئاوێتە بوونێك لەگەڵ یەکێك لە کانزا نزمەکان دەبێ لە چینەکانی سەرەوە بەلاوە بنرێت. کەواتە، دەرفەتی ئاوێتە بوون {ی کانزاکان} و لە ئاکامدا گۆڕانی پێگەی تاکەکان، تەنیا بەم مانایەیە کە دەتوانین منداڵە مەزنزادە بەڵام داڕماوەکان دابەزێنین. بەڵام ناتوانین هیچ کام لە منداڵە دەستکورتەکان بەرزبکەینەوە. لەمەڕ ئەوەی کە چۆن تێکەڵاوی کانزاکان حەتمەن وێران بوونی لێدەکەوێتەوە، لە پارچەی کۆتایی چیرۆکی دابەزینی مرۆڤ روون دەکرێتەوە: ((ئاسن لەگەڵ زیو تێکەڵ دەبێت و مەفرەغ لەگەڵ زێر و لەم تێکەڵاوییە، **جۆراوجۆری** لەدایك دەبێت و بێ رێساییەکی پووچ و عەبەس و هەر کاتێك ئەمانە بێنە سەر دونیا، دژایەتی و دوژمنیان لێ



لەدایك دەبێ. کەواتە لە هەر شوێنێك **جیاوازی** سەری هەڵدا، دەبێ بەم چەشنە باوان و زانەکەیان وەسف بکەین[١٣])). کەواتە، کاتێك لە کۆتایی ئەفسانەی خاکزادەکان رووبەڕووی پێشگۆییەکی ساختەیی غەیبگۆیەکی وەهمی دەبینەوە کە دەڵێت ((کاتێك ئاسن و مس زێرەڤانی شار بن، شار لەناو دەچێت[١٤]))، دەبێ لەژێر تیشکی تێبینییەکانی سەرەوە تێیبڕوانین. بێ مەیلی ئەفلاتون بۆ ئەوەی بیرە رەگەزپەرستانەکەی خۆی بەخێرایی بەشێوەیەکی توند و توندڕۆیانە بخاتەڕوو، بەبڕوای من دەربڕی ئەو {راستیەیە} کە دەزانێت چەندە رەگەزپەرستی لەگەڵ مەیلە دیموکراتی و مرۆڤدۆستییەکانی سەردەمەکەی دژایەتیان هەیە.

ئەفلاتون بەڕاشکاوی دان بەوە دادانێت کە ئەفسانەی خوێن و خاك، درۆیەکی پڕوپاگەندەییە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، شێوازی هزری شیکەرەوە و راڤەکارەکان لەمەڕ ئەم ئەفسانەیە هێندێك تاسێنەرە. بۆ نموونە، ئادام دەنووسێ[١٥]: ((بەبێ ئەمە، گەڵاڵەی گشتی ئێستای دەوڵەت بە ناتەواوی دەمایەوە. ئێمە بۆ دەوام و مانەوەی شار، هەندێ گرانتمان دەوێت... و هیچ شتێك نەیدەتوانی لەگەڵ رۆحی ئەخلاقی و دینی باڵادەست بەسەر پەروەردە و فێرکردنی ئەفلاتونی لەمە گونجاوتر بێت و ئەفلاتون ئەم گرانتە لە جیاتی عەقڵ لە ئیماندا دەدۆزێتەوە)). من بەتەواوی هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ شتێك لەگەڵ ئەخلاقیاتی تۆتالیتێری ئەفلاتون گونجاوتر لە لایەنگری درۆ پڕوپاگەندەییەکان نییە (هەرچەندە مەبەستی ئادام ئەوە نییە). بەڵام تێناگەم چۆن دەکرێ شیکەرەوە و راڤەکارێکی دیندار و ئایدیالیست بە شێوەیەکی لاوەکی بانگەشەی ئەوە بکات کە دین و ئیمان لە ئاستی درۆیەکی هەلپەرستانە دایە. شیکردنەوەکەی ئادام دابگەرایی هۆبز و بۆچوونی ئەو کەسانەمان بیردەخاتەوە کە دەڵێن سەرەڕای ئەوە کە بیروباوەڕی دینی راست نییە، بەڵام فێڵێکی سیاسی لەڕادەبەدەر بەرژەوەندی خوازانە و پێویستە. ئەم تێبینییە ئەوە دەردەخات ئەفلاتون زۆر لەوە زیاتر کە تەسەوڕ دەکرێ بڕوای بە دابگەرای هەیە. لانی کەم پیاوێکی بەناوبانگ بە دابگەرایی وەکو پڕوتاگۆراس لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە سەرەڕای ئەوە کە یاساکان دەستکردی خۆمانن، بەڵام بە ئیلهامێکی غەیبی دروست دەکرێن، ئەوە لەکاتێك دایە کە ئەفلاتون تەنانەت باکی لەمەش نییە کە ئیمانی دینی ((لەسەر بنەمایی (داب) )) دابمەزرێنێت. (هەڵبەتە دەبێ عادیل بین کە ئەو خۆی بێ پەردە دان بە ساختەیی بوونیان دادەنێت). چەتوونە بتوانین لەوەتێبگەین بۆچی ئەو دەستەیە لە شیکەرەوانی ئەفلاتون[١٦] کە لەبەر شەڕکردن لەگەڵ دابگەرایی وێرانکارانەی سۆفیستەکان ستایشی دەکەن و لە پێناو دامەزراندنی جۆرە سروشتگەراییەکی رۆحی کە لەسەر بنەمای

دیانەت چێ کراوە، پێی هەڵدەڵێن، کەچی خۆیان لەوە دەبوێرن لەبەر ئەوەی داب، یان باشتر وایە بڵێین، ساختەیی و چێ کردن دەکاتە بنەمای کۆتایی دین، سەرزەنشی بکەن. راستییەکەی ئەوەیە کە تێڕوانینی ئەفلاتون سەبارەت بە دیانەت کەلە ((درۆی ئیلهام کراوی)) ئەوەوە دەردەکەوێ، بەکردەوە هەمان تێڕوانینی دایەنی خۆشەویستی واتە کریتیاس-ی ڕێبەری بەرجەستەی سی ملهوڕەکەیە کە پاش جەنگی پلۆپۆنیزی، حکومەتێکی بێ ئابڕوو خوێنڕێژی لە ئەسینا دامەزراند. کریتیاس شاعیر بوو. یەکەمین کەس بوو کە ڕێزی لە درۆ پڕوپاگەندەییەکان گرت. کریتیاس چۆنیەتی ساختەیی ئەم درۆیانە لە شێعرێکی تۆکمەدا وەسف دەکات و بەو پیاوە دانا و فێڵبازە هەڵدەڵێت کە بۆ ((رازی کردنی)) خەڵك- واتە بە هەڕەشە، ناچاریان بکات مل بدەن- دینی دروست کردووە. بەشێك لەو شێعرە بەم چەشنەیە{١٧}:

پاشا وادەنوێنی کە پیاوە داناو فێڵبازەکە هات،
یەکەمین ئافرێنەری ترس لە خواوەندان...
چیرۆکێکی سازکرد، ڕێنماییەکی لەڕادەبەدەر هەڵخەڵەتێنەر و دڵڕفێن،
حەقیقەتی حەشاردا لە پشت گێڕانەوە درۆینەکانی،
لە بان قووبەی خولۆك و چاوگی گرمەی بروسکە،
لەو شوێنەی کە چاو بە درەوشانەوەی تۆقێنەری بروسکە کوێر دەبێ...
مرۆڤەکانی گیرۆدەی کۆتی ترس کرد،
یەزدانەکانی نێو لانە دڵڕفێنەکانیانی، بازنەئاسا لە دەوران دەوری خەڵکەکە دانا،
ئەفسونی کرد و سێحری لێ خوێندن و هێزی دڵیانی رفاند-
وبێ یاسایی بوو بە یاسا و ڕێکی.

لە ڕوانگەی کریتیاسەوە، دیانەت هیچ نییە جگە لە درۆیەکی لۆردانەی سیاسەتمەدارێکی گەورە و زیرەك. بیروبۆچوونی ئەفلاتونیش بە چەشنێکی بەرچاو بەهی ئەو دەچێت- جا چ لە رووی هێنانە نێو باسی ئەفسانەی ناوبراو لە کۆماردا (کە تێیدا بەڕاشکاوی دان بە درۆی ئەفسانەکە



دادەنێت) و چ لە یاساکاندا کە دەڵێ دانانی سرووت(٥)و سەقامگیر کردنی خواوەندەکان، ((کاری بیرمەندێکی گەورەیە)){١٨}. بەڵام ئایا حەقیقەت لەمەڕ هەڵوێست و تێڕوانینی ئاینیی ئەفلاتون هەر ئەوەندەیەو بەس؟ ئایا ئەو لەم پانتاییەدا، لە پیاوێکی هەلپەرست زیاتر هیچی دیکە نەبوو و رۆحی زۆر جیاوازی حاکم بەسەر بەرهەمە کۆنترەکانی، تەنیا رۆحێکی سوقراتییە؟ هەڵبەتە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین بە یەقینەوە بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام وەك سەرەتایەك من هەست دەکەم کە تەنانەت لە بەرهەمەکانی دواتریشدا، لەوانەیە هەندێ جار هەستوسۆزی دینی رەسەنتر دەربڕدرابێت. بەبڕوای من، لە هەر شوێنێك ئەفلاتون کاروباری ئایینی لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتدا دەخاتە ژێر سەرنجی خۆیەوە، هەلپەرستییە سیاسییەکەی هەموو هەستوسۆزەکانی تری بەلاوە دەنێت. بەم جۆرە سەیر دەکەین لە یاساکاندا خوازیاری سەختترین سزایە بۆ ئەو کەسانە کە تەنانەت ئەگەر دروستکار و شەرافەتمەندیش بن{١٩}، کاتێ کە بیروباوەڕیان لەمەڕ خواوەندەکانەوە لە بیروباوەڕی دەوڵەت لادەدات. گیانی ئەم کەسە دەبێ بخرێتە ژێر دەرمانی ئەنجوومەنی شەوانەی پشکنێرەکان(٦){٢٠} و ئەگەر تۆبەیان نەکرد یان تاوانەکەیان دووبارەکردەوە، ئەم جارەیان سزای بێحورمەتی کردن بە پیرۆزییەکان، مەگە. ئایا ئەفلاتون ئەوەی لەبیرچۆوە کە سوقرات ڕێك بوو بە قوربانی ئەم تۆمەتە؟

ڕێنمایی سەرەکی ئەفلاتون لە پانتایی ئایین دا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو خواستانە لە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرن نەك لە هۆگری بە ئیمانی دینییەوە. ئەفلاتون لە یاساکاندا دەڵێت کە خواوەندەکان هەموو ئەو کەسانە بە توندی سزا دەدەن کە لە ململانێی نێوان خێر و شەڕدا لایەنی ناڕاست دەگرن و ئەم ململانێیە وەکو دژایەتی نێوان کۆگەرایی و تاکگەرایی وەسف دەکرێت{٢١}. جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خواوەندەکان تەنیا تەماشاچی نین بەڵکو هۆگرییەکی کاریگەریان بە مرۆڤەکان هەیە. ئاستەمە بتوانین نەرم و هێمنیان بکەین. نە دەکرێ بە نوێژکردن لە سزا پاشگەزیان بکەینەوە نە بەقوربانی{٢٢}. لە ڕووی سیاسییەوە، خاڵێکی گرنگ لە پشت ئەم ڕێنماییەوە بوونی هەیە کە روونە و تەنانەت روونتریش دەبێ کاتێك ئەم خواستەی ئەفلاتون وەبەرچاو دەگرین کە دەبێ دەوڵەت هەموو جۆرە شك و گومانێك سەبارەت بەهەر بەشێك لەم پرنسیپە دۆگماسیاسی- دینیە یاساغ و سەرکوت

5. rites
6. Nocturnal council of Inquisitors

بکات، بەتایبەتی لەمەڕ ئەو ڕێنماییە کە دەڵێت خواوەندەکان هەرگیز چاوپۆشی لە سزادان ناکەن.

هەڵپەرستی ئەفلاتون و تیۆرەکەی لە هەمبەر درۆ هەڵبەستن، شیکردنەوە و ڕاڤەی وتەکانی سەخت و دژوار دەکات. ئەفلاتون چەندە بڕوای بە تیۆرەکەی خۆی هەیە لەمەڕ دادپەروەرییەوە؟ هەتا کوێ باوەڕی بەڕاستی ئەو دۆکترینە دینییە هەبوو کە بۆخۆی وەعزی دەکرد؟ سەرەڕای ئەوەی گەرەکی بوو بێ ئیمانەکانی (ملحد) تر (بێ بایەختر و بچووکتر) سزا بدرێن، ئایا دەتوانین بڵێین خۆی بێ ئیمان بوو؟ هەرچەندە ئومێدی ئەوە نییە بتوانین وەڵامێکی یەکلاکەرەوە بە هەموو ئەم پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام بەبڕوای من، نەك هەر چەتوونە کە گریمانەی ڕاستی پاڵنەرەکانی نەکەین، بەڵکو لە ڕووی میتۆدۆلۆژیشەوە ناڕاستە. بەتایبەتی پێم وانییە بتوانین گومان لەوە بکەین کە ڕاستگۆیانە بڕوای بەوە هەبووە دەبێ هەموو جۆرە گۆڕانێك بەبێ کات کوشتن، بوەستێنرێت. (لە بەشی دەیەم دووبارە دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە). لەلایەکی دیکەوە، جێگەی دوو دڵی نییە کە ئەفلاتون عیشقی سوقراتی بۆ حەقیقەت وەکو پاشکۆی پرنسیپێکی بنەماییتر لە قەڵەم دەدات کە بە پێی ئەم پرنسیپە دەبێ حکومەتی چینی سەروەر تۆکمەو بەهێز بکرێ.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شایەنی باسە کە تیۆری ئەفلاتون سەبارەت بەڕاستی، هەندێ کەمتر لە تیۆرەکەی لەمەڕ دادپەروەرییەوە بەرەو توندڕۆیی شۆڕ دەبێتەوە. هەروەك بینیمان، دادپەروەری، بەکردەوە وەکو شتێك پێناسە دەکرێ کە خزمەتکاری بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت تۆتالیتێرەکەی بێت. هەڵبەتە دەکرا چەمکی ڕاستیش بە هەمان شێوە بەپێی سوودگەرایی و پراگماتیزمەکەی[7] پێناسە بکرێت. ئەفلاتون دەیتوانی بڵێت ئەفسانەکەی من ڕاستە، چونکە هەرچییەك لە بەرژەوەندی دەوڵەتەکەی من بێت، دەبێ بڕوای پێ بهێنرێ و هەر بۆیە، ((ڕاست)) بێت و پێویست بە هیچ پێوەرێکی دیکە ناکات بۆ ڕاستی. لەڕاستیدا هێگڵ و ئەوانەی بەدوای داهاتن لە جیهانی کردەوەدا هەنگاوێکی هاوشێوەی ئەمەیان هاویشت و جێگرەوەکانی کە پڕاکماتیست بوون لە جیهانی تیۆردا هەوڵی هەنگاوێکی ئەوتۆیاندا {بەکردەوە خودی هێگڵ و جێگرە ڕەگەزپەرستەکانی هەنگاوێکی ئەوتۆیان هاویشت (بەپێی وەگێڕانی امیر جلال الدین اعلم) و.ك}. بەڵام ئەفلاتون هێشتا ئەوەندە ڕۆحە سوقراتیەی تێدا

7. Pragmatism



مابوو کە بەئاشکرا دان بە درۆزنی دابنێت. پێم وانییە بیری ئەو هەنگاوەی کە قوتابخانەی هێگل، هاویشتی، دەشیا بە هزری هیچ کام لە یاوەرانی سوقرات دابێت[23].

## ٣

هەر ئەوەندە سەبارەت بە پشکی **ئایدیای ڕاستی** لە باشترین دەوڵەتی ئەفلاتوندا بەسە. لە بەشی شەشەمدا، بەرنامە سیاسییەکەی ئەفلاتونمان وەکو بەرنامەیەکی تەواو تۆتالیتێر و مێژووگەرایانە ڕاڤەکرد. ئەگەر بمانەوێت وەڵامی ئەو تەشەرانە بدەینەوە کە ئاڕاستەی {ڕاڤەکەمان} کراوە، هێشتا دەبێت، سەرەڕای **دادپەوەری** و **ڕاستی**، هەندێ نموونەی تری وەکو **چاکی** و **جوانی** و **خۆشی** یان **بەختەوەریش** هەڵبسەنگێنین. دەتوانین سەبارەت بەم ئایدیایانە و ئایدیای **دانایی** یان **حیکمەت** کە لە بەشی ڕابردوودا لەسەری دواین، بەم جۆرە باسەکەمان دەست پێبکەین کە دەرەنجامی تاڕادەیەك نێگەتیڤی تاوتوێ کردنەکەمان سەبارەت بە ئایدیای ڕاستی بخەینە ژێر هەڵسەنگاندنەوە. ئەو دەرەنجامەی ئاماژەمان بۆ کرد ئەم پرسە نوێیە دێنێتەوە بەرباس بۆچی ئەفلاتون دەیەوێ فەیلەسووفەکان ببنە پاشا و پاشاکان ببنە فەیلەسووف، لەکاتێکدا، لەلایەکەوە، فەیلەسووف وەکو ئەڤینداری ڕاستی پێناسە دەکات و لەلایەکی تریشەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەبێ شا ((ئازاتر)) بێت و پەنا بۆ درۆ ببات.

ئاشکرایە بەرسڤەکە ئەوەیە کە کاتێ ئەفلاتون وشەی ((فەیلەسووف)) بەکاردێنێت، مانایەکی زۆر جیاوازی لە هزر دایە. لەڕاستیدا، هەروەك لە بەشی ڕابردوودا بینیمان، فەیلەسووف لای ئەو خوازیارێکی یەکدڵی دانایی نییە، بەڵکو خاوەنێکی مەغروری داناییە. پیاوێکی زانینخواز و دانایە. هەر بۆیە، ئەوەی ئەفلاتون دەیەوێت، حکومەتی زانین و زانیارییە یان ئەگەر مۆڵەتی ئەوەمان هەبێت ئەم ناوەی لێ بنێین: **زانین سالاری (سۆفۆکراسی)**[8]. بۆ تێگەیشتن لەم خواستەی ئەفلاتون، دەبێ ئەوەمان بۆ دەرکەوێ کە بەهۆی چی و چ جۆرە ئەرکێك خوازیاری ئەوەیە کە فەرمانڕەوای باشترین دەوڵەت، کەسێکی خاوەن زانیاری بێت یان بە وتەی خودی ئەفلاتون، ((فەیلەسووفێکی شایستە)) بێ. ئەو ئەرکانەی دەبێ هەڵیانسەنگێنین، دەتوانین بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشیان بکەین: یەکیان ئەرکی تایبەت بە **بوونیاتنان یان دامەزراندنی** دەوڵەتە و ئەویتریان تایبەتە بە **پارێزگاری و پاراستنی**.

8. Sophocracy

## ٤

یەکەمین و گرنگترین ئەرکی شافەیلەسووف، ئەو ئەرکەیە کە دەبێ وەك دامەزرێنەر و یاسادانەری شار بە ئەستۆی بگرێ. ئاشکرایە بۆچی ئەفلاتون بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە پێویستی بە فەیلەسووفێکە. ئەگەر گەرەکمانە دەوڵەت خودان سەقامگیری بێ، دەبێ کۆپیەکی راستی فۆڕم یان ئایدیای یەزدانی دەوڵەت بێت و تەنیا فەیلەسووفێك کە لەبەرزترین زانستدا، واتە لە دیالیکتیکدا، شارەزا و مامۆستایە، دەتوانێ پرنسیپی ئاسمانی ببینێ و کۆپی بکات. لەو بەشەی کۆماردا کە ئەفلاتون خەریکی فراوانکردنی بەڵگەخوازییە بۆ لایەنگری کردن لەسەروەری فەیلەسووفەکان، ئەم خاڵە زۆرجەختی لەسەر دەکرێ[٢٣]. فەیلەسووفەکان ((عاشقی دیداری حەقیقەتن)) و ئەڤینداری راستەقینە، هەمیشە عاشقی بینینی هەمەکە نەك تەنیا دیتنی هەندەکەکان. کەواتە ئەو، بە پێچەوانەی خەڵکی ئاسایی، ئەڤینداری شتە هەست پێکراوەکان[٩] و ((دەنگ و رەنگ و شێوە جوانەکانی)) ئەو شتانە نییە، بەڵکو گەرەکیەتی ((سروشتی راستەقینەی جوانی)) ، واتە فۆرم یان ئایدیای جوانی ((ببینێت و ستایشی)) بکات. بەم چەشنە، ئەفلاتون مانایەکی نوێ بە چەمکی فەیلەسووف دەبەخشێ، کە هەمان عاشق و بینەری جیهانی یەزدانی فۆڕم یان ئایدیایە. کەواتە، لەم روویەوە، فەیلەسووف ئەو کەسەیە کە بتوانێ دامەزرێنەری چاکەشار[١٠] بێت[٢٥]: ((ئەو فەیلەسووفەی کە پەیوەندی لەگەڵ {جیهانی} یەزدانی هەیە)) لەوانەیە ((یەکڕاست رکێفی خۆی بداتە دەست ئەو پاڵنەرەوە کە کەشفە ئاسمانییەکەی خۆی))سەبارەت بە شاری ئایدیالی و هاوولاتییە، نموونەییەکانی ((بەدی بێنێت)). تەنیا فەیلەسووفە راستەقینەکان دەتوانن ((گەڵاڵەی نەخشەی بناغە یان بنەمای شارەکە بکێشن)) چونکە تەنیا ئەوان لە توانایان دایە بنەچەکە ببینن و کۆپی بکەن و بەم چەشنە ((لێگەڕێن چاوەکانیان لەم لا بۆ ئەولا بگێڕن، لە مۆدیلەوە بۆ وێنە و دیسان لە وێنەوە بۆ مۆدێل)).

فەیلەسووف وەکو ((نیگارکێشی حکومەت))[٣٦]، دەبێ یارمەتی لە تیشکی چاکە و دانایی بخوازێت. ئێستا هەندێ تێبینی لەمەڕ ئەم مانایە و نرخ و گرنگییەکەیان بۆ فەیلەسووف لە

9. sensible things
10. virtuous city



روانگە ئەو ئەرکەی وەکو دامەزرێنەری شار لە ئەستۆی دایە، بەو شتانەوە زیاد دەکەین کە ئاماژەمان پێکردن.

لە پلە یەك لە دوای یەکەکانی فۆرمدا، ئایدیای خێر یان چاکەی[١١] ئەفلاتون، لە هەموویان بەرزترە. ئەم خۆری جیهانی یەزدانی فۆرم یان ئایدیاییە و نەك هەر هەموو ئەندامانی جیهانی ناوبراو رووناك دەکاتەوە بەڵکو چاوگی بوونیانە[٢٧]. جگە لەمە، سەرچاوە یان هۆکاری هەموو جۆرە مەعریفە و هەر چەشنە راستیەکە[٢٨]. کەواتە، هێزی بینین و ناسین و زانینی نرخ و بەهای خێر یان چاکە بۆ مامۆستای دیالێکتیك پێویستە[٢٩]. ئەم ئایدیایە، خۆر یان چاوگی رووناکییە لە جیهانی فۆرمدا و هەر بۆیە، ئەو توانایە بە فەیلەسووفی نیگارکێش {Philosopher - Painter} دەبەخشێت کە شت و دۆخەکان دەست نیشان بکات. کەواتە، کارەکەی بۆ بنیاتنانی شار خودان بەرزترین گرنگییە، بەڵام ئەم زانیارییە رواڵەتییە، تەنیا شتێکە کە بە دەستمان دەگات. ئایدیای چاکەی ئەفلاتون لە هیچ شوێنێکدا رۆڵێکی ئەخلاقی و سیاسی راستەوخۆتر رایی ناکات، لە هیچ جێگەیەکدا گوێبیستی ئەوە نابین کە کامە کردەوە چاك یان ئافرێنەری چاکەیە. دەستوور و رێورەسمی ئەو رێبازە ئەخلاقییە دەستە جەمعیەش بەبێ پەنا بردنەبەر ئایدیای چاکە دەخرێنەڕوو. ئەو وتەیەی کە دەڵێت چاکە ئامانجە و خواستی هەموو مرۆڤێکە[٣٠]، شتێك بە زانیارییەکانمانەوە زیاد ناکات. لە دیالۆگی فیلێبوس کە چاکە وەکو ئایدیای ((پێوەر))[١٢] یان ((نێونج))[١٣] حسێب دەکرێ[٣١]، ئەم ڕواڵەت بینییە بێ ناوەڕۆکە تەنانەت حاڵەتێکی بەرچاوتر بەخۆوە دەگرێ. هەرکاتێ ئەوە دەخوێنمەوە کە ئەفلاتون لە وتاربێژییە بەناوبانگەکەی لە ژێر ناوی ((لەمەڕ چاکەوە))، بوو بەهۆی بێ ئومێدی بیسەرە کەم خوێندەوارەکانی، چونکە چاکەی بە ((ریزێك لە {شتە} دیاریکراوەکان)) پێناسە کرد کە ئەم {شتانە} ((هەروەکو تاکە {حاڵەتێك} تەسەور بکرێن)) لەگەڵ گوێگرەکاندا هاودەردم. ئەفلاتون بەڕاشکاوی لە کۆماردا دەڵێت[٣٢] ناتوانێ شی بکاتەوە کە مەبەستی لە ((چاك)) یان ((چاکە)) چییە. تەنیا نیشانەیەك کە لە ڕووی کردەییەوە سوودی هەیە، هەر ئەوەیە کە لە بەشی چوارەمدا ئاماژەمان بۆ کرد و بریتی بوو لەوە کە باش هەر شتێکە کە دەپارێزێت و ئاگاداری دەبێ و خراپ هەر شتێکە کە گەندەڵی یان دارمانی لێ دەکەوێتەوە. (بەڵام لێرەدا

11. Idea of the good
12. Measure
13. mean

وانایەتە بەرچاو کە ((باش)) هەمان ئایدیای چاکە بێت، بەڵکو لە ڕواڵەتدا تایبەتمەندییەکە لە شتەکاندا و دەیانکاتە هاوشێوەی ئایدیاکان). بەم چەشنە، چاکە بریتییە لە حاڵەتی نەگۆڕ و وەستاوی شتەکان، حاڵەتی شتە ئارامگرتووەکان.

وانایەتە بەرچاو ئەوەی وترا لە جێگەیەکی زیاتر لە تۆتالیتاریزمی سیاسی ئەفلاتونمان تێ پەڕێنێت. شیکردنەوەی ئایدیای دانایی ئەفلاتونیش دەرەنجامێکی وەکو ئەمە بێهیواکەری لێدەکەوێتەوە. هەروەك بینیمان، دانایی یان حیکمەت لای ئەفلاتون نەك هەر بەمانای بینینی سوقرات ئاسای کێماسی و کەموکوڕییەکانی خودی تاکە کەس نییە، بەڵکو بەو مانایەش نییە کە زۆربەمان لەوانەیە چاوەڕوانی بکەین، واتە هۆگری ئیجابی و تێگەیشتنێکی یارمەتیدەرانە سەبارەت بە مرۆڤ و کاروبارە مرۆییەکان. بە بۆچوونی ئەفلاتون، پیاوە حەکیمەکان لەبەر ئەوەی زۆر بە توندی هزریان بە بابەتەکانی جیهانی سەرەوە خەریکە، ((دەرفەتی ئەوەیان نییە سەیری خوارەوە، سەیری کاروباری مرۆڤەکان بکەن...، ئەوان چاودەبڕنە {کاروبارە} ڕێك و بە پێوانەکان[١٤] و ئاوێزانیان دەبن)). ئەوەی دانایی بە مرۆڤ دەبەخشێت، زانین و زانیارییە لە جۆرە ڕاستەکەی: ((خەسڵەتی فەلسەفی ئەڤینداری ئەو جۆرە زانینەیە کە ئەو حەقیقەتەیان لا ئاشکرا دەکا کە تا ئەبەد بوونی هەیە و تووشی هاتنەبوون و گەندەڵ بوون نایەت)). پێناچێت باسەکەی ئەفلاتون سەبارەت بە دانایی بۆ شوێنێکی دوورتر لە ئایدیای وەستاندنی گۆڕانمان ببات.

## ٥

هەرچەندە شیکردنەوەی ئەرکەکانی دامەزرێنەری شار، هیچ توخمێکی ئەخلاقی نوێی لە ڕێنمایی ئەفلاتوندا ئاشکرا نەکرد، بەڵام ئەوەی پێشان داین کە بەڵگەیەکی دیاریکراو بوونی هەیە کە لەبەرچی بونیاتنەری شار دەبێ فەیلەسووف بێت. بەڵام ئەمە، پاکانەیەکی تەواو نییە بۆ داخوازی سەروەری هەمیشەیی بۆ فەیلەسووفەکان. تەنیا ئەوە روون دەکاتەوە بۆچی دەبێت فەیلەسووف یەکەمین یاسادانەر بێ. ئارگۆمێنتێکمان ناخاتە ژێر دەست کە بۆچی دەبێ هەمیشە فەیلەسووفەکان فەرمانڕەوایی بکەن، بەتایبەتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هیچ کام لە فەرمانڕەواکانی دواتر مافی هێنانی هیچ گۆڕانێکیان نییە. کەواتە بۆ ئاگاداربوون لە پاساوی تەواوی ئەوە کە بۆچی دەبێ فەیلەسووفەکان حکومەت بکەن، پێویستە خەریکی

14. the ordered and the measured



شیکردنەوەی ئەرکی تایبەت بە پارێزگاری و پاراستنی شار بین. لە تیۆرە کۆمەڵناسییەکانی ئەفلاتونەوە بۆمان دەرکەوت کە تا ئەو کاتەی شەقار نەکەوتۆتە نێو یەکیەتی چینی سەروەر، دەوڵەتە دامەزراوەکە هەر وا بە سەقامگیری دەمێنێتەوە. کەواتە، ئەو ئەرکە گەورەیەی کە لە رووی پارێزگارییەوە لە ئەستۆی دەسەڵاتدارەکانە، ئەو ئەرکەی کە تاکو دەوڵەت هەیە دەبێ درێژەی هەبێت، پەروەردەکردنی ئەندامانی ئەو چینەیە. چۆن ئەم ئەرکەپاساو بۆ ئەو خواستە دێنێتەوە کە دەبێ فەیلەسووف فەرمانڕەوایی بکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە دوو چالاکی جیاواز لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدا لە یەکتر جیا بکەینەوە: یەکیان سەرپەرشتی کردنی پەروەردە و خوێندن و ئەویتریان سەرپەرشتی پەروەردەکردنی نەوە و چاکسازی رەگەزی.

بۆچی دەبێ هەڵسوڕێنەری ماشینی پەروەردە و فێرکردن فەیلەسووف بێ؟ بۆچی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت و سیستەمی خوێندن، هەر ئەوەندە بەس نییە کە بەرپرسایەتییەکەی بەسەرداریکی بە ئەزموون یان شاسەربازێك بسپێردرێ؟ ئەگەر وەڵام بدەینەوە کە سیستەمی پەروەردەیی دەبێ نەك هەر سەباز بەڵکو فەیلەسووفیش بەرهەم بێنێ و هەر بۆیە بۆ سەرپەرشتی، هەم پێویستی بە فەیلەسووفە و هەم بە سەرباز، بەرسڤەکەمان قانعکەر نابێت، چونکە گەر پێویستمان بە فەیلەسووفەکان نەبووایە وەکو هەڵسوڕێنەری ماشینی پەروەردە و فێرکردن و دەسەڵاتداری هەمیشەیی، ئەوا سیستەمی پەروەردەیی پێویستی بەوە نەبوو فەیلەسووفی نوێ بخاتەوە. پێداویستییەکانی ماشینی پەروەردەیی لە خودی خۆیدا ناتوانێت پاساو بۆ پێویستی بە فەیلەسووفەکان لە دەوڵەتی ئەفلاتونیدا بێنێتەوە یان پرنسیپێك دابڕێژێت کە دەبێ فەرمانڕەواکان فەیلەسووف بن. هەڵبەتە ئەگەر پەروەردە و فێرکردنی ئەفلاتونی- بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئامانجی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی دەوڵەت- ئامانجێکی تری هەبووایە کە لەسەر بنەمای تاکگەرایی دامەزرا بووایە، بۆ نموونە پەروەردەکردنی توانای فەلسەفی بۆ خودی خۆی وەبەرچاوگرتبایە، بابەتە جیاواز دەبوو. بەڵام کاتێك سەیر دەکەین، هەروەکو لە بەشی رابردووشدا بینیمان، ئەفلاتون چەندە لەبیرکردنەوەی سەربەخۆ دەترسێت{٣٣} و سەرنج دەدەین کە لەرووی تیۆرییەوە، ئامانجی کۆتایی ئەم پەروەردە فەلسەفیە تەنیا ((ناسینی ئایدیای چاکە))یە و ئەم مەعریفەیە تەنانەت لەشیکردنەوە و دەبڕینی ئەم ئایدیایەش بێ توانایە- ئەو کاتە بۆمان دەرکەوێ کە هۆکاری راستەقینە ئەمە نییە. ئەم هەستە بەهێزتر دەبێت کاتێك بەبیر خۆمانی دێنێتەوە ئەفلاتون لە بەشی چوارەمدا خوازیاری هەندێ سنوور و

بەرتەسکییە تەنانەت سەبارەت بە فێربوونی ((میوزیك))[١٥]. ئەو گرنگییە لە ڕادەبەدەرەی کە ئەفلاتون بە پەروەردەی فەلسەفی فەرمانڕەواکانی دەدات، دەبێ لە ڕێگای بەڵگەی ترەوە روون بکرێتەوە- ئەو بەڵگانەی کە دەبێ تەواو سیاسی بن.

بەبڕوای من بەڵگەی سەرەکی، هەمان پێویستی زیادکردنی ئوتوریتەی فەرمانڕەواکانە تا دوا ڕادە. ئەگەر پەروەردە و فێرکردنی شەڕکەران بە باشی بە ئاکام بگات، سەربازی باش گەلێك زۆر دەبن. کەواتە، لەوانەیە توانایی سەربازی بەرجەستە کافی نەبێت بۆ سەقامگیرکردنی ئوتوریتەی بێ ئەملاو ئەولا و ئەو پێویستیە بێتە ئاراوە کە ئەم ئوتوریتەیە لەسەر بنەمای بانگەشەیەکی بەرزتر تۆکمە بکرێت. ئەفلاتون ئەم ئوتوریتەیە لەسەر بناغەی هێزە بانسروشتییە ساحرانەو عارفانەکان[١٦] دادەمەزرێنی کە لە نێو ڕێبەرەکانی {شاری} خۆیدا پەروەردەی دەکات. ڕێبەرەکان وەکو خەڵکی تر نین، سەر بە جیهانێکی دیکەن و پەیوەندییان بە جیهانی یەزدانییەوە هەیە. بەم چەشنە، وادێتە بەرچاو شافەیلەسووف، لانی کەم لە هەندێ ڕووەوە، لە ڕووی نموونەی خێڵەکی شا {ئۆلدار} کاهین[١٧] کۆپی کرابێت کە لە باسی هێراکلیتوسدا ئاماژەمان بۆ کرد.(پێدەچێت کە دەزگای {حکومەتی} شاکاهینەکان یان سێحربازە شەفابەخشەکان[١٨] یان شەمنەکان، کاریگەری لەسەر فیساگۆرسیە کۆنەکانیش هەبووبێت. ئەم فرقەیە بڕوایان بە هەندێ تابۆی خێڵەکی هەبوو کە لەڕووی خاوی و ساویلکەیی سەرسوڕهێنەر بوو. بەڕواڵەت بەشێکی زۆر لەم تابۆیانە تەنانەت بەر لە ئەفلاتونیش وازیان لێ هێنرابوو، بەلام فیساگۆرسییەکان بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئوتوریتەکەیان خاوەن بنەمایەکی بان سروشتییە). کەواتە، پەروەردەی فەلسەفی لای ئەفلاتون خودان ئەرکێکی سیاسی دیاریکراوە. **نیشانەیەکە کە فەرمانڕەواکان جوێ (ممتاز) دەکاتەوەو لە نێوان دەسەڵاتدار و ژێر دەستەکاندا بەربەستێك دروست دەکات.** (ئەم شتە تاکو ئەمڕۆش بەردەوام یەکێك لە ئەرکەکانی خوێندنی ((باڵا)) یە). وەدەست هێنانی حیکمەتی ئەفلاتونی، زیاتر لە پێناوی

١٥. هەروەك پێشتر باسمانکرد مەبەست لەم جۆرە پەروەردەیە، پەروەردەی مەعنەوی و رۆحی و خوێندنی ئەدەبییە.

١٦. ئاوەڵناوی mystical (وmystic ) لە زمانی ئینگلیزیدا هەم بەمانای "عیرفانی"و "عارفانە"و هەم (لەهەندێ حاڵەتی تارادەیەك دەگمەندا) بەواتای "ساحیرانە" یان "جادوویی" دێت.

17. Priest- King

18. medicine- men



سەقامگیرکردنی حکومەتێکی سیاسی هەمیشەیی و چینایەتییە. دەتوانین ئەم حیکمەتە بە ((پزیشکی))ی سیاسی وەسف بکەن کە هێزێکی جادویی یان عیرفانی بە خاوەنەکانی خۆی، واتە بە ساحیرە شەفابەخشەکان، دەبەخشێت{٣٤}.

بەلام ئەمە ناتوانێت بەرسڤێکی تەواو بە پرسیارەکەی ئێمە بداتەوە سەبارەت بە ئەرکەکانی فەیلەسووف لە شاری {ئەفلاتونی}دا، بەڵکو زیاتر ئەو واتایەی هەیە کە پرسی بەڵگەی پێویستی بە فەیلەسووف، جێگۆڕکێی پێ کراوە و ئێستا دەبێ پرسیارێکی هاوشێوە لەمەڕ ئەرکی شەمەن یان ساحیرە شەفا بەخشەکان لە سیاسەتی پراکتیکی دابێنینەوە بەرباس. ئەو کاتە کە ئەفلاتون گەلاڵەی ئەم پەروەردە پسپۆڕییە فەلسەفیەی دادەڕشت، بێ گومان ئامانجێکی دیاریکراوی لە هزردا بوو. دەبێ بەدوای ئەرکێکی هەمیشەیی دابگەڕێین بۆ فەرمانڕەوا کە شیاوی بەراوردکردن بێت لەگەڵ ئەرکی کاتەکی یاسادانەردا. تەنیا لە شوێنێکدا دەتوانین هیوامان بە دۆزینەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ هەبێ و ئەویش لە پانتایی پەروەردەکردنی رەگەزی سەروەردایە.

## ٦

باشترین ڕێگای بۆ تێگەیشتن لەوە کە بۆچی فەیلەسووفێك بۆ حوکمڕانییەکی هەمیشەیی پێویستە، خستنەڕووی ئەم پرسیارەیە: ئەگەر وڵاتێك بەردەوام لەژێر فەرمانی فەیلەسووفێك دانەبێت، بەبڕوای ئەفلاتون چی بەسەر ئەم وڵاتە دێت؟ ئەفلاتون بەرسڤێکی روونی ئەم پرسیارەی داوەتەوە. ئەگەر ((زێرەڤانان))[١٩]ی دەوڵەت، تەنانەت دەوڵەتێکی تەواویش، لە زانیاری فیساگۆرسی بێ بەری بن و ئاگاداری ژمارەی ئەفلاتونی نەبن، ئەوا رەگەزی زێرەڤانان و وێرای ئەویش، خودی دەوڵەت ناچارە ڕێگای دارمان بگرێتەبەر.

بەم چەشنە، رەگەزپەرستی، لە بەرنامەی سیاسی ئەفلاتوندا، پلەو پایەیەکی گرنگتر لەوە بەدەست دێنی کە لەسەرەتادا لەوانەبوو چاوەڕوانی بکەین. ژمارەی ئەفلاتونی، تایبەتە بەپرسی رەگەزی و ژنخوازی و هەروەك زەمینەیەك بۆ کۆمەڵناسیی وەسفیی ئەفلاتون دێنێتە ئاراوە-ئەو زەمینەیەی کە بە وتەی ئادام ((فەلسەفەی مێژووی ئەفلاتونی تێدا دەگونجێنرێت))-

١٩. ئاگاداری خوێنەران دەکەینەوە کە مەبەستی ئەفلاتوون لە "زێرەڤانان" فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە تەواو و کاملەکەیتی.

زەمینەیەکیش بۆ خواستی سەروەری فەیلەسووفەکان دەستەبەر دەکات. لە بەشی چوارەمدا ئاماژەمان بەوەکرد کە زەمینە و پێشینەی دەوڵەتی ئەفلاتون، لە شوانێتی و ئاژەڵدارییەوە سەرچاوە دەگرێ. بە وەبەرچاوگرتنی ئەمە، رەنگە هێندە چاوەڕوان نەکراو نەبێت کاتێك سەیر دەکەین شای ئەفلاتونیش، پاشایەکە خەریکی پەروەردەکردنی نەوەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، لەوانەیە هەندێك هێشتا پێیان سەیر بێت کە تەنانەت فەیلەسووفی ئەفلاتونیش کارەکەی پەروەردەکردنی نەوەیە بە چەشنێکی فەلسەفی. یەکێك لە بەڵگە گرنگەکان بۆ لایەنگری لە سەروەری فەیلەسووفەکان، پێویست بوونی میتۆدێکی زانستی و شێوازێکی ماتماتیکی-دیالێکتیکی و فەلسەفییە بۆ پەروەردەکردنی نەوە.

لە بەشی چوارەمدا ئەوەمان پێشاندا کە پرسی پەروەردەکردنی رەگەزی پاك و بێگەردی ئەو کەسانەی کە وەکو سەگی پاسەوان بن، چۆن لە بەشە سەرەتاییەکانی کۆماردا جەختی لەسەر دەکرێ و فراوان و درێژ دەکرێتەوە. بەڵام تاکو ئێستا تووشی بەڵگەیەکی پەسەند نەبووینەتەوە کە بۆچی فەیلەسووفێکی شایستە دەتوانێت بە لێزانی و سەرکەوتوویی خەریکی کاری سیاسی پەروەردەکردنی نەوە بێت. هەموو پەروەردەکارێکی سەگ و ئەسپ و باڵندە ئەوە دەزانێت کە دەبێ ئامانجێکی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە رێنوێنی هەوڵ و تەقەلاکانی، ئایدیایەك کە بەهۆی شێوازەکانی جووت بوون و هەڵبژاردن بتوانێت لێی نزیك ببێتەوە، ئەگینا پەروەردەکردنی نەوە لەسەر بنەمای عەقڵ و لۆژیك مەحاڵە. بەبێ ئەو پێوەر یان نیشاندەرە، هەرگیز ناتوانێ بەم دەرەنجامە بگات کە کامە تۆو ((بێ کەموکوڕی))یە و هیچ کاتێك ناتوانێت جیاوازی لە نێوان ((تۆوی باش)) و ((تۆوی خراپ)) بکات. ئەم ستانداردە رێك هاوتای ئایدیای ئەفلاتونی ئەو رەگەزەیە کە گەرەکیەتی پەروەردەی بکات.

هەر بەو جۆرە کە بە بڕوای ئەفلاتون، تەنیا فەیلەسووفیڕاستەقینە یان مامۆستای دیالێکتیك توانای بینینی بنەچەی یەزدانی شاری هەیە، دیسان هەر ئەو یان مامۆستای دیالێکتیکە کە لە توانایدا هەیە بنەچە یەزدانییەکەی تر، واتە فۆرم یان ئایدیای مرۆڤ ببینێت. تەنیا ئەو دەتوانێت ئەم نموونە یان مۆدیلە کۆپی بکات و لە ئاسمانەوە بیهێنێتە سەر زەوی{٣٥} و لێرەدا پراکتیکەی بکات. ئەم ئایدیا مرۆییە، ئایدیایەکی شائاسایە. بە پێچەوانەیوێنای هەندێ کەس، دەربڕی لایەنی هاوبەشی هەموو مرۆڤەکان نییە، مەفهوومی گشتی ((مرۆڤ)) نییە.



بنەچەی خوا ئاسایی مرۆڤە، بەرزە مرۆڤێکی[٢٠] نەگۆڕە، بەرزە یۆنانی[٢١] و بەرزە سەروەرێکە[٢٢]. هەوڵی فەیلەسووف دەبێ لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو شتەبێ لە جیهانی خاکیدا کە ئەفلاتون بەم شێوەیە وەسفی دەکات: رەگەزی ((جێگیری کۆنترین و پیاوانەترین و بەپێی توانا، جوانترینی مرۆڤەکان...: بەرزە رەچەڵەك و خودان خەسڵەتێکی هەیبەتاوی[٢٣]))[٣٦] رەگەزی ئەو پیا و ژنانەی کە ((ئەگەر خوایی نەبن... خوائاسان... لەو پەڕی جوانی داتاشراون))[٣٧]، رەگەزێکی لۆردانە کە بەپێی سروشت، چارەنووسیان پاشایەتی و سەروەرییە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە هاوچەشنییەك لە نێوان دوو ئەرکی سەرەکی شافەیلەسووفدا بوونی هەیە: ئەو دەبێ هەم بنەچەی یەزدانی شار کۆپی بکات و هەم بنەچەی یەزدانی مرۆڤ: هیچ کەسێك جگە لەو خاوەنی ئەو توانایی و پاڵنەرە نییە کە ((دۆزینەوە ئاسمانییەکەی خۆی، لە قاڵبی تاك و لە قاڵبی شاردا، بەدی بێنێت))[٣٨].

ئێستا لەوە تێدەگەین بۆچی ئەفلاتون لە هەمان جێگەدا کە یەکەمین جار بانگەشەی ئەوە دەکات دەبێ پرنسیپی پەروەردەکردنی گیانلەبەرەکان سەبارەت بە رەگەزی مرۆڤەکانیش بەکاربێت، بۆ یەکەمین کەڕەت بە درکە دەڵێ فەرمانڕەواکانی پێویستیان بە بەرزی و فەزڵێکی لەڕادەبەدەر ئاسایی هەیە. دەڵێ ئێمە بۆ پەروەردەکردنی گیانلەبەران ئەو پەڕی وردەکاری و پارێز بەکاردێنین: ((ئەگەر ئەوانت بەم شێوەیە پەروەردە نەکردبایە، پێت وانییە رەگەزی مەل یان سەگەکانت بەخێرایی لەناودەچوون؟ ((سوقرات))[٢٤] لەم پێشەکییەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە دەبێ نەوەی مرۆڤیش بە هەمان شێواز بەوردی پەروەردە بکرێ و هاوار دەکات: ((ئای خودایە!... ئەگەر هەر ئەم پرنسیپانە لەمەڕ رەگەزی مرۆڤیش راست بێ، دەبێ چاوەڕوانی چ ئەفزلیەتێکی هەڵکەوتوو بکەین!))[٣٩]. ئەم هاوارە زۆر پڕ مانایە، یەکێکە لە سەرەتایترین ئاماژەکردنی ئەوەیە کە لەوانەیە فەرمانڕەواکان چینێکی خاوەن ((ئەفزەلیەتی هەڵکەوتووانە))

20. superman
21. super- Greek
22. super- master
23. awe- inspiring

٢٤. لە هەر جێگەیەك ناوی سوقرات لە دوو کەوانەی بچووکدا بنوسرێت، مەبەست ئەو کەسەیەکە ئەفلاتوون کردوویە بە قسەکەری خۆی و ئەو کەسایەتییەیە کە بەڕای خۆی-و بە بڕوای پۆپەر، بە ئەنقەست و بێ ئینسافانە ـ خستوویەتە پاڵ ئەم دانایەوە، نەك سوقراتی راستەقینە.

پێك بێنن و پێگە و پەروەردەی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت و بەم چەشنە ئێمە بۆ خستنە ڕووی ئەو خواستە ئامادە دەکەن کە دەبێ دەسەڵاتدارەکان فەیلەسووف بن. بەڵام لەمەش پڕ ماناتر ئەوەیە کە ئەم پارچەیە ڕاستەوخۆ ئەم خواستەی ئەفلاتونی لێ دەکەوێتەوە کە ئەرکی فەرمانڕەواکان وەکو پزیشکی ڕەگەزی مرۆیی، پێویستە سوود وەرگرتن بێت لە درۆ و هەڵخەڵەتاندن. ئەفلاتون دەڵێت ((ئەگەر بڕیار بێ مێگەلەکەتان بگاتە بەرزترین ڕادەی تەواویی (کمال) )) ئەوا درۆکردن پێویستە، چونکە ئەمە نیازی بە ((ئامادەکارییەکە، کە ئەگەر بمانەوێت مێگەڵی زێرەڤانان بەڕاستی لە دووبەرەکی دوور بکەینەوە، ئەوا دەبێ لە هەموو کەسێك پەنهان بێت جگە لە فەرمانڕەواکان)). داخوازی ئەوە کە فەرمانڕەواکان ئازاتر بن و وەك دەرمان سوود لە درۆ وەربگرن، پەیوەندی هەر بەم مانایەوە هەیە و خوێنەر بۆ خواستی دواتر ئامادە دەکات کە بە بڕوای ئەفلاتون، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بڕیار دەدات[٤٠] کە لە پێناو جووتبوونی شەڕکەران، فەرمانڕەواکان ((شێوازی تیروپشکێکی زیرەکانە)) دابتاشن، بە چەشنێك کە ((ئەو کەسانەی ناکام دەبن... لۆمەی بەختی ڕەشی خۆیان بکەن نەك حومڕانەکان)) کە بە نهێنی دەست دەخەنە تیروپشکەکانەوە و یەکڕاست لە دوای ئەم ئامۆژگارییە نا پەسەند و نەفرەتاوییە بۆ ڕاکردن لە بەرپرسایەتی (کە ئەفلاتون بە دەربڕینی لە زمانی سوقراتەوە، تۆمەت دەخاتە پاڵ مامۆستاکەی خۆی)، ((سوقرات)) پێشنیارێك دەخاتەڕوو[٤١] و لەبەر ئەوەی لە لایەن گلاوکۆنەوە درێژەی پێدەدرێ و فراوان دەکرێ، دەتوانین بە فەرمانی گلاوکۆن ناوزەدی بکەن. مەبەستم ئەو یاسا دڕندانەیە[٤٢] کە بە پێی ئەو هەموو کەسێك، لە نێرو مێ، لەسەریەتی لە سەرانسەری ماوەی جەنگدا، خۆی بداتە دەست خواستی ئازاکان: ((تا ئەو کاتەی جەنگ درێژەی هەیە... هیچ کەسێك بۆی نییە ’نا‘ بە سەربازێك بڵێ. بەم چەشنە، ئەگەر سەربازێك بیەوێت لەگەڵ هەر کەسێك، لە نێر و مێ، هاوسەرین بێ، بەم یاسایە زیاتر بە تاسە دەبێت بۆ ڕفاندنی گۆی پێشبڕکێ لە دلێریدا)). پاشان بە وردی ئەوە بە گوێماندا هەڵدێنن کە لەو ڕێگەیەوە دەوڵەت دوو قازانجی جیاوازی پێ دەگات: لە ئاکامی ئەم هاندانە، ژمارەیەك قارەمانیان بە نسیب دەبێ و بەهۆی ئەو منداڵانەی کە ئەم قارەمانانە دەیانخەنەوە، دیسان ژمارەیەکی تر قارەمانیان دەست دەکەوێ. (ئەم قسەیە واتە قازانجی دووەم کە لەڕووی سیاسەتی درێژخایەنی ڕەگەزییەوە بە گرنگترین سوود لە قەڵەم دەدرێ، دەخرێتە دەمی ((سوقرات))ـەوە).



## ٧

هیچ پەروەردەیەکی فەلسەفی تایبەت بۆ ئەم جۆرە بارهێنانەی نەوە پێویست نییە. ئەرکی سەرەکی پەروەردەکردنی نەوە بەشێوازی فەلسەفیانە، پووچەڵکردنەوەی مەترسی داروخانە. بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم مەترسییە، فەیلەسووفێکی شایستە پێویستە، واتە ئەو فەیلەسووفەی کە لە ماتماتیکی پەتی (و هەندەسەی فەزایی {تەنە ئەندازە}) و ئەستێرەناسی پەتی و هارمۆنیکی پەتی و لە هەموویان گرنگتر، لە دیالێکتیکدا، پەروەردە کرابێت. تەنیا ئەو کەسە کە ئاگاداری هێمای زانستی چاکسازی ڕەگەزییە بە ڕێگای ماتماتیك و ژمارەی ئەفلاتونی، دەتوانێت ئەو بەختەوەرییە بگەڕێنێتەوە کە مرۆڤ بەر لە دابەزین خودانی بوو[٤٣]. دەبێ ئەم بابەتانەمان هەر هەموو لەبەرچاو بێت، کاتێك پاش ڕاگەیاندنی فەرمانی گلاوکۆن (و لەدوای ئەو دانووسانانەی کە لەو ماوەیەدا لەسەر جیاوازی سروشتی نێوان یۆنانییەکان و بەربەرەکان ئەنجام دەدرێ- ئەو جیاوازییەی کە بەبڕوای ئەفلاتون هاوتای جیاوازی نێوان سەروەر و کۆیلەکانە)، ڕێنماییەك بەیان دەکرێ کە ئەفلاتون زۆر بەوردی وەکو خواستی سیاسی بنەڕەتی و هەڵلاوروژێنی خۆی دەست نیشانی دەکات- واتە سەروەری شافەیلەسووف. لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تەنیا بە قبوڵ کردنی ئەم خواستە دەتوانرێت کۆتایی بە خراپە و گەندەڵییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو ئافەتە بهێنرێت کە یەخەی دەوڵەتەکانی گرتووە- واتە ناسەقامگیری سیاسی و هۆکارە پەنهانەکەی، واتە ئەو شەڕەی یەخەی مرۆڤەکانی گرتووە کە هەمان داروخانی ڕەگەزییە. پارچە ناوبراوەکە بەم جۆرەیە[٤٤].

سوقرات دەڵێ: ((باشە، ئێستا دەمەوێ بچمە ناو بابەتێکەوە کە پێشتر بە شەپۆلێکم دەچواند لە هەموو شەپۆڵەکان گەورەتر. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ قسە بکەم، هەر چەندە پێش بینی ئەوە دەکەم کە ئەمە دەبێتە هۆی دارژانی لافاوی پێکەنین بەسەر سەرمدا. لە ڕاستیدا، هەر لەئێستاوە دەتوانم ئەم شەپۆلە ببینم کە لە هەڵلایەکی پڕ لە پێکەنین و جوێندا بەسەر سەرمی دادەکێشن...)).

گلاوکۆن دەڵێ: ((ڕامەوەستە، قسەکانت بکە!)).

سوقرات دەڵێ: ((هێمنی نایەتە ئاراوە، گلاوکۆنی خۆشەویست، شەڕ و خراپە لە شارەکان- و بەبڕوای من لە ڕەگەزی مرۆڤەکانیش- دوور

ناکەوێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە هێزی پاشایەتی لە شارەکانیاندا بە فەیلەسووفەکان بسپێردرێ، یان ئەو کەسانەی ئێستا بە پاشا و ئۆلیگاریك[٢٥] ناوزەد دەکرێن، بگۆڕێن بۆ فەیلەسووفی راستەقینە و شایستە و ئەم دووانە، واتە هێزی سیاسی و فەلسەفە، لێك ببەسرێن (و لە هەمان کاتدا، ئەو کۆمەڵە زۆرەی کە ئەمڕۆکە پەیڕەوی لە حەزی سروشتی خۆیان دەکەن سەبارەت بە یەکێك لەم دووانە، بەتۆبزی دەمکوت بکرێن))).

(کانت وەڵامێکی دانایانەی بەم {خواستە} داوەتەوە و دەڵێت{٤٥}: ((ئەوە کە پاشاکان ببنە فەیلەسووف یان فەیلەسووفەکان، ببنە شا، لەوانە نییە ڕووبدات و ڕووداوێکی خوازراویش نییە، چونکە خاوەنداریێتی دەسەڵات بەردەوام لە نرخ و بەهای حوکمی ئازادانەی عەقڵ کەم دەکاتەوە. بەڵام پێویستە پاشا- یان خەڵکانی شائاسا، واتە دەسەڵاتدار بەسەرخۆیاندا- خۆ لەسەر کوت کردنی فەیلەسووفەکان ببوێرن و مافی ڕادەبڕین لە شوێنە گشتییەکانیان بۆ بهێڵنەوە)) ).

ئەم پارچە گرنگە ئەفلاتونیەیان وەکو کلیلی هەموو ئەم کتێبە[٢٦] وەسف کردووە و ئەمە بە تەواوی لەجێی خۆی دایە. دەستەواژەی ((و بەبڕوای من لە ڕەگەزی مرۆڤەکانیش)) پێم وایە لەبەر خاڵی نەبوونی عەریزەکە زیادکراوە و لێرەدا، پاش- هزرێکی {After thought} تارادەیەك کەم بایەخە. بەڵام ڕادەبڕین لە بارەیەوە پێویستە، چونکە خووی ئایدیالسازی لە ئەفلاتون ئەم جۆرە راڤەیەی لێ کەوتۆتەوە{٤٦} کە ئەو لێرەدا باس لە ((مرۆڤایەتی)) دەکات و مژدەی نەجات و رزگای لە چوارچێوەی شارەکانەوە بەسەر قەڵەمڕەوی ((هەموو مرۆڤەکان))دا دەگشتێنێت. لەم پانتاییەدا دەبێ ئەوە وەبیر بێنینەوە کە چەمکی ئەخلاقی ((مرۆڤایەتی))، وەکو شتێکی بەرزتر لە جیاوازییە نەتەوەیی و ڕەگەزی و چینایەتییەکان، بە تەواوی بۆ ئەفلاتون نائاشنایە. دوژمنایەتی ئەفلاتون لەگەڵ ئارمانجی یەکسانیخوازی کە لە تێڕوانینەکەیدا سەبارەت بە ئانیتس تنس{٤٧} کە یەکێك بوو لە مورید و دۆستە دێرینەکانی سوقرات، گەواهێکی بەسە. ئانتیس تنس-یش وەکو ئالکیداماس و لوکۆفرۆن، سەر بە قوتابخانەی گۆرگیاس بوو، وا پێدەچێت گشتییەتی بە تیۆرە یەکسانیخوازەکانی ئەوان داوەو

25. oligarch

٢٦. مەبەست کتێبی کۆمارە.



کردوویە بە ڕێنماییەك لەمەڕ برایەتی هەموو مرۆڤ و هەرێمی مرۆڤەکان[٢٧]{٤٨}. لە کۆماردا لەلایەکەوە، بەراوردکارییەك لە نێوان نایەکسانی سروشتی یۆنانی و بەربەرەکان ئەنجام دەدرێ و لەلایەکی تریشەوە نایەکسانی سروشتی نێوان سەروەر {ئاغا} و کۆیلەکان و بەم چەشنە ئارمانجی یەکسانیخوازی دەدرێتە بەر پەلامارە. بە ڕێکەوت ئەم پەلامارانە هەر ڕێك پاش ئەو پارچە کلیلیە گرنگەی کە ئێستاکە بابەتی توێژینەوەکەمان پێك دێنێ، ئەنجام دەدرێ{٤٩}. بەم بەڵگەیە و بە کۆمەڵێك بەڵگەی تر{٥٠}، ئەمە بە گریمانەیەکی ژیرانە دێتە بەرچاو، کاتێ ئەفلاتون باسی شەڕی بەرۆکگیری ڕەگەزی مرۆیی دەکات، ئاماژە بە تیۆرێك دەکات کە خوێنەرەکانی بەڕادەی پێویست ئاشنایەتیان لەگەڵیدا هەیە و ئەم تیۆرە کە هی خۆیەتی بریتییە لەوە کە بەختەوەری وڵات دواجار پەیوەستە بە ((سروشتی)) تاکەکەسی ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار و سروشتەکەیان و سروشتی ڕەگەز یان منداڵەکانیان لەبەردەم هەڕەشەی ئافاتێك دایە کە لە پەروەردە و فێرکردنی تاکگەرایانەوە سەرهەڵدەدات و لەمەش گرنگتر، ئەو خراپەو شەڕەی کە لە ڕەگەزەوە سەرچاوە دەگرێ. قسەکانی ئەفلاتون بە ئاشکرا ئاماژەیە بە بەرامبەرێتی نێوان وەستان و ئارامگرتنی یەزدانی و شەڕی گۆڕانکاری و داڕمان و هەواڵی چیرۆکی داهاتووی ژمارەو دابەزینی مرۆڤ ڕادەگەیەنێت{٥١}.

زۆر لە جێگای خۆیدایە کە ئەفلاتون هەر لەم پارچە بنەڕەتییەدا ئاماژە بە بیروباوەڕە ڕەگەز پەرستییەکانی خۆی بکات و لەوێدا گرنگترین خواستی خۆیشی دەردەبڕێت. بەبێ ((فەیلەسووفێکی راستەقینە و شایستە)) کە لە هەموو زانستە پێویستیەکان بۆ چاکسازی ڕەگەزی پەروەردە و راهێنرا بێت، دەوڵەت لە دەست دەچێت. لە چیرۆکی ژمارە و دابەزینی مرۆڤدا ئەفلاتون دەڵێ یەکێك لە بەرایترین و خراپترین گوناهەکان کە لەوانەیە لە بەجێنەگەیاندنی ئەرکەوە سەرچاوە بگرێ و لەلایەن زێرەڤانە داروخاوەکان ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە هۆگریخۆیان لە هەمبەر زانستی چاکسازی ڕەگەزی و چاوەدێری و ئەزموونکردنی پاکی ڕەگەزی لەدەست بدەن: ((کەواتە، هەندێ فەرمانڕەوای ئەوتۆ دادەمەزرێن کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەنجامدانی ئەرکی زێرەڤانی نەشیاو و بێ سەلاحیەتن- واتە بۆ چاوەدێری و ئەزموونکردنی کانزای زێڕ و زیو و مەفرەغ و ئاسن (کە هەم ڕەگەزی هێسیودۆس بن و هەم ڕەگەزەکانی خۆتان) )){٥٢}.

27. empire of man

سەرچاوەی هەموو ئەمانە، ئاگادار نەبوونە لە ژمارەی رازناکی تایبەت بە هاوسەرێتی. بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەم ژمارەیە دروستکراوی خودی ئەفلاتونە. ({هەڵێنجانی} پێویستی بە شارەزابوون لە زانستی هارمۆنیکی پەتی هەیە کە ئەویش بەنۆرەی خۆی، پێویستی بە شارەزابوون لە هەندەسەی فەزایی هەیە کە لە کاتی نووسینی کۆماردا، زانستێکی نوێ بوو). کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ کەسێك جگە لە ئەفلاتون رازی زێرەڤانی راستەقینە نازانێت و کلیلەکەی لەدەستدا نییە. شافەیلەسووف، ئەفلاتون خۆیەتی و کۆمار قەباڵەیەتی بۆ داخوازی دەسەڵاتی پاشایەتی- ئەو دەسەڵاتەی کە خۆی پێیوابوو بەڕاستی هی ئەوە چونکە مافی فەیلەسووف لەلایەك و مافی جێگری و میراتگری رەوای کۆدرۆسی لەلایەکەی ترەوە لەخۆیدا کۆکردبۆوە- کۆدرۆسی شەهید دوایین پاشای، پاشاکانی ئەسینا کە بە قسەی خودی ئەفلاتون، خۆی کردە قوربانی ((بۆ ئەوەی شانشینەکە بۆ منداڵەکانی بپارێزێت)).

## ٨

هەر کە بگەینە ئەم دەرەنجامە، بەشێکی زۆر لەو شتانەی کە جگە لەم حاڵەتە دەبووایە بێ سەروبەر بن، بەیەکەوەلکاو و روون دەبنەوە. بۆ نموونە، گومانی تێدا نییە کە ئەفلاتون ئەم کتێبە تەژی لە ئاماژەو کینایە بۆ گرفت و کەسە هاوچەرخەکانی، زۆرتر لەبەر ئەم نیەتە نووسیووە بۆ ئەوەی مانیفستۆیەکی(٢٨) سیاسی بێت بۆ تەوەری بابەتەکانی رۆژ نەك نامیلکەیەك بۆ خستنەڕووی پرسە تیۆرییەکان. تیلۆر دەڵێت{٤٣}: ((گەورەترین ستەممان لە ئەفلاتون کردووە ئەگەر بێتو ئەوە لەیاد بکەین کە کۆمار نەك هەر کۆمەڵێك باسی تیۆری لەمەڕ حکومەت... بەڵکو گەڵاڵەیەکی جدی بۆ چاکسازی ئەو کارەی کە ئەسینیەك... کە وەکو شیلی(٢٩) لە' حەز و خۆشی چاکسازی دونیادا سووتاوە' دەخاتەڕوو)). بێ گومان ئەم وتەیە راستە. تەنیا لە رێگەیئەم تێبینییەوە دەکرا بگەینە ئەم دەرنجامە کە لەو شیکردنەوەیەی ئەفلاتون لەمەڕ شافەیلەسووفەوە پێشکەشی دەکات، دەبووایە سەرنجی لەسەر فەیلەسووفە هاوچەرخەکانی خۆی بێت. بەڵام لەو سەردەمەدا کە کۆمار دەنووسرا، تەنیا سێ پیاوی هەڵکەوتوو لە ئەسینادا بوون کە لەوانە بوو بانگەشەی فەیلەسووف بوون بکەن: ئانتیس

28. manifesto

٢٩. P.B. shelley (١٧٩٢ـ١٨٢٢). شاعیری گەورەی ئینگلیزی کە ئایدیای سیاسی و شۆڕشگێڕانەشی لەهزر دابوو.



تنس و ئیستۆکراتس و ئەفلاتون خۆی. ئەگەر بە وەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە سەیری کۆمار بکەین، یەکڕاست لەوە ئاگادار دەبین کە وێرای دوان لەسەر تایبەتمەندییەکانی شافەیلەسووف، پارچەیەکی درێژ دێت کە ئەفلاتون بە گونجاندنی هەندێ ئاماژە بۆ خودی خۆی، بە ئاشکرا جوێی دەکاتەوە. پارچەکە بە ئاماژەیەکی بۆ هەڵەنەشیاو سەبارەت بە کەسێکی خەڵك پەسەند، واتە ئالکیبیاس(٣٠)، دەست پێدەکات{٥٤} و بەهێنانی ناوی پیاوێك بە نێوی تیاگس(٣١) و ئاماژەی ((سوقرات)) بۆ خۆی، کۆتایی پێ دێت{٥٥}. کورتە و ئاکامی قسە ئەوەیە کە زۆر کەمن ئەو کەسانەی بتوانین بە فەیلەسووفی راستەقینە و شایستەی پلە و پایەی شافەیلەسووفی وەسفیان بکەین. ئالکیبیاسی بەرزە رەچەڵەك و نەجیبزادە، رێك لە بنەچەی ئەو کەسانەیە کە گەرەکمانە، بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی سوقرات بۆ رزگارکردنی، وازی لە فەلسەفە هێناوە و رای کردووە. ئێستا فەلسەفە بێ کەس و بێ دیفاع، گرفتاری خوازیارە نەشیاوەکان بووە و دواجار ((تەنیا چەند پیاوێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، ماونەتەوەو شایستەی پەیوەست بوون بە فەلسەفەن)). لەم بۆچوونەوە کە ئێستا وەدەستمان هێنا، بەناچار دەبێ چاوەڕونیمان هەبێت کە ((خوازیارە نەشیاوەکان))، ئانیتس تنس و ئیسوکراتس و قوتابخانەکەیان بێت (واتە، هەروەك ئەفلاتون لە پارچە گرنگ و کلیلیەکەی خۆی لەمەڕ شافەیلەسووف دەڵێ، هەر ئەو کەسانەی کە ئەو دەیەوێت بە تۆبزی دەمکوت بکرێن) ئەم چاوەڕوانییە بەهۆی هەندێ گەواهی سەربەخۆوە پەسەند دەکرێت{٥٦}. هەر بەم چەشنە دەبێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێ کە ئەو ((چەند پیاوە شایستەیەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن)) ئەفلاتون و رەنگە هەندێ لە یاوەرەکانی (بۆ نموونە لەوانەیە دیۆن) بگرێتەوە. درێژەی ئەو پارچەیەی ئاماژەمان بۆ کرد، تارادەیەك هیچ گومان و دوودڵیەك ناهێڵێتەوە کە تایبەتە بە قسەکانی ئەفلاتون لە سەرخۆی. دەڵێت{٥٧}:

٣٠. Alcibiades (٤٥٤ـ٤٠٤ پێش زایین). سەردار و سیاسەتمەداری ئەسینی و هاوڕێی سوقرات. لەماڵی پریکلس پەروەردە ببوو. بەجوانی و قسەزانی و سەربزێوی (مغامر) بەناوبانگ بوو. لەدایالۆگی خواندا یەکێکە لە کەسە سەرەکییەکانە و وەسفێکی هەژێنەر لەمەڕ سوقرات دەخاتەڕوو. لەشەڕی پلۆپۆنیزدا خیانەتی لە ئەسینا کردو لەتەك ئسپارت یەکیگرت بەڵام سەرلەنوێ رووی کردەوە ئەسیناو لەچەند جەنگێکدا ئسپارتی تێکشکاند. سەرەنجام هێزەکانی ئەسینای تووشی شکستێکی سەرشۆڕانەکردو لەم شارە هەڵات و لە فریگێی کوژرا.

31. Theages

> ئەو کەسی سەر بەم گروپەیە... لە توانایدا هەیە شێتایەتی زۆرینە و گەندەڵی گشتی هەموو بوارە کۆمەڵایەتی و حکومیەکان ببینێت. فەیلەسووف... وەك ئەو کەسە وایە کە لە قەفەسی گیانلەبەرە دڕندەکاندا گرفتار بووە. ئەو لە ستەمکارییەکانی زۆرینەدا بەشداری ناکا، بەڵام لەبەر ئەوەی کەتۆتە چوارچێوەی دونیای دڕندەکان، هێزی خۆی بە تەنیا بەس نییە بۆ درێژەدان بە ململانێ. بەر لەوەی خێرو سوودێکی بۆ شارەکەی یان هاوڕێکانی هەبێت، دەکوژرێ. لەم رووبەوە، پاش ئەوەی هەموو ئەم خاڵانەی تاوتوێ کرد، بێ دەنگ دەبێت و هەموو تەقەلاکانی دەخاتە خزمەت کاری خۆیەوە...

ئەو بێزاری و رەنجانەی کە لەم وشە تاڵ و لەرادەبەدەر ناسوقراتییەدا دەربڕدراوە، بە ئاشکرا ئەوەمان پێشان دەدات کە قسەکە لەمەڕ خودی ئەفلاتونەوەیە[٥٨]. بەڵام بۆ ئەوەی بە باشی لەم دانپیانانە تاکە کەسییە تێبگەین، پێویستە لەگەڵ ئەم وتەیەی خوارەوەدا بەراوردی بکەین:

> لەگەڵ سروشتدا کۆك نیم کە کەشتیوانی شارەزا و کارامە لەبەر سەرنشینە ساویلکە و بێ ئەزموونەکانی کەشتیەکە دەپاڕێتەوە کە فەرماندەییەکەی قبوڵ بکەن یان پیاوی دانا لەبەر دەرگای ساماندار و بەتواناکاندا، چاوەڕوان بێت... شێوازی ڕاستەقینە و سروشتی ئەوەیە کە نەخۆش، جا چ بە توانابێ یان دەستکورت، بەرەو دەرگای سروشت {پزیشك (وەرگێرانی امیر ج.اعلم)} رابکات. هەر بەم جۆرە، ئەو کەسانەی پێویستیان بە حکومڕانێتی هەیە، دەبێ لە پشت دەرگای ئەو کەسەی توانای فەرمانڕەوایی هەیە خڕ ببنەوە و ئەگەر فەرمانڕەوا یەك تۆز شایستەیی هەبێت، هەرگیز نابێ لەبەریان بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییەکەی قبوڵ بکەن.

کێیە ئەو کەسەی گوێبیستی زایەڵەی غووروری تاکەکەسی بێکەوشەنی ئەم پارچەیە نەبێت؟ ئەفلاتون دەڵێ ئەوەمنم، فەرمانڕەوای سروشتی ئێوە، ئەو شافەیلەسووفەی دەزانێت چۆن فەرمانڕەوایی بکات. ئەگەر منتا دەوێت، ئێوە دەبێ بۆ لام بێن و ئەگەر شێلگیر بن، رەنگە حوکمڕانێتی سەر ئێوە قبوڵ بکەم. بەڵام من داوێنگیری ئێوە نابم.



ئایا لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دێن؟ کۆماریش وەکو بەشێکی زۆر لە بەرهەمە ئەدەبیە گەورەکان، هەندێ نیشانەی ئەوتۆی پێوە دیارە کە نووسەر بە نۆرە هەندێ جار لێوان لە هیوای سەرکەوتن[٥٩] و هەندێ جاریش تووشی بێ هیوای و نائومێدی بووە. لانی کەم جاروبار ئەفلاتون هیوادار بوو کە {خەڵك} دێن بۆلای و سەرکەوتنی کتێبەکەی و ناو و دەنگی حیکمەتەکەی، دەیانهێنێتە سەر ڕێگا. بەڵام دیسان ئەو هەستە بە سەریدا زاڵ دەبێ کە {جەماوەری خەڵك} تەنیا لەژێر پەلاماری پڕ لە زەبروزەنگدا دەوروژێن و ئەو جگە لە ((شەپۆلێ لە پێکەنین و جوێن))-و رەنگە تەنانەت مەرگیش- هیچی تری پێ نابڕێت.

ئایا ئەو بەرزەفڕو بوو؟ {بێ گومان} ئەو بەرەو ئەستێرەکان باڵی لێدەدا و بەدوای خوائاساییەوە بوو. هەندێ جار لە خۆم دەپرسم، ئایا بەشێك لەو حەز و شەوقە بۆ ئەفلاتون، لەم راستییەوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەو گەلێك ساتوسەودای پەنهانی خستە قالبی دەربڕینەوە[٦٠]. تەنانەت ئەو کاتەش کە بۆ رەفزکردنەوە پلەو پایەخوازی بەڵگەخوازی دەکات، بەناچار هەست دەکەم پلەوپایەخوازی سەرچاوەی سروشیەتی. بەلێبڕاویەوە دەڵێت[٦١] فەیلەسووف پلەوپایەخواز نییە و سەرەڕای ئەوەی ((چارەنووسەکەی فەرمانڕەوایی کردنە، بەڵام لەهەمووان کەمتر حەزی لە حوکمڕانێتیە)). بەڵام ئەم بەڵگەی کە دەهێنرێتەوە بۆ ئەوەیە کە پێگەی فەیلەسووف لەوە گەورەترە خوازیاری فەرمانڕەوایی بێت. ئەو کەسەی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی غەیبدا هەیە رەنگە لە نووکی ئەو لووتکانەوە بۆ قولایی بوونەوەرە فانییەکان بێتەخوار و لە پێناو بەرژەوەندی دەوڵەتدا خۆی بکاتە قوربانی. ئەو حەز ناکات، بەڵام وەکو رزگاریدەر و دەسەڵاتداری سروشتی، ئامادەیە لەم ڕێگایەدا هەنگاو هەڵێنێت. مرۆڤە فانییە بێ چارەکانن پێویستیان بەو هەیە. بەبێ ئەو حەتمەن دەوڵەت لەناو دەچێت، چونکە تەنیا ئەو رازی وڵاتپارێزی دەزانێ-نهێنی وەستاندنی دارمان...

پێم وایە دەبێ دان بەو راستییە دابنێم کە لە پشت پەردەی سەروەری شافەیلەسووفدا، دەسەڵاتخوازی خۆی مەلاس داوە. ئەو رووخسارە جوانەی کە بۆ دەسەڵاتدار کێشراوە، سیمای خودی نیگارکێشەکەیەتی. کاتێ لە تاسان لەم دۆزینەوەیە، دێینەوە سەرخۆ، ئەو کاتە دەتوانین سەر لەنوێ چاو بەم وێنە بەسامەدا بخشێنین و ئەگەر بە هەندێ تەشەرو تەنزی سوقرات بتوانین هێز بە خۆمان ببەخشین، رەنگە ئیدی هێندە بەسام نەیەتە بەرچاومان. لەوانەیە وردە وردە سیمامرۆیی و لاوازییە ئینسانییەکەی دەست نیشان بکەین. رەنگە تەنانەت هێدی هێدی

کەمێك دڵمان بەحاڵی ئەفلاتون بسووتێت لەبەر ئەوەی ناچار بوو لەجیاتی دامەزراندنی یەکەمین پاشایەتی فەلسەفی بەهێنانە ئارای یەکەمین مامۆستای فەلسەفە رازی بوو و هەرگیز نەیتوانی ئەو خەونەی لە هزری دابوو- واتە ئەو ئایدیا شاهانەیەیی کە لەڕووی وێنەی خۆیەوە دروستی کربوو- وەدی بێنێت. و ئێستا کە بەو هێزەی لە تێکەڵەی تەنزو تەشەرەوە بە دەستمان هێناوە، رەنگە تەنانەت لە نێوان بەسەرهاتی ئەفلاتون و چیرۆکی سەگی داکسۆنتی ناشیرین[٣٢] کە نائاگایانە گاڵتەی بە فەلسەفەی ئەفلاتون کردووە، وێکچوونێکی حەسرەتاوی ببینین- داستانی تۆنۆ[٣٣]، ئەو سەگە دانیمارکیە بەهێزەی کە لە ڕووی وێنەی خۆیەوە، وێنەیەکی پاشایانە لە ((سەگی گەورە)) دروست دەکات (بەڵام بەخۆشییەوە دواجار بۆی دەردەکەوێت کە ((سەگی گەورە)) خۆیەتی)[٦٣].

ئەو وێنایەی شافەیلەسووف چ یادگارییەکی مەزنە لە سووکی و کێماسی مرۆیی. چ دژایەتییەکە لە نێوان ئەو وێنا و سادەیی و ئینسانیەتەی سوقرات کە سیاسەتمەدارەکانی لەمەترسی غافڵ بوون لەبەرامبەر زەوق و بەرقی دەسەڵات و بەرزێتی و دانایی خۆیان، ئاگادار دەکردەوە و هەوڵیدەدا ئەو شتەیان فێربکات کە لە هەمووان گرنگترە و ئامۆژگاریان دەکات کە ئێمە هەموومان مرۆڤی لاواز و بۆ شکان شیاوین. چ کەوتن و دابەزینێکە لەو جیهانە پڕ لە تەنزو عەقڵ و راستییەوە بەرەو دەڤەری پاشایەتی دانای ئەفلاتونی کە هێزە سێحراوییەکەی بەسەر مرۆڤە ئاساییەکاندا بەرزتری دەکاتەوە- بەڵام نەك بەرزێتیەکی ئەوتۆ کە چاو لە درۆ بپۆشێت یان لە کاروکردەی شەمەنەکان- واتە ئەفسون فرۆشی و ئەفسون پەروەری بە نرخی دەسەڵاتخوازی بەسەر مرۆڤەکانی تردا- بیّ ئاگابێت.

32. The ugly Dachshund
33. Tono

# ٩

# ئستاتیکا، تەواوخوازی، یـۆتـۆپـیـاگـەرایـی

**لە پێشدا دەبێ هەموو شتێك وردو خاش بکەین، بەر لەوەی بکرێ تۆزقاڵێك باشی و پاکی بهێنینە ناو دونیاوە، ئەم شارستانیەتە بە نەفرەت بووەی ئێمە دەبێ خۆی بپێچێتەوەو بڕوات.**

**مۆرلان لە کتێبی ((خێزانی تیبۆ))**

**نووسینی رۆژێ مارتن دۆگار[1]**

لە خودی بەرنامەی ئەفلاتوندا، رێبازێکی تایبەتی بە سیاسەت بوونی هەیە کە بەبڕوای من لەڕادەبەدەر مەترسیدارە و شیکردنەوەی لە ڕوانگەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی عەقڵانییەوە، گرنگیەکی کردەیی یەکجار زۆری هەیە. ئەم رێبازەی ئەفلاتون کە لێرەدا جێگای مەبەستی منە، دەتوانین بە رێبازی **ئەندازیاریی یۆتوپیایی** {Utopian Engineering} وەسفی بکەین، لەبەرامبەر جۆرێکی تری ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا کەمن بە تاکە شێوازی عەقڵانی لە قەڵەمی دەدەم و رەنگە بتوانین بە **ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە** {Piecemeal Engineering} ناوزەدی بکەین. رێبازی یۆتۆپیایی کاتێك مەترسیدارە کە وەکو تاکە ئاڵتێرناتیڤی ئاشکرا لە بەرامبەر مێژووگەرایی بێ ئەملاو ئەولادا خۆ بنوێنێت. واتە ئاڵتێرناتیڤی رێبازێکی مێژوووگەرایانەی ریشەیی کە دەڵێت ئێمە ناتوانین رەوتی مێژوو

1. mourlan in Roger martin du Gard, Les Thibaults.



بگۆڕین. لەهەمان کاتدا، وا خۆدەنوێنێ کە رێبازی یۆتۆپیایی، تەواو کارێکی پێویستیشە بۆ مێژووگەراییەکی میانڕۆتری وەکو مێژووگەرایی ئەفلاتون کە مەیدان بۆ خۆ تێهەڵقورتاندنی مرۆڤ بەکراوەیی دەهێڵێتەوە.

دەتوانین بەم چەشنە رێبازی یۆتۆپیایی پێناسە بکەین: هەموو کردەیەکی عەقڵانی دەبێ ئامانجێکی هەبێت. چەندە تاك هۆشیارانە و بەشێوەیەکی هەماهەنگتر و بەری لە دژایەتی بەدوای ئامانجەوە بێت و هەرچەندە ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانجەکان زۆرتر هاوگونجاو لەگەڵ غایەتەکان دیاری بکات، بەهەمان رێژە کردەکەی عەقڵانیترە. کەواتە، ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی عەقڵانی بجوڵێینەوە، یەکەمین کار کە پێویستە ئەنجامی بدەین هەڵبژاردنی ئامانجە. هەروەها دەبێ لە دیاریکردنی ئامانجدا ورد بین و بە ئاشکرا لە ئامانجە نێوبەند یان لاوەکییەکان جیای بکەینەوە، کە لەڕاستیدا تەنیا ئامراز یان هەنگاوی رێگای گەیشتن بە غایەتی کۆتایین. ئەگەر لەم جیاوازییە غافڵ بین، بێگومان لەم پرسیارەش بێ ئاگا دەبین کە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ئامانجە لاوەکیانە یارمەتی بەرەو پێش بردنی غایەتی کۆتایی بکات یان نا و لە ئاکامدا، مەرجە لە ئەنجامدانی کردەوەی عەقڵانی رابوەستین. ئەگەر ئەم پرنسیپانە لە پانتایی چالاکی سیاسیدا بەکاربهێنرێن، خوازیاری ئەوەیە کە بەر لە دەست بردن بۆ هەرچەشنە هەنگاوێکی کردەیی، لە پێشدا ئامانجە سیاسیە کۆتاییەکە، کە هەمان دەوڵەتی ئایدیالی یان نموونەییە، دیاری بکەین. تەنیا کاتێك کە لانی کەم هێڵە گشتییەکانی ئەم ئامانجە کۆتاییە کێشرابێت و گەڵاڵەی ئەو کۆمەڵگایەمان لە بەردەست دابێت کە ئامانجمانە، دەتوانین باشترین رێگە و ئامرازەکانی وەدیهێنانی ئامانجی جێگەی مەبەست هەڵبسەنگێنین و نەخشەیەك بۆ هەنگاوە کردەییەکان ئامادە بکەین. ئەمانە پێشەکییەکی پێویستن بۆ هەر چەشنە جموجۆڵێکی عەقڵانی لە پانتایی سیاسەتی پراکتیکیدا، بەتایبەتی لە زەمینەی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتیدا.

بەکورتی ئەمە، ئەو رێبازەیە لە میتۆدۆلۆژیادا کەمن بە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی ناوزەدم کردووە[1]. شێوازێکی هەم رازیکەر و هەم سەرنجڕاکێشە. لەڕاستیدا، رێك هەمان جۆرە مامەڵەی میتۆدۆلۆژیانەیە کە دەبێ هەموو ئەو کەسانە کە یان لەژێر کاریگەری پێش داوەرییەکانی مێژووگەرایی دانین یان لەبەرامبەر ئەو پێشداوەرییانەدا پەرچەکرداریان هەیە،

بەرەو لای خۆی رابکێشێت. ئەمە نەك هەر مەترسی رێبازی ناوبراو زیاد دەکات، بەڵکو پێویستیەکی زیاتر بۆ رەخنەگرتن لێی دێنێتە پێشەوە.

بەر لەوەی رەخنەیەکی چڕوپڕ لە ئەندازیاریی یۆتۆپیایی بگرم، گەرەکمە رێبازێکی دیکە، واتە ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە بەکورتی شیبکەمەوە. لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە، بەبڕوای من، شێوازێکی راستە. ئەو سیاسەتمەدارەی ئەم شێوازە هەڵدەبژێرێ، لەوانەیە نەخشەی کۆمەڵگای لە مێشك دابێ یان لە مێشکیدا نەبێت، رەنگە هیوای بەوە هەبێت کە مرۆڤ سەرنجام رۆژێك دەوڵەتی نموونەیی یان ئایدیالی وەدیبێنێ و لەم دونیایەدا بە بەختیاری و کەماڵ بگات، یان هیوای بەمانە نەبێت، بەڵام دەزانێت کە تەواویی (کمال) ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا بۆ وەدەست هێنان بشێت، ئەوا گەلێك دوورە، ئەوە دەزانێت کە هەر نەوەیەکی مرۆڤ و کەواتە، هەموو مرۆڤێکی زیندوو، بانگەشەی مافێکی هەیە کە رەنگە بەهۆی نەبوونی هەرچەشنە ئامرازێك بۆ بەختەوەرکردنی ئەوانیتر لە رێگای دامەزراوەکانەوە، بەر لەوەی مافی بەختەوەربوون بێت، مافی بەدبەخت نەبوونە، لە هەرجێگەیەکدا کە بکرێ خۆ لە بەدبەختی ببوێردرێت. مرۆڤەکان ئەو مافە بەخۆیان دەدەن خوازیاری ئەوە بن کە ئەگەر هاتوو تووشی ئێش و ئازار بوونەوە، هەموو چەشنە هاوکارییەکی ممکینیان پێ بگات. کەواتە، ئەو کەسەی کە کار لەسەر ئەندازیاریی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە دەکات، شێوازێك هەڵدەبژێرێ بۆ گەڕان و بەربەرەکانی لەگەڵ گەورەترین و خێراترین خراپەکان کە یەخەی کۆمەڵگایان گرتووە، نەك گەڕان و بەربەرەکانی لە رێگای گەورەترین خێری کۆتایی بۆ ئەو[٢]. ئەم جیاوازییە بە هیچ چەشنێك جیاوازییەکی زارەکی نییە، بەڵکو شایانی ئەو پەڕی گرنگی پێدانە. جیاوازییە لە نێوان میتۆدێکی ژیرانەی باشکردنی بارودۆخی مرۆڤەکان و میتۆدێکی تر کە ئەگەر بەڕاستی تاقیبکرێتەوە، رەنگە بە ئاسانی ببێتە هۆی زیادکردنی ئێش و ئازاری تاقەتپڕوکێنی مرۆیی. جیاوازییە لە نێوان میتۆدێکدا کە لە هەر چرکە ساتێکدا دەکرێ پیادە بکرێت و شێوازێکی دیکە کە لایەنگری لێ کردن و بەرگری لێکردنی لەوانەیە بە ئاسانی ببێتە هۆیەك بۆ ئەوەی کردەوەکان هەمیشە بۆ مێژووییەکی تر لە ئایندە کە بارودۆخی و هەلومەرجەکان گونجاوتر بن، دوابخرێن. جیاوازی تاکە میتۆدێکە کە تاکو ئێستا لە هەموو کات و شوێنێکدا (بۆ نموونە، هەروەك دەبینین لە روسیادا) بەڕاستی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، لەگەڵ میتۆدێکی تر کە هەر کاتێك تاقی کراوەتەوە، لە جیاتی پەنابردن بۆ عەقڵ تەنیا توندوتیژیی



لێکەوتۆتەوە و ئەگەر نەبووبێتە هۆی بەلاوەنانی میتۆدەکەش ئەوا بەهەر حاڵ بەلاوەنانی گەلاڵە سەرەکییەکەی لێ کەتۆتەوە.

ئەو کەسەی ئیش لەسەر شێوازی ئەندازیاری لەسەرخۆ دەکات، دەتوانێت بۆ لایەنگرکردن لە میتۆدەکەی خۆی بانگەشەی ئەوە بکات کە بەربەرەکانییەکی رێکوپێك لەگەڵ رەنج و ستەم و جەنگ ئەگەرێکی زۆر زیاتری هەیە کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵکەوە پەسەند بکرێت و رەزامەندی لەسەر پێشان بدەن و پشتیوانی لێبکەن نەك خەباتکردن بۆ وەدیهێنانی ئایدیالێك. بوونی ئافات و خرایەی کۆمەڵایەتی- واتە ئەو جۆرە بارودۆخ و هەلومەرجەی کۆمەڵگا کە بەشێکی زۆر لە خەڵك لەو رەوشەدا تووشی مەینەت و ئازار دەبنەوە- بەڕادەیەکی باشتر دەتوانین لێی تێبگەین. ئەو کەسانەی رەنج دەکێشن بۆ خۆیان دەتوانن لەم بارەیەوە حوکم بدەن و خەڵکانی تر ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە نایانەوێت جێگەی خۆیان لەگەڵ ئەواندا بگۆڕنەوە. بەڵام بەڵگەخوازی لەمەڕ کۆمەڵگایەکی ئایدیالی لەڕادەبەدەر دژوارترە. ژیانی کۆمەڵایەتی هێندە ئاڵۆزە کە دەگمەنن یان هەر لە بنەڕتدا هیچ کەسێك نییە کە بتوانێ سەبارەت بە نەخشەیەکی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی بە پێوەری هەرە مەزن حوکم بدات- واتە ئایا ئەم نەخشەیە کردەییە، ئایا باشبوونی راستەقینەی لێ دەکەوێتەوە، ئایا پێویستی بە چ جۆرە زەحمەت و رەنجێك هەیە، ئایا رەنگە کامە ئامراز بۆ وەدیهێنانی پێویست بێت. لەبەرامبەردا، نەخشەکانی ئەندازیاریی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە {هەنگاو بە هەنگاو} تاڕادەیەك سادەترن. هەندێ نەخشەی تایبەتن بەهەر دەزگایەك بەتەنیایی، وەکو دابین کردنی بیمەی دەرمانی و بێکاری یان دامەزراندنی دەستەی ناوبژیوانی یان بەرنامەڕێژی بودجە لە پێناو بەربەرەکانی لەگەڵ بێبازاڕی {کەسادی} ئابووری یان چاکسازی لە پەروەردە و فێرکردندا[٣]. ئەگەر ئەم نەخشانە هەڵە دەرچوون، ئەوا زیانێکی هێندە گەورەیان لێ ناکەوێتەوەو دەستکاری کردن و رێکخستنەوەی سەر لە نوێیان هێندە دژوار نییە، هەڵگری مەترسییەکی کەمترن و هەر بۆیە، هێندە جێگای مشتومڕ و ناکۆکی نین. ئاسانترە لە هەمبەر خراپە هەنووکەییەکان و ئامرازەکانی بەربەرەکانی کردنی لەگەڵیدا بگەینە رێککەوتنێکی ژیرانە، نەك سەبارەت بە خێر و چاکەی ئایدیالی و ئامرازەکانی وەدیهێنانی. لەو روویەوە، هیوایەکی زیاتر هەیە کە بە بەکارهێنانی میتۆدی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە {هەنگاو بە هەنگاو} بتوانین بەسەر گەورەترین گرفتی پراکتیکیدا زاڵ بین کە لە رێگای هەر چەشنە چاکسازییەکی ژیرانەی سیاسیدا هەیە- واتە ئەو گرفتە کە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەی نیازمانە، لە جیاتی توندوتیژی و پەیڕەوی

کردن لە هەڵچوون، پەنا ببنە بەر عەقڵ. دەرفەتی ئەوە هەیە بگەینە سازشێکی[٢] ژیرانە و هەر بۆیە بتوانین ریفۆڕمی جێگەی مەبەست بە شێوازێکی دیموکراتیانە پراکتیکە بکەین. (سازش وشەیەکی ناشرینە، بەڵام گرنگە کە فێری بەکارهێنانە راستەکەی بین. دەزگاکان ناچار دەبێ لە ئاکامی سازش لەگەڵ هەلومەرج و بەرژەوەندییەکان و ... تاد دروست بن، بەڵام هەر هەموومان دەبێ لەڕووی تاکەکەسییەوە لەبەرامبەر ئەو جۆرە نفوزەدا رابوەستین).

لەبەرامبەردا، ئەو هەوڵەی کە بەشێوازێکی یۆتۆپیایی ئەنجام بدرێت و بیەوێت بە سوود وەرگرتن لە نەخشەی هەموو کۆمەڵگا، دەوڵەتێکی ئایدیالی یان نموونەیی دابمەزرێنێ، خوازیاری حکومەتێکی چەقبەستوو و بەهێزی ژمارەیەکی کەمە و هەر بۆیە رەنگە دیکتاتۆریەتی لێ بکەوێتەوە[٤]. بەبڕوای من، ئەمە یەکێك لە عەیبەکانی رێبازی یۆتۆپیاییە، چونکە هەروەك لە بەشی تایبەت بە پرنسیپی رێبەرایەتیدا هەوڵمان دەریبخەین، حکومەتی ئۆتۆریتەخواز، قێزەونترین شێوەی حکومەتە. هەندێ لەو خاڵانەی کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێ کرا، تەنانەت بەڵگەیەکی راستەوخۆتر دژی رێبازی یۆتۆپیایی دەدەن بەدەستەوە. هەروەك تۆکڤیل[٣] زیاتر لە سەد ساڵ لەمەو پێش تێبینی کرد[٥]، یەکێك لە گرفتەکانی کاری دیکتاتۆری خێرخواز ئەوەیە، ئەوە دیاری بکات کە ئایا هەنگاو و کردەوەکانی لەگەڵ نیازە خێرخوازانەکەیدا هاوجووتن یان نا. گرفتەکە لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئۆتوریتەگەرایی پێویستی بە پێش گرتن لە رەخنە هەیە. کەواتە، دیکتاتۆری خێرخواز بە ئاسانی ئامادە نییە، یەکێك لە هەمبەر کارەکانیەوە دەمی شکایەت هەڵبڕێ. لە لایەکی ترەوە، ناتوانێت بەبێ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەوەیە[٤] لەوە تێبگات کە ئایا بەم هەنگاو و کردەوانەی کە ئەنجامی داون، ئامانجە خێرخوازانە دڵخوازەکە وەدەست دێت یان نا. بۆ ئەو کەسەی کە خەریکی ئەندازیاریی یۆتۆپیاییە، دۆخەکە بە ناچار لەمەش خراپترە. بونیادنانەوەی کۆمەڵگا کارێکی گەورەیە کە حەتمەن دەبێتە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ ژمارەیەکی زۆر و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش. لەم روویەوە، ئەندازیاری یۆتۆپیایی دەبێ بەشێکی زۆر لە شکایەتەکان نەبیستێت و لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کارەکەی وادەخوازی کە پێشی ناڕەزایەتییە

---

2. compromise

٣. Alexis de Tocqueville (١٨٠٥ـ١٨٥٩). مێژوونووس و بیرمەندی سیاسی فەرەنسی و خاوەن دوو بەرهەمی بەناوبانگ : **رژێمی پێشوو** و **شۆڕش و دێموکراسی لە ئەمریکا**.

4. Check



ناماقوڵەکان بگرێ و وەکو لینین بڵێت: ((هیچ کەسێك ناتوانێت بەبێ شکاندنی چەند هێلکەیەك، ئۆملێت لێ بنێت)). بەڵام هەر کە دەستی بۆ ئەم کارە برد، بەبێ ریزپەڕ دەبێ پێشی رەخنە ماقوڵەکانیش بگرێت. گرفتێکی دیکەی ئەندازیاریی یۆتۆپیایی، پرسی جێگرتنەوەی دیکتاتۆرە. لە بەشی حەوتەم، ئاماژەم بە هەندێ لایەنی ئەم بابەتە کرد. ئەندازیاریی یۆتۆپیایی ئاریشەیەك دەخولقێنێ هاوتا بەڵام تەنانەت ترسناکتریش لە کێشەی ئەو ملهوڕە خێرخوازەی کە هەوڵ دەدات جێگرەوەیەکی وەکو خۆی خێرخواز بدۆزێتەوە. (بگەڕێوە بۆ یادداشتی ٢٥، بەشی حەوتەم). بە وەبەرچاوگرتنی پانوبەرینی ئەم کارەگرنگە یۆتۆپیاییە، زۆر نامکینە کە ئامانجەکانی تەنیا لە تەمەنی ئەندازیارێکی کۆمەڵایەتی یان دەستەیەك لەم ئەندازیارانە وە ڕاست بگەڕێ. ئەگەر جێگرەکانیش بە دوای هەمان ئایدیالەوە نەبن، ئەوا هەموو ئەو رەنج و کوێرەوەرییەی کە خەڵك لە پێناو ئەودا تەحەمولیان کردووە، رەنگە بەفیڕۆ بچێت.

گشتیەت بەخشین بەم بەڵگەخوازییە، رەخنەیەکی تری لێ دەکەوێتەوە کە ئاڕاستەی رێبازی یۆتۆپیایی دەکرێ. ئاشکرایە ئەم شێوازە تەنیا بەمەرجێك دەتوانێ بەهایەکی کردەیی هەبێت کە حەتمەن ئەوەمان لا روون بێت کە نەخشە سەرەکییەکە، رەنگە تەنیا بە هەندێ دەستکارییەوە، تا کۆتایی بەردەوام بناغەی کارەکەمان پێك دێنێت. بەڵام ئەنجامدانی کارەکەی پێویستی بە کات هەیە. کات، کاتی شۆڕشە، هەم شۆڕشی سیاسی و هەم شۆڕشی رۆحی و مەعنەوی، کاتی ئەزموون و تاقیکردنەوە نوێیەکانە لە پانتایی سیاسەتدا. هەر بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت هزر و ئایدیاکان گۆڕانیان بەسەدا بێت. ئەوەی لە چاوی ئەو خەڵکانەی کە نەخشە سەرەکییەکەیان کێشاوە، وەکو دەوڵەتی ئایدیاڵی خۆی دەنواند، لەوانەیە لە دیدی جێگرەوەکانیدا وا خۆی دەرنەخات. ئەگەر ئەم گریمانەیە قبوڵ بکەین، رێبازی ناوبراو یەکڕاست دادڕووخێت. ئەگەر ئەوە پەسەند بکەین کە لەوانەیە ئامانج لە رەوتی بە دەست هێناندا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەر دابێت، شێوازێکی بێ هودە و عەبەسە کە هەر لەسەرەتاوە خەریکی دیاریکردنی ئامانجە کۆتاییە سیاسییەکە بین و پاشان بەرەو رووی بجوڵێین. لە هەر چرکە ساتێکدا رەنگە ئەوەمان بۆ دەرکەوێ ئەو هەنگاوانەی تاکو ئێستا ناومانە لەڕاستیدا ئێمەیان لە ئامانجە نوێیەکە دوور کردۆتەوەو ئەگەر بێتو ئاڕاستەی جموجۆڵمان هاوجووت لەگەڵ ئامانجە نوێیەکە بگۆڕین، ئەم جارەشیان دیسان دەکەوێتە ژێر ئەو مەترسییەوە. کەواتە، سەرەڕای هەموو ئەو لەخۆبردووییەی کە ئەنجامان داوە، لەوانەیە هەرگیز

بە هیچ نەگەین. ئەو کەسانەی کە هەنگاوێك بەرەو رووی ئایدیایەکی دوور دەست وەکو وەدیهاتنی سازشی لەسەرەخۆی مەرجەع لە قەڵەم دەدان، دەبێ ئەوەیان لەیاد بێت کە ئەگەر ئایدیا زۆر دوور بێت، لەوانەیە دەست نیشان کردنی ئەم شتە دژوار بێت کە ئایا ئەو هەنگاوی هەڵگیراوە بەرەو ڕووی {ئامانجەکە} بووە یان لێی دوور کەوتۆتەوە، ئەمە لەکاتێك بەتایبەتی راستە کە ئاڕاستەی سەر هێڵەکە زیگزاگ یان وەکو هێگل دەڵێ، بە هەنگاوی ((دیالێکتیکی)) بەرەو پێش بچێت یان هەر لەبنەڕەتدا بە ڕوونی بەرنامەڕێژی بۆ نەکرابێت. (ئەم بابەتە پەیوەندی بەو پرسیارە کۆنە و تاڕادەیەك منداڵانەیەوە هەیە کە دەپرسێت ئامانج تاکوێ دەتوانێت پاساو بۆ ئامرازی بێنێتەوە. جگە لەم بانگەشەیە کە هیچ ئامانجێك هەرگیز ناتوانێ پاساو بۆ هەموو ئامرازەکان بێنێتەوە، پێم وایە ئامانج ئەگەر تاڕادەیەك دەست نیشان کراو و بۆ وەدی هێنان بشێت، رەنگە پاساو بۆ هەندێ هەنگاوی کاتەکی بێنێتەوە، بەڵام ئایدیایەکی دوور دەست هیچ کاتێ لە توانایدا نییە پاساوێکی لەم چەشنە بێنێتەوە[٦]).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە تاکە رێگای رزگاری لە رێبازی یۆتۆپیایی، بیروباوەڕێکی ئەفلاتون ئاسایە بە ئایدیایەکی تاقانەو رەها و نەگۆڕ، لەگەڵ دوو گریمانەی دیکەدا: واتە بە بەڵگەنەویست سەیرکردنی بوونی هەندێ میتۆدی عەقڵانی بۆ دیاریکردنی بێ ئەملاو ئەو لاو هەمیشەیی ئەوە کە (الف) ئەم ئایدیایە چییە و (ب) باشترین ئامرازەکانی وەدەستهێنانی کامانەن. تەنیا ئەم جۆرە گریمانە دوور و درێژانە دەتوانن ببنە ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەدا کە بڵێین میتۆدۆلۆژی یۆتۆپیایی بەشێوەیەکی گشتی پووچ و عەبەسە. بەڵام تەنانەت خودی ئەفلاتون و گەرموگوڕترین ئەفلاتونییەکانیش دان بەوە دادانێن کە گریمانەی (الف) بێگومان راست نییە و هیچ میتۆدێکی عەقڵی بۆ دیاریکردنی ئامانجی کۆتایی بوونی نییە و ئەگەر شتێکی ئەوتۆش لە ئارادا بێت، تەنیا و تەنیا جۆرە پێژنێکە. کەواتە، بەوەبەرچاوگرتنی نەبوونی میتۆدە عەقڵانییەکان، هەر چەشنە جیاوازییەکی بیروباوەڕ لە نێوان ئەندازیارە یۆتۆپیاییەکان، بە ناچار دەبێ بەکارهێنانی دەسەڵات لەجیاتی عەقڵ واتە توندوتیژی لێبکەوێتەوە. هەر پێشکەوتنێکیش کە بەهەر ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بەدەست بێت، بە پێچەوانەی ئەو میتۆدەی بەکارهاتووە وەدی دێت نەك بەهۆی ئەوەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەو سەرکەوتنەی کە بەدەست هاتووە بەهۆی بەرزێتی و بەوەجی رێبەرەکانەوە بێت، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیربچێت کە رێبەرە بەرزو بەوەجەکان تەنیا بەرێکەوت دروست دەبن نەك بە میتۆدی عەقڵی.



تێگەیشتنێکی راست لەم رەخنەیە گرنگی تایبەتی هەیە. رەخنەی من لە ئایدیالەکان لەسەر بنەمای ئەم بانگەشەیە دانەمەزراوە کە هیچ ئایدیالێك هەرگیز وەدی نایەت و ئایدیال هەمیشە دەبێ وەکو {خەونێکی} یۆتۆپیالی بمێنێتەوە. رەخنەیەکی ئەوتۆ هیچ مسداقیەتێکی نابێت، چونکە گەلێك شت بوون بە حەقیقەت کە رۆژگارێك بەچەشنێکی دۆگم پێیان وابوو، نابێت بەڕاستی و وەدی نایەت، وەکو دامەزراندنی دەزگاکان بۆ دابین کردنی هێمنی مەدەنی، واتە بۆ پێشگرتن لە خراپەکاری و کەتن لە نێو وڵاتدا. پێم وانییە دامەزراندنی دەزگای هاوشێوە بۆ پێشگرتن لە خراپەکاری لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، واتە دەست درێژی چەکدارانە و باج خوازی، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی کات وەکو خەونێکی یۆتۆپیایی سەیری دەکرێ، هێندە دژوار بێت[٧]. بەڵام ئەو شتەی وەکو ئەندازیاریی یۆتۆپیایی دەدیدەمە بەر رەخنە، راماندەسپێری کە سەرانسەری کۆمەڵگا بونیاد بنێینەوە، واتە ئەو گۆڕانکارییە پانوبەرینەی کە بەهۆی ئەزموونی کەمی ئێمە، لێپێچینەوە لەگەڵ دەرەنجامە کردەییەکانیدا دژوارە. ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی بانگەشەی بەرنامەڕێژییەکی عەقڵانی دەکات بۆ هەموو کۆمەڵگا، ئەوە لەکاتێك دایە کە مەعریفەیەکی راستەقینەی پێویست بۆ پراکتیکە کردنی ئەم جۆرە بانگەشە بەرزە فرانەیە لەبەر دەستی ئێمە دانییە. ئێمە ناتوانین ببینە خاوەنی ئەم جۆرە مەعریفەیە، چونکە لەم جۆرە بەنامەڕێژییەدا، خودان ئەزموونێکی کردەیی پێویست نین و ناسینی فاکتەکان دەبێ لەسەر بنەمای ئەزموون بێت. لە ئێستادا، زانینێکی کۆمەڵناسانەی پێویست بۆ ئەندازیاریی یۆتۆپیایی بە پێوەرێکی بەرفراوان بوونی نییە.

ئەندازیاری یۆتۆپیایی لەوانەیە بە وەبەرچاوگرتنی ئەم رەخنانە، نیازی ئەزموونی پراکتیکی و پێویست بوونی تەکنەلۆژیای کۆمەلایەتی کە لەسەر ئەم جۆرە ئەزموونە دامەزرابێ، قبوڵ بکات. بەڵام بەڵگەخوازی دەکات و {دەڵێ} ئەگەر بڕیار وابێ خۆ لە ئەنجامی تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان[٥] ببوێرین، کە تەنیا رێگای بەدەست هێنانی ئەزموونی پراکتیکی جێگەی مەبەستە، هەرگێز مەعریفەیەکی باشتر لەم دۆخە وەدەست ناهێنین. لەوانەیە درێژەی پێ بدات کە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی هیچ نییە جگە لە بەکارهێنانی میتۆدی تاقیکردنەوە لەمەڕ کۆمەڵگا. ناکرێ بەبێ هێنانە ئارای گۆڕانی بەربڵاو، دەست بۆ تاقیکردنەوە ببەین و بەهۆی خەسڵەتی تایبەتی کۆمەڵگای ئەمڕۆ و بە بوونی ئەو جەماوەرە مەزنەی خەڵك، دەبێ ئەم جۆرە

5. social experiments

تاقیکردنەوانە بە پێودانێکی بەرفراوان ئەنجام بدرێ. بۆ نموونە، ئەو تاقیکردنەوە کە گەرەکی بێت لە زەمینەی سۆسیالیزمدا ئەنجام بدرێت، ئەگەر بۆ یەك کارخانە یان یەك گوند یان تەنانەت ناحیەیەك بەرتەسك بکرێت، هەرگیز زانیارییەکی ئەوتۆ کە لەسەر بنەمای واقیع بێت و بەم چەشنە خێرایە پێویستیمان پێی هەیە، نادات بە دەستەوە ئەم جۆرە بەڵگەخوازیانە بۆ لایەنگری کردن لە ئەندازیاریی یۆتۆپیایی، پێشاندەری پێشداوەرییەکی تایبەتییە کە هەروەك چۆن لایەنگری زۆری هەیە، ئاواش بێ مسداقیەتە و بۆ بەرگری لێ کردن نەشیاوە. پێشداوەری بریتییە لەوەی کە دەبێ تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان ((بە پێوەری بەرفراوان)) بن و ئەگەر بڕیار وایە لە هەلومەرجێکی واقیعیدا ئەنجام بدرێن، دەبێ گشت کۆمەڵگا لەخۆ بگرن. بەڵام تاقیکردنەوەی لەسەرخۆ یان هەنگاو بە هەنگاویش دەکرێت لە هەلومەرجی واقیعیدا لەنێو کۆمەڵگادا بێتە ئاراوە، هەر ئەوەندە نەبێت کە ((بە پێوەری بچووك)) و بەپێی هەڵگیرساندنی شۆڕش لە کۆمەڵگادا. لەڕاستیدا ئێمە بەردەوام خەریکی ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەین. پێکهێنانی جۆرێکی نوێی بیمەی تەمەن یان بەستنی جۆرێکی تازەی باج یان چاکسازی سزایی، هەر هەموویان تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتین کە بەبێ گۆڕینی فۆرمی گشتی کۆمەڵگا رەنگدانەوەکانی خۆی بە سەرانسەری کۆمەڵگادا بەجێ دەهێڵێت. تەنانەت ئەو کەسەی کە دوکانێکی نوێ دەکاتەوە یان شوێنك لە شانۆ دەگرێتەوە، خەریکی ئەنجامدانی جۆرە تاقیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە بە پێوەری بچووك. هەموو عەیفەی ئێمە لەسەر رەوش و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای ئەزموونی وەدەست هاتوو لە ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوانەوەیە. ئەندازیاری یۆتۆپیایی لایەنی بەرامبەری ئێمە مافی خۆیەتی جەخت لەسەر ئەوە بکات کە ئەگەر تاقیکردنەوەیەك لە زەمینەی سۆسیالیزم لە هەلومەرجێکی تاقیگەیی- لە گوندێکی جیاو پەرتەوازەدا- ئەنجام بدرێ هیچ بایەخێکی نییە، چونکە ئێمە گەرەکمانە بزانین لە هەلومەرجی ئاسایی کۆمەڵگادا چی لێدەردەچێ. بەڵام هەر ئەم نموونەیە دەریدەخات کە پێشداوەری ئەندازیاریی یۆتۆپیایی، لە کوێ سەرچاوە دەگرێت. ئەو زۆر بەقوڵی لە سەر ئەو بیروباوەڕەیە کە کاتێ ئێمە تاقیکردنەوەیەك لە کۆمەڵگا ئەنجام دەدەین، دەبێ بوونیادەکەی بخەینە قاڵبێکی دیکەوە. کەواتە، تاکە تاقیکردنەوەیەکی سنووردارتر و بچووکتر کە لە لەهزری ئەودا دەگونجێ، ئەو تاقیکردنەوەیەیە کە هەموو بوونیادی ئەو کۆمەڵگا بچووکە بخاتە قاڵبێکی نوێوە. بەڵام پەروەردەییترین جۆری تاقیکردنەوە ئەوەیە کە هەر کەڕەتە و یەك دەزاگای کۆمەڵایەتی بگۆڕین، تەنیا لەم رێگەیەوە فێردەبین کە چۆن دەزگاکان لە چوارچێوەی



دەزگاکانی تردا جێگە بکەینەوە و چۆن رێکیان بخەین کە بەپێی نیەتی ئێمە کار بکەن. تەنیا لەو رێگەیەوە دەتوانین بەبێ دروست کردنی رەنگدانەوەی کارەساتاوی کە بە ناچاری ویستی رووەو چاکسازی ئایندەش دەخاتە ژێر مەترسیەوە، تووشی هەڵە بین و لە هەڵەکانەوە ئەزموون کۆ بکەینەوە. ئەوکات، میتۆدی یۆتۆپیایی بە ناچاری بەهۆی دڵگیری و هۆگرییەکی دۆگما، نەخشەیەکی لێ دەکەوێتەوە کە لە پێناویدا فیداکاری بێ ئەژمار کراوە. سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەدا لەگەڵ بەرژەوەندی گەورە لێکدەبەسرێ. هیچ کام لەمانە یارمەتی بە عەقڵانی بوون و بەهای زانستی تاقیکردنەوەکە ناکەن. بەڵام میتۆدی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە {هەنگاو بە هەنگاو} مۆڵەتی ئەوەمان دەداتێ چەندین تاقیکردنەوەی یەك لەدوای یەك ئەنجام بدەین و بەردەوام دەست بۆ دەستکاری کردن و رێکخستنی نوێ ببەین و تەنانەت لەوانەیە ئەو دۆخە دڵخوازەی لێ بکەوێتەوە کە سیاسەتمەدارەکان لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن بە بەڵگەتاشین، پاساو بۆ هەڵەکانی خۆیان بێننەوەو بیسەڵمێنن هەمیشە ئەوان لەسەر هەقن، هێدی هێدی بە دوای هەڵەکانی خۆیاندا بگەڕێن. ئەمە و نەك ئەو بەرنامەڕێژییە بەشێوازی یۆتۆپیایی و پێشگۆیی مێژوویی- بەمانای هێنانی میتۆدێکی زانستییە بۆ سیاسەت، چونکە هەموو رازی میتۆدی زانستی لە ئامادەیی بۆ ئەزموونی فێربوون لە هەڵەکان دیە{٨}.

بەبڕوای من، دەتوانرێت ئەم بۆچوونانە بە بەراوردکردنی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بۆ نموونە ئەندازیاریی میکانیك زیاتر بەهێز بکەین. هەڵبەتە ئەندازیاری یۆتۆپیایی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەندازیارە میکانیکەکان هەندێ جار گەڵاڵەی ماشینی ئاڵۆز پێکەوە دادەڕێژن و هەندێ نەخشەی ئەوتۆ دەکێشن کە لەوانەیە نەك هەر جۆرە ماشێنێکی تایبەتی لەخۆ بگرێ بەڵکو تەنانەت هەموو کارخانەی دروستکردنەکەشی بێت و لە پێشدا گەڵاڵەی ماشێن و کارخانەکە بەیەکەوە بدات. بەرسڤی من بەم جۆرە دەبێ کە ئەندازیاری میکانیك لە توانای دایە هەموو ئەم کارانە ئەنجام بدات، چونکە ئەزموونێکی زۆری لەبەردەست دایە کە بریتین لەو تیۆرانەی کە لە تاقیکردنەوەو هەڵە[٦] دروست بووە. ئەوە بەو مانایە کە ئەو دەتوانێ گەڵاڵەڕێژی بکات، چونکە پێشتر تووشی هەموو جۆرە هەڵەیەك هاتووە، یاخود بەجۆرێکی تر، لەبەرئەوەی پشت بەو ئەزموونە دەبەستێ کە بەکارهێنانی میتۆدی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە وەدەستی هێناوە، ماشینە نوێیەکەی بەرهەمی گەلێك باشبوونی بچووك بچووکە. زۆربەی

6. trial and error

کات، سەرەتا مۆدێلێکی لەبەردەست دایە و تەنیا پاش ئەوەی چەندین جار بەشە جیاجیاکانی لەت بە لەت رێك کرد، دەچێتە قۆناغی ئامادەکردنی گەلاڵەی کۆتایی بۆ بەرهەم هێنان. هەر بەم چەشنە، ئەو گەلاڵەیەش کە بۆ ئەو ماشینەی جگەی مەبەستە ئامادە دەکرێت، ئەزموونێکی فراوان لەخۆ دەگرێ، واتە هەمان ریفۆرمی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە کە لە کارخانە کۆنەکاندا ئەنجام دراوە. میتۆدی گشتی[7] یان بە پێوەری بەرفراوان کاتێك کردەییە کە پێشتر میتۆدی لەسەرەخۆ، ئەزموونی بەش بەشی فراوانی دابێت بە ئێمە و ئێستا ئەو کاتەش تەنیا لە سنووری هەمان ئەزموونەندا بەکاردێت. کەم خاوەن کارخانە هەیە ئامادەبێت بەبێ ئەوەی سەرەتا مۆدیلێك دروست بکات و دواتر وردە وردە تا ئەو شوێنەی دەگونجێت بەهۆی رێك کردن و دەستکاری کردنی یەك لە دوای یەك، ((گەشەی پێبدات)) تەنیا لەسەر بنەمای نەخشەیەك بچێتە قۆناغی بەرهەمهێنانی ماتۆڕێکی نوێ، تەنانەت ئەگەر گەورەترین پسپۆڕیش ئەم نەخشەیەی کێشابێ.

رەنگە سوودمەند بێت ئەگەر بەراوردێك ئەنجام بدەم لە نێوان ئەو رەخنەی لێرەدا لە ئایدیالیزمی ئەفلاتون گیرا لە پانتایی سیاسەتدا، لەگەڵ رەخنەی مارکس لەوەی کە بە ((یۆتۆپیاگەرایی)) ناوزەدی دەکات. رادەی هاوبەشی نێوان من و مارکس ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان خوازیاری واقیع بینییەکی زیاترین. هەردووکمان لەسەر ئەو باوەڕەین کە گەلاڵە یۆتۆپیاییەکان بەو چەشنە کە وێناکراون، هەرگیز وەڕاست ناگەڕێن، چونکە دەتوانین بڵێین هیچ کردەیەکی کۆمەڵایەتی هەرگیز دەرەنجامی جێگەی چاوەڕوانی بە وردو رێکی لێ ناکەوێتەوە. (بەبڕوای من، ئەم حاڵەتە رێبازی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە لەکەدار ناکات، چونکە ئێمە لێرەدا وێڕای کار فێردەبین- یان لانیکەم دەبێ فێر بین- گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانماندا پێك دێنین). بەڵام گەلێك جیاوازیش {لە نێوان من و مارکس} دا هەیە. ئەو حاڵەی کە زۆر بەدەگمەن دەرك دەکرێ ئەوەیە کە مارکس کاتێك دژی یۆتۆپیاگەرایی بەڵگەخوازی دەکات، __هەموو جۆرە__ ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی مەحکوم دەکات. ئەو باوەڕبوون بە گەلاڵەڕێژییەکی عەقڵانی بۆ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، بە چەشنێکی بێ ئەملاو ئەولا بە پێچەوانەی واقیع بینی لە قەڵەم دەدات و ئیدانەی دەکات، چونکە دەڵێت دەبێ کۆمەڵگا بە پێی یاساکانی مێژوو گەشە بکات نەك بەپێی بەرنامەی عەقڵانی ئێمە. مارکس لەسەر ئەو بڕوایەیە کە تاکە کارێك کە ئێمە لە

7. Wholesale method



دەستمان دێت کەمکردنەوەی ئازاری زانی[8] پڕۆسە مێژوویییەکانە[9]. بەجۆرێکی دیکە، ئەو هەڵوێست و تێڕوانینێکی لەڕەگ و ریشەوە مێژووگەرایانە و پێچەوانەی هەر چەشنە ئەندازیارییەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت. بەڵام توخمێك لە یۆتۆپیاگەرایی دا هەیە کە تایبەتی رێبازی ئەفلاتونە و رەنگە گرنگترین توخم بێت لە نێو ئەو توخمانەدا کە کەوتۆتە بەر هێرشی من و لەگەڵ ئەوەشدا مارکس دژایەتی ناکات. مەبەستم، داوێنی پانوبەرینی یۆتۆپیاگەرایی و تەقەلاکانی بۆ خەریك بوون بە هەموو کۆمەڵگاوە، بە چەشنێك کە هیچ قوژبنێکی بەدەست لێ نەدراوی نەمێنێتەوە. بەجۆرێکی تر، بیروباوەڕێکی تۆکمە بەوە کە دەبێ بگەینە رەگی ئەو شەڕەی کە یەخەی کۆمەڵگای گرتووە و ئەگەر بمانەوێت، بە قسەی دۆگار ((باشی و پاکی بێنینە ناو جیهانەوە))، هیچ شتێك جگە لە رەگەوە هەڵکێشانی تەواوی سیستەمی کۆمەڵایەتی سوچدار {لەم گەندەڵییە} بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکە بەس نییە. بەکورتییەکەی، {ئەم توخمە بە مانای} رادیکالیزمی[10] سازش نەکەرە لە یۆتۆپیاگەراییدا. (خوێنەر سەرنجی ئەوە دەدات کە من ئەو زاراوەیەم نەك بە مەفهوومی هەنووکەیی بەشێك لە ((پێشکەوتنخوازە لیبراڵەکان))[11] بەڵکو بە مانا سەرەکی و زمانەوانییەکەی بەکارهێناوە، بۆ دیاری کردنی هەڵوێستێك کە لایەنگری ((نفوزکردنە بۆ سەر رەگ و ریشەی حاڵەتەکان)). ئەفلاتون و مارکس هەردووکیان لە خەونی شۆڕشێکی گڕکاناوین کە سەرانسەری جیهانی کۆمەڵایەتی لە ڕەگ و ریشەوە بگۆڕێت.

ئەو بەستێنە پانو بەرینە، ئەم رادیکالیزمە توندڕۆیانەیە لە رێبازی ئەفلاتون (و هەروەها مارکسدا) بە بڕوای من پەیوەندی بەو جوانناسی (ئیستاتیکا)[12]یەوە هەیە کە لەناو ئەو رێبازەدا پەنهانە، واتە حەزی دروست کردنی جیهانێکی نەك تەنیا هەر هەندێ باشتر و کەمێك عەقڵانیتر لە دونیای ئێمە، بەڵکو جیهانێك کە بەری بێت لە هەموو ناشیرینەکانی، نەك لێفەیەکی چل پارچە[13] یان کۆلاژێکی کۆنە، بەڵکو جلێکی سەراپا نوێ و جیهانێکی گەنج و بەڕاستی جوان{9}. ئەم ئیستاتیکایە بە تەواوی بۆ تێگەیشتن دەشێت، لەڕاستیدا پێم وایە

8. birthpangs
9. historical processes
10. radicalism
11. “liberal progressivism”
12. aestheticism
13. crazy quilt

زۆربەمان تۆزێك تووشی ئەم جۆرە خەونە تەواو خوازییە بووینە. (هیوادارم هەندێ لە بەڵگەکانی ئەم تووش بوونە لە بەشی داهاتوودا روون بێتەوە). بەڵام ئەم حەز و شەوقە ئستاتیکیە تەنیا بەمەرجێك نرخی هەیە کە هەوسارەکەی لەدەست عەقڵ و هەستی بەرپرسایەتی و پاڵنەری مرۆڤدۆستانە بۆ یاوەری ئەوانیتر دابێت، ئەگینا مەترسیدارە و لەوانەیە وەکو جۆرە نێورۆزی[١٤] یان هیستریای لێبێت.

ئەم ئستاتیکایە لە هیچ شوێنێکدا هێندە نووسینەکانی ئەفلاتون بەهێز خۆی نەنواندووە. ئەفلاتون هونەرمەند[١٥] بوو و وەکو بەشێکی زۆر لە باشترین هونەرەمەندەکان، هەوڵیدەدا، مۆدێل یان ((بنەچەی یەزدانی)) کارەکەی لە هزری دا بەرجەستە بکات و لەڕووی ئەوەوە بە ئەمانەتەوە ((کۆپی)) بکات. بەشێکی زۆر لە وتەکانی کە لە بەشی پێشوودا وەرگیران، گەواهیدەری ئەم خاڵەن. ئەوەی ئەفلاتون بە ئەفلاتون بە دیالێکتیکی وەسف دەکات، زۆربەی کات هەمان پێژنی (شهود) عەقڵی جیهانی جوانی بێگەردیان ئەبستراکتە. فەیلەسووفە بە ئەزموون و لێهاتووەکانی ئەو پیاوانەن کە ((حەقیقەتی هەموو ئەو شتانەیان بینیوە جوان و دادپەروەرانە و باشن{١٠})) و دەتوانن لە ئاسمانەوە بیهێنە سەر زەوی. لە روانگەی ئەفلاتونەوە، هونەری پاشایانە[١٦]، هەمان سیاسەتە، هونەرێکە نەك بە مەفهوومی خوازەیی یان میتافۆڕی بەڕێوەبردنی ئەوانیتر یان رێك و پێك کردنی کارەکان، بەڵکو بە مەفهوومێکی زمانەوانیتر و حەقیقتر. هونەری پۆلێن کردن و دروست کردن[١٧]، وەکو هونەری مۆسیقا یان وێنەکێشان یان بیناسازی. سیاسەتوانی ئەفلاتونی، لەپێناو جوانیدا شار دروست دەکات.

بەڵام ناڕەزایەتی من لێرەدایە. من لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە دەتوانرێت ژیانی مرۆڤەکان بکرێتە ئامرازی وەدیهێنانی ئاواتی هونەرمەند بۆ دەربڕینی {بیروهەستوسۆزەکانی}. بەپێچەوانەوە، دەبێ گەرەکمان بێت، ئەگەر حەز بکات هەل بە هەموو کەسێك بدرێت بۆ ئەوەی خۆی شکڵ و شێوە بە ژیانی خۆی بدات، هەڵبەتە تا ئەو جێگایەی کە ئەم کارە زەحمەتێکی زۆر بۆ ئەوانیدی دروست نەکات. رەنگە زۆر هەستی هاوڕایی لەگەڵ ئەو کەسانە دەربڕین کە پاڵنەری جواناسیان هەیە، بەڵام من پێم وایە هونەرمەند بۆ دەربڕینی {بیروهەستووسۆزەکانی} باشتر

14. neurosis
15. artist
16. Royal Art
17. composition



وایە بەدوای قاڵبێکی دیکەدا بگەڕێ. من خوازیاری ئەوەم کە سیاسەت حەتمەن پرنسیپی یەکسانی و تاکگەرایی بچەسپێنێت. خەونی جوان {پەرستانە} دەبێ تەسلیمی زەرورەتی یارمەتی دانی ئەو کەسانە بێت کە ئازار دەچێژن و تووشی ستەم و نادادپەروەری هاتوون، واتە زەرووەرەتی دروست کردنی ئەو دەزگایانەی کە خزمەتی ئەم جۆرە مەبەستانە بکەن{١١}.

رادیکالیزمی بێ ئەملاو ئەولای ئەفلاتون- واتە داخوازی هەنگاو و کردەوەی بەیەکجار و بەربڵاو- لەگەڵ جوانپەرستییەکەی، پەیوەندییەکی نزیکی هەیە. ئەو پارچانەی ئێستا بە نموونە دەیانهێننەوە پێشاندەری ئەم خەسڵەتەی ئەفلاتونن. ئەفلاتون لەمەڕ ((ئەو فەیلەسووفەی کە لەگەڵ جیهانی یەزدانی دا لە پەیوەندی دایە)) دەدوێت و سەرەتا ئەوەمان بیردێنێتەوە کە ئەم فەیلەسووفە ((یەکراست رکێفی خۆی دەداتە دەست ئەم پاڵنەرە کە... کەشفە ئاسمانییەکەی خۆی لە قاڵبی تاك و لە قاڵبی شاردا وەدی بێنێت))- ئەو شارەی کە ((هەرگیز رووی بەختەوەری نابینێت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە نەخشەکێشەکانی ئەو هونەرمەندانە بن کە {جیهانی} یەزدانی بکەنە سەر مەشق و نموونەی خۆیان)). پرسیار لە ((سوقراتی)) ئەفلاتون دەکرێت سەبارەت بە وردەکارییەکانی {شێوازی} گەلاڵەی {ئەم هونەرمەندانە} و ئەو وەڵام دەداتەوە کە ئەوان ((وەکو کەڤاڵ سوود لە شارو کاراکتێری[١٨] مرۆڤەکان وەردەگرن و بەر لە هەموو شتێك، ئەم کەڤاڵە[١٩] پاك دەکەنەوە کە بە هیچ جۆرێك کارێکی ئاسان نییە. بەڵام خاڵەکە رێك لێرەدایە و ئەوان لەوەدا لەگەڵ هەمووان جیاوازیان هەیە، چونکە دەست بۆ هیچ کارێك نابەن سەبارەت بەشار یان تاکەکان (و هیچ یاسایەك داناڕێژن) تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە کەڤاڵێکی پاکیان پێ سپێردرابێت یان خۆیان پاکی بکەنەوە{١٢})).

کەمێك پاشتر ئەوە روون دەبێتەوە کە ئەفلاتون کاتێك باسی پاککردنەوەی کەڤاڵ دەکات چی لە هزر دایە. گلاوکۆن دەپرسێت: ((چۆن دەکرێ ئەم کارە ئەنجام بدرێت؟)) سوقرات وەڵام دەداتەوە: ((هەر هاووڵاتیەك کە تەمەنی لە دەساڵ زیاتر بێت دەبێ لە شار وەدەربنرێت و بۆ شوێنێکی دەرەوەی شار نەفی بکرێت، ئەو منداڵانەی بەم جۆرە لەژێر نفوزی داب و نەریتی دایك و باوکیان دێنە دەرێ و ئازاد دەبن، دەبێ بخرێنە ژێر سەرپەرشتیەوە و لە رێگای {فەلسەفەی راستەقینە} و بەپێی ئەو یاسایانەی وەسفمان کردن، پەروەردەبکرێن)).

18. character
19. canvas

(بەڵگەنەویستەکە، فەیلەسووفەکان لەو هاووڵاتیانە نین کە دەبێ بۆ دەرەوە رابدرێن، هەم ئەوان وەکو راهێنەر و مامۆستا دەمێننەوەو هەم بەرواڵەت ئەو نا هاووڵاتیانەی کە دەبێ ئامرازی خۆشگوزەرانی ئەوان دەستەبەر بکەن). لە کتێبی سیاسەتمەداردا ئەفلاتون هەر بەم سیاقە لەمەڕ ئەو فەرمانڕەوا شاهانەیەی کە بەپێی زانستی شاهانەی[٢٠] ولآت بەڕێوەبردن حوکمڕانی دەکەن، دەدوێت: ((جا چ ئەمانە بە پەیڕەویکردن لە یاسا حکومەت بکەن یان بەبێ یاسا و رەعیەت[٢١] چ رازی بێت یان نا... و چ ولآت لە پێناوی سوودی خۆیدا بە کوشتنی هەندێ لە هاووڵاتیان پاکسازی بکەن یان بە دەرکردن {یان تاراندن (نەفی کردن)} تا ئەو کاتە کە ئەوان بەپێی زانست و دادپەروەری بۆ پێشەوە برۆن و... دەوڵەت بپارێزن و سەبارەت بەوەی کە هەبوو باشتری بکەن، ئەم شێوازەی حکومەت دەبێ وەکو تەنیا جۆرێك کە ڕاستە و بەحەقە رابگەیەنرێت)).

ئەوەیە ئەو شێوازەی کە سیاسەتڤانی هونەرمەند دەبێ بە پێی ئەو کار بکات و بەرەو پێش بچێت. ئەمەیە مانای پاککردن کەڤاڵ. دەبێ ئەو دەزگاو نەریتە موجودەکان لەڕەگ و ریشەوە هەڵکەنێت. دەبێ پاکسازی بکات و دابماڵێت و وەدەربنێت و نەفی بکات و بکوژێت. (زاراوەی تۆقێنەری ئێستا بۆ دەربڕینی ئەم مانایە ((پاکتاوکردن))ـە[٢٢]). دەربڕینەکانی ئەفلاتون لەڕاستیدا وەسفی راستەقینەی هەڵوێستی سازش نەکەری هەموو شێوازە جیاوازەکانی رادیکالیزمی بێ ئەملاو ئەولا و خۆبواردنی جوانپەرستەکان لە سازشکاری روون دەکاتەوە. بڕوا بوون بەوە کە دەبێ کۆمەڵگا وەکو شتێکی هونەری جوان بێت، بەداخەوە بە ئاسانی هەنگاو و کردەوەی پڕ لە زەبروزەنگی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەم رادیکالیزم و توندوتیژییە نەك هەر بەتەواوی پێچەوانەی واقیع بینیە بەڵکو بێهودەو عەبەسە. (نموونەی ئەم حاڵەتە گەشەپێدانی روسیا بوو. لەپاش لەبەریەك هەڵوەشانی ئابووری کە لە ئەنجامی پاککردنەوەی ئەو کەڤاڵەی وەك دەڵێن لە ((کۆمۆنیزمی جەنگ))ـەوە پێك هاتبوو، لینین ((سیاسەتی ئابووری نوێی))[٢٣] دەست پێکرد کە لەڕاستیدا جۆرە ئەندازیارییەکی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە بوو، ئەوەندە نەبێت کە پرنسیپ یان تەکنەلۆژییەکان ئاگایانە فۆرمۆڵبەندی نەکرابوون. ئەو سەرەتا دەستی کرد بەگێڕانەوەی بەشی زۆری ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەنرخی ئەو هەموو ئازارو کوێرەوەرییە

20. Royal science
21. subject
22. liquidate
23. New Economic policy (NEp)



مرۆییە لەڕەگەوە هەڵکەنرابوون. پارە، بازاڕ، جیاوازی داهات، خاوەندارێتی تایبەت- و تەنانەت ماوەیەك، سەرمایەگوزاری و سەرپەرشتی تایبەتی[٢٤] لە کاری بەرهەم هێناندا- هەموویان دیسان هێنرانەوە. بەڵام پاش ئەوەی ئەم بناغەیە سەر لەنوێ دامەزرێنرایەوە، دووبارە قۆناغێکی نوێی ریفۆرم دەستی پێکرد{١٣}).

بۆ رەخنەگرتن لە بنەماکانی رادیکالیزمی جوانپەرستانەی ئەفلاتون، دەبێ دوو خاڵی جیاواز لەیەکتر جیابکەینەوە.

خاڵی یەکەم ئەمەیە. ئەوەی هەندێ کەس لە هزریان دایە، کاتێك کەلەسەر ((سیستەمی کۆمەڵایەتی)) ئێمە و پێویستی هێنانی سیستەمێکی دیکە دەدوێن، زۆر بەو وێنەکێشراوەی سەرتابلۆ دەچێت کە دەبێ پاك بکرێتەوە بەر لەوەی بکرێت وێنەیەکی تر بکێشرێتەوە. بەڵام چەند جیاوازی گەورەش بوونی هەیە. یەکێك لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە خودی وێنەکێش و ئەو کەسانەی هاوکاری لەگەڵ دەکەن و ئەو دەزگایانەی کە ژیانی ئەوان دەرەخسێنێ و خەونەکانی وێنەکێش و نەخشەکانی بۆ جیهانێکی باشتر، هەر هەموویان بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی پێك دێنن، واتە هەمان ئەو وێنەیەی کە دەبێ پاك بکرێتەوەو دابماڵدرێت. ئەگەر بیانەوێت بەڕاستی تابلۆکە پاك بکەنەوە، دەبێ خۆیان و هەر هەموو گەڵاڵە یۆتۆپیاکەشیان لەناو ببەن (کە لەئاکامدا ئەوەی دەستمان دەکەوێ پەرێشانی و پشێوییە نەك کۆپیەکی جوان لەئایدیالی ئەفلاتون) هونەرمەندی سیاسیش وەکو ئەرخمیدس[٢٥] هاوار دەکات و داوای جێگەیەك دەکات لە دەرەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەری رابوەستێت و ئەم جیهانە بە نۆیڵ لەبنەوە هەڵقەنێت. بەڵام ئەم جۆرە جێگەیە بوونی نییە و جیهانی کۆمەڵایەتی دەبێ بەدرێژایی کاتی هەر چەشنە بوونیادنانەوەیەك درێژە بە کاری خۆی بدات. هەر بەم هۆیە سادەیەوە دەبێ ئێمە وردە وردە چاکسازی لە دەزگاکانی کۆمەڵگادا پێك بێنین تا ئەو کاتە کە ئەزموونی زیاتر لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی وەدەست دێنین.

24. private enterprise

٢٥. Archimedes (نزیکەی ٢٨٧ـ٢١٢ پێش زایین). گەورەترین ماتماتیکزان و فیزیکزان و ئەندازیاری چاخی دێرین. گۆیا قسەی ئەوە کە وتوویەتی: "ئەگەر جێگەیەکم بدەنێ لەسەری بوەستم، زەوی لەجێوە دەجوڵێنم."

ئەم تێبینیانە خاڵی دووەمیان لێ دەکەوێتەوە کە گرنگی زیاتری هەیە کە ئەویش ناعەقڵگەراییە(٢٦) کە لەگەڵ رادیکالیزمدا یەکتر تەواو دەکەن. لە هەموو کارێکدا، ئێمە تەنیا لە رێگای تاقیکردنەوەو هەڵەو چەوتی و چاکسازییەوە، دەتوانین شتێك فێر ببین. هەرگیز ناتوانین پشت بە سروش ببەستین، سەرەڕای ئەوەی سروش و ئیلهام تا کاتێك کە بەهۆی ئەزموونەوە بۆ هەڵسەنگاندنەوە بشێت، زۆر بە نرخە. **کەواتە ئەم گریمانەیە ژیرانە نییە کە بوونیادنانەوەی تەواوی جیهان، بەخێرایی سیستەمێکی کردەیی و شیاوی جێبەجێکردنی لێ دەکەوێتەوە.** دەبێ چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت، بەهۆی نەبوونی ئەزموون، گەلێك هەڵە روو بدات کە تەنیا لە رەوتی پڕ ئازار و زەحمەتی دەستکاری کردن و رێك کردنی بچووك، بشێت وەلاوە بنرێن، یاخود بەجۆرێکی تر، بەهۆی میتۆدی عەقلانی ئەندازیاریی لەسەرەخۆ یان بەرەبەرە کە ئێمە لایەنگری بەکارهێنانی ئەوین. ئەو کەسانەی کە ئەم میتۆدەیان بەڕادەی پێویست پێ رادیکاڵی(٢٧) نییە و پەسەندی ناکەن، ناچار دەبن دیسان کۆمەڵگا نوێیەکەی خۆیان نابوود بکەنەوە بۆ ئەوەی کارەکەیان سەرلەنوێ بە کەڤاڵێکی سادەو ساف دەست پێ بکەنەوە. بەڵام چونکە ئەم دەستپێکە نوێیەش دیسان هەر بەم هۆیانە، ناگاتە پلەی تەواویی، ناچار دەبن ئەم رەوتە سەرلەنوێ دووبارە بکەنەوە بێ ئەوەی هەرگیز بە شوێنی بگەن. رەنگە هەندێ کەسی ئەوتۆ بوونیان هەبێت کە دان بەو شتانە دابنێن کە باسمان کردن و ئامادەبن پاش یەك جار کەڤاڵ سڕی بنەمایی و ریشەیی، میتۆدی سنووردارتری ریفۆڕمی لەسەرخۆی ئێمە هەڵبژێرن، بەڵام تەنانەت ئەم کەسانەش ناتوانن لەم رەخنانە خۆیان بەدوور بگرن کە یەکەمین هەنگاو و کارە گشتگیرو توندو تیژەکەیان، بە تەواوی ناپێویست بووە.

جوانپەرستی و رادیکالیزم بەناچاری بەرەو وازهێنان لە عەقڵ پاڵمان دەنێن و لەڕووی داماوی و بێچارەییەوە هیوای موعجیزەی سیاسی دەکەنە بەدیلی عەقڵ. چاوگی ئەم هەڵوێستە و تێڕوانینە ناعەقڵانییە(٢٨)، سەرخۆش بوونە بە خەونی جیهانێکی جوان، هەر ئەو شتەی کە من ناوی دەنێم رۆمانتیزم{١٤} و لەوانەیە لە رابردوودا یان لە ئایندەدا بە دوای شارە ئاسمانیەکەی

٢٦. irrationalism یان رێبازی ناعەقڵی یان ناعەقڵانەت. ماناکەی بێجگە لەم واتایە، پشت بەستن بە پێژن و هەست و ئیمان لەجیاتی عەقڵ و بڕواهێنان بەوە کە هێزە ناماقووڵ و ناعەقڵانییەکان بەسەر دونیادا فەرمانڕەوایی دەکەن.

27. Radical
28. irrational



خۆیدا بگەڕێت، رەنگە مەوعیزەی ئەوە بکات کە ((بۆ سروشت بگەڕێنەوە)) یان ئامۆژگاری بکات ((بۆ پێشەوە بەرەو جیهانی عیشق و جوانی))، بەڵام بەهەرحاڵ هەمیشە لە جیاتی عەقڵ پەنا بۆ سۆزو هەڵچوونەکانمان دەبات و سەرەڕای ئەو پەڕی نیاز پاکی بۆ دروست کردنی بەهەشتێك لەسەر زەوی، تەنیا کارێك کە تێیدایە سەرکەوتوو دەبێت گۆڕینی زەوییە بۆ دۆزەخ- ئەو دۆزەخەی کە تەنیا مرۆڤ دەتوانێت بۆ هاوجۆرەکانی خۆی ئامادەی بکات.

# زەمینەی هێرشی ئەفلاتون

# ١٠ کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی

**ئەوە کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەر سروشتی بنەڕەتی خۆمان و شیفامان دەدات و بەختەوەرمان دەکات و بەرەکەتمان پێ دەدا.**

ـ ئەفلاتون

بەڵام هێشتا شتێك لە شیکردنەوەکەماندا کەمە. ئەو بانگەشەیە کە بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون بەرنامەیەکی تەواو تۆتالیتێرە و هەروەها ئەو نارەزایەتیانەی لە بەشی شەشەمدا ئاراستەی ئەم بانگەشەیە کران، ئێمەی بۆ توێژینەوە لە رۆڵێکدا پەلکێش کرد کە هەندێ مانای ئەخلاقی وەکو <u>**دادپەروەری**</u> و <u>**دانایی**</u> و <u>**راستی**</u> و <u>**جوانی**</u> لە چوارچێوەی ئەم بەرنامەیەدا رایی دەکەن. هەمیشە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە یەك شت بووە. بۆمان دەرکەوت کە رۆڵی ئەم مانایانە شیایستەی گرنگی پێدانە، بەڵام ئەفلاتون ناگەیەننە جێگەیەکی بەرزتر لە تۆتالیتاریزم و رەگەزپەرستی. یەکێك لەو مانایانەی کە هێشتا دەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت <u>**بەختەوەرییە**</u>. خوێنەران ئەوەیان لە بیرە کە پێشتر وتەیەی کراسمەنمان وەرگرت لە زەمینەی ئەم بیروباوەڕەدا کە بەرنامەی سیاسی ئەفلاتون هەر لە بنەڕەتدا ((گەڵاڵەیەکە بۆ دەوڵەتێکی تەواو کە تێدا هەموو هاووڵاتیەك بەڕاستی بەختەوەی بێت)) ئەوەمان شیکردەوە، کە ئەم بیروباوەڕە لە پاشماوەکانی مەیلی ئایدیالسازییە لە ئەفلاتون. ئەگەر لە منیان بوێت پاساو بۆ ئەم بیروبۆچوونەی خۆم بێنمەوە، بەئاسانی دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو باسەی ئەفلاتون لەمەڕ بەختەوەری دەیخاتە ڕوو رێك شایستەی بەراوردە لەگەڵ ئەو باسەی لەسەر دادپەروەری دەیکات،



بەتایبەتی لەو روویەوە کە بنەماکەی هەمان باوەڕ بوونە بە دابەشکردنی ((سروشتی)) کۆمەڵگا بەسەر چین یان ((کاستەکان))دا. ئەفلاتون سوورە لەسەر ئەوە کە بەختەوەری[١] تەنیا لە رێگای دادپەروەرییەوە وەدەست دەکەوێت، واتە بەو شێوەیە کە هەموو کەسێك پلەی خۆی بپارێزێت یان لە جێگەی خۆیدا بمێنێتەوە. دەبێ فەرمانڕەوا بەختەوەری لە فەرمانڕەواییدا بدۆزێتەوە، جەنگاوەر لە جەنگان و دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامە کە کۆیلە لە کۆیلەیەتی کردن. جگە لەمە، ئەفلاتون زۆربەی کات دەڵێت، ئامانجەکەی نە بەختەوەری تاکە و نە بەختەوەری هیچ لە چینە تایبەتییەکانی وڵات، بەڵکو {ئامانجی} بەختەوەری کۆ یان گشتە و بەڵگە دێنێتەوە کە ئەمە هیچ نییە جگە لە بەرهەمی هەمان حکومەتی داد کە پێشتر پێشانماندا خاوەن خەسڵەتی تۆتالیتێرە. یەکێك لە بانگەشە سەرەکییەکانی کۆمار هەر ئەمەیە کە تەنیا ئەم جۆرە دادپەروەرییە دەتوانێ بەختەوەری لێبکەوێتەوە.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم حاڵەتە، وادێتە بەرچاو ئەگەر ئەفلاتون وەکو سیاسەتمەدارێکی تۆتالیتێری حزبی بناسێنرێت کە لە کارە هەنووکەیی و پراکتیکییەکاندا هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام لە درێژخایەندا بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ وەستاندن و رووخاندنی ئەو شارستانیەتەی لێی بێزار بوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا[٢]، راڤەیەك کە بەم چەشنە لەم بابەتە بکرێ، گونجاو و بەری لە دژایەتی و تاڕادەیەك بۆ پووچەڵ بوونەوە ناشێت. بەڵام هەر کە بابەتەکە بەم جۆرە بێ پەردە و راشکاوانەیە دەربڕدرێت، ئەم هەستە دروست دەبێت کە هەڵەیەکی گرنگ لە راڤەی سەرەوەدا رووی داوە. بەهەر حاڵ، هەستی من پاش فۆرمۆڵبەندی ئەم راڤەیە، بەم چەشنە بوو هەستم دەکرد زیاتر لەوەی راڤەیەکی درۆبێت، کەموکوڕی تێدایە. لەم روویەوە، هەوڵی دۆزینەوەی هەندێ بەڵگەم دا بۆ ئەوەی ئەم راڤەیە رەد و پووچەڵ بکاتەوە[٣]. بەڵام لە هەموو روویەکەوە جگە لە یەکیان نەبێت، ئەو هەوڵەی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو راڤەیەی کردبووم، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. بابەتە تازەکە تەنانەت زیاتر ئاشکرای کرد کە فەلسەفەی ئەفلاتون هەمان تۆتالیتاریزمە.

تەنیا لە جێگەیەك هەستم کرد بۆ پووچەڵ کردنەوەی {ئەم راڤەیە} سەرکەوتوو بوومە، ئەویش لە زەمینەی نەفرەتی ئەفلاتون لە حکومەتی ملهوڕانە. هەڵبەتە هەلی روونکردنەوەی ئەم حاڵەتە لە رێگای بەڵگەتاشییەوە بە باشی لە ئارادا بوو. بە ئاسانی دەکرا بڵێین کە داوانامەکەی دژی حکومەتی ملهوڕانە، پڕوپاگەندەیەکی رووتە. تۆتالیتاریزم زۆربەی کات وا

خۆی دەنوێنێت کە عاشقی ئازادی ((راستەقینە))یە و ستایشی ئەفلاتونیش دەرحەق بە ئازادی و لەبەرامبەر ملهوڕی و زۆرەملیّ، رێك بەم جۆرە رواڵەتبازییە دەچێت بۆ ئەڤینداری. لەگەڵ ئەوەشدا، هەستم دەکرد هەندێ لە تێبینییەکانی کە سەبارەت بەحکومەتی ملهوڕانە دەریخاتە روو[٤]، و دواتر لەم بەشەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ، راستگۆیانە بوون. هەڵبەتە لە سەردەمی ئەفلاتوندا، حکومەتی ملهوڕانە زۆربەی کات بە واتای حکومەتێك بوو کە لەلایەن جەماوەرەوە پشتیوانی لێ بکرێت و بە پاڵپشتی ئەم راستییە لەوانە بوو بانگەشەی ئەوە بکەین کە نەفرەتی ئەفلاتون لەم جۆرە حکومەتە، لەگەڵ راڤە سەرەکییەکەی مندا دەگونجێت. بەڵام هەستم دەکرد کە نیازی گۆڕین و دەستکاری کردنی ئەو راڤەیە، بەم چەشنە چارەسەر ناکرێ. هەروەها هەستم دەکرد کە جەخت کردنێکی کافی نییە. هیچ جەخت کردنێك نەیدەتوانی ئەو کاریگەرییەی ئەم وێنەیە بەشێوەیەکی گشتی لە پاش خۆیەوە بەجێی هێشتبوو، هاوسەنگ بکات. پێویستی وێنەیەکی نوێ هاتە گۆڕێ کە نەك هەر بیروباوەڕی راستگۆیانەی ئەفلاتون سەبارەت بە پەیامەکەی وەکو شەفا بەخشی پەیکەری نەخۆشی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت بەڵکو ئەو فاکتەش لەخۆ بگرێ کە هیچ کەس بەر لەو و پاش ئەو بەم روونییە نەیبینیبوو کە چی بەسەر کۆمەڵگای یۆنانیدا هاتووە. هەوڵم دابوو ئەوە رەدبکەمەوە کە فەلسەفەی ئەفلاتون لەگەڵ تۆتالیتاریزمدا یەك شتە، بەڵام هەوڵەکانم هیچ باشبوونەوەیەکی لە وێنەکەدا پێك نەهێنابوو. لەم روویەوە، دواجار ناچار بووم گۆڕانێك لەو راڤەیەدا پێك بێنم کە بۆ تۆتالیتاریزم هەمبوو، یاخود بەجۆرێکی تر، بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە سەیرم کرد ئەو هەوڵانەی کە بۆ تێگەیشتن لە ئەفلاتون لە رێگای بەراوردکردن بە تۆتالیتاریزمی نوێ خستبوومە گەڕ منی بەرەو پێك هێنانی گۆڕانکاری لەبیروبۆچوونەکانم، سەبارەت بە تۆتالیتاریزم پاڵ ناوە. هەڵبەتە دوژمنایەتیەکەم دەستکاری نەکرابوو بەڵام دواجار گەیشتبوومە جێگەیەك سەیرم دەکرد کە هێز و پتەوی بزاڤە تۆتالیتێرە کۆن و نوێیەکان لەمەوە هەوێن دەگرێ کە ئەم جۆرە بزوتنەوانە هەمیشە ویستویانە پێداویستییەکی زۆر واقعی چارەسەر بکەن، هەرچەندە ئەم جۆرە هەوڵانە بە هەڵە وێنا کرابن.

لەژێر تیشکی ئەم راڤە نوێیەدا، ئێستا واپێدەچێت دەربڕینی ئەفلاتون لەمەڕ ئەوەی گەرەکیەتی وڵات و هاووڵاتییەکانی بەختەوەر بکات، پڕوپاگەندەیەکی رووت نییە. من ئامادەم خێرخوازییەکەی لە بنەمادا بە بەڵگەنەویست لە قەڵەم بدەم[٥]. هەروەها ئەوە قبوڵ دەکەم ئەو لە شیکردنەوە کۆمەڵناسیەکەی خۆیدا کە لەسەر بنەمای ئەوەوە مزگێنی بەختەوەری دەدات،



بەڕادەیەکی بەرتەسك هەقی هەبووە. بەجۆرێکی تر، لەسەر ئەو بڕوایەم ئەفلاتون بە تێڕوانینی قوڵی کۆمەڵناسانەی خۆی ئەوەی دەست نیشان کردبوو کە هاوچەرخەکانی لەژێر گوشارێکی قورسدا ژیان بەسەر دەبەن و ئەم گوشارە هۆبەندی هەمان شۆڕشی کۆمەڵایەتییە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی دێموکراسی و تاکگەرایی دەستی پێکردبوو. ئەفلاتون توانیبووی هۆکارە سەرەکییەکانی بەدبەختی قوڵی خەڵکی سەردەمی خۆی کەشف بکات و ئەوە دەست نیشان بکات ئەم حاڵەتە سەرچاوەکەی بریتییە لە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و جیاوازی بیرورا لە کۆمەڵگادا. ئەوپەڕی هیمەتی خۆی بۆ دژایەتی و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم هۆکارانە بەکاردێنێت. بەهیچ هۆیەك ناتوانین گومان لەوە بکەین کە بەهێزترین پاڵنەری ئەو، ئارەزووی گەڕاندنەوەی بەختەوەری بوو بۆ هاووڵاتیان. بەڵام، بەو بەڵگانەی کە دواتر لەم بەشەدا توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، بەبڕوای من ئەو دەرمانە پزیشکی-سیاسیەی کە ئەو رایدەسپارد- واتە وەستاندنی گۆڕان و گەڕانەوە بۆ خێڵ پەرستی- هێندە هەڵە بوو کە نەکرا هیچ هیوایەکی پێ ببەسرێت. لەلایەکی ترەوە، ئەگەرچی ئامۆژگارییەکانی لە ڕووی دەرمانییەوە پراکتیکی نین، بەڵام گەواهیدەری دەسەڵاتی ئەفلاتونە بۆ دەستنیشانکردنی ئازارەکە و ئەوە دەردەخات کە ئەو دەیزانی عەیبەکە لە کوێ دایە و لەو بەدبەختی و گوشار تێدەگەیشت کە خەڵك لە ژێریدا چنگیان لێك دەدا. ئەوەندە نەبێت ئەفلاتون لەم بانگەشەیەدا کە دەتوانێت بە پاڵنانی خەڵك بۆ رابردوو و خێڵ پەرستی فشارەکە کەم بکاتەوەو بەختەوەرییان بۆ بگەڕێنێتەوە، تووشی هەڵەیەکی بنەمایی بوو.

مەبەستم وایە لەم بەشەدا خەریکی تاوتوێکردنێکی کورتی ئەو بابەتە مێژووییانە بم کە منیان ناچار کرد ئەم بیروبۆچوونە دەرببڕم. لە دواین بەشی کتێبەکەدا، چەند تێبینییەکی رەخنەگرانە سەبارەت بەو میتۆدەی کە ئیشی پێکراوە- واتە میتۆدی راڤەی مێژوویی[١]- دەخرێتەڕوو. کەواتە، لێرەدا هەر بە ئاماژەکردن بەم خاڵە واز دێنین کە من بانگەشەی پێگەیەکی زانستی بۆ ئەم میتۆدە ناکەم چونکە ئەو ئەزموونانەی لەهەمبەر راڤەیەکی مێژووییدا بەکاردێن هەرگیز ممکین نییە لەڕووی وردەکارییەوە بگات بەو ئەزموونانەی کە سەبارەت بە گریمانەیەکی ئاسایی پیادە دەکرێ. راڤە،، زیاتر **روانگەیەکە**[٢] کە بەهاکەی پەیوەندی بەکاراییەکەی و ئەو هێزەوە هەیە کە لەوانەیە بۆ رووناك کردنی بابەتە مێژووییەکان و پاڵنانمان بۆ تێگەیشتن لە بابەتە

1. Historical interpretation
2. point of view

نوێیەکان، هەیبێت و لەو هاوکارییەی کە بە ئێمەی دەکات تاکو رووخسارێکی عەقڵانی بەم بابەتە ببەخشین و یەکیبخەین. لەم روویەوە، هەرچەندە هەندێ جاریش بە بوێرییەوە بیروباوەڕەکانم دەربڕم، مەبەستم لەوەی لێرەدا دەیڵێم، هەوڵدان نییە بۆ دەربڕینی بۆچوونێکی دۆگم و بنبڕ.

## ١

شارستانیەتی رۆژئاوا، سەرچاوەکەی یۆنانە. واپێدەچێت ئەوان یەکەمین کەس بوون کە لە خێڵ پەرستییەوە بەرەو مرۆڤدۆستی هەنگاویان نا. بابزانین ئەم وتەیە چ مانایەکی هەیە.

کۆمەڵگای خێڵەکی یۆنان، لەسەرتادا لە زۆر رووەوە هاوشێوەی کۆمەڵگای هەندێ هۆزی وەکو پولینزیاییەکان[٣] و مایۆرییەکان[٤] بوو. دەستەی بچووکی جەنگاوەرەکان زۆربەی کات لەو شوێنەی تێدا نیشتەجێ دەبوون قەڵای پتەوییان دروست دەکرد و لەژێر فەرمانی سەرۆکەکانی خێڵ یان پاشاکان یان بنەماڵە ئەرستۆکراتەکاندا ژیانیان بەسەردەبرد و لە وشکی و دەریادا دەچوونە جەنگی یەکترەوە. هەڵبەتە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان شێوازی ژیانی یۆنانی و پولینزیایی دا بوونی هەبوو، چونکە خێڵ نشینی حاڵەتێکی یەکجۆرو یەکسان نییە. هیچ تاکە پێوەرێکمان نییە کە ((شێوازی ژیانی خێڵەکی)) بەپێی ئەو رێك کرابێت. بەڵام بەبڕوای من، هەندێ تایبەتمەندی بوونی هەیە کە ئەگەر نەڵێین لە هەموو، لانی کەم لە زۆربەی کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا دەست دەکەون. مەبەستم تێڕوانینی سێحراوی یان ناعەقلانی ئەم کۆمەڵگایانەیە سەبارەت بە رێورەسمی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەروەها وشکی و رەقی ئەم رێورەسم و نەریتانە.

لەمەڕ تێڕوانینی جادویی سەبارەت بە رێورەسمە کۆمەڵایەتییەکان، پێشتر دواوین. گرنگترین فاکتەر تێیدا، جیانەکردنەوەی نێوان سیستەمە باو یان دابیەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئەو

٣. پولینزی بەشێوەیەکی گشتی ناوی یەکێك لەسێ گرووپە سەرەکییەکەی دورگەی ئوقیانوسیەیە لەناوەند و باشووری رۆژهەڵاتی ئوقیانوسەی گەورە کە هاوایی و ساموا و ئەوانیتر لەخۆ دەگرێ.

٤. Maoris. خەڵکی پولینیزیایی نیوزلاند کە لە سەردەمی چواردەی زایینی لە تاهیتییەوە بەرەو ئەو خاکە کۆچیان کردووە و بەشێوەی خێڵی جیاواز تێیدا نیشتەجێبوونە. لە کەلتوورەکەیاندا هەندێ توخمی ئەوتۆ دەبینرێت کە چاوگەکەی بۆ هندو ئەندونیزیایی دەگەڕێتەوە.



سیستەمانەیە کە لە ((سروشت))دا دەست دەکەون. ئەم حاڵەتە زۆربەی کاتەکان هاوجووتە لەگەڵ ئەم بیروباوەڕە کە هەردوو جۆرە سیستەمەکە لەلایەن ئیرادەیەکی بانسروشتییەوە جێبەجێ دەکرێن. وشك و رەقی رێورەسمە کۆمەڵایەتییەکانیش رەنگە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لایەنێکی دیکەی ئەم تێڕوانینە بێت. (هەندێ بەڵگەمان لەبەردەست دایە کە ئەم لایەنە تەنانەت بەدەویترە و ئەم بیروباوەڕە بانسروشتییە، جۆرەبەڵگەتاشییەکە بۆ ترس لە گۆڕانی رەوتی ئاسایی و باو- ئەو ترسەی کە لە منداڵە بچووکەکاندا دەبینرێت). کاتێك لە وشکی و رەقهەڵاتوویی خێل نشینی دەدوێم، مەبەستم ئەوە نییە کە ناکرێ هیچ گۆڕانێك لە شێوازی ژیانی خێڵەکیدا پێك بێت و رووبدات. مەبەستم ئەوەیە کە هەر ئەم گۆڕانکارییە تاڕادەیەك دەگمەنەش خاوەن خەسڵەتی باوەڕی دینی یان ئەرکی ئیمانە یان هێنانی تابۆی جادویی نوێیە و لەسەر هەوڵی عەقلانی بۆ چاکسازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دانەمەزراوە. جگە لەم جۆرە گۆڕانکارییە دەگمەنانە، هەموو لایەنەکانی ژیان بە چەشنێکی وشك و رەقهەڵاتوو بەهۆی تابۆکانەوە رێکی و رێسایان پێ دەبەخشرێت و رێگایەك بۆ دەرچوون نامێنێتەوە. لەم شێوە ژیانەدا، کەمتر کێشە سەرهەڵدەدات و هیچ شتێك نییە کە لەگەڵ کێشە ئەخلاقییەکاندا یەکسان بێت. مەبەستم ئەوە نییە کە ئەندامی خێڵێك هەندێ جار بۆ ئەوەی بەپێی تابۆکان بجوڵێتەوە، پێویستی بە جوامێری و پایەداری نییە، مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کەسە زۆر بەدەگمەن لەوانەیە بکەوێتە بارودۆخێکەوە کە تووشی شڵەژان و دوودڵی بێت بۆ ئەوەی چی بکات. رێگای راست و بەحەق هەمیشە {پێشتر} دیاری کراوە، ئەوەندە نەبێت کە بۆ پەیڕەویی کردن لێی دەبێ بەسەر هەندێ دژواری دا زاڵ بین. تابۆکان ئەم رێگایانەیان دیاری کردووە، ئەویش بەهۆی دەزگا سێحرییە خێڵەکیەکانەوە کە هەرگیز ناکرێ بکەونە ژێر هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانەوە. تەنانەت کەسێکی وەکو هێراکلیتۆسیش بەئاشکرا جیاوازی نەدەکرد لە نێوان یاسا دەزگایی یان دامەزراوییەکانی[٥] ژیان خێڵەکی و یاساکانی سروشت و پێیوابوو هەردووکیان خاوەن هەمان خەسڵەتی جادویین. دەزگاکان لەسەر بناغەی نەریتی جڤاتی خێڵەکی دامەزراون و پانتاییەك بۆ بەرپرسایەتی تاکەکەسی ناهێڵنەوە. ئەو تابۆیانەی کە جۆرە بەرپرسایەتییەکی گروپی دروست دەکەن، لەوانەیە رەگەکەی شتێك بێت کە ئێمە بە بەرپرسایەتی تاکە کەسی ناوزەدی دەکەین، بەڵام بەهەرحاڵ، لە بنەماوە جیاوازی لەگەڵدا

[5]. institutional laws

هەیە، چونکە بنەماکەیان لەجیاتی ئەوەی پرنسیپی وەڵامدەرییەکی عەقڵانی و عادیلانەبێت، وێنایەکی جادوییە، وەکو وێنای هێمن کردنەوەو دلۆڤان کردنەوەی هێزەکانی چارەنووس.

هەموو دەزانن کە چەندە لەمانە هێشتا تاکو ئەمڕۆ ماونەتەوە. هێشتا ئێمە لە شێوازەکانی ژیاندا لەگەڵ تابۆکاندا دەستەویەخەین: تابۆکانی باڵا دەست بەسەر خۆراک، تابۆکانی چاوەدێر بەسەر رەوشت و ئاکار و گەلێك تابۆی دیکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هەندێ جیاوازی گرنگیش بوونی هەیە. لە شێوازی ژیانی ئێمەدا، لە نێوان یاساکانی دەوڵەت و ئەو تابۆیانەی کە زۆربەی کات دەیانپارێزین، گۆڕەپانێك بۆ بڕیاری تاکە کەسی بوونی هەیە کە بەردەوام زۆرتر و بەربلاوتر دەبێت و خاوەن کێشە و بەرپرسایەتی تایبەتی بەخۆیەتی و هەست بە گرنگییەکەی دەکەین. رەنگە بڕیارە تاکەکەسییەکان نەك هەر گۆڕانی تابۆکان بەڵکو ئاڵوگۆڕ کردنی ئەو دەستە لە یاسا سیاسییەکانیشی لێ بکەوێتەوە کە لە حاڵەتی تابۆ هاتونەتە دەر. جیاوازییەکی گەورە لەنێوان دەرفەتی بیرکردنەوە و تێرامانی عەقڵانی سەبارەت بەم شتانە بوونی هەیە. بەپێی هەندێ ئیعتبار، تێرامانی عەقڵانی لە هێراکلیتۆسەوە دەست پێدەکات{٦} . کاتێك نۆرە دەگاتە ئالکمایۆن و فالیاس(٦) و هیپۆدامۆس و هێرۆدۆت و سۆفیستەکان، دەبینین گەڕان بەدوای ((باشترین شێوازی حکومەت)) وردە وردە دەبێتە خاوەنی خەسڵەتی پرسێك کە دەتوانین لە بارەیەوە بەرێگایەکی عەقڵانی بدوێین. لەسەردەمی خۆشماندا بەشێکی زۆر لە خەڵك سەبارەت بەوە کە ئایا فلانە یاسای نوێ گونجاو و خوازراوە یان نا، یان سەبارەت بە گۆڕانی دەزگایەکی تر، هەوڵی وەرگرتنی بڕیاری عەقڵانی دەدەن. یاخود بەجۆرێکی تر، هەندێ بڕیاری ئەوتۆ وەردەگرن کە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی دەرەنجامە ممکینەکان و پەسەندکردنی ئاگایانەی هەندێکیان دامەزراوە. کەواتە ئێمە بەرپرسایەتی عەقڵانی تاکە کەسیمان قبوڵە.

لەوەی لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، کۆمەڵگای جادویی یان خێڵەکی یان کۆگەرا، بە **کۆمەڵگای داخراو** ناوزەد دەکەین و ئەو کۆمەڵگایەی کە تاکەکان تێیدا لەگەڵ بڕیاری تاکەکەسیدا بەرەوروون بە **کۆمەڵگای کراوە** ناودەبەین.

٦. phaleas دانا و حەکیمی خەڵکی خالکدون (chalcedon) لە ئاسیای بچووك. لەنیوەی دووەمی سەدەی پێنجەمی پێش زایین ژیاوەو بڕوای بە دەستکاری کردن و هاوسەنگ کردنی سامان (یان لانیکەم دارایییە نەگۆزراوەکان) هەبوو و لەکاروباری پیشەسازیدا لایەنگری بەڕێوەبردنی دەوڵەت (لەلایەن کرێکارە کۆیلەکانەوە) بووە.



بەهەق دەتوانین تەواوترین شێوەی کۆمەڵگای داخراو لەگەڵ بوونەوەرێکی ئۆرگانیکدا بەراورد بکەین. دەتوانین تاڕادەیەکی زۆر تیۆری ناسراو بە تیۆری ئۆرگانیك یان بایۆلۆژیك سەبارەت بە دەوڵەت، لەمەڕ کۆمەڵگای داخراوەوە بەکاربێنین. کۆمەڵگای داخراو بە مێگەلێك یان خێڵێك دەچێت لەو روویەوە کە یەکەیەکی نیمچە ئۆرگانیکە(٧) کە ئەندامەکانی لە رێگای پەیوەندی نیمچە بایۆلۆژیك(٨)دا لێك دەبەسترێن، واتە بەهۆی خزمایەتی، ژیانی هاوبەش، تەقەلای هاوبەش، مەترسی هاوبەش، شادی و خۆشی هاوبەش و غەمە هاوبەشەکان. هەڵبەتە تەنانەت کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ هێشتا گروپێکی دەست نیشان کراوە(٩) کە لە تاکی دەست نیشان کراو پێك هاتووە و ئەم تاکانە نەك هەر بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئەبستراکتەکانی وەك دابەشکردنی کارو ئاڵوویێری شمەك، بەڵکو لە رێگای پەیوەندی جەستەیی دەست نیشان کراوی وەکو لە مس و بۆنکردن و بینینیش لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان هەیە. لەوانەیە ئەم جۆرە کۆمەڵگایە لەسەر بناغەی کۆیلایەتی دامەزرا بێت، بەڵام بوونی کۆیلەکان مەرج نییە کێشەیەك دروست بکات کە لە بنەمادا لەگەڵ کێشەی بوونی گیانلەبەرە ماڵییەکاندا جیاوازییەکی هەبێت. کەواتە ئەو لایەنانەی کە لێرەدا بوونیان نییە، هەمان ئەو لایەنانەیە کە {بوونیان لە کۆمەڵگای کراوەدا} بەکارهێنانی سەرکەوتووانەی تیۆری ئۆرگانیك لە هەمبەر ئەو کۆمەڵگایەوە ناممکین دەکات.

ئەو لایەنانەی کە جێگەی مەبەستی منن پەیوەندییان بەم راستییەوە هەیە کە لە کۆمەڵگایەکی کراوەدا، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگا هەوڵدەدەن تاکو لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بچنە سەرێ و جێگای ئەندامەکانی دیکە بگرنەوە. لەوانەیە ئەم حاڵەتە، بۆ نموونە هەندێ دیاردەی گرنگی کۆمەڵایەتی وەکو ململانێی و دژایەتی چینایەتی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لە بوونەوەرێکی ئۆرگانیکدا، تووشی شتێکی وەکو ململانێی چینایەتی نابینەوە. خانە یان پێکهاتەی بوونەوەرێکی ئۆرگانیك کە هەندێ جار دەڵێن وەکو تاکی یەك وڵاتن، لەوانەیە هەندێ جار بۆ بەدەست هێنانی خۆراك لەگەڵ یەکتردا رکەبەرایەتی بکەن، بەڵام، قاچ هیچ چەشنە مەیلێکی خودیی بۆ ئەوە نییە کە بگۆڕێ بۆ مێشك یان ئەندامەکانی تری جەستە بۆ ئەوەی ببنە سك. لە بوونەوەری ئۆرگانیکدا هیچ شتێکی هاوتای، یەکێك لە

7. semi- organic
8. semi- biological
9. concrete

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کراوە- واتە رکەبەرایەتی ئەندامەکان بۆ بەدەست هێنانی پێگە- بوونی نییە. کەواتە ئەو تیۆرەی کە بە تیۆری ئۆرگانیکی دەوڵەت ناسراوە، لەسەر بنەمای پێوەرێکی درۆ دامەزراوە. بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگای داخراودا هیچ هەواڵێك لەم جۆرە مەیلانە نییە. دەزگاکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایە و یەك لەوای ((کاستەکان)) تابۆ یان شایستەی رێزن و پیرۆزن. لێرەدا تیۆری ئۆرگانیك هێندە مەترسیدار نییە. کەواتە، کاتێ سەیر دەکەین زۆربەی هەوڵەکان بۆ سەپاندنی تیۆری ئۆرگانیك بەسەرکۆمەڵگای ئێمە رواڵەتی پەردە پۆشکراوی پڕوپاگەندەن بۆ گەڕانەوە بۆخێڵ پەرستی، نابێت تووشی سەرسوڕمان بین{٧}.

رەنگە کۆمەڵگای کراوە لە ئاکامی لەدەست دانی خەسڵەتە ئۆرگانییەکەی خۆی، وردە وردە بەرەو شتێ گۆڕانی بەسەردا بێت کە من زاراوەی ((کۆمەڵگای ئەبستراکتی))[10] بۆ دادەنێم. لەوانەیە ئەم کۆمەڵگایە تاڕادەیەکی زۆر بەری بێت لە خەسڵەتی گروپێکی دەست نیشان کراو یان واقعی[11] یان کۆمەڵەیەك لەم جۆرە گروپە واقعیانە. ئەم خاڵە بەدەگمەن دەرك کراوە و دەتوانین بە پەنا بردن بۆ موبالغەیەك روونی بکەینەوە. وێنای کۆمەڵگایەك بکەین کە تاڕادەیەك هەرگیز مرۆڤەکان تێدا لەگەڵ یەکتر بەرەو روو نابنەوەو هەموو کارو مامەڵەکان بەهۆی تاکی دووره پەرێزەوە ئەنجام دەدرێن کە تەنیا لە رێگای نامەی بە تایپ نووسراو یان تێلێگرام پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە و لەناو ئۆتۆمبێلی داپۆشراودا هاتوچۆ دەکەن. (تەنانەت وەچەخستنەوەش لە رێگای جووت بوونی دەستکرد و بە وەلانانی فاکتەری تاکەکەسیەوە ئەنجام دەدرێت). دەتوانین ئەم جۆرە کۆمەڵگا دەستکردو وەهمییە بە ((کۆمەڵگایەکی تەواو ئەبستراکت و خاڵی لە چۆنایەتی تاکەکەسی)) ناوزەد بکەین. ئەو خاڵەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێستای ئێمە لەزۆر رووەوە بەم کۆمەڵگا تەواو ئەبستراکتە دەچێت. ئەگەرچی ئێمە هەمیشە لەناو ئۆتۆمبیلی داپۆشراو و بە تەنیایی هاتوچۆ ناکەین (بەڵکو لەگەڵ هەزاران کەسدا کە لە شەقامەکان بە پەناماندا دەڕۆن، رووبەرووین). بەڵام دەرەنجام تاڕادەیەك هەمان شتە- واتە لە بنەمادا هیچ چەشنە پەیوەندییەکی تاکەکەسی لەگەڵ رێبوارەکانی تردا دروست ناکەین. هەر بەم چەشنە، بوون بە ئەندام لە یەکێتیەکی کرێکاریشدا رەنگە تەنیا بە مانای هەبوونی کارتێکی ئەندامێتی و دانی

10. abstract society
11. concrete or real group



برە پارەیەك بە سکرتێری نەناسراوی {یەکێتییەکە} بێت. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا، خەڵکانێکی زۆر هەن کە هیچ یان تاڕادەیەك هیچ تەماسێکی نزیکی تاکەکەسیان {لەگەڵ ئەوانیتردا} نییە و لە ونی و گۆشەگیری و لە ئاکامدا، لە دڵتەنگیدا ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگا شێوەیەکی ئەبستراکتی وەرگرتووە، کەچی بینای بایۆلۆژی مرۆڤ هێندە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. مرۆڤەکان هەندێ پێداویستی کۆمەڵایەتیان هەیە کە ناتوانن ئەم پێداویستیانە لە کۆمەڵگای ئەبستراکتدا دەستەبەر بکەن.

هەڵبەتە ئەو وێنەیەی کە خستمانەڕوو، تەنانەت بەم شێوەیەش زۆر موبالغەئامێزە، هەروەك چۆن هەرگیز کۆمەڵگایەکی تەواو یان زۆربەی کات عەقلانی بوونی نییە و بوونی نابێت، هیچ کاتێکیش کۆمەڵگایەکی تەواو یان زۆربەی کات ئەبستراکتیش بوونی نابێت و ناکرێ بوونی هەبێت. مرۆڤەکان هێشتا گروپی واقیعی پێك دێنن لەگەڵ یەکتردا دەچنە ناو هەموو جۆرە تەماسێکی کۆمەڵایەتی واقیعی و هەوڵدەدەن بەهەر چەشنێك کە لە توانایاندا هەیە، پێداویستییە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانیان دەستەبەر بکەن. بەڵام زۆربەی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکی کراوەی ئێستا (جگە لە هەندێ گروپی خێزانی بەختەوەر) ناتوانن بەچاکی ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە، چونکە رێگایەك بۆ ژیانێکی هاوبەش نادەن بەدەستەوە. بەشێکی زۆر لەم گروپانە هیچ ئەرکێکیان لە ژیانی گشتی کۆمەڵگادا لەسەر شان نییە.

ئەو وێنەی خستمانە روو لەم روویەشەوە موبالەغەئامێزەکە تاکو ئێرە باسی هیچ کام لە قازانجەکانمان نەکردووە و تەنیا ئاماژەمان بە زیانەکانی کردووە. سەرهەڵدانی پەیوەندی تاکەکەسی جۆری نوێ، لەکاتێکدا هەلی بۆ دەرەخسێ کە ئەم پەیوەندییانە لەجیاتی ئەوەی بە رێکەوت ببنە هۆبەندی خزمایەتی، بە ئازادی دابمەزرێن. لەگەڵ ئەمەدا، جۆرێکی نوێ لە تاکگەرایی دروست دەبێت. هەر بەم چەشنە، پەیوەندییە رۆحیەکان لە کاتێکدا دەتوانن رۆڵێکی سەرەکی رایی بکەن کە پەیوەندییە بایۆلۆژی یان جەستەییەکان لاواز بووبن و شتی لەم جۆرە. بەهەر حاڵ، هیوادارم ئەو نموونەیەی هێنامەوە ئەوەی روون کردبێتەوە کە مەبەستم لە کۆمەڵگای ئەبستراکتر، وەك جیاکردنەوەیەك لە گروپی کۆمەڵایەتی واقیعیتر یان دەست نیشان کراوتر چییە و هەروەها دەریخستبێت کە کۆمەڵگا کراوەکانی ئێستای ئێمە زۆرتر لە رێگای پەیوەندییە ئەبستراکتەکانی وەکو ئاڵوێر و هاوکارییەوە، درێژە بە کاری خۆیان دەدەن.

(تیۆرییە نوێیەکان سەبارەت بە کۆمەڵگا، بۆ نموونە تیۆری ئابووری، زیاتر خەریکی شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییە ئەبستراکتانەیە. بەشێکی زۆر لە کۆمەڵناسەکان هێشتا ئەم خاڵەیان دەرك نەکردووە، وەکو دۆرکیم کە هەرگیز دەستی لە بیروباوەڕە دۆگماکانی خۆی لەمەڕ شیکردنەوەی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی گروپە واقیعیە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵنەگرت).

بە سەرنجدان لەوەی وتمان، ئاشکرایە دەتوانین پەڕینەوە لە کۆمەڵگای داخراو بەرەو کۆمەڵگای کراوە بە یەکێك لە گەورەترین شۆڕشەکان وەسف بکەین کە مرۆڤ تاکو ئێستا لێی گوزەراوە. بەهۆی ئەو شتانەی کە بە خەسڵەتی بایۆلۆژیانەی کۆمەڵگای داخراو پێناسەکرا، گومانی تێدا نییە دەبێ ئەم گواستنەوە یان تێپەڕینە زۆر بەقوڵی هەست پێ بکرێت. کەواتە، کاتێك دەڵێین شارستانییەتی ئێمە لە ڕۆژئاوا سەرچاوەکەی یۆنانە، دەبێ تێبگەین واتاکەی چییە. ماناکەی ئەوەیە یۆنانییەکان ئەم شۆڕشە مەزنەیان بۆ دەست پێکردین کە پێدەچێ هێشتا لە سەرەتای ڕێگەدا بێت- واتە پەڕینەوە لە کۆمەڵگای داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگای کراوە.

## ٢

هەڵبەتە ئەم شۆڕشە بەمەبەست و هۆشیارییەوە دەستی پێ نەکرد. لەبەریەکهەڵوەشانی ژیانی خێڵەکی، واتە تێك تەپینی کۆمەڵگا داخراوەکانی یۆنان، ڕەگ و ریشەکەی بۆ سەر دەمێك دەگەڕایەوە کە چینی دەسەڵاتداری خاوەن زەوی هەستی دەکرد ژمارەی دانیشتووان بەرەو زیاد بوون دەچێت. ئەمە بەمانای کۆتایی ژیانی ((ئۆرگانێکی)) خێڵەکی بوو، چونکە گرژی کۆمەڵایەتی لە هەناوی کۆمەڵگای داخراوی ئەم چینەدا پێك دەهێنا. لەسەرتادا، وا دەهاتە بەرچاو کە دەبێ ڕێگاچارەیەکی ((ئۆرگانیك)) بۆ ئەم پرسە بوونی هەبێت، واتە دروست کردنی شارگەلی ((کچ))[12]. (خەسڵەتی ((ئۆرگانێکی)) ئەم ڕێگا چارەیە، بەم جۆرە جەختی لەسەر دەکرایەوە کە ئەو کەسانەی کە بەرەو کۆچنیشینەکان (کۆڵۆنییەکان) دەڕۆیشتن، بە ڕەسمیاتی سێحراوییانە ڕەوانە دەکران). بەڵام موستەعمەرە دروست کردن، تەنیا داروخانی ژیانی خێڵەکی وە دوادەخست و لەهەر جێگەیەك پەیوەندی کولتووری لێ دەکەوتەوە، ناوەندی نوێی مەترسی پێك دەهێنا و ئەم ناوەندانەش بە نۆرەی خۆیان مەترسیەکی گەورەتریان بۆ کۆمەڵگای داخراو دروست دەکرد کە هەمان بازرگانی، واتە سەرهەڵدانی چینێکی تازە کە خەریکی کڕین و فرۆشتن و دەریاوانی بوو. بەر لە هاتنی سەدەی شەشەمی پێش زایین، ئەو گۆڕانکاریانە

[12]. daughter cities



تاڕادەیەك لەبەریەك هەڵوەشانی شێوازی کۆنی ژیان و تەنانەت زنجیرەیەك شۆڕش و جموجۆڵی کۆنەپەرستانەی سیاسی لێ کەوتبۆوە. لە لایەکەوە هەروەك لە ئیسپارتە روویدا، بە پەنابردن بۆ هێز، بووە هۆی هەوڵدان بۆ پاراستن و سەقامگیرکردنی خێڵ پەرستی و لەلایەکی ترەوە، ئەو شۆڕشە مەزنە ڕۆحییە، واتە داهێنانی میتۆدی مشتومڕ و رەخنە و لەوێشەوە، هزری خاڵی لە ڕاڕایی جادویی لێ کەوتەوە، لەهەمان کاتدا، یەکەمین نیشانەکانی جۆرە دڵەڕاوکێ و نائاسوودەیەکی نوێ دەبینین. **وردە وردە هەست بە فشاری شارستانیەت دەکرا**.

ئەم دڵەڕاوکێ و ئەم فشارە، دەرەنجامی داڕووخانی کۆمەڵگای داخراوە کە هێشتاش، بەتایبەتی لەسەردەمی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژگاری ئێمەدا هەستی پێدەکرێت. فشارێکە بەرهەمی هەوڵێك کە ژیان لە کۆمەڵگای کراوەو تاڕادەیەك ئەبستراکتدا بەردەوام لە ئێمەی دەخوازێت- بەرهەمی تەقەلایە بۆ پەیڕەوی کردن لە عەقڵ و چاوپۆشی لەلانیکەمی هەندێ لە پێداویستییە عاتفی کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر پێی خۆ وەستان و قبوڵ کردنی بەرپرسایەتی. بەبڕوای من، دەبێ ئەم فشارە تەحەمول بکەین چونکە نرخێکە دەبێ لەجیاتی هەر زیادبوونێك لە زانین و مەعریفە و عەقڵ و هاوکاری و کۆمەك بیدەین و لە ئاکامدا، لەجیاتی زۆرتر بوونی ئەگەری مانەوەو زیادبوونی دانیشتووان. نرخێکە دەبێ بۆ مرۆڤ بوون بیدەین.

ئەو شتەی کە پەیوەندییەکی لە هەمووان نزیکتری لەگەڵ ئەم فشارەدا هەیە، پرسی گرژی و پێك دادانی نێوان چینەکانە کە یەکەمین جار لەگەڵ داڕووخانی کۆمەڵگای داخراو سەر هەڵدەدات. لە کۆمەڵگای داخراودا هەواڵێك لەم پرسە نییە. کۆیلایەتی و ((کاست)) و حکومەتی چینایەتی، لانی کەم لەلای تاقمی دەسەڵاتداری ئەم کۆمەڵگایە شتێکی ((سروشتی))ـە و بەو مانایە کە جێگای گومان و پرسیار نین. بەڵام لەگەڵ تێك تەپینی کۆمەڵگای داخراو، ئەم یەقینە ون دەبێت و لەگەڵیدا، هەستی هێمنی و ئارامی یەکڕاست بارگەو بنەی دەپێچێتەوە. کۆمەڵگای بچووکی خێڵەکی (و تا ماوەیەك، تەنانەت خودی ((شار))یش)، بۆ تاکەکانی خێڵ شوێنێکە هێمنی و ئاسایشی تێدا نییە. ئەندامی خێڵ کە دوژمن و هێزی سێحری ترسناك و تەنانەت بەرق و کینە دەوروبەریان تەنیوە، ئەزموونی نێو کۆمەڵگایەکی بچووکی خێڵەکی کە تێیدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی لەسەر شانە بۆ ئەو وەکو ئەزموونی منداڵێکە لە نێو ماڵ و خێزانی خۆیدا. ئەو ڕۆڵی خۆی بە چاکی دەزانێت و بەباشی جێبەجێ دەکات. داڕووخانی کۆمەڵگای داخراو دەبێتە هۆی کێشەی چینایەتی و کێشەکانی

تری تایبەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی و لەم رووبەوە، رێك هەمان کاریگەری لەسەر هاوولاتیان هەیە کە ناکۆکیەکی گەورەی خێزانی و لەبەریەکچوونی ماڵ و خێزان رەنگە لەسەر منداڵی دابنێت[٨]. هەڵبەتە ئەو چینانەی کە خودان جوێیەتی (امتیازات) تایبەتی بوون، بەهۆی ئەو هەرەشەیەی کە رووبەروویان ببۆوە، زیاتر هەستیان بەم فشارە دەکرد نەك ئەو کەسانەی کە لەرابردوودا سەرکوت دەکران. بەڵام تەنانەت ئەم دەستەی دواییشیان هەستیان بە نائارامی دەکرد. ئەوانیش لە داروخانی دونیای ((سروشتی)) خۆیان دەترسان، ئەگەرچی درێژەیان بە ململانێی خۆیان دەدا، بەڵام زۆربەی کات حەزیان نەدەکرد سوود لەو سەرکەوتنانە وەربگرن کە بەسەر دوژمنە چینایەتییەکەیاندا بەدەستیان دێنا، چونکە ئەم دوژمنانە پشتیان بە نەریت و بارودۆخی مەوجود و پلەی بەرزتری خوێندن و هەستی مەجەعیەتی سروشتییەوە بەستبوو.

ئیسپارتە هەوڵی دەدا ئەم ئاڵوگۆڕانە رابگرێت و ئەسینا سەرزەوی هەرە لە پێشی دیموکراسی بوو. دەبێ تێبکۆشین کە لەژێر تیشکی ئەم تێبینیانە لەمێژووی ئیسپارت و ئەسینا تێبگەین.

رەنگە گەورەترین هۆکاری داڕووخانی کۆمەڵگای داخراو، گەشەو پەرەسەندنی پەیوەندی و گواستنەوەی دەریایی و بازرگانی بێت. لەوانەیە تەماسێکی نزیك لەگەڵ خێڵەکانی تر ئەم هەستە لاواز بکات کە دەزگا خێڵەکییەکان بوونیان زەروورییە. بەڕواڵەت تەنانەت لەو کۆمەڵگایەشدا کە هێشتا خێڵ پەرستی بەسەریدا فەرمانڕەوایە، کڕین و فرۆشتن و داهێنانی بازرگانی یەکێك لەو شێوازە کەمانەیە کە داهێنان و سەربەخۆیی تاکەکەسی[٩] لە رێگای ئەوەوە دەرفەتی خۆ دەرخستنی هەیە. ئیمپراتۆریەت خوازی[١٣] ئەسینا، بەو چەشنە کە لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین لە نەشونمادا بوو، دوو تایبەتمەندی سەرەکی هەبوو: دەریاوانی و بازرگانی. ئولیگارکەکان، واتە ئەندامانی چینی مومتاز یان پێشتر مومتازی ئەسینا، سەر هەڵدانی ئەم دوو تایبەتمەندییەیان بە ترسناکترین ئاڵوگۆڕ لە قەڵەم دەدا و هێدی هێدی لەوە تێدەگەیشتن کە کڕین و فرۆشتن و بازرگانی دراوی و سیاسەتی دەریایی و مەیلە دیموکراتییەکانی ئەسینا، هەر هەموویان بەشێکن لە یەك تاکە بزووتنەوە و تێك شکانی دیموکراسی بەبێ نفوزکردن لە رەگی شەڕو خراپە و وێران کردنی سیاسەتی دەریاوانی و ئیمپراتۆریەت، ناکرێ. بەڵام سیاسەتی دەریاوانی ئەسینا لەسەر بنەمای دوو شت دارێژرابوو:

13. imperialism



یەکیان بەندەرەکانی، بەتایبەتی پیرایێۆس[١٤] کە ناوەندی بازرگانی بوو، بە سەنگەری تاقمی لایەنگری دیموکراسی لە قەڵەم دەدرا و ئەویتریان، لە رووی جەنگییەوە، بە شوورەی شار کە تۆکمەیی و پتەوی ئەسینای پێك دێنا و پاش ماوەیەك بۆ ئەو دیوارە درێژانە[١٥] گۆڕانی بەسەردا هات کە ئەو شارەیان بە بەندەرەکانی پیرایێۆس و فالێروم[١٦] دەبەستەوە. هەر بۆیە، بەدرێژایی زیاتر لە سەدەیەك، تاقمەکانی لایەنگری ئولیگارشی لە ئەسینا، بەچاوی رق و کینە و وەکو سیمبۆڵ و سەرچاوەی دەسەڵاتی دیموکراسی، سەیری ئوستول و بەندەر و شوورەکانی شار دەکەن و هیوادارن رۆژێك دابێ وێرانیان بکەن.

**لەمێژووی جەنگی پلۆپۆنیزی**[١٧] بەرهەمی تۆکۆدیدس گەلێك بەڵگە سەبارەت بەم گۆڕانکارییە دەست دەکەوێ. بەتایبەتی لەمەڕ هەردوو جەنگی گەورەی ١٤٢-١٣١ و ٤٠٩-٤١٩ی پێش زایین لە نێوان دیموکراسی ئەسینا و ئۆلیگارشی وەستاو و خێڵپەرستی ئیسپارتە. کاتێك نووسینەکانی تۆکۆدیدس دەخوێنینەوە، هەرگیز نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت کە دڵی لەگەڵ ئەسینای زێدی خۆی نەبوو. ئەگەرچی بەڕواڵەت سەر بە باڵی توندڕۆی تاقمی ئۆلیگاریشی ئەسینا نەبوو، کە ئەندامەکانی بە درێژایی جەنگ خەریکی پیلان و هاوکاری کردن لەگەڵ دوژمن بوون. بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەندامی تاقمی لایەنگری ئولیگاریشی بوو. ئەو نە دۆستی خەڵکی ئەسینا- یان demos[١٨]- بوو کە نەفییان کردبوو نە هەواداری سیاسەتی ئیمپراتۆریەت خوازی ئەو شارە بوو. (رەنگە تۆکۆدیدس گەورەترین مێژوونووس بێت کە جیهان تا ئێستا بەخۆیەوە بینیوە. مەبەستم کەمکردنەوە لە بایەخی نییە، بەڵام هەرچەندە لە بەدەست هێنانی دڵنیایی سەبارەت بەو راستیانەی تۆماری کردوون سەرکەوتوو بوو بێت و بەهەر ئەندازەیەکیش لە هەوڵی خۆیدا بۆ بێلایەنی و بێ نییەتی، راستگۆ بوو بێت، کەچی دیسان بۆچوون و حوکمە ئەخلاقییەکانی بۆ راڤە و شرۆڤە وەکو روانگەیەك وایە و هیچ پێویست ناکات لەم رووبەوە لەگەڵیدا هاوڕا بین). لەسەرەتادا ئاماژە بە یەکێك لە پارچەکانی دەکەین کە تێیدا

١٤. Piraeus یان peiraeus گەورەترین بەندەری یۆنان، دراوسێی ئەسینا.

15. Long walls

16. phalerum

17. Thucydides, History of the pelponnesian war.

١٨. بە یۆنانی بە مانای "گەل" یان خەڵك بەکاردێت. وشەی دێموکراسی (حکوومەتی خەڵك) هەر لەم وشەیەوە وەرگیراوە.

سیاسەتی تمیستۆکلس[١٩] لەساڵی ٤٨٢ پێش زایین، واتە نیو سەدە بەر لە جەنگی پلۆپۆنیزی شیکراوەتەوە: ((تمسیتۆکلس هەروەها ئەسینییەکانی رازی کرد کە پیرابیۆس تەواو بکەن... ئێستا ئەسینیەکان روویان لە دەریا کردبوو، لەم روویەوە، تمیستۆکلس پێیوابوو دەرفەتێکی مەزنیان بۆ بوونیادنانی ئیمپڕاتۆریەتێك بەدەست هێناوە. ئەو یەکەمین کەس بوو کە وێرای بڵێت، دەبێ ئەوان دەریا بکەنە قەڵەمڕەوی خۆیان...)){١٠}. بیست و پێنج ساڵ دواتر، ((ئەسینییەکان دەستیان کرد بە دروست کردنی دیوارێکی درێژ تاکو دەریا، یەکیان تا بەندەری فالێروم و ئەویتریان تا پیرابیۆس)){١١}. بەڵام ئەمجارەیان بیست و شەش ساڵ بەر لە دەست پێکردنی جەنگی پلۆپۆنیزی، تاقمی لایەنگری ئولیکاریشی بە تەواوی لەمانای ئەم گۆڕانکارییە گەیشتبوون. تۆکۆدیدس دەڵێت ئەندامانی ئەم تاقمە تەنانەت خۆیان لە چەپەڵترین خیانەتەکانیش نەدەبووارد. هەروەکو هەندێ جار لەمەڕ ئۆلیگارکەکانەوە روو دەدات، بەرژەوەندی چینایەتی بەسەر نیشتمانپەروەری دا زاڵ ببوو. هەر کە دەرفەتێك رەخساو ئسپارتییەکان هێزێکیان بۆ چالاکی ناردە باکووری ئەسینا، ئەم گروپە شێلگیر بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئیسپارتییەکان دژی وڵاتی خۆیان دەست تێکەڵ بکەن. تۆکۆدیدس دەنووسێ: ((هەندێ لە ئەسینییەکان بە چەشنێکی تایبەتی دەستیان کرد بە نیشان دانی مەیل دەرهەق بە ئەوان {واتە ئسپارتییەکان} **بەو هیوایە کە ئسپارتییەکان کۆتایی بە دیموکراسی بێنن** و دروست کردنی دیوارە درێژەکان بوەستێنن. بەڵام ئەسینییەکانی تر، بۆنی ئەم پیلانەی ئەوانیان کرد لە دژی دیموکراسی)). کەواتە، هاووڵاتییە ئەسینییەکانی ئەمەکداری {ئەسینا} چوونە گۆڕەپانی جەنگ لەگەڵ ئسپارتییەکان، بەڵام تێك شکان. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەڕواڵەت دوژمنیان بە ڕادەیەك لاواز کرد کە نەتوانێت پەیوەندی بە تابوری پێنجەمی ناو شارەوە بکات. پاش چەند مانگ، بوونیادنانی دیوارە درێژەکان تەواو بوو و کۆتایی هاتنی ئەم کارە مانای ئەوەبوو کە تاکو دیموکراسی بەرزێتی دەریایی خۆی بپارێزێت دەتوانێت خودان ئاسایش بێت.

ئەم رووداوە هی بیست و شەش ساڵ بەر لە جەنگی پلۆپۆنیزییە و تەنانەت گرژی بارودۆخی چینایەتی لەو کاتەدا روون دەکاتەوە. لەسەردەمی جەنگدا، بارودۆخەکە زۆر لەمە خراپتر بوو.

١٩. Themistocles (نزیکەی ٥٢٥ـ٤٦٠ پێش زایین). وتاربێژ و سیاسەتمەداری ئەسینی کە لە دامەزراندنی هێزی دەریایی ئەسیناو سەرکەوتنی یۆنان بەسەر ئێران لەجەنگی سالامیسدا رۆڵێکی گرنگی گێڕا. دواتر بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە، پەنایبردەبەر ئەردەشیری دەستدرێژ.



ئەم رووداوە هەروەها ئەمە دەردەخات کە تاقمی ئۆلیگاریشی تێکدەر و لایەنگری ئسپارتە، پەنای بۆ چ شێوازێك دەبرد، پێویستە ئاگاداربین کە توکۆدیدس وێرای باسکردنی بابەتەکانی تر، ئاماژە بە خیانەتەکانی ئەم تاقمە دەکات، بەبێ ئەوەی سەرزەنشی بکات، ئەوە لەکاتێك دایە کە لە شوێنەکانی تردا، بە توندوتیژترین شێوە دژی ناکۆکی چینایەتی و رۆحی تاقمگەرایێتی دەدوێت. هەندێ پارچەی دیکە کە ئێستا ئاماژەیان پێدەکەین، زیاتر بە مەبەستی تێڕامان و سەکۆنە کردنی شۆڕشی ساڵی ٤٢٧ پێش زایینی کورکورا[٢٠] نووسراوە و لە دوو لایەنەوە شایستەی گرنگی پێدانە: یەکیان وەك وێنەیەکی بەنرخی بارودۆخی چینایەتی و ئەویتریان وەکو شایەتی ئەوەی کاتێك تۆکۆدیدس دەیەویست وەسفی مەیلە هاوشێوەکانی دیموکراتەکانی کورکورا بکات، چۆن دەیتوانی وشەی توندوتیژ بەکاربێنێت. (بۆ داوەری کردن لەسەر بێلایەنی ئەو پێویستە ئەوە بە بیر بێنینەوە کە لە سەرەتای جەنگدا، کورکورا یەکێك بوو لە هاوپەیمانە دیموکراتەکانی ئەسیناو راپەڕین، بەهاندانی ئولیگارکەکان دەستی پێکرد). جگە لەمە، ئەو پارچەیە بە باشترین شێوە، هەستی داڕووخاوی گشتی کۆمەڵگا دەردەخات. تۆکۆدیدس دەنووسێ: ((دەتوانین بڵێین ئاشوب و پشێوی سەرانسەری دونیای هێلینی گرتبۆوە. لە هەموو شارەکاندا، سەرکردەی هەردوو تاقمی لایەنگری دیموکراسی و ئولیگاریشی زۆر بەتوندی تێدەکۆشان: تاقمی یەکەم گەرەکی بوو بانگهێشتی ئەسینییەکان بکات و دووەمیان لە هەوڵی هێنانی لاکدایمونییەکاندا بوو... پەیوەندی حزبی بەهێزتر بوو لە پەیوەندی رەچەڵەك و بنەچە... سەرانی هەردوو تاقمەکە سوودیان لە ناونیشانی رواڵەتخەڵەتێن وەردەگرت: تاقمێکیان بە ڕواڵەت پشتیوانی لە یەکسانی سیاسی خەڵك دەکرد و تاقمەکەی دیکەیان واخۆی دەنواند کە لایەنگری دانایی نەجیبزادەکانە، ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەڕاستیدا {هەردووکیان} لەرێگای ئاماژەکردن بە بەرژەوەندی خەڵك کەوا خۆیاندەنواند لەلایان بەرێزە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون شتێك بە تاڵان ببەن[٢١] ئەوان سوودیان لە هەموو ئامرازێك وەردەگرت کە تەسەور بکرێ

٢٠. corcyra ئەو دورگەیەی ئەمڕۆ بە کورفو ناسراوە و یەکێکە لەگەورەترین دوورگەکانی یۆنان.

٢١. لە وەرگێڕانەکەی پۆپەر لەیۆنانییەوە (یان لەو وەرگێڕانەی ئەو سوودی لێوەرگرتووە) ئەو رستەیەی کە تۆخکراوەتەوە روون نەبوو، ئەگەر بەهەمان شێوە وەرمانگێڕابووایە سەر زمانی فارسی {و کوردی}، مانای نەدەبوو. تەنیا ئەم رستەیەمان لە وەرگێڕانەکەی ساڵی ١٨٧٤ ریچارد کرالی (R. Crawley) وەرگرت کە روونترو ئاشکراترە و لەم کتێبەدا چاپکراوە:

Greek Historian, M.I. Finley(ed.), The Viking press, N.Y., 1959, p.267

بۆ زاڵبوون بەسەر یەکتردا و ترسناکترین تاوانیان ئەنجا دەدا... ئەم شۆڕشە ببووە هۆی دروست کردنی هەموو جۆرە پیسی و خراپەکارییەك لە یۆنان. لە هەموو جێگەیەکدا جۆرە هزرێکی دوژمنانە و خائینانە فەرمانڕەوا بوو. هیچ پەیمانێك هێندە پتەو نەبوو و هیچ سوێندێك هێندە ترسی نەدەخولقاند کە دوژمنەکان ئاشت بکاتەوە. هەموویان تەنیا بڕوایان بەو هێنابوو کە ئاسایش لە هیچ شتێك دانییە))[١٢].

لەکاتێکدا دەتوانین ماناو گرنگی تەقەلای ئۆلیگارکەکانی ئەسینا بۆ قبوڵ کردنی یارمەتی لە ئسپارتە و تەگەرە خستنە پێش دروست کردنی دیوارە درێژەکان هەڵبسەنگێنین کە پەی بەوە ببەین تەنانەت ئەم هەڵوێستە خائینانەیە زیاتر لە سەدەیەك دواتر، لەسەدەمێکدا کە ئەرستۆ کتێبی سیاسەتی دەنووسی، گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو. ئەرستۆ باسی سوێند دەکات کاتێك دەڵێت: ((ئێستا {لەنێو ئۆلیگارکەکاندا} باوە)). دەقی سوێندنامەکە بەم جۆرەیە: ((من بەڵێن دەدەم دوژمنی خەڵك بم و ئامۆژگاری هەڵەییان بکەم!))[١٣]. ئاشکرایە کە تا ئەم شێوازە بیرکردنەوەو هەڵوێستە نەهێنینە بەرچاوی خۆمان، ناتوانین لەو قۆناغە تێبگەین.

لەسەروترەوە ئاماژەمان بەوە کرد کە تۆکۆدیدس خۆی نەیاری دیموکراسی بوو. ئەم خاڵە کاتێك روون دەبێتەوە کە وەسفەکەی لە ئیمپڕاتۆریەتی ئەسینا و رق و کینەی دەوڵەتە جیاوازەکانی یۆنان دەرهەق بەو بێنینە پێش چاوی خۆمان. تۆکۆدیدس دەڵێت هەست بەوەدەکرا کە دەسەڵاتی ئێمپڕاتۆریەتی ئەسینا لە حکومەتی ملهوڕانە باشتر نەبوو و هەموو خێڵی یۆنانییەکان لە ئەسینا دەترسان. کاتێك رای گشتی لە سەرەتای جەنگی پلۆپۆنیزی شیدەکاتەوە بە چەشنێکی هێمن رەخنە لە ئسپارتە دەگرێت و بەتوندی ئەسینا دەداتە بەر رەخنە. دەنووسێ: ((هەستی گشتی مەیلی بەرەو لاکدایمونییەکان هەبوو، چونکە خەڵك لەسەر ئەو بڕوایە بوون ئەوان هەوڵی رزگارکردنی یۆنانیان داوە... شارو تاکەکان، حەزیان لە هاوکاری کردنی ئەوان بوو... و تووڕەیی و بێزاری گشتی لە ئەسینیەکان زۆر توند بوو. هەندێکیان ئارەزوویان بوو لەژێر نیری ئەسینا ئازاد بن و بەشێکیان دەترسان کە نەکا بکەونە ژێر دەستی ئەوەوە))[١٤]. زۆر جێگەی سەرنجە کە ئەم حوکم دانە سەبارەت بە ئیمپڕاتۆریەتی ئەسینا کەم تا زۆر وەکو قەزاوەتی رەسمی ((مێژووی)) لێ هاتووە، کە هەڵبەتە هیچ نییە جگە لە داوەری زۆربەی مێژوونووسەکان. هەر وەك چۆن فەیلەسووفەکان ناتوانن خۆیان لە کۆتی روانگەی ئەفلاتون ئازاد بکەن، مێژوونووسەکانیش بوونەتە تەختەبەندی روانگەی تۆکۆدیدس. بۆ نموونە،



ئاماژە بە وتەی مایر دەکەین (کە وەکو باشترین ژێدەری ئاڵمانی سەبارەت بەم قۆناغە لە قەڵەم دەدرێ). ئەویش تەنیا خەریکی دووبارەکردنەوەی قسەکانی تۆکۆدیدس دەبێت و دەنووسێ: ((هەستوو سۆزی دونیای خوێندەواری یۆنان لە ئەسینا هەڵگەڕایەوە))[١٥].

ئەم جۆرە پەیڤانە تەنیا دەربڕی روانگەی دژە دیموکراتیکە. بەشێکی زۆری ئەو واقیعیاتانەی لەلایەن تۆکۆدیدسەوە تۆمار کراون-بۆ نموونە، ئەو پارچەیەی کە تێیدا شێوازی هزری سەرانی تاقمی لایەنگری دیموکراسی و ئولیگاریشی شی دەکرێتەوە و لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد- ئەوە پێشان دەدات کە ئسپارتە تەنیا لەنێو ئۆلیگارکەکاندا- واتە هەمان ئەو دەستەیەی کە مایر بەو زمانە ناسکە بە ((خوێندەوار)) ناوزەدییان دەکات- ((بەشێوەیەکی گشتی پێشوازیان)) لێ دەکرا نەك لەنێو خەڵکی یۆناندا. تەنانەت مایریش ئەوە پەسەند دەکات کە ((لە زۆر شوێندا، جەماوەری خاوەن هزری دیموکراتیانە، هیوایان بەسەرکەوتنی هەبوو))[١٦]، واتە سەرکەوتنی ئەسینا. لە گێڕانەوەی تۆکۆدیدسیش دا گەلێك بەڵگەی ئەوتۆ هەن کە پەسەندیی ئەسینا لەنێو دیموکراتەکان و خەڵکی سەرکوتکراودا دەسەڵمێنێ. بەڵام کێ گرنگی بە بیروباوەڕ و هزری جەماوەری نەخوێندەوار دەدات؟ ئەگەر تۆکۆدیدس و ((خوێندەوارەکان)) دەڵێن ئەسینا ملهوڕ بوو، قسە قسەی ئەوانە.

زۆر جێگەی لێڕامانە کە هەر ئەو مێژوونووسانەی کە ستایشی رۆم دەکەن لەبەر دەستکەوتەکانی، واتە لەبەر دامەزراندنی ئیمپڕاتۆریەتێکی جیهانگیر، ئەسینا مەحکوم دەکەن لەبەر هەوڵدان بۆ دەسکەوتی باشتر. گەر بڵێین رۆم سەرکەوتوو و ئەسینا تێك شکا، ئەوا ئەمە بۆ روونکردنەوەی ئەم تێڕوانینە بەس نییە. بەهۆی سەرنەکەوتنەوە سەرکۆنەی ئەسینا ناکەن، چونکە تەنانەت لە وێنای ئەوەش کە خەریك بوو ئەسینا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، بێزارن. لەسەر ئەو بڕوایەن ئەسینا دیموکراسییەکی بێڕەحم بوو، شوێنێك بوو لە ژێر حکومەتی کۆمەڵێك خەڵکی نەخوێندەوار کە لەوێدا ئەم کۆمەڵەیە، قینیان لە خوێندەوارەکان دەبۆوە و سەرکوتیان دەکردن و خۆشیان دەکەوتنە ژێر نەفرەتی ئەوانەوە. بەڵام ئەم بۆچوونە-واتە ئەفسانەی لێنەبووردەیی کولتووری دیموکراسی ئەسینا- وەکو واقیعیەت ناسراوەو لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە، ئافرێنەری مەعنەوی و رۆحی سەرسوڕهێنەری ئەسینا لەم قۆناغە تایبەتییە، دەکاتە شتێکی پووچ. تەنانەت مایریش دان بەم ئافرێنەرییە دادەنێت و هەر بەو

خاکەڕێیە تایبەتییەوە[٢٢] دەڵێت: ((ئەوەی ئەسینا لە ماوەی ئەم دەساڵەدا پێکی هێنا، هاوتای یەکێك لە بەهێزترین دەیەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانە)){١٧}. پریکلیس کە لەو سەردەمەدا ڕێبەری دیموکراتیکی ئەسینا بوو، مافی خۆی بوو کە ئەو خاکە بە ((قوتابخانەی یۆنان))[٢٣] ناوزەد بکات.

بەهیچ چەشنێك من لە هەوڵی ئەوە دانیم کە بەرگری لە کارەکانی ئەسینا بکەم بۆ دامەزراندنی ئیمپڕاتۆریەت و بێگومان بەرگری لە کردەوە دڕندانە و پەلامار و هێرشە بێ پاساوەکان ناکەم (هەڵبەتە ئەگەر ئەم هێرش و پەلامارانە ڕوویان دابێت) ئەوەشم لەیاد ناچێت کە دیموکراسی ئەسینا لەسەر بنەمای کۆیلایەتی دامەزرابوو{١٨}. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەم کە گرنگیدان بەم خاڵە پێویستە کە تەنیا بەجۆرە ئیمپڕاتۆریەتخوازیەك دەکرا بەسەر مۆنۆپۆلگەری و خۆبەسی خێڵ پەرستانەدا زاڵ بوونایە. پێویستە ئەم خاڵەش بوترێت کە هەندێ لە هەنگاوە ئیمپڕاتۆریەت خوازانەکەی ئەسینا تاڕادەیەك لەسەر ئازادیخوازی دامەزرا بوو. یەکێك لەو حاڵەتانەی کە زۆر جێگای لێڕامانە ئەم ڕاستیەیە کە لە ساڵی ٤٠٥ پێش زایین، ئەسینا پێشنیاری بە دورگەی یۆنیایی سامۆس[٢٤] کرد کە لە ڕیزی هاوپەیمانەکانی دابوو، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو دورگەیە ((لەوە بەدوا بە ئەسینی لە قەڵەم بدرێن و هەردوو شار ببن بەیەك شار و خەڵکی سامۆس بەهەر جۆرێك کە بیانەوێت کاروباری ناوخۆیی خۆیان ڕێك بخەن و پارێزگاری لە یاساکانی خۆیان بکەن{١٩})). حاڵەتێکی دیکە، شێوزای ئەسینایە بۆ وەرگرتنی باج لەو خاکانەی کە سەر بە ئیمپڕاتۆریەتن. سەبارەت بەم باج و خەراجانە[٢٥] زۆر قسە کراوە و وەرگرتنی ئەم باجە، بەبڕوای من زۆر بە ناهەق، وەکو ڕێگەیەکی بێشەرمانە و تێکەڵ بە زۆرەملێ بۆ چەوساندنەوەی شارە بچووکەکان وەسف کراوە. بێگومان بۆ هەڵسەنگاندنی نرخ و مانای ئەم باجانە، دەبێ لەگەڵ قەبارەی بازرگانی ژێر چاوەدێری ئوستوڵی ئەسینادا بەراوردی بکەین. تۆکۆدیدس لەم بارەیەوە زانیاری پێویستی خستۆتە بەردەستمان. لە گێڕانەوەی ئەوەوە ئاگادار دەبین کە لە ٤١٣ پێش زایین، ئەسینیەکان لە جیاتی خەراج وەرگرتن لە

٢٢. مایر ئەڵمانییە و ئەڵمانییەکان لەنێو نەتەوەکانی دیکەی ئەوروپادا بە پۆزلێدان بە پێگەی بەرزی وڵاتەکەیان بەناوبانگن. ئاوەڵناوی خاکەڕێی بە تەنزو توانج خراوەتە پاڵییەوە.

23. The school of Hellas

٢٤. samos دورگەیەکی دەریای ئیجەیە، نزیك کەناری ئاسیای بچووك، زێدی فیساگۆرس.

25. tributes



هاوپەیمانەکانیان ((گومرگێکیان دانا بەڕادەی پێنج لە سەدای هەموو ئەو شتە هەناردە و هاوردانەی کە لە ڕێگای دەریاوە دێن و پێیان وابوو لەم ڕێگەیەوە داهاتیان زیاتر دەبێت{٢٠})). بەبڕوای من، ئەم هەنگاوە کە لەژێر فشاری توندی جەنگدا ئەنجام درا، زۆر باشتر بوو لە شێوازی چەقبەستووی ڕۆمەکان. ئەم شێوازەی وەرگرتنی باج، ئەسینییەکان سوودیان لە گەشەسەندنی بازرگانی هاوپەیمانەکانیان پێدەگەیشت و لە ئاکامدا، هۆگری داهێنان و سەربەخۆیی ئەندامە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریەت دەبوون. لە بنەڕەتدا ئیمپراتۆریەتی ئەسینا لە هەناوی جڤاتێك لەدایك بوو و گەشەی کرد کە هاوپەیمانەکان هەر هەموویان یەکسان بوون. سەرەڕای سەرکەوتن و باڵادەستی کاتی ئەسینا کە بە ئاشکرا لەلایەن هاووڵاتییەکانیەوە ڕەخنەی لێ دەگیرا (بگەڕێوە بۆ شانۆنامەی لوسیستراتا لە نووسینی ئاریستۆفانس)[٢٦] ئەگەری ئەوە هەبوو بە تێپەڕبوونی کات، ئەم هۆگرییە بۆ بەرفراوانکردنی بازرگانی، دواجار جۆرە حکومەتێکی فیدراڵی لێ بکەوێتەوە. لانی کەم سەبارەت بە ئەسینا سەرو سۆراغی شتێکی وەکو شێوازی ڕۆمەکان ناکەین بۆ ((گواستنەوەی)) سەرمایەی کولتووری لە دەوروبەری ئیمپڕاتۆریەتەوە بەرەو شاری باڵادەست- واتە شێوازی ڕاو و ڕووت. مرۆڤ هەرچی لە دژی پلوتۆکراسی {پارەسالاری}[٢٧] بڵێت، دیسان پلوتۆکراسی لە حکومەتی ڕاوڕووتچیەکان باشترە{٢١}.

ئەم بۆچوونە گونجاوە سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتخوازی ئەسینا، بە بەراورد کردنی لەگەڵ شێوازەکانی ئسپارتە لە سیاسەتی دەرەوەدا، زۆرتر بەهێز دەبێت. هۆکاری خولقێنەری ئەم شێوازانە، ئامانجی کۆتایی سیاسەتی ئسپارتە، واتە گەڕانەوە بۆ خێڵپەرستی و وەستاندنی هەموو جۆرە گۆڕانێك بوو. (بەپێی بانگەشەی من کە دواتر دەیخەمەڕوو، ئەم کارە ئاستەمە. کاتێ پاکی و بەرائەت لەدەست چوو، ئیدی ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە. ئەو کۆمەڵگایەی کە بەشێوەیەکی دەستکرد داخراو بێت و بوەستێنرێ یان خێڵ پەرستی کە بە چەشنێکی دەستکرد گەشەی پێ بدرێت، هەرگیز وەکو نموونەی ڕاستەقینە نابێت). پرنسیپەکانی سیاسەتی ئسپارتە بەم جۆرە بوو: (١) پاراستن و پاسەوانی کردن لە خێڵ پەرستی وەستاوی ئسپارتە- واتە دەرگا بەڕووی هەموو جۆرە کاریگەرییەکی دەرەکیدا دابخەن کە ئەگەری ئەوەی هەبێت وشکی تابۆ خێڵەکییەکان بخاتە مەترسییەوە، (٢) دژایەتیکردنی مرۆڤدۆستی- واتە بەچەشنێکی تایبەتی

26. Aristophanes, Lysistrata.

27. plutocracy

دەرگا بەسەر هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی یەکسانیخوازانە و دیموکراتیك و تاکگەرایانەدا ببەستن، (٣) خۆبەسی، واتە خۆتان بە بازرگانی مەبەستنەوە، (٤) تایبەتڕوانی[٢٨] و دژایەتی کردن لەگەڵ گشتڕوانی[٢٩]- واتە جیاوازی دابنێن لە نێوان خێڵی خۆتان و هەموو خێڵەکانی تردا و لەگەڵ ئەو کەسانەدا تێکەڵاو مەبەن کە لە ئێوە نزمترن، (٥) سەروەری- واتە بەسەر دراوسێکانتاندا زاڵ بن و بیانکەن بە کۆیلەی خۆتان، (٦) بەڵام لەڕادەبەدەر {وڵات} بەرفراوان مەکەن: {بە قسەی ئەفلاتون} ((دەبێ شار تەنیا تا کاتێك بەرفراوان بکرێ کە ئەم کارە زیان بە یەکیەتییەکەی نەگەیەنێت{٢٢})) و بەتایبەتی هاوجووت نەبێت لەگەڵ مەترسی مەیلە گشتڕوانەکان[٣٠]. ئەگەر بێتو ئەم شەش مەیلە سەرەکیە لەگەڵ مەیلەکانی تۆتالیتاریزمی ئێستادا بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە لە هەموو حاڵەتەکاندا لەگەڵ یەکتردا جووتن، جگە لە حاڵەتی شەشەم نەبێت. دەتوانین ئەم جیاوازییە بەم جۆرە دەرببڕین کە پێدەچێت تۆتالیتاریزمی ئێستا مەیلی ئیمپڕیالیستیانەی هەبێت. لەم ئیمپڕیالیزمەدا هیچ توخمێك لە گشتی ڕوانی لێبووردەیانە دەست ناکەوێ. بەرزەفڕییە جیهانگیرییەکانی فەرمانڕەوا تۆتالیتێرەکانی ئەمڕۆکە، هەروەك دەڵێن، بەپێچەوانەی خواستی خۆیان بەسەریاندا دەسەپێت. ئەمە هۆبەندی دوو فاکتەرە. یەکەمیان مەیلی گشتی هەموو حکومەتە ملهوڕەکان کە دەیانەوێ پاساو بۆ بوونی خۆیان بێننەوە بە رزگارکردنی وڵات (یان گەل) لەشەڕی دوژمنەکان و هەر کاتێك دوژمنی کۆن تووشی هەرەس هات، دیسان ئەم مەیلە دەست دەکات بە دروست کردن یان خولْقاندنی دوژمنی نوێ. فاکتەری دووەم، هەوڵدانە بۆ جێبەجێ کردنی پرنسیپی (٢) و (٥)ی بەرنامەی تۆتالیتێری. ئەم دوو پرنسیپە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. مرۆڤدۆستی کە بەپێی پرنسیپی (٢) دەبێ بەلاوە بنرێت بەچەشنێك گشتییەتی وەرگرتووە، کە لە پێناو بەربەرەکانیەکی کاریگەر لە تەکیدا، دەبێ لە سەرانسەری جیهاندا لەناو ببرێت. بەڵام دونیای ئێمە بەڕادەیەك بچووك بۆتەوە کە هەر هەموو بوونەتە دراوسێی یەکتر، بەجۆرێك کە بۆ پراکتیك کردنی پرنسیپی (٥) دەبێ هەموو بۆ ملکەچی و کۆیلایەتی پەلکێش بکرێن وەلێ لەسەردەمی دێریندا، لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە پەیڕەوکاری تایبەتیڕوانی ئسپارتە بوون، هیچ شتێك مەترسیدارتر لە ئیمپڕاتۆریەتخوازی ئەسینا نەدەهاتە بەرچاو کە لە خودی خۆیدا

[28]. particularism
[29]. universalism
[30]. universalistic tendencies



مەیلی ئەوەی هەبوو بۆ کۆمەڵگای هاوسوودی شارەکانی یۆنان[٣١] و تەنانەت بۆ هەرێمی جیهانیی مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەردا بێت.

بۆ کۆکردنەوەی ئەو شیکردنەوەی تاکو ئێستا خستومانەتە ڕوو، دەتوانین بڵێین کە ئەو شۆڕشە سیاسی و رۆحی و مەعنەوییەی کە لەگەڵ لەبەریەك هەڵوەشنای ژیانی خێڵەکی لە یۆناندا دەستی پێکردبوو، لەسەدەی پێنجەمی {پێش زایینددا} بەدەست پێکردنی جەنگی پلۆپۆنیزی گەیشتە لوتکەی خۆی و لەلایەکەوە ململانێیەکی چینایەتی توندو تیژو لەلایەکی ترەوە بەرەو جەنگی نێوان دوو شاری سەرەکی یۆنان گۆڕانی بەسەردا هات.

## ٣

بەڵام چۆن دەتوانین ئەم فاکتە روون بکەینەوە کە هەندی لە ئەسینییە بەرجەستە و دیارەکانی وەکو تۆکۆدیدس، لایەنگری بزوتنەوەی کۆنەپەرستی بوون، وەك پەرچەکردارێك دژی ئەم ئاڵوگۆڕە نوێیە؟ بەرژەوەندی چینایەتی، بەبڕوای من ئەمە بەڕادەی پێویست بابەتەکە رۆشن ناکاتەوە، چونکە ئەوەی دەبێ روون بکرێتەوە ئەوەیە کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری ئەرستۆکراتە گەنج و ناوبانگ خوازەکان بوون بە ئەندامی چالاکی- بەڵام هەڵبەتە هەمیشە جێگەی متمانە پێکردن نەبوون- تاقمی لایەنگری دیموکراسی، کەچی بەشێك لە بیرمەندترین و بەتواناترین نەجیبزادەکانی بۆ لای خۆی رانەکێشا. بەڕواڵەت خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگای کراوە دروست بوو و بەکردەوەی دەستی کردبوو بە پێکهێنان و گەشەپێدانی بەهای نوێ، واتە پێوەری یەکسانخوازی بۆ ژیان، بەڵام هێشتا کێمایەسی هەبوو، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ((خوێندەوارەکانەوە)) ئارمانجی نوێی کۆمەڵگای کراوە، واتە مرۆڤدۆستی، کە تاکە ئارمانجێکە بۆ ئەم کۆمەڵگایە هەلی هاتنەکایەی هەیە، دەستی کردبوو بە خۆنواندن بەڵام هێشتا فۆرمۆڵبەندی نەکرابوو. هەنووکە جگە لە جەنگی چینایەتی و ترسی دیموکراتەکان لە کۆنەپەرستی ئۆلیگاریشی و هەڕەشەی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانەی زیاتر، هیچی تر نەدەبینرا. کەواتە، بزووتنەوەی کۆنەپەرستی وەك پەرچەکردارێك دژی ئەم ئاڵوگۆڕە، سوودی لە گەلێ فاکتەر وەرگرت: نەریت و داخوازی بەرگری لە فەزیلەتە کۆنەکان و ئایینی دێرین. ئەم مەیلانە لەلای زۆربەی خەڵکی لەڕووی سۆزدارییەوە پەسەند دەکران و هەر ئەم هەستی جێگەی پەسەندی گشتی بوو بەهۆی سەرهەڵدانی بزاڤێك کە سەرەڕای ئەوەی ئسپارتە و یاوەرەکانیان

[31]. commonwealth of Greek cities

کە لایەنگری ئۆلیگاریشی بوون لە پێناو بەرەو پێش بردنی مەبەستەکانی خۆیان لە لووتکەی ئەم بزاڤەدا بوون بەڵام گەلێك پیاوی داوپێنپاکیش، تەنانەت لە ئەسیناش، پەیوەندییان پێوەکرد. زاراوەی ((نیشتمانپەروەر))[٣٢] لە دروشمەکانی ئەم بزاڤە داتاشراوە کە دەیوت ((با بۆ بارودۆخی[٣٣] باوانمان بگەڕێینەوە)) یان ((با بۆ بارودۆخی کۆنی باووباپیرانمان بگەڕێینەوە)). پێویست ناکات جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بیروباوەڕی باوی نێو پشتیوانەکانی بزاڤی ((نیشتمانپەروەری))، لەلایەن ئەم ئۆلیگارکانەوە وروژێنرا کە بەهیوای وەدەست هێنانی پارێزگاری بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ دیموکراتەکان، باکیان لەوە نەبوو شارەکەشیان بەدەست دوژمنەوە بدەن. تۆکۆدیدس نموونەیەك بوو لە سەرانی ئەم بزاڤەی کە لایەنگری ((بارودۆخی باووباپیران[٢٣])) بوو. ڕەنگە ئەو پشتیوانی لە کردەوە خائینانەکان نەکردبێت دژی دیموکراتە توندڕەوەکان، بەڵام وێڕای ئەمە، نەیدەتوانی دڵگیری خۆی بۆ ئامانجە بنەماییەکانیان پەنهان بکات. ئەم ئامانجە بریتی بوو لە وەستاندنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و خەبات لە دژی ئیمپڕاتۆریەتخوازی گشتڕوانانەی دیموکراسی ئەسینا و بەربەرەکانی لەگەڵ ئامراز و سیمبۆڵەکانی دەسەڵاتی ئەم ئیمپڕاتۆریەتخوازییە، واتە هێزی دەریایی و دیوارەکان و بازرگانی. (بە وەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکانی ئەفلاتون لەمەڕ بازرگانییەوە، ڕەنگە سەرنج دان لەم خاڵە شتێکی باش بێت کە چ ترسێکی گەورە هەبوو لە بەرفراوانکردنی بازرگانیەت[٣٤]. کاتێك کە لوساندێری[٣٥] پاشای ئسپارتە لە ساڵی ٤٠٤ پێش زایین، پاش سەرکەوتن بەسەر ئەسینادا بە تالانێکی زۆر و زەوەندەوە بەرەو نیشتمان گەڕایەوە، ((نیشتمانپەروەرەکان)) لە ئسپارتە- واتە ئەندامەکانی بزاڤی لایەنگری ((بارودۆخی باووباپیران))- کەوتنە هەوڵدان بۆ ئەوەی ببنە ئاستەنگ لەبەردەم هاوردەی زێردا. هەرچەندە ئەمە کارە دواجار مۆڵەتی پێدرا، بەڵام

٣٢. وشەی patriot لە ڕەگی یۆنانی pater (-باوك) وەرگیراوە... بەزۆری لەزمانی ئێمەدا زاراوەی "نیشتمانپەروەر" یان "وڵاتدۆست"ی بۆ بەکاردێت. "دۆستی نیشتمانی باوك" وەرگێڕانێکی وشەبەوشەیە...

٣٣. وشەی state هەم بە مانای "بارودۆخ ـ ڕەوش"ە هەم بەمانای "دەوڵەت" یان "وڵات". بەڵام بەسەرنجدان لەوە کە دروشمدەرەکانی ئەسینا لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەژیان هەربۆیە بێ‌مانایە ئەگەر بڵێین بگەڕێینەوە بۆ وڵاتی خۆمان و سەرەڕای ئەمە پێدەچێت مەبەستەکە زیاتر شێوازی هزر و تێروانینی ڕێورەسمی ژیانی باوکان بێت نەك خاکی وڵات، هەربۆیە بەم چەشنە وەرمانگێڕاوە.

34. Commercialism

35. Lysander



خاوەندارێتی زێر بوو بە مۆنۆپۆلی دەوڵەت و هەر هاووڵاتیەك کە کانزای بەنرخی لێ کەشف بووبایە، حوکمی لە داردانی بەسەردا دەسەپێنرا. لە کتێبی یاساکاندا، ئەفلاتون شێوازێکی یەکجار زۆر هاوشێوەی ئەمە پێشنیار دەکات[٢٤]).

بزاڤی ((نیشتمانپەروەری)) لە هەندێ ڕووەوە هێمای حەسرەتی گەڕانەوە بوو بۆ شێوازێکی سەقامگیرتری ژیان، واتە گەڕانەوە بۆ دیانەت و پاکخەسڵەتی و یاساو ڕێکی، بەڵام خۆی لە ڕووی ئەخلاقیەوە تووشی گەندەڵی و داڕزان هاتبوو. ئیمانە کۆنەکەی لەدەست دابوو و جێگەی خۆی دابوو بە چەوساندنەوەیەکی ریاکارانە و هاوڕێ لەگەڵ بێ ئیمانی لە هەست و سۆزی ئاییینی[٢٥]. ئەو نیهیلیزمەی کە بە دەستی ئەفلاتون لەسەر رووخساری کالیکلس و تراسوماخۆسدا وێنەی کێشراوە، لەنێو ئەرستۆکراتە ((نیشتمانپەروەرەکان))دا لە هەموو شوێنی زیاتر دەست دەکەوت و هەر ئەمانە بوون کە ئەگەر دەرفەتیان بۆ ڕەخسابووایە گەرەکیان بوو لە لوتکەی تاقمی لایەنگری دیموکراسی دابن. ئاشکراترین نموونەی پەیڕەوانی ئەم نیهێلیزمە، ڕەنگە ڕێبەری ئۆلیگاریشی و سەرۆکی سی ملهوڕەکە، واتە کریتیاسی دایەنی ئەفلاتون بوو بێت کە گوللەی کۆتایی لە ئەسینادا[٢٦].

بەڵام هەر لەو سەردەمە و هەر لەو نەوەیەی کە تۆکۆدیدسیش سەر بەوان بوو، باوەڕێکی نوێ سەبارەت بە عەقڵ و ئازادی و برایەتی نێوان هەموو مرۆڤەکان سەری هەڵدا- هەر ئەو باوەڕە نوێیەی کە بەبڕوای من، تاکە مەبەست و باوەڕێکە کە بۆ کۆمەڵگای کراوە دەشێت.

## ٤

حەزم لێیە ئەم نەوەیە کە هێمای خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتی، بە **نەوەی مەزن** ناوزەد بکەم ئەو نەوەیەی کە ڕێك بەر لە جەنگی پلۆپۆنیزی و لە سەردەمی ئەو جەنگەدا لە ئەسینا دەژیا[٢٧]. لەنێو ئەم نەوەیەدا، هەندێ کۆنسێرڤاتیستی گەورەی وەکو سۆفۆکلیس[٣٦] و تۆکۆدیدس هەبوون. ئەم پیاوانە نوێنەری قۆناغێکی تێپەڕ یان قۆناغی گواستنەوە بوون کە یان

٣٦. Sophocles (نزیکەی ٤٩٦-٤٠٦ پێش زایین). یەکێکە لە بەناوبانگترین تراژیدیا نووسەکانی یۆنانی دێرین.

وەکو ئەیورپیپیدس تووشی دڕدۆنگی و دوودڵی دەبوون یان هەروەك ئاریستۆفانس[٣٧] تووشی گومانکاری. بەڵام لەم نێوەدا پریکلیسیش بوونی هەبوو، هەمان پێشەوای مەزنی دیموکراسی کە پرنسیپی یەکسانی لە بەرامبەر یاسا و تاکگەرایی لە سیاسەتدا فۆرمۆڵبەندی کرد- و هەروەها هێرۆدۆت کە لە شارەکەی پریکلیس دا وەکو نووسەرێکی گەورە کە هەوڵی بەرز ڕاگرتن و نرخاندنی ئەم پرنسیپانەی دەدا، پێشوازی و ستایشی لێ دەکرا. پرۆتاکۆراس ئابدرایی[٣٨] کە توانی لە ئەسینادا نفوزی هەبێت و هەروەها هاوشارییەکەی واتە دیمۆکراتیسیش دەبێ لە ریزی کەسانی نەوەی مەزندا حسێب بکرێن. ئەم دوو کەسە، دۆکترینێکی بەم چەشنەیان فۆرمۆڵبەندی کرد کە دەزگا مرۆییەکانی وەکو زمان و دابونەریت و یاساکان، بە پێچەوانەی تابۆکان، خودان خەسڵەتی سێحری نین بەڵکو دەستکردی مرۆڤن- یاخود بەجۆرێکی تر، سروشتی نین بەڵکو لە پەیمان و دابەوە هەڵقولاون- ئێمەی مرۆڤ لە بەرامبەریاندا بەرپرسین. هەروەها دەبێ ئاماژە بە قوتابخانەی گۆرگیاس بکەین- واتە ئالکیداماس و لۆکۆفرۆن و ئانتیس تنس- کە پرنسیپە بنەماییەکانی دژایەتی کردن لەگەڵ کۆیلایەتی و پاراستنگەرایی عەقڵانی و نەیاری لەگەڵ ناسیۆنالیزمیان فۆرمۆڵبەندی کرد کە هەمان باوەڕ هێنانە بە هەرێمی جیهانگیری مرۆڤەکان. سەرەنجام دەبێ یادی سوقرات بکەین، ئەو کەسەی کە لەوانەیە لە هەر هەموویان گەورەتر بێ و فێری کردین کە دەبێ باوەڕ بە عەقڵی مرۆڤ بێنین، بەڵام لە هەمان کاتدا هەم خۆ لە بیرکردنەوەی دۆگم ببوێرین و هەم دەبێ لە لۆژیك بێزاری[٣٩] دورە پەرێز بین[٢٨]، واتە بێ متمانەیی سەبارەت بە تیۆرو عەقڵ و هاوکات دەبێ خۆ لە تێڕوانینی سێحراوی ئەو کەسانەی کە بت بۆ دانایی دادەتاشن ببوێرین، یاخود بەجۆرێکی تر، ئەو پیاوەی فێری کردین کە ڕۆحی زانست هەمان رەخنەو هەڵسەنگاندنە. تاکو ئێستا شتێکی ئەو تۆمان سەبارەت بە پریکلیس و هیچمان لەمەڕ دیموکراتیۆسەوە نەوتووە لەم سۆنگەیەوە، لە وتەکانی ئەم دووانە، ئاماژە بەهەندێ بەڵگەی ئەم باوەڕە نوێیە دەکەین. سەرەتا دیمۆکراتیۆس:

٣٧. Aristiphans (نزیکەی ٤٤٨ـ٣٨٨ پێش زایین). گەورەترین کۆمیدیانووسی یۆنانی دێرین کە لە شانۆنامەکانیدا نووکی تەنز و هەجو ئاراستەی کۆمەڵگاو سیاسەت دەکات .

٣٨. Abdera شارێکی باشوری رۆژ ئاوای تراکیەیە.

39. misology



ئێمە نابێ لە ترسان، بەڵکو بەهۆی هەستی ئەوەی کە هەق چییە، دەبێ خۆ لە کاری ناحەق ببوێرین... بناغەی فەزیلەت لە هەموو شتێ زیاتر رێزگرتنە لە ئەوانیتر... هەموو کەسێك بۆ خۆی جیهانێکی بچووکە...دەبێ تا ئەو شوێنەی دەتوانین هەوڵ بدەین یارمەتی ئەو کەسانە بکەین کە ستەمیان لێ کراوە...مانای باش بوون، ئەنجام نەدانی کاری ناهەقە و حەز لە ناهەق نەکردنە...کردوەی باش حسێب دەکرێ نەك وتە...هەژاری لە دیموکراسیدا گەلێ باشترە لەو هەبوونی و نیعمەتەی کە بانگەشەی ئەوە دەکرێ لەگەڵ حکومەتی ئەرستۆکراتی یا پاشایەتی {حکومەتی تاکە کەسێك} دادێت، هەروەکو چۆن ئازادی لە کۆیلایەتی باشترە...پیاوی دانا هی هەموو وڵاتەکانە، چونکە سەرانسەری جیهان، ماڵی زاتە بەرزەکانە.

ئەم پەیڤە جوانەی زانایەکی راستەقینەش هی ئەوە کە: ((پێم باشترە تەنیا یاسایەکی هۆداری (علّی) بدۆزمەوە نەك پاشای ئێران بم[٢٩])).

ئەو وتانە هی سەردەمی بەر لە ئەفلاتونە، بەڵام بەهۆی ئەو جەخت کردنەی کە لەسەر مرۆڤدۆستی و گشتڕوانی کراوە، دەڵێی رووی قسە لەوە. هەر ئەم هەستە، هێندە نەبێ کە بە چەشنێکی زۆر بەهێزتر، لە خوێندنەوەی گوتاری شینگێڕی[٤٠] بە ناوبانگی پریکلیسدا، پێك دێت کە لانی کەم نیو سەدە بەر لە کۆمار نوسراوە. لە بەشی شەشەمدا وێرای دوان لەسەر یەکسانیخوازی ئاماژەمان بە دوو رستەی ئەم گوتارە کرد[٣٠]. ئێستا بۆ ئەوەی باشتر رۆحی بابەتەکەیمان دەرخستبێت، چەند پارچەیەك بەشێوەیەکی چڕوپڕتر وەردەگرین:

سیستەمی سیاسی ئێمە نایەوێت لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا رکەبەرایەتی بکات کە لە جێگەکانی تردا باوەو جێبەجێ دەکرێت. ئێمە لاسایی دراوسێکانمان ناکەینەوە بەڵکو گەرەکمانە خۆمان سەر مەشق بین. حکومەتەکەمان لایەنگری زۆرینەیە نەك ژمارەیەکی کەم هەر بۆیە بە دیموکراسی ناوزەد کراوە. یاساکانی ئێمە هەمووان لە کێشە تایبەتییەکاندا وەکو یەك لە دادپەروەری یەکسان بەهرەمەند دەکات، بەڵام ئێمە بێ ئاگا نین لەو مافەی کە پەیوەستە بە چاکەکاری و

40. funeral oration

بەرزێتییەوە. کاتێك هاووڵاتییەك بەرجەستەیی و لێهاتوویی خۆی دەسەلمێنێت، نەك وەکو ئەوەی ماف و جوێیبەتیەکی ڕێزپەڕی پێ بدرێت، بەڵکو لە پاداشتی شایستەبوون، بۆ خزمەتکردن بە دەوڵەت و خەڵك بەرز دەکرێتەوەو هەژاری هیچ لەمپەرێك لەم ڕێگایەدا دروست ناکات. ئازاییەکەمان بۆ ژیانی ئاساییش تەشەنە دەکات، ئێمە لە هەمبەر یەکترەوە بەدگومان نین و ئەگەر دراوسێکەمان بیەوێ خەریکی ئیشی خۆی بێت، توانج و پلاری تێ ناگرین...بەڵام ئەم ئازادییە، وامان لێ ناکات سەرپێچی لە یاسا بکەین، فێریان کردووین کە ڕێز لە دادوەر و یاساکان بگرین، هەرگیز ئەوەمان لەبیرنەچێت کە دەبێ پارێزگاری ستەم لێکراو و ئازارچەشتووەکان بین. هەروەها فێریان کردووین کە ئەو یاسا نەنوسراوەش بپارێزین کە تاکە گرانتی جێبەجێ بوونیان هەستی گشتییە سەبارەی بەوەی هەق چییە...

شارەکەمان بەڕووی جیهاندا کراوەتەوە. ئێمە هەرگیز بێگانەیەك وەدەرنانێین...ئێمە ئازادین هەر چۆنێك دڵمان ویستی ژیان بەسەر ببەین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامادەین لەگەڵ هەموو مەترسییەکدا بەرەو ڕوو ببینەوە...ئێمە ئەڤینداری جوانین بێ ئەوەی دڵمان گیرۆدەی وەهم بێت، هەوڵدەدەین عەقڵ و بیرمان بەرەو باشبوون ببەین، بەڵام ئەم شتە ئیرادەمان لاواز ناکات. لای ئێمە، دان نان بە هەژاری دا شەرم نییە، شەرمەزاری ئەوەیە کە کەسێك هەوڵنەدات بۆ خۆبواردن لە هەژاری. هاووڵاتییەکی ئەسینی لە هەمان کاتدا کە خەریکی کاری تایبەتی خۆیەتی، لە کاری گشتی حکومیش بێ ئاگا نییە...بەچاوی ئێمە ئەو کەسەی کە بە هیچ جۆرێك هۆگری وڵاتەکەی نییە، بێ زیان نییە، بەڵکو بێ سوودە و هەرچەندە ڕەنگە ژمارەیەکی کەم داهێنەری سیاسەتێك بن، بەڵام ئێمە هەموومان دەتوانین داوەری لەسەر بکەین. ئێمە جڤین و دانوسان وەکو ئاستەنگی سەر ڕێگای هەوڵی سیاسی لەقەڵەم نادەین بەڵکو وەکو پێشەکییەکی پێویستی کاری عەقڵانی سەیری دەکەین...ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە بەختەوەری میوەی ئازادییە و ئازادی بەری ئازایەتییە و پشت ناکەینە مەترسییەکانی جەنگ...بەکورتی من بانگەشەی ئەوە دەکەم کە ئەسینا قوتابخانەی یۆنانە و کاتێك تاکی یۆنانی گەورە دەبێ، وەکو کارامەیەکی هەمەلایەنە {واتە خاوەن



توانای گشتی لەبەشە جیاجیاکان} و ئامادە بۆ پێشهاتە لەناکاو و ناسکەکان و بڕوا بەخۆ پەروەروەدە دەبێت[٣١].

ئەم وتانە تەنیا پیاهەڵدان و ستایش کردنی ئەسینا نییە، بەڵکو دەربڕی ڕۆحی ڕاستەقینەی **نەوەی مەزنە**، بەرنامە سیاسی پیاوێکی یەکسانیخواز و پایەبەند بە تاکگەرییە، پیاوێکی دیموکرات کە بەباشی لەوە تێدەگات کە دیموکراسی بە پرنسیپی بێ مانای ((دەبێ خەڵك حکومەت بکات)) کۆتایی پێ نایەت بەڵکو دەبێ لەسەر بناغەی باوەڕهێنان بە عەقڵ و مرۆڤدۆستی دابڕێژرێ. لە هەمان کاتدا، ئەم پەیڤانە هێمای نیشتمانپەروەرییەکی ڕاستەقینەیە و ئەوە دەردەخات کە چۆن دەتوانین شانازی بەو شارەوە بکەین کە سەرمەشق بوونی کردۆتە ئەرکی خۆی- ئەو شارەی کە نەك هەر قوتابخانەیەك بوو بۆ یۆنان، بەڵکو هەر وەك دەزانین، بەدرێژایی هەزارەکانی ڕابردوو بوو بە قوتابخانەی مرۆڤایەتی.

واتربێژی پریکلیس تەنیا بەرنامەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو بەرگریشە و ڕەنگە هێرشێکیش لەخۆ بگرێ. هەروەك پێشتریش بە درکە وتمان، ناوەڕۆکی پەیڤەکە بە چەشنێکە وەك بڵێی ئەفلاتون بوو بێتە نیشانەی ڕاستەوخۆی هێرشەکە. من گومانم لەوە نییە کە رووی قسەکە نەك هەر لە خێڵ پەرستی وەستاوی ئسپارتە، بەڵکو لە کۆڕ یان ((بازنەی)) تۆتالیتێری نێو ئەسیناش بوو- هەمان بزاڤی لایەنگری ((بارودۆخی باووباپیران)) یان بەپێی ئەو ناوەی کە گومپرتس لە ساڵی ١٩٠٢ لەسەر ئەم گروپەی دانا[٣٢]، ((ئەنجوومەنی هاوڕێیانی لاکۆنیا))[٤١]. ڕەنگە وتاربێژییەکەی پریکلیس کۆنترین و بەهێزترین وتاربێت کە دژی ئەم جۆرە بزاڤە پێشکەش کراوە[٣٣]. ئەفلاتون هەستی بە گرنگیەکەی کردو نیو سەدە دواتر لە کۆماردا[٣٤] وێرای پەلاماردانی دیموکراسی و هەروەها لە ساتی کۆمیدیایەکی بێ پەردەدا، واتە نامەی تێنێکسێنۆس یان وتاربێژی شینگێڕی))[٤٢]، گاڵتەی بە وتاربێژییەکەی پریکلیس کرد[٣٥]. بەڵام ماوەیەکی زۆر بەر لە ئەفلاتون، هاوڕێیانی لاکۆنیا هێرشەکەی پریکلیسیان قەرەبوو کردبۆوە. تەنیا پێنج یان شەش ساڵ دوای وتاربێژییەکەی پریکلیس، نامیلکەیەکی لە ژێر ناونیشانی حکومەتی ئەسینا[٤٣] کە بەرهەمی نووسەرێکی نادیار (ڕەنگە کریتیاس) بوو و

٤١. society of the friends of laconia لاکۆنیا هەمان لاکدایمونە.

42. Menexenus or the funeral oration

43. comstitution of  Athens

ئێستا بەزۆری بە ((ئۆلیگارکی پیر))[٤٤] ناسراوە، بڵاوکرایەوە[٣٦]. ئەم مشتومڕنامە زیرەکانەیە کە بە کۆنترین نامیلکە دەژمێردرێ لە تیۆری سیاسیدا، لەوانەیە لە هەمان کاتدا کۆنترین یادگاری بەلاوەنانی مرۆڤ بێت لەلایەن ڕێبەرە هزرییەکانی خۆیەوە. پەلامارێکی بێ بەزییانەیە بۆ سەر ئەسینا کە بێگومان لە خامەی یەکێك لە باشترین مێشکەکانی ئەم شارە داچۆڕاوە. تەوەری هزری ئەم نووسینە، ئەم بیرەیە کە وەك یەکێك لە پرنسیپە ئیمانییەکانی تۆکۆدیدس و ئەفلاتونی لێ هات، پەیوەندی نزیکی نێوان دیموکراسی و ئیمپڕاتۆریەتخوازییە بە یارمەتی هێزی دەریایی. نووسەر هەوڵ دەدات ئەوە پیشان بدات کە لە دژایەتی نێوان دوو جیهانی دیموکراسی و ئۆلیگاریشی دا، ممکین نییە سازش رووبدات[٣٧] و تەنیا لە ڕێگای پەنا بردنەبەر توندوتیژییەکی بێ بەزەییانە و هەنگاونان بۆ لە بناغەوە هەڵتەکاندنێکی هەمە لایەنە، بۆ نموونە دەستێوەردانی هاوپەیمانەکان لە دەرەوەوە (واتە ئسپارتیەکان) دەکرێ کۆتایی بە حکومەتی ناموبارەکی ئازادی بهێنرێت. ئەم مشتومڕنامە نائاساییە، یەکەمین بەرهەمە لە کۆی ئەو زنجیرە بەرهەمە تاڕادەیەك بێ کۆتاییانەی کە لەو کاتەوە تاکو ئێستا لەمەڕ فەلسەفەی سیاسییەوە نووسراوە و لە هەموویاندا کەم و زۆر هەمان بابەت بەڕاشکاوی و بە ناڕوونی بەردەوام دووبارە کراوەتەوە. لەڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی مرۆڤ بەرەو ئەو ئایندەیەی کە دەبوایە خۆی بۆ خۆی دروستی بکات، بەشێك لە ((خوێندەوارەکان)) لەبەر ئەوەی نەیانویستووە یان نەیانتوانیوە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن، تێکۆشاون بیگەڕێننەوە بۆ رابردوو و چونکە لە توانایاندا نەبووە ڕێگەیەکی نوێ بدۆزنەوە، بە ناچار کەتوونەتە لووتکەی پێشەوایی کردنی **ئەو ڕاپەڕینە بەردەوامە دژی ئازادی**. لەبەر ئەوەی هەروەك سوقرات دەڵێت لە خەڵکبێزار[٤٥] و لە لۆژیکبێزار بوون و ئەو هیمەتبەرزییە سادە و ئاساییەیان لە خۆیاندا نەبینیوە کە سەرچاوەی باوەڕ هێنان بە مرۆڤ و عەقڵی ئامادەمیزاد و ئازادییە، بە پێویستیان زانیوە بەزرێتی خۆیان لە ڕێگای ململانێ دژی یەکسانی بسەلمێنن. لەوانەیە ئەم دادوەرییە قورس و ناخۆش بێتە بەرچاو، بەڵام بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە دەڵێم سەبارەت بەو دەستە لە ڕێبەرە هزرییەکانی راپەڕین لە دژی ئازادی کە لە پاش **نەوەی مەزن** و بەتایبەتی ئەوانەی پاش سوقرات هاتن، قەزاوەتێکی راست و بە هەقە. ئێستا دەتوانین لە روانگەی راڤەی مێژوویی خۆمانەوە لێیان بڕوانین.

44. old digarch
45. misanthropist



تەنانەت سەرهەڵدانی فەلسەفە، بەبڕوای من، دەشێت وەکو دژ کردەوەیەك لە بەرامبەر داڕووخانی کۆمەڵگای داخراو و بیروباوەڕە سێحراوییەکانی ئەو کۆمەڵگایە راڤە بکرێت. هەوڵێکە بۆ جێگرکردنی ئیمانی عەقڵی لەجیاتی ئیمانی سێحری لە دەست چوو کە نەریتی گواستنەوەی تیۆرەکان یان ئەفسانەکان لە ڕێگای‌دامەزراندنی نەریتێکی تازەوە دەگۆڕێت. ئەم نەریتە نوێیە، تیۆر و ئەفسانەکان پەلکێشی مەیدان دەکات و گەرەکیەتی لە هەمبەریانەوە لێدوانێکی رەخنەگرانە ئەنجام بدات و هەڵیانسەنگێنێت[٣٨]. (خاڵی سەرنجڕاکێش و مانادار ئەوەیە کە ئەم هەوڵە، هاوتەریب لەگەڵ بەرفراوانبوونی تاقمەکانی، هەروەك دەڵێن، ئورفیۆسی، ئەنجام دەدرێت. پەیڕەوەکارانی ئەم تاقمانە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی جۆرە ئۆلێکی عیرفانی نوێ بکەنە جێنشینی هەستی لەدەست چووی یەکیەتی). یەکەمین فەیلەسووفەکان، واتە سێ حەکیمی گەورەی ئەیونیایی و فیپاگۆرس، رەنگە خۆیان لەو بزوێنەرە بەتەواوی بێ ئاگا بووبێتن کە لەبەرامبەریدا دەستیان کردبوو بە دژکردەوە. ئەوان لەلایەکەوە نوێنەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بوون و لەلایەکی دیکەوە بەچەشنێکی ناخود ئاگایانە ببوون بە دوژمنی. هەر ئەم راستیە کە ئەوان دەستیان کردبوو بە دامەزراندنی قوتابخانە یان تاقم یان زنجیرەی نوێ- واتە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان یان بەجۆرێکی باشتر، ئەو گروپە دیارە نوێیانەی کە خاوەنی ژیانی هاوبەش و ئەرکی هاوبەش بوون و لاسایی نموونەی {گریمانەیی} ژیان و ئەرکی خێڵی ئایدیالی دەکردەوە- ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوان چاکسازی کۆمەڵایەتی بوون و هەربۆیە لەهەمبەر هەندێ لە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکاندا پەرچەکرداریان دەنواند. ئەوان لە بەرامبەر پێداویستییە ناوبراوەکاندا و لەبەرامبەر هەستی سەر لێشێواوی و بێ ئامانجی خۆیاندا، نەك بەلاسایی کردنەوەی هێسیۆدۆس و بە هێنانی ئەفسانەیەك لەمەڕ چارەنووس و لەناوچوون[٣٩]، بەڵکو بە داهێنانی نەریتی لێدوان و رەخنەو داهێنانی هونەری بیرکردنەوەی عەقڵانی دژکردەوەیان پیشان دەدا و ئەمە خۆی یەکێك لەو واقیعیەتانەی سەرەتای شارستانیەتی ئێمەیە کە بۆ روونکردنەوە ناشێت. بەڵام تەنانەت ئەم عەقڵگەرایانەش لەبەرامبەر یەکیەتی لە دەست چووی خێڵ نشینی، زیاتر وەکو هەڵچوون دژکردەوەیان دەنواند. بەڵگەخوازییەکانیان پیشاندەری هەستی سەرلێشێواوی و بێ ئامانجی و ئەو فشارەیە کە لەو گۆڕانکارییانەوە سەرچاوەیان گرتووە کە زۆربە زوویی دروست بوونی شارستانیەتی ئێمەی لەسەر بناغەی تاکگەرایی لێ کەوتەوە. ئاناکسیماندروس[٤٠]، دووەمین فەیلەسووفی ئەیۆنیایی، لە یەکەمین کەسەکان بوو کە ئەم هەست کردن بە فشارەی خستۆتە قاڵبی دەربڕینەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە بوونی

تاکەکەسی وەکو ((هوبریس))[٤٦] بوو- واتە ستەمکارییەکی خۆنەپارێزانە و دەست بەسەراگرتنێکی بە ناهەق- کە تاکەکان وەکو سزای ئەمە دەبووایە ئازار و مەینەت بچێژن و تۆبە بکەن، یەکەمین کەس کە سەبارەت بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ناتەبایی چینایەتی ئاگایی وەدەست هێنا، هێراکلیتوس بوو. لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا شیمانکردەوە کە چۆن هەستی سەرلێشێواوی و بێ ئامانجی خۆی بە هێنانە ئارای یەکەمین ئایدۆلۆژیای دژە دیموکراتیك و یەکەمین فەلسەفەی مێژووگەرایی سەبارەت بە گۆڕان و چارەنووس، بە بەرگی عەقڵ و لۆژیك ڕازاندەوە. هێراکلیتۆس یەکەمین کەس بوو کە بەهۆشیارییەوە دەستیکرد بە دوژمنایەتی کردنی کۆمەڵگای کراوە.

دەتوانین بڵێین ئەم بیرمەندانە هەر هەموویان لەژێر گوشاری غەم و بێ هیواییدا پەلەقاژەیان بوو[٤١]. تەنیا کسنۆفانس ریزپەری ئەم حاڵەتە بوو کە باوەڕی بەخوای تاقانە هەبوو و بە بوێرییەوە ئەم فشارەی لە کۆڵ نابوو. بەڵام ناتوانین بەو چەشنەی کە ڕەنگە جێگرەکانیان سەرزەنش بکەین، ئەم بیرمەندانەی ئاماژەمان بۆ کردن بدەینە بەر تەشەر و لۆمە. باوەڕی تازەی کۆمەڵگای کراوە- واتە باوەڕهێنان بە مرۆڤ و دادپەروەری یەکسانیخوازانە و عەقڵی مرۆڤ- لەوانەیە تازە دەستی بە دروست بوون کردبووبێ بەڵام هێشتا فۆرمۆڵبەندی نەکرابوو.

### ٥

سوقرات گەورەترین خزمەتی بەم باوەڕە نوێیە کرد کە لە ڕێگایدا گیانی خۆی بەخت کرد. سوقرات وەکو پریکلیس یەکێك نەبوو لە ڕێبەرەکانی دیموکراسی ئەسینا یان هەروەك پرۆتاگوراس تیۆریسێنی کۆمەڵگای کراوە نەبوو. ڕەخنەی لە ئەسیناو دەزگا دیموکراتیکەکانی دەگرت و لەم ڕووەوە ڕەنگە وێکچوونێکی رووکەشانەی هەبێت لەگەڵ هەندێ لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کۆنەپەرستی لە بەرامبەر کۆمەڵگای کراوەدا. هەڵبەتە مەرج نییە هەر کەسێك ڕەخنەی لە دیموکراسی و دەزگا دیموکراتیکەکان گرت، دوژمنی ئەم دۆخەبێ، هەرچەندە هەم ئەو دیموکراتانەی کە ئەو دەیانداتە بەر ڕەخنەو هەم پەیڕەوانی تۆتالیتاریزم کە ئاواتە خوازن سوود لە هەموو جۆرە دووبەرەکیەکی کەمپی دیموکراسی وەرگرن، ڕەنگە پەڵەی ئەم جۆرە

٤٦. hubris یان hybris وشەیەکی یونانییە کە بەمانای خۆبەزلزانی و غروور و خۆڕانان دێت و لە بەرانبەردا sophrosyne بە مانای خۆپارێزی و ڕادە ڕاگرتن و ساخلەمی عەقڵ دێت .



دوژمنایەتییەی پێوە بنێن. لە نێوان ئەو ڕەخنەی کە بەشێوازێکی دیموکراتیك لە دیموکراسی دەگیرێت و ئەو ڕەخنەیەی کە بە چەشنێکی تۆتالیتێر ئاڕاستەی دەکرێت، جیاوازییەکی بنەمایی بوونی هەیە. ڕەخنەی سوقرات، ڕەخنەیەکی دیموکراتیك بوو- واتە ئەو جۆرە ڕەخنەی کە گیانی دیموکراسی پێك دێنێت. (ئەو دیموکراتانەی جیاوازی ناکەن لە نێوان ڕەخنەی دۆستانە و دوژمنانە لە دیموکراسی، خۆیان لە ڕۆحی تۆتالیتاریزم تێر بوونە. تۆتالیتاریزم ناتوانێت هیچ ڕەخنەیەك بە دۆستانە وەربگرێت، چونکە هەموو جۆرە ڕەخنەیەك لەم ئوتوریتەیە، حەتمەن خودی پرنسیپی ئوتوریتە پەلکێشی مەیدانی ململانێ دەکات).

بەر لە ئێستا ئاماژەمان بە هەندێ لایەنی ڕێنماییەکانی سوقرات کرد- واتە یەکەم، عەقڵگەراییەکەی یاخود بەجۆرێکی تر، ئەم تیۆرە کە هەموو مرۆڤەکان لەلایەنی بەهرەمەند بوون لە عەقڵ یەکسانن و عەقڵ ئامرازێکی گشتییە بۆ ئاڵوێرکردنی مانا یان تێگەیاندن و تێگەیشتن، دووەم، جەخت کردنی سوقرات لەسەر راستگۆیی هزری و پێویستی ڕەخنەگرتن لەخۆ و سێیەم، تیۆرە یەکسانیخوازانەکەی سەبارەت بە دادپەروەری یان نادادپەروەی بینین و ستەم لێکران باشترە لە نادادپەروەری و ستەم کردن. پێم وایە ئەوەی دەتوانێت باشترین یارمەتیمان بکات بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی سەرەکی ڕێنماییەکەی هەر ئەم دۆکترینەی دواییانە- واتە بڕوا بوون بە تاکگەرایی و باوەڕ هێنان بە تاکی مرۆڤ وەکو غایەت لە خودی خۆیدا.

کۆمەڵگای داخراو و ئارمانجەکەی کە لەسەر ئەوە دامەزراوبوو خێڵ هەموو شتێکە و تاك هیچ نییە، داڕووخابوو. داهێنانی تاکە کەسی و هاتنە ئارای بوونی تاك، ببووە یەکێك لە فاکتەکان. مرۆڤ وەکو تاك و نەك وەك پاڵەوان و رزگاریدەری خێڵ، گرنگی پێدەدرا[٤٣]. بەڵام تەنیا لەگەڵ هاتنی پرۆتاگۆراس، فەلسەفەیەك دەستی پێکرد کە مرۆڤی دەخستە تەوەری گرنگی پێدان و هۆگری. لەلایەکی ترەوە، باوەڕ بوون بەوەی کە لە ژیانی ئێمەدا هیچ شتێك لە تاکەکانی تری مرۆڤ گرنگتر نییە یان بانگهێشتی مرۆڤەکان بۆ ڕێزگرتن لە خۆیان و ئەوانیتر، بەرواڵەت لە سوقراتەوە سەرچاوە دەگرێ.

بورنێت جەخت لەسەر ئەوە دەکات[٤٤] ئەو کەسەی کە مەفهوومی گیانی[٤٧] خوڵقاند سوقرات بوو- هەمان ئەو چەمکەی کە نفوز و کاریگەرییەکی وەها مەزنی لە شارستانیەتی ئێمەدا هەبووە. بەبڕوای من، ئەم بۆچوونە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام هاوکات هەست بەوە دەکەم

47. soul

کە فۆرمۆڵبەندییەکەی، بەتایبەتی بەکارهێنانی وشەی ((گیان)) ڕەنگە گومڕاکەر بێت، چونکە پێدەچێت سوقرات تا ئەو شوێنەی لە توانایدا هەبوو خۆی لە تیۆرە میتافیزیکییەکان دوور خستبێتەوە. ئەو پەنای بۆ ئەخلاق دەبرد و تیۆرەکەی سەبارەت بە تاکایەتی[٤٨] (یان سەبارەت بە ((گیان)) ئەگەر کەسێك ئەم زاراوەی پێ باشتر بێت) بەبڕوای من دۆکترینێکی ئەخلاقییە نەك میتافیزیکی. سوقرات وەکو هەمیشە، بەیارمەتی ئەم دۆکترینە لەگەڵ لەخۆڕازی بوون و خۆش خەیاڵیدا دەجەنگا و خوازیاری ئەوەبوو کە تاکگەرایی بە لەبەریەك هەڵوەشانی خێڵ پەرستی بەرتەسك نەکرێت بەڵکو تاکی مرۆڤ شایستەبوونی خۆی بۆ ڕزگاری لەم کۆتە بسەلمێنێت. هەر بەم هۆیەوە بوو کە سوور بوو لەسەر ئەوە کە مرۆڤ تەنیا کوتە گۆشتێك-واتە جەستە- نییە بەڵکو شتێکی زیاتر لەمە لە مرۆڤدا بوونی هەیە- واتە پشکۆیەکی یەزدانی کە هەمان عەقڵە، خۆشویستنی ڕاستی و دڵۆڤانی و مرۆڤایەتی و جوامێری، خۆشویستنی جوانی و چاکی. ئەمانەن کە ژیانی مرۆڤ بایەخدار دەکەن. بەڵام ئەگەر من تەنیا ((جەستە)) نیم، کەواتە چیم؟ بەرسڤی ئەوەیە کە تۆ بەر لە هەموو شتێك، عەقڵ و هۆشی. عەقڵی تۆیە دەتکاتە مرۆڤ و توانات پێ دەبەخشێت کە لە کۆمەڵە خواست و شەهوەتێك زێتر بی و دەتکاتە تاکێکی خۆبەس و ئەو مافەت پێ دەدات کە بانگەشەی ئەوە بکەیت کە لە خودی خۆتدا دوا ئامانجی. وتەی سوقرات کە دەڵێت ((گیانی خۆت تیمار بکە))، زیاتر بانگهێشتێکە بۆ ڕاستگۆیی هزری و عەقڵی، هەر بەم چەشنە کاتێك دەڵێت ((خۆت بناسە))، مەبەستی ئاماژەکردنە بە کێماسییە هزری و عەقڵیەکانمان.

سوقرات جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمانە گرنگن. ئەو شتەی کە لە دیموکراسی و سیاسەتمەدارە دیموکراتەکان دا لەلایەن ئەوەوە دەدرایە بەر ڕەخنە، تێگەیشتنی پڕ لە کەموکوڕی ئەمانە بوو. مافی خۆی بوو ڕەخنە لە سیاسەتمەدارەکان بگرێ لەبەر نەبوونی ڕاستگۆیی هزری و وەسوەسەی دەسەڵاتبازی سیاسی{٤٥}. بەو جەخت کردنەوەی کە سوقرات لەسەر لایەنی مرۆیی سیاسەتی دەکرد، ئیدی نەیدەتوانی گرنگیەکی ئەوتۆ بە پرسی چاکسازی دەزگاکان بدات. ئەو شتەی کە هۆگری ئەوی دەوروژاند، ڕەهەندی تاکەکەسی و بێ نێوانی کۆمەڵگای کراوە بوو. ئەو مامۆستا بوو و لە هەڵەدابوو کاتێ خۆی بە سیاسەتمەدار لەقەڵەم دەدا.

48. individuality



بەڵام ڕەنگە پرسیارێك بێتە ئاراوە کە ئەگەر سوقرات هەر لە بنەڕاتدا یەکێك بوو لە بەرگریکارانی کۆمەڵگای کراوە و دۆستی دیموکراسی بوو، بۆچی لەگەڵ نەیارانی دیموکراسیدا تێکەڵاوی هەبوو؟ چونکە دەزانین کە لە نێو هاونشینەکانیدا، سەرەڕای ئالکیبیاس کە ماوەیەك دەستی لەگەڵ ئسپارتەدا تێکەڵ کردبوو، دوو کەس لە دایەنەکانی ئەفلاتونیشیان لەناودا بوو: یەکیان کریتیاس بوو کە دواتر بوو بە ڕێبەری بێ بەزەیی سی ملهوڕەکە و ئەویتریان خارمیدسە کە یاریدەدەری بوو.

لە وەڵامێك زیاتر بۆ ئەم پرسیارە هەیە. سەرەتا ئەفلاتون دەڵێت هێرشی سوقرات بۆ سەر سیاسەتمەدارە دیموکراتەکانی ئەو سەردەمە، لەلایەکەوە بەمەبەستی لەقاودانی خۆبەزلزانی و شەهوەتی دەسەڵاتی ئەو ڕیاکارانە ئەنجام دەدرا کە لە پێناو دەستخۆشی خەڵکدا قسەیان دەکرد، بەتایبەتی ئەو ئەرستۆکراتە گەنجانەی کە لە ڕواڵەتدا خۆیان بە دیموکرات لەقەڵەم دەدا بەڵام خەڵکیان تەنیا وەکو ئامرازێك بۆ دامرکاندنەوەی شەهوەتی دەسەڵاتی خۆیان سەیر دەکرد{٤٦}. ئەم کارە لانی کەم هەندێ لە دوژمنەکانی دیموکراسی بۆلای سوقرات رادەکێشا و دەبووە هۆی پەیوەندی نێوان ئەو و ئەرستۆکراتە پلەوپایە خوازەکانی لەم قوماشە. لێرەدا تێبینی دووەم دێتە ئاراوە. پیاوێکی وەکو سوقرات کە مامۆستای ئەخلاق و لایەنگری تاکگەرایی بوو، هەگیز ناشێت ئەم پیاوانەی تەنیا دابێتە بەر ڕەخنە، بەڵکو بێ گومان دەیخستنە ژێر چاوەدێری ڕاستەقینەی خۆیەوەو تا هەوڵێکی جدی نەدابووایە بۆ هەڵگەڕاندنەوەیان لە بیروباوەڕی پێشتر، دەستی لێ هەڵنەدەگرتن. لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا کینایەی زۆر بۆ ئەم جۆرە تەقەلایانە بەرچاو دەکەوێت. ئێستا دەگەینە سێیەمین تێبینی. هەندێ بەڵگەمان لەبەردەست دایە کە سوقرات کە هەم مامۆستا بوو و هەم پیاوێکی سیاسی، تەنانەت هەوڵی ڕاکێشانی گەنجەکانی دەدا بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەریان لەسەر دابنێت، بەتایبەتی ئەو لاوانەی کە پێیوابوو، توانای گۆڕینی بیروباوەڕی خۆیانیان هەیە و لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببنە سەرچاوەی کاری پڕ لە بەرپرسایەتی. نموونەی بەرجەستەی ئەم حاڵەتە ئالکیبیاسە کە هەر لە منداڵیەوە وەکو ڕێبەری ئایندەی ئیمپڕاتۆریەتی ئەسینا گرنگی پێدەدرا. یەکێك لەو کەسانەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران و ئەگەری ئەوە هەبوو بەهۆی هۆشمەندی و بەرزەفڕی و دلێری ببێتە نەیاری ئالکیبیاس، کریتیاس بوو. (ئەو ماوەیەك لەگەڵ ئالکیبیاسدا هاوکاری کرد بەڵام دواتر لێی هەڵگەڕایەوە. بەهیچ جۆرێك دوور نییە کە ئەم هاوکارییە کاتییە لەژێر کاریگەری سوقرات دابووبێت). لەسەر بنەمای ئەو شتانەی کە

سەبارەت بە ئارەزووە سیاسیە بەرایی و دواترەکانی ئەفلاتون دەیزانین، ئەگەری زۆری هەیە کە پەیوەندی ئەویش لەگەڵ سوقرات هەر لەم جۆرە بێت{٤٧}. ئەگەرچی سوقرات یەکێك بوو لە بزوێنەرە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کراوە، بەلام حەزی لە حزب حزبێنە نەبوو. لەوانە بوو لە هەموو کۆڕێکدا کە سوودێکی بۆ شارەکەی هەبووایە، چالاکی ئەنجام دابایە. ئەگەر گەنجێکی مژدەبەخش سەرنجی راکێشابووایە، نەیدەهێشت نزیکایەتی خێزانی ئەم لاوە لەگەڵ ئولیگاریشی دەسەلاتدار ببێتە لەمپەر لەبەردەم کارەکەیدا.

بەلام سەرنجام هەر ئەم نزیکایەتییە بووە هۆی مەرگی سوقرات. کاتێك کە جەنگی گەورە تووشی تێك شکان هات، سوقرات تۆمەتی ئەوەوی خرایە پاڵ کە ئەوانەی خیانەتیان بە دیموکراسی کرد و لەگەڵ دوژمندا دەستیان تێکەڵ کرد بۆ رووخاندنی ئەسینا، لەلایەن ئەوەوە پەروەردەکراون و راهێناراون.

مێژووی جەنگی پلۆپۆنیزی و تێك شکانی ئەسینا هێشتا زۆربەی کات لەژێر کاریگەری وتەکانی تۆکۆدیدسدا بەچەشنێك دەگێردرێتەوە کە شکانی ئەم شارە وەکو بەڵگەی کۆتایی لاوازی ئەخلاقی سیستەمی دیموکراسی بێنە بەرچاو. بەلام ئەم بۆچونە، ئاوەژووکردنەوەیەکی مەبەستدارە و واقعییەتە ناسراوەکان، وێنەیەکی دیکە پێشان دەدەن. بەرپرسایەتی سەرەکی تێك شکان دەکەوێتە سەرشانی ئەو ئۆلیگارکە خائینانەی کە بەردەوام لەگەڵ ئسپارتەدا خەریکی پیلانگێڕی بوون. دیارترین کەسی نێوانیان، سێ قوتابی پێشووی سوقرات بوون، واتە ئالکیبیاس و کریتیاس و خارمیدس. پاش شکانی ئەسینا لە ساڵی ٤٠٤ پێش زایین، ئەم دوو کەسەی دواییان {واتە کریتیاس و خارمیدس} بوون بە رێبەری سی ملهوڕەکە و حکومەتەکەیان لە یاریچەیەك زیاتر نەبوو لە دەستی ئسپارتەکاندا. تێك شکانی ئەسینا و وێران بوونی دیوارەکانی شار، بەزۆری وەکو دوایین دەرەنجامی جەنگی گەورە کە لە ساڵی **٤٣١** پێش زایین دەستی پێکردبوو، لەقەڵەم دەدرێت. بەلام خستنەڕووی بابەتەکە بەم جۆرە، چەواشەکردنی راستییەکانە، چونکە لایەنگرانی دیموکراسی بەردەوام درێژەیان بە خەباتی خۆیاندا. ئەم دەستەیە کە لەسەرەتادا ژمارەیان لە حەفتا و چەند کەس تێپەڕی نەدەکرد، بەسەرکردایەتی تراسوبولوس(٤٩) و ئانوتوس(٥٠) سەرەتاکانی ئازادی ئەسینایان دەستەبەر کرد.

[49]. Thrasybulus
[50]. Anytus



بەلام هەر لەم سەردەمەدا کریتیاس لە ئەسینا خەریکی کوشتنی دەیان هاوولاتی بوو. لەماوەی ئەو هەشت مانگەی کە حکومەتی تۆقێنەری ئەو لە ئەسینا فەرمانڕەوایی دەکرد ((ژمارەی ئەو ئەسینیانەی کە کوژران زۆرتر بوو لە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە دە ساڵی کۆتایی جەنگ دابەدەستی پلۆپۆنیزیەکان کوژرابوون)){٤٨}. پاش ئەم هەشت مانگە (لە ساڵی **٤٥٣** پێش زایین) لایەنگرانی دیموکراسی هێرشیان بردە سەر کریتیاس و سەربازگەی ئسپارتیەکان لەنێو شاردا و تێکیان شکاندن و لە پیراییۆسدا سەقامگیربوون. هەردوو دایەنەکەی ئەفلاتون لەم شەڕەدا گیانیان لەدەستدا. ئۆلیگارکەکانی لایەنگری ئەم دووانە، ماوەیەك درێژەیان بە حکومەتی ترسدا لە ئەسینا بەلام هێزەکانیان تووشی پشێوی و لەبەر یەك هەڵوەشان هات. ئسپارتەکان کاتێ بێ توانایی ئۆلیگارەکانیان لە حوکمڕانی دابینی، ئیدی سەرەنجام دەستیان لە پشتیوانی کردنیان هەڵگرت و لەگەڵ دیموکراتەکاندا پەیمانیان بەست و جارێکی تر ئاشتی بووە هۆی سەقامگیرکردنی دیموکراسی لە ئەسینادا. بەم چەشنە، حکومەتی دیموکراسی لە بۆتەی قورسترین ئەزموونداا دەسەلاتی باشتری خۆی سەلماند و تەنانەت دوژمنەکانیش وردە وردە هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە دیموکراسی تێك ناشکێت. (نۆ ساڵ دواتر، پاش شەڕی کیندوس(٥١)، ئەسینییەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا کە سەر لەنوێ شوورەکان دروست بکەنەوە. تێك شکان دیموکراسی جێگەی خۆی دابوو بەسەرکەوتن).

هەر کە دیموکراسی بووە هۆی سەقامگیرکردنەوەی سەر لەنوێی بارودۆخی ئاسایی لە دادگاکاندا{٤٩}، سکالایەك لە دژی سوقرات بەرزکرایەوە. مانای شکایەتە کە روون و ئاشکرابوو. سوقرات بەوە تۆمەتبار کرابوو کە دەستی هەبووە لە پەروەردەکردنی شەڕانیترین و وێرانکارترین دوژمنی دەوڵەت- واتە ئالکیبیاس و کریتیاس و خارمیدس. لێبووردنی گشتی سەبارەت بەهەموو تاوانە سیاسیەکانی سەردەمی بەر لە سەقامگیربوونەوەی سەر لەنوێی دیموکراسی، دادخوازەکانی تووشی هەندێ کێشە و گیروگرفت دەکرد. هەر بۆیە، نەدەکرا وێرای خستنە رووی ئەم تۆمەتە، بە ئاشکرا ناوی ئەم حاڵەتە ریسواییانە بهێنرێت. رەنگە دادخوازەکان بەر لەوەی لە هەوڵی سزادانی سوقرات دابن لەبەر رووداوە کارەساتاوییەکانی رابردوو کە خۆیان بە باشی دەیانزانی بە پێچەوانەی نیازی ئەوەوە روویداوە، مەبەستیان ئاستەنگ خستنە بەردەم رێنماییەکانی بوو کە بەوەبەر چاوگرتنی ئەو دەرەنجامانەی لێی

[51]. cnidus

دەکەوێتەوە، لە روانگەی ئەوانەوە جگە لە مەترسی بۆ سەر دەوڵەت هیچی تری تێدا نییە. بەوەبەرچاوگرتنی ئەم بەڵگانە، تۆمەتە کە بەم جۆرە نارِوون و تارِادەیەك پشتگوێ خراوەی لێ هات کە سوقرات گەنجەکان تووشی گەندەڵی دەکات و خۆی پیاوێکی بێ دینە و هەوڵدەدات رێورەسمێکی ئاینی نوێ بۆ ولات بێنێت. (بێ گومان خستنە رووی ئەم دوو دێرەی دواییان بە زمانێکی پرِ لە کەموکورِی، پێشاندەری ئەم هەستەیە کە سوقرات لە سنووری ئەخلاق و دیندا، کەسێکی شۆرِشگێرِە). بەهۆی لێبووردنی گشتی نەدەکرا لەمە بێ پەردەتر ناوی ((گەنجە گەندەڵ کراوەکان)) بهێنرێت، بەڵام هەڵبەتە هەموو لایەك دەیانزانی مەبەست کێیە[{٥٠}]. سوقرات لەبەرگرییەکانی خۆیدا شێلگیرانە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بە هیچ چەشنێك لایەنگری سی ملهورِەکە نەبووەوەو بە وەستانەوە لەبەرامبەر تەقەلاکانیاندا کە هەوڵیان دابوو بیکەنە شەریکی یەکێك لە کەتنەکانیان، تەنانەت گیانی خۆشی خستۆتە مەترسییەوە. سوقرات ئەوەی وەبیر دادوەرەکان هێنایەوە کە لەنێو نزیکترین و بەگورِترین قوتابییەکانی دا لانی کەم لایەنگرێکی چاو نەترسی دیموکراسی بەناوی خایرفۆن[٥٢] بوونی هەبوو کە لەگەڵ سی ملهورِەکەدا جەنگاوە (و دەڵێن لە شەرِدا کوژراوە[{٥١}]).

ئێستا بەزۆری ئەوە پەسەند دەکرێت کە ئانۆتۆس، واتە هەر ئەو رێبەرە دیموکراتەی کە پشتیوانی لە دادخوازەکان دەکرد، گەرەکی نەبوو سوقرات بکاتە شەهید. ئامانج، دوور خستنەوەی بوو. بەڵام ئەم نەخشەیە سەری نەگرت چونکە سوقرات ئامادە نەبوو لەرێگای سازشکاریەوە مل بدات بۆ وەلانانی ئەو پرنسیپەی کە برِوای پێ هەبوو، بەڵام من پێم وانییە کە ئەو دەیەویست بمرێت یان چێژی لە رۆڵی شەهید وەردەگرت[{٥٢}]. هەرگیز نیازی نەبوو بنەماکانی دیموکراسی لاواز بکات و تەنانەت هەوڵی دابوو باوەرِێکی پێویستی بۆ دەستەبەر بکات. ئەوەی تەمەنێك لە ژیاندا کوێرەوەری بۆ کێشابوو، ئەمە بوو و ئێستا هەستی دەکرد بەری زەحمەتەکانی کەوتۆتە ژێر هەرِەشەوە. خیانەتی یاوەرانی جاران نەك هەر بەرهەمی ئازایەتی نەبوو بەڵکو خودی ئەویشی بە چەشنێك پێشان دەدا کە بێ گومان زۆر بەتوندی تووشی پەشۆکانی کردووە. لەوانەیە تەنانەت ئەو پێشوازی لەم دادگایەش کردبێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەمەك و ئەو نیاز پاکییە بێ کەوشەنە بسەلمێنێت کە لە هەمبەر شارەکەیەوە هەیبوو.

٥٢. chaerephon



سوقرات بەوردیئەم جۆرە بیروتێرِوانینەی شیکردەوە کاتێك کە دەرفەتی راکردنیان خستە بەردەم، ئەگەر کەڵی لەم هەلە وەرگرتبا و نیشتمانی بەجێ هێشتبایە، هەموو وایاندەزانی نەیاری دیموکراسییە، کەواتە، مایەوەو ئەو بەڵگانەی خستنەرِوو کە لەبەر دەستی دابوو. ئەم روونکردنەوەیە کە لەراستیدا دواین راسپاردەی سوقراتە، لە نامەی کرتیۆنی[٥٣] ئەفلاتوندا دەست دەکەوێت[{٥٣}] و زۆر ساکارە. سوقرات دەیگوت ئەگەر من برِۆم، ئەوا سەرپێچیم لە یاساکانی وڵات کردووە. ئەم کارە وام لێدەکات بچمە رێزی نەیارانی یاساوە و بێ ئەمەکی و پەیمان شکێنی من دەسەڵمێنێت. ئەگەر وابکەم، ئەوا زیانم بە وڵات گەیاندووە. تەنیا بەمەرجێك دەتوانم بەڵگە بۆ ئەمەکداری خۆم سەبارەت بە وڵات و یاسا دیموکراتیکەکانی بەبێ بچووکترین دوودڵی بێنمەوەو بیسەلمێنم کە هەرگیز دوژمنی نەبوومە، ئەگەر بمێنمەوە. هیچ بەڵگەیەك لەمە بەهێزتر نییە بۆ ئەمەکداری کە ئامادەبم لە رێگای وەفاداربوونم بۆ پەیمانەکەم گیان بدەم.

مەرگی سوقرات بەڵگەیەکی لێبرِاوە لەسەر راستگۆییەکەی. ئەو هەرگیز دلێری و سادەیی و خاکەرِێیی و پەندناسی و ناسکی و خووخدەی جوانی خۆی لەدەست نەدا. لە وتاربێژی داکۆکیدا دەڵێت: ((من ئەو مێشەکەرەیەم[٥٤] کە خوداوەند بەم شارەیەوە بەستۆتەوە و بەدرێژایی رۆژ و لەهەموو جێگەیەکدا بەردەوام لێتان دەهاڵێم و بەخەبەرتان دێنم و هەنجەتتان لا دەورِوژێنم و سەرکۆنەتان دەکەم. ئێوە بە ئاسانی کەسێکی تری وەکو منتان دەست ناکەوێت، هەربۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم کە وازم لێبێنن...ئەگەر هەروەك ئانوتوس دەڵێت دەست درێژیم بکەنە سەر و بمکوژن، ئەوا تا کۆتایی ژیان لەخەودا دەبن، مەگەر خواوەند رەحم بکات و مێشەکەرەیەکی ترتان بۆ بنێرێت[{٥٤}])).

سوقرات دەریخست کە رەنگە مرۆڤ مەرگ هەڵبژێرێت بەڵام نەك لە پێناو چارەنووس و ناوبانگ و شتی رازاوەی تری لەم چەشنە، بەڵکو لە پێناو بەرگری کردن لە ئازادی هزری رەخنەگرانە و لە رێگای نەفس بەرزی کە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بە خۆبەزلزانی و هەستوسۆزی کاتەکیەوە نییە.

٥٣. crito
٥٤. gadfly

## ٦

سوقرات تەنیا جێگرەوەیەکی شایستەی هەبوو و ئەویش هاوڕێی دێرینی خۆی، واتە ئانتیس تنس، دواین کەسی **نەوەی مەزن** بوو. بە تواناترین قوتابیەکەی واتە ئەفلاتون، بەزوویی ئەوەی سەلماند کە بێ وەفاترین موریدەیەتی. ئەو خیانەتی بە سوقرات کرد هەروەك پێشتر دایەنەکانی کردبوویان. ئەم دووانە، جگە لە خیانەت، هەوڵیاندا بوو سوقرات بکەنە هاوبەشی کارە تۆقێنەرەکانی خۆیان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون چونکە لەبەرامبەریاندا وەستا بۆوە. ئەفلاتون تێکۆشا بیکاتە هاوپشکی خۆی بۆ هەوڵدان لە پێناو دارشتنی تیۆرێکی رازاوە سەبارەت بە کۆمەڵگایەکی وەستاو و بەبێ هیچ دژوارییەك سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە ئەم جارەیان سوقرات مردبوو.

دەزانم ئەم حوکمەم تەنانەت لەڕوانگەی ئەو کەسانەشەوە کە بەچاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری ئەفلاتون دەکەن، لەڕادەبەدەر هەڵەشەییانە و توندوناخۆشە{٥٥}. بەڵام ئەگە وەکو دواین وەسییەتی سوقرات سەیری داکۆکی و کریتۆن بکەین ئەم راسپاردانەی سەردەمی پیری ئەو لەگەڵ راسپاردەکانی ئەفلاتون لە کۆماردا بەراورد بکەین، ئاستەمە بتوانین حوکمێکی تر بدەین. سوقرات مەحکوم کرا بەڵام ئەوانەی کە بوونە هۆکاری دادگایی کردنی، مەبەستیان نەبوونی تووشی مەرگی بکەن. یاساکانی ئەفلاتون ئەم نەبوونی مەبەستەی قەرەبوو کردەوە. لەم کتێبەدا، ئەفلاتون بەوردی و هێمنانە، تیۆری پشکنینی بیروباوەڕ بەرفراوان دەکات، بیرکردنەوەی ئازاد، رەخنەگرتن لە دەزگاکان، فێرکردنی هزر و مانای نوێ بەلاوەکان و داهێنانی رێورەسم و تەنانەت بیروباوەڕی نوێی ئایینی، هەر هەموویان وەکو تاوانی شایستەی مەرگ دەناسێنرێن. لە دەوڵەتی ئەفلاتوندا، رەنگە هەرگیز هەلی بەرگرییەکی ئاشکرا بە سوقرات نەدرابووایە و بێ گومان دەدرایە دەست ئەنجوومەنی نهێنی شەوانە بۆ ئەوەی گیانە نەخۆشەکەی ((دەرمان)) بکەن و سەرەنجام سزای بدەن.

لای من خیانەتی ئەفلاتون واقیعیەتێکی ئەوتۆیە کە هیچ جێگەی دوودڵی نییە. هەروەها گومانم لەوە نییە کە بەکارهێنانی سوقرات لەلایەن ئەفلاتونەوە وەکو وتەبێژی سەرەکی کۆمار، سەرکەوتووترین هەوڵی ئەو بوو، لە پێناو گیرۆدەکردنی ئەو لەگەڵ خۆیدا. بەڵام ئایا ئەفلاتون هۆشیارانە دەستی بۆ ئەم کارە بردووە یان نا، ئەمە بابەتێکی ترە.



بۆ تێگەیشتن لە ئەفلاتون، دەبێ کۆی بارودۆخی سەردەمی ئەو بێنینە بەرچاوی خۆمان. تەنانەت پاش جەنگی پلۆپۆنیزی، فشاری شارستانیەت هەروا بەهێزە هەمیشەییەکەیەوە هەستی پێدەکرا. هیوای کۆنی لایەنگرانی ئۆلیگاریشی هێشتا زیندوو بوو و تەنانەت تێك شکانی ئەسینا زیاتر پەرەی بەمە دەدا. ناتەبایی چینایەتی هەروا بەردەوام بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تەقەلای کریتیاس بۆ وێران کردنی دیموکراسی بەهۆی جێبەجێ کردنی بەرنامەی ((ئۆلیگارکی پیر)) تووشی تێك شکان هاتبوو. هۆکاری ئەم تێك شکانە نەدەگەڕایەوە بۆ لاوازی و بێ بڕیاری. سەرەڕای گونجاوی بارودۆخی و هەلومەرجەکە، واتە پشتیوانییەکی بەهێز لەلایەن دەوڵەتی سەرکەوتووی ئیسپارتەوە، تەنانەت بێ بەزەییانەترین توندوتیژی هیچ ئاکامێکی نەبوو. ئەفلاتون بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ سەر لەنوێ بەرنامەکە نۆژەن بکاتەوە. سی ملهوڕەکە زۆرتر بەهۆی ئازاردانی هەستی دادپەروەری خوازی هاووڵاتیانەوە، لە پانتایی دەسەڵاتبازی سیاسیدا تێك شکابوون. تێك شکانەکە بەزۆری تێك شکانێکی مەعنەوی و ئەخلاقی بوو. هێزی ئیمانی نەوەی مەزن سەلمابوو. سی ملهوڕەکە شتێکی هاوتای ئەم ئیمانەیان نەبوو بۆ ئەوەی بە خەڵکی بدەن، چونکە لای ئەوان ئەخلاق هیچ واتایەکی نەبوو. ئەفلاتون هەستی بەوەکرد کە ناکرێت بەرنامەی ((ئۆلیگارکی پیر)) زیندوو بکرێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەسەر بنەمای ئیمانێکی دیکە دابمەزرێتەوە- واتە رێچکەیەك کە بەها کۆنە خێڵ پەرستییەکان سەر لەنوێ قوت بکاتەوەو لەبەرامبەر باوەڕی کۆمەڵگای کراوەدا دابینێت. **دەبێ فێری مرۆڤەکان بکرێت دادپەروەری لە نایەکسانی دایە** و خێڵ و کۆ، لەتاك بەرزترین{٥٦}. بەڵام بڕوای سوقرات زۆر لەوە بەهێزتر و پتەوتر بوو کە کەسێك بتوانێت بە ئاشکرا بکەوێتە جەنگ لە تەکیا. لەم روویەوە ئەفلاتون ناچار بوو باوەڕی سوقرات بڕژێتە قاڵبی راڤەیەکی نوێوەو بە بەرگی باوەڕ هێنان بە کۆمەڵگای داخراو بیرازێنێتەوە. ئەم کارە چەتوون بوو بەڵام مەحاڵ نەبوو. بۆ مەگەر دیموکراسی سوقراتی نەکوشتبوو؟ مەگەر دیموکراسی مافی خۆی لەمەڕ ئەوەوە لە دەست نەدابوو؟ مەگەر هەمیشە سوقرات جەماوەری زۆرو بێ ناونیشانی خەڵك و رێبەرەکانیانی بەهۆی بێ بەهرەبوون لە دانایی نەدەدایە بە رەخنە؟ کەواتە ئەو راڤەیەی کە پێشانی بدات سوقرات حکومەتی ((خوێندەوارەکان)) یان فەیلەسووفەکانی وەك راسپاردە بەجێ هێشتووە، نابێت هێندە دژوار بێت. ئەفلاتون لەم ئەرکەیدا زۆر هان درا کاتێك ئەوەی کەشف کرد کە راڤەی ناوبراو بەشێکە لە ئارمانجی کۆنی

فیساگۆرسی و بەتایبەتی کاتێ بۆی دەرکەوت کە ئارخۆتاسی خەڵکی ئارنتوم[٥٥] نەك هەر حەکیمێکی دەستەی فیساگۆرسییەکان بووە بەڵکو سیاسەتمەدارێکی گەورەو سەرکەوتووش بووە. هەستی دەکرد رێگا چارەی مەتەڵەکەی دۆزیوەتەوە. بۆ مەگەر سوقرات بۆ خۆی قوتابییەکانی هان نەدەدا بۆ ئەوەی بەشداری لە سیاسەتدا بکەن؟ بۆ ئەمە بەو مانایە نەبوو کە ئەو دەیەویست حکومەت بکەوێتە دەست رۆشنبیر و داناکانەوە؟ ئاپۆڕای قیزەونی خەڵکی حوکمڕان لە کوێ و ویقار و بەرێزی پیاوێکی وەکو ئارخۆتاس لە کوێ! حەتمەن سوقراتیش کە هیچ کاتێك رێگا چارەی بۆ کێشەی شێوازی حکومەت کردن نەخستبووە ڕوو، هزری لەسەر رێبازی فیساگۆرسی بووە.

بەم چەشنە، رەنگە ئەفلاتون پەی بەوە بردبێت کە دەتوانێت هێدی هێدی مانایەکی نوێ بە رێنماییەکانی بە نفوزترین کەسی نەوەی مەزن ببەخشێت ولای خۆی ئەوەی قبوڵ کرد کە ئەو نەیارەی هێزە زاڵەکەی جورئەتی هێرشی راستەوخۆی پێ نەدەدا، خۆی یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی. بەبڕوای من، ئەمە ساکارترین راڤەی ئەم فاکتەیە کە ئەفلاتون تەنانەت پاش ئەوەی هێندە لە رێنماییەکانی سوقرات دوور کەوتبۆوە کە بۆی نەدەکرا دیسان خۆی سەبارەت بەم لارێیە هەڵبخەڵەتێنێت، بەردەوام لە دایالۆگەکانی لە پلەی وتەبێژی سەرەکیدا هێشتیەوە[٥٧]. بەڵام هێشتا ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. من پێم وایە ئەفلاتون لە ناخی گیانی خۆیدا هەستی بەوە دەکرد کە رێنماییەکانی سوقرات گەلێك جیاوازن لەگەڵ ئەو بابەتانەی ئەو دەیانخاتەڕوو و لەڕاستیدا ئەو خەریکی خیانەت کردن بوو بە مامۆستاکەی. بەبڕوای من، هەوڵە بەردەوامەکانی ئەفلاتون بۆ ناچارکردن و هێنانی سوقرات بۆ نێوپانتایی راڤە نوێیەکانی لەمەڕ بیروبۆچوونەکانی خۆی، لە هەمان کاتدا هەوڵێکە بۆ هێور کردنەوەی ویژدانە گوناهبارەکەی خۆی. چەندین جار ئەفلاتون تەقەلای ئەوەی کرد بیسەلمێنێت ئەو وانەیەی دەیلێتەوە هیچ نییە جگە لە دەرەنجامێکی لۆژیکی رێنمایییە راستەقینەکانی سوقرات و هەوڵ دەدات لەم رێگایەوە خۆی بەوە رازی بکات کە خیانەتکار نییە.

من هەست دەکەم کاتێ نووسینەکانی ئەفلاتون دەخوێنینەوە، شایەتی دژایەتیەکی ناوەکی و ناکۆکییەکی بەڕاستی بانمرۆیی لە هزری ئەودا دەبین. ئەفلاتون بە ((خۆبواردن و پارێز و حەشاردانی کەسایەتی خۆی))[٥٨] ناسراوە (یان رەنگە باشتر بێت بڵێین لە هەوڵدان دابوو بۆ

[٥٥]. Archytas of Tarentum



حەشاردانی کەسایەتی خۆی، چونکە لەنێوان دێڕەکانەوە بە ئاسانی دەتوانین رووخساری ببینین). بەڵام تەنانەت خودی ئەم حاڵەتەش هێمای هەمان ناکۆکییە. بەبڕوای من، نفوزی ئەفلاتون بەشێکی بۆ سەرنجڕاکێشی و فریودەری دژایەتی ئەم دوو جیهانە لە بۆتەی رۆحێکدا دەگەڕێتەوە- ئەو ناکۆکییەی کە دەتوانین رەنگدانەوە بەهێزەکانی لەلای ئەفلاتوندا لەژێر توێژی ئەو خۆبواردن و پارێزەدا هەست پێبکەین. ئەم ناکۆکییە، لەژێی هەستەکانمان دەدات چونکە هێشتا لە هەناوی خودی ئێمەدا بەردەوامە. (لە بیرمان نەچێت کە تەنیا سەدەیەك لە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەد ساڵ بەسەر ئازادی سێرفەکان لە ئەورووپای ناوەڕاستدا تێدەپەڕێ). ئەو جێگایەی کە لە هەموو شوێنێ زیاتر ئەم ناتەباییە ناوەکییە ئاشکراتر خۆی دەنوێنێت لە تیۆری ئەفلاتوندا، گیانە. ئەفلاتون کە ئەو هەمووە ئارەزوومەندی یەکیەتی و هەماهەنگی بوو، لێرەدا بوونیادی گیانی مرۆیی هەروەکو کۆمەڵگایەکی دابەشبوو بەسەر چینە جیاوازەکاندا دێنێتە پێش چاوی خۆی[٥٩] و ئەمە دەریدەخات کە ئەفلاتون چ ئازارێکی قوڵی چەشتووە. گەورەترین ناتەبایی {ناوەکی} ئەفلاتون بۆ ئەو کاریگەرییە قوڵە دەگەڕێتەوە کە سوقرات لە رێگای سەر مەشقەکانیەوە لەسەری دانابوو، بەڵام مەیلی بەرەو ئولیگاریشی بەسەر ئەم کاریگەرییەدا زاڵ دەبێت. لە قەڵەمڕەویی بەڵگەخوازی عەقڵانیدا، ئەم ناتەباییە بەکەڵك وەرگرتن لە بەڵگەخوازییە مرۆڤدۆستانەکانی سوقرات بۆ رەدکردنەوەی خودی ئەم بەڵگانە بەکاردەهێنرێت. پێدەچێت یەکەمین نموونەی ئەم حاڵەتە لە {دایالۆگی} ئیۆسۆفروندا هاتبێت[٦٠]. ئەفلاتون بەخۆی دەڵێت من وەکو ئیۆسۆفرۆن نابم و هەرگیز ئەم تۆمەتە ناخەمە پاڵ باب و باپیرە بەرێزەکانم و ناڵێم لەبەرامبەر ئەو یاساو ئەخلاقیاتە مرۆڤدۆستانەیەی کە هاوتای فەزیلە و دینداری خەڵکی ئاساییە، گوناهیان کردووە. تەنانەت ئەگەر خوێنی کەسێکیشیان رشتبێت، ئەوا خوێنی نۆکەرەکان (سێرفەکان)ی خۆیانیان رشتووە کە لە خوێنمژەکان باشتر نین. حوکمدان لەسەر ئەمانە ئیشی من نییە بۆ مەگەر سوقرات پێشانی نەدان کە دەست نیشان کردنی هەق و ناهەق و دینداری وبێ دینی و خۆپارێزی و خۆنەپارێزی چەند دژوارە؟ بۆ مەگەر ئەو خۆی لەلایەن ئەم بەناو مرۆڤدۆستانەوە بە تاوانی بێ دینی راوەدونەنرا؟ دەتوانین بڵێین لەهەر جێگایەکدا کە ئەفلاتون دەکەوێتە دژایەتی کردنی ماناو هزری مرۆڤدۆستانە، بەتایبەتی لە کۆماردا، بەبڕوای من هەندی نیشانەی ئەم دژایەتییە خۆ دەردەخەن. ئەو خۆدزینەوەو خەمساردی و سووکایەتی کردنەی کە لە مشتومڕ لەگەڵ تیۆری یەکسانیخوازی دا دەریدەبڕێت و ئەو دیباچەیەی کە بە

دوودڵی و دڕدۆنگیەوە دەیکاتە پێشەکی بەرگری کردن لە درۆزنی و بەر لەدوان لەسەر رەگەزپەرستی و پێناسەکردنی دادپەروەری دەیکاتە پێشبار- هەموو ئەمانە لە بەشەکانی رابردوودا ئاماژەیان بۆ کراوە. بەڵام رەنگە ئەم دژایەتییە لە دایالۆگی مێنێکسێنوسدا لە هەموو شوێنێ دیارو ئاشکراتر بێت، واتە هەمان ئەو بەرسڤە گاڵتەجاڕانەیەی کە بۆ وتاربێژی پریکلیس نووسیویەتی. بەبڕوای من، لێرەدایە کە خۆی ئاشکرا دەکات، سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدات هەستەکانی خۆی لە پشت پەردەی توانج و تەنز و سووکایەتیدا حەشار بدات، لەخۆڕا دەریدەخات کە چەندە بە قوڵی کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەستوسۆزی پریکلیسەوە. کاریگەری وتارەکەی پریکلیس بەم چەشنە بەدگومانە لە زمانی ((سوقرات))ـەوە دەردەبڕدرێت: ((هەستی شەیدایی و شادمانی زیاتر لە سێ رۆژە بەردەوام لەگەڵم دایە، تاکو بەر لە رۆژی چوارەم یان پێنجەم و بەبێ هەوڵ، نایەمەوە سەرخۆم و نازانم لەکوێم))[٦١]. کێ دەتوانێت گومان لەوە بکات کە ئەفلاتون لێرەدا دەریدەخات کە چۆن بەقوڵی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئارمانجی کۆمەڵگای کراوەو دەبێ چەند هەوڵ بدات بۆ ئەوە بێتەوە سەرخۆی و تێبگات لە کوێیە- واتە تێبگات کە لە نێو ئۆردوگای دوژمن دایە؟

## ٧

بەبڕوای من، بەهێزترین بەڵگەخوازی ئەفلاتون لەم ناکۆکی و تەقەلایەدا، بەڵگەخوازییەکی راستگۆییانەیە. بەڵگە دێنێتەوە کە بەپێی ئارمانجی مرۆڤدۆستی دەبێ ئامادەبین یارمەتی دراوسێکانمان بکەین. خەڵك زۆر پێویستیان بە هاوکاری هەیە، بەختەوەر نین، لەژێر فشاری تاقە پتروکێن و هەستی بێ ئامانجی و سەرلێشێواویدا پەلەقاژەیانە. کاتێك هەموو شتێ رەوانە، ئاسایش و دڵنیاییەك لە ژیاندا نامێنێت[٦٢]. من ئامادەم یارمەتیان بکەم، بەڵام بەبێ دۆزینەوەی رەگی خراپەکاری لە توانام دانییە بەختەوەریان بکەم.

وە ئەو رەگی شەڕەکەی دۆزییەوە. رەگی خراپەکاری، **دابەزینی مرۆڤ** و لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمەڵگای داخراو بوو. ئەم دۆزینەوەیە، ئەفلاتونی بەوە رازی کرد کە ((ئۆلیگارکی پیر)) و یاوەرەکانی هەر لە بنەڕەتدا مافی خۆیان بووە کە ئسپارتەیان پێ لە ئەسینا باشتر بووە و مەیمونئاسا لاسایی بەرنامەی ئسپارتەیان دەکردەوە. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەوان بەڕادەی پێویست بەرەو پێش نەچوونە، شیکردنەوەیان هێندە قوڵ نەبوو. سەرنجی ئەوەیان نەداوە یان خەمسار بوونە کە تەنانەت ئسپارتە، سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵە قارەمانانەیە بۆ



وەستاندنی گۆڕان، کەچی نیشانەکانی گەندەڵبوونی لێ دەردەکەوێت و تەنانەت ئسپارتە لە هەوڵەکانی خۆیدا بۆ کۆنترۆڵ کردنی وەچەخستنەوەو چاوەدێری کردنی پەروەردەکردنی نەوە، یەکدڵ و لێبڕاو نەبووە بۆ ئەوەی بتوانێت هۆکاری دابەزین و (جۆراوجۆری) و (پشێوی) چ لە رووی ژمارە و چ لە رووی چۆنایەتی تاکەکانی رەگەزی دەسەڵاتدارەوە لەناو ببات[٦٣]. (ئەفلاتون ئاگاداری ئەوە بوو کە یەکێك لە هۆکارەکانی دابەزین، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانە) جگە لەمە ((ئۆلیگارکی پیر)) و یاوەرەکانی لەبەر ئەوەی کەسانێکی رواڵەتبین و سادەبین بوون، پێیان وابوو بە یارمەتی حکومەتێکی ملهوڕانەی وەکو حکومەتی سی ملهوڕەکە دەتوانن رۆژە خۆشەکانی رابردوو دووبارە بگەڕێننەوە. ئەفلاتون لەمە داناتر بوو. کۆمەڵناسێکی گەورەی وەکو ئەو، بەئاشکرا ئەوەی دەبینی کە رۆحی نوێی شۆڕشگێڕییە کە پشتیوانی لە حکومەتە ملهوڕەکانی دەکات وئەویش بە نۆرەی خۆی وەك پشکۆی ئەم جۆرە حکومەتانە، بە گەشاوەی دەمێنێتەوە. ئاگاداری ئەوە بوو کە حکومەتی ملهوڕانە ناچارە لە بەرامبەر ویستی یەکسانیخوازانەی خەڵکدا مل بداتە بەر بەخشینی هەندێ ئیمتیازات و بەرکردەوەش پشکێکی گرنگی هەبووە لە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی خێڵپەرستیدا. ئەفلاتون لە حکومەتی ملهوڕانە بێزار بوو. تەنیا لە دیدی رق و کینەوە دەتوانین بەم جۆرە تێژبینیەوە سەیری بکەین کە خۆی لەو پارچە بەناوبانگەی دا لە وەسفی دەسەڵاتداری ملهوڕدا، بینیویەتی. تەنیا دوژمنێکی راستەقینەی حکومەتی ملهوڕانە دەتوانێ بڵێت کە دەسەڵاتداری ملهوڕ ناچارە ((جەنگ لەدوای جەنگ هەڵگیرسێنێت بۆ ئەوەی ئەو هەستە لای خەڵك دروست بێ کە پێویستیان بە سەردار و فەرماندە و بە کەسێك هەیە کە لە بەرزترین مەترسی رزگاریان بکات)). ئەفلاتون جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەك حکومەتی ملهوڕانە، بەڵکو هیچ کام لە ئۆلیگارشە هەنووکەییەکانیش چارەسەری کێشەکە نین. سەرەڕای ئەوە کە دانیشاندنەوەی خەڵك لەسەر شوێنی خۆیان یەکجار زۆر پێویستە، بەڵام سەرکوت کردنیان لەخودی خۆیدا ئامانج نییە. دەبێ ئامانجەکە گەڕانەوەیەکی تەواو بۆ سروشت و سڕینەوەی تەواوی کەڤاڵەکە بێت.

جیاوازی نێوان تیۆری ئەفلاتون و تیۆری ((ئۆلیگارکی پیر)) و سی ملهوڕەکە بۆ کاریگەری و نفوزی نەوەی مەزن دەگەڕێتەوە. باوەڕهێنان بە تاکگەرایی و یەکسانیخوازی و ئیمان بە عەقڵ و ئەڤینی ئازادی، سۆزێکی نوێ و بەهێز بوو کە لە روانگەی دوژمنانی کۆمەڵگای کراوەوە، مەترسی دەخولقاند و دەبووایە بەربەرەکانی لەگەڵدا بکرێت. ئەفلاتون خۆی کاریگەری ئەم

سۆزەی لە ناخی خۆیدا هەست پێکردبوو و لەگەڵیدا جەنگا بوو. بەرسڤی ئەو بۆ نەوەی مەزن، هەوڵێکی یەکجار مەزن بوو کە دەربڕی- هەوڵدان بۆ داخستنی ئەو دەرگایەی کە کرابۆوە و وەستاندنی کۆمەڵگا لە ڕێگای گیرۆدەکردنی بە ئەفسونی فەلسەفەیەکی فریودەر کە لەرووی قوڵی و دەوڵەمەندییەوە، هاوتاو هاوشێوەی نەبوو. لە پانتایی سیاسەتدا، ئەفلاتون شتێکی ئەوتۆی بە بەرنامەی کۆنی ئۆلیگاریشەوە زیاد نەکرد کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پریکلیس لە دژی بەڵگەخوازی کردبوو{٦٤}. بەڵام ڕەنگە بە چەشنێکی ناخودئاگایانە رازی گەورەی ڕاپەڕین لە بەرامبەر ئازادی کەشف کردبێت- ئەو رازەی کە لەسەردەمی ئێمەدا پارێتو هەوڵیدا فۆرمۆلبەندی بکات و لەسەری نووسی{٦٥}: ((دەبێ سوود لە هەست و سۆز وەربگرین نەك هێزی خۆمان لە هەوڵێکی بیهودەدا بەفیڕۆ بدەین لە پێناو وێران کردنیدا)). ئەفلاتون لەجیاتی ئەوەی دوژمنایەتی عەقڵ بکات، بەهۆی بلیمەتی خۆیەوە عاقڵ و ڕۆشنبیرەکانی هەڵخەڵەتاند و سێحری لێ خوێندن، بە هێنانە ئارای ئەو خواستە کە دەبێ زاناکان فەرمانڕەوایی بکەن، بە دڵی ئەوان دوا و جۆش و خرۆشی خستە دڵیانەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەڵگەخوازییەکانی لە پێناوی ڕەدکردنەوەی دادپەروەری بوو، کەچی هەق دۆستەکانی رازی کرد کە ئەو بەرگریکاری دادپەروەرییە. تەنانەت لە لای خۆشی بەتەواوی دانی بەوە دانەنا کە خەریکی شەڕکردنە لەگەڵ ئازادی بیروڕا کە سوقرات لە ڕێگای دا گیانی خۆی بەخت کردبوو. سوقراتی کردە سوار چاکی مەیدان و هەموو لایەکی رازی کرد کە خۆی خەریکی خەباتە لە پێناو ئازادی هزردا. بەم چەشنە، ئەفلاتون ناخودئاگایانە بوو بە پێشڕەو ڕێخۆشکەری ئەو کۆمەڵە زۆر و زەوەندەی پڕوپاگەندەچییەکان کە تەکنیکی مەرایی کردن و پەنابردنە بەر هەستو سۆزی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانە یان دروست کرد بۆ ئەوەی بەمەبەستی پێچەوانەی ئەخلاق و دژە مرۆڤدۆستی بگەن و زۆربەی کاتەکان بە نیازپاکییەوە دەستیان بۆ ئەم کارە برد. دەسکەوتی سەرسوڕهێنەری ئەفلاتون ئەوەبوو کە تەنانەت مرۆڤدۆستە گەورەکانیشی رازی کرد کە ئارمانجەکانیان خۆپەرستانەیەو پێچەوانەی ئەخلاقە{٦٦}. گومانم لەوە نییە کە ئەو لە رازی کردنی خۆیشیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. نەفرەتی خۆی لە داهێنانی تاکەکەسی و ئارەزووی وەستاندنی هەموو جۆرە گۆڕانێکی بۆ عیشق بە دادپەروەری و خۆپارێزی و شاری ئاسمانی گۆڕی- ئەو شارەی کە هەموو کەسێك تێیدا خۆشحاڵ و بەختەوەرە و سپڵەیی و پارەپەرستی{٦٧} شوێنی خۆی بە بەخشش و دەست بڵاوی و دۆستایەتی دەسپێرێت. ئەم خەونەی یەکیەتی و جوانی و تەواوییە، ئەم جوانپەرستی و باوەڕ بوون بە گشتگەرایی و کۆگەراییە، لەلایەکەوە بەرهەمە و



لەلایەکی دیکەوە نیشانە و شوێنەواری هەمان ڕۆحی گروپگەرایی خێڵەکییە{٦٨}. هەم دەربڕی سۆزی ئەو کەسانەیە کە لە ژێر گوشاری شارستانیەتدا دەیانناڵاند و هەم دەستی پەناخوازیان بەرەو روو درێژ دەکات. (هەر ئەمە خۆی کە ئێمە هەموو ڕۆژێك بەم چەشنە پڕ ئازارە لە کێماسییەکانی ژیانی خۆمان- واتە هەم کەموکوڕییە تاکەکەسییەکان و هەم کەموکورتی دەزگاکان- ئاگادارتر دەبین، خۆی بەشێکە لە گوشاری ئەم شارستانیەتە. هوشیارتر دەبین سەبارەت بە ئەو کوێرەوەریانەی دەکرێ خۆیان لێ لادەین و لەمەڕ ناشیرینە نا پێویست و دەست بڵاوی و بەفیڕۆدانەکان و لەهەمان کاتدا، لەم راستیە تێدەگەین کە هەرچەندە ئاستەم نییە لەم ڕێگایەدا هەنگاو هەڵبێنین، بەڵام ئەم ریفۆڕمانە چەندە گرنگن، هێندەش بەدەستهێنانیان دژوارە. ئاگاداربوون لەمە، فشاری بەرپرسایەتی تاکەکەسی زیاد دەکات و باری مرۆڤ بوون لەسەر کۆڵمان قورستر دەکات).

## ٨

سوقرات خۆی لەوە بوارد کە بەسازشکاری، راستی و دروستی خۆی خەوشدار بکات. ئەفلاتون سەرەڕای ئەو هەمووە دژەسازشیە لە پاکسازی و کەڤاڵ سڕینەوەیەدا کەوتە سەر ڕێگایەك کە لە هەموو هەنگاوێکدا راستی و دروستی خۆی زیاتر خەوشدار دەکرد. ناچار بوو بچێتە شەڕی هزری ئازاد و حەقیقەت خوازییەوە. بە ڕێگایەکدا ڕۆیشت کە ئیشی بوو بە، بەرگری کردن لە درۆ و موعجیزەی سیاسی و خورافاتی تابۆ پەرستانە و حەشاردانی حەقیقەت و سەرەنجام بەرگری کردن لە توندوتیژی دڕندانە. سەرەڕای هوشدارەکانی سوقرات لەمەڕ لە خەڵکبێزاری و لە لۆژیکبێزاری، بەرەو بێ متمانەیی بەرامبەر بە مرۆڤ و ترس لە بەڵگەخوازی پەلکێش کرا. سەرەڕای ئەو نەفرەتەی کە خۆی لە حکومەتی ملهوڕانە هەیبوو، ناچار بوو هاوکاری لە دەسەڵاتدارێکی ملهوڕ بخوازێت و خەریکی بەرگری کردن بێت لە ملهوڕانەترین کردەوەکان. بە پێی لۆژیکی ناوەکی ئامانجی دژەمرۆڤدۆستانە کە لەبەردەمی خۆی دانابوو، بەپێی لۆژێکی زاتی دەسەڵات، بێ ئەوەی ئاگاداربێت بەرەو هەمان خاڵ ڕۆیشت کە لە رابردوودا سی ملهوڕەکە پەلکێش کرابوون و لە ئایندەدا هاورێکەی، واتە دیۆن و سەرجەم قوتابییە ملهوڕەکانی بەرەو ئەو شوێنە هەنگاویان نا{٦٩}. ئەفلاتون سەرکەوتوو نەبوو لە وەستاندنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا. (دەبووایە ماوەیەکی دوور و درێژ تێپەڕ بێت بۆ ئەوەی لە چەرخە

تاریکەکان[٥٦] ئەم کارە بەهۆی ئەفسونی قوتابخانەی ئەفلاتونی- ئەرستۆیی ماهییەتگەراییەوە ئەنجام بدرێت). بەڵام لە بەرامبەردا سەرکەوتوو بوو لەوەی کە بەهۆی ئەو ئەفسونەی کە خۆی دروستی کردبوو، خۆی دەروەست و پابەندی ئەو هێزانە بکات کە سەدەمێك نیشانەی رق و کینەی ئەو بوون.

بەم چەشنە، ئەو وانەیەی کە دەبێ لە ئەفلاتونەوە فێری بین، رێك خاڵی پێچەوانەی ئەو شتەیە کە خۆی هەوڵی دەدا فێرمان بکات. وانەیەکە نابێت لە بیرمان بچێتەوە. دەست نیشانکردنەکانی ئەفلاتون لەرووی کۆمەڵناسییەوە بەنرخن، بەڵام رەوتی پەرەسەندنی خۆی ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو دەرمانەی ئەفلاتون پێشنیاری دەکرد زۆر خراپتر بوو لەو دەردەی کە هەوڵی دەدا چارەسەری بکات. وەستاندنی گۆڕانکاری سیاسی، دەرمانی دەرد نییە و ناتوانێ بەختەوەری لەگەڵ خۆیدا بێنێت. ئێمە هەرگیز ناتوانین بۆ بەرائەت و جوانی بانگەشە بۆکراوی کۆمەڵگای داخراو بگەڕێینەوە[٧٠]. ممکین نییە خەونی ئێمە بۆ بەهەشت لەسەر رووی زەویدا ببێتە راستی. هەر کە پەنا بۆ عەقڵی خۆمان ببەین و هێزی رەخنەو هەڵسەنگاندنی خۆمان بەکاربێنین، هەر کە هەست بەوە بکەین دەبێ بەرپرسایەتی تاکەکەسی بخەینە سەرشانی خۆمان و لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتی بەرەو پێش بردنی مەعریفەو زانینیش بخەینە کۆڵی خۆمان، ئیدی ناتوانین بۆ بارودۆخێك بگەڕێینەوە کە تێیدا بێ ئەملاو ئەولا لەبەرامبەر سێحری خێڵدا سەرشۆڕ بکەین. لای ئەو کەسانە کە تامی میوەی درەختی مەعریفە بکەن، بەهەشت بارگەوبنەی دەپێچێتەوە. چەندی زیاتر بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی پاڵەوانێتی خێڵ پەرستی هەوڵبدەین، ئەم یەقینە زیاتر دەبێ کە بەرەو دەزگای پشکنینی بیروباوەڕ {ئەنکیزاسیۆن} و پۆلیسی نهێنی و گانگێستریزمی رۆمانیك دەگەڕێینەوە. لە سەرکوتی عەقڵ و حەشاردانی حەقیقەتەوە دەست پێدەکەین و بەناچار دەگەینە وێرانکردنی هەر شتێك بۆنی مرۆڤایەتی لێ بێت، ئەویش بە درندانەترین و توندوتیژترین شێوە[٧١]. **هیچ گەڕانەوەیەك ممکین نییە بۆ**

٥٦. dark ages، "سەردەمی تاریکی". پێشتر سەرانسەر سەدەکانی ناڤینیان بەم ناوە ناوزەد دەکرد. بەڵام دوای ئەو توێژینەوانەی ئەنجام دران دەرکەوت ئەم قۆناغە هێندەش تاریك نەبووە و بەشێك لە دەسکەوتە گەورەکانی ژیاری رۆژئاوا لەم سەردەمەدا بناغەکەی دارێژرا یان وەدەستهاتووە. ئێستا ئەم زاراوەیەك تاڕادەیەکی زۆر لە زانستە مێژووییەکاندا بەلاوەنراوە،بەڵام هەندێ کەس هەنووکەش چەند سەدەی یەکەمی سەدەکانی ناڤین رێك پاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆم هەر بەم جۆرە ناودێر دەکەن.



**بارودۆخی هەماهەنگی سروشتی. ئەگەر بگەڕێینەوە، دەبێ تا کۆتایی ئەم رێگایە بپێوین- دەبێ بۆ ئاژەڵەکان بگەڕێینەوە**. ئەمە پرسێکە دەبێ بەڕاشکاوی و بوێریەوە لەگەڵیدا بەرەو رووببینەوە، هەرچەندە ئەم کارە لامان دژوارە. ئەگەر لە خەونی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی رۆچین، ئەگەر وەسوەسە بین کە پاڵ بە کەسانی ترەوە بدەین و لەم رێگایەوە شادو بەختەوەر بین، ئەگەر روو لە راکێشانی باری کوێرەوەرییەکان وەرگێڕین- باری مرۆڤایەتی و جوامێری و عەقڵ و بەپرسایەتی- ئەگەر بترسێین و لەم گوشارە رابکەین- ئەو کات لانی کەم دەبێ هێز بدەینە بەرخۆمان بۆ تێگەیشتنێکی روون و ئاشکرای ئەو بڕیارەی کە لە پێشمانە. دەتوانین رێگای گەڕانەوە بۆ ئاژەڵەکان بگرینەبەر. بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە مرۆڤی بمێنینەوە، لە رێگایەك زیاترمان نییەو ئەویش رێگای چوونە ناو کۆمەڵگای کراوەیە و بەس. دەبێ درێژە بە رێگاکەمان بدەین بەرەو نادیار و گومان و نائارامیەکان و سوود لە هەموو ئەو شتانە وەربگرین کە لە بازنەی عەقڵدا دەگونجێن بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە، هەم بۆ وەدەست هێنانی ئارامی بەرنامە دابڕێژین و هەم بۆ ئازادی.

# یاداشتەکان

# بەشی شەشەم

١ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی چوارەم، یادداشتی٣و دەقەکە، بەتایبەتی برگەی کۆتایی، هەروەها یادداشتی٢(٢) لە هەمان بەشدا. سەبارەت بەرێسای "گەڕانەوە بۆ سروشت" سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رادەکێشم کە رۆسۆ زۆر بەتوندی لەژێر کاریگەری ئەفلاتووندا بووە. روانینێك لەکتێبی **پەیمانی کۆمەڵایەتی** دەریدەخات کە ئەم بەرهەمە چ کۆگایەکی بۆ پێوانە شیاوە لەگەڵ حاڵەتەکانی ئەفلاتووندا، بەتایبەتی لەگەڵ هەندێ پارچەی لەمەڕ سروشتگەرایی کە لەبەشی رابردوودا راڤە و شرۆڤەکرا. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٤، بەشی نۆیەم. هەروەها پێکچوونێکی سەرنجڕاکێشیش هەیە لەنێوان کۆمار، ٥٩١a بەدواوە[١]و تیۆری ناسراوی رۆسۆ (وهیگڵ) سەبارەت بەسزا. (بارکێر بەهەق دان بەکاریگەری ئەفلاتووندا دەنێت لەسەر رۆسۆ[٢]، بەڵام ئاگاداری ئەو توخمە رۆمانتیکە بەهێزە نییە کە لەئەفلاتووندا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بەم بابەتە نەدراوە کە رۆمانتیزمی دێهاتی کە لە رێگای ساناتسارۆ وکتێبەکەی **ئارکادیا** کاریگەری لەسەر فەرەنسا و ئینگلتەرای سەردەمی شکسپیر دانا، سەرچاوەکەی بۆ وتەکانی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە. لەهەمبەر شوانە دورییەکان. بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەم، یادداشتەکانی ١١(٣) و٢٦ و٣٢و بەشی نۆیەم، یادداشتی١٤.)

١. هەروەها گۆرگیاس، e472 بەدواوە کە وێنەیەکی هاوچەشنی ئەمە، بەڵام لەپانتایی تاکگەرایی دەخرێتەڕوو.

2. E. Barker, Greek political Theory, I, p. 388ff.



٢ـ وتەکە هی کراسمەنە، هەمان کتێب[٣]. وتەکەی دواتریان لەلاپەڕە ١١١ی ئەو کتێبە دایە. ئەم پەرتووکە کەشایستەی ئەوەیە بخوێندرێتەوە (وەك بەرهەمەکانی گرۆت وکۆمپرتس) ئەو حەزەی تێدا ورووژاندم کە زیاتر بیروبۆچوونە ناباوەکانم لەمەڕ ئەفلاتوونەوە بەرفراوان بکەم و گەشەیان پێبدەم، بۆئەوەی بەدوای ئەو دەرەنجامە تاڕادەیەك ناخۆشانەدا بچم کە لە بەدواداچوونی ئەمانە وەدەستدێت. سەبارەت بەجوود، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی، **رێبەری فەلسەفەی ئەخلاق وسیاسەت**[٤]. هەروەها داوا لەخوێنەران دەکەم بگەڕێنەوە بۆ تێبینییە سەرنجڕاکێشەکانی سیتونسن لەوتارەکەی خۆیدا "پێناسەگەلی رازیکەر[٥]"، کە لەمەڕ بیروبۆچوونی ئەفلاتوون سەبارەت بەدادپەروەری، ئاماژەی بۆکردووە.

٣ـ بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی کراسمەن، ل١٣٢. دوو وتەکەی دواتریان هی کتێبەکەی فیلدە[٦]. هەروەها لەگەڵ بیروڕا هاوچەشنەکانی بارکێردا هەڵبسەنگێنن کە لەهەمان ئەو کتێبەدا کە ناومان هێناوە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم یادداشتی١٣.

مشتومڕ لەئارادایە سەبارەت بەراستی رەسەنایەتی هەندێ لەو بەرهەمانەی کە بەناوی ئەفلاتوونەوە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە. لەم وتووێژانەدا، ئایدیالسازیکردن لەئەفلاتوون رۆڵێکی گرنگی هەبووە. هەندێ لەم بەرهەمانە لەلایەن رەخنەگرەکانەوە رەدکراونەتەوە تەنیا لەبەر هەبوونی هەندێ بابەت کە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەوان سەبارەت بە ئەفلاتوونی ئایدیالیدا نەگونجاوە. "پێشەکی" دیڤیس وڤۆن ﴿بۆ چاپی کۆماری ئەفلاتوون کە لەلایەن ئەوانەوە بڵاوکراوەتەوە[٧]﴾ نموونەیەکی تاڕادەیەك ساویلکانە و سیمای ئەم جۆرە تێڕوانینانەیە. لەم "یادداشتە"دا نووسراوە :"بەڕێز گرۆت بەهۆی گەرموگوڕی و دەمارگرژییەکەی بۆ هێنانەخوارەوەی ئەفلاتوون لەسەر سەکۆ بان مرۆییەکەی، رەنگە حەزێکی تاڕادەیەك زیادی هەبێت بۆ ئەوەی هەندێ لەنووسینەکانی بخاتە پاڵ کە شایستەی فەیلەسوفێکی وەها یەزدانی نییە." پێدەچێت هیچ شتێ بە هزری ئەم دوانەدا گوزەری نەکردبێت کە دەبێ داوەریان لەسەر ئەفلاتوون لەسەر بنەمای نووسینەکانی بێت نەك بەپێچەوانەوە و ئەگەر نووسینە

3. R.H.S. Crossman, Plato Today (1937), p.132.
4. C.E.M. Joad. Guide the philosophy of moral and politics (1938), pp.661, 660.
5. C.L. Stevenson, “persuasive Definitions”, Mind, N.S., vol. 47, 1938, pp. 331ff.
6. G.C. Field, Plato and His contemporaries (1930),p. 91.
7. J.l. Davies, C.E. Vaughan, “Introductory Notice” The Golden Treasury edition of the Republic, p.VI.

ئاماژەبۆکراوەکان سەرەڕای ڕەسەنی و ڕاست بوونیان نەشیاویشن، دەبێ بگەینە ئەم دەرەنجامە کە ئەفلاتوون فەیلەسووفێکی هێند یەزدانیش نەبووە. (سەبارەت بەیەزدانیبوونی ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ وتەکانی سیمپلیکیوس[٨]).

٤ـ ڕێسای (الف) هاوتای یەکێك لەڕێساکانی کانتە کە **حکوومەتی دادپەروەرانە** بە "جۆرە حکوومەتێك[٩] {پێناسە دەکات} **کە لەڕێگای نووسینی یاساکان بەچەشنێك کەئازادی هەرکەسێك بتوانرێت لەگەڵ ئازادی هەموو ئەوانیتردا هاوکات بوونی هەبێت، زۆرترین ئازادی ممکین بۆ تاکەکانی مرۆڤ دابین دەکات." (ڕەخنەی عەقڵی پەتی**[١٠]، چاپی دووەم، ل**٣٧٣**)، بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکانی دیکەی کانت، **تیۆری ماف (هەق)**[١١]، کەتێیدا ئێژێ :"هەق (یان دادپەروەری) کۆی هەلومەرجی پێویستە بۆئەوەی هاوجووت لەگەڵ یاسایەکی هەمەکی چاوەدێری بان ئازادی، سەربەستی هەڵبژاردن بۆ هەرکەسێك بتوانێت لەتەك سەربەستی هەڵبژاردن بۆ هەرکەسێکیتر، هاوکات بوونی هەبێت." کانت لەسەر ئەو بڕوایەبوو کە ئەو ئامانجەی ئەفلاتوون لەکۆماردا بەدوایدا دەگەڕا هەر ئەمەیە." لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە کانتیش یەکێکە لەو پۆلە فەیلەسووفانەی کە یان ئەفلاتوون هەڵیخەڵەتاندوون، یان بەخستنە پاڵی بیروبۆچوونی مرۆڤدۆستانەی خۆیان، ئایدیالسازیان لە ئەفلاتوون کردووە. پێویستە لەم بەستێنەدا ئەوە بخەمەوە یاد کە لەبەرهەمی نووسەرە ئینگلیزی و ئەمریکاییەکان لەمەڕ فەلسەفەی سیاسیدا (سەرەڕای کتێبەکەی هیستی لەژێرناوی **پرەنسیپی سیاسی کانت**[١٢])، لیبرالیزمی بەتینی کانت زۆر بەکەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە. زۆربەی کاتەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کانت مژدەدەری هیگڵ بووە. بەڵام بەسەرنجدان لەوەیکە کانت ڕۆمانتیزمی هێردێرو فیختەی[١٣] بەهەڵگری دۆکترینی خاڵی پێچەوانەی تیۆری خۆی لەقەڵەمدەدا، ئەم بانگەشەی سەرەوە بێ ئینسافییەکی کوشندەیە دەرهەق بەو و گومانی تێدانییە کە(ئەگەر کانت ئاگای لەم

8. Simplicius in Arist. De coelo, 32b 44, 319a15, etc.

٩. constitution. لە سیاقی دەستەواژەکانی کانتەوە دەردەکەوێت کە مەبەستی زیاتر جۆری حکوومەتە نەك دەستوور.

10. Critique of pure Reason

11. Theory of Right.

12. W. Hastie, Kant's principles of politics.

١٣. Johann Gottlieb Fichte (١٧٦٢ـ١٨١٤) فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئەڵمانی.



جۆرە بانگەشەیە بووایە)، زۆر بەتوندی دەڕەنجا. من پێموایە، ئەم بانگەشەیە بەتەواوی بۆ بەرگریلێکردن نەشیاوە و سەرچاوەی تەشەنەسەندنەکەی بۆ هیگڵیانیزم دەگەڕێتەوە.

٥ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی پێنجەم، بابەتەکانی پەیوەست بە یادداشتی **٣٢** و**٣٣** لەدەقەکەدا.

٦ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی پێنجەم، بابەتی پەیوەست بەیادداشتەکانی **٢٥** تا**٢٩** لەدەقەکەدا. ژێدەری سێ وتەکەی ئەم بەندە بریتییە لە :(١)کۆمار، ٤٣٣a ،(٢)کۆمار ٤٣٤a/b، ،(٣)کۆمار، ٤٤١d. یەکەمین وتەی خواستراو ـ"پێشتریش گوتوومە و چەندین کەڕەت دووبارەم کردۆتەوە" ـ بەتایبەتی لەگەڵ کۆمار، ٣٩٧eدا هەڵیبسەنگێنن کەتێیدا سەرەتاکانی تیۆری دادپەروەری بە وردەکارییەوە ئامادە دەکرێت و هەڵبەتە لەگەڵ کۆمار، c ـ٣٦٩bیش کە لەدەقی تایبەت بەیادداشتی٢٩، بەشی پێنجەم وەرگیراوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی **٢٣** و٤٠ هەر لەم بەشەدا.

٧ـ هەروەك لەبەشی چوارەم (یادداشتی١٨ و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکە، هەروەها لەیادداشتی٢٩(١) ئاماژەی بۆکرا، ئەفلاتوون لەکۆماردا شتێکی زۆر سەبارەت بە کۆیلەکان ناڵێت، هەرچەندە هەڵبەتە ئەوەی دەیڵێت گرنگ و پرمانایە. بەڵام لەیاساکاندا، شوێنی هیچ چەشنە گومان و دردۆنگییەیەك لەمەڕ تێروانینی خۆی ناهێڵێتەوە. (بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ وتارەکەی مارۆ کە لەبەشی چوارەم، یادداشتی**٢٩** ئاماژەی بۆکراوە).

٨ـ ئەو دەستەواژانەی وەرمانگرتوون هی بارکێرن[١٤]. ئەو ئێژێ (ل١٧٦) "دادپەروەری ئەفلاتوونی"، "دادپەروەری کۆمەڵایەتی"یە بەهەق جەخت لەسەر سروشتی ئەم دادپەروەرییە دەکاتەوە کە گشت تێیدا بەبنچینە دەژمێردرێت، بارکێر ئەوەمان بیر دەخاتەوە (ل١٧٨) کە ڕەنگە ناڕەزایەتی دەربڕدێت کە ئەم ڕێسایە "هیچ ئیشی بەماهییەتی ئەو شتە نییە کە هەر هەموو مرۆڤەکان لە دادپەروەرییان گەرەکە" واتە "ئەو پرەنسیپەی کە بنەمای تاوتوێکردنی بەریەك کەوتن و بەگژایەکچوونی خواستەکانە" یاخود بەجۆرێکیتر، دادپەروەری بەو چەشنە کە پەیوەستە بەتاکەکانەوە. بەڵام ئەو ئەم ناڕەزایەتییە بە نابەجێ دەزانێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ئەو بیرۆکەیەی کە ئەفلاتوون دەیخاتە ڕوو "هیچ پەیوەندییەکی بەیاساوە نییە" بەڵکو

١٤. هەمان کتێب.

"تێگەیشتنێکە لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی" (ل١٧٩)و پاشان لەدرێژەی قسەکانیدا ئێژێ ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەتەك دادپەروەری لەلایەکەوە هاوجووت بووە لەگەڵ بۆچوونی باوی یۆنانییەکان لەمەڕ دادپەروەری و دەنووسێت :"تێگەیشتنی ئەفلاتوون بۆ ئەو مانایەی دادپەروەری، لەبۆچوونی باوی یۆنانییەکانەوە هێندە دوور نەبووە." ئەو تەنانەت هیچ ئاماژەیەکیش بەم بابەتە ناکات کەهەندێ بەڵگەی پێچەوانەی ئەم بانگەشەیە لەبەردەست دایە ـ ئەو بەڵگانەی کە لەیادداشتەکانی ئایندە و لەدەقەکەدا لەسەری دەدوێین.

**٩ـ** بگەڕێنەوە بۆ گۆرگیاس، ٤٨٨e بەدواوە. ئەم پارچەیە لە بڕگەی ٨ی ئەم بەشەدا بەشێوەیەکی تەواوتر گواستراوەتەوەو تاوتوێ کراوە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٤٨و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا). سەبارەت بەتیۆری ئەرستۆ لەمەڕ کۆیلایەتی، بگەڕێنەوە بۆبەشی یازدەهەم، یادداشتی**٣**و بابەتی پەیوەندیدار بەمە لەدەقەکەدا. ئەوەی لەم بەندەدا لە ئەرستۆ وەرگیراوە هی ئەم ژێدەرانەیە: (١) و(٢) **ئەخلاقی نیقوماخوس**[١٥]، (٣) **سیاسەت**[١٦]، (٤) **ئەخلاقی نیقوماخوس**[١٧]، (٥) **سیاسەت**[١٨]. لە **ئەخلاقی نیقوماخۆسدا**[١٩]، ئەرستۆ بیرمان دەخاتەوە کە مانای "دادپەروەری" لە دەوڵەتە دێموکراسی و ئۆلگاریشی و ئەرستۆکراتییەکان بەپێی وێنای جیاواز کە لەهەمبەر "شایستەیی" لەئارادایە، جودایە (هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك **سیاسەت**[٢٠]) **(ئەوەی ئێستا دەیخەینەڕوو، یەکەم جار لەچاپی ١٩٥٠ی ئەمریکا زیاد کرا).**

لەمەڕ بیروبۆچوونی ئەفلاتوون سەبارەت **بەدادپەروەری و یەکسانی سیاسی** لە **یاساکاندا**، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی یاساکان، ٧٥٧b ـ d لەخوارەوە لە بڕگەی (١)ی ئەم یادداشتە کە لەهەمبەر دوو جۆر یەکسانیدا ئاماژەی بۆکراوە. سەبارەت بەم راستیە (کە لەدەقەکەش دا ئاماژەی بۆکراوە) کە پێیوایە دەبێ لەدابەشکردنی شانازی و تاڵانی، نەك هەر

١٥. کتێبی پێنجەم، ٤، ٧، ٨.

١٦. کتێبی سێیەم، ١٢، ١ (١٢٨٢b) هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٠ و٣٠ هەر لەم بەشەدا، لەم پارچەیەدا ئاماژە بە **ئەخلاقی نیکوماخۆس**- یش کراوە.

١٧. کتێبی پێنجەم، ٤، ٩.

١٨. کتێبی چوارەم، ٢، ١ (١٣١٧b).

١٩. کتێبی پێنجەم، ٣، ٧.

٢٠. کتێبی سێیەم، ٩، ١ (١٢٨٠a).



فەزیلەت وپەروەردە بەڵکو سامان و (تەنانەت زلی و جوانیش) حسێبی بۆبکرێت، بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٧٤٤c، کە لەیادداشتی ٢٠(١)ی ئەم بەشەدا وەرمانگرتووە. لەیادداشتی ناوبراودا، سەرجەم پارچە پەیوەندیدارەکان بەمەشەوە باس و لێدوانیان لەسەرکراوە.

(١) لە یاساکان، ٧٥٧b ـ d، ئەفلاتوون لەمەڕ **"دوو جۆر یەکسانی"** دەدوێت. "یەکێکیان ... یەکسانی ئەندازە یان کێش یان ژمارەیە (واتە یەکسانی ژمارەیی یان ئەژمێری (حسابی))، بەلام حەقیقیترین وباشترین یەکسانی ئەوەیەکە... بەسەر گەورەتردا زۆرتر و بەسەر بچووکتردا کەمتر دابەشبکات و **بەپێی سروشت**، بە هەرکامیان بەئەندازەی گونجاو بدات... (ئەم یەکسانییە) شانازی زیاتر بەو کەسانە دەبەخشێت کە لەرووی فەزیلەت باشترن و شانازی کەمتر دەدات بەو کەسانە کە لەرووی فەزیلەت وپەروەردەوە نزمترن و بەم چەشنە، **بەپێی پرەنسیپی ژمارە رێژەییەکان**[٢١]، **بەسەر هەرکامیاندا ئەوەی بەجێ و شایستەیە دابەشدەکات.** ئەمە رێك ئەو شتەیە کە ئێمە بە (**دادپەروەری سیاسی**)[٢٢] ناوزەدی دەکەین. هەرکەسێك بیەوێت دەوڵەت بونیات بنێ، دەبێ ئەمە بەتاکە ئامانجی داڕشتنی یاساکانی خۆی دابنێت...: واتە تەنیا ئەم دادپەروەرییە، هەروەك پێشتر وتمان، هەمان **یەکسانی سروشتییە**[٢٣]و بەپێی پێگە و مەوقعیەت، لەنێو نایەکسانەکاندا[٢٤] دابەشدەبێت." دووەمین جۆری دووچەشنە یەکسانییەکە رێك ئەوشتەیە کە ئەفلاتوون ناویدەنێت "یەکسانی سیاسی"(و ئەرستۆ بە "دادپەروەری دابەشێتی"[٢٥] ناوزەدی دەکات). ئەفلاتوون وئەرستۆ بە "یەکسانی رێژەکری"[٢٦] ـ واتە حەقیقیترین وباشترین وسروشتیترین ناودێری دەکەن. هەر ئەم جۆرە یەکسانییە بوو کە دواتر بەیەکسانی "ئەندازەیی(هەندەسی)[٢٧] ناوزەد کرا" بەهەڵاواردن لە یەکسانی نزمتر و دێموکراتیکی "ئەژمێری"[٢٨]. ئەو تێبینیانەی ئێستاکە لە بڕگەی(٢)دا ئاماژەیان بۆ دەکەین رەنگە ئەم بابەتە روونتربکەنەوە.

21. Principle of (rational) proportions.
22. Political justice
23. Natural equality
24. Unequals
25. distribution justice
26. proportionate equality
27. geometrical equality

٢٨. Arithmetical equality. گۆرگیاس، ٥٠٨a، ٤٦٥b/c، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: Plutarch, Moralia, 719bf.

(٢) دەگێڕنەوە کە لەسەر دەرگای ئاکادیمیای ئەفلاتوون نووسرابوو :"ئەوەی فێری ئەندازە (هەندەسە) نەبووە، هەقی نییە بێتە ماڵەکەم!(٢٩)" پێموایە، مەبەست لەم رستەیە تەنیا جەختکردن لەسەر گرنگی توێژینەوەی ماتماتیکی نەبووە. مەبەست ئەوە بووە کە: "ئەژمێر(٣٠) (یاخود بەجۆرێکی وردتر، تیۆری فیساگۆری ژمارەکان) بەس نییە، دەبێ ئەندازە (هەندەسە)ش بزانن!" ئێستا هەوڵدەدەم بەکورتی روونی بکەمەوە لەبەرچی پێموایە ئەم رستەیەی دواییان یەکێك لەگرنگترین خزمەتەکانی ئەفلاتوون دەرهەق بە زانست هەر لەم چەند وشەیەدا کۆدەکاتەوە. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پاشکۆی١).

ئێستا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە ئەندازەدا، فیساگۆرییەکان میتۆدێکیان بەکاردەهێنا تاڕادەیەك هاوچەشنی ئەو میتۆدەی ئەمڕۆ بە "ئەژمێراندن"(٣١) ناوزەد دەکرێت. هەندەسە وەك بەشێك لەتیۆری ژمارە راستەکان(٣٢) (یان "ژمارە سروشتییەکان"(٣٣) واتە ژمارەی پێکهاتوو لە "مۆنادەکان"(٣٤) یان "یەکە دابەش نەبووەکان"(٣٥))و هەندێك لە logoi یان رێژە "عەقڵییەکان"(٣٦) دەخوێندرا. (بگەڕێنەوە بۆکۆمار، ٥٢٥e). بۆنموونە، سێگۆشەی گۆشە وەستاوی فیساگۆرس، سێگۆشەیەك بوو کە لەنێوان درێژی لایەکانیدا ئەم جۆرە رێژە عەقڵیانە لەئارادابێت (وەك نموونە، ٣:٤:٥ یان ٥:١٢:١٣)(٣٧).

ئەو فۆرمۆلە گشتییەی کە دەخرایە پاڵ فیساگۆرسەوە بریتیبوو لە:

$$2n+1 : 2n(n+1) : 2n(n+1)+1$$

29 Comm. in Artist. Graeca, pars XV. Berlin, 1897. p. 117, 29 & pars XVIII, Berlin, 1900, p.118, 18.
30. Arithmetic
31. Arithmetization
32. Integers
33. Natural numbers
34. monads
35. Indivisible unites.
36. “Rational” proportion

٣٦. واتە چوارگۆشەی ژێ یەکسانە بە کۆی چوارگۆشەی هەردوو لایەکەیتر ٤/٣ یان ٥/٣ یان ١٢/٥و هیتر هێمای ژمارەی رێژەیین.



بەڵام هەروەك نموونەی ٨:١٥:١٧ دەریدەخات، ئەم فۆرمۆلە بەرادەی پێویست خودان گشتییەت نییە. ئەو فۆرمۆلە گشتییەی کە دەتوانین فۆرمۆلەکەی فیساگۆرسی لێوەدەستبێنین بەم جۆرەیە:

$$m^2 - n^2 : 2mn : m^2 + n^2$$

کە تێیدا m=n+١ و m > n. لەبەرئەوەی ئەم فۆرمۆلە دەرەنجامی راستەوخۆی دۆزی ناسراو بە "دۆزی فیساگۆرس"ە (هەڵبەتە لەکاتێکدا کە وێڕای ئەو جۆرە جەبرە سەیر بکرێت کە گۆیا فیساگۆرییە کۆنەکان شارەزای بوونە)، لەبەرئەوەی پێدەچێت نە فیساگۆرس ئەم فۆمۆلەی زانیبێت و نە ئەفلاتوون (کە بەوتەی پرۆکلوس(٣٨)، پێشنیاری فۆرمۆلێکی ناگشتی دیکەی کردبوو) هەربۆیە وادێتە بەرچاو کە نەفیساگۆرس ئاگای لە فۆرمی گشتی "دۆزی فیساگۆرس" هەبوو نەئەفلاتوون. (بۆئاگاداربوون لە بۆچوونێکی نەرمونیانتر لەمەڕ ئەم بابەتە، بگەڕێنەوە بۆ **میژووی ماتماتیکی یۆنان**، بەرهەمی هیس(٣٩). ئەو فۆرمۆلەی من بەگشتیم ناوزەد کرد، لەبنەڕەتدا هەمان فۆرمۆلی ئۆقلیدۆسەو دەتوانین لەفۆرمۆلەکەی هیسەوە بەدەستی بێنین کەهەندێ ئاڵۆزی ناپێویستی (ل٨٢) تێدایە، بەم جۆرە کە سێ‌لای سێگۆشەکە وەدەستدێنین، پاشان جارانی 2/nm ی دەکەین و دواتر m و n لەجیاتی p و q دادەنێین.

دۆزینەوەی ناڕێژەیی بوونی(٤٠) رەگی ژمارە٢ (کە ئەفلاتوون لە هیپیاسی مەزن(٤١)و مێنون بەکینایە ئاماژەیەکی بۆدەکات)(٤٢) بەرنامەی فیساگۆرییەکانی بۆ "ئەژمێراندن"ی هەندەسەی لەناوبرد و لەرواڵەتدا وێڕای ئەمە، خودی تاقمی فیساگۆرییەکانیشی وێرانکرد. دەگێڕنەوە لەسەرەتادا ئەم دۆزینەوەیە بەشێوەیەکی نهێنی دەپارێزرا. پێدەچێت گێڕانەوەی ناوبراو بەهۆی ئەم فاکتەوە پشت راست بکرێت کە ئەفلاتوون لەسەرەتادا، ناڕێژەیی بە arrhetos ـ واتە راز

٣٧. Proclus "لە ژێدەرە ئیسلامییەکاندا بە برقلس ناوی هاتووە ٤١٠ـ ٤٨٥ (زایینی). فەیلەسووفێکی نییو ئەفلاتوونی و ماتماتیکزان و ئەستێرەناس... لێکدانەوەی زۆری بۆ بەرهەمەکانی... ئەفلاتوون و ئەرستۆ و بۆ کتێبی **پرەنسیپەکانی هەندەسەی ئوقلیدس** کردووە..."

39. T. Heath, A History of Greek Mathematics, 1921, vol. I, pp. 80- 82
40. Irrationality
41. Greater Hippias

٤١. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١٠ لەبەشی هەشتەم، بگەڕێنەوە بۆ **ئانالوتیکای یەکەم**، ئەرستۆ، ٤١a٢٦.

یان نهێنی نەوتراو ـ ناودێر دەکرد[٤٣]. (دواتر زاراوەی "ناهاوگونجاو"[٤٤] برەوی سەند، بەراوردی بکەن لەگەڵ تیای تیتوس، ١٤٧cو یاساکان ٨٢٠c. زاراوەی alogos پێدەچێت بۆ یەکەمین جار لەبەرهەمەکانی (دیموکرتیوس)دا بەکارهاتبێت. ئەو دوو کتێبی نووسی لەمەڕ **هێڵ و ئەتۆم (یان بەشە دابەشنەکراوە(تەنە پڕە)) نالۆژیکییەکان**[٤٥]، کە هەردووکیان ونبوونە. لەکۆمار، ٥٣٤d، ئەفلاتوون تاڕادەیەك بەسووکایەتی ئاماژەیەك بۆ ناونیشانی کتێبەکەی دیموکراتیوس دەکات و ئەو دەیسەلمێنێت کە ئەو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو زاراوەیەدا هەبووە، بەڵام هەرگیز وەك هاوواتای arrhetos بەکاری نەدەهێنا. بۆ یەکەمین جار کە ئەم زاراوەیە بێگومان بەم مانایە بەکاردەهێنرێت و هەندێ شوێنەواری لێ بەجێماوە لە ئانالوتیکای دووەمی[٤٦] ئەرستۆدایە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی هیس، بەرگی١، ل٨٤و پاشکۆی ١ی ئەم کتێبەی بەردەستتان.) وادێتە بەرچاو کە لەناوچوونی بەرنامەی فیساگۆرییەکان، واتە بەکارهێنانی میتۆدی ئەژمێر لەئەندازە (هەندەسە)، بوو بەهۆی هاتنە ئارای میتۆدی بەڵگەنەویستی (axiomatic) ئۆقلیدۆسی، واتە ئەو میتۆدە نوێیەی کە ئامانجەکەی، لەلایەکەوە پێشگیری بوو لە لەبەریەك هەڵوەشانی زیاتر (بۆ نموونە رزگارکردنی میتۆدی سەلماندنی عەقڵی)[٤٧]و لە لایەکی دیکەوە، قبوولکردنی ئەوە کە هەندەسە بۆ ئەژمێر ناگۆڕدرێت. لەسەر بنەمای ئەم گریمانانە، پێدەچێت کە رۆڵی ئەفلاتوون لەتێپەڕین لە میتۆدی کۆنی فیساگۆری بەرەو میتۆدی نوێی ئۆقلیدۆسی، بێگومان رۆڵێکی یەکجار زۆر گرنگ بووە و ئەفلاتوون لەیەکەمین کەسەکان بووە کە میتۆدێکی تایبەتمەندی هەندەسی دروستکردووە بەو مەبەستەی کە بەپێی توانا ئەوەی دەشێت لە وێرانەی قوتابخانەی فیساگۆری رزگاربکرێت، رزگاریبکات وپێشی زیانی زۆرتر بگرێت. هەڵبەتە بەشێکی زۆری لەمانەی وتران دەبێ وەك گریمانەی مێژوویی زۆر نایەقینی لێکبدرێنەوە، بەڵام لەهەمان پارچەی **ئانالوتیکای دووەمی** ئەرستۆدا (٧٦b٩) کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، دەتوانین هەندێ بابەت سەبارەت بە پشت راستکردن بدۆزینەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم پارچەیە بەراورد بکەین لەگەڵ یاساکان ٨١٨c و٨٩٥e (تاك وکۆ)و ٨١٩e /٨٢٠a و٨٢٠c (ناهاوگونجاو). لەپارچەی ناوبراوردا ئەمە

٤٢. هیپیاسی گەورە، ٣٠٣b /c، کۆمار، ٥٤٦c.

44. Non- commensurable
45. On illogical lines and Atom (or and full Bodies).
46. Anal. Post., 76b9.
47. Method of rational proof



دەخوێنینەوە :"ئەژمێر مانای 'تاك' و 'کۆ' لەخۆ دەگرێت وئەندازە (هەندەسە) مانای 'نارێژەیی'..." (یان "ناهاوگونجان"، بگەڕێنەوە بۆ **ئانالوتیکای یەکەم**، ٤١a٢٦ بەدواوە و٥٠a٣٧ هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **میتافیزیك**، ٩٨٣a٢٠ و٣ـ ١٠٦١b١ کەتێیدا بەجۆرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ نارێژەییەکان دەکرێت وەك بڵێی تایبەت بێت بەهەندەسە. هەروەها لە ١٠٨٩aیشدا وەك **ئانالوتیکای دووەم**، ٧٦b٤٠ ئاماژە بەمیتۆدی "رەگیی" ناو تیای تیتوس، ١٤٧d دەکرێت.) هۆگری بەتینی ئەفلاتوون سەبارەت بەپرسی نارێژەییەکان لەم دوو پارچەی سەرەوەدا بەرچاو دەکەوێت ـ یەکیان تیایتیتوس، ١٤٧c ـ١٤٨aو ئەویتریان یاساکانە ٨١٩d ـ٨٢٢d. لەم پارچەیەدا ئەفلاتوون دەڵێ شەرم لەوەدەکات کە یۆنانییەکان بێئاگان لەپرسی گەورەی برە ناهاوگونجاوەکان.

بەبڕوای من "**تیۆری تەنە بەراییەکان**"[٤٨] کە لەتیمایوسدا پەنجەی خراوەتە سەر[٤٩]، بەشێکە لەبەرسڤی ئەفلاتوون بۆ ئەم پرسە. لەم تیۆرەدا، لەلایەکەوە تایبەتمەندی بیروباوەڕی قوتابخانەی فیساگۆری لەهەمبەر ئەتۆم[٥٠] پارێزگاری لێکراوە ـ واتە یەکە دابەش نەبووەکان (یان "یەکە لێك جیانەبووەکان" {مۆنادەکان})ـ و لەلایەکی ترەوە، برە نارێژەییەکان (رەگی ژمارە٢و ژمارە٣) دێنە ناو باسەکەوە کە بەناچار دەبووایە لەوە بەدوا مۆڵەتیان بدات بێنە ناو دونیاوە. ئەم کارە لەم رێگەیەوە ئەنجامدەدرێت کە سوود لەدوو سێگۆشە لەسێگۆشەی گۆشە وەستاوەکان وەردەگیرێت کەبوونەتە هۆکاری سەرئێشە وەك یەکەیەك کە هەموو شتەکانیتر لەوان پێکهاتوون ـ یەکێکیان سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاوە کە نیوەی چوارگۆشەیەك و رەگی٢ لەخۆ دەگرێ و ئەویتریان سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاوە کە نیوەی سێگۆشەیەکی سێلایەکسانە و رەگی٣ لەخۆدەگرێ. لەراستیدا پێویستە بڵێین ئەو دۆکترینەی ئێژێ **رادە**[٥١] یان **فۆرمی** هەموو تەنە بەراییە مادییەکان[٥٢]، هەر ئەم دوو سێگۆشە نارێژەییەیە، یەکێکە لەدۆکترینە سروشتییەکانی بنچینەیەکی دیالۆگی تیمایۆسە.

48. Theory of the primary Bodies

٤٨. ٥٣c تا٦٢cو تەنانەت تا ٦٤a، هەروەها کۆمار، ٥٢٨b-d.

50. Atoms
51. Limit (peras; cp. Meno, 75 d- 76a)
52. Elementary physical bodies

هەموو ئەم بابەتانە دەربڕی ئەوەن کە ڕەنگە ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەی فێری هەندەسە نەبوونە[٥٣] بەشێوەیەکی تایبەتی بەو مانایەبێت کە ئاماژەمان بۆکرد و پەیوەندی بەم بۆچوونەوە هەبووبێت کەگرنگی ئەندازە (هەندەسە) لەئەژمێر زیاترە (لەتەك تیمایۆس، ٣١cدا هەڵیبسەنگێنن). ئەم تێبینیەش بەنۆرەی خۆی ئەمە ڕوون دەکاتەوە کە یەکەم، بۆچی "یەکسانی ڕێژەکری"ـ کە ئەفلاتوون ئێژێ شتێکی ئەرستۆکراتیترە لەیەکسانی دێموکراتیکی ئەژمێری یان ژمارەیی ـ دواتر بەهەمان "یەکسانی ئەندازەیی (هەندەسی) لێکدرایەوە کە لە گورگیاس (٥٠٨a)[٥٤]دا ئاماژەی بۆکراوە،و دووەم، بۆچی هەندێ کەسی (وەك پلۆتارخۆس لەهەمان کتێبدا کە ناومان هێنا) ئەژمێریان بەدێموکراسی و هەندەسە یان لەگەڵ حکوومەتی ئەرستۆکراتیدا لێکگرێدەدا. ئەو کارە سەرەڕای ئەم فاکتە و لەرووالەتدا بەفەراموشکردنی ئەم واقیعیەتە ئەنجامدەدرا کە یەکەم فیساگۆریەکانیش لەرابردوودا لەبیروباوەڕەکانیان ڕێك بەڕادەی ئەفلاتوون مەیلیان بەرەو حکوومەتی ئەرستۆکراتی هەبوو و دووەم، لەبەرنامەکانیاندا پشتیان بەزانستی ئەژمێر دەبەست و سێیەم، لەزاراوەکانی ئەواندا ئاوەڵناوی "هەندەسی" بۆجۆرێکی تایبەتی ڕێژەی ژمارەیی (واتە ئەژمێری) بەکاردەهات.

(٣) ئەفلاتوون لەتیمایۆسدا دەڵێت بۆ دروستکردنی **تەنە بەرابییەکان**، پێویستی **بەچوارگۆشەیەکی بەرایی**[٥٥]و **سێگۆشەیەکی سێلایەکسانی بەرایی**[٥٦]، هەیە. هەرکام لەم دووانەش بەنۆرەی خۆیان لەجۆرە سێگۆشەیەکی ژێربەرایی (لاوەکی)[٥٧] پێکدێن: واتە نیو چوارگۆشەیەك کە $\sqrt{2}$ و نیوەی سێگۆشەیەکی سێ لایەکسان کە $\sqrt{3}$ لەخۆدەگرن. ئەم پرسیارە کەبۆچی ئەفلاتوون لەجیاتی هەمان چوارگۆشە و سێگۆشەی سێلایەکسان، ئەم دوو سێگۆشە ژێر بەراییە (لاوەکییە) هەڵدەبژێری، گەلێك باس ولێدوانی لەسەرکراوە. هەروەها لەمەڕ ئەم پرسیارەشەوە (بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی(٤)ی ئەم یادداشتە) باس و توێژینەوە کراوە کە بۆچی ئەفلاتوون چوارگۆشە بەراییەکانی خۆی لەجیاتی دوو لەچوار نیو چوارگۆشەی ژێربەرایی (لاوەکی) دروستدەکات و بۆچی بۆچێکرنی سێگۆشەی سێلایەکسانی بەرایی، لەجیاتی دوو،

٥٢. ئاماژەکردن بەم بابەتە لەتیمایۆس، ٥٤aیشدا بەرچاو دەکەوێت.

٥٣. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٤٨ لەم بەشەدا.

55. Elementary square
56. Elementary Equilateral Triangle
57. Subelementary triangle



سوود لەشەش نیو سێگۆشەی سێلایەکسانی ژێربەرایی (لاوەکی) وەردەگرێت (سەیری دوو وێنە ی یەکەم لەو سێ وێنەیە بکەن کە لەخوارەوە هەمانە).

سەبارەت بەپرسیاری یەکەم، هەروەك دیارە بەشێوەیەکی گشتی لەم خاڵە بێئاگابوونە کە بە وەبەرچاوگرتنی هۆگری بەتینی ئەفلاتوون لەمەڕ ژمارە نارێژەییەکان $\sqrt{2}$ و $\sqrt{3}$ی (بەراشکاوی لە ٥٤bدا ئاماژەیان بۆکراوە) **نەدەهێنایە ناو باسەکانەوە ئەگەر نیگەرانی و ئارەزوومەندی ئەوە نەبوایە کە هەر ئەم دوو ژمارە نارێژەییە وەك توخمی بۆ کەمبوونەوە نەشیا و بێنێتە ناو دونیای خۆیەوە**. (کۆرنفۆرد[٥٨] توێژینەوەیەکی تێروتەسەل لەمەڕ هەردوو پرسیارەکە ئەنجامدەدات. بەڵام ئەو ڕێگاچارە هاوبەشە یان بە گوتەی خۆی لەلاپەڕە٢٣٤، ئەو "گریمانە"یەی پێشنیاردەکات، بەرای من بۆ قبوولکردن ناشێت. ئەگەر ئەفلاتوون ویستبای جۆرە "پلەبەندییەك"[٥٩] دروستبکات وەك ئەوەی کۆرنفۆرد لەهەمبەرییەوە دەدوێت، تەنیا ئەوەندە بەس بوو لای **چوارگۆشە بەرایی و سێگۆشەی سێلایەکسان** بەسەر دووبەشدا دابەشدەکات کە کۆرنفۆرد بە"پلەی ب" ناوزەدی دەکات و هەرکامێکیان لەدوو شکڵی بەرایی بوونیات بنێت کە ژمارە نارێژەییەکان لەخۆنەگرن. پێویستە ئاگاداری ئەوەبن کە لەهیچ جێگەیەکی نووسینەکانی ئەفلاتووندا ئاماژە بەوەنەکراوە کەشتێکی بچووکتر لەو شتەی کۆرنفۆرد بە"پلەیب" ناوزەد دەکات، بوونی هەیە.) بەڵام ئەگەر ئەفلاتوون نیگەران و ئارەزوومەندی ئەوەبوو کە ئەم ژمارە نارێژەییانە لەشێوەی لای سێگۆشەی ژێربەراییەکان (لاوەکییەکان) بێنێتە ناو دونیاوە کە هەموو شتەکانیتر لەوان پێکهاتوون، بەناچار دەبێ لەسەر ئەو بڕوایە بووبێت کە دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە پرسەکە چارەسەر بکات. بەڕای من، ئەم پرسە هەمان پرسی "سروشتی {ژمارە}(هاوگونجاو)و ناهاوگونجاو)ەکانە" (یاساکان، ٨٢٠c). ئاشکرایە چارەکردنی ئەم پرسە لەسەر بنەمای گەردووناسی کەتێیدا سوود لەچەمك و وێنای تایبەت بەئەتۆمەکان وەربگیرێت، زۆر چەتوونە، چونکە ژمارە نارێژەییەکان، کۆلکەی هیچ یەکەیەك نییە کە بتوانێ ژمارە ڕێژەییەکان بپێوێت. بەڵام ئەگەر خودی یەکەکانی پێوان خودان لابن بەپێی "ڕێژە نارێژەییەکان"[٦٠]، ئەوکات ئەم دژایەتییە ڕووالەتییە چارە دەکرێت، چونکە

58. F.M. cornford, Plato’s cosmology, pp. 214 & 231 ff.
59. Grading
60. “Irrational ratios”

ئەم یەکانە دەتوانن هەردووکیان بپێون و بوونی ژمارە نارێژەییەکان بۆ تێگەیشتن نەشیاو و "ناعەقلانی" نابێت.

بەڵام ئەفلاتوون دەیزانی جگە لە $\sqrt{2}$ و $\sqrt{3}$، ژمارەی نارێژەیی دیکەش بوونیان هەیە، چونکە لە تیای تیتوسدا باسی دۆزینەوەی پۆلێکی بێ کۆتایی رەگە نارێژەییەکان دەکات (و هەر "لەم جۆرە تێبینیانە سەبارەت بەسێ دوورییەکان (تەنە هەندەسییەکان)" دەدوێت کە هەڵبەتە پێویست ناکات ئەمە ئاماژە بێت بۆ رەگە سێجاکان[٦١] و لەوانەیە مەبەست (تیرەی چوارگۆشە) واتە $\sqrt{3}$ بێت). هەروەها **لەهیپیاسی مەزن** (c ـ٣٠٣b)ئەوەمان بیردەخاتەوە[٦٢] کە بەکۆکردنەوەی ژمارە نارێژەییەکان (یان ئاوێتەکردنیان بەشێویتر) دەتوانرێت ژمارەی نارێژەیی دیکە (یان ژمارەی رێژەیی) بەدەستبهێنرێت. (رەنگە ئەمە ئاماژەیەك بێت بەوە کە بۆ نموونە ٢ کەم رەگی٢

نارێژەییە، بەڵام هەر ئەو ژمارەیە کۆ رەگی٢، رێژەییە.) بە وەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینییانە، پێدەچێت ئەگەر ئەفلاتوون گەرەکی بووایە پرسی ژمارە نارێژەییەکان لەرێگای هێنانی سێگۆشە بەراییەکان چارەسەر بکات، دەبووایە بیر لەوە بکاتەوە کە دەتوانین هەموو ژمارە نارێژەییەکان (یان لانی کەم کۆلکەکانیان) بە کۆکردنەوەی (الف) یەکەکان، (ب) رەگی٢ (ج) رەگی٣و کۆلکەکانیان بەدەستبێنین. هەڵبەتە ئەم بیرە هەڵەیە، بەڵام هەموو بەڵگەکان گوزارشت لەوە دەکەن کە لەو سەردەمەدا هیچ سەلماندنێك بۆ رەدکردنەوەیان لە ئارادا نەبوو. ئەگەر خەسڵەتی رێژەیی ژمارە نارێژەییەکان وەبەرچاوبگرین، ئەم دۆزە تارادەیەك بۆ قبوولکردن دەشێت کە ئێژێ تەنیا دوو جۆرە ژمارەی نارێژەیی ئەتۆمی بوونی هەیە ـ تیرەی چوارگۆشە و تیرەی شەشپالو(مکعب) ـ و هەموو ژمارە نارێژەییەکانیتر لەهەمبەر (الف) یەکە ،(ب) رەگی٢ (ج) رەگی٣ هاوگونجاون. ( مەبەستمان ئەوەیە ئەگەر بڵێین ئەو چوارگۆشەیەی کە یەکسانییەکە بێت خاوەن تیرەیەکی نارێژەییە یان ئەو چوارگۆشەیەی کە تیرەکەی یەکسانییەکە بێت خودان لای نارێژەییە، ئەوا بانگەشەکەمان لەجێگەی خۆیدایەو رەوایە. هەروەها دەبێت ئەوە بخەینەوە یاد کە ئۆقلیدۆس لەکتێبی دەیەم، پێناسەی دووەم[٦٣]، هێشتا هەموو رەگە ناهاوگونجاوەکان بە"هاوگونجاو لەگەڵ چوارگۆشەکانیان" لەقەڵەمدەدات.) کەواتە، زۆر پێدەچێت بڕوای بەم دۆزە

61. Cubic roots
62. Heath, op. cit., p.304.
63. Euclid, Book X, def. 2.




بووبێت، هەرچەندە ئەرگۆمێنتێکی باوەرپێکراوی بۆ سەلماندنی سۆسەکەی خۆی لەبەردەستدا نەبووە (وەك دیارە یەکەمین کەس کە ئەرگۆمێنتێکی بۆ رەدکردنەوەی هێنا، ئۆقلیدۆس بوو.) لەهەمان پارچەی تیمایۆسدا کاتێ ئەفلاتوون ئاماژە بە هۆکاری هەڵبژاردنی سێگۆشە ژێر بەراییەکان (لاوەکییەکان) دەکات، ئاماژە بە سۆسەیەکی نەسەلمێنراویش دەکات و دەنووسێت (تیمایۆس، ٥٣c/d) :(هەموو سێگۆشەکان لە دوو سێگۆشەوە بەدەستدێن کە هەرکامێکیان گۆشەیەکی وەستاوی هەیە...، یەکێك لەم سێگۆشانە (واتە نیو چوارگۆشەکە) لەهەر تەنیشتێکیدا خاوەن نیو گۆشەیەکی وەستاو...و دوولای یەکسانە، سێگۆشەکەیتر (واتە لاجیاوازەکە) دوو تەنیشتی نایەکسانی هەیە. ئێمە ئەم دووانە... بەپێی ئەو شیکردنەوەی کە ئەگەری (یان سۆسەی رێتێچوو) لەگەڵ زەروورەت (یان ئەرگۆمێنت) لێك گرێ دەدات، وەك یەکەمین پرەنسیپی[٦٤] بەڵگەنەویست گریمانەی دەکەین. ئەو پرەنسیپانەی لەمانەش دوورتر برۆن تەنیا لای خوا[٦٥] ئاشکران یان لەلای ئەو کەسانە کە لەژێر سایەی فەڕی یەزدان دان." پاشان ئەفلاتوون روونیدەکاتەوە کە بەشێوەیەکی بێکۆتایی سێگۆشەی لاجیاواز بوونیان هەیە کەدەبێ "باشترین"ەکەیان هەڵبژێرین و ئەو، نیو سێگۆشەی سێلایەکسان وەك "باشترین" (سێگۆشە) هەڵدەبژێرێت. دواتر ئێژێ (تیمایوس، ٥٤a/b)[٦٦]: "هۆیەکەی چیرۆکێکی دوورودرێژی هەیە، بەڵام ئەگەر کەسێك ئەم بابەتە تاقی بکاتەوە و بیسەلمێنێت کە خاوەن ئەم تایبەتمەندییەیە، خەڵاتەکە هی ئەوەو ئێمە ئارەزووی خێروباشەی بۆ دەخوازین". ئەفلاتوون نالێت "ئەم تایبەتمەندییە" چ مانایەکی هەیە، بەڵام پێویستە تایبەتمەندییەك بێت کە لەرووی ماتماتیکییەوە بسەلمێنرێت یان رەدبکرێتەوە تا پاساو بۆ ئەوە بێنێتەوە پاش هەڵبژاردنی ئەو سێگۆشەی رەگی ٢ لەخۆدەگرێ، هەڵبژاردنی ئەو سێگۆشەی رەگی٣ لەخۆ دەگرێ، لەهەمووان باشتر یان "باشترین"ە. پێموایە، بە وەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی سەرەوە، ئەو تایبەتمەندییەی لەهزری ئەفلاتووندا بووە هەمان هاوجووت بوونی رێژەیی و سۆسەیی بڕە نارێژەییەکانیترە، واتە نسبەت بە یەکەو رەگی٢ و رەگی٣.

64 First principles.


٦٤. لەبنەڕەت Heaven (= ئاسمان، عەرش) کە ئێمە لەمانا بەرفراوانەکەی واتە خوا وەرمانگێڕاوە.

٦٥. کۆرنفۆرد بە ناچاری ئەم پارچەیە راست دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەتەك لێکدانەوەکەی خۆیدا بیگونجێنێت. بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی، ل٢١٤، یادداشتی٣.

(٤) هۆیەکی تری راڤەکەمان ـ ئەو هۆیەی کە لەدەقە ئەفلاتوونییەکاندا بەڵگەیەکی دیکەم بۆ پشت راست کردنی نەدۆزییەوە ـ لەوانەیە لەم تێبینییەوە دەستبکەوێت کەئێستا تیشکی دەخەمە سەر. راستییەکی سەرسوڕهێنەرە کە $\sqrt{3} + \sqrt{2}$ بە نزیکەییەکی زۆرەوە لەژمارەی پای[٦٧] نزیك دەبێتەوە[٦٨]. بڕی زێدەی کەمتر لە ٠/٠٠٤٧ واتە کەمترلە ½١ لەهەزارا، $\pi$ـە. لەو سەردەمەدا، نزیکەییەکی باشتر بۆ $\pi$ نەدۆزرابۆوە.




سێگۆشەی سێ لایەکسانی بەرایی ئەفلاتوون، کە لە شەش سێگۆشەی لا جیاوازی گۆشە وەستاوی ژێر بەرایی (لاوەکی) پێکهاتووە




چوارگۆشەی بەرایی ئەفلاتوون کە لە چوار سێگۆشەی سێ لا یەکسانی گۆشە وەستاوی ژێر بەرایی (لاوەکی) پێکهتووە

ئەو شتەی بەجۆرێك ئەم راستییە سەرسوڕهێنەرە شرۆڤەدەکات ئەوەیە کەتێکڕای ئەژمێری[٦٩] رووبەرەکانی شەش لای چێوەیی و هەشت لای چێوەی گەورە، نزیکەییەکی تاڕادەیەك وردی

٦٦. واتە رێژەی جێگیری چێوەی بازنە بۆ تیرەکەی (٣١٤١٥٩٢٠٠٠).

٦٧. بەراوردی بکەن لەگەڵ:E.Borel, space and time, 1926, 1960, p.216. یەکێکیتر کە سەرنجی منی لەسەر بابەتێکیتر بۆ ئەم راستییە راکێشا، مارینلی (W. Marinelli) بوو.

69. Arithmatical mean




رووبەری بازنەکە دەدات بەدەستەوە. لەلایەکەوە پێدەچێت کە برایسن[٧٠] بە تێکرای فرە لاکانی چێوەیی و چێوە گەورەکە ئیشی کردبێت[٧١] و لە لایەکی ترەوە (بەپێی بابەتەکانی هیپیاسی مەزن) دەزانن ئەفلاتوون حەزی لەکۆکردنەوە ژمارە نارێژەییەکان بووە و پێویستە $\sqrt{3} + \sqrt{2}$ کۆکردبێتەوە. بەم چەشنە دوو رێگا لەئارادایە کە رەنگە ئەفلاتوون لەم رێیەوە هاوکێشەی نزیکەیی

$\pi \approx \sqrt{3} + \sqrt{2}$ وەدەست هێنابێت و رێگای دووەمیان تاڕادەیەك بنبڕ و یەکلاکراوەیە. گریمانە بەرواڵەت پەسندکراوە کە ئەوەیەکە ئەفلاتوون ئاگاداری ئەم هاوکێشەیە بووە بەڵام نەیدەتوانی بیسەلمێنێ کە ئایا ئەم هاوکێشەیە هێمای یەکسانییەکی رەهایە یان تەنیا نزیك کراوەیەکە.

ئەگەر وابێت، لەوانەیە بتوانین بەرسڤی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە کە لە بڕگەی(٣) ئەم یادداشتەدا خستمانە ڕوو کە بۆچی ئەفلاتوون چوارگۆشەی بەرایی خۆی لەجیاتی دوو لەچوار سێگۆشەی (نیو چوارگۆشە) ژێربەرایی دروستدەکات و بۆ چێکردنی سێگۆشەی سێلایەکسانی بەرایی، لەجیاتی دوو، سوود لەشەش سێگۆشەی (نیو سی لاکسان)ی ژێربەرایی وەردەگرێت. ئەگەر سەیری دوو وێنەکەی یەکەم بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە لەوێدا، پشت بەچەقی بازنەی چێوەیی و چێوەی گەورە دەبەستێ و لەهەردوو حاڵەتدا، پشت بەنیوەتیرەی بازنەی چێوەیی بەستراوە. (سەبارەت بەسێگۆشەی سێلایەکسان، نیوەتیرەی بازنەی چێوە گەورەکەش دیارە، بەڵام وەك دیارە ئەفلاتوون نیوەتیرەی چێوەیی لەهزر دابووە، چونکە لەو شیکردنەوەی لەمەڕ میتۆدی دروستکردنی سێگۆشەی سێلایەکسان دەیخاتە ڕوو، وەك "تیرە"[٧٢] لەسەری دەدوێت. بەراوردی بکەن لەگەڵ تیمایۆس، d/e٥٤و هەروەها b٥٤).

70. Bryson
71. Health, op. cit., 224.

٧١. مەبەست تیرەی فرەلایەکەیە نەك تیرەی بازنە.




ڕووبەری لاکێشەی ABCD کەمتر لە ½ ١لەهەزارا گەورەترە لەڕووبەری بازنەکە.

ئێستا ئەگەر ئەم دوو بازنە چێوەییە بکێشینەوە. یاخود بەجۆرێکی وردتر، چوارگۆشە و سێگۆشەی سێ‌لایەکسانی بەرایی بخەینە ناو بازنەیەکەوە بەنیوەتیرەی r، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرجەمی لاکانی ئەم دوو شکڵە بەنزیکەیی یەکسانە بە $r\pi$ . بەشێوەیەکی دیکە، هەروەك دەتوانین لەوێنەکەدا ببینین، میتۆدی ئەفلاتوون یەکێك لەسادەترین ڕێگاچارە نزیکەییەکانی دووجاکردنی بازنە[٧٣] دەدات بەدەستەوە. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە، لەوانەیە پرسەکە بەسادەیی بەم چەشنە بووبێت کە سۆسەی ئەفلاتوون وپێشنیاری بەخشینی "خەلات" کە لەسەرەوە لە برگەی(٣) ئاماژەمان بۆکرد، نەك هەر پرسی گشتی هاوگونجانی ژمارە نارێژەییەکانی لەخۆگرتووە بەڵکو ئەم پرسە تایبەتییەشی گرتۆتەوە کە ئایا $\sqrt{2} + \sqrt{3}$ بازنەیەك بەنیوەتیرەی یەکدووجا دەکات یان نا.

دەبێ سەر لەنوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆم لەبەردەستدانییە کە ئەفلاتوون شتێکی ئەوتۆی لەهزردا بووبێت. بەڵام ئەگەر سەیری ئەو بەڵگە ناڕاستەوخۆیانە بکەین کە لێرەدا خستمانە ڕوو، لەوانەیە گریمانەی سەرەوە هێندە دووریش نەبێت. بەهەرحاڵ، بڕواناکەم ئەم گریمانەیە لە گریمانەکەی کۆرنفۆرد (لەڕاستییەوە) دوورتربێت و ئەگەر ڕاست بێت، ئەوا پارچە پەیوەندیدارەکان باشتر ڕوون دەکاتەوە.

73. Squaring the circle



(٥) ئەگەر ئەو بانگەشەیەی ئێمە ڕاستبێت کە لەسەرەوە لە برگەی(٢)ی ئەم یادداشتەدا ئاماژەمان بۆکرد ـ واتە نووسینەکەی سەردەرگای ئاکادیمیا بەو مانایە بوو کە "ئەژمێر بەس نییە دەبێ ئەندازە (هەندەسە)ش بزانن!"و هەروەها ئەگەر بانگەشەکەی ترمان ڕاستبێت کە پشت بەستن بەم مانایە پەیوەندی بەدۆزینەوەی نارێژەیی (اصم) بوونی ڕەگی ژمارە ٢ و٣ هەبووە، تیۆری ئایدیا و گێڕانەوەی ئەرستۆ کە گەلێك مشتومڕی لەسەرکراوە، لەوانەیە ڕوونتر ببێتەوە. بۆ نموونە ئەوەی شرۆڤەدەکات بۆچی بە وەبەرچاوگرتنی ئەم دۆزینەوەیەش، بیروباوەڕی فیساگۆری لەهەمبەر ئەوەی کە (فۆڕمەکان، شێوەکان) بریتین لەژمارە و دەبووایە مانای ئەخلاقی[٧٤] کە بریتیە لەرێژەی نێوان ژمارەکان بەلاوە بنرێت و ئەم دۆکترینە جێگای بگرێتەوە، هەروەك لەتیمایۆسدا گرتوویەتەوە کاتێ دەڵێت فۆڕمە بەرایی یان سنوور (peras)[٧٥] یان شێوە یان ئایدیای شتەکان[٧٦] بریتین لەسێگۆشەکان. هەروەها ئەوە ڕوون دەبێتەوە بۆچی نەوەیەك دواتر، ئاکادیمیا بۆهەمان تیۆری فیساگۆری گەڕایەوە. دۆزینەوەی برە نارێژەییەکان تەکانێکیدا بە ماتماتیکزانان، بەڵام هەرکە شوێنەواری ئەم تەکانە نەما، ماتماتیکزانەکان خوویان بەم هزرەوەگرت کە سەرەڕای هەموو شتێك، دەبێ برە نارێژەییەکان ژمارە بن، چونکە لەنێوان ئەوان و ژمارە ڕێژەییەکانی دیکەدا پەیوەندییەکی کەم تازۆر بەرایی لەئارادایە. کاتێ ئەم قۆناغە داهات، بەڵگەی دژی بیروباوەڕی فیساگۆرییەکانیش کۆتایی پێهات. هەڵبەتە پاش هاتنە ناوەوەی برە نارێژەییەکان، ئەو تیۆرەی دەیگوت فۆرمەکان بریتین لەژمارە یان ڕێژەی(نسبەتی) نێوان ژمارەکان، مانایەکی جیاواز لەپێشووتری وەرگرت (ئەو خاڵەی ڕەنگە لایەنگرانی تیۆرە نوێیەکە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدابێت). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پاشکۆی١.

١٠ـ نواندنی تمیس[٧٧] بەشێوەی (ژنێکی) چاوبەستراو، بەمانای وەبەرچاونەگرتنی پلەوپایەی داواکارەکانە (دادخوازەکانە)و ئەو تەرازوویەی بەدەستییەوەیەتی بەمانای دابەشکردنی یەکسانی (لەنێوانیاندا) یان هاوسەنگ کردنی داوا و بەرژەوەندی هەردوولای کێشەکەیە. ئەم وێنەیە

74. Moral ideas

٧٤. بگەڕێنەوە بۆ هەمان پارچەی مێنون (٧٥d ـ ٧٦a) کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد.

76. Ideas of things

٧٦. Themis. خواوەندی یاساو ڕێسا لە یۆنانی دێرین. پەیکەرەکەی بە پارچەیەك چاوەکانی بەستراوە و بەدەستێك تەرازووی هەڵگرتووە و بەدەستەکەی دیکەی شمشێرێك. وەك هێمای فریشتەی دادپەروەری سەیری دەکرێت.

سیمبۆلێکی مانای یەکسانییە لەدادپەروەریدا. وەلیٚ لێرەدا ناتوانرێت بۆ لایەنگریکردن لەم بانگەشەیە سوودی لێوەربگیرێت کە ئەم مانایەی ئاماژەمان بۆکرد لەسەردەمی ئەفلاتووندا برەوی هەبووە، چونکە پرۆفیسۆر گمبریچ لەرووی دلۆڤانییەوە ئاگاداری کردمەوە کە ئەم وێنەیە تابەر لە رێنسانس پێشینەی نەبووە و ئیلهامی لە پارچەیەکی کتێبی پلۆتارخۆس وەرگرتووە لەژێر ناونیشانی **لەمەڕ ئیسیس و ئۆزیریس**[٧٨]، نەك لەسەردەمی کلاسیکی یۆنانی دێرین.*لەلایەکیترەوە، نواندنی "دیکیٚ"[٧٩] بە تەرازوویەکەوە، لەسەردەمی کلاسیکەوە سەرچاوە دەگرێت[٨٠] و رەنگە پێشینەکەی بۆ هسیۆدوس بگەڕێتەوە کە {کەلووی} گوڵەگەنمی[٨١] لەگەڵ دیکیٚ وەك یەك سەیردەکرد (بە وەبەرچاوگرتنی تەرازوو). بە سەرنجدان لەبەڵگەکانیتر کە لێرەدا خرانەڕوو و دەربڕی ئەوە بوون کە دادپەروەری یان "دیکیٚ" لەگەڵ یەکسانی دابەشێتیدا پەیوەندییان هەبووە، لەوانەیە تەرازوو هەر بەم مانایە بێت کە لەمەڕ تمیس ـ ەوە وتمان.

١١ـ کۆمار، ٤٤٠c/d. ئەم پارچەیەش بەهەمان میتافۆری ناسراوی سەگی مێگەل کۆتایی دێت :"یان وەك سەگ کە شوان دەنگی دەدات و هێمنی دەکاتەوە، تا کاتیٚ کە بانگی عەقڵ دەنگی نەداوە و هێمنی نەکردووەتەوە." بەراوردی بکەن لەتەك بەشی چوارەم، یادداشتی٣٢(٢).

١٢ـ لەراستیدا ئەفلاتوون دوو کەڕەت، کاتیٚ پێشانیدەدات سوقرات تاڕادەیەك تووشی گومان بووە و نازانێت لەکوێدا بەدوای دادپەروەریدا بگەڕێت، ناڕاستەوخۆ پەنجە دەخاتە سەر ئەم خاڵە. (لەگەڵ ٣٦٨b بەدواوە و ٤٣٢b بەدواوەدا هەڵیبسەنگێنن.)

١٣ـ وەك دیارە ئادامیش (لەژێر کاریگەری ئەفلاتووندا) لەو پەراوێزەدا کە بۆ کۆمار، ٣٣١eی نووسیوە، ئاگای لەتیۆری یەکسانیخوازانەی دادپەروەری نییە چونکە ئەوەمان بیردەخاتەوە و (رەنگە راستبکات) کە :"بڕوابوون بەوە کە دادپەروەری بریتییە لە چاکەکردن لەگەڵ دۆستان و زیان گەیاندن بە دوژمنان، رەنگدانەوەیەکی راستی ئەخلاقی باوی یۆنانە." بەڵام ئەو جێگایەی کە تێیدا دەکەوێتە هەڵەوە ئەو شوێنەیە کە درێژەی پێدەدات و دەڵێت

78. Plutarch, De Iside et Osiride.

٧٨. Dike وشەیەکی یۆنانییە بەمانای دادپەروەری.

٧٩. سەبارەت بەوە کە نەوەیەك پاش ئەفلاتوون، تیمۆرخاس (Timochres) وێنەیەکی ئەوتۆی دروستکرد، بگەڕێنەوە بۆ **زانستی پاشایانەی ئەستێرەناسی**، نوسینی ر.ئاسلەر (١٩٤٦)، ل ل١٠٠و ل٢٦٦، کێشەی ٥.

81. Virgo



"تاڕادەیەك ئەم بڕوایە گشتییەتی هەبووە"، چونکە لەبیرچۆتەوە کە خۆی (لەپەراوێزی ژێر ٥٦١e٢٨دا) هەندیٚ بەڵگەی خستۆتە ڕوو کە دەریدەخات "دێموکراسی بە سەربەرزییەوە" بانگەشەی پێکهێنانی یەکسانی لەبەرانبەر یاسا (isonomy)ی دەکرد. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٤ و١٧ هەر لەم بەشەدا.

ئەگەر نەڵێین کۆنترین، لانی کەم یەکێك لەکۆنترین ئاماژەکان بۆ isonomy لە پارچەیەکدا دەستدەکەوێت کە خراونەتە پاڵ ئالکمایونی پزیشك (سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین[٨٢]). لەوێدا isonomy بە حاڵەتێکی ساخلەم وەسفدەکات و لەبەرانبەر monarchy ـ واتە زاڵبوونی کەسێك بەسەر ژمارەیەکی زۆردا[٨٣] دایدەنێت. بەجۆرێکی دیکە، لێرەدا رووبەڕووی تیۆرێکی سیاسی دەبینەوە سەبارەت بە جەستە، یاخود بەجۆرێکی وردتر، لەگەڵ فیسسۆلۆژی مرۆڤدا. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٣٢ لە بەشی پێنجەم و یادداشتی٥٩ لە بەشی دەیەم.

١٤ـ لەکۆمار، ٣٥٩e، وێڕای وتەکانی گلاوکۆن[٨٤] ئاماژەیەکی بەلەز بە یەکسانی دەکرێت (وەك ئەو ئاماژەیەی لە گۆرگیاس، ٤٨٣c/d کراوە، بگەڕێنەوە بۆ بەشەکانی دواتری ئەم یادداشتە و یادداشتی٤٧ هەر لەم بەشەدا.

لە هێرشی پڕ لەسووکایەتی ئەفلاتوون بۆ سەر دێموکراسی[٨٥]، سیٚ ئاماژەی تێکەڵ بە سووکایەتی و گاڵتەکردن بە یەکسانیخوازی بەرچاو دەکەوێت. **یەکەمیان** وتەیەك لەهەمبەر ئەوەکە دێموکراسی "یەکسانی وەکویەك لەنێوان یەکسان و نایەکساندا دابەش دەکات[٨٦]." مەبەست لەم گوتەیە، رەخنەیەکی تازە و تەنزئامێزە. (یەکسانی پێشتریش وێڕای شیکردنەوەی

٨١. بگەڕێنەوە بۆ دیلس (٥)، بەشی ٢٤، پارچەی ٤.

٨٢. Monarchy لەرووی وشەوە بەمانای حکوومەتی تاکەکەسیەوەو، زاراوەیەکیشە بەواتای حکوومەتی پاشایی.

٨٣. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٥٠ لەم بەشەدا.

٨٤. بەشی چوارەم، دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٤ـ ١٨.

٨٥. کۆمار، ٥٥٨c، بەراوردی بکەن لەگەڵ پەراوێزی ئادام بۆ ٥٥٨c١٦، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢١ لەم بەشەدا.

شۆڕشی دێموکراتیك[٨٧] لەگەڵ دێموکراسیدا لێك گرێدرابوو.) **دووەمیان** ئێژێ تایبەتمەندی "پیاوی دێموکرات" ئەوەیە کە هەموو ئارەزووەکانی بە چاك وخراپەوە "بەشێوەیەکی یەکسان" تێردەکات. لەم رووەوەیە، ئەم کەسە بە "یەکسانیخواز" یان isonomist (=خوازیاری یەکسانی لەبەرانبەر یاسادا) دەناسێنرێت. ئەم یاریکردن بە وشەیە، ئاماژەیەکە بە بیرۆکەی "یاسای یەکسان بۆ هەمووان" یان یەکسانی لەبەرانبەر یاسا (isonomy)[٨٨]دا کە لەکۆمار، ٥٦١eدا هاتووە. هەڵبەتە پێشوەختە رێگا بۆ ئەم هێرشە بەتەواوی خۆشکراوە چونکە وشەی "یەکسانی" سێ جار بەکارهاتووە (کۆمار، ٥٦١b/c) بۆ ئەوەی خەسڵەتی ئەو پیاوەی کە هەموو حەز و ئارەزووەکانی لای ئەو "یەکسانن" بەدیار بخرێت. لە **سێیەمین** ئاماژەی ئەم جۆرە گاڵتە پڕ سووکایەتییە[٨٩] دەستە و دامێنی هێزی خەیاڵی خوێنەر دەبێت ـ ئەو کارەی تەنانەت ئەمرۆکەش تایبەتمەندی ئەم جۆرە پڕوپاگەندانەیە: "بەڕاست تۆزێکی مابوو لەبیرم بچێت کە دەبێ ئاماژەیەك بەرۆڵی ئەم 'یاسا یەکسانە' ناسراوە و ئەم 'ئازادی'یە بەناوبانگە بکەم لەپەیوەندی نێوان ژن ومێرد دا" (کۆمار، ٥٦٣b).

جگە لەم بەڵگەیە، دەبێ پەنجە بخەمە سەر دوو گەواهی خودی ئەفلاتوونیش : (١) لە گۆرگیاس(٤٨٨e /٤٨٩a)دا[٩٠] دەنووسێت: "ئایا جەماعەت (کە لێرەدا بەمانای زۆرینەی خەڵکە) لەسەر ئەم بڕوایە نین... کە دادپەروەری بریتییە لەیەکسانی؟"(٢) مێنکسنوس (٢٣٨e ـ٢٣٩a)[٩١]. ئەو بابەتانەی لەیاساکاندا سەبارەت بەیەکسانی نووسراون پەیوەندییان بەدواترەوە هەیە و ناتوانین وەك بەڵگەی ئاگایی ئەفلاتوون لەپرسی ناوبراو لەکاتی نووسینی کۆماردا سوودیان لێوەربگرین. لەگەڵ ئەوەشدا، بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ٩ و٢٠ و٢١ هەر لەم بەشەدا.

٨٦. بەراوردی بکەن لەگەڵ کۆمار، ٥٥٧a، کە لە دەقی تایبەت بە یاداشتی ١٣، بەشی چوارەم، وەرگیراوە.

٨٧. هەڵبسەنگێنن لەگەڵ یاداشتگەلی ١٣و ١٧ هەر لەم بەشەدا.

89. Cheap cracks

٨٩. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ٤٧و ٤٨ و٥٠ هەر لەم بەشەدا.

٩٠. بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی ١٩و دەقی پەیوەست بەمە هەر لەم بەشەدا.



١٥ـ ئەفلاتوون خۆی لەپانتایی سێیەمین وتەدا دەپرسێ[٩٢]: "چۆنە ئەوەی بەسەر زمانماندا دێت بیڵێین؟"و وەك دیارە بەم پرسیارە گەرەکیەتی دەریبخات هیچ هۆیەك لەئارادانییە بۆ نەوتنی ئەم گاڵتەیە.

١٦ـ بەبۆچوونی من گێڕانەوەی گوتاری پریکلس لەلایەن تۆکۆدیدسەوە[٩٣] تاڕادەیەك راست و دروستە. ئەگەری زۆری هەیە، لەکاتێ خوێندنەوەی گوتارەکە لەوێندەر ئامادە بووبێت و هەرچۆنێ بێت، بێگومان بەو پەڕی ئەمانەتەوە گێڕاویەتەوە. بەڵگەی زۆر لەئارادان کە لەو رۆژگارەدا، ئیشێکی نائاسایی نەبوو کە کەسێك گوتاری یەکێکی دی لەبەر بکات (بەراوردی بکەن لەگەڵ دایالۆگی فایدروسی ئەفلاتوون) و لەبنەڕەتدا گێڕانەوەی ئەمینانەی ئەم جۆرە گوتارانە، بەو ڕادەیەی رەنگە بەبیرمان دابێت، دژوارنییە. ئەفلاتوون ئاشنایەتی لەتەك ئەم گوتارەدا هەبوو یان گێڕانەوەکەی تۆکۆدیدس و یان گێڕانەوەی ژێدەرێکی دیکەی کە بێگومان زۆر بەو چووە، بەڕاست و دروست دەزانی. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتگەلی ٣١ و٣٤ و٣٥، بەشی دەیەم. (شایانی باسە کە پریکلس لەسەرەتادا، کاتێ تازە دەستی بەکارکردبوو، لەبەرانبەر غەریزەی خێڵ پەرستانەی خەڵك و خۆبەزلزانی گرووپی خەڵکی رەشۆك، هەندێ جوێیەتی گوماناوی بەخشیبوو. مەبەستم یاسای ساڵی ٤٥١ بەر لەزایینە کە تایبەتە بە (ماف وئەرك)هاووڵاتی. بەڵام دواتر رەنگە لەژێر کاریگەری هەندێ کەسی وەك پرۆتاگۆراس، سەبارەت بەم بوارە بە تێڕوانینەکانی خۆیدا چووبێتەوە.)

١٧ـ هەڵبسەنگێنن لەگەڵ نووسینی هێرودۆت[٩٤]و بەتایبەتی ئەو ستایشەی کە پێشکەشی isonomy یان یەکسانی لەبەرانبەر یاسای دەکات[٩٥]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ١٣ و١٤ هەر لەم بەشەدا. پارچەی جێگەی باسی هێرۆدۆت[٩٦]، کە لەهەندێ لایەنی دیکەوە کاریگەری لەسەر ئەفلاتوون داناوە، هەروەك گوتارەکەی پریکلس، لەکۆماردا گاڵتە و سووکایەتی پێکراوە. بەراوردی بکەن لەتەك یادداشتی ١٤ لەبەشی چوارەم ویادداشتی٣٤ لە بەشی دەیەم.

٩١. ٥٦٣b، هەروەها لەتەك یاداشتی پێشوودا بەراوردی بکەن.

93. Thucydides, II, 37ff.
94. Herodotus, III, 80.
95. Ibid, III, 80, 6.

٩٥. بەراوردی بکەن لەگەڵ یاداشتی ٢٤ لەبەشی چوارەمدا.

١٨ـ سەرنجڕاکێشە کە تەنانەت ئەرستۆی سروشتزانیش هەمیشە ئاماژە بەم جۆرە یەکسانیخوازییە ناکات کە لەسەر بنەمای سروشتگەرایی دامەزراوە. بۆنموونە، ئەو فۆرمەی لەکتێبی <u>سیاسەت</u> (١٣١٧b)[٩٧] بە پرەنسیپەکانی دێموکراسی دەدات بەتەواوی لەم بابەتە سەربەخۆیە. بەڵام لەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە تەنانەت لە گۆرگیاسدا کەگرنگییەکی زۆر بۆ بەرانبەرێتی (بەرهەڵستی) نێوان سروشت و داب دادەنێت، یەکسانیخوازی بەدەر لەتیۆری گوماناوی یەکسانی سروشتی هەموو مرۆڤەکان دەخاتە ڕوو. (بگەڕێنەوە بۆ ٤٨٨e /٤٨٩a کە وێڕای یادداشتی١٤ لەم بەشەدا ئاماژەی بۆکراوە، هەروەها ٣٨٣d و٤٨٤a و٥٠٨a).

١٩ـ هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ مێنکسیوس، ٢٣٨e ـ٢٣٩a. پارچە خوازراوەکە یەکڕاست پاش ئاماژەیەکی روون بۆ گوتاری پریکلس هاتووە، واتە بۆ دووەمین رستە کە لەدەقی تایبەت بەیادداشتی ١٧ی ئەم بەشە {لە پریکلسمان} خواست). هیچ بەدوور نییە کە دووپات کردنەوە و جەختکردن لەسەر "یەکسانی رەچەڵەك" هێمایەکی سووکایەتیکردن بێت بە رەچەڵەکی "سووکی" پریکلس و کوڕانی ئاسپاسیا[٩٨] کە تەنیا لەرێگای ئەو یاسا تایبەتەی ئاماژەی بۆکرا، لەساڵی ٤٢٩بەر لەزایین توانییان ببن بە هاووڵاتی ئەسینا[٩٩].

هەندێ کەس (تەنانەت گرۆت)[١٠٠] لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە لە مێنکسیوس ، ئەفلاتوون "زمانی توانج وتەنز... لەگوتاربێژییەکانیدا بەلاوە دەنێت". بەجۆرێکیتر، مەبەست ئەوەیە کە بەشی نێوەڕاستی مێنکسیوس کە پارچە وەرگیراوەکەی دەقەکە هی ئەوە، بەنیازی تانە و تەشەر نەنووسراوە. بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی ئەو رستانەی لەمەڕ یەکسانییەوە نووسراون و بەوەبەرچاوگرتنی ئەو سووکایەتییەی ئەفلاتوون بە راشکاوی لەکاتی وتوێژ لەسەر ئەم خاڵە لە کۆماردا دەریدەبڕێت[١٠١]، بەبۆچوونی من ئەم رایە بۆ بەرگریلێکردن ناشێت. هەروەها من پێموایە، هەر چەشنە گومانێك سەبارەت بە خەسڵەتی تەنزئامێزی پارچەی بەر لەرستە وەرگیراوەکان، ئاستەمە. لەم پارچەیەدا، ئەفلاتوون لەکاتی دوان لەسەر ئەسینا دەڵێت

٩٦. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٩ لەم بەشەو بابەتە پەیوەندیدارەکان لەدەقەکەدا.

98. Aspasia.

99. E. Meyer, Gesch. D. Altertums, vol. IV, p. 14, Note to No. 392, & p. 323, No. 558.

100. G. Grote, Plato, III, p. II.

١٠٠. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٤ هەر لەم بەشەدا.



(٢٣٨c/d) :"لەو کاتیشدا <u>وەکو سەردەمی ئێستا</u>... حکوومەتەکەمان هەمیشە حکوومەتی ئەرستۆکرات بوو...، ئەگەرچی هەندێ جار ناوی دەنێن دێموکراسی {=حکوومەتی خەڵك}، لەراستیدا حکوومەتی ئەرستۆکراتییە، واتە حکوومەتی باشترین کەسەکان لەرێی پەسندکردنی جەماعەت{=ئاپۆرای خەڵك}ـەوە..." بە سەرنجدان لەبێزاری ئەفلاتوون لەدێموکراسی، پێویست بە رادەربڕینی دیکە ناکات.*

پارچەیەکیتر کە سەبارەت بە خەسڵەتە تەنزئامێزەکەی هیچ گومانێك نەماوەتەوە، پارچەی d ـ٢٤٥cـە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی٤٨ لەبەشی هەشتەم). لێرەدا "سوقرات" ستایشی ئەسینا دەکات سەبارەت بەو نەفرەتە بێریزپەرەی کە لەبەرانبەر بێگانە و بەربەرەکان هەیەتی. بەڵام لەشوێنێکی تردا[١٠٢]، ئەفلاتوون وێڕای پەلاماردانی دێموکراسی ـ واتە دێموکراسی ئەسیناـ سووکایەتی و سەرکۆنەی ئازادیخوازی ئەو شارە دەکات لەهەمبەر هەڵسوکەوت لەتەك بێگانەکاندا. کەواتە، ئەو ستایشەی لە مێنکسیوسدا کراوە، جگە لە تیروتوانج هیچی دیکە نییە و سەیردەکەین یەکێك لە لایەنگرەکانی ئسپارتە سەر لەنوێ گاڵتە بەرەفتاری ئازادیخوازانەی ئەسینا دەکات. (بەپێی یەکێك لە یاساکانی لوکورگوس[١٠٣]، یاساغ بوو بێگانەکان لەئسپارتدا نیشتەجێ بن، هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ شانۆنامەی **<u>باڵندەکانی</u>** ئاریستۆفانس.) هەروەها لەم بەستێنەدا جێگای سەرنجەکە لە مێنکسیوسدا[١٠٤] ئەو گوتاربێژەی هێرش دەکاتە سەر ئەسینا ((سوقرات))ـە و ئەفلاتون لە بارەیەوە دەڵێت، ئەو قوتابی ئانتیفۆنی گوتاربێژە[١٠٥] کە یەکێك بوو لەسەرکردەکانی تاقمی لایەنگری ئۆلگاریشی. (ئەم ئانتیفۆنە، خەڵکی رامنوس[١٠٦] بوو و نابێ لەتەك ئانتیفۆنی سۆفیستی[١٠٧] ئەسینیدا بەهەڵە تێکەڵاویان بکەین.) ئەو خاڵەی بەتایبەتی شیاوی تێڕامانە ئەوەیە کە هەرئەم "سوقرات" لەمەڕ گوتارێك کە تۆکۆدیدس تۆماری کردووە، بەزمەساتێ (هزلیە) دروستدەکات

١٠١. کۆمار، ٥٢٦e بەدواوە، ئەم پارچەیە لەیادداشتی ٤٨، بەشی هەشتەم ئاماژەی بۆکراوە.

١٠٢. Lycurgus (نزیکەی سەدەی نوێ پێش زایین). پاشای ئسپارت و داڕێژەری دەستووری (یاسای بنەڕەتی) ئەم شارە.

١٠٣. ٢٣٦a، بەراوردی بکەن لەتەك بەشی دەیەم، یادداشتی ١٥(١).

105. Antiphon the Orator

106. Rhamnus

107. Antiphon the sophist

و بەڕواڵەت تۆکۆدیدس قوتابی ئانتیفۆن بووە کە "سوقرات" زۆر ستایشی دەکرد.* لەهەمبەر راست ودروستی رەسن بوونی مێنکسنوس، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، یاداشتی٣٥.

٢٠ـ یاساکان ٧٥٧a. بگەڕێنەوە بۆ سەرانسەری ئەم پارچەیە (e ـ٧٥٧a) کە بەشە سەرەکییەکانی پێشتر لە یاداشتی٩(١) هەر لەم بەشەدا ئاماژەیان بۆکراوە.

(١) لەمەڕ ئەوەی من بە نارەزایەتی باو دژی یەکسانیخوازی ناوزەدم کردووە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٧٤٤b بەدواوە: "{شتێکی ئەوتۆ} گەلێ بەنرخ دەبوو ئەگەر هەموو کەسێك بیتوانیبا... بەشێوەیەکی یەکسان خاوەن هەموو شتێك بووایە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم شتە محاڵە..."تاد. ئەم پارچەیە بەتایبەتی لەم رووەوە شیاوی گرنگی پێدانە کەبەشێکی زۆر لەنووسەران کە تاکە بنەمای داوەرییەکانیان لەمەڕ ئەفلاتوون کۆمارە، بەدوژمنی پارەسالاری {=فەرمانڕەوایی دەوڵەمەندان (plutocracy)} دەیناسێنن. لەم پارچە گرنگەی یاساکاندا (٧٤٤b) ئەفلاتوون خوازیاری ئەوەیە "(وەدەستهێنانی) پلە و پایەی سیاسی و دان و وەرگرتنەکان، گونجاوبێت لەگەڵ سامانی هەر هاوولاتێکدا. دەبێ ئەمە نەتەنیا هەر پەیوەست بێت بە فەزیلەتی خۆی و باوباپیرانی و بەهێزی جەستە و جوانی روخساری بەڵکو پەیوەست بێت بە دەوڵەمەندی و دەستکورتییەکەشیەوە. بەم چەشنە هەموو کەسێك بەپێی پێودانگی ئینساف، شانازی و پلەوپایەکان وەدەستدێنێت، واتە بەرێژەی سامانەکەی ئەوەندە نەبێت بەپێی بنچینەی دابەشکردنی نایەکسان."* تیۆری دابەشکردنی یەکسانی شانازی و تالانییەکان بەپێی سامان وبەهێزی جەستە، لەوانەیە یەکێك لە یادگارییەکانی سەردەمی پاڵەوانێتی و داگیرکاری بێت. (ئەم بنچینەیە لەسەردەمی هۆمیرۆسدا شتێکی پەسندبوو و ئایسلەر پێی راگەیاندم کە دەتوانین بڵێین لەهەموو حاڵەتەکانی لەشکرکێشی داگیرکارەکان {بۆ بەرفراوان کردنی ولات} راست بووە.)* بیرۆکەی سەرەکی بناغەی ئەم تیۆرانینە ـ واتە رەفتاری یەکسان لەگەڵ نایەکسانەکاندا پێچەوانەی دادپەروەرییە ـ زۆر پێشتر لەمە وێڕای دوانێکی خێرا لە دیالۆگی پرۆتاگۆراس (٣٣٧a) ئاماژەی بۆکرابوو. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ گۆرگیاس، ٥٠٨a، کە لەیادداشتەکانی٩ و٤٨ ئەم بەشەدا تیشکی خراوەتە سەر.) بەڵام ئەفلاتوون تابەر لەنووسینی یاساکان، سوودێکی باشی لەم بیرۆکەیە وەرنەگرتبوو.



(٢) بۆ ئاگاداربوون لە تێڕوتەسەل کردنی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن ئەرستۆوە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ **سیاسەت**[١٠٨]. لەوێدا ئێژێ :"هەموو مرۆڤەکان شێلگیرن لەسەر جۆرێك لەدادپەروەری، بەڵام تێگەیشتنەکانیان کەموکوڕی تێدایە و بەتەواوی ئەم مانایە لەخۆ ناگرێت. بۆ نموونە، (دیموکراتەکان) پێیانوایە دادپەروەری بریتییە لەیەکسانی کە هەرواشە وەلێ نەك یەکسانی بۆهەمووان بەڵکو تەنیا بۆ یەکسانەکان و(ئۆلیگارکەکان) لەسەر ئەو بڕوایەن دادپەروەری بریتییە لەنایەکسانی ـ کە هەر وەهاشە بەڵام نەك نایەکسانی بۆ هەمووان بەڵکو تەنیا بۆ نایەکسانەکان." هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ ئەخلاقی نیقۆماخۆس، ١١٣١b٢٧ و١١٥٨b٣٠.

(٣) لەبەرانبەر هەموو ئەم دژە یەکسانیانەدا، من لەگەڵ کانتدا هاوڕام و پێموایە دەبێ هەموو جۆرە ئەخلاقێك لەسەر بناغەی ئەم پرەنسیپە دابمەزرێت کەهیچ کەسێك خۆی پێ بەنرختر نەبێت لەکەسێکی دیکە و دەڵێین بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هەموو لایەك دەزانن، ئاستەمە کەسێك بتوانێت بێلایەنە لەمەڕ خۆیەوە داوەری بکات، بەڵام ئەم پرەنسیپە تاکە پرەنسیپی پەسندکراوە. کەواتە، ناتوانم لەقسەی نووسەرێکی پایە بەرزی وەك کەتلین[١٠٩] تێبگەم کاتێ ئێژێ: "لەئەخلاقیاتی کانتدا، شتێکی قووڵی نائەخلاقی بوونی هەیە، چونکە ئەو گەرەکیەتی هەموو کەسایەتییەکان وەك یەك لێبکات....و ئەم فەرمانەی ئەرستۆ وەبەرچاو ناگرێت کە دەڵێت یەکسان بدەن بە یەکسانەکان و نایەکسان بە نایەکسانەکان. مافی کۆمەڵایەتی هەموو کەسێك لەگەڵ کەسێکیتردا جیاوازی هەیە... بەندە بەهیچ چەشنێك ئامادەنیم نکۆڵی لەوەبکەم کە... شتێ بەناوی 'خوێن' بوونی هەیە." بەڵام من دەپرسم: تەنانەت ئەگەر شتێك بەناوی 'خوێن'[١١٠] بوونی هەبێت یان بەناوی بەهرە و تواناو شتی ترو تەنانەت ئەگەر ئەوە نرخی هەبێت کە یەکێك کاتی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم جیاوازییانە بەفیرۆ بدات و بتوانێ لەم هەڵسەنگاندنانەدا سەرکەتن بەدەستبێنێ ـ بۆچی دەبێت ئەم شتە ببێتە هۆی وەرگرتنی مافی زیاتر نەك ئەرکی قورستر؟ (بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی چوارەم، دەقی تایبەت بەیادداشتی ٣١ و٣٢). نازانم کوێی یەکسانیخوازی کانت بە قووڵی نائەخلاقییە

---

١٠٧. کتێبی سێیەم، بەشی ٩، ١٢٨٠a (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ :١٢٨٤bـ ١٢٨٢b و ١٣٠١b٢٩).
109. Cathin, op. p. 314.

١٠٩. هەڵبەتە مەبەست رەچەڵەك و پشتە.

و تێناگەم سەرەڕای ئەوەکە کەتلین ئەخلاق لەریزی زەوق و سەلیقە[١١١] دادەنێت، بنەمای داوەری و حوکمەکانی خۆی چییە؟ بۆچی "زەوق وسەلیقە"ی کانت (کە هەمان "چێژ و زەوقی" ئایینی مەسیحە) بە قووڵی نائەخلاقییە؟ تاکە بەرسڤێك کە بەهزری مندا دێت ئەوەیە کە کەتلین لەروانگەی پۆزیتیڤیزمەوە[١١٢] حوکم دەدات[١١٣] و لەسەر ئەو بڕوایەیە ئەوەی دینی مەسیح وکانت گەرەکیانە نائەخلاقییە چونکە خواستەکانیان لەگەڵ نرخاندنە[١١٤] پۆزیتیڤییەکانی کۆمەڵگای هاوچەرخی ئێمە دژایەتییان هەیە.

(٤) یەکێك لەباشترین وەڵامەکان بۆ ئەم جۆرە دژە یەکسانییە لەلایەن رۆسۆوە دراوەتەوە، هەرچەندە پێموایە رۆمانتیزمەکەی یەکێك لەزیانمەندترین کاریگەرییەکانی خۆی لەسەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەجێهێشتووە (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی١ هەر لەم بەشەدا). لەگەڵ ئەوەشدا لەم پانتاییەدا، یەکێك لەو نووسەرە پرشنگدارانەیە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. ئێستا یەکێك لە وتە بەنرخەکانی لە کتێبی **لەمەڕ چاوگی نایەکسانی**[١١٥] وەردەگرم و حەزدەکەم خوێنەران سەرنج لە داڕشتنی بەهێز و پڕ ناوەڕۆکی دوایین رستەی بدەن (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە):

> من پێموایە دوو جۆر نایەکسانی لەنێو مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، من یەکێکیان بە (نایەکسانی) سروشتی یان ماددی ناوزەد دەکەم، چونکە لەلایەن سروشتەوە دیاریکراوە و بریتییە لەجیاوازی تەمەن و لەش ساغی و هێزی جەستەیی و چۆنایەتی تایبەت بە زەین یان رۆح، دەتوانین ئەویتریان بە نایەکسانی مەعنەوی یان سیاسی ناودێربکەین چونکە پەیوەستە بەجۆرە داب یان پەیمانێك و لەلایەن رەزامەندی و قبووڵکردنی خەڵکەوە دادەنرێت یان لانیکەم بەرەوا دەزانرێت. ئەم (نایەکسانییە یان) بریتییە لە جیاوازی جۆییەتی (امتیازات) کە هەندێ کەس هەیانە... وەك سامان یان پلەوپایە یان دەسەڵاتی زیاتر... بێهوودەیە ئەگەر

111. Taste
112. Positivism

١١٢. بەراوردی بکەن لەتەك بەشی پێنجەم، یادداشتی ١٨(٢).

114. Valuation
115. J.J. Rousseau, on the origin of Inequality (Every man) edition of the social contract, p. 174).



> کەسێك بپرسێت چاوگی نایەکسانی سروشتی چییە چونکە پەرسڤەکە لەناو پێناسەی سادەی وشەکەدایە و **لەمەش بێهوودەتر ئەوەیە یەکێك بپرسێت ئایا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی خودیی لەنێوان ئەم دووجۆرە نایەکسانیەدا هەیە یان نا**، چونکە ئەم پرسیارە وەك ئەوەیە بپرسین ئایا ئەو کەسانەی فەرمانڕەوایی دەکەن حەتمەن لەو کەسانە باشترن کە فەرمانڕەواییان بەسەردا دەکرێت و ئایا هێزی جەستەیی یان سامان یان دانایی یان فەزیلەت هەمیشە... بەپێی دەسەڵات یان سامان لە تاکەکاندا دەستدەکەوێت یان نا؟ **رەنگە شتێکی شایستە بێت کە کۆیلەکان بە چەشنێك کە دەنگیان بەگوێی خاوەنەکانیان بگات لەمەڕ ئەم پرسیارەوە بدوێن، بەڵام بۆ ئەو پیاوە ئازادانەی بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێن ئەم کارە جوان نییە**.

٢١ـ کۆمار، ٥٥٨c. هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی١٤ هەر لەم بەشەدا (یەکەمین وتە کە وەك هێرش کردنە سەر دیموکراسی خراوەتە ڕوو).

٢٢ـ کۆمار، ٤٣٣b. ئادامیش ئەوەی دەست نیشانکردووە کە ئەم قسانە بەنیازی بەڵگەخوازی وتراون[١١٦]و پاش ئەوەی هەوڵدەدات خۆی ئەم بەڵگەخوازییە تەواو بکات، سەرەنجام دان بەوە دادەنێت کە "بەدەگمەن رێکدەکەوێ ئەفلاتوون ئەو هەمووە وتراوە بە نەوتراوی بەجێ بهێڵێت کە خوێنەر بەیارمەتی زەینی خۆی {شتی} پێیەوە زیاد بکات."

٢٣ـ کۆمار، ٤٣٤a/٤٣٣e. بۆ ئاگاداربوون لە درێژەی ئەم پارچەیە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بەیادداشتی٤٠ هەر لەم بەشەدا. بۆ زانیاری لەسەر ئەو پێشەکییەی کە لەبەشەکانی پێشتری کۆمار بەر لەهێنانی پارچەی نێوبراو ئامادە دەکرێت، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٦ لەم بەشەی ئێستادا. ئادام شیکردنەوەیەکی بۆ پارچەی "دووەمین بەڵگەخوازی" نووسیوە و دەڵێت[١١٧] :"ئەفلاتوون بەدوای خاڵی تەماسی نێوان بۆچوونی خۆی لەمەڕ دادپەروەری و مانای خەڵك پەسند و گشتی و حقووقی ئەم وشەیەدا دەگەڕێت..." (ئەم وتەیەی لەبەندی دواتر لەدەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە). ئادام دەیەوێت بەرگری لە بەڵگەخوازی ئەفلاتوون بکات

١١٥. بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزەکەی بۆ ٤٣٣b١١.

١١٦. بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزەکەی بۆ ٤٣٣e٣٥.

لەبەرانبەر یەکێك لەرەخنەگرەکان بەناوی کرۆن[١١٨] کە تێبینی ئەوەی کردووە ـ هەڵبەتە رەنگە نەهێندە بەروونی ـ کە کەموکوڕییەکی تێدایە.

٢٤ـ وتە خواستراوەکانی ئەم بەندە هی کۆمارە (٤٣٠d بەدواوە).

٢٥ـ پێدەچێت ئەم خۆدۆزینەوەیە تەنانەت کاریگەری لەسەر رەخنەگرێکی وردبینی وەك گۆمپێرتس ـ یش، دانابێت چونکە لەو تاوتویکردنە کورتەی ئەنجامی داوە[١١٩]، نەك هەر بەهیچ جۆرێ باسی لاوازی ئەم بەڵگەخوازییە ناکات، بەڵکو وێڕای دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی سەبارەت بەدوو کتێبی یەکەمیان، دەنووسێت[١٢٠]: "ئەو شیکردنەوەی ئێستا دەخرێتەروو، لەرووی روونی و وردی و خەسڵەتی راستەقینەی زانستی، دەتوانین بە موعجیزە وەسفی بکەین..."و درێژەی پێدەدات کە گفتوگۆکارانی ئەفلاتوون، واتە گلاوکۆن و ئادیمانتوس[١٢١]، "بە چەشنێك لە ئاگری جۆش و خرۆشدا دەسووتێن... کە هەموو جۆرە رێگا چارەیەکی ساکار رەد دەکەنەوە و زووتر رێگاکەی لێدەبەستن."

ئەو بابەتانەی لەبەندی دواتری دەقەکەدا لەمەڕ میانڕۆیی وتوومە، لەگەڵ ئەم رستانەی "شیکردنەوەی" دیڤس و ڤان[١٢٢]دا هەڵیبسەنگێنن (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە): "جەوهەری میانڕۆیی، لەخۆبردووییە. جەوهەری میانڕۆیی سیاسی بریتییە لەناسینەوەی **مافی فەرمانڕەواکان لەهەمبەر وەفاداری و ملکەچی لەلایەن خەڵکی ژێر دەستەوە.**" تێبینی ئەوە دەکرێت کە موریدەکانی ئەفلاتوونیش، لەگەڵ راڤەی من بۆ چەمکی میانڕۆیی لای ئەودا هاوڕان، ئەگەرچی مەبەستەکەی خۆیانیان لەرێگای دەستەواژەی ترەوە دەربڕیوە. دەبێ ئەوەش زێدەبکەم کە "میانڕۆیی"ـ واتە قەناعەتکردن بە شوێن وپلەو پایەی خۆ ـ فەزیلەتێکی هاوبەشی نێوان هەر سێ چینەکەیە و تاکە فەزیلەتێکە کە کرێکارەکان لێی بەهرەمەندن. بەم چەشنە، میانڕۆیی فەزیلەتێکە کرێکاران یان ئەو کەسانەی کرێگرن دەتوانن وەدەستی

118. A. Krohn

١١٨. گومپێرتس، **بیرمەندانی یۆنان**، ئەڵمانی، کتێبی پێنجەم، بەرگی ٢، ل٣٧٨ ـ ل٣٧٩.

١١٩. هەمان کتێب، ل٣٦٨.

121. Adeimantus

122. J.L.Davies, C.E.vaughan, Repubic, Golden Treasury ed.,p.xvIII.



بێنن[١٢٣]، ئەو فەزیلەتەی شەڕکەرەکان بتوانن بەدەستی بێنن میانڕۆیی و دلێرییە و ئەو فەزیلەتەی بەکاری زیرەڤانان بێت، میانڕۆیی و دلێری و داناییە.

"دیباجەی درێژ" کە لەبەندی ئایندەشدا خواستراوەتەوە هی کۆمارە (٤٣٢b بەدواوە).

٢٦ـ پێویستە سەبارەت بە "کۆگەرایی" لەرووی زاراوە ناسییەوە لێرەدا روونکردنەوەیەك بخەمە روو. ئەوەی ئێچ.جی.ویلز[١٢٤] بە "کۆگەرایی" ناوزەدی دەکات هیچ پەیوەندییەکی بە "کۆگەرایی" منەوە نییە. ویلز بەو مانایەی من بۆ ئەم وشەیە بەکاری دەهێنم لایەنگری تاکگەراییە. کتێبەکانی ـ **مافەکانی مرۆڤ**[١٢٥] و **عەقڵی ساخلەم لە جەنگ و ئاشتیدا**[١٢٦]ـ هەردووکیان دەربڕی ئەم مانایەن و لەهەردووکیاندا، بەچەشنێکی زۆر پەسند خواستە یەکسانیخوازەکانی رێبازی تاکگەرایی فۆرمۆلبەندی کردووە. بەڵام وێلز لەسەر ئەو بڕوایەشە و لەم رایەدا لەسەر هەقە ـ کە دەتوانین بەرنامەرێژی بۆ دەزگا سیاسییەکان بکەین بەئامانجی بەرەو پێش بردنی ئازادی و بەختەوەری مرۆڤەکان، بەپێی پێودانگی عەقڵی. ئەوە ئەو شتەیە کە وێلز بە "کۆگەرایی" ناوزەدی دەکات. بەڵام ئەگەر من بمەوێت هەر ئەم مانایە شیبکەمەوە کە ئەو لەرێگای زاراوەی "کۆگەرایی"یەوە دەریدەبڕێت، پێویستە بەم چەشنە گوزارشت لەخۆم بکەم :"بەرنامە رێژییەکی عەقلانی بۆ دەزگاکان لەپێناو (بەرەو پێش بردنی) ئازادی". رەنگە ئەم دەربڕینە درێژ و نائاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام لەو مەترسییە دوور دەکەوێتەوە کە "کۆگەرایی" بەمانای دژی تاکگەرایی لێك بدرێتەوە ـ هەروەك چۆن زۆربەی کات بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکرێت و{ئەم بابەتە} پەیوەندی بەم کتێبەوە نییە.

٢٧ـ یاساکان، ٩٠٣c. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی پێنجەم، دەقی تایبەت بەیادداشتی٣٥. ئەو "پێشبڕکییەی" کە لەدەقەکەشدا ئاماژەمان بۆکردووە هی یاساکانە (٩٠٣b) :"بەڵام ئەو پێویستی بەچەند ئامۆژگارییەك هەیە کە وەك نووشتە[١٢٧] لەگەڵ خۆی هەڵیبگرێت" تاد.

123. money-earners

١٢٣. Herbert George wells (١٨٦٦-١٩٤٦).نووسەری ئینگلیزی،خاوەن زیاتر لە پەنجا کتێب لە پانتایی مێژوو،رۆمان و چیرۆکی خەیاڵی.لەزۆربەی ئەم نووسینانەدا پرسە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکان بەزمانێکی پاراو و خەڵکی و لە هەمان کات لە روانگەیەکی داهێنەرانەوە دەخاتە بەر تاوتوێ کردن .

125. Rights of Man

126. The common sence of war and peace.

127. charm

**٢٨ـ** لەشوێنی بێئەژماری کۆمار و یاساکاندا، ئەفلاتوون هۆشدار سەبارەت بە خۆخوازی هەوسار پچڕاوی گرووپی دەدات. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥١٩eو ئەو پارچانەی لەیاداشتی ٤١ی ئەم بەشەدا داوای گەڕانەوە بۆیانمان کردووە.

بەزۆری بانگەشەی ئەوە دەکرێت یەکیەتییەك لەنێوان کۆگەرایی و ئەویترخوازیدا هەیە. لەم بارەیەوە، دەتوانین ئاماژە بەپرسیارێکی زۆر بەجێ بکەین کە شرینگتۆن دەیخاتە ڕوو و دەپرسێ[١٢٨]: "ئایا ڕەوە {ماسییەك} یان مێگەلە {چوارپێیەك} هەستی ئەویترخوازیان هەیە؟"

**٢٩ـ** دیکنز بە هەڵە سووکایەتی بە پەرلەمان دەکات. بگەڕێنەوە بۆ بەشی حەوتەم، یاداشتی٢٣.

**٣٠ـ** ئەرستۆ، **سیاسەت**، کتێبی سێیەم، ١٢، ١ (١٢٨٢b). هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یاداشتەکانی ٩ و٢٠ هەر لەم بەشەدا. (بەراوردی بکەن لەتەك وتەی ئەودا کە دەڵێت[١٢٩] دادپەروەری هەم پەیوەستە بەتاکەکان و هەم بە شتەکان). سەبارەت بەو وتەیەی کە هەندێ دواتر لەم بەندەدا ئاماژەمان بۆکردووە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی پەیوەندیدار بە یاداشتی١٦ لەم بەشە و یاداشتی٣١ لەبەشی دەیەمدا.

**٣١ـ** ئەم گوتەیە هی پارچەیەکی کۆمارە (٥١٩e) کە لە دەقی تایبەت بە یاداشتی٣٥، بەشی پێنجەم ، وەرگیراوە.

**٣٢ـ** ژێدەری ئەو دوو پارچە گرنگەی کە(١) لەم بەندە و (٢) لە بەندی دواتردا ئاماژەی بۆکراوە. بەم چەشنەیە :

(١) یاساکان، ٧٣٩c بەدواوە. ئەفلاتوون لێرەدا ئاماژە بەکۆمار دەکات. بەتایبەتی وەك دیارە (ئاماژە) بۆ ٤٦٢a بەدواوە. ٤٢٤a و٤٤٩e. (لەبەشی پێنجەم، یاداشتی٣٥، خشتەیەك لە پارچەکانی پەیوەست بە کۆگەرایی و گشتگەرایی خراوەتە ڕوو. سەبارەت بەرێبازی کۆمۆنیزمی ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یاداشتی٢٩(٢)و ئەو شوێنانەی داوای گەڕانەوە بۆیانمان کردووە.) ئەو پارچەیەی لێرەدا ئاماژەی بۆکراوە، وەك هەمیشە بە پەیڤێکی فیساگۆرس دەستپێدەکات کە ئێژێ :"دۆستەکان لە هەرچییەکی هەیانە

128. C.sherrington,Man on His Nature,p.388.

١٢٨. سیاسەت، کتێبی سێیەم،٣،٩،a.١٢٨.



هاوبەشن." بەراوردی بکەن لەگەڵ یاداشتی٣٦و بابەتەکانی پەیوەست بەمە لەدەقەکەداو ئەو شتەی لەمەڕ "خۆراکە هاوبەشەکان" لەیادداشتی٣٤دا باسیکراوە.

یاساکان، ٩٤٢a بۆدواوە. بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی دواتر.

گۆمپرتس[١٣٠]، ئەم دوو پارچەیەی بەدژی ڕێبازی تاکگەرایی لەقەڵەمدەدات.

**٣٣ـ** بەراوردی بکەن لەگەڵ یاداشتی٤٢، بەشی چوارەم و بابەتی پەیوەست بەمە لەدەقەکەدا. ئەو وتە وەرگێراوەی تۆزێك دواتر لەم بەندەدا ئاماژەی بۆکراوە هی یاساکانە (٩٤٢a). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی پێشوو.

ئەوەمان لەبیر نەچێت کە لەیاساکان وکۆماردا، بۆ هەموو ئەو کەسانەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان هەیەـ واتە هاووڵاتیان یان هەموو ئەو تاکانەی خودان مافە مەدەنییەکانن ـ ڕاهێنانی عەسکەری بەتۆبزی و ناچارییە (بەراوردی بکەن لەتەك یاساکان، ٧٥٣b).ئەوانیترهەموویان ئەگەرکویلەنەبن،لەریزی "کاسبکارەکان" دەژمێردرێن (هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ یاساکان ٧٤١e و٧٤٣dو بەشی یازدەهەم، یاداشتی٤).

بارکێر کە خۆی لە میلیتاریزم بێزارە، پێیوایە ئەفلاتوونیش بیروبۆچوونی وەك ئەوەی هەبووە[١٣١]. ڕاستە ئەفلاتوون نەکەوتۆتە پیاهەڵدان و پەسندکردنی جەنگ و تەنانەت لەدژی قسەشی کردووە. بەڵام گەلێك لە میلیتاریستەکان لەئاشتی دواون و شەڕیان کردووە و لە لوتکەی دەوڵەتی ئەفلاتوونیشدا "کاستێکی" عەسکەری قەراری گرتووە ـ واتە ئەو کەسانەی کە پێشتر لە ڕیزی جەنگاوەرەکان بوون و ئێستا ڕوویان کردۆتە حیکمەت و دانایی. ئەم حوکمە لەمەڕ یاساکان[١٣٢]و کۆمارەوە ڕاستە.

**٣٤ـ** داڕشتنی یاساگەلی قورس سەبارەت بە خۆراك خواردن ـ بەتایبەتی "**خواردن بەشێوەیەکی هاوبەش وکۆگەلی**"ـ و هەروەها لەمەڕ مەشقکردنی بادەنۆشی، یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی

١٢٩. هەمان کتێب، بەرگی ٢،ل ٤٠٦.

131. E.Barker,Greek political theory.pp.298-301

١٣١. بەراوردی بکەن لەتەك b ٧٥٣.

ئەفلاتوونە[١٣٣]. ئەو هەمیشە بە وەبەرچاوگرتنی رێوڕەسمی ئسپارتی و کرێتی جەختی لەسەر گرنگی ئەم شێوازە خواردنە دەکردەوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کریتیاسی خاڵی ئەفلاتوونیش زۆر گرنگی بەم شتانە داوە (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ دیلس(٢)، کریتیاس، پارچەی٣٣).

لەهەمبەر ئاماژەکردن بە پشێوی و بێبەندوباری "گیانلەبەران" لەکۆتایی ئەم وتە خواستراوەی ئێستادا، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥٦٣C.

**٣٥ـ** یاساکان، پیاچوونەوەی ئینگلەند، بەرگی١، ل٥١٤، پەراوێزی ٧٣٩b٨. وتە خواستراوەکەی بارکێر لەهەمان کتێبی ئەوە کە پێشتر ناومان هێنا، ل١٤٨ ول١٤٩. هاوچەشنی ئەم مانایە، لەپارچەی بێئەژماری بەرهەمی ئەفلاتوونییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام بەوتەی شرینگتۆن[١٣٤]، ڕاست نییە ئەگەر کەسێك بڵێت ڕەوە {ماسییەك}[١٣٥] یان مێگەلە {چوارپێیەك} ئیلهام لەهەستی ئەویترخوازی وەردەگرێت. غەریزەی هاوگرووپی و هاوڕەنگی مێگەل ئاسا[١٣٦]و هەستی خۆخوازی خێلەکی و پەنابردنە بەر ئەم غەریزانە، نابێت لەگەڵ خۆنەویستیدا تێکەڵاو بکرێت.

**٣٦ـ** کۆمار، ٤٢٤a، ٤٤٩c. فایدرۆس، ٢٧٩c. یاساکان، ٧٣٩c. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٣٢(١) هەر لەم بەشەدا (هەروها بەراوردی بکەن لەگەڵ **لوسیس**[١٣٧]، ٢٠٧c و {شانۆنامەی} **ئۆرستس**، ٧٢٥، بەرهەمی ئیوریپیدس[١٣٨]). سەبارەت بە ئەگەری پەیوەندی ئەم پرەنسیپە لەگەڵ کۆمۆنیزمی سەرەتای مەسیحییەت و کۆمۆنیزمی مارکس، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٩(٢) هەر لەم بەشەدا.

---

١٣٢. بۆ نموونە هەلیبسەنگێنن لەگەڵ کۆمار،٤١٦e،٤٥٨c،٥٤٧d\e; یاساکان،٦٢٥e،٦٣٣a(کەدەڵێت ڕێوشوێنی تایبەت بە خواردن بەشێوەی هاوبەش، بەوەبەرچاوگرتنی پرسی جەنگ دارێژراوە);٧٨٠b،٧٦٢- ٧٨٣، ٨٠٦C بەدواوە،٨٣٩c،٨٤٢b.

١٣٣. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٨هەر لەم بەشەدا.

135. shoal

136. herd instinct

١٣٦. Lysis یەکێکە لە دیالۆگە بچووکەکانی ئەفلاتوون، لگفی و کاویانی ناونیشانی ئەم دیالۆگە یان بە لیزیس وەرگێراوە.

138. Euripides, Orestes.



سەبارەت بەو تیۆرەی لەسەر بنەمای تاکگەرایی لەهەمبەر داد و ستەم لەگۆرگیاسدا ئاماژەی بۆکراوە) بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەو نموونانەی لەو دیالۆگەدا خراونەتە ڕوو (٤٦٨b بۆدواوە و ٥٠٨d/e). لەم پارچانەدا، کاریگەری سوقرات ڕەنگە هێشتا بەرچاو بکەوێت (هەڵیبسەنگێنن لەتەك یادداشتی٥٦ لەبەشی دەیەمدا). بڕوای سوقرات بەتاکگەرایی لە دۆکترینە ناسراوەکەی لەمەڕ (خۆبەسی) خودکەفایی پیاوچاکاندا لەهەموو شوێنێ باشتر خۆی دەنوێنێ. ئەم دۆکترینە لەکۆمار (٣٨٧d/e)دا لەلایەن ئەفلاتوونەوە ئاماژەی بۆکراوە. سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژایەتی لەگەڵ یەکێك لەبابەتە سەرەکییەکانی ئەم کتێبەدا هەیە ـ واتە ئەو شوێنەی دەڵێت تەنیا دەوڵەت دەتوانێ خۆبەس بێت. (بەراوردیبکەن لەگەڵ یادداشتی٢٥، بەشی پێنجەم، بابەتی پەیوەست بەم یادداشتە و یادداشتەکانی دواتر لەدەقەکەدا.)

**٣٧ـ** کۆمار، ٣٦٨b/c.

**٣٨ـ** بگەڕێنەوە بەتایبەتی بۆ کۆمار، ٣٤٤a بەدواوە.

**٣٩ـ** یاساکان، ٩٢٣b.

**٤٠ـ** کۆمار، c ـ٤٣٤a (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بەیادداشتگەلی ٦ و٢٣ هەر لەم بەشەو یادداشتەکانی٢٧(٣)و ٣١ لەبەشی چوارەم).

**٤١ـ** کۆمار، ٤٦٦b/c. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یاساکان، ٧١٥b/cو کۆمەڵێ پارچەی دیکە کە دژی مەیلی دژە گشتگەرایی بیروبۆچوونی خۆی دەربڕیوە کە کەڵکی خراپ وەرگرتنی لە جوێیەتی چینایەتی لێدەکەوێتەوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٨ هەر لەم بەشەو یادداشتی ٢٥(٤) لە بەشی حەوتەم.

**٤٢ـ** ئەو کێشەیەی لێرەدا ئاماژەی بۆکراوە هەمان "پارادۆکسی ئازادی"یە[١٣٩]. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٤، بەشی حەوتەم. لەهەمبەر گرفتی چاودێریکردنی دەوڵەت بەسەر پەروەردە و فێرکردن دابگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٣، بەشی حەوتەم.

---

139. paradox of freedom

**٤٣ـ** ئەرستۆ، **سیاسەت**، کتێبی سێیەم، ٩، ٦ (١٢٨٠a). بێرك، **شۆڕشی فەرەنسا**[١٤٠]. (زۆر لەشوێنی خۆیدایە کە جویت[١١٩] لەو پەراوێزەی کە بۆ ئەم پارچەیەی ئەرستۆی نووسیوە، ئاماژە بەم وتانەی بێرك دەکات. بگەڕێنەوە بۆ چاپی جویت[١٤١] بۆ **سیاسەت**، بەرگی٢، ل١٢٦).

ئەو وتەیەش کە هەندی دواتر لەم بەندەدا لە ئەرستۆ خواستراوە هی **سیاسەتە** (کتێبی سێیەم، ٩، ٨ ـ١٢٨٠b). فیلدیش ڕەخنەیەکی هاوچەشنی ئەمەی هەیەو ئێژێ[١٤٢]: "گومانی تێدانییە کە شارو یاساکانی شار کاریگەرییەکی پەروەردەیی لەسەر خەسڵەتی ئەخلاقی هاووڵاتیان دادەنێت." بەڵام گرین[١٤٣] بەڕاشکاوی پێشانی داوەکە ممکین نییە دەوڵەت بتوانێ ئەحکامەکانی ئەخلاقی بەهۆی یاساوە جێبەجێ بکات[١٤٤]. شکی تێدانییە کە لەگەڵ ڕێساکەی ئێمەدا کۆك دەبوو کە دەڵێت "ئەو شتەی ئێمە پێویستمان پێی هەیەو گەرەکمانە ئەوەیە کە سیمایەکی ئەخلاقی بدەین بە سیاسەت نەك ئەخلاقییات بخەینە قاڵبی سیاسەتەوە." (بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی ئەم بەندە لەدەقەکەدا). سپینۆزا[١٤٥] بەر لە گرین ئەم بۆچوونەی دەربڕیوە و دەنووسێت[١٤٦]: "ئەو کەسەی هەوڵدەدات هەموو شتێك لەرێگای یاساوە بخاتە ژێر ڕێکی و ڕێساوە، ڕەنگە بتوانێ زیاتر یارمەتی برەودانی ڕەزیلەت بکات نەك لەناوبردنی."

**٤٤ـ** بەڕای من، هاوتایی و وەکیەکی هێمنی مەدەنی و ئاشتی نێودەوڵەتی و بەراوردکردنی خراپەکاری ئاسایی لەگەڵ خراپەکاری نێودەوڵەتی (نێونەتەوەیی)، لەرووی هەرچەشنە هەوڵدانێك بۆ کۆنترۆڵکردنی تاوانی نێودەوڵەتی لایەنی بنەمایی هەیە. سەبارەت بەم هاوتاییە و بەرتەسکییەکانی، هەروەها لەهەمبەر هەژاری میتۆدی مێژووگەرایی بۆ ئەم جۆرە بابەتانە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٧، بەشی نۆیەم.

140. E.Burke, French Revolution,ed.1815;vol. v,184.
141. B.Jowett
142. G.C.field, plato and His Contemporaries, p.117.
١٤٢. T.H.Green (١٨٣٦-١٨٨٢) فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئینگلیزی و مامۆستای ئۆکسفورد. ئەو بەرهەمانەی لە پانتای ئەخلاق و سیاسەت نووسیویەتی کاریگەری لەسەر بیرمەندانی سیاسی سەدەی بیستەمی بەریتانیا داناوە.
144. T.H.Green, lectures on political obligtions.
١٤٤. Benedict de Spinoza (١٦٣٢-١٦٧٧) فەیلەسووفی بەناوبانگی هۆڵەندی بەرەچەڵەك یەهوودی.
146. B.de Spinoza,Tract.Theol.pol.,ch.20.



* هەندی کەس لەسەر ئەو بڕوایەن سوودوەرگرتن لەمیتۆدی عەقڵی بۆ چەسپاندنی ئاشتی لەنێوان نەتەوەکاندا، خەونێکی یۆتۆپیاییە. هـ. مۆرگنتاو[١٤٧] {یەکێکە} لەمانە. بەکورتی، هەڵوێستی مۆر گنتاو، تێڕوانینی کەسێکە کە بڕوای بەمێژووگەرایی هەیە بەڵام سەرلێشێواوە. مۆر گنتاو پەی بەوە بردووە کە پێشبینی مێژوویی مەحاڵە، بەڵام لەبەرئەوەی (بۆ نموونە وەك مارکسیستەکان) وادادەنێت کە توانستی بەکارهێنانی **عەقڵ** (یان میتۆدی عەقڵی) لەچوارچێوەی **توانست و پانتایی پێشبینیکردن** دایە، هەربۆیە لەسەر بنەمای بۆ پێش بینی نەشیاوی ڕووداوە مێژووییەکان بەم دەرەنجامە دەگات کە ناکرێت عەقڵ لە بەستێنی کاروباری نێودەوڵەتی (نێونەتەوەیی) بەکاربهێنرێت.

بەڵام ئەم دەرەنجامگیرییە مسداقیەتی نییە چونکە پێشبینی زانستی لەگەڵ پێشبینی بەمانای پێشگۆیی مێژووییدا جیاوازی هەیە. (جگە لەتیۆری کۆمەڵەی {سیستەمی} خۆر، هیچ کام لەزانستە سروشتییەکان، هەرگیز هەوڵنادەن بۆ شتێکی هاوچەشنی پێشگۆیی مێژوویی.) ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، پێشبینی کردنی "تەوژم"[١٤٨] یان "مەیلەکان"[١٤٩] نییە بەئاراستەی گەشە و گۆڕانکاری' ئەرکی زانستە سروشتییەکانیش ئەوە نییە. مۆرگنتاو دەنووسێ[١٥٠]: بەرزترین کارێك کە بەناو 'یاسا کۆمەڵایەتییەکان[١٥١]' دەتوانن ئەنجامیبدەن، ڕێك هەر ئەو کارەیە کە بەناو 'یاسا سروشتییەکان' دەتوانن بیکەن، واتە دەستنیشانکردنی هەندێ ڕەوت {یان تەوژم}... نە زانستە سروشتییەکان و نە زانستە کۆمەڵایەتییەکان هیچیان توانای پێشگۆیی کردنی ئەوەیان نییە کە کام هەلومەرجە بەڕاستی ڕوودەدات و یارمەتی وەڕاستگەڕانی ڕەوتێکی تایبەتی دەکات وتەنیا کاتێ نەبێت کە ئەگەرێکی زۆر لە ئارادابێت ئەگینا ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات کە کاتێ فلانە هەلومەرج بوونی هەبێت، فلانە ڕەوتە وەڕاست دەگەڕێ." بەڵام زانستە سروشتییەکان هەوڵنادەن پێشبینی ڕەوتەکان بکەن و تەنیا مێژووگەراکان پێیان وایە ئەو زانستە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان خودان ئامانجێکی ئەوتۆن. کەواتە، پەیبردن بەوە کە ئەم ئامانجانە وەدی نایەن تەنیا کەسێك بێئومێد دەبێت و سەری

147. H.J.morgenthau, scientific Man Versus power politics, English ed., 1947, pp.120 ff.
148. trends
149. tendencies
١٤٩. هەمان کتێب، ل ١٢٠بەدواوە (تۆخکردنەوەی وشەکان لە منەوەیە).
151. social laws

لێدەشێوێ کە بڕوای بەمێژووگەرایی هەبێت. مۆرگنتاو درێژەی پێدەدات :"گەلێ... لە زانایانی زانستە سیاسییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن... بەڕاستی... ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەچەشنێکی بنبڕ پێشبینی بکەن. بەڵام لەڕاستیدا تووشی وڕێنە بوونە." من بەتەواوی لەتەکیدا هاوڕام، بەڵام ئەوە تەنیا دەریدەخات کەدەبێ واز لەمێژووگەرایی بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر کەسێك پێوابێت وازهێنان لەمێژووگەرایی بە مانای وازهێنان لەعەقڵە لەسیاسەتدا، ئەوا پێشداوەرییە لە بنج وبناوان مێژووگەراییەکەی خۆی دەرخستووە کە بریتییە لەوەی پێشگۆیی مێژوویی، بنەمای هەموو جۆرە سیاسەتێکی عەقڵانییە. (لە سەرەتاکانی بەشی یەکەم ئاماژەم بەم بۆچوونە کرد وەك یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مێژووگەرایی).

مۆرگنتاو گاڵتە بەهەموو هەوڵێك دەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسەت لەرێگای عەقڵ و بەرگرتن لەجەنگ و، چونکە بڕوای وایە ئەم جۆرە هەوڵانە سەرچاوەکەیان بۆ زانستگەرایی[١٥٢] و عەقڵگەرایی دەگەڕێتەوەو عەقڵگەرایی و زانستگەرایی بەحوکمی ماهییەتی کۆمەڵگا، ناشێت بەسەریدا بەکاربهێنرێت. لێ ئەو پانتایی ئەرگۆمێنت لەڕادەبەدەر بەرفراوان دەکات. لەگەڵێ کۆمەڵگادا سەرەڕای شەهوەتی خودیی دەسەڵات[١٥٣] کە بەپێی تیۆرەکەی مۆرگنتاو دەبێ لەمپەری بەردەم هێمنی مەدەنی بێت، بەڵام نازانێت ئەم راستییە، بنچینەی بانگەشە رۆمانتیکەکانی خۆی وێراندەکات.*

٤٥ـ ئەرستۆ، **سیاسەت**، کتێبی سێیەم، ٩، ٨(١٢٨٠).

لەدەقەکەدا نووسیومە "هەروەها دەڵێت"، چونکە پێموایە ئەو رستانەی ئاماژەیان بۆکراوە ـ یەکیان لە **سیاسەت**، کتێبی سێیەم، ٩، ٦و ئەویتریان لەکتێبی سێیەم، ٩، ١٢ـ رەنگە بۆچوونی لۆکۆفرۆنیش دەربڕێت. لەکتێبی سێیەم، ٩، ٦ تا٩، ١٢ ئەرستۆ ئەو بیرۆکەیە دەداتە بەر رەخنە کەمن بە"پاراستنگەرایی" ناوزەدم کردووە. لەو پارچەیە کە لەکتێبی سێیەم، ٩، ٨ لەدەقەکەدا خواستومانە، تیۆرێك دەخاتە پاڵ لۆکۆفرۆنەوە کە کورتە فۆرمولەندییەکی تەواو روونی ئەو بیرۆکەیەیە. لەئاماژەکانی تری ئەرستۆوە دەردەکەوێ (بگەڕێنەوە بۆ برگەی (٢) ئەم

١٥١. Scientism بڕوابوون بەوە کە هەر ئەو مێتودە زانستییەی کە لە زانستە سروشتییەکاندا بەکاردێت دەبێ لە هەموو بەستێنەکانی تری وەك فەلسەفە وزانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانیشدا پیادەبکرێت و هەرچەشنە مێتودێکیتر بێ ئاکام وپووچە.هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤، بەشی نۆیەم.

153. lust for power



یادداشتە) کە لۆکۆفرۆن بەهۆی تەمەنییەوە، رەنگە یەکەمین کەس یان لانی کەم لە یەکەمین کەسەکان بووبێت کە تیۆری پاراستنگەرایی فۆرمۆلبەندی کردبێت. کەواتە، بەشێوەیەکی ژیرانە، دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین (هەڵبەتە نەك بەشێوەیەکی بنبڕ) کە هێرشکردنە سەر پاراستنگەرایی "کتێبی سێیەم، ٩، ٦ هەتا ٩، ١٢) لە راستیدا پەلاماردانی لۆکۆفرۆنە و فۆرمە جیاواز بەڵام هاوماناکانی ئەم تیۆرە هەموویان هی ئەون. (ئەم خاڵەش شایانی باسکردنە کە ئەفلاتوون[١٥٤] "پاراستنگەرایی" بە "تیڕوانینێکی ئاسایی" وەسف دەکات).

مەبەستی ئەرستۆ لەو هەموو نارەزاییەتیانە پێشاندانی ئەو خاڵەیە کە تیۆری پاراستنگەرایی توانای لێکدانەوەی یەکیەتی خۆجێیی[١٥٥] و یەکیەتی ناوخۆیی دەوڵەتی نییە. ئێژێ (کتێبی سێیەم، ٩، ٦) تیۆری ناوبراو لەم راستییە غافڵە کە دەوڵەت لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی چاك پێکدێت کە نەکۆیلەکان دەتوانن پشکیان هەبێت نە ئاژەڵەکان (چوارپێییەکان) (یاخود بەجۆرێکیتر، لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی چاك بۆ خاوەن زەوییە فەزیلەتمەندەکان، چونکە هەر کەسێك پارە وەدەستبێنێ، بەهۆی پیشە "کاسبکارانە"کەیەوە لە هاووڵاتی بوون بێبەرییە). تیۆری ئاماژە بۆکراو بێئاگاشە لە یەکیەتی خێڵەکی[١٥٦] دەوڵەتی "راستەقینە" کە بریتییە لە "هاوبەشی بنەماڵەکان لە بەختەوەری و ئاسایش وکۆبوونەوەیان لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی تەواو کامڵ و خۆبەس... کە لەنێو ئەو کەسانەی هەموویان لەشوێنێکدا دەژین و لەنێوان خۆیاندا ژیانی هاوسەری پێکدێنن، دروستدەبێت." (کتێبی سێیەم، ٩، ١٢).

(٢) لەهەمبەر یەکسانیخوازی لۆکۆفرۆن، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٣، بەشی پێنجەم. جویت[١٥٧]، لۆکۆفرۆن بە "قسەکەری ون" وەسفدەکات، بەڵام بێگومان ئەرستۆ رایەکی تری هەبووە، چونکە لەو نووسینانەی لێی بەجێماوە، لانیکەم شەش کەڕەت ناوی دەهێنێت (**لەسیاسەت و هونەری گوتاربێژی و پارچە بەربڵاوەکان و میتافیزیك وسروشت (=فیزیك)و رەدی بەلگەخوازی سۆفیستی**[١٥٨]).

١٥٣. کۆمار،٣٥٨c.

155. local unity
156. tribal unity
157. Aristotle's politics,II,126.
158. pol.,Rhet.,fragm.,Metaph.,phys.,soph.,El.

لەوانەیە لۆکۆفرۆن لەرووی تەمەنەوە هێندە لە ئالکیداماسی هاوکاری لە قوتابخانەی گۆرگیاس بچووکتر نەبووبێت، چونکە ئەگەر پاش ئەوەی ئالکیداماس لەجیاتی گۆرگیاس بوو بەکەسی یەکەمی ئەم قوتابخانەیە، بۆچوونە یەکسانیخوازەکانی بەناوبانگ ببوونایە، هێندە گرنگیان پێی نەدەدرا. بەڵگەیەکی دیکەی ئەم بانگەشەیە، هۆگری لۆکۆفرۆنە بە مەعریفەناسی کە ئەرستۆ لە میتافیزیك (١٠٥٤b٩)و فیزیك (١٨٥b٢٧)دا باسیان دەکات. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم هۆگرییە، ئەم ئەگەرە سەرهەڵدەدات کە ئەو پێشتر قوتابی گۆرگیاس بووبێت، واتە بەر لەوەی گۆرگیاس تەنیا خەریکی گوتاربێژی بێت. هەڵبەتە بەهۆی کەمی زانیاری بەردەست، هەرچەشنە بۆچوونێك لەمەڕ لۆکۆفرۆن حەتمەن گەلێ لە سۆسەو ڕا نزیکە.

٤٦ـ بارکێر، هەمان کتێب، بەرگی١، ل١٦٠. بۆئاگاداربوون لە رەخنە هیوم لەرووە مێژووییەکەی تیۆری پەیمان، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٤٣، بەشی چوارەم. بارکێر بانگەشەی ئەوە دەکات (ل١٦١)، بەجیاکردنەوە و هەڵاواردنی دادپەروەری لەتیۆری پەیمان، دادپەروەری لەروانگەی ئەفلاتوونەوە شتێکە لەناخی گیاندا نەك لەدەرەوەی. من تەنیا پێویستە ئامۆژگارییەکانی ئەفلاتوون بخەمەوە یادی خوێنەران بۆ پیادەکردنی توندوتیژتری گرانتی جێبەجێکردن بۆ دابینکردنی دادپەروەری. ئامۆژگارییەکانی هەمیشە لەسەر بنەمای "رازیکردن و زۆرەملێ (هێز) دامەزراوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی٥، بەشی دەیەم ویادداشتی١٨، بەشی هەشتەم)، ئەوە لەکاتێك دایە کە هەندێ لە دەوڵەتە دێموکراتەکانی ئێستا دەریانخستووە کە دەکرێت بەبێ زیادکردنی ڕادەی تاوانەکان، لیبراڵ ولێبووردە بن.

سەبارەت بەم وتەیە کە بارکێریش وەکو من، لۆکۆفرۆن بەداهێنەری تیۆری پەیمان دەزانێت، بگەڕێنەوە هەر بۆ ئەم کتێبەی، ل٦٣ کەتێیدا نووسیویەتی :"پرۆتاگۆراس لە دامەزراندنی تیۆری پەیمان، لەپێشەوەی لۆکۆفرۆنی سۆفیست نەبووە." (هەڵبسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بەیادداشتی٢٧، بەشی پێنجەم.)

٤٧ـ گۆرگیاس، ٤٨٣b بەدواوە.

٤٨ـ گۆرگیاس، ٤٨٨e ـ ٤٨٩bو هەروها ٥٢٧b.



لە شێوازی وەڵامدانەوەی سوقرات بە کالیکلس دەردەکەوێت کە سوقراتی راستەقینە[159] رەنگە بەم جۆرە بەڵگەخوازییە، بەڵگەکانی پیندارۆسی لەپێناو سروشتگەرایی بایۆلۆژیکی رەدکردبێتەوە: ئەگەر سروشتی بێت بەهێزەکان فەرمانڕەوایی بکەن، دەبێ سروشتیش بێت یەکسانی حوکمڕان بێت، چونکە جەماوەری خەڵك کە هێزی خۆی لەرێگای حکوومەت کردنەوە پێشاندەدات، خوازیاری یەکسانییە. بەجۆرێکیتر، لەوانەیە خەسڵەتی پووچ وبێناوەرۆك و ناڕوونی بانگەشەی مێژووگەرایی پێشاندابێت وسەرکەوتنی لەم کارەدا، ئەفلاتوونی وروژاندبێت بۆ خستنەڕووی شێوەیەك کە خۆی بە سروشتگەرایی بەخشیبوو.

نامەوێت بڵێم وتەکەی دواتری سوقرات (٥٠٨a) لەمەڕ "یەکسانی ئەندازەیی (هەندەسی)" دەبێ حەتمەن وەك دژە یەکسانیخوازی راڤەبکرێت، واتە بۆچی دەبێت هاومانای "یەکسانی رێژەکری" بێ لە یاساکاندا[160]. ئەمە بۆچوونێکە کە ئادام لەپەراوێزی دووەمی خۆی بۆکۆماردا، ٥٥٨c١٥، دەریدەبڕێت. لەلایەکیترەوە، رەنگە ئەم بۆچوونە شتێکی تێدابێت، چونکە یەکسانی "ئەندازەیی (هەندەسی)" لەگۆرگیاس، ٥٠٨a، وەك دیارە ئاماژە بۆ پرسە فیساگۆرییەکان دەکات[161] و لەوانەیە هێمایەکێش بێت بۆ "رێژە هەندەسییەکان".

٤٩ـ کۆمار، ٣٥٨e. گلاوکۆن نکۆڵی لەوەدەکات کە داهێنەری ئەم تیۆرە بووبێت (٣٥٨c). لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پارچەیەدا بەئاسانی سەرنجی خوێنەر بە لاڕێدا دەبرێت و بەرەو پرسی "سروشت لەبەرانبەر داب"دا پەلکێش دەکرێت کە هەم لەم پارچەیە و هەم لەگوتاری کالیکلس لەگۆرگیاسدا رۆڵێکی سەرەکی هەیە. لەگەڵ هەمموو ئەمانەدا، ئەوەی بەزۆری لەکۆماردا هزری ئەفلاتوونی داگیرکردووە، رەدکردنەوەی دابگەرایی نییە، بەڵکو قێزەونکردنی مامەڵەیەکی عەقڵانییە کە لەسەر بنەمای پاراستنگەرایی دامەزراوە لەژێر ناوی ئەوە کە ئەم مامەڵەیە لەخۆویستییەوە سەرچاوەی گرتووە. _هەروەك یادداشتی ٢٧ و٢٨ بەشی پێنجەم و بابەتەکانی دەقەکە بۆمان دەردەکەوێت، تیۆری دابیی پەیمان، دوژمنی سەرەکی ئەفلاتوون نەبووە).

١٥٨. بەراوردی بکەن لە تەك یادداشتی ٥٦ لەم بەشەدا.

١٥٩. یاساکان، ٧٤٤b بەدواوە و ٧٥٧a-e. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتەکانی،٩،٢٠(١) هەر لەم بەشەدا.

١٦٠. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٥٦(٦)، بەشی دەیەم،هەروەها ئەوەی لە یاداشتی تایبەت بە کراتولوس وتراوە.

٥٠ـ ئەگەر لەکۆمار و گۆگیاسدا شێوازی خستنەڕووی تیۆری پاراستنگەرایی بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، تیۆرەکە هەمان تیۆرە بەبوونی ئەم جیاوازییە کە لەکۆماردا، زۆر کەمتر جەخت لەسەر یەکسانی کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەکۆماریشدا باسی یەکسانی دەکرێت (٣٥٩c)، هەرچەندە زیاتر وێڕای قسەکردن لەسەر بابەتی‌تر :"یاسای داب... سروشتی بە ئاراستەی پێچەوانە ئاوەژووکردۆتەوە و بەتۆبزی ناچاری دەکات ڕێز لەیەکسانی بگرێت." ئەم وتەیە، پێکچوونی لەگەڵ وتارەکانی کالیکلس زیادەکات. (بگەڕێنەوە بۆ گۆرگیاس، بەتایبەتی ٤٨٣c/d). بەڵام بە پێچەوانەی گۆرگیاس، ئەفلاتوون {لە کۆماردا} یەکڕاست واز لەبابەتی یەکسانی دێنێت (یان ڕەنگە باشتر بێت بێژین، بەهیچ جۆری پرسەکە ناخاتە ڕوو)و هەرگیز دووبارە ناگەڕێتەوە سەری و ئەمە تەنانەت بەئاشکراتر دەریدەخات ئەو ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات بۆ خۆبواردن لەم پرسە. لەبەرانبەردا، بەگەرم وگوڕییەوە باسی خۆخوازی تێکەڵ بەبێ ئیمانی دەکات و ئەم شتە وەك سەرچاوەی تیۆری پاراستنگەرایی پێشاندەدات. (لەهەمبەر بێدەنگی ئەفلاتوون لەمەڕ یەکسانیخوازی، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٤ لەم بەشە و بابەتی پەیوەندیدار لەدەقەکەدا.) تیلۆر[١٦٢] بانگەشەی ئەوە دەکات کە کالیکلس بە "سروشت" دەستپێدەکات وگلاوکۆن بە"داب".

٥١ـ کۆمار، ٣٥٩a. ئەو ئاماژانەی‌تر کە لەدەقەکەدا کردوومە بۆ ٣٥٩b و٣٦٠dیە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ٣٥٨c. سەبارەت بەدووبارەکردنەوە و جەختکردن و شیکردنەوە و درێژەدادڕی، بگەڕێنەوە بۆ ٣٦٢c ـ٣٥٩a هەتا ٣٦٧e. وەسفی ئەفلاتوون بۆ مەیلی پووچگەرایانە (نهێلیستی) پاراستنگەرایی، لە چاپی ئێڤریمەنی کۆماردا[١٦٣]، دەگاتە ٩لاپەڕە. ئەمە هێمای گرنگیدانی ئەفلاتوونە بە پاراستنگەرایی. (لەیاساکان، ٨٠٠aیشدا بابەتی هاوچەشنی ئەمە بوونی هەیە).

٥٢ـ پاش بە کۆتا هاتنی لێدوانەکانی گلاوکۆن و دوای ئەوەی سوقرات ئێژێ بەبڕوای من گلاوکۆن بە باشترین شێوە مافی بابەتەکەی داوە (٣٦٢d)، ئادیمانتوس ڕووی دەمی دەکاتە سوقرات و بەچەشنێکی سەرنجراکێش و بەشێوازێك کە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ بابەتی

162. A.E.Taylor,plato,the Man and His work(1926),p.268.
163. Republic,Everyman edition.



باسەکە هەیە، داوای لێدەکات ئێستا ڕەخنە ئاراستەی قوتابخانەی سوودگەرایی بکات. گوتاری ئادیمانتوس تەواوکاری لێدوانەکانی گلاوکۆنە و تێیدا بەشێوەیەکی سەر ڕاستانە بانگەشەی ئەوە دەکرێ ئەوەی من بە پاراستنگەرایی ناوزەدی دەکەم، سەرچاوەکەی بۆ پووچگەرایی تراسوماخۆس دەگەڕێتەوە (بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ٣٦٧a بەدواوە). پاش ئادیمانتوس، سوقرات دەست بەقسەکردن دەکات و ستایشی گلاوکۆن و ئادیمانتۆس دەکات چونکە دەڵێت **<u>سەرەڕای ئەوەی ئەم دووانە بەباشی داکۆکیان لە نادادپەروەری کرد</u>**ـ بەجۆرێکیتر، بەرەڤانیان لەم بۆچوونە کرد کە ستەمکاری باشە بەو مەرجە کە کەسەکە بتوانێ "لە ئاکامەکانی ڕابکات"ـ کەچی بڕوایان بە دادپەروەری لاوازنەبووە. "سوقرات" (واتە خودی ئەفلاتوون) جەخت لەسەر باشی بەڵگەخوازییەکانی گلاوکۆن وئادیمانتۆس دەکاتەوە بەم جۆرە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەوە پەسند دەکات کە بەم بەڵگەخوازیانە، بۆچوونی جێگەی باس بەو چەشنەی مافی خۆی بووە قسەی لەسەر کراوەو سەرەنجام دەستدەکات بەشیکردنەوەی تیۆرەکەی خۆی بەڵام نەك لەو ڕووەوە پێشانیبدات لێدوانەکانی گلاوکۆن پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە بەڵکو هەروەك خۆی جەختی لەسەردەکاتەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بەپێچەوانەی بیروباوەڕی لایەنگرانی تیۆری پاراستنگەرایی، دادپەروەری باشە و نادادپەروەری (ستەم) خراپە. (نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت[١٦٤] کە تیۆری پەیمان لەخودی خۆیدا ناداتە بەر پەلامار بەڵکو تەنیا هێرش دەکاتە سەر تیۆری پاراستنگەرایی. لەڕاستیدا لەکۆمار لانیکەم لەهەندێ ڕووەوە دەبێتە لایەنگری تیۆری پەیمان[١٦٥] و ئەم بیروباوەڕە هەڵدەبژێرێ کە خەڵك "لەنشینگەیەکدا لە دەرەوەی یەکتر کۆدەبنەوە" چونکە "هەموو کەسێك چاوەڕوانی ئەوەی هەیە لەم ڕێگەیەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرەوپێشببات".)

هەروەها پێویستە ئەوە بخەینەوە یادتان کە پارچەی ناوبراو لەگەڵ قسە کاریگەرەکانی "سوقرات"دا دەگاتە لوتکەی خۆی کە لەدەقی تایبەت بەیادداشتی ٣٧ی ئەم بەشەدا ئاماژەی بۆکراوە و ئەمە دەریدەخات ئەفلاتوون گەرەکیەتی تیۆری پاراستگەرایی بەجۆرە خۆخوازییەکی پێچەوانەی ئەخلاق و تەنانەت ناپیرۆز پیشانبدات و تەنیا لەم ڕێگەوە بچێتە جەنگ لەگەڵیدا.

١٦٤. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٤٩ لەم بەشەدا.

١٦٥. کۆمار، ٣٦٩ b_c. هەڵیبسەنگێنن لەتەك یادداشتی ٢٩، بەشی پێنجەم.

سەرەنجام کاتێ دەمانەوێت لەمەڕ میتۆدی ئەفلاتوونەوە حوکم بدەین، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت ئەو حەزی دەکرد بەرمی بەڵگەخوازی لەبەرانبەر گوتاربێژی و سەفستەگەریدا رابوەستێ و هەر ئەو بوو بەو هێرشانەی کردییە سەر "سۆفیستەکان" بووە هۆی ئەوەی ئەم وشەیە ئەو مانا ناشیرنانە وەربگرێت. کەواتە، بەبڕوای من، کاتێ خۆی لەجیاتی بەڵگەخوازی پەنادەباتە بەر رەوانبێژی و سەفسەتە، بەتەواوی هەقمانە سەرکۆنەی بکەین[١٦٦]. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٠، بەشی هەشتەم).

**٥٣ـ** دەتوانین ئادام وبارکێر بەنموونەی ئەم جۆرە ئەفلاتوونییانە لەقەڵەمبدەین. ئادام دەڵێت (پەراوێزی سەر ٣٥٨e) کلاوگۆن تیۆرەکەی تراسوماخۆس دەژێنێتەوە و درێژەی پێدەدات (پەراوێزی ٣٧٣a) کە تیۆرەکەی تراسوماخۆس "هەمان ئەو تیۆرەیە کە دواتر (لە ٣٥٨e) لەلایەن گلاوکۆنەوە دەخرێتە ڕوو." بارکێر دەنووسێت (هەمان کتێب، ل١٥٩) ئەو تیۆرەی من بە پاراستنگەرایی ناوزەدم کردووە و ئەو ناوی ناوە "پراگماتیزم"[١٦٧]، "دارای هەمان رۆحی تیۆری تراسوماخۆسە."

**٥٤ـ** تەنانەت گومانکاری گەورە، واتە کارنیادس، بابەتەکەی بەو جۆرە قبوولکردووە کە ئەفلاتوون خستویەتە ڕوو، بەڵگەی ئەم شتە نووسێنێکی[١٦٨] شیشرۆنە[١٦٩] کە تێیدا ئەو فۆرمەی گلاوکۆن داویەتی بە بابەتەکە، تاڕادەیەك بێهیچ گۆڕانێك وەك تیۆری کارنیادس وەرگیراوە (خواستراوە). (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی دەیەم، دەقی تایبەت بەیادداشتگەلی ٦٥ و٦٦و هەروها یادداشتی١٠).

لەم بەستێنەدا خراپ نییە منیش بۆچوونی خۆم دەربڕم و بێژم زۆر دلخۆشکەرە کە نەیارانی مرۆڤدۆستی هەمیشە بەپێویستیان زانیوە پەنا ببەنە بەر هەستۆسۆزی مرۆڤدۆستانەی ئێمەو لەزۆربەی حاڵەتەکاندا توانیویانە لەهەمبەر راستگۆیی و دڵسوزی خۆیان قەناعەتمان پێبێنن.

١٦٦. کۆمار، b_c ٣٦٩. هەڵیبسەنگێنن لە تەك یادداشتی ٢٩، بەشی پێنجەم.

167. Pragmatism

١٦٨. Marcus Tullius Cicero (سسیرۆن فۆنەتیکی ئەم ناوەیە بەفەرەنسی. فونەتیکی راستەقینە بەزمانی لاتین: کیکرۆیە) (١٠٦ـ١٤٣ بەر لەزایین). وتاربێژ و فەیلەسووف و سیاسەتمەداری رۆمی کە بەرهەمەکانی نموونەی رەوانبێژی و پاراوی پەخشانی لاتینییە.

169. Cicero, De Republica, III, &; 13; 23.



ئەمە دەریدەخات ئەوان بەباشی ئاگایان لە قووڵایی ئەم هەستوسۆزە هەیە لەزۆربەماندا و دەزانن کە "جەماعەت (ئاپۆرا)" سەرەڕای ئەو سووکایەتییەی بەنسیبی دەبێت، زیاتر لەوەی خراپی لەڕادە تێپەڕێنێ، پاکی و سادەیی و ساکاری لەڕادە تێپەڕاندووە، چونکە تەنانەت ئامادەیە گوێ لەو کەسانە رابگرێت کە (بەناو) "باشترن" بەڵام لەزۆربەی کاتەکاندا پابەندی هیچ پرەنسیپێك نین کە دەڵێن ئاپۆرای خەڵك بێبەهاو ماددی و خۆخوازن و تەنیا دەیانەوێ "وەك چوارپێیان ورگیان بئاخنن."

# بەشی حەوتەم

ئەو رستەیەی لەسەرەوەی ئەم بەشەدا نووسیومانە هی یاساکانە، ٦٩٠b. (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٨، بەشی پێنجەم).

١ـ هەڵبسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بەیادداشتەکانی ٢ و٣ لە بەشی شەشەمدا.

٢ـ جۆن ستوارت میل ـ یش بیرۆبۆچوونی هاوچەشنی ئەمەی دەربڕیوە و لەکتێبی **لۆژیك**[1]دا نووسیویەتی: "بەهیچ چەشنێك بەم جۆرە نییە کە تەنیا بەرژەوەندی خۆپەرستانە ببێتە هۆی دیاریکردنی هەموو کارو کردەوەی حوکمڕانەکان. بەڵام هەر بۆ خۆپاراستن لەم سوودخوازییە خۆپەرستانەیە پێویستمان بە چاوەدێری یاسایی هەیە. لەکتێبی **کۆتکردنی ژنان**[2]ـ یش هەر بەم جۆرە دەنووسێت :"کێ دەتوانێ گومانی لەوە هەبێت کە لەژێر سایەی حکوومەتێکی رەهای دەسەڵاتدارێکی باشیشدا رەنگە چاکەو بەختەوەری و دۆستایەتییەکی بەرفراوان بوونی هەبێت؟ **بەڵام دەبێ یاسا و دەزگاکان بە وەبەرچاوگرتنی مەترسی دەسەڵاتدارە خراپەکان دروستبکەین نەك حاکمە باشەکان.**" (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە). من لەگەڵ ئەو رستەیەدا هاوڕام کە تۆخ کراوەتەوە، بەڵام هیچ پێویستییەك نابینم بۆ پەسندکردنی ئەوەی لەرستەی یەکەمدا هاتووە. (بەتایبەتی بەراوردی بکەن لەتەك یادداشتی ٢٥(٣) هەر لەم بەشەدا.) لە پەرتوکێکیتری جۆن ستوارت میلدا بەناونیشانی **حکوومەتی هەڵبژێردراو**[3]ـیش دیسان بەشێوەیەکی هاوچەشنی ئەمە دان بەم بابەتە نراوە و میل

1. J.S. mill, logic, first ed., p. 557.
2. J.S. Mill, the subjection of women, Everymen edition, p.251.
3. J.S. Mill, Representative, Government, 1861. p. 49.



لەپارچەیەکی جواندا، دەکەوێتە جەنگ لەگەڵ ئایدیای ئەفلاتوونی شافەیلەسووف. هۆی دژایەتی کردنی میل ئەوەیە کە بەتایبەتی ئەگەر حکوومەتی فەرمانڕەوایەکی ئەوتۆ خێرخوازانە بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییە ئاساییەکان ئیرادە و توانای خۆیان "بخەنە لاوە" بۆ داوەریکردن لەسەر سیاسەتی (حکوومەت).

شایانی ئاماژە بۆکردنە کە پەسندکردنی ئەم شتە لەلایەن جۆن ستوارت میلەوە بەشێکە لەهەوڵدانەکانی بۆ چارەکردنی دژایەتی نێوان کتێبی جیمز میل[٤] بە ناونیشانی **گوتار لەمەڕ حکوومەت**[٥]و بەوتەی جۆن ستوارت میل[٦]، "هێرشی بەناوبانگی مەکەولی"یە[٧] بۆ سەر ئەم کتێبە. ئەم دژایەتییە رۆڵێکی سەرەکی گێڕا لەگەشە و ئالوگۆڕی (هزری) جۆن ستوارت میل داو هەروەك لە **ژیاننامەکەیدا** دەیخوێنینەوە، هەوڵدان بۆ چارەکردنی، بووە هۆی دیاریکردنی ئامانجی کۆتایی و خەسڵەتی کتێبی **لۆژیك**[٨]. ئەو رێگایەی جۆن ستوارت میل بۆ چارەسەرکردنی دژایەتی نێوان باوکی و مەکەولیدا گرتییە بەر بەم جۆرە بوو. ئێژێ باوکم لەسەر هەق بوو کاتێ پێیوابوو سیاسەت زانستێکی پێوانەییە[٩] بەڵام بەهەڵە پێیوابوو "جۆری پێوانەکە... پێوانەی ئەندازە (هەندەسە)ی پەتییە"[١٠]. لەلایەکیترەوە مەکەولی ـ یش لەسەر هەق بوو پێیوابێت (سیاسەت) زۆر زیاتر لەمە ئەزموونیترە[١١]، بەڵام لەم بۆچوونەدا تووشی

٤. James Mill (١٧٧٣ـ ١٨٣٦). فەیلەسووفی ئینگلیزی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی سوودگەراییو باوکی جۆن ستوارت میل.

5. James Mill, Essay on Government.

٦. جۆن ستوارت میل لە ژیاننامەی خۆیدا (بەشی "یەك قۆناغ بەرەو پێشەوە") بەم ناونیشانە باسی رەخنەکانی مەکولی دەکات. بگەڕێنەوە بۆ:
J.S. Mill, Autobiography, ch. V, “one stage onward”, first ed 1873, pp. 157- 161.
رەخنەکانی مەکولی بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری ئیدینبورۆ ریڤیو چاپ کرا. بگەڕێنەوە بۆ:
Edinburgh Review, March 1829, June 1829, October, 1829.

٧. Thomas Babington Macaulay (١٨٠٠ـ١٨٥٩) مێژوونووسی گەورەی ئینگلیزی.

٨. لە ژیاننامەکەیدا دەنووسێت: "بەشە سەرەکییەکانی ئەو شتەی دواتر لەمەڕ لۆژیك و زانستی ئەخلاقیدا بڵاوم کردەوە."

9. Deductive science
10. Pure geometry
11. More experimental

هەڵە دەهات کاتێ بڕوا وابوو (میتۆدەکەی) وەك "میتۆدی کیمیا تەنیا ئەزموونی"یە. بەبڕوای جۆن ستوارت میل، ڕێگای چارەی ڕاستەقینە بەم جۆرەیە[١٢]: میتۆدی شیاوی سیاسەت، میتۆدی پێوانەیی زانستی دینامیکە ـ ئەو میتۆدەی بەرای ئەو، خودان تایبەتمەندی کۆبەندی شوێنەوارەکانە[١٣] و نموونەکەی "پرەنسیپی ئاوێتەکردنی هێزەکانە"[١٤]. (لەکتێبی **هەژاری مێژووییەتی**، ل٦٣) پێشانمداوە کە ئەم بۆچوونەی جۆن ستوارت میل لانیکەم تاساڵی١٩٣٧ هێشتا برەوی هەبوو.

بناغەی ئەم شیکردنەوەیە، سەرەڕای شتەکانیتر، بۆخراپ ڕاڤەکردنی دینامیك وکیمیا دەگەڕێتەوە، پێموانییە مانایەکی ئەوتۆی لەناوخۆیدا هەڵگرتبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت گەلێ لەشتەکانی بۆ بەرگری لێکردن بشێن. جیمز میلیش وەك بەشێکی زۆر لەخەڵکانی بەر لەم سەردەمە و داوای ئەمە، هەوڵیداوە، هەروەك مەکەولی لەکۆتایی وتارەکەی خۆیدا دەڵێت، "بەپێوانەی پرەنسیپە باڵادەستەکانی سەر سروشتی مرۆڤ، دەرەنجامگیری زانستی حکومەت بکات." بەبڕوای من، مەکەولی بەتەواوی لەسەر هەق بوو کە ئەو هەوڵە "بەتەواوی بەنەشیاو" وەسف بکات. ڕەنگە بتوانین میتۆدی مەکەولی بەئەزموونیتر[١٥] وەسف بکەین چونکە ئەو بۆ ڕەدکردنەوەی تیۆرە دۆگمەکانی جیمزمیل، سوودێکی تەواو لە فاکتە مێژووییەکان وەردەگرێت. بەڵام ئەو میتۆدەی مەکەولی بەزۆری لەکارەکانی خۆیدا بەکاری دەهێنێت نەك هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ کیمیا هەیە نە بەو میتۆدەی جۆن ستوارت میل کە پێیوابوو میتۆدێکی کیمیاییە و (نە بەمیتۆدی هەڵێنجانی[١٦](استقراء) بیکۆن[١٧] کە لەبەرئەوەی مەکەولی لەدەست پێوانەکانی[١٨] جیمز میل وەزاڵە هاتبوو، ستایشی ئەوانی دەکرد.) بە سادەیی دەتوانین بڵێین میتۆدی مەکەولی هەمان ڕەدکردنەوەی ئەرگۆمێنتە بێمسداقە لۆژیکییەکانە لەپانتاییەکدا کە ناتوانرێت بە ئەرگۆمێنتێکی لۆژیکی هیچ شتێکی

12. J.S. Mill, Autobiography, pp.159 ff.
13. Summation of effects
14. composition of forces
15. More empirical
16. inductive method
١٧. زۆر پێدەچێت مەبەست فرانسیس بیکۆن (١٥٦١ـ ١٦٢٦)ی فەیلەسوفی گەورەی ئینگلیزیو بڵاوکەرەوەی ئیستقرایی لە زانستە ئەزموونییەکان بێت.
18. Sylogisms



شیاوی گرنگی پێدانی تێدا بسەلمێنرێت، بۆ توێژینەوە لە تیۆر و مەوقیعیەتە ممکینەکان لەژێر تیشکی تیۆرە بەدیل و ئەگەرەکانیتر و گەواهی مێژوویی فاکتەکان. یەکێك لەو پرسە سەرەکییانەی ناکۆکی لەسەر هەبوو، ئەوەبوو جیمز میل پێیوابوو بە ئەرگۆمێنت سەلماندوویەتی کە حکوومەتی پاشایی و حکوومەتی ئەرستۆکراتی حەتمەن حکوومەتی ترس وقینی لێدەکەوێتەوە. بەئاسانی لەڕێگای هێنانەوەی نموونەی جۆراوجۆرەوە ئەم بانگەشەیە ڕەدکرایەوە. ئەو وتانەی لەبەرایی ئەم یاداشتەدا لەجۆن ستوارت میل خواستبوومان، نفووز و کاریگەری ڕەدکردنەوەی ئەم بابەتە پێشاندەدات.

مەکەولی هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنیا گەرەکیەتی ئەرگۆمێنتەکانی میل ڕەدبکاتەوە و هیچ ئیشێکی بەڕاست و چەوتی (درۆی) دەرەنجامی بانگەشەکانی ئەوەوە نییە. دەبووایە خودی ئەمە بەتەنیایی ڕوونی کردبایەوە کە مەکەولی لەهەوڵی بەکارهێنانی میتۆدی هەڵێنجان نەبووە.

٣ـ بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەم وتەیەی ماێر[١٩] کە ئێژێ: "دەسەڵات لەخودی خۆیدا دابەشناکرێت."

٤ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ کۆمار، ٥٦٢b ـ٥٦٥e. لەوەی لەدەقەکەدا وتوومە، بەتایبەتی بیرم لەسەر ٥٦٢cوە کە دەڵێت :"ئایا (ئازادی) لەڕادەبەدەر، مرۆڤەکان تووشی حاڵەتێك ناکات کە بەتوندی حەز لە حکوومەتێکی ملهوڕانە بکەن؟" هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ ٥٦٣d/e کە تێیدا وتراوە :"و هەروەك خۆت باش دەزانی، دواجار گوێ بەهیچ یاسایەك، نە نووسراوە نە نەنووسراو نادەن چونکە نایەنەوێت هیچ دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆ لەهیچ جۆری لەسەر سەریان بێت. کەواتە ئەمە ئەو پرەنسیپەیە کە حکوومەتی ملهوڕانەی لێهەڵدەقوڵێ." (بۆ ئاگاداربوون لە سەرەتای ئەم پارچەیە، بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی١٩، بەشی چوارەم).

لەم پارچەیەی خوارەوەشدا ئەفلاتوون لەمەڕ **پارادۆکسی ئازادی و دیموکراسی** دەدوێت : کۆمار، ٥٦٤a :"کەواتە، ڕەنگە ئازادی لەڕادەبەدەر تەنیا کۆیلەیەتییەکی لەڕادەبەدەری لێبکەوێتەوە، جا چ لەنێو تاکو چ لەناو دەوڵەتدا... هەربۆیە، گریمانەی ژیرانە ئەوەیە کە هیچ جۆرە حکوومەتێك جگە لەدیموکراسی، حکوومەتی ملهوڕانە ناهێنێتە سەر کورسی دەسەڵات.

19. E. Meyer, Gesch. D. Mltertums, v, p. 4.

ئەوەی بەبڕوای من گەورەترین زێدەڕۆیی ممکینە لەئازادیدا، لەهەمان کاتدا چاوگی قورسترین و دڕندانەترین شێوەی کۆیلایەتیشە."

کۆمار، ٥٦٥c/d. " ئایا خەڵکی ڕەشۆك خوویان بەوەنەگرتووە کە یەکێك بکەن بە سەرکردە یان سەرۆکی تاقم و پلەوپایەکەی بەرز بکەنەوە و گەورەی بکەن؟" "بەڵێ، هەر ئەمە خوویانە." "کەواتە ئاشکرایە لەهەر جێگەیەکدا حکوومەتێکی ملهوڕانە گەشەبکات، سەرچاوەکەی بۆ ئەم جۆرە ڕێبەرایەتییە دێموکراتیکە تاقمییە دەگەڕێتەوە."

**پارادۆکسی ئازادی** بریتییە لەم بەڵگەخوازییە کە ئازادی بەمانای نەمانی هەموو جۆرە کۆت و بەندێك، حەتمەن کۆت و بەندێکی زۆر توندی لێدەکەوێتەوە چونکە زۆردارەکان ئازاد دەکات بۆ ئەوەی لاواز و خاکەڕێیەکان کۆیلە بکەین. ئەفلاتوون بە ئاشکرا ئەم بیرۆکەی دەربڕیوە بەڵام بەشێوەیەکی تۆزێك جیاواز و لەپێناو مەبەست و مەرامێکی دیکەدا.

ئەوەی کەمتر سەرنجی لێدراوە **پارادۆکسی لێبووردنە**، بەو مانایە کە لێبووردەیی بێسنوور حەتمەن دەبێتە هۆی لەناوچوونی لێبووردەیی. ئەگەر تەنانەت بەستێنی لێبووردەیی و هەڵکردنی بێسنوور بەرەو نالێبووردەکانیش بەرفراوان بکەین و ئەگەر ئامادەنەبین بەرەڤانی لە کۆمەڵگایەکی لێبووردە بکەین لەبەرانبەر هێرش و پەلاماری نالێبووردەکان، نەك هەر لێبووردەکان بەڵکو خودی لێبووردەییشمان لەناو بردووە. لەم جۆرە فۆرمۆلبەندی کردنەی دۆزەکەدا، مەبەستی من بەشێوەیەکی لاوەکی ئەوەنییە کە دەبێ ئێمە هەمیشە پێشگیری لەدەربڕینی ئەو فەلسەفانە بکەین کە لایەنگری لە نالێبووردەیی دەکەن. تاکاتێ کە دەرفەتی ئەوە لەئارادابێت بە ڕمی بەڵگەخوازی عەقڵانی بەرهەڵستی ئەم جۆرە فەلسەفانە بکەین و مادام بتوانین لەرێگای چەکی ڕای گشتییەوە جڵەوییان بگرینە دەست، بێگومان پێشگیری و سەرکوتکردنی لایەنگرانی ئەم جۆرە فەلسەفانە، تەنانەت ئەگەر لەرێگای هێرشەوە بێت، لەکاتی پێویستدا بۆخۆمان بپارێزن، چونکە ڕەنگە ئەم کەسانە ئامادە نەبن لەمەیدانی عەقڵ و لۆژیکدا بەرەو ڕوومان ببنەوە و لەبەرانبەردا بیانەوێت هەر لەسەرەتاوە لەسەر بناغەی وەلانانی هەموو جۆرە وتووێژ و بەڵگەخوازییەکەوە دەستپێبکەن. لەوانەیە بڵێین بەڵگەخوازی هەڵخەڵەتێنەرە و پێشگیری لە لایەنگرانی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی گوێ لە بەڵگەخوازییەکانمان نەگرن و فێریان بکەن بەرسڤی بەڵگە لۆژیکییەکان بەمشت و دەمانچە بدەنەوە. کەواتە، دەبێ لەپێناو لێبووردەییدا، ئەم مافە بۆخۆمان بپارێزین کە نالێبووردەیی تەحەمول نەکەین.



دەبێ مافی ئەم بانگەشەیە بە خۆمان بدەین کە هەر بزاڤێك پرۆپاگەندە بۆ نالێبووردەیی بکات، بە نایاسایی لە قەڵەمی بدەین. دەبێ هاندانی نالێبووردەیی و ئازاردان بە تاوان بژمێرین هەر بەو جۆرەی کەدەبێ ورووژاندنی کوشتن یان ڕفاندن یان زیندووکردنەوەی کۆیلەفرۆشی بەتاوان لەقەڵەمبدەین.

یەکێکی دیکە لەو پارادۆکسانەی کەمتر ناسراوە، پارادۆکسی دێموکراسی یاخود بەجۆرێکی وردتر، پارادۆکسی حکوومەتی زۆرینەیە، واتە دەرفەتی ئەوەی کە زۆرینە بڕیار بدات دەسەڵاتدارێکی ملهوڕ فەرمانڕەوایی بکات. تا ئەو جێگایەی من شارەزام، لیۆنارد نلسن یەکەمین کەس بوو کە ئاماژەی بەوەکرد، دەتوانین بەم جۆرە ڕەخنەی ئەفلاتوون لە دێموکراسی ڕاڤەبکەین کە لێرەدا بەکورتی شیمان کردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە پرەنسیپی حکوومەتی زۆرینە، دژایەتی لێبکەوێتەوە (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٥(٢) هەر لەم بەشەدا). نلسن سەرەڕای هۆگری بەتینی بۆ ڕێبازی مرۆڤدۆستی و خەباتی گەرم و گوڕی لەپێناو ئازادیدا، بەشی هەرە مەزنی تیۆرەکانی ئەفلاتوونی پەسندکردووە، بەتایبەتی بیروباوەڕی لەهەمبەر پرەنسیپی ڕێبەرایەتی. بەبڕوای من، ئەو ئاگای لەوە نەبوو کە دەتوانین هەر ئەم جۆرە بەڵگانە دژی هەموو فۆرمە تایبەتییەکانی **تیۆری سەروەری**[٢٠] بەکاربێنین.

دەتوانین خۆ لەهەموو ئەم پارادۆکسانە ببویرین بەو مەرجەکە خواستە سیاسییەکانی خۆمان بەو چەشنەی کە لە بڕگەی(٢)ی ئەم بەشەدا پێشنیار کراون یان بەرێگایەکی دیکەی وەك ئەو، فۆرمۆلبەندی بکەین. ئێمە حکوومەتێکمان گەرەکە کە بەپێی پرەنسیپی یەکسانیخوازی و پاراستنگەرایی فەرمانڕەوایی بکات، حکوومەتێك کە لێبووردە بێت لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە کە ئامادەبن لەبەرانبەردا ڕەفتاری لێبووردەییان هەبێت، واتە لێبووردەیی بنوێنین، ئەو حکوومەتەی لەژێر چاودێری هەمووان و لەبەرانبەر خەڵکدا وەڵامدەر بێت، دەتوانین ئەمە زێدەبکەین کە باشترین ئامرازی چاودێری بەسەر ئەم چەشنە حکوومەتەدا، جۆرێك لەدەنگی زۆرینەیە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی بەزانیاری ڕاست و دروست. ئەمە باشترین ئامرازە، بەڵام ئامرازێکی لەهەڵە بەدوور نییە. (ئامرازی لەهەڵە بەدوور بوونی نییە) بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی بەشی شەشەم، چواربەندی کۆتایی بەر لە یادداشتی٤٢. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ

---

20. Theory of sovereignty

دەقی تایبەت بە یادداشتی٢٠، بەشی حەڤدەهەم، یادداشتی ٧(٤)، بەشی بیست و چوارەم و یادداشتی ٦ لەم بەشەدا.

**٥ـ** لەبەشی نۆزدەهەمدا، سەبارەت بەم خاڵە زۆرتر دواویین.

**٦ـ** بگەڕێنەوە بۆ پارچەی(٧) لە یادداشتی٤، بەشی دووەم.

ڕەنگە وابێتە بەرچاو کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەمەڕ پارادۆکسنمای ئازادی و پارادۆکس سەروەری، بەڵگەخوازی لەڕادەبەدەر درێژدەکاتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو بەڵگانەی لێرەدا قسەیان لەسەر کراوە تاڕادەیەك رواڵەتیانەیە، هەربۆیە خراپ نییە بەپێی توانا هەوڵی تۆکمەکردنیان بدەین، هەرچەندە ئەم کارە پێویستی بە هەوڵی بێهوودەش هەبێت، جگە لەمە، لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆم لەم جۆرە مشتومڕانەدا، لایەنگرانی پرەنسیپی ڕێبەرایەتی ـ واتە دەسەڵاتدارێتی (سەروەری) باشترین و داناترین تاك ڕەنگە لەبەرانبەردا، بەم جۆرە بەڵگەخوازی بکەن کە (الف) ئەگەر "داناترین" تاك بەم ئاکامە بگات دەبێ زۆرینە حکوومەت بکات، دەردەکەوێ بەراستی دانا نەبووە. پاشان لەوانەیە بۆ داکۆکیکردن لەم بەڵگەخوازییە ئەمەش زیادبکەن کە (ب) پیاوی دانا هەرگیز پرەنسیپێکی وەك پرەنسیپی حکوومەتی زۆرینە دانانێت کە دژایەتی لێبکەوێتەوە. بەرسڤی من لەبەرانبەر ناڕەزایەتی (ب) ئەوەیە کە تەنیا ئەوەندە بەسە بڕیاری "دانا" کە بەچەشنێك بگۆڕین کە بەریبێت لە دژایەتی و ناتەبایی. (بۆ نموونە، ڕەنگە بەم دەرەنجامە بگات کە دەبێ ئەو حکوومەتە فەرمانڕەوایی بکات کە پابەندی پرەنسیپی یەکسانیخوازی و پاراستنگەرایی بێت و لەڕێگای دەنگی زۆرینەوە کۆنترۆڵ بکرێت. بەم جۆرە بڕیارەکەی دووردەبێت لە ناتەبایی و دژایەتی و دەتوانین بڵێین بڕیاری پیاوێکی "دانا"یە. بەڵام خودی ئەم پرەنسیپە کە دەبێ داناترین تاك فەرمانڕەوایی بکات هێشتا هەڵگری دژایەتییە.) بەڵگەخوازی (الف) جیاوازە، چونکە ئەم مەترسییە دەهێنێتە پێشەوە کە "دانایی" یان "باشی" سیاسەتمەدار بەچەشنێك پێناسە بکرێت کە تەنیا لەحاڵەتێکدا بڕیاری دەستهەڵگرتن لەدەسەڵات بدات، بتوانین سیفەتی دانا یان باشی بۆ بەکاربهێنین. تیۆری سەروەری تەنیا بەمەرجێك دووردەبێت لەدژایەتی کە بڵێت تەنیا کەسێك کە سوورە لەسەر پاراستنی دەسەڵات، دەبێ فەرمانڕەوایی بکات. ئەو کەسانەی بڕوایان بە پرەنسیپی ڕێبەرایەتی هەیە دەبێ بەبێ پەردەپۆشی لەگەڵ ئەم دەرەنجامە لۆژیکییەی ئامانجەکەی خۆیاندا ڕووبەڕووببنەوە. ئەگەر بڕیارە ئەم ئامانجە هیچ چەشنە دژایەتییەکی تێدا نەبێت، حەتمەن دەبێ



بەمانای حکوومەتی پیاوێکی زۆردار و بەدەسەڵات بێت نەك فەرمانڕەوایی باشترین یان داناترین تاکە کەس. (هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەتەك یادداشتی ٧، بەشی بیستو چوارەم).

**٧ـ** ※ بگەڕێنەوە بۆ دەقی وتارەکەی من لەژێر ناونیشانی **بەرەو ئامادەکردنی تیۆرێکی عەقڵانی لەمەڕ نەریت**[21] (کە بۆ یەکەمین جار لە **ساڵنامەی عەقڵگەرا** (ساڵی ١٩٤٩)[22] بڵاوکرایەوە و ئێستا بەشێکە لە کتێبەکەم، **حەدسیات و ڕەدیات**) و لەوێندەرێ هەوڵمداوە پێشانیبدەم کە نەریت، ڕۆڵێکی نێوبەندی و ناوبژیوانی[23] دەگێڕێت لەنێو تاکەکان (و بڕیارە تاکەکەسییەکان) لەلایەك و دەزگاو دامەزراوەکان لەلایەکیترەوە. ※

**٨ـ** سەبارەت بە ڕەفتاری سوقرات لەسەردەمی ملهوڕەکەدا، بگەڕێنەوە بۆ داکۆکی، **٣٢c**. سی ملهوڕەکە هەوڵیاندا سوقرات پەلکێشی نێو تاوانەکانیان بکەن بەڵام سوقرات ملی‌نەدا.

ئەگەر فەرمانرەوایی ملهوڕەکان هێندەی زیاتر درێژەی کێشابووایە، لەوانەبوو بەربەرەکانی سوقرات بە بەهای گیانی تەواو بووبایە. هەروها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی **٥٣** و**٥٦**، بەشی دەیەم.

هەندێ دواتر هەر لەم بەندەی (دەقەکەدا) بانگەشەیەك خراوەتە ڕوو لەهەمبەر ئەوە کە مانای دانایی ئەوەیە تاك ئاگای لە کەموکوڕی و کەمایەسی مەعریفەی خۆ هەبێت. سەبارەت بەمە بگەڕێنەوە بۆ خارمیدس، ١٦٧a، ١٧٠aکە تێیدا مانای "خۆت بناسە" هەر بەم جۆرە شیکراوەتەوە. لەداکۆکی (بەتایبەتی ٢٣a ـb)یش هاوچەشنی ئەم مەیلەمان بەرچاو دەکەوێت و (هێشتا هەندێ شوێنەواری لە تیمایۆسدا، ٧٢a، ماوەتەوە). لە فیلێبوس، گۆڕانکارییەکی گرنگ لە ڕاڤەی "خۆت بناسە" ڕوودەدات. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی **٢٦** هەر لەم بەشە و بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی١٥، بەشی هەشتەم.

**٩ـ** فایدۆن، **٩٦ ـ٩٩**. بە بۆچوونی من فایدۆن هێشتا لەهەندێ لایەنەوە سوقراتی و بەشێوەیەکی سەرەکی ئەفلاتوونییە. ئەو چیرۆکەی "سوقرات" لەم دیالۆگەدا لەمەڕ گەشە و ئاڵوگۆڕی فەلسەفەی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە، بۆتە هۆی مشتومڕی زۆر. من پێموایە ئەم داستانە نە گێڕانەوەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی سوقراتە نە ئەفلاتوون و بەبۆچوونی من

21. Towards a Rational Theory of Tradition.
22. The Rationalist yearbook (1949).
23. Intermediate and intermediary.

لێکدانەوەی ئەفلاتوونە بۆ گەشە و ئالۆگۆڕی سوقرات. تێڕوانینی سوقرات سەبارەت بە زانستەکان (کە تێیدا ئەوپەڕی هۆگری بۆ بەڵگەخوازی عەقڵانی لەگەڵ جۆرە ڕێبازێکی خاکەڕێیانەی نازانگەری (agnosticism) ئاوێتەکرابوو) ئەفلاتوون نەیدەتوانی لێیتێبگات‌و هەوڵیدەدا بە ئاماژەکردن بە پاشکەوتوویی زانستەکان لە ئەسینا لەبەرانبەر ڕێبازی فیساگۆری، ئەو تێڕوانینە شرۆڤەبکات. کەواتە، ئەفلاتوون ئەم تێڕوانینە نازانگەراییەی بە چەشنێك دەخستەڕوو کە ئیدی لەژێر تیشکی بیروباوەڕی فیساگۆری نوێ خۆیدا پاساوی بۆ نەدەهاتەوە. (هەروەها دەیەویست پێشانیبدات ئەگەر سوقرات ئاگاداری بۆچوونە نوێیە میتافیزیکییەکان بووایە لەمەڕ گیان، بە وەبەرچاوگرتنی حەزی بەتینی سەبارەت بە تاك، چەندە ئەم بۆچوونانەی پەسنددەکرد. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٤ و٤٥، بەشی دەیەم و یادداشتی ٥٥، بەشی هەشتەم.)

١٠ـ ئەوە هەمان فۆرمی ئەو دۆزەیە کە ڕەگی ژمارە ٢و پرسی (ژمارە) ناڕێژەییەکان لەخۆدەگرێت ـ واتە ئەو پرسەی بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێبازی فیساگۆری. بە خستنەڕووی ئەم پرسە، میتۆدی "ئەژمێراندن"ی ئەندازیاری ڕەدکرایەوە و میتۆدی پێوانەیی ـ ئەندازیارییە تایبەتییەکان سەریان هەڵدا کە لە ئۆقلیدۆسەوە بۆ ئێمە بەجێماوە. (هەڵێبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٩(٢)، بەشی شەشەم.) لەوانەیە سوودوەرگرتن لەم پرسە لە دایالۆگی مێنون پەیوەندی بەم واقیعیەتەوە هەبێت کە لەهەندێ لە بەشەکانی دایالۆگەکەدا، نووسەر دەیەوێت شارەزایی خۆی (نەك شارەزایی سوقرات) لە "دواین" پێشکەوتن و میتۆدە فەلسەفییەکانمان "بەڕوودا بداتەوە".

١١ـ گۆرگیاس، ٥٢١d بەدواوە.

١٢ـ کراسمەن، هەمان کتێب[٢٤]، لەو شوێنەی دەنووسێت :"لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم سێ هەڵە گەورەیەی دێموکراسی ئەسینادا... " لەم پارچەیەی کتێبەکەیدا (ل٩٣) ئەوە دەردەکەوێت کە تا چ ڕادەیەك کراسمەن بەڕاستی لەڕۆحی ڕێنماییەکانی سوقرات تێگەیشتووە :"لە کەلتووری ڕۆژئاوایی ئێمەدا، هەرچی باشە لەم ڕۆحەوە هەڵدەقوڵێت، چ لە زانایاندا بەرچاوبکەوێت، چ لەپیاوە ئایینیەکان، چ لە سیاسەتمەدارەکان و چ لەو کۆمەڵە ژن و پیاوە ئاساییەی کە ڕوو لە ئەفزەلیەت دان بە درۆ و دەلەسە سیاسییەکان بەسەر حەقیقەتە سادەکان

24. R.H.S. Crossman, Plato To- Day, p. 118.



وەردەگێڕن...و هەمیشە لەکۆتایی کارەکەدا بەهۆی ئەو سەرمەشقەی دەیخەنەڕوو، تەنیا هێزێك پێکدێنن کە توانای وردکردنی دیکتاتۆری زۆردار و چاوچنۆك و ڕژدی هەیە... سوقرات پێشانیدا کە فەلسەفە هیچ نییە جگە لە ناڕەزایەك کە بەحوکمی ویژدان لەبەرانبەر دەمارگرژی و کردەوەی پێچەوانەی عەقڵ‌و ئەخلاق ئەنجامبدرێت."

١٣ـ کراسمەن، هەمان کتێب، ل١١٧ (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە) وەك دیارە کراسمەن لەم چرکەساتەدا ئەوەی لەبیرکردووە کە لەدەوڵەتی ئەفلاتووندا، پەروەردە و فێرکردن لەڕیزی مۆنۆپولە چینایەتییەکان دایە. ڕاستە لەکۆماردا، پارە کلیلی دەرگای خوێندنی بالانییە، بەڵام ئەم شتە تاڕادەیەك بێبایەخە. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە تەنیا ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار دەتوانن زانست بخوێنن. (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٣٣، بەشی چوارەم). ئەو کات، ئەفلاتوون، لانیکەم کاتێ تەمەنی هەڵکشا، بەهیچ چەشنێك دژی پارەسالاری (پلۆتۆکراسی) نەبوو و پارەسالاری پێ لە کۆمەڵگای بێچین یان یەکسانیخواز باشتربوو. بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچەیەی لەیاساکان، ٧٤٤b، لەیادداشتی ٢٠(١)، بەشی شەشەمدا خواستراوە. لەهەمبەر پرسی چاودێری دەوڵەت بەسەر پەروەردە و فێرکردندا، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٣٩ هەتا ٤١ لە بەشی چوارەم.

١٤ـ بورنێت پێیوایە ڕێنماییەکانی کۆمار بەتەواوی لەژێر کاریگەری سوقرات و تەنانەت فەیلەسووفەکانی بەر لە سوقراتیش دایە[٢٥]. (بڕوابوون بە بەر لەسوقراتی بوونی کۆمار ڕەنگە لەڕاستییەوە نزیکتر بێت، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ کتێبی **سەرهەڵدانی هزری ئەفلاتوون**، دانانی وینسپێر). بەم حاڵەش، هیچ جۆرە هەوڵێکی جدی نادات بۆ ئەوەی ئەم بیروبۆچوونە لەگەڵ ئەو دەستەواژە گرنگانەدا پێکبێنێ کە لە **نامەی حەوتەم** وەریدەگرێت[٢٦]. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٥٦(٥)، بەشی دەیەم.

١٥ـ یاساکان، ٩٤٢c. لەدەقی تایبەت بە یادداشتی٣٣، بەشی شەشەم، ئەم پارچەیە بەشێوەیەکی تەواوتر ئاماژەی پێکراوە.

١٦ـ کۆمار، ٥٤٠c.

25. J. Burnet, Greek Philosophy, I, 178.
26. Seventh letter, 326a, Greek philosophy, I, 218.

**١٧ـ** بەراوردی بکەن لەتەك ئەو پارچانەی کۆمار، ٤٧٣c ـ e کە لەدقی تایبەت بە یادداشتی ٤٤، بەشی هەشتەمدا خواستوومانە.

**١٨ـ** کۆمار، ٤٩٨b/c. هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یاساکان، ٦٣٤b/e، کە ئەفلاّتوون دەست بەستایش کردنی یاسای "دوورییەکان" دەکات چونکە ئەم یاسایە "پێشی گەنجەکان دەگرێت بپرسن کامە یاسا راستە و کامەیان ناڕاستە و هەموویان لەوەدا هاوڕا دەکات کە بێژن گشت یاساکان باشن." نووسەری بەساڵاچوو[٢٧] درێژەی پێدەدات کە تەنیا پیرەمێردەکان مافی ئەوەیان هەیە رەخنە لەیاساکان بگرن، ئەویش تەنیا کاتێك کە هیچ گەنجێك لەوێ ئامادە نەبێت بۆ ئەوەی گوێی لەقسەکانیان نەبێت. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی٢١ لەم بەشەی ئێستاو یادداشتگەلی ١٧ و٢٣و ٤٠، بەشی چوارەم.

**١٩ـ** کۆمار، ٤٩٧d.

**٢٠ـ** کۆمار، ٥٣٧c. وتەکەی دواتریشیان هی کۆمارە، (e ـ٥٣٧d و٥٣٩d). "پاشماوەی پارچەکە" لە c ـ٥٤٠bدایە. لە d ـ٥٣٦cـ یشدا هەندێ رستەی سەرنجڕاکێشیتریش بەرچاو دەکەوێ، ئەفلاّتوون دەڵێت ئەو کەسانەی (بەو چەشنەی کە لەپارچەکەی پێشوودا لەسەر دواین) بۆ خوێندنی دیالیکتیکی هەڵدەبژێردرێن، بێگومان لەو کاتەدا تەمەنیان لەوە تێدەپەرێت کە خەرێکی فێربوونی شتێ نوێ بن.

**٢١ـ** *چرنیس، هەمان کتێب[٢٨]و پارمیندس، d ـ١٣٥c*

گرۆت کە خۆی یەکێك بوو لە لایەنگرە گەورەکانی دێموکراسی، بەزمانێکی توند سەبارەت بەم خاڵە (واتە پارچە "دڵگیرترەکانی" کۆمار، لە ٥٣٧c تا ٥٤٠) بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت و دەنووسێت[٢٩] :"فەرمانی یاساغکردنی وتووێژی دیالێکتیکی (dialectic debat) لەگەڵ لاوەکان... بێگومان دژە سوقراتییە... و بەڕاستی، دەبێ لەریزی دادخوازی مێلێتوس[٣٠]و ئانوتوس دژی سوقرات بژمێردرێت...و هیچ جیاوازییەکی نییە لەتەك تۆمەتەکانی ئەوان دژی ئەم کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد {سوقرات} گەنجەکان گەندەڵدەکات... کاتێ سەیردەکەین

٢٧. مەبەست ئەفلاّتوونە کە دایالۆگی یاساکانی لەسەردەمی پیریدا نووسی.

28. H. Cherniss, The Riddle of the Early Academy, p. 79.

29. G. Grote, Plato and the other companions of Socrates, ed. 1875, vol. III, p. 239.

30. Meletus



ئەویش {واتە ئەفلاّتوون} ئەم جۆرە وتووێژانە بەتەواوی یاساغدەکات تا تەمەنی سی ساڵی، بۆمان دەردەکەوێ کە رێکەوتنێکی تاقانە و سەیر روویداوە، چونکە ئەمە هەمان ئەو یاساغییەیە کە کریتیاس و خاریکلس[٣١] لە قۆناغی دەسەڵاتی زوو تێپەڕی سی کەسە ئۆرلیگارکەی ئەسینا، بەسەر سوقراتیاندا سەپاند."

**٢٢ـ** ئەم وێنایە کە راستییەکەی لەدەقەکەدا گومانی لێکراوە ـ واتە ئەو کەسانەی فەرمانبەری باش بن، فەرماندەی باشیان لێدەردەچێت ـ سەرچاوەکەی بۆ ئەفلاّتوون دەگەڕێتەوە. بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٧٦٢e.

توین بی بەباشی ئەوەی دەرخستووە کە چلۆن سیستەمی ئەفلاّتوونیی بۆ پەروەردەی فەرمانڕەواکان دەتوانێت کاربکات ـ هەڵبەتە لە کۆمەڵگایەکی وەستاودا. بگەڕێنەوە بۆ <u>**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**</u>، بەرگی ٣، بەتایبەتی ل٣٣ بەدواوە و یادداشتەکانی ٣٢(٣) و٤٥(٢)، بەشی چوارەم.

**٢٣ـ** لەوانەیە هەندێ کەس بپرسن چۆن یەکێك کە خۆی تاکگەرایە دەکرێ خوازیاری ئەوەبێت کە تاکەکان خۆیان بخەنە خزمەت هەر چەشنە ئایدیالێك، بەتایبەتی ئایدیایەکی ئەبستراکتی وەك توێژینەوەی زانستی. ئەم جۆرە پرسیارە پێشاندەری هەمان هەڵەی کەڤنارە کە تاکگەرایی و خۆخوازی بە یەك شت لەقەڵەمدەدات (کە لەبەشی رابردوودا لەسەری دواین). تاکگەراکانیش دەتوانن خۆ لەخۆویستی ببوێرن و نەك هەرخۆیان تەرخانبکەن بۆ یارمەتیدانی خەڵکانیتر بەڵکو خۆیان تەرخان بکەن بۆ دروستکردنی هەندێ دەزگا بۆ هاوکاریکردنی خەڵك.

(جگە لەمە، پێموانییە بتوانین داوا لەکەسێك بکەین خۆی تەرخان بکات بۆ شتێك، بەڵکو تەنیا دەکرێ هان بدرێ بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.) بەبڕوای من، هەوڵدان لەرێگای هەندێ دەزگا ـ وەك دەزگاکانی دەولەتێکی دێموکراتیك ـ و تەنانەت ملکەچکردن بۆ هەندێ لە نەریتەکان، بەهیچ چەشنێك لەدەرەوەی بازنەی تاکگەراییەوە نییە بەو مەرجەی کە ئامانجە مرۆڤدۆستییەکانی ئەم جۆرە دەزگایانە لەبیر نەکرێن. نابێ تاکگەرایی لەگەڵ کەسایەتیگەرایی و دژە دەزگای بەیەك شت لەقەڵەمبدەین. ئەمە یەکێك لەو هەوڵانەیە کە زۆربەی کاتەکان تاکگەراکان تێیدەکەون. هەرچەندە ئەوان لەسەر هەقن کە لەهەمبەر کۆگەراییدا منجڕی

31. Charicles

دەکەن، بەڵام بە هەڵە دەزگا لەگەڵ یەکەی کۆ (یان ئیشتراکی) تێکەڵاو دەکەن ـ کە بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکرێت کە لەخودی خۆیدا ئامانجە ـو دەبن بە کەسایەتیگەرای دژە دەزگاو دەکەونە رێگایەکەوە کە مەترسی نزیك بوونەوە لە پرەنسیپی رێبەرایەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێت. (بە بۆچوونی من، ئەمە یەکێك لەلایەنەکانی تێروانینی دوژمنانەی دیکنزە لەهەمبەر پەرلەمان.) سەبارەت بەزاراوەکانی من ـ "تاکگەرایی" و"کۆگەرایی" بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٢٦ تا٢٩، بەشی شەشەم.

**٢٤ـ** سامۆێل باتلەر، **ناشوێن**، ل١٣٥[٣٢].

**٢٥ـ** سەبارەت بەم رووداوانە، بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی مایەر، بەرگی٥، ل٥٢٢ ـ ل٥٢٥ و٤٨٨ بەدواوە و یادداشتی ٦٩، بەشی دەیەم. ئاکادیمیا لەرووی ملهوڕ پەروەرییەوە ناوبانگی هەبوو. قوتابییەکانی ئەفلاتوون یەکێکیان خایرۆن[٣٣] بوو کە دواتر بوو بە ملهوڕی پێلێ نێ[٣٤]، ئەوانیتر ئیوراستوس[٣٥]و کۆرسیکوس[٣٦]، ملهوڕەکانی سکپسیس[٣٧] (نزیکی ئاتارنیوس)[٣٨]،و دواجار هێرمیاس[٣٩] کە پاش ماوەیەك پلەوپایەی ملهوڕی ئاتارنیوس و ئاسۆس[٤٠]ـ ی وەرگرت[٤١]. بەپێی هەندێ ژێدەر، هێرمیاس راستەوخۆ قوتابی ئەفلاتوون بووە، بەڵام بەپێی ئەوەی بە "نامەی شەشەمی ئەفلاتوون" ناسراوە و گومان لە رەسەنایەتییەکەی دەکرێت، هێرمیاس بوو بە یەکێك لەپشتیوانانی ئەرستۆ و قوتابیەکەی تری ئەفلاتوون بەناوی کسنۆکراتس[٤٢] کە سێیەمین کەس بوو کرا بە سەرپەرشتی ئاکادیمیا[٤٣].

32. Samuel Butler, Erewhon (1872), p. 135, Everyman ed.
33. Chairon
34. Pellene
35. Eurastus
36. Coriscus
37. Skepsis
38. Atarneus
39. Hermias
40. Assos
41. Athen, XI, 508 and starbo, XIII, 610.
42. Xenocrates

٤٣. سەبارەت بە پردیکاسی سێیەم (Prediccas III)و نزیکایەتی لەگەڵ ئیورفاکوسی (Euphacus) قوتابی ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ: Athen., XI, 508 ff. لەم ژێدەرەدا باسی کالیپوس ـ یش کراوە وەك قوتابی ئەفلاتوون.



(١) ئەگەر سەیرێکی پرەنسیپەکانی پەروەردە و هەڵبژاردنی کتێبی یەکەمی یاساکان بکەین[٤٤]، بۆمان دەردەکەوێ کە ناکامی ئەفلاتوون لە پلەوپایەی پەروەردەکار و مامۆستا هێندە جێگای سەرسووڕمان نییە. لەم پارچە درێژەدا، ئەفلاتوون دەریدەخات کە باشترین ئامراز بۆ پەروەردە و فێرکردن،یاخود بەجۆرێکی باشتر، هەڵبژاردنی کەسێك کە بشێت متمانەی پێبکرێت، شەراب (خۆشاو) و سەرخۆشییە، چونکە لەم رێگەیەوە زمانی دەکرێتەوە و دەتوانین بزانین چی لەباران دایە. ئەفلاتوون دەنووسێت (٦٤٩d/e):"چی لەمەی باشترە، یەکەم بۆ تاقیکردنەوەی خەسڵەتەکانی پیاوێك و دووەم بۆ پەروەردەکردنی؟ چ شتێك هەرزانتر و کەمتر شایانی سەرکۆنەکردنە؟" تا ئێستا نەمبیستووە هیچ کام لە پسپۆرانی پەروەدە و فێرکردن کە ستایشی ئەفلاتوون دەکەن، لەسەر ئەم شێوە مەی نۆشینە دوابن. سەیرە، چونکە سەرەڕای ئەوە کە ئەم شێوەیە ئێستا ئیدی هێندە هەرزان نییە، هێستاش بەتایبەتی لە زانکۆکاندا بەفراوانی بەکاردەهێنرێت.

(٢) بەڵام بۆ رەچاوکردنی لایەنی ئینساف سەبارەت بە پرەنسیپی رێبەرایەتی، دەبێ دان بەوە دابنرێت کە ئەوانیتر لەهەڵبژاردنەکانیاندا، لە ئەفلاتوون بەختیارتر بوونە. یەکێك لەمانە لیونارد نڵسن[٤٥] بوو. ئەو باوەڕی بەم پرەنسیپە هەبوو کە باسمانکرد و وەك دیارە دەسەڵاتێکی بێهاوتای هەبوو بۆ هەڵبژاردن و راکێشانی ژمارەیەك ژن و پیاو کە لە سەختترین و پڕ وەسوەسەترین هەلومەرجدا ئەمەکداری خۆیان بپارێزن لەهەمبەر ئامانجەکانیاندا. هەڵبەتە ئارمانجی ئەم ژمارەیە، لە ئارمانجی ئەفلاتوون باشتر بوو وهزری مرۆڤدۆستانەی ئازادی و دادپەروەری یەکسانیان کردبووە ئامانجی خۆیان.* (وەرگێڕانی ئینگلیزی هەندێ لە وتارەکانی نڵسن بەم زووانە لەلایەن زانکۆی ییلەوە لەژێر ناونیشانی **میتۆدی سوقرات و فەلسەفەی رەخنەیی**[٤٦] بڵاوکراوەتەوە. پێشەکییە زۆر سەرنجڕاکێشەکە، لەنووسنی یولیوس کرافتە[٤٧].)*

٤٤. یاساکان، لە ٦٣٧d و بەتایبەتی ٦٤٣a یەوە ـ "لێگەرێن ماهییەت و مانای پەروەردە و فێرکردن پێناسە بکەم"ـ تا ٦٥٠b.

٤٥. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤ هەر لەم بەشەدا.

46. L. Nelson, The Socratic Method and critical philosophy, Yale University press, 1949.
47. Julius Kraft

(٣) تیۆری لایەنگری دیکتاتۆری خێرخواز، کە هێشتا تەنانەت لەنێو دێموکراتەکانیشدا برەوی هەیە، خودان بێتواناییەکی بنەڕەتییە. ئەم تیۆرە، خوازیاری کەسایەتییەکە لەپلەی ڕێبەردا کە خاوەن باشترین نیاز و مراز بێت بۆ خەڵك و متمانەی پێبکرێت. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەم تیۆرە ڕاستیش بێت و تەنانەت ئەگەر بڕوا بەوە بکەین کە کەسێك بێ ئەوەی چاودێری بکرێ و لێپێچینەوەی لەتەکدا بکرێت دەتوانێ کارەکەی لەم ڕوانگەیەوە ئەنجامبدات، چۆن دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئەو دەکارێت جێگیرێکی بێ هاوتای وەك خۆی لەڕووی ڕێز و بەرزێتییەوە بدۆزێتەوە؟ (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتگەلی **٣** و٤، بەشی نۆیەم و یادداشتی **٦٩**، بەشی دەیەم.)

(٤) سەرنجڕاکێشە ئەگەر سەبارەت بە پرسی دەسەڵات کە لەدەقەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، هەردوو دایالۆگی گۆرگیاس (٥٢٥e)و کۆمار (٦١٥d) بەراورد بکەین. ئەم دوو پارچەیە زۆر لەیەك دەچن، بەڵام لەگۆرگیاسدا ئەفلاتوون بە جەختکردنەوە دەڵێت کە گەورەترین تاوانبارەکان __هەمیشە__ "لە چینی دەسەڵاتدارەکانەوە سەرهەڵدەدەن"و کەسە تایبەتییەکان ڕەنگە خراپ بن بەڵام لە چاکسازی بەدوور نین. لەکۆماردا، ئەم هۆشدارە شێلگیرە لەهەمبەر کاریگەری گەندەڵکارانەی دەسەڵات بەلاوەنراوە و ئێژێت، هەرچەندە گەورەترین گوناهکارەکان بەزۆری لەناو ملهوڕەکانەوە سەرهەڵدەدەن، بەڵام "هەندێ کەسی تایبەتیش لەنێویاندا دەردەکەون." (ئەفلاتوون لەکۆماردا پشت بە بەرژەوەندی تاکەکەسیدەبەستێت و هیوادارم ئەم فاکتەرە، ببێتە لەمپەری خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن زێرەڤانەکانەوە. هەڵبسەنگێنن لەگەڵ کۆمار، ٤٦٦b/c، کە لەدەقی تایبەت بە یادداشتی٤١، بەشی شەشەم، ئاماژەی بۆکراوە. بەتەواوی ڕوون نییە بۆچی دەبێ بەرژەوەندی تاکەکەسی ئەم کاریگەرییە بەسوودەی لەسەر زێرەڤانەکان هەبێت بەڵام لەسەر ملهوڕەکان نەیبێت.)

**٢٦ـ*** لە دایالۆگە سەرەتایی و (سوقراتییەکاندا)[٤٨]، پەیڤی بەناوبانگی "خۆت بناسە" بەم جۆرە ڕاڤە دەکرێت کە "بزانە ئەوەی دەیزانی چەندە کەمە." بەڵام لە دایالۆگی پاشتر و (ئەفلاتوونی) فیلێبوس، گۆڕانێکی کەم بەڵام زۆر گرنگ لەم ڕاڤەیەدا دەکرێت. لە سەرەتادا (٤٨c/d بەدواوە)، وتەی ناوبراو دیسان بە مانای پێچەوانە، بەهەمان چەشن ڕاڤە دەکرێت و

٤٨. بۆ نموونە داکۆکی و خارمیدس، بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٨ هەر لەم بەشەداو یادداشتی ١٥، بەشی هەشتەم و یادداشتی ٥٦(٥)، بەشی دەیەم.



ئەوە دەخوێنینەوە کە ئاپۆرا لەبەرئەوەی خۆیان ناناسن، "بانگەشەی ئەوە دەکەن و بەدرۆ واخۆیان دەنوێنن کە حەکیم و دانان." بەڵام دواتر ئەم ڕاڤەیە بەم جۆرە درێژەی پێدەدرێت کە ئەفلاتوون مرۆڤەکان بەسەر دوو چیندا دابەشدەکات: بێهێز و بەهێزەکان. نەزانی و گەمژەیی مرۆڤی بێهێز بە پێکەنیناوی وەسف دەکات و "نەزانی __**کەسی بێهێز**__ بەشایستەی ئەو دۆخەی تێیدایە، بە 'خراپ' و 'نەفرەتاوی' ناوزەد دەکرێت..." ئەم پەیڤە پێویستی بە بڕواهێنانە بەتیۆرەکەی تری ئەفلاتوون کە ئێژێ __**ئەو کەسەی جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست دایە دەبێ دانابێت نەك نەزان**__ (یاخود بەچەشنێکیتر، تەنیا کەسێك کە دانایە دەبێ جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست). پێویستە ئەم تیۆرە لە دۆکترینە سەرەکییەکەی، سوقرات جیابکەینەوە کە دەڵێت هەموو کەسێك و __**بەتایبەتی ئەو کەسەی جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست دایە دەبێ ئاگای لەنەزانی خۆی بێت**__.(لە فیلێبۆسدا هیچ ئاماژەیەك دەلالەت لەوە ناکات کە دەبێ "دانایی" وەك "ئاگابوون لە کێماسییەکانی خۆ" ڕاڤە بکرێت. بە پێچەوانەوە، دانایی پێویستی بە مەعریفەی تایبەتمەندە لەمەڕ ڕێنمایی فیساگۆری و تیۆری ئەفلاتوون سەبارەت بە ئایدیا، بەو چەشنەی کە لە دایالۆگی سۆفیستدا هاتووە.)*

# بەشی هەشتەم

ئەو پاراگرافەی وەك سەردێڕی ئەم بەشە دامانناوە، هی کۆمارە (d ـ٥٤٠c). بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٣٧ هەر لەم بەشەو یادداشتی١٢، بەشی نۆیەم، کە ئەم پارچەیە تێیدا بەشێوەیەکی تەواوتر نووسراوەتەوە.

١ـ کۆمار، ٤٧٥e. بۆ نموونە هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ ٤٨٥c بەدواوە و ٥٠١c.

٢ـ کۆمار، ٣٨٩b بەدواوە.

٣ـ کۆمار، ٣٨٩c/d. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یاساکان، ٧٣٠b بۆ دواوە.

٤ـ ئەم وتەیە و سێ پاراگرافی وتەکانی دواتر بەراورد بکەن لەتەك کۆمار، ٤٠٦c و٤٠٧e هەروەها بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتمەدار، ٢٩٣a بەدواوەو ٢٩٥b ـ٢٩٦c.

٥ـ یاساکان، ٧٢٠c. سەرنجڕاکێش ئەوەیەکە پارچەی ٧١٨c ـ٧٢٢b ڕێگا بۆ خستنەڕووی ئەم بیرۆکەیە خۆشدەکات کە دەبێ سیاسەتمەدار، هەم پەنا بباتە بەر **رازیکردن** و هەم هێز (٧٢٢b). مەبەستی ئەفلاتوون لە "رازیکردنی" جەماوەر، زیاتر کەڵك وەرگرتنە لە پڕوپاگەندەی درۆ (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتەکانی ٩ و١٠هەر لەم بەشەو ئەو پارچەیەی لەدەقی تایبەت بەم یادداشتانە لە کۆمار، ٤١٤b/c وەرگیراوە). کەواتە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە پارچە خواستراوەکەی یاساکانیشدا، سەرەڕای ئەم نەرم و نیانییە تازەیە، بیرۆکەکەی هەروا بە تەداعیاتی پێشوو ئاخنراوە ـ واتە سیاسەتمەدار پزیشکێکە سوود لە درۆ وەردەگرێت. لەشوێنێکیتردا (٨٥٧c/d)، ئەفلاتوون شکایەت لەو پزیشکانە دەکات کە پێچەوانەی



دەستەی یەکەمن و لەجیاتی ئەوەی هەستونەستیان لای دەرمانکردنی نەخۆشەکان بێت، خەریکی فەلسەفاندنن لەگەڵیاندا. ڕەنگە ئەفلاتوون لەکاتی نووسینی یاساکاندا نەخۆش بووبێت و لێرەدا هەندێ لەو شتانە شیدەکاتەوە کە بەسەر خۆیدا هاتوون.

٦ـ کۆمار، ٣٨٩b. سەبارەت بەم چەند پاراگرافە کورتە کەپاش ئەمە ئاماژەی بۆکراوە، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٥٩c.

٧ـ کانت، **ئاشتی ئەبەدی**[1]، وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی کەمبل سیپ[2] (١٩٠٣)، ل١٦٢.

٨ـ کراسمەن، ئەفلاتوونی ئەمڕۆ(١٩٣٧)، ل١٣٠، هەروەها بگەڕێنەوە بەکراست بۆ لاپەرەکانی پێشتر وەك دیارە هێشتا کراسمەن لەسەر ئەو بڕوایەیە کە پڕوپاگەندەی درۆ تەنیا بۆ دەرخوارددانی خەڵکی ژێردەستە بووە و ئەفلاتوون نیازی بووە فەرمانڕەواکان فێری سوود وەرگرتنێکی تەواو بکات لەهێزە ڕەخنەییەکەیان.

بەم دواییانە بینیمان کە کراسمەن لە گۆڤاری **لیسنێر** نووسیویەتی: "ئەفلاتوون تەنیا بۆ ژمارەکی کەم لە دەستەبژێرەکان، بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین و وتووێژ و دانانووسان هەبووە."[3] ڕاستیەکەی ئەوەیەکە ئەفلاتوون بەهیچ چەشنێك بڕوای بەشتێکی ئەتۆ نەبووە و هەم لەکۆمار و هەم لە یاساکاندا[4] مەترسی لەوە هەیە کە نەکا ئەو کەسەی هێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی پیری، بە ئازادی بیربکاتەوە و بە ئازادی قسەبکات و لەم ڕێگەیەوە وشکی دۆکترینی وەستاو و دواجار بە بەردبووی کۆمەڵگا وەستاوەکەی بخاتە مەترسییەوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دوو یادداشتی دوایی.

٩ـ کۆمار، ٤١٤b/c. لە ٤١٤d، ئەفلاتوون سەر لەنوێ هیوادارە کە بتوانێت "تەنانەت خودی فەرمانڕەواو چینی سوپا و سەرجەم شار" رازیبکات کە ئەو درۆیەی دەیکەن ڕاستە.

1. Kant, on Eternal peace, Appendix. (werke, ed. Cassirer, 1914, vol. VI, p. 457.
2. M. Campbell smith
3. The listener, vol. 27, p. 750.

٤. بگەڕێنەوە بۆ ئەو پارچانەی کەلە یادداشتەکانی ١٨ تا٢١، بەشی حەوتەم، ئاماژەیان بۆکراوە، هەروەها دەقی پەیوەندیدار بەم یادداشتانە.

بەڵام پێدەچێت دواتر لەم راشکاوییە پەشیمان بووبێتەوە، چونکە لە سیاسەتمەداردا[٥] بەجۆرێك دەئاخڤیت وەك بڵێی خۆشی بروای بەهەمان **ئەفسانەی خاکزادەکان** کردووە کە لەکۆماردا تەنانەت وەك "درۆی شکۆمەند"یش خۆی لەناو هێنانی دەبوارد[٦].

*ئەوەی من بە "درۆی شکۆمەند" وەرمگێڕاوە، زۆربەی کات بە "درۆی بەرز"[٧] یان "درۆی شەریف"[٨] یان تەنانەت "ئەفسانەی زیندوو"[٩] وەردەگێردرێت.

پاچڤەکردنی وشە بەوشەی gennaios ـ کەمن بە "شکۆمەند" وەرمگێڕاوە ـ"بەرزە گەوهەر"[١٠] یان "رەچەڵەك پاك"ە[١١]. بەم جۆرە "درۆی شکۆمەند" لانیکەم بەڕادەی "بەرزە درۆ" وشە بەوشەیە، ئەوەندە نەبێت کە بەبێ ئەگەری تەداعیاتەکانی "بەرزە درۆ" کە بەهیچ چەشنێك لێرەدا رەوانییە چونکە "بەرزە درۆ" درۆیەکە کەسێك دەیکات بۆ ئەوەی بە بەرزە خەسڵەتی ئەو سووچە بخاتە ئەستۆی خۆی کە رەنگە بەهۆیەوە بکەوێتە مەترسییەوە. نموونە ئەمە، درۆی تۆم سایرە[١٢] کە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی گوناهی بێکی[١٣] بخاتە ئەستۆی خۆی و دادوەر سچێر[١٤] (لەبەشی پێنجەمی کتێبەکەدا) بە "درۆیەکی بەرز و بەخشندانە و مەزنانە" وەسفیدەکات. بەڵام لەم دۆخەی ئێستادا، هیچ هۆیەك لەئارادانییە بۆ ئەوەی کەسێك بەم چەشنەی "درۆی شکۆمەندانە" لێکیبداتەوە و هەربۆیە، راڤەی "بەرزە درۆ"ش دەکەوێتە رێزی هەمان هەوڵ بۆ ئایدیالسازی لە ئەفلاتوون. کۆرنفۆرد بە "دەربازبوونی دلێرانەی (هێزی) داهێنان" وەریدەگرێت و لە پەراوێزدا بەڵگە بۆ رەدکردنەوەی وەرگێڕانی "بەرزە درۆ"

٥. سیاسەتمەدار، ٢٦٩b بەدواوە. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ ٢٧١b و بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٦(٤)، بەشی سێیەم.

٦. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١١ هەر لەم بەشەدا.

7. “noble lie”
8. noble falsehood
9. spirited fiction
10. High born
11. of noble decent

١٢. Tom sawyer. پاڵەوانی چیرۆکی بەناوبانگی مارك تۆین نووسەری گەورەی ئەمریکی، لە کتێبێکدا هەر بەم ناوە.

13. Becky
14. Judge Thatcher



دەهێنێتەوە و ئاماژە بەهەندێ حاڵەت دەکات کە تێیدا gennaios بەمانای "فراوان" یان "درۆی گەورە" وەریبگێڕین، بەڵام کۆرنفۆرد وشەی "درۆ"ش رەددەکاتەوە و ئەفسانەی ناوبراو بە "میناندنی (ئالیگۆری)[١٥] بێ زیانی ئەفلاتوون" ناوزەد دەکات و بەڵگە بۆ رەدکردنەوەی ئەم بۆچوونە دەهێنێتەوە کە رەنگە ئەفلاتوون "پەنا بباتە بەر ئەو درۆیانەی کە بەزۆری سووك و چرووکن و ئێستا بە پروپاگەندە ناودێر دەکرێن". پاشان لە پەراوێزی دواتردا دەڵێت :"دەبێ ئاگاداربین ئەگەر بکرێت دەبێ خودی زێرەڤانەکانیش بڕوا بەم میناندنە بکەن و ئەمە ‘پڕوپاگەندە‘ نییە کە فەرمانڕەواکان گەرەکیان بێت بە زیرەکی دەرخواردی جەماوەری بدەن." بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە بۆ ئایدیالسازی بێسوودە. ئەفلاتوون خۆی بەراشکاوی ئێژێ ئەم درۆیە درۆیەکە دەبێت تاك لەبەرانبەریدا هەست بە سەرشۆڕی و شەرمەزاری بکات (بگەڕێنەوە بۆ دواین وتەی خواستراو لە یادداشتی ١١). لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا، من وێڕای ئاماژەکردن بە "بەرزە رەچەڵەکی" ئەم درۆیە، بە"درۆی ئیلهام کراو" وەرمگێڕابوو و وتبووم کە دەشێت بە "درۆی داهێنەرانە یان هۆشمەندانە"ش[١٦] پاچڤە بکرێت. هەندێ لە دۆستەکانی ئەفلاتوون رەخنەیان لێگرتم کە ئەم وەرگێڕانە هەم زۆر ئازادە و هەم غەرەزی تێدایە. بەڵام لە وەرگێڕانەکەی کۆرنفۆردیشدا ("دەربازبوونی دلێرانەی (هێزی) داهێنان" ئاوەڵناوی gennaios رێك بەم مانایە راڤەکراوە.

هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٠ و١٨ هەر لەم بەشەی ئێستادا.

١٠ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ کۆمار، ٥١٩e بەدواوە، کە لەدەقی تایبەت بە یادداشتی ٣٥، بەشی پێنجەمدا خواستراوە. سەبارەت **بە رازیکردن و هێز (زۆرەملێ)**، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٣٦٦d کە لەم یادداشتە و لە پارچە ئاماژە بۆکراوەکانی یادداشتگەلی ٥ و١٨ ئەم بەشەدا لەسەری دواوین.

وشەی یۆنانی peitho (کە بەرجەستەکاری خاتوونە خواوەندی فریو و هەڵخەڵەتاندنە و یەکێك بوو لە خزمەتکارەکانی ئافرودیتێ[١٧] (=خواوەندی ئەڤین) بە زۆری بە persuasion (=رازیکردن) وەردەگرێت و دەشێ ئەمە بەم واتایەی خوارەوە بێت: **یەکەم**، "رازیکردن بەشێوازی باش و رەوا"، **دووەم**، "بەرێگای ناعادیلانەو ناڕەوا دزینی قاپی کەسێك یان

15. Allegory
16. “ingenious lie”
17. Aphrodite

هەڵخەڵەتاندنی یان راکێشان" یاخود بەجۆرێکیتر، "رواڵەتبازی و وانواندن" (بگەڕێنەوە بۆ خوارەوە بۆ بڕگەی (د)، کۆمار، ٤١٤c). هەندێ جاریش ئەو مانایەی دەیگەیەنێت بریتییە لە "رازیکردن بەدیاری و پێشکەشی" واتە بەرتیل (بگەڕێنەوە بۆ خوارتر بۆ بڕگەی(د)، کۆمار، ٣٩٠c)[١٨]. بەتایبەتی لە دەستەواژەی "رازیکردن و هێز (زۆرەملێ)"دا، بەزۆری زاراوەی "رازیکردن"[١٩] بەمانای یەکەم راڤە دەکرێت و خودی دەستەواژەکە بەم جۆرە "بەهەر ئامرازێکی ممکین" یان "بەهەر ئامرازێك جا چ رەوا بێت یان نارەوا"[٢٠] وەردەگێڕدرێ و (ئەم وەرگێڕانە زۆربەی کاتەکان لەجێی خۆیدایە). بەبڕوای من، کاتێ ئەفلاتوون ئامۆژگاریمان دەکات وەك ئامرازگەلی تەکنیکی سیاسەتگەری سوود لە "رازیکردن و هێز" وەربگرین، بە مانایەکی وشە بە وشەییتر ئەم وشەیە بەکاردێنێت و لەراستیدا مەبەستی گوتاربێژی پروپاگەندەییە هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی توندوتیژی (بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٦٦١c، ٧١١c، ٧٢٢b، ٧٥٣a).

ئەم پارچەیەی خوارەوە لەرووی بەکارهێنانی وشەی "رازیکردن" لەلایەن ئەفلاتوونەوە بەمانای دووەم بەتایبەتی لەبەستێنی پروپاگەندەی سیاسیدا زۆر گرنگە. (الف) گۆرگیاس، لە ٤٥٣a تا ٤٦٦a، بەتایبەتی ٤٥٤b ـ٤٥٥a. فایدرۆس، ٢٦٠b بۆدواوە، تیایتیتۆس، ٢٠١a. سۆفیست، ٢٢٢c. سیاسەتمەدار، ٢٩٦b بۆدواوە و ٣٠٤c/d. فیلێبوس، ٥٨a. لەهەموو ئەم پارچانەدا، رازیکردن (واتە "تەکنیکی رازیکردن" بە هەڵاواردن لە "تەکنیکی گەیاندنی مەعریفەی راستەقینە") پەیوەستە بە گوتاربێژی و رواڵەتبازی و پروپاگەندە. لە کۆمار، پارچەی ٣٦٤b، بەتایبەتی ـ ٣٦٤eو ٣٦٥d[٢١]، شایستەی گرنگی پێدانە. (ب) لە پارچەی

١٨. ئاگاداری خوێنەران دەکەینەوە ئەگەرچی لە ئینگلیزیدا بۆ دەربڕینی زۆربەی ئەم چەمکانەی ئاماژەیان بۆ کرا سوود لە وشەی (persuasion) وەرگیراوە، ئێمە دەبێ دەستەواژەی جیاواز بەکاربێنین بۆ گەیاندنی مانای تەواو، بۆ نموونە لەجیاتی "قانیعکردن بە دیاری" کە واتایەکی وشە بە وشەی هەیە، دەبێ بێژین "رازیکردن بەدیاری"و بەم چەشنە...

١٩. کۆمار، ٥٤٨

٢٠. بگەڕێنەوە بۆ وەرگێڕانی دیڤیس و ڤان لەهەمبەر پارچەی ٣٦٥d کە لەخوارتر لەژێر (ج) ئاماژەی بۆکراوە.

٢١. بەراوردی بکەن لەگەڵ یاساکان، ٩٠٩b.



٣٦٤e ("رازیدەکەن" واتە "نەك هەر تەنیا تاکەکان بەڵکو هەموو خەڵکی شارەکان" بەم باوەڕە گومڕا دەکەن)، زاراوەی "رازیکردن" دەتوانین بڵێین هەر بەو مانایە بەکار دەبرێت کە لە ٤١٤b/cدا سوودی لێوەردەگیرێت ـ واتە ئەو پارچەیەی کەتێیدا باسی "درۆی شکۆمەند" دەکرێت _ئەم پارچەیەی دواییان لەدەقی تایبەت بە یادداشتی ٩ی ئەم بەشەدا خواستراوە). (ج) پارچەی ٣٦٥d سەرنجڕاکێشە چونکە زاراوەیەکی تێدا بەکاردێت کە لیندزی وەك جۆرە راڤەیەکی رازیکردن بە "هەڵخەڵەتاندن" وەریدەگێڕێت کە زۆر لەجێگای خۆیدایە. (دەستەواژەی ناوبراو ئەمەیە :" بۆ ئەوەی غافلگیر نەبین[٢٢]... هەندێ کەسمان لەبەردەست دایە کە لە تەکنیکی رازیکردندا مامۆستان... بەم چەشنە، بە یارمەتی رازیکردن و هێز لەدەست سزا رادەکەین، بەڵام رەنگە نارەزایەتی دەربڕدرێت کە ناتوانرێت خواوەندەکان **هەڵبخەڵەتێنین** یا **ناچار بکرێن**..." (د) لە کۆماردا، ٣٩٠e، زاراوەی رازیکردن بەمانای بەرتیل بەکاردەهێنرێت. (حەتمەن ئەمە بەکاربردنی کۆنی وشەکە بووە، چونکە پارچەی ناوبراو گوایە لە وتەکانی هسیۆدسەوە وەرگیراوە. سەرنجڕاکێش ئەوەیەکە ئەفلاتوون زۆربەی کاتەکان ئەم بۆچوونە رەد دەکاتەوە کە مرۆڤ دەتوانێ خواوەندەکان "رازی" (یان "قانع") بکات یان بەرتیلیان پێبدات، بەڵام لە پارچەی دواتر (٣٩٩a/b)، تۆزێك لەهەمبەر ئەم بیرۆکەیەدا نەرم دەبێت.) پاشان دەگەینە ٤١٤b/c ـ واتە پارچەی "درۆی شکۆمەند"ـو یەکڕاست پاش ئەو[٢٣]، "سوقرات" بە وەلانانی پرەنسیپەکان ئێژێ کە (ه) "هەولێکی فرە بۆ رازیکردن پێویستە تا بتوانرێت کەسێك ناچار بکرێت بڕوا بەم داستانە بێنێت." سەرەنجام، شایانی باسە کە (و) لە کۆماردا، ٥١١d و٥٣٣e، ئەفلاتوون وەك یەکێك لە هێزە نزمترەکانی مەعریفە[٢٤] لە گیانی{مرۆڤ}دا باسی رازیکردن یان بڕوا[٢٥] یان ئیمان[٢٦] دەکات کە بەهۆی ئەوەوە، رای (وەهمی) لەهەمبەر

٢٢. یان: "تێنەکەوین..."

٢٣. ٤١٤c، هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی دواتر.

24. A lower cognitive facutly

25. Belief

٢٦. وشەی ئینگلیزی faith (= ئیمان) و ئەو وشەیەی کە لە زمانی یۆنانی بە مانای "رازیکردن (اقناع)" بەکاردێت، هەردووکیان دەچنەوە سەریەك رەگ. (هەروەك دوو وشەی فارسی {و کوردی} باوەڕ (بەواتای بیروباوەڕ)و بەمانای باوەڕ کردن.

شتە رەوانەکان وەدەست دێت[٢٧]، بە جیاکردنەوە لە مەعریفەی عەقڵی لەمەڕ فۆڕمە نەگۆڕەکان. سەبارەت بە رازیکردنی "ئەخلاقی" بگەڕێنەوە بۆ بەشی پێنجەم، یادداشتگەلی ٥٢ ـ٥٤و بابەتی پەیوەندیدار پێیەوە لەدەقەکەو بەشی دەیەم، دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٥٦ و٦٥و خودی یادداشتی ٦٩.

١١ـ کۆمار، ٤١٥a. وتە وەرگێراوەکەی دواتر هی ٤١٥cیە (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کراتولوس، ٣٩٨a) بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ١٢ تا١٤ هەر لەم بەشە و بابەتی پەیوەست پێیان لەدەقەکەو یادداشتەکانی ٢٧(٣)و ٢٩ و٣١ لە بەشی چوارەم.

(١) پێشتر لەدەقی ئەم بەندەدا ئاماژەیەکم بە نائاسوودەیی و پشێوی زەینی ئەفلاتوون کرد. سەبارەت بەمە بگەڕێنەوە بۆ کۆمارd ـ٤١٤cو هەروەها یادداشتی پێشوو، بڕگەی(ه) کە تێیدا سوقرات دەڵێت :"هەوڵێکی فرە بۆ رازیکردن پێویستە تا بتوانرێت کەسێك ناچار بکرێت بڕوا بەم داستانە بێنێت." گلاوکۆن ئێژێ :"پێدەچێت تاڕادەیەك حەز ناکەی بیلێیت." سوقرات وەڵام دەداتەوە :" کاتێ باسی داستانەکە بکەم خۆت لە بێ مەیلییەکەم تێدەگەیت." گلاوکۆن دەڵێت: "بێژە و مەترسە." لەرێگای ئەم داستانەوە، ئەوەی بەڕای من هزری یەکەمی ئەفسانەکەیە دێتە ناو باسەکەوە. (ئەوئەفسانەیەی ئەفلاتوون لە سیاسەتمەداردا وەك داستانێکی راستەقینە دەیخاتەروو. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٩ هەر لەم بەشەدا. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٧٤٠a). هەروەك لەدەقەکەشدا ئاماژەی بۆکرا، قسەکەی ئەفلاتوون دەربڕی ئەوەیە کە هەر ئەم "هزری یەکەم"ە دەبێتە هۆی دڕدۆنگی ئەو، چونکە پاش ئەوەی هزرەکە خرایەڕوو، گلاوکۆن دەڵێت :"کەواتە هۆیەك لە ئارادابوو هێندەی پێچوو تا ئەم درۆیە بکەی." بەڵام پاش ئەوەی سوقرات "پاشماوەی داستانەکە"ـ واتە ئەفسانەی رەگەز پەرستی دەگێڕێتەوە، ئیدی شتێکی ئەوتۆ باس ناکرێت.

(٢) سەبارەت بە جەنگاوەرە "خاکزادەکان" نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە نەجیبزادەکانی ئەسینا (بە پێچەوانەی دوورییەکان) بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە خەڵکی خۆجێیی وڵاتەکەیان بوونەو (هەروەك ئەفلاتوون لە دایالۆگی خوان،١٩١bدا دەڵێت) "وەك کوللە" لە خاکەوە

٢٧. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی سێیەم، یادداشتی ٢١و بەتایبەتی لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی "اقناع" (رازیکردن) لە تیمایۆس، ٥١e



لەدایکبوون (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٢ هەر لەم بەشەدا). یەکێك لە رەخنەگرەکان کە بۆچوونێکی دۆستانەی هەبوو، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەوەی لە بەندی (د) وتراوە ـ واتە دڵەڕاوەکێی سوقرات و وتەکەی گلاوکۆن لەهەمبەر ئەوە کە سوقرات هەقی بوو شەرمەزار بێت ـ دەبوایە وەك ئاماژەیەکی تەنزئامێز لەلایەن ئەفلاتوونەوە لێکبدرێتەوە سەبارەت بەوە کە ئەسینییەکان، سەرەڕای بانگەشەی خاکزادبوون، بەو جۆرەی کە دەشیا بەرەڤانی لە دایکیان بکەن، بەرەڤانیان لە وڵاتەکەیان نەکرد. هەڵبەتە ئەمە رایەکی هۆشیارانە و زیرەکانەیە بەڵام بەبڕوای من بۆ بەرگریلێکردن ناشێت. ئەفلاتوون بەراشکاوی دانی بەوە دادەنا کە ئسپارت باشتر دەزانێت و هەربۆیە، دواین کەس بوو کە رەنگە ئەسینییەکان بە نانیشتمانپەروەری تۆمەتبار بکات. ئەو کات ئەو جۆرە تۆمەتە رەوانەبوو چونکە (هەروەك لە بەشی دەیەم دەریدەخەن) لە جەنگی پلۆپۆنزیدا دێموکراتەکانی ئەسینا هەرگیز خۆیان نەدا بەدەست ئسپارتەکان لەکاتێکدا کریتیاسی خاڵی خۆشەویستی خودی ئەفلاتوون خۆی بەدەستەوەدا و بە پشتیوانی ئسپارت کرا بە سەرکردەی حکوومەتێکی دەستنیشانکراو. ئەگەر ئەفلاتوون بەم چەشنە تەنزئامێزە پەنجەی بۆ بێتوانای بۆ بەرەڤانیکردن لە ئەسینا راکێشابووایە، ئەم ئاماژەیە تەنیا دەکرا بۆ جەنگی پلۆپۆنزی بەکاربهێنرێت و دەبوو بە رەخنەیەك کە ئاراستەی کریتیاس دەکرا کە ئەفلاتوون بە هیچ چەشنێك نەیدەویست بیداتە بەر رەخنە.

(٣)- ئەفلاتوون ئەم ئەفسانەیەی خۆی بە "درۆیەکی فنیقی"[٢٨] ناودێر دەکات. ئایسلەر رایەکی دەربڕیوە کە رەنگە ئەم ناودێرکردنە شرۆڤە بکات. ئایسلەر ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە لە رۆژهەڵاتدا، حەبەشییەکان و یۆنانییەکان و سودانییەکان و سوورییەکان، بەریز، بەرەگەزی زێڕ و زیو و مەفرەغ و ئاسن ناوزەد دەکران و لەمیسر وەك پڕوپاگەندەی سیاسی سوودی لێوەردەگیرا. (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ(چاخی ئەنتیك)، کتێبی دانیالی پێغەمبەر، بابی دووەم، ٣١ ـ٤٥). ئایسلەر درێژەی پێدەدات کە داستانی ئەم چوار رەگەزە، (هەروەك چاوەڕوان دەکرێت) لەلایەن فینیقییەکانەوە لە سەردەمی هسیۆدۆسەوە برداوەتە یۆنان و کینایەی ئەفلاتوون بۆ ئەم راستییەیە.*

١٢ـ کۆمار، ٥٤٦a بەدواوە. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ٣٦ تا٤٠ لە بەشی پێنجەم لە ٤٣٤cیشدا بەراشکاوی هەموو جۆرە ئاوێتەبوون و تێوەگلانێکی چینایەتی بە یاساغ

28. Phoenician lie

رادەگەیەنرێت. هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ یادداشتەکانی ٢٧(٣) و٣١ و٣٤ لە بەشی چوارەم و یادداشتی٤٠، بەشی شەشەم.

لە یاساکان، (٩٣٠d/e) ئەم بنچینەیە دارێژراوە کە منداڵی دورەگە، "کاستی" هەرکام لەو دایك و باوکە بە میرات وەردەگرێت کە نزمترن.

١٣ـ کۆمار، ٥٤٧a. (لەهەمبەر تیۆری تێکەڵاوی لەمیراتگریدا، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٣٩ و٤٠ (بە تایبەتی ٤٠(٢))، بەشی پێنجەم، هەروەها یادداشتگەلی ٣٩ ـ٤٣ و٥٢لەم بەشەی ئێستادا.)

١٤ـ کۆمار، ٤١٥c.

١٥ـ پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار، ٤١٤b، (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە). گرۆت ریزپەڕی گەورەیە (لەنێو شیکەرەوەکاندا) کە بەم جۆرە رۆحی باڵادەستی سەر**کۆمارو** دژایەتی لەگەڵ **داکۆکی**دا بەم چەشنە کورت دەکاتەوە[29]: "لە ... داکۆکیدا، سەیردەکەین سوقرات دان بە نەزانی خۆیدا دەنێت... بەڵام لە **کۆماردا**، بەخووخدەیەکی نوێوە دێتە ناوەوە... ئێستا لەسەر تەختی پاشایەتی شانۆمۆس[30]دا دانیشتووە : هەمان مەرجەعی دابی و رۆحانی پاك و دوور لە هەڵە کە دەبێ هەموو هەست و سۆزە گشتییەکان لەوەوە هەڵبقوڵێت و بناغەی ئایینی راست (orthodoxy) بە دەستی ئەو راستبکرێتەوە... ئێستا چاوەڕوانی ئەوەی هەیە هەموو کەسێك لەجێگای خۆیدا قەرار بگرێت و هەمان بیروباوەڕ هەڵبژێرێ کە لەلایەن مەرجەعەوە بە رەوا زانراوە. لەریزی ئەم بیروباوەڕانەدا، **وێنا ئەنقەستە سیاسی و ئەخلاقییەکان**، وەك داستانی پیاوانی جاکزاد... لە دەوڵەتی کۆماری ئەفلاتووندا، نە سوقرات بەو شێوەیەی کە لەداکۆکیدا وێنەی کێشراوە رەوایە بوونی هەبێت و نە دیالێکتیکە نێگەتیڤەکەی[31]." (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی ١٨٨ی ئەم کتێبەی گروت).

{لێرەوە} بۆمان دەردەکەوێت ئەو تیۆرەی دەڵێت ئایین ئەفیونی جەماوەرە، ئەگەرچی بەم شێوازە تایبەتیەش دەرنەبڕدرێت، بەڵام یەکێکە لە بنچینەکانی بیروباوەڕی ئەفلاتوون و

29. G. Grote, Plato and the other companions of Socrates, London, 1875, vol. III, p.240.

٣٠. King nomos. "نۆمۆس" لە یۆنانیدا بە مانای یاسایە.

31. Negative Dialectic



ئەفلاتوونییەکان. (بەراوردیبکەن لەتەك یادداشتی ١٧و بابەتی پەیوەندیدارەکانی لەدەقەکە، هەروەها یادداشتی ١٨ی ئەم بەشە.) وەك دیارە ئەم تیۆرە یەکێکە لە دۆکترینە نەپەنیەکانی[32] ئەم قوتابخانەیە و تەنیا ئەندامە بەساڵاچووەکانی چینی بەرز دەتوانن لەسەری بدوێن (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٨، بەشی حەوتەم)، بەڵام ئەو کەسانەی رازێك ئاشکار دەکەن، بەتاوانی ئیلحاد لەلایەن ئایدیالیستەکانەوە راوەدو دەنرێن.

١٦ـ بۆ نموونە، ئادام و بارکێر و فیلد.

١٧ـ بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی دیلس، چاپی پێنجەم، پارچەی ٢٥ی کریتیاس. (لەنێو زیاتر لە چل دێڕە شیعردا من ئەم یازدە دێڕەم هەڵبژارد کە مشتێکە لە خەروارێك.) جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم پارچەیە بە دوانێکی سەر پێی لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات (کە تاڕادەیەك هاوچەشنی یەکسانیخوازییەکەی لۆکۆفرۆنە، هەڵبیسەنگێنن لەتەك یادداشتی ٤٥، بەشی شەشەم). سەبارەت بە کریتیاس بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٨، بەشی دەیەم، بورنێت وتوویەتی ئەو پارچە شیعرو شانۆنامانەی کە بەناوی کریتیاس ناسراون، دەبێ بخرێنە پاڵ باوەگەورەی کریتیاس. بەڵام لەخارمیدسدا (١٥٧e)، ئەفلاتوون توانای شاعیرێتی دەخاتە پاڵ کریتیاسەوە (لە ١٦٢d) تەنانەت ئاماژە بەم راستیەش دەکات کە شانۆنامە نووس بووە[33].

١٨ـ یاساکان، ٩٠٩e. وەك دیارە بیروباوەڕی کریتیاس دواتر بووبە بەشێك لەنەریتی قوتابخانەی ئەفلاتوون. ئەو شتە هێمایەك بۆ ئەم راستییە، ئەم پارچەیەی خوارەوەی **میتافیزیکی** ئەرستۆیە (١٠٧٤b٣) کە لەهەمانکاتدا بەڵگەیەکیتر دەدات بەدەستەوە بۆ بەکارهێنانی وشەی "رازیکردن" بە مانای "پروپاگەندە" (هەڵبیسەنگێنن لەتەك یادداشتەکانی ٥ و١٠ هەر لەم بەشەدا): " پاشماوەکە... وەك ئەفسانەیەك پێیەوە زیادکراوە بەمەبەستی رازیکردنی رووت و بەپێی بەرژەوەندی یاسایی و گشتی (واتە سیاسی)... " هەروەها بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتمەدار، ٢٧١a بۆدواوە، کە ئەفلاتوون لەمیانییەوە هەوڵدەدات بەڵگە بۆ لایەنگری لە حەقیقەتی ئەو ئەفسانەیە بهێنێتەوە کە بێگومان خۆی بڕوای پێ نییە. (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ٩ و١٥ی ئەم بەشە).

32. Estoteric

٣٣. هەروەها هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ: Xenophon, Memorabilia, I, IV, 18.

١٩ـ یاساکان، ٩٠٨b.

٢٠ـ یاساکان، ٩٠٩a.

٢١ـ سەبارەت بە ململانێتی نێوان چاکە و خراپە، بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٩٠٤ ـ٩٠٦، بەتایبەتی ٩٠٦a/b (داد لەبەرانبەر ستەمدا، لێرەدا هێشتا "دادپەروەری" بە مانای ئەو دادپەروەرییە لەسەر بنەمای کۆگەرایی دامەزراوە لە کۆماردا) : یەکڕاست پێش ئەمە، پارچەی ٩٠٣c هەیە کە لەدەقی تایبەت بە یادداشتی ٣٥، بەشی پێنجەم و یادداشتی ٢٧، بەشی شەشەمدا ئاماژەی بۆکراوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٢ هەر لەم بەشەدا.

٢٢ـ یاساکان، ٩٠٥d ـ٩٠٧b.

٢٣ـ بابەتەکانی دەقەکە لەم بەندەدا دەریدەخەن کەمن پەیڕەوی لە تیۆری راست یان راستی رەها دەکەم. تیۆری ناوبراو کۆکە لەگەڵ ئەم بۆچوونە گشتییەدا کە **مەرج (و تاکە مەرجی) ئەوەی هەواڵێك راست بێت ئەوەیە کە لەگەڵ فاکتە وەسفکراوەکان بەهۆی ئەم هەواڵەوە هاوجووت بێت**. ئەم تیۆرەی راستی رەها یان تیۆری هاوجووتی یان بەرانبەرێتی[٣٤] بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە و یەکەمین جار بە شێوەیەکی روون لەلایەن تارسکییەوە[٣٥] گەشەی پێدراو بنەمای تیۆرێکی لۆژیکە کە ئەو بە واتاناسی ناوزەدی دەکات (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٩، بەشی سێیەم و یادداشتی٥(٢)، بەشی پێنجەم). هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **دەروازەی واتاناسی**، نووسینی کارناپ، کە تێیدا بەدرێژی باسی تیۆری راستی کراوە. لە لاپەڕەی ٢٨ی ئەو کتێبەدا نووسراوە :"دەبێ بەتایبەتی ئاگاداری ئەوە بین کە مانای راستی بەو واتایەی ئێستا روونمانکردەوە ـ دەتوانین بە مەفهوومی مانا ناسانەی راستی ناوزەدی بکەین[٣٦] لە رەگ و ریشەوە جیاوزی هەیە لەگەڵ هەندێ چەمکی وەك 'بڕواپێکراو' و 'توێژراو' و 'زۆر پشت راستکراو' و تاد." لە کتێبەکەی مندا، **لۆژیکی توێژینەوە**[٣٧] (کە لەژێر ناوی **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** لە ساڵی ١٩٥٩ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی)، لە پاژی ٨٤، تیۆرێکی هاوچەشنی ئەمە بەرچاو دەکەوێت کە فراوان نەکراوە. (ئەم پاژە) بەر لە ئاشنایەتیم

34. Correspondence
35. A. Tarski , Der Wahrheitsbegriff in den formalisierten sprachen, polish ed. 1933, German translation, 1936
36. Semantically concept of truth
37. Logik der forschung



لەگەڵ ماناناسی تارسکی نوسراوە. هەر بۆیە هێشتا تیۆرەکەی من شتێکی سەرەتایی بوو. تیۆری عەقڵگەراکان لەمەڕ راستییەوە (کە سەرچاوەکەی بۆ هیگڵیانیزم دەگەڕێتەوە) لە ساڵی ١٩٠٧ لە روانگەی تیۆری راستی رەهاوە لەلایەن برتراند راسڵەوە کەوتە بەر رەخنەوە. هەروەها بەم دواییانە دەریخستووە کە تیۆری رێژەگەرایانەی راستی پەیوەندی لەگەڵ ئارمانجی فاشیزمدا هەیە. بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی، **وازبێنن خەڵك بیربکاتەوە**[٣٨]، ل٧٧ و ل٧٩.

٢٤ـ بەتایبەتی لەکۆمار، ٤٧٤c ـ٥٠٢d. وتە وەرگێراوەکەی دواتریش هی کۆمارە (٤٧٥e).

٢٥ـ ژێدەری حەوت پاراگرافەکەی دواتریان بەم چەشنەیە : (١) و(٢) کۆمار، ٤٧٦b، (٣)و(٤) و(٥) کۆمار، ٥٠٠d ـ e، (٦) و(٧) کۆمار، ٥٠١a/b. حەوتەمین دەستەواژە وەرگێراوەکە بەراورد بکەن بە کۆمار، ٤٨٤c. هەروها بگەڕێنەوە بۆ سۆفیست، ٢٥٣d/e و یاساکان، ٩٦٤a ـ٩٦٦a (بە تایبەتی ٩٦٥b/c).

٢٦ـ کۆمار، ٥٠١c.

٢٧ـ بەتایبەتی هەڵیبسەنگێنن لەتەك کۆمار، ٥٠٩a بەدواوە. لە ٥٠٩bدا نووسراوە :" رۆژ شتە هەست پێکراوەکان ناچار بەهێنانە بوون (تکوین بەخشین) دەکات" (ئەگەرچی خۆی نایەتە نێو رەوتی هێنانەبوونەوە)، هەر بەم چەشنە، "دەتوانی بڵێیت کە بابەتەکانی مەعریفەی عەقڵی نەك هەر بۆ توانستی مەعریفەی خۆیان قەرزداری چاکەن، بەڵکو حەقیقەت و تەنانەت ماهییەتەکەشیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگەرچی چاکە خۆی لەریزی ماهییەتەکاندا نییە چونکە لەرووی پلەو تواناوە تەنانەت لە ماهییەتیش بەرزترە." (ئەم پارچەیە بەراورد بکەن لەگەڵ ئەرستۆ، **هاتنە بوون و گەندەڵی** (٣٣٦aو **فیزیك** (١٩٤b).) لە ٥١٠bدا چاکە بە چاوگی رەها[٣٩] (نەك تەنیا چاوگی بەراست زانراو یان گریمانەکراو) ناوزەد دەکرێت و لە ٥١١bدا وەك "چاوگی بەرایی[٤٠] هەموو شتێك" وەسفدەکرێت.

٢٨ـ هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ کۆمار، ٥٠٨b بەدواوە. لە ٥٠٨b/cدا نووسراوە: "ئەوەی چاکە (لە پلەو پایەی باوکدا) وەك خۆی دەهێنێتە بوونەوە[٤١] (واتە **راستی**)، لە جیهانی ماقووڵدا

38. B. Russell, let the people think.
39. Absolut origin
40. First origin
41. beget

پەیوەندییەکە لەنێوان عەقڵ و ئۆبژەکانیدا[٤٢] (واتە **ئایدیا**)، هەروەك چۆن لە جیهانی بینراودا، ئەو شتە (مندالّی ڕۆژە، واتە تیشك) پەیوەندی نێوان بینایی و ئوبژەکانیەتی (واتە شتە هەستپێکراوەکان).

**٢٩ـ** کۆمار، ٥٠٥a، ٥٣٤b بەدواوە.

**٣٠ـ** کۆمار، ٥٠٥d.

**٣١ـ** فیلێبوس، ٦٦a.

**٣٢ـ** کۆمار، ٥٠٦d بەدواوە و ٥٠٩ ـ٥١١.

پێناسەی چاکە کە لێرەدا ئاماژەمان بۆکرد ـ واتە "پۆلێك لە شتە دیاریکراو(یان کۆتایدار یان سنووردارەکان) کە وەك تاکە شتێك وێنا بکرێن" ـ بەبڕوای من، هێندە بۆ لێتێگەیشتن دژوارنییەو بەتەواوی هاوجووتە لەگەڵ قسەکانی تری ئەفلاتووندا. "پۆلە شتێکی دیاریکراو" هەمان پۆلی فۆرم یان ئایدیاکانە. ئایدیاکان وەك پرەنسیپی نێرینە[٤٣] یان یەکەمین باوان وێنا کراوە بە جیاکردنەوە لەشوێن کە مێینە و بێ سنوور و دیارینەکراوە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٥(٢)، بەشی سێیەم). ئاشکرایە، **فۆرم** یان **ئایدیاکان** باشن چونکە پرەنسیپی دێرین و نەگۆڕن و هەموو ئایدیایەك یەك یان تاکە لەبەرانبەر شتە هەستپێکراوە زۆر یان فرەکان کە لەوەوە دێنەبوون. بەڵام ئەگەر پۆل یان ڕەگەزی یەکەمی باوانەکان بەفرە دابنێین[٤٤]، ئەوکات ناتوانین بڵێین بەشێوەیەکی ڕەها باشن. کەواتە، تەنیا بە مەرجێ دەتوانین وێنای چاکەی ڕەها بکەین ئەگەر **ئایدیاکان** بە یەکێك یان وەك شتێکی تاقانە دابنێین، واتە **یەکەمین باوانی تاقانە** (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆ، **میتافیزیك**، ٩٨٨a١٠).

بەکردەوە ئایدیای چاکەی ئەفلاتوون لە ناوەڕۆك بەتاڵەو هیچ نیشانەیەك بەدەستەوە نادات کە چاك بەمانا ئەخلاقییەکەی چییە و دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەین. هەروەك بە تایبەتی لە یادداشتەکانی ٢٧ و٢٨ی ئەم بەشە بۆمان دەردەکەوێت، تاکە شتێك کە دەیبیسین ئەوەیە کە چاکە لە قەڵەمڕەوی **فۆرم** یان **ئایدیادا** لەهەمووان بەرزترەو جۆرە "**سۆپەر ـ ئایدیا**"[٤٥]یەکە کە

42. objects
43. male principle

٤٤. چونکە گەلێ ئایدیا بوونی هەیەو ئایدیا تەنیا یەکێك نییە.

45. Super- Idea



ئایدیاکانی تر لەوەوە دروست دەبن و دێنەبوونەوە. تاکە دەرەنجامێك کە دەتوانین بەدەستی بێنین ئەوەیە کە **چاکە** نەگۆڕ و لەپێش و یەکەمە هەربۆیە دێرینە[٤٦]،و **گشت یەکە** و لەم ڕووەوە، ئەو شتانە لێی بەهرەمەند دەبن کە نەگۆڕێن. یاخود بەجۆرێکی دیکە، باش ئەو شتەیە کە دەپارێزرێت[٤٧] و کۆنە. هەربۆیە، یاسا کۆنەکان باشن[٤٨]و گشتگەرایی[٤٩] باشە. بەم چەشنە بە کردەوە دیسان دەگەینەوە ئەخلاقیاتی تۆتالیتێر[٥٠].

ئەگەر **نامەی حەوتەم** بەڕاستی هی ئەفلاتوون بێت، لەوێدا (٣١٤b/c) ڕووبەڕووی وتەیەکی دیکەی دەبینەوە سەبارەت بەوە کە ناتوانین چاکە فۆرمۆلبەندی بکەین چونکە بەقسەی ئەو "(ئەم بیرۆکەیە) بەپێچەوانەی بەشەکانی تری مەعریفە، بۆدەربڕین ناشێت". (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٥٧، بەشی دەیەم).

لێرەشدا دیسان گرۆت سەرنج لە بەتاڵی ناوەڕۆکی **فۆرم** یان **ئایدیای** ئەفلاتوونی بۆ چاکە دەدات و ڕەخنەی لێدەگرێت و پاش ئەوە دەپرسێت ئەم چاکەیە چییە و دەنووسێت[٥١]: "ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ... بەڵام مخابن بێ وەڵام دەمێنێتەوە... بە وەسفکردنی دۆخی زەینی ئەوانیتر ـ واتە ئەوان بە شێوەیەکی پێژنی و لەناخیاندا هەست بە چاکەی ڕاستەقینە دەکەن... و بۆ وەدەستهێنانی دەست بۆ هەموو کارێك دەبەن، بەڵام بۆ تێگەیشتن لێی و دیاریکردنی کە چییە، بێهودە خۆیان دەتاسێنن ـ(ئەفلاتوون) ناخودئاگا دۆخی زەینی خۆی شیدەکاتەوە." جێگای سەرسوڕمانە کە چ ژمارەیەکی کەم لە نووسەرە نوێیەکان گرنگیان بەم ڕەخنە لێزانانەی گرۆت لە ئەفلاتوون داوە.

سەبارەت بەو دەستەواژانەی کە لەو دەقە و لەبەندی دواتردا ئاماژەیان بۆکراوە، بگەڕێنەوە بۆ: (١)کۆمار، ٥٠٠b ـc، (٢) کۆمار، ٤٨٥a/b. پارچەی دووەم زۆر سەرنجڕاکێشە و

٤٦. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٣، بەشی چوارەم.

٤٧. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتگەلی ٢ و٣، بەشی چوارەم.

٤٨. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی چوارەم، یادداشتی ٢٣و بەشی پێنجەم، یادداشتی٧، بەندی تایبەت بە ڕێبازی ئەفلاتوونی و بەشی حەوتەم، یادداشتی١٨.

٤٩. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢١ هەر لەم بەشەدا.

٥٠. بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٤٠و ٤١، بەشی شەشەم.

51. G. Grote, Plato, III, 241 f.

هەروەك ئادام پشت ڕاستی دەکات[٥٢]، یەکەمین پارچەیەکە هەردوو زاراوەی "**هاتنەبوون**" و "**گەندەڵی**" تێیدا بەم مانا نیمچە تەکنیکییە بەکارهاتوون و ئاماژەیە بۆ ڕەوانی و خودە نەگۆڕەکانی پارمیندس‌و بەڵگەخوازی بنەڕەتی بۆ لایەنگری لە فەرمانڕەوایی فەیلەسووفەکان دێنێتە ناو باسەکەوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٦(١)، بەشی سێیەم و یادداشتی ٢(٢) بەشی چوارەم.

لە یاساکان (d ـ٦٨٩c)، ئەفلاتوون ئێژێ "گەندەڵی" شانشینی دوورییەکان (٦٨٨c) سەرچاوەکەی بۆ "خراپترین نەزانییەکان" دەگەڕایەوە (واتە نەزانینی ئەوە کە چۆن دەبێ بکەونە ژێر فەرمانی ئەو کەسانەی کە هەر بەشێوەیەکی خۆڕسکی فەرمانڕەوان ـ٦٨٩b)و ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی لە حیکمەت یان دانایی چییە: تەنیا ئەو جۆرە داناییە کە ئامانجەکەی بریتی بێت لە زۆرترین یەکیەتی یان "هاودەنگی"[٥٣] ئەو مافە بە مرۆڤ دەدات کە جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست. زاراوەی "هاودەنگی" لە کۆماردا، ٥٩١b و ٥٩١d، وەك هەماهەنگی وێنای دادپەروەری لەگەڵ وێنای خاکەڕێیی و میانڕۆیی وەسف دەکرێت (کە یەکەمیان بریتییە لە پاراستنی شوێن یان پلەو پایەی خۆ و دووەمیان ڕازی بوون بەم پلەیە). بەم چەشنە، دەگەڕێینەوە بۆ بەشی یەکەم و خاڵی سەرەتا.

٣٣ـ* ڕەخنەگرێك ڕەخنەی لەم پارچەیە دەگرت و دەیگوت هیچ نیشانەیەکی ترس لە بیرکردنەوەی سەربەخۆ لەئەفلاتووندا نابینرێت. بەڵام، بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە یاساکاندا دەوترێت[٥٤]، دەبێ ئەوە بێنینەوە یادی خۆمان کە ئەفلاتوون پێی لەسەر پێویستی سانسۆر دادەگرێت[٥٥]و خوێندنی باڵای دیالێکتیکی بۆ هەرکەسێك کە تەمەنی لە پەنجا ساڵ کەمتر بێت یاساغ دەکات[٥٦].*

٥٢. پەراوێزی ٤٨٥b٩.

٥٣. Unisonity لەبنەڕەتدا بەمانای یەکدەنگی.

٥٤. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٨، بەشی حەوتەم، گەلێ پارچەی تر.

٥٥. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٠ و٤١، بەشی چوارەم.

٥٦. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٩ تا٢١، بەشی حەوتەم.



٣٤ـ لەهەمبەر پرسی "کاست"ی کاهینەکان[٥٧]، بگەڕێنەوە بۆ تیمایۆس، ٢٤a. لەو پارچەیەدا کە بەئاشکرا ئاماژە بەباشترین یان "کۆنترین" دەوڵەتی کۆماری دەکرێت، "کاست"ی کاهینەکان جێگای "ڕەگەزی فەیلەسووفەکان"ی کۆمار دەگرێتەوە. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو هێرشانەی کە لەسیاسەتمەدار (٢٩٠c بەدواوە)دا کراوەتە سەر کاهینەکان (تەنانەت کاهینە میسرییەکان)و غەیببێژ و شەمەنەکان. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٧(٢)، لەم بەشە و یادداشتی ٤٣ لەبەشی چوارەم.

ئەو ڕستەیەی سێبەند خوارتر لە ئادامان خواستوە، هی پەراوێزی ئەوە بۆ کۆمار، (٥٤٧a٣). بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٤٣، بەشی پێنجەم.

٣٥ـ بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٨٤c، ٥٠٠e بەدواوە.

٣٦ـ کۆمار، ٥٣٥a/b. بۆچوونی گشتی ئەوەیە کە ئەو زاراوەی من بە "هەیبەتاوی" وەرمگێڕاوە، بەمانای "سەخت" و"عەبوس" و"بەهەیبەت"[٥٨]، بە تایبەتی "تۆقێنەر"ـە[٥٩]. وتەکانی ئادامیش[٦٠] هەموویان پشت ڕاستکەری ئەم بۆچوونەن. لەگەڵ ئەمەشدا، سەیردەکەین ڕاماندەسپێرێت کە باشتر وایە زاراوەی ناوبراو بە "پیاوانە" یان "پیاوئاسا" وەربگێڕین. ئەم ڕاسپاردەیە، دەرەنجامی هەمان مەیلی گشتییە بۆ نەرموونیان کردنی قسەکانی ئەفلاتوون لەگەڵ ئەوەی لەتیمایۆسدا (١٤٩a) نووسراوە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دژایەتی هەیە. لیندز بەم جۆرە وەریدەگێڕێت: "بە مەعنەویات یان ئەخلاقی تۆکمە".

٣٧ـ کۆمار، ٥٤٠c. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ d ـ٥٠٠c کە تێیدا هاتووە: "فەیلەسووف خۆی... وەك خوای لێدێ"، هەروەها یادداشتی١٢، بەشی نۆیەم، کە پارچەی ٥٤٠cبە چەشنێکی تەواوتر تێیدا ئاماژەی بۆکراوە. زۆر سەرنجڕاکێشە کە ئەفلاتوون لەکاتی بەڵگەخوازی بۆ لایەنگری لە هیرارکییەتی ئەرستۆکراتی، چۆن ئاڵوگۆڕ لە **یەکەی** پارمیندسدا

57. Priest caste
58. awful
59. Inspiring terror

٦٠. پەراوێزی ٥٣٥b٨

پێکدێنێت. بەرانبەرێتی نێوان **یەك و فرە**[٦١] وازی لێدەهێنرێت و سیستەمێك لە **پلەکان**[٦٢] سەرهەڵدەدات کە بەم چەشنەیە: **ئایدیای یەك**، دواتر ژمارەیەکی کەم کە لەم ئایدیاوە نزیکن، پاشان ژمارەیەکی زیاتر کە یاوەری ئەم ژمارە کەمەن و سەرەنجام فرەکان، واتە ئاپۆرای خەڵك (لە سیاسەتمەداردا ئەم پۆلێن کردنە شتێکی بنەڕەتییە). لەبەرانبەردا، لە تاقانەپەرستی ئانتیس تنس و بڕوابوونی بەتاك خوایدا، دژایەتی نێوان **یەك و فرە** کە سەرچاوەکەی بۆ قوتابخانەی ئەلیایی دەگەڕایەوە، دەپارێزێت. (یەك هەمان خوایەو فرە هەمان ئەو زۆر و زەوەندانەی کە رەنگە لە بۆچوونی ئانتیس تنسدا هەموویان لەگەڵ یەکتردا یەکسان بووبێتن چونکە هەموویان بەشێوەیەکی یەکسان لەخواوە دوورن.) ئانتیس تنس بەهۆی ئەو کاریگەرییەی زێنۆن[٦٣] لەسەر گۆرگیاسی دانابوو، کەوتبووە ژێرکاریگەری پارمیندسەوە. لەوانەیە کەوتبێتە ژێرکاریگەری دیموکریتوسیش کە ئێژێ: "پیاوی دانا هی هەموو وڵاتەکانە، چونکە سەرانسەری جیهان ماڵی گیانە بەرزەکانە."

٣٨ـ کۆمار، ٥٠٠d.

٣٩ـ وتە وەرگیراوەکان هی کۆمارن (٤٥٩b بەدواوە). بەراوردی بکەن لەگەڵ یاداشتی ٣٤و یاداشتەکانی پاش ئەو لە بەشی چوارەم، بەتایبەتی یاداشتی ٤٠(٢)، بەشی پێنجەم. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ ئەو سێ پێکچواندنەی کە لەسیاسەتمەداردا ئەنجامدراوە و تێیدا فەرمانڕەوا بەراورد کراوە بە (١) شوان، (٢)پزیشك (٣)ئەو رێسەرەی کە ئەرکەکەی تێك چرژاندنی خەسڵەتەکانە لەرێگای پەروەردەکردنی نەوە بەشێوەیەکی لێزانانە (٣١٠b).

٤٠ـ کۆمار، ٤٦٠a. بۆچوونی من سەبارەت بە گرنگی تایبەتی ئەم یاسایە، لەسەر بنەمای ئەم واقعیەتە دامەزراوە کە ئەفلاتوون لەکورتەیەکدا کە لەتیمایۆسدا ئاماژە بە سەردێڕی بابەتەکانی کۆمار دەکات، تیشکی دەخاتە سەر (تیمایۆس، ١٨d/e).

٦١. one-many یان یەك و زۆر

62. Grades

٦٣. zeno (نزیکەی ٤٩٠ـ٤٣٠ پێش زایین). فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی بەرلە سوقرات، سەر بە گرووپی ئەلیایی.



٤١ـ کۆمار، ٤٦٠b. "درێژە پێدان لەلایەن گلاوکۆنەوە" لە ٤٦٨cدا ئەنجامدەدرێت. بچوونە سەر یاداشتی دواتر.

٤٢ـ کۆمار، ٤٦٨c. سەرەڕای ئەوەی کە رەخنەگرەکان نکۆڵیان لەم شتە کردووە، بەڵام هەم وەرگێڕانەکەم راستە و هەم وتەکەی من سەبارەت بە "قازانجی دووەم". شوری[٦٤] ئەم پارچەیە بە "جێگای داخ" لەقەڵەم دەدات.

٤٣ـ بۆ ئاگاداربوون لە **چیرۆکی ژمارە و دابەزین**، بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ١٣ و٥٢ لەم بەشەو یاداشتگەلی ٣٩ و٤٠و دەقەکە لە بەشی پێنجەم.

٤٤ـ کۆمار، ٤٧٣c ـ e. ئاگاداری بەرانبەرێتی نێوان **وەستان** بن کە یەزدانییەی و شەڕ (خراپە) کە بریتییە لە گۆڕان بەشێوەی گەندەڵی و داڕووخان. سەبارەت بەو زاراوەی لێرەدا بە "ئولیگارك" وەرمانگێڕاوە و مەبەست لێی، تاکێکی ئەرستۆکراتە کە حکومەتی ئەرستۆکراتی بەشێوەی پشتاپشت بۆ بەجێ دەمێنێ، بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یاداشتی ٥٧ هەر لەم بەشەدا.

ئەو دەستەواژەدانەی بەپێی شێوازی نووسین خستوومنەتە نێوان دووکەوانەوە، دەبێ بەخاوەن گرنگییەکی تایبەت لەقەڵەم بدرێ، چونکە هەر لێرەدایە کە **ئەفلاتوون خوازیاری سەرکوتکردنی هەموو ئەو فەیلەسووفانەیە کە خەریکی فەلسەفەی "پەتی" دەبن** و ئەو سیاسەتمەدارانەش کە حەزیان لە فەلسەفەنییە. ئەگەر دەقەکە زیاتر وشە بە وشە وەربگێڕین، بەم جۆرەی لێدێت: "لەهەمان کاتدا، ئەو کۆمەڵە زۆرەی کە ئەمڕۆکە سروشتێکیان هەیە {ئامادەی} شوێنکەوتەیی تەنیا یەکێك لەم دووانەن، **بەتۆبزی بەلاوە دەنرێن**." ئادام پەسندی دەکات کە مانای دەستەواژەکە ئەوەیە کە "ئەفلاتوون خۆ لەوە دەبوێرێ کە تەنیا خواستی زانست پەسند بکات"، و پێشنیاری ئەوە دەکات کە واتای دوایین وشەکانی رستەکە نەرمتر بکەم و بڵێم: "{ئەم کەسانە} لەوە پێشیان دەگیرێت کە تەنیا داوای یەکێك لەم دووانە بکەن." (تۆخ کردنەکە هی ئادامە، بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار،٢٤ d ٤٧٣)، ئەم پێشنیارە لەسەر هیچ بناغەیەکی دەقەکە دانەمەزراوە، بنەماکەی، حەزی خودی ئادامە بۆ ئایدیالسازی کردن لە ئەفلاتوون. ئەم حوکمە سەبارەت بە لیندزیش هەر راستە کە بەم چەشنە وەریدەگێڕێت:

64. P. Shorey

"بەتۆبزی ئەو پێشی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەیان دەگرێت." ئەفلاتوون گەرەکیەتی چ کەسانێك سەرکوت بکات؟ بەبڕوای من، ئەو "ئاپۆرا زۆرەی" کە بەهرە یان "خەسڵەتە" سنووردار یان پڕ کەموکورییەکانیان لێرەدا لەلایەن ئەفلاتوونەوە مەحکووم دەکرێت، لە ڕوانگەی فەیلەسووفەکانەوە هەمان ئەو "ئاپۆرا زۆرە"ن کە "خەسڵەت و سروشتیان ناتەواو و پڕکەموکورییە"و لە کۆماردا، ٤٩٥d، ئاماژەیان بۆکراوە، هەروەها هەر ئەم "ئاپۆرا زۆرە" لەڕوالەتدا فەیلەسووفەی[٦٥] کە "بەد خەسڵەتییەکەیان حەتمییە"و لە ٤٨٩e (و هەروەها ٤٩٠e ـ٤٩١a) ئاماژەیان بۆکراوە. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٧ و٥٦ و٥٩ هەر لەم بەشەو یادداشتی ٢٣، بەشی پێنجەم. کەواتە، هێرشەکە لەلایەکەوە ئاراستەی سیاستمەدارە "نەخوێندەوارە" دیموکراتەکان دەکرێت و لەلایەکیترەوە ئاراستەی ئانتیس تنیس ـ ی نیمچە تراکیایی[٦٦]، واتە هەمان فەیلەسووفی "حەرامزادەی[٦٧] نەخوێندەواری" لایەنگری یەکسانی. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٧.

**٤٥ـ** کانت، **ئاشتی ئەبەدی**، تەواوکاری دووەم[٦٨]. تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە و بە کورتکراوەیی پارچەکەم گواستۆتەوە. (ڕەنگە "خاوەندارێتی دەسەلات" ئاماژەیەك بێت بۆ فردریکی مەزن.)

**٤٦ـ** بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ گومپرتس، **بیرمەندانی یۆنان** (ئەڵمانی، بەرگی ٢، ل٣٨٢) یان وەرگێردراوی کۆماری لیندزی. (بۆ ئاگاداربوون لەو رەخنەیەی کە ئاراستەی ئەم راڤەیەکراوە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٠ هەر لەم بەشەدا).

**٤٧ـ** پێویستە دان بەوە دابنێین کە ئەو پرسەی لە تێڕوانینی ئەفلاتوون سەبارەت بە ئانتیس تنیس سەرچاوە دەگرێت، پرسێکی زۆر تیۆریکە. چونکە ئەوەی لە ژێدەرە پلە یەکەکانەوە لەسەری دەزانین زۆر کەمە. تەنانەت گێڕانەوەی کۆنی ڕەواقی کە پێیوایە قوتابخانە یان بزاڤی سەگسیفەتی چاوگەکەی بۆ ئانتیس تنیس دەگەڕێتەوە، ئێستا بەزۆری جێگای گومان و

65. Professed philosophers

٦٦. تراکیا یان تراکیە دەڤەرێکە کە بەشی ئەوروپایی تورکیاو بەشێك لە باکووری ڕۆژهەلاتی یۆنان و باشووری بولگاریا لەخۆدەگرێت.

67. Bastard.

68. kant, werke, ed. Cassirer. 1914, vol. VI, 456.



پرسیارە[٦٩]، ئەگەرچی ڕەنگە بەڵگەی تەواویش لەبەردەست دانەبێت (بگەڕێنەوە بۆ لێکۆلینەوەی فریتس[٧٠] سەبارەت بە کتێبەکەی دادلی). بە سەرنجدان لەو شتەی بە تایبەتی لەسەر بنەمای وتەکانی ئەرستۆ لەمەڕ ئانتیس تنیس دەیزانین، بەڕای من ئەگەری بوونی ئاماژەی جۆراوجۆر بۆ ئەو لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا، زۆر بەهێزە. جگە لە ئەفلاتوون، ئانتیس تنس تاکە کەسێکە کە لەبازنەی هاوڕێ نزیکەکانی سوقراتدا بوو کە لە ئەسینا فەلسەفەی دەگوتەوە و هەر ئەم راستییە بە تەنیا پاساو بۆ گەڕان بەدوای ئەم جۆرە ئاماژانە دەهێنێتەوە لە بەرهەمەکانی ئەفلاتووندا. بە بۆچوونی من ، هێمای ئەم جۆرە کینایاتانە، زنجیرە هێرشێکە کە لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا بەرچاو دەکەوێت و بۆ یەکەمین جار دوملێر[٧١] ئاماژەی بۆکرد (بە تایبەتی لە کۆمار، ٤٩٥d/e (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٦ لەم بەشەدا)و کۆمار، ٥٣٥e، و سۆفیست، ٢٥١b ـ e). لەنێوان ئەم پارچانە و پەلامارە پڕ لە سووکایەتییەکانی ئەرستۆ بۆ سەر ئانتیس تنیس، وێکچوونێکی بێ ئەملا و ئەولا هەیە ( یان لانیکەم من پێموایە). ئەرستۆ باسی ئانتیس تنیس دەکات و بە پیاوێکی ساویلکەی لەقەڵەم دەدات و لەهەمبەر "خەڵکی نەخوێندەواری وەك پەیڕەوەکانی ئانتیس تنیس" دەدوێت (بەراوردی بکەن بە یادداشتی ٥٤، بەشی یازدەهەم). ئەفلاتوونیش لەم پارچانەی ئاماژەمان بۆ کردن هەر بەم زمانە قسە دەکات، ئەوەندە نەبێت زمانەکەی توندترە. یەکەمین پارچە کەمن مەبەستمە، لە دایالۆگی سۆفیست دایە (٢٥١b بەدواوە) کە گەلێ بە پارچەی یەکەمی ئەرستۆ دەچێت. سەبارەت بەم دوو پارچەیەی تریان کە لەکۆماردان و ئاماژەم بۆیان کرد، دەگێڕنەوە کە ئانتیس تنیس "حەرامزادە" بووە و دایکی لە بەربەرەکانی تراکییە بووە و خۆشی لە ئەسینا لە قوتابخانەی تایبەتی "حەرامزادەکان" وانەی وتۆتەوە. ئەو هێرشەی لە کۆمار، ٥٣٥e، داکراوە بە ڕادەیەك لایەنی تاکە کەسی پێوە دیارە کە حەتمەن دەبێ مەبەست، کەسێکی تایبەت بێت. لەوێدا ئەفلاتوون باسی خەڵکانێك دەکات کە "هەر بۆ ڕوالەت {بۆ خۆنواندن} خەریکی فەلسەفەن بێ ئەوەی هەستبکەن شایستە ئەوەیان نییە و ئەم هەستە پێشیان بگرێت"و ئێژێ "دەبێ دەستکورتزادەکان ئەو کارەیان لێ قەدەغە بکرێت". ئەم

٦٩. بۆنموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەم دوو کتێبەی خوارەوە: بۆنموونە بگەڕێنەوە بۆ ئەم دوو کتێبەی خوارەوە:
G.C. Field, Plato, 1930
D.R. Dudley, A History of cynicism, 1937.

70. Kurt von fritz in mind, vol. 47, p. 390.

71. F. Duemmler

کەسانە لە ئەڤینیان بۆ کارو کات بەسەربردن بە "ناهاوسەنگ" (یان "خوار" یان "گێڕ") ناوزەد دەکات. پاشان قسەکەی زیاتر لایەنی تاکەکەسی بەخۆیەوە دەگرێ و ئاماژە بۆ کەسێك دەکات کە خودان "گیانێکی گۆج"ە ئەگەرچی وەکو سەرجەم لایەنگرانی سوقرات ئەڤینداری حەقیقەتە، بەڵام ناتوانێت پێیبگات چونکە (لەوانەیە لەبەرئەوەی تیۆری ئایدیاکان قبوڵناکات) لە "نەزانیدا نغرۆ بوو بێت". ئەفلاتوون هۆشدار بە خەڵکی شار دەدات کە متمانە بەم جۆرە "حەرامزادە گێڕانە" نەکەن. بێگومان ئەم هێرشە لایەنی تاکەکەسی پێوە دیارە و پێموایە ڕێتێدەچێت مەبەستی ئانتیس تنیس بێت. پەلامارێکی لەڕادەبەدەر توندوتیژە بەڵام لە ناوەراستیدا دان بەوە دادەنرێت کە دوژمنەکە ئەڤینداری حەقیقەتە و بەبڕوای من هەر بەم هۆیە، مەبەستی ئانتیس تنیسە. ئەگەر لەم پارچەیەدا مەبەست ئانتیس تنیس بێت، بە سۆسەی بەهێز لە پارچەکەی تریشدا (کۆمار، ٤٩٥d/e) مەبەستی هەر ئەوە. لەم پارچەی دواییشیاندا دیسان ئەفلاتوون دوژمن بە خاوەن گیان و جەستەیەکی عەیبدار و گۆج وەسف دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەو کەسەی ئەم سووکایەتی پێدەکات، سەرەڕای ئەوەی حەزی لێیە ببێت بە فەیلەسووف، کەچی لەرووی ئەخلاقییەوە هێندە گەندەڵە کە تەنانەت شەرم لە کارێکی پڕ سووکایەتی ( یان "کاسبکارانە" ـ بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٤، بەشی نۆیەم) وەك کاری دەست ناکات. بەپێی زانیارییەکانمان لەسەر ئانتیس تنیس، نەك هەر ئامۆژگاری کردنی کاری دەستی دەکرد و زۆر ڕێزی لێدەگرت، بەڵکو خۆشی بە کردەوە ئەم کارەی دەکرد(٧٢)و ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزی دیکەیە کە مەبەست لەو کەسەی خاوەن گیانێکی گۆجە هەر ئەو بووە.

هەر لەم پارچەیەی کۆماردا (٤٩٥d)، ئاماژەیەك بەرچاو دەکەوێت بۆ "ئاپۆرایەکی زۆر کە سروشتیان پڕ کەموکوڕی و ناتەواوە"و سەرەڕای ئەمە کەچی حەزیان لە فەلسەفەیە. وەك دیارە ئەم ئاماژەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان "سروشتە زۆرەکان" (بە وتەی ئەرستۆ "پەیڕەوکارانی ئانتیس تنیس") کە ئەفلاتوون لە کۆماردا (٤٧٣c ـ e) داوای سەرکوت کردنیان دەکات (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٤ هەر لەم بەشەدا). هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ کۆمار، ٤٨٩e، کە لەیادداشتەکانی ٥٩ و٥٦ی ئەم بەشەدا ئاماژەیان بۆکراوە.

٧٢. لەمەڕ تیڕوانینی سوقرات سەبارەت بەکاری دەستی، بگەڕێنەوە بۆ:

Xenophon, Mem., 11, 7, 10.



**٤٨ـ** بەپێی کتێبی شیشرۆن، **<u>لەمەڕ سروشتی خوداکان</u>**(٧٣)و نووسینی فیلۆدموس، **<u>لەمەڕ دینداری</u>**(٧٤)، ئەوە دەزانین کە ئانتیس تنیس بروای بە تاك خوای هەبوو و تاقانە پەرست بوو، بەم چەشنە تاقانە پەرستییەکەی خۆی روون دەکردەوە کە "بەپێی سروشت" ـ واتە بە حوکمی حەقیقەت ـ خوا تەنیا یەکێکە، ئەوەندی نەبێت کە "داب دەڵێت" گەلێ خوا بوونیان هەیە. ئەم دەربڕینە دەریدەخات کە ئەو زەینی لەسەر بەرانبەرێتی نێوان سروشت و داب بووە ـ بەرانبەرێتییەك کە لەزەینی یەکێك لە قوتابیانی پێشووی قوتابخانەی گۆرگیاس و کەسێکی هاوچەرخی ئالکیداماس و لۆکۆفرۆن، بێگومان پەیوەندی یەکسانیخوازییەوە هەبوو (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٣، بەشی پێنجەم).

هەڵبەتە ئەم شتە لەخودی خۆیدا بەس نییە بۆ وەرگرتنی ئەم دەرەنجامە کە ئانتیس تنیسی نیمچە بەربەر بڕوای بە برایەتی نێوان یۆنانی و بەربەرەکان هەبووە. بەڵام بەبڕوای من ئەگەری بوونی بڕوایەکی لەم چەشنە لای ئەو زۆر بەهێزە.

تاران لە کتێبەکەی خۆیدا لەژێر ناوی **<u>ئەسکەندەری مەزن و یەکێتی مرۆڤەکان</u>**، هەوڵیدا پێشانیبدات کە رەگ و ریشەی وێنای یەکێتی مرۆڤەکان لانیکەم بۆ ئەسکەندەری مەزن دەگەڕێتەوە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣(٢)، بەشی پێنجەم)و سەردەمێك من پێموابوو لەم هەوڵەیدا سەرکەوتوو بووە. بەبۆچوونی من، لەرێگای بەڵگەخوازی هاوچەشنی ئەمە، دەتوانین رەگ و ریشەی ئەم بۆچوونە بۆ دوورتریش بگێرینەوە و دەتوانین لە دیۆگنس و ئانتیس تنیس و تەنانەت سوقرات و **<u>نەوەی مەزنی</u>** سەردەمی پریکلیسش بۆی بگەڕێین). تەنانەت بەبێ وەبەرچاوگرتنی بەڵگەی تێروتەسەلتر ئەم شتە زۆر ڕێتێدەچێت، چونکە دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت کە بۆچوونی جیهان نیشتمانی، وەك دەرەنجامی لاوەکی مەیلی ئیمپراتۆریتەخوازانە سەر هەڵبدات، وەك ئەو مەیلانەی کە لەسەردەمی پریکلسدا لەئارادابوون (بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٩٤c/d، کە لەیادداشتی ٥٠(٥)ی ئەم بەشەدا ئاماژەمان بۆکردووە و **<u>ئالکیبیادسی یەکەم</u>**، ١٠٥b بەدواوە. هەروەها دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٩ تا٢٢ و٣٦ و٤٧، بەشی دەیەم). ئەگەری ئەم شتە بەتایبەتی کاتێ زیاتر دەبێت کە هەندێ حەزی یەکسانیخوازانەش لە ئارادابێت. مەبەستم بە کەم گرتن و لەگرنگی کەمکردنەوەی کارەکانی

73. Cirero, De Nature Deorum
74. Philodemus, De Pietate.

ئەسکەندەر نییە، بەڵام ئەو بۆچوونانەی تاران دەیخاتە پاڵیەوە، بەرای من زیندووکردنەوەی باشترین بیروبۆچوونەکانی قۆناغی ئیمپراتۆریەتخوازی ئەسینایە کە لەسەدەی پێنجەمی (بەر لەزایین) لەئارادابوون. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پاشکۆی ٣ لە کۆتایی ئەم پاژەدا.

ئێستا هەوڵدەدەین باسی خاڵە وردەکان بکەین. سەرەتا پێویستە بڵێم کە بەپێی هەندێ بەڵگەی بەهێز، لانیکەم هەر لەسەردەمی ئەفلاتوون و (ئەرستۆ)دا بەئاشکرا ئەوە بەرچاو دەکەوت کە پرسی یەکسانیخوازی پەیوەستە بە دووجیاوازی زۆر هاوچەشنەوە : لەلایەکەوە، جیاوازی نێوان **یۆنانی و بەربەرەکان** و لەلایەکی ترەوە، جیاوازی نێوان **سەروەر (یان پیاوە ئازادەکان)و کۆیلەکان** (سەبارەت بەمە بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٣، بەشی پێنجەم). هەروەها گەلێ بەڵگەی بەهێز لەبەردەست دان کە لەسەدەی پێنجەمی (بەر لەزایین) بزاڤی دژە کۆیلایەتی لە ئەسینا تەنیا تایبەت نەبوو بە ژمارەیەکی کەم لە عەقڵگەراکانی[٧٥] وەك ئیورپیدس و ئالکیداماس و لۆکۆفرۆن و ئانتیفۆن و هیپپیاس و ئەوانیدی، بەڵکو بە کردەوە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنابوو. دوژمنانی دێموکراسی ئەسینا ـ بەتایبەتی "ئولیگارکی پیر"و ئەفلاتوون و ئەرستۆ هەموویان لەو گێڕانەوانەی لێیان بەجێماوە سەبارەت بەمە وەك یەك دئاخڤن (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ١٧ و١٨ و٢٩، بەشی چوارەم و یادداشتی ٣٦، بەشی دەیەم).

دان بەوە دادەنێم کە بوونی مەیلی جیهان نیشتمانی (cosmopolitism) پشت بەهەندێ بەڵگەی کەم دەبەستێت، بەڵام ئەگەر ئەم بەڵگانە لەژێر تیشکی ئەو تێبینیانەی سەرەوەدا سەیریان بکرێت، بە بۆچوونی من تاڕادەیەك بەهێز دێنە بەرچاو، **بەو مەرجە کە پەلاماری دوژمنانی بزاڤەکەش لەریزی بەڵگەکان بژمێرین**، بەجۆرێکیتر، ئەگەر بمانەوێت گرنگی راستەقینەی بزاڤی مرۆڤدۆستی بەڕاستی هەڵبسەنگێنن، دەبێ بەتەواوی حسێب بۆ هێرشەکانی "ئۆلیگاری پیر"و ئەفلاتوونو ئەرستۆش بکەین. "ئۆلیگاری پیر" (٢، ٧) پەلاماری ئەسینا دەدات لەبەر شێوازی ژیانی جیهان نیشتمانی و بەربژاری[٧٦]. هێرشی ئەفلاتوون بۆسەر مەیلە جیهان نیشتمانیو مەیلە هاوچەشنەکانی ئەمە، هێندە زۆرنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەتایبەتی لە روانگەی ئێمەوە پڕبایەخن. (مەبەستم هەندێ پارچەیە بۆ نموونە لە کۆمار،

75. Intellectualists
76. Eclectie



٥٦٢e ـ٥٦٣a، کە تێیدا دەڵێت: "هاووڵاتیان و بێگانە نیشتەجێکراوەکان و ئەوانەی لەدەرەوە هاتوون هەموویان وەك یەك و یەکسانن." پێویستە ئەم پارچەیە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو شیکردنەوە تەنزئامێزەی کە لە مێنکسنوس، ٢٤٥c ـ d دا، نووسراوە و ئەفلاتوون تێیدا بە ئاماژە و کینایە و گاڵتە پێکردنەوە ستایشی ئەسینا دەکات لەبەر رق و کینەی هەمیشەییان سەبارەت بە بەربەرەکان. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤٩٤c/d. پارچەی ٤٦٩b ـ٤٧١c کۆماریش دەبێ بە وەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینیانە سەیری بکرێت. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یادداشتی ١٩، بەشی شەشەم.) بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئایا تارن سەبارەت بە ئەسکەندەر راست دەکات یان نا، بەڵام مافی تەواوی نەداوە بە وتەبێژانی ئەم بزاڤەی سەدەی پێنجەمی (بەر لەزایین)، بۆ نموونە ئانتیفۆن[٧٧] یان ئیورپیدس یان هیپپیاس یان دێموکرتیوس[٧٨] یان دیۆگنس[٧٩] یان ئانتیس تنیس. پێموایە ئانتیفۆن تەنیا گەرەکی نەبوو جەخت لەسەر خزمایەتی مرۆڤەکان بکاتەوە لەرووی بایۆلۆژییەوە، چونکە بێگومان ئەو ریفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتی بوو و لای ئەو سروشت بە مانا حەقیقەت بوو. کەواتە بە بۆچوونی من تاڕادەیەك شتێکی بێ ئەملاو ئەولایە کە ئەو هێرشی دەکردە سەر جیاوازی نێوان یۆنانیو بەربەرەکان، چونکە پێیوابوو شتێکی دروستکراوە. ئیورپیدس لەپارچەیەکدا دەڵێت هەروەك چۆن هەڵۆ پانتایی ئاسمان دەپێوێت، مەزنزادەش سەکۆی جیهان تەی دەکات. تاران لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆی دەردەبرێت و ئێژێ "ئەو {واتە ئیورپیدس} دەیزانی هەر ئەم هەڵۆیە لەسەر تاشە بەردێك هێلانەی هەیە." ئەم بۆچوونە مافی تەواوی پارچەکە نادات، چونکە بۆ ئەوەی کەسێك جیهان نیشتمانی بێت، پێویست ناکات واز لە ماڵە هەمیشەییەکەی بێنێت. کاتێ لە دیۆگینسیان پرسی "خەڵکی کوێی؟" بەرسڤی دایەوە :"من جیهان ـ نیشتمانم"، واتە هاووڵاتی سەرانسەری جیهانم. بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەمێك لەوەپێش وتمان، تێناگەم بۆچی دەبێت ئەم وەڵامە، بە بەرسڤێکی تەواوە "نیگەتیڤ" لێکبدرێتەوە، بەتایبەتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە هاوچەشنی ئەم وەڵامە لە زمانی سوقراتیشەوە باس کراوە کە بەرسڤی دابووەوە :"من خەڵکی هەموو جیهانم"و هەروەها

٧٧. بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی تارن، ل ١٤٩، یادداشتی ٦.

٧٨. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٩، بەشی دەیەم.

٧٩. بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی تارن، ل ١٥٠، یادداشتی ١٢.

دیموکراتیوسیش کە وتبووی :"پیاوی دانا (حەکیم) هی هەموو وڵاتەکانە، چونکە سەرانسەری جیهان، ماڵی گیانە بەرزەکانە." (بگەڕێنەوە بۆ دیلس (٥)، پارچەی **٢٤٧**. دیلس و تارن گومانیان لە رەسەنایەتی ئەم گوتەیە هەیە).

پێویستە تاقانەپەرستی ئانتیس تنیس ـ یش لەژێر رووناکی ئەم بەڵگانەدا سەیری بکرێت. گومانی تێدانییە کە ئەم تاقانەپەرستییە وەك تاقانەپەرستی یەهوود، واتە جۆرە تاقانەپەرستییەکی خێڵەکیو پاوانخوازانەی وەحدانییەت نەبوو. (ئەگەر ئەم داستانە راست بێت[٨٠] کە ئانتیس تنیس لە کونۆسارگس[٨١] یان قوتابخانەی تایبەتی "حەرامزادەکان"دا وانەی دەگوتەوە، دەبێ ئەو بە ئەنقەست ئەم کارەی کردبێت بۆ ئەوەی زیاتر پشت بە رەچەڵەکی بەربەر و تێکەڵاوی خۆی ببەستێت.) بێگومان تارن راستدەکات کە تاقانەپەرستی ئەسکەندەر پەیوەست بوو بە وێناکەیەوە سەبارەت بە یەکێتی مرۆڤ (ل١٤٥)، بەڵام ئەم حوکمە لەهەمبەر بۆچوونی سەگسیفەتەکانیش راستە کە بەڕای من کەوتبوو ژێر کاریگەری ئانتیس تنیس و لەوێشەوە سوقراتەوە (بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی پێشوو). ئەو بەڵگانەی شیشرۆن[٨٢] و ئیپیکتتوس[٨٣] خستوویانەتەڕوو، بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەوەی دیۆگنس لایرتبوس[٨٤] دەیڵێت. هەروەها ئەوەی لە گۆرگیاس، **٤٩٢eدا** هاتووە بەراوردی بکەن لەتەك وتەکانی دیۆگنس لایرتیوس[٨٥]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئیپیکتتوس[٨٦].

80. Diog. Laert., VI, 13.
81. Cynosarges
82. Cicero, Tuscul, v, 37.

٨٣. بگەڕێنەوە بۆ: Epictetus, I, 9,1 (ئیپیکتتوس یەکێك لە فەیلەسوفەکانی رواقی بوو کە لەسەدەی یەکەمی زایینیدا ژیاوە.

٨٤. بگەڕێنەوە بۆ: Diog. Laert (دیوگنس لایرتیوس بیروباوەڕنووسو ژیاننامە نووسێك بوو کە لە سەدەی سێی زایینیدا ژیاوە. کۆی بەرهەمەکانی خۆ لەدە کتێب دەدات کە یەکێك لەژێدەرە گرنگەکان و هەندێ جار تاکە سەرچاوەیە لەمەڕ بیروبۆچوونی فەیلەسوفە کۆنەکان. نابێ ئەم دیۆگنسە لەتەك دیوگنس یان دیوجانسی سەگسیفەت بەهەڵە تێکەڵاو بکەین کەیەکێکە لە حەکیمەکانی سەدەی چوارەمی پێش زایینی یۆنان و چەندین جار لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆکراوە.

85. Diog. Laert., VI, 105.
86. Epictetus, III, 22& 24.



بە سەرنج دان لەهەموو ئەوتێبینیانەی سەرەوە، سەردەمێك پێموابوو کە هیچ بەدوورنییە، هەروەك دەگێڕنەوە ئەسکەندەر بەراستی ئیلهامی لە هزری دیۆگنس و دواجار نەریتی یەکسانیخوازی وەرگرتبێت، بەڵام بە وەبەرچاوگرتنی رەخنەکانی بادیان[٨٧] لە تارن، ئێستا زیاتر حەزم لە رەدکردنەوەی بانگەشەکانی تارنە، وەلێ هەڵبەتە دەستم لە بۆچوونەکانی خۆم هەڵنەگرتووە سەبارەت بە بزاڤی سەدەی پێنجەمی (بەر لەزایین).

٤٩ـ کۆمار، ٤٦٩b ـ٤٧١c، بەتایبەتی ٤٦٩b/c و ٤٧٠b ـd. لێرەدا هەندێ ئاماژەمان بەرچاوەدەکەوێ سەبارەت بەوەی کە گشتێکی ئەخلاقی[٨٨] نوێی سەرتاپاگیر لەشار دێتە ناو باسەکەوە، واتە یەکیەتی هێلینییەکان لەرووی چاکییەوە (بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی دواتر). هەروەك دەکرێ چاوەڕوان بکرێت، ئەفلاتوون لەرێگەی ئاماژەکردن بە وردەکارییەکانەوە ئەم خاڵە فراوان دەکات (بچوونە سەر یاداشتی دواتر، برگەی (ب) ). **※(کۆرنفۆرد لە کۆبەندی ئەم پارچەیەدا کە بە هەق ئێژێ[٨٩] ئەفلاتوون "هیچ سۆزێکی مرۆڤدۆستانە نانوێنێت کە بۆ شوێنێکی فراوانتر لە سنوورەکانی خاکی یۆنان پەلباوێژێت.")※**

٥٠ـ لەم یادداشتەدا بەڵگەی زیاتر کۆکراوەتەوە کە پەیوەستە بە پارچەی ٤٧٣e **کۆمارو پرسی مرۆڤدۆستی ئەفلاتوون**. سوپاسی هاوکارم پرۆفیسۆر هـ.د.برادهد[٩٠] دەکەم کە بە رەخنەکانی یارمەتیدام بۆ تەواوترکردن و روون کردنەوەی بەڵگەخوازییەکانم.

(١) یەکێك لەو بابەتە باوانەی ئەفلاتوون هەوڵی تاوتوێکردنی دەدات، بەرانبەرێتی نێوان تاك و گشتە (واتە شار)و بەراوردکردنی ئەم دووانە لەتەك یەکتریدا (بگەڕێنەوە بۆ ئەو وتانەی لەمەڕ میتۆدۆلۆژی لە کۆماردا نووسراون (٣٦٨e، ٤٤٥c، ٥٧٧c)و یاداشتی ٣٢، بەشی پێنجەم). ئاماژەکردن بە گشتێکی نوێ واتە مرۆڤ ـ کە تەنانەت گشتگیرترە لەشار، یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەیە کە گشتکەرایەك دەتوانێ بیهاوێژێ. ئەم هەنگاوە پێویستی بە (الف) ئامادەکردنی پێشەکی و (ب) فراوان کردن و تیروتەسەل کردن هەیە. (الف) لەجیاتی پێشەکی، سوود لەو پارچەیە وەردەگیرێت کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد و لە هەمبەر بەرانبەرێتی نێوان یۆنانی و بەربەرەکان (کۆمار، ٤٦٩b ـ٤٧١c). (ب) لەجیاتی فراوان کردن و تیرۆتەسەل کردن

87. E. Badian in Historia, 7, 1958, pp. 425 ff
88. Ethical whole
89. The Republic of Plato, 1941, p. 165.
90. H.D. Broadhead

(ئەگەر بتوانین شتێکمان دەستبکەوێت) زاراوەی ناروونی "رەگەزی مرۆڤ" بەلاوە دەنرێت. سەرەتا، یەکراست لەدرێژەی پارچە گرنگە ئاماژە بۆکراوەکە لەمەڕ شافەیلەسووف (٤٧٣d/e)، ئەم زاراوە گوماناوییە وەك سەرجەمی هەموو وتارەکە، بەرفراوان دەکرێت. لەم فراوان کردنەدا، بەرانبەرێتی باوی نێوان **شار و تاك** جێگای بەرانبەرێتی نێوان شار و مرۆڤ دەگرێتەوە و ئەم رستەیە دەخوێنینەوە: "هیچ شێوازێکی حکوومەت کردنی دیکە ناتوانێ دڵخۆشی نە لەکاروباری **تایبەتی** و نە لە کاروباری شاردا پێکبێنێت." دووەم، پارچە گرنگە ئاماژە بۆکراوەکە (واتە کۆمار، ٤٧٣d/e) لە شەش حاڵەتیتردا دووبارە دەکرێتەوە یان بەچەشنێکی دیکە دەردەبرێت[٩١] و ئەگەر ئەم حاڵەتانە شیبکەینەوە، دیسان هەمان دەرەنجامان دەستدەکەوێت. لەدوو حاڵەتدا (٤٨٧e و٥٠٠e)، تەنیا ئاماژە بەشار کراوە، لەوانیتردا، ئەو بەرانبەرێتییەی کە ئەفلاتوون بەردەوام دروستیدەکات ـ واتە لەنێوان **شارو تاك دا** ـ جێگای بەرانبەرێتی نێوان **شارو رەگەزی مرۆڤ** دەگرێتەوە. لە هیچ شوێنێك ئاماژەیەکی دیکە بەرچاو ناکەوێت سەبارەت بە بیرۆکەی بانگەشەکارانەی ئەفلاتوون لەهەمبەر ئەوە کە تەنیا سۆفۆکراسی (زانینسالاری) رەنگە رزگاریدەربێت، نەك هەر **شارەکان** بەڵکو **مرۆڤیش** لە ئازار و کوێرەوەری رزگاربکات. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم تێبینییانە، ئاشکرایە کە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا هێشتا تەنیا ئەم بەرانبەرێتییە باوە لە هزری ئەفلاتووندا ماوەتەوە، لەوانەیە بەم مانایە کە تەنیا سۆفۆکراسی دەتوانێ بەختەوەری ـو وەستان (ئارامی) یەزدانی ـ **هەموو دەوڵەتێك و یەکەیەکەی هاووڵاتیان و نەوەکانیان** دابنێن بکات، جگە لەمە، تۆوی خراپە ـواتە خراپەی داڕووخان تێیاندا دەڕوێت. (هەڵبەتە مانەوەی ئەم بەرانبەرێتییە لە هزری ئەفلاتووندا بەم مانایە نەبوو کە بیەوێت لەم بەستێنەدا گرنگیەکی تایبەتی پێببەخشێت.)

(٢) ئاوەڵناوی "مرۆیی" ({بە یۆنانی} anthropios) بەزۆری لەلایەن ئەفلاتونەوە یان لەبەرانبەر "یەزدانی" دەکاردەبرێت، (هەربۆیە هەندێ جار بە مانایەکی تۆزێك سووك و چرووکانە، ئەگەر بڕیاربێت جەخت لەسەر کەمایەسی و کەموکوڕی مەعریفە یان چێکراوی

٩١. ئەم شەش حاڵەتە بریتین لە: ٤٨٧e و ٤٩٩b و ٥٠٠e و ٥٠١e و ٥٣٦a_b (کە لە خوارەوە لە یاداشتی٥٢ لەسەری دواوین)و ٥٤٠d/e کە حاڵەتێکی کۆبەندی هەیە و هەروەها ٥٤١b کە بیرۆکەیەك لەخۆ دەگرێت کە دواتر هاتووەتە بوون.



مرۆڤ بکرێتەوە[٩٢])، یان بەمانا **گیانلەبەرناسانەکەی**[٩٣] لەبەرانبەر یان لەپەیوەندی لەگەڵ گیانلەبەراندا، بۆنموونە هەڵۆ. لەهیچ شوێنێکدا جگەلە دایالۆگە سەرەتاییە سوقراتییەکان[٩٤]دا نەبێت، نەمبینیوە ئەم ئاوەڵناوە (یان زاراوەی "مرۆڤ") بە واتایەکی مرۆڤدۆستانە بەکاربهێنرێتو دەربڕی شتێك بێت بەرزتر لەجیاوازی نەتەوەیی یان رەگەزی و چینایەتی. تەنانەت دەکارهێنانی بەمانا "دەروونی" یان "زەینی"[٩٥] یەکەشی دەگمەنە (مەبەستم بۆ نموونە بەکارهێنانیەتی لە هەڵۆیستێکی وەك پارچەی ٧٣٧b لەیاساکاندا: "ئەم گەمژییە لەرووی مرۆییەوە نەشیاوە".) بۆچوونی ناسیۆنالیستی توندڕۆیانەی فیختە و شپنگەر کە لەدەقی تایبەت بەیاداشتی ٧٩ی بەشی دوازدەهەم ئاماژەی بۆکراوە، دەربڕی بەکارهێنانی ئەفلاتوونیانەی ئاوەڵناوی "مرۆیی"یە و زیاتر دەلالەت لە چەمکی گیانلەبەرناسی دەکات نەك چەمکی ئەخلاق. چەند پارچەیەك لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون کە بەڵگەن لەسەر بەکارهێنانی ئەم وشەیە بەم مانایە و بەمانای هاوچەشنی ئەمە، بەم جۆرەیە : کۆمار، ٣٦٥d، ٤٨٦a، ٤٥٩b/c، ٥١٤b، ٥٢٢c، ٦٠٦e بەدواوە (کە تێیدا هۆمیرۆس وەك رێنوێن لەکاروباری مرۆیی لەبەرانبەر کەسێك دادەنرێت کە بۆستایش و پاڕانەوە لە یەزدانەکان سروود دەخوێنێتەوە)و کۆمار، ٦٢٠b. فایدۆن، ٨٢b. کراتۆلوس، ٣٩٢b. پارمیندس، ١٣٤e. تیای تیتوس، ١٠٧b. کریتۆن، ٤٦e. پرۆتاگۆراس، ٣٤٤c. سیاسەتمەدار، ٢٧٤b. (کە تێیدا شوانی مێگەلی مرۆیی، یەکێکە لە خواوەندەکان نەك مرۆڤ). یاساکان، ٦٧٣b، ٦٨٨d، ٧٣٧d (پارچەی ٨٩٠b بەڵگەیەکیترە لەسەر مانا پڕ لەسووکایەتییەکەی ئەم زاراوەیە: وەك دیارە "مرۆڤەکان" تاڕادەیەك یەکسانن لەگەڵ "ئاپۆڕا"[٩٦]".

(٣) راستە ئەفلاتوون وەك بەڵگەنەویستێك سەیری **فۆرم** یان **ئایدیایەکی مرۆڤ** دەکات، بەڵام بەهەڵەداچووە ئەو کەسەی پێیوابێت ئەم ئایدیایە، هێمای ئەو شتەیە کە هەموو مرۆڤەکان تێیدا هاوبەشن. ئایدیای مرۆڤ، ئارمانج یان ئایدیای ئەرستۆکراتی "سۆپەر ـ

٩٢. بگەڕێنەوە بۆ: تیمایۆس، ٢٩٢c/d و ٧٧a یان سۆفیست، ٢٦٦c و ٢٦٨d یان یاساکان، ٦٩١e و ٨٥٤a.

93. Zoological

٩٤. سەبارەت بەم تاکە ریزپەڕە، بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی (٦)ی ئەم یاداشتە.

95. Mental

٩٦. یان جەماعەت.(The many)

یۆنانی"یەکی خۆبەزلزانە و لەسەر بنەمای ئەمە، نەك ئیمان بە برایەتی مرۆڤەکان، بەڵکو بڕوابوون بە هیراکییەتی "سروشتەکان" دامەزراوە ـ ئەو خەسڵەت و سروشتانەی ڕەنگە بەپێی پێکچوونی زۆر زیاتر کەمتر لە بنەچە، واتە یەکەمین باوانی دێرینی ڕەگەزی مرۆڤ، سەروەرئاسابن یان کۆیلەئاسا. (یۆنانییەکان لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکە زیاتر بەم بنەچەیە دەچن.) بەم چەشنە، "خواوەندەکان تەنیا ژمارەیەکی کەم لە مرۆڤەکان لە هۆش و عەقڵی خۆیاندا بەشدار دەکەن" (تیمایۆس، ٥١e، هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ ئەوەی ئەرستۆ لە یادداشتی ٣، بەشی یازدەهەم، وتوویەتی).

(٤) "شاری ئاسمانی" (کۆمار، ٥٩٢b)و هاووڵاتیانی، هەروەك ئادام بەهەق هۆشدارمان پێدەدات، یۆنانی نین، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەو، ئەوە حەتمەن بەو مانایە نییە کە سەربە "مرۆڤایەتی"ن. هاووڵاتیانی "شاری ئاسمانی" ، "یان ریزپەڕ" و"سۆپەر ـ یۆنانی"ن ("باشتر" لەو شارە یۆنانییەی کە لە ٤٧٠e ئاماژەی بۆ کراوە)و لەهەمووان زیاتر لە بەربەرەکانەوە دوورن. (ئەم وتەیە ئەوەی لێناکەوێتەوە کە شاری ئاسمانی ـوەك شاری کەلووی شێر یان کەلووەکانیتر ـ لەوانەیە چاوگێکی ڕۆژهەڵاتییانەی نەبێت.)

(٥) سەرەنجام پێویستە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە پارچەی ٤٩٩c/d، هەروەك چۆن جیاوازی نێوان رابردووو ئێستاو ئاینده تێکنادات، هەر بەم چەشنەش جیاوازی نێوان یۆنانی و بەربەرەکانیش ناشێوێنی. هەوڵی ئەفلاتون لەپێناو ئەوە دایە کە ئەو گشتییەت بەخشینە بە باشترین شێوە دەربڕێت کە لەهەمبەر کات و شوێندا دروستیکردووە و بێژێت :"ئەگەر هەرکاتێ یان لە هەرشوێنێ و (دەتوانین ئەوەش زیادبکەین : تەنانەت لە جێگایەکی لەڕادەبەدەر بەدووری وەك وڵاتی بەربەرەکان) شتێکی ئەوتۆ رووبدات، ئەو کات... " لەپارچەی ٤٩٤c/d کۆماریشدا هەستێکی هاوچەشنی ئەمە بەڵام بەهێزتر دەربڕدراوە لەهەمبەر رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ شتێکدا کە تۆزێکی ماوە بگاتە رادەی پڕوپووچی کوفراوی. چاوگی ئەم هەستەن هیوای ئالکیبیاسە بۆ دروستکردنی قەڵەمڕەوییەکی جیهانگیری یۆنانی و بێگانەکان. (منیش کۆکم لەتەك ئەوەی فیلد[97]و تارن[98]و وتوویانە.) بەکورتی من جگە لەمنجڕی لەهەمبەری هزری مرۆڤدۆستانەی یەکێتی مرۆڤەکان هیچ شتێکیتر نابینم کە لە

97. G.C. Field, Plato and His contemporaries, p. 130, note I

٩٨. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٣(٢)، بەشی پێنجەم.



جیاوازییە ڕەگەزی و چینایەتییەکان تێپەڕێت و پێموایە ئەو کەسانەی شتێکی پێچەوانەی ئەمە دەبێنن، ئایدیالسازی بۆ ئەفلاتوون دەکەن[99]و ئاگایان لەوەنییە کە لایەنگری دژە مرۆڤدۆستانەی ئەفلاتوون لە خانەدانەکان و بەلاوەنانی ئەوانیتر، پەیوەندی بە تیۆری ئایدیاکانەوە هەیە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ٥١ و٥٢ و٥٧ لەم بەشەدا.

*(٦) تا ئەو جێگایەی من شارەزام، تەنیا ریزپەڕێکی راستەقینە بوونی هەیە و ئەویش پارچەیەکە کە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی وتوومانە دژایەتییەکی ئاشکرای هەیە. پارچەی ناوبراو (تیای تیتۆس، ١٧٤e) لەپێناو پێشاندانی بەرزەڕوانی و گشتروانینی فەیلەسووف نووسراوە و ئەم رستەیە دەخوێنینەوە: "هەموو کەسێك باوانی بێئەژماری هەبووە و لەنێویاندا، دەوڵەمەند و دەستکورت و شا و کۆیلە و یۆنانی و بەربەریش بوونیان هەبووە." لێرەشدا بەرانبەرێتی نێوان سەروەر و کۆیلە و یۆنانی و بەربەر بەشێوەیەکی تەریب لەئارادایە و ئەو تیۆرانەمان بیردەخاتەوە کە ئەفلاتوون دژایەتی هەموویانی کردووە. بەڵام بە چاوپۆشی لەم خاڵە، نازانم چۆن ئەم پارچە سەرنجڕاکێش و بێگومان مرۆڤدۆستانەیە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئەفلاتووندا بگونجێنم. ڕەنگە ئەمەش، وەك گەلێ لە بابەتەکانی گۆرگیاس، سوقراتی بێت و تیای تیۆس (بە پێچەوانەی گریمانەی باو) بەر لەکۆمار نووسرابێت. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ پاشکۆی ٢ لەکۆتایی ئەم پاژە.

٥١، بەبۆچوونی من، ئەم ئاماژەیە بۆ دوو هەڵوێستی **داستانی (چیرۆکی) ژمارە** دەگەڕێتەوە کە کاتێ ئەفلاتوون تێیاندا دەڵێت "ڕەگەزی خۆتان" مەبەستی ڕەگەزی مرۆڤە : یەکیان لەو شوێنەی دەڵێت "لەمەڕ ڕەگەزی خۆتان"[١٠٠] و ئەویتریان کاتێك لەمەڕ "تاقیکردنەوەی کانزاکان لە ڕەگەزی خۆتان"[١٠١] دەدوێت. هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ ئەو بەڵگانەی کە لە یادداشتی ٥٢ خراونەتەڕوو سەبارەت بە "پردی" نێوان ئەم دوو پارچەیە : یەکیان، پارچەی بنەڕەتی شافەیلەسووف و دووەمیان، چیرۆکی ژمارەیە.

٩٩. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣و دەقەکە، بەشی شەشەم.

١٠٠. بگەڕێنەوە بۆ ٥٤٦a/b و یادداشتی ٣٩، بەشی پێنجەم و دەقەکە.

١٠١. بگەڕێنەوە بۆ ٥٤٦d/e و یادداشتەکانی ٣٩و ٤٠، بەشی پێنجەم و پارچەی دواتر.

٥٢ـ كۆمار، ٥٤٦d/e بەدواوە. ئەو پارچەیەی لێرەدا ئاماژەمان بۆکردووە بەشێکە لە **چیرۆکی ژمارە و دابەزینی مرۆڤ** (٥٤٦a ـ٥٤٧a) کە لەدەقی تایبەت بەیادداشتەکانی ٣٩ و٤٠، بەشی پێنجەم، ئاماژەی بۆکراوە. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ١٣ و٤٣ لەم بەشەدا. بانگەشەی من[١٠٢] لە هەمبەر ئەوە کە پارچە بنەڕەتییەکەی شافەیلەسووف[١٠٣] هەواڵی چیرۆکی داهاتووی ژمارە رادەگەیەنێت، بەروانین لەم شتە بەهێز دەبێت کە لەنێوان ئەم دوو پارچەیە، گۆیا "پردێك" لەئارادایە. بێگومان پارچەی ٥٣٦a/b كۆمار هەواڵی چیرۆکی ژمارە رادەگەیەنێت. لەلایەکیترەوە رەنگە ئەم پارچەیە بەدیوی ئاوەژووی[١٠٤] پارچەی شافەیلەسووف لەقەڵەم بدرێت (و هەربۆیە، دەربرینێکی تری پارچەکە بەشێوەیەکی جیاوازبێت)، چونکە ئەوەی گەرەکیەتی بیڵێت ئەوەیە کە ئەگەر کەسانی ناشایستە بۆ فەرمانڕەوایی کردن هەڵبژێردرێن، ئەوا حەتمەن خراپترین دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە. بەشی کۆتایی پارچەکە، راستەخۆ بیرخەرەوەی بەسەرهاتی شەپۆلی مەزنە چونکە تێیدا هاتووە :" ئەگەر کەسانێك لەجۆرێکیتر هەڵبژێرین... ئەوا بووینەتە هۆی ئەوەی شەپۆلێکی مەزنی دیکە لە پێکەنین بەسەر فەلسەفەدا ببارێت." پارچەی ناوبراو لەکۆتایی e ـ٤٧٣c دەستپێدەکات و بەئاراستەی پێچەوانە، دەگاتە سەرەتاکەی. بەبڕوای من بیرخستنەوەی شەپۆل نیشانەی ئەوەیەکە ئەفلاتوون ئاگاداری ئەم خەسڵەتە بووە و بەم شێوەیە ویستوویەتی دەریبخات ئەگەر ئەو پەندەی لە پارچەی شافەیلەسووفدا فێرمان کراوە فەراموش بکرێت، چی روودەدات! ئەم پارچە "ئاوەژوویە" ـواتە ٥٣٦a/b ـ رەنگە بە پردێك وەسف بکرێت لەنێوان "پارچەی بنەڕەتی (شافەیلەسووف)" (٤٧٣e) و "**پارچەی (چیرۆکی) ژمارە**" (٥٤٦a)، چونکە لەخۆگری هەندێ ئاماژەی روون و ئاشکرایە بۆ رەگەزپەرستی و هەواڵی پارچەیەك رادەگەیەنێ لە داهاتوودا (٥٤٦d) سەبارەت بەم بابەتەی کە ئەم یادداشتەی لەمەڕ نووسراوە. (دەتوانین ئەم شتە بە بەڵگەیەکی دیکە لێکبدەینەوە لەهەمبەر ئەوە کە کاتێ ئەفلاتوون پارچەی شافەیلەسووفی دەنووسی، بیری لەسەر رەگەزپەرستی بووە.) ئێستا سەرەتای ئەم پارچە "ئاوەژوو" لێرەدا دەنووسمەوە (٥٣٦a/b) : " دەبێ بەوردی جیاوازی دابنێین لەنێوان حەڵاڵزادە و حەرامزادەکاندا[١٠٥]. چونکە ئەگەر کەسێك

١٠٢. بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتی پێشوو.

١٠٣. كۆمار، ٤٧٣e. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٤و ٥٠ هەر لەم بەشەدا

104. Converse

105. Trueborn and bastard



یان شارێك نەزانێت چۆن ئەم جۆرە شتانە لێکبداتەوە، بەرێئانە و لەرووی بێئاگایی، حەرامزادە ناهاوسەنگ (یان گێڕ)ەکان بۆ خزمەتکردن لەهەر پلەو پایەیەك ـو هەندێ جار وەك دۆست و تەنانەت فەرمانڕەوا ـ قبوولدەکات." (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٤٧ی ئەم بەشە). بۆ ئاگاداربوون لە روونکردنەوەیەکی هاوچەشن سەبارەت بە خۆ خەریککردنی ئەفلاتوون بەدۆخی تایبەت بە داڕووخانی رەگەز و پەروەردەکردنی نەوە، بگەڕێنەوە بۆ دەقی یادداشتەکانی ٦ و٧ و٦٣، بەشی دەیەم لەپەیوەندی لەگەڵ یادداشتگەلی ٣٩(٣) و٤٠(٢)، بەشی پێنجەم.

* سەبارەت بە رستە خواستراوەکانی بەندی داهاتووی دەقەکە سەبارەت بە کودروسی شەهید، بگەڕێنەوە بۆ خوان، ٢٠٨d، کە لەبەشی سێیەم، یادداشتی ٤، بەشێوەیەکی تەواتر ئاماژەی بۆکراوە. ئایسلەر ئێژێت[١٠٦] "کودروس" وشەیەکی پێش ـ هێلینیە (pre-Hellenic) و بەمانای "پاشا"یە. ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا رەنگ و بۆیەکی زیاتر بەو نەریتە دەدات کە دەڵێت نەجیبزادەکانی ئەسینا "خاکزاد" بوون. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١١(٢) و٥٢ی ئەم بەشە و كۆمار، ٣٦٨a و٥٨٠b/c. *

٥٣ـ **ئەفلاتوون** (١٩٠٨، ١٩١٤)، نووسینی تیلۆر، ل١٢٢ بەدواوە. تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ ئەم قسانە کۆکم کە لەدەقەکەدا وەرمگرتووە. بەڵام ئاوەڵناوی "نیشتمانپەروەر"م لە "ئەسینی" کردووەتەوە چونکە لەگەڵ "نیشتمانپەروەری" خستنەپاڵ ئەفلاتوون بەتەواوی هاوڕانیم بەو مانایەی تیلۆر لەهزری دایە. لەهەمبەر "نیشتمانپەروەری" ئەفلاتوون، بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٤ تا١٨، بەشی چوارەم.

سەبارەت بە زاراوەی "نیشتمانپەروەری" و "دۆخی باوکانە"، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتگەلی ٢٣ تا٢٦و ٤٥، بەشی دەیەم.

٥٤ـ كۆمار، ٤٩٤b :" بەڵام ئایا کەسێکی ئەوتۆ هەر لەهەمان هەڕەتی منداڵی لەهەموو شتێك یەکەم نابێ؟"

٥٥ـ كۆمار، ٤٩٦c :" سەبارەت بەنیشانەی رۆحی خۆم پێویست ناکات هیچ بێژم."

106. R. Eisler, CAucasia, 5, 1928, p. 129, note 237.

٥٦ـ بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی ئادام بۆ کۆمار :٤٩٥d٢٣ و٤٩٥e٣١و یادداشتەکانی ٤٧ و٥٩ی ئەم بەشە.

٥٧ـ کۆمار، ٤٩٦c ـd. بەراوردە بکەن لەگەڵ نامەی حەوتەم، ٣٣٥d. (پێموایە سۆسەکەی بارکێر راست بێت کە سەبارەت بەم پارچەیە دەڵێت[١٠٧]: "لەوانەیە... ئەفلاتوون بیری لای سەگسیفەتەکان بێت." بێگومان ئەم پارچەیە هیچ ئاماژەیەکی تێدانییە کە بۆ ئانتیس تنیس کرابێت و کاتێ ئەم رستانە دەنووسران، دیوگنس هیچ ناوبانگێکی نەبوو کەبێگومان بارکێر ئەوەی لە هزردایە، ئەوکات بێشك ئەفلاتوون ئامادەنەبوو بەم شێوازە سەبارەت بەو قەڵەمەکەی بەگەڕ بخات.)

(١) پێشتر هەر لەم پارچەیەی کۆماردا، پەیڤێکیتر بەرچاو دەکەوێ کە ئەگەری ئەوە هەیە سەبارەت بە ئەفلاتوون خۆی بێت. قسەکە لەمەڕ کۆمەڵێکی کەم لە شایستەکان و ئەو کەسانەی سەر بەو کۆمەڵەیەن. ئەفلاتوون ئاماژە بە "کەسایەتییەکی بەرزە گەوهەر و پەروەردەکراو" دەکات کە "رایکردو رزگاری بوو" (یان تارێنرا (نەفی کرا)و رزگاری بوو"ـ واتە گیانی سەلامەت بوو لەو چارەنووسەی یەخەی ئالکیبیاسی گرت، چونکە ئالکیبیاس بوو بەقوربانی مەرایی و وازی لەفەلسەفەی سوقرات هێنا). ئادام ئێژێ[١٠٨] "ئەفلاتوون نەتارێنرا"، بەڵام بەباشی ئەم شیمانەیە لەئارادایە کە راکردنی موریدەکانی سوقرات بۆ مگارا پاش مەرگی مامۆستاکەیان، وەك خاڵێکی وەرچەرخانی ژیانی ئەفلاتوون لەیادیدا مابووبێتەوە. بەدوور دەزانرێت کە پارچەی ناوبراو لەمەڕ دیۆنەوە بێت، چونکە ئەو لەکاتی نەفیکران تەمەنی نزیکی چل ساڵ بوو و هەربۆیە، لەتەمەنی قەیراناوی گەنجێتی تێپەڕیبوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئەفلاتوون دژایەتی تاراندنی (نەفیکردنی) کردبوو وهەوڵی دابوو بڕیاری دوورخستنەوەکە هەڵبوەشێنێتەوە، حاڵەتی دیۆن (بەپێچەوانەی حاڵەتی خودی ئەفلاتوون) بەهیچ چەشنێك لە حاڵەتی ئالکیبیاس نەدەچوو کە یەکێك بوو لەیاوەرەکانی سوقرات. بەڵام ئەگەر وادابنێین پارچەی ناوبراو بۆخودی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، ئەوا دەبێ هەر ئەم گریمانەیە لەمەڕ پارچەی ٥٠٢aیش بکەین کە دەڵێت :" کێ هەیە گومان لەوە بکات کە پاشا یان ئەرستۆکراتەکانیش رەنگە منداڵ یان نەوەیەك بخەنەوە کە بە زگماك فەیلەسووف بن؟" درێژەی

107. E. Barker, Greek political Theory, I, 107, no. 2.

١٠٨. پەراوێزی ٤٩٦b٩



ئەم پارچەیە بەڕادەیەك لە پارچەکەی پێشوو دەچێت کە پێدەچێت هەردووکیان سەبارەت بەهەمان " کەسایەتی بەرزە گەوهەر" بێت. لەوانەیە ئەم شێوە گوزارشتەی پارچەی ٥٠٢a لەخودی خۆیدا راست بێت، چونکە پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە ئەفلاتوون هەمیشە شانازی بەخانەدان بوونی خۆیەوە دەکرد. بۆ نموونە کەڕەتێك لەکاتی ستایشکردنی باوك و براکانی، بە "یەزدانی" یان لە قەڵەم دەدات. (کۆمار، ٣٦٨a، من لەتەك ئادامدا هاوڕانیم کە ئەم وتەیە وەك تەنزو توانج لێکدەداتەوە، هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ خوان، ٢٠٨dکە تێیدا لەمەڕ کودورسی بەناو باوانی ئەفلاتوون و ئەژدادەکەی، واتە پاشاکانی خێڵی ئاتیکا، دەدوێت). ئەگەر ئەم راڤەیە راست بێت ئەوا پێویستە ئاماژەکەیتری پارچەی ٤٩٩b ـcیش هەربەم چاوە، واتە وەك پێشەکی پارچەی ٥٠٢a سەیر بکرێت، چونکە ئەفلاتوون نەك هەر منداڵی کودروس بوو، بەڵکو یەکێك بووە لە نەوەکانی فەرمانڕەوایەك بەناوی دروپیدس، هەربۆیە، ئاماژەی ئەم پارچەیەی دواییان بۆ "فەرمانڕەوا و پاشا و منداڵەکانیان" بەتەواوی لەگەڵ بارودۆخی ئەفلاتووندا دەگونجێت. مەبەستم پارچەکانی ٤٩٩b و٥٠٢aیە. ئەگەر ئاستەم نەبێت لانی کەم دژوارە ئەم پارچانە وەك مەرایی بۆ دیۆنوسیوسی بچووك لێکبدەینەوە چونکە ناتوانین ئەم راڤەیە لەگەڵ هێرشی توندوتیژ و تەنانەت تاکەکەسی ئەفلاتوون بۆ سەر دیۆنوسیوسی گەورە بگونجێنین (٥٧٢ ـ٥٨٠). سەرنجدان لەم خاڵە گرنگە کە ئەفلاتوون لەهەرسێ پارچەکەدا (٤٧٣d و٤٩٩b و٥٠٢a) سەبارەت بە "تیرەکان (بنەچەکان)"[١٠٩] و لەمەڕ پاشایەتی پشتاوپشت دەدوێت ( بەشێوەیەکی توند لەبەرانبەر حکوومەتی ملهوڕانەی دادەنێت). لەلایەکیترەوە، بەپێی نووسینەکانی ئەرستۆوە[١١٠] ئەوە دەزانین کە مەبەست لە "تیرە" رەچەڵەکی پەیوەست بە ئولیگاریشیە و مەبەستەکە بەرلەوەی بنەماڵەیەکی ملهوڕی وەك دیۆنوسیوس بێت هەمان ئەو شتەیە کە ئێمە ئەمڕۆکە بە بنەماڵەی ئەرستۆکراتی ناوەزەدی دەکەین، وەك بنەماڵەی خودی ئەفلاتوون. تۆکۆدیدس[١١١]و کسنۆفۆن[١١٢]یش وتەکەی ئەرستۆ

109. “dynasties”

١١٠. ئەرستۆ، سیاسەت، ١٢٩٢b٢و ١٢٩٣a١١. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ:

E .Meyer, Gesch. D. Altertums, v, p. 56.
111. Thucydides, IV, 78.
112. Xenophon, Hellenica, v, 4, 46.

پشت راست دەکەن. (مەبەستم لەم بەڵگەخوازییانە دژایەتیکردنی وتەکەی ئادامە.[١١٣]) هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤، بەشی سێیەم.

※ (٢) لەسیاسەتمەداریشدا پارچەیەکی گرنگیتر بەرچاو دەکەوێت کە ئەفلاتوون تێیدا بەشێوازێکی رۆشنگەرانە ئاماژە بەخۆی دەکات. لێرەدا (٢٥٨a و٢٩٢c) گریمانە ئەوەیەکە تایبەتمەندی سەرەکی سیاسەتمەداری شائاسا **زانین یان زانستەکەیەتی**[١١٤]. لەئاکامدا دیسان سۆفۆکراسی (زانینسالاری) دێتەوە بەرباسو داوادەکرێت: "تاکە حکوومەتی راست ئەو حکوومەتەیە کە زانا راستەقینەکان فەرمانڕەوایی تێدابکەن" (٢٩٣c). ئەفلاتوون ئەوە دەسەلمێنێت "ئەو کەسەی خاوەنی زانستی **شائاسایە**، **حکوومەت بکات یان نەیکات**، هەروەك بەڵگەخوازیەکەمان پێشانیدەدات دەبێ بەپاشا بژمێردرێت." (٢٩٢e/٢٩٣a). ئەفلاتوون بێگومان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خۆی خاوەنی زانستی شائاسایە. کەواتە ئەم پارچەیە بێهیچ دڕدۆنگییەك بەم مانایەیە کە خۆی بە پیاوێك دەزانی "دەبوایە بۆ پاشایەتی هەڵبژێردرێ." ئەو پارچەیە زۆر رۆشنگەرە و دەبێ بۆ هەموو شرۆڤە و راڤەکردنێکی کۆمار وەبەرچاوبگیرێت.(هەڵبەتە لێرەشدا زانستی شائاسا هەمان زانستی مامۆستا و پسپۆڕێکی رۆمانتیکی پەروەردەکردنی نەوەی سەروەرە. دەبێ ئەم چینە تەونی[١١٥] پێویست بۆ داپۆشین و لێکگرێدانی چینەکانیتر دەستەبەربکات ـ واتە کۆیلە و کرێکار و بنووسەکان و ئەوانیتر کە لە ٢٨٩c قسەیان لەسەر کراوە. کەواتە **زانستی شائاسا**، "تێکچنین"[١١٦] (واتە تێکەڵاوکردنی) "خەسڵەتی خاکەڕییەکانە لەگەڵ خەسڵەتی دلێرەکان بەیارمەتی تەکنیکی پاشایانەی وڵات بەڕێوەبردن و پێکهێنانی ژیانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشی تەژی لەیەکڕایی و دۆستایەتی." (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٤٠(٢)، بەشی پێنجەم، ٢٩، بەشی چوارەم، و ٣٤ی ئەم بەشە.)※

٥٨ـ لە پارچەیەکی ناسراو بە فایدۆندا(٨٩d)، سوقرات سەبارەت بە لەخەڵك بێزاری[١١٧] یان نەفرەت لە مرۆڤ هۆشدارمان پێدەدات و (لەخەڵك بێزاری لەگەڵ لە لۆژیك بێزاری[١١٨] یان

١١٣. پەراوێزی دووەمی ٤٩٩b١٣.

114. Knowledge or science
115. Fabric
116. Interweaving
117. Misanthropy
118. Misology



بێبڕوایی لەهەمبەر بەڵگەخوازی عەقڵی و لۆژیکی بەراورد دەکات). بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ٢٨ و٥٦، بەشی دەیەم و یادداشتی ٩، بەشی حەوتەم. وتە وەرگێڕاوەکەی دواتریان هی کۆمارە (٤٨٩b/c) ئەگەر سەرانسەری ٤٨٨ و٤٨٩ وەبەرچاوبگرین ئەوا پەیوەندی لەگەڵ پارچەکەی پێشوودا ئاشکراتر دەبێت، بەتایبەتی پەلاماری ٤٨٩e بۆ سەر "ئاپۆرای زۆر"ی ئەو فەیلەسووفانەی بەدخەسڵەتی و شەڕەنگێزییەکەیان شتێکی حەتمییە، واتە هەمان "فرەکان" یان "ئاپۆرای زۆر" و"سروشتە پڕکێماسی و ناتەواوەکان" کە لە یادداشتگەلی ٤٤ و٤٧ی ئەم بەشە، سەرکوت کردنیان قسەی لەسەر کرا.

ئەفلاتوون سەردەمێك خەونی بەوەوە دەبینی کە پلەی شافەیلەسووف بەدەستبێنێ و ببێتە رزگاریدەری ئەسینا. لە یاساکان (٧٠٤a ـ٧٠٧c) ئاماژەیەك بەرچاو دەکەوێ کە بەبۆچوونی من، دەربڕی ئەم شتەیە. لەوێدا ئەفلاتوون ئاماژە بە مەترسییەکانی دەریا و دەریاوانی بازرگانی و ئیمپراتۆریەتخوازی دەکات. (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ ئەرستۆ، **سیاسەت**، ١٣٢٦b ـ١٣٢٧aو یادداشتەکانی ٩هەتا ٢٢ و٣٦و دەقەکە لەبەشی دەیەم.)

بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٧٠٤d. کە تێیدا نووسراوە :"ئەگەر برپاربێت شار لە کەنار دەریا دروستبکرێت و خاوەن بەندەری سروشتی پێویست بێت... ئەوا پێویستی بە رزگاریدەرێکی بەتواناو یاسادانەرێکی بانمرۆیی دەبێت بۆ ئەوەی بەیارمەتی ئەو لە ناکۆکی و داڕووخان رزگاری بێت." ئایا ئەفلاتوون دەیەوێت لەرێگای ئەوەوە پێشانیبدات کە ناکامییەکانی لە ئەسینا بەهۆی ئەو دژوارییە بان مرۆییانەوە بوو کە سەرچاوەکەیان بۆ بارودۆخی جوگرافی ناوچەکە دەگەڕایەوە؟ (لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای هەموو نامرادی و سەرلێشێوانەکان[١١٩]، ئەفلاتوون هێشتا بڕوای بە راکێشانی یەکێك لە ملهوڕەکان هەبوو. بەراوردی بکەن بە یاساکان، ٧١٠c/d کە لەدەقی تایبەت بەیادداشتی ٢٤، بەشی چوارەمدا ئاماژەی بۆکراوە.)

٥٩ـ لە کۆماردا پارچەیەك بەرچاو دەکەوێ[١٢٠] کە ئەفلاتوون تێیدا هیوای خۆی دەردەبڕێت کە "ئاپۆڕا" پاش ئەوەی فێری جیاوازی دانان بوون لەنێوان فەیلەسووفی راستەقینە و فەیلەسووفی

١١٩. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٥، بەشی حەوتەم.

١٢٠. لە ٤٩٨d/e بەدواوە. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی١٢، بەشی نۆیەم.

درۆین (لەکوێ فێربن؟ رەنگە لەرووی کۆمارەوە؟)، بۆچوونی خۆیان بگۆڕن و فەیلەسووفەکان بە فەرمانڕەوا قبووڵ بکەن.

رستەی کۆتایی ئەم بەندە بەراورد بکەن لەگەڵ کۆمار، ٤٧٣e ـ٤٧٤a و٥١٧a/b.

٦٠ـ هەندێ جار بەئاشکرا دان بەم جۆرە خەونەدا نراوە. نیچە دەنووسێت: "لە تیاگسی[١٢١]ی ئەفلاتووندا هاتووە: ئەگەر ببوایە، تەك تەکی ئێمە دەیەویست ببێتە خواوەندی هەموو مرۆڤەکان ـو بەر لەهەموو شتێ حەزی لێ بوو خۆی ببێت بەخوا. دەبێ ئەم رۆحە سەر لەنوێ بگەڕێنرێتەوە." (ویستی هێز[١٢٢]، چاپی ١٩١١، کتێبی چوارەم، پەند[١٢٣] ٩٥٨. ئاماژەیە بۆ تیاگس، ١٢٥e/١٢٦a.) پێویست ناکات سەبارەت بە بۆچوونە سیاسییەکان نیچە قسەبکەم، بەلام گەلێ فەیلەسووفی تر هەن، واتە ئەفلاتوونییەکان کە بە ساویلکەی دەڵێن ئەگەر رێکەوتنێکی خۆش رووی دابووایە و یەکێك لە پەیڕەوەکانی لە یەکێك لە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆدا دەسەلاتی بەدەستەوە بگرتبایە، دەیتوانی بەرەو ئایدیای ئەفلاتوونی بڕوات‌و لانی‌کەم لە کۆتاییدا، شتەکان بە بەراورد لەگەڵ سەرەتای دەسەلاتدارێتی ئەو، لە کەمال و تەواوێتی نزیکتر دەبوونەوە. یەکێکیان (ئەی.بیێ.تیلۆر)ە کە دەنووسێت (رەنگە لە سیاقی دەستەواژەکانەوە بتوانین بیژین ئەمە ئاماژەیەکە بە بارودۆخی ئینگلتەرا لەساڵی **١٩٣٩**): "... ئەو کەسانەی لە حکوومەتێکی 'ئۆلیگارشی' یان 'دیموکراسی' پڕاوپڕ بە ئایدیای فەیلەسووفە ئەفلاتوونییەکان لە دایك بن و لەژێر سایەی سوڕی موبارەکی رووداوەکان بۆیان دەربکەوێت جلەوی بەرزترین دەسەلاتی سیاسیان بەدەستەوە گرتووە، بێگومان هەوڵدەدەن **دەوڵەتی ئەفلاتوون** وەڕاست بگێڕن و تەنانەت ئەگەر سەرکەوتنی تەواویش وەدەست نەهێنن ـ رەنگە وەدەستیشی بێنین ـ لانیکەم لەکۆتاییدا، ولات بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای دەسەلاتدارێتی ئەوان لەم نموونەیە نزیکتر دەبێتەوە[١٢٤]." ئەو بەڵگانەی لە بەشی داهاتوودا خراونەتەروو، دژی ئەم خەونە رۆمانتیکانەیە.

121. Plato, Theages
122. F. Nietzsche, The will to power
123. Aphorism
124. A.E. Taylor, "The Decline and fall of the state in Republic, VIII", Mind, N.S. 48, 1939, p. 31.



* لە وتارە بەپێزەکەی کلسن، لەژێر ناونیشانی **ئەڤینی ئەفلاتوونی**[١٢٥]، ئەم شەهوەتەی دەسەلاتی ئەفلاتوونی بە قووڵی شیکردنەوەی لەسەر کراوە. *

٦١ـ کۆمار، ٥٢٠a ـ٥٢١c. وتە وەرگێراوەکە هی پارچەی ٥٢٠dـە.

٦٢ـ **سەگی داکسۆنتی ناشیرین**، نووسینی جەی.بی.ستێرن[١٢٦].

125. H. Kelsen. The Platonic Love (The American Imago vol. III, 1942, pp. 1 ff).
126. G.B. Stern, The Ugly Dachshund, 1938.

# بەشی نۆیەم

ئەو پاراگرافەی کراوەتە سەردێڕی ئەم بەشە، لە وەرگێڕانی ئینگلیزی کتێبەکەی دۆگار وەرگیراوە[1]. {بەڕێز ئەبولحەسەنی نەجەفی بە سوپاسەوە دەقی فەرەنسی ئەم پارچەیە و وەرگێڕانەکەی خۆی کە زۆر لەپاچڤەکراوە ئینگلیزییەکە لەدەقەکە نزیکترە و بەم زووانە بە فارسی بڵاودەکرێتەوە، خستە بەردەستی من. بەپێی ئەو شێوازەی گرتوومەتەبەر نەمهەویست دەستکاری ئەو شتە بکەم کە پۆپەر لە نووسەرەکانی‌تری خواستووە، بەڵام لێرەدا هەر بۆ زانیاری سوود لەم وەرگێڕانەی بەڕێز نەجەفیش وەردەگرم :"دەبێ هەموو شتێك تێکبدرێت. بۆ ئەوەی بتوانین جیهانێکی پاکتر دروستبکەین، سەرەتا دەبێ سەرتاپای شارستانیەتەکەمان وێران بکرێت." (وەرگێڕی فارس)}.

١ـ پێدەچێت وەسفەکەم بۆ ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی لەگەڵ ئەو جۆرە ئەندازیارییە کۆمەڵایەتییەدا هاوجووت بێت کە ئەیستمەن لە کتێبی **ئایا مارکسیزم زانستە**؟ لایەنگری لێدەکات، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی ٢٢ی ئەو کتێبە. بەبڕوای من، بیروبۆچوونی ئەیستمەن هێمای خولانەوەیەکی پاندۆڵ ئاسایە لە مێژووگەراییەوە بۆ ئەندازیاریی یۆتۆپیایی.

بەڵام رەنگە من لەسەر هەڵەبم و مەبەستی راستەقینەی ئەیستمەن زیاتر ئەو شتە بێت کە من بە ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە ناوزەدم کردووە. تێگەیشتنی راسکوپاوند بۆ "ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی" بە ئاشکرا خودان چۆنایەتییەکی "لەسەرخۆ یان بەرەبەرە"یە.

1. Roger martin du Gard, les Thibaults, p. 575, English edition (summer 1914, London, 1940).



هەڵبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٩، بەشی سێیەم. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٨(٣)، بەشی پێنجەم.

٢ـ بەرای من، لەرووی ئەخلاقییەوە هیچ گونجانێك[٢] لەنێوان کوێرەوەری و شادی یان ئازارو چێژدا نییە. پرەنسیپی "زۆرترین شادی" سوودگەراکان و پرەنسیپی کانت لەهەمبەر "بەرەو پێشبردنی بەختەوەری ئەوانیتر" هەردووکیان (لانیکەم لە فۆرمۆلبەندی(١) بەبڕوای من لەم رووەوە تووشی هەڵە دێن، هەرچەندە ئەمە خاڵێك نییە لەرێگای بەڵگەخوازییەوە یەکلابکرێتەوە. (سەبارەت بە لایەنی ناعەقڵانی بۆچوونە ئەخلاقییەکان، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١١ی ئەم بەشە، لەمەڕ لایەنی عەقڵانی، بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی ٢و بەتایبەتی بڕگەی ٣ی بەشی بیست‌و چوارەم.) من پێموایە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦(٢)، بەشی پێنجەم)، ئەخلاق، بانگی یارمەتیخوازی مەینەتبارەکان قبووڵدەکات، بەڵام بۆ زیادکردنی شادی و بەختەوەری یەکێك کە بەهەرحاڵ بارودۆخەکەی باشە، ئەم جۆرە پەنابردن و یارمەتیخوازییە بێ‌مانایە. (رەخنەیەکیتر لە رێسای سوودگەرایی ئەوەیە کە دەڵێت " چێژبگەیەننە ئەوپەڕی خۆی"و لەم رێسایەدا وەك پرەنسیپێك گریمانەی هەندێ پلە دەکرێت بۆ پێوانی چێژ و ئازار کەتێیدا هەر پلەیەکی ئازار، بە پلەیەکی نێگەتیڤی چێژ دەژمێردرێت. بەڵام لەرووی ئەخلاقییەوە، چێژ ناتوانێ ئازار بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بەتایبەتی ئەو چێژەی کەسێك وەریدەگرێ ناتوانێ لە ئازاری یەکێکیتر نرخ و بەهایەکی زیاتری هەبێت. لەجیاتی زۆرترین شادی بۆ زۆرترین ژمارە، پێویستە قانعتربین و خوازیاری کەمترین کوێرەوەری شیاو بۆ خۆلێبواردن بین بۆ هەمووان و لەگەڵ ئەمەشدا، خوازیاری ئەوەبین کە هەندێ لەو ئازارانەی بۆ خۆلێبواردن ناشێن ـوەك ئازاری برسێتی لەسەردەمی قاتوقڕی و نەبوونی خۆراك کە خۆ لێدەربازکردنی ئاستەمە ـ بەپێی توانا بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێن.) ئەم روانگەیە لەمەڕ ئەخلاق، تارادەیەك بەم بۆچوونە دەچێت کە من لەکتێبی **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی** لەمەڕ میتۆدۆلۆژیای زانستیدا خستوومەتەڕوو. ئەگەر لە بەستێنی ئەخلاقدا خواستەکانمان بەشێوەیەکی نێگەتیڤ فۆرمۆلبەندی بکەین ـواتە لەجیاتی زیادکردنی شادی و خۆشبەختی، خوازیاری وەلانانی ئازار و کوێرەوەری بین ـ دۆخەکە روونتر دەبێتەوە. هەر بەم چەشنە، زۆر

2. Symmetry

بەسوودە ئەگەر ئەرکی میتۆدی زانستی لەجیاتی وەدەستهێنانی حەقیقەتە بەڵگەنەویستەکان، بەوەلانانی تیۆرە چەوتەکان (درۆینەکان) (لە تیۆرە پێشنیارکراوە کاتەکییەکان) لەقەڵەم بدەین.

٣ـ نموونەی زۆرباشی ئەم جۆرە ئەندازیارییە لەسەرخۆ یان بەرەبەرەیە ـ یان رەنگە تەکنەلۆژی لەسەرخۆی هاوجووت لەگەڵ ئەمە ـ دوو وتارەکەی سیمکینە سەبارەت بە "ریفۆرمی بۆدجە" کە لەیەکێك لە گۆڤارەکانی ئوسترالیادا بلاوکراوەتەوە(٣). خۆشحاڵم کە دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەم وتارانە چونکە بەشێوەیەکی ئاگایانە سوود لەهەندێ پرەنسیپی میتۆدۆلۆژی وەردەگرێت کە من لایەنگریانم. ناوەڕۆکی ئەم وتارانە دەریدەخەن کە ئەم پرەنسیپانە بەکردەوە بەکەڵکن بۆ توێژینەوە تەکنەلۆژیکییەکان.

ناڵێم لەوانە نییە ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە بەشێوەیەکی ئازادانە و بە چەشنێکی بوێرانە بەکاربهێنرێت و دەبێ بە پرسە "ورد و بچووکەکان" سنووردرابکرێت، بەڵام پێمواپە پلەی ئەو ئاڵۆزی و ناروونییەی کە دەتوانین چارەسەری بکەین، پەیوەستە بەو ئەزموونەوە کە لە دەکارهێنانی ئاگایانە و سیستماتیکی ئەندازیاریی لەسەرخۆوە بەدەست دێت.

٤ـ بەم دواییانە فۆن هایك لەچەند نووسینی سەرنجڕاکێشی خۆیدا جەختی لەسەر ئەم بۆچوونە کردۆتەوە (بۆ نموونە لە **ئازادی و سیستەمی ئابووری**)(٤)دا. ئەوەی من بە " ئەندازیاریی یۆتۆپیایی" ناوزەدم کردووە، پێمواپە لەگەڵێك لایەنەوە هاوجووتە لەگەڵ ئەو شتەی ئەو بە " بەرنامە رێژی چەقبەستوو یان کۆگەلی (یان ئیشتراکی)" ناودێری دەکات. هایك راسپاردەیەکی هەیە کە بە " بەرنامەڕێژی بۆ ئازادی" ناوزەدی دەکات و بەبۆچوونی من کۆکە لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە بەرنامەڕێژییە خاوەن خەسڵەتی "ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە" بێت. بەرای من، دەتوانین نارەزایەتی هایك دژی بەرنامەڕێژی کۆگەلی بەم چەشنەی لای خوارەوە فۆرمۆلبەندی بکەین. ئەگەر لە هەوڵی ئەوە دابین کۆمەڵگا بەپێی نەخشەیەك بونیات بنێین، رەنگە رووبەرووی ئەوە ببینەوە کە نەتوانین ئازادی تاکە کەسی لەم نەخشەیەدا بگونجێنین و گریمان گونجاندنیشمان، ناتوانین وەدی بهێنین. هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرنامەڕێژی ئابووری چەقبەستوو، یەکێك لە گرنگترین کارەکانی تاك، واتە ئەرکەکەی وەك بەربژارکاری

3. C.G.F. simkin “budgetary Reform”, Economic Record (1941, pp. 192 ff. & 1942, pp. 16 ff.

4. F.A. Von Hayek, Freedom and the Economic system, public policy pamphlets, Chicago, 1939.



بەرهەم یان بەکاربەری ئازاد، لە ژیانی ئابووریدا بەلاوە دەنێت. یاخود بەجۆرێکیتر، رەخنەکەی هایك پەیوەستە بەسنووری تەکنەلۆژیی کۆمەڵایەتی. هایك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئاستەمە بتوانین لەرووی تەکنەلۆژیکەوە بەرنامەڕێژی بۆ کۆمەڵگایەك بکەین کە هەم یەك ناوەندە و هەم تاکگەرا.

ئەو کەسانەی کتێبی **رێگای بەندایەتی**(٥) هایك ـ یان خوێندۆتەوە رەنگە سەریان لەم یادداشتە بسوڕمێت، چونکە تێروانینی هایك لەو کتێبەدا بەرادەیەك روون و ئاشکرایە لێرەدا هیچ جێگەیەك بۆ بۆچوونە نارِوونەکانی من ناهێڵێتەوە، بەڵام ئەم یادداشتە بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی هایك چاپکراو هەرچەندە بەرهەمە کۆنترەکانی ئاماژە بوون بۆ گەلێ بیری رەسەن وەلێ ئەم بیر و بۆچوونە هێشتا بەو راشکاوییە دەرنەبڕدرابوو کە لەرێگای **بەندایەتیدا** قسەی لەسەر کراوە. جگە لەمە، لەکاتی نووسینی ئەم یادداشتە، من ئاگام لەزۆر بیروبۆچوون نەبوو کە ئێستا هەموولایەك دەزانن هی هایکە.

ئێستاش بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەمەڕ هایکەوە دەیزانم، پێمواپە ئەو کورتەیەی ئاماژەم بۆ کردووە ناراست بێت، هەرچەندە بێگومان وەك پێویست توانای هەڵوێستەکە نەگەیەنراوە. رەنگە ئەم کەموکورتەی لە رێگای ئەم دەستکارییەی لەم روونکردنەوەی خوارەوەدا ئەنجامداوە قەرەبوو بکرێتەوە. (الف) هایك زاراوەی "ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی" بۆ هیچ کام لە چالاکییە سیاسییەکان بەکارناهێنێت کە خۆی ئامادەیە لایەنگریان لێبکات. ئەم زاراوەیە لەلایەن ئەوەوە نارەزایەتی لەدژ دەربڕدراوە بەهۆی تەداعیاتەکانی لەگەڵ ئەو شتەی خۆی بە "زانستگەرایی" ناوزەدی دەکات ـ واتە بڕوابوونی خاو و ساویلکانە بەوەی میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکان (یان ئەوەی بەشێکی زۆر لەخەڵکی پێیان وایە میتۆدەکانی زانستە سروشتییەکانن) دەبێ هەمان دەرەنجامی بەرچاویشی لە پانتایی کۆمەڵایەتیدا لێبکەوێتەوە. (بگەڕێنەوە بۆ دوو زنجیرە وتارەکەی، یەکیان لەژێرناوی **زانستگەرایی و خوێندنەوەی کۆمەڵگا**(٦) و ئەویتریان بەناوی **بزاڤی دژە شۆڕشگێڕی زانست**(٧)).

5. F.A. Von Hayek, The Road to serfdom (1944).

6. F.A. Von Hayek, scientism and the study of society, Economical, IX-XI, 1942-1944.

7. F.A. Von Hayek, The counter- revolution of science, ibid., VIII, 1941.

ئەگەر مەبەست لە زانستگەرایی ئەوە بێت، دەبێ لە بەستێنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان مەیموون ئاسا لاسایی ئەو شتە بکەینەوە کە پێمانوایە میتۆدی زانستە سروشتییەکان، **ئەوا دەتوانین مێژووگەرایی بەیەکێك لە فۆڕمەکانی زانستگەرایی وەسف بکەین.** نموونەی ئەو بەڵگەخوازییە زانستگەرایانە و بەنفووزەی کە بۆ لایەنگریکردن لە مێژووگەرایی دەردەبڕێت، بەکورتی بەم جۆرەیە :" ئێمە دەتوانین پێشبینی ڕۆژگیران و مانگ گیران بکەین، کەواتە بۆ ناتوانین پیشبینی شۆڕشەکان بکەین؟" یاخود بەشێوەیەکی بەرفراوانتر :" ئەرکی زانست بریتییە لە پیشبینی کردن، کەواتە دەبێ ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش پیشبینیگەلی کۆمەڵایەتی، واتە مێژوویی بێت." لەجێگایەکیتردا هەوڵم داوە ئەم جۆرە بەڵگەخوازییە ڕەدبکەمەوە (بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکانم، **هەژاری مێژووییەتی**، پێش **بینی و پێشگۆیی کردن و گرنگی و ماناکانیان لە تیۆری کۆمەڵایەتیدا**[8] و بەودواییانەش **حەدسیات و ڕەدیات**). بەم مانایە من دژی زانستگەرایم.

بەڵام ئەگەر مەبەست لە زانستگەرایی، بڕوابوون بێت بەوەی کە میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەگەلێ لایەنەوە هەمان میتۆدی زانستە سروشتییەکانە، دەبێ دان بە "گوناح" دابنێم و لایەنگری لە "زانستگەرایی" بکەم. من تەنانەت لەسەر ئەو بڕوایەم دەتوانین سوود لە هاوچەشنیی نێوان زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان وەربگرین بۆ ڕاستکردنەوەی هەندێ بۆچوونی هەڵە سەبارەت بە زانستە سروشتییەکان و دەریبخەین کە زانستە سروشتییەکان زۆر زیاتر لەوەی وێنا دەکرێت بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەچێت.

لەبەرئەوەیە بەردەوام درێژەم بە بەکارهێنانی زاراوەی "ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی" ڕاسکو پاوند داوە بەو مانایەی ئەو لەهزری دابووە، چونکە دەزانم ئەم مانایە لەم جۆرە "زانستگەرایی"یە خاڵییە کە بەبڕوای من دەبێ بەپووچەڵ لەقەڵەم بدرێت.

بەڵام جگە لەپرسی زاراوەکان، من هێشتا لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەتوانین بیروبۆچوونەکانی هایك بەگونجاو لەتەك ئەو شتەی من بە "ئەندازیاریی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە" ناوزەدی دەکەم، ڕاڤە بکەین. هەڵبەتە هایك بۆچوونەکانی خۆی زۆر ڕوونتر لەو کورتە لێدوانە پێشتری من فۆرمۆلبەندی دەکات. بەشێك لە بیروباوەڕەکەی ئەم بۆچوونە لەخۆدەگرێت کە لەکۆمەڵگایەکی

8. prediction and prophecy, and Their significance for social Theory, Proceeding of the Xth international congress of philosophy, Amsterdam, 1948.



ئازاددا، هەنگاونان بۆ بوونیاتنانەوەی ئەو شتەی ئەو بە **"چوارچێوە حقوقی"**[9] ئەو کۆمەڵگایە ناودێریدەکات، پێویستییەکی بەپەلەیە. ئەم بەشەی بۆچوونەکانی هاوجووتە لەگەڵ ئەوەی من ( بەمانا پاوندییەکەی) بە "ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی" ناوزەدی دەکەم.

٥ـ براین مێگی بەهەق لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بەڵگەخوازی تۆکڤیل لەکتێبی **ڕژێمی پێشوو** "بە جوانترین شێوە خراوەتەڕوو"و هەر ئەو بوو کە سەرنجی منی بۆ ئەمە ڕاکێشا.

٦ـ پرسی ئەوەی کە ئایا ئامانجی باش پاساو بۆ ئامرازی خراپ دەهێنێتەوە، وەك دیارە لەهەندێ حاڵەتی وەك ئەمە سەرچاوە دەگرێت کە ئایا دەبێ بۆ هێمن کردنەوەی نەخۆش درۆی لەگەڵدا بکەین یان نا، یان بۆ دڵخۆشکردنی خەڵك دەبێ لە نەزانی و بێ ئاگاییدا ڕایانبگرین یان نا، یان بۆ دروستکردنی جیهانێکی تەژی لەهێمنی و جوانی دەبێ هەوڵی بەرپاکردنی جەنگێکی ناوخۆیی درێژ و خوێناوی بدەین یان نا.

لەهەموو ئەم حاڵەتانەدا، دەبێ ئەم هەنگاوە سەرەتا دەرەنجامێکی خێراتری هەبێت کە ناوی "ئامراز"ە و بە شەڕو خراپە دەژمێردرێت، بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامی لاوەکی کە بە "ئامانج" یان "غایەت" ناوزەد دەکرێت و بە چاکە و خێر لەقەڵەم دەدرێت.

بەبڕوای من لەهەموو جۆرە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، سێ چەشنە پرس دێتە بەرباس.

(الف) تاکوێ مافی ئەوەمان هەیە گریمانەی ئەوە بکەین کە ئامرازەکە لەڕاستیدا ئامانجە چاوەڕوان کراوەکەی لێدەکەوێتەوە؟ لەبەرئەوەی ئامرازەکە دەرەنجامێکی خێراترە، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، دەرەنجامی بنبڕتری هەنگاوەکەش دەبێت، لەبەرئەوەی ئامانجەکە دوورترە، بنبڕییەکی (قگعیت) کەمتری دەبێت.

ئەم پرسە بەرلەوەی پرسی بەها ئەخلاقییەکان بێت پرسی فاکتەکانە. بابەتەکە ئەوەیە ئایا دەتوانین بەڕاستی پشت بە پەیوەندی هۆداری (علّی) گریمانەکراوی نێوان ئامراز و ئامانج ببەستین یان نا. کەواتە، دەتوانین وەڵام بدەینەوە ئەگەر پەیوەندییە هۆدارییە گریمانەکراوەکە ڕاست نەبێت، ئەوا ئەم حاڵەتە هەر لەبنەڕەتدا حاڵەتی ئامراز و ئامانج نییە.

9. “Legal framework”

ڕەنگە ئەمە ڕاست بێت، بەڵام ئەو خاڵەی ئاماژەمان بۆکرد گرنگترین بابەتی کێشە لەسەری پانتایی ئەخلاق لەخۆدەگرێت. ئەم پرسە کە ئایا ئامرازی ناوبراو، ئامانجی جێگەی مەبەست وەدی دەهێنێت یان نا، پرسی فاکتەکانە. **بەڵام تێڕوانینی ئێمە لەهەمبەر ئەم پرسە هەندێ لەبنەمایی‌ترین کێشە ئەخلاقییەکان دەخاتەڕوو.** گرفتەکە لێرەدایە ئایا لەحاڵەتێکی ئەوتۆدا، گونجاوە پشت بەم بیروباوەڕە ببەستین کە ئەم جۆرە پەیوەندییە هۆدارییە حەتمەن ڕاستە؟ بەجۆرێکی‌تر، ئایا شایستەیە بەشێوەیەکی دۆگم متمانە بەتیۆرە هۆدارییەکان بکەین، یان دەبێ تێروانینێکی گومانکارانەمان هەبێت سەبارەت بەم تیۆرانە، بەتایبەتی لەکاتێکدا دەرەنجامی خێرای هەنگاوەکانمان لەخودی خۆیدا بەخراپە و شەڕ لەقەڵەم بدرێت؟

پرسەکە سەبارەت بە یەکەمین نموونە لەو سێ نموونەی هێنامانەوە بەڕادەی دوو نموونەکەی‌تر گرنگ نییە. ڕەنگە هەندێ کەس هەست بە یەقین بکەن کە لەم دوو نموونەیەدا پەیوەندی هۆداری گریمانەکراو ڕاستە. بەڵام لەوانەیە ئەم پەیوەندییە گەلێك دووربێت و یەقینی سۆزداری ئەم کەسانە تەنیا لەو هەوڵانەیانەوە سەری هەڵدابێت کە بۆ سەرکوتکردنی هەستی دڕدۆنگیان خستوویانەتەگەڕ. (یاخود بەجۆرێکی دیکە، ناکۆکییەکە لەنێوان دەمارگرژ و عەقڵگەراکان دایە بەمانا سوقراتییەکەی، واتە ئەو کەسانەی تێدەکۆشن پەی بە کێماسییە هزری و عەقڵییەکانی خۆیان ببەن.) چەندی خراپی "ئامراز"ەکە زیاتر بێت، پرسی ناکۆکی لەسەر زیاتر گرنگی وەردەگرێت. بەڵام بەهەرحاڵ، بێگومان یەکێك لە گرنگترین ئەرکە ئەخلاقییەکان ئەوەیە کە تاك خۆی رابێنێ بۆ هەڵبژاردنی تێروانینێکی گومانکارانەتر لەهەمبەر تیۆرە هۆدارییەکانی خۆیو هەڵوێستێکی خاکەڕێیانەتر بگرێتەبەر.

بەڵام گریمان پەیوەندییە هۆدارییە گریمانکراوەکە ڕاستە، یاخود بەجۆرێکی تر، دۆخێکی ئەوتۆ لە ئارادایە دەتوانین بە ڕاست و دروستی تێیدا لەمەڕ ئامراز و ئامانج بدوێین. لەم حاڵەتەدا دەبێ لەنێوان دوو پرسی تردا جیاوازی دابنێین: (ب) و (ج). ب گریمان پەیوەندی هۆداری ڕاستەو دەتوانین یەقینێکی ژیرانەمان هەبێت. لەم حاڵەتەدا، کێشەکە بەشێوەیەکی سەرەکی دەگۆڕێ بۆ کێشەی هەڵبژاردن لەنێوان دوو خراپەدا : یەکیان ئامرازی جێگەی مەبەست و ئەویدیان ئەو شتەی دەبێ ڕوربدات ئەگەر ئەم ئامرازە بەکارنەهێنرێت. بەجۆرێکی دیکە، تەنانەت باشترین ئامانج لەخودی خۆیدا پاساو بۆ ئامرازە خراپەکان ناهێنێتەوە، بەڵام هەوڵدان بۆ خۆبواردن لە دەرەنجامەکان، ڕەنگە پاساو بۆ هەندێ کردەوە بێننەوە کە لەخودی خۆیاندا ئاکامی خراپیان



لێدەکەوێتەوە. (بڕینەوەی دەست یان قاچی کەسێك بۆ ڕزگارکردنی گیانی، کارێکە کەم کەس هەیە گومانی لەباشییەکەی هەبێت).

ئەو خاڵەی ڕەنگە لەم بەستێنەدا گرنگی وەربگرێت ئەوەیە کە ئێمە بەڕاستی ناتوانین ئەم خراپانە هەڵسەنگێنین. بۆ نموونە هەندێ لە مارکسیستەکان پێیانوایە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٩، بەشی نۆزدەهەم) شۆڕشێکی بەزەبر و زەنگ کوێرەوەرییەکی یەکجار زۆر کەمتر لەخۆ دەگرێ نەك ئازار و کوێرەوەری پەنهانی ناو خودی گەندەڵی و خراپە درێژخایەنەکانی ئەوەی بە "سەرمایەداری" لەقەڵەمدەدرێت. بەڵام گەر وادابنێین ئەم شۆڕشە بارودۆخێکی نوێی لێدەکەوێتەوە، ئەم کەسانە چۆن دەتوانن کوێرەوەری هەرکام لەم دوو دۆخە هەڵبسەنگێنن؟ لێرەشدا دیسان پرسی فاکتەکان دێتە پێشی و هەمدیس لەسەرمانە عریفەی خۆمان لەمەڕ فاکتەکان لەو ڕادە زیاتر هەڵنەسەنگێنن کە هەیە. با وادابنێین بە وەبەرچاوگرتنی هەموو شتەکان، ئەم ئامرازانە بارودۆخەکان باشتر دەکەن ـ ئایا ئەوەمان دیاریکردووە کە ئامرازەکانیتر، بەنرخی کەمتر دەرەنجامی باشتریان لێناکەوێتەوە؟ هەر ئەم نموونەیە، پرسێکی زۆر گرنگی‌تر دێنێتە پێشەوە. دیسان گریمان سەرجەمی کوێرەوەرییەکانی ناو "سەرمایەداری" ئەگەر ئەم سیستەمە چەند نەوەیەك درێژەی هەبێت، زۆرتر بێت لەو ئازار و کوێرەوەریانەی لەشەڕی ناوخۆوە سەرهەڵدەدەن ـ ئایا دەتوانین نەوەیەك لەپێناو نەوەکانی‌تردا مەحکووم بە ئازار و کوێرەوەری بکەین؟ (جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان خۆفیداکردن لەپێناو ئەوانیترو فیداکردنی ئەوانیتر ـ یان خۆت و ئەوانیتر ـ لەرێگای ئامانجێکی ئەوتۆدا.)

(ج) سێەمین خاڵی گرنگ ئەوەیە نابێ وابیربکەینەوە کە ئەوەی وەك ئاکامی کۆتایی بە "دوائامانج (غایەت)" ناسراوە، گرنگترە لە ئاکامی نێوبەند، واتە ئامراز و نێوانەکان. بۆ نموونە ئەم بۆچوونە بەم چەشنە دەردەبردرێت "کاتێ کۆتایی وەخێرگەڕا هەموو شتێك باش و خێرە"و ئەمە بۆچوونێکی زۆر گومڕاکەرە. یەکەم، ئەوەی بە "دوائامانج" ناسراوە، دەتوانین بڵێین هەرگیز غایەت و ئاکامی کارەکە نییە. دووەم، هەرکە دوائامانجەکە بەدەستهات، ئامراز بەلاوە دەنرێت. بۆ نموونە، ئامرازێکی "خراپی" وەك چەکێکی نوێ و بەهێز کە بۆ سەرکەوتن لەجەنگدا بەکاربهێنرێت، ڕەنگە پاش ئەوەی ئەم دوائامانجە بەدەستهات، فیتنەیەکی تازە بنێتەوە. یاخود بەجۆرێکی دی، تەنانەت ئەگەر شتێك بەڕاستی ئامرازی بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج، بەزۆری شتێکی زۆر زیاتر لە ئامرازێکی ڕووت دەردەچێت و هەندێ دەرەنجامی

لێدەکەوێتەوە کە جیایە لە ئامانج و غایەتەکە. کەواتە، ئەو شتەی دەبێ بیخەینە تای تەرازووەکەوە، تەنیا ئامرازگەلی (ئێستاو رابردوو) نییە لەبەرانبەر تای دوائامانجی (ئایندە) بەڵکو هەموو دەرەنجامە پێشبینی کراوەکانە کە لەهەنگاو و کردەوەیەك لەبەرانبەر هەنگاوەکانی تردا دەستدەکەوێت. ئەم ئاکامانە، ئەو ماوە زەمەنییە دادەپۆشێت کە دەرەنجامە نێوبەند و نێوانەکانیش لەخۆدەگرێ و ئەم "دوائامانجە"، دوایین دوائامانج نییە کە پێویستە وەبەرچاوبگیرێت.

**٧ـ**(١) من لەسەر ئەو بڕوایەم کە پێکچوونی نێوان کێشەکانی پەیوەندیدار بە دەزگاکانی ئاشتی (هێمنی) دەوڵەت و ئاشتی نێودەوڵەتی یەکجار زۆر گرنگە. هەموو رێکخراوێکی نێودەوڵەتی خاوەن دەزگاگەلی یاسادانان و بەڕێوەبردن و دادوەری **لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی چەکدار و ئامادەی کار**، بێگومان دەبێ بۆ پاراستنی ئاشتی و هێمنی نێودەوڵەتی بەرادەی رێکخراو هاوچەشنی خۆی لەناو دەوڵەتەکان سەرکەوتن بەدەستبێنێ. بەڵام بەبڕوای من خاڵی گرنگ ئەوەیە نابێ چاوەڕوانییەکەمان لەمە زیاتر بێت. ئێمە توانیومانە لەنێوخۆی وڵاتەکاندا تاوانکاری تارادەی شتێکی بێنرخ داببەزێنین، بەڵام نەمانتوانیوە بەتەواوی لەناوی ببەین. لەم رووەوە، هێشتا تاماوەیەکی درێژ پێویستیمان بەهێزێکی پۆلیس هەیە کە ئامادەی گورزە وەشاندن بێت، هەروەك چۆن هەندێ جار دەست بۆ ئەم کارە دەبات. هەر بەم چەشنە، من پێموایە دەبێ خۆمان بۆ ئەم ئەگەرە ئامادەبکەین کە رەنگە نەتوانین تاوانە نێودەوڵەتییەکان بەتەواوی لەرەگو ریشەوە دەربێنین. ئەگەر جارێ ئەوە بدەین گەرەکمانە جارێكو بۆ هەمیشە ئەگەری جەنگ لەناو ببەین، لەوانەیە کارێکی گەورەتر لەتوانای خۆمانمان خستبێتە ئەستۆی خۆمان و بەم دەرەنجامە حەتمی و شوومە بگەین کە هێزێکمان لەبەردەست دانییە بۆ ئەوەی ئەگەر تووشی نائومێدی هاتین، ئامادەی گورزە وەشاندن بێت. (خەمساردی و ناکامی کۆمەڵەی گەلان[١٠] بۆ هەنگاونان دژی دەستدرێژکاران، لانی کەم لەکێشەی هێرش کردنە سەر مەنچوری[١١]، زیاتر سەرچاوەکەی بۆ ئەم هەستەگشتییە دەگەڕایەوە کە ئەم کۆمەڵەیە بۆ کۆتایی هێنان بە **هەموو جۆرە جەنگێك** دامەزراوە نەك بۆ جەنگکردن. ئەمە دەریدەخات کە پڕوپاگەندەکردن بۆ کۆتایی هێنان بە **هەموو جۆرە جەنگێك**، پێچەوانەی مەبەستەکەیە. ئێمە دەبێ کۆتایی بە پشێوی نێودەوڵەتی بێنین و ئامادەی چوونە جەنگ بین

10. League of Nation
11. Mankukuo



لەگەڵ هەرچەشنە تاوانێکی نێودەوڵەتی. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ **جەنگ و تاوان**، نووسینی ه.مانهایم[١٢] و **جەنگ لەپێناو کۆتایی هێنان بەجەنگ**، بەرهەمی لیندزی[١٣]).

بەڵام گرنگە لە هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی لاوازی پێوانی هێمنی دەوڵەت و ئاشتی نێودەوڵەتیش دابین، واتە ئەو خاڵەی تێیدا ئەم پێوانەیە پووچەڵ دەبێتەوە. سەبارەت بە هێمنی مەدەنی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەپارێزرێت، دەبێ دەوڵەت پارێزگاری لەهەموو هاوولاتیەك بکات. هاوولاتی وەك یەکە یان ئەتۆمی[١٤] "سروشتی"یە (ئەگەرچی مەرجەکانی هاوولاتی بوون جۆرە توخمێکی "دابی" یان "پەیمانی"یش لەخۆ دەگرێت). بەڵام لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا، ئەندام یان یەکە یان ئەتۆمەکان بریتین لە ولاتەکان و هیچ کاتێك ولات وەك هاوولاتی، یەکەیەکی "سروشتی" نییە. بۆ ولات، **سنووری سروشتی بوونی نییە**. سنوورەکانی ولاتێك گۆڕانیان بەسەردادێت و تەنیا بەپیادەکردنی پرەنسیپی دۆخی هەنووکەیی[١٥] بۆ پێناسەکردن دەشێن. چونکە دەبێ هەموو دۆخێکی هەنووکەیی، دۆخی هەنووکەیی سەردەمێك بێت کە بەدڵخواز هەڵبژێردراوە، دیاریکردنی سنوورەکانی ولاتێك، شتێکی تەواو پەیمانییە.

هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جۆرە سنوورێکی "سروشتی" بۆ ولاتەکان ـ هەربۆیە، لەقەڵەمدانی هەر ولاتێك وەك یەکەیەکی "سروشتی" ـ پرەنسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی[١٦] لێدەکەوێتەوە و بەچیرۆکی دروستکراو و رۆمانتیکی ناسیۆنالیزم و رەگەزپەرستی و خێڵ پەرستی کۆتایی دێت. بەڵام ئەم پرەنسیپە "سروشتی" نییە و وێنای بوونی یەکە سروشتییەکانی وەك نەتەوە و گرووپە زمانی و رەگەزییەکان، وێنایەکی گریمانەیی و ساختەیە. ئەگەر حاڵەتێك لەئارادابێت کە پێویستە تێیدا پەند لەمێژوو وەربگرین، ئەوا ئێرەیە. لەبەرەبەیانی مێژووەوە، مرۆڤەکان بەردەوام تێکەڵاوی یەکتربوونە و بوون بە یەك و لەیەکتر دابڕاون و دیسان تێکەلاوی یەکتر بوونەتەوە. ئەم ئاوە ڕژاوە کۆناکرێتەوە تەنانەت ئەگەر بشمانەوێت.

خاڵی دووەمیش لەئارادایە کە تێیدا پێوانی هێمنی ولات و ئاشتی نێودەوڵەتی پووچەڵ دەبێتەوە. دەبێ دەوڵەت پارێزگاری لە یەك یەکی هاوولاتیان بکات، واتە یەکە یان ئەتۆمەکانی

12. H. Mann him, war and crime, 1941.
13. A.D. Lindsay, “war to End war” in Background and Issues, 1940.
14. Atom
15. Status quo
16. principle of the national state.

خۆی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیش دواجار پێویستە پارێزەری تاکەکانی مرۆڤ بێت، نەك یەکە یان ئەتۆمەکانی خۆی، واتە دەوڵەت و نەتەوەکان. پرەنسیپی دەوڵەتی نەتەوەیی تەنیا لەبەرئەوە لای هەمووان پەسندە چونکە پەنا دەباتە بەر غەریزە خێڵەکییەکان و هەرزانترین و دڵنیاترین شێوازە بۆ ئەو سیاسەتمەدارەی شتێکی باشتری بۆ خستنەڕوو پێی نییە و بەم شێوەیە دەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە. وەلانانی تەواوی ئەم پرەنسیپە و پەسندکردنی ماهییەتی حەتمەن پەیمانی سنووربەندی هەموو وڵاتەکان و بەرچاوڕوون بوون لەهەمبەر ئەوە کە **تەنانەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دواجار دەبێ هۆگری تاکەکانی مرۆڤ بن نەك دەوڵەتەکان**، کاتێ هەموویان دەستیان خستە ناو دەستی یەکتر، یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی پەی بەو کێشانە ببەین کە لەو پێوانەیە سەرچاوەدەگرن کە کردمان و بۆ ئەوەی بەسەر ئەم کێشانەدا زاڵبین. (هەروەها هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتەکانی ٥١ تا٦٤و دەقەکە، بەشی دوازدەهەم، ویادداشتی ٢، بەشی سێزدەهەم).

(٢) دەبێ تاکەکانی مرۆڤ خەمی کۆتایی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەموو جۆرە سیاسەتێکی جیهانی و "نەتەوەیی"و خۆجێیی بن. بەبڕوای من ئەم حوکمە لەرووی پراکتیکییەوە گەلێ گرنگە. دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە دەتوانین ڕەفتاری عادیلانە لەگەڵ تاکەکان بکەن تەنانەت ئەگەر بڕیاری ئەوەبدەین ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتێك یان "نەتەوەیەك" وردوخاش بکەین کە ئەم تاکانە سەر بەئەون. یەکێك لە پێشداوەرییە باوەکان ئەوەیە کە وێران کردن و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی عەسکەری و سیاسی و تەنانەت ئابووری دەوڵەت یان "نەتەوە"یەك، دەبێتە هۆی چارەڕەشی و کۆتبوونی هاووڵاتییەکانی ئەم دەوڵەتە. ئەم حوکمە پێش وەختەیە هەم نابەجێ و هەم ترسناکە.

بێجێیە، لەکاتێکدا پاش لاوازبوونی دەوڵەت، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی هەوڵی پاراستنی هاووڵاتیانی ئەم دەوڵەتە بدات و نەهێڵێت کەڵکی خراپ لە لاوازییە سیاسی و عەسکەرییەکانیان وەربگیرێت. تاکە زیانێك کە خۆ لێلادان لێی دژوارە، زیان گەیاندنە بە غرووری نەتەوەیی تاکەکان،و ئەگەر وادابنێین کە هاووڵاتییەکە خەڵکی وڵاتی دەستدرێژکاربووە و ئەم دەستدرێژییە پێشی لێگیراوە، ئەوا هەرچۆنێك بێت ئەم زیانەی لەسەرەوە باسمانکرد ئاستەمە خۆی لێ لابدرێت.



هەروەها ئەم پێشداوەرییەی ئاماژەی بۆکرا سەبارەت بەوە کە ناتوانین ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانمان لەگەڵ دەوڵەتێك لە ڕەفتارەکانمان لەگەڵ هاووڵاتیانی ئەو دەوڵەتە لێك جیابکەینەوە ـ زۆر مەترسیداریشە، چونکە کاتێ پرسی هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتی دەستدرێژکەر دێتە ئاراوە، حەتمەن دوو تاقم لەنێو وڵاتە سەرکەوتووەکان (فاتح) سەرهەڵدەدات : یەکیان ئەو تاقمەیە کە لایەنگری ڕەفتاری سەخت و توندەتیژە و ئەویتر ئەو کەسانەن کە خوازیاری خاترگرتن و نەرموونیانین. لەزۆربەی کاتەکاندا هەردوو تاقمەکە لەم دەرفەتە بێ ئاگان کە دەشێت لەتەك دەوڵەتەکە توند بجوڵێنەوە و لەهەمان کاتدا لەگەڵ هاووڵاتییەکانی نەرم و نیان بن.

ئەگەر لەم دەرفەتە غافڵ بین، ئەوەی ڕەنگە ڕووبدات بەم جۆرەی لای خوارەوەیە. یەکڕاست دوای سەرکەوتن نەك هەر لەگەڵ دەوڵەتە دەستدرێژکارەکە بەڵکو لەگەڵ هاووڵاتییەکانیشی تاڕادەیەك ڕەفتاری توندوتیژانە ئەنجام دەدرێت. لەلایەکی ترەوە، بەهۆی حەزنەکردن لە ڕەفتاری توندوتیژی لەتەك تاکە بێتاوانەکان، یاخود بەجۆرێکیتر، بەهۆی ئەوە کە تاقمی لایەنگری نەرمونیانی بەهەرحاڵ کاریگەری خۆی هەبووە، ڕەنگە لەتەك دەوڵەت، واتە دەسەڵاتی ڕێکخراودا، بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرێت، ڕەفتارێکی توندوتیژی ژیرانە ئەنجام نەدرێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سەرەڕای ئەم حەزنەکردنە، لەوانەیە تاکەکان زیاتر لەوەی شایستەیانە تووشی ئێش و ئازار ببنەوە. کەواتە، ڕەنگە پاش ماوەیەکی کورت، دژکردەوەیەك لە وڵاتە سەرکەوتووەکاندا ڕووبدات. لەوانەیە مەیلی یەکسانیخوازانە و مرۆڤدۆستانە بەڕادەیەك تاقمی لایەنگری نەرمونیانی بەهێزبکات کە سیاسەتی توندوتیژانەی ڕابردوو ئاوەژوو بکاتەوە، ڕەنگە ئەم ئالوگۆڕە نەك هەر دەرفەتێکی نوێ بۆ دەستپێکردنەوەی دەستدرێژی بداتە دەست دەوڵەتی دەستدرێژکار، بەڵکو بە چەکی ستەملێکراوی و هەستی توڕەیی ئەخلاقیش تەیاری بکات. لەهەمان کاتدا، وڵاتە سەرکەوتووەکان هەستدەکەن مافیان پێشێل کردووە و تووشی دوودڵی و متمانە نەکردن بەخۆ دەبن.

ئەو ڕەوشە نەخوازراوە دواجار دووبارە بوونەوەی دەستدرێژی لێدەکەوێتەوە و بەم مەرجە و تەنیا بەم مەرجە، دەتوانین خۆمانی لێببووێرین کە جیاوازییەکی ڕوون لەنێوان دەوڵەتی دەستدرێژکار ( بۆ نموونە ئەوکەسانەی بەرپرسی پیادەکردنی بوونە)و هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە دابنرێت. ڕەفتاری توندوتیژ لەگەڵ دەوڵەتی دەستدرێژکار، ئەگەر بێتو لەتەك سیاسەتی نەرمونیان لەگەڵ

هاووڵاتیاندا لێك گرێبدرێت، نابێتە هۆی دژەکردەوەی مرۆڤدۆستانە لە وڵاتە سەرکەوتووەکاندا تەنانەت ئەگەر ڕێکخراوی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە لە ڕەگ و ڕیشەشەوە وێران بکرێت.

بەڵام ئایا ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە یەکێك دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتێك وردوخاش بکات بۆئەوەی زیان بەهاووڵاتیانی دەوڵەتەکە بگەیەنێت؟ بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئەم دەرفەتە لەئارادایە، نموونەیەك دەخەینە بەرچاو سەبارەت بە سیاسەتێك کە دەسەڵاتی سیاسی و عەسکەری دەوڵەتی دەستدرێژکار لەبەریەك هەڵدەوەشێنێ بێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندی و قازانجی تاکی هاووڵاتیان بگەیەنێت.

دەوروبەری وڵاتی دەستدرێژکار ـ بۆ نموونە کەناراوەکانی دەریا و سەرچاوە سەرەکییەکان (بەڵام نەك هەموو سەرچاوەکان) خەڵووزی بەرد و پۆڵا و هێزی ئاوی ئەم وڵاتە ـ لێی جیادەکرێنەوە و وەك ناوچەی نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبرێن و هەرگیز بۆی ناگەڕێنرێتەوە. دەتوانین بەندەر و کەرستە سەرەتاییەکان لەپێناو چالاکییە ئابوورییە ڕەواکان و بەبێ سەپاندنی هەلومەرجی زیان بەخش و ناهەمواری ئابووری، بخەینە ژێردەستی هاووڵاتیانی دەوڵەتی ناوبراو بەمەرجێك **بانگهێشتی** لێژنە نێودەوڵەتییەکان بکەن بۆ چاودێریکردن بەسەر بەکارهێنانی ڕاست و دروستی ئەم سەرچاوانە. هەر چەشنە بەکارهێنانێك کە یارمەتی خۆ ئامادەکردنی توانای نوێی جەنگی بکات یاساغە و ئەگەر بە هەر هۆیەك ئەو گومانە سەرهەڵبدات کە ئاسانکاری و کەرستەی خاوی بەنێودەوڵەتیکراوی ناوبراو، ڕەنگە بەم جۆرە خەرج بکرێت، ئەوا دەبێ بەپەلە سوودوەرگرتن لێیان ڕابگیرێت. لەپاش ئەوە، ئەرکی سەرشانی لایەنی گومان لێکراوەکە **بانگهێشتی** ئەوە بکات لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەمەڕ ئەم بابەتە ئەنجامبدرێت و پێویستییەکانی ئاسانکاری ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دابین بکات و گرانتی پەسندکراو بدات کە لەرێگای ڕاست و دروستدا سوود لە سەرچاوەکانی خۆی وەردەگرێت.

شێوازێکی ئەوتۆ ئەگەرەکانی هێرشێکی نوێ لەناو نابات، بەڵام دەوڵەتە دەستدرێژکارەکە ناچار دەکات کە بەر لەئامادەکردنی توانا جەنگییە نوێیەکانی خۆی، سەرەتا پەلاماری ناوچە بەنێودەوڵەتی کراوەکان بدات. لەکاتێکدا کە وڵاتانی دیکە توانایی جەنگی خۆیان پاراست بێت و گەشەیان پێدابێت، هیچ چەشنە هیوایەك بۆ سەرکەوتنی ئەم جۆرە پەلامارانە لە ئارادانییە کاتێك وڵاتی دەستدرێژکاری پێشوو لەگەڵ بارودۆخێکی ئەوتۆدا بەرەوڕوو ببێتەوە، ناچار دەبێت هەڵوێستی خۆی لەبنەڕەتەوە بگۆڕێت و هەڵوێستی هاوکاری وەربگرێت. ناچار دەبێت



**خوازیاری** چاودێری نێودەوڵەتی بێت بەسەر پیشەسازییەکانیدا و لەجیاتی سەرپێچی، لێکۆڵینەوە لەرێگای مەرجەعی نێودەوڵەتی چاودێر ئاسان بکات، چونکە تەنیا بەهۆی ئەم هەڵوێستەوە دەتوانێت گرانتی سوود وەرگرتن لە ئاسانکاری پێویست بۆ پیشەسازییەکانی وڵات مسۆگەر بکات. ڕەنگە تەنانەت بەبێ دەستوەردان لە سەکۆی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتی {ژێرکەوتوو}یش ئەم بارودۆخە بێتە ئاراوە.

لەرێگای هەنگاوی یاسایی نێودەوڵەتی، کە بەپێی ئەمە پێشبینی دامەزراندنی دادگای پێداچوونەوە و شتی لەم جۆرە کرابێت، دەتوانین ئەم هەڕەشەیە پووچەڵ بکەینەوە کە بەنێودەوڵەتیبوونی ئەم ئاسانکارییانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردن کەڵکی خراپیان لێوەربگیرێت و ببێتە هۆیەك بۆ چەوساندنەوە و سووکایەتیکردن بەخەڵکی وڵاتە تێکشکاوەکە.

ئەم نموونەیە دەریدەخات ئاستەم نییە لەگەڵ دەوڵەتێکدا ڕەفتاری توندوتیژ بنوێنرێت و لەگەڵ هاووڵاتییەکانیدا بە نەرمونیانی هەڵسوکەوت بکرێت.

*** (بەشەکانی (١) و(٢)ی ئەم یادداشتە ڕێك بەو جۆرە لێیان گەڕاوم کە لەساڵی ١٩٤٢دا نووسیبووم. تەنیا لەبەشی (٣) کە پەیوەندی بە بابەتەکانی ڕۆژەوە نییە، پاش دوو بەندی یەکەم، شتێکم پێوە زیادکردووە.)**

(٣) بەڵام ئایا ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی ئەندازیاری لەگەڵ کێشەی ئاشتی، هەر لەبنەڕەتدا زانستییە؟

گومانم لەوە نییە کە هەندێك کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تێڕوانینی زانستی ڕاستەقینە لەهەمبەر کێشەی جەنگ و ئاشتی دەبێ بەجۆرێکیتر بێت. ئەم کەسانەی کە ئێژن **دەبێ سەرەتا هۆکارەکانی جەنگ تاوتوێ بکەین**. دەبێت تاوتوێ ئەو هێزانە بکەین کە جەنگیان لێدەکەوێتەوە و خوێندنەوە لەسەر ئەو هێزانە بکەین کە ڕەنگە ئاشتیان لێبکەوێتەوە. بۆ نموونە، بەم دواییانە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە " ئاشتی هەمیشەیی" تەنیا بە مەرجێك دەچەسپێت کە "هێزە دینامیکە بنەماییەکانی" کۆمەڵگا، کە ڕەنگە ببنە هۆی هاتنە ئارای جەنگ و ئاشتی بە تەواوی وەبەرچاوبگیرێن. هەڵبەتە دەبێت بۆ پەیبردن بەسەر ئەم هێزانە، خوێندنەوە لەسەر مێژوو بکەین، یاخود بەجۆرێکی تر، دەبێ بەشێوەیەکی مێژووگەرایانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی ئاشتیدا بکەین نەك بەشێوەیەکی تەکنەلۆژیك و بانگەشەی ئەوە

دەکرێت کە ئەمە تاکە شێوازی مامەڵەی زانستیانەیە. کەسێك کە مێژووگەرایە، رەنگە بە یارمەتی خواستن لەمێژوو دەریخات کە دەتوانێت هۆکارەکانی جەنگ لە ناکۆکییە ئابووریەکاندا بدۆزێتەوە، یان لە ناکۆکی چینایەتی یان لەناکۆکیە ئایدیۆلۆژییەکاندا ( بۆ نموونە لە دژایەتی نێوان ئازادی لەگەڵ جەبر و زۆرەملێدا)، یان لەناکۆکی نێوان رەگەز یان نەتەوە یان ئیمپریالیزمەکان یان سیستەمە میلیتاریستەکان، یان لە رق و کینە یان لەترس یان لە ئیرەیی یان لە تۆڵەخوازی، یان لەهەموو ئەم بیاڤانەدا پێکەوە و یان لەگەڵێ شتی بێئەژماری تردا. لەم رێگەیەوە پێشانی دەدات کە لەناوبردنی ئەم هۆکارانە، کارێکی لەرادەبەدەر دژوارە. دەریدەخات تا کاتێ هۆکارەکانی جەنگمان لەناو نەبردبێت، بۆ نموونە هۆکارە ئابوورییەکان و شتی لەم جۆرە، دروستکردنی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی کارێکی بێئەنجام و بێمانایە.

هەر بەم جۆرە لایەنگرانی دەروونناسی گەرایی[17]ـ یش رەنگە بەڵگەخوازی ئەوە بکەن کە دەبێ بۆهۆکاری جەنگ لە " سروشتی مرۆیی" یان بەتایبەتی لە تایبەتمەندی شەڕخوازی مرۆڤ بکۆڵینەوە و بڵێین رێگای ئاشتی ئەوەیە کە دەلاقەیەك یان رێڕەوێکی تر بۆ سەرهەڵدانی شەڕخوازی دەستەبەر بکەین ( یەکێك لەو رێگایانەی کە تەواو بەجدی پێشنیارکراوە، خوێندنەوەی چیرۆکە "پڕ لە هەڵچوونەکان"ـە[18]ـ سەرەڕای ئەوە کە هەندێ لە دیکتاتۆرەکانی ئەم دواییانە، خۆیان بە خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانەوە گرتووە.)

پێموانییە بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەیەکی گرنگی ئەوتۆدا، ئەم جۆرە شێوازانە هێندە مژدەبەخش بن، بەتایبەتی بڕوام بەم بەڵگەخوازییە بەرواڵەت دڵگیرە نییە کە دەڵێت بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی دەبێ هۆ یان هۆکارەکانی جەنگ دیاری بکەین.

دان بەوەدادەنێم کە لەهەندێ حاڵەتدا، شێوازی گەڕان بەدوای هۆکارەکانی شەڕ و لەناوبردنی ئەم هۆکارانە رەنگە سەرکەوتن بەدەست بێنن. ئەگەر من هەست بەئازارێك بکەم لە قاچەکانی خۆمدا، لەوانەیە پەی بەوە ببەم هۆکاری ئازارەکە، وردەبەردێك بووە و وردەبەردەکە دەربهێنم. بەڵام نابێ لەسەر بنەمای ئەمە دەست بۆ گشتییەت بەخشین بەسەر دۆزەکە ببەم. تەنانەت شێوازی دەرهێنانی وردە بەرد، هەموو حاڵەتەکانی ئازاری قاچ لەخۆناگرێ لەهێندێ بواردا لەوانەیە "هۆکارەکە" نە دۆزینەوە و لە حاڵەتیتردا، نەتوانین لەناوی ببەین.

17. psychologism

١٨. وەك رۆمانی پۆلیسی و جاسوسی و بەسەرهاتە ئەفسانەییەکان.



بەشێوەیەکی گشتی شێوازی لەناوبردنی هۆکارەکانی ڕووداوێکی نەخوازراو، تەنیا لەحاڵەتێکدا دەشێت پیادەبکرێت کە پێرستی کۆتایی هەلومەرجە پێویستەکانمان لەبەردەست دابێت ( واتە پێرستێکی ئەوتۆ کە ڕووداوی ناوبراو هەرگیز ڕوونەدات تەنیا لەکاتێکدا نەبێت کە لانیکەم یەکێك لە مەرجەکانی ناو پێڕستەکە، بوونی هەبێت)، هەروەها لەحاڵەتێکدا کە هەموو هەلومەرجە ئاماژە بۆکراوەکان کۆنترۆڵ بکرێن یاخود بەجۆرێکیتر، بۆ پێش لێگرتن بشێن. (دەبێ ئەوە بیربخەینەوە، ناتوانرێت بوترێت هەلومەرجی پێویست، ئەو شتەیە لەرێگای زاراوەی ناروونی "هۆکار" وەسف دەکرێت، بەڵکو زیاتر ئەو شتەیە کە زۆربەی کاتەکان بە "هۆکاری یارمەتیدەر"[19] ناوزەد دەکرێت، بەزۆری کە کاتێ باسی "هۆکارەکان" دەکەین، مەبەستمان کۆمەڵە هەلومەرجێکی پێویستە)[20] بڕواناکەم ئامادەکردنی پێرستێکی ئەوتۆ بۆ هەلومەرجە پێویستەکانی جەنگ، ممکین بێت. جەنگەکان لەژێر سایەی رەوش و بارودۆخی گەلێك جیاواز و جۆراوجۆردا روویان داوە. جەنگ دیاردەیەکی سادەی وەك تۆفان و هەورە تریشقە نییە. هیچ هۆیەك لە ئارادانییە بۆ ئەوەی بڕوا بەوە بێنین کاتێ دیاردە هەمەجۆرەکان هەموویان بە "جەنگ" ناوزەد کراون، دەتوانین لەوە دڵنیابین کە سەرچاوەی هەموویان بۆ "هۆکارێك" دەگەرێتەوە.

هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە ئەم شێوازە مامەڵە بەرواڵەت بەری لە پێشداوەرییەکە هەروەك بەشێوەیەکی قانعکەر زانستیانە دەهاتە بەرچاو ـواتە تاوتوێ کردنی "هۆکارەکانی جەنگ" ـ لەراستیدا سیخناخە بەپێشداوەری. ئەم شێوازە لەراستیدا تەنیا نیمچە زانستییە[21] و تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە پێشی رێگاچارەیەکی ژیرانەش بکرێت.

تاچەندە رەنگە ئاکامێکمان دەستکەوێت ئەگەر لەجیاتی سەقامگیرکردنی یاساو هێزی پۆلیس، بمانەوێ لەگەڵ کێشەی تاوانکاری "بە شێوازی زانستیانە" هەڵسوکەوت بکەین ـواتە هەوڵبدەین پەی بەهۆکارەکانی تاوان ببەین؟ بەشێوەیەکی لاوەکی مەبەستم ئەوەنییە کە ناتوانین لێرەو لەوێ هەندێ لە هۆکارە گرنگەکان کەشف بکەین کە یارمەتی ڕوودانی تاوان یان جەنگ دەکەن، یان ناتوانین لەم رێگەوە پێشی گەلێك لە زیانەکان بگرین.

19. Contributing cause
20. sufficient conditions
21. pseudo- scientific

بەڵام بەباشی دەتوانین پاش کۆنترۆڵ کردنی تاوانەکان ـواتە پاش سەقامگیرکردنی هێزی پۆلیس ـ ئەم کارە ئەنجام بدەین. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر سەرەتا خەریکی تاوتوێ کردنی "هۆکارە" ئابووری و دەروونی و بۆماوەیی و ئەخلاقییەکانی تاوانکاری و نەهێشتنی ئەم هۆکارانەمان دابووایە، ئەوا ئەم تاوتوێکردنە لە توانای دانەبوو بۆمان دەربخات کە بوونی هێزی پۆلیس ( کە هۆکاری تاوان لەناو نابات) ڕەنگە تاوانکاری کۆنترۆڵ بکات. جگە لە ناڕوونی هەندێك گوزارەی وەك "هۆی جەنگ"، لەبنەڕەتدا خودی ئەم هەڵسوکەوتە بەهیچ جۆرێك زانستی نییە. وەك ئەوەیە یەکێك بڵێت لەبەرکردنی پاڵتۆ لە هەوای سارددا نازانستییە و لەبەرانبەردا دەبێ تاوتوێ هۆکارەکانی ساردبوونی ئاو و هەوا بکەین و نەیهێڵین. یان بۆ نموونە کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کە ڕۆنگۆری  ئێشێکی نازانستییە چونکە دەبێ لەجیاتی ئەمە، هۆکارەکانی سوان و لێکخشاندن بدۆزینەوە و نەیانهێڵین. بەبۆچوونی من دوایین نموونە، پووچەڵی ئەم ڕەخنە بە ڕواڵەت زانستییە ئاشکرا دەکات، چونکە هەر وەك چۆن ڕۆنگۆڕی بێگومان "هۆکارەکانی" لێکخشان و سوان کەم دەکاتەوە، هێزێکی نێودەوڵەتی پۆلیس (یان هێزێکی چەکداری لەم جۆرە)ش لەوانەیە یەکێك لە "هۆکارە" گرنگەکانی جەنگ نەهێڵێت کە هەمان "ڕاکردن لە دەرەنجامەکان"ـە.

٨ـ ئەم شتە لەکتێبەکەی من، **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستی**، پێشاندراوە. بەپێی میتۆدۆلۆژی کە خاڵە سەرەکییەکانی قسەی لەسەر کرا، بەڕای من ئەندازیاریی لەسەرخۆی ڕێكوپێك یارمەتیمان دەدات تا بەهۆی میتۆدی تاقیکردنەوە و هەڵە، تەکنەلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی ئەزموونی دروست بکەین. تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانین دەست بکەین بە دروست کردنی زانستە کۆمەڵایەتییە ئەزموونییەکان. ئەم جۆرە زانستە کۆمەڵایەتییانە دەتوانین بڵێین تا ئێستا بوونیان نەبووە و میتۆدی مێژوویی لەتوانایدا نییە بۆ بەرە و پێش بردنی یارمەتییەکی شایانی باسی پێبکات. هەر ئەم ڕاستییە خۆی یەکێکە لە بەهێزترین بەڵگەخوازییەکان بۆ ڕەدکردنەوەی دەرفەتی ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی یۆتۆپیایی بە پێوانی بەرفراوان. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی من، هەژاری (کلۆڵی) مێژووییەتی.

٩ـ ئەم بابەتە لەیەکێك لە وتار خوێندنەوەکانی جان کرازرێز لەژێرناوی **سوسیالیزم و ڕادیکالیزم** (کە دەقەکەی لە دووتوێی نامیلکەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی سوسیالیستی



هۆمێرسمیس لەساڵی ١٨٩٤ لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە[٢٢]) فۆرمۆڵبەندی کراوە. بەڵگەخوازییەکانی بۆ ڕەدکردنەوە ڕیفۆرمی لەسەرخۆ یان بەرەبەرە، نموونەی ئەم جۆرە بەڵگەخوازییانەیە: ((هەموو هەنگاوێکی ئارامبەخش، شەڕانییەتی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە و بەشێوەیەکی گشتی ئەم شەڕە گەورەترە لەو شەڕەی لەسەرەتادا دەبووایە بەم هەنگاوە ئارامبەخشە دەرمان بکرێت. دەبێ ئامادەی پۆشینی جلی شڕە بین تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ورەیەکی لەبڕان نەهاتوومان هەبێت کە جلێکی تەواو تازەمان دەوێت، چونکە بەرگی کۆنە، بەپینە و پەڕۆ چاك ناکرێتەوە." (دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە مەبەستی کرازرێز لە زاراوەی "ڕادیکالیزم" کە لەناونیشانی وتارەکەیدا بەکاری هێناوە، مانایەکی تاڕادیەك دژی ئەو مانایەی هەیە کە ئێمە لێرەدا لەهزرمان دایە. کرازرێز لایەنگری بەرنامەیەکی سازش نەکەری کەڤاڵ سڕینەوەیە و هێرش دەکاتە سەر "ڕادیکالیزم"ـ بەمانای بەرنامەی ڕیفۆرمی "پێشکەوتنخوازانەی" "لیبراڵە ڕادیکاڵەکان". هەڵبەتە بەکارهێنانی وشەی "ڕادیکالیزم" بەم واتایە، باوترە لەو مەفهوومەی کە لەهزری من دایە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، مانا سەرەکییەکەی "ڕۆچوون بەرەگ"دایە {ڕەگئاژۆ}ـ بۆ نموونە ڕەگی شەڕانییەت ـ یان "لەڕەگەوە هەڵکەندنی شەڕانییەت"و وشەیەك لەبەردەست دانییە کە بەشێوەیەکی ڕاستتر جێگەی بکرێتەوە".

سەبارەت بەم وتانەی کە لەدەقەکەدا لەبەندی دواتر ئاماژەیان بۆکراوە ("بنەچەی یەزدانی"و "کۆپی کردن"ی هونەرمەندی سیاسەتمەدار لەم "بنەچەیە") بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥٠١a/٥٠٠e. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ٢٥ و٢٦، بەشی هەشتەم.

لەتیۆری فۆرمی ئەفلاتووندا، بەبڕوای من هەندێ توخمی ئەوتۆ بوونیان هەیە کە لەڕووی تیۆری هونەر و لەڕووی تێگەیشتنی هونەر، گەلێك گرنگن، ئەم لایەنەی ڕێبازی ئەفلاتوون، لە کتێبی **دۆکترینی ئایدیای ئەفلاتوونی**، نووسینی ستوارت[٢٣]، ل١٢٨ بەدواوە، لێدوانی لەسەرکراوە. بەڵام بەڕای من، بابەتی تێڕامانی پەتی (بەهەڵاواردن لەو "نموونەیەی" کە هونەرمەند لەهزری خۆیدا بەرجەستەی دەکات و بۆ وێنەکێشانی لەسەر تابلۆکە زەحمەت دەکێشێ) ستوارت لەڕادەبەدەر جەختی لەسەر کردووە.

22. John carruthers, Socialism and Radicalism (Hammersmith socialist society, London, 1894).
23. J.A. stewart, Plato’s Doctrine of Idea (1909), p. 128 ff.

١٠ـ کۆمار، ٥٢٠c. لەمەڕ "هونەری پاشایەتی"[٢٤] بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ سیاسەتمەدار، هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یاداشتی ٥٧(٢)، بەشی هەشتەم.

١١ـ بەزۆری دەوترێت کە فەلسەفەی ئەفلاتوون تەنیا بەشێکە لە فەلسەفەی هونەر یان ئستاتیکا، چونکە پرسە ئەخلاقییەکان دواجار بەشێکن لە حەز و خولیا (بۆنموونە بەراوردی بکەن لەگەڵ کتێبی **زانست و میتۆدەکانی سیاسەت**، نووسینی کەتلین[٢٥]، ل٣١٥ بەدواوە). ئەگەر مەبەست لەم وتەیە تەنیا ئەوە نەبێت کە ناتوانین کێشە ئەخلاقییەکان لە ڕێگای میتۆدە عەقڵییەکانی زانستەوە چارەسەر بکەین، ئەوا من هاوڕام، بەڵام نابێ بێئاگابین لەجیاوازی مەزنی نێوان "پرسە خولیاییەکان"ی ئەخلاق و پرسی خولیا لە ئستاتیکادا.

ئەگەر من حەزم لە وێناکێشان یان ئاواز یان چیرۆکێك نەبێت، پێویست ناکات سەیری بکەم یان گوێی لێبگرم یان بیخوێنمەوە. پرسگەلی ئستاتیکا (ڕەنگە جگە لە بیناسازی" زۆرتر خاوەنی خەسڵەتێکی تایبەتیی بێت، بەڵام کێشە ئەخلاقییەکان، پەیوەستە بە خەڵك و ژیانیانەوە. کەواتە، لەم ڕووەوە، جیاوازییەکی بنەڕەتیان لەنێوان دایە.

١٢ـ لەهەمبەر ئەم وتە وەرگیراوە و وتە خواستراوەکەی پێشوو، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥٠٠d ـ٥٠١a، (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە). هەروەها هەڵبسەنگێنن لەگەڵ کۆتاییەکانی یاداشتی ٢٩، بەشی چوارەم و یاداشتگەلی ٢٥ و٢٦ و٣٧ و٣٨ (بەتایبەتی ٢٥ و٣٨)، بەشی هەشتەم.

ئەو وتانەی لەبەندی دواتردا ئاماژەیان بۆکراوە، هیکۆمار (٥٤١a)و سیاسەتمەدار (e ـ٢٩٣c) ن.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەپێش هەردوو پارچەکەی کۆماردا ـواتە ٥٠٠d سەبارەت کەڤاڵ سڕینەوە و ٥٤١a لەمەڕ پاڵاوتن {پاکتاوکردن}ـ ئاماژە بە خوائاسابوونی فەیلەسووف کراوە. (بۆیە دەڵێم سەرنجڕاکێشە چونکە پێموایە ئەمە تایبەتمەندی رادیکالیزمی رۆمانتیکە کە بە بەرزەفڕی خۆبەزلزانانە (hubris) بانگەشەی خوایەتی دەکات.) بگەڕێنەوە بۆ ٥٠٠c ـ d کە

24. Royal Art.
25. G.E.G. Catlin, The science and Methods of politics, p. 315 ff.



ئێژێ :" فەیلەسووف خۆی وەك خوای لێدێت." و ٥٤٠c ـ d کە تێیدا دەڵێت[٢٦]: "دەوڵەت بۆ بەرزراگرتنی یادیان، لەسەر خەرجی گشتی بینایەی یادەوەری {مینۆمێنت} دروستدەکات، هەروەك نیمچە خواکان... یان لانیکەم وەك پیاوی پیرۆز بەفەڕی یەزدانی و خوائاسا... ڕێورەسمی قوربانیان بۆ ئەنجام دەدرێت."

※ هەروەها (هەر بەم هۆیەی پێشەوە) سەرنجڕاکێشە کە لەپێش یەکەمین پارچە لەم دوو پارچەیەی ئاماژەمان بۆکرد، پارچەیەکیتر هاتووە (٤٩٨d)[٢٧]و ئەفلاتوون هیواخوازە کە ڕەنگە ڕۆژێك دابێت فەیلەسووفەکان تەنانەت لەلای "پاپۆڕا"ش پەسندکراو بن.

※ سەبارەت بە زاراوەی "پاکتاوکردن"، ئاماژەکردن بەم رستەیەی خوارەوە لەجێگای خۆیدایە کە لەناکاو نەڕەی ڕادیکالیزم بەرز دەبێتەوە: "ئایا ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر بڕیاربێت بگەین بە سوسیالیزم ـ سوسیالیزمی هەمیشەیی و ڕاستەقینە ـ دەبێ هەموو نەیارە سەرەکییەکان 'پاکتاو' (liquidate) بکرێن (واتە بەلێ سەندنەوەی مافی دەنگدان لەکاتی پێویستدا، زیندان، پێشی توانای چالاکی سیاسیان لێبگیرێت)؟" ئەم پرسیارە سەرنجڕاکێشە (کە پێویستی بە وەڵام نییە چونکە بەرسڤ لەناو پرسیارەکە وەرپێچراوە)، لەلاپەڕە ١٨ی نامیلکەیەکی تەنانەت سەرنجڕاکێشتردا چاپکراوە بەناوی **مەسیحییەکان لە ناکۆکی چینایەتیدا**، نووسینی گیلبێرت کوی، لەگەڵ پێشەکییەکی ئەسقەفی شاری برادفۆرد (سەبارەت بە خەسڵەتە مێژووگەراییەکانی ئەم نامیلکەیە، بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی٣، بەشی یەکەم).

ئەسقەف لەپێشەکییەکەیدا "سیستەمی ئابووری ئێستای ئێمە" بە "پێچەوانەی ئەخلاق و نامەسیحیانە" لەقەڵەمدەدات و تڕۆی دەکات و دەڵێت: "کاتێ شتێك بەم ئاشکرایە کاری شەیتان بێت... هیچ شتێك ناتوانی قەشەیەك لە هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئەمە ببوێرێت یان ببەخشێت." هەر لەم ڕووەوە، ئەم نامیلکەیە وەك شیکردنەوەیەکی ڕوون و قووڵ" رادەسپێرێت.

چەند رستەیەکی تری ئەم نامیلکەیە لێرەدا دەنووسمەوە :" ڕەنگە بوونی دوو حزب، دێموکراسی هەندەکی مسۆگەر بکات، بەڵام دێموکراسی تەواو و کامڵ لەڕێگای یەك حزبەوە سەقامگیر

٢٦. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی٣٧، بەشی هەشتەم و دەقەکە.
٢٧. بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی ٥٩، بەشی هەشتەم.

دەکرێت." (ل ١٧). "لە قۆناغی گواستنەوەدا... دەبێ کرێکاران... بەهۆی یەك حزبەوە یەکبخرێن و رێبەرایەتی بکرێن ـ حزبێك کە بوونی هیچ حزبێکیتر تەحەمول ناکات کە لە بنچینەوە نەیاری بێت..." (ل ١٢). "لە دەوڵەتی سۆسیالیستیدا، ئازادی بەم مانایەیە کە هیچ کەسێك مۆڵەتی ئەوەی نەبێت پرەنسیپی خاوەندارێتی هاوبەش بداتە بەر پەلامار، بەڵکو هەموو کەسێك هانبدرێت بۆ ئەوەی لەم رێگایەدا زەحمەت بکێشێت کە ئەم پرەنسیپە بە چەشنێکی کاریگەرتر وەدیبێت و بەکارکەوێت... کاری گرنگی چۆنیەتی پووچەڵکردنەوە و لە کاریگەری خستنی نەیارەکان، پەیوەندی بەو شێوازانەوە هەیە کە خودی نەیارەکان بەکاریدەهێنن."(ل ١٩).

لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر، ئەم بەڵگەخوازییەی خوارەوەیە ( دیسان لە لاپەڕەی ١٨) کە جێگای خۆیەتی بە وردی بخوێنرێتەوە: "بۆچی لە وڵاتێکی سەرمایەداری دەکرێ حزبێکی سۆسیالیست بوونی هەبێت بەڵام لە دەوڵەتێکی سۆسیالیستیدا، هەبوونی حزبێکی سەرمایەداری ممکین نییە؟ بەرسڤەکە سادەیە: یەکەمیان بزووتنەوەیەکە کە هەموو هێزە بەرهەم هێنەرەکانی زۆرینەیەکی مەزن لەبەرانبەر کەمینەیەکی بچووك لەخۆ دەگرێ، ئەوە لەکاتێك دایە کە ئەویتریان، هەوڵی کەمینەیە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر پێگەی دەسەڵات و جوێیەتی، لەرێگای چەوساندنەوەی سەرلەنوێی زۆرینەوە." یاخود بەجۆرێکی دیکە، "کەمینەیەکی بچووك"ی دەسەڵاتدار دەتوانێ لێبوردەبێت بەڵام "زۆرینەیەکی مەزن" ناتوانێ لەگەڵ "کەمینەیەکی بچووك"دا لێبوردەبێت و هەڵبکات. ئەم وەڵامە سادەیە، نموونەی ئەو شتەیە کە ئەسقەف ناوی دەنێت "شیکردنەوەیەکی روون و قووڵ. *

١٣ـ سەبارەت بەم ئاڵوگۆڕانە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٧و دەق، بەشی سێزدەهەم.

١٤ـ وەك دیارە رەگی رۆمانتیزم چ لە ئەدەب و چ لە فەلسەفەدا بۆ ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە. هەموو دەزانن کە رۆسۆ راستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئەفلاتوون دابوو (هەڵبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ١، بەشی شەشەم)و ئاشنایی لەتەك دیالۆگی سیاسەتمەداردا هەبوو کە تێیدا ستایشی شوانە چیانشینەکان دەکرێت[٢٨]. بەڵام جگە لەم کاریگەرییە راستەوخۆیە، رەنگە رۆسۆ رۆمانتیزمی شوانێتی و ئەڤینی بەدەوییەیشی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ئەفلاتوون وەرگرتبێت، چونکە گومانی تێدانییە کە لەژێر

28. J.J. Rousseau, social contract, Book II, ch. VII, & Book III, ch. VI.



نفوزی بزاڤی رێنسانسی ئیتالیادا بوو و ئەم بزاڤە سەرلەنوێ ئەفلاتوون و سروشتگەرایی و خەونی ئەفلاتوونیانەی کۆمەڵگای بێکەموکوڕی و شوانە بەدەوییەکانی کەشفکردبوو (بەراوردی بکەن لەتەك یادداشتەکانی ١١(٣)و ٣٢ لە بەشی چوارەم و یادداشتی١، بەشی شەشەم). شایانی باسە کە ڤۆڵتێر خێرا پەی بە مەترسییەکانی بیرتاریکی[٢٩] رۆمانتیکی رسۆ برد، هەروەك چۆن کانتیش سەرەڕای هەستی ستایش لەهەمبەر رۆسۆ، کاتێ لەگەڵ "بیرۆکەکانی" هێردێردا بەرەو ڕوو بۆوە، ئەم مەترسییەی دەستنیشانکرد (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٥٦و دەقەکە، بەشی دوازدەهەم.)

29. Obscuration

میتۆدۆلۆژییە بۆ راڤەکردنی ئەفلاتوون بەکاربهێنم. (فۆرمۆلبەندی ئەم پرەنسیپە بەو جۆرەی لەسەری دوایین لە دیباجەی شانۆنامەی برنارد شۆ، بەناوی **ژاندارک** وەرگیراوە[1]).

٦ـ سەبارەت بە هیراکلیتوس، بگەڕێنەوە بۆ بەشی دووەم. لەهەمبەر تیۆرەکانی ئالکمایون و هێرۆدۆت لەمەڕ یەکسانی لەبەرانبەر یاسادا بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٣ و١٤ و١٧، بەشی شەشەم. بۆ زانیاری لەسەر بیروباوەڕی فالیاس خالکدونی لەهەمبەر یەکسانی ئابووری، بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆ، **سیاسەت**، ١٢٦٦a و دیلس(٥)، بەشی ٣٩. سەبارەت بە هیپۆداموس ملتی، بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆ، **سیاسەت**، ١٢٦٧b٢٢ و یادداشتی ٩، بەشی سێیەم. لەنێو یەکەمین تیۆرسییەنە سیاسیەکاندا، هەڵبەتە دەبێ ناوی ئەم کەسانەش بێنم : سۆفیستەکان، پرۆتاگۆراس، ئانتیفۆن، هیپیاس، ئالکیداماس، لۆکۆفرۆن، هەروەها کریتیاس[2] و "ئولیگارکی پیر" ( لەحاڵەتێك کە ئەم دووانە یەك کەس نەبن)، و سەرەنجام دیموکریتوس. لەهەمبەر هەردوو زاراوەی "کۆمەڵگای داخراو" و "کۆمەڵگای کراوەدا"و بەکارهێنان بە واتایەکی هاوچەشنی ئەمە لەلایەن برگسۆنەوە، بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی ١٤٦ی ئەم کتێبە. {پێشەکی یەکەمی یادداشتەکان}.

من ئاوەڵناوی سێحراویم بۆ کۆمەڵگای داخراو و ئاوەڵناوی عەقڵانی و رەخنەگرم بۆ کۆمەڵگای کراوە داناوە. لەم رووەوە، بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیە بەبێ ئایدیالسازی لە کۆمەڵگا جێگەی باس، ممکین نییە. تەنانەت لە "کراوە" ترینی ئەو کۆمەڵگایەنەشدا کە تا ئێستا دروستبوونە، تێڕوانینی سێحراوی بۆ ژیان بەتەواوی بارگە و بنەی تێك نەناوە و پێموانییە ئەگەری ئەوە لەئارادابێت کە بەتەواوی لەناو بچێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ ئەوەی بزانین لە کۆمەڵگای داخروەوە پەڕیوینەتەوە بۆ کۆمەڵگای کراوە یان نا، رەنگە بتوانین پێڤانێکی بەسوود بەدەستەوە بدەین. پەڕینەوە کاتێ ئەنجام دەدرێت کە سەرەتا وشیارانە ئەوە دەستنیشان بکەین کە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەستکردی مرۆڤن و پاشان پرسی گۆڕین و دەستکاری کردنی ئاگایانەی ئەم دەزگایانە بەپێی گونجانیان لەگەڵ مەبەست و ئامانجە مرۆییەکان تاوتوێ بکەین. یان گەر بمانەوێ بابەتەکە بەجۆرێکیتر دەربڕین کە کەمتر سیمایەکی ئەبستراکتی هەبێت، کۆمەڵگای داخراو کاتێ دادەرووخێت کە بە بینینی رێکی کۆمەڵایەتی، هەستی هەیبەتی بان

1. G.B. shaw, saint Joan (preface, sect. “tragedy”, not melodrama”).

٢. بگەڕێنەوە بۆ دیلس (٥)، پارچەی ٦ (٣٠ ـ ٣٨)، هەروەها یادداشتی١٧، بەشی هەشتەم.

# بەشی دەیەم

ئەو رستانەی کراون بە سەردێری ئەم بەشە لە دایالۆگی خوان (١٩٣d) وەرگیراون.

١ـ کۆمار، ٤١٩a بەدواوە، ٤٢١b، ٥١٩c. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ بەشی شەشەم، بەتایبەتی بڕگەکانی ٢ و٤.

٢ـ لەم پانتاییەدا، لەلایەکەوە بیرم لەسەر ئەو هەوڵانەیە کە لەسەدەکانی ناڤیندا بۆ وەستاندنی کۆمەڵگا ئەنجامدەدرا. ئەم هەوڵانە لەسەر بنەمای ئەم تیۆرەی ئەفلاتوون دەبران بەڕێوە کە فەرمانڕەوا لەبەرانبەر رۆحی (ژێر دەستەکان)و بەختەوەری رۆحانی ئەواندا بەرپرسیارە و هەروەها لەسەر بنچینەی تەگبیری کردەیی جۆراجۆریتر دادەڕێژرا کە ئەفلاتوون لە کۆمارو یاساکاندا بیری لێکربوونەوە. بەڵام جگە لەمە، گەلێ ئاڵوگۆڕی دیکەی دواتریشم لە هزردایە.

٣ـ بەجۆرێکیتر، بەپێی توانا هەوڵمدەدا میتۆدێك بەکاربێنم کە لە **لۆژیکی دۆزینەوەی زانستیدا** شیمکردۆتەوە.

٤ـ بەتایبەتی لە کۆمار، ٥٦٦e. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦٣ هەر لەم بەشەدا.

٥ـ لە چیرۆکی مندا، باسی "کەسی تاوانکار و بەدخەسڵەت" ناکرێت. "تاوانکاری سەرنجمان راناکێشێت... ئەو شتەی بەراستی بەخۆیەوە خەریکمان دەکات ئەوەیە مرڤەکان لەباشترین حاڵەت و بەنیازی چاکە چی دەکەن." تا ئەو جێگایەی توانیومە، هەوڵمداوە ئەم پرەنسیپە

سروستی بەدڵمان دانەیەت و لەبەرانبەردا هەست بەوە بکەین کە دەتوانین بە چەشنێکی چالاکانە دەستکاری دۆخ و شتەکان بکەین و بەدوای بەرژەوەندی و قازانجی تاکەکەسی یان گرووپیدا بگەڕێین. ئاشکرایە کە یەکگرتوویی کەلتووری بەشێوازی شارستانیانە و لەویش زیاتر، دروستبوونی بەشێك لەچینی دەسەڵاتی دەستکورت واتە ئەو چینەی بێ زەوی و زاربووە ـ رەنگە ببێتە هۆی داڕووخانی کۆمەڵگای داخراو.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە حەزناکەم بەشێوەیەکی گشتی لەمەڕ "داڕووخانی کۆمەڵایەتی" بدوێم.

بەڕای من، داڕووخانی کۆمەڵگای داخراو، بەو جۆرەی لێرەدا وەسف کراوە، شتێکی تاڕادیەك روون و ئاشکرایە. زاراوەی "داڕووخانی کۆمەڵایەتی" دەتوانم بڵێم جگە لەمە هیچم نادات بەدەستەوە کە ئەو کەسەی چاودێرە، خۆی رەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانە پەسندناکات کە شیدەکاتەوە. پێمولیە ئەم زاراوەیە لەزۆر حاڵەتدا بەچەشنێکی نەشیاو بەکاردەهێنرێت. بەڵام دان بەوە دادەنێم کە ئەندامێك لە ئەندامەکانی کۆمەڵگایەك رەنگە بە بەڵگە یان بێ بەڵگە هەست بەوە بکات کە "هەمو شتێك خەریکە لەبەریەك هەڵدەوەشێ". بێگومان، ئەندامانی (گرووپی دەسەڵاتداری) "رژێمی پێشووی" (فەرەنسا) یان نەجیبزادەکانی رووسیا، لە گۆشەنیگای لەبەریەك هەڵوەشان و داڕووخانی کۆمەڵایەتی تەواوەوە سەیری شۆڕشی فەرەنسا یان رووسیایان دەکرد، بەڵام فەرمانڕەواکانی دواتر، تێڕوانینێکی تەواو جیاوازیان بۆ ئەم دوو شۆڕشە هەبوو.

تۆین بی "سەرهەڵدانی دووبەرەکی لە جەستەی کۆمەڵگا"[٣] بە پێڤانی داڕووخانی کۆمەڵگا دادەنێت. (**خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی ٥، ل٢٣ ـ ل٣٥ ـ ل٣٣٨). بەڵام بێگومان ماوەیەکی زۆر بەر لە جەنگی پلۆپۆنیزی، دووبەرەکی لەشێوەی دابڕانی چینایەتی لە کۆمەڵگای یۆنانیدا سەریهەڵدابوو. کەواتە، روون نییە بۆچی تۆینبی پێیوایە ئەم جەنگە و نەك لەبەریەکهەڵوەشانی ژیانی خێڵەکی، نیشانەی ( بە وتەی ئەو) داڕووخانی ژیاری هێلین بوو. (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یاداشتی ٤٥(٢)، بەشی چوارەم و یاداشتی٨ هەر لەم بەشەدا.)

3. Body social



سەبارەت بەپێکچوونی یۆنانی و مایورییەکان، دەتوانرێت هەندێ تێبینی لەیەکێك لە پەرتووکەکانی بورنێت دەستبکەوێت[٤].

٧ـ بۆ ئەم رەخنەیە لەمەڕ تیۆری ئۆرگانیکی دەوڵەت و گەلێ بۆچوونیتر، خۆم بەقەرزداری نووسەرێك دەزانم کە نووسیویەتی[٥]: "جەنابی مێنێنیوس ئاگریپا[٦]... میناندنێکی بۆ پلێبە راپەڕیوەکان {plebs: خەڵکی رەشۆك لە رۆمای دێریندا} هێنایەوە سەبارەت بە یاخیبوونی ئەندامەکانی لەش لەبەرانبەر سك و بەم جۆرە رازیکردن {بۆ رۆما} بگەڕێنەوە... بۆچی یەکێك لەمانە نەیووت: 'ئێمە رازین، ئاگریپا! بەڵام ئەگەر بڕیارە سکێك لەئارادابێت، لەمەو بەدوا ئێمەی رەشۆك گەرکمانە سك بین و تۆش دەتوانی... رۆڵی ئەندامەکانی {تری جەستە} بگێڕیت!'." (سەبارەت بەم پێکچوونە، بگەڕێنەوە بۆ لیڤیوس[٧]و شانۆنامەی **کۆریۆلانوس**[٨] (پەردەی یەکەم، دیمەنی یەکەم)، بەرهەمی شکسپیر.) سەرنجراکێش ئەوەیە کە تەنانەت بزووتنەوەیەکی نوێ و لەرووالەتدا پێشرەوی وەك "تێڕوانینی گشتگر"یش[٩] لەسەر بەرگی نامیلکەیەك لەژێر ناوی **ئیشەکانی ساڵی یەکەم، ١٩٣٧ـ١٩٣٨**، پڕوپاگەندە بۆ تیۆری ئۆرگانیکی کۆمەڵگا دەکات. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاداشتی ٣١، بەشی پێنجەم.

هەڵبەتە دەبێ ئەوە پەسندبکەین کە بەهۆی نەمانی گرژی کۆمەڵایەتی[١٠]، شتێکی وەك خەسڵەتی "ئۆرگانیکی" لە "کۆمەڵگای داخراو"ی خێڵەکیدا بوونی هەیە. لەوانەیە ئەم کۆمەڵگایە لەسەر بناغەی کۆیلایەتی دامەزرابێت (هەروەك چۆن لەهەمبەر یۆنانەوە بەم جۆرە بوو)، بەڵام ئەم واقیعیەتە لە خودی خۆیدا گرژی کۆمەڵایەتی دروست ناکات، چونکە هەندێ جار کۆیلەکانیش وەك ماڵات و ئاژەڵ هیچ بەشێکی کۆمەڵگا پێکناهێنن و مەرج نییە ئارەزوو وکێشەکانیان هیچ شتێك بێنێتە ئاراوە تا فەرمانڕەواکان هەست بەوە بکەن گرفتێك لە کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە. بەڵام گەشەی دانیشتوان ئەم گرفتە دەخولقێنێ. لە ئسپارت کە کۆچەری بۆ دەرەوە نەدەنارد، سەرەتا گەشەی دانیشتوان بوو بەهۆی کۆتکردنی خێڵە

4. J. Brunet, Early Greek philosophy, pp. 2,9.
5. J. popper- lynkeus, Die allgemein Nähpflicht, 2nd ed., 1923, pp. 71 f.
6. Menenius Agrippa
7. Livy, II, 32.
8. Coriolanus
9. Mass- observation
10. social tension

دراوسێکان بۆ داگیرکردنی خاکەکانیان و پاشان هەوڵدان بۆ وەستاندنی هەرچەشنە گۆڕانێکی لێکەوتەوە لەرێگای هەندێ هەنگاوی وەك بەرگرتن لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بەهۆی ساواکوژی و پێشگرتن لە سکپڕی و هۆمۆسێکسوالیتیێ. ئەفلاتوون هەموو ئەم شتانەی دەبینێ و (رەنگە بەهۆی کاریگەری هیپۆدامۆس) بەردەوام جەختی لەسەر جێگیرکردنی ژمارەی هاووڵاتیان دەکردەوە و (لەیاساکاندا) داوای کۆچەری و بەرگرتن لە سکپڕی دەکات هەروەك پێشتر (هەروەك ئەرستۆ روونی دەکاتەوە)[١١] لەپێناو جێگیرکردنی ژمارەی دانیشتووان داوای هۆمۆسێکسوالیتی دەکرد. بگەڕێنەوە بۆ یاساکان ٧٤٠d ـ٧٤١ و ٨٣٨e. (سەبارەت بە راسپاردەی ئەفلاتوون لەمەڕ ساواکوژی لە کۆمار و پرسی هاوچەشنی ئەمە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٣٤، بەشی چوارەم، هەروەها یادداشتەکانی ٢٢ و٦٣ هەر لەم بەشەو یادداشتی ٣٩(٣)، بەشی پێنجەم).

هەڵبەتە ناتوانین هیچ کام لەم کردەوانە بەتەواوی بەپێی پێودانگی عەقڵانی روون بکەینەوە. بەتایبەتی هۆمۆسێکسوالیتێ کە لەناو دوورییەکان پەیوەندییەکی نزیکی هەبوو بە جەنگ و هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانەوەی رەزامەندی سۆزداری لە کەمپەکانی لەشکر کە زۆرتر لە ئاکامی داڕووخانی ژیانی خێڵەکی لەناوچووبوون. بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ خوان، ١٧٨e، کە ئەفلاتوون تێیدا پەسنی "کەمپی ئەڤینداری" دەکات. لە یاساکان، ٦٣٦b و٨٣٦b/c ئەفلاتوون هۆمۆسێکسوالیتی ریسوا دەکات (لەگەڵ ئەوشدا، بگەڕێنەوە بۆ ٨٣٨e).

٨ـ رەنگە ئەوەی من بە"فشاری شارستانیەت" ناوزەدم کردووە بەو دیاردەیە بچێت کە فرۆید لەکاتی نووسینی کتێبی شارستانیەت و بێزارییەکانی[١٢] لەبیری دابوو. توینبی باسی هەستی بێئامانجیو سەرلێشێواوی دەکات بەڵام ئەم هەستە تەنیا بە "قۆناغی لەبەریەك هەڵوەشان" دەبەستێتەوە (خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو، بەرگی٥، ل٤١٢ بەدواوە). ئەوە لەکاتێك دایە کە ئەو فشارەی من لەسەری دەدوێم بە ئاشکرا لە هێراکلیتوسدا دەیبینم (و تەنانەت هەندێ نیشانەی لە هسیودوس ـ یشدا دەستدەکەوێ) ـواتە ماوەیەکی زۆر بەرلەوەی بە وتەی ئەو "کۆمەڵگای هێلینی" دەست بە "لەبەریەك هەڵوەشان" بکات. مایر لە هەمبەر[١٣] لەدەستچوونی ئەو

١١. سیاسەت، ١٢٧٢a٢٣

12. S. Freud, civilization and it's Discontents.
13. E. Mayer, Geschichte des Alterums, III, 542.



"پێگە بۆماوەییە دەدوێت کە پلەوپایەی هەموو کەسێك، واتە ماف و ئەرکە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و بژێوی ژیانی، دیاریدەکرد." ئەمە وەسفێکی جوانە بۆ ئەو فشارەی کە لەسەدەی پێنجەمی بەر لەزایین کەوتبووە سەر کۆمەڵگای یۆنان.

٩ـ پیشەی هۆزانڤانە گەڕۆکەکان[١٤] پیشەیەکیتر بوو کە سەربەخۆییەکی هزری ڕێژەیی لەگەڵ خۆیدا هێنا. ئەو کەسەی لەم بەستێنەدا زۆرتر لەبەرچاوە، کسنۆفانسە کە پێشکەوتنخواز بوو. هەڵبیسەنگێنن لەتەك برگەی تایبەت بە "رێبازی پرۆتاگۆراس" لە یادداشتی٧، بەشی پێنجەم. (هۆمیرۆسیش مسداقێکیتری ئەم حوکمەیە.) ئاشکرایە ئەو کەسانەی دەستیان بەم پیشەیە راگەیشتووە زۆر کەم بوونە.

من خۆم هیچ هۆگرییەکم بە کاروباری بازرگانی و خەڵکی بازرگانیخوازنییە. بەڵام بەڕای من کاریگەری داهێنانی بازرگانی زۆر گرنگە. لەخۆڕاییە کە کۆنترین شارستانیەت کە زانیاریمان لەسەری هەیە، واتە شارستانیەتی سۆمەر، تا ئەو جێگای شارەزاییمان لێیهەیە، شارستانیەتێکی بازرگانی و خاوەن تایبەتمەندی دیموکراتیك بووە و خەت و ئەژمێر و سەرەتاکانی زانست پەیوەندییەکی نزیکیان بەژیانی بازرگانی ئەمەوە هەبووە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٤ هەر لەم بەشەدا).

١٠ـ بۆ وەرگرتنی وتەکانی توکودیدس[١٥]، زیاتر وەك ژێدەر کەڵکم لە وەرگێڕانەکەی جویت وەرگرتووە. لەهەمبەر پرسی حەز و لایەنگری توکودیدس، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٥(١) هەر لەم بەشەدا.

١١ـ ئەم وتەیە و وتەی دواتریان هی توکودیدسە[١٦]. سەرەڕای ئەوەکە مایر ژێدەرێکی باشتر لە توکودیدسی لەبەردەستدانەبوو، لەو گێڕانەوە تێکەڵ بە پۆزش و بەرگرییەی کە ئاماژەی بۆکردووە، بەچەشنێك بەسەرهاتی توکودیدس لەمەڕ ئۆلیگارکە خائینەکان ئاوەژوو دەکاتەوە کە ئیدی ناناسرێتەوە[١٧]. (سەبارەت بە بێلایەن نەبوونی مایر، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی

14. Wandering bards
15. Thucydides, I, 93.
16. Ibid., I, 107.
17. Mayer. Op. cit., III, 594.

١٥(٢) لەم بەشەدا) بۆ ئاگاداربوون لە خیانەتێکی هاوچەشنی ئەمە (لەساڵی ٤٧٩ بەر لەزایین، ڕێك بەرلە {ڕووداوی} پلاتایا[١٨]، بگەڕێنەوە بۆ پلۆتارخوس[١٩].

١٢ـ بگەڕێنەوە بۆ توکودیدس[٢٠]. ڕستەکانی کۆتایی ئەم پارچەیەی وەرمانگرتووە و لێرەدا دەیخەینە ڕوو، دەربڕی توخمێکی تایبەتی بڕوابوون بە تاکگەرایی و مرۆڤدۆستییەکە لای توکودیدس بەرچاو دەکەوێت.

پیاوێك لە <u>**نەوەی مەزن**</u>[٢١] و هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، کەسێکی میانەڕۆ. دەنووسێت :" کاتێ مرۆڤەکان ڕق و کینە دایاندەگرێ، بێباك دەبن. ئاینده وەبەرچاو ناگرن و بۆ تێکشکاندنی یاسا گشتییەکانی مرۆڤایەتی ئارامیان لەبەر هەڵدەگیرێت ـ ئەو یاسایانەی کە هەر کەسێك تووشی بەڵایەك هات دەبێ بۆ ڕزگارکردنی خۆی پشتیان پێببەستێت ـو ئەوەیان لەبیر دەچێت کە {کاتێ وەهایان کرد}، ڕۆژێ پێویستیان پێی هەبێت، بێهوودە بەدوای ئەم یاسایانەدا دەگەڕێن." لە یادداشتی ١٥(١)ی ئەم بەشە، مەیلەکانی تۆکۆدیدس زیاتر تاوتوێ دەکرێن.

١٣ـ ئەرستۆ، <u>**سیاسەت**</u>، کتێبی هەشتەم (پێنجەم)، ٩، ١١/١٠، ١٣١٠a. ئەرستۆ لەگەڵ دوژمنایەتییەکی ئاشکرای ئەوتۆدا کۆك نییە و پێیوایە ژیرانەترە ئەگەر "ئۆلیگارکە ڕاستەقینەکان وابنوێنن کە داکۆکیکاری ئامانجەکانی خەڵکن". بەنیگەرانییەوە ئامۆژگاریمان دەکات کە ئۆلیگارکەکان "دەبێ بەپێچەوانەوە بجووڵێنەوە یان لانیکەم واپێشانبدەن کە بە پێچەوانەوە دەجولێنەوە، بەچەشنێك کە لە سوێندخواردنەکانیاندا بەڵێن بدەن و بێژن: من هیچ زیانێك بە خەڵك ناگەیەنم."

١٤ـ بگەڕێنەوە بۆ توکودیدس[٢٢].

١٥ـ مایر، هەمان کتێب[٢٣].

---

١٨. plataea. شارێکی دێرینی یۆنانە، دەکەوێتە سەر ڕێگای پلۆپۆنسوس بەرەو تبس، شوێنی شەڕێکی مێژووییە هەر بەم ناوە لەنێوان ئێرانی و یۆنانییەکان (٤٧٩ پێش زایین) کە ئێرانییەکان شکستیان خوارد.

19. Plutarch, Aristides, 13.

20. Thucydides, III, 82 – 84.

٢١. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٧ لەم بەشەدا.

22. Ibid, II, 9



(١) بۆ داوەریکردن لەسەر بێلایەنی ـ یاخود بەجۆرێکی باشتر، مەیلێکی نەخوازرا و نائیرادی ـ توکودیدس، دەبێ بەراوردێك بکەین لەنێوان شێوازی نووسینی بۆ ڕووداوی گەلێ گرنگی پلاتایا کە سەرەتای قۆناغی یەکەمی جەنگی پلۆپۆنیزمە بوو (مایر بە پەیڕەویکردن لە لوسیاس[٢٤]، ئەم قۆناغە بە جەنگی ئارخیداموس[٢٥] ناوزەد دەکات[٢٦]) لەتەك شێوازی کارکردنی بۆ تۆمارکردنی بەسەرهاتی مێلوس[٢٧] کە یەکەمین جموجۆڵی هێرشبەرانەی ئەسینایە لە قۆناغی دووەم (یان جەنگی ئالکیبیاس)دا. جەنگی ئارخیداموس، بە پەلاماردانی شاری دیموکراتی پلاتایا دەستیپێکرد ـ هێرشێکی بروسکە ئاسا، بەبێ جاڕی جەنگ، بەهۆی هاوپەیمانی ئسپارتی تۆتالیتێر واتە تەبسی هاوکاری کە لەناوخۆی پلاتایا (لەو ئۆلیگارکانە پێکهاتبوو کە ببون بە تابووری پێنجەم) لەنیوەشەودا دەروازەکانی شاریان بەرووی دوژمندا کردەوە. سەرەڕای ئەوە کە ئەم ڕووداوە وەك هۆکاری ڕاستەوخۆی جەنگ خودان بەرزترین گرنگییە، کەچی توکودیدس بە کورتی دەیگێڕێتەوەو[٢٨] بۆچوونی خۆی سەبارەت بە لایەنە ئەخلاقییەکانی دۆزەکە دەرنابڕێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە دەڵێت :"ڕووداوی پلاتایا پێشێل کردنێکی کوشندەی وازهێنان لە دوژمنایەتی سی ساڵە بوو". لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دیموکراتەکانی پلاتایا بەهۆی توندوتیژی لەگەڵ پەلامارد‌ەرەکان ڕیسوا دەکات و گومانی لەوە هەیە ڕەنگە سوێندەکەیان شکاندبێت. ئەم شێوازەی خستنەرووی بابەت، دژایەتییەکی توندی هەیە لەگەڵ وتووێژی ناسراو و زۆر چروپڕ، بەڵام هەڵبەتە دەستکرد لەمەڕ مێلوس[٢٩]، کە

---

23. Mayer, op. cit., IV (1915), 368.

24. Lysias

٢٥. Archidamian war. شەڕی نێوان ئەسینی و ئسپارتی و هاوپەیمانەکانیان کە لە ساڵی ٤٣١ پێش زایین بەهێرشێکی لە ناکاوی تبس بۆ سەر پلاتایا دەستی پێکرد. ئارخیداموس پاشای ئیسپارت بوو کەلە بەرایی جەنگەکەدا پەلاماری بردە سەر ئاتیکا. ئەو وتارە بەناوبانگەی پریکلس کە پۆپەر لەم کتێبەدا لەسەری دەدوێ، لەشینگێری کوژراوە ئەسینییەکانی ئەم شەڕە پێشکەش کراوە.

26. Meyer, op. cit., IV, 307 &V, p. VIII.

٢٧. Melos یان Milo. یەکێکە لە دوورگەکانی یۆنان کە لە ساڵی ٤١٦ پێش زایین لەسەردەمی جەنگی پلۆپۆنیزیدا لەلایەن ئەسیناوە دەورە درا. ئەسینییەکان دەستیان کرد بە کۆکوژییەکی وەحشەتناك و زۆربەی خەڵکی دورگەکەیان بە کۆیلە لەگەڵ خۆیاندا برد.

28. Thucydides, II, 1-7.

29. Melian Dialogue

توکودیدس وێڕای ئەمە هەوڵدەدات پەڵەی شەرمەزاری بەنێوچاوانی ئێمپراتۆرییەتخوازەکانی ئەسیناوە بنێت[٣٠]. وەك دیارە رووداوی مێلوس زۆر ناشیرین و تەزێنەرە (لەوانەیە سووچ لە ئالکیبیادسەوە بووبێت)[٣١]، بەڵام ئەسینییەکان بێ هوشدار هێرشیان نەدەکرد و بەر لەپەنابردنە بەر هێز، هەوڵیاندا دانووسان بکەن.

حاڵەتێکیتر کە پەیوەندی بە تێروانینی توکودیدسەوە هەیە، ستایشکردنی یەکێك لەسەرانی دەستەی ئۆلیگارشی واتە ئانتیفۆنی وتاربێژە[٣٢] (کە لەدایالۆگی مێنکسنوسی ئەفلاتووندا (پارچەی ٢٣٦a) وەك مامۆستای سوقرات ئاماژەی بۆکراوە، بگەڕێنەوە بۆ پەراگرافەکانی کۆتایی یادداشتی ١٩، بەشی شەشەم).

(٢) مایێر یەکێکە لە گەورەترین ژێدەرە نوێیەکان سەبارەت بەو قۆناغەی لەبارەیەوە دەدوێین. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە روانگەکانی، پێویستە گەشتێك بە قسە پڕلە سووکایەتییەکانی خوارەوەدا بکەن لەهەمبەر حکوومەتە دیموکراتیکەکان (کە نموونەی وەك ئەمە لەنووسینەکانیدا گەلێ زۆرن): "وەلێ لەمە گرنگتر (واتە گرنگتر لە تەدارەکی جەنگ)، درێژەی گەمەی کات بەسەربردنی مشتومڕی تاقمبازی و دابینکردنی ئازادی بێسنوور بوو کە هەموو کەسێك بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی راڤەی دەکرد[٣٣]". بەڵام من دەپرسم کاتێ مایێر ئێژێ "ئازادی سەرسوڕهێنەری دیموکراسی و رێبەرەکانی بە ئاشکرا بێتوانای و ناکاراییەکەی سەلماوە" ئایا ئەم راڤەیە جگەلە "راڤەیەك بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی"[٣٤] هیچیتر لەخۆدەگرێت؟ لەساڵی ٤٠٣ بەر لەزایین، رێبەرە دیموکراتەکانی ئەسینا خۆیان نەدابەدەست ئسپارتەکانەوە و (ئەوسەرکەوتنەی دواتر بەدەستهات پاساوی بۆ ئەم خۆبەدەستەوەنەدانە هێنایەوە، ئەگەرچی لەبنەڕەتدا پێویستی ئەم پاساوە نەبوو). مایر سەبارەت بەمانە دەڵێت: "دوورنییە هەندێ لەم رێبەرانە، دەمارگرژی راستگۆ و نیازپاك بووبێتن... لەوانەیە بەڕادەیەك لە داوەری راست بێتوانا بووبێتن کە بەراستی بڕوایان {بە وتەکانی خۆیان} کردبێت کە هەرگیز نابێ ئەسینا خۆبدات بەدەستەوە."[٣٥] مایێر بەزمانێکی زۆر توند دەمارگرژی و غەرەزی مێژوونووسەکانیتر

30. Thucydides, V, 85-113.
31. Plutarch, Alc., 16.
32. Thucydides, VIII, 68.
33. Mayer, op. cit., v. 61.
34. Ibid., V, 69.
35. Ibid., IV, 259.



ریسوا دەکات. (بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی کتێبەکەی[٣٦]، کە تێیدا داکۆکی لە دیۆنوسیوسی ملهوڕ دەکات لەبەرانبەر هێرشی (بە وتەی خۆی) پڕ لە غەرەزو لەخوار لاپەرەی ١١٣ تا سەرووی لاپەرەی ١١٤ لەهەندێ لە "مێژوونووسە تووتی سیفەتەکان" دژی دیۆنوسیوس، تووڕە دەبێت.) گرۆت بە "رێبەرێکی ئینگلیزی رادیکال" ناوزەد دەکات و نووسینەکانی "نەك بە مێژوو، بەڵکو بە بەرگری لە ئەسینا" لەقەڵەم دەدات و بە خۆبەزلزانی و سەربەرزی خۆی لەم کەسانە جیادەکاتەوە و دەنووسێت: "ناتوانرێ نکۆڵی لەوەبکرێت کە ئێمە لە پرسە سیاسییەکان دا بێ لایەنتر بووینەو دەستمان بە داوەری مێژوویی راستترو گشتگیرتر راگەیشتووە"[٣٧].

لەپشت روانگەی مایرەوە هیگڵ وەستاوە. ئەم شتە (هەروەك هیوادارم بۆ خوێنەرانی بەشی دوازدەهەمی ئەم کتێبە روون بێت) هەموو شتێك شرۆڤەدەکات. لەو وتانەی ئێستا ئاماژەیان بۆدەکەم، مایر بەشێوەیەکی ناخودئاگا دەتوانم بڵێم قسەکانی هیگڵ رێك دووبارە دەکاتەوە و هەر لەمەوە هیگڵیانیزمەکەی بەدەردەکەوێت. لە شوێنێکی کتێبەکەیدا[٣٨]، مایر گفتوگۆیەکی هەیە سەبارەت بە "هەڵسەنگاندنێکی کلێشەیی و یەکجۆر کە بەشێوازی مامۆستایانی ئەخلاق، بەپێودانگی ئەخلاقیاتی مەدەنی حوکم لەسەر کارە گەورە سیاسییەکان دەدات". (هیگڵ لەمەڕ "شیکردنەوەی هیلاککەرو دووبارەی فەزیلەتە تاکەکەسیەکانەوە" دەدوێت.) پاشان مایر درێژەی پێدەدا کە (ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە) "فاکتە قووڵ و بەراستی ئەخلاقییەکانی دەوڵەت و بەرپرسایەتییە مێژووییەکان وەبەرچاوناگرێت". (ئەم وتەیە رێك هاوجووتە لەگەڵ ئەو قسانەی هیگڵ کە لەبەشی دوازدەهەم ئاماژەمان بۆکردوون، بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٧٥، لەو بەشەدا.) گەرەکمە ئەم هەلە بقۆزمەوە و جارێکی تر ئەوە روون بکەمەوە کەمن واپێشان نادەم کەلە قەزاوەتە مێژووییەکانمدا بێلایەنم. هەڵبەتە ئەوەی لەدەستم بێت ئەنجامی دەدەم بۆ ئەوەی راستییەکان دەستنیشان بکەم. بەڵام ئاگاداری ئەم خاڵەشم کە هەڵسەنگاندنەکانی منیش (وەك هی هەموو کەسێکی تر) دەبێ بەتەواوی پشت بەروانگەکەم ببەستێ. دان بەمەدادەنێم، ئەگەرچی بڕوایەکی تەواوم بەروانگەی خۆم هەیە، واتە پێموایە هەڵسەنگاندنەکانم راستن.

36. Ibid., V, 89. 102.
37. Ibid., III, 239.
38. Ibid., III, 256.

١٦ـ مایر، هەمان کتێب[٣٩].

١٧ـ مایر، هەمان کتێب[٤٠].

١٨ـ هەڵبەتە دەبێ لەبیرمان بێت کە هەروەك کۆنەپەرستەکان سکاڵایان هەبوو، لەئەسینا کۆیلایەتی بەرەو نەمان دەچوو. بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵگانەی لە یادداشتەکانی ١٧ و١٨ ٢٩، بەشی چوارەم و یادداشتی ١٣، بەشی پێنجەم، یادداشتی٤٨، بەشی هەشتەم و یادداشتگەلی ٢٧ تا٣٧ی ئەم بەشە خراونەتەڕوو.

١٩ـ مایر، هەمان کتێب[٤١].

مایر، لەم بارەیەوە بەم جۆرە رای خۆی دەردەبڕێت :" پاش ئەوەی کات تێپەڕی و درەنگ بوو، جموجۆڵێکیان دەستپێکرد بە ئاراستەی دروستکردنی حکوومەتێکی مەدەنی کە... دواتر یارمەتی رۆمای کرد بۆ دارشتنی بناغەی مەزنی ئەو {ولآتە}." بەجۆرێکیتر، مایر لەجیاتی ئەوەی رێز لەکاری ئەسینییەکان بگرێت کە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی یاسایی دەستیان بۆ داهێنانێکی پلەیەك بردبوو، پلاریان تێدەگرێ و رێز لەرۆما دەگرێت کە شێوازە کۆنسێرڤاتیڤەکەی زیاتر لەگەڵ سەلیقەی ئەودا دەگونجێت.

ئەو رووداوەی مایر ئاماژەی بۆ دەکات لەمێژووی رۆمادا، پەیوەندی بە یەکێتی نێوان رۆماو گابیی[٤٢]و دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەك لەگەڵ ئەم شارەوە هەیە. رێك بەر لەمەو هەر لەو لاپەڕەیەدا کە مایر ئەم هاوپەیمانیەتیە شیدەکاتەوە[٤٣]، دەنووسێت: "هەموو ئەم شارە بچووکانە کاتێ لەناو رۆمادا توانەوە، بوونی خۆیانیان لەدەستدا... بێئەوەی تەنانەت رێکخراوێکی سیاسی وەك 'دیمێ'[٤٤] کانی ئاتیکایان چنگ بکەوێت." تۆزێك دواتر[٤٥]، دیسان ئاماژە بە گابیی دەکرێتەوەو سەرلەنوێ "ئازادیخوازی" رۆما وەك دژێك لەبەرانبەر ئەسینا دادەنرێت، بەڵام لەکۆتاییەکانی هەمان لاپەڕدا، مایر بەبێ هیچ رەخنەیەك، تاڵان و

39. Ibid., IV, 367.
40. Ibid., IV, 464.
41. Ibid., IV, 659.
٤٢. Gabii شاری دێرینی لاتیوم، کەوتۆتە ١٩ کیلۆمەتری رۆژهەڵاتی شاری رۆما.
43. Ibid., IV, 135.
٤٤. deme (لە یۆنانی demos = خەڵك) جۆرە حکوومەتێکی لۆکاڵی لە ناوچەی ئاتیکای یۆنانی دێرین.
45. Ibid., V, 147.



وێرانکردنی تەواوی شاری ڤییی[٤٦] بەدەستی رۆمەکان دەگێڕێتەوە کە بەمانای کۆتایی شارستانیەتی ئیتروسکی بوو.

رەنگە خراپترین وێرانکاری رۆمەکان، رووخاندنی کارتاژ بێت کە رێك لەکاتێکدا روویدا کە ئیدی کارتاژ هیچ مەترسییەکی لەسەر رۆما نەبوو، نەك هەر رۆما بەڵکو ئێمەیشی لەبەرهەمی خزمەتەکانی ئەم ولآتە بۆ شارستانیەتی مرۆڤایەتی بێبەش کرد. هەر ئەوەندە بەسە کە تەنیا ئاماژە بەگەنجینەی گەورەی زانیاری جیوگرافیای بکەم کە لە کارتاژ کۆکرابووەوە لەناوبردرا. (بەسەرهاتی لەناوچوونی کارتاژیش تارادەیەکی زۆر بە رووخانی ئەسینا دەچێت لەساڵی ٤٠٤ بەر لەزایین کە لەخوارەوە هەر لەم بەشەدا (یادداشتی ٤٨) تاوتوێکراوە. ئۆلیگارکەکانی کارتاژیش رووخانی شارەکەیان پێ لەسەرکەوتنی دیموکراسی باشتر بوو.)

دواتر، لەژێر کاریگەری فەلسەفەی رەواقی کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ چاوگەکەی بۆ رێنماییەکانی ئانتیس تنیس دەگەڕایەوە، لەرۆما هێدی هێدی شێوازێکی بیرکردنەوەی زۆر ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانە گەشەی سەند و پاش (قەیسەر) ئاوگۆستوس، بەدرێژایی چەند سەدە ئاشتی و هێمنی، گەیشتە لووتکەی خۆی ( بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ **خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو**، بەرگی ٥، ل٣٤٣ ـ ل٣٤٦). بەڵام هەندێ لەمێژوونووسە رۆمانتیکەکان سەرەتای دارووخانی رۆما رێك لەم خاڵەدا دەبینن.

هەڵبەتە یەکێك دەبێ ساویلکە و رۆمانتیك بێت کە وەك گەلێ کەس کە هێشتاش لەسەر ئەو بڕوایەن، لەناوچوونی رۆما هۆکارەکەی بۆ هێمنییەکی دووردرێژ یان لاوازی ئەخلاقی یان بەرزێتی هۆزە تازە نەفسە بەربەرەکان و بەکورتی بۆ زۆرخۆری دەگەڕێتەوە (هەڵێبسەنگێنن لەتەك یادداشتی ٤٥(٣)، بەشی چوارەم). دەرەنجامە وێرانکەرەکانی نەخۆشییە سەرتاپاگیرەکان (بگەڕێنەوە بۆ کتێبی هانس زینسر، **مشك و مێشوولە و مێژوو**[٤٧])و دارزینی بێ ئامان و روو لەزیادی خاك و لەبەریەك هەڵوەشانی بنەمای کشتوکاڵی سیستەمی ئابووری رۆما (بگەڕێنەوە بۆ دوو نووسینی سیمخۆڤیچ "**وێنجەو مێژوو**"و **تێڕامانێکی سەرلەنوێ سەبارەت بە رووخانی رۆما**[٤٨]") پێدەچێت هەندێ لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم دۆخەبن[٤٩].

٤٦. Veii شاری دێرین لەبەشی ئیتروریای ئیتالیا، کەوتۆتە ١٦ کیلۆمەتری رۆما.
47. H. Zinsser, Rates, lice, and History, 1937, pp. 131 ff.
48. V.G. Simkhovitch, “Hay and History” and “Rome’s fall Reconsidered “, in Towards the understanding of Jesus, 1927.

٢٠ـ بگەڕێنەوە بۆ توکودیدس[٥٠] و ماێر[٥١]. ئەم وتەیە کە "لەم ڕێگەیەوە داهاتیان زیاتر دەبێت" ئەو دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێت کە ڕادەی بەرزی ڕێژەی نێوان باجی پێشترو قەبارەی بازرگانی دیاری بکەین.

٢١ـ ئەم خاڵە ئاماژەیەکە بۆ پەیڤە پەند ئامێزەکەی میلفۆرد[٥٢] کە ئێژێ: "پارەسالاری باشترە لە تالآنسالاری[٥٣]."

٢٢ـ کۆمار، ٤٢٣b. سەبارەت بە جێگیرکردنی ژمارەی دانیشتوان، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٧ی ئەم بەشە.

٢٣ـ مایر، هەمان کتێب[٥٤].

٢٤ـ مایر، هەمان کتێب[٥٥]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٩ هەر لەم بەشەو دەقی تایبەت بە یادداشتی ٣٠، بەشی چوارەم. *یاساکان، c ـ٧٤٢a. لێرەدا ئەفلاتوون دەست بەشیکردنەوەی تێڕوانینی ئسپارت دەکات و یاسایەك دادەڕێژێ کە بەپێی ئەم یاسایە "یاساغە هاووڵاتیان زێڕ و زیویان هەبێت... ڕەوایە هاووڵاتیان تەنیا ئەو سکانەیان هەبێت کە لەنێو خۆماندا باوە بەڵام لەجێگایەکی دیکە هیچ بەهایەکی نییە... لەکاتی لەشکرکێشی یان دیداری فەرمی بۆ دەرەوەی وڵات، وەك چوون بۆ باڵوێزخانەکان یان ئەرکی پێویستیتر... پێویستە دەوڵەت هەمیشە سکەی هێلینی (زێڕ)ی هەبێت. ئەگەر هاووڵاتییەك ناچاربێت بچێت بۆ دەرەوە، تەنیا بەمەرجێك دەتوانێ ئەم کارە بکات کە مۆڵەتی لە دەسەڵاتدارانی وڵات وەرگرتبێت بەو چەشنەی بڕیاری لەسەردراوە. لەکاتی گەڕانەوە، ئەگەر هاتو پارەی دەرەوەی بۆمابۆوە. دەبێ بیدات بە دەوڵەت و بەڕادەی ئەوە دراوی باوی وڵات وەربگرێت. ئەگەر ئاشکرا بێت ئەم کەسە ئەم پارەی لای خۆی هەڵگرتووە، دەبێ ئەم پارەیە دەستی بەسەردابگرێت و ئەو کەسەی لەدەرەوەڕا هێناویەتی و هەرکەسێکیش کە ئاگاداری ئەم کارە بووە بەڵام هەواڵی نەداوە دەبێ نەفرەتی لێبکرێتو مەحکووم بکرێت و جگە لەمە، لانیکەم

49. W. Hageman, Entlarvte Geschichte (1934).
50. Thucydides, VII, 28.
51. Meyer, op. cit., IV, 535.
52. P. Milford
53. Lootocracy
54. Meyer, op. cit., IV, 577.
55. Ibid., V, 27.



بەڕادەی هەمان بڕە پارە، غەرامە بدات." مرۆڤ لەخۆی دەپرسێت کە ئایا وەسفکردنی ئەفلاتوون وەك کەسێکی کۆنەپەرست کە لاسایی یاساکانی شاری تۆتالیتێری ئسپارت دەکاتەوە، بێئینسافی نییە دەرهەق بەم؟ چونکە ئەو لێرەدا دووهەزار ساڵ لەمەوبەر پێشبینی هەندێ پرەنسیپی و شێوازە دەکات کە ئەمڕۆکە لەنێو پێشکەوتنخوازترین حکوومەتە دیموکراتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بە سیاسەتێکی تۆکمە و باش لەقەڵەمی دەدەن و قبووڵیان کردووە (ئەو حکوومەتانەی کە وەك ئەفلاتوون هێشتا بەهیوای ئەوەن کە دەوڵەتێکیتر پرسی "پارەی زێری گشتی هێلینی" چارەبکات).

بەڵام دواتر پارچەیەکیتر بەرچاو دەکەوێت (یاساکان، ٩٥٠d) کە هێندە بۆنی ئازادیخوازی ڕۆژئاوایی لێنایەت. (ئەفلاتوون دەنووسێت): "سەرەتا، هیچ کەسێکی خوار تەمەنی چل ساڵی مۆڵەتی چوونە هیچ جێگایەکی دەرەوەی وڵاتی پێنادرێت. دووەم، هیچ کەسێك وەك تاکێکی تایبەت ئەم مۆڵەتەی پێنادرێت، تەنیا ڕەنگە تەتەر و باڵوێز و ئەو کەسانەی دەچن بۆ هەندێ ئەرکی تایبەت بە لێپێچینەوە، وەك کاربەدەستی حکوومی مۆڵەتی سەفەریان پێدەدرێت... **و ئەم کەسانە، پاش گەڕانەوەیان، فێری گەنجان دەکەن کە دەزگا سیاسییەکانی وڵاتانی تر نزمترن لە دەزگاکانی ئەمان.**"

هەروەها یاسایەکی هاوچەشنی ئەمە بۆ وەرگرتنی بێگانەکان دادەڕێژێت، چونکە "هاتوچۆی نێوان دەوڵەتەکان حەتمەن تێکەڵاوی خەسڵەتەکانی لێدەکەوێتەوە... و دواجار دەبێتە هۆی هێنانی داب و نەریتی نوێ و ئەم ڕەوشەش توندترین زیان بەو خەڵکانە دەگەیەنێت کە خاوەن یاسای ڕاست و دروستن. (یاساکان، ٩٤٩e /٦٥٠a). *

٢٥ـ ماێر دان بەم خاڵە دادەنێت[٥٦] و لەپارچەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشدا سەبارەت بەم دوو دەستەیە دەڵێت :"هەردووکیان بانگەشەی بەرگریکردن لە 'دۆخی باوکانە' دەکەن...و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لایەنی بەرانبەر بە ڕۆحی نوێگەری خۆپەرستانە و توندوتیژی شۆڕشگێڕانە ئاسوودە بووە. لەراستیدا، هەردووکیان ئاسوودەن... ئایین و ڕێورەسمی نەریتی ڕەگێکی قووڵتری لە لایەنگرانی دیموکراسیدا هەیە، دوژمنە ئەرستۆکارتەکانی ئەم دەستەیە کە

56. Ibid., IV, 433 f.

لەژێر ئالاّی گەڕانەوە بۆ سەردەمی دێریندا دەجەنگێن... بەتەواوی بوونەتە نوێخواز." هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ شوێنێکیتر هەمان کتێب[٥٧]، و یادداشتی دواتر.

**٢٦ـ** ئەرستۆ لە **دەستوور (یاسای بنەڕەتی) ئەسینا** (بەشی ٣٤، تەوەری ٣)دا دەڵێت لەسەرەتادا سی ملهوڕەکە واخۆیان پێشاندەدا کە شتێکیتر دەکەن کە ئەو پێیوابوو بەرنامەیەکی "میانڕۆیانە"یە، واتە بەرنامەیەکی "نیشتمانی"یە. لەمەڕ نیهێلیزم و نوێخوازی کریتیاس، بگەڕێنەوە بۆ تیۆرەکەی سەبارەت بە ئایین کە لەبەشی هەشتەم (بەتایبەتی یادداشتی ١٧)و لەیادداشتی ٤٨ی ئەم بەشەدا تاوتوێ کراوە.

**٢٧ـ** زۆر سەرنجڕاکێشە ئەگەر بێتو تێروانینی سۆفۆکلیس لەهەمبەر ئیمانی نوێ لەگەڵ ئیورپیپیدسدا بەراورد بکەین. سۆفۆکلیس سکالاّی لەوە هەیە[٥٨] کە "ناڕەوایە... ڕەشۆکزادەکان بەختەوەربن لەکاتێکدا دلێرو نەجیبزادەکان گیرۆدەی چارەڕەشی بن." ئیورپیپیدس (هاودەنگ لەگەڵ ئانتیفۆن)[٥٩] وەلاّم دەداتەوە کە جیاوازی نێوان نەجیبزادە و رەشۆکزادەکان (بەتایبەتی کۆیلەکان)، تەنیا جیاوازی زمانەوانییە: "خودی ئەو ناوە بەتەنیا بەسە بۆ ئەوەی کۆیلە تووشی نەنگ و شەرمەزاری بکات". لەهەمبەر توخمی مرۆڤدۆستی لای توکودیدس، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٢ هەر لەم بەشەدا. سەبارەت بەم پرسە کە **نەوەی مەزن** تاچ ڕادایەك پەیوەندی بە مەیلە جیهان نیشتمانەکانەوە هەبوو، بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵگانەی کە لەیادداشتی ٤٨، بەشی هەشتەم، بەتایبەتی "ئۆلیگارکی پیر"و ئەفلاّتوون و ئەرستۆ خراونەتەڕوو کە هەرسێکیان بۆچوونی جیاوازییان هەبووە.

**٢٨ـ** سوقرات "لە لۆژیك بێزارەکان" یان ئەو کەسانەی روو لە بەڵگەخوازی عەقڵی و لۆژیکی وەردەگێڕن، بەراورد دەکات بە "لە خەڵك بێزارەکان" یان ئەو کەسانەی لە مرۆڤەکان جاڕزن (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ فایدۆن، ٨٩c). پێچەوانەی ئەم شتە لەقسە لەخەڵك جاڕزییەکانی ئەفلاّتوون لە کۆماردا بەرچاو دەکەوێ (٤٩٦c ـ d). هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ٥٧ و٥٨، بەشی هەشتەم.

57. Ibid., V, 4f, 14.
58. Ibid., IV, III.

٥٩. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١٣، بەشی پێنجەم.



**٢٩ـ** ئەو وتانەی لە دیموکرتیوس وەرگیراون پارچەی ئەم کتێبەی دیلس (٥)ن :٤١، ١٧٩، ٣٤، ٢٦١، ٦٢، ٥٥، ٢٥١، ٢٤٧ (دیلس و تارن گومانیان لە رەسەنایەتی دوایین پارچە هەیە، هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٤٨، بەشی هەشتەم)و ١١٨.

**٣٠ـ** لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتی ١٦، بەشی شەشەمدا هەڵیبسەنگێنن.

**٣١ـ** بگەڕێنەوە بۆ توکودیدس[٦٠]. هەروەها بەراوردی بکەن لەتەك ئەو شتەی لە یادداشتی ١٦، بەشی شەشەم، وتراوە.

**٣٢ـ** گومپرتس، **بیرمەندانی یۆنان**، کتێبی پێنجەم، بەشی ١٣، ٣ (ئەڵمانی، بەرگی٢، ل٤٠٧).

**٣٣ـ** کتێبی هێرۆدۆت کە هەندێ مەیلی تێدایە کە داکۆکی لە دیموکراسی دەکات[٦١]، یەك دوو ساڵ دوای وتاربێژییەکەی پریکلس بلاّوکرایەوە[٦٢].

**٢٤ـ** یەکێك لەو کەسانەی کە ئاماژەی بەم خاڵە کردووە «گومپرتس»ـە (**بیرمەندانی یۆنان**، کتێبی پێنجەم، ١٣، ٢ـ ئەڵمانی، بەرگی٢، ل٤٠٦) کە سەرنجی خوێنەران بۆ بەشەکانی ٧٥٥d و٥٦١c کۆمار رادەکێشێت. بێگومان ئەم پێکچوواندنە ئانقەستە. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ کۆمار، چاپی ئادام، بەرگی ٢، ل٢٣٥، پەراوێزی ٥٥٧d٢٦. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، ٦٩٩d/e بەدواوە و ٧٠٤d ـ٧٠٧d. بۆ زانیاری لەمەڕ تێبینی ئەم چەشنە سەبارەت بە هێرۆدۆت[٦٣]، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١٧، بەشی شەشەم.

**٣٥ـ** هەندێ کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە مێنکسنوس ساختەیە، بەلاّم من پێموایە ئەم بۆچوونە تەنیا دەربڕی خودی ئەو کەسانەیە بۆ ئایدیالسازی کردن لە ئەفلاّتوون. رەسەنایەتی مێنکسنوس لەلایەن ئەرستۆوە جەختی لەسەرکراوتەوە. ئەو وێڕای خواستنی وتەیەك لەم دیالۆگە ئێژێ کە وتە وەرگیراوەکە هی "سوقراتی دیالۆگی شینگێڕی"یە[٦٤] (ئەرستۆ، **هونەری وتاربێژی**، یەکەم، ٩، ٣٠ (١٣٦٧b٨)و سێیەم، ١٤، ١١(١٤١٥b٣٠). بەتایبەتی

60. Thucydides, II, 37- 41.

٦١. بگەڕێنەوە بۆ نموونە بۆ: Herodotus, III, 80.

62. Meyer, op. cit., IV, 369
63. Herodotus, III, 80.
64. The funeral Dialogue

بگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی یادداشتی١٩، بەشی شەشەم، هەروەها یادداشتی٤٨، بەشی هەشتەم و یادداشتەکانی ١٥(١)و ٦١ هەر لەم بەشەدا.

**٣٦ـ حکوومەتی ئەسینا**، نووسینی "تۆلیگارکی پیر" (یان کسنۆفۆنی درۆزن)[٦٥]، بەقسەی کیرشهوف[٦٦] کە لەلایەن گۆمپرتسەوە[٦٧] گواستراوەتەوە، لەساڵی٤٢٤ بەر لەزایین بڵاوکراوەتەوە. سەبارەت بە خستنەپاڵ کریتیاس، بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی سەندی[٦٨]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتەکانی ١٨ و٤٨ هەر لەم بەشەدا. بەبۆچوونی من، کاریگەری ئەم نووسینە لەسەر توکودیدس، لە پارچە وەرگیراوەکەی یادداشتی ١٠ و١١ی ئەم بەشەدا خۆی دەنوێنێت. سەبارەت بە کاریگەرییەکەی لەسەر ئەفلاتوون، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٩، بەشی هەشتەم و یاساکان، ٧٠٤ ـ٧٠٧d. (بەراوردی بکەن لەگەڵ **سیاسەتی** ئەرستۆ (١٣٢٦b ـ١٣٢٧a)و کتێبی شیشرۆن[٦٩].

**٣٧ـ** ئاماژەیەکە بۆ کتێبەکەی ریدێر، **بێسازش : ململانێی دوو جیهان**[٧٠]، کە رەخنەیەکی بەنرخ لە ئایدۆلۆژیای فاشیزم لەخۆ دەگرێت.

لەهەمبەر هۆشداری سوقرات سەبارەت بە لەخەڵك بێزاری و لە لۆژیك بێزاری (خوارتر هەر لەم بەندە لەدەقەکەدا)، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٨ هەر لەم بەشەدا.

٣٨. ※(١) ئەوەی بە "داهێنانی شێوازی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە" ناوزەد دەکرێت، بریتییە لە دامەزراندنی نەریتێکی نوێ کە هەمان نەریتی گفتوگۆیەکی رەخنەگرانە و هەڵسەنگێنەرانەیە لەمەڕ ئەفسانەو تیۆرە تەقلیدییەکان. سەبارەت بەم تیۆرە بگەڕێنەوە بۆ نووسینەکەی من، **بەرەو ئامادەکردنی تیۆرێکی عەقڵانی لەمەڕ نەریت** (**ساڵنامەی عەقڵگەرا**، ١٩٤٩) کە ئێستا لە پەرتووکەکەم، **حەدسیات و رەدیاتدا** چاپکراوە. (تەنیا ئەم نەریتە نوێیە لەتوانایدایە شرۆڤەی ئەوە بکات کە چۆن لە قوتابخانەی ئەیونیایی لەماوەی سێ نەوەی یەکەمدا، سێ فەلسەفەی جیاواز سەری هەڵدا.)※

65. pseudo – xenophon
66. Kirchhoff
67. T. Gomperz, Greek Thinkers, Germ. Ed., I, 477
68. J.E. Sandys, Aristotle's constitution of Athens, Introduction IX, esp. note 3.
69. Cicero, De Republica, II, 384.
70. M.M. Rader, No compromise – The conflict between Two worlds (1939)



(٢) لەو سەردەمەوە تا ئێستا، قوتابخانەکان، (بەتایبەتی زانکۆکان) بەردەوام هەندێ لەلایەنەکانی خێڵپەرستیان پاراستووە. مەبەستم تەنیا ئارمی قوتابخانە و زانکۆکان یان "بوینباغی قوتابخانەی کۆن"[٧١] نییە کە هەندێ دەرەنجامی کۆمەڵایەتی وەك دروستبوونی "کاست"و شتی لەم جۆرەی لێکەوتۆتەوە. بەڵکو مەبەستم خەسڵەتی باوکسالارانە و ئۆتوریتەخوازانەی گەلێ لەم خوێندنگایانەیە. بەرێکەوت نەبوو کاتێ ئەفلاتوون بۆ سەقامگیرکردنی سەرلەنوێی خێڵپەرستی شکستی هێنا لەبەرانبەردا دەستیکرد بە بنیاتنانی قوتابخانەکان و دیسان لەخۆڕانییە کە بەزۆری خوێندگاکان قەڵای کۆنەپەرستین و مامۆستاکان دیکتاتورن لەقالبی بچووکی گیرفانیدا.

وەك بەڵگەیەك بۆ خەسڵەتی خێڵپەرستانەی یەکەمین خوێندنگاو قوتابخانەکان، لێرەدا ئاماژە بە خشتەی بەشێك لە تابۆکانی فیساگۆرییە کۆنەکان دەکەم (ئەم خشتەیە لەکتێبی بورنێت[٧٢] وەرگیراوە ئەویش لە کتێبی دیلس[٧٣] خواستوویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا، بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵگانە کە لەلایەن ئاریستۆکسنوس لەهەمان کتێب، ل١٠١دا خراوەتەڕوو.) بورنێت لەمەڕ هەندێ "تابۆی راستەقینەی تەواو بەدەوی" دەدوێت: دەبێ خۆ لەخواردنی لۆبیا ببوێردرێت، ئەو شتەی کەوتووە نابێ هەڵبگیرێتەوە، نابێ دەست لە کەڵەشێری سپی بدرێت، نابێ نان لەت بکرێت، نابێ بەسەردار یان لوولەیەکدا هەنگاو باوێژرێت کە بەشێوەیەکی ئاسۆیی دانراوە، نابێ ئاگر بەئاسن تێك وەربدرێت، نابێ نانی ساغ بخورێت، نابێ چەپکە گوڵ و گیا دروست بکرێت[٧٤]، نابێ لەسەر دەفرێکی یەك لیتری[٧٥] دابنیشیت، نابێ دڵی (گیانلەبەران) بخورێت، نابێ بە شارێگاکاندا بڕۆیت، نابێ بهێڵیت پەرەسێلکە هێلانە لەسەر ماڵ دروست بکات، کاتێ لابردنی قابلەمە لەسەر ئاگر دەبێ خۆڵەمێشەکە تێك وەربدرێ بۆ ئەوەی شوێنەکەی لەسەر

٧١. Old school Tie لە بەریتانیا قوتابیانی دواناوەندی دەبێ بوینباغ ببەستن و زۆریك لە دواناوەندییەکان بۆینباغەکانیان رەنگ و نەخشی تایبەت بەخۆیانیان هەیە.

بەرزترین ئیعتباری کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا هی کەسێکە کە چووبێتە یەکێك لە دواناوەندییە تایبەتییە بەناوبانگ و کۆن و ئەرستۆکراتییەکان وەك ئیتن و هێرو.

72. J. Burnet, Early philosophy, 2nd ed., p. 106.
73. H. Diels, Die vorsokratiker, 5th ed., vol. 1. pp. 97 ff.

٧٤. مانایەکی تا ڕادەیەك ناڕوونە.

75. Quart ( یەکەی پێوانی شلە)

خۆڵەمێشەکە نەمێنێتەوە، نابێ لەپەنای تیشك سەیری ئاوێنە بکرێ، پاش هەستان لەخەو دەبێ نوێنەکە بپێچرێتەوە و شوێنی جەستە لەسەری ساف بکرێت.

**٣٩ـ** پێکچوونێکی سەرنجڕاکێش لەنێوان ئەم ئاڵوگۆڕە و لەناچوونی خێڵپەرستیدا هەیە بەهۆی داگیرکاری ئێرانییەکان. بەوتەی ماێر، ئەم شۆڕشە کۆمەڵایەتییە بووە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەك ئایینی ئاسمانی پێشگۆکارانە (یان لای خۆمان) مێژووگەرایی لەهەمبەر بڕوابوون بە چارەنووس و داڕووخان و رزگاری کە یەکێکیان ئایینی "گەلی هەڵبژاردە" واتە گەلی یەهوودە ( بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی یەکەم).

تایبەتمەندی هەندێ لەم ئایینانە، بڕوابوون بوو بەم تیۆرە کە ئەفراندنی جیهان هێشتا کۆتایی پێنەهاتووەو هەروا بەردەوامە. دەبێ ئەم تیۆرە بەراورد بکرێت لەگەڵ تێگەیشتنی کۆنی یۆنانیەکان کە پێیانوابوو جیهان بینا یان تەلارێکە و لەناوچوونی ئەم تێگەیشتنە لەلایەن هێراکلیتوسەوە کە لەبەشی دووەمدا شیکراوەتەوە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١ لەو بەشەدا). شایانی باسە کە تەنانەت ئاناکسیماندروسیش لەمەڕ ئەم بینایەوە نیگەران بوو. پشت بەستنی بە خەسڵەتی بێسنووری و دیارینەکراوی یان بێکەوشەنی کەرەستەی بیناسازی، رەنگە هێمای ئەم هەستەی ئەوەبێت کە بینای نێوبراو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نیەو رەوانە (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی دواتر).

سەرهەڵدانی رازی دێونوسیوسی[٧٦] و ئورفیوسی لەیۆنان، لەوانەیە پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕە ئایینییەکانی رۆژهەڵاتەوە هەبێت[٧٧]. هەروەك دەزانین رێبازی فیساگۆری لەگەڵێ شتدا لەگەڵ رێنماییەکانی ئورفیسیدا هاوبەش بوو، بەتایبەتی لەتیۆری گیاندا (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤٤). بەڵام بێگومان رێبازی فیساگۆری رەنگ و روویەکی "ئەرستۆکراتی"یانەی هەبوو ئەوە لەکاتێك دایە کە رێنماییەکانی ئورفیسی دەربڕی جۆرە فۆرمێکی "پرۆلیتاریانەی" ئەو بزاڤەبوو. رەنگە ماێر لەسەر هەق بێت[٧٨] کە ئێژێ لەسەرەتادا، فەلسەفە رەوتێك بوو لەدژی بزاڤی راز (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ تێڕوانینی هیراکلتیوس سەبارەت بەم شتانە کەلە دیلس(٥)، پارچەکانی ٥، ١٤، ١٥، ٤٠، ١٢٩و لای بای واتێر، پارچەکانی ١٦ و١٧ رەنگ دەداتەوە). ئەو نەك هەرلە رازەکان بەڵکو نەفرەتی لە فیساگۆرسیش دەکرد و

76. Dionysus
77. Herodotus, 11, 81.
78. Meyer, op. cit., III, p. 428.



ئەفلاتوونی فیساگۆری لە راز بێزار بوو. (کۆمار، ٣٦٤e بەدواوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەراوردی بکەن لەگەڵ کۆمار، چاپی ئادام، پاشکۆی٤ بۆ کتێبی نۆیەم، بەرگی٢، ل٣٧٨ بەدواوە).

٤٠ـ سەبارەت بە ئاناکسیماندروس ( بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی پێشوو)، بگەڕێنەوە بۆ دیلس (٥)، پارچەی: "چاوگی شتەکان... جۆرە سروشتێکی دیاری نەکراو (یان بێسنوور)ە... ئەو شتانەی هەن بەو شتانەوە دێنەبوون کە سەرلەنوێ وەك پێویستی لەناویاندا دەتوێنەوە، چونکە هەرکامیان بەپێی ریزبەندی زەمەن، لەبەرانبەر یەکتردا تۆبە لەو گوناح (یان ستەم)ە دەکەن کە ئەنجامیانداوە." ئەو راڤەیە کە بوونی تاکەکەسی لای ئاناکسیماندروس بە جۆرە ستەم یان نادادپەروەرییەك لەقەڵەم دراوە هی گومپرتسە (هەمان کتێب، ئەڵمانی، بەرگی١، ل٤٦، سەرنج لەو پێکچوونە بدەن کە لەگەڵ تیۆری ئەفلاتوون لەمەڕ دادپەروەرییەوە هەیەتی). بەڵام ئەم راڤەیە بەتوندی رەخنەی لێگیراوە.

٤١ـ پارمیندس یەکەمین کەس بوو کە خەونی خۆی سەبارەت بە جیهانی وەستاو، وەك حەقیقەتێکی راستەقینە راڤەکرد و ئەو جیهانەی رەوانەی لەگەڵ خەوندا ئاوێتەکرد کە تێیدا دەژیا و بەم چەشنە کەوتە هەلی خۆرزگارکردن لە فشاری ناوبراو. ئەو دەیوت: "بوونی راستەقینە دابەش نابێت، هەمیشە هەمەکییەکی راست و تەواوە[٧٩] کە هەرگیز لەرێکی خۆی جیانابێتەوە، هیچ کاتێك پەرشوبڵاو نابێتەوە و هەربۆیە، پێویستی بە یەکیەتییەکی سەرلەنوێ نییە." (دیلس (٥) پارچەی ٤) هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٢و دەقی بەشی سێیەم.

٤٢ـ بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٩ هەر لەم بەشەدا و (یادداشتی ٧، بەشی پێنجەم).

٤٣ـ ماێر، هەمان کتێب[٨٠].

٤٤ـ بورنێت، دۆکترینی سوقراتییانەی گیان."[٨١] تەنیا لەبەرئەوە حەزم لێیە جەخت لەسەر ئەم هاوڕاییە بچووکە بکەمەوە لەگەڵ بورنێت، چونکە لەگەڵ زۆربەی تیۆرەکانی تریدا هاوڕانیم، بەتایبەتی تیۆرەکانی لەمەڕ پەیوەندییەکانی سوقرات لەتەك ئەفلاتووندا، بەتایبەتی

79. An integrated whole (80) Ibid., III, 443 & IV, 120 f.
80. Ibid., III, 443 & IV, 120 f.
81. J. Burnet "The Socratic Doctriane of the soul" proceeding of the Britidh Academy, VIII, (1915/16), 235 ff.

بیروبۆچوونی سەبارەت بەوەکە لەرووی سیاسییەوە سوقرات لە ئەفلاتوون کۆنەپەرستتر بوو[٨٢]، بەهیچ چەشنێك بۆ بەرگری لێکردن ناشێت.

(بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٥٦ هەر لەم بەشەدا).

سەبارەت بە دۆکترینی سوقراتیانەی گیان، بەڕای من بورنێت راستدەکات  کە پەیڤی "گیانی خۆت تیماربکە" هی سوقراتە، چونکە ئەم وتەیە، هۆگری سوقرات بە ئەخلاق پێشاندەدات. بەلام پێموایە زۆر دووره سوقرات بڕوای بەتیۆرێکی میتافیزیکی هەبووبێت سەبارەت بە گیان. بەبۆچوونی من، ئەو تیۆرانەی لەفایدۆن و کۆمار و دایالۆگەکانیتردا دەربڕدراون بێگومان فیساگۆرین. (سەبارەت بەم تیۆره ئورفیسی ـ فیساگۆرییە کە جەستە گۆڕی گیانە. بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، چاپیئادام، پاشکۆی٤ بۆ کتێبی نۆیەم، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٣٩ هەر لەم بەشەدا). بە پشتبەستن بەڕای راشکاوانەی سوقرات لە داکۆکی (١٩C)دا کە ئەو "هیچ کارێکی بەم کارانە" نەبوو (واتە رادەربڕین لەمەڕ سروشت)[٨٣]، من بەتوندی دژی ئەو بۆچوونەی بورنێتم کە ئێژێ سوقرات پەیڕەوکاری فیساگۆرس بووه و تیۆرێکی میتافیزیکی تایبەتی لەهەمبەر "سروشتی" گیانەوە هەبووه.

بەڕای من، پەیڤی سوقرات کە دەیگوت "گیانی خۆت تیمار بکە"، دەربڕی لایەنگرییەتی لە تاکگەرایی لە بەستێنی ئەخلاق و (هزر)دا. تیۆرەکەی سەبارەت بە خودکەفایی ئەخلاقیی تاکی فەزیلەتمەند، لەسەر بنەمای تاکگەرایی دامەزراوه و کەمتر بیرۆکەیەکمان دەستدەکەوێت کە بەم چەشنە وەك بەڵگە سوودی لێوەرگیرابێت. (بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەڵگانەی کە لەیادداشتی٢٥، بەشی پێنجەم و یادداشتی ٣٦، بەشی شەشەمدا ئاماژەی بۆکراوه.) ئەم دۆکترینە پەیوەندییەکی نزیکی بەو رستەیەوە هەیە کە دەڵێت "گیانی خۆت تیماربکە". سوقرات بەپشتبەستن بە خۆبەسی (خودکەفایی)، گەرەکی بوو بێژێت: دەتوانن جەستەت لەناو ببەن وەلی ناتوانن راستی ئەخلاقی تۆ لەناو ببەن و ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەکی بیرت لەسەر ئەم مانابێت، ناتوانن هیچ زیانێکی جددیت پێبگەیەنن.

82. J. Burnet, Greek philosophy, I. 210.

٨٣. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٦(٥) لەم بەشەدا.



پێدەچێت کاتێ ئەفلاتوون لەگەڵ دۆکترینی میتافیزیکی و فیساگۆری گیاندا ئاشنایەتی پەیداکرد، ئەم هەستەی لا دروستبوو کە تێڕوانینی ئەخلاقیی سوقرات پێویستی بە بناغەیەکی میتافیزیکی هەیە، بەتایبەتی تیۆرێك سەبارەت بەمانەوەی(گیان). کەواتە، ئەو هزری فەنانەبوونی گیانی لەجیاتی ئەم مانایە دانا کە "ناتوانن راست و دروستی ئەخلاقیی تۆ لەناو ببەن". (هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ٩ و١٠ لەبەشی حەوتەم).

حەکیمە میتافیزیکی و پۆزیتیڤیستەکان رەنگە لەبەرانبەر ئەم راڤەیەی مندا بانگەشەی ئەوەبکەن کە هیچ وێنایەکی ئەخلاقی و نامیتافیزیکی وەك ئەوەی من خستوومەتە پاڵ سوقراتەوە، ناتوانێت بوونی هەبێت چونکە تەنیا بەشێوازێکی میتافیزیکی نەبێت ناتوانین سەبارەت بەگیان قسەبکەین. پێموانییە ئەگەری ئەوه لەئارادابێت بتوانم هیوایەکم بە رازیکردنی حەکیمە میتافیزیکییە ئەفلاتوونییەکان هەبێت، بەلام هەوڵدەدەم پێشانی پۆزیتیڤست و (ماتریالیستو ئەوانیتری) بدەم کە خودی ئەوانیش بەمانایەکی گەلێ هاوچەشنی ئەوەی من دەیخەمە پاڵ سوقراتەوە، بڕوایان بە "گیان" (یان "رۆح") هەیە و زۆربەیان رۆحیان لەجەستە لابەنرخترە.

سەرەتا، تەنانەت پۆزیتیڤیستەکانیش رەنگە دان بەوه دابنێن کە ئێمە جیاوازییەکی تەواو ئەزموونیو "واتادار"[٨٤] لەنێوان نەخۆشییە "جەستەیی"و "دەروونی" (یان رۆحی)[٨٥]یەکان دادەنێین، ئەگەرچی تاڕادەیەکیش وردورێك نەبێت. لەراستیدا، ئەم جیاوازییە لە رێکخستنی نەخۆشخانەو شتیتردا خودان گرنگییەکی پراکتیکی جێگای سەرنجە. (هەڵبەتە ئەگەرێکی زۆر لەئارادایە کە رۆژێك لەرۆژان ئەم جیاوازییە بەهۆی سەرهەڵدانی شتێکی ورد و رێکتر هەڵبوەشێتەوه، بەلام ئەمە بابەتێکی ترە.) لەلایەکی ترەوه، بەشێکی زۆر لەئێمە، تەنانەت پۆزیتیڤیستەکان، ئەگەر توانای هەڵبژاردنیان هەبووایە، هەندێ نەخۆشی جەستەیی سووکیان پێباشتر دەبوو لەجۆره شێتییەکی سووك. جگە لەمە، تەنانەت رەنگە پۆزیتیڤیستەکان

٨٤. meaningful ئاماژەیەکە بۆ بانگەشەی پۆزیتیڤیستەکان (بەتایبەتی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی) کە دەڵێن بۆ ئەوەی گوزاره یان دەستەواژەیەك مانا هەبێت، دەبێ خاوەن ناوەڕۆکی ئەزموونی بێت و بتوانرێت لێکۆڵینەوه لەسەر راست یان چەوت بوونەکەی بکرێت لەرێگای ئەزموونەوه، یان دۆزێك بێت بۆ "شیکردنەوه" بشێت و نەرێیەکەی ناتەبایی لێبکەوێتەوه.

85. “psychical”

نەخۆشیەکی جەستەیی درێژخایەن و سەرەنجام بێدەرمانیان (بە مەرجێك کە لەرادەبەدەر بە ئازار بێت) پێباشتر دەبوو لە شێتییەکی بەهەمان رادە درێژخایەن و بێ دەرمان و تەنانەت لە شێتییەك کە دەرمانیشی هەیە. کەواتە، بەڕای من، بەبێ سوودوەرگرتن لەزاراوەگەلی میتافیزیکیش دەتوانین بەم چەشنە بڵێین کە ئەو کەسانە گیان(یان "رۆح")ی خۆیان لە جەستەیان زیاتر تیمار دەکەن و گرنگی پێدەدەن. (بەراوردی بکەن بە فایدۆن، ٨٢d، کە تێیدا وتراوە: ئەوان "گرنگی بە گیانی خۆیان دەدەن و بەندەی جەستەی خۆیان نین." هەروەها بگەڕێنەوە بۆ داکۆکی، ٢٩d ـ ٣٠b). ئەم چەشنە وتەیە بەتەواوی سەربەخۆیە لەهەموو جۆرە تیۆرێك کە رەنگە ئەم کەسانە لەمەڕ "گیان" (یان "رۆح" هەیانبێت و تەنانەت ئەگەر بڕوایان بەوە هەبێت کە لە شیکردنەوەی کۆتاییدا (گیان یان رۆح) تەنیا بەشێکە لە جەستە و هەموو شتێك جۆرە نەخۆشییەکی جەستەییە، ئەوا دەرەنجامگیرییەکەمان بەردەوام راست دەردەچێت. (تەنانەت لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا، سەرەنجام قسە دەگات بەشوێنێکی ئەوتۆ کەئەمان مێشکیان زۆر لە بەشەکانیتری جەستەیان لابەنرخترە.)

ئێستا هەوڵدەدەین تاوتوێی تێبینییەکی هاوچەشنی ئەمە بکەین سەبارەت بە وێنایەکیتر بۆ "گیان" کە تەنانەت لەوەی وترا زیاتریش لە وێنای سوقرات نزیکە. بەشێکی زۆر لەئێمە ئامادەین لەپێناو ئامانجێکی تەواو هزری و عەقڵیدا، جەستەمان بخەینە ژێر سەختی و ئازارەوە . بۆ نموونە، ئامادەین بۆ بەرەوپێشبردنی مەعریفە، واتە لەپێناو وەدەستهێنانی "دانایی"دا ئازار بچێژین. (سەبارەت بە عەقڵگەرایی سوقرات بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ کریتون، ٤٤d/e و٤٧b). دەتوانین شتێ لەم جۆرە لەمەڕ بەرەوپێشبردنی ئامانجی ئەخلاقیش ـ بۆنموونە دادپەروەری یەکسان و ئاشتی و... تاد ـ بڵێین. (بگەڕێنەوە بۆ کریتۆن، ٤٧e/٤٨aکە تێیدا سوقرات روونیدەکاتەوە کە مەبەستی لە "گیان" ئەو بەشەی ئێمەیە کە "بە دادپەروەری باش دەبێتەوە و بە ستەم گەندەڵ دەبێت".) گەلێکمان لەگەڵ سوقراتدا کۆکین کە ئەم شتانە لامان گرنگییەکی یەکجار زۆریان هەیە نەك هەندێ شتی وەك لەشساغی، هەرچەندە هەموومان حەزمان لێیە تەندروست بین و رەنگە بەشێکی زۆر لەگەڵ سوقراتدا هاوڕابن کە ئەوەی شانازیمان پێدەبەخشێت کە مرۆڤین و ئاژەڵ نین، دەرفەتی هەڵبژاردنی هەڵوێست و تێڕوانینێکی ئەوتۆیە. بەبۆچوونی من، دەتوانین بچینە ناو هەموو ئەم باس و لێدوانانە بەبێ ئاماژەکردن بەهیچ چەشنە تیۆرێکی میتافیزیکی سەبارەت بە "سروشتی گیان"و هیچ هۆیەك لەئارادانییە، بۆچی



دەبێ سەرەڕای ئەم بۆچوونە راشکاوانەی سوقرات کە ئەو هیچ ئیشی بەم جۆرە ڕا دەربڕینانە نییە، کەچی تیۆرێکی ئەوتۆی بخەینە پاڵ.

٤٥ـ گۆرگیاس، بەبڕوای من، لەهەندێ بەشیدا دایالۆگێکی سوقراتییانەیە (هەرچەندە بەهۆی هەندێ توخمی فیساگۆری کە گومپرتس بوونیانی دەرخستووە، پێمواية لەهەمان کاتدا لەگەڵێك لایەنەوە ئەفلاتوونیشە، بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٥٦ لەم بەشەدا). لەم دایالۆگەدا، ئەفلاتوون هەڵکوتانەسەر "بەندەر و کارخانەی کەشتیسازی و شوراکانی ئەسینا" و ئەو باج و سەرانەیەی کە ئەم شارە دەیخستنەسەر هاوپەیمانەکانی، بەدەمی سوقراتەوە دەکات و هەر ئەم شتە روونیدەکاتەوە بۆچی زایەڵەی هێرشی ئۆلیگارکەکانمان بەگوێ دەگات. بەڵام دوورنییە سوقراتیش لەبەرئەوەی دەیویست جەخت لەسەر هەندێ بوار بکاتەوە کە پێیوابوو لەهەموو شتێك گرنگترن، قسەی لەم جۆرەی کردبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پێمواية لەو بیرە بێزاربوو کە رەخنە ئەخلاقییەکانی بەشێوازی پڕوپاگەندەی خائینانە دژی کۆمەڵگای کراوە، بەتایبەتی دژی نموونەی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ، واتە ئەسینای لێبێت. (سەبارەت بە ئەمەکداری و بەوەفایی سوقرات، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٣و دەقەکە هەر لەم بەشەدا).

٤٦ـ نموونەی ئەم جۆرە کەسانە لە نووسینەکانی ئەفلاتووندا، یەکیان کالیکلس و ئەویتریان تراسۆماخوسە. لەرووی مێژووییەوە، رەنگە باشترین نموونەی راستەقینە، ترامێنس[86]و کریتیاس بێت، ئەویتریان ئالکیبیادسە کە حوکمدان لەسەر خەسڵەت و کارەکانی زۆر دژوارە.

٤٧ـ ئەم تێبینیانەی خوارەوە زۆر تیۆریکە و هیچ پەیوەندی بە بەڵگەخوازییەکانی منەوە نییە.

بەڕای من دایالۆگی **ئالکیبیادسی یەکەم** رەنگە سەرچاوەکەی بۆ رێچکە گۆڕینی ئەفلاتوون لەژێر کاریگەری سوقرات بگەڕێتەوە. بەجۆرێکیتر، ئەگەری ئەوە لەئارادایە لەم دایالۆگەدا ئەفلاتوون کەسایەتی ئالکیبیادسی هەڵبژاردبێت بۆ ئەوەی خۆی لەپشتدا حەشار بدات. لەوانەیە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی رێچکە گۆڕینەکەی پاڵنەرێکی بەهێزی بووبێت، چونکە کاتێ لە دادگادا سوقرات بە بەرپرسیاری کارە ناشیرینەکانی ئالکیبیادس و کریتیاس و خارمیدس لەقەڵەمدرا، وێڕای بەرگریکردن لەخۆی، ئاماژەی بە ئەفلاتوون کردبوو وەك

86. Theramenes

نموونەیەکی زیندوو و گەواهی کاریگەری راستەقینەی شێوازی پەروەردەکردنی خۆی. بەدوورنییەکە بەو حەزەی بۆ شایەتیدانی ئەدەبی هەیبوو، هەستی بەوەکردبێت کە پێویستە لێرەدا بەسەرهاتی پەیوەندی خۆی و سوقرات بگێڕێتەوە کە لە دادگا نەیتوانیبوو بیلێێت[٨٧]. ئەگەری ئەوە هەیە بیری لەوەکردبێتەوە کە بەسوود وەرگرتن لەناو و بارودۆخی تایبەتی ئالکیبیادس (وەك خەوەنە سیاسییە پلەو پایە خوازەکانی کە بەگومانی بەهێز رێك وەك خەونەکانی خۆی دەچوون بەر لە رێچکە گۆڕین) لەبەرگری کردن لە مامۆستاکەی مەبەستی خۆی وەدی دێنێت[٨٨]و دەریدەخات کە نفووزی ئەخلاقی سوقرات بەگشتی و کاریگەری ئەو لەسەر ئالکیبیادس بەتایبەتی، گەلێ جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوەی داواکارەکان بانگەشەی بۆدەکەن. پێموایە دوورنییە کە لە دیالۆگی خارمیدسیشدا ئەفلاتوون لەگەلێ رووەوە روخسارێکی خۆی پاراستبێت. (سەرنجراکێش ئەوەیە کە ئەفلاتوون بۆخۆی هەوڵی گێڕانەوەی ئەوانیتری دەدا بۆ سەر رێچکەی خۆیان بەلام تا ئەو جێگایەی دەتوانین حوکم بدەین، بەشێوازێکیتر ـ واتە زیاتر بەفێرکردنی ماتماتیکی فیساگۆری وەك مەرجی وەدەستهێنانی پێژنی دیالێکتیکی لەهەمبەر **ئایدیای چاکە**، نەك لەرێگای پەنابردنە بەری تاکەکەسیانە بۆ ئەخلاق و مەعنەویات. بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی کە سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ رێچکەی پێ گۆڕینی دێونوسیوسی بچووك گێڕدراونەتەوە.) لەمەڕ **ئالکیبیادسی یەکەم** و پرسە پەیوەندیدارەکان پێیەوە، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **ئەفلاتوونی** گرۆت، بەرگی١، ل٣٥١ ـ ل٣٥٥.

٤٨ـ مایر، هەمان کتێب[٨٩]و کسنۆفۆن[٩٠]. لەهەمان بەرگ، ل١٩ ـ ٢٣و ٣٦ـ٤٤ (بەتایبەتی ٣٦)، هەموو ئەو بەڵگەپێویستانەی بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو راڤەیەی لەدەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، لەوێدا بەرچاو دەکەوێت. **مێژووی دێرینی کیمبریج**[٩١]ـ راڤەیەکی زۆر هاوچەشنی ئەمە بۆ ئەم رووداوانە دەخاتەڕوو.

دەتوانین ئەمەش زیادبکەین کە ژمارەی ئەو هاوولاتیانەی کە لە قۆناغی هەشت مانگی حوکمڕانی سی ملهوڕەکەدا کوژران نزیکەی ١٥٠٠ کەس بوون کە تا ئەو جێگای ئاگامان

87. A.E. Taylor, Socrates, note, 1, p. 105.

٨٨. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتەکانی ٤٩و ٥٠ی ئەم بەشە.

89. Mayer, op. cit., V, 38.
90. Xenophan, Hellenica, II, 4, 22.
91. Cambridge Ancient History, 1927, vol. v, esp. pp. 369 ff.



لێیەتی، لە لەدەیا یەك (رەنگە نزیکەی لەسەدا هەشت یان مانگە لەسەدا یەك)ی کۆی هەموو ئەو هاوولاتییانەی لەجەنگ رزگاریان ببوو هێندە کەمتر نەبوو. سەرکەوتنێکی ئەوتۆ لە کوشتن و بڕین تەنانەت لەسەردەمی خۆشماندا دەگمەنە.

تەیلۆر سەبارەت بە سی ملهوڕەکە دەنووسێت[٩٢]: "پێویستە بە ئینساف بین و ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەم پیاوانە لەژێر کاریگەری وەسوەسەی پێگەکەیان، رەنگە 'لە کەللەی دابێتن'. پێشتر کریتیاس وەك پیاوێکی زۆر هەڵکەوتوو و بێگومان خاوەن مەیلی دێموکراتیك ناسرابوو." بەبۆچوونی من، ئەم هەوڵە بۆ کەم رەنگکردنی بەرپرسایەتی حکوومەتی ملهوڕە دانراوەکان و بەتایبەتی خاڵی خۆشەویستی ئەفلاتوون ، مەحکوومە بە تێکشکان. دەزانین کە هەستوسۆزی دیموکراتیانەی تیژتێپەڕ کە لەو رژگارەدا ئەرستۆکراتە گەنجەکان لە هەلومەرجی گونجاودا خۆیان پێڕادەنا چەندە بێنرخ بوو. ئەوکات، نەك هەر باوکی کریتیاس[٩٣] بەڵکو لەوانەیە خۆشی سەر بە ئولیگارشی چوارسەدکەسە بووبێت. نووسراوە جێماوەکانی کریتیاس، حەزی خائینانەی لایەنگری ئسپارت و روانگەی هەواداری لە ئولیگارشی[٩٤]و نهێلیزمە بێ پەردەو[٩٥] پلەوپایە خوازەییەکەی[٩٦] پێشاندەدات. بەڵام خاڵی بێ ئەملا و ئەولا ئەوەیە کە هەوڵدەدات بەرنامەی "ئولیگارکی پیر" ـواتە کسنۆفۆنی درۆین، نووسەری نامیلکەی **حکوومەتی ئەسینا**ـ جێبەجێ بکات (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٣٦ هەر لەم بەشەدا)و دیموکراسی لە رەگ و ریشەوە هەڵکەنێت و پاش شکانی ئەسینا، بەیارمەتی ئسپارت هەوڵێکی لێبڕاوانەی لەم رێگایەدا. ئەو توندوتیژییەی ئەنجامدرا، ئاکامی لۆژیکی ئەم هەلومەرجەبوو، لەجیاتی ئەوەی پێشانی بدات کە کریتیاس "لەکەللەیدا"، باسی ئەوە دەکات کە ئەو بەباشی شارەزای دژوارییەکان بوو و دەیزانی کە هێزی بەرەنگاری دیموکراتەکان هێشتا ترسناکە.

هاودەردی مایر لەگەڵ دێونوسیوسی یەکەم، دەیسەلمێنێت کە ئەو لانیکەم پێشداوەرییەکی تایبەتی دژی ملهوڕەکان نییە. مایر سەرەتا هەوڵدەدات بەکورتی باسێکی ژیانی سیاسی

92. Taylor, Socrates, “short Biographies”, 1937, p. 100, note 1.
93. Meyer, op. cit., vol. v., p. 579. Lys., 12, 43 &12, 66.

٩٤. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ دیلس (٥)، ٤٥.

٩٥. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١٧، بەشی هەشتەم.

٩٦. دیلس (٥) ١٥و هەروەها:

Xenophon, memorabilia, 1, 2, 24; Hellenica, 11, 3, 36 & 37.

کریتیاس بکات کە لەرووی هەلپەرستییەوە سەرسوڕهێنەرە و پاشان ئێژێ: "ئەویش وەك لوساندر {داگیرکاری ئسپارتی} پابەندی هیچ پرەنسیپێك نەبوو"و هەربۆیە کەسێکی شایستە بوو بۆ سەرکردایەتی دانراوی کوساندر.

بەڕای من، پێکچوونێکی بەرچاو هەیە لەنێوان خەسڵەتی کریتیاس کە سەرباز و جوانپەرست و شاعیر و یاوەری گومانکاری سوقرات بوو و فردریکی دووەم {پاشای پروسیا}ی ناسراو بە "مەزن" کە ئەویش سەربازو جوانەپەرست و شاعیر و موریدی گومانکاری ڤۆلتێر بوو، سەرەڕای ئەمە، یەکێك بوو لە خراپترین ملهوڕەکان و دلڕەقترین ستەمکاری مێژووی نوێ. (سەبارەت بە فردریك، بگەڕێنەوە بۆ کتێبی هێگمان[٩٧]، بەتایبەتی لاپەڕەی٩٠ سەیری تێڕوانینی فردریك بکەن بۆ ئاین کە تێڕوانینی کریتیاسمان بیردەخاتەوە.)

٤٩ـ تەیلۆر بە پەیڕەوی کردن لەپەراوێزی بورنێت بۆ ئیوسۆفرۆنی ئەفلاتوون (٤ و٤c)، بەباشترین شێوە ئەم خاڵە روون دەکاتەوە[٩٨]. تەنیا لەشوێنێك هەستدەکەم دەبێ کەمێك لەو دەربڕینە بەنرخەی سەبارەت بە دادگاییکردنی سوقرات[٩٩] لاڕێ بگرم، ئەویش راڤەکەیەتی لەمەڕ حەزی پەنهانی نێو تۆمەتەکان، بەتایبەتی لەهەمبەر هێنانی "رێورەسمی نوێی ئایینی"[١٠٠].

٥٠ـ ئەو بەڵگانەی دەلالەت لەم شتە دەکەن. لەهەمان کتێبی تەیلۆردا[١٠١] بەرچاو دەکەون، بەتایبەتی لەلاپەڕە ١١٥، پەراوێزی١ کە بەم چەشنە پەیڤی **ئایس خینس**[١٠٢] دەگێڕدرێتەوە: "ئێوە سوقراتی سۆفیستتان تووشی لەناوچوون کرد چونکە دەرکەوت ئەو کریتیاسی پەروەردە کردووە".

٥١ـ سیاسەتی سی ملهوڕەکە ئەوەبوو کە تا پێیان دەکرێت ژمارەیەکی زۆرتر لەخەڵك تێکەڵی کارە تۆقێنەر و خونکارەکانی خۆیان بکەن. بەراوردی بکەن لەگەڵ وتە بەنرخەکەی تەیلۆر

97. Hegemann, op. cit., p. 90.
98. Taylor, op. cit., p. 103
99. Ibid., 103, 120
100. Ibid., 109, 111 f.
101. Ibid., 113- 115.
102. Aeschines, I, 173.



لەهەمان کتێبدا (بەتایبەتی ل١٠١، پەراوێزی٣). سەبارەت بە خایرفۆن، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٦(٥) (هـ ـ٦) هەر لەم بەشەدا.

٥٢ـ بەپێچەوانەی کراسمەن و ئەوانیتر. هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ کراسمەن، **ئەفلاتوون، ئەمڕۆ**، ل٩١ ـ ل٩٢ سەبارەت بەمە، من هاوڕای تەیلۆرم (هەمان کتێب، ل١١٦، پەراوێزی ١ و٢).

بە وەبەرچاوگرتنی کینایەکانی ئەفلاتوون (یان سوقرات) لە داکۆکی و کریتۆن، تاڕادەیەك روونە کە داواکارەکان مەبەستیان ئەوە نەبوو شەهیدسازی لە سوقرات بکەن و ئەگەر ئەو ئامادەی سازشکردن بووایە ـ واتە ئامادەبووایە ئەسینا بەجێبهێڵێت یان تەنانەت بەڵێنی بێدەنگی بدات ـ لەوانەبوو دادگایی کردنەکە رابوەستێ یان بەجۆرێکیتر بڕواتەپێش. (بگەڕێنەوە بۆ کریتۆن، ٤٥e، بەتایبەتی ٥٢b/c کە سوقرات تێیدا دەڵێت ئەگەر خۆی لە دادگادا پێشنیاری بەجێهێشتنی نیشتمانی بکردبایە، مۆڵەتی ئەم کارەیان پێدەدا.)

٥٣ـ بەراوردی بکەن لەگەڵ کریتۆن، ٥٣b/c، کە سوقرات روونیدەکاتەوە ئەگەر هەڵی راکردن بقۆزێتەوە ئەوا دادوەرەکانی لەسەر بیروبۆچوونەکانی شێلگیرتر دەکرد، چونکە ئەو کەسەی یاسا پێشێل بکات، ئەگەری ئەوە هەیە گەنجەکانیش بەرەو گەندەڵی ببات.

رەنگە هەردوو دایالۆگی داکۆکیو کریتۆن بەماوەیەکی کورت دوای مەرگی سوقرات نووسرابن. لەوانەیە کریتۆن لەپێش دایالۆگەکەی ترەوە و رەنگە بەتکای سوقرات نووسرابێت بۆ ئەوەی پاڵنەرەکانی بۆ خۆبواردن لە راکردن روون بکاتەوە. بەدوورنییە ئەم تکایە یەکەمین چاوگی نووسینی دایالۆگە سوقراتییەکان بێت. گۆمپرتس پێیوایە[١٠٣] کە دانانی کریتۆن پەیوەندی بە مێژوویەکی دواترەوە هەیە و مەیلە پەنهانەکانی ناو ئەم دایالۆگە لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە شرۆڤە دەکات کە ئەفلاتوون نیگەرانی ئەوەبوو جەخت لەسەر ئەمەکداری خۆی بکاتەوە. دەنوسێت:" ئێمە ئاگاداری رەوش و بارودۆخی ئەوکات نین کە بووە هۆی هاتنە ئارای ئەم دایالۆگە بچووکە، بەڵام پێدەچێت لێرەدا ئەفلاتوون لەهەموو شوێنێ زیاتر بیەوێ داکۆکی لەخۆی و گرووپەکەی بکات لەبەرانبەر تۆمەتی هەبوونی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە."

سەرەڕای ئەوە کە بۆچوونی گۆمپرتس بەئاسانی لەتەك راڤەی گشتی من بۆ بیروباوەڕەکانی ئەفلاتووندا دەگونجێت، بەڵام هەست دەکەم ئەگەری ئەوە زیاتر بێت کە کریتۆن بۆ بەرگریکردن

103. Gomperze, op. cit., V, 11, 1, Germ. Ed., II, 358.

لە سوقرات نووسرابێت نەك ئەفلاتوون. گومانی تێدانییە بەر لەهەموو شتێ گەرەکی بوو لەبەرانبەر ئەو تۆمەتانەدا داکۆکی لەخۆی بکات کە زەحمەتەکانی ژیانی دەخستە مەترسییەوە. لەم راڤەیەش بۆ ناوەڕۆکی کریتۆن لەتەك تەیلۆردا بە تەواوی هاوڕام[١٠٤]. وەلێ وەفاداری کریتۆن بە (سوقرات)و دژایەتی لەگەڵ بێوەفایی ئاشکرای کۆمار (سەبارەت بەو)و هەڵوێستی ئاشکرای ئەم کتێبە بۆ لایەنگریکردن لە ئسپارت و دژایەتیکردنی ئەسینا، پێدەچێت بۆچوونەکەی بورنێت و تەیلۆر پووچەڵ بکاتەوە کە پێیانوایە کۆمار دیالۆگێکی سوقراتییە و سوقرات لە ئەفلاتوون زیاتر دژی دێموکراسی بووە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٦ لەم بەشەدا).

سەبارەت بە وەفاداری سوقرات بۆ دیموکراسی، گەشتێك بەناو ئەم پارچانەی خوارەوەی کریتۆن بکەن:٥١d/e کە تێیدا جەخت لەسەر خەسڵەتی دیموکراتیکی یاساکان دەکرێتەوە، واتە ئەگەری ئەوەی هاوولاتی بتوانێ بەبێ توندوتیژی و لەرێگای بەڵگەخوازی عەقلانییەوە یاساکان بگۆڕێت. (یان بەوتەی سوقرات، بتوانێ یاساکان "رازی" بکات)، ٥٢b بەدواوە کە سوقرات شێلگیرانە ئێژێ هیچ ناکۆکییەکی لەتەك یاسای بنەڕەتی ئەسینادا نییە، ٥٣c/d کە سوقرات نەك هەر تەنیا فەزیلەت و دادپەروەری، بەڵکو بەتایبەتی دەزگا و یاساکانی (ئەسینا) بەباشترین شتی نێوان مرۆڤەکان وەسف دەکات، ٥٤c کە سوقرات تێیدا دەڵێت رەنگە بووبێتە قوربانیی مرۆڤەکان بەڵام بێگومان قوربانیی یاساکان نییە.

بە وەبەرچاوگرتنی ئەم پارچانە (بە تایبەتی پارچەی ٣٢c لە داکۆکیدا)[١٠٥]، بەڕای من دەبێ چاوپۆشی لەو تاکە بەشە بکەین کە زۆر جیاوازە (واتە ٥٢e) کە سوقرات تێیدا بەشێوەیەکی لاوەکی ستایشی یاسای بنەڕەتی ئسپارت و کرێت دەکات. بەتایبەتی بە وەبەرچاوگرتنی ٥٢b/c کە سوقرات پێشتر وێڕای ئەمە وتبووی بۆناسینی دەوڵەتەکانیتر یان <u>یاساکانیان</u> وریانییە، رەنگە ئەم وەسوەسەیە لای ئێمە سەرهەڵبدات کە وتەی تایبەت بە ئسپارت و کرێت کرابێتە پاشکۆی بەشی ٥٢eو بیرمان بەلای ئەوەدا بچێت ئەم وتەیە لەلایەن کەسێکەوە زیادکراوە کە ویستوویەتی کریتۆن لەگەڵ نووسینەکانی دواتریدا، بەتایبەتی کۆمار، بگونجێنێت. چ بەم جۆرە بێت و چ ئەفلاتوون خۆی ئەم بەشەی زێدەکردبێت، بەهەرحاڵ زۆر دوورە ئەم وتەیە هی سوقرات بێت. لەم بەستێنەدا هەر ئەوەندە بەسە ئەوە بێنینەوە بیری

104. Taylor, op. cit., 124 f.

١٠٥. هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٨، بەشی حەوتەم.



خۆمان کە بەپێی نووسینی کسنۆفۆن[١٠٦]، سوقرات زۆر نیگەرانی ئەوەبوو کە نەکا دەست بۆ کارێك ببات بۆنی لایەنگری لە ئسپارتی لێ بێت. لەکتێبی کسنۆفۆن ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ کە "سوقرات دەترسا نەکا ئەو {کسنۆفۆن واتە هاوڕێی گەنجی خۆی - کێکیتر لە رووەشەکان} لەبەر بێبەڵێنی سەرزەنش بکرێت، چونکە ئاشکرابوو کە کورش[١٠٧] لەکاتی جەنگ لەگەڵ ئەسینییەکان یارمەتی ئسپارتییەکانی داوە." (ئەم بەشەی نووسینەکەی کسنۆفۆن بێگومان وەك ئەوەی لەکتێبەکەی تریدا لەسەردواوە، جێگەی گومانە. لێرەدا کاریگەری ئەفلاتوون بەرچاو ناکەوێت و تەنانەت کسنۆفۆن بەشێوەیەکی لاوەکی خۆی تۆمەتبار دەکات کە خەمسارد بووە لە بەرانبەر ئەرکەکانی لە هەمبەر نیشتمانەکەی و شایستەی دوورخستنەوە لە وڵات بوو[١٠٨].

٥٤ـ داکۆکی، ٣١a/٣٠e.

٥٥ـ ئاشکرایە هەموو ئەفلاتوونییەکان لەگەڵ تەیلۆردا هاوڕان کە لەدوایین رستەی کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت: "سوقرات تەنیا یەك 'جێگیرەوەی' هەبوو و ئەویش ئەفلاتوون بوو." تەنیا پێدەچێت گرۆت هەندێ جار بڕوای بەو بیروبۆچوونانەی هێنابێت مینا ئەوەی لەدەقەکەدا ئاماژەی بۆکراوە. بۆنموونە، لەبەشێکدا کە لە یادداشتی ٢١، بەشی حەوتەم، ئاماژەمان بۆ کرد[١٠٩]، شتێك دەڵێت کە دەتوانین لانیکەم وەك دەربڕینی گومان سەبارەت بە خەیانەت نەکردنی ئەفلاتوون بە سوقرات لێکبدرێتەوە. بەڕاشکاوی دەنووسێت نەك هەر یاساکان، بەڵکو تەنانەت کۆماریش، دەیتوانی بنچینەیەکی تیۆری بۆ مەحکوم کردنی سوقرات بدات بەدەستەوە بەو جۆرەی کە {ئەم حەکیمە} لەداکۆکیدا وێنەی کێشراوە و ئەم سوقراتە هەرگیز لە باشترین دەوڵەتی ئەفلاتووندا تەحەموول نەدەکرا. ئەوەمان بیردەخاتەوە کە تیۆری ئەفلاتوون رەفتاری سی ملهوڕەکە لەگەڵ سوقراتدا هاوجووتە. (لە یادداشتی ٥٨، بەشی دوازدەهەم، نموونەیەکمان هێناوەتەوە لەسەر ئاوەژووکردنەوەی رێنماییەکانی مامۆستا لەلایەن قوتابییەوە و دەرمانخستووە

106. Xenophon, Anabasis, III, 1, 5.

١٠٧. مەبەست کورشی بچووکە برای ئەردەشێری دووەمی هێخامەنشییە.

108. Memorablilia. op. cit., V, 3, 7 & VII, 7, 57.

١٠٩. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ١٥، بەشی هەشتەم.

کە تەنانەت لەکاتێکدا کە هێشتا مامۆستا زیندوو و بەناوبانگە و لە شوێنە گشتییەکان نارەزایەتی دەردەبڕیت، ئەم جۆرە ئاوەژووکارییانە ئەگەری سەرکەوتنیان هەبووە.)

سەبارەت بەوە کە هەندێ لە خوارتر لەم بەندەی دەقەکەدا لەمەڕ یاساکان وتراوە، بەتایبەتی بگەڕێنەوە بۆ هەندێ بەشی ئەم دایالۆگە کە لەیادداشتگەلی ١٩ تا٢٣، بەشی هەشتەم، ئاماژەی بۆکراوە. بیروبۆچوونی تەیلۆر سەبارەت بەم بابەتە دەکەوێتە خاڵی بەرانبەری ئەو رایانەی لێرەدا خراونەتەڕوو (هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر)، بەڵام تەنانەت ئەویش ئەوە پەسنددەکات کە: "یەکەمین کەس کە پێشنیاری ئەوەی کرد بیروباوەڕی پووچەڵ[١١٠] لە یەزداناسی وەك تاوانی دژی دەوڵەت لێکبدرێتەوە، ئەفلاتوون بوو لەکتێبی دەیەمی یاساکاندا.[١١١]"

لەدەقەکە، بەتایبەتی هەردوو دایالۆگی داکۆکی و کریتۆنم لەبەرانبەر دایالۆگی یاساکان داناوە. هۆکاری ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەتوانین بڵێین هەموو لایەك، تەنانەت بورنێت و تەیلۆریش، دان بەوەدادەنێن کە داکۆکی و کریتۆن دەربڕی بیروبۆچوونەکانی سوقراتە، ئەوە لەکاتێك دایە کە دەبێ یاساکان بە دایالۆگێکی ئەفلاتوون وەسف بکەین (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر). کەواتە، تێناگەم بورنێت و تەیلۆر چۆن دەتوانن داکۆکی لەم بۆچوونە بکەن کە تێروانینی سوقرات سەبارەت بە دیموکراسی لەهی ئەفلاتوون دوژمنانەتر بووە. (بورنێت ئەم بۆچوونەی لەکتێبی **فەلسەفەی یۆنان**[١١٢] دەربڕیووە و تەیلۆر لە کتێبی لە ژێر ناوی **سوقرات**[١١٣]). من هیچ کەسێك ناناسم کە هەوڵی دابێت بەرگری لەم بۆچوونە کردبێت سەبارەت بە پیاوێکی وەك سوقرات کە لەرێگای ئازادیدا جەنگا و گیانی بەختکرد[١١٤] و لایەنگری لە رایەکی ئەوتۆ بکات سەبارەت بە ئەفلاتوون کە کتێبێکی وەك یاساکانی نووسیوە.

بورنێت و تەیلۆر بڕوایان بەم بۆچوونە سەیرە هەیە، چونکە یەکەم پابەندی ئەم بیروباوەڕەن کە کۆمار سوقراتییە نەك ئەفلاتوونی و دووەم، بەو هۆیەوە کە دەتوانین کۆمار هەندێ کەمتر لەدوو دایالۆگەکەی تری ئەفلاتوون واتە سیاسەتمەدار و یاساکان بەدژی دیموکراسی لەقەڵەم

110. False opinions
111. Taylor, op. cit., 108, note 1.
112. J. Burnet, Greek philosophy, I, 209 f.
113. A.E. Taylor, Socrates, 105 f., 170 f.
١١٤. بە تایبەتی بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٥٣ هەر لەم بەشەدا.



بدەین. بەڵام جیاوازی نێوان کۆمار لەگەڵ سیاسەتمەدار و یاساکان زۆر کەمە، بەتایبەتی ئەگەر نەك هەر بەشەکانی بەرایی، بەڵکو ئەگەر دوایین بەشی یاساکانیش وەبەرچاوبگرین. لەراستیدا، مرۆڤ چاوەڕوانی ئەوە نییە ئەم دوو کتێبە کە لانیکەم لە ماوەی دوو دەیە و رەنگە لەماوەی سێ دەیە و رەنگە زیاتریش نووسرابێتن و لەرووی زمان و شێوازی نووسین جیاوازییەکی لەرادەبەدەریان لە نێواندایە، لەهەمانکاتدا لەڕووی ئەو تیۆرانەی کە تێیاندا خراونەتەڕوو لەتەك یەکدا هاوجووت بن (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٦، بەشی چوارەم،و گەلێ شوێنیتری ئەم دوو کتێبە کە تێیاندا پێکچوون و تەنانەت یەکێتی تیۆرەکانی یاساکان و کۆمارمان خستۆتەڕوو.) بە وەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکی کۆمار و یاساکان، بچووکترین گرفت لەئارادانییە ئەگەر وادابنێین کە هەردووکیان دایالۆگی ئەفلاتوونین. بورنێت و تەیلۆر ئەوە پەسنددەکەن کە لەسەر بنەمای دەرەنجامگیری تیۆرەکانی ئەوان، دەبێ بڵێین سوقرات نەك هەر دوژمنی دیموکراسی بوو بەڵکو تەنانەت لە ئەفلاتوونیش زیاتر دوژمنایەتی دیموکراسی دەکرد. ئەمە دەریدەخات کە ئەگەر بیروباوەڕەکەیان پووچەڵیش نەبێت لانیکەم تووشی کێشە دەبێت کاتێ ئێژن نەك هەر داکۆکیو کریتۆن، بەڵکو کۆماریش سوقراتییە. لەمەڕ هەموو ئەم پرسانە، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی دواتر و بڕگەی ب(٢)، پاشکۆی ٣، لەکۆتایی ئەم پاژەدا.

**٥٦ـ** پێموایە پێویست بەقسەکردن ناکات کە ئەم رستەیە، کۆی راڤەی منە بۆ رۆڵی مێژوویی تیۆری ئەفلاتوون لەمەڕ دادپەروەری[١١٥]، بە تایبەتی دۆکترینە سیاسییە سەرەکییەکانی لە کۆماردا. لەم راڤەیەدا، دژایەتی نێوان دایالۆگە کۆنترەکان ـ بەتایبەتی گۆرگیاس و کۆمار- وەك جیاوازی بیروبۆچوونی سوقرات و بیروباوەڕی ئەفلاتوون لە قۆناغەکانی دواتر لێکدراوەتەوە. گرنگی بنەڕەتی ئەو پرسەی کە بەزۆری وەك کێشەی (شووناسی) سوقرات لەقەڵەم دەدرێت، رەنگە پاساو بۆ چوونە ناو ئەم مشتومڕە دووروودرێژە بهێنێتەوە کە لەهەندێ لایەنەوە خاوەن رووی میتۆدۆلۆژیشە.

(١) رێگا چارەی کۆنتری کێشەی سوقراتی لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە دامەزرابوو کە پۆلێك لە دایالۆگەکانی ئەفلاتوون، بەتایبەتی داکۆکی و کریتۆن، سوقراتین (واتە بەشێوەیەکی سەرەکی لەرووی مێژووییەوە راستن و مەبەست ئەوەبووە کە وەهابێت) ئەوە لەکاتێك دایە کە زۆربەی دایالۆگەکانیتر، ئەفلاتوونین، بۆ نموونەگەلێ لەو دایالۆگانەی کە سوقرات قسەکەری

١١٥. لەمەڕ شکستی ئەخلاقی سی ملهوڕەکە، بگەڕێنەوە بۆ: Xenophon, Hellenica, 11, 4, 40 -42

سەرەکییە، وەك فایدۆن و کۆمار. خاوەن ڕا کۆنەکان بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەم بۆچوونە، کسنۆفۆنیان وەك شایەت دەهێنایەوە و دەیانگوت ئەو "گەواهیدەرێکی ڕاستەوخۆ"یە و جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە "سوقرات"ی کسنۆفۆن هاوچەشنی سوقراتی دیالۆگە "سوقرات"ییەکانە ئەوە لەکاتێك دایە کە ناهاوچەشنی لەنێوان "سوقرات"ی کسنۆفۆن و "سوقرات"ی دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا هەیە. بەتایبەتی، تیۆری میتافیزیکی فۆرم یان ئایدیا، بەزۆری وەك تیۆرێکی ئەفلاتوونی دەژمێردرێت.

(٢) بورنێت هێرشیکردە سەر ئەم بۆچوونە و تەیلۆریش دەستیکرد بەپشتیوانی کردنی. بورنێت ئەو بەڵگەخوازییەی مەحکووم دەکرد (کە بەوتەی من) بناغەی "ڕێگا چارە کۆنترەکە" بوو، چونکە دەیگوت بەڵگەخوازییەکی بازنەیی[116] و قانعنەکەرە. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەبوو ڕاست نییە کە پۆلێك لە دیالۆگەکان هەڵبژێرین تەنیا لەبەرئەوەکە تیۆری ئایدیا تێیاندا گرنگییەکی کەمتری هەیە و ناوی ئەم جۆرە دیالۆگانە بنێین "سوقراتی" پاشان بڵێین ئەم تیۆرە پەیوەندی بە سوقراتەوە نییە و داهێنراوی ئەفلاتوونە. جگە لەمە، ئەو پێیوابوو ڕاست نییە ئەگەر کەسێك کسنۆفۆن بەشایەتێکی ڕاستەوخۆ لەقەڵەم بدات چونکە هیچ بەڵگەیەکمان لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بڕوا بە سەربەخۆییەکەی بهێنین، بەڵکو تەنانەت بەڵگەی پتەویش لەئارادایە سەبارەت بەوە کە کاتێ دەستی بە نووسینی کتێبەکەی خۆی کرد[117]، ئاشنایەتی لەگەڵ ژمارەیەك لە دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا هەبوو. بورنێت دەیویست گریمانەکەمان لەسەر ئەم بنەمایە بێت کە **ئەفلاتوون بەڕاستی مەبەستی هەمان ئەو شتەیە کە دەیڵێت** و کاتێ بیرۆکەیەکی تایبەتی لەزمانی سوقراتەوە دەردەبڕێت، بڕوای وایە و گەرەکیەتی خوێنەرەکانیشی بڕوایان وابێت کە ئەم بیرۆکەیە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییەکانی سوقرات.

(٣) بەڕای من، سەرەڕای ئەوەی کە بۆچوونی بورنێت سەبارەت بەکێشەی سوقراتی بۆ بەرگری لێکردن ناشێت، بەڵام لەهەمان کاتدا لەڕادەبەدەر بەنرخ و وروژێنەریش بووە. تیۆری بوێرانەی لەم جۆرە، تەنانەت ئەگەر پووچەڵیش بێت، هەمیشە بەمانای پێشکەوتنە و کتێبەکانی بورنێت تەژییە لە بیروبۆچوونی بوێرانە و لەڕادەبەدەر ناباو سەبارەت بەم بابەتە. زیاتر لەم ڕووەوە دەبێ ڕێزی ئەم شتە بگرین کە هەموو بابەتێکی مێژوویی بەردەوام مەیلی بەرەو کۆن

116. Circular
117. Memorabilia.



بوون و لەدەستدانی تەڕوتازەیی پێشووی هەیە. بەڵام ئەگەرچی ستایشی بورنێت دەکەم لەبەر تیۆرە پرشنگدار و بوێرانەکەی و ئەگەرچی نرخی بەرهەمە بەسوودەکانی دەزانم، بەپشت بەستن بەو بەڵگانەی لەبەردەستم دایە ناتوانم قەناعەت بەخۆم بێنم سەبارەت بەڕاستی ئەم تیۆرانە بەڕای من، بۆرنێت بەهۆی جۆش و خرۆشەکەیەوە، هەمیشە بەڕادەی پێویست لەمەڕ بیروباوەڕی خۆی ڕەخنەگر و هەڵسەنگێنەر نەبووە، هەربۆیە ئەوانیتر بەپێویستیان زانیوە ڕەخنەی لێبگرن.

سەبارەت بەکێشەی سوقراتی، منیش وەك گەلێ کەس لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەو بۆچوونەی وەك "ڕێگاچارەی کۆنتر" وەسف کرا، لەبنەڕەتدا ڕاستە. فیلد[118] و ڕاجێرز[119] بەم دواییانە داکۆکییان لەم ڕایە کردووە لەبەرانبەر بورنێت و تەیلۆردا و بەشێکی زۆر لەتوێژەرەکانی تریش وەك دیارە پەیڕەوی لەم بۆچوونە دەکەن. ئەو بەڵگەخوازییەی تا ئێستا خراوەتەڕوو بەرای من قانعکەرە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، مۆڵەتی ئەوە دەخوازم بەشێك لەو دەرەنجامانە بەم بەڵگەخوازییانەوە زیاد بکەم کەلەم کتێبەدا وەدەست هاتوون. بەرلەوەی ڕەخنەکانم ئاراستەی بورنێت بکەم، پێویستە بڵێیم کە لەپانتایی میتۆددا بۆ ئەم پرەنسیپە قەرزداری ئەوم کە دەڵێت: **تەنیا ئەو بەڵگانەی لەلایەن ئەفلاتوونەوە خراونەتەڕوو بەڵگەی دەستی یەکەمن کە لەبەردەستمان دان** و هەموو بەڵگەکانیتر لاوەکی (یان دەستی دوو)ن. (بورنێت ئەم پرەنسیپەی سەبارەت بە کسنۆفۆن بەکارهێناوە، بەڵام دەبێ ئێمە لەهەمبەر ئاریستۆفانسیشدا دەکاری بێنین کە بۆچوونەکانی لەلایەن خودی سوقراتەوە لەداکۆکیدا ڕەدکراونەتەوە. بچوونە سەرخوارتر بۆ سەر بڕگەی (٥)ی ئەم یادداشتە.

(٤) بورنێت ڕوونیدەکاتەوە کە بەپێی ئەو میتۆدەی هەیەتی، گریمانەی ئەوە دەکات کە "ئەفلاتوون بەڕاستی مەبەستی هەمان ئەو شتەیە کە دەیڵێت[120]." بەپێی ئەم پرەنسیپە میتۆدۆلۆژییە، مەبەستی ئەفلاتوون ئەوەبووە کە "سوقرات"ەکەی **وێنەیەکی سوقراتی مێژوویی**[121] بێت. ئەوە پەسند دەکەم کە پرەنسیپە میتۆدۆلۆژییەکەی بورنێت

118. G.C. Field, Plato and His contemporaries, 1930.
119. A.K. Rogers, the Socratic problem, 1933.
120. J. Burnet, Greek philosophy, I, 128, 212 f. & note p. 349- 350. Taylor, op. cit., 14f., 32f., 158.
١٢١. لێرەدا ئاوەڵناوی "مێژوویی" بۆ جیاکردنەوە لە وەسفی ئەفسانەیی یان خەیاڵییە.

دەستپێکێکی راستە، بەڵام هەروەك هەوڵدەدەم لە برگەی (٥)ی ئەم یادداشتەدا پێشانییبدەم، فاکتەکان بەجۆرێکن کە هەموو کەسێکو لەناویاندا بورنێت و تەیلۆر ناچاردەکەن واز لەم پرەنسیپە بێنن. ئەم دووانەش وەك هەمووکەسێکی دیکە، ناچارن وتەکانی ئەفلاتوون شرۆڤە و راڤەبکەن ـ ئەوەندە نەبێت کە ئەوانیتر ئاگاداری ئەم راستییەن و هەربۆیە هەوڵدەدەن لەراڤەکانیاندا وردەکارو رەخنەگربن، ئەوە لەکاتێك دایە کە ئەو کەسانەی شێلگیرانە لەسەر ئەو بڕوایەن کە سەرقالی راڤە و تەئویل نین و هەموو ئەو شتانە قبووڵ دەکەن کە ئەفلاتوون وتوویەتی، حەتمەن خۆیان دەخەنە دۆخێکەوە کە ئاستەمە بتوانین راڤەکانیان بەدیدێکی رەخنەگرانەوە تاوتوێ بکەین.

(٥) ئاشکرایە ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوە کە میتۆدی بورنێت بۆ پیادەکردن نەشێت و ئەو و هەرکەسێکیتر ناچاردەکات وتەکانی ئەفلاتوون راڤەبکات، ئەو دژایەتییانەیە کە لەوێنەی بانگەشەکارانەی ئەفلاتوون بۆ سوقراتدا بوونی هەیە. تەنانەت ئەگەر ئەو پرەنسیپەش قبووڵ بکەن کە بەڵگەی دیکەی باشترلە بەڵگەکانی ئەفلاتوون لە ئارادا نییە، ناچارین بەحوکمی ئەو دژایەتییانەی لەناو نووسینەکانی ئەفلاتووندا بەرچاودەکەون خۆ لە داوەریکردن لەسەر بنەمای رواڵەتی قسەکانی ببوێرین و دەست لەم گریمانەیە هەڵبگرین کە "بەراستی مەبەستی هەر ئەو شتەیە کە دەیڵێت." ئەگەر کەسێك لە بەڵگەهێنانەوەدا بکەوێتە ناو دژەگۆییەوە، ناتوانین بەڵگەکانی بێراڤە و تەئویل قبووڵ بکەین، تەنانەت ئەگەر باشترین بەڵگەی بەردەستمان بێت. سەرەتا، تەنیا سێ نموونەی ئەم دژایەتییانە دەهێنمەوە.

(الف) بەو جۆرەی سوقرات لەدیالۆگی داکۆکیدا وێنەی کێشراوە، سێکەرەت بەشێوەیەکی کاریگەر دووبارەی دەکاتەوە[١٢٢] کە حەزی لەحیکمەتی سروشتی نییە (هەربۆیە، فیساگۆری نییە). کەرەتێکیان ئێژێ: "من سەبارەت بەم شتانە هیچ نازانم، چ کەم و چ زۆر"(١٩c). جارێکیتر دەڵێت :"ئەی ئەسینییەکان، من هیچ کارێکم بەم کارانە نییە" (واتە رادەربڕین لەمەڕ سروشت). بەراشکاوی دەڵێ گەلێ لە ئامادەبووانی دادگا دەتوانن گەواهی لەسەر راستی وتەکانی بدەن، چونکە سەرەڕای ئەوەی وتەکانی ئەویان بیستووە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێك گوێی لێ نەبووە کە بەکورتی یان بەچڕوپڕی، سەبارەت بە دۆخی تایبەت بە حیکمەتی سروشتی بدوێت (داکۆکی، ١٩c ـ d).

١٢٢. داکۆکی، ١٨b_c، ١٩c_d، ٢٣d.



(الف ـ١) لەلایەکیترەوە، کۆمار و فایدۆنمان هەیە (برگەی ١٠٨d دایالۆگی دووەمیان بەراورد بکەن لەتەك هەندێ پارچەی داکۆکی کە داوای گەڕانەوە بۆیان کراوە). لەم دوو دایالۆگەدا، سوقرات وەك دانایەکی "سروشتی"ی فیساگۆری خۆدەنوێنێ و کارەکە دەگاتە جێگەیەکی ئەوتۆ کە بورنێت و تەیلۆر دەڵێن لەراستیدا یەکێك بووە لەئەندامە دیارەکانی قوتابخانەی فیساگۆری. (بگەڕێنەوە بۆ ئەرستۆ کە ئێژێ :"باسەکانیان (واتە هی فیساگۆرییەکان) هەمووی لەمەڕ سروشتەوەیە"، میتافیزیك، کۆتاییەکانی برگەی ٩٨٩b).

من بڕوام وایەکە (الف) و(الف ـ١) زۆر بەئاشکرا لەتەك یەکتردا دژایەتییان هەیە. ئەو شتەیکە رەوشەکە خراپتر دەکات ئەوەیە کە ڕێکەوتی گێڕانەوەی دایالۆگەکانی کۆمار و فایدۆن، بەڕیز، پێشوپاش ڕێکەوتی گێڕانەوەی داکۆکییە. لەم رووەوە دەبێ وادابنێین کە سوقرات لەدوایین ساڵەکانی ژیانیدا، واتە لەماوەی نێوان نووسینی کۆمار و داکۆکیدا دەستی لەرێبازی فیساگۆری هەڵگرتووە و لەدوایین مانگەکانی ژیانیدا چووەتە ناو ریزی ئەم رێبازەوە. هیچ کام لەم دوو گریمانەیە ناشێت بۆ بەیەکەوە گونجاندنی (الف) و(الف ـ١).

ناڵێم بۆ نەهێشتنی ئەم دژایەتییە هیچ رێگایەك لەئارادانییە و ناتوانین پەنابەینە بەرهیچ گریمانە یان راڤەیەك. رەنگە بورنێت و تەیلۆر بەڵگەو لەوانەیە بەڵگەی بەهێزیشیان هەبێت بۆئەوەی لەجیاتی داکۆکی، متمانە بەفایدۆن بکەن. (بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەو وێنەیەی ئەفلاتوون کێشاویەتی راستە، ئەوسا هەموو جۆرە گومانێك سەبارەت بەراستگۆیی سوقرات لە داکۆکی، دەیگۆڕێ بۆ کەسێك کە بۆ رزگارکردنی خۆی درۆدەکات.) بەڵام جارێ ئیشم بەم پرسانەوە نییە. ئەو خاڵەی گەرەکمە روونی بکەمەوە ئەوەیە کە ئەگەر بورنێت و تەیلۆر دەیانەوێت برگەی (الف) لەبەرانبەر برگەی (الف ـ١)دا هەڵبژێرن، ناچار دەبن گریمانە سەرەکییەکەی خۆیان بەلاوە بنێن لە میتۆدۆلۆژی کە دەڵێت :"مەبەستی ئەفلاتوون هەمان ئەو شتەیە کە دەیڵێت" یاخود بەجۆرێکی تر دەبێ راڤە و تەئویل بکەن.

بەڵام راڤەیەك کە بەشێوەیەکی نائاگایانە بکرێت، حەتمەن هەڵنەسەنگێنراو دەردەچێت. نموونەی ئەم حاڵەتە، سوودوەرگرتنی بورنێت و تەیلۆرە لە وتەکانی ئاریستۆفانس. ئەوان پێیان وایە کە ئەگەر سوقرات یەکێك نەبوایە لە حەکیمە سروشتییەکان، ئەوا گاڵتەکانی ئاریستۆفانس مانایان نەدەبوو. بەرێکەوت سوقرات رێك پێشبینی ئەم بەڵگەخوازییەی کردبوو (منیش وەك بورنێت و تەیلۆر هەمیشە گریمانەکەم لەسەر ئەوە دادەمەزرێنم کە داکۆکی خودان

واقیعیەتێکی مێژووییە). لە داکۆکییەکانی خۆیدا، هۆشدار بە دادوەرەکان دەدات بۆ خۆبواردن رێك لە راڤەیەکی ئەوتۆی وتەکانی ئاریستۆفانس و بەو پەڕی جدییەتەوە تەکەز لەسەر ئەوە دەکات[١٢٣] کە هەرگیز بەهیچ چەشنێك کاری بەحیکمەتی سروشتی نەبووە. وەك بڵێی سوقرات هەستی بەوە کردبێت لەگەڵ سێبەرەکانی رابردوو دەجەنگێ[١٢٤]، بەڵام ئێستا بۆمان دەردەکەوێت کە لەگەڵ نیسێکانی داهاتووش جەنگاوە. ئەو بانگی هاوشارییەکانی خۆی کرد و وتی: وەرنەپێش، ئەوەی بڕوا بەقسەکانی ئاریستۆفانس دەکات و بوێری ئەوەی هەیە من بەدرۆزن ناوزەود بکات. **تەنانەت یەك کەسیش نەهاتە پێش**. دەبووایە ٢٣٠٠ ساڵ تێپەربێت تا سەرەنجام هەندێ لە ئەفلاتوونییەکان بڕیاربدەن وەڵامی بانگەوازەکەی بدەنەوە.

پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکەین کە ئاریستۆفانی نەیاری میانرۆی دیموکراسی، لەبەر سۆفیست بوون هێرشی دەکردە سەر سوقرات و زۆربەی سۆفیستەکان دێموکرات بوون.

(ب) لەداکۆکی (٤٠C بەدواوە)، سوقرات لەبەرانبەر پرسی مانەوەی (گیان)[١٢٥]، هەڵوێستی نازانمخوازی هەڵدەبژێرێ.

(ب ـ١) دایالۆگی فایدۆن بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەرگۆمێنتی تێروتەسەل بۆ سەلماندنی نەمری گیان[١٢٦] پێکهاتووە، بورنێت لەچاپەکەی خۆیدا بۆ فایدۆن[١٢٧]، ئەم کێشەیە تاوتوێ دەکات بەڵام بەڵگەخوازییەکانی بەهیچ چەشنێك من قانع ناکەن (لەتەك یادداشتەکانی ٩ و٧ و٤٤ی ئەم دەقەدا هەڵیبسەنگێنن). هەرچۆنێ بێت، چ لەسەر هەق بێت و چ لەسەر هەق نەبێت، توێژینەوەکەی دەیسەلمێنێت کە ناچاربووە ئەو پرەنسیپە بەلاوە بنێت لە میتۆدۆلۆژیادا کە خۆی بڕوای پێی هەبووە و خەریکی **راڤەکردنی** وتەکانی ئەفلاتوون دەبێت.

(ج) سوقراتی دایالۆگی داکۆکی پێیوایە دانایی تەنانەت لەمەڕ داناترین کەسیش بریتییە لەوەی کەسەکە بزانێ ئەوەی دەیزانێت چەندە کەمە و هەربۆیە تێبگات کە پەیڤەکەی ڤەخشوەری پەرستگای دێلفی کە دەڵێت "خۆت بناسە" دەبێ بەم مانایە راڤە بکرێت کە

١٢٣. داکۆکی، ١٩C بەدواوە و هەروەها e_٢٠C.

١٢٤. داکۆکی، d_e ١٨.

125. Survival
126. Immortality of the soul
127. Phaedo, 1911, pp. XLVIII ff.



"ئاگات لە کەموکوڕی و کێماسییەکانی خۆت بێت". بەشێوەیەکی لاوەکی فەرمانڕەواکان لەهەموو کەسێك زیاتر دەبێ ئاگاداری کەموکوڕییەکانی خۆیان بن. بیروباوەڕی هاوچەشنی ئەمە لەسەرجەم دایالۆگە کۆنەکانی تریشدا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام لە سیاسەتمەدارو یاساکاندا، قسەکەرە سەرەکییەکان بڕوایان بەم بۆچوونە هەیە کە دەبێ بەهێزەکان دانابن. لێرەدا، بەپێچەوانەی رابردوو، مەبەست لە دانایی هۆشیاری تاکەکەس نییە لەسەر کێماسییەکانی خۆی، بەڵکو پەی بردنە بەرازە قووڵترەکانی فەلسەفەی دیالێکتیکی ـواتە تێگەیشتنی پێژنی (شهودی) فۆرم یان ئایدیاو فێربوونی زانستی پاشایانەی سیاسەت. هەر ئەم تیۆرە لە دایالۆگی فیلیبوسیشدا وێڕای قسەکردن لەسەر پەیڤی ڤەخشوەری پەرستگای دێلفی دەخرێتەڕوو. (بەراوردی بکەن لەتەك یادداشتی ٢٦، بەشی حەوتەم).

(د) جگە لەم سێ پاراگرافە کە پڕە لەدژایەتی کوشندە، پێویستە ئاماژە بەم سێ پەرەگرافە پڕ لەدژایەتییەی دیکەش بکەم کە رەنگە لەروانگەی ئەو کەسانەی بڕوایان بەرەسەنایەتی **نامەی حەوتەم** نییە، چاوپۆشی لێ بکرێت، بەڵام بەڕای من گورزێکی تەزێنەر لە تیۆری برنێت دەدات چونکە بڕوای بەڕەسەنایەتی ئەم نامەیە هەیە. تیۆرەکەی بورنێت تەنانەت بە چاوپۆشیکردن لەم نامەیەش بۆ بەرگری لێکردن ناشێت[١٢٨]. دەڵێ سوقرات بڕوای بە تیۆری ئایدیا هەبوو نەك ئەفلاتوون. ئەم بۆچوونە دژایەتی لەگەڵ پارچەی ٣٤٢aی نامەی ناوبراودا هەیە و رایەکەی تری سەبارەت بە سوقراتی بوونی کۆمار، لەتەك پارچەی ٣٢٦aی ئەم نامەیەدا دژایەتی هەیە (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١٤، بەشی حەوتەم). ئاساییەکە تاکە رێگای نەهێشتنی ئەم دژوارییانە، پەنابردنە بەر راڤە و تەئویلە.

(ه) چەند پاراگرافێکی پڕ دژایەتی هاوچەشن بەڵام لەهەمان کاتدا ناسکتر و گرنگتریش لەئارادان کە لەبەشەکانی رابردوو، بەتایبەتی بەشەکانی شەشەم و حەتەم و هەشتەم بەتێر و تەسەلتری توێژینەوەیان لەسەرکراوە و گرنگترینیان بەکورتی بەم جۆرەیە :

(ه ـ١) لەو وێنەیەی ئەفلاتوون دەکێشێتەوە، تێڕوانینی سوقرات لەهەمبەر مرۆڤەکان و بەتایبەتی لاوان بەچەشنێك ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت کە ناتوانین وەك رەوتی ئاڵوگۆڕی سوقرات لێکی بدەینەوە. سوقرات خۆشەویستییەکی یەکجار زۆری دەرهەق بە گەنجەکان لەدڵ دابوو و

١٢٨. سەبارەت بەم پرسە بەشێوەیەکی گشتی، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٢٦(٥)، بەشی سێیەم.

گیانی خۆی لەسەر ئەوە دانا کە مافی ئەوەی هەبێت ئازادانە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. بەڵام سەیردەکەن لەکۆماردا ساردوسڕ و بێ‌متمانەیە و وەك کەسێکی گەورەتر لەبەرانبەر کەسە بچووکەکان هەڵسوکەوت دەکات. ئەم حاڵەتە بەحاڵەتی بێزاری (بێگانەی ئەسینی" دەچێت لەیاساکاندا (کە دەبێ دان بەوە دابنێین کە ئەفلاتوون خۆیەتی)و هاوچەشنی هەستی بەدگومانییە لەهەمبەر مرۆڤ کە بەزۆری لەبەرهەمەکانیدا بەرچاو دەکەوێت (هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ١٧ و١٨ی بەشی چوارەم، یادداشتەکانی ١٨ تا٢١، بەشی حەوتەم و یاداشتەکانی ٥٧ و ٥٨ی بەشی هەشتەم.

(هـ ـ٢) سەبارەت بە تێڕوانینی سوقرات لەهەمبەر ڕاستی و ئازادی ڕادەربڕینیش دەتوانین هەر بەم جۆرە بدوێین. ئەو لەم ڕێگایەدا گیانی بەختکرد. بەڵام "سوقراتی" دیالۆگی کۆمار، لایەنگر و بەرەڤانکاری درۆزنییە. لە سیاسەتمەداردا کە پێویستە دان بەوە دابنێین دیالۆگێکی ئەفلاتوونییە، پێشنیاری ئەوە دەکرێت درۆزنی جێگەی ڕاستی بگرێتەوە.

لەیاساکاندا، ئازادی هزر لە ڕێگای دامەزراندنی دەستەیەك بۆ پشکنینی بیروباوەڕەکان سەرکوت دەکرێ. (بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو جێگایەی ناوم هێنا لەگەڵ یادداشتەکانی ١ تا٢٣ و ٤٠ تا٤١، بەشی هەشتەم‌و یادداشتی ٥٥ لەم بەشەدا).

(هـ ـ٣) سوقراتی دیالۆگی داکۆکی و هەندێ لە دیالۆگەکانی‌تر، بیرمەندێکی خاکەڕێیە. لەفایدۆندا دەبێتە پیاوێك کە بێگومانە سەبارەت بە حەقیقەتی ڕا دەربڕینە میتافیزیکییەکانی خۆی. لە کۆماردا، بیریارێکی دۆگماتیستە و تێڕوانینێکی ئەوتۆ هەڵدەبژێرێت کە هێندە لە ئوتوریتەخوازی سیاسەتمەدارو یاساکان دوورنییە. (هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ یادداشتەکانی ٨ تا١٤، بەشی حەوتەم، یادداشتگەلی ١٥ و٣٣ بەشی هەشتەم و بەندی (ج) لەم یادداشتەی ئێستادا).

(هـ ـ٤) سوقراتی دیالۆگی داکۆکی لایەنگری تاکگەراییە و بڕوای بەخۆبەسی تاك هەیە. لەگۆرگیاسیشدا هێشتا بڕوای بە تاکگەرایی هەیە، بەڵام لە کۆماردا، لە ڕەگ و ریشەوە پابەندی کۆگەراییەو هەڵوێست و تێڕوانینەکانی گەلێ بەهەڵوێستی ئەفلاتوون دەچێت لەیاساکاندا (بەراوردی بکەن بە یادداشتەکانی ٢٥ و٣٥، بەشی پێنجەم، دەقی تایبەت بە یادداشتەکانی ٢٦ و٣٢ ٣٦ و٤٨ تا ٥٤ لەبەشی شەشەم و یادداشتی ٤٥ لەم بەشەدا).



(هـ ـ٥) دەتوانین سەبارەت بە یەکسانیخوازی سوقراتیش تێبینی لەم چەشنە بخەینەروو. لە مێنون، دان بەوە دادەنێت کە تەنانەت دەتوانرێت کوێلەیەکیش کە لەهۆش و عەقڵی گشتی مرۆڤ بەهرەمەندە فێری ماتماتیکی پەتی بکرێت. لەگۆرگیاسدا، بەرەڤانی لەتیۆری یەکسانیخوازی دادپەروەری دەکات. بەڵام لە کۆماردا، سووکایەتی بە کرێکار و کوێلەکان دەکات و لێیان بێزارە و وەك ئەفلاتوون لە تیمایۆس‌و یاساکاندا، دژایەتی یەکسانیخوازی دەکات. (هەڵبیسەنگێنن لەتەك ئەو پارچانەی کە لەبەندی (هـ ـ٤) ئاماژەیان بۆکراوە و بگەڕێنەوە بۆ یاداشتەکانی ١٨ و٢٩، بەشی چوارەم، یادداشتی ١٠، بەشی حەوتەم و یادداشتی ٥٠(٣)، بەشی شەشەم کە تێیدا پارچەی ٥١e تیمایۆس وەرگیراوە).

(هـ ـ٦) سوقراتی دیالۆگی داکۆکی و کریتۆن، وەفادارە بەدیموکراسی ئەسینا. لە مێنون و گۆرگیاسدا[١٢٩]، هەندێ بابەت بەرچاو دەکەوێت کە هەڵگری ڕەخنەیەکی دوژمنانەیە. لە کۆمار(و بەبڕوای من، لە مێنکسنوس)دا، بە ئاشکرا دوژمنی دیموکراسییە. لە سیاسەتمەدار و بەشە بەراییەکانی یاساکاندا، ئەفلاتوون لە دەربڕینی بابەتەکان پارێزێکی زیاتر دەکات بەڵام لەبەشەکانی دواتری یاساکان دا، هەمان مەیلی سیاسی "سوقراتی" کۆمار خۆ دەردەخات. (هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ یادداشتگەلی ٥٣ و٥٥ لەم بەشەدا و یادداشتەکانی ٧ و١٤ تا ١٨، بەشی چوارەم).

دەتوانین بۆ پشتڕاستکردنی دوایین خاڵ ئاماژە بەم بابەتانەی خوارەوە بکەین. وادێتە بەرچاوکە لە داکۆکیدا، سوقرات نەك هەر وەفادارە بەدیموکراسی ئەسینا، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەنا دەباتە بەر دەستەی لایەنگری دیموکراسی و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکێك لە گەرموگوڕترین موریدەکانی کە ناوی خایرفۆنە، لەریزی ئەمان دایە. خایرفۆن لەداکۆکیدا ڕۆڵێکی هەستیار دەگێڕێت، چونکە بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ڤەخشوەری (دێلفی) خۆ دەبوێری لە سازشکردن لەگەڵ خەڵکی ڕەشۆك[١٣٠] سوقرات ئەم کەسە گرنگە بە پشتبەستن بەم شتە دەناسێنێ[١٣١]و دەڵێت خایرفۆن نەك هەر هاوڕێیەتی بەڵکو دۆستی خەڵکیشە و لەکاتێ تاران (نەفی)دا لەتەکی بووە و لەگەڵیدا گەڕاوەتەوە. (وەك دیارە خایرفۆن لەجەنگ لەگەڵ سی ملهوڕەکەدا بەشدار

١٢٩. هەڵبیسەنگێنن لە تەك یادداشتی ٤٥ هەر لەم بەشەدا.

130. Demos

١٣١. داکۆکی، ٢١a /٢٠e.

بووە.) یاخود بەجۆرێکیتر، سوقرات یەکێك لە دیموکراتە بەغیرەتەکان وەك شایەتی سەرەکی داکۆکی کردن لەخۆی هەڵدەبژێرێت. (هەندێ بەڵگەی سەربەخۆش کە دەربڕی مەیلە (سیاسییەکانی) خایرفۆنە لەئارادایە، وەك شانۆنامەی **هەورەکان**، نووسینی ئاریستۆفانس (١٠٤ و١٠٥ بەدواوە). رەنگە خایرفۆن بۆیە لە دیالۆگی خارمیدس دا دەردەکەوێت هەتا جۆرە هاوسەنگییەك دروست بکات ئەگینا ئامادەیی دوو کەسی دیاری وەك کریتیاس و خارمیدس لەوانەبوو والێکبدرێتەوە کە ئەم دیالۆگە وەك راگەیەنراوێکە بۆ لایەنگریکردن لە سی ملهوڕەکە.) بۆچی سوقرات جەخت لەسەر پەیوەندی نزیکی خۆی دەکاتەوە لەگەڵ ئەندامانی خەباتگێڕی دەستەی لایەنگری دیموکراسی؟ ناتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە لەپێناو وەدەستهێنانی بەزەیی دادوەرەکان پەنای بۆ ئەم کارە بردووە، چونکە سەرلەبەری رۆحی داکۆکییەکانی دژی ئەم گریمانەیەیە. نزیکترین گریمانە ئەوەیە کە سوقرات بە ئاماژەکردن بۆ بوونی لایەنگەرەکانی لە کەمپی دیموکراسیدا، دەیەویست بەشێوەیەکی لاوەکی نکۆلی لەم تۆمەتە (دیسان لاوەکییە) بکات کە پەیڕەوکاری دەستەی لایەنگری ئەرستۆکراتو مامۆستای ملهوڕەکانە. رۆحی دیالۆگی داکۆکی دژی ئەم گریمانەیەیە کە سوقرات بێئەوەی بەراستی لایەنگری ئارمانجی دیموکراسی بووبێت، پەنای بۆ دۆستایەتی کردنی یەکێك لەرێبەرە دیموکراتەکان بردبێت. دەتوانین لە پارچەیەکیتری (d ـ٣٢b) ئەم دیالۆگەشدا بگەینە ئەم دەرەنجامەکە تێیدا سوقرات جەخت لەسەر ئیمانی نوێ بە مەشروعییەتی دیموکراسی دەکاتەوە و بە دەربڕینێکی راشکاوانە، سی ملهوڕەکە مەحکوم و ریسوا دەکات.

(٦) بەڵگەکانی ناوخودی دیالۆگەکانی ئەفلاتوون ناچارمان دەکەن گریمانەی ئەوە بکەین کە بڵێین ئەم دیالۆگانە بەتەواوی خودان واقیعیەتی مێژوویی نین. لەم رووەوە، دەبێ ئەم بەڵگانە بخەینە ژێر راڤە و شرۆڤەکردنەوە، واتە هەندێ تیۆر بخەینەڕوو کە بتوانن بەسوود وەرگرتن لە میتۆدی تاقیکردنەوە و هەڵە، بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لەگەڵ بەڵگەکان پێڤانیان بکەین. بەپێی هەندێ بەڵگەی زۆر بەهێز دەتوانین بڕوا بەوە بێنین کە داکۆکی بەشێوەیەکی سەرەکی خاوەن واقیعیەتێکی مێژووییە، چونکە تاکە دیالۆگێکە کە رووداوێکی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگ و ناسراوی لای کۆمەڵانێکی زۆری خەڵك وەسف دەکات. لەلایەکیترەوە، دەزانین کە (جگە لە دیالۆگی ئێپی نۆمیس کە گومان لە رەسەنایەتییەکەی دەکرێت) یاساکان دوایین نووسینی ئەفلاتوون و دیالۆگێکی بەئاشکرا "ئەفلاتوونییە". کەواتە، سادەترین گریمانە ئەوەیە کە بێژن هەموو دیالۆگێك تا جێگەیەك سوقراتییە و دارای واقعیەتی مێژووییە کە



لەتەك مەیلەکانی ناو داکۆکی دا هاوجووت بێت و لەهەر شوێنێکدا دژی ئەم مەیلانە بێت، ئەفلاتوونییە. (ئەم گریمانەیە بەکردەوە دەمانگێرێتەوە سەر هەڵوێستێك کە لەسەرەوە بە "رێگا چارەی کۆنتر"ی کێشەی سوقراتی ناوزەدم کرد.)

ئێستا ئەگەر ئەم مەیلانە وەبەرچاوبگرین کە لەسەرەوە لەژێر ناوی (هـ ـ١) تا (هـ ـ٦) ژماردمانن، دەرفەتی ئەوە دێتە ئاراوە کە بەئاسانی گرنگترین دیالۆگەکان بەرِیز پۆلین بکەین. پۆلین کردنەکە لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت کە لەهەمبەر هەر کام لەم مەیلانە، پێکچوونی (هەر دیالۆگێك) لەگەڵ دیالۆگی سوقراتی داکۆکی دا تا چ ڕادەیەك کەم دەبێتەوە و لەتەك دیالۆگی ئەفلاتوونی یاساکاندا چەندە زیاد دەبێت. ئەو خشتەیەی دەستمان دەکەوێت بەم جۆرەیە :

داکۆکی و کریتۆن، مێنون، گۆرگیاس، فایدۆن، کۆمار، سیاسەتمەدار، تیمایۆس، یاساکان. لەم پۆلین کردنەی سەرەوەدا، دیالۆگەکان بەپێی هەموو مەیلەکان، لە (هـ ـ١) تا (هـ ـ٦) رێکخراوە. ئەم راستییە لەخودی خۆیدا ئەم تیۆرە پشت راست دەکات کە لەگەڵ جۆرە رەوتێکی ئاڵوگۆڕ لەهزری ئەفلاتووندا بەرەوڕووین. بەڵام جگە لەمە، دەتوانین بەڵگەی سەربەخۆی دیکەش بەدەستبێنین.

توێژینەوە "شێوازپێوییی"یەکان[١٣٢] دەریدەخات کە پۆلینەکەمان، لەگەڵ سەردەمی نووسینی دیالۆگەکان لەلایەن ئەفلاتوونەوە هاوجووتە. هەروەها لەم پۆلێن کردنەدا، هۆگرییەکی بەردەوام روو لەزیاد بەرچاو دەکەوێ سەبارەت بەرێبازی فیساگۆری (و قوتابخانەی ئەلیایی.) کەواتە دەبێ ئەمەش مەیلێکیتر بێت لە ئاڵوگۆڕی هزری ئەفلاتوون دا.

بەڵگەخوازییەکی تریش لەئارادایە کە زۆر جیاوازە. لەسەر بنەمای شایەتی خودی ئەفلاتوون لە دیالۆگی فایدۆن دا، دەزانین کە ئانتیس تنیس یەکێك بووە لە نزیکترین یاوەرانی سوقرات. هەروەها ئەوەش دەزانین کە ئانتیس تنیس بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئارمانجی راستەقینەی سوقراتی پاراستووە. بەڵام چەتوونە بڕوا بەوە بکرێت کە ئەمە دۆستی سوقراتی ناو کۆمار بێت. کەواتە، پێویستە "خاڵێکی دەستپێکی هاوبەش بدۆزینەوە کە رێنماییەکانی ئانتیس تنیس و ئەفلاتوون لەم خاڵەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەم خاڵە هاوبەشە، سوقراتی وێنەکراوی ناو

132. “Stylometric” investigation

داکۆکی و کریتۆنە، هەروەها هەندێ لە دۆکترینەکانی نێو مێنون و گۆرگیاس و فایدۆن کە بەزمانی ئەوەوە دەکرێت.

ئەم بەڵگەخوازییانە نەك هەر بەتەواوی سەربەخۆن لەهەموو نووسینەکانی ئەفلاتوون کە لەهەموو سەردەمێکدا گومانی جیددیان لەسەر بووە (وەك **ئالکیبیادسی یەکەم** یان **تیاگس** یان **نامەکان**)، بەڵکو لە شایەتییەکانی کسنۆفۆنیش سەربەخۆیە و تەنیاو تەنیا لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە دامەزراوە کە لەناو هەندێ لە بەناوبانگترین دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا دەست دەکەون. هەروەها هاجووتییەك لەئارادایە لەنێوان بەڵگەخوازییەکان و پارەگرافێکی تایبەتی لە بەڵگەیەکی لاوەکی بەتایبەتی **نامەی حەوتەم**، کە ئەفلاتوون تێیدا وێڕای شیکردنەوەیەکی سەرپێی رەوتی ئاڵوگۆڕی هزری خۆی (٥٢٥ بەدواوە)، بەراشکاوی و بێ ئەوەی دەرفەتی هەڵە لەئارادابێت، پارچەی بنەڕەتی کۆمار بە دەربڕی **دۆزینەوەی سەرەکی خۆی** دەناسێنێت و دەنووسێ: "من ناچار دەبووایە رابگەیەنم... کە رەگەزی مرۆڤ هەرگیز لە بارودۆخی ناخۆشی خۆی رزگاری نابێت تەنیا ئەو رۆژە نەبێت کەیان رەگەزی فەیلەسووفە رەسەن و راستەقینەکان دەسەڵاتی سیاسی دەگرنە دەست یان فەرمانڕەوای شارەکان لەژێر دلۆڤانی یەزدانیدا دەبن بە فەیلەسووفی راستەقینە." (**نامەی حەوتەم**، ٣٢٦a، هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١٤، بەشی حەوتەم و بەندی (د) هەر لەم بەشەی ئێستادا). تێناگەم چۆن کەسێك دەشێت لەگەڵ بورنێت هاودەنگ بێت و رەسەنایەتی ئەم نامەیە قبوڵ بکات بێ ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە ئەو رووخسارەی ئەفلاتوون لەکۆماردا بۆ سوقراتی دەکێشێت خودان واقیعیەتی مێژوویی نییە و دەست لەم ئەفسانەیە هەڵبگرێت. (بۆ ئەوەی بەڵگەی زیاترمان وەدەست هێنابێت، بگەڕێنەوە بۆ هەندێ رستەی **رەدکردنەوەی بەڵگەخوازی سۆفیستی**، دانانی ئەرستۆ: "سوقرات پرسیارەکانی دەخستەڕوو بەڵام هیچ بەرسڤێکی نەدەدایەوە، چونکە دانی بەوە دادەنا کە نازانێت." ئەم بابەتە لەگەڵ ناوەرۆکی داکۆکی دا دەگونجێت، بەڵام بەزەحمەت لەگەڵ ئەو شتەدا سازگارەکە لەگۆرگیاس دا ئاماژەی بۆکراوە و بەهیچ جۆرێك لەتەك فایدۆن یان کۆماردا ناگونجێت. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ گێڕانەوەی بەناوبانگی ئەرستۆ سەبارەت بە کورتە مێژووی تیۆری ئایدیا کە بەشێوەیەکی شیاوی ستایش لەلایەن فیلدەوە (هەمان کتێب) لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و هەروەها لەگەڵ یادداشتی ٢٦، بەشی سێیەمدا هەڵیبسەنگێنن.)



(٦) بەڵگەی لەو جۆرەی کە بورنێت و تەیلۆر دەیخەنەڕوو لەبەرانبەر ئەم جۆرە بەڵگانەدا قورساییەکی ئەوتۆیان نییە. هەر بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەم حاڵەتەی خوارەوە بکەین. بورنێت وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم بۆچوونەی خۆی کەبیروباوەڕی سیایی ئەفلاتوون لەهی سوقرات میانڕەوییانەتر بووە و خانەوادەی ئەفلاتوون تارادەیەك مەیلی "ئازادیخوازانە"یان هەبووە، پەنا بۆ ئەم بەڵگەخوازییە دەبات کە ناوی یەکێك لە ئەندامانی خێزانی ئەفلاتوون "دیمۆس"[١٣٣] بووە. (بگەڕێنەوە بۆ گۆرگیاس ٤٨١b، ٥١٣b. حەتمی نییە بەڵام رێگەی تێدەچێت کە دیمۆس خزمی ئەفلاتوون بێت و پوریلامپێسی[١٣٤] باوکی کە ناوی لێرەدا هاتووە، بەراستی هەمان ئەو کەسە بێت کەلە خارمیدس (١٥٨a)و پارمیندس (١٢٦b) وەك زڕباوکی ئەفلاتوون ئاماژەی بۆکراوە.) گەرەکمە بزانم ئەمە چ قورساییەکی هەیە بەراورد لەگەڵ پێشینەی مێژوویی دووخاڵە ملهوڕەکەی ئەفلاتوون، بەراورد لەگەڵ پارچە جێماوەکانی کریتیاس (کە تەنانەت ئەگەر بورنێتیش لەسەر هەق بێت ـ کە لەسەر هەق نییە ـ بتوانین ئەم پارچانە بخەینە پاڵ باوە گەورەی ئەو[١٣٥]، بەم حاڵەش نووسینگەلی بنەماڵەی ئەفلاتوونن)، بە بەراورد لەگەڵ ئەم فاکتە کە باوکی کریتیاس سەر بە ئولیگارشی چوارسەد کەسی بوو[١٣٦]،و سەرەنجام بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی خودی ئەفلاتوون کە تێیاندا غورووری بنەماڵەیی نەك هەر لەتەك مەیلی دژە دیموکراسی بەڵکو لەتەك مەیلی دژە ئەسینیشدا ئاوێتە دەبێ؟ (بگەڕێنەوە بۆ تیمایۆس، ٢٠a، کە تێیدا یەکێك لە دوژمنەکانی ئەسینا کە ناوی هێرمۆکراتسە و خەڵکی سیسیلە و باوکی ژنی دیۆنوسیوسی گەورەیە، ستایشی دەکرێت.) هەڵبەتە مەبەستی پەنهانی ناو بەڵگەخوازییەکەی بورنێت، بەهێزکردنی ئەو تیۆرەیە کە کۆمار سوقراتییە. نموونەیەکیتری بەکارهێنانی میتۆدی پرکەموکوڕی بەڵگەخوازی تەیلۆرە کە بۆ لایەنگریکردن لەسوقراتی بوونی فایدۆن[١٣٧]، دەڵێت[١٣٨]: "لە فایدۆن (٧٢e)دا...

---

١٣٣. Demos بەیۆنانی بەمانای "خەڵك".

134. Pyrilampes

١٣٥. بەراوردی بکەن لەگەڵ: J. Burnet, Greek philosophy, I, 338, note I. و هەروەها لە تەك خارمیدس، ١٥٧e و ١٦٢d کە تێیدا ئاماژە بە بەهرەی شاعیرێتی کریتیاسی ملهوڕ کراوە.

136. Lys, 12, 66.

137. Taylor, op. cit., p. 148, note 2., p. 162.

١٣٨. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٩، بەشی حەوتەم.

سیمیاس[١٣٩] بەڕاشكاوی لەكاتی دوان لەگەڵ سوقراتدا ئێژێ[١٤٠] كە دۆكترینی 'فێربوون هەمان ناسینەوەیە[١٤١] لەراستیدا هەر ئەو دۆكترینەیە كە تۆ وەها بەردەوام دووبارەی دەكەیەوە'. بەڕای من، ئەم ئەرگۆمێنتە دەیسەلمێنێ كە تیۆری ناوبراو بەراستی هی سوقراتە، ئەگەر نەمانەوێت فایدۆن بە جۆرە پەنهانكارییەكی مەزن و نەبەخشراو لە قەڵەم بدەین." (بۆ ئاگاداربوون لە بەڵگەخوازییەكەی هاوچەشنی ئەمە، بگەڕێنەوە بۆ فایدۆن، چاپی بورنێت، ل XII، كۆتاییەكەی بەشی دووەم.) سەبارەت بەمە دەتوانین بەم چەشنەی لای خوارەوە ڕای خۆمان دەربڕین :

(الف) لێرەدا تەنیا **گریمانەی ئەوە دەكەین** كە ئەفلاتوون لەكاتی نووسینی ئەم پارچەیەدا، خۆی بە **مێژوونووس** داناوە، چونكە ئەگەر وانەبێت ناتوانین بۆچوونەكانی بە "جۆرە پەهانكارییەكی مەزن و نەبەخشراو" لەقەڵەم بدەین. بەجۆرێكیتر، ڕێك هەمان بەشی ئەو تیۆرە كە لەهەمووان زیاتر جێگەی گومانە و گرنگییەكی لەڕادەبەدەری هەیە، دەكرێتە گریمانەی بابەتەكە.

(ب) بەڵام ئەگەر ئەفلاتوون خۆیشی بە مێژوونووس دانابێت (كە بەڕای من خۆی بەمە دانەدەنا) پێدەچێت دەستەواژەی "جۆرە پەنهانكارییەكی مەزن و نەبەخشراو" لەڕادەبەدەر توند و ڕەقە. ئەو كەسەی جەختی لەسەر وشەی "تۆ" كردۆتەوە (تۆخی كردووە)، تەیلۆرە نەك ئەفلاتوون. لەوانەیە ئەفلاتوون تەنیا ویستبێتی ئاشنایەتی خوێنەر لەگەڵ ئەم تیۆرە، وەك بەڵگەنەویست سەیر بكات. یان ڕەنگە مەبەستی ئاماژەكردن بێت بەمێنون و هەربۆیە بەخۆی. (بە وەبەرچاوگرتنی پارچەی ٧٣b فایدۆن و ئاماژەكردن بە شكڵە ئەندازیارییەكان، بەڕای من ئەم شڕۆڤەی دواییان، تاڕادەیەك و بێئەملاو ئەولاو ڕاستە.) یان لەوانەیە ئەفلاتوون بەهۆیەك لە هۆیەكان تووشی هەڵە هاتبێت. ئەم شتە تەنانەت بەناچار بۆ مێژوونووسەكانیش دێتە پێش. بۆ نموونە بورنێت دێنینە بەرچاوی خۆمان كە بڕیار وایە چوونی سوقرات بۆ سەر ڕێبازی فیساگۆری شڕۆڤە بكات. بۆ ئەم مەبەستە، لەجیاتی ئەوەی پارمیندس وەك قوتابی كسنۆفانس بناسێنێ، بە پەیڕەوكاری فیساگۆرس لەقەڵەمی دەدات و سەبارەت بە كسنۆفانس

139. Simmias

١٤٠. تەیلۆر تووشی هەڵە بووە، ئەو كەسەی ئەم قسانە دەكات، كبسە.

١٤١. Recognition. یان بە لێكدانەوەی زۆربەی وەرگێڕەكانی ئەفلاتوون recollection (=وەبیرهێنانەوە).



دەنوسێت[١٤٢]: "پێدەچێت ئەم چیرۆكە كە ئەو قوتابخانەی ئەلیایی دامەزراند، لە یەكێك لە وتە گاڵتە ئامێزەكانی ئەفلاتوونەوە سەرچاوەی گرتبێت كە لەسەر بنەمای ئەمە دەتوانین بیسەلمێنین كە هۆمیرۆسیش یەكێك لە پەیڕەوەكانی هێراكلیتوس بووە." لەژێر لاپەڕەكەدا بورنێت ئەم بابەتە درێژە پێدەدات :"ئەفلاتوون، سوفیست، ٢٤٢d، بگەڕێنەوە بۆ **فەلسەفەی یۆنان**[١٤٣] (چاپی دووەم) ل ١٤٠". بەڕای من، وتەیەكی ئەوتۆ لەلایەن مێژوونووسێكەوە، بەهۆی ئیلتزامەوە دەلالەت لەچوار شت دەكات :(١) پارچە نووسراوەكەی ئەفلاتوون كە تێیدا ئاماژە بەكسنۆفانس دەكرێت گاڵتەئامێزە، واتە مەبەستێكی جیددی تێدانییە، (٢) ئەم بەزمەساتە لە ئاماژەكردن بۆ هۆمیرۆس خۆدەنوێنێ، واتە (٣) لەم وتەیەدا دەردەكەوێت كە هۆمیرۆس لەسەردەمێكی زۆر زووتر لەهێراكلیتوس دا ژیاوە، (٤) هیچ بەڵگەیەكی جیددی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە كە كسنۆفان بە قوتابخانەی ئەلیایی ببەستێتەوە. بەڵام هیچ كام لەسێ دەلالەتە ئیلتزامییانە ڕاست نین، چونكە ئەگەر سەیری بكەین : (١) پارچەی ناوبراو لە دیالۆگی سۆفیست (٢٤٢d) كە ئاماژە بۆ كسنۆفان دەكات، بەهیچ چەشنێك گاڵتەئامێز نییە، بەڵكو خودی بورنێت لەو پاشكۆیەدا كە بۆشیكردنەوەی میتۆدی كاركردن بەكتێبی **فەلسەفەی كۆنی یۆنانییەوە** زیاد كردووە، جەخت لەسەر گرنگییەكەی دەكاتەوە و دەڵێت لێوانە لە زانیاری بەنرخی مێژوویی" (٢) لەم پارچەیەدا هیچ ئاماژەیەك بە هۆمیرۆس بەرچاو ناكەوێت، (٣) لە تیاتۆس دا پارچەیەك دەبینرێ[١٤٤] كە بورنێت لەبەرگی یەكەمی **فەلسەفەی یۆناندا** بە هەڵە لەگەڵ پارچەی ٢٤٢d سۆفیست دا تێكەڵاوی كردووە (ئەم هەڵەیە لە چاپی دووەمی **فەلسەفەی كۆنی یۆناندا** دووبارە نەكراوەتەوە)و تێیدا ئاماژە بە هۆمیرۆس دەكرێت بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە كسنۆفانس ناكرێت ئەوە جگە لەوەی كە نەك هەر هۆمیرۆس وەك پەیڕەوكاری هێراكلیتوس ناناسێنێت، بەڵكو ڕێك بەپێچەوانەوە ئێژێ بیرۆكەكانی هێراكلیتوس لەرووی كۆنیەوە دچنەوە سەر هۆمیرۆس (كە هەڵبەتە ناتوانین بڵێین قسەیەكی گاڵتە ئامێزە)، (٤) بەبێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی دیۆگنس لایرتیوس نووسیویەتی[١٤٥]، لە نووسینەكانی

142. J. Burnet, Greek philosophy, I, 64.

١٤٣. Early Greek philosophy. نووسینێكی دیكەی بورنێت كە چەندین جار لەم كتێبەدا سوودی لێوەرگیراوە.

١٤٤. تیای تیتۆس، ١٧٩d/e، بەراوردی بكەن لەگەڵ ١٥٢d/eو ١٦٠d.

145. Diog. Laert., IX, 21- 23, or Timaeus op. clement storm, I, 64.2.

تیۆفراستوس[١٤٦]ـ یشدا پارچەی گرنگ و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت کە بەشێك لەو بیروبۆچوونانەی کە دەزانین لەنێوان پارمێندس و کسنۆفانس دا هاوبەش بن، دەخاتە پاڵ کسنۆفانس و بەم چەشنە، پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دووانەدا دروست دەکات. ئەو هەموو بەدحاڵیبوون و خراپ راڤەکردن و هەڵەیە لە خواستنی وتەو بەلاوەنانی نابەجێ و گومڕاکەر، هەر هەموویان لە پەیڤێکی مێژوونووسێکی بەراستی گەورەی وەك بورنێتدا بەرچاو دەکەون. دەبێ پەند لەم دۆزە وەربگرین کە شتی ئەوتۆ تەنانەت بۆ باشترین مێژوونووسەکانیش دێتە پێش و هیچ کەسێك نییە کە هەڵەو چەوتی نەکات (نموونەی خراپتری ئەم جۆرە هەڵەو چەوتییانە لە یادداشتی ٢٦(٥)دا، بەشی سێیەم، تاوتوێ کراوە).

(٨) گریمانەی ئەوەمان کردووە کە مێژووی ئەو پۆلە لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوون کە لەم بەڵگەخوازییانەدا پشکیان هەبووە، کەم تا زۆر هەمان ریزبەندی پێڕیستی لۆتوسلاڤسکیە کە لەسەر بنەمای شێوازپێوی ئامادەکراوە[١٤٧]. لەبەشی سێیەم یادداشتی ٥، خشتەیەکمان خستۆتەڕوو لەو دیالۆگانەی ئەفلاتوون کە رۆڵیکیان هەبووە لەدەقی ئەم کتێبەدا. لەم خشتەیەدا، مێژووی {دانانی دیالۆگەکان} لەنێو هەر گرووپێکدا {لە مێژووی} گرووپەکان لەبەرانبەر یەکتر زیاتر جێگەی گومانە. تاکە لارێیەکی بچووك کە لەم خشتەیەی شێوازپێویدا روویداوە، سەبارەت بە ئیوتۆفرۆنەکە کەبە وەبەرچاوگرتنی ناوەڕۆکەکەی، من پێموایە رەنگە پاش کریتۆن نووسرابێت ( بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦٠، لەم بەشەدا). بەڵام ئەم خاڵە گرنگ نییە (بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٤٧ لەم بەشەدا).

**٥٧ـ** لە **نامەی دووەمدا** (٣١٤c)، هەندێ رستەی بەناوبانگ و تاڕادەیەك گێژکەر بەرچاو دەکەوێ: "ئەفلاتوون نەهیچ نووسینێکی هەیە و نە هەرگیز دەبیێت. ئەوەی بەناوی ئەوە ناسراوە، بەراستی هی سوقراتە کە گەنج و جوان[١٤٨] بۆتەوە." رەنگە رێگاچارەی راستی ئەم مەتەڵە ئەوە بێت کە ئەگەر نەڵێین سەرتاسەری نامەکە، لانیکەم ئەم رستانە ساختەن "بگەڕێنەوە بۆ فیلد[١٤٩] کە هۆکارەکانی بەدگومانی سەبارەت بەم نامەیە ـ بەتایبەتی پارچەکانی "٣١٣c ـ ٣١٢d و رەنگە تا ٣١٤c"ـ بەشێوەیەکی جوان کۆبەند بکات. سەبارەت

146. Theophrastus, phys. Op., fragm. 8= simplicius, phys., 28, 4.
147. W. lutoslawski, The origin and Growth of Plato’s logic, 1897.
148. Young and handsome
149. G.C. Field, Plato and His contemporaries, p. 200 f.



بە ٣١٤c، هۆیەکی زێدەترە رەنگە ئەوەبێت کە ساختەکار مەبەستی ئەوە بووە پەل بۆ وتەیەکی هاوچەشن لە **نامەی حەوتەم** (٣٤١b/c) باوێژێت کە لەیادداشتی٣٢، بەشی هەشتەم، وەرمانگرتووە، یان ویستوویەتی ئەم وتەیە بەم شێوازە راڤە و تەئویل بکات.) بەڵام تەنانەت ئەگەر یەك چرکەساتیش لەگەڵ بورنێتدا هاوڕا بین[١٥٠]و گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم پارچەیە رەسەنە، بۆمان دەردەکەوێت کە وشەگەلی "گەنج و جوان بۆتەوە" بێگومان کێشە دروست دەکات، بەتایبەتی چونکە ناتوانین ئەم وەسفە بەمانا راستەقینەکەی لێك بدەینەوە لەبەرئەوەی لەهەموو دیالۆگەکانی ئەفلاتووندا، سوقرات وەك پیاوێکی بەساڵاچوو و ناشیرین خۆی دەنوێنێ (هەڵبەتە جگەلە دیالۆگی پارمیندس کە تێیدا هەرچەندە رووخسارێکی جوانی‌نیە بەڵام هێشتا گەنجە). لەلایەکی‌ترەوە، رەسەنی ئەم وتە بەو مانایە دەبێت کە ئەفلاتوون بە ئانقەست وێنەیەکی ئایدیالی و نامێژوویی لە سوقرات خستۆتەڕوو[١٥١]و ئەمە بەتەواوی لەگەڵ راڤەکەی ئێمەدا دەگونجێت ـواتە ئەفلاتوون لەراستیدا ئاگایانە دەستیکردووە بەدروستکردنەوەی رووخساری سوقرات لەشێوەی ئەرستۆکراتێکی گەنج و جوان کە هەمان رووخساری خۆیەتی (بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١١(٢)، بەشی چوارەم، یادداشتی ٢٠(١)، بەشی شەشەم ٥٠(٣)، بەشی هەشتەم).

**٥٨ـ** وتە وەرگیراوەکە هی پێشەکی دیڤیس و ڤانە بۆ کۆمار کە لەلایەن خۆیانەوە وەرگێڕدراوە. هەڵبیسەنگێنن لەگەڵ کراسمەن، **ئەفلاتوون، ئەمڕۆ**، ل٩٦.

**٥٩ـ**(١) یەکێك لەگرنگترین کاریگەری خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بەتایبەتی کۆمار ئەوەیە کە لەهەناوی خودی ئەودا شەقار یان دابڕانێك بوونی هەیە. تەنیا کەسێك کە ناچاربێت جەنگ بۆ پاراستنی زاڵبوون بەسەر نەفسی خۆی یان سەقامگیرکردنی سەروەری عەقڵ بەسەرغەریزە ئاژەڵییەکانی خۆی بکات، لەتوانایدا هەیە وەك ئەفلاتوون ئەو هەمووە جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکاتەوە. (بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو پارچانەی کە لەیادداشتی ٣٤، بەشی پێنجەم، داوای گەڕانەوە بۆیانمان کردووە، بەتایبەتی داستانی **"دێوەزمەی (چەند سەری)" ناو**

150. J. Burnet, Greek philosophy, I. 212.

١٥١. سەرنجڕاکێشە کە محمد حسن لطفی بەم جۆرە وەریگێڕاوە:"سوقرات... شێوەیەکی ئایدیالی وەرگرتووە و دەستی بەژیان کردووە..." (**کۆمەڵە بەرهەمی ئەفلاتوون**، بەرگی٣، ل١٩٥٥). وەك دیارە وەرگێڕانەکەی لەتەك ئەم راڤەیەی پۆپەردا دەگونجێت.

مرۆڤ (کۆمار، ٥٨٨c) کە لەوانەیە چاوگێکی ئۆرفیسی هەبێت و ئەو پارچانەی کە لەیادداشتەکانی ١٥(١) تا ١٥(٤) و١٩، بەشی سێیەمدا ئاماژەیان بۆکراوە کە نەك هەر پێکچوونێکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵ تیۆرەکانی دەروونشیکاری (=پسیکانالیتیك) هەیە بەڵکو رەنگە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە پێشاندەری نیشانەکانی چەپاندنە[١٥٢]. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی کتێبی نۆیەم {کۆمار}، ٥٧١d و٥٧٥a کە هەر دەڵێیی بۆ دوان لەسەر تیۆری گرێی ئودیپ[١٥٣] نووسراوە. پارچەی ٥٤٨e ـ٥٤٩d کۆمار رەنگە تاڕادیەکی زۆر تێروانینی ئەفلاتوون سەبارەت بەدایکی روون بکاتەوە، بەتایبەتی بەسەرەنجدان لەوەکە لە٥٤٨eدا گلاوکۆنی برای وەك هەمان ئەو کوڕە دەناسێنرێ کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.)* کلسن[١٥٤] و فایت[١٥٥] هەوڵیانداوە ویستی هێز لە ئەفلاتوون لەرووی دەروونناسییەوە شیبکەنەوە. ئەوان بەباشترین شێوە دژایەتییە ناوەکییەکانی ئەفلاتوونیان خستۆتەڕوو.*

ئەو ئەفلاتوونیانەی ئامادەنین دانبەوەدابنێن کە لەسەربنەمای ئارەزووی ئەفلاتوون بۆ یەکیەتی و هەماهەنگی و یەکدەنگی دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئەوخۆی تووشی پەرتبوون و پەرێشانی و ناهەماهەنگی ببوو، دەبێ ئەوە بێننەوە بیری خۆیان کە ئەم جۆرە بەڵگەخوازییە یەکێك لەداهێنانەکانی خودی ئەفلاتوونە. (بەراوردی بکەن بەخوان، ٢٠٠a بەدواوە، کە تێیدا سوقرات دەڵێت ئەم دەرەنجامە پێویستیە (زەرووریيە) نەك رێتێچوو (محتمل) کە ئەو کەسەی حەزی لێیە یان ویستێکی لەدڵ دایە، ئەو شتەی نییە کە حەزی لێیەتی یان لەدڵی دایە[١٥٦]).

ئەو شتەی من بە **تیۆری سیاسی ئەفلاتوون لەمەڕ گیانەوە** ناوزەدم کردووە (بگەڕێنەوە بۆ دەقی تایبەت بەیادداشتی٣٢، بەشی پێنجەم)ـواتە پۆلێن کردنی گیان بەپێی دابەشکردنی چینایەتی کۆمەڵگاـ ماوەیەکی دوورودرێژ بناغەی زۆربەی دەروونناسییەکان بووە و بنەمای دەروونشیکارییە. بەپێی تیۆری فرۆید، ئەوی لەلایەن ئەفلاتوونەوە بەبەشی باڵادەستی گیان ناوزەد دەکرێت، هەوڵدەدات کۆنترۆلی ملهوڕانەی خۆی بەیارمەتی "سانسۆر" بپارێزێت، ئەوە لەکاتێك دایە کە غەریزە ئاژەڵیە پرۆلیتێر و راپەڕیوەکان (کە جیهانەکەیان هاوجووتە لەگەڵ

152. Repression
153. Oedipus comolex
154. H. Kelsen in the American Imago, vol, 3, 1942, pp. 1-100.
155. Werner fite, The Platonic legend, 1939.

١٥٦. یاخود بە جۆرێکیتر، هەموو کەسێك ئەو شتەی دەوێت کە نییەتی.



جیهانی نهێنی و ژێرزەمینی کۆمەڵگا) لەراستیدا جۆرە دیکتاتۆرییەکی شاراوە پیادە دەکەن چونکە ئەوان سیاسەتی فەرمانڕەوایی دیاری ناوبراو دەست نیشان دەکەن. لەو کاتەوە کە هێراکلیتوس چەمکەکانی "رەوان"و"جەنگ"ی هێنایە ئاراوە، بەو تیۆر و میتافۆر و سیمبۆلانەی کە هەوڵدەدەین بەهۆی ئەوانەوە مانایەك بەجیهانی فیزیکی دەوروبەر و (تەنانەت خۆشمان) بدەین، بەتوندی لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونانەدا بووە کە لەبەستێنی کۆمەڵگا بەدەستیان دێنین. تەنیا ئەوەندە بەسە ئاماژە بەتیۆری رکەبەرایەتی کۆمەڵایەتی بکەین کە داروین لەژێر کاریگەری مالتۆس[١٥٧]دا هەڵیبژارد.

(٢) لێرەدا گەرەکمە هەندێ تێبینی **لەمەڕ عیرفان** و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای داخراو و کۆمەڵگای کراوەو فشاری شایستانییەت بخەمە ڕوو.

هەروەك مەك تەگەرت[١٥٨] لەخوێندنەوە بەنرخەکەی خۆی لەژێرناوی **عیرفان**[١٥٩] دەریخستووە، دوو وێنەی ینەڕەتی لەعیرفاندا هەیە: (الف) تیۆری **یەکیەتی عیرفانی**[١٦٠]، واتە بڕوابوون بەوەکە لە جیهانی راستیەکان[١٦١]دا، یەکیەتیەك بوونی هەیە زیاتر لەوەی ئێمە لەجیهانی {هەست و} ئەزموونی ئاساییدا دەیناسین،و (ب) تیۆری پێژنی عیرفانی[١٦٢]، واتە بڕوابوون بەوە کە رێگایەکی مەعریفی هەیە کە "ناسێنەر و ناسراو دەخاتە پەیوەندییەکی نزیکتر و راستەوخۆتر" لەپەیوەندی نێوان سوژەی ناسێنەر[١٦٣]و ئۆبژەی ناسێنراو[١٦٤] لەجیهانی {هەست و} ئەزموونی ئاسایی. مەك تەگەرت بەهەق رای وایە کە "یەکیەتی عیرفانی لەم دوو تایبەتمەندییە بنەماییترە" چونکە پێژنی عیرفانی "مسداقێکی یەکیەتی عیرفانییە" (ل٤٨).

١٥٧. T.R. Malthus (١٧٧٦ـ١٨٣٤) ئابووریناسی ئینگلیزی، خاوەن کتێبی بەناوبانگی لێکۆلینەوە لە بنەماکانی دانیشتوان.

١٥٨. John Mac Taggart Ellis MacTaggart (١٨٦٦ـ١٩٢٥). فەیلەسووفی هیگڵی ئینگلیزی.

159. J.M.E. Mactaggart, Mysticism (philosophical studies, S.V. Keelin, ed., 1934, esp. pp. 47 ff.)
160. World of realities
161. Mystic intuition
162. the know, what is know
163. Knowing subject
164. Known object

دەتوانین ئەمەش زیاد بکەین کە سێیەمین خەسڵەت کە دیسان کەمتر رەهەندی بنەمایی هەیە، بریتییە لە (ج) **ئەڤینی عیرفانی**[165] کە نموونەیەکی یەکیەتی عیرفانی و پێژنی عیرفانییە.

خاڵی سەرنجڕاکێش (کەمەك تەگەرت فەرامۆشی کردووە) ئەوەیە کە لەمێژووی فەلسەفەی یۆناندا، تیۆری یەکیەتی عیرفانی بۆ یەکەمین جار بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا لەلایەن پارمیندسەوە وێڕای دۆکترینەکەی سەبارەت {بوونی} یەك ئاماژەی بۆکراوە کە لەسەر بناغەی گشتگەرایی دامەزراوە[166]، دواتر لەلایەن ئەفلاتوونەوە خرایەڕوو کە دۆکترینێکی تێروتەسەلی لەمەڕ پێژنی عیرفانی و پەیوەندی لەگەڵ خودی یەزدانی پێوە زیادکرد[167] و هەر سەرەتای ئەم بیرۆکەیەیە کە لەرێنماییەکانی پارمیندس دا بەرچاو دەکەوێ، پاشان ئەرستۆ قسەی لەسەرکرد، بۆ نموونە لە کتێبی **گیان**[168] کە دەڵێت: "بیستنی بەکردەوە و دەنگی بەکردەوە ئاوێتە دەبن و دەبن بەیەك"[169] (بەراوردی بکەن لەگەل کۆمار، ٥٠٧c بەدواوە، {گیان}، ٤٣٠a٢٠ و٤٣١a١ :" مەعریفەی بەکردەوە لەتەك بابەتەکەیدا یەکێکە"، هەروەها بگەڕێنەوە بۆ **گیان**، ٤٠٤b١٦و **میتافیزیك**، ١٠٧٢b٢٠ و١٠٧٥a٢، تیمایۆس، ٤٥b ـ c و ٤٧a ـ d، مێنون، ٨١a بەدواوە و فایدۆن، ٧٩d)، و سەرەنجام تیۆری یەکیەتی عیرفانی لەلایەن نییو ئەفلاتوونییەکانەوە خرایەوەڕوو کە هاوکات بەدووروردرێژی تیشکیان خستەسەر ئەڤینی عیرفانی و هەر سەرەتای ئەم بابەتەیە کە لەنووسینەکانی ئەفلاتووندا بەرچاو دەکەوێت (بۆ نموونە لەتیۆرەکەی لەمەڕ (کۆمار، ٤٧٥ بەدواوە) ئەوە کە فەیلەسووف عاشقی حەقیقەتە، ئەم تیۆرە

165. Mystic love

١٦٦. بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٤١ هەر لەم بەشەدا.

١٦٧. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی هەشتەم.

168. De Anima

١٦٩. مەبەستی ئەرستۆ هەروەك خۆی لەم بەندەی کتێبی **گیان** روونی کردۆتەوە، ئەوەیە کە رەنگە کەسێك خودان هێزی بیستن بێت بەڵام دەنگێ لەئارادا نەبێت بۆ ئەوەی بیبیستێ و لەوانەیە شت دەنگی هەبێت لێ بەکردەوە دەنگی نەیەت. کاتێ شت دەنگی بێت و کەسێ بیبیستێ، هەم بیستن لەهێزەوە دەگۆڕێ بۆ کردەوەو هەم دەنگ و ئەم دووانە دەبن بەیەك و یەکیەتی لەنێوان هەستیار (حاس)و هەستپێکراو (محسوس) دروستدەبێت. ژێدەر:

Aristotle, De Anima, tr., J.A. Smith, in the Basic works of Aristotale, ed., Richard Mckeon, Random House, N. y., 1941



پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ بڕوابوون بە گشتگەرایی و پەیوەندی فەیلەسووف لەگەڵ حەقیقەتی یەزدانی).

بە سەرنجدان لەم راستییانە و بە وەبەرچاوگرتنی ئەو شیکردنەوە مێژووییەی خستمانەڕوو، دەگەینە ئەم دەرەنجامە کە دەبێ عیرفان وەك دژکردەوەیەکی نیشاندەر لەهەمبەر لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمەڵگای داخراو راڤە بکەین ـ ئەو دژە کردەوەیەی کە لەبنچینەدا هەڵێدەکوتایە سەر کۆمەڵگای کراوە و دەتوانین وەك راکردنێك بەرەو ئامێزی خەونی بەهەشت وەسفی بکەین، ئەو بەهەشتەی کەتێیدا یەکیەتی خێڵەکی وەك حەقیقەتێکی نەگۆڕ و بەردەوام خۆی دەنوێنێت.

ئەم راڤەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ راڤەکەی برگسۆن لەکتێبی **دوو سەرچاوەی ئەخلاق و دین دا** دژایەتی هەیە، چونکە ئەو ئێژێ ئەوەی دەبێتە هۆی بازدان لە کۆمەڵگای داخراوەوە بەرەو کۆمەڵگای کراوە، عیرفانە.

※ هەڵبەتە (هەروەك جیکوب واینەر بەسوپاسەوە لەنامەیەکدا ئاگاداری کردمەوە) دەبێ دان بەوە دابنێین کە عیرفان بەرادەیەك سیمای جیاوازی هەیە کە دەکرێ لەهەمموو لایەنێکی سیاسیدا بەکاربهێنرێ، تەنانەت لەنێو پێشەواکانی کۆمەڵگای کراوەشدا عیرفان و عارفەکان نوێنەریان هەیە. بێگومان، ئیلهامی عیرفان بوو کە نەك هەر بووبە سروشی ئەفلاتوون بەڵکو بووبە ئیلهام بۆ سوقراتیش سەبارەت بە جیهانێکی باشتر و کەمتر پارچە پارچە.※

شایانی ئاماژە پێکردنە کە لەسەدەی نۆزدە، بەتایبەتی لای هیگڵ و برگسۆن، لەگەڵ جۆرە **عیرفانێکی پەرەسەندنی**[170]دا بەرەوڕوو دەبینەوە کە ستایشی گۆڕان دەکات و هەرلەم رووەوە وادێتە بەرچاو کە لەتەك نەفرەتی پارمیندس و ئەفلاتوون لە گۆڕان، لەدژایەتییەکی راستەوخۆ دابێت. بەڵام راستی ئەوەیە کە هەردوو جۆرە عیرفانەکە لەپشت بەستن بە ئاڵوگۆڕدا زێدەڕۆیی دەکەن و ئەمە دەریدەخات کە هەردووکیان لەسەر بنەمای تاکە ئەزموونێك دامەزراون. هەردووکیان پەرچەکردارن لەبەرانبەر ئەزموونی تۆقێنەری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا: ئەوەندە نەبێت کە یەکیان بەهیوای ئەوەیە کە گۆڕان بوەستێت، ئەویتریان گۆڕان بە شتێکی واقیعی و زاتی و جێگەی دڵخۆشی لێکدەداتەوە و بەشێوازێکی هیستریك (و بێگومان، تێکەڵ بەدژە ئاراستەی راکێشان و فڕێدان) قبوولێدەکات. هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتگەلی ٣٢

170. evolutionary mysticism

و٣٣، بەشی یازدەهەم، یادداشتی ٣٦، بەشی دوازدەهەم،و یادداشتگەلی ٤ و٦ و٢٩ و٣٢ و٥٨، بەشی بیست و چوارەم.

٦٠ـ ئیوسۆفرۆن یەکێکە لە دایالۆگە کۆنەکان، بەزۆری وەك هەولێکی بێئاکامی سوقرات بۆ پێناسەکردنی خۆپارێزی یان دینداری[١٧١] لێکدەدرێتەوە. ئیوسۆفرۆن خۆی نموونەیەکی گاڵتەجاڕانەی رەشۆکی "دیندار"ە و رێك دەزانێ خواوەندەکان چییان دەوێت. سوقرات دەپرسێ :" دینداری چییە و بێدینی کامەیە؟" ئەو بەرسڤدەداتەوە: "دینداری هەر ئەو کارەیە کەمن دەیکەم! دەبێ راوەدووی هەموو کەسێك بنێیت کە گوناهەکەی کوشتن یان سووکایەتی بە پیرۆزییەکان و تاوانێکی لەم جۆرەیە، جاچ باوکت بێت یان دایکت و ئەگەر وانەکەیت، بێدینی." (٥d/e). ئیوسۆفرۆن گەرەکیەتی راوەدووی باوکی بنێت چونکە کۆیلەیەکی کوشتووە. (بەپێی ئەو بەڵگانەی گرۆت هێناوییەتەوە[١٧٢]، هەموو هاووڵاتییەك بەپێی یاسای ئاتیکا ئەرکی سەرشانی بوو کە لەم حاڵەتەدا خوازیاری راوەدونان بێت.)

٦١ـ مینکسنۆس، ٢٣٥b. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی٣٥ هەر لەم بەشە و کۆتاییەکانی یادداشتی١٩، بەشی شەشەم.

٦٢ـ کۆمەڵە کەسێك بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەگەر هێمنی و دڵنیاییتان دەوێت دەبێ دەست لەئازادی هەڵگرن. ئەم بانگەشەیە بووەتە یەکێك لە کۆڵەکەکانی راپەڕین دژی ئازادی، بەڵام بەهیچ جۆرێك راست نییە. هەڵبەتە لەژیاندا هێمنی و دڵنیایی رەها بوونی نییە، وەلێ هەموو دڵنیاییەك کە وەدەست بێت، پەیوەندی بە چاوەدێری و هۆشیاری ئێمەوە هەیە کە دەزگاکان بۆ ئەم کارە یارمەتی و هێزمان پێدەبەخشن، واتە **دەزگا دیموکراتیکەکان** کە (بە وتەی ئەفلاتوون) توانای ئەوە بە مێگەل دەدات چاودێری سەرسەگە پاسەوانەکان بێت و حوکمیان لەسەر بدات.

٦٣ـ سەبارەت بە "جۆراوجۆری"و "پشێوی" بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٥٤٧a کە لەدەقی تایبەت بەیادداشتی ٣٩ و٤٠، بەشی پێنجەم، ئاماژەی بۆکراوە. رەنگە دڵەراوکێی ئەفلاتوون سەبارەت بەپرسی تایبەت بە وەچەخستنەوە و بەرگرتن لەزۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەهەندێ لایەنەوە بشێت لەسەر بنەمای ئەم فاکتە شرۆڤە بکرێت کە ئەو دەرەنجامە لاوەکییەکانی گەشەی

171. piety
172. G. Grote, Plato, I, p. 312 note



دانیشتوانی دەرك دەکرد. "دابەزین"و لەدەست چوونی بەهەشتی خێڵەکی[١٧٣] هۆبەندی گوناهی "سروشتی"و "رەسەنی" مرۆڤە کە لەرێکخستنی رادەی سروشتی لەدایکبوون و وەچەخستنەوە تووشی هەڵە هاتووە. بەرارووردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٣٩(٣)، بەشی پێنجەم و یادداشتی ٣٤، بەشی چوارەم. سەبارەت بە وتە وەرگێراوەکەی دواتری ئەم بەندە، بگەڕێنەوە بۆ کۆمار،٣٦٦e و دەقی تایبەت بەیادداشتی ٢٠، بەشی چوارەم. کراسمەن لەهەمبەر حکوومەتی ملهوڕان لەمێژووی یۆنان دا باسێکی لێزانانە پێشکەش دەکات (**ئەفلاتوون، ئەمرۆ**، ل٢٧ـ ل٣٠) دەنوسێت: "کەواتە ملهوڕەکان بوون کە بەراستی **دەوڵەتی** یۆنانیان دروستکرد. ئەوان رێکخراوی خێڵەکی حکوومەتی بەدەویی ئەرستۆکراتیان وردوخاش کرد..."(هەمان کتێب، ل٢٩). ئەمە روونی دەکاتەوە بۆچی ئەفلاتوون رەنگە تەنانەت لەئازادیش زیاتر لەحکوومەتی ملهوڕانە بێزار بووە (هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ کۆمار، ٥٧٧c، بەڵام هەروەها بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی ٦٩، ئەم بەشەش). لەو بەشانەدا کە ئەفلاتوون لەمەڕ حکوومەتی ملهوڕانە دەدوێت (بەتایبەتی ٥٦٥ ـ٥٦٨)، شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی پڕشنگدار لەدەسەڵاتبازی بەردەوامی سیاسی دەدات بەدەستەوە. حەزدەکەم ئەم شیکردنەوەیە وەك یەکەمین هەوڵ بۆ دامەزراندنی **لۆژیکی دەسەلات**[١٧٤] ناوزەد بکەم. (ئەم زاراوەیەم بە بەراورد لەگەڵ زاراوەی **لۆژیکی هەڵبژاردن**[١٧٥] وەرگرتووە کە فون هایك لەبەستێنی تیۆری ئابووری پەتیدا سوودی لێوەردەگرێت.) لۆژیکی دەسەڵات تاڕادەیەك سادەیە و بەزۆری بەشێوازێکی لێزانانە بەکارهاتووە. جۆری دژە سیاسەتەکەی، زۆر دژوارترە، چونکە لۆژیکی دژە دەسەڵاتبازی سیاسی **ـواتە لۆژیکی ئازادی**[١٧٦]ـ هێشتا بەباشی دەرك ناکرێت.

٦٤ـ هەموو لایەك دەزانن کە زۆربەی پێشنیارە سیاسییەکانی ئەفلاتوون، بۆ نموونە پێشنیاری ئیشتراك (=کۆمونیزم) لە ژن و منداڵدا، "لە کەش و هەوای" سەردەمی پریکلسدا هاتە ئاراوە. هەڵیبسەنگێنن لەتەك کورتەی بەنرخی ئادام بۆ چاپەکەی خۆی بۆکۆمار، بەرگی١، ل٣٥٤،٭ و لەگەڵ کتێبی وینسپیر، **سەرهەڵدانی هزری ئەفلاتوون**(١٩٤٠).٭

١٧٣. بەراوردی بکەن لەگەڵ دەقی تایبەت بە یادداشتی ٧ هەر لەم بەشەدا.

174. Logic of power
175. Logic of choice
176. Logic of freedom

**٦٥ـ** ویلفردۆ پارێتۆ، **نامیلکەیەك لەمەڕ کۆمەڵناسی گشتی**[١٧٧]، پاژی ١٨٤٣( وەرگێڕانی ئینگلیزی لەژێر ناوی **زەین و کۆمەڵگا**[١٧٨]، ١٩٣٥، بەرگی٣، ل١٢٨١). بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی١، بەشی سێزدەهەم، کە تێیدا ئەم پارچەیە بەشێوەیەکی دوورودرێژ وەرگیراوە.

**٦٦ـ** شێوازی دەربڕینی تیۆری لۆکۆفرۆن لەلایەن گلاوکۆنەوە کاریگەری لەسەر کارنیادس[١٧٩] و دواتر هۆبز دانا. گەلێ لە مارکسیستەکان لەرواڵەتدا وادەنوێنن کە خەمساردن سەبارەت بە "ئەخلاق" کە ئەم خۆی بەڵگەیەکی دیکەی قسەکانمانە. زۆربەی کات چەپگەراکان بڕوایان نییە بە پابەند بوونان بە ئەخلاق. (هەرچەندە ئەم شتە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بابەتەکەوە نییە، بەڵام هەندێ جار دڵگیرترو خاکەڕێیانەترە لە حاڵەتی دۆگم و خۆپێ لەسەرهەقی گەلێ لە ئەخلاقگەرا کۆنەپەرستەکان).

**٦٧ـ** **پارە**، یەکێکە لە سیمبۆلەکان و یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگای کراوە. گومانی تێدانییە ئێمە هێشتا بەناو چاودێری عەقڵانی بەسەر بەکارهێنانەکەیدا زۆنەچووینە. پارە دەتوانێ دەسەڵاتی سیاسی بکرێت و ئەمە گەورەترین کەڵکی خراپ وەرگرتن لەپارەیە. (ئاشکراترین شێوازی ئەم خراپ بەکارهێنانە، دەزگای کۆیلە فرۆشییە. لەکۆمار (٥٦٣b بەرەڤانی لەم دەزگایە دەکرێت[١٨٠]. ئەفلاتوون لەیاساکانیشدا دژی نفوزی سیاسی سامان نییە[١٨١]). لەروانگەی کۆمەڵگایەکەوە کە لەسەر بنەمای تاکگەرایی دامەزرابێت، پارە تارادەیەك گرنگە، چونکە بەشێکە لە دەزگای **بازاڕی** (لەهەندێ لایەنەوە) **ئازاد** کە تا ئەندازەییەك ئەو توانایە بەکار دەبەخشێت کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان بکات. بەبێ ئەم جۆرە دەزگایە، لەوانەیە بەرهەم هێنەر بەڕادیەك جڵەوی بازار بگرێتە دەست کە ئیدی لەپێناو بەکاربردن بەرهەم نەهێنێت و بەکاربەر لەپێناو ئەوەی بەرهەمهێنان بەردەوام بێت، (شمەك) بەکاربهێنێت. ئەو کەڵکی خراپ وەرگرتنە قێزەونەی هەندێ جار لەپارە وەردەگیرێت، هەندێ هەستیاری کردووین. ئەم بەرانبەرێتییەی ئەفلاتوون لەنێوان پارەو دۆستایەتی دایدەنێت،

177. V. pareto, Treatise on General sociology.
178. The Mind and society.

١٧٩. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٥٤، بەشی شەشەم.

١٨٠. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ١٧، بەشی چوارەم.

١٨١. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٠(١)، بەشی شەشەم.



یەکەمین هەنگاوی ئەو هەوڵە زۆرانەیە کە ئاگایانە یان ناخود ئاگایانە بۆ سوود وەرگرتن لەم هەستوسۆزانە لەرێگای پڕوپاگەندی سیاسی ئەنجامدراوە.

**٦٨ـ** ئاساییە رۆحی گرووپگەرایی خێڵەکی بەتەواوی بارگە و بنەی نەپێچاوەتەوە، بەڵکو هێشتا لەهەستی زۆر بەنرخی دۆستایەتی و هاوڕێیەتیدا خۆی دەنوێنێ و هەروەها بزووتنەوەی لاوان کە لەژێر کاریگەری رۆحی خێڵ پەرستیدایە، وەك پێشەڕەوان (یان بزووتنەوەی لاوانی ئەڵمانیا)و هەندێ لە کلوپو ئەنجوومەنەکانی بەساڵاچوانی وەك ئەوەی لە {رۆمانی} بەبیت، بەرهەمی سینگلەر لویس[١٨٢] وەسف کراوە، بەرچاو دەکەوێت. رەنگە هیچ ئەزموونێکی سۆزداری و جوانناسانە بەڕادەی ئەم هەستە گشتییەتی نەبێت، نابێ گرنگییەکەی بەکەم سەیر بکەین. دەتوانین بڵێین هەموو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، چ تۆتالیتێر و چ مرۆڤدۆستانە، دەکەونە ژێر کاریگەرییەکەیەوە. ئەو رۆڵەی ئەم هەستە لەجەنگاوەرەکاندا دەیگێڕێت زۆر گرنگە و لەراپەڕین دژی ئازادی یەکێك لە بەهێزترین ڕمەکانە. هەڵبەتە لەئاشتی و لە راپەڕین دژی ملهوڕەکانیش هەر بەم جۆرەیە، بەڵام لەم حاڵەتەدا، مەیلە رۆمانتیکەکان، ماهییەتی مرۆڤدۆستانەی ئەم هەستە دەخەنە مەترسییەوە. رەنگە یەکێك لەو هەوڵانەی کە مەبەست و ئاگایی و تاڕادەیەك بە سەرکەوتنەوە بۆ وەستاندنی کۆمەڵگاو بەردەوامی بەخشین بە حکوومەتی چینایەتی ئەنجام درابێت، پێکهێنانی سیستەمی {پەروەردەیی} قوتابخانە تایبەتییەکان[١٨٣] بێت لە ئینگلتەرا. (دروشمی ئەم سیستەمە، رستەیەکە بەم جۆرە کە لە کۆمار(٥٥٨b) وەرگیروە :"هیچ کەسێك ناتوانێت کە گەورە بوو ببێتە مرۆڤێکی باش تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە یەکەمینساڵەکانی ژیانی بۆ یارییە بەرزەکان تەرخان کرابێت").

یەکێکیتر لە دەرئەنجام و نیشانەکانی لەناوچوونی رۆحی گرووپگەرایی خێڵەکی، پشت بەستنی ئەفلاتوونە بە بەراوردی نێوان سیاسەت و پزیشکی[١٨٤]و کە پێشاندەری هەستی ئەفلاتوونە لەهەمبەر بوونی نەخۆشی لەجەستەی کۆمەڵگادا، واتە هەستکردن بە فشار و بێ ئامانجی و

١٨٢. Sinclair lewis (١٨٨٥ـ١٩٥١). نووسەری ئەمریکی و وەرگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب. بەبیت (Babbitt) یەکێکە لە باشترین نووسینەکانی.

١٨٣. Public school system. (public =گشتی) لێرەدا بۆ جیاکردنەوە لە حکوومی بەکاردێت کە زۆرتر لەلایەن کەرتی تایبەت یان تاکەکەسەوە بەڕێوەدەبرێت.

١٨٤. بەراوردی بکەن لەگەڵ بەشی هەشتەم، بەتایبەتی یادداشتی ٤.

سەرلێشێواوی. کەتلین دەنووسێت: "لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تائێستا زەینی فەیلەسووفە سیاسییەکان بەردەوام بۆ ئەم بەراوردەی نێوان پزیشکی و سیاسەت گەڕاوەتەوە." (بگەڕێنەوە بۆ هەمان کتێبی کەتلین کە پێشتر ناومان هێنا[١٨٥] و تێیدا بۆ داکۆکی کردن لەم بانگەشەیە، هەندێ وتەی سانتایاناو سێنت تۆماس ئاکویناس و ئینگ[١٨٦] ـ مان خواستووە، هەروەها بەراوردی بکەن لەگەڵ پەیڤێك کە لەهەمان نووسین (پەراوێزی لاپەڕە ٣٧) کە لەکتێبی لۆژیکی جۆن ستوارت میل وەرگیراوە.) کەتلین هەروەك چۆن یەکێك لە تایبەتمەندییەکانیەتی، سەبارەت بە "هەماهەنگی" دەدوێت و لەمەڕ "خواستی پشتیوانی، جا{ئەم پشتیوانییە} لەلایەن دایکەوە دابین بکرێت یان بەهۆی کۆمەڵگاوە[١٨٧]." (هەڵیبسەنگێنن لەتەك یادداشتی ١٨، بەشی پێنجەم).

٦٩ـ بۆ زانیاری لەسەر ناوی نۆکەس لەم جۆرە قوتابیانەی ئەفلاتوون (بۆ نموونە دیونۆسیوسی بچووك)، بگەڕێنەوە بۆ یادداشتی٢٤و دەقەکە، بەشی حەوتەم[١٨٨]. پێموایە سووربوونی بەردەوامی ئەفلاتوون لەسەر سوود وەرگرتن نەك هەر لەهێز و زۆرەملێ، بەڵکو لەسەر "رازیکردن و هێز"[١٨٩] بەمانای رەخنەگرتن بووە لەشێوازگەلی سی ملهوڕەکە کە شێوەی پڕوپاگەندەکەیان بەراستی زۆر ساکار و سەرەتایی بوو. بەڵام ئەمە پێویستی بە ئاگاداری ئەفلاتوون لە بەرنامەی کاری پارێتۆ هەیە کە لەجیاتی بەرەنگاری دژی سوود ورگرتن لە هەستوسۆز داوای بەکارهێنانی دەکات. تەنانەت مایێریش دان بەوە دادەنێت کە دێونی هاوڕێی ئەفلاتوون، بەشێوازێکی ملهوڕانە بەسەر سیراکۆزدا فەرمانڕەوایەتی دەکرد[١٩٠]. مایێر داکۆکی لەدێون دەکات و سەرەڕای ئەو ستایشەی لە ئەفلاتوونی دەکات، هۆکاری ئەو بەڵایەی بەسەر «دێون»دا هات بۆ ئەو "شەقارە بەرینە" دەگێڕێتەوە کە "لەنێوان تیۆر و کردەوە"دا هەبوو لە رێبازی ئەفلاتووندا[١٩١]. لەمەڕ دێونەوە دەنوسێت[١٩٢]: "لەرووی رووالەتەوە، جیاوازییەکی

185. G.E.G. Gatlin, A study of the principles of politics, 1930, note to 458.
186. G. Santayana, saint Thomas, Dean (W.R.) Inge.
187. Catlin, op. cit., p. 459.

١٨٨. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ: Athen., XI, 508

١٨٩. هەڵیبسەنگێنن لەتەك یاساکان، ٧٢٢bو یادداشتەکانی ٥و١٠و١٨، بەشی هەشتەم.

١٩٠. بەراوردی بکەن لەگەڵ یادداشتی ٢٥، بەشی حەوتەم.

191. Meyer, op. cit., v, 999
192. Ibid



ئەوتۆ لەنێوان پاشای ئایدیاڵو ملهوڕی قێزەون نەمابووەوە." بەڵام لەهەمان کاتدا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دێون لەناخی خۆیدا بەردەوام پیاوێکی ئایدیالیست بوو و کاتێ بەحوکمی زەروورەتی سیاسی، ناچاربوو دەست بۆ خوێنرشتن (بەتایبەتی رشتنی خوێنی هیراکلیدسی هاوپەیمانی خۆی)و کردەوەی لەم جۆرە ببات، بەتوندی تووشی ئازاری دەروونی هات. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، بەڕای من دێون بەپێی تیۆری ئەفلاتوون هەڵسووکەوتی دەکرد ـ ئەو تیۆرەی کە، بەپێی لۆژیکی دەسەڵات، ئەفلاتوونی بەرەو ستایشکردنی حکوومەتێکی ملهوڕانە پەڵکێش کرد. (یاساکان،٧٠٩c بەدواوە) هەر لێرەدا ئاماژەیەك بەرچاو دەکەوێ کە دەڵێت تێکشکان و رووخانی سی ملهوڕەکە بەهۆی ژمارە زۆرەکەیانەوە بووـ یاخود بەجۆرێکیتر، خودی کریتیاس بە تەنیایی هیچ عەیبێکی نەبوو.)

٧٠ـ هەڵبەتە بەهەشتی خێڵ لە ئەفسانەیەك زیاتر نییە (هەرچەندە هەندێ لە هۆزە بەرایییەکان وەك ئەسکیمۆکان، پێدەچێت شادمان بن). لەوانەیە لە کۆمەڵگای داخراودا، هەستی بێئامانجیو سەرلێشێواوی لە ئارادا نەبووبێت، بەڵام بەڵگەی زۆر لەبەردەست دایە سەبارەت بە چەندین جۆری دیکەی ترس ـ ترس لەدەسەڵاتە شەیتانییەکانی پەنهانی ناو سروشت. ئەفلاتوونی موریدی سوقرات، دەتوانێت بەوە سەربەرز بێت کە هەرگیز بەبیردا نەدەهات دوژمنەکان بەشێوەی منداڵانی شەیتانە شەڕانیو تاریکەکان وێنا بکات و لەم پانتاییەدا وەك رۆشنبیرێك مایەوە. حەزی لە ئایدیالسازی لە شەڕەنگێزی نەدەکرد و لەروانگەی ئەوەوە شەڕ هیچ نەبوو جگە لەخێر و چاکەی ئاوەژوو و دارووخاو و لەناوچوو. (تەنیا لە بەشێکی یاساکان (٨٩٦e و٨٩٨c)دا ئاماژەیەك بەرچاو دەکەوێت کە رەنگە هەڵگری ئایدیالسازی بێت لە شەڕەنگێزی بەشێوە ئەبستراکتەکەی.)

٧١ـ لەکۆتاییدا دەتوانین چەند وتەیەك لەهەمبەر <u>گەڕانەوە بۆ ئاژەڵەکان</u> بەم باسەوە زیاد بکەین. لەو کاتەوە کە داروینیزم خزایە ناو بەستێنی کێشە مرۆییەکان (و نابێ گوناهی ئەم دزەکردنە بخەینە سەرشانی داروین)، گەلێ لە "گیانلەبەرناسە کۆمەڵایەتییەکان[١٩٣]" گەرەکیان بوو بیسەلمێنن کە رەگەزی مرۆڤ مەحکوومە بە داڕووخانی جەستەیی، چونکە دەڵێن کێماسی رکەبەرایەتی جەستەیی و دەرفەتی پاراستنی لەش لەرێگای هەوڵدانی هزری، لێناگەڕێت بەربژارکردنێکی سروشتی لەمەڕ جەستەی ئێمەوە بێتە ئاراوە. ساموێل باتلەر یەکەمین کەس

193. “social zoologist”

بوو کە ئەم هزرەی فۆرمۆڵبەندی کرد (ئەگەرچی برِواشی پێ نەبوو) نووسی :"تاکە مەترسی گەورە کە ئەم نووسەرە {واتە نووسەری ناشوێن نشینەکان (یۆتۆپییەکان)} دەرکی دەکرد ئەوەبوو کە ماشینەکان و {دەتوانین ئەوەش زیادبکەین، شارستانیەت بەشێوەیەکی گشتی} هێندە لە توندی رکەبەرایەتی کەم بکەنەوە کە گەلێ کەس کە لە رووی جەستەییەوە نزم و سووکن بتوانن بەبێ ئەوەی بەدیار بکەون، خۆیان حەشار بدەن و سووکی و نزمی خۆیان بۆ نەوەکانی دواتر بگوازنەوە[١٩٤]". تا ئەو جێگایەی من شارەزاییم هەیە، یەکەمین کەس کە کتێبێکی ئەستووری سەبارەت بەم بابەتە نووسی[١٩٥]، شالمەر[١٩٦] بوو، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی رەگەزپەرەستی نوێ. ئەوانیتر (بەتایبەتی لایەنگرانی "سروشتگەرایی بایۆلۆژی" بەو مانایەی لەبەشی پێنجەمدا هاتووە) بەردەوام خۆیان تیۆرەکەی باتلەریان سەرلەنوێ کەشفکردووەتەوە. هەندێ لە نووسەرە نوێیەکان[١٩٧] لەسەر ئەم برِوایەن کەکاتێ مرۆڤ بەشارستانی بوو، بەتایبەتی کاتێ دەستیکرد بەیارمەتیدانی لاوازەکان، تووشی گەورەترین هەڵە هات. شارستانیەت بەهۆی ئەو شێوازانەی کە بۆ پاراستن و پشتیوانیکردن لە لاوازەکان هەیبوو، دارِووخانی و نزمی رەگەزی لێکەوتەوە و هەربۆیە، شتێکی حەتمییە کە بەدەستی خۆی، خۆی لەناو دەبات. لەوەڵامی ئەم بەڵگەخوازییانەدا، بەبرِوای من دەبێ بەر لەهەموو شتێك دان بەوە دابنێین کە رەنگە مرۆڤ رۆژێك لەرۆژان لەسەر سەکۆی جیهان ون بێت. بەڵام دەبێ ئەوەش زیادبکەین کە ئەم حوکمە نەك هەر لەمەرِ گیانلەبەرە "کەم تازۆر تەواوەکان" بەڵکو سەبارەت بە تەواوترین گیانلەبەریش راستە. راستی ئەم تیۆرە زۆر جێگەی گومانە کە ئێژێ ئەگەر مرۆڤ تووشی هەڵەی چارەنووسسازی یارمەتیدانی لاوازەکان نەهاتبووایە، ئەگەری ئەوە لەئارادابوو هەندێ زیاتر درێژە بەژیان بدات. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەم تیۆرەش راست بێت، دیسان دەبووایە بمانپرسیبووایە ئایا درێژەی مانەوەی رەگەز بەراستی تاکە شتێکە دەمانەوێت؟ ئایا ئەو گیانلەبەرە مرۆڤئاسا کەم تازۆر تەواوە (کاملە) بە ئاشکرا هێندە بەبایەخ بوو کە دەبووایە مانەوەی بوونی ئەومان (کە هەرچۆنی بێت ماوەیەکی درێژ بوونی هەبوو) لە یارمەتیدانی لاوازەکان پێباشتر بێت؟

194. S. Butler, Erewhom, 1872, Everyman ed., p. 161.

١٩٥. بگەرِێنەوە بۆ یادداشتی ٦٥، بەشی دوازدەهەم

196. W. schallmayer

١٩٧. بۆ نموونە بگەرِێنەوە بۆ:

G.H. Estabrooks, Man: The Mechanical Misfit, 1941.



بەرِای من؟ مرۆڤ هێندە خراپیش نەجووڵاوەتەوە. سەرەرِای خیانەتی هەندێ لەرێبەرە هزرییەکان، سەرەرِای کاریگەری گەمژەکەری میتۆدە ئەفلاتوونییەکانی پەروەردە و فێرکردن و سەرەرِای دەرەنجامە وێرانکارەکانی پرِوپاگەندە، دیسان هەندێ سەرکەوتنی سەرسورِهێنەر لەئارادابووە. دەستی هاوکاری بۆ گەلێ لاواز و بێهێز درێژکراوەو سەد ساڵی رێك بەسەر هەڵوەشانی تارِادەیەك تەواوی کۆیلایەتیدا تێپەرِیوە. هەندێ کەس دەڵێن کۆیلایەتی بەزوویی دەگەرِێتەوە. من گەشبینترم و بەهەر حاڵ بابەتەکە پەیوەندی بەخودی ئێمەوە هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەو شتانەی بەدەست هاتوون جارێکی تر لەناو بچن و تەنانەت ئەگەر بەناچار بۆ ئەو گیانلەبەرە مرۆڤئاسا کەم تا زۆر تەواوە بگەرِێینەوە، دیسان هیچ گۆرِانێك لەم راستییەدا روونادات رۆژێك لەرۆژان (هەرچەندە بۆماوەیەکی کورت) کۆیلایەتی لەسەر زەوی نەما. هەر ئەم دەسکەوتەو ئەو یادەی لە یادەوەریماندا دەمێنێتەوە، بەبۆچوونی من بەسە بۆ ئەوەی زیانی لانیکەم هەندێ لە ئێمە لەمەرِ هەموو پینە نەگونجاوو ناسازگارە[١٩٨] مرۆییەکان قەرەبوو بکاتەوە و تەنانەت قەرەبووکردنەوەیەك بێت لەبەرانبەر هەڵەی چارەنووسسازی باوانەکانمان کە هەلی زێرینی وەستاندنی هەموو چەشنە گۆرِانێکیان نەقۆستەوە و نەگەرِانەوە ناو قەفەزی کۆمەڵگای داخراو بۆ هەتاهەتایە باخچەی ئاژەڵانێکی تەواویان بۆ مەیموونە کەم تا زۆر تەواوەکان، دانەمەزراند.

198. Misfits

# پاشکۆکان

# ١ ئەفلاتوون و ئەندازیاری[(١)]

لەچاپی دووەمی ئەم کتێبەدا، بەشێکی دوورودرێژم بە یادداشتی٩، بەشی شەشەمەوە زیادکرد (ل٤٣٥ـ ل٤٤٨). گریمانەی مێژوویی کە لەو یادداشتەدا خراوەتەڕوو، دواتر لە وتارێکدا کە من لەگۆڤاری بەریتانی فەلسەفەی زانستدا لەژێر ناوی "**سروشتی کێشە فەلسەفییەکان و ڕەگەکانی لەناو زانستەکاندا**"[(٢)] چاپ کراو ئێستا بەشێکە لە کتێبێکم بەناوی **حەددسیات و ڕەدیات**، زیاتر فراوان کراوەو لێرەدا دەتوانین بەم چەشنە سەرلەنوێ ئاماژەی بۆ بکەین : (١) دۆزینەوەی ناڕێژەیی بوونی ڕەگی ژمارە٢، بەرنامەی فیساگۆرییەکانی بۆ گۆڕینی ئەندازیاری و گەردووناسی (وەك دیارە هەموو زانیارییەکان) بەرەو ئەژمێر لەناوبردو قەیرانێکی لە ماتماتیکی یۆناندا دروستکرد (٢) کتێبی **پرەنسیپی ئەندازیاری ئۆقلیدوس** کتێبی دەرسی ئەندازیاری نەبوو، بەڵکو دوایین هەوڵی قوتابخانەی ئەفلاتوون بوو بۆ نەهێشتنی ئەم قەیرانە لەرێگای بونیاتنانەوەی سەرانسەری ماتماتیك و گەردووناسی لەسەر بناغەی ئەندازیاری و بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پرسی ژمارە ناڕێژەییەکان بەشێوەیەکی ڕێكوپێك، نەك لەهەندێ وار و حاڵەت داو ئاوەژووکردنەوەی بەرنامەی "ئەژمێراندنی"[(٣)] فیساگۆرییەکان، (٣) ئەو بەرنامەیەی دواتر بەدەستی ئۆقلیدوس جێیەجێ کرا، سەرەتا بەمێشکی ئەفلاتووندا هاتبوو، ئەو یەکەمین کەس بوو کە پێویستی بونیاتنانەوەی دەست نیشان کرد، یەکەمین کەس بوو کە ئەندازیاری وەك بناغەیەکی نوێ و میتۆدی ڕێژە ئەندازیارییەکانی وەك میتۆدێکی نوێ

١. ئەم پاشکۆیە لەساڵی ١٩٥٧ زیادکراوە.

2. K.R. Popper, “The Nature of philosophical problems and Their Roots in science”, British Journal for the philosophy of science, 3, 1952. pp. 124 ff.

3. arithmetization



هەڵبژارد، یەکەمین کەس بوو کە بەرنامەی بە ئەندازیاری کردنی ماتماتیکی[(٤)]، بۆ نموونە ئەژمێر و ئەستێرەناسی و گەردووناسی، دروست کرد، یەکەمین کەس بوو کە وێنەی ئەندازیاریی جیهانی بونیاتنا و لەم ڕێگەیەوە بووبە دامەزرێنەری زانستی نوێ واتە زانستی کۆپەرنیك و گالیلۆ و کۆپلەر و نیوتن.

لە بڕگەی (٢) یادداشتی ناوبراو (ل٤٣٧ـ٤٣٨)دا من پێموایە کە مەبەست لە دروشمی سەر دەرگای ئاکادیمیای ئەفلاتوون، هەر ئەم {میتۆدەی} بەئەندازیاری کردنە بووە. (بە وەبەرچاوگرتنی پارچەی ئا، کە دیلس و کرانتس[(٥)] لە ئارخۆتاسیان وەرگرتووە، ئەگەری ئەوە هەیە کە مەبەستی ئەم دروشمە، **جاڕی ئاوەژووکردنی بەرنامەی فیساگۆرییەکان** بووبێت.)

لەلاپەڕەی ٤٣١ ئەم رایەم خستۆتەڕوو کە "**ئەفلاتوون یەکەمین کەسەکان بوو کە میتۆدێکی تایبەتەمەندی ئەندازیاری دروستکرد** لەپێناو ئەوەدا کە بەپێی توانا ئەوەی دەشێت لە وێرانەی قوتابخانەی فیساگۆرییەکان رزگاربکرێت، رزگاریبکات"، بەڵام ئەم رایەی خۆم بە "گریمانەیەکی مێژوویی زۆر نایەقینی" وەسفم کرد. ئێستا ئیدی پێموانییە گریمانەکە هێندە نایەقینی بێت. بەپێچەوانەوە، لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەگەر سەرلەنوێ لەژێر تیشکی ئەم گریمانەیەدا خوێندنەوە بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆ و ئوقلیدۆس و پروکلوس بکەین، چەندی چاوەڕوانیمان هەبێت دەتوانین بەڵگە بۆ بەهێزکردنی بەدەست بهێنین. جگە لەو بەڵگە داکۆکی کارانەی کە لەهەمان بڕگەی یادداشتەکەدا ئاماژەم بۆکردووە، ئێستا حەزدەکەم ئەمەش زیادبکەم کە لە گۆرگیاس (٤٥١a/b، ٤٥١c، ٤٥٣e)، باسی "تاكو جووت" بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەژمێر لەقەڵەم دەدرێت و بەم شێوەیە ئەژمێر بەئاشکرا لەگەڵ تیۆری فیساگۆری ژمارەکان بەیەك شت حسێب دەکرێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە هەندەسەزان ئەو کەسەیە کە میتۆدی ڕێژەکان هەڵبژێرێت (٤٦٥b/c). جگە لەمە، لەپارچەی ٥٠٨a گۆرگیاس دا، ئەفلاتوون نەك هەر سەبارەت بە یەکسانی ئەندازیاری دەدوێت[(٦)]، بەڵکو بەچەشنێکی لاوەکی هەمان پرەنسیپ دەردەبڕێتەوە کە دواتر بەشێوەیەکی تەواو لە تیمایۆس دا بەرفراوانی دەکات، واتە ئەم پرەنسیپە کە ڕێکی گەردوونی ، **ڕێکییەکی ئەندازیارییە**. هەروەها گۆرگیاس دەیسەلمێنێت کە

4. geometrization of mathematics

5. Diels- Kranz, Archytas, fragment A.

٦. هەلێبسەنگێنن لەگەڵ یادداشتی ٤٨، بەشی هەشتەم.

وشەی alogos، ژمارە نارێژەییەکان بە زەینی ئەفلاتووندا نەهێناوە چونکە لەپارچەی ٤٦٥a دەوترێت کە تەنانەت تەکنیك یان هونەرەکانیش نابێت alogos بن و ئەمە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەهەمبەر زانستێکی وەك ئەندازیاریش هەر راستە. پێموایە دەتوانین alogos بە ئاسادەیی بە alogical {= لەدەوری پانتایی لۆژیك} وەربگێرین. (هەروەها بگەرێنەوە بۆ گۆرگیاس، ٤٩٦a/b و٥٢٢e). ئەم خاڵە لەرووی راڤەی ناونیشانی کتێبە ونبووەکەی دیموکریتوس گرنگە لەلاپەرە ٤٣٩ ئاماژەی بۆکراوە.

وتارەکەی من، "سروشتی کێشە فەلسەفییەکان"، هەروەها لەخۆگری هەندێ بۆچوونیترە سەبارەت بە بەرنامەی ئەفلاتوون بۆ **بەئەندازیاری کردنی ئەژمێرو** گەردووناسی بەشێوەیەکی گشتی (واتە ئاوەژووکردنەوەی بەرنامەی فیساگۆرییەکان)، هەروەها لەمەڕ تیۆری فۆرمی ئەفلاتوونی.

## لە ساڵی ١٩٦١ زیاد کراوە

لەوکاتەوە کە ئەم پاشکۆیە لەساڵی ١٩٥٧ لەسێیەمین چاپدا بڵاوکرایەوە، دەتوانم بڵێم هەر بەرێکەوت گەلێ بەڵگەی سەرنجڕاکێشم دەستکەوتووە کە ئەو گریمانە مێژووییەی کە لە برگەی(٢) یادداشتی ٩دا خراوەتەڕوو، بەهێز دەکات. لەخوێندنەوەی شیکردنەوەی پرۆکلوس بۆ کتێبی یەکەمی **پرەنسیپی ئەندازیاری ئوقلیدۆس**[٧] بۆمان دەردەکەوێت، کە بەپێی نەریتی باوی ئەوکات، پرەنسیپی ئۆقلیدوس بەجۆرە گەردووناسییەکی ئەفلاتوونی و دوان لەمەڕ پرسی تیمایۆس لەقەڵەم دراوە.

7. Euclid’s Elements, ed. Friedlein, 1873, prologues II, p. 70, 2-5.

# ٢ مێژووی دانانی تیای تیتۆس[(١)]

لە یادداشتی ٥٠(٦)، بەشی هەشتەم، بەکورتی ئاماژەم بەوە کردووە کە "ڕەنگە تیایتیتۆس (بەپێچەوانەی ئەم گریمانە باوەی هەیە) بەر لەکۆمار نووسرابێت". ئەگەری ئەم شتە، دکتۆر رۆبەرت ئایسلەر بەر لەمردنی لەساڵی ١٩٤٩ وێڕای وتوویژێك، خستیەبەر دەمم. بەڵام ئەو جگە لەئاماژەکردن بەوە کە سۆسەکەی لەهەندێ رووەوە پشت بەپارچەی ١٧٤e تیای تیتۆس دەبەستێ ـواتە پارچەیەکی زۆر گرنگ و هەستیار کە بەڕای من نەدەکرا پاش کۆمار نووسرابێت ـ هیچیتری بەمن نەگوت. لەم رووەوە، هەستم دەکرد بەڵگەی پێویست بۆ داکۆکی کردن لەو سۆسەیە لەئارادانییە و بابەتەکە زیاتر کارێکی هەڵەداوانەیە ئەگەر بمەوێت بەرپرسیاریەتییەکە بخەمە سەرشانی ئەو.

بەڵام دواتر بۆ پشتڕاست کردنی ئەوەی کە تیای تیتۆس زووتر نووسراوە، بەڵگەی جۆراوجۆری سەربەخۆم دەستکەوت و لەم رووەوە، ئێستا گەرەکمە رایبگەیەنم کە ئەم بۆچوونە لەبنەڕەتدا هی ئایسلەرە.

لەو کاتەوە کە ئەڤازاکس[(٢)] ئەوەی تۆمار کرد[(٣)] کە پێشەکی تیای تیتۆس بەم شێوازەی ئێستا ئێمە دەیبینین، بەرلە ٣٦٩ {پێش زایین} نووسراوە، ئەم سۆسەیە کە دایالۆگی ناوبراو ناوکێکی سوقراتی لەخۆگرتووە و دەبێ مێژووی نووسینەکەی بۆ دواتر بگەڕێنینەوە، پێویستی

١. ئەم پاشکۆیە لەساڵی ١٩٦١ زیادکراوە.

2. Eva sachs
3. Socrates, 5, 1917, p. 531 f.



بە سۆسەیەکی دیکە هەبوو، بەواتا نووسینێکی کۆنتر بوونی هەبووە کە ون بووە و پاش مردنی تیای تیتۆس لەلایەن ئەفلاتوونەوە پێداچوونەوەی بۆکراوە. تەنانەت بەر لە دۆزینەوەکەی پاپیرۆسی[(٤)] کە بەشێك لە **شیکردنەوەی تیای تیتۆس**[(٥)] لەخۆ دەگرێت و ئاماژە بە دوو نوسینی جیاوازی {ئەم دایالۆگە} دەکات، ئەم سۆسە یان (حدس) بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن توێژەرە جیاوازەکانەوە خرابووە روو. پێدەچێت ئەم بەڵگانەی خوارەوە هەردوو سۆسەکە پشتڕاست بکەن.

(١) وەك دیارە هەندێ لەپارچەیێن بەرهەمەکانی ئەرستۆ ئاماژە بۆ تیای تیتۆس دەکەن. ئەم پارچانە بەتەواوی لەگەڵ دەقی تیای تیتۆس دا دەگونجێن و تێیاندا بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئەو بۆچوونانەی باسیان لێوەدەکرێ هی سوقراتن نەك ئەفلاتوون. لەپارچەکانی جیگەی مەبەستی من، داهێنانی میتۆدی هەڵێنجان (استقراء)[(٦)] دەخرێنە پاڵ سوقراتەوە[(٧)]، پێموایە ئەمە ئاماژەکردنە بە مامانی کردنی[(٨)] سوقرات کەلە تیای تیتۆسدا بەدووردوودرێژی باسی لێوەدەکرێت و بریتییە لەو شێوازەی ئەو بەکاری دەهێنێت بۆ یارمەتی دانی قوتابیەکانی تا لەرێگای پاڵاوتنی زەینی خۆیان لە حوکمە پێش وەختە درۆینەکان، ماهییەتی راستەقینەی هەموو شتێك دەرك بکەن. ئیشێکی دی کە ئەرستۆ دەیخاتە پاڵ سوقراتەوە، میتۆدێکە کە چەندین کەرەت لە تیای تیتۆسدا قسەی لەسەر کراوەو بەم جۆرەیە :"سوقرات پرسیارەکانی دەخستەڕوو، بەڵام وەڵامی نەدەدانەوە، چونکە دانی بەوە دادەنا کە نازانێت." (**لەمەڕ ڕەدکردنەوەی هەڵە هێنانەوەی سۆفیستی**، ١٨٣b٧). (من لەیەکێك لە وتارەکانمدا لەژێر ناوی **"سەرچاوەکانی دانایی و نەزانی"**[(٩)] توێژینەوەم لەسەر ئەم پارچانە کردووە. دەقی ئەم وتارە دواتر بەشێوەیەکی جیا لەلایەن چاپەمەنی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە بڵاوکرایەوە و ئێستا بەشێکە لەکتێبی **حەدسیات و رەدیات**).

4. Edited by Diels, Berlin Klassikerhefte, 2, 1905.
5. Commentary to the theatetus.
6. Induction

٧. ئەرستۆ، **میتافیزیك**، ٣٣ـ ١٠٧٨b١٧، ٩٨٧b١، ١٠٨٦b٣

8. Maieutic
9. K.R. Popper, "on the sources of knowledge and of Ignorance", proceeding of British Academy, 46, 1960.

(٢) تیای تیتۆس بەچەشنێکی سەرسوڕهێنەر بێ وەرگرتنی دەرەنجام کۆتایی پێدێت، هەرچەندە ئێستا دەردەکەوێت کە دەتوانین بێژین هەر لەسەرەتاوە بەجۆرێك بەرنامەڕێژی و ئامادەکرابوو کە بەم چەشنە بێت. (لەراستیدا پێویستە بڵێین کە ئەم دایالۆگە جوان و دڵگیرە، لەهەوڵێدا بۆ چارەسەرکردنی پرسی مەعریفە ـ ئەو پرسەی کە بەڕواڵەت بەدوای چارەسەرکردنیەتی ـ بەتەواوی تێکدەشکێت). بەڵام ئەم جۆرە کۆتاییە بێئاکامە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دایالۆگە جۆراجۆرەکانی ناو دایالۆگە کۆنەکانە.

(٣) لەم دایالۆگەشدا هەروەك داکۆکی، پەیڤی "خۆت بناسە" بەم واتایە راڤەدەکرێت کە "بزانە ئەوەی دەیزانی چەندە کەمە". سوقرات لە وتەکانی کۆتایی خۆی دەڵێت: "لەمەو بەدوا، تیای تیتۆس لەتەك هاوەڵەکانت نەرم و نیانتر دەبی و کەمتر توڕە دەبی، چونکە ئەم داناییەت دەبێ کە بیر لەوە نەکەیەوە ئەوەی نایزانی، دەیزانی. هونەری مامانی من هەر ئەوەندەی لەدەستدێت، بەڵام خۆم هیچ کام لەو شتانە نازانم کە ئەوانیتر دەیزانن... "

پێدەچێت ئەو دایالۆگەی کە لەبەردەستی ئێمەدایە، نووسینی دووەمی (تیای تیتۆس) بێت کە ئەفلاتوون پێداچۆتەوە. ئەم خاڵە بەتایبەتی بۆ وەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە دەشێت ئەگەرەکانی لەئارادابێت کە پێشەکی دایالۆگەکە (لە ١٤٢a تاکۆتایی ١٤٣c) کە رەنگە وەك یادگاری پیاوێکی گەورە زیادکرابێت، لەراستیدا دژی ئەو پارچەیەیە کە لەوانەیە بێ پێداچوونەوە لەنووسینی یەکەمەوە مابێتەوە. مەبەستم رێك کۆتایی ئەم پارچەیە کە وەك هەندێ لە دایالۆگە کۆنەکان، ئاماژەی ئەوتۆی لەخۆ گرتووە کە بەم زووانە سوقرات دادگایی دەکرێ. دژایەتییەکە بریتییە لەوە کە ئۆقلیدوس لەپێشەکی دایالۆگەکەدا، وەك یەکێك لەلایەنەکانی گفتوگۆ دەردەکەوێت و وێڕای گێڕانەوەی ئەوە کە دایالۆگەکە چۆن نووسراوە دەڵێت[١٠] چەندجار (وەك دیارە لە مگاراوە) چووم بۆ ئەسینا تا بەسوود وەرگرتن لەم درەفەتانە، ئەم یادداشتانە بە سوقرات نیشانبدەم کە نوسیبوومن و لەهەندێ شوێن "راستیان" بکەمەوە. شێوازی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە بەئاشکرا دەریدەخات کە دەبوایە وتووێژەکانی ناو دایالۆگەکە لانیکەم چەند مانگێك بەر لەدادگایی کردنیو مردنی سوقرات ئەنجام درابێت. بەڵام ئەم شتە لەگەڵ بەشی کۆتایی دایالۆگەکەدا دژایەتی هەیە. (من لەشوێنی تردا هیچ ئاماژەیەکم بۆ ئەم بابەتە نەبینیوە، بەڵام پێموانییە هەندێ لە ئەفلاتوونییەکان لە بارەیەوە نەدوابن). تەنانەت دوورنییە

١٠. تیای تیتۆس، ١٤٢c/d، ١٤٣a



کە ئاماژەکردن بە "راستکردنەوە" (١٤٣a)و باسێکی چڕوپڕ سەبارەت بە "شێوازی نوێ"[١١] (١٤٣b ـ c) لەپێناو ئەوەدا لەدایالۆگەکەدا گونجێنرابێت کە هەندێ لەجیاوازییەکانی نێوان نووسینە سەرەکییەکەو ئەو نووسینەی پێداچوونەوەی بۆ کراوە پێشانبدات. (لەم حاڵەتەدا، ئەگەری ئەوە دێتە ئاراوە کە نووسینە پێداچوونەوە بۆکراوەکە تەنانەت بۆ مێژوویەکی پاش دایالۆگی سۆفیستیش بگێڕینەوە.)

١١. بۆ نموونە بگەڕێنەوە بۆ: C. Ritter, Plato, vol. I, 1910, pp. 220 f.

# ٣

# بەرسف دانەوەی یەکێك لە رەخنەگرەکان[(١)]

داوایان لێکردووم بۆ وەڵام دانەوەی رەخنەگرەکانی ئەم کتێبە[(٢)] شتێك بڵێم. بەڵام بەرلەمە گەرکمە جارێکیتر سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە رەخنەکانیان لەرێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتی باشترکردنی ئەم کتێبەیان کردووە. سەبارەت بە ئەوانیتر ـواتە ئەو کەسانەی رەخنەکانیانم بینیوە- حەز ناکەم قسەیەکی ئەوتۆ بکەم. ئێستا لەوە تێدەگەم کە بەهێرش کردنە سەر ئەفلاتوون، گەلێ لە ئەفلاتوونییەکانم رەنجاندووە و ئازارم داون و لەم بارەیەوە بەداخم. بەو حاڵەش، سەرم لە توندوتیژی هەندێ لەو دژکردەوانە سوڕماوە.

پێموایە زۆربەی لایەنگرانی ئەفلاتوون نکۆڵی لەهەندێ راستی دەکەن کە بەڕای من بۆ نکۆڵی لێکردن نابێت. ئەم حوکمە تەنانەت لەبارەی باشترین کەسیان واتە پرۆفیسۆر رانلد لڤینسن ـ یش هەر راستە کە کتێبێکی گەورەی (٦٤٥ لاپەڕە بەخەتی وردی) بۆ بەرگری کردن لە ئەفلاتوون[(٣)] نووسیوە.

بۆ بەرسف دانەوەی پرۆفیسۆر لڤینسن، دوو ئەرکم لەسەر شانە کە بەهیچ چەشنێك گرنگیان وەك یەك نییە. سەرەتا (لەبەشی الف) ئەرکە کەم بایەخەکەیان ئەنجامدەدەم ـواتە داکۆکی کردن لەخۆم لەبەرانبەر ژمارەیەك تۆمەتداـ بۆ ئەوەی (لەبەشی ب) ئەرکە گرنگترەکە ـواتە

١. ئەم پاشکۆیە لەساڵی ١٩٦١ زیاد کراوە.

٢. مەبەست بەرگی یەکەمی چاپی ئینگلیزی کە خۆی لەدوو بەرگ پێکهاتووە.

3. Ronald B. levinson, In Defense of Plato.



وەڵام دانەوەی بەرگری کردنەکانی پرۆفیسۆر لڤینسن لە ئەفلاتوون ـ هێند نەکەوێتە ژێر رکێفی داکۆکی کردن لەخودی خۆم.

## الف

ئەو رووخسارەی پرۆفیسۆر لڤینسن بۆ منی کێشاوە، منی سەبارەت بە حەقیقەتی ئەو رووخسارە خستۆتە گومانەوە کە خۆم بۆ ئەفلاتوونم کێشاوە. ئەگەر دەرفەتی ئەوە هەبێت لەکتێبی نوسەرێکی زیندوو وێنەیەکی وەها ئاوەژوو لەنیاز و بیروبۆچوونەکانی دەربکێشرێت، ئیدی چۆن دەشێت هیوات بەوە هەبێت شتێکی هاوچەشنی رووخساری راستەقینەی نووسەرێکی لەدایك بووی بیست و چوار سەدە لەمەوبەر بخەیتەڕوو.

تۆمەتەکەم، هاوجووت بوونە لەگەڵ مۆدێلی گریمانەیی ئەو رووخسارەی کە پرۆفیسۆر لڤینسن وێنەی کێشاوە. من چۆن دەتوانم لەبەرانبەر ئەم تۆمەتانە داکۆکی لە خۆم بکەم؟ تەنیا دەتوانم دەریخەم کە لانیکەم هەندێ لەو تۆمەتانەی کە پرۆفیسۆر لڤینسن لە پانتایی وەرگێڕانی هەڵە و ناراست و ئاوەژووی وتەکانی ئەفلاتوون دەیخاتە پاڵ من، لەراستیدا بێبنەمان. تەنانەت دەتوانم ئەم کارەش تەنیا لەرێگای شیکردنەوەی دووسێ نموونە ئەنجام بدەم کە بەرێکەوت لەنێوان سەدان نموونە هەڵمبژاردوون. چونکە وەك دیارە ژمارەی ئەم جۆرە تۆمەتانە لەلاپەڕەکانی کتێبەکە زیاترن. کەواتە تاکە کارێك لەدەستم بێت سەلماندنی بێبناغە بوونی لانیکەم هەندێ لەتوندترین تۆمەتەکانیەتی دەرهەق بەمن.

زۆر حەزم دەکرد ئەم کارە ئەنجام بدەم بەبێ خستنە رووی تۆمەتی وەك ئەو کە بڵێم وتەکانی من بەهەڵە گوازراوەتەوە بەڵام دەرکەوت خۆبواردن لەو کارە ممکین نییە. هەربۆیە گەرەکمە هیچ جێگایەك بۆ دوودڵی نەمێنێتەوە کە ئێستا کاتێ سەیردەکەین پرۆفیسۆر لڤینسن ـ یش وەك سەرجەم ئەفلاتوونییەکانی دیکە، کتێبەکەم نەك هەر بە مایەی پشێوی بەڵکو کەم تازۆر بە وەك سووکایەتی کردن بەپیرۆزییەکان لێکدەداتەوە. لەبەرئەوەی ئازارەکە لەلایەن منەوە بووە، ئەگەر بەتوندترین شێوەش مەحکووم بکرێم نابێت هیچ گلەییەکم هەبێت.

ئێستا با سەیرێکی چەند پارچەیەکی بکەم لەو پارچانەی پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە بکەن.

پرۆفیسۆر لڤینسن سەبارەت بەمن دەڵێت (ل ٢٧٣، یادداشتی ٧٢):"پۆپەر پەنابردنە بەر زیادەڕۆیی، کەسایەتی کریتیاسیش وەك سەرجەم ئەو کەسانەی بەدڵی ئەو نەبوونە، تەنانەت

زیاتر رەش دەکات. راستە کە لەشیعردا هاتووە، دیانەت بەشتێکی ساختەیی و دروستکراو دەناسرێنرێت، بەڵام ئامانجەکەی خێری گشتی کۆمەڵگایە، نەك دابینکردنی بەرژەوەندی خۆویستا کەسی ساختەچی فێلباز."

ئەگەر ئەم وتەیە هەر لە بنەڕەتدا مانایەکی هەبێت دەبێ واتاکەی ئەوە بێت کە لەو پارچانەی کە لەلایەن پرۆفیسۆر لڤینسن وەرگێراون (ل ٣٩٤ـ ل٣٩٦ ول٣٣٣ـ ل٣٣٤) من بۆچوونی خۆمم دەربڕیوە یان لانیکەم ئاماژەیەکم کردووە کە شیعرەکەی کریتیاس ئایین وەك شتێکی ساختە دەخاتەڕوو کە "ئامانجەکەی... دابین کردنی بەرژەوەندی خۆویستانەی کەسی ساختەچی فێڵباز"ە.

من بەهیچ چەشنێك ئەم شتەم نەگوتووە، تەنانەت ئاماژۆکەیەکیشم بۆنەکردووە. بەپێچەوانەوە، ویستوومە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە "خێری گشتی کۆمەڵگا" یەکێك لەو بوارانەیە کە بەشێوەیەکی گشتی هزری ئەفلاتوونی بەخۆیەوە خەریك کردووە و لەم بەستێنەدا تێروانینەکەی "تاڕادەیەك هاوچەشنی تێڕوانینی کریتیاسە". بنەمای رەخنەکەی من لەسەرتای بەشی هەشتەم (بەرایی بەندی دووەم) بەڕاشکاوی بەم جۆرە دەربڕدراوە " 'لەپێناو سوودی شاردا' جارێکی‌تر سەیردەکەین کە پرەنسیپی سوودی کۆگەلی پلەی بەرزترین تێبینی ئەخلاقی داگیر دەکات." من دەڵێم ئەم پرەنسیپە ئەخلاقییە کە "خێری گشتی کۆمەڵگا" دەکاتە ئامانجی ئەخلاقیات وەك پایەیەکی ئەخلاقیات پرەنسیپێکی هەندە باش نییە، چونکە بۆ نموونە، درۆزنی ـ لەپێناو "خێری گشتی کۆمەڵگا" یان "لەپێناو شار"ی لێدەکەوێتەوە. یاخود بەجۆرێکی‌تر گەرەکمە دەریبخەم کە ئەو ئەخلاقەی لەسەر بنەمای گشتگەرایی دامەزراوە زیانمەندە و گەندەلی لێدەکەوێتەوە بەڵام لەهیچ جێگەیەکدا شیعرە خواستراوەکەی کریتیاسم بەو مانا بانگەشەکارانەی پرۆفیسۆر لڤینسن راڤە نەکردووە، ئەگەر بۆم دەرنەکەوتبووایە کە توندی هێرشەکەی من بۆتە هۆکاری ورووژاندن و پاساوێکە بۆ تۆمەتەکانی پرۆفیسۆر لڤینسن دەمەوێت بپرسم "ئێستا کێ ئەویتر رەش دەکات؟" وەلێ ئەم پاساوە نابێتە هۆی ئەوە کە تۆمەتەکانی راست بێت.

دووەمین نموونە ئەوەیە. پرۆفیسۆر لڤینسن دەنووسێت (ل ٣٥٤ بەدواوە):



> یەکێك لە پەرتترین و ناماقولترین بۆچوونەکانی پۆپەر ئەوەیە کە ئەفلاتوون ئامادەیی هێزەکانی ئسپارت لە ئەسینا بە "بارودۆخ و رەوشێکی گونجاو" لێکدەداتەوەـ ئەو هێزەی کە لەپێناو یارمەتی‌دانی سی (ملهوڕەکە) بۆ پاراستنی خۆیان و رژێمە ستەمکارەکەیان بانگهێشت کرابووـو بیری نیری ئسپارت لەسەر ملی ئەسینا، جگە لەرازیبوون و پەسندکردن هیچ هەستێکی‌تری لا نەدەوروژاند. ئەم بۆچوونەمان لا گەڵاڵە دەبێت کە ئەگەر ئامادەی ئەم هێزانە بیتوانیبوایە بۆ بەرپاکردنی شۆرشێکی نوێی ئۆلیکارشی جێگای دڵخوازی ئەفلاتوون، یارمەتی بکات، ئەفلاتوون تەنانەت ئامادەبوو سەرلەنوێ بانگهێشتیان بکاتەوە. هیچ دەقێك لەئارادانیە بۆ ئەوەی پۆپەر بۆ پشتراست کردنی ئەم تۆمەتە پشتی پێ‌ببەستێت. تاکە بنەمای تۆمەتەکە، وێنای پۆپەرە بۆ ئەفلاتوون کە وەك سێیەمین سەری دێوە دوو سەرەکە "ئۆلیگارکی پیر و کریتیاس" پێشانیدەدات ـ ئەو دێوەی ئەفرێنراوی خودی پۆپەرە. ئەمە تاوانە بەهۆی هاودەستی و باشترین نموونەی هونەری راوکردنی شەیتانەکانە[٤].

بەرسڤی من بەم جۆرەیە ئەگەر ئەمە یەکێك لە "پەرتترین و ناماقوولترین بۆچوونەکانی" من بێت، دەبێ بگەینە ئەم دەرەنجامە کە هیچ کام لە بووچونەکانم پەرت و ناماقووڵ نەبووە، چونکە من هەرگیز شتێکی ئەوتۆم نەوتووە ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەو وێنەی من بۆ ئەفلاتوون هەمە و هەوڵمداوە بیگەیەنمە خوێنەران ـ ئەگەرچی نەمتوانیبێ ئەو مانایەی لە زەینم دایە بەباشی لەبەرانبەرەکەمی بگەیەنم ـ ناگونجێت.

راستە من بڕواموایە کە بێ‌متمانەیی ئەفلاتوون بە خەڵکی ئاسایی و پابەندبوونی بە ئەخلاقێك کە لەسەر بنەمای کۆگەرایی دامەزراوە بەرەو کۆکبوون لەگەڵ توندوتیژ خوازی پاڵی‌نا. بەڵام هەرگیز هیچ بۆچوونێکی ئەوتۆم سەبارەت بە ئەفلاتوون دەرنەبڕیوە کە بچووکترین وێکچوونی هەبێت لەتەك ئەو قسەی پرۆفیسۆر لڤینسن هەتا رادەیەك بەشێویەکی پەرت و ناماقووڵ دەربڕیوە کەگۆیا من وتوومە. کەواتە هیچ دەقێك لەئارادانییە پرۆفیسۆر لڤینسن بتوانێ بۆ پشتراست کردنی ئەم تۆمەتە پشتی پێ‌ببەستێت کە گۆیا من بۆچوونێکی ئەوتۆم دەربڕیوە.

---

٤. لە بنەڕەتدا: "راوی سیحرباز"

تاکە بنەمای تۆمەتەکە، وێنای ئەوە بۆ پۆپەر کە بە سێیەمین سەری دێوە دوو سەرەکەی ئۆتۆ نوێرات[٥] و لاوریسی[٦] پێشانیدەدات ـ کە ئەو دێوەی کە ئەفرێنراوی خودی پرۆفیسۆر لڤینسنە. بەڵام سەبارەت بە "تاوان بەهۆی هاودەستی"، تاکە کارێك کە لەدەستم دێت، داوای گەڕانەوە کردنە بۆ لاپەڕەی ٤٤١ کتێبەکەی پرۆفیسۆر لڤینسن. لەوێدا "ئەو یارمەتییەی پێدەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە"ـواتە پرسیاری پەیوەست بەو "هۆکارەی کە پۆپەر بەشێوەیەکی موزمین بۆ ئەم جۆرە خەیاڵاتە شومانە ئامادە دەکات"ـ ئەمەیە کە پۆپەر بکاتە هاودەستی "یەکێك لە هاونیشتمانییە بە ساڵاچووەکانی، فەیلەسووف و کومەڵناسی کۆچکردوو و لەهەموو شت زانی نەمساوی، واتە، ئۆتۆ نویرات." (ڕاستییەکەی ئەوەیەك کە من و نویرات هیچ کامێکمان تێڕوانینێکی گونجاومان لەهەمبەر فەلسەفەی یەکتر نەبووە، هەروەك بەئاشکرا لە نووسنەکانمان دەردەکەوێت. بۆ نموونە نویرات بەرەڤانی هیگڵ بووو هەم هەڵێدەکوتایە سەر کانت و هەم سەرمن، چونکە من ستایشی کانتم دەکرد. بۆ یەکەمین جار کە ئاگاداری ئەوەبووم نویرات هێرشی کردۆتە سەر ئەفلاتوون، ئەو کاتە بوو کە کتێبەکەی لڤینسنم خوێندەوە و تاکو ئێستاش نووسینێکی ئەوم لەم پانتاییەدا نەبینیووە.

بابگەڕێینەوە سەر ئەو "بۆچوونە پەرتو ناماقوڵانەی" خراوەتە پاڵ من. ئەو شتەی من لەهەمبەر هەستی ئەفلاتوون وتوومە (ل ٤١٩ی ئەم کتێبە) دەتوانم بڵێم ڕێك دەکەوێتە خاڵی بەرانبەر ئەو شتەی پرۆفیسۆر لڤینسن دەیڵێت (ل ٣٥٤ کتێبەکەی ئەو). من بەهیچ چەشنێك نەموتووە ئەفلاتوون ئامادەیی هێزی ئسپارتی لە ئەسینا بە "بارودۆخ و ڕەوشێکی گونجاو" لێکدەدایەوە، یان "بیری نیری ئسپارت لەسەر ملی ئەسینا، جگە لەرازی بوون و پەسندکردن هیچ هەستێکی تری لا نەدەورووژاند. ئەو مانایەی گەرەکم بوو بیگەیەنم و ئەوەی وتوومە کە سی ملهوڕەکە تێکشکان "سەرەڕای باروودۆخ و ڕەوشی گونجاو، واتە پشتیوانی بەهێز لەلایەن دەوڵەتی سەرکەوتووی ئسپارتەوە." من وتوومە ئەفلاتوون هۆکاری تێکشکانی سی ملهوڕەکەی، بەتێکشکانی ئەخلاقی و مەعنەوی ئەوان لەقەڵەمە دەدات هەروەك منیش پێموایە. من نووسیومە: "ئەفلاتوون بیری لەوە دەکردەوە دەبێ سەرتاسەری بەرنامەکە سەرلەنوێ بونیات بنرێتەوە. سی ملهوڕەکە زیاتر بەهۆی ئازاردانی هەستی دادپەروەری خوازی هاووڵاتیان، لەپانتایی دەسەڵاتبازی سیاسیدا تێکشکان. تێکشکانەکە بەشێوەیەکی سەرەکی

5. Otto Neurath
6. J.A. Lauwerys



تێکشکانێکی مەعنەوی و ئەخلاقی بوو." من جگە لەمە هیچ شتێکم لەمەڕ هەستی ئەفلاتوون نەوتووە (دووجار دووپاتم کردۆتەوە "ئەفلاتوون بیری لەوە دەکردەوە"و "ئەفلاتوون هەستی دەکرد"). بەبۆچوونی من تێکشکانی سی ملهوڕەکە بووە هۆی ئەوە کە ئەفلاتوون لەهەندێ ڕووەوە بچێتە سەر ڕێبازێکی ئەخلاقی تازە ـ هەرچەندە ئەم چوونە بەڕادەی پێویست درێژخایەن نەبوو. بەهیچ جۆرێك قسە لەهیچ کام لەو هەستانە نییە کە پرۆفیسۆر لڤینسن پێیوایە من خستومەت پاڵ ئەفلاتوون، هەرگیز بە خەونیش ئەوەم نەدەبینی یەکێك بتوانێ لە لابەلای نووسینەکانم ڕاڤەیەکی ئەوتۆ بکات.

ڕاستە من ئەوە دەخەمە پاڵ ئەفلاتوونەوە کە تاڕادەیەك دڵی لای سی ملهورەکە و ئامانجەکانیان بوو بۆ لایەنگری کردن لە ئسپارت. بەڵام ئەمە بەتەواوی لەگەڵ ئەو "بۆچوونە پەرتو ناماقوڵانە"دا جیاوازییان هەیە کە پرۆفیسۆر لڤینسن دەیخاتە پاڵ من. من پێموایە ئەفلاتوون ستایشی خاڵی خۆی، واتە کریتیاسی دەکرد. بۆچوونم وایە کە لەتەك هەندێ لەئامانج و بیروباوەڕەکانی کریتیاس دا کۆك بوو. بەڵام ئەوەم زیادکرد کە ئولیگارشی سی ملهوڕەکەی بە تێکشکانێکی ئەخلاقی و مەعنەوی لەقەڵەم دەدا و ئەم شتە بەرەو سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی ئەو ئەخلاقییاتە پاڵێنا کە لەسەر بنەمای کۆگەرایی دایمەزراندبوو.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە وەڵامی من تەنیا بۆ دوو دانە لەو تۆمەتانەی کە لەلایەن پرۆفیسۆر لڤینسنەوە خراونەتەڕوو، بەرادەی خودی تۆمەتەکان شوێنیان داگیرکردووە. هەربۆیە، چارە نییە و ناچارم تەنیا ئاماژە بەدوو نموونەی تر (لەنێو چەند سەد تۆمەت) بکەم کە لەهەردووکیاندا بانگەشەی ئەوەکراوە بەهەڵە دەقەکانی ئەفلاتوونم وەرگێڕاوە.

حاڵەتی یەکەم پەیوەندی بەم بانگەشەیەی پرۆفیسۆر لڤینسنەوە هەیە کە دەقی نووسینەکانی ئەفلاتوونم خراپتر یان زیاتر لەوەی هەبووە پێشانداوە. لە لاپەڕە ٣٤٩، یادداشتی ٢٤٢، دەنوسێت: "بەڵام پۆپەر لە وەرگێڕاندا، لێرەش وەك ڕابردوو، وشەی ناخۆشی 'تاراندن {نەفی}' لەجیاتی 'ناردن' بەکار دەهێنێت." بەڵام ئەمە هەڵەیە ـ هەڵەی پرۆفیسۆر لڤینسن. ئەگەر سەرلەنوێ سەیری پارچەی ناوبراو بکات بۆی دەردەکەوێت کەمن وشەی "دوورخستنەوە {deport} "م لەشوێنێکدا بەکارهێناوە کەلە وەرگێڕانەکەی ئەودا ـ یان باشترە بڵێم لە وەرگێڕانەکەی فاولەر[٧]دا- "تاراندن لە وڵات {banish}"ی بۆ دانراوە. (لە

7. J. Fowler

وەرگێڕانەکەی فاولەردا، ئەو پارچەیەی وشەی "ناردن {send out}"ی تێیدا بەکارهاتووە، من سوودم لێوەرنەگرتووە و بۆشاییەکەم بەسێ خاڵ پێشانداوە).

بەڵام دەردەکەوێت ئەگەرچی لێرەدا هەڵەیەك روویداوە، دەستەواژەی "وەك رابردوو" لەلایەن پرۆفیسۆر لڤینسن لە خۆڕا نەنووسراوە، چونکە ئەو بەر لەو پارچەیەی ئێستا لەسەری دوایین، سەبارەت بەمن دەڵێ (ل٣٥٥، یادداشتی ٢٤٣): "پۆپەر راڤەی خۆی بۆ ئەم پارچەیە (واتە پارچەی ٥٤١a/٥٤٠e کۆمار) لەرێگای ناوردەکاری بچووکەوە بەهێز دەکات و ئەم هەستە دروستدەکات کە تێڕوانینی ئەفلاتوون پڕسووکایەتی و توندوتیژتر بووە (ل ١٦٦ ئەم کتێبە). بەم چەشنە، وشەی {یۆنانی} apopempo بەمانای کە 'رەوانەکردن'ە ئەو بە 'دەرکردن و دوورخستنەوە' وەریدەگێڕێت..." یەکەم، لێرەدا پرۆفیسۆر لڤینسن تووشی هەڵەیەکی دیکە هاتووە (کە دووەمین هەڵەیە لە دوو پەراوێزی یەك لەدوای یەك). ئەو وشەیەی ئەفلاتوون بەکاری دەهێنێت apopempo نیەو ekpempo یە. بێگومان ئەمە جیاوازییەکی ئەوتۆ دروست ناکات، بەڵام ekpempo بەهەر حاڵ هەمان exی وشەی expel {=وەدەرنانو دەرکردن} دەگەیەنێت[٨] و یەکێك لەماناکانی لەناو فەرهەنگدا "دوورخستنەوەی"یەو ئەویتریان "دەرکردن بە خەفەت و ریسوایی"یەوەیە (یان بەپێی {فەرهەنگی} لیدل و سکۆت[٩] لەو چاپەی لەبەردەستی من دایە، "وەدەرنان لەتەك خەفەت و ریسوایی". وشەی ekpempo روویەکی بەهێزترە لە pempoـ "ناردن"، "رەوانە کردن"ـ ئەگەر لەوتووێژ لەمەڕ hades {=جیهانی مردووەکان} بەکاربهێنرێت، بەپێی نووسینی لیدلو سکۆت "بەزۆری بەمانای ناردنی کەسێکی زیندووە بەرەو hades واتە کوشتنی". (ئەمڕۆش رەنگە هەندێ کەس بڵێن "رەوانەی کرد {ئاودیوی کرد}[١٠]". مانای جێگەی مەبەستی فایدرۆسیش هەر پەیوەندی بەم واتایەوە هەیە، کاتێ لە دیالۆگی خوانی ئەفلاتوون دا، پارچەی ١٧٩eـ ئەو پارچەیەی کە پرۆفیسۆر لڤینسن لەلاپەڕە ٣٤٨ـ ئەوەمان بیردەخاتەوە کە خواوەندەکان ئاخیلیوسیان رزگارکرد لەبەر دلێریو ئەڤینی بۆ پاتروکلوسو رێزیان لێناو "ناردیانە دورگەی پیرۆزەکان" ئەوە لەکاتێك دایە کە هۆمیرۆس ناردیە hades.) وەك دیارە بەئاشکرا هیچ کام لە

٨. پێشگیری ex لەلاتیندا کە خۆی لەیۆنانی وەرگیراوە بەمانا "لە"و "دەرەوە"و "دوور" دێت.

9. Liddell and Scott

١٠. واتە ئاودیو کردنی بەرەو ئەو دونیا.



وەرگێڕانەکان "وەدەرنان"و "دوورخستنەوە" بەهۆی زانستی رەخنەیان لێناگیرێت. پرفیسۆر لڤینسن دەکەوێتە بەر رەخنە چونکە وتەی منی وەرگرتووە و دەڵێت نووسیویەتی "دەرکردن و دوورخستنەوە" ئەوە لەکاتێك دایە کەمن ئەم وشانەم بەم جۆرە بەکارنەهێناوە. (لانیکەم لەرووی دەقی نووسینەکەوە ئەو لەسەرهەق دەبوو ئەگەر بە گواستنەوە لەمنەوە نووسیبای "دەبێ دەربکرێن...و دووربخرێنەوە"، بەناچار دەبێ ئەم سێ خاڵە لێرەدا جیاوازییەك دروستبکەن، چونکە ئەگەر کەسێك بنووسێت "وەدەرنان و دوورخستنەوە" رەنگە بە "بەهێزکردنی" گوزارشتێك بەهۆی گوزارشتێکیترەوە، هەوڵی درێژدادڕی دابێت. ئەم ناوردەکارییە بچووکە، هەڵەی بانگەشەکاری ئێمە "بەهێز" دەکات کە بریتیەلە "بەهێزکردنی" بانگەشەکارانەی راڤەی ئەم پارچەیەی ئەفلاتوون لەلایەن منەوە بە ناوردەکاری بچووك لەو وەرگێڕانەی کردوومە).

بەڵام بەهەر حاڵ ئەم بانگەشەیە دژی من ناگات بەهیچ کوێ. هەر ئەم پارچەیە لەگەڵ وەرگێڕانەکەی شوری[١١] بەراورد بکەن (کە پرفیسۆر لڤینسن بەهەق وەك یەکێك لە مەرجەعە خاوەن رایەکان قبوولێەتی). شوری بەم جۆرە وەریدەگێڕێت: "ئەوان {واتە "فەیلەسووفەکان" کە ئێستا بوونەتە "خواوەندی دەوڵەت"} هەموو دانیشتوانی گەورەتر لە دەساڵ دەنێرنە دەشتەکان و منداڵەکان دەخەنە ژێر سەرپەرشتی خۆیانەوە و لەداب و نەریتی دایك و باوکیان دووریان دەخەنەوە و بەپێی رێورەسم و یاساکانی خۆیان، هەروەك وەسف کرا، گەورەیان دەکەن." ئایا ئەمە رێك ئەو شتە نییە کەمن وتم؟ (ئەوەندە نەبێت رەنگە بەو روونییە نەبێت کە لەلاپەڕە ٣٧٣دا وتوومە). ئاخر کێ باوەڕ دەکات کە "ناردنی هەموو دانیشتوانی گەورەتر لە دەساڵ" دەشێ شتێك بێت جگە لە وەدەرنان و دوورخستنەوە بە زۆرەملێ و توندوتیژی؟ ئەگەر "فەیلەسووفەکان" کە ئێستا بوونەتە "خواوەندەکانی دەوڵەت" هەڕەشەیان لە {دانیشتووان} نەکردبووایە و ناچاریان نەکربان، ئایا بەئاسانی ئەوان سەریان شۆڕ دەکرد و وازیان لە منداڵەکانیان دەهێنا و دەڕۆیشتن؟ (پرفیسۆر لڤینسن لە لاپەڕەی ٣٤٩ رای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ ئەوان بۆ "زەوی و زارەکانیان لەدەرەوەی شار" دەنێرن و کۆمیدیاکە لێرە دایە کە بۆ پشتراست کردنی ئەم بۆچوونە داوای گەڕانەوە بۆ پارچەی ١٧٩e خوان و "دورگەی پیرۆزەکان" دەکات، واتە ئەو شوێنەی کە ئاخیلیوس لەلایەن خواکانەوە ـ یاخود بەجۆرێکی

11. P. Shorey

وردتر، بەتیری ئایۆلۆن یان پاریس[١٢] ـ بەر ئەوێ نێردرا. بێگومان داوای گەڕانەوە بۆ پارچەی **٥٢٦c** گۆرگیاس باشتر لەگەڵ بابەتەکە دەهاتەوە[١٣]).

هەموو ئەمانە پرەنسیپێکی زۆر گرنگ مسۆگەر دەکەن. مەبەستم ئەم پرەنسیپەیە کە **شتێك بەناوی وەرگێڕانی وشە بەوشە لەئارادانییە**، هەموو وەرگێڕانێك راڤەیە و هەمیشە دەبێ حسێب بۆ سیاقی دەستەواژەکان و تەنانەت پارچە هاوچەشنەکان بکەین.

پەراوێزی شوری ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە ئەو پارچانەی من (لە لاپەڕەی **٣٧٣**) لە پارچە وەرگیراوەکەم بەستووە، دەتوانرێت بەم جۆرە لێك گرێ بدرێت. ئەو بەتایبەتی ئاماژە بە بەشێك دەکات کەمن بە "کەڤاڵ سرین" ناوزەدم کردووە و ئاماژە بۆ پارچەی "کوشتن و تاراندن لە وڵات دەکات لە سیاسەتمەدار (**٢٩٣c ـ e**). "ئەوان چ بەپەیرەوکردن لە یاسا فەرمانڕەوایی بکەن و چ بەبێ یاساو، رەعیەت رازی بێت یان نا... چ وڵات لەپێناو سوودەکەیدا بەکوشتنی هەندێ لە هاووڵاتییەکانی پاکسازی یان بە وەدەرنان {یان بەپێی وەرگێڕانی پرفیسۆر لڤینسن بە پەیرەویکردن لە فاولەر، "بەکوشتن یان تاراندن لە وڵات"}... دەبێ ئەم شێوە حکوومەتە وەك تاکە جۆری راست و بەهەق لەقەڵەم بدرێت." (بگەڕێنەوە بۆ ل**٣٦٧** ـ ل**٣٦٨** هەمان کتێب).

پرفیسۆر لڤینسن بەشێك لەم پارچەیەی بەشێوەیەکی تەواوتر لەهی من گواستۆتەوە ( ل**٣٤٩** کتێبەکەی). **بەڵام ئەو بەشەی وەرنەگرتووە کەمن لەسەرتادا گواستوومەتەوە**، واتە: "ئەوان چ بەپەیڕەوی کرد لەیاسا فەرمانڕەوایی بکەنو چ بەبێ یاساو چ رەعیەت رازی بێت یان نا". ئەم خاڵە زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە لەگەڵ هەوڵەکانی پرفیسۆر لڤینسن بۆ پێشاندانی بەریئانەی پارچەی "کوشتن و تاراندن لە وڵات"دا دەگونجێت. یەکڕاست پاش گواستنەوەی ئەم پارچەیە، پرفیسۆر لڤینسن دەنووسێت: "لێکدانەوەی عادیلانەی ئەم پرەنسیپە راگەیەنراوە وادەخوازێت کە لانیکەم کورتە ئاماژەیەك بە گەڵاڵەی گشتی دیالۆگەکە بکرێت." (من هیچ "پرەنسیپێکی" راگەیەنراو لێرەدا نابینم مەگەر مەبەست ئەوە بێت کە هەموو کارێك رەوایە

١٢. Paris کوڕە بچووکی پریام شای ترۆیا.

١٣. لەم پارچەیەدا ئەفلاتوون ئەوە روونەکاتەوە کە چۆن رۆحە خراپکارەکان پاش مردن دەنێردرێنە تارتاروس (یان دۆزەخ) بۆ ئەوەی سزای خۆیان وەرگرن.



ئەگەر **لەپێناو سوودی وڵاتدا** ئەنجام بدرێت.) لە ئاکامی ئەم "کورتە ئاماژە"یە بە ئامانج و مەیلەکانی ئەفلاتوون و بەبێ وەرگرتنی هیچ وتەیەك لێی بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ئەمە دەخوێنینەوە :"ئیدی پێڤانە نەریتی و قبوولکراوە هەنووکەییەکان ـ وەك ئەوە کە ئایا {بەهەرحاڵ} دەبێ فەرمانڕەوایی بکرێت... **چ رەعیەت رازی بێت و چ نەبێت و بەپێی یاسا یان بەپێچەوانەی یاسا**ـ هەمووی رەد دەکرێتەوە بەو ناوە کە بێجێ و ناپێویستە." هەروەك دەبینین، وشەکانی پرفیسۆر لڤینسن کە لێرەدا تۆخم کردوونەتەوە، رێك هەر ئەوانەن کەمن لەسەرتای پارچەی "کوشتن و تاراندن لە وڵات" لە ئەفلاتوونم خواستووە (ئەو خۆی لە گواستنەوەیان بواردووە). بەم چەشنە، ئێستا سەرەتای پارچەکە زۆر بێ ئازار دێتە بەرچاو :بەجۆرێکی دی، بەپێچەوانەی ئەوەی من پێشانم داوە بە فەرمانڕەواکان ناوترێت دەبێ "**بە یاسا یان بێیاسا**" بکوژن یان لە وڵات بتارێنن. ئەو هەستەی لای خوێنەرانی پرفیسۆر لڤینسن دروست دەبێ کە پرسەکە وەك بابەتێکی لاوەکی ـو "بێجێ" لەتەك کێشە جێگەی باس ـ بەلاوە نراوە.

بەڵام ئەو هەستەی لای خوێنەرانی ئەفلاتوون و تەنانەت لایەنی گفتوگۆی ئەم دیالۆگە دروست دەبێت، گەلێ جیاوازە تەنانەت "سوقراتی گەنج"[١٤] کە چەند ساتێك پێشتر (پاش دەستپێکردنی ئەو پارچەیەی وەرمگرتووە) بە هاواری "زۆر جوانە!" هاتبوو ناو وتووێژەکەوە، ئێستا لە نایاسایی بوونی کوشتارە پێشنیار کراوەکە وەلەرزە دێت، چونکە یەکڕاست پاش دەربڕینی پرەنسیپی "کوشتن و تاراندن لە وڵات" (کە رەنگە بەراستیش "پرەنسیپ" بێت)، ئێژێ :"ئەو شتانەی تری کە وتت هەموویان ماقووڵ دێنە بەرچاو، بەڵام لەمەڕ ئەوەکە حکوومەت {بەشێوەیەکی لاوەکی، ئەم کردەوە سەخت و توندانە} **بەبێ یاسا پیادە بکرێت**، قسەیەکی سەختە." (وەرگێرانی فاولەر و تۆخکردنی وشەکان لەمنەوەیە).

من پێموایە، ئەم وتەیە دەیسەلمێنێ ئەفلاتوون بەراستی دەیویست سەرەتای پارچەکە ـ"چ بە پەیرەویکردن لە یاساو چ بێیاسا"ـ بەبەشێك لە پرەنسیپی "کوشتن و تراندن لە وڵات" لەقەڵەم بدرێت و پرۆفیسۆر لڤینسن بەهەڵە داچووە کە ئێژێ مەبەست لە "بەیاسا یان بێیاسا" لێرەدا تەنیا گەیاندنی ئەم مانایەیە کە پرسەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ماهییەتی ئەم کێشەیەوە نییە و هەربۆیە دەبێ بەلاوەبنرێت.

١٤. لەم دیالۆگەدا "سوقراتی گەنج" جیاوازە لە سوقراتی بەناوبانگ.

پرۆفیسۆر لڤینسن بەئاشکرا لە راڤە و تەئویلی پارچەی "کوشتن و تاراندن لە وڵات" تووشی نائارامییەکی قووڵ هاتووە. بەم حاڵەش لەکۆتایی ئەو هەوڵە بێوچانەی کە بۆ داکۆکی کردن لە ئەفلاتوون لەرێگای بەراورد کردنی شێوازی ئەو لەگەڵ میتۆدەکانی ئێستای ئێمە ئەنجامی داوە، وێڕای ئەو بۆچوونەی سەبارەت بەم پارچەیە دەریبڕیوە، دەڵێت :"سەرەڕای ئەوە کە بەرواڵەت سیاسەتمەداری ئەفلاتوونی ئامادەیە بکوژێ و لەوڵات بتارێنێ و کۆیلە بکات، لەکاتێکدا رەنگ بوو ئێمە بەهەمان بارودۆخدا لەلایەکەوە زیندان و لەلایەکیترەوە سوودوەرگرتن لە ئاسانکاری دەروون پزیشکیی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان پێشنیار بکەین، بەڵام ئەگەر بە وەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیانەی ئاماژەمان بۆکرد سەیری ئەفلاتوون بکەین، بۆمان دەردەکەوێ تاڕادەیەکی زۆر لەم حاڵەتە بەخوێن تینوو بوونە دێتە دەرەوە."

من گومانم لەوەنییە کە پرۆفیسۆر لڤینسن بەراستی مرۆڤدۆست و دیموکرات و ئازادیخوازە. بەڵام ئایا شێوێنەر نییە کەسێ سەیربکات مرۆڤدۆستێکی راستەقینە بەهۆی شەوقی داکۆکی کردن لە ئەفلاتوون، دەتوانێت بەرەو شوێنێك پەلکێش بکرێت کە بەراوردی لەم چەشنە ئەنجام بدات لەنێوان شێوازە سزاییە هەڵبەتە پڕکەموکوڕی و خزمەتگوزاری بەهەمان ڕادە پڕکەموکوڕی ئێمە و کوشتن و لە وڵات تاراندن (و کۆیلەکردنی) هاووڵاتیان، **<u>بەبێ هیچ یاسایەك</u>** و بەدەستی "سیاسەتمەدارێکی راستەقینە"و چاکە کارێکی دانا، "لەپێناو سوودی شاردا"؟ ئایا ئەمە نموونەیەکی تۆقێنەری تری ئەو ئەفسوونە نییە کە ئەفلاتوون گەلێ لەخوێنەرانی خۆی پێگیرۆدە کردووە و نموونەی مەترسی رێبازیئەفلاتوونی (پلاتۆنیزم} نییە؟

حاڵەتی لەم جۆرە زۆر لەوە زیاترن کە بمەوێت هەموویان تاوتوێ بکەم و هەموویان ئاوێتەی تۆمەت خستنەپاڵ پۆپەرێکە کە زیاتر خەیاڵییە. بەڵام وێڕای ئەمە گەرەکمە بێژم کتێبەکەی پرۆفیسۆر لڤینسن نەك هەر هەوڵێکی زۆر دڵسۆزانەیە بۆ بەرەڤانی کردن لە ئەفلاتوون، بەڵکو بە هەوڵێك بۆ لێڕوانینی لەژێر تیشکێکی نوێ لەقەڵەم دەدرێت. سەرەڕای ئەوە کە تەنیا یەك پارچەی تاڕادەیەك بێبایەخم دۆزیوەتەوە کە پێموایە **<u>تەنیا لەوێدا</u>** تا ئەندازەیەك لەڕادەبەدەر لەراڤەی دەقی ئەفلاتوون (بەڵام نەك لە مانای وتەکەی)دا ئازادیم بەخۆم داوە، نامەوێت ئەم هەستە دروستبێت کە کتێبێکی زۆر باش و سەرنجڕاکێش نییە ـ بەتایبەتی ئەگەر چاوپۆشی



لەدەیان هەڵوێست بکەین کە تێیدا وتەکانی "پۆپەر" وەرگێراون یان (هەروەك دەرمخست هەندێ بەهەڵە وەرگێراون و بەزۆری لەرەگ و ریشەوە بەدحاڵیبون لەمەڕ قسەکانی لە ئارادایە. بەڵام گرنگتر لە پرسە تاکەکەسییەکان ئەم پرسیارەیە کە داکۆکی کردنی پرۆفیسۆر لڤینسن لە ئەفلاتوون تاکوێ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟

## ب

من فێربوومە کاتێ لەگەڵ هێرشێکی نوێی یەکێك لە داکۆکیکارەکانی ئەفلاتووندا رووبەروو دەبمەوە، باشترین کار ئەوەیە کا چاوپۆشی لە خاڵە بچووکەکان بکەم و بەدوای وەڵامی ئەم پێنج پرسیارەی خوارەوەدا بگەڕێم.

(١) چۆن بەرسڤی ئەم بۆچوونەی من دراوەتەوە کە سوقراتی داکۆکی (هەروەك لەبەشی دەیەم، بڕگەی٦، بەندی دووەم، ئاماژەم بۆکردووە) لەکۆمار و یاساکاندا مەحکومدەکرێت؟ هەروەك چۆن لەیەکێك لەیادداشتەکاندا روونم کردۆتەوە (یادداشتی ٥٥، بەشی دەیەم)، گرۆتیش بۆچوونێکی لەم چەشنەی دەربڕیوە و تەیلۆر پشتیوانی لێکردووە. ئەگەر ئەم بانگەشەیە بە ئینسافەوە بێت ـ کە بەڕای من وایە ئەوا بۆچوونەکەی دواتری من لە بەندی(٢)دا پشتراست دەکات.

(٢) چۆن بەرسڤی ئەم بۆچوونەی من دراوەتەوە کە ناشێت هەڵوێستی دژە ئازادیخوازانە و دژە مرۆڤدۆستانەی ئەفلاتوون بەم واقیعیەتە بانگەشەکارانەیە روون بکرێتەوە کە ئەو ئاگای لە هزرە باشترەکان نەبووە و **<u>بۆ ئەوەی سەردەمە</u>**، ئازادیخواز و مۆڤدۆست بوو؟

(٣) چۆن بەرسڤی ئەم بۆچوونەی من دراوەتەوە کە (بۆ نموونە لە پارچەی کەڤاڵ سڕینی کۆمارو لەبەشی "کوشتن و لە وڵات تاراندن"ی سیاسەتمەداردا) ئەفلاتوون هانی فەرمانڕەواکانی خۆی دەدات بۆ سوودوەرگرتن لە توندوتیژییەکی بێبەزەییانە "لەپێناو سوودی وڵات"دا؟

(٤) چۆن بەرسڤی ئەم بۆچوونەی من دراوەتەوە کە ئەفلاتوون لەپێناو سوودی شاردا، بەتایبەتی لەبەستێنی پەروەردەکردنی رەگەزدا، درۆزنی و هەڵخەڵەتاندن نەك هەر بە ئەرك بەڵکو بە ئیمتیاز (جوێیەتی) تایبەتی شا فەیلەسووفەکانی خۆی دەزانێت و لەم پانتاییەدا یەکێك لە دامەزرێنەرانی رەگەزپەرەستییە؟

(٥) لەوەڵامی مندا کە لە لاپەڕەی٢٥، پارچەیەکی یاساکانم کردۆتە سەردێڕی پاژی "ئەفسوونی ئەفلاتوون" (هەروەك لەلاپەڕەی ١٤٨دا لەسەرەتای یادداشتەکاندا وتوومە، لە یادداشتگەلی ٣٣ و٣٤، بەشی شەشەم، بەتێروتەسەلی ئەم پارچەیەم تاوتوێ کردووە)، چی وتراوە؟

من زۆربەی کاتەکان ئەوە دەخەمەوە بیری قوتابییەکانم کە ئەوەی سەبارەت بە ئەفلاتوون دەیڵێم حەتمەن جگە لەراڤە شتێکیتر نییە و هیچ سەرم لەوە ناسوڕمێ (ئەگەر لەگەڵ ڕۆحەکەیدا بەرەورووبم) پێم بڵێت و قەناعەتم پێبێنێت کە وتەکانم خراپ راڤەکردووە و ناراستن. بەڵام زۆربەی کات ئەوەش زیاددەکەم کە ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەرشان بۆ بەڵگە داتاشین بۆ چەند پەراگرافێك کە وتووومە.

(٦) ئایا سەبارەت بەهیچ کام لەم پێنج خاڵەی سەرەوە، پرۆفیسۆر لڤینسن هیچ سەرکەوتنێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی ئەفلاتوون بەدەست هێناوە؟

بەراستی پێموانییە بەدەستی هێنابێت.

(١) لەمەڕ خاڵی یەکەمەوە، تکا لەهەموو ئەو کەسانە دەکەم کە گومانیان لەم بارەیەوە هەیە بەوردی دەقی دوایین وتەکانی بێگانە ئەسینییەکە بخوێننەوە لەکتێبی دەیەمی یاساکان (لە ٩٠٧d تا بۆنموونە ٩٠٩d). ئەو یاسایەی لەوێدا قسەی لەسەردەکرێت تایبەتە بەهەمان جۆرە تاوان کە سوقراتی پێ تومەتبار کرابوو. قسەی من ئەوەیە کە لانیکەم سوقرات دەربازگەیەکی هەبوو (زۆربەی رەخنەگرەکان بەسەرنجدان لەداکۆکی پێیانوایە ئەگەر ئامادەبووایە لە وڵات تاران (نفی بلد) قبوڵبکات، رەنگە توانیبای لەمردن رزگاری بێت)، ئەوە لەکاتێك دایە کە لە یاساکانی ئەفلاتووندا بەهیچ چەشنێك پێش بینییەکی ئەوتۆ نەکراوە. ئێستا بەشێك لە وتاری دوورودرێژی بێگانە ئەسینییەکە کە بیۆری (پێدەچێت جێگەی پەسندی لڤینسن بێت) وەریگێڕاوە. بیگانە ئەسینییەکە سەرەتا دەستدەکات بە پۆلینکردنی "تاوانبارەکان" (واتە ئەو کەسانەی کە تاوانەکانیان بەپێی وەرگێڕانەکەی بیۆری "بێدینی" یان "نەخۆشی ئیلحاد"ە بگەڕێنەوە بۆ ٩٠٨c). پاشان سەرەتا لەمەڕ ئەو کەسانەوە دەدوێت کە "ئەگەرچی بەتەواوی نکۆڵی لەبوونی خوا دەکەن، بەڵام بەسروشت خەسڵەتێکی دادپەروەرانەیان هەیە...و... ناتوانرێت ناچاربکرێن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی ستەمکارانە." (٩٠٨b ـ c، ئەمە تاڕادەیەك ئەو وێنەیەیە کە (هەڵبەتە بەشێوەیەکی ناخودئاگا) بۆ سوقرات کێشراوە، سەرەڕای



ئەم راستییە گرنگەکە پێدەچێت مولحید نەبووبێت، ئەگەرچی بە رەشبینی و ناڕاست ئۆلی[١٥] تۆمەتبار کرابوو.) ئەفلاتوون سەبارەت بەم کەسانە دەنوسێت :"... ئەم تاوانبارانە... بەهۆی نەبوونی توانست و خدەی شەرەنگێزانە، دەبێ بەپێی یاسا لانیکەم بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن داوەرەکانەوە بنێردرێنە چاکسازگە (reformatory)و نابێ لەم ماوەیەدا هیچ هاووڵاتییەکیتر تێکەڵاوی لەگەڵیاندا هەبێت، جگە لەو کەسانە کە بەشدارن لە ئەنجوومەنی شەوانە[١٦]و لەگەڵیاندا دادەنیشن بۆ ئەوەی بە ئامۆژگاریکردن گیانیان رزگار بکەن {من وەرمدەگێڕا "ئەوانیان دەخستە ژێر پێراگەیشتن یان دەرمانکردن"}..." کەواتە، تەنانەت "باشە" بێدینەکانیش لانیکەم بەپێنج ساڵی رێك زیندانی مەحکووم دەکرێن و تاکە لایەنێك کە دەتوانێ سەردانیان بکات ئەندامانی ئەنجوومەنی شەوانەیە بۆ ئەوەی گیانە نەخۆشەکەیان "تاوتوێ" بکات. ئەفلاتوون پاشان ئەمەش زیاد دەکات :"... و لەکاتی بەسەربردنی ماوەی زیندانی هەر کامێکیان کە وابێتە بەرچاو چاك بووەتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا نبشتەجێ بێت کە چاککراون، ئەگینا ئەگەر جارێکیتر بەم تۆمەتە وەك تاوانبار بناسرێت، سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرێت."

پێموانییە پێویست بکات من هیچ بەم شیکردنەوەیە زیاد بکەم.

(٢) خاڵی دووەم کە رەنگە لە روانگەی پرۆفیسۆر لڤینسنەوە گرنگترین خاڵ بێت، بریتییە لەوە کە بەپێی یەکێك لەبانگەشە سەرەکییەکانی، من بەهەڵە پێموایە لەنێو ئەو کەسانەی کەمن بە "**<u>نەوەی مەزن</u>**" ناوزەدم کردوون، مرۆڤدۆستی لە ئەفلاتوون باشتری تێدابوو.

بەتایبەتی پێیوایە وێنای من بۆ سوقرات وەك پیاوێکی لەم رووەوە زۆر جیاواز لەگەڵ ئەفلاتوون، ساختەیی و ئەفسانەییە.

من پێشتر یادداشتێکی زۆر درێژم (یادداشتی٥٦، بەشی دەیەم)ـ یان لەراستیدا توێژینەوە و وتارێکم ـ بۆ ئەم کێشەیە ـ واتە **<u>کێشەی سوقراتی</u>** ـ تەرخانکردووە و هیچ هۆیەك لەئارادانییە ئێستا بۆچوونەکانی خۆم سەبارەت بەمە بگۆڕم. بەڵام حەزدەکەم لێرەدا بڵێم ئەم سۆسە مێژووییەی من لەمەڕ **<u>کێشەی سوقراتی</u>**، لەلایەن ئەفلاتووناسێکی پایەبەرزی وەك ریچارد

15. unorthodoxy
16. nocturnal assembly

رۆبنسن[١٧] **ـ یش پشتڕاست** کراوە. ئەم پشتڕاست کردنە زۆرتر لەم رووەوە نرخ و بەهای هەیە که رۆبنسن بەتوندی سەرکۆنەم دەکات (رەنگە لەسەر هەقیش بێت) لەبەر زمانی هێرشەکانم بۆ سەر ئەفلاتوون. هیچ کەسێك نییە رەخنەکەی رۆبنسن لە کتێبەکەی من بخوێنێتەوە[١٨] و بتوانێ بە لایەنگرییەکی بێجێ لەمن تۆمەتباری بکات. تەنانەت خودی پرۆفیسۆر لڤینسن بەزمانی پەسند کردن و پشتڕاست کردن وتەکانی رۆبنسن وەردەگرێت (ل٢٠) چونکە سەبارەت بە "شێتایەتی"من لەمەڕ "سەرزنشکردنی" ئەفلاتوون دەدوێت. بەم حاڵەش، ئەگەرچی (لە پەراوێزی لاپەڕەی ٢٠) پرۆفیسۆر لڤینسن ئاماژە بەوە دەکات کە ریچارد رۆبنسن "لەو رەخنە تێروتەسەلەی کە لەسەر کتێبی **کۆمەڵگای کراوە** نووسیویەتی، ستایش و سەرزەنشی تێکەڵاو کردووە) و دیسان ئەگەرچی (لە پەراوێزێکی دیکەدا لەلاپەڕە ٦١) بەهەق وەك یەکێك لەمەرجەکانی "گەشەی لۆژیکی ئەفلاتوون لە قۆناغی سەرەتایی سوقراتییەوە تا قۆناغی ناوەندی) ناوزەدی دەکات، بەڵام هیچ کاتێ بە خوێنەرەکانی ناڵێت کە رۆبنسن نەك هەر لەگەڵ تۆمەتە سەرەکییەکانی منە دژی ئەفلاتوون، بەڵکو بەتایبەتی لەگەڵ رێگاچارەی سۆسەیی من سەبارەت بەکێشەی سوقراتیش داکۆك و هاوڕایە. (هەروەها رۆبنسن ئەوە قبوڵ دەکات کە وەرگێڕانەکەم بۆ ئەو پارچەیەی کە لەژێر (٥)دا لەسەری دەدوێن راستە.)

هەروەك بینیمان، رۆبنسن "ستایش و سەرزەنش تێکەڵاو دەکات"، لەم رووەوە، رەنگە هەندێ لەخوێنەرانی (لە حەژمەتی نیگەرانی ئەوەی شتێك بۆ پشتڕاست کردنی "شێتایەتییەکان" بۆ "سەرزەنش" کردنی من بدۆزنەوە) سەرنجیان لەم ستایشە نەدابێت کە لەدوایین رستەی ئەم پارچە تۆکمەیەی خوارەوە کە رەخنەیەکیەتی لەمەڕ (**کۆمەڵگای کراوە**) (ل ٤٩٤) نووسراوە:

> مامۆستا پۆپەر پێیوایە ئەفلاتوون بەنیاز خراپی رێنمابییەکانی سوقراتی ئاوەژوو کردۆتەوە. لای ئەو، ئەفلاتوون هێزێکی زۆر زیانمەندی سیاسەتە و سوقرات هێزێکی گەلێ بەسوودە. سوقرات گیانی خۆی لەپێناو ئەوە دانا کە مافی ئەوەی هەبێت بەئازادی لەگەڵ گەنجەکان وتووێژ بکات، بەڵام لەکۆماردا، ئەفلاتوون تێڕوانینی ئەو بۆ گەنجەکان وەك تێڕوانینێکی ساردی گەورە بەرانبەر بچووك پێشاندەدات. سوقرات گیانی خۆی لەرێگای حەقیقەت و ئازادی رادەربڕین بەخت

17. Richard Robinson
18. philosophical Review, 60, 1951.



> کرد، بەڵام لەکۆماردا، هەوادار و لایەنگری درۆزنییە. سوقرات بیرمەندێکی خاکەڕێ بوو، بەڵام لە کۆماردا، بیرمەندێکی دۆگماتیستە. سوقرات پەیڕەوکاری تاکگەرایی بوو، بەڵام لەکۆماردا، لە رەگ و ریشەوە پابەندی کۆگەراییە و شتی لەم جۆرە. بەڵگەی مامۆستا پۆپەر چییە کە ئەم بۆچوونانە بەهی سوقراتی راستەقینە دەزانێ؟ ئەو بەڵگەکانی خۆی تەنیا لەئەفلاتوون، لە دیالۆگە کۆنترەکان و بە پلەی یەکەم لە دیالۆگی داکۆکی وەردەگرێت. بەم چەشنە، فریشتەی رووناکی کە (پۆپەر) وەك دژ لەبەرانبەر ئەفلاتوونی دێوی دادەنێت، تەنیاو تەنیا لەسەر بنەمای گێڕانەوەی خودی دێوەکە بە ئێمە دەناسرێت! ئایا ئەمە پووچ و بێمانایە؟
>
> بە بڕوای من پووچ نییە، بەڵکو بەتەواوی راستە.

ئەم پارچەیە دەریدەخات کە لانیکەم توێژەرێك، کە پرۆفیسۆر لڤینسن وەك ئەفلاتووناس و خاوەن رایەك پەسەندی دەکات، گەیشتووە بەم دەرەنجامە کە بۆچوونی من سەبارەت بە **کێشەی سوقراتی** پووچ و بێمانا نییە.

بەڵام ئەگەر تەنانەت رێگاچارە سۆسەییەکەی من بۆ **کێشەی سوقراتی** هەڵەش بێت، دیسان بەڵگەی زۆر لەبەردەست دایە کە دەلالەت لەسەربوونی مەیلی مرۆڤدۆستانە دەکات لەم قۆناغەدا.

سەبارەت بە وتاری هیپپیاس کە لە دیالۆگی پرۆتاگۆراس (**٣٣٧e**)دا تووشی دەبین[١٩]، پرۆفیسۆر لڤینسن لەلاپەڕە ١٤٧ی کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێ :"دەبێ لەسەرتاوە گریمانەکەمان لەسەر ئەوە دابنێین کە لێرەدا ئەفلاتوون هەستی هیپپیاس کەلای هەمووان ئاشکرایە، بە ئەمەکەوە دەنوێنێتەوە." تائێرە من و پرۆفیسۆر لڤینسن هاوڕاین. ئەو شوێنەی کە بەتەواوی لەگەڵیدا دژم، لەسەر ئەوەیە کە وتارەکەی هیپپیاس سەبارەت بەچییە. لەم بارەیەوە، بۆچوونەکانم ئێستا تەنانەت تۆکمەترن لەو رایانەی کە لەدەقی ئەم کتێبەدا دەرمبڕیون.

١٩. بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕە ١٢٠ ئەم کتێبە، ئەم جارەیان پرۆفیسۆر لوینسن پێدەچێت نارازی نەبێت لە وەرگێڕانەکەم، بگەڕێنەوە بۆ لاپەڕەی ١٤٤ کتێبەکەی ئەو.

(ئەم خاڵەش شایانی ئاماژە پێکردنە کە من پێموانییە هەرگیز وتبێتم هیپپیاس دژی کۆیلایەتی بووە. ئەوەی وتوومە ئەوە بووە کە "ئەم رۆحە لەگەڵ بزاڤی دژە کۆیلایەتی ئەسینادا پەیوەندییەکی نزیکی هەبووە." کەواتە، بەڵگەخوازییە دوورودرێژەکەی پرۆفیسۆر لڤینسن بێمانایە کە گەرەکیەتی بیسەلمێنێ من هەقم نییە "ئەو {واتە هیپپیاس} لەریزی نەیارانی دژە کۆیلایەتی بژمێرم.")

من ئێستا وتارەکەی هیپپیاس وەك بەیاننامەیەك ـو رەنگە یەکەمین بەیاننامە ـ سەیر دەکەم لەپانتایی بڕوابوون بە مرۆڤدۆستی ـ ئەو بڕوایەی کە ئیلهام بەخشی بیروبۆچوونەکانی چاخی رۆشنگەری و شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بوو، ئیمان بەوە کە هەموو مرۆڤەکان بران و یاساکان و رێورەسمی دابی و دەستکردی مرۆڤ جیاوازی دەخاتە نێوانیان و بوونەتە سەرچاوەی گەلێ رۆژ رەشی کە دەشێ خۆمانیان لێببوێرین، لەم رووەوە، بۆ مرۆڤ ئاستەم نییە کە بەگۆڕینی یاساکان و چاکسازی حقوقی، رەوشەکە باشتر بکات. ئەم بیروبۆچوونانە چاوگی ئیلهامی کانتیش بوونە. شیلەریش لەمەڕ یاسا دابییەکان لەژێر ناوی "پەسندی رۆژ" دەدوێت ـ ئەو یاسایانەی کە "بە سەختی" (streng) ـ یان بە وتەی بتهۆڤن، "سەرەڕۆیانە" (frech)ـ دەبنە هۆی جودایی مرۆڤەکان.

سەبارەت بەکۆیلایەتی، قسەی سەرەکی من ئەوەیە کە لەکۆماردا هەندێ بەڵگەی ئەوتۆ بەرچاو دەکەون کە دەلالەت لەبوونی هەندێ مەیل و ئاراستە دەکەن لە ئەسینا کە دەتوانین وەك دژایەتی لەگەڵ کۆیلایەتی لێکیان بدەینەوە. بەم جۆرە، "سوقرات"ی وێنەکێشراوی ناو کۆمار، وێڕای گوتارێك کە تێیدا دیموکراسی ئەسینا دەداتەبەر تانە و تەشەر دەڵێت[20]: "لوتکەی ئەم ئازادییە گشتییە... لەشارێکی ئەوتۆدا کاتێ وەدەست دێت کە ئەو کۆیلانەی بەزێڕ کڕدراون، چ پیاو چ ژن، لەرووی ئازادییەوە هیچ کێماسییەکیان نەبێت لەگەڵ خاوەنەکانیان کە ئەوانیان کڕیوە."

شوری چەندجار بۆ ئەم پارچەیە دەگەڕێتەوە (بچوونە سەر ئەم پەراوێزەی لەخوارەوەیە کە ساڵی ١٩٦٥ زیاد کراوە)، بەڵام بابەتەکەی خۆی دەدوێت. لڤینسن لەلاپەڕە ١٧٦ سەبارەت بەم

٢٠. کۆمار، ٥٦٣b. ئەم وتەیە کە لە لاپەڕە ٨٢ی ئەم کتێبە ئاماژەی پێکراوە، لێرەدا سوود لە وەرگێڕانی شوری وەردەگرم.



پارچەیە دەنووسێت :"لێگەڕێن ئەم پارچەیەش کە ئێستا وەرمانگرت، بۆ تەواوترکردنی باری بچووکی گوناهە کۆمەڵایەتییەکانی ئەفلاتوون بە شتەکانیترەوە زیاد بکەین"، لەلاپەڕەی دواتر، وێڕای دوان لەمەڕ "نموونەیەکی دیکەی دەعیە و خۆبەزلزانی ئەفلاتوون" سەرلەنوێ ئاماژەی بۆدەکاتەوە. بەڵام ئەمە بەرسڤی قسەی من نییە کەدەڵێم ئەگەر ئەم پارچەیە لەگەڵ پارچەی دووەمی کۆمار وەبەرچاوبگرین کە لەلاپەڕە ٨٤ی ئەم کتێبەدا ئاماژەی بۆکراوە، بەڵگەیەکمان دەدات بەدەستەوە کە دەلالەت لە بوونی بزاڤێکی دژە کۆیلایەتی دەکات. پارچەی دووەم[21] (کە لە کۆماردا یەکڕاست پاش شیکردنەوە و درێژکردنەوەی پارچەی یەکەم[22] دێت و هەندێ پێشتر لەکۆتایی بەندی پێشوودا ئاماژەمان بۆکرد)، لە وەرگێڕانەکەی شوریدا بەم جۆرەیە: "ئایا دەزانی کۆی هەموو ئەمانە... ئەوەیە کە گیانی هاوڵاتیان هێندە هەستیار دەبێت کە بەبچووکترین کینایە بۆ بەندایەتی[23] {من بە "کۆیلایەتی"[24] وەرمگێڕاوە} دەڕەنجێن و خۆی لەبەر ڕاناگرن[25]؟"

پرۆفیسۆر لڤینسن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بەڵگانەدا دەکات؟ سەرەتا، دوو پارچەکە لەیەکتری جیا دەکاتەوە: ماوەیەکی درێژ پاش ئەوەی لەلاپەڕە ١٥٣ بەڵگە بانگەشەکارانەی من سەبارەت بە بزاڤی دژە کۆیلایەتی وردوخاش دەکات، ئەو کات لەلاپەڕە ١٧٦ دەچێتە سەر پارچەی یەکەم. لەلاپەڕە ١٥٣ لەژێر ناوی ئەوە کە وەرگێڕانەکەم هەڵە و سەیر و نارێکە، پارچەی دووەم بەلاوەدەنێت و دەنووسێ: "ئەمە بەتەواوی هەڵەیە، راستە ئەفلاتوون وشەی douleia (کۆیلایەتی یان بەندایەتی) بەکاردەهێنێ، بەڵام ئەم وشەیە هەڵگری **تەنیا کینایەیەکی مەجازییە** بۆ کۆیلایەتی بەمانا باوەکەی." (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە.)

رەنگە ئەمە کاتێ بڕوای پێبکردرێت کە پارچەی جێگەی مەبەست لەو پارچەیە جیابکەینەوە کە یەکڕاست بەر لەم هاتووە. (پارچەکەی پێشتر لەلایەن پرۆفیسۆر لڤینسنەوە بیست و چەند لاپەڕە دواتر ئاماژەی بۆ دەکرێ، لەو شوێنەی دەیەوێت دەعیە و خۆبەزلزانی ئەفلاتوون روون

٢١. کۆمار، ٥٦٣d

٢٢. کۆمار، ٥٦٣b

23. Servitude

24. slavery

٢٥. ئەو وشەی شوری بە servitude و پۆپەر Slavery وەریانگێڕاوە، لەبنەڕەت دا یۆنانی douleiaیە.

بکاتەوە.) بەڵام لەم دەقەدا ـ لەبەستێنی سکالای ئەفلاتوون لەرەفتاری بێبەند و باری کۆیلەکان (و تەنانەت گیانلەبەرەکان)ـ هەلی بچووکترین گومان بەهیچ جۆرێك ناهێڵێتەوە کە جگە لەو مانایەی کە پرۆفیسۆر لڤینسن بەهەق لەم پارچەیەی وەردەگرێ، واتایەکی تریشی تێدا پەنهانە و دەبێ douleia بەمانا راستەقینەکەی وەربگرین. ئەم پارچەیە ئێژێ ـو مەبەستەکەش هەر ئەوەیە ـ هاووڵاتیانی ئازاد و دیموکرات بەهیچ چەشنێك لەتوانایاندا نییە خۆ لەبەر کۆیلایەتی ڕابگرن ـ واتە نەك ناچنە ژێر باری هیچ چەشنە بەندایەتییەکەوە (و تەنانەت بە وتەی ئەفلاتوون، ژێر باری یاساکان) بەڵکو هێندە دڵناسك بوونە کە تەنانەت خۆلەبەر "بچووکترین ئاماژە بۆ بەندایەتی"ـ یش ڕاناگرن، وەك کۆیلایەتی "کۆیلە بەزێڕ کڕدراوەکان، چ پیاو چ ژن"

لەلاپەڕە ١٥٣، پاش دوان لەسەر پارچەی دووەم، پرۆفیسۆر لڤینسن دەپرسێ: "لەژێر تیشکی ئەم بەڵگانە... سەبارەت بەوەی چی لە بانگەشەکانی پۆپەر دەمێنێتەوە، بەئینسافەوە دەتوانین بڵێین چی؟... ساکارترین وەڵام ئەوەیە ئەگەر وشەکان بەمانایەك لەسنووری مانا راستەقینەکەیاندا بەکاربهێنرێن، هیچ." بەڵام لەو دەقەدا کە douleia بەئاشکرا دەلالەت لەسەر کۆیلایەتی دەکات، بانگەشەکانی خودی ئەو لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراوە کە ئەم وشەیە، هەروەك چەند خەت لەمەو پێش وتوویەتی، بەمانایەك هەڵگری "تەنیا کینایەیەکی مەجازییە" وەربگرێت نەك بەمانا راستەقینەکەی[٢٦].

٢٦. **ئەم پەراوێزە لەساڵی ١٩٦٥ زیاد کراوە.** لەم پارچەیەدا (کۆمار، ٥٦٣d)، وشەی douleia هەڵگری ئەم مانا راستەقینەیە (جگە لەو مانا خوازییەی کە پرۆفیسۆر لڤینسن بەهەق بۆ ئەم وشەیە بڕوای پێی هەیە). شوری کە خۆی یەکێکە لە ئەفلاتوونییەکان و دوژمنی ئاشکرای دیموکراسییە و پرۆفیسۆر لڤینسن وەك ژێدەرێك لەمەڕ ئەفلاتوونییەکان سەیری دەکات، ئەم شتە پشتڕاست دەکاتەوە. (من زۆربەی کاتەکان دەتوانم لەتەك شوریدا کۆك و هاوڕابم سەبارەت بە لێکدانەوەکانی لەمەڕ ئەفلاتوون، چونکە ئەو بە دەگمەن هەوڵدەدات سیمایەکی مرۆیی و ئازادیخوازانە بە ئەفلاتوون ببەخشێت.) لەو پەراوێزەدا کە شوری بۆ وشەی douleiaی زیاد کردووە لە وەرگێڕانی کۆماردا، داوای گەڕانەوە دەکات بۆ دوو پارچەی هاوچەشن لە گۆرگیاس (٤٩١e)و یاساکان (٨٩٠a). لەپارچەی یەکەمدا وەرگێڕانی لەمب (W.R.M. Lamb)، چاپی لوب (Loeb Edition ـ نووسراوە:" چۆن کەسێك دەتوانی خۆشحاڵ بێت ئەگەر بێتو کۆیلەی یەکێکیتر بێت؟" لێرەشدا وەك کۆمار، دەستەواژەی "کۆیلە بوون" هەم بەمانا خوازییەکەی واتە "ملکەچبوون" دێت و هەم بەمانا راستەقینەکەی. لەراستیدا، خاڵی بنەڕەتیش هەر هەمووی لە ئاوێتەکردنەی ئەم دوو مانادایە. پارچەی دووەم



دیسان لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، پرۆفیسۆر لڤینسن سەبارەت بەم هەڵە "سەیرەی" من لەگەڵ وەرگێڕانی douleia بەمانا حەقیقییەکەی کردوومە، دەنووسێت :"ئەم بەد راڤەکردنە، لەپێشەکی شانۆنامەی شروود ئەندرسن[٢٧] لە ژێر ناوی **پێخواس لە ئەسینا**[٢٨]، بەئاکامدەگات... شانۆنامەنووسی لەهەموو شتێ بێئاگا، بە پەیڕەویکردن لەپۆپەر ئەم کینایەیە بۆ خوێنەرەکانی دەگوازێتەوە و دەڵێی لەسەر بنەمای ئیعتباری قسەکانی خودی ئەفلاتوونە، ڕێك و راست دەڵێت ئەسینییەکان... 'لایەنگری ئازادکردنی هەموو کۆیلەکان بوون'." (لەلاپەڕەی ٢٤، پرۆفیسۆر لڤینسن دەنووسێت "گێڕانەوەی ئەندرسنی بۆ {رێنماییەکانی} ئەفلاتوون بەئاشکرا دەربڕی خوێندنەوەی وردی {نووسینەکانی} پۆپەر و قبووڵ کردنێکی گوێڕایەلانە و بێئەملاو ئەولایە"، بەڵام هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەم تۆمەتە سەیرە ناهێنێتەوە).

یەکەم، ئەم وتەیەی ماکسویل ئەندرسن[٢٩] (نەك شروود ئەندرسن) رەنگە زێدەڕۆیی تێداکرابێت. دووەم، من لەکوێی شتی وام وتووە؟ جگە لەمە، بانگەشەیەك کە بەرگریکار بۆ داکۆکی کردن لێی ناچار بێت بیرو بۆچوونەکانی نەیارەکەی وەك زۆربلێی پێشانبدات یان ناچار بێت بۆ ئەوەی بیروڕای بەرانبەرەکەی پڕکەموکوڕی نیشانبدات، پەیوەندییەك لەنێوان

(یاساکان ٨٩٠a) هێرشێکی چڕوپڕە بۆ سەر هەندێ لە سۆفیستەکانی **نەوەی مەزن**، لەوێدا ئەمە دەخوێنیتەوە (وەرگێڕانی بیوری، چاپی لوب):"ئەم مامۆستایانە {کە گەنجەکان گەندەڵدەکەن} بەرەو ژیانێك کە ... "هاوجووتی سروشتە" پەڵکێشیان دەکەن کە بریتییە لە بەڕاستی (aletheia) سەروەری کردن بەسەر ئەوانیدی لەجیاتی بوون بە کۆیلەی ئەوانیتر بەپێی دابی یاسا." لێرەدا، مەبەستی ئەفلاتوون بەئاشکرا، سەرەڕای ئەوانیتر، ئەو دەستەیەی سۆفیستەکانە کە پێیانوابوو مرۆڤەکان تەنیا "بەپێی دابی یاسا" (یان بەپێی گریمانەی حقوقی) دەبن بەکۆیلە، نەك "بەپێی سروشت" یان "لەراستیدا" بگەڕێنەوە بۆ ل١٢٠ـ ل١٢١ ئەم کتێبە و یادداشتی ١٣، بەشی پێنجەم). بەم جۆرە، لەرێگای گەڕانەوەی شوری، لانیکەم بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەم پارچە هەستیارەی کۆمار دەبەستێتەوە بە مشتومڕە گەورەکانی چاخی دێرین لەمەڕ تیۆری کۆیلایەتی (هەڵبەتە "کۆیلایەتی" بەواتا راستەقینەکەی).

٢٧. Shewood Anderson (١٨٧٦ـ١٩٤١) شاعیر و چیرۆکنووسی ئەمریکی.

28. Barefoot in Athens.

٢٩. Maxwell Anderson (١٨٨٨ـ١٩٥٩) شانۆنامەنووسی ئەمریکی.

بیروباوەڕەکانی بەرانبەرەکەی و گوناهی (بانگەشەکارانەی) خوێنەرێکی "گوێڕایەڵ" دروستبکات ـ ئەم بانگەشە چ نرخێکی هەیە.

(۳) من بانگەشەی ئەوەم کردووە کە ئەفلاتوون هانی فەرمانڕەواکانی خۆی داوە بۆ بەکارهێنانی بێبەزەییانە و نایاساییانەی توندوتیژی. هەروەك لە لێدوانەکەی پرۆفیسۆر لڤینسن سەبارەت بە پارچەی "کوشتن و لە وڵات تاراندن" لە دیالۆگی سیاسەتمەداردا بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆتاییەکانی بەشی الف دا ئاماژەمان بۆکرد، ئەو شەڕ لەگەڵ ئەم بانگەشەیە دەکات بەڵام لەهیچ شوێنێ بەراستی نکۆڵی لێ نکات. تاکە شتێك کە نکۆڵی لێدەکات ئەوەیەکە چەند پارچەیەکی تری کۆمار (پارچەکانی تایبەت بە کەڤاڵ سڕین)یش هەر وەهان، هەروەك من و شوری پێمانوایە. جگە لەمە، تەنیا هەوڵدەدات بە بیرخستنەوەی هەندێ شێوازی توندوتیژی ئەمڕۆکە، هێمنی و پشتیوانی ئەخلاقی وەچنگ بێنێت. بەڵام بەداخەوە ئەگەر ئەم پارچەیەی سیاسەتمەدار سەرلەنوێ بخوێنێتەوە ـ هاوکات لەگەڵ سەرەتاکەی کەمن خواستومە و ئەو سەرەتا فڕێیداوە و پاشان بەبیانووی نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکە، بەلاوەی ناوە ـ هێمنییەکەی روو لەکزی دەکات.

(٤) سەبارەت بە رەگەزپەرەستی ئەفلاتوون و راسپاردەکانی بۆ فەرمانڕەواکانی کە لەپێناو سوودی وڵاتدا پەناببەنە بەر درۆو هەڵخەڵەتاندن، حەزدەکەم بەر لەچوونە ناو قسەکردن لەگەڵ پرۆفیسۆر لڤینسن، ئەم پەیڤەی کانت (لاپەڕە **۳۳۵**ی ئەم کتێبە) بخەمەوە یادی خوێنەران کە دەڵێت رستەی "راستگۆیی باشترین سیاسەتە" لەوانەیە بەڕاستی جێگای گومان و پرسیار بێت ئەوە لەکاتێك دایە کە رستەی "راستگۆیی باشترە لە سیاسەت" پێویست بەلێدوان ناکات.

پرۆفیسۆر لڤینسن لەلاپەڕە **٤٣٤**ی کتێبەکەیدا، ئاماژە بە لاپەڕە **۳۳۳**و بە تایبەتی **۳٥۱**و لاپەڕەکانی دواتری کتێبەکەی من دەکات و زۆر بە ئینسافەوە دەنووسێت: "بەر لەهەموو شتێ دەبێ دان بەوە دابنێم کە لەکۆماردا لەهەندێ هەلومەرج و لەپێناو ئامانجەکانی حکوومەتدا **لایەنگری** لە پەنابردنە بەر درۆ دەکرێت..." (تۆخ کردنەوەی وشەکان لە منەوەیە). خاڵی سەرەکی مەبەستی منیش هەر ئەمەیە. نابێت مۆڵەت بدەین هیچ هەوڵێك بۆ کەمبایەخ کردنی ئەم خاڵە و کەم کردنەوە لەگرنگییەکەی ـو هیچ هێرشێکی بەرانبەری ئەمە بۆسەر ئەو زیادە گۆییانەی کەگۆیا من کردوومە ـ پێویستی دان نان بەم شتە لەبەرچاو ون بکات.



لە هەمان شوێندا پرۆفیسۆر لڤینسن هەروەها ئەوەش پەسند دەکات کە "بێگومان وادەخوازێت کە لەگوتار بێژیدا بەجۆرێك لەجۆرەکان سوود لەتەکنیکی قەناعەت پێکردن وەربگیرێت بۆ ئەوەی شەڕکەران کاتێ دەبیستن هاوسەرەکانیان بە تیروپشك دیاریکراون، 'گلەیی لە بەختی رەشی خۆیان بکەن نەك حوکمڕانەکان'، ئەوە لەکاتێك دایە کە بەراستی حوکمڕانەکان لەبەرهەندێ هۆی تایبەت بە چاکسازی رەگەز دەست دەخەنە هەڵبژاردنی هاوسەرەکان." (ل۳٥۱ ئەم کتێبە).

دووەمین خاڵی سەرەکی جێگەی مەبەستی منیش هەر ئەوە بوو.

پرۆفیسۆر لڤینسن بەم جۆرە درێژەی پێدەدات: "ئەمە تاکە حاڵەتێکە کە ئەفلاتوون درۆیەکی ئاشکرا لەپێناو ئامانجە کردەییەکان و هەڵبەتە لەبەرهەندێ هۆی خێرخوازانە، بەڕەوا لەقەڵەم دەدات[۳۰] و (تەنیا لەرێگای ئەم مەبەستانە وتنیان بەرەوا دەزانێت). بەڵام هەرچۆنێك بێت، ئەمەش درۆزنییە و هیچیتر. ئێمەش وەك پۆپەر، ئەم سیاسەتە بە هەژێنەر و ناخۆش دەزانین. کەواتە، ئەم درۆیە و **هەر درۆیەکی دیکەی وەك ئەمە** کە بەپێی **مۆڵەتی تارادەیەك گشتی** ئەفلاتوون هەلی پاکانەکردنی بۆ لە ئارادابێت، تاکە بنچینەی تۆمەتی پۆپەرە ئەفلاتوون سەبارەت بەوە کە گەرەکیەتی لەشارەکەیدا سوودلە 'پڕوپاگەندەی درۆ' وەربگیرێت." (لاپەڕەی **٤٣٤**ی کتێبەکەی پرۆفیسۆر لڤینسن، تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

ئایا هەر ئەوەندە بەس نییە؟ با وادابنێین من لە خاڵەکانیتردا هەڵەم کردووە (کە هەڵبەتە بەهیچ شێوەیەك پەسندی ناکەم)، ئایا ئەوەی باسمان کرد پاساوێکی بەجێ نییە بۆمن کە لانیکەم بەدگومان بم کە ئەفلاتوون بەسوود وەرگرتنی زیاتر لە "مۆڵەتە تاڕادەیەك گشتی"یەکەی خۆی بۆ "پەنابردنە بەر درۆ" ئامادە دەبوو پرەنسیپەکان بخاتە ژێرپێی خۆیەوە؟

---

۳۰. ئەمە بەهیچ چەشنێك تاکە حاڵەت نییە، هەروەك چۆن دەتوانین لەبەشی هەشتەمیشدا سەیری بکەین. بۆ نموونە، ئەو پارچەیەی کە لە دەقی تایبەت بە یادداشتی ۲ لە کۆمار، ۳۸۹، وەرگیراوە، جیاوازی هەیە لەتەك پارچەی ٤٦٠a کۆمار کە جێگەی مەبەستی پرۆفیسۆر لڤینسنە. چەند پارچەیەکی تریش هەن. بگەڕێنەوە بۆ کۆمار، ٤١٥b و بەتایبەتی تیمایۆس، ١٨e، کە ئەوە دەسەلمێنێت ئەفلاتوون راسپاردەی درۆزنی بەڕادەیەك بەگرنگ دەزانێ کە لە کورتەی بابەتەکانی کۆماریشدا دەیگونجێنێت. (بگەڕێنەوە بۆ یاساکان، لە ٦٦٣d تا ٦٦٤b).

بەتایبەتی بە وەبەرچاوگرتنی ئەم راستییەکە، بەوتەی پرۆفیسۆر لڤینسن لەراستیدا **لایەنگریشی** لە "پەنابردنە بەر درۆ" کردووە؟.

ئەوکات، لێرەدا درۆ لەپەیوەندی لەگەڵ "چاککردنی رەگەز" یان بەجۆرێکی باشتر، **پەروەردەکردنی رەگەزی سەروەر** ـواتە زێرەڤانەکان ـ بەکاردەهێنرێت.

من ئەفلاتوونم بەوە تۆمەتبار کردووە کە رەگەز پەرەستە. پرۆفیسۆر لڤینسن بۆ بەرگری کردن لە ئەفلاتوون لەبەرانبەر ئەم تۆمەتانە، لە روانگەیەکی باشەوە لەگەڵ هەندێ لەگەڵ رەگەزپەرستە تۆتالیتێر و ((ریسواکانی)) ئەمرۆ بەراوردی دەکات کەمن هەوڵم داوە ناویان لەم کتێبەدا نەهێنم (و نایهێنم). ئەو لەهەمبەر ئەم کەسانەوە دەڵێت "بەرنامەکانیان بۆ پەروەردەکردنی نەوە بەر لەهەمموو شتێ بۆ ئەم مەبەستە رێکخرابوو کە **رەگەزی سەروەر بەپاکی بپارێزێ** و ئێمە تێکوشاوین دەریبخەین ئەفلاتوون ئامانجێکی ئەوتۆی نەبووە." (لاپەڕەی ٥٤١ کتێبەکەی، تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

نەیبووە؟ ئایا ئەو پارچەیەی کە لەیەکێك لە باسە سەرەکییەکان چاککردنی رەگەز لە کۆمارم (٤٦٠C) وەرگرتووە، ئەویش هەڵە وەرگێردرابوو؟ من نووسیم (لاپەڕە ٩٦ی ئەم کتێبە بەتۆخ کردنەوەی سەرلەنوێی وشەکان):

> "**دەبی رەگەزی زێرەڤانەکان بەپاکی بپارێزرێت**." ئەفلاتوون ئەم قسەیە بۆ بەرگری کردن لە ساواکوژی و لەکاتی بەرفراوان کردنی ئەم بەڵگەخوازییە رەگەز پەرەستانەیە دەکات کە ئێمە گیانلەبەرەکان زۆر بەوردی پەروەردە دەکەین ئەو لە کاتێك دایە کە لە رەگەزی خۆمان غافڵین. ئەو بەڵگە خوازییەی کە لەوکاتەوە تاکو ئێستا بەردەوام دووپات دەکرێتەوە.

ئایا وەرگێڕانەکەم هەڵەیە؟ یا بۆچوونەکەم سەبارەت بەوەی کە لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە تاکو ئێستا ئەمە گەورەترین بەڵگەخوازی رەگەزپەرست و پەروەردەکارانی رەگەزی سەرەوە بووە؟ ئایا زێرەڤانان، سەروەرو خواوەندی باشترین شاری ئەفلاتوون نین؟



سەبارەت بە وەرگێڕان، شوریش بەهەندێ جیاوازی هەر ئەم مانایە دەدات بەدەستەوە. ئێستا وەرگێڕانەکەی لەم رستەیە و دەستەواژەکانی پێشتر لەهەمبەر ساواکوژی دەگوازمەوە (تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

> "... ئەوان {واتە فەرمانڕواکان} منداڵی ئەم جۆرە {کەسە} نزمانە و هەرکام لە منداڵەکانی ئەو جۆرە {کەسانەی}تر کە بەعەیبەوە لەدایك بن بەشێوەیەکی گونجاو و بەنهێنی بێسەروشوێنیان دەکەن، بەجۆرێك کە هیچ کەس نەزانێت چییان بەسەرهاتووە."
>
> ئەو وتی: "مەرجی **پاراستنی پاکی نەوەی زێرەڤانان هەر ئەمەیە**."

هەڵبەتە رستەی کۆتایی شوری هەندێ لەهی من لاوازترە، بەڵام ئەم جیاوازییە کەمە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بانگەشەکەی من نییە و هەرچۆنێ بێت، من لەپشت وەرگێڕانەکەی خۆم دەوەستم. وەرگێڕانێکی‌تر کە بەسوود وەرگرتن لەهەندێ وشەی شوری، رێك هەر ئەم مانایەی وەرگێڕانەکەی من لەدەقی ئەم کتێبە (ل٩٦) بگەیەنێت، بەم جۆرە دەبێت: "بەهەرحاڵ، دەبێ نەوەی زێرەڤانان بەپاکی بپارێزرێن" یان: "ئەگەر بەهەرحاڵ {هەروەك کۆکین} دەبێ پاکی نەوەی زێرەڤانان بپارێزرێت..."

کەواتە، تێناگەم جیاوازی چییە لەنێوان فۆرمۆلبەندی پرۆفیسۆر لڤینسن لەمەڕ "بەرنامەی... ریسوای" "لایەنگرانی تۆتالیتاریزم "بۆ پەروەردەکردنی نەوە"و فۆرمۆلبەندی ئەفلاتوون لە ئامانجەکانی بۆ پەروەدە کردنی نەوە. هەر جیاوازییەکی بچووکیش کە لەئارادابێت، لەروانگەی پرسە سەرەکییەکەوە بێجێیە.

لەمەڕ ئەم پرسەوە کە ئایا ئەفلاتوون، بەشێوەیەکی زۆر ریزپەڕ، تێکەڵاوبوونی رەگەزەکان (کە دەکرێ لەئاکامی پێشکەوتنی یەکێك لە تاکەکانی رەگەزی نزمتر بێتە گۆڕێ) بەرەوا دەژمێری یان نا، لەوانەیە بیروڕاکان جیاوازبن. من هێشتا لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەوەی وتوومە راستە، بەڵام ئەگەر هەندێ ریزپەڕیش بەڕەوا لەقەڵەم بدرابوایە، هیچ جیاوازی نەدەبوو. (تەنانەت لایەنگرانی ئەمڕۆکەی تۆتالیتاریزمیش کە پرۆفیسۆر لڤینسن ئاماژەیان بۆدەکات، هەندێ جار ریزپەڕیان دادەنا.)

(٥)هێرشی قورس و بەردەوامم کراوەتە سەر کە پارچەیەکی یاساکانم گواستۆتەوە ـ یان بەهەڵە گواستۆتەوە ـو وەك یەکێك لەدوو دروشمەکانی پاژی "ئەفسونی ئەفلاتوون" بەکارم هێناوە. (دروشمەکەی تریان بریتییە لە وتاری شینگێڕی پریکلس کە وەك دژێك لەبەرانبەر ئەمەم داناوە.) بڵاوکەرەوەی ئەمریکی، ئەم دوو دروشمەی لەسەر رووی بەرگی کتێبەکە چاپکردووە. لەچاپەکانی ئینگلتەرا، ئەم پڕوپاگەندەیە نەکراوە. هەروەك لەمەڕ بەرگی هەموو کتێبێکدا باوە، بڵاوکەرەوەکە هیچ راوێژێکی لەم بارەیەوە لەگەڵ مندا نەکردووە. (لەگەڵ ئەوەشدا، من بەهیچ چەشنێك لەم هەڵبژاردنەی بڵاوکەرە ئەمریکییەکە ناڕازی نیم ـ بۆچی نابێت بڵاوکەرەوە ئەو رستانەی من کردوومنەتە سەردێر، یان هەرشتێکیتر کە لەکتێبەکەدا نووسیومە، لەسەر رووی بەرگی کتێبەکە چاپ بکات؟).

هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، ریچارد رۆبنسن وەرگێڕان و راڤەکەی منی بۆ ئەم پارچەیە بەڕاست لەقەڵەمداوە. بەڵام ئەوانیتر کارەکەیان گەیاندۆتە جێگایەکی ئەوتۆ کە دەپرسن ئایا من بەئانقەست ژێدەری رستە خواستراوەکانم شاردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنەران نەتوانن بگەڕێنەوە سەر دەقە سەرەکییەکە! ئەوە لەکاتێك دایە کە پێموایە من لەزۆربەی نووسەرەکان زیاتر هەوڵمداوە ئەو دەرفەتە بۆ خوێنەران بڕەخسێنم کە هەر دەستەواژەیەك کە وەریدەگرم یان داوای گەڕانەوەی بۆ دەکەم، لەگەڵ دەقە سەرەکییەکە بەراورد بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، لەسەرەتای یادداشتەکانی هەموو بەشێکدا، ئاماژە بە ژێدەری ئەو رستانە دەکەم کە وەك دروشمی بەشەکان بەکارمهێناون، ئەگەرچی ئەم کارە تاڕادەیەك ناباوە.

ئەو تۆمەتە سەرەکییەی لەپانتایی بەکارهێنانی ئەم پارچەیەدا خراوەتە پاڵم ئەمەیە نەمگوتووە یان بەڕادەی پێویست جەختم لەسەر ئەوە نەکردۆتەوە کە بابەتەکە پەیوەندی بەکاروباری عەسکەرییەوە هەیە. بەڵام هەر لێرەدا دەتوانم خودی پرۆفیسۆر لڤینسن بە قازانجی خۆم بکەم بە شایەت چونکە نووسیویەتی :"کاتێ پۆپەر ئەم پارچەیە لەدەقی نووسینەکەدا بەکاردێنێ {لاپەڕە **٢٨٣**ی ئەم کتێبە}، **لەجێی خۆیدا جەخت لەسەر** پەیوەندییەکەی لەگەڵ کاروباری عەسکەری **دەکاتەوە**." (پەراوێزی لاپەڕە**٥٣١**ی کتێبەکەی لڤینسن، تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

بەم چەشنە، بەرسڤی تۆمەتەکە دەدرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، پرۆفیسۆ لڤینسن درێژەی پێدەدات :"بەڵام {پۆپەر} هاوکات ئەوە رادەگەیەنێت کە ئەفلاتوون دەیەوێت هەمان



'پرەنسیپی میلیتاریستی' نەك هەر لەجەنگدا، بەڵکو لە ئاشتیشدا، رەچاو بکرێت، نەك هەر لەمەڕ پەروەردەی عەسکەری، بەڵکو لەهەموو کاروبارەکانی ژیاندا لەکاتی ئاشتیشدا بەکاربهێنرێت. پاشان ئەم پارچانە هێندە بەڕقەوە لە وەرگێڕانە هەڵەکانیدا دەگوازێتەوە کە پەیوەندییەکەی بەکاروباری عەسکەری لەبەرچاو ون دەبێت..." تاد.

یەکەمین تۆمەت ئەوەیەکە من "هاوکات رادەگەیەنم" ئەفلاتوون دەیەوێت ئەم پرەنسیپە میلیتاریستیە نەك هەر لەجەنگ بەڵکو لەئاشتیشدا رەچاوبکرێت. بەڵام من بەهێنانەوەی وتەیەکی ئەفلاتوون ئەم قسەیەم کردووە: **ئەفلاتوون وەها دەڵێت**. ئایا دەبووایە ئەم وتەیەی ئەو حەشار بدەم؟ لە وەرگێڕانەکەی بیوریدا کە پرۆفیسۆر لڤینسن پەسندی دەکات (هەرچەندە من وەرگێڕانەکەی خۆمم پێباشترە (لاپەڕەی **٢٨٣**ی ئەم کتێبە)و تکا لەخوێنەران دەکەم سەیری ئەوە بکەن ئایا **لەڕووی ماناوە** بەبێ وەبەرچاوگرتنی پاراوی، هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە یان نا)، ئەفلاتوون ئێژێ: "یان کەسێك لە زەینیدا، خوو بەوە نەگرێت کە لەکار یان لەیاریدا بە تەنیایی و لەخۆیەوە بجوڵێنێتەوە، بەڵکو دەبێ **هەمیشە** هەم لەجەنگ و **هەم لەئاشتیدا، بەجۆرێك بژیت** کە چاوی لەسەر فەرماندەکەی خۆی بێت..." (یاساکان، چاپی لۆب، بەرگی دووەم، لاپەڕەی **٤٧٧**، تۆخکردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە).

پاشان (لە لاپەڕە **٤٧٩**) ئەفلاتوون دەنووسێت :"ئەم ئەرکی فەرمانکردن بەسەر ئەوانیتر و فەرمانبەری ئەوان، دەبێ لە **ئاشتی** و لە یەکەمین رۆژەکانی منداڵێتییەوە راهێنانی لەسەر بکرێت..."

بەڵام سەبارەت بە وەرگێڕانی هەڵە، تاکە شتێك کە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە بەکردەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوان وەرگێڕانەکەی من و بیوری لەئارادانییە، جگە لەوە کەمن دوو رستەی زۆر درێژی ئەفلاتوونم شکاندووە کە خوێندنەوەیان هێندە ئاسان نەبوو. پرۆفیسۆر لڤینسن (لەلاپەڕە **٥٣١**) دەنووسێت من "سوودێکی زۆرو ناڕەوام" لەم پارچەیە وەرگرتووە و درێژەی پێدەدات: "بەکارهێنانی نابەجێی (پۆپەر) لە هەڵبژاردەیەك لەم پارچەیە بەشێوازی رۆژنامەنووسەکان و لەسەر رووبەرگ {مەبەست پڕوپاگەندەی بڵاوکەرەوەیە کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا} و لەلاپەڕەی ناونیشانی پاژی یەکەمیکتێبەکە، لەیادداشتی ئێمەدا تاوتوێ دەکرێت و شیدەکرێتەوە و لەوێدا ئەم پارچەیە بەتەواوی چاپ دەکەین."

لەم یادداشتەدا، جگە لە "راستکردنەوەی" بانگەشەکارانە بۆ وەرگێڕانەکەم کە قبوولّم نییە، شیکردنەوەی "بەکارهێنانی نابەجێ بەشێوازی رۆژنامەنووسان" بەزۆری شێوەی دووبارەبووی هەمان ئەو تۆمەتانە بەخۆوە دەگرێت، واتە من ئەم پارچەیەم لەسەر رووبەرگی کتێبەکە و شوێنە گرنگەکانی‌تری کتێبەکە چاپکردووە. پرۆفیسۆر لڤینسن دەنووسێت (ل٥٣٢، تۆخ کردنەوەی وشەکان لەمنەوەیە) :

> بەڵام ئەم بێ ئینسافییە بچووکە، بەو کارەی پۆپەر لە شوێنی‌تردا، لەگەڵ ئەم پارچەیەی کردووە، بەتەواوی دەکەوێتە ژێر رووناکییەوە. لەلاپەڕەی ناونیشانی پاژی یەکەم و هەروەها لەسەر رووبەرگی کتێبەکە {ئێستا کێ بێ‌ئینسافە؟}، هەڵبژاردەیەك لەم پارچەیە چاپ دەکا کە بەوردی هەڵیبژاردووە و لەقەراغیشی، وەك ئانتی تێز، رستەیەکی وتاری شینگێڕی پریکلس چاپ دەکات... **ئەم کارە بەمانای چاپی هاوتەریبی ئایدیایەکی سیاسی و زنجیرەیەك رێوشوێنی پێشنیارکراوی عەسکەرییە**. پۆپەر نەك هەر خوێنەر لە پەیوەندی ئەم رستە هەڵبژێردراوانە لەگەڵ کاروباری عەسکەری ئاگادار ناکاتەوە، بەڵکو بەسوود وەرگرتن لەم وەرگێڕانە هەڵانە، هەموو بەشەکانی ئەم پارچەیە بەتەواوی بەلاوە دەنێت کە دەیانتوانی ئەم راستییە ئاشکرا بکەن.

وەڵامی من زۆر سادەیە. (الف) وەرگێڕانی هەڵە بوونی نییە. (ب) هەروەك بەدرێژی هەوڵمداوە پێشانی بدەم، ئەم پارچەیەش، سەرەڕای پەیوەندییەکەی لەگەڵ کاروباری عەسکەری، وەك وتە خواستراوەکانی پریکلس (کە هەر بەرێکەوت ئەویش تاڕادەیەك پەیوەندی بەکاروباری عەسکەرییەوە هەیە، بەڵام کەمتر) **دەربڕی ئایدیایەکی سیاسییە** ـواتە ئایدیای سیاسی ئەفلاتوون.

من پێموایە ئەم پارچەیەش وەك گەلێ لە پارچە هاوچەشنەکانی ئەمە لەیاساکاندا، ئایدیای سیاسی ئەفلاتوون فۆرمۆلبەندی دەکات و هیچ بەڵگەیەکی بەهێزم بەرچاو ناکەوێت بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك لە بیروبۆچوونەکانمدا پێك بێنم. بەڵام بە چاوپۆشی کردن لەراستی ئەم بیروبۆچوونە، بێگومان من بەڵگەی تۆکمەم بۆ پشتڕاست کردنی هێناوەتەوە (ئەو بەڵگانەی پرۆفیسۆر لڤینسن نەیتوانیوە خەوشداریان بکات)و لەبەرئەوەی ئەم کارەم ئەنجامداوە و



لەبەرئەوەی پرۆفیسۆر لڤینسن هیچ گومانێك لەمەڕ ئەم راستییە دەرنابڕێت کەمن پێموایە دەستم بۆ ئەم کارە بردووە، هەربۆیە، ئەم کارە نەبێ ئینسافی بچووکە و نەبێ ئینسافی گەورە. ئەگەر من ویستبێتم ئەو پارچەیە بەو جۆرە بخەمەڕوو کە پێموایە رووی راستەقینەیەتی: واتە وەسف کردنی ئەفلاتوون بۆ ئایدیا سیاسییەکەی ـ بۆ تۆتالیتاریزمەکەی خۆی و بۆ دەوڵەتە ئایدیالە میلیتاریستییەکەی خۆی.

سەبارەت بە وەرگێڕانی هەڵە تەنیا ئاماژە بە حاڵەتێك دەکەم کە پرۆفیسۆر لڤینسن بەڕادەیەك کە لەدەقی کتێبەکەدا (بە هەڵاواردن لە پەراوێزەکان) لەسەری دەدوێت، گرنگی پێداوە. لەلاپەڕە **٥٣٣**دا دەنوسێت: "نارەزایەتیەکی‌تر لەمەڕ بەکارهێنانی وشەی 'رێبەر[٣١]'ە لەلایەن پۆپەرەوە. ئەو وشەیەی ئەفلاتوون بەکاری دەهێنێت، archon، هەمان ئەو وشەیەیە کە بۆ کاربەدەستی حکوومی و فەرماندە عەسکەرییەکانیش بەکاردێت و بەئاشکرا ئەو مانایەی ئەو لەهزری دابووە هەر ئەمەی دواییانە، واتە بەڕێوەبەرانی[٣٢] پێشبڕکێ وەرزشییەکان".

بەئاشکرا هەر لەبنەڕەتدا هیچ شتێ نابینم تا بمەوێت وەڵامی بدەمەوە (ئایا دەبووایە بە "بەڕێوەبەر" وەریبگێڕم؟) هەر کەسێك چاو بە فەرهەنگێکی یۆنانیدا بخشێنێت بۆی دەردەکەوێ کە هاوواتای راست و دروستی archon لەبنەڕەتیترین مانای خۆیدا، وشەی ئینگلیزی leader (= رێبەر)ە (یان dux لە لاتین یان il duce بە ئیتالّی). فەرهەنگی لیدڵ و سکۆت ئەم وشەیە بەناوی بکەری فرمانی archo دەناسێنێ کە مانا سەرەکییەکەی، بەپێی ئەم ژێدەرە، بریتییە لە "یەکەم بوون"، جا چ "لەرووی کاتەوە"و چ "لەرووی شوێن یان پلەوە". ئەم مانایە دەدرێت بە مەفهوومی دووەم: "**رێبەرایەتیکردن، فەرمانڕەوایی، حکوومەتکردن، فەرماندەییکردن، رێبەر یان فەرماندەبوون**" هەربۆیە سەیردەکەین لەبەرانبەر وشەی archon نووسراوە: "**فەرمانڕەوا، فەرماندە، سەرکردە**، سەبارەت بە ئەسینا هەرکام لەنۆ **سەرکۆمیسێری ئەم شارە**". بۆ ئەوەی روون بێتەوە "رێبەر" وەرگێڕانێکی هەڵە نییە بەو مەرجەکە لەسیاقی رستەکەدا بەکاربێت، هەر ئەوەندە شیکردنەوەیە بەسە. بەڵام لەمەڕ ئەوە کە لەگەڵ سیاقی رستەکەش دەگونجێت، لە پاچڤەکردنی بیوری بۆمان دەردەکەوێ کە هەروەك خوێنەران لەیادیانە بەم جۆرە وەرگێڕدراوە: "بەڵکو دەبێ هەمیشە، هەم لەجەنگ و هەم لەئاشتیدا، بەجۆرێك بژیت

31. Leader
32. directors

کە چاوی لەسەر **فەرمانده‌کەی** خۆی بێت و **پەیرەوی لە فەرماندەیەتییەکەی بکات**."
ڕاستییەکەی ئەوەیە کە "ڕێبەر" لەرادەبەدەر لەگەڵ سیاقی ڕستەکەدا دەگونجێت و هەر ئەم گونجان و ڕێکییە ترسناکەیەتی کە پرۆفیسۆر لڤینسنی وەناڕەزایەتی خستووە. لەبەرئەوەی ناتوانێ ئەفلاتوون وەك لایەنگر و بەرگریکاری ڕێبەرێکی تۆتالیتێر ببینێت، هەست دەکات (ل٥٣١) دەبێ گوناهی ئەو تەداعیاتە ترسناکانەی کە ئەم پارچەیە لە هزردا دەیورووژێنێ، بخاتە ملی "ڕق"ی من "لە وەرگێڕانە هەڵە"کانم.

بەڵام من هەروا بەراشکاوی دەڵێم ترسناك نووسینەکەی ئەفلاتوون و هزری ئەفلاتوونە. منیش وەك پرۆفیسۆر لڤینسن لە ترسان دەهەژێم کاتێ سەیردەکەم وشەی "ڕێبەر" دەبێ مانایەکی ئەوتۆ بدات و لەخۆگری ئەم دەلالاتانە بێت. بەڵام ئەگەر بمانەوێت پەی بە دەلالاتە ترسناکەکانی دەوڵەتی ئایدیالی و نموونەیی ئەفلاتوون ببەین، نابێ بەسووکی سەیری ئەم دەلالاتانە بکەین. ئەوەی من تا ئەو شوێنەی لەدەستم هاتووە، هەوڵمداوە لەبەرانبەرەکەمی بگەیەنم، هەر ئەمەبووە.

بەتەواوی ڕاستە کە من لەراڤەکانمدا جەختم لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە کە ئەگەرچی پارچەی ناوبراو تایبەتە بە لەشکرکێشی، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەفلاتوون هیچ جێگەیەك بۆ گومان ناهێڵێتەوە کەدەبێ پرەنسیپەکانی ناوی لەسەرانسەری ژیانی هاووڵاتییە سەربازەکانیدا بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەوە بەرسڤێکی گونجاونییە کەسێك بڵێت هاووڵاتی یۆنانی سەربازیش بووەو دەبووایە ببێت، چونکە ئەم حوکمە بەو ڕادەیەی کە لەسەردەمی پریکلس و لەکاتی خوێندنەوەی وتاری شینگێڕی (لە پرسەی سەربازە کوژراوەکانی جەنگدا) ڕاستبووە، لەمەڕ قۆناغی ئەفلاتوون و کاتی نووسینی یاساکانیشدا ڕاستە.

ئەو خاڵەی دەبووایە ئەم دوو دروشمەی من بەڕوونییەکی هەرچی باشتر ئاشکرایان کردبووایە، هەر ئەمە بوو. بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو دۆزێك لەم پارچە دوورودرێژ و ئاڵۆزە دەربێنم و (هەروەك بەدانانی چەند خاڵ لەلاپەڕەی ٢٨٣ی ئەم کتێبەدا پێشاندراوە) و هەندێ لە ئاماژاکان بۆ کاروباری عەسکەری بەلاوە بنرێن کە نەیاندەهێشت خاڵی سەرەکی جێگەی مەبەستی من بەڕوونی دەربکەوێت. مەبەستم ئەو ڕاستییەیە کە پارچەی ناوبراو بەشێوەیەکی گشتی **هەم لەمەڕ جەنگ و هەم لەمەڕ ئاشتی** ڕاستە. بەشێکی زۆر لە ئەفلاتوونییەکان بەهۆی درێژی دەستەواژەکان و ڕستەسازی ناڕوون، هەروەها بەهۆی حەزکردن لە ئایدیالسازی لە



ئەفلاتوون، لەخوێندنەوەیدا بەهەڵە داچوونە و خاڵە سەرەکییەکەیان فەراموش کردووە. ئەمەیە بانگەشەی من و بەڵگەکانی. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پرۆفیسۆر لڤینسن هەر بەبۆنەی ئەم بابەتە لەلاپەڕە ٥٣٢ بە بەکارهێنانی "تەکتیکێك" تۆمەتبارم دەکات کە لەبەرئەمە "پێویستە یەك یەکی ئەو وتانەی کە پۆپەر لەدەقی نووسینی ئەفلاتوون وەریگرتوون، بەبێ هیچ چاوپۆشی لێکردن و بەزەییەك، بەش بەش {لەگەڵ دەقە سەرەکییەکە} هەڵیبسەنگێنن" بۆ ئەوەی "ڕوون بێتەوە پۆپەر چەندە لەرێگەی بابەتیەت و ئینساف دوورکەوتۆتەوە."

بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم تۆمەت و بانگەشە و لەتەك ئەو بەدگومانییەی ئاراستەم کراوە، من تەنیا دەبێ داکۆکی لەخۆم بکەم. بەڵام لەهەمان کاتدا ئاگاداری ئەو پرەنسیپەشم کە نابێت هیچ کەسێك لەپرسی تایبەت بەخۆیدا، ببێتە دادوەر. لەم ڕووەوە، حەزدەکەم ئەوەی ریچارد رۆبنسن سەبارەت بەم پارچەیەی ئەفلاتوون و وەرگێڕانەکەی من نووسیویەتی[٣٣]، بگوازمەوە. دەبێ ئەوەمان لەیادبێت کە رۆبنسن لەکاتی ڕەخنەگرتن لە کتێبەکەم "ستایش و سەرزەنش ئاوێتەی یەکتر دەکات"و بەشێك لە سەرزەنشتەکان بریتییە لەم بانگەشەیە کەلە وەرگێڕانەکانی مندا لایەنگری و دەمارگرژی بوونی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا رۆبنسن دەنووسێت:

> لایەنگری و دەمارگرژی بوونی هەیە بەڵام بێگومان نابێ بە خەمساردییەوە چاوپۆشی {لەم وەرگێڕانانە} بکەین. {ئەم وەرگێڕانانە} سەرنجی {خوێنەر} بۆ هەندێ لە سیماکانی هزری ئەفلاتون رادەکێشن کە زۆربەی کاتەکان فەرامۆش دەکرێن. بەتایبەتی ئەو نموونە بەرچاوەی کە مامۆستا پۆپەر دەیخاتەڕوو ـواتە ئەو پارچە ترسناکەی یاساکان، ٩٤٢، لەمەڕ ئەوەی نابێ هەرگیز کەسێك لەخۆوە (بە داهێنانی خۆی) کاربکات ـ ڕاست وەرگێڕدراوە. (ڕەنگە بڵێن ئەفلاتوون دەیویست ئەم شتە تەنیا بەسەر لایەنی ژیانی عەسکەری هاووڵاتیاندا بسەپێت و هەڵبەتە ڕاستەکە ئەم پارچەیە وەك ڕێسای دیسپلینی عەسکەری دەست پێ دەکات بەڵام لەکۆتاییدا، ئەفلاتوون بەئاشکرا دەیەوێت بەسەرانسەر ژیاندا بیگشتێنێت. لەگەڵ ئەم ڕستەیە هەڵیبسەنگێنن: "دەبێ پشێوی لە سەرانسەری ژیانی هەموو هاووڵاتیان بەلاوە بنرێت." {یاساکان، ١ d ٩٤٢}

33. The philosophical Review, 60, p. 491.

پێموانییە پێویست بکات شتێ بەم وتەیەی رۆبنسنەوە زیادبکەم.

بە کورتی ناکرێ تەنانەت بەرسڤی بەشێك لەو تۆمەتانەش بدەمەوە کە پرۆفیسۆر لڤینسن خستویەتە پاڵ من. من هەوڵمداوە تەنیا وەڵامی چەند تۆمەتێکی زۆر کەم بدەمەوە، بەڵام تا ئەو جێگایەی لەتوانامدابووە بەردەوام ئەوەم لەبەرچاو بووە کە گرنگتر لەوەی بێ ئینسافی لەلایەن چ کەسێکەوە بووە، پرسەکە ئەوەیە ئایا بۆچوونەکانم سەبارەت بە ئەفلاتوون رەدکراونەتەوە یان نا و هەوڵمداوە بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەی خۆم بهێنمەوە کە رایەکانم رەفز نەکراونەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دووبارەی دەکەمەوە نابێ هیچ کەسێك لەپرسی تایبەت بەخۆیدا، ببێتە دادوەر. دەبێ داوەری و حوکمدان بۆ خوێنەران بەجێبهێڵین.

لەگەڵ ئەوەشدا نامەوێت ئەم باسە درێژە کۆتایی پێبێنم بێئەوەی دووبارە بڕوای پتەوی خۆم لێبڕاوانە سەبارەت بە دەسکەوتە هزری و عەقڵییە تاسێنەر و زاڵەکانی ئەفلاتوون دەربنەبڕم. بۆچوونم لەهەمبەر ئەوەکە لەهەموو فەیلەسووفەکان گەورەتر بووە، بەهیچ چەشنێك گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. تەنانەت دانایی ئەخلاقی و فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتوون، وەك دەستکەوتێك لەبەستێنی هزر و عەقڵدا بێوێنەیەو ناتوانین هاوتای بۆ بدۆزینەوە، ئەگەرچی لای من لەرووی ئەخلاقییەوە بێزارکەر و تەنانەت تۆقێنەرە. لەنێوان چاپی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبە (یاخود بەجۆرێکی وردتر، لەنێوان یەکەمین چاپی ئینگلتەرا و یەکەمین چاپی ئەمریکا)، ڕام لەمەڕ گەردووناسییەکەی گۆڕا. بەڵام دواتر هەوڵمدا دەریبخەم کە ئێستا لەسەر بنەمای چ بەڵگەیەك پێموایە داڕێژەرو دامەزرێنەری **تیۆری هەندەسی جیهان**[٣٤] بووە ـ ئەو تیۆرەی بە درێژای چاخ و سەردەمەکان بەردەوام گرنگییەکەی زیادی کردووە. پێموایە روو قایمیە ئەگەر من بمەوێت ستایشی توانای قەڵەم و ئەدەبی ئەفلاتوون بکەم. بەڕای من ئەوەی رەخنەگرەکانم دەریانخستووە ئەوەیە بە وەبەرچاوگرتنی مەزنی ئەفلاتوون، تەنانەت دەبێ زیاتر گرنگی هەبێت کە بەرەنگاری داناییە ئەخلاقی و فەلسەفە سیاسییەکەی ببینەوە و ئەو کەسانە بەهۆش بێنینەوە کە رەنگە گیرۆدەی ئەفسوونی جادووگەرانەی بووبێتن.

34. geometrical theory of the world.